ئەنفالستان بۆ فرۆشتن نیە

ئەنفالستان

ژمارە
16

سالنامەیەکی تایبەتە بەئەنفال و جینۆساید

کۆتایی ئایاری ٢٠٢٤



ئەنفالستان

ساڵنامەیەکی تایبەتە بەتاوانی ئەنفال وجینۆساید

کۆتایی ئایاری ٢٠٢٤

ژمارە (16)

خاوەنی ئیمتیازو سەرنوسەر

عومەر محەمەد قادر

E– omer_m0287@yahoo.om

Anfalistan@yahoo.com

07703549032

جێگری سەرنوسەر

سمکۆ سابیر شەریف

دیزاینی بەرگ : زانیار نەجمەدین

فۆتۆ: ئەنفالستان

چاپخانە.....

وێنەی بەرگ – پێشەوە: تابلۆیەکی هونەرمەند سەیوان سەعیدیان ئەفرۆس ڕەفیق و کوڕەکەی (عەلی کەریم) گوندی جەلەمۆرد بەداخەوە عەلی ئەنفالکراوە .

وێنەی بەرگ– پشتەوە: فۆتۆیەکی ئێزدییەکانی شەنگال

تیراژ : ٢٠٠٠ دا

ناوەرۆک

ئەنفالنامە 1

نیورۆبایۆلۆجیی ئەنفال..... 2

حەمەڕەشی گەرمیان..... 8

گۆڕی بەکۆمەڵ لە مێژووبا، عێراق لەمەشدا بەناوترینە..... 9

ئەنفال کوانی سووتنیی نەتەوەیەک 15

ئەنفال و جێنۆساید چییە ؟..... 20

هەوڵە شکستخواردووەکان بۆ بە دادگایی گەیاندنی فەرماندارە ئێراقییەکان. 21

ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتی، لەگەڵ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی کۆبووەوە. 27

دەزانی بۆ ڕقت لێیانە ؟..... 28

لاواندنەوەی دایکێکی گەرمیانی بۆ کوڕە ئەنفالکراوەکانی. 29

میم فکریش لەو هەردە کوژرا 30

ساختەکاری و دەستکاری راستی..... 32

ئەوانە گۆڕی بەکۆمەڵ نین..... 35

گرفتارییەکانی ژنانی چەکی کیمیاوی..... 37

(گوڵنازو زاگرۆس و ڕێبان)..... 38

هەڵەبجەی جیاواز 39

جینۆسایدی هەڵەبجەو بەیاسا دانپێدانی نێودەوڵەتی 40

تارمایی کۆمەڵکوژییەکەی دەرسیم هێشتا بەشوێن کوردەکانی ئەو شارەوەیە..... 48

ئازاری ئازار 65

ئێرە بەردەرگای ئەو ماڵەیە!!! 66

ئەنفالبازی و ئەنفالناسی..... 67

ئەوەی حکومەت بیری لێناکاتەوە خەڵک بیری لێدەکاتەوە. 69

ئەنفال" لە گەشتێکی ڕۆژنامەنووسیمدا 70

نەتەوەسازی دژەنەتەوە یان ئەکادیمیستی داگیرکراو 72

ئەمریکا و ئەوروپا، نەیاندەویست ئەنفال بگاتە دادگای نێودەوڵەتی 75

ڕۆژی یادکردنەوەی قوربانیەکاندا، من بێدەنگ دەبم پاشان دەگریەم. 78

ئـــــەنـــــفال چیەکان کێن..... 79

ڕەگوڕیشەکانی جینۆسایدی کورد) 80

(کاوە) مردو ئەوچایە هەر نەخورایەوە پەشیمانی دوای ڕوداو. .. 84

هەندێک سەرنجی درشت، دەربارەی ڤیدیۆکەی سەباح یەحیا ئەلحمدانی..... 86

تۆمەتبارێکی ئەنفال مرد..... 88

ئەم تۆمەتبارەی ئەنفال بناسە 89

فەریق ڕوکن ئەیاد خەلیل زەکی 89

چیرۆکی باوکێک، کە لە کوشتارگەی دەرسیم ڕزگاری بووە..... 90

گوندێک لەژێرزەویدا 91

یادەوەری منداڵیم..... 91

ئەنفال دیدەیەک، کۆچی دوایی کرد..... 93

ئاماری ئەنفالکراوانی گوندی ئەسکەندەربەگی –ئاغجەلەر 94

گللەیی و سەرنج 96

نازۆ دربۆ:..... 99

لەماوەی ساڵێکدا شەش جار لەلایەن داعشەوە کڕین و فرۆشتنم پێوەکرا. 99

کچێکی ئێزدی چیرۆکی خۆی دەگێڕیتەوە.....101

دوا ماڵئاوایی 103

بیرەوەری پێشمەرگەیەک.....103

چیرۆکی تۆماس عەبدولاّ حەمۆ 104

بەسەربازگە کردنەوەی تۆپزاوا، پەیامێکی مەترسیداری دەوڵەتی عێراقە.....105

گرنگ ئەوەیە بڕیارەکە هەڵوەشایەوە 106

ڕەنگە سوێندەکەم نەکەوێ.....107

دواهەمین کچ.....109

ئەو ڕۆژانە خەم زۆربوون، نازانم کامیان بگێڕمەوە 110

رۆفاتی ئازیزانمان بهێننەوە..... 111

گوڵ و یاسا بە کوردی..... 114

بۆنەوەی ئەم چیرۆکە ون نەبێت..... 116

ئەنفالکراوانی بیابان چیان پێ وتم ؟..... 120

تراژیدیای بەفرۆنەنفال 121

چیرۆکی وێنە 122

گەشتەکانی ئەنفالستان " چ ڕابوردوویەکمان هەبوو ؟ لەچ ئێستایەکدابن ؟..... 123

ئەنفال لەڕابوردووە بۆ ئێستا..... 126

تاوانباران لەنێو قەفەزی دادگادا..... 130

چالاکانی سفرەو سەفرە 134

مامە غازی وتی بێن بانەهێلین منداڵەکانمان بووەن 135

لاپەڕەی وێنەکان..... 136

وێنەی چوارەم..... 137

ئەنفال و بێباوکی..... 138

بنەما هەڵەبجە یان کچە مۆدێل ؟..... 139

دیدارەکەی من و ڕۆژنامەی هاوڵاتی..... 140

ئێوە بەمن دڵخۆشن و منیش بەئێوە. 142

کاروانی ئەنفالکراو..... 143

یادەوەری گەرمی نێو باخەڵی ڕۆحم..... 143

گەشتەکانی ئەنفالستان"..... 148

چیرۆکی ئەوانەی لە ئەنفال ڕزگاربیان بوو 148

پرۆسەی ئەنفال و بەرپرسیارێتی ڕێکخراوی نەتەوەییەکگرتووەکان بەپەسندکردنی ئەوشاڵاوە بەناوی..... 150

(ژینۆسایدی کوردەکان)..... 150

تراژیای گوندی کانیماران لەپەلاماری ئەنفالی سێ دا 153

د.شۆڕش حاجی " حیزبە سیاسییەکانی کوردستان قازانجی زۆریان لە دۆسیەی ئەنفال کرد. بەهۆی ئەنفالەوە خۆیان بەنیا ناساند.157

بوخچەیەکی بێنازی دوای ئەنفال 163

نوگرە سەلمان: قەڵای مەرگ و پاکتاوی نەژادیی..... 164

سەباحی نەجمەدین تاقانەی ئەنفال : 173

بەهۆی خراپی ئەم دەسەڵاتە بەرامبەر بەئەنفال ساڵ دوای ساڵ باری دەروونیمان خراپتر دەبێت 173

ڕۆژێک بۆ یادی جێنۆسایدی ئێزدیی.....179

ئەو تەوارە گەرمیانیانەی ئەنفال نەیەزاندن 180

دڵشکاوترین مرۆڤ کۆچی دوایی کرد.....182

تاڵ و شیرین.....185

یادەوەرییەک لەگەڵ شەهیدی ئاشق ئاتێلا 185

بینین وەکو بیستن نیە!.....186

لەئەنفال ڕزگاریان بوو بەبۆردومانی فڕۆکەی تورکیا شەهیدبوون 187

یادی ئەنفال لەنوگرەسەلمان کرایەوە.....189

ئەنفالی یەکەم و قوربانیە فەرامۆشکراوەکانی.....197

ئێمەو میم و داەکان 199

نامەیەک بۆ زانکۆکانی کوردستان.....199

١٦ی ئایار ڕۆژی گۆڕی بەکۆمەڵ لەعێراقدا.....201

ئەمرۆ یادی کیمیاباران گۆڕێپەو عەسکەربوو. 202

با سەرکردەکانی جیهان، کاربکەن.....203

پرۆفیسۆر هێلین فاین! 205

کۆچی دوایی کرد.....205

کەر بەرەڵایەو شەڕ لەگەڵ کورتان دەکا 206

خەزەجی لە لاپەڕەکانی ئێستاوڕابوردوا.....207

لێبوردنەگشتییەکەی بەرەی کوردستانی 212

ئەلمانیا و ئاوشپیتس.....213

گۆترەکاری بەناوی ئەکادیمییاوە. 214

جینۆسایدی فەیلییەکان لەعێراق! 216

لە کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکانەوە بۆ کۆمەڵکوژی کورد.....221

نەتەوە یەکگرتووەکان بە فەرمی دەستی بە کۆکردنەوەی بەڵگەی جینۆسایدی ئێزدییەکان کرد.....225

ڕووفاتی ٤١ شەهیدی گوندی کۆچۆی سەربە قەزای شنگال، بەخاک سپێردرانەوە. 227

بۆ یادی کاتژمێرە باخەڵەکەی ئیسحاقە جوو. 228

زیاتر لە(١٠٠٠) ئەنفال کراویان ئازاد کرد.....230

فەرموون! لێرەوە بۆ ژووری گاز، خانمان و بەڕێزان 233
پەرلەمانی کوردستان نامەزراندنی یەکێتی نوسەرانی جینۆسایدی کوردستانی ڕەتدەکاتەوە. 235
کورتەیەک سەبارەت بە کارەساتی ڕۆژی ڕەشی ٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٣ 236
دەقی بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەرانی بەلجیکا سەبارەت بە دانپێدانان بە تاوانەکانی جینۆسایدی ئێزدییەکان" 238
ئەنفال، پرۆسەی ژینۆسایدی کوردەکان 242
ئەوەی دوێنێ گومان بوو ئەمڕۆ ڕاستییە. 244
حەیدرعبدالامیر العیداني: 245
وتم: ئەمە واژۆی تۆیە ؟ وتی: بەڵێ کاری زۆر لەوە قێزەونترمان کردووە. 245
من و کوڕی ئەنفالکراوێک ! 246
فۆتۆیەکی گرنگ 248
'دەربازبوون لە ڕەشبگیری ئەنفال و ئەو دیمەنانەی کە هەرگیز بیرم ناچێتەوە' 249
چەند وێنەیەکی هۆڵۆکۆست ئاوشبیتس 251
سوپاس، کە ئاوا هەیت. 252
کارێکی گەورە بۆ تاوانی گەورەی ئەنفال 253
بیرەوەری و چیرۆکێکی خەمناک 254
لە سااڵح بێچاری شاعیرەوە 255
جێنۆسایدی بارزانییەکان 256
چیرۆکی ئەو پیاوەی بارزانی نەبوو 256
ڕوفاتی ١٠٠قوربانی جێنۆساید دەهێندرێنەوە بۆ هەولێر 257
ئەنفال و خەیار و پێڵاوی سەوز 258
هەڵوێستێکی جوامێرانە 259
یادەوەری پیاوکی فریشتە ئاسایی 259
تاوانی شەڕەنگێزی 260
چیرۆکەکانی ئەنفال 261
یادەوەریی مستەفا قوربچایی 261
لە ئەنفالی گەرمیاندا 261
لە بیرچوونەوەی ئەنفال...لە بیرکردنی نەتەوە 296
جلی بوکێنی هاوژینەکەی بەخشی 299
دوا پەیامی 300
ژنێکی ئەنفال دیدە 300
کوشتاری کورد دوای ئەنفال 302
ژمارەی قوربانیانی پەلامارەکانی ئەنفال لەقەزای کەلار 303
لە دادگای فیدراڵی سالار مەحمود سکاڵا لەسەر حکومەتی عێراق تۆمار دەکات. 304
هەتا لەژیاندا مابم کۆمەککاری ئەنفالستانم 305
لە ئەنفالدا زیاتر لە سێ هەزار مزگەوت روخێنراون. 306
گروپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان (INTERNATIONAL crisis Group) 308
سێوانیش کۆچی دوایی کرد. 308
برینی ئەنفال بەشیعر ساڕێژ نابێت! 309
بۆچی یادی ئەنفال دەکەنەوە ؟ 311
چیرۆکێکی نەبیستراو 313
چیرۆکی ژنێکی تەنیا کەوتوو ئەرجان ئیبراهیم 314
بۆ یەکەمجار ئاشکرای دەکەم 315
ناسنامەی یەکێک لە قوربانییەکان 315
ڕونکردنەوە دەربارەی ژمارەی ئەنفالکراوانی گوندی جەلەمۆرد 317
ئەنفال دیدەیەکی تر کۆچی دوایی کرد 318
شەشی کانوونی دووەم: 319
یادی جەیشی ئیحتیلال 319
پۆلێک کوڕی ئەنفالکراوی گوندی جەلەمۆرد 322
کاڵەکی تۆپزاوا 323
گوناحم چییە هەی سەلامەت بیت ! هۆمەر محەمەد 325
ئەنفال و زێدی من 326
چالاکیەکان و سەرەنجەکان 328
ئۆخەی ئۆخەی هەرکەس بۆخۆی 330
یادەوەری تاوانی جینۆسایدی شەنگال 334
ڕاستیەکی تاڵ بۆ مێژوو، 334
چیرۆک و ئەزموونی وەرگێڕێک 334

سزادانی تاوانبارانی جێنۆسایدرێگردەبێت لە دوبارەبوونەوەی تاوان. 338
ئەنفال و شۆرش و چیرۆکی حاجی حەبیب 340
ڕەچەڵەک ناسی ئەنفال و حەڵاڵکردنی حەرام..... 341
هەرێم نیوز، وای نوسیوە 345
بەڵام راستیەکەی جۆرێکی تر 345
مەرگی ژنێکی ئازاو ئازارچەشتو 346
ئەنفال، مردووەکانی لەگۆڕی بەکۆمەڵدا بەجێهێشت و ڕۆحی زیندووەکانیشی لەکۆمەڵگاکاندا کوشت. 348
قەمچێکەی حەجاج 349
میلوجان..... 350
یادێکی شیرین وتاڵ..... 352
ڕەفتاری بەعسی و ئازاری چاوەڕوانی و ئەشکەنجەی دەرونی ئەنفالکراوان. 366

ئەنفالنامە

سەعیدو بۆکان ، بیرکارو لوقمان ئومێدو هیوای دواڕۆژی سەرکەوتن

سەرنوسەر



لوقمان حەویز



بۆکان جاف

نامەوێ حوکم بدەم چونکە جگەلە ئێران هیچ وڵاتی ترم نەدیون، بەڵام رەنگە کوردی باشور تاکە میللەتی ناو دونیابێت کە خەڵکە ئاساییەکەی لەسیاسیەکان و دەسەڵاتدارەکانی حەکیم ترو دوربینترو عاقڵترین. ئەوە بڕاوەتەوە کە خەڵکە ئاساییەکەی لەوان چالاکترو بەرهەمدارترن .

بۆکان جاف لەسەرئاستی دونیا خۆی نیشاندایین.. بەڵام بیستم سەرۆکی حکومەت، بەزمانی ئینگلیزی سوپاسی کۆمپانیای گۆگڵی کردووە نەک بۆکان جاف !! ..هەڵبەت پێش بۆکانیش داهێنەری ترمان هەبوون کۆچەربیرکارو لوقمان حەویز و هی تریش .

لەناو هەڕێمیشدا، داهێنەرو خالق لەسێکتەری جیاوازو گرنگدا هەن، نەک هەرلە بواری ئەدەب و هونەردا بەڵکو لە زانست و تەکنەلۆژیاشدا. بۆ نمونە سەعید چیمەنی گەنجێکی گەرمیانییەو کوری ئەنفالکراوێکە، تراژیدیاو مەینەتییەکانی ڕۆژگار نەیبەزاندووە، بەڵکو لەم سالانەی دوایدا چەندین داهێنانی گەورەی لە بواری ئەلکترۆن و کارەبادا کردووە، هەر لە دروستکردنی موبەریدە بەتاقەی شمسی هەتا بە دروستکرنی فرۆکەی بێفرۆکەوان (درۆن) دەگات. بەلام نەدەوڵەمەندی کورد بەلایەوە گرنگ بوو نەدەسەڵاتەکەی و نەمیدیا ئەهلییەکەی !

دوای ئەوەی کۆمپانیای گوگڵ بەفەرمی رایگەیاند زمانی کوردی سۆرانی چووە لیستی زمانەکانی وەرگێڕی گووگڵ ترانسلێتەر و ئێستا ١٣٣ هەمین زمانە بۆ خزمەتگوزاریی وەرگێڕانی ئەلیکترۆنیی یاخود گوگڵ ترانسلەیت (Google Translate)ئیدی کوردیش شتێکی هەیە بۆشانازی

دیقەت بدەن ئەم داهێنان و دەستکەوتەش هی حکومەت و دەسەڵاتداری کوردی نییە !

هەوڵەکانی بۆکان جاف و سەعید چیمەنی، لەکن من تایبەتمەندی خۆیان هەیەو زۆر جێگەی تێڕامانن، چونکە یەکێکیان گەنجێکی گەرمیانیەو ئەوی تریان هەڵبجەییە ! هەڵبجەو گەرمیان جگەلەوەی سمبولین، بەهای کلتوری وسیاسی و مێژوویی هەیە.



کۆچەر بیرکار



سەعید چیمەنی

ئەو دوو شوێنەی ئەگەر دەسەڵاتداری کورد حیکمەتیان هەبوایە لەدوای ئەنفال وهەڵبجەوە ئەوەندە گرنگیان پێدەدا نەک هەر دەوڵەتی عێراق بەڵکو هەموو دونیایان پێ شەرمەزاردەکرد، کەچی هەی هووو ئەوان لەبری ئەوان کوردیان شەرمەزارکرد، لەبری ئەوەی ئەوانەی لە ئەنفال وکیمیاباران رزگاربوون بەهرەکانیان پێش بخەن، چەکیان دابوونە دەست و کردبوونیە بکوژو کوژراوی ناو مەیدانی شەڕگەکانی شەڕی ناوخۆ !

تۆ بڕوانەو تێڕامێنە، دەوڵەتی تورکیا لەیلازانای لەسەر بەکارهێنانی زمانی کوردی ١٠ ساڵ زیندانی کردو دەوڵەتی ئیسلامی ئێرانیش بەهەمان تۆمەت (زارا محەمەد)ی زیندانی دەکات، دەسەڵاتی کوردیش بێ باک و بێخەم لەگەڵیاندا خەریکی سەودایە، بەڵام تاقە گەنجێک ئەوسەری دونیایان لێدەگرێ و زمانی کوردی دەخاتە سیستمی ترانسلیتەری گەورەترین کۆمپانیای دونیاوە!

بۆیە هەمیشە من ئومێدم هەیەو هەرگیز کوردم بەلاوە کەم و کوردبوونم پێ شەرم نییە، بەڵکو شەرم بۆ مرۆڤ ئەوەیە، بوونی خۆی بەکەم بگرێ و لەداخی دەسەڵاتی فاشلی کورد شوناسی نەتەوەیی خۆی رەتبکاتەوە.

نیورۆبایۆلۆجیی ئەنفال



د.سەهەند ئالان

ئەم بابەتەی د.سەهەند ئالان لە ماڵپەڕی "نیدی من" بڵاوکراوەتەوە، لەبەر گرنگی بابەتەکە و ڕوانینێکی تر، لەمەڕ کۆمەڵکوژی و جینۆساید، "ئەنفالستان" بە گرنگی زانی لەم ژمارەیەدا بڵاوی بکاتەوە.

جینۆساید و قەتڵوعامە بێشومارەکانی مێژوو بۆ فەیلەسوف و بیرمەندان ساتی تێرامان و لەسەروەستان بووە. فەیلەسوفی ئینگلیزی "تۆماس هۆبز" پێی وابوو مرۆڤەکان بە سروشت درندەن و هەمیشە لە جەنگدان لەگەڵ یەک, لەبەرامبەردا فەیلەسوفی سویسری "جان جاک ڕۆسۆ" باوەڕێکی ئێجگار زۆری بە سروشتی باشەی مرۆڤەکان هەبوو. تا ئەمڕۆکەش هەردوو بیرکردنەوەی هۆبزی و ڕۆسۆیی لە جەدەلدان و لەلایەن شەیدایانی هەردوو ڕێبازە فیکرییەکەوە دیالۆگ دەکرێ و ئارگیومێنتە جیاوازەکان بەرامبەر یەک دەخرێنە ڕوو.

تراجیدیای هۆلۆکۆست گورزێکی گەورە بوو لەو تێڕوانینەی بڕوای بە پاکژیی سروشتی مرۆڤ بوو. فەیلەسوفی ئەڵمانی "تیۆدۆر ئەدۆرنۆ" پێی وابوو دوای "ئاوشفیتز" نووسینی شیعر بێ مانایە، ئەمەش بەو مانایەی لەجیاتی شینگێڕان بۆ تراجیدیاکان نووسەران دەبێ هەوڵبدەن پەنجە بخەنە سەر ڕەگی بەرهەمهێنەری ئەو تراجیدیانە، لێرەشەوە تێگەیشتنێکی فرەلایەن بۆ هۆکارەکانی خولقاندنی وێرانکاری لەلایەن مرۆڤەوە گەلاڵە بکرێت تا لە داهاتوودا ڕێگە لە دووبارەبوونەوەی ئەم چەشنە لە کارەسات بگیرێت.

دوای جەنگی جیهانیی دووەم لە چەندین دیدگا و قوتابخانەی فیکریی جیاوازەوە خوێندنەوە بۆ سروشتی مرۆڤ و توانای مرۆڤ لە بەرهەمهێنانی تۆندوتیژی کراوە و کەم تا زۆر ئاشنابەم دید و تێڕوانینانە، ئەوەی تاڕادەیەک لەسەر شانۆی ڕۆشنبیریی ئێمە نادیار و شاراوەیە و کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە، تێڕوانینە زانستییەکەیە بۆ سروشتی مرۆڤ و توانای ئەم بوونەوەرە لە بەرهەمهێنانی وێرانکاری و تراجیدیای خوێناویدا.

نووسین و وانەکانی ساپۆڵسکی لە نووسینی ئەم وتارەدا هاوکارم بوو

مێشکی مرۆڤ خودان توانایەکی بێسنوورە لە دابەشکردنی دونیا بەسەر هەردوو زۆنی "ئێمە و ئەوان" یاخود "خۆمان و خۆیان" لە چەندین کایەی جیاوازدا بەخێراییەکی سەرسوڕهێنەر.

کاتێک وێنەی کەسێکی ڕەشپێست نیشانی کەسێکی سپیپێست دەدرێت، لە ماوەی کەمتر لە چرکەیەکدا بەشی "Amygdala"ی مێشکی کەسە سپیپێستەکە چالاک دەبێت، ئەم بەشەش بەرپرسە لە دروستبوونی هەستی ترس و دڵەڕاوکێ و تۆندوتیژی لە مرۆڤدا. بەڵام کاتێک وێنەی کەسێک لە هەمان ڕەنگی پێستی خۆی نیشانی کەسی یەکەم دەدرێ، "Amygdala"چالاک نابێت.

ئایا ئەنجامی ئەم تاقیکردنەوەیە پێمان دەڵێت کە مرۆڤ لە ئەزەلەوە و بە سروشت ڕەگەزپەرست و زینۆفۆبیکە و دەرچەیەکیشمان نییە بۆ دەربازبوون لەم ویستە ناوەکییەی مێشکمان؟ ئایا تراجیدیاکانی وەک ئەنفال و هۆلۆکۆست بەرهەمی کارکردە ناوەکییەکانی مێشکی مرۆڤن و تا دنیا دنیایە ئێمە دەبێ چاوەڕێی ڕوودانی کارەساتی تری لەو شێوەیە بین؟

ئەم وتارە هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە دەدات بەپشتبەستن بە زانستی بایۆلۆجی بە گشتی و زانستی مێشک ودەمارناسیی مۆدێرن بەدیاریکراوی. بۆ ئەم مەبەستەش کەڵکمان لە نووسین و وانەکانی زانای ئەمریکی "پرۆفیسۆر ڕۆبێرت ساپۆڵسکی" وەرگرتووە.

جێی ئاماژەیە بڵێم ساپۆڵسکی پرۆفیسۆرە لە زانستی بایۆلۆجی و نیورۆلۆجی لە زانکۆی ستانفۆرد و یەکێکیشە لە نووسەرە دیارەکانی ژانرەی"Popular Science" .

ساڵی ٢٠١٧ کتێبی"Behave" ی بڵاوکردەوە، کە تێیدا بە قوواڵی شەن و کەوی گەڵێک پرسیاری بنچینەیی و مۆراڵیی لەبارەی مرۆڤ و ڕەفتارە جیاوازەکانی لە دیدگایەکی زانستییەوە دەکات.

توانستی ناوەکیی مرۆڤەکان لە دابەشکردنی دونیا بەسەر "خۆمان و خۆیان"دا

زانستی مێشک و دەمارناسیی مۆدێرن لە ڕێگەی چەندین توێژینەوە و تاقیکردنەوەی هەمەجۆرەوە گەیشتووە بەو دەرئەنجامەی لە مێشکی مرۆڤدا میکانیزم و کارکردێکی ناوەکی لە کاردایە کە بەردەوام دونیا و هەموو کایە جیاوازەکانی ژیان دابەشدەکات بەسەر هەردوو زۆنی "ئێمە و ئەوان"دا. دابەشکارییەک کە زۆرجار هێندە بە بێدەنگی و شاراوەیی کاردەکات، تەنانەت کەسەکە خۆشی هەستی پێناکات، وەک ئەو نموونەیەی دەقیق لە کاتی وێنەگرتنی فلمی بەناوبانگی Planet of the Apes" "1968 –ڕوویدا؛ ئەو ئەکتەرانەی لە فیلمەکەدا ڕۆڵی چیمپانزییان دەگێڕا کاتی پشووەکانیان بە جیا لەو ئەکتەرانە بەسەردەبرد کە ڕۆڵی گۆریلایان دەگێڕا، دابەشکارییەکی سادە کە دواتر پرسیار لە خودی ئەکتەرەکانیش کرا، وەڵامێکی ڕوونیان پێ نەبوو کە بۆ کارێکی لەو شێوەیەیان کردووە.

دیاردەی دابەشکردنی دونیا بەسەر ئێمە و ئەواندا پرۆسەیەکی قووڵ وئاڵۆزە، هەمیشە لە ناواخنیدا کار لەسەر گەورەکردن و پیرۆزکردنی ئەو بەهایانە دەکات کە پەیوەستن بە ئێمە و کۆمەڵی ئێمەوە؛ ئێمە هەمیشە لەسەر هەقین، ئاقڵترین، بە ئەخلاقترین، و هەمیشە ئێمەین کە نەتەوەی هەڵبژێردراوی خوداوەندین. تەنانەت ئەمە سەردەکێشێتە ناو هەموو کون و قوژبنەکانی ژیانی ڕۆژانەوە؛ خواردنەکانی ئێمە بەتامترە، مۆسیقای ئێمە ڕەسەنترە، و زمانی قسەکردنی ئێمە شیرینترە.

هەڵبەت پێچەوانەی ئەم بیرکردنەوانە لە بەرامبەر کۆمەڵی ئەواندا لەکاردایە، هەمیشە ئەوان نەتەوە و گروهە سادە و ساکارەکەن، هەستوسۆزەکانیان هێشتا پێنەگەیشتووە، تەنانەت ئەوان وەک ئێمە هەست بە ئازار ناکەن. بۆ نموونە چینی سەرەوە لە ڕۆمای کۆن بێت یان لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاست یان هەر کات و جێگایەکی تری مێژوو هەمیشە کۆیلەکانیان وەک نەزان و بێعەقڵ تەماشا کردووە و پێیان وابووە هەرگیر ناتوانن سەربەخۆ بن و خۆیان کاروباری ژیانی خۆیان بەڕێوەببەن.

کێشە گەورەکە ئەودەمە سەرهەڵدەدات کاتێک تێدەگەین ئەم توانستە ناوەکییەی مێشکی مرۆڤەکان بۆ دابەشکردنی دونیا بەسەر "ئێمە و ئەوان"دا لە خۆیدا هەڵگری توانستێکی دییە بۆ ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان وەرچەرخێتە سەر ئاکتی تۆندوتیژ و کردەوەی وێرانکار.

واتە دەکرێت لەم توانستەی مێشکی مرۆڤەوە کردەی خوێناوی بەرهەم بێت بەرامبەر گەل یان هۆزێکی تر بەو بیانووەی بوونێکی نزمی وەک "ئەوان" نابێت سەرەتاییترین مافی هەبێت کە مافی ژیانە، یاخود پرۆسەیەکی دورودرێژی چەوسانەوە و سەرکوتکردنی لێوە سەرچاوە بگرێت بەو بیانووەی نابێ لەپاڵ "ئێمە"یەکی بەرز و بەهێزدا بوونێکی نزم و لاوازی وەک "ئەوان" خۆی دەربخات، هەندێجاریش پرۆسەیەکی پلان بۆ داڕێژراوی ئاسیمیلەکردن دەستبەکاردەبێت بەو نیازەی لە داهاتوویەکی دووردا "ئەوان"ی دەشتەکی و شاخاوی و لادێیی ببن بە "ئێمە"یەکی شاری و مۆدێرن و خۆرئاوایی، زمانە سادە دەنگ قەڵەباچکەییەکەی "خۆیان" بیربچێتەوە و فێری زمانە ڕەوانەکەی "خۆمان" بن.

پرسیارێک لێرەدا پێویست بێ بیکەین ئەوەیە کە ئایا لەناو ئاژەڵەکانیشدا ئەم توانستی دابەشکردنەی دونیا بەسەر "ئێمە و ئەوان"دا دەبینرێت یاخود نا؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە و تێگەیشتنی زیاتر لەم باسە دەگەڕێینەوە بۆ زانستی ئیڤۆڵوشن.

"Kin Selection"چییە؟

ئیڤۆڵوشن ئەگەر ئامانجێکی بۆ دیاریبکەین؛ بریتییە لەوەی هەر زیندەوەرێک لە هەوڵدایە کۆپیی جینەکانی بگوازێتەوە بۆ نەوەکانی دوای خۆی، بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش پێویستە لەسەری وەچەبخاتەوە و توانای خۆی لە زۆربوونـدا پەرە پێبدات، بۆ ئەمەش گرنگە پەرە بەو توانایانەی بدات کە هاریکاری دەبن تا لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریدا خۆی بگونجێنێت، بەم شێوەیەش زۆرترین

ماوە لە ژیاندا دەبێت و دەتوانێت زۆرترین وەچە بخاتەوە، ئەم پرۆسەیە بە گشتی پێی دەوترێت Individual Selection".

لە ئیڤۆلۆشندا پرۆسەیەکی ترمان هەیە پێی دەوترێت "Kin Selection"، واتە دەکرێ زیندەوەرێک لە ژینگەکەیدا بە جۆرێک ڕەفتار بکات، وەک تاک زیان بە خودی زیندەوەرەکە بگەیەنێت، بەڵام ڕەفتارەکە ڕێگەخۆشکردن و کارئاسانی بێت بۆ چەند زیندەوەرێکی تر کە پێکهاتەی جینەکانیان لە زیندەوەرەکەی یەکەمەوە نزیکە، تا ئەوان بتوانن لە ژیاندا بمێننەوە و وەچەی زیاتر بخەنەوە؛ بەم شێوازە جینی زیندەوەرەکەی یەکەم دەگوازرێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو لە ڕێگەی خزمەکانییەوە.

زانای بواری جێنەتیکس "John Haldane" لەمبارەیەوە وتەیەکی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێت "بە خۆشحاڵییەوە ژیانی خۆم دا ئەنێم بۆ دوو برا یان بۆ هەشت ئامۆزا"، ئەم وتەیەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەرکەسێک %٥٠ی جینەکانی لەگەڵ براکەی و %١٢.٥ی جینەکانی لەگەڵ ئامۆزاکەیدا هاوبەشە.

"Kin Selection"دەتوانێت تەفسیری زۆرێک لە ڕەفتارە خۆنەویستەکانی ناو دنیای زیندەوەران بکات، بۆ نموونە کاتێک سمۆرەیەک ئاژەڵێکی درندە دەبینێت دەنگێکی ئاگادارکردنەوە دەردەکات تا سمۆرەکانی هاوڕێی لە پێشهاتێکی مەترسیدار ئاگاداربکاتەوە، کاتێکیش ئەم دەنگە دەردەکات ئەگەر سمۆرەکانی تر خزم و نزیکی خۆی بن لە ڕووی پێکهاتی جینەوە. ئەم کردەیە بۆ خودی سمۆرەکەی یەکەم کردەیەکی ڕیسکی و پڕ مەترسییە، بەڵام هێشتا سمۆرەکە خۆی دەخاتە بەر ئەو مەترسییە لەپێناو پاراستنی سمۆرە خزمەکانی.

ئێستا دەپرسین چۆن ئاژەڵێک ئاژەڵێکی تر دەناسێتەوە کە لەڕووی پێکهاتی جینەکانیانەوە نزیکایەتییان هەیە و خزمن؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش فیرۆمۆنەکانە. فیرۆمۆن ماددەیەکی کیمیاییە لە جەستەی ئاژەڵێکەوە دەردەکرێ و ئاژەڵێکی تر لەڕێی بۆنکردنەوە دەیناسێتەوە. بەم ڕێگایەش خزمایەتی لەنێوان ئاژەڵەکاندا دەبەسترێت و دەزانن کێ خزمی کێیە، لێرەشەوە دونیا دابەشدەکەن بەسەر دونیای پارێزراوی "خۆمان" و دونیای مەترسیداری "ئەوان"دا.

ئەی مرۆڤەکان چۆن "خۆمان" لە "خۆیان" جیادەکەنەوە؟

ئاشکرایە مرۆڤەکان لەڕێی فیرۆمۆنەکانەوە پەیوەندی نابەستن، خوشک و برا و خزمو هاونیشتمانییەکانیان بەم شێوەیە ناناسنەوە، بەڵکو مرۆڤ لە ڕێی بیرکردنەوەوە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کێ سەر بە خۆمانە و کێ سەر بە خۆیانە.

زۆربەمان ڕەنگە دیمەنی فیلمە بەناوبانگەکەی پۆلانسکی "The Pianist"مان لەیاد بێت کاتێک دوای تەواوبوونی جەنگ سەربازەکان "ڤلادیسلاف شپیلمان" دەبینن بە پاڵتۆیەکی سەربازیی نازییەکانەوە لە وێرانەی خانوویەکدا خۆی حەشاردەداوە، خێرا دەستدەکەن بە تەقەکردن و هێندەی نامێنێت پاڵەوانی فیلمەکە بکوژن. دواتر "شپیلمان"ی موزیسیان دەستەکانی بەرزدەکاتەوە و پێیان دەڵێت کە نازی نییە و تەنها لەبەر سەرما و سۆڵە ئەم پاڵتۆ نەگریسەی لەبەرکردووە، سەربازەکان تەقە دەوەستێنن و لەوە تێدەگەن سەر بە گروپەکەی خۆیانە و دوژمن نییە، واتە سەربازە پۆڵەندییەکان دەبوو بیربکەنەوە تا تێبگەن ئەو کەسەی بەردەمیان نازی نییە و نابێت بیکوژن.

بەڵام کێشەی بیرکردنەوە ئەوەیە کە هەمیشە قابیلی ئیستیغلال کردن و کۆنترۆڵکردنە. واتە دەکرێت بیرکردنەوەی کەسێک بەجۆرێک ئیستیغلال بکەیت وای لێبکەیت کەسێکی تر کە برای ڕاستەقینەشی نییە وەک برا تەماشا بکات، ئەم جۆرە ئیستیغلالکردنەی بیرکردنەوە لە یەکە سەربازییەکاندا بەشێوەیەکی چڕوپڕ کاری لەسەردەکرێت لە تەواوی جیهاندا. هەروەها دەکرێ بیرکردنەوەی کەسێک بەشێوازێک ئیستیغلال بکرێ کە کەسێکی نزیکی لێ ببێ بە دوژمنێکی سەرسەخت و بێگانەیەکی هەمیشەیی، شەڕی ناوخۆی خۆمان لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو نموونەیەکی ڕوونی ئەم جۆرەیە لە کۆنترۆڵکردنی بیرکردنەوە.

لە هەندێک بارودۆخی تایبەتیشدا ئەم شێوازە لە ئیستیغلالکردنی بیرکردنەوە سەردەکێشێ بۆ

بیرکردنەوەیەکی ئێجگار ترسناک؛ ئەویش "بەئاژەڵکردن" و "لە مرۆڤ دامـاڵین"ی مرۆڤێکی تـرە؛ نـازییەکـان جووەکانیان بە جرج دەشـــوبهاند و هوتووەکانی ڕواندا توتسییەکانیان وەک قالۆنچە وێنا دەکرد. هەردووکیشیان بیانوویان بە خۆیان دا تا لایەنی بەرامبەر جینۆســـاید بکەن و بیانسڕنەوە.

ئەم بە ئـاژەڵکردن و لە مرۆڤ دامـاڵینە هەنگـاوێکە لە کۆمەڵێک هەنگاوی دوا بە دوای یەک، کە لە کۆتا هەنگاودا هەموو کوشـتوبڕ و سـڕینەوەیەکی دەسـتەجەمعیی ئەوانی ئاژەڵ و دێوەزمە حەڵاڵ دەکات.

پـاش ئەوەی عێراق لە پـایزی ١٩٩٠ کوێتی داگیرکرد، ئەمریکا ئەم تاکتیکەی بەکارهێنا بۆ ئەوەی هـاوڵاتییانی وەک ئاژەڵ و وەحش لە ســەربازە عێراقییەکان بڕوانن و گڵۆپی ســەوزیان بۆ هەڵبکەن تا بەشـــداری لە جەنگەکەدا بکەن.

ئەمریکییەکان کچێکی ١٥ ساڵی کوێتییان بە ناوی "نیرە" لە بەردەم کۆنگرێســـی مـافەکـانی مرۆڤ و میـدیـا جیهانییەکاندا دانا بۆ گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە تراجیدییەی کە چۆن سەربازە عێراقییەکان سێسەد منداڵی نەبەکامیان لە ئامێرەکانی ئۆکسـجینی نەخۆشـخانەکە کردووەتەوە و منداڵە سـاواکانییان بەجێهێشـتووە بۆ مردن. ئەم چیرۆکە بەس بوو بۆ ئەوەی ڕای گشـتی ئەمریکا بجوڵێت و وەک ئاژەڵ و دێوەزمە لە ســـەربازە عێراقییەکان بڕوانن، بەم شـــێوەیەش بڕیارەکەی ســـەرۆک کۆمار پشـــتگیرییەکی بێشـــوماری خەڵکی بەدەســـتهێنا و ئەمریکا هاتە ناو جەنگەکەوە.

ئەگەرچی دواتر دەرکەوت ئەم چیرۆکە درۆینە و هەڵبەستراو بووە، "نیرە"ش کچی بـاڵیۆزی کوێت بووە لە ئەمریکا و بەهیچ شـــێوەیەک لە دەســـتپێکی داگیرکارییەکە لە کوێت نەبووە. ئەم چیرۆکە نموونەیەکی ڕوونی ئیسـتیغلالکردنی بیرکردنەوەی خەڵکە بەو ئاڕاســـتەیەی ئەوانی دی وەک ئاژەڵ و وەحش تەماشـا بکەن، بەڵاشـیانەوە ئاسـایی بێت بچنە جەنگەوە و لەنـاوییـان بەرن چونکە ئەوانە وەک ئاژەڵن و لە مرۆڤبوون دەرچوون و خوێنیان حەڵاڵە.

ئایا مێشکی مرۆڤ "بێزکردنەوەی تاموبۆ Visceral" " "Disgustلە "بـێـزکـردنەوەی مـۆرالـی Moral" " "Disgustجیادەکاتەوە

ئەم بەئـاژەڵکردن و لەمرۆڤ دامـاڵینەی ئەوانی دی بە تێپەڕبوونی کات وەردەچەرخێ بۆ هەســـتی بێزکردنەوە لەوانی دی، ئەم تەرزە لە بێزکردنەوەش پێی دەوترێـت "بێزکردنەوەی مۆرالی". ئەوەی مایەی ســـەرســـوورمانە ئەوەیە "Insular Cortex" کە ئەو بەشـــەی مێشـــکە بەرپرســـە لە کرداری بێزکردنەوەی تاموبۆکردن، بەهەمان شێوە بەرپرسیشە لە بێزکردنەوەی مۆرالی.

بۆ ئەوەی ئاســـان لەم باســـە تێبگەین، مشـــکێک بهێنە بەرچاوت وەختێک خواردنێکی ژەهراوی دەخوات. کاتێک خواردنە ژەهراوییەکە دەچێتە ســـەر زمانی مشـــکەکە، لە ماوەی کەمتر لە چرکەیەکدا ئاماژە دەچێت بۆ مێشـــکی و بەشـــی (Insular Cortex) چالاک دەبێت، ئەمەش وا دەکات لەو چرکەســـاتە کورتەدا مشـــکەکە خواردنەکە تف بکاتەوە و لە خۆراکە ژەهراوییەکە خۆی ڕزگار بکات.

هەمان پرۆســێس لە مێشـــکی مرۆڤێکدا ڕوودەدات کاتێک بێز لە مرۆڤی ســەر بە نەتەوە یان ڕەگەزێکی تر دەکاتەوە، ئەو دیمەنانەی فیلمی (The Help) بهێننەوە یادتان چۆن ســـپیپێســـتەکان لە ماڵەکانیاندا تەوالێتی جودایان بۆ کارەکەرە ڕەشـپێسـتەکانیان دروسـتدەکرد، بەو بیانووەی پێیانوابوو ڕەشـــپێســـتەکان هەڵگری جۆرەها نەخۆشـــی کوشـــندە و پیســـن کە لەشـــی پاکژی ئەمانی ســـپیپێســـت بەرگەی ناگرێت.

ساپۆڵسکی پرۆسەی ئیقۆڵوشن وەک قەرەجە گەڕۆکەکانی ســەردەمانی پێشـــوو وێنا دەکات کاتێک بێ ئامادەکاری و مەبەستێکی دیاریکراو دەستکاری کەلوپەلەکانییان دەکرد و هەوڵیاندەدا چاکیان بکەنەوە یان شـــتی جیاوازییان لێ دروسـتبکەن. واتە ئیقۆڵوش بە بێ ئامادەکاری بەشـەکانی جەســـتە لەگەڵ بـارودۆخە ژینگەییە جیـاوازەکـانـدا دەگونجێنێـت. بۆیە کـاتێـک دیـاردەیەکی نوێی وەک بێزکردنەوەی مۆرالی لە مرۆڤدا ســەرهەڵدەدات، ئیقۆڵوشـن بێ ئەوەی ئامادەکاری پێشـوەختی کردبێت دەیبەسـتێتەوە بە هەمان ئەو بەشـەی مێشـک کە پێشـتر بەرپرس بووە لە بێزکردنەوەی تاموبۆ.

بەڵام ئەم بەستنەوەیە بێ کێشە بەسەر مرۆڤدا تێناپەڕێت. کاتێک خواردنە ژەهراوییەکە (Insular Cortex) چالاک دەکات، ئەویش لای خۆیەوە بەشی (Amygdala)چالاک دەکات، وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا چالاکبوونی "Amygdala" بە مانای زیادبوونی هەستی ترس و دڵەڕاوکێ و توندوتیژتربوونی کەسەکەیە.

جا کاتێک کەسێک هەست بە بێزکردنەوەی مۆرالیش دەکات بە هەمان شێوە (Amygdala) چالاک دەبێت و هەستی ئەوەی لا دروستدەبێت کە لەژێر هەڕەشەدایە و ئەمەش هانیدەدات بۆ پەرچەکرداری توندوتیژ بەرامبەر ئەو مرۆڤ و کلتوورەی بێزیان لێدەکاتەوە.

دیاردەی بێزکردنەوە لەوانی دی هەموو لایەنە جیاوازەکانی ژیان دەگرێتەوە، بێزکردنەوەیەکی هەمەلایەنە لە خواردن و جلوبەرگ و عادات و تەقالیدەکانییان، تەنانەت لە زمانی قسەکردنیشیان. دەکرێ هەر یەک لەم شتە سادانە کە مافی سەرەتایی هەر مرۆڤێکە، لەلایەن کلتوور و کۆمەڵگەیەکی بەهێزتر لەڕووی سەربازی و سیاسییەوە، وەرچەرخێتە سەر خوڵقاندنی کارەسات و ماڵوێرانی و جینۆسایدە بەسەر نەتەوە ژێردەستە بێزلێکراوەکەدا.

ئایا کۆمەڵی مرۆڤ دەتوانێت بەسەر ئەم کۆسپە گەورەیەدا زاڵبێت و دەربازی بێت لەم دابەشکارییە ناوەکییە ترسناکەی دونیا بەسەر "ئێمە و ئەواندا" ؟

بە پشتبەستن بە زانستی مێشک و دەمارناسی دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بە بەڵێ بدەینەوە. وەک پێشتر باسمان کرد کاتێک بەخێرایی وێنەی کەسێکی ڕەشپێست پیشانی کەسێکی سپیپێست دەدرێ، لەماوەی کەمتر لە چرکەیەکدا کاردانەوەی مێشکی کەسە سپیپێستەکە بەجۆرێکە بەشی"Amygdala" ی چالاک دەبێت. بەڵام ئەی چی ڕوودەدات ئەگەر ئەو مرۆڤە سپیپێستە خۆی هاندەری یانەی ڕیاڵ مەدرید بێت و وێنەی مرۆڤێکی ڕەشپێستی بە درێسی ڕیاڵ مەدریدەوە پیشانبدرێت؟ لەم حاڵەتەدا (Amygdala) چالاک نابێت.

لەم نموونەیەوە تێدەگەین کە لە مێشکی مرۆڤدا تەنها یەک جۆر دابەشکاریی دونیا نییە بەسەر "ئێمە و ئەوان"دا، بەڵکو چەندین دابەشکاری لەو شێوەیە لە مێشکدا لەکاردان و بەپێی بارودۆخە جیاوازەکان مرۆڤ شیفت دەکات لە نێوانیاندا. بەو مانایەی مرۆڤ دەتوانێت گەمە لە نێوان ئەم دابەشکارییانەدا بکات و ئەولەویەت لە نێوانیاندا دەستکاریی بکات.

با دوو نموونە لە هەردوو جەنگی جیهانیی یەکەم و دووهەم بهێنینەوە کە هاوکاریمان دەکات لە تێگەیشتنی زیاتر لەم باسە، هاوکات بۆشمان ڕوونەدەکەنەوە کە چۆن دەکرێ دوو مرۆڤی دوژمن و خوێنخۆری یەک لە ماوەیەکی زەمەنیی کورتدا دوژمنایەتییەکەیان بیربچێتەوە و ببن بە دۆستی یەک، تەنها بە زەقکردنەوەی ئەو خاڵە هاوبەشانەی لە نێوانیاندا هەیە.

لە جەنگی جیهانیی دووەمدا کاتێک جەنەراڵی ئەڵمانی "هێنریخ کریپ" لەلایەن هێزەکانی فەرماندەی بەریتانی "پاتریک فێرمەر" لە کریت دەستگیرکرا، بە ڕێپێوانێکی هەژدە ڕۆژی بردیان بەرەو کەناراوەکانی یۆنان بۆ پێککەیشتن لەگەڵ کەشتییەکی بەریتانیدا. لە ڕێپێوانەکەدا جەنەراڵە ئەڵمانییەکە لە لوتکەی بەفراوی چیایەکی ڕوانی و دێرە شیعرێکی شاعیری ڕۆمانی "هۆراس"ی لەبەرخۆیەوە گووتەوە، فەرماندە بەریتانییەکەش بەدووید شیعرەکەی بۆ تەواو کرد. ئەم ساتە بووە هۆی گۆڕین و شیفت کردنی دابەشکاری "ئێمە و ئەوان" لە مێشکی هەردووکیاندا، دوابەدوای ئەمە لە تەواوی ڕێپێوانەکەدا هەردوو فەرماندە سەربازییەکە دەبنە هاوڕێ و تەنانەت پاش کۆتایی جەنگیش لە پەیوەندیدا دەمێننەوە لەگەڵ یەک.

لە سەروەختی جەنگی جیهانیی یەکەمیشدا تەواوی سەربازەکانی بەرەی جەنگ بەهۆی جەژنی کریسمسەوە ئاگربەست ڕادەگەیەنن، بۆ ماوەیەکی زۆر کورت سەربازە ئەڵمانی و بەریتانییەکان پێکەوە ئاهەنگ دەگێڕن و دەخۆنەوە و یاری تۆپی پێ دەکەن، جیاوازی و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانیان بیردەچێتەوە و بۆچەند ساتێکی کەم هەردوولا وەک مەسیحییەک خۆیان دەبینن و پێکەوە یادی جەژنە هاوبەشەکەیان دەکەنەوە. ئەم نموونانە و دەیان نموونەی تر بەڵگەی ڕوونن کە مرۆڤ توانایەکی سەرسوڕهێنەری هەیە لە گەمەکردن لەنێوان دابەشکارییە جیاوازەکانی مێشکیدا، بەجۆرێک دەکرێت لە ماوەیەکی

ئێجگار کورتدا مرۆڤە ڕەگەزپەرستە فاشییەکە بگۆڕێ بۆ مرۆڤێکی ئاسایی و نەرمونیان.

ئایا دابەشکردنی دونیا بەسەر "ئێمە و ئەواندا" زیاتر پەیوەستە بە هەست و سۆزەوە یان بەرهەمی ئەقڵێکی مەعریفییە؟

هەموو ئەو توێژینەوە و تاقیکردنەوانەی بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە کراون، پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشن ئەم دابەشکارییە زیاتر ئۆتۆماتیک و بەرهەمی هەست و سۆزە نەک بەرهەمی بیرکردنەوەیەکی قووڵ و ئەقڵانی.
بیرکردنەوەی هەمەلایەن و مەعریفی لەلایەن بەشی "Frontal Cortex"ی مێشکەوە ئەنجامدەدرێ، ئەم بەشە لە بیرکردنەوەدا کۆنترۆڵی هەست و سۆزە ئۆتۆماتیکییەکان دەکات و ڕەچاوی چەندین لایەنی جیاواز دەکات تا دەگاتە دەرەنجام و بڕیارێک، بێگومان ئەم پڕۆسەیەش کاتێکی زیاتر و وزەیەکی زیاتری پێویستە.
ئەو توێژینەوە و تاقیکردنەوانەی لەسەر توانستی مێشکی مرۆڤ بۆ دابەشکردنی دونیا بەسەر "ئێمە و ئەوان"دا کراون، هەمیشە ئەوەیان دەرخستووە کە مرۆڤ لە ماوەیەکی ئێجگار کورتدا دەگاتە دەرەنجامی ئەوەی کەسێک سەر بە گروپ و کۆمەڵەکەی خۆیەتی یاخود نا، ئەم ماوەیەش بەجۆرێک کورتە "Frontal Cortex" بەهیچ جۆرێک بواری چالاکبوونی نییە و خودی بڕیارەکە لە هەڵسەنگاندنەکانی ئەم بەشەوە دوورە.

دڵخۆش بین یان غەمبار بین؟

تیۆدۆر ئەدۆرنۆ لە بارەی ڕەگی فاشیزمەوە بیروڕایەکی جوانی هەبوو، کە ئەمڕۆ بە کۆمەکی زانست لە ڕاستی و دروستی ڕاکەی تێدەگەین. ئەدۆرنۆ پێی وابوو ئەو کەسانەی حوکمێکی پێشوەختە و ناڕاستییان بەرامبەر گروپێکی دەرەوەی خۆیان هەیە، لە بەرامبەر گروپێکی جیاوازتریشدا ئەگەری ئەوەیان زیاترە هەمان حوکم بدەن. گەلی تورک جگە لە کورد هەمان تێڕوانینی ڕەگەزپەرستانەیان بەرامبەر ئەرمەن و یۆنانی و نەتەوەی دیش هەیە، بەعسییە سوننەکان جگە لە قەتڵوعامکردنی کورد، شیعەکانیشیان بەو دەردە برد، بۆیە مێژووی ئێمە وەک کورد سەرڕێژە بە نموونەی لەم شێوەیە، لە مامەڵەکردنماندا لەگەڵ گەلانی داگیرکەر.
لەکۆتاییدا گرنگە لەوە تێبگەین، هەرچەندە گەلێک بە ئازارە دەمێک کەموکوڕی و کێشەکانی مێشکی مرۆڤمان لە دیدی زانستەوە بۆ دەردەکەوێ، بە دیوێکی تردا مایەی دڵخۆشییە کاتێک بۆمان دەردەکەوێ ئەم تێگەیشتنانە بە بەرەوپێشچوونی زیاتری زانست، دەکرێ کلیلی چارەسەرییمان بۆ کێشە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بدەنێ.

نیگەرانی

زۆر دەترسم بمرم و دۆسێی ئەنفال بەدەست ڕۆژنامەنوسی بێ ئاگاو میدیای نابەرپرسیارو نوسەری فەیکەوە، وا چەواشە بکرێت، نەک نەوەی نەوێ و خەڵکی بێگانە، تەنانەت ئەنفالدیدە و شایەتحاڵەکانیش سەرودەری لێ نەکەن و خۆیان نەناسنەوە

.

تکام وایە ئەم نیگەرانیەم وەک خۆهەڵکێشان لێک .نەدەنەوە. بەڵکو وەک نیگەرانییەک لێم وەربگرن. خۆزگە ئەوەی من دەمزانی هەموو کورد دەیزانی، ئەوەی هەستی پێدەکەم هەمووکەس هەستی پێبکردایە. ئەوەی قوڵتر هەستی پێدەکات نەیشاردایەتەوە.

.


دەبوو ئەنفال نەک هەر لەدەستی بەعس، بەڵکو لە نەفامی ڕزگاری بکردینایە.
. بەڵام ئەفسوس

حەمەڕەشی گەرمیان

فریاد ڕەسێک لە دۆزەخی ئەنفالدا

ئەنفالستان

گرنگە لەچیرۆکی ئەنفالدا، قارەمانەکانیش ببینین. ئاخ هەڵگیشـــان بۆ ئەنفالکراوان و نادیدەگرتنی ئازاکان هەر لەزەلیلیدا دەمانهێڵێتەوە.



لەگەرمەی ئەنفالدا، فەرماندەیەکی ئازا پێشـــمەرگە، خۆی تەرخـانکرد بۆ رزگـارکردنی ئەوخەڵکـانەی وتیـان دەمرین، بەڵام خۆمـان ڕادەســـت ناکەین، ئەوان هەم پێشـمەرگە و هەم خەڵـکـی مەدەنـی بـوون، بەدوای دەرچەیەکدا دەگەڕان کە لە دۆزەخی ئەنفال رزگاریان بکات. حەمەڕەشـی گەرمیان بووە فریاد ڕەســـیان.. کە هەم نـاوبـانگی هەبوو لەئـازایەتیـداو هەم جێگەی متمـانەش بوو، کە لەو قـاتوقڕییەدا جڵەوی گیانی خۆیانی بدەنە دەست.

(محەمەد کەریم) نازناوی حەمەڕەشی گەرمیانی هەڵگرتبوو، ساڵی ١٩٥٧ لەگوندی هۆمەرئامانی قەرەداغ لەدایک بووە. هێشتا گەنجێکی ١٧ ساڵ بوو، کە بوو بەپێشمەرگە. سێ ساڵ دوای ڕێکەتننامەی جەزائیرو شکستی ١٩٧٥ لە ساڵی ١٩٧٨ بووەتەوە بەپێشـــمەرگە، دوای ســـاڵێک دەبێتە فەرمانـدەی مەفرەزە، پێشـــمەرگەیەکی ئـازای کەرتی ٤ی جەباری و جێگرو هاوســـەنگەری مامەڕیشـــە بووە. دواتر دەبێتە فەرماندەی کەرتی باسەڕە.ئینجا جێگری فەرماندەی تیپی ٥١ی گەرمیان، دواتر فەرمانـدەی تیپەکەو دواتریش دەبێتە فەرماندەی تیپی ٥٣ی شێروانە.

ساڵی ١٩٨٨ دوای ئەنفالی قەرەداغ پەلامارەکان گەیشـتنە قوڵایی گەرمیـان و دۆخەکە لەوەدا نەمـابوو پێشـــمەرگە بەچەکی سـوک بتوانن پێش بەسـوپای عیراق بگرن، بۆیە دەبوو بەخێرایی بیر لە دەربازبوون بکەنەوە، ئەنفالی سێی گەرمیان لە گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کەلارو ناحێی پێبازەوە هەتا گوندەکانی کفری و نەوجول و خورماتوو، قادرکەرەم و سـەنگاوو چەمچەماڵی گرتەوە. لەهەموو لایەکەوە سـوپا، پێشـــڕەوی کردبوو، نـاوچەکەی گەمارۆدرابوو، لەوکاتەدا حەمەڕەش فریاد ڕەســی هەزاران لێقەوماوی گەرمیان. بوو تەنانەت فریاد ڕەسـی پێشـمەرگەی حزبەکانی تریش بوو، بەڵگەی ئازایەتی زۆرن دیارترینیان ئەوەیە کە رزگارکردنی مـاڵ و منـداڵەکـانی خۆی خســـتە دوای رزگـارکردنی هەمووان. بەهەر زەحمەت و پڕکێشـــییەک بوو، لەتاریکی شـــەوداو لەژێر لێزمەی بارانی بەخوڕی بەهاردا بەنـاو هێزەکانی ڕژێمـدا توانی هەزاران کەس ڕزگار بکات. ئەو هەموو ژن ومنداڵە مـانـدوو تۆقیوەی گوندەکان و پێشـــمەرگەی بریندارو خەڵـکـی پەککەوتەی لە جـادەی چەمچەمـاڵ ســـلێمانیەوە پەراندەوە بۆ دۆڵی ســـورداش وناوچەی قەڵاســـێوکەو لەوێشـــەوە ڕەوانەی ناوچەی مەڵبەندی سێی کردن لە دۆڵی بالیسان، بریـاردان لەوەهـا دۆخێکـدا مەحاڵ بوو، بەڵام حەمەڕەش مەحـاڵی کردە واقع و ئەوخەڵکەی گەیاندە شـــوێنی ســـەلامەت و خۆی گەرایەوە بۆگەرمیان بۆ فەرماندەیی پارتیزانەکانی دوای ئەنفال.

ســاڵی ١٩٨٢ هێشـتا گەنجێکی تەمەن ٢٥ ســاڵ بوو، کە فەرماندەی دەســتەیەک پێشـــمەرگە بوو بۆ هێرش بردنە ســەر ڕەبێیەکی ســەربازی وگرتیان، ئەوە یەکەمجاربوو لە مێژوی کوردا ڕەبێیەکی ســەربازی بگیرێت، لەو شـــەڕدا ١٨ کەســـیان تێدا بەدیل و٢٥ تفەنگیان گرت، ئیتر ئەمە بووە ڕێنیشـاندەری پێشـمەرگەو هەتا کاتی ئەنفال دەیان ڕەبێی ســـەربازییان گرت. لەڕۆژی ١١ی ئازاری ســـاڵی ١٩٩١ لە رزگارکردنی خورماتوودا، هێزەکانی موجاهیدینی خەڵق هێرشیان کردە سەر ڕاپەڕیوان و هێزی پێشـمەرگە، لەوێدا گوللە هاوەنێک دەیپێکێ و بەســەختی بریندارببووە، لە گواسـتنەوەیدا بۆ نەخۆشـخانە لە ناحێی سـلێمان بەگ نزیک خورماتوو، دەکەونە بۆسەیەکەوە ولەوێدا شەهیدبوو. شـێرکۆبێکەسـی شـاعیر لەوەسـفی ئەم فەرماندە ئازایەدا دەنوسێت : هەرکسێک ناوی حەمەو حەمەڕەش و گەرمیانی بوو

حەمەڕەشی پێش ئەنفال و ناو ئەنفال و دوای ئەنفال ئەسپە ڕەشی سەرحەمرین و گێژەڵوکەی خوێن هەڵگردوی ناو دوزو حیکایەتی کێوی ڕەش و باوبۆرانی زەمان نییە.

گۆڕی بەکۆمەڵ لە میژووداا عێراق لەمەشدا بەدناوترینە



محەمەد حەمەسالّح تۆفیق

هەموو بۆچوونەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کەوا گۆڕ یان گۆڕستانی بەکۆمەڵ ژمارەیەک تەرمی مرۆڤی تێدایە کە دەناسرێنەوە یان ناناسرێنەوە. نەتەوە یەکگرتووەکان وای دیاری دەکات کە شوێنی ناشتنی سێ تەرم یان زیاترە لە قوربانییانی کۆمەڵکوژی و هەندێ بۆچوونیش بە شوێنی شاردنەوەی دوو تەرم و بۆ سەرەوە دەستنیشانی دەکات و لەنێو ئەمانەشدا یاسای ساڵی ٢٠٠٦ی پاراستنی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی عێراقە. هەرچەندە کۆدەنگییەکی ورد لەم بوارەدا نیە، بەڵام بەگشتی گۆڕی بەکۆمەڵ لەپاش مردن یان کوشتنی ژمارەیەکی زۆری خەڵک دروست دەکرێت و ئارەزوو کردن بۆ ناشتنی تەرمەکان بەپەلە لەبەر هۆکاری شاردنەوەی تاوان یان تەندروستی. لە کاتی جەنگ و بەرپاکردنی تاوانی گەورەدا پەنا دەبرێتە بەر گۆڕی بەکۆمەڵ، هەروەها دەگونجێت لە کاتی گرانی و برسێتی یان پەتا یان کارەساتێکی سروشتیشدا پەنای بۆ ببرێت و لەم حاڵەتانەدا بەکارهێنانی بۆ بەرگرتنە لە بڵاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشی. بەزۆری ئەم حاڵەتانەش هاوکاتە لەگەڵ هەرەسهێنان و داڕووخانی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، کە تێیدا ناتوانرێت تاک بە تاکی تەرمەکان دەستنیشان بکرێن و بناسرێنەوە و بە رێگە و شێوەی ئاسایی ئەسپەردە بکرێن.

هەندێ نموونەی میژوو

قوربانییانی جەنگ:

*- گۆڕێکی بەکۆمەڵ کەوا لانی کەم ٣٠٠ هەزار ئێسک و پرووسکی ڕووسەکانی کێڤێی تێدابووە کە بەدەستی مەغۆلەکان کوژراون لە ساڵی ١٢٣٨دا، ساڵی ٢٠٠٥ لە یارۆسلاڤڵ-ڕووسیا دۆزراوەتەوە لەکاتی هەلکۆڵینی زەویدا.

*- جەنگی ٣٠ ساڵەی ئەوروپا لە سەدەی حەڤدەدا سامناکترین جەنگی ئاینی ڕوویداوە و لە یەکێک لە شەڕەکاندا تەرمی ٤٧ سەرباز خراونەتە یەک گۆڕی بەکۆمەڵەوە و پشکنینی شوێنەوارناسی و ئێسکناسی دەریخستووە کە تەمەنیان لە نێوان ١٥ - ٥٠ ساڵدا بووە.

*- لە ئەنجامی جەنگەکانی ناپلیۆندا ژمارەیەکی زۆر گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزراونەتەوە کە ئێسکو پرووسکی ژمارەیەکی زۆری سەربازان و ئەسپەکانیانی لەخۆگرتووە.

*- لە ئیسپانیا زیاد لە ٢٠٠٠ گۆڕی بەکۆمەڵی سەردەمی شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا دۆزراوەتەوە، وامەزەندە دەکرێت کە ٥٠٠ هەزار کۆژراویان لەخۆگرتبێت لەنێوان ساڵانی ١٩٣٦ - ١٩٣٩دا. بێجگە لەوەش ١٣٥ هەزار کەسی تر لەپاش کۆتاییهاتنی جەنگ کوژراون. تائێستاش پسپۆڕانی جیۆفیزیک و ئارکیۆلۆجی و پزیشکیی داد (فۆرێنسیک) لەکاردان بۆ دۆزینەوە و ناسینەوەی ئێسکوپرووسکەکان، بە پشتبەستن بە تۆماری بۆماوەیی کەسوکاری قوربانییان.

*- لە ساڵانی ١٩٥٠کانی جەنگی نێوان هەردوو کۆریای باشوور و باکووردا لەنێوان ١٠٠ - ٢٠٠ هەزار خەڵکی سڤیلی کۆریا کوژراون، بە ژمارەی جیاواز لە گۆڕی بەکۆمەڵدا نێژراون. ئەم قوربانییانە لەلایەن حکوومەتی کۆریای باشوورەوە بەوە تاوانبار کرابوون کە هاوکار و هاوسۆزی کۆریای باکوور بوون. لەو سۆنگەیەوە گیراون و بێ دادگایی کردن لە شوێنێکدا پۆل پۆل کۆمەڵکوژ کراون و هەر لەو شوێنەدا بەبێ ناسنامە و ناونیشان لە گۆڕی بەکۆمەڵدا نێژراون و نەیانهێشتووە کەس نزیکی ئەو جێگەیە بکەوێتەوە. دواتر کەسوکاریان دەریانهێناونەتەوە و بەبێ ناسینەوە دووبارە بە نەریت و ڕێورەسمی ئاینی و کۆمەڵایەتیی خۆیان ناشتوونیانەوە. وەک نموونەیەکیش، لە ساڵی ١٩٥٦دا خێزان و بنەماڵە کارەساتبار و جەرگسووتاوەکان زیاد لە سەد لاشەی بێ ناونیشان و شیبووەویان لەو گۆڕانە دەرهێنابوو، پاش ئەوەی دڵنیابوون لەوەی کە پەیکەرەئێسکی هەر تەرمێک وەک خۆی ماوەتەوە و هەریەکەیان لە گۆڕی بێ ناونیشانی

خۆیدا دووبارە ناشتەوە لە گۆڕستانێکی دوورگەی جێجوودا. ئەوجا میلێکی یادەوەرییان لە بەردی گرانیت دروستکرد و لە ڕاسەری گۆڕەکان دایاننا و لەسەریان نووسی "ئەم گۆڕانە هی سەد باوباپیر و یەک نەوەن". هەڵبەت ئەمەش هێمایە بۆ ئەوەی کە بەپێچەوانەی زانستی ڕەچەڵەکناسییەوە ئەوان وەک گەل و نەتەوە خۆیان بە نەوەی ئەو قوربانییانە دەزانن. پێموایە ئەمە بۆ ئێمەی قوربانییانی کوردیش پەندێکی باش بێت لە حاڵەتی نائومێد بوون لەوەی کاربەدەستان بتوانن بە پشکنینی DNA ئێسکوپرووسکی ئازیزانمان بۆ دەستنیشان بکەن.

*- لە ساڵی ١٩٨٨دا گەلێ گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزرانەوە. پایزی ١٩٦٩ نزیکەی ٢٨٠٠ ڕوفات لەم گۆڕە بەکۆمەڵانە دەرهێنران. ئەو قوربانیەکان کاربەدەستانی حکوومەت و خەڵکی سڤیلی بێتاوان و ژن ومنداڵ بوون، کە ئەشکەنجە درابوون و ئیعدام کرابوون و لە هەندێ حاڵەتیشدا بە زیندوێتی کرابوونە ژێر خاکەوە. زۆرێک لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان باوەڕ وایە هەر یەکیکیان سەدان سەربازی لەخۆگرتبێت.

کۆمەڵکوژییەکان:

*- جینۆسایدی ڕواندا لە ماوەی سەد ڕۆژی ساڵی ١٩٩٤دا مەزەندە دەکرێت کە زیاد لە هەشتسەد هەزار کوژراوی ئیتنیکی تووتسیی لێکەوتەوە لەسەر دەستی ئیتنیکی زۆرینەی هۆتۆ و دەستیان لە ژن و منداڵیش نەدەپاراست و هەر شوێنێکی وەک کەنیسە و خوێندنگە و تاد. پەنایان بۆ دەبرد لەوێ کۆمەڵکوژیان دەکردن و شوێنەکەشیان دەکردە گۆڕی بەکۆمەڵ بۆیان. ئەوان هەموو جۆرە چەک و ئامێرێکیان بەکاردەهێنا بۆ کوشتنیان و زیاد لە پەنجا هەزاریان لە هەر یەک لە کەنیسەیەکی کاسۆلیکی لە شاری نیاماتۆ و لە خوێندنگەیەکی پیشەسازی لە شاری مۆرامبی کوشت و کەنیسەکە و مەکتەبەکەشیان بۆ کردن بە گۆڕی بەکۆمەڵ. بێجگە لەوەش هەزارانیان لێ فڕێدانە ڕووباری نیابارۆنگۆوە. لەم تاوانی جینۆسایدەدا زیاد لە ٢٥٠ هەزار ژن ئەتککران، ٢٠ هەزار منداڵی بێسەرپەرشت، ٥٠ هەزار بێوەژن، ٢٨ هەزار کەمئەندامی لێکەوتەوە. بەڵام دواتر هەموو تاوانکاران درانە دادگا و کەس لە سزای جۆراوجۆر دەربازی نەبوو.

ئەمڕۆ لە کیگالیی پایتەختی ئەو وڵاتە و شارەکانی تر شەش مۆزەخانە کەلە سەری زۆرێک لە قوربانییەکانی تێدا نمایشکراوە لەگەڵ چەندین مۆنۆمێنتی یادەوەری کە ورد و درشتی تاوانەکەت بۆ باس دەکەن. هەموو ڕوفات و تەرمەکانیشیان لە گۆڕی بەکۆمەڵ دەرهینا و بەو شێوەیەی کە شایستەی شکۆی مرۆڤ بێت نێژرانەوە. هەروەها تەرمی فڕێدراوی نێو ڕووبار و دەریاچەکانیشیان دەرهێنایەوە و تەنها لە دەریاچەی ڤیکتۆریا ٤٠ هەزار تەرمیان دەرهێناوە. ئەمڕۆ لەو وڵاتە ئەفریقییە بە کۆمەڵێک ئامراز و کردار بەریان لە دووبارەبوونەوەی ئەو تاوانە گرتووە و لەسەر دار و پەردووی داڕووخاوی پاش جینۆسایدی ئەو وڵاتە گەشەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەرچاویان کردووە و بیزنێسی سەرەکیی سیاسەتمەدار و کاربەدەستانیان لەسەر پەرەپێدانی مرۆیی و ئابووریی وڵاتەکەیە.

*- لە جینۆسایدی ئەرمەندا کە بەشی یەکەمی لە ساڵانی ١٨٩٤ - ١٨٩٦ و دواتر لە ساڵی ١٩٠٩دا و بەشی دووەمی یان ترۆپکی لە ساڵی ١٩١٥دا بەرپاکرا لە دەوڵەتی عوسمانیدا، نزیکەی ملیۆن و نیوێک ئەرمەن بە هۆکار و شێوازی جۆراوجۆر لەناوبران، هەر لە فڕێدانە ناو دەریای ڕەش و ڕووبارەکانی دیجلە و فورات و لقەکانیانەوە تا سووتاندن و بە دووکەڵ خنکاندنیان لە ناو ئەشکەوتەکان و لە ناو حەرەمی کەنیسەکانیاندا، یان هەڵدانە خوارەوەیان لە لووتکەی چیاکانەوە بۆ نێو دەرە و شیوە قوواڵەکان، کە بووبوون بەگۆڕی بەکۆمەڵیان، یان بەدەم ڕاگواستنیانەوە بۆ بیابانەکانی سووریا لەبرسا و بەنەخۆشی دەمردن. ئەرمەن ئەوە زیاد لە سەد ساڵە ئەم جینۆسایدەی خۆیان لەبیر نەکردووە و ئێستاش دەڵێی دوێنێیە لە مێژوویاندا بە چەندین شێوە سەرنج و سۆزی دنیای شارستانییەت بە لای ناساندنی تاوانەکەدا ڕادەکێشن و سەرباری بەرژەوەندیی نیودەوڵەتیی لەگەڵ تورکیادا ئەوان بە هەوڵ و کاری سیستماتیکی خۆیان هەنگاوی باشیان بڕیوە لەم بوارەدا و دووەم گەلن لە دوای جوو بۆ ناساندن و جێکردنەوەی خۆیان لە نێو پێچەڵپێچی ئاڵۆزی سیاسەتی نیودەوڵەتیدا.

گرانیی (برسێتیی) گەورەی ئێرلەندا:

*- ســـالانی ١٨٤٥ - ١٨٤٩ گرانییەکی ســـامناک لە ئێرلەندا ڕوویداوە کە بە گرانیی گەورە ناوی دەرکردووە و نزیکەی یەک ملیۆن کەس لەبرســـا مردوون. لەبەر ئەو ژمارە زۆرەی مردن و هەژارییەکی ســـەخت کە لەو کاتەدا بەرۆکی گرتوون زۆرێـــک لە خێزانەکـــان نەیـــانتوانیوە ئازیزانیان بەگوێرەی دابونەریتی باو بنێژن و لەجیاتیدا خستوونیانە گۆڕی بەکۆمەڵەوە. سالانێکی دوور و درێژی دواتر کنەوهەڵکۆڵینی ئـــارکیۆلۆجی لەشـــوێنەکـــانی بە خاکسپاردنی بەکۆمەڵی ئێرلەندادا کەوتووەتەکار و لە تەنها یەک گۆڕی بەکۆمەڵدا ڕوفاتی هەزار کەســـیان دەرهێناوە. پەیکەرە ئێســـکەکان لەم گۆڕانەدا لەســـەر یەک کەڵەلە کرابوون لە چاڵی لاکێشـەییدا کە ماوەی نێوانیان مەترێک بووە. شـیاوی گوتنە کەوا لە ســاڵەکانی جەنگی جیهانیی یەکەمدا لە شاری سلێمانیش گرانییەکی سەخت ڕوویداوە و زۆرێک لە دانیشتووانی لەبرسا مردوون و لە ناو جادە و کۆڵانەکاندا تەرمی زۆر کەوتوون. هەندێ ســـەرچاوەی مێژوویی دەگێڕنەوە کەوا لە کۆی دە هەزار کەســـی دانیشتووانی ئەم شارە نزیکەی دووهەزار کەس ماونەتەوە.

*- پەتای ئەنفلۆنزای ئیســـپانی لە ســـاڵانی ١٩١٨ - ١٩٢٠دا گەلێ وڵاتی جیهانی گرتەوە ونزیکەی ٥٠٠ ملیۆن کەس گرتی کەئەو کـاتە دەیکردە یەک لەســـەر ســـێی دانیشتووانی جیهان و نزیکەی پەنجا ملیۆنیشی کوشت و زۆربەی قوربانییەکان لە ئوسترالیا وکەنەدا ئەمریکا بوون.

*- بوومەلەرزەی ســـاڵی ٢٠١٠ وڵاتی هـایتی هەزاران تەرمی لەدوای خۆی بەجێهێشت لەسـەر شـەقامەکان و لەبەر خۆر کە بۆگەنیان کردبوو. حکوومەتی هایتی بە ئامێری قورس و ئۆتۆمبیلی بـارهەڵگر تەرمەکـانی لەگەڵ خۆڵ و خاشـــاک دەگواســـتەوە و لە چاڵی لاکێشـــەیی قوواڵدا هەڵیدەڕشـــتن و دەیکردن بە ژێر خاکەوە. لە کولتووری خەڵکی ئەو وڵاتەدا سـروت و ڕێوڕەسـمی مردوو ناشـتن بایەخیکی گەورەی هەیە و نەریتە ئاهەنگســـازییەکانی لە خەرج و تێچووی خـانووەکـانیـان زیـاتری تێـدەچێـت. بـاوەڕیشـــیـان وایە کەوا مردوو بەردەوامە لە ژیـان و لە ڕێگەی ئەم سـروتە ئاهەنگسـازییەوە پەیوەندیی دەگرێت بە نەوەکانیەوە. بەم هۆیەوە ناشتنی تەرمەکان بەم نادیاری و بێ ناونیشـانییە لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا زۆر بەســەختی ئەم پەیوەندییە ڕۆحییەی شـــێواند لە نێوان مردووەکان و زیندووانـدا.

گۆڕە بەکۆمەڵەکانی کورد و عێراقییەکان

عێراقی ســـەردەمی ڕژیمی بەعس بوو بە ســـەردەمی ئەنجامدانی گەلێ تاوانی ســـامناک دژ بە خەڵکی وڵاتەکە بەگشتی و دژ بە کورد و شیعەش بە تایبەتی و بۆ ئەمیان بەتایبەتتر لەپاش داگیرکردنی کوەیت لە ســاڵی ١٩٩٠دا و ئەو شکست و سەرشۆڕییەی تووشی هات بە کشانەوە و چۆڵکردنی ئەو وڵاتە لە ئەنجـامی هێرشـــی ئەمریکـا و هاوپەیمانان و تێکشـکان و بەزینی سـوپای عێراق. وەک ئەنجامیش هەڵگیرســـانی ڕاپەڕینێکی پڕ تونـدوتیژی لە ســـەرەتای ســـاڵی ١٩٩١دا لە باشـــووری عێراق و دواتر بواردانی ئەمریکا بە مانەوەی ڕژیمی بەعســـی عێراق و دەســـتوەاڵا کردنی بۆ لێدانی تونـدی شـــیعە، بە هەمان ئەو چاوپۆشییەی کە لە سەرەتای ساڵانی ١٩٨٠کانەوە نواندی تا ســـەرەتای ١٩٩٠کان کە دڵڕەقانە مامەڵە لەگەڵ کورد و جووڵانەوە چەکـداریـیەکەیـدا بکـات بە شـــێوەیەکی سـیستماتیک و پلان بۆ دارێژراو تا ئاستی گەیاندنی بە بەرپاکردنی جینۆســـاید بەگوێرەی یاســـا و ڕێســـا نێودەوڵەتییەکانی ئەم تاوانە و بەتایبەتی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆسـاید و سـزادان لەسـەری، کە سـاڵی ١٩٤٨ لەلایەن کۆمەڵەی گشـتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئیمزای لەســـەر کراوە و ســـاڵی ١٩٥١ چووەتە بواری کـارپێکردنەوە. بێگومـان ســـەرجەمی پرۆســـەکـانی جیینۆسـایدی کورد هەر لە وڵات ڕاگواسـتن و لەناوبردنی کوردی فەیلی و بارزانییەکان و ئەنفال و هەڵەبجەوە بیگرە تا ئەودوای پاکێجەکانی تر و ڕاگواســـتن و بەعەرەبکردن هەموو دەچنە خانەی جینۆســـایدەوە و دانگای بـاڵای تاوانەکانی عێراق حوکمی یاسایی خۆی لەسەر دەرکردووە وپەرلەمـان وحکوومەتی عێراقیش کەمیراتگری ڕژێم و حکوومەتەکانی پێشتری عێراقە سەلماندوویەتی.

وەک پێشتر ئاماژەمان بۆکرد لەئەنجامی سیاسەتی کوشتو بڕی ڕژێمی پێشـــوو عێراق پڕبوو لە گۆڕی بەکۆمەڵ، بە پێی ڕووماڵکردنی دامەزراوەی شەهیدانی عێراق (موءسسة الشهداء) تا ئێستا ٣٤٦ گۆڕی بەکۆمەڵی تێدا دۆزراوەتەوە ودەسنیشان کراوە، کەوا بە خەمڵ و مەزەندە نزیکەی ٣٠٠

هەزار قوربانی لەخۆگرتووە، بێجگە لە قوربانییانی کوردی ئێزیدی و هیتری دەستی داعش، کە لەعێراق و سووریادا تا ئێستا ٧٢ گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزراونەتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٦دا عێراق یاسای ژمارە (٥)ی پاراستنی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی دەرکردووە (قانون حماية المقابر الجماعية)، کە بەم جۆرە پێناسەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی کردووە: "خاکێکە، لاشەی زیاتر لە شەهیدێکی تێدایە، بە شێوەیەک نێژراون یان شاردراونەتەوە کە ڕێوشوێنە شەرعی و بەها مرۆڤایەتییەکان ڕەچاو نەکراون، مەبەست لێی شاردنەوەی تاوانی کۆمەڵکوژییە کە لە لایەن تاکێک، یان کۆمەڵە کەسێک، یان دەستەیەک ئەنجامدراوە، هەروەها بریتییە لە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ". هەڵبەت هەر لەو کاتەوە دەزگایەکیش لە عێراق دامەزراوە بە مەبەستی ڕاییکردنی کاروباری گۆڕە بەکۆمەڵەکان و پاراستنیان وەک بەڵگەی یاسایی و تاوانکاریی سەلماندنی یەک لەم سێ حاڵەتەی تاوانی جەنگ، تاوانی دژەمرۆڤایەتی و جینۆسایید یان هەرسێکیان پێکەوە. ئەم دەزگا یان بەڕێوەبەرێتییەی پاراستنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان سێ کۆنفرانسی بەستووە کە ساڵی ٢٠٠٦ لە لەندەن و ساڵی ٢٠٠٨ لە بەغدا و ساڵی ٢٠١١ لە هەولێر. بێگومان سەرلەبەری ئەم یاسایە و خاڵەکانی و ئەو باس و لێکۆڵینەوانەش کە پێشکەش بەو کۆنفرانسانە کراون هەموو جیددی و زانستی و ڕێنمایی و نەخشەڕێگا بوون بۆ کاری ئەم دەزگایە و لە دوای بەرپاکردنی تاوانە سامناکەکەی جینۆسایدیش لەلایەن داعشەوە دژ بە کوردە ئێزیدییەکان و داگیرکردنی مووسڵ و شوێنانی تری عێراق لەلایەن ئەو ڕێکخراوە تێرۆریستییەوە و زیادبوونی ژمارەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی کە قوربانییانی ئێزیدی و خەڵکی تریشی لەخۆگرت، یاسای گۆڕە بەکۆمەڵەکان هەموارکرایەوەو بوو بەیاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٥.

هەڵبەت ئەم دەزگایە لەم ساڵانەدا دەبوو بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگا و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی تری عێراق و هەرێمی کوردستاندا و بەتایبەتی لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستاندا بیتوانییایە بەشێوەیەکی زانستی و پراکتیکی کاری بکردایە و سەرجەمی کەسوکاری قوربانییان لە عێراق و کوردستاندا نموونەی خۆوێنیان لێ وەربگیرایە و داتابەیس بکرایە بۆ ئەنجامدانی پشکنینی زانستی لە سەر ئێسکوپرووسکی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و بەراورد کردنیان بە نموونەی وەرگیراو بە مەبەستی ناسینەوەی قوربانییان لە کاتی دەرهێنانی ڕوفاتەکانیان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان، بێگومان ئەمیش بە زانستی نەک بەو هەڕەمەکییەی دوای گۆڕینی ڕژیم لە ساڵی ٢٠٠٣دا کەوا لە گۆڕە بەکۆمەڵە گەورە و سامناکەکەی مەحاویلی پاریزگای بابل ئەنجامدارا و هەر خێزانە و ئازیزی خۆی بە جلەکانی یان سەعاتەکەی یان ئەنگوستیلەیەکی یان هەر شتێکی تر دەناسییەوە و لە دۆخ و کەشێکی پڕ خەم و گریان و فرمێسکدا دەیکردە تووڕەکەیەکەوە دەیبردەوە بۆ دووبارە ناشتنەوەی و دەیان و بگرە سەدانی تریش بە بێ ناسینەوە و تەنها بە مەزەندە و گۆترەکاری ڕوفاتیان دەبرا. ڕاستێکەی بەم ڕەفتارە پڕ سۆز و گۆترەکارییە بەڵگەیەکی هێجگار زۆری تاوانەکە لەدەستچوو کە دەکرا دژ بە تاوانکاران و سەرانی ڕژێم بەکاربهێنرایەن لە دادگایی کردنێکی پیشەیی ئاست بەرزدا و دەبوو نێودەوڵەتیش بوایە. بەمە و بە دەیان ڕەفتاری تری نازانستی و ناشایستە گەلێ دەرفەت لەدەست دران بۆ دادگایی کرنێکی ڕەوای تاوانباران، کە زۆرێکیان دواتر وەک بەرزەکی بانان بۆیدەرچوون و لە سزای گەل دەرباز بوون. ئەم حاڵەتە بە شێوەیەکی سەختتر و تائێستاش ئازاربەخش هەرێمی کوردستانیشی گرتەوە و سەدان کەسی تۆمەتبار دەرباز بوون و بگرە پێگە و دەسەڵاتیشیان زیاتر بوو لەئەنجامی ململانێی ناڕەوای حیزبی، لە بەرانبەر داخ و پەشیمانی و نائومیدیی کەسوکاری قوربانییان. بێگومان دەزگای گۆڕە بەکۆمەڵەکان و وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان دەتوانن ئەرکی خۆیان بەجێبێنن بەتایبەتی ئەوە چەند ساڵە و ئێستاش گەلێ لایەن و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی وناحکوومیی پەیوەندیدار بە مافی مرۆڤەوە یارمەتییان دەدەن و دەیانەوێ هاوکاریان بن چەشنی کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتی بۆ کەسەونبووەکان (International Commission on Missing Persons - ICMP).

سەبارەت بە بایەخدا بە گۆڕی بەکۆمەڵ وەک بەڵگەی تاوان و لە حاڵەتی هەڵدانەوەشیدا بۆدەرهێنانی ئێسکو پرووسکی قوربانییەکان و شمەک و ئەو کەرەستانەی پێی

بووە لە کاتی ناشـــتنیدا، من نموونەی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی گوندی کوریمێ لەپاریزگای دهۆک دەهێنمەوە کە ڕاپۆرتێکی نێودەوڵەتیی هەردوو ڕێکخراوی هیومـان ڕایتس ووچ و پزیشـــکانی مافی مرۆڤن بێجگە لەوەش لە ڕاپۆرتە بەناوبانگەکەی هیومان ڕایتس ووچ / میدڵ ئیست ووچدا (جینۆسـاید لە عێراقدا و پەلامارى ئەنفال بۆ سـەر کورد Genocide in Iraq .. The Anfal Campaign Against the Kurds)، کە سـاڵی ١٩٩٣ بڵاوکراوەتەوە و نووسـەری ئەم باسـە کردوویەتی بەکوردی (کە لە سـاڵی ١٩٩٩وە تا ئێسـتا چوار جار چاپکراوە). بە وردی باس لە چۆنێتیی هەڵـدانەوەی ئەو گۆڕە بەکۆمەڵە دەکەن کە ٢٧ قوربـانیی گوندی کوریمێی تێدابووەو لە قۆناخی هەشـتەمی ئەنفالی بادینانـدا، لە نزیک گوندەکەی خۆیان هەرلەجێدا گوللەباران کراون و ژمارەکە لە بنەڕەتـدا ٣٣ کەس بووەو شـــەش کەسـیان ڕزگاریان بووە، یان گوللەیان بەرنەکەوتووە یان بریـندار بوون و خۆیـان لەپـاڵ یـان لەژێر تەرمەکـانـدا شـــاردووەتەوە. تیمێکی شـــارەزا زۆر بە وردی بە سـەرپەرشـتیی پرۆفیسـۆر کلاید کۆڵن سـنۆ، کە پسـپۆڕی هەڵـدانەوەی گۆڕی بەکۆمەڵە وپێش ئەنجامـدانی کارەکە لە ڕووی جوگرافی و ئارکیۆلۆجییەوە لێکۆڵینەوەیان لەســـەر کردووە و دواتر لە پزیشـــکی دادی دهۆک لێکۆڵینەوەی یاســـایی و تەندروســـتییان لەســـەر کردووە وپاشـــان ئەنجامەکەیان لەگەڵ ســـەرجەمی ڕاپۆرتەکانی شـــاڵاوی ئەنفالدا بەراورد کردووە. هەروەها هیچ شتێکیان پشتگوێ نەخســـتووە کە بە قوربانییەکان بووە و وردەکارییان لە ژمارەی ئەو گوللانە و جۆرەکانیان کردووە کە لەو کاتەدا قوربانییەکانیان پێکاوەو چەند قەوانە فیشـــەک لە نێو گۆڕەکەو دەوروبەریدا بووە. کاری ئەم تیمە دواتر بووە بە ڕاپۆرتێکی نێودەوڵەتی بە نـاونیشـــانی "وێرانکردنی کوریمێ The Destruction of Koreme". شـایانی باسـە کەوا لە لایەنە ســەربازییەکەی ئۆپەراســیۆنی ئەنفالدا کوریمێ یەکەم شـــوێنی کۆمەڵکوژیی لەم چەشـــنەیە کە هێزەکـانی ســـوپـای عێراق هەر لەجێـدا کۆمەڵکوژییـان ئەنجامدابێت. دەنا لە هەر هەشت قۆناخەکەی ئەنفالدا وەک هەر کردەیەکی جینۆســـایـد بەتەواوی پەیڕەوی ســـێ قۆنـاخەکەی ڕاوڵ هیڵبیرگیـان کردووە، کە دەڵێ لە هەر شـوێنێکی دنیادا کە جینۆسـاید ئەنجام دەدرێت لەم سـێ قۆناخە بەدەر نابێت:

١. **دیاریکردنی گرووپ.**

٢. **گرتنی گرووپی مەبەست.**

٣. **لەناوبردنی گرووپی مەبەست،**

کە لێرەدا کوردی دێهاتی ناوچە ڕزگارکراوەکان بوون لە دیـدی لایەنەکانی جووڵانەوەی ڕزگـاریخوازی کوردەوە و نـاوچە قەدەغکراوەکـان "المنـاطق المحظورة" لە دیـد و تێڕوانینی ڕژێمەوە. هەر لەم سـۆنگەیەوە بوو کە خەڵکەکە بە فڕوفێڵ و درۆ و چاوبەســتیی کۆدەکرانەوە و پاشـــان دەبران بۆ ســـەنتەرە کـاتییەکـانی جیـاکردنەوە و پرۆسـێسـەکردن و پاشـان دەبران بۆ کوشـتن لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ناوەڕاست و باشوور و ڕۆژئاوای عێراقدا.

تیمێکی تری هەمـان جووتە ڕێکخراو ســـاڵی ١٩٩٢ هـاتوونەتە هەرێمی کوردســـتـان و ژمـارەیەک گۆڕیـان هەڵداوەتەوە لەسـلێمانی و هەولێر و سـەربازگەی سـارداو بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەسەر قوربانییەکانی دەستی ڕژێمی پێشـووی عێراق و دیسـان بە شـێوەیەکی زانسـتی و لە ڕێگەی کۆمەڵێک پسـپۆڕەوە ئەنجامیانداوەو دواتر کراوە بە ڕاپۆرتێکی نێودەوڵەتیی ئەو دوو ڕێکخراوە بەنـاوی "گۆڕە نائارامەکان. گەڕان بەدوای بێســـەروشـــوێنان لە کوردسـتانی عێراقدا"بەندە سـاڵی ٢٠٠٤ تەرجەمەی زمانی عەرەبیم کردووە بەنـاوی (قبور غیر هـادئـة .. البحث عن المفقودین فی کردستان العراق)،

تێبینی - بۆ ئەم باسە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:

***_ بابەتەکانی بەڕێزان: سـالار مەحموود، عارف قوربانی، د. محەمەد ئیحســـان، لەتیف فاتیح فەرەج، عەلی مەحمود کە بۆ کتێبی عێراق وڵاتی گۆڕەبەکۆمەڵەکانیان نووسیوە.**

***- جینۆســـاید لە عێراقدا و پەلامـاری ئەنفال بۆ ســـەر کورد- ئـامـادەکردنی: هیومـان ڕایتس ووچ / میـدڵ ئیســـت ووچ- لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەسالّح تۆفیق**

***- القبور الجماعیة ومآسیها فی العراق - تألیف: القاضی طه بابان**

***- قبور غیر هادئة .. البحث عن المفقودین فی کردســـتان العراق هیومان رایتس ووتش و أطباء من أجل حقوق الإنسان عن الإنجلیزیة: محمد حمەصالح توفیق**

***- جینۆسـایدی ئەرمەن و ڕۆژی کورد تێیدا - محەمەد حەمەسـالّح تۆفیق**

*** سایتەکانی ئینتەرنێت لەبارەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانەوە.**

شەماڵ وستار زیندون
ڕاستکردنەوەی گێڕانەوەیەک

هۆمەر محەمەد – سلێمانی

پاکیزە مەحمود لەدوو دیداری جیاوازدا چیرۆکی خۆیان لەنوگرەسەلمان بۆ کەنالّی ڕوداو دەگێڕێتەوەو لەناو بەسەرهاتەکەیدا ئەم شایەتحاڵە، باسی دوو کوڕی



هەڵەبجەیی دەکات، کە لەنوگرەسەلمان سەربازەکان لێیانداون و فەلاقەیان کردوون. ئەم ڕوداوە ڕاستە، واتە لێدانەکەیان ڕاستە بەڵام پاکیزە هەم لەم چاوپێکەوتنەیدا لەگەڵ کەنالّی ڕوداو و هەم لە چاوپێکەوتنێکی تریدا لەگەڵ نوسەری بواری ئەنفال سمکۆ سابیر ئەم ڕوداوە دەگێڕێتەوە. لە کەنالّی ڕوداو ناوی دوو گەنجەکە بە (غەریب و شەماڵ) ناو دەبات و لەلای سمکۆ سابیریش کەلەکتێبی نوگرەسەلمان قەڵای مەرگ و خۆڕاگری بەشەماڵ وستار، لەهەردوکیشیاندا، دەڵێت لێیاندان هەتا نەیان کوشتن وازیان لێیان نەهێنا.

ئەم ڕوداوەی پاکیزە دەیگێڕێتەوە، هەتا ئەوێ ڕاستە، کە ئەو دوو گەنجە هەڵەبجەییە لێیاندراوە و فەلاقە کراون هەتا لە هۆش خۆیان چوون، بەڵام ئەو دووگەنجە هیچیان نەمردون بەڵکو هەردوکیان لە ژیاندان. ستار لە سلێمانی دەژی و شەماڵیش لەهەولێر، شەماڵ هەورامییەو ستاریش هەڵەبجەیی.

لەسەفەرەکەماندا بۆ نوگرەسەلمان ستار لەگەڵماندا بوو، بەڵام شەماڵ نەهاتبوو. لێرەدا دەبێت خوێنەری بەریز ئەوە بزانێت، کە پاکیزە شایەتحاڵێکی ڕاستگۆیە، ئەوەی دەیڵێت لەخۆیەوە یاخود قسەی هەڵبەستراونییە، چونکە دیمەنەکە بەبەرچاوی ئەو خەڵکەوە تەواو تراژیدی بووە، نەک هەر ئەو ژنە بەڵکو زۆربەی گەرمیانیەکان وایانزانیوە کە ئەو دووگەنجە مردوون. ئیدی بۆ ژنێکی گەرمیانی ڕەزیلکراو لە نوگرەسەلمان ئاسانییە، هەمووشتێک بەوردی بگێڕیتەوە یان وەک خۆی بیری مابێت، دەبێت ئەوەش لەبەرچاوبگرین کەلەگەڵ هەڵەبجەییەکان خەڵکی هەورامانیشی زۆر تێدابوو. بەڵام ئەو بەشەی هەڵەبجەیی و هەورامییەکانی تێدابوون، هەر بەبەشی هەڵەبجەییەکان ناودەبرێت. ئەم ڕونکردنەوەیەشم هەر لەپێناوی ئەوەدایە کە مادام لەبەدواداچونمدا بۆم ڕوون بووەتەوە کە شەماڵ وستار نەمردون مافی ئەوەیان هەیە چیرۆکەکەیان وەک خۆی تۆمار بکرێت دەنا فایزە مەحمود ئەوەی بینیوێتی ڕاستە.

سەرچاوەکان

١-بروانە کەنالّی ڕوداو- دیدار لەگەڵ پاکیزە – ٢٠٢٠/٤/١٤

٢- سمکۆسابیر- نوگرەسەلمان -قەڵای مەرگ وپاکتاوی نەژادی دیمانە لەگەڵ پاکیزە مەحمودی گوندی تەپەسپی – چاپی یەکەم -٢٠٢٣ ل٢٠٩.

بەدواداچونی مەیدانی نوسەر.

ئەنفال کوانی سووتنیی نەتەوەیەک

مەحموود نەجمەدین

ئەوانەی لە دەرگـای سـەقەرەوە دەربـازبـوون بە خەم و خـەڤکـی فەرامۆشییەوە مردن

لەمسـەر زمینە بەرینەدا میللەتێک نییە ئەوەندەی کورد بەدبەخت بێت، هێندەی کورد فەیز و موسـیبەت و جەوری ستەمکار جەزرەبەی دابێ. ئەوەی بەعس لە سەدەی بووریدا بەسـەر کوردی دا هێنا هیچی کەمتر نییە لەوەی هیتلەر بەسـەر جولەکەیدا هێنا. دوای ئەو هەموو سـاڵە تراژیـدیـای ئەنفـال و کیمیـابـاران کردنی نەتەوەیەک هێشـتاکێ گەزمێکی نوکتیژە لە دڵی میللەتێک چەقیوە و خێزاوی ئەو برینە دەریـایەکە. میللەتێـک خـاوەنی مێژوویەکی دێرینە و لە ڕابردوودا خاوەنی ئیمپراتۆرییەتی خۆی بووە و پاشا و سەرداری خۆی هەبووە، ئەمما بەهۆی ناپاکی ناوخۆ و سـەنی مەنی و تەڵەکەی دەسـەڵاتداری فارس و تورکەوە هەموو ئەو سەروەرییەی لە دەستداوە و زۆر بە ئاسانی وەکوو گۆشتی قوربانی پارچە پارچە کرا و دابەش کراوە. ئەوەی لە سـەدەکانی بووریدا هەیبووە لە دەسـتیـداوە و چەرخی لەولەب بە دڵی کورد نەگەڕا و دوژمنانی بە خەیاڵی حەلیان و لەناوبردن و قارس کردنی خاکەی، سـەریان کرد بەیەکدا و بە دەسـتەجەمعی و بەرنامەی لەناودانی ئەم نەتەوەیەیان داڕشـت. ئەم کوردە بێ پەنـایە لەو عەیـامەوە وا لەتوکوت کراوە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژدا زیـاتر و زیـاتر پەرت دەکرێت و بۆ خۆشـی ئەو پەرت بوونەی قبوڵە و زۆرجار خۆی خۆی پەرت دەکات. هەروەک ئەوەی لە باشووری کوردستان دەبینرێ، لە دوای ڕاپەڕینی سـاڵی 1991 هەو سـێ شـاری وەک هەولێر و سـلێمانی و دهۆک... بە جۆرێک لەیەک دابڕاون تاوەکوو ئەمڕۆش یەک گرتنەوەیـان بووە بە کـارێکی ئەسـتەم، ئەوەتانێ پلاسخارتی خوێنگەرم و ناسک کەوتۆتە نێوانی حزبەکانەوە و بەو ڕووە گەشوجوانەیەوە تکایان لێ دەکات



تۆزێک ڕوویان لەیەک بێ و ڕێک بکەون. ئەمما کـوردەی نەگـبەت نەک دەرک، دەروەچەی ڕێکەوتن و دانووسـانیش لەیەکتری ناکەنەوە و هەروا سـەرقاڵی یەکتری تۆمتبار کردن و حەمەڕەمزێن. دوای ئەو هەموو برینەی ئەنفـال و کیمیبـاران و ئیعدام و مەرگی بە کۆمەڵ، دوای زیـاتر لە سی ساڵ ئازادی و حوکمڕانی خۆماڵی بە تەلیسـێـک کەموکوڕییەوە هێشـتـا سـەرشـێتانە سـەرقاڵی یەکتر شـکاندنین و ناسازێین، وەک پێشیان فەرموویانە دوو گوند و چل ئاغا. ئەمەیە حاڵی میللەتێک ڕەوەیەک دوژمنی هەیە و بۆ خۆشی بەزەیی بە خۆیدا نایەتەوە و زۆر بە ئاسـانی ڕۆژگاری نەحس و ناخۆشـی لەبیرکردووە و لەناوخۆیدا ناسـازێ. قسـە زۆرە لەسـەر ئەم نەتەوە نەگبەتە. ئەمما لێرەدا ئێمە درەدڵەکانی خۆمان لەسەر ئەنفال هەڵدەڕێژین، کە پێمواییە جگە لە ئەخم و تەخم و ئاخ هەڵکێشـان هیچی تر نییە و قسە ناکرێت بە کردار. لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991ەوە چیمان بۆ ئەنفال کرد؟! سـێ سـاڵ زیاترە ئەم باشـوورە خۆێنـاوییە خزاوەتە نێو هەراوزەنـا و خەرگەلەیەکەوە و کەس گوێ لە کەس ناگرێ، پێشنیارەکان کۆمەڵێک هەڤۆکن دەنووسـرێنەوە و فڕێ دەدرێن، ناخۆێنرێنەوە. ئەوانەی دەسـەڵاتیان هەیە نـافکرن، بیر ناکەنەوە دنیا ئەوانیش قووت دەدات و سـەروەت و سـامان فریایان ناکەوێت، بە تەوێڵی ڕەشـەوە دەخرێنە قەبەرەوە و تانەی خەڵکی لەناو گۆڕیشـدا لێیاننابێتەوە. ئەو پۆسـت و پلەیەی بۆ خزمەتی خەڵک بەکاریان نەهێنا و بۆ خۆ دەوڵەمەند کردن و لاف و گەزاف، ئاقیبەت بوو بەهۆی کەسـری شـان و ڕوو زەردی لای خەڵک و مێژووی کردن.

ئەم دەریای خوێن و ستەم چەندی نووسرایەوە؟

ململانێی سـیاسـی حزبە کوردییەکان زیاتر لە سـی سـاڵە بەردەوامە و کار لە ململانێ دەرچووە و بووە بە شەڕەجنێو و یەکتر شـکاندنەوە و ئەم خولیاقەتەشـیان بە خۆیانەوە سـەرقاڵ کردووە، لەم سـێ سـاڵەی ڕابردوودا هەزاران چیرۆکی ئەنفال و کیمیاباران و کوشتوبڕی خەڵکی سڤیل

لەلایەن بەعسییەکانەوە بەبێدەنگی چوونە ژێرگڵۆوە و نەنووسرانەوە. سەدان تاقانەی ئەنفال بە مەراق و نسرینی ئەو ستەمە گەورەیەوە لە کوێرەدێیەکی وێراندا سەریان نایەوە و ئەم حکومەتەی بە خوێنی ئەوان چێ بووە هەرگیز لێی نەپرسین. چون دەسەڵاتدارانی ئێمە سەرقاڵی ململانێی سیاسی بوون و لەسەر شاشەی تیڤییەکانەوە مشەومشەممەر خەریکی شەڕە دەنووکن. کورد بە ئەندازەی بیست دانە میللەت ستەمی لێکراوە، ئەشکەنجەدراوە، هەزاران هەزار چیرۆکی خوێناوی هەیە، ئەم دەریای خوێن و ستەم چەندی نووسرایەوە؟ چەندی کراوە بە فیلم؟ چەندی کراوە بە ڕۆمان و چیرۆک... سی ساڵە چی دەکەین؟ خۆمان چیمان کردووە بۆ خۆمان؟ تاوەکوو پرتەوبۆڵە بەسەر دەوڵەتە زلهێزەکاندا بکەین؟ کێ ئەنوەر تەیاری جەرگ موکم دەناسێ؟! چما بۆ هێندە بە ئاسانی زاکەی زەحمەت و سفتوسوێی بڕینی ئەنفالمان بیرچووە؟! چەند بە ئاسانی چیرۆکی ئەو هەموو نەشمیلانە باڵاتەیەمان لەبیر کرد کە سینە و بەرۆک و کەلەشی جوان و ناسک و پاک و بێگردیان خوێناوی کرد!؟ شەمخی و ەەجاجی غلیز و ڕەبەلیمان لە یاد کرد؟! چیمان کردووە؟ ئەوەی کردوومان سەدا یەکی ئەوەش نییە کە بەسەرمان هاتووە؟!. چووینە سەرگۆڕە بە کۆمەڵەکانی سەماوە و بوسەیە و کاتمان بە قەورشکافدانەوە کوشت.

ئێمە هەر خەریکی شلۆقەکردنین

دوای ڕووخانی بەعس کاتێک چووینەوە بۆ کەرکووک و خانەقین چیمان کرد؟ سەرقاڵی ململانێی سیاسی و یەکتر شکاندن بووین، بۆ بیرمان لەوە نەکردەوە بەو پارە زۆرەی لەم وڵاتەدا هەڵڕژابوو هەر نەبێ ئەو مووڵکومااڵە زەوتکراوەی نەتەوەکەمان بکڕینەوە، چاوەڕێی مادەی سەدوچل و بەزەیی ئەوانە بووین کەوا ڕۆژگارێک کال و کەیلان و سنێلەکانی ئێمەیان ئەنفال کرد؟!. بۆ بیرمان لەوە نەکردەوە لە ڕێگای ئەمریکا و زلهێزەکانی دنیا دەوڵەتی عێراق ناچار بکەین قەرەبووی ڕۆحی و مادی ئەنفال و کیمیاباران بکاتەوە؟ یانژی لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم بابەتە یەکلا بکەینەوە؟ یاخود بیکەین بە هەوێنی دەوڵەتێک، یان هەر نەبێ بمانکردایە بە هەوێنی ڤیتۆیەک تاوەکوو جارێکی تر دەوڵەتی عێراق نەتوانی ستەممان لێ بکات. وەک ئەوەی بینیمان لە دوای لاوازبوونی داعشەوە جارێکی تر دەبابەی عێراقی سەردەمی دەسەڵاتی تازە سەری کوردی پان کردەوە و ئەم کەڕەتەش وەک هەموو جارەکانی دیکە لەم سەرزەمینە بەرینەدا کەس قولماتی نەکرد. لە دەوڵەتانی ڕۆژهەاڵتی تا ڕۆژئاوایی کەس فزەی نەکرد. دوای ئەو هەموو ساڵە هێشتاکێ پێمانوایە ئەو دوژمنە بزدۆنگەی کە هەمیشە پەنجەی گەڤ و گوڕەشەمان لێ ڕادەوەشێنێ برامانە و دۆستمانە! ئێمە هەر خەریکی شلۆقە و شڕۆقەین، یان گۆرانی بەسەر تەیف ساميدا دەڵێین و بێ خەبەرین، ئەوەتانێ لە کەرکووک و دوزخورماتوو وا خەریکە ئەنفالمان دەکەنەوە.

ئێمە ئەگەر لە سەرەتاوە و بەجددی بە دوای ئەم دۆسێیانەدا بچووینایە، ئێستێ قەت دەوڵەتی عێراق نەیدەتوانی ئاوامان لێ بکات؟ ئەوەی لە ساڵانی دوای هاتنی داعش بەسەر کورددا هاتووە دیوە ئاشکراکەی بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمە، دیوە شاراوەکەی قڕکردنی کوردە و ئەنفالێکی دیکەیە بە جۆرێکی دیکە.

خاکە داگیرکراوەکەمان بکڕینەوە

قسە زۆر لەسەر ئەم کەموڕی و بێ دەربەستییەی کورد، کە دەڵێم کورد لە حزبەکانەوە تا دەگات بە خودی نەتەوە کەمتەرخەمبووین، هەڵبەت هەندێک هەوڵی بچووکن هەن، لێ ئەوەش هەوڵی فەردین و سەد یەکی ئەوە نییە بەسەرمان هێنراوە. لە دوای ڕاپەڕینەوە ئەوەی چووە سەر کوردسی دەسەڵات بیری لەو شتانە نەکردەوە. بەڵێ دەسەڵاتدارەکان بیریان لەوە کردەوە لە ئەوروپا مووڵک بکڕن، بەڵام بیر لەوە نەکرایەوە خاکە داگیرکراوەکەمان جارێکی تر بکڕینەوە، چاوەڕێ بووین عەرەب بۆ خۆی بێت و بڵێ داوای لێبوردن دەکەین بەفەرموون ئەوە کەرکووک و خانەقین! چاوەڕێی جێبەجێ کردنی مادەی سەدوچل بووین، کە جگە لە ژمارەیەکی مردوو هیچی تر نەبوو!.

دەچمەوە لێواری ئەو کورە ئاگرە

واز لە هەموو ئەوانە دەهێنم، چون دەرد و میحنەتی ئێمە ئەوەندە زۆرە لە چەند دێڕێکدا ناتوانین بینووسینەوە، دەچمەوە سەر چیرۆکی ئەنفال، دەمەوێت باسی ئەو ڕۆژگارە ناخۆشە بەبیری خۆم و خەڵک بهێنمەوە کە چۆن دەستیان نایە بینەقاقامان، بە کەڵبەتان دان و نینۆکی تێکۆشەرەکانیان هەڵکێشا. دەستیان بۆ جەستی پاک و جوانی نەشمیلانەکان دریژکرد. بەڵێ، دەچمەوە لێواری ئەو کورە ئاگرەی بۆ کوردی بێکەس نێڵەی دەهات، ساڵیانی ساڵە لە سیاسی تاوەکوو نووسەر و ڕۆشنبیرەکانمان چیمان بۆ ئەنفال کردووە؟! نالێم هیچ نەکراوە، گەلێک هەوڵی جددی هەیە و جێی دەستخۆشییە، وەک هەوڵەکانی عارف قوربانی و عەبدوڵڵا کەریم مەحموود و تەها سلێمان و عەدالەت عەبدوڵڵا و لەتیف قاتیح فەرەج و... چەندین نووسەر و ڕۆژنامەنووسی دیکە دڵسۆزانە پەنجەیان خستۆتە سەر برینەکە و چیرۆکی ئەو خێزاوەی خوێنەیان نووسییەوە و شلۆقەیان کردووە. ئەمما ئەوەی کراوە حەقی بەو تراژیدیا گەورەیە داوە؟ کارکردن لەسەر ئەم دۆسێیە کاری دەستەجەمعییە. نووسینەوەی ژان و برین و زاکەی زەحمەتی ئەم نەتەوەیە کە مافی خۆیەتی بە زمانی خۆی قسان بکات و دەوڵەتی هەبێ، تەنێ کاری ڕۆژنامەنووس و نووسەران نییە، دەبوایە میدیاکان و دەسەڵات بەتێکڕا کاری جدییان لەسەر بکردایە. دەبوایە حکومەت پشتیوانی ئەو نووسەر و ڕۆژنامەنووسانە بوایە، کە وەکوو عومەر محەمەد سەرقاڵی کۆکردنەوەی چیرۆکەکانی ئەنفالن. ئەم کتێبە سێ بەرگییەی عومەر محەمەد، یەکێکە لەو کارە جددییانەی لەسەر ئەنفال کراوە و بەهیوام بە باشی بخوێنرێتەوە و کاری لەسەر بکرێ و ببێتە هەوێنی دەقی شانۆیی و ڕۆمان و لێکۆڵینەوە و ...

ئەنفال و تایتانیک

چیرۆکی جەللادەکانی وەکوو عەلی کیمیاویی و حەجاج و شەمخی و بارق و... کاری سینەماکارێک و نووسەرێک نییە، کاری نەتەوەیەکە بە دەستەجەمعی ئەم چیرۆکانە بنووسرێتەوە و پاشان نیشانی دنیا بدرێ. هەزاران فیلم لەسەر هۆلۆکۆست بەرهەم هێنراوە، هەزاران ڕۆمانی لەسەر نووسراوە، ئەمە جگە لە کۆکردنەوەی چیرۆکەکان و نووسینەوەی بەسەرهات و ماجەرای خوێن و ستەم لەلایەن شایەتحاڵەکانەوە. جگە لە ئەرشیف کردنی وێنە و کەلوپەلەکانیان... ئەوروپییەکان چیرۆکی نوقمبوونی کەشتی تایتانیکیان کرد بەو فیلمەی هەموو دنیا بینەری بوو، چەندەها بینەری کورد هەبوون ئەو عەیامەی فیلمەکە بڵاوکرایەوە بەدیاریەوە دەگریان و ئاخ و ئۆفیان بۆ نوقم بوونی ئەو کەشتییە دەکرد، کەچی وەختێ باسی ئەنفال دەکرێ زۆرکەس هەن تاقتیان نییە گوێ لەو چیرۆکانە بگرن. ئەنفال تراژیدیایەکی ئەوەندە گەورەیە، بەسەر هەر نەتەوەیەکی دیکەدا بهاتبایە هەموو دنیای تێدەگەیاند. بەڵام ئێمە نەمانتوانی بە نەوەکانی خۆشمانی بناسێنین. بۆ دڵنیایی با بچین ڕاپرسییەک بکەین لەناو ئەو گەنجانەی دوای دوو هەزار لە دایک بوون، بزانین چی لەسەر ئەنفال دەزانن. نالێم هەمووی، بەشێک لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئەوەندەی سەرقاڵی زلکردنی تیکتۆکچی و خانمە مۆدێلەکان و چەرەن پەرەنی سیاسین، نیوهێندە سەرقاڵی ناساندنی ئەم تراژیدیا گەورەیە نەبوون. بۆ لایک و کۆمێنت سەرقاڵی خۆ هەزەلی کردنن. ئاوڕ لەو ڕۆحە پەپوولانە نادەنەوە لە دۆزەخی نوگرەسەلمان دەربازبوون و ئەم ئێستاکێش بەو دەروونە شێواوە دەژین و سامۆتکی عەجاجی بەتلەویس دێتەوە بەرچاویان و ئازار دەچێژن، کەس گوێ لە بانگ و سەڵایان ناگرێ. دڵی پڕ لە گرێ و خەمیان چەشنی کورەی ئاگر نێڵەی دێت وەختێک دەبینن جاشە بەلفەچییەکانی سەدام لە جاران دەسەڵاتیان زیاترە.

ئاوڕێک لەو هەموو چیرۆکە بدنەوە

دە ئیتر با بەس بێت، میدیاکارە قسە زلەکان، بەناو پڕۆفیشناڵەکان، ئاوڕێک لەو هەموو چیرۆکە بدەنەوە، وا من لێرەدا چەند چیرۆکێک لە کتێبەکەی عومەر محەمەد نیشانی ئێوە دەدەم، بەڵکوو هەستی جەمسیوتان ببزوێ و واز لە زلکردنی ئەو تیکتۆکچییانە بهێنن، کە نەزانی ئێوە خەریکە دەیانکات بە پەرلەمانتار.

چەند چیرۆکێک لە گەشتەکانی ئەنفالستان

چیرۆکی عومەر کوڕی حاجی محەمەد عەلی، کە لە کیمیابارانی گۆپتەپەدا لەگەڵ چەند کەسێکی خەڵکی گوندەکەیان بۆنی خەردەل و کیمیاویی خنکاندنی و دوای سیانزە ساڵ لە کاتی پاک کردنەوەی حەوزی مزگەوتەکەی گۆپتەپەدا ئێسک و پروسکی عومەر و قوربانییەکانیان دۆزیوەتەوە. ئەمە چیرۆکێکە لەو تراژیدیا گەورەیە، بیهێنە پێش چاوی خۆتان ئەم چیرۆکە چەند کاریگەرە! سەد هێندەی نووقم بوونی کەشتی تایتانێک بە ژانە. ئەمما ئێمە نەمانتوانی ئەم چیرۆکە بە دنیا بناسێنین. ئەم چەلەش بەو کەنالە بەناو پڕۆفیشنالانە دەڵێم شوورەییە ئێوە عومەری حاجی محەمەد ناناسن و لافی بێ ڕکابەریی لێدەدەن. شوورەییەکی گەورەیە ئەم چیرۆکانە هەروا لە دووتوێی کتێبێکدا قەتیس بکرێن. یان چیرۆکی ئەشکەوتی چاڵە بروسکە کە لەلایەڕە (٧٩)ی بەرگی دووەمی کتێبی گەشتەکانی ئەنفالستاندا باس کراوە، چیرۆکی چەند خێزانێکە لە کاتی ئەنفال و کیمیاباران کردنی گۆپتەپە و عەسکەر لەو چاڵەدا لە ترسی کیمیاویی و لەشکری بەعس و جاشەکانی خۆیان حەشار داوە و پاشان بە هۆی جاشێکەوە ئاشکرابوون و گیراون... ئەم چیرۆکە ئەگەر لە سینەمادا تەوزیف بکرایە دنیای بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکرد. کام لەو فیلمانەی هۆڵیود و کام لەو فیلمانەی ئۆسکاریان وەرگرتووە شان لە شانی ئەم چیرۆکانە دەدەن؟!.

ئێمە لێرەدا چەند چیرۆکێک لە زاری شایەتحاڵەکانی ئەنفال، لە کتێبە سێ بەرگییەکەی عومەر محەمەد دەگوێزینەوە بۆ ئەو خوێنەرانەی کە کتێبەکەیان نەخوێندۆتەوە و تاوەکوو وەک فیلمێک بۆ ساتێک ئەو دیمەنە بهێنێنە پێش چاوی خۆیان.

ناسکەخاتوون، یەکێکە لەو قوربانییانەی لە دەرگای سەقەڕی نوگرەسەلمان دەربازبووە. لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەدا لەلایەڕە ٤٢١ دا لەوەڵامی پرسیارێکی عومەر محەمەد دا دەڵێت:" هۆڵی عەسکەریی بوو. بە کێبڵ لێیان دەداین، منیش هەر پێنج منداڵەکەم بە لەچکێک بەست بوو بەخۆمەوە و بەدوای خۆمدا رامدەکێشان، مامۆستا عەلییان بەلێدان لێ جیاکردینەوە و ئەویش هاواری دەکرد و پێی دەگوتم ئامانەتی تۆ و منداڵەکان ... منیش هاوارم کرد توخوا مەیبەن من ناتوانم! من دووگیانم. کە ئەوانیان جیاکردەوە و بریانن، لە ئێمەوە دیاربوون، ڕووتیان کردنەوە و تەنها شەرواڵکە و فانیلەیەکیان لەبەردا هێشتبوونەوە، بە کێبڵ لێیان دەدان، دوایی بە کێبڵ لە ئێمەشیان دا. ئەوانیان کردە هۆڵێکەوە و ئێمەشیان کردە هۆڵێکەوە. "

هەمان شایەتحاڵ لەلاپەڕە ٤٢٥دا لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەدا دەڵێت: " ڕۆژێکیان من شیرم دەدا بە منداڵەکەم، مەمکم لە دەمیدا بوو، ئەو ملازم حەجاجە هات و چاوی کەوت بە من، کە هاتە ژوورەوە و بینی من شیر دەدەم بە منداڵەکەم، هەتا هێزی تێدا بوو کێبڵەکەی چەقاندە مەمکم و دوایی چەقاندییە گۆنای منداڵەکەمەوە. سێ و چوار ساڵ دوای ئەوەی کە هاتینەوە لە نوگرە سەلمان ئەو شوێن کێبڵە بووبوو بە برین لەسەر ڕوومەتی، ئاوا ئەشکەنجەیان دەداین، دەبوایە لەسەر یەک قاچ بوەستیت و پێیان دەگوتین پیاوی عەرەبتان دەویت ئەوان باشن؟! ئێمەش سەرمان دادەخست. جارێکیشیان منیان بە تەلبەندەکەوە بەستەوە، شێرکۆ هات بۆ لام و بۆم دەگریا. شێرکۆی بردە دەرەوە و عەمودێک هەبوو لەبەردەم سجنەکەماندا، بە عامودەکەوە بەستییەوە و بە کێبڵ کەوتە لێدانی هەتا لە هۆشخۆی چوو ئینجا وازی لێ هێنا، بەو گەرمایە بۆ ماوەی سێ سەعات بەو عامودەوە بوو. "

لەلاپەڕە حەفتا و چوار، بەشی دووەم، حاجی عەبدوڵڵا لە وەڵامی پرسیارێکی عومەر محەمەدا دەڵێت:" نوگرەسەلمان هەمووی هەر مردن و ڕەزالەت بوو، بەڵام ئەوەی لە بیرم ناچێتەوە، ئەوەبوو کە ژنێک لە حەوشەی نوگرەسەلمان هەرکە لەسەیارەکە دابەزی و کەوت و منداڵی بوو. هەندێک ژن دەوریاندابوو، بۆ ئەوەی لەچاوی خەڵک بیپارێزن. جا وەرە لەوێ منداڵت بێ! نە ئاوا هەبوو، نەپەڕوێەک پێی وشک بکەیتەوە و تێوەی بپێچیت. ئەوە زۆر کاری تێکرد و قەت لە بیرم ناچێتەوە. کۆمەڵێک ژن کرابوونە قاعەیەکەوە، دوو هەفتە جارێک ڕێگەی هاتنە دەرەوەیان دەدان، ڕۆژێک لە ناو حەوشەی نوگرە سەلمان یەکێک لەو ژنانە لەسەر جادەکەی ناو حەوشەکە دانیشتبوو، منداڵێکی لە باوەشدا بوو دەگریا، جارجار تەماشایەکی منداڵەکەی دەکرد و سەری بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە. تومەس

منـــداڵەکەی مردبوو. بەڵام هەر لەبـــاوەشـــی خۆیـــدا هێشتبوویەوە، ئەوەش زۆر زۆر کاری تێکردم."

گەشتەکانی ئەنفالستان

لە کۆتاییدا دەرگای ئەم دەردەدڵە دادەخەم، چون هەرچییەک بنووســم حەقی خۆی پێنادەم و لێرەوە ســوپاســی عومەر محەمەد دەکەم کە دیــدار و بەدواداچوونەکــانی خۆی لە دووتوێی کتێبێکی ســـێ بەرگی قەبــارە ئەســـتووردا کۆکردۆتەوە و ســـوپـاســـی هەموو ئەو نووســـەر و ڕۆژنامەنووســانە دەکەم دڵسـۆزانە کاریان لەســەر ئەنفال کردووە. گەشــتەکانی ئەنفالســتان، دیدار و بەدواداچوون کتێبێکی ســـێ بەرگییە، بەرهەمی ڕەنج و مانـدووبوونی نـــووســـەر و ڕۆژنـــامەنـــووس عـــومەر مـــحەمەدە و لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ وپەخشـــی ســـەردەمە، بەرگی یەکەمـی ٨٤٦ لاپەڕەیە، بەرگـی دووەمـی ٨٨٣ لاپەڕەیە، بەرگی سێیەم ٧٦٦ لاپەڕەیە، ناوەڕۆکی کتێبەکە لە دیدار و بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسییە.



فەرهەنگی وشەکان

کوانی سووتنی: بریندێک هەر زیاد دەکات و چاک نابێتەوە
سەقەر: دەرگای چوونە دەرەوە لە نوگرەسەلمان
خدۆک: غەمگین، خەفتبار
فەیز: بەڵا
گەزم: تیر
سەنی مەنی: فرت و فێڵ و تەڵەکەبازی
لەولەب: ڕۆژگار، دەوران
نسرین: خەم و خەفەت
حەلیان: توانەوە
دەرک: دەرگا
دەروەچە: دەلاقە
کەسری شان: هۆی سووک بوونی پلەی کۆمەڵایەتی
حەمەڕەمزێ: شەڕە جنێو
ئەخم و تەخم: پیش بردنەوە دڵ و خۆخواردنەوە
خەرگەلە: جەنجاڵی
هەڤۆک: ڕستە
خولیاقەت: مەخلوقات، عەشامات
مشەومشەممەر: لە پەستا و بێ بڕانەوە
جەرگ موکم: بوێر، ئازا
زاکەی زەحمەت: هاوار و نااڵەی زەحمەت
باڵاتە: میوەی نۆبەرە
کەلەش: جەستە، بەدەن
غلیز: دزێو، قێزەون
ڕەبەلی: عەسەبی
قەورشـکافدان: لە کۆندا خەڵکی کەمێک لە خاک و خۆڵی سەر قەبریان لاداوە و لەگەڵ مردوودا قسانیان کردووە.
کال: پیر
کەیلان: کیژی خنجیلانە و شۆخ
سنێل: هەرزەکار
بزدۆنگ: تۆقێنەر
گەڤ: هەڕەشە
شلۆقە: شرۆڤە
کەڵبەتان: بزمارکێش
چەڕەن پەڕەن: هەڵیت و پەڵیت
سامۆتک: تارمایی
بەتلەویس: ناقۆڵا
بانگ و سەڵا: گریان و ڕۆ ڕۆ
بەلفەچی: لەخشتەبەر

ئەنفال و جێنۆساید چییە ؟

هۆمەر محەمەد

کۆمەڵکوژییەکانی پێش ئەنفالیش کۆمەڵەپەلاماریێک دژی کورد لەئارادابوون، بەواتاوزاراوە یاساییە نێودەوڵەتییەکەی ئەوانیش جینۆسایدن.

بێجگە لە بریارەکانی دادگای باڵای تاوانەکان، کەچوار دۆسێی بەیاسا یەکلایی کردوونەتەوەو بەیاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ بڕیاری لەبارەیانەوە داوە، تاوانبارەکانی سزاداوە کە بریتین لە دۆسێکانی: (ئەنفال، هەڵەبجە، بارزانیەکان، فەیلییەکان، راگواستنی ناوچەی شارەزورو پشدەر) ئەم پێنج دۆسێیە هەموویان لەدادگا یەکلایی کراونەتەوەو بەفەرمی بەجینۆساید ناسراون .

چەند دۆسێیەکی تریش هێشتا نەچوونەتە بەردەمی دادگا. لەوانە دۆسێی کانی ئاشقان و ئەشکەوتی دەکان. دەبێت ئەوەمان لەلاڕون بێت کە شەڕوناکۆکی نێوان گروپە نەتەوەیی وئیتنی وئاینیەکان جیاوازن لە نیازو هەوڵدان بۆ جینۆساید وسڕینەوەی شوناسی گروپێکی دیاریکراو، لە عێراقدا گروپە دەستنیشانکراوەکە (کورد) چەندین جارپەلاماردراوە. ئایا کەس دەتوانێ نکۆڵی لە نیازی دەوڵەتەکانی (تورک و عەجەم وعەرەب) بکات؟ ئەوانەی نکۆڵی دەکەن ئەوشۆڤینیانەن کەنکۆڵی لەتاوانەکانی بەعس و داعشیش دەکەن، ناوەندەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەمریکاو ئەوروپاش لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا بەسوک تەماشای مەرگی دەستەجەمعی کوردەکان دەکەن، دەنا ناوەندە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی جیهان دەزانن هەوڵی سڕینەوەی کورد دراوە، دەزانن چەندو چۆن پەلاماری ترسناک دراوە هەتا گەیشتووەتە ئەنفال و شەنگال، بێگومان هەموو ئەمانە زەق بەبەرچاوانەوەن .

فرێدانی کورد بۆ ئەودیوی ژیان وبوونی ئینسانی ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، تورکیای دۆست و هاوپەیمانیان کوردی وەک کورد قبوڵنیە، کەچی زۆر بێشەرمانە دەڵێن کێشەی کوردەکان وتورکیاو دەوڵەتەکانی تر کێشەی ناوخۆییە! بێئەوەی خۆیان لێڵ بکەن و بڵێن کێشەی ناوخۆیی نابێت بگاتە تاوانی جێنۆساید، لەباشترین حاڵەتدا کوردەکان پلەدوو تەماشا دەکرێن، کەواتە پەلاماری کورد چ لە دێرسیم و چ لە ئەنفال و چ لە شەنگال و عیفرین لەکێشەی ناوخۆییەوە ڕۆیشتووە بۆ سڕینەوەی بوونی کورد. بۆیە بێگوێدانە ڕای نێوەندە نێودەوڵەتیەکان و پشت بەستوو بە بنەماکانی جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ ئەرک ومافی کوردەکانە بەرگری لەکوردبوون و شوناسی خۆیان بکەن، تەنانەت ئەگەر بەچەکیش بێت. ئایا ئەگەر لە کۆبانێ بەرگری ئازایانە نەبوایە کۆمەڵکوژی بەئەندازەی شەنگال نەدەبوو ؟

لە دەستوری دەوڵەتی عێراقدا کوردەکان مافەکانیان دیارە، ئەگەر بەشێوەیەکی کارتۆنیش بووە ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی دانی پێدانراوە، کوردەکان بەشوناسی کورددییانەوە لە پۆستە حکومی و دەوڵەتیەکاندا بوون، بەڵام لەسوریا کوردەکان ناسنامەو ڕەگەزنامەی سووریشیان نەبوو، لەئێران و سوریاو تورکیا زمانی دایک یاساغ بوو، بەکارهێنانی زمانی کوردی لەکاروباری فەرمی دەوڵەتدا وەک تاوان تەماشا دەکرێت، تەنها لە عێراق زمانی کوردی مافی کوردەکان بووە، ئەوە باشترین حاڵەتی کوردەکان بووە، بەڵام ستەمکاریی دەوڵەت و حزب گەیشتووەتە ئاستی قڕکردن، بەعس پێش تاوانی ئەنفالیش لە ڕووی تیۆری (ئایدیۆلۆژیی)یەوە کوردی وەک دوژمن تەماشا کردووە، بۆیە توانیوێتی ئەنفال ئەنجامبدات، بەخۆرایی شوناسێکی تایبەتی پێنەدابوو (بەکرێگیراوانی ئێران و خائین زادەکان) ئەمە پرۆسەی بەخائین نیشاندان و ڕەشکردن بوو، دواتر پرۆسەی لە ئینسان خستن دەست پیدەکات (ناهێڵم چیتر وەک کەر لەچیاکان بژین) ئەمە قسەی عەلی حەسەن مەجیدبوو، کورد کافرن، کورد جنۆکەن، کورد جۆرە مرۆڤێکی نامۆن بە ئۆمەتی محەمەد، کورد جۆرە ئاژەڵێکن هەموو ئەم هەوڵانە بۆ ڕەشکردن و بێزراندن بوون بۆ ئەوەی لە پەلاماردانیاندا سەربازو ئەفسەران ڕەحمیان پێ نەکەن و باشترو خێراتر دەستیان بچێتە کوشتنیان. ڕەوایەتی دان بە کوشتنی کوردەکان بەو ئەندازەو قەبارەیە تەنها لە دڵڕەقی جەلادەوە سەرچاوە ناگرێت بەڵکو بەشێکیشی لەبێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە بوو کە بۆنی نەوت گێژی کردبوون.

هەوڵە شکستخواردووەکان بۆ دادگاییکردنی فەرماندارە ئێراقییەکان و دامەزراندنی دادگای باڵای تاوانەکان لە ئێراق.

هاوڕێ ئەحمەد



هەوڵە شکستخواردووەکان بۆ بە دادگایی گەیاندنی فەرماندارە ئێراقییەکان.

دەوڵەتی ئێراق بە نمایندەی حیزبی بەعس و بە سەرکردایەتی سەدام حسێن لە ساڵانی هەشتاکاندا ژمارەیەکی ئێگجار زۆر شاتاوانی ئەنجامدا، لە تاوانی جەنگ و تاوانی دژەمرۆڤایەتییەوە بگرە هەتا تاوانی جینۆساید، لە ڕووی یاساییەوە سیستمی ئەوکاتی جیهانیی هیچ میکانیزمێکی بۆ بە دادپەروەری گەیاندنی سەرکردە و فەرماندارە باڵاکانی دەوڵەتان نەبوو، لەهەمان کاتدا لە ڕووی سیاسییەوە ئەو کات سیستمێک بوونی نەبوو بۆ ڕێگرییکردن لە ئەنجامدانی ئەو تاوانانە و بنەمای دەستێوەردانی مرۆیی هێشتا پیشەی خۆی نەئاژوو بوو و سەروەری دەوڵەت تێوڕەیەکی پیرۆز و شایەنی دەستلێدان نەبوو هێشتا. هەر جۆرە هەوڵێک لە ماوەی ئەو چوار دەیەی دوای جەنگی جیهانیی دووەم بۆ سەرپێخستنی دادپەروەریی جیهانیی لە لایەن ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤیەتەوە پەرچ دەدرایەوە، ئەوان بە ساردی لەگەڵ یەک لە جەنگدا بوون و تەقەلای سەپاندنی هەژموونی خۆیان و سنووردارکردنی ئەوی دیان دەدا.

لە هەمان ساڵی هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و کۆتایی جەنگی سارد و بردنەوەی ئەمەریکا لە جەنگەکەدا، ئێراق پەلاماری دەوڵەتی کوەیتی دا و داگیریکرد، لە ڕۆژی ٢ی ئابی ١٩٩٠ سەربازەکانی ئێراق چوونە ولاتی کوەیتەوە، لەهەمان ڕۆژدا و پاش چەند کاتژمێرێک ئەنجوومەنی ئاسایش لەسەر داوای ئەمەریکای تاکە پاڵەوانی دوای جەنگی سارد کۆبوونەوە و بە تێکڕای دەنگ بڕیاری ژمارە (٦٦٠)ی دەرکرد و پەلامارەکانی ئێراقیان سەرکۆنەکرد و داوایان لە ئێراق کرد هێزەکانی بۆ ئەو شوێنانە بگێڕێتەوە کە لە ١ی ئابی ١٩٩٠، واتە ڕۆژێک پێش هێرشەکان، لە ناو خاکی خۆیدا جێگیریی کردبوون. سەدام حسێن پەرچی داواکەی ئەنجوومەنی ئاسایشی دایەوە و بەردەوام بوو لە داگیرکردنی کوەیت و هێزەکانی پاشەکشە پێ نەکرد. چوار ڕۆژ دواتر و لە ٦ی ئابی ١٩٩٠ دیسانەوە لەسەر بانگهێشتی ئەمەریکا، ئەنجوومەنی ئاسایش کۆبوونەوە و ئەمجارە لەژێر بەندی حەوتی بنەڕەتنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بریاری ژمارە (٦٦١)یان دەرکرد و ئابلۆقەی ئابووریان خستە سەر ئێراق. سێ ڕۆژ دواتر و لە بەرواری ٩ی ئابی ١٩٩٠ دیسانەوە ئەنجوومەنی ئاسایش لەسەر هەمان مژار کۆبوونەوە و بڕیاری (٦٦٢)یان دەرکرد، لەم بڕیارەدا داوایان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کرد دان بە پێوەلکانی کوەیت بە ئێراقدا نەنێن. ئێراق پێملی هیچ یەکێک لەو بڕیارانە نەبوو و بەردەوام بوو لە شەڕەنگێزییەکەی دژی سەروەری کوەیت، لە ١٨ و ٢٥ی ئابی ١٩٩٠ دوو کۆبوونەوەی تری ئەنجوومەنی ئاسایش لەسەر داگیرکردنی کوەیت لەلایەن ئێراقەوە ئەنجامدرا، لە کۆبوونەوەی یەکەمدا بڕیاری (٦٦٤)یان دەرکرد و داوایان لە ئێراق کرد دیپلۆماتە بیانییەکانی ناو عێراق بپارێزێت و ڕێگەیان بدات بە سەلامەتی بەغداد بە جێ بهێڵن، لە کۆبوونەوەی دووەمدا بڕیاری (٦٦٥)یان دەرکرد و داوایان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد بەشدار بن لە کۆتایی پێهێنانی داگیرکردنی کوەیت لەلایەن ئێراقەوە لە ڕێگەی هێزیی چەکداریەوە. بازنەی ناڕەزایەتییە نێودەوڵەتییەکان تا دەهات فراوانتر دەبوو و ئێراقیش بەردەوام بوو لە پاشەکشە نەکردنی لە کوەیت. لەو ماوەیەدا ئەنجوومەنی

ئاسایش دوانزە بڕیاری تایبەت بە داگیرکارییەکانی ئێراق دەرکرد و ئێراق پێملی هیچ یەکێک لەو بڕیارانە نەبوو. لە بەرواری ٢٩ی تشـــرینی دووەمی ١٩٩٠ ئەنجوومەنی ئـاســـــایش بڕیـاری (٦٦٧)ی دەرکرد و ڕەوایەتی بە دەســـتێوەردانی مرۆیی دا ئەگەر ئێراق تا بەرواری ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٩١ هێزەکانی لە کوەیت پاشەکشە پێ نەکات، ئێراق تا ئەو بەروارە پاشـەکشـەی نەکرد و ڕۆژی دواتـر و لە بەرواری ١٦ی کـانـوونـی دووەم هـێـزی هـاوپەیمـانـان کە لە ســـی دەوڵەت پێکهـاتبوون بە سـەرکردایەتی ئەمەریکا جەنگی کەنداوی دەستپێکرد و لە مـاوەی نزیکەی مـانـگ و نێوێکـدا و تـا بەرواری ٢٨ی شوباتی ١٩٩١ هێزە ئێراقییەکانیان لە کوەیت وەدەرنا.

پاش ئەو هەموو شـــەرەنگێزییەی ئێراق و ئەنجامـدانی تـاوانی جەنـگ لە داگیرکردنی کوەیتـدا، دەرفەتێکی لەبـار ڕەخســـا بۆ بە دادگایی گەیـاندنی فەرمـانـدارانی ئێراق، جۆرج بۆشی سەرۆک و کاربەستانی ئەمەریکا و هەندێ لە وڵاتە ئەوروپییەکـان لەپێش جەنگەکەدا چەنـد جـارێـک ئاماژە بە دادگاییکردنی ســـەدام حســـێن ئەکەن، لە ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٩١دا و هەفتەیەک دوای دەستپێکردنی جەنگی کەنداو کۆنگرێســـی ئەمەریکا پرۆژە یاســـایەک بەربـاس دەداو و داوا لە ئیـدارەی جۆرج بۆش دەکـات تـاوانبـارانی ئێراق دادگـایی بکرێن. لەبەر ئەوەی هەتـا ئەوکات جگە لە هەردوو دادگای سـەربازیی نێودەوڵەتیی لە نۆرمبێرگ و دادگای ســـەربازیی نێودەوڵەتیی لە تۆکیۆ - ســـاڵی ١٩٤٥، هیچ نموونەیەکی تری دادگـای تـایبەت بە تاوانی نێودەوڵەتیی لە گۆڕێ نەبوو. بۆیە لە گفتووگۆکانی ناو ئەنجوومەنی پیران (ســێنات)دا ســێ شــێوەی دادگا پێشـــنیـار دەکرێـت، یەکەمیـان ئەمەریکـا لە ڕێگەی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە دادگایەکی تایبەت بە تۆمەتبارانی جەنـگـی کەنـداو دابـمەزرێـنـێـت، دووەمـیـان هـێـزیـی هـاوپەیمـانـان بە ســـەرکردایەتی ئەمەریکـا دادگـایەک دابمەزرێنێـت هەر وەک هەردوو دادگـاکەی نۆرمبێرگ و تۆکیۆ. ســـێیەمیـان تۆمەتبـارانی جەنگەکە بهێنرێـت لە دادگـاکـانی نـاو ئەمەریکـادا دادگـایی بکرێـت. کۆنگرێس پرۆژەکە لە بەرواری ١٨ی نیســـانی ١٩٩١ جارێکی تر هەمـواردەکـاتەوە و نـاوەکەی لە (جـێـبەجـێـکـردنـی پەیماننامەکانی ژنێف)ەوە دەگۆڕێ بۆ (دادگای تاوانبارانی جەنگی کەنـداو) و بەزۆرینە دەنگی لەســـەر دەدرێـت و پێشـکەشـی کۆشـکی سـپی دەکرێت، بەڵام کۆشـکی سـپی کاری لەســـەر ناکات. هەرچەندە لە پرۆژەکەدا باســـی جینۆســـایدی کوردی تێدا نییە بەڵام لە گفتووگۆکانی ناو ئەنجوومەنی پیرانـدا چەنـدین جار جەخت لە میحنەتیی و جینۆسایدی کورد دەکرێتەوە.

ساڵی ١٩٩٢ ویلیەم کلینتۆن دەبێت بە سـەرۆکی ئەمەریکا و دوای دامەزراندنی دادگای تایبەت بە تاوانی نێودەوڵەتیی بۆ یوگوسلاڤیا لە ساڵی ١٩٩٣ و دادگای تایبەت بە تاوانی نێودەوڵەتیی بۆ ڕوانـدا لە ســـاڵی ١٩٩٤ لە لایەن ئەنجوومەنی ئـاســـایشـــەوە، جـارێکی تر مژاری دروســـتکردنی دادگایەک بۆ تاوانەکانی فەرماندارانی دەوڵەتی ئێراق دێتەوە بەرباس، ئەمجارە ئیدارەی کلینتۆن دەیەوێ لە ڕێگەی ئەنجوومەنی ئاســایشــەوە کۆمیتەیەکی گەڕان بە دوای ڕاســتیدا بۆ ئێراق دروســتبکرێت هەر وەک ئەوەی پێش دروستکردنی دادگاکە بۆ یوگوسلاڤیا دروستکرا، بەڵام هەوڵەکانی شکست دەهێنن، چونکە لەو کاتەدا زۆرێک لە ئەندامە هەمیشـــەییەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش بەرژەوەندی ئابووری و سیاسییان لەگەڵ ئێراقدا هەبوو. لە ٢ی مارســـی ١٩٩٨ جارێکی تر ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا پرۆژە یاســـایەک لەژێر ناوی (پرۆژە یاسای دادگای تاوانە جەنگیەکان بۆ سەدام حسێن) گەڵاڵە دەکات و لە ١٦ی مارســـی هەمان ســـاڵ و لە دەیەمین ســـاڵیادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا بە تێکڕای دەنگی ئەنجوومەنەکە پرۆژەکە تێـدەپەرێـت و داوا لە ئیـدارەی کلینـتۆن دەکـات لە ڕێگەی نەتەوەیەکگـرتـووەکـانەوە دادگایەک بۆ سەدام حسێن و فەرماندارەکانی تری ئێراق دامەزرێنێت، ئەمجارە ئەم پرۆژەیە زۆر چڕوپڕ تر و بە دوورو درێژی لەســـەر تاوانەکانی فەرماندارەکانی ئێراق هەڵوەستەی کردووە، سەرجەم ئەو تاوانانەی سەدام حسێن ئەنجـامی داون و ڕێکـاری یـاســـایی بۆ دامەزرانـدنی دادگـایەکی تـایبەت بە تـاوانی نێودەوڵەتیی بۆ ئێراق بەرباســـداوە، لەم کاتەدا هەردوو دادگای تایبەت بە تاوانی نێودەوڵەتیی بۆ یوگوســـلاڤیا و ڕواندا ســـەرپێ کەوتبوو، هەوڵەکان ئارگومێنتی یاسـایی پتەوی لەپشـت بوو، لە پاڵ

تـاوانەکـانی تری فەرمـانـدارەکـانی ئێراق لە چەشـــنی داگیرکردنی کویت و مووشـەک بارانکردنی ئیسـرائیل و بە بـارمتەگرتنی دیپلۆمـاتە بیـانییەکـانی نـاو ئێراقـدا، لە بەشێکی پرۆژەکەدا دەڵێت؛

"ســـەدام حســـێن و فەرمـانـدارەکـانی تری ئێراق شـــاڵاوێکی ســـیســـتماتیکییان دژی کوردەکان بە مەبەستی سڕینەوەیان ئەنجامداوە، چەکی کیمیاوییان لە دژی خەڵکی بێ تـاوانی کورد بەکـارهێنـاوە، لە شـــاڵاوەکانی ســـاڵانی ١٩٨٧ بۆ ١٩٨٨ زیاتر لە ســـەدوپەنجا هەزار هاوڵاتی کورد بێ ســـەروشـــوێن کراون، چوار هەزار گوندیان تەفروتوونا کراوە. دە ملیۆن مین لە خـاکەکەیـانـدا چێنراوە، لە شـــاری کەرکووک پاکتاوی ڕەچەڵەکی کراون".

لە پرۆژە بڕیارەکەی ســـاڵی ١٩٩٨ بۆ یەکەمجار تاوانی جینۆســـاید ناوی هێنراوە و داوا دەکەن لە پاڵ تـاوانی جەنـگ و تـاوانی دژەمرۆڤایەتیـدا، ســـەدام حســـێن و فەرمانـدارەکانی تری ئێراقیش لە پای ئەنجامدانی تاوانی جینۆســـاید دادگایی بکرێن. لە ســـاڵی ١٩٩٧ ئەمەریکا ئۆفیســـێک بە ناوی بـاڵوێزی گەورە بۆ دادپەروەریی و تـاوانی نێودەوڵەتیی دادەمەزرێنێت، ئەم ئۆفیســـە ئەرکی کۆکردنەوەی بەڵگە و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی یاســـایی و دیپلۆماتییە بۆ شـــاتاوانەکان، دێڤد شـــیفەر وەک یەکەم بـاڵوێز سـەرپەرشـتی ئەو ئۆفیسـە دەکات، لە سـاڵی ١٩٩٨ تیمێک بە سـەرپەرشـتی خودی بـاڵوێز سـەردانی هەرێمی کوردستانی ئێراق دەکەن بە مەبەستی کۆکردنەوەی بەڵگە و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی یاسایی بۆ دادگاییکردنی سەدام حسـێن و فەرماندارەکانی تری ئێراق. پاش گفتوگۆ لەگەڵ ئەندامانی تری ئەنجوومەنی ئاسـایشـی نێودەوڵەتیی و بە تایبەت چوار ئەندامە هەمیشـــەیەکەی تری ئەنجوومەنەکە، ئەمەریکا دەگاتە ئەو بڕوایەی هەر هەوڵێکی لەم چەشـنە لە لایەن ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسـایشـەوە ڤیتۆ دەکرێت و دەســـتبەرداری هەوڵەکان بۆ دامەزرانـدنی دادگایەک بۆ تاوانەکانی فەرماندارانی ئێراق لەو کاتەدا دەبێت.

شکستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی و نەگەشتنە دەرئەنجامی ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ کۆتاییهێنانی دەسـەڵاتی سـەدام حسـێن لەو کاتەدا، سـەرەڕای ئەوەی ڕەوایەتییەکی گەورە لە پشـتی ئەو کۆتایی پێهێنانەوە هەبوو و کۆدەنگییەکی تا ڕادەیەک گرنگیش لەناو ئەنجوومەنی ئاسایشدا مسـۆگەر بووبوو، پێکڕا ســـەری کێشـــتـا بۆ داگیرکردنی ئێراق بەشـــێوەیەکی نـایـاســـــایی لە دەرەوەی ڕەوایەتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە لایەن ئەمەریکاوە و دامەزراندنی دادگایەکی پڕ مشتومڕ و جێگای پرسیار.

دامەزراندنی دادگای باڵای تاوانەکان لە ئێراق

پاش هێرشـــەکانی یانزەی ســـێپتەمبەری ســـاڵی ٢٠٠١، ئەمەریکـا جەنگی دژ بە تێرۆر ڕاگەیـانـد، ئەمەریکـا نەیتوانی بڕوا بە ئەنجوومەنی ئـاســـــایش بهێنێت بۆ ڕەوایەتیدان بە جەنگەکە، بەدەر لە ڕێگەپێدانی ئەنجوومەنی ئاســـایش و تاکلایانە و لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا لە ســـاڵی ٢٠٠٣ هێرشـــی کردە ســـەر ئێراق، پـاش پرۆســـەی داگیرکردنی عێراق و لابردنی ســـەدام حســـێن و حزبی بەعس لە فەرمانڕەوایەتیی عێراق و دەستگیرکردنی سەدام حسـێن و فەرماندارەکانی تری ئێراق، مژاری دامەزراندنی دادگا هاتەوە گۆڕێ. ولاتە داگیرکەرەکانی ئێراق و بەشێک لە چینی سیاسیی و چالاکوانی ئێراقی داوای دامەزراندنی دادگـایەکیـان بۆ فەرمـانـدارەکـانی ئێراق دەکرد، وەلێ بەرەیەکی فراوانتری نێودەوڵەتیی دژی دامەزرانـدنی دادگـاکە بـوون، بەرەی دژ بە دامەزرانـدنـی دادگـاکە ئـارگومێنتی ئەوەیـان دەکرد کە داگیرکردنی ئێراق نایاساییە و بەدەر لە دەسەڵاتپێدانی ئەنجوومەنی ئاسایش ئەنجامدراوە، ئەمەش وەها دەکات هەر دادگایەک هێزی داگیرکار دڕووسـتی بکات ڕەوایەتی یاسـایی نییە، لە پاڵ ئەو ئارگومێنتانەدا، بەشـــێک لە یاســـا ناســـان دژی دامەزراندنی دادگاکە بوون، چونکە ئەو هۆکارەی کە وای لە هێزە داگیرکـارەکـان کرد ئێراق داگیربکەن و دەســـەڵاتەکەی ســـەدام حســـێن بڕوخێنن ئەو هۆکارانە نەبوون کە دواتر سەدام حسێنی لەسەر دادگایی کرا و هیچ جۆرە چەکێکی کۆکوژیـان نەدۆزییەوە. لە کۆتـایـدا ئەو بەرەیەی لەگەڵ دامەزرانـدنی دادگـاکە بوو، دادگـاکەی دامەزراند و نە نەتەوەیەکگرتووەکان ئامادەیی پیشاندا بۆ هاوکاری دامەزراندنی دادگاکە و نە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی، جگە لە هەر چوار ولاتی داگیرکەری ئێراق (ئەمەریکـا،

بەریتانیا، ئوستڕالیا و پۆڵەندا) ئەوا تەنها دوو دەوڵەتی تر (ئیسپانیا و چیک) زۆر سنووردار ئامادەییان نیشاندا لە ڕووی لۆجیستی و شارەزاییەوە یارمەتی دامەزراندنی دادگاکە بدەن. کە بڕیاری دامەزراندنی دادگاکە درا، جارێکی تر جۆر و شێوەی ئەو دادگایەی وا پێویستە بۆ دادگاییکردنە دابمەزرێت بووەوە جێگای مشتومڕ، لەو کاتەدا چەند بژاردەیەک خرانە بەرباس.

یەکەم .دادگایەکی سەربازیی نێودەوڵەتیی و وەک دادگای سەربازیی نۆرمبێرگ کە دەسەڵات بە هێزە داگیرکارەکانی ئێراق (ئەمەریکا، بەریتانیا، ئوستڕالیا و پۆڵەندا) بدات دادگاییی بەرەی دۆڕاوی جەنگەکە بکەن.

دووەم .دادگایەکی تایبەت بە تاوانی نێودەوڵەتیی وەک هەردوو نموونەکەی یوگوسلاڤیا و ڕواندا دابمەزرێت.

سێیەم .دادگایەکی ناوخۆی ئێراقیی کە ڕەچاوی سیستمی یاسایی ئێراق و لە دادوەری ئێراقی پێکهاتبێت، دابمەزرێت.

هەرچەندە لەو کاتەدا دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی دامەزرابوو و چووبووە بواری کارپێکردنیشەوە، بەڵام ئەو دادگایە بژاردەیەکی گونجاو نەبوو بۆ دادگاییکردنەکە، چونکە بە پێی بنەڕەتنامەی دادگاکە مەودای کاتی دەسەڵاتی دادوەریی دادگاکە ڕێگەی بە دابینی ئەو تاوانانە نادات وا پێش ١ی تەموزی ٢٠٠٢ ئەنجامدراون. ئەمەش لەمپەرە گەورەکەی بەردەم ئەم دادگایە بوو، هەرچەندە گەر ڕێگەشی بدایە لەبەر ئەوەی ئەمەریکا ئەندامی دادگاکە نەبوو (تا ئێستاش ئەندام نییە) و یەکێکە لە نەیارە سەرسەختەکانی ئەو دادگایە، مەحاڵ بوو ئەمەریکا تۆمەتبارە ئێراقییەکان ڕەوانەی ئەو دادگایەی بکردایە. لە هەمان کاتدا ئێراق ئەندامی ئەو دادگایە نەبوو (تا ئێستاش ئەندام نییە)، ئەمەش ڕێگەی لە دادگاکە گرت خۆویستانە دەستێوەردانی یاسایی بکات، لەو کاتەشدا ئێراق سەروەرییەکەی لەدەست دابوو تا بتوانێ بانگهێشتی دادگاکە بکات وەک دەوڵەتێکی نا ئەندامی دادگاکە ڕێگە بە دادگا بدرێت لێکۆڵینەوە و دادبنییەکانی دەست پێ بکات، سەرەڕای بەربەستی مەودای کاتی دەسەڵاتی دادوەریی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی.

لە ڕووی یاساییەوە مۆدێلی دادگای سەربازیی نێودەوڵەتی نورمبێرگ و تۆکیۆ کۆتایی هاتووە، چونکە پەیماننامەی چوارەمی ژنێڤ ڕێگە دەگرێت لە دامەزراندنی دادگا لەلایەن دەوڵەتی داگیرکەرەوە بۆ دەوڵەتیی داگیرکراو، جگە لەوەش لە دوای دامەزراندنی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە دادپەروەری تاوانی نێودەوڵەتیی (International Criminal Justice)بەرەوپێشچوونی زۆری بەخۆوە بینیوە و بژاردەی دادپەروەری براوە (Retributive Justice)بژاردەیەکی گونجاو نەبوو لە ساڵی ٢٠٠٣ و دوای زیاتر لە نیو سەدە لە دامەزراندنی دادگاکەی نۆرمبێرگ و تۆکیۆ جارێکی تر زیندوو بکرێتەوە. لە هەمان کاتدا لە ڕووی سیاسییەوە دەستبردن بۆ دادگایەکی لەو چەشنە نەیارە نێودەوڵەتیی و بەرهەڵستکارە ئێراقییەکانی دژی ئەمەریکا زیاتر دنە دەدا تا دژایەتیی ئەمەریکا بکەن.

بژاردەی دامەزراندنی مۆدیلی هەردوو دادگای تایبەت بە تاوانی نێودەوڵەتیی بۆ یوگوسلاڤیا لە ساڵی ١٩٩٣ و دادگای تایبەت بە تاوانی نێودەوڵەتیی بۆ ڕواندا لە ساڵی ١٩٩٤ بەربەست و ئەستەمیی خۆی هەبوو، چونکە بۆ دامەزراندنی ئەم جۆرەی دادگا کە ناسراون بە (Ad Hoc)پێویستی بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی ئاسایش هەیە، وەلێ ئەمەریکا بێ ڕێگەپێدان و گەرانەوە بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش ئێراقی داگیرکرد، ئەمەش هەر هەوڵێکی لەو چەشنە ڕەنگە لە لایەن کۆمەلگەی نێودەوڵەتیی و ئەندامە هەمیشەیەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشەوە پەرچ بدرایەتەوە، چونکە سێ ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایش (فەرەنسا و چین و ڕوسیا) کە خاوەنی مافی ڤیتۆن، لە ڕاگەیاندنێکی هاوبەشدا دژایەتی خۆیان بۆ داگیرکردنی ئێراق لەلایەن ئەمەریکاوە دەربڕی بوو.

بژاردەی دادگا تێکەڵەکان (Hybrid) لە چەشنی دادگای تایبەت لە وڵاتی سیرالیۆن (SCSL) و دادگای ناوازەی کەمبۆدیا (ECCC) گونجاوترین بژاردە بوو بۆ دادگاییکردنی سەدام حسێن و فەرماندارەکانی تری ئێراق، ئەم چەشنەی دادگا پێویستی بە هەمانگی دەوڵەت و نەتەوەیەکگرتووەکان هەیە و سەنگی دەسەڵاتی دادگاکە هەمیشەی بەلای نەتەوەیەکگرتووەکاندا پارسەنگە و ئەو دەسەڵاتێکی زیاتری تێدا هەیە، وەلێ ئەم بژاردەیە لای

ئەمەریکییەکان کاری لەسەر نەکراو ئەوان دادگایەکی ئێراقیان لا پەسەندتر بوو.
ئەمەریکا و بەریتانیا پاش داگیرکردنی ئێراق، بە نامەیەک لە بەرواری ٨ی ئایاری ٢٠٠٣ داوایان لە ئەنجوومەنی ئاسایش کرد کە ستاتوسی ئێراق وەک دەوڵەتێکی داگیرکراو و ئەمەریکا و بەریتانیا وەک داگیرکەر بەپێی یاسای نێودەوڵەتیی بناسێنن، ئەنجوومەنی ئاسایش لە بەرواری ٢٢ی ئایاری ٢٠٠٣ کۆبوونەوە و لەژێر بەندی حەوتی بنەڕەتنامەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بڕیاری (١٤٨٣)یان دەرکرد، لە بڕیارەکەدا ئەمەریکا و بەریتانیایان وەک دەوڵەتێکی داگیرکەر ناساند و دەسەڵاتی دەرکردنی بڕیار و حکومڕانی ئێراقیان بەخشی بە "دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان Coalition Provisional Authority) " (CPA -تا ئەوکاتەی ئێراقییەکان حکومەتێکی دیموکراتی بە هەڵبژاردن دادەمەزرێنن. لە بڕیارەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشدا جەخت لەسەر بە دابڕووەری گەیاندنی فەرماندارەکانی پێشووی ئێراق کراوەتەوە و داوا لە دەوڵەتە ئەندامەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکات کە مافی پەنابەری بە تۆمەتبارەکان نەبەخشن. ئەمەریکا ئەم بڕیارەی ئەنجوومەنی ئاسایشی پێویست بوو بۆ ئەوەی ڕەوایەتی بەو یاسایانە بدات کە دەریدەکات، چەند ڕۆژی دواتر دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان لەبەر ڕۆشنایی دەسەڵاتپێدانی بڕیارەکەی ئەنجوومەنی ئاسایشدا یەکەم بڕیاری خۆی دەردەکات و دەسەڵاتە سیاسیی و ئیداریی و یاساییەکانی خۆی دیاریدەکات. دواتر دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان "ئەنجوومەنی ئیداریی ئێراق Iraqi) " - Governing Councilمجلس الحكم العراقى (لە بەرواری ١٣ی تەموزی ٢٠٠٣ دادەمەزرێنێت کە پێکهاتبوون لە ٢٥ ئەندام، لە ٩ی کانوونی یەکەم سالّی ٢٠٠٣ دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان دەسەڵات بە ئەنجوومەنی ئیداریی ئێراق دەبەخشن بۆ دامەزراندنی دادگایەک بۆ فەرمانڕەواکانی پێشووی ئێراق. هاوپێچ بە بڕیارەکە ڕەشنووسی بنەڕەتنامەی دادگاکەی تێدایە کە پرۆفیسۆر شەریف بەسوونی سەرپەرشتیی تیمی نووسینەوەکەی کردبوو و ڕۆژی دواتر لە بەرواری ١٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣ ئەنجوومەنی ئیداریی ئێراق پرۆژەکە دەردەچوێنێت، هەر هەمان ڕۆژ پۆل بڕیمەری حاکمی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان واژۆی لەسەر دەکات.
لەم پرۆژەیەدا ناوی دادگاکە "دادگای تاوانی تایبەت بە تاوانی دژەمرۆڤایەتیی لە ئێراق"ە.
لە ٢٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٤ حکوومەتی کاتیی ئێراق دیاریدەکرێت و لە هەمان ڕۆژدا دەسەڵاتیی کاتی هاوپەیمانان و ئەنجوومەنی ئیداریی ئێراق هەڵدەوەشێنەوە، پاشان لە ٣ی ئایاری ٢٠٠٥ حکوومەتی ڕاگوزەری ئێراق شوێنی حکوومەتی کاتیی ئێراق دەگرێتەوە. دوای نزیکەی دووسالّ لە نووسینەوەی بنەڕتنامەی دادگاکە لەلایەن دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانانەوە، ئەنجوومەنی نیشتیمانی ئێراق لە ئەیلوولی ٢٠٠٥ جارێکی تر بە پرۆژەی بنەڕتنامەی دادگاکەدا دەچێتەوە و ئەمجارە ڕەوایەتییەکی یاسایی لە ناو ئەنجوومەنی نیشتیمانی ئێراقدا پێ دەدرێت و لەو ڕەخنانەی وا لەسەر ڕەوایەتیی دادگاکە دەگیرا کە لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەردا دەمەزراوە، ڕزگاری دەکەن. بنەڕەتنامە نوێیەکە بە نزیکەیی هەمان بنەڕتنامەی پێشووە و بێ گۆڕانکارییەکی گەوهەری وەک خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام ناوی دادگاکە دەگۆڕێت بۆ "دادگای باڵای تاوانەکان لە ئێراق" و لە ڕۆژی ١٨ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥ لە ڕۆژنامەی (وەقایعی) ئێراقی بڵاودەبێتەوە و ڕۆژی دواتر دادبینی لە کەیسی "دوجەیل"دا دەستپێدەکات.
پێش دادبینی کەیسی ئەنفال، کەیسی دوجەیل دادبینی تێدا کرا بوو. ڕاوێژکارە بیانییەکان پێشنیاری ئەوەیان کرد کە دادگاکە لە کەیسە بچووکەکانەوە و بە تۆمەتبارە پلە مامناوەندەکان دەست بە کارەکانی بکات، ئەمەش بۆ ئەوەی تا دەگاتە کەیسە ئاڵۆز و گەورە و فەرمانڕەوا پلە باڵاکانی ئێراق، دادگاکە ئەزموونی باشی کۆکردبێتەوە. لە سەرەتادا تا ناوڕاستی ساڵی ٢٠٠٥ ئەم ستراتیژە کاری لەسەرکرا، بەڵام بەهۆی فشاری سیاسیی شیعەکانەوە، حکومەتی ئێراق چەند مانگێک پێش دەستپێکردنی دادبینییەکەی دوجەیل بڵاوی کردەوە کە سەدام حسێنیش یەکێکە لە تۆمەتبارەکان لە کەیسی دوجەیلدا و دەهێنرێتە بەردەم دادگاکە. هەرچەندە شارەزا ئەمەریکییەکان دژی ئەوەبوون سەدام حسێن لەپای ئەنجامدانی تاوانی دوجەیل

دادگایی بکرێت و وایان دانابوو یەکەم دەرکەوتنی لەبەردەم دادگاکەدا لە دادبینی تاوانی ئەنفالدا بێت.

پێش ئەوەی سەدام حسێن لە پای ئەنجامدانی تاوانی دژەمرۆڤایەتیی لە کەیسی دوجەیلدا لە بەرواری ٣٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٦ لە سێدارە بدرێت، لە کەیسی ئەنفالدا وەک یەکێک لە تۆمەتبارە سەرەکییەکان لە پاڵ شەش تۆمەتباری تردا ئامادەی دانیشتنەکانی سەرەتا دەبێت. دادبینی لە کەیسی ئەنفالدا لە بەرواری ٢١ی ئابی ٢٠٠٦ دەستپێدەکات و بیستوسێ دانیشتن تەرخاندەکات بۆ گوێگرتن لە سکاڵاکارەکان و دوای گوێگرتن لە حەفتاوحەوت سکاڵاکار لە بەرواری ٢٧ی تشرینی دووەم قۆناغی سکاڵا دادەخات و لە بەرواری ٢٨ تشرینی دووەمەوە، واتە ڕۆژێک دوای قۆناغی سکاڵاکاران، قۆناغی گوێگرتن لە گەواهیدەر و پزیشکی دادوەریی دەستپێدەکات و دوای پێنج دانیشتن لە بەرواری ٧ی کانوونی یەکەم ئەم قۆناغەش دادەخات. قۆناغی سێیەمی دادبینییەکە تەرخانە بە کنەوپشکنینی دۆکۆمێنت و بەڵگەکان، لە بەرواری ١٨ی تشرینی یەکەم دەست پێدەکات و دوای نۆ دانیشتن و لێکۆڵینەوە لە نزیکەی پێنج هەزار بەڵگە، لە بەرواری ٢٩ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٧ ئەم قۆناغەش کۆتایی پێ دێت و قۆناغی گوێگرتن لە تۆمەتباران دەستپێدەکات و لە بەرواری ٢٠ی شوباتی ٢٠٠٧ دادگا تۆمەتبارەکانی تۆمەتبار کرد لە پای ئەنجامدانی تاوانی جینۆسایید و تاوانی جەنگ و تاوانی دژەمرۆڤایەتی، پاشان تیمی پارێزەرانی بەرگریکار لە پێنج دانیشتندا بەرگری لە تۆمەتبارەکان دەکەن و تیمەکە ڕەخنە لە ڕەوایەتیی دادگا و گومان لە بەڵگەکان و نایاساییی بوونی یاساکە بەپێی بنەمای) عدم الرجعیه (Non-retroactivity و پێنەدانی دەرفەتی گونجاو بە پارێزەرانی بەرگریکار، دەگرن. دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق لە ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٧ دواین بڕیاری دادبینییەکە دەردەکات و دادگای پێداچوونەوەکەشی لە ٤ی ئەیلولی هەمان ساڵ بڕیارەکە پەسەند دەکات.

ئەرشیفی نەتەوەیەکگرتووەکان، تێشوویەک لە جەوروستەم دژی کورد

هاوڕێ ئەحمەد

لە ساڵی ١٩٨٨ و بیست ڕۆژ دوای گازباران و خنکاندنی شاری هەڵەبجە، محمود مەدرشاهی نوێنەری ئێران لە نەتەوەیەکگرتووەکان لە نامەیەکدا بە شەش زمان کە هاوپێچ دەیان وێنەی تێدایە، پێشکەشی ئەنجومەنی گشتی و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکانی دەکات و دەنووسێت :

"لەسەر داوای حکومەتەکەم لەگەڵ ئەم نامەیەدا کۆمەڵێ وێنەی قوربانیانی جینۆسایدی کوردەکان لە شاری هەڵەبجە کە لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە بە چەکی کیمیایی و بەشێوەیەکی ترسناک بۆمبارانکراون بۆتان ڕەوانە دەکەم.

لەم تاوانە قێزەونەدا پێنج هەزار کورد شەهیدبوون و حەوت هەزار بریندارییشی لێ کەوتووەتەوە کە لە نەخۆشخانەکانی ئێران و ئەورووپادا لە ژێر چارەسەردان، ئەمە یەکەم جارە لە میژووی مرۆڤایەتیدا دەوڵەتێک هاوڵاتیەکانی خۆی بکاتە ئامانج، تەنانەت هیتلەریش تاوانی وەهای دژی هاوڵاتیانی ئەورووپا ئەنجام نەداوە "

لەو کاتەدا عێراق نکۆڵی لێ دەکات، بەڵام ساڵی دواتر، عیزەت ئیبراهیم ئەلدوری، لە بەردەم کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لە جنێڤ لە بەرواری 2/3/1989 بە شێوەیەکی دیبلۆماسی دان بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاویدا دەنێت و دەڵێ:

"ڕێکخراوە جیهانییەکان ئاماژە بەوە دەکەن عێراق چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە لە بەرواری 15.3.1988 بەرانبەر خەڵکی سیڤیل بەکارهێناوە، بەڵام هەڵەبجە ئەوکاتە چەکدارە ئێرانییەکان دەستیان بەسەردا گرتبوو، ئەم بابەتە پەیوەست نییە بە کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤەوە بەڵکو دەبێت ئەنجومەنی ئاسایش لە چوارچێوەی یاساکانی پێکدادانی سەربازیدا"

ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتی، لەگەڵ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی کۆبوونەوە.

ڕۆژی دووشـــەمە ڕێکەوتی 15-2-2021 ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتی کە ناوەندێکی ئەکادیمیی کوردی-ئەڵمانی ناحکومی ســەربەخۆی قازانج نەویســتە. تایبەتە بە لێکۆڵینەوە و بنکۆڵکاری یاسا نێودەوڵەتییەکان لە هەمبەر مافی پێکهاتەکانی کوردستان و دۆزی کوردستان، هەروەها پاراســتن و پێشــخســتن و چەســپاندنی بنەما گشتییەکانی مافەکانی مرۆڤ و یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی و یاســای تاوانی نێودەوڵەتی لە کوردســتان، ناوەند بە هاوبەشـــی لەگەڵ دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە لاهای، گفتووگۆیەکی زانستی بۆ بیست شارەزا و چالاکوان و خوێندکاری کورد لەســەر پرســی تاوانی جینۆســاید و تاوانی جەنگ و تاوانی دژەمرۆڤایەتی ڕێکخســت و گفتووگۆکە بە شێوەی ئۆنلاین بە ڕێوەچوو.

لەسەرەتادا لە لایەن خاتوو (جیۆڤنا ڕۆسۆ)ەوە کورتەیەک لەسەر مێژووی دامەزراندنی دادگاکە و دەسەڵاتی دادوەری و ئەو تاوانانەی دەچێتە چوارچێوەی داگاکەوە پێشکەشکرا و دواتر ناوەندی کوردســتان بۆ یاســای نێودەوڵەتی نامەیەکی پێشــکەشــی دادگاکە کرد و تێدا سەرجەم ئەو تاوانانەی بەرامبەر بە گەلی کورد ئــەنــجــامــدراوە خستەڕوو و داوایکرد سیستمی ئەندامێتی و جــوڵانــدنــی داوای یاســایی لە دادگاکە گــۆڕانــکــاری تــێــدا بکرێت بۆ ئەوەی هیچ قووربانییەکی تــاوانــە نــێــودەوڵەتــیــیــەکــان بێبەش نەبن لە وەرگرتنەوەی ماف لە لایەن دادگای تاوانی نێودەوڵەتییەوە.

تەوەرێکی تری گفتووگۆکە تــایبەت بوو بە تــاوانەکــانی داعش و جینۆســایدی یەزیدییەکان، ڕاوێژکاری یاســایی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بەڕێز (ڕۆد ڕاســتان) بە چڕی کەیســی تاوانەکانی داعش و دەســەڵاتی دادوەری دادگای تــاوانی نێودەوڵەتی ڕوونکردەوە و ئــامــاژەی بەوەکرد بەهۆی ئەندامنەبوونی عێراق و ســوریا لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بۆیە داواکاری گشــتی دادگاکە نــاتوانێت خۆویســتانە داواکە بهێنێتە بەردەم دادگا، بۆ جوڵاندنی داوای یاســایی بۆ تاوانەکانی داعش پێویســتە عێراق بانگهێشــتنامە پێشــکەشــی دادگاکە بکات یان ئەندامێتی ئاسایشی نێودەوڵەتی داوا لە دادگاکە بکات دەستێوەردانی یاسایی ئەنجامبدات.

پاشــان تەوەرێکی تری گفتووگۆکە تەرخانکرا بۆ ئەگەری ئەنــدامبوونی ئەو هەرێم و حکووتە فیــدراڵییــانەی نــاو دەوڵەتێک کە ئەندامی داداگاکە نین، ڕۆد ڕاستان بە وردی لەســەر ئەم پرســە دوا و وتی بە پێیی ســیســتمی ئێستای دادگای تاوانی نێودەوڵەتی مەحاڵە هەرێمە فیدراڵەکانی ناو دەوڵەتێکی نا ئەندامی دادگاکە بتوانێت ببێت بە ئەندامی دادگاکە.

شــایانی باســە کۆبوونەوەکە ماوەی کاتژمێر و نیوێکی خایاند و هەردوولا جەختیانکردووە ئەم جۆرە کۆبوونەوە



و ڕاگۆڕینەوەیە پێویســتە و لە داهاتووشـــدا بەردەوام دەبێت.

دەزانی بۆ ڕقت لێیانە ؟



مەنسوری تەیفوری

ئەم کورتە وتارە بەشـــی حەوتەمە لە نوســینێکی نوسەر، لەژێر تایتڵی " لەسەر سفرەی گورگەکان، هەندێک یاداشت لە پەراوێزی سیاسەتدا[1] "

نـازییەکـان ڕقیـان لە جووەکـان بوو، ئەمە دەزانین. دەزانین بەشـێکی زۆریشـیان بڕوایان کردبوو کە بە ڕاســتی جووەکان بە ئەســڵ و ڕەگەز خراپن. وەک چۆن ئەرمەنییەکان و کوردەکان لای بەشـێکی زۆر لە گێرۆدەکانی ئەتاتورکیزم و برایانی موســوڵمان بە ئەسڵ و جەوهەر خراپن و "توخمی ئەرمەنی" جنێوێکە بە کوردانیش دەدرێت. بەڵام ئەمە تەنیا ڕوونکەرەوە نییە. هەر چۆن فاشـــیســـم لە دواییدا دیاردەیەکی دەروونناســـانـە و تـەنیـا بـەرهـەمی هیپنۆتیزمی کۆمەڵایەتی نەبوو، هەرچۆن گۆبێلزەکان و ڕووداو و کارمەندانی ڕاگەیاندنی خۆی هەبوو، کەســانێکیش هەبوون کە بەروبووی ئابووریی فاشـــیســـزمیان دەقۆســـتەوە و پێی دەوڵەمەند دەبوون، هەر بۆیەش هۆرکهایمێر بە باشی نوسیبووی کە کێ دەیەوێ باسی سەرمایەداریی نەکات، با لە باسی فاشیسمیش بێدەنگ بێت. بەڵام جگە لەم هۆکارە، هۆکارێکی دیکەش لە کـاردا بوو. لە نموونەی جووبێزییـدا، نووســـەرانی دیالێکتیکی ڕۆشـــنگەری ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە کەسی نازی لە سیمای جووەکاندا خەریکە لە شتێکی دیـکە دەدات، لەو شـــتەی کە خـۆی لە خـۆیـدا کوشـــتوویەتی. شـــتەکەش ئەو وێنەیە کە جووەکان نـوێنەرایەتـیـیـان کـردووە. جـووەکـان بە مـێژوو نوێنەرایەتیی "نیشتمانی بێسنوور و بەختەوەری بەبێ دەســـەڵات"یان کردبوو، ئەمەش بۆ ئەوانەی وازیان لە "ئەگەری بەختەوەری" هێنابوو بۆ ئەوەی لە بەرامبەریدا ژیانی ئاسوودەی نێو سیستم دەستەبەر بکەن، گران و قورس بوو. جووەکـان بیرەوەریی ئەو ئەگەرەی بەختەوەرییان بیری نازییەکان دەخستەوە.

ســـیـاســـەت هەرێمی ململانێکـانـە، بەڵام کـاتێـک ســەرچاوەکەی دەبێت بە ڕق لە دەســتە و گرووپێکی تایبەت، ئیتر سیاسەت نییە و ناوی دیکە وەردەگرێت کە تەنیا یەکێکیان ڕەگەزپەرستییە.

ڕق ناتوانێ بنچینەی ســـیـاســـەت بێت، چونکوو هەڵگری بەهایەک نییە کە توانای ئەوەی هەبێت ببێتە بەهایەکی هەمەگیر، ڕق تەنیا لە شـــێوەی پاتۆلۆژیکدا دەتوانێ خۆی پیادە بکات، بە هەرچی دیکەش دەورە درابێت. ڕقی هەنووکەیی لە مـانەوەی شـــوێنێـک لە دەرەوەی دەســـەڵاتەوە و لە هەموو ئەوانەی لەوێن، لە هەڕەشـــەکانی هێڵیلۆقەوە تـاکوو ژوورنالیســـت و فەرمـانـدە چەکـدارەکـان لە هەرچی بۆنی پـارتی کرێکارانی لێ بێت، جێگەی ئەو پرسیارە دەکاتەوە کە بپرسین: دەزانن بۆ ڕقتان لێیانە؟

[1] https://www.nawext.com/ku/post/view/laesaer-sfraey-gwrgaekn-hhndy-ydsht-lh-phrwyzy-sys?fbclid=IwAR0kDEARaIAuW8aZm8oL5fEomuzmhk7cdIHCwIx-AkmDO6hsJ2pJmbBm3EI

لاواندنەوەی دایکێکی گەرمیانی بۆ کوڕە ئەنفالکراوەکانی.



هاوڕێ پێشـــرەو لە بەشـــی" ١٧ "ی یادەوەرییەکانیدا کە بەنـاوی (یـادو بیرەوەریەکـانی دوای ئەنفـال) لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیســـبوک بە زنجیرە بڵاوی دەکردەوە، لەم بەشـــەیدا لاواندنەوەیەکی دایکی بۆ کوڕەکانی یاســین و وەهاب بڵاوکردووەتەوە، کە بۆ لێکۆڵیاران و هونەرمەندان و نوســـەران، زۆر گرنگ و بایەخدارە، بێگومان ئەمرۆش نەبێت سبەی، دەبێتە مایەی تێڕامانی قوڵ.

ئەم ژنە گەرمیانە بەناوی (شـــەفیقە محەمەد) لەناخەوە هاتووەتە زمان و بەڕوونی وێنای باری دەرونی خۆی و ســـوتانی هەناوی دەکات، کە لەولاوانەوەیەدا بۆ دوو کوڕە ئەنفالکراوەکەی خۆی وتووە، کوڕەکانی ناویان (یاسین و وەهاب) بووەو مێردەکەشـــی ناوی ڕەشـــید محێدێن بوو. خـانەوادەیەک بوون لە گونـدی ڕەزای ســـەر بەنـاحێی نەوجولی قەزای دوزخورماتوو، بەکشـــتوکاڵ و ئاڵداراری دەژیـان، بەڵام لە پەلامـاری ئەنفـالی ســـێهەمـدا گەرمیـان ســەرتاپای دەبێتە مەملەکەتی تراژیدیاو بە هەزاران گەنج و پیردەگیرێن و ئیدی هەرئەو بردنە بوو نەبینرانەوە.

وێنەکە : شەفیقە محەمەد دایکی یاسین و وەهاب.

لاواندنەوەی دایکەکە

کوڕەکان وەتۆزو خۆڵۆ بارکریاوم.
کوڕەکان وەسەروپای خۆیان نەپەرژیاوم.
ئەوقەر حەزەکەم بتاندوینمە خەو.
یا وە دەم بەیان یا وەنیوە شەو.
ئەوقەر حەزەکەم من بوەم ناوتان.
بەشکەم بوییێنم عازای عەنامتان.
ئەوقەرە گەڕیام هەردە وە هەردە.
بویمە ئاسکەکەی وەڵەو گوم کەردە.
وە دایە دایەی وهاب لە خەوا هاتم.
تومەزە ئەمە خەوە غەڵەت مەواتم.
یاسین و وهاب بێنە ماڵەکەم پێم بێژن دایە.
ڕەنج و سەرمایەم مەوەن وەزایە.
بێن بۆیەک بکەن وەبەرگمەوە
بزان چی کزەیەک تێ لە جەرگمەوە.
سوتیام هەی سوتیام بویمە کوای قەقنەس.
ماڵ و مەرتەوەم گشتی چوی لە دەس.
ڕەنجێکم کێشا فتوو فراوان
هەڵسیامە سەر پا تەکانم داوان.
ئای هەناسەکەم وەک قاوەی تاڵ بێت.
سەبەبکارەکەتان وەکۆی زوخاڵ بێت.
ئێژی کەبابم لە کەباب خانە.
کزەی جەرگم ئەڕوا یانە وە یانە.
هەرچەن بیرۆ ئەکەم بیر مەرگمە.
وەک پەز قەساو لەت لەت جەرگمە.
خنجێرێ کریاوە وەپشت شانما.
خوێن کفارەی تێت وەگشت گیانما.
وەکێ بکەم ناز وەکێ بکەم تۆر.
وەک حسن و حسێن لێمان کریا زۆر.

فەرهەنگۆک

کفارە - فیچقە
ئەوقەرە ئەوەندە

میم فکریش لەو هەردە کوژرا

" کۆپتەر هات و میم فکری داوە بەر ســـاروغ و جاش دایانە بەر ڕێژنەی گولە"

تاوانی ئەنفال بەگشـــتی و قۆناغی ســـێی ئەنفالکردنی گەرمیان بەتایبەتی دۆڵ و تاشەبەرد و ئەشکەوتێک نەماوە چیرۆکیکی پڕ لە تراژیدیای کوشـتوبڕی نەبیسـراوی ئەم گەلە ســتەم دیدەیەی تێدا تۆمار نەکردبێت. کە ئەســتەمە بتوانرێـت بەئـاســـانی ئەو تـاوانە گەورەیە بخرێتە چوارچێوەی دەربڕین .

فکری ئیبراهیم کاکە، ناوی ئافرەتێکی بێتاوانی گەرمیانە لە بە هۆی تاوانی ئەنفالەوە وێڵی دوای پەرتەوازەیی ماڵ و منداڵەکەی ببوو لەبن ئەشکەوت و دۆڵ و هەردەکانی نێوان ئـاواییەکـانی بەلەوە و قوڕپچـایـدا حەیـدەری کوڕی پێشمەرگەی کەرتی شەشەو چارەنوسی نازانێ، ئەکبەریش ئەنفالکراوەو منداڵەکانی تری لەشار لای خزمان دای ناون ، خۆیشـــی هاتووە باری کەرێک لە ماڵۆچکە بێنازەکەی لە هەڵەتەکانی بەلەوەوە ببانەوە بۆ شار.

کۆپتەرەکانی ڕژێمی بەعس لە ئێوارەیەکی درەنگ وەختی ٢٨/ ٤/ ١٩٨٨ لە ئاسـمانەوە و جاشـە کاسـەلێسـەکانی لە زەمینەوە چوار دەوری ئەم دایکە عەوداڵە (شـــەهید فکری)دەکەن بەئاگرباران و ناچار بەرەوڕوی جاشەکان دەچێ و داوای هاوکارییان لێدەکات : ئێوە کوردن بۆ ئەم کوژن، جاشەکان زۆر نامەردانە لە دوری چەن مترێکەوە فیشەکێک دەنێن بەسـنگێوە و بەسـەختی بریندارى دەکەن و بەجێی دێڵن، دوای ئەوەی دونیا تاریک دەبێت کەســـێک بەناوی جەلال چاوی لێی دەبێت کە چۆن شـــەهید فکری دەدرێتە بەر دەســـڕێژی گولەو بریندار دەکرێـت ، کاک جەلال مەردانە دەچێتە هانایەوە و دەیگوێزێتەوە ژێر زەمینێک ، کاک جەلال دیمەنی تاوانی شـــەهید کردنی دادە فکری و چەندین دیمەنی ناخ هەژێنی تر ئاوا دەگێڕێتەوە.

لە بەین ئاوایی ئێمەو قوڕپچاییا ، شـــوێن ســـەختی زۆرە گشـتی شـاخ و داخە هەردەی بەلەوەو شـەخ شـەپەو گوڵم کەوەی پێ ئێژن ، شـوانیم تیا کردە شارەزای کون وەکون ئەو جەوەڵەم لەو ناوە خۆمان ئەشـــاردۆ ، وە هەر دۆڵ و ئەشـــکەوتێکا ئەڕۆییت پڕوی لە غەراز خواردن و جل و بەرگ ئەو خەڵکە وا لە ئاوایییەکانەوە هاوردویان ، خەڵکەکە گشـــتی گیریـاوی ، مـاڵەکـانیـان لەو هەردەو دۆڵێلا جێ هێشتوی .

خەوەرم زانی جاش عەدلان دیسـکۆ " عدنان دیسـکۆ " لێ جێشـەکەوا ئەو مەنتیقەی ئێمەی ئەنفال کردوە ، براو خزم و کەس گشتی گیریاوی بەس خۆم ماویمەوە ،

ئێوارانێ لەگوڵم کەوە بویم کۆپتەر هات دەسی کردە ڕەمی کردن وەو چەم و دۆڵێلا (٣٠ ، ٣٥) جاشـی دابەزان ، ماڵ ئەحمەو حەسەن شاخ دار خەڵک چوارشاخ بوین دومانگاو نێزگەی " نزیکەی "(٢٠٠) ســـەر مەڕو بەرخ یان لەو تۆی جەوەڵێلا شاردویەوە کۆپتەرەکان کەشفیان کرد ، جاشەکان گشـــتیان داە بەر وەتاڵانی بردیان باشـــوی شـــوانەکان خۆیان شـــاردویەوە نەگیریان ، لەو کاتەوا ژن و پیاوێک خەڵک لای خۆمان وەسواری کەر لەولاوە هاتن خواردن و پێخەف " کەلوپەل" یان لەو جەوەڵە جێ هێشـــتوی هەر دەس منالەکانیان گردوی و چوینە شـــارۆ ئەو ئێوارە لە شـــارۆ گەڕیـاوینۆ گوایە مـاڵەکەیـان بوەنۆ بۆ کفری خەریکوی تـاریـک دائەهـات کۆپتەرەکە کەشـــفیـانی کرد دایـانێ بەر ســـاروغ ، کەریم ســـادق هـاوڕێی ژنەکە وەقەوەتوی کەرەکەی جێهێشت وەڕا خۆی گەیانە مەلجەیەک باشـــوی زامارنەوی ، فکری ژن فەقێ ڕەشـــید لەکەرەکە داوەزوی " هاتە خوار" هەگبەکەی بان کەرەکەی داویە بان خۆیـا بۆ ئەوەی کۆپتەرەکـان کەشـــفی نەکەن ، دەنـگ جاشـەکانی ژنەفتوی" بیستبوو" هەڵسـیاوی چوی بۆلایان وتوی ئێوە کوردن من زەعیفەم تـاوانم چیە ئەم کوژن نەیان هێشتوی قسەکەی تەواو بکا ئەوەنە بێشـەرەفوین لە دویری چەن مەترێکۆ فیشـەکێکیان ناویە سـەر سـنگێوە وەسەختی بریندارياں کردویو لەو شوێنەوا جێیان هێشت.

ئێمەیش بڕێ هاروب وەیەکۆ بویمان خۆمان شـــاردەتۆ چاوەڕێین دنیا تاریک بکا ئەوســـا بچین بۆلای وتمان ئەویان کوشـتە با وەبۆنەی ئەوۆ یەکێ تریش نەکوژرێت ، دنیا تاریکی کرد دەنگ هیچ نەما ، میم فکری دوو ســـێ جار بـانـگ هـاوڕێکەی کرد وتی کەریم کەریم بگەوە پێم نەمردمە عیلاجێکم بکەن ، گوێمـان وەدەنگێوە بوی وتمە هاوڕێکانم بابچین بیوەینە مەلجەیەک دوســـێیەکیان خزم خۆیشی بوین وتیان، قسەمان پێکەوە نیە هەقمان نیە ؟

وتم کورە غیرەتتان بێت ئیمڕۆ کەی وەخت ئەوەیە، نەهاتن ڕام کرد گەیم پێی سەیر ئەکەم وەزوان ماوە " قسە ئەکات " ، وتی زۆر تینیمە ئاوم بدەپی " بدەرێ " تۆزێ ئاوم داپێی وتم ئەتوانی ڕێبکەی وتی ئاااااە بنبالّم گرد هەلّم ســـان بردم (١٠ ، ١٥) مەتریّک ڕۆیمان مەلجەیێک بوی دوو لێفەم هاورد لەناو مەلجەکە یەکێکم خستە ژێری یەکێکم خستە بانی ، وتم فیشەک دایە لە کوێت وتی نایانەتە نوک دلّمۆ ، فیشـــەکەکە لەبەردەمۆ داوی لەلای چەپی لەپشـــت کۆلّنج " شـــانی " یەوە دەرچوی ، بەس باشـــوی ژنێ وەغیرەتوی ، ئەوجا کەریم هاوڕێی هات بۆلامان ، وتم کەریم ئێوە لەم جەوەلّە چیەکەن چۆن هاتنە ؟

وتی لە کفریەوە هـاتینە غەرازو کەلپەلەکـانمـان بوەینۆ ئاوامان وەسەراهات .

وتم من لای ئەمێنم تۆبچۆ" بڕۆ " بۆکفری خەوەر بوە مالّیان بابێن عیلاجێکی بکەن .ئەوشـــەوە تابەیانی لای بویم کەس نەهات وەهاواریمانۆ ئیســـفەنجێکم پەیاکرد وە ئیســـفەنجەکە دەمیم تەڕەکرد ، فەقیرە هەر هاواری ئەکرد کەی تێن ئازار کوشـتمی منیش بۆ ئەوەی هورە " ورە" ی بەرزۆکەم هەر ئەموت هـانەڕێوە " بەڕێوەن" کەمێ تر ئەگەیەن ، شـەبەق وتم میم فکری من ئەچمە ئەو مەلجەکەی تر چاوم ها پێتۆ وتی قەینا برۆ نەیزانی جێی تێلم " جێی ئەهێلّم" ، من ئەم زانی بەیانی دوبارە کۆپتەرو جێشـــمان بۆ تێتۆ " دێتەوە " وەتەینا جێم هێشت .

نێزگەی (٨ ، ٩) کیلۆمەتر ڕۆیم لەوشـــوێنە دویر کەفتمۆ ئەوەنەی بەین سـمودو کەلار ئەوی ، خۆروبان بەرزۆ بوی (٩) کۆپتەر هـاتن دۆلّ وەدۆلّ ئەگەڕیـان مەل" پەلەوەر " یانیش بدیایە ئەیان کوشت لەو هەردەیەلا ڕەمیان زۆرکرد نەمان زانی ڕەمیان لەچی کردە .

لەترس کۆپتەرەکانا نەوێریاین تا ئێوارە بگەڕێینۆ بۆلای میم فکری، ئێوارە درەنگێ گەڕیامۆ ســـەیرەکەم میم فکری لە مەلجەکە نەماوە بڕێ بانگیم کرد ســـەلّا "دەنگی"ی نەوی ، لەدلّ خۆمۆ وتم دیارە کۆپتەر ئینزالی کردە و بردیانە ، تۆزێ ســـەیر دەور مەلجەکەم کرد ســـەیر ئەکەم لەمەلجەکە دەرچویە خوێن کەفتە، وەکڕ " شـــوێن "خوێنەکەیا ڕۆیم خوێنەکەی وەبـان تـاوێرەکەوۆ کەفتوی ، ســـەیرەکەم لەمەلجەکە دویرۆ کەفتە چویەتە نـاو بنجێ تەرووۆ خۆی شاردەتۆ هەرلەورەوا گیانی دەرچویی ؟

ئیتر نـازانم لەتینیـا لەمەلجەکە دەرچوی لەترس هـارەی کۆپتەرو تەقەوا دەرچوی وەدوای ئاوا گەڕیاوی!!!

ئـاااااااە چی ڕۆژێ ڕەشـــوی هـاوڕێ کـانم کەس لێلمـا نەگەڕیـاوۆ بۆلای تەینا خۆم هامە دیاریەوە ، وتم وەتەینا چی لەم جەنـازە بکەم ، چویم لێفەکـانم لەمەلجەکە هـاورد سەیر ئەکەم شڵپەی تێ لەخوێنا خستیانمە ژێرو بانی بڕێ تـاوێرم وەدەوریـا لەبـان لێفەکە دانـا وتم نەەک چەقەڵ و ڕێوی بێنە سەری لێی بخۆن !

جەنازەکەم جێهێشت وتم ئەچمۆ " ئەڕۆمۆ " بۆشار خەوەر کەســـو کـاری ئەوەم کەمێ دور کەفتمۆ دەنگە دەنگێ پەیابوی دەنگیانم ناسی ، سەیرم کرد فەقێ ڕەشید مێردی فکری و براو خۆیشـــکێ فەقێ ڕەشـــیدە هاتن وتیان فکە هالەکوێ گیانی تیاماوە ؟

وتم بەخوا کەمێ پێش ئێوە مردوە، ئیتر هەرچۆنێ بێت شـۆردمان بەخوا وەدەس ڕاســـی ئەو مەمکەی فیشـــەکەکە داوی لێی تون توت گردوی لە ئێش و ئازاریا چوێن جێم هێشـــتوی هەر ئاوها دەســـی وەبان زامەکەوە ڕەق بوی ، دوای شـــۆردن کفنیان بۆی هاوردوی کفن و دفنمان کردو هەر لەو جەوەلّە قەورمـان بۆی کردوو نـامـانە تۆی بڕێ تاوێر ، مێردەکەی و خۆیشـــک و برای مێردەکەی وتیان ئەگەڕێینۆ گەرێ ئیمشەو خۆمان بکەیەنینە شار

ڕانەکەی مالّ فەقێ ڕەشـید مالّ ئەی ژنە وازاماربوی و ڕان مالّ ســـمایل محموی خلیل لەو جەوەلّە بوین وە هەردوو ڕانەکە نێزگەی (٣٠٠) ســـەر مەڕو بەرخ ئەوین ، تومەز کۆپتەرەکان شـــەلم کوێرم دەس ناپارێزم ڕانەکانیان داویە بەر تەقە (٢٠ ، ٣٠) ســـەر حەیوانی لێی کوشـــت و زامارکردوی ، ئەودوایـان وەتـالّانی برد ، بەرخەکـانیـان هویردەوین " وردە " لێ ڕانەکەوا دەرنەوە چوین گشـــتی لەو هەردەی گولّم کەوە جێمـاوی قـارە قەریـان ئەونـاوەی گردویەوە گاوریان پێ بوســـولّمان ئەوی ، قژەی جەرگم ئەهات بۆیان.

لە یادەوەرییەکانی هاوڕێ پێشڕەو بەشی ٢٧" وەرگیراوە.

ساختەکاری و دەستکاری راستی

کۆمیتەی کوردۆ ساید /چاک فیینا

عومەر


دەستەی پارێزەرانی داکۆکیکار
(تۆمەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە)

بەڕێز / ڕاشکاوی جاوێری کوردۆساید- چاک کۆمیتە ی ئە مسا

سوپاس هاوکاری بەڕێزتان دەکەین بۆ ئەو ئامانگەیەتانا تەتۆمەی (کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەدا) وە ئەو هاوکارییەتان بەردەستمان خستووە. هیوادارین ئەووتەتان زۆربێت. لەگەڵ ڕێزدا .

ئەندامی دەستەی داکۆکیکار
پارێزەر/ ئیبراهیم مصطفی رضا

ئەندامی دەستەی داکۆکیکار
پارێزەر/ بکر حمه صدیق عارف

ئەندامی دەستەی داکۆکیکار
پارێزەر/زەینون فرج عبدالله

سەرۆکی دەستەی داکۆکیکار
پارێزەر/نۆزاد ادهم رحیم

بەداخەوە چاودێری کوردۆســـاید ئاگاداری نامەیەکیان بەڕێنوسێکی خراپ و پڕلە هەڵەی نوسین و زمانەوانیەوە لەماڵپەڕەکەیاندا بڵاوکردووەتەوە و بەچاوقایمی و بێمنەتی دەســـتکاری بەڵگەیان کردووەو بۆ بەرژەوەنـدی خۆیان چەواشـــەکاریان کردووە، با جارێ دەقی ئاگاداری نامەکەیان بخوێنینەوە، ئینجا منیش دوو قســـەی جـدی و بەڵگەدار دەخەمە ڕوو. ئەمەی خوارەوە دەقی ئاگاداری نامەکەیە :

ئاگاداری

پێویســـت ناکە هیچ لایەنێک خۆی کاتە خاوەنی نـاردنەوەی پرۆفیســـۆر فرایلینگێر بۆ دۆســـەی کیمیابارانکردنی هەڵبجە لە بغداد

ئەمەش بەڵگەی دەســـت خۆشـــیمـان لە لایەن پارێزەرانی دۆسەی ئەنفال و هەڵبجە.

سـوپاس نامەی دەستەی پارێزەرانی داکۆکیکار (دۆسـەی کیمیـابـارانکردنی هەڵبجە بۆ ئەنـدامـانی چاک لە ڤیینا Univ. Prof. Dr. Gerhard Freilingerبەبۆنی ناردنەوی وەکو شـــاهید حاڵیک لە تیمارکردنی برندارانی هەلبجە کە بە چەکی کیماوی بەرکەوتوبوون

بڕوانن لەو دووســێ دێڕەدا کە ٥٩ وشـــەیە ١٨ هەڵەی زەقی ڕێنوس و زمان هەیە ؟

ســـەیر لەوەدایە ئەم بەڕێزانە گوایە داکۆکی لە هەڵەبجە دەکەن کەچی بۆتـاقە جـارێـک ناوی هەڵەبجەیان بەڕاستی نەنوسیوە !

مـایەی داخە لەبری ئەوەی بە چـالاکییەکی ئەم بەڕێزانە دڵخۆشـــتان بکەم، ناچارم ئەم چیرۆکی ســـاختەکارییە بخەمەڕوو کە پڕەلە دڵڕەقیت بۆ دەگێڕمەوە، بەداخەوە کە ئەوە ئاســـتی تێفکرین و مۆراڵی کەســـانێک بێت، کە لە دۆســـێی جێنۆســـاید کار دەکەن، خۆزیـا مەرج بوایە ئەوانەی لەو دۆســـێیە کاردەکەن دەســـپاک و جێگەی بڕواو متمانە



دەبوون، خۆزیـا نوســـینەوەی مێژوو بەرهەموو کەس نەدەکەوت، ئـاخر ئەوانەی لەمەڕ دۆســـێی جێنۆســـاید کاردەکەن ئەگەر بڕوایەکی قوڵیان بە مافی مرۆڤ نەبێت نەخزمەتێک بەمرۆڤ دەکەن و نە گیانی شـــەهیدەکان و قوربانیەکانیش ئاسوده دەکەن !

بەڕێزانی کۆمیتەی ڤییەننای چاودێری کوردۆســـاید هەق نییە بەو دڵڕەقییەوە مامەڵە لەگەڵ کەســـانێک بکەن کە نایانناســـن و هیچ کێشـــەیەکیان لەگەڵیاندا نییە، ئەوان ســـتەمی گەورە لەکەســـانێکی ماندووەکەن، بەڵام هیچ بۆخۆیان بەدەســـت ناهێنن، ســـەرباری ئەو بێڕێزی وســـاختەکارییەش کە کردویانە، ڕێزی زۆرم هەیە بۆیان، بەش بەحاڵی خۆم هیچ کامیان ناناســم و دڵنیام ئەوانیش بەهەڵەدا براون. دەنا فرالینگیر گێردهارد، کاتێک هاتەوە بۆ کوردســتان بەمەبەســتی ئەوەبوو ئیفادە بدات لەلایەن ناوەندی چاکەوە هێنرایەوە ئەوســا شــتێک نەبوو بەناوی کوردۆســاید، ئەوانەشــی لەگەڵ فرالینکەگێردهارد هاتنەوە هیچیان ئەندامی کوردۆساید نین، هەلسوڕێنەری کارەکەش کــاک هــادی بــابەشـــێخ و کــاک تــاهیر ڕەحیم بوون، کەهەردوکیان نیشـــتەجێی ئەڵمانیابوون، ئەوشـــاندەش کە لەگەڵیدا هاتنەوە، کاک هادی بابەشێخ و ژنێک بوو بەناوی ڕۆشـنا محەمەد وەک وەرگێڕی زمان، ئەم کارە بەهاوکاری وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بوو، چونکە ناوەندی چاک توانای مادی نەبوو، هەتا خەرجی شاندەکە بگرێتە ئەستۆ. فرالینکەگیرد هارد بەسەیارەی وەزارەتی شەهیدان و یاوەری وەفدی ئەو وەزارەتە هاتن بۆسلێمانی بۆ هەڵەبجە. ئێ خۆ ئەوســا نەشـــتێک هەبوو بە ناوی چاودیری کوردۆساید نەکێشەکانش هێندە گەورەبوون، کە ناوەندی چاکیش دوو لەت بوو ئەو بەڕێزانە جیابوونەوە و چاودیری کوردۆســایدیان دروســتکرد، نە کاک تاهیر ڕەحیم لەگەڵیاندارۆیشـــتووە نەکاک هادی بابەشـــێخ کە هەریەکێک لە وان چالاکترین ئەندامی ناوەندی چاک بوون لە کۆمیتەی ئەڵمانیا. کاک تاهیر وازی هێناو کاک هادی بابەشـــێخ هەر لەناوەندی چاکدا مایەوە. ئەو ژنەش کە وەک وەرگێڕهاتبووەوە بۆیەک تاقە ڕۆژیش ئەندامی ناوەندی چاک نەبوو. ئەوەی لەگەڵ فرالینکەگیرهارد بوو، لە کوردســـتان بریتی بوون لە (بژارتەها خەلیل، ئەلەند مەحوی و من) شـــاندی ئەلمانیاش هادی بابەشـــیخ بوو. وێنەکانیشـمان بەڵگەن نەک ئەو بەڵگەنامە ساختەکراوەی بەناوی دەستەی پارێزەرانی داکۆکی لە دۆسێی هەڵەبجە.

گریمانە

باشـــە وا گریمان دەســـتەی پارێزەران ئەوەیان کردووەو ئێمەیـان لێهەڵاواردووە، بەدڵنیـایی نـاهەقیـان کردووە، ئەی بـاشـــە بەڕێزان لەچـاودێری کوردۆســـایـد چۆن ئەو ناهەقییەیان قبوڵ کردووە ؟! هەرچەندە دەستەی پارێزەران چ گۆران ئەدەهەم و چ بەکر حەمە ســـدیق و چ مســـتەفا عەســـکەری باش دەیزانن کە کارەکە نـاوەنـدی چاک لە ئەڵمانیاو کوردســـتان بەم کارە هەســـتاون بەهاوکاری وەزارەتی کـاروبـاری شـــەهیـدان و ئەنفـالکراوان نەک چاودێری کوردۆساید.

هەمـوو هەڵەبـجەیـیەک و دادوەری لـێـکـۆڵـیـنەوەو پـارێزەرەکـانیش بـاش دەزانن ئەگەر نـاوەنـدی چـاکیش نەیکردبێت من بۆخۆم لە دۆسێی هەڵەبجە ماندوو بووم و هاوکاری دادگاکەم کردووە، نەک بەڕێزانی کوردۆســـاید، هەموو کەســـێکی شـــارەزای کۆمپیتەریش بەرونی دەزانی ئەم بەڵگەیە ساختەکراوە.

نوسراوەکە دەستکاری کراوە :

نوســـراوەکە بەڕونی دیارە کە دوای ســـکانکردنی ناوی نـــاوەنـــدی چـــاک هەڵـــگـــیـــراوەو لابـــراوەو چـــاودێـــری کوردۆســـایدی خراوەتە ســـەر، بەڵام کارەکە ئەوەندە بە نەشـــارەزایی کراوە تەنانەت بە فۆتۆشـــۆپیش نییە، بەڵکو بەرنامەی (Eit -paint) کراوەو هێڵی برین و دانانەوەی ناوی چاودێری کوردۆســـاید نەشـــاردراوەتەوەو بەڕوونی دیارە.

بەهەرحـاڵ هەرچییەک بوو گەردنیـان ئـازادبێ، بەڵام بە دڵنیایی مێژوو لەم ســـاختەکارییە نابورێ و شـــەهیدەکانی هەڵەبجەش ئاسـودە نابن، ئەم ساختەکارییەیان بەسەرەوە بکرێت. وێنەکە لەڕاســـتەوە (هادی بابەشـــێخ، بژار تەها خەلیل، ڕۆشـــنا محەمەد، فرالینکە گێردهارد، ئەلەند مەحوی، هۆمەر محەمەد) شوێنەکەش مەزاری شەهیدانی هەڵەبجەیە. بەڵگە ســـاختەکراوەکە مـاڵپەڕو ئەرشـــیفی چـاودیری کوردۆســـایـد، بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی لە مـاڵپەڕی ئەنفالستان لابراوەو ئێستا ماڵپەڕەکەش کارناکات.

بڕوانە هەڵەی ڕێنوس و زمان لە و ٥٩ وشەیەی کۆمیتەی ڤییەننای چاودێری کوردۆســـایددا، هەڵەکان هێڵیان بەژێرداهێنراوەو لەخشـــتەکەدا ڕاستکراونەتەوە.

پێویست ناکە هیچ لایەنێک خۆی کاتە خاوەنی ناردنەوەی پرۆفیسۆر فرایلینگێر بۆ بۆسەی کیمیاباڕانکردنی هەڵەبجە لە بغداد ئەمەش بەڵگەی دەست خۆشیمان لە لایەن پارێزەرانی بۆسەی ئەنفال و هەڵەبجە.

سوپاس نامەی دەستەی پارێزەرانی داکۆکیکار (بۆسەی کیمیاباڕانکردنی هەڵەبجە بۆ ئەندامانی چاک لە ڤیینا
Univ. Prof. Dr. Gerhard Freilingerبەبۆنی ناردنەوی
وەکو شاهید حالیک لە تیمارکردنی بریندارانی هەلبجە کە
بەچەکی کیماوی بەرکەوتوبوون

کۆمیتەی کوردۆ ساید /چاک ڤیینا

ز	هەڵە	ڕاست
١	ناکە	ناکات
٢	هیچ	هیچ
٣	کاتە	بکاتە
٤	فرایلینگێر	فرالینکە گێڕدەهارد
٥	دۆسەی	دۆسێی
٦	هەڵبجە	هەڵەبجە
٧	بغداد	بەغداد
٨	دۆسەی	دۆسێی
٩	هەڵبجە	هەڵەبجە
١٠	ڤیینا	ڤییەننا
١١	بەبۆنی	بەبۆنەی
١٢	ناردنەوی	ناردنەوەی
١٣	حالیک	حاڵێک
١٤	برندارانی	بریندارانی
١٥	هەلبجە	هەڵەبجە
١٦	بەرکەوتوبوون	بەرکەوتبوون، یان بەرکەوتوون
١٧	هەڵبجە	هەڵەبجە
١٨	فیینا	ڤییەننا



وێنەی ئەنفالکراو : عەزیز حاجی خدر گوندی سیکانیان ناحیی سورداش ١٩٨٨/٢/١٢ وێنەکە گیراوە

ئەرشیفی کاک تەها سیکانیان

ئەوانە گۆڕی بەکۆمەڵ نین

سەرنجێک دەربارەی ڕاپۆرتێکی کەنالّی نالیا

هۆمەرمحەمەد

شـــەوی ٣١ی تەمـــوزی ٢٠١٩ کەنـــالّـی(N.R.T)، ڕاپۆرتێکی دەربـارەی نوگرەســـەلمـان و گۆرەکـانی نزیکی کرد، شوانێکی عەرەبی نیشاندراین، کە گۆرەکان دەدۆزێتەوەو بەدەســـتی خۆی هەڵیـان دەداتەوە! ڕاپۆرتەکە بەشـێوەیەک نیشـاندرا کەوا بۆیەکەمجارە کەنالّی (N.R.T) دەیاندۆزێتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەم کەنالّانەو میدیاکارەکانیان ئاگادارنین کە ئەو گۆرانەی ئەم شـــوانە عەرەبە، دەســـتیان تێوەردەدات دەمێکە دۆزراونەتەوەو شـــایەتحالّی گرنگیـان هەیە. بەڵام لەسەر ئاستی عێراق وکوردستان دەسەڵاتداران لێێان بێخەمن و بەهەندیان نەگرتوون.

ئەوگۆرانەی ئەوشـــەوە ئێن ئارتی نیشـــانیداین و نەیتوانی ڕونـاکی بخـاتە ســـەر کێشـــەکە، بەڵکو ڕاپۆرتێکی بێزانیـاری بوو، ئەوانەی ئەو بەگۆڕی بەکۆمەڵ نیشانیداین بەهەڵەدا چووە، چونکە لەڕاستیدا ئەوانە گۆڕی تـاکەکەســـی ئەوئەنفـالکراوانەن کە لە زیندانی نوگرەسـەلمان لەبرسـان مردون یان لەتینوان خنکاون و زیندانیەکان بۆخۆیان ناشـــتویانن و بە عەرەبانیەکی ســـێ تایی بردویانن بۆ پشـــتی قەڵای نوگرەسەلمان و بەشیوەیەکی زۆر هاکەزایی نێژراون لەبەرئەوەی زەوی ئەوێ توێژاڵێکی لەمەو ژیر لەمەکە شـــەختەیەکی ڕەقەو بەئاســـانی هەڵناکەندرێ ئەوە جگەلەوەی دەســـتبەســـەرکراوەکانی نوگرەســـەلمان لەبەرئەوەی بێ خۆراکی بـاش بوون هەموویـان بێ هێزو لاوازبوون و توانای پاچکاری و هەڵکەندنی ئەو زەوییە ڕەقەیـان نەبووەو ســـەربـازەکـانیش هێندە دەرفەتیان نەداون ئەوپەڕەکەی ٢٥ دەقەیەک کاتیان پێـدراوە بۆ شـــاردنەوەی تەرمێـک بۆیە هەراوا هـاکەزایی ژێرلمیـانـداون و دواتریش ســـەگەکـانی دەوروبەری قەڵاکە تەرمەکـانیـان دەرهێنـاونەتەوەو خواردویانن.

ئەوەی ئێن ئارتی کردی جۆرێک ســـەرلێشـــێوانی دروســـتکرد، چونکە وێنە گشـــتیەکەی گۆری ئەنفالکراوان گۆڕی بەکۆمەڵە نەک گۆری تاکەکەسـی، بەڵام ئەوەی نیشانیداین کارێکی نایاسایی وبێ ئیتیکی ڕۆژنامەوانی بوو، چونکە لەباری یاســـاییەوە هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە بچێت گۆڕەکان هەڵبداتەوە، کەچی بینیمـان عەرەبێکی نـاوچەکە، هەربەدەســـتی خۆی لمی ســەرتەرمەکە لادەبات و ئیسک وپروسکی ڕوفـاتەکەمـان نیشـــان دەدات، ئەمە لەبـاری ئیتیکی ڕۆژنامەوانیشـەوە هەر ڕێگەپێدراو نییە. ئەگەرچی من بەهۆی بەدواداچوونەکانمەوە دەزانم کە دەمێکە شوان وعەرەبی ئەو ناوچانە دەچنە ســەر گۆڕی بەکۆمەڵ و زۆرجاریش هەر بەگۆچانەکانی دەستیان ئیسکی ئەو قوربـانیـانە دەردەهێنن و لێیـان هەڵـدەڕوانن، دوای ئەوەی جنێوێـک بۆســـەدام دەنێرن ئێســـەکـان بەجێدەهێڵن. دەبوو لەوراپۆرتەدا ئەو پرسـیارە وەڵام بدرایەتەوە کە بۆچی، ئەم گۆرانە بەتەنیان وبەکۆمەڵ نین ؟ من ئەوە ڕونـدەکەمەوە کە بۆچی گۆڕەکـان بەتەنیان و ئاوا بەو شێوەیە نێژراون لەم چەند خاڵەدا کۆیان دەکەمەوە :

1. کەرەستەکانی بەردەستیان بریتی بووە لەپاچ –قازمەیەکی کۆڵ وخاکەنازێکی کلک شـــکاو خراپۆکە.
2. ڕاســـتە بیابان لمە، بەڵام بســـتێک ژێر لمەکە خـاکێکی ڕەق و زبرەو بە ئـاســـــانی هەڵنـاکەنـدرێ . تەنهـا دەتوانرێـت نزیکەی دەپانزە سانتیمەترێک لمەکە لابدرێت.
3. زیندانیەکان بەهۆی برسێتی و بێخۆراکییەوە لاوازو بێهێزبوون وتوانـای ئەوەیـان نەبووە ئەو خاکە ڕەقەنە هەڵبکۆڵن.
4. بەرپرسـانی زیندانەکە نەیاندەهێشـت لەسـێ کەس زیاتربچن بۆ ناشتنی مردووەکان.
5. ئەوانەی لەنوگرەسـەلمان دەسـتبەسـەربوون تەنها پیرەمێردەکان بوون، ئەوانیش جگەلەو خاڵەی ســـەرەوە بەســـروشـــتی تەمەنیان کەسانی بێهێزبوون.
6. کاتی داپۆشین وشـاردنەوەیان ئازاد نەبووە، ئەوپەرەکەی ٢٥ دەقە کـاتیـان هەبووە بۆ

شاردنەوەیان، هەمیشە سەرباز بەدیاریانەوە بووە، نەک هاوکارییان نەکردوون بەڵکو پەلەپەلیان لێکراوەو هەتا تەرمەکەیان شاردووەتەوە لەلایەن ئەو سەربازانەوە سوکایەتی بە کوردو بە تەرمەکەکراوەو جنێوو قسەی سوکیان پێگوتراوەو هەندێک جارلێیاندراوە.

لەماوەی کارکردنمدا لەدۆسێی ئەنفالدا گەلێک شایەتحالی نوگرەسەلمانم دواندووەو قسەیان بۆکردووم و بۆیان رونکردومەتەوە، کە بەزەحمەتێکی زۆرتوانیویانە مردووەکانیان بنێژن، هەندێکجار بەرپرسی زیندانەکە (حەجاج یان شەمخی) رەزامەندی دەرنەبریوەو ماوەی رۆژێک زیاتر ماونەتەوەو وەک سوکایەتی پێکردن لەبەردەم زیندانەکان تەرمەکەی هێشتووەتەوەو ئینجا رەزامەندی دەربریوە تەرمەکە بەرنە دەرەوەی قەڵای نوگرەسەلمان بۆناشتن، کەبردوشیانە هەربەجل وبەرگی خۆیەوە تەرمەکە خراوەتە سەر عەرەبانەیەک و براوەتە دەرەوەی قەڵاکەو دەبوو لەکەمترین ماوەدا ژێرخۆڵبدرایە، سەعید عەبدوڵا کە ئەوسا مندااڵ بووە لەنوگرەسەلمان زیندانی بووە دەڵێت : وێنەی عەرەبانەکەم هەرلەبەرچاوە پارچە چینکۆیەک بوو سێ تایەی هەبوو لەپێشەوە تایەیەک ولەدواوە دوو تایەی هەبوو، لەدواوە دەسکێکی هەبوو بۆ پاڵپێوە نان، زۆر بەزەحمەت لەناو لمەکە دەرۆیشت، پیاوەکانیش پیروبێهێزو برسی بوون.

عەلی عارف لەدیدارێکی گۆڤاری ئەنفالستاندا کە دێتە سەرباسی مردن وبەخاکسپاردنی براکەی بەناوی (ئەنوەر) ئاوا باسی ناشتنی دەگێڕێتەوەو دەڵێت : بردمان بۆسەر قەبرانەکە، بەخاکمان سپارد، بەڵام تراژیدیا لەسەر قەبرانەکەی نوگرەسەلمان بوو. دەبوو لەسەر عەرەبانەیەکی سێ تایی ئەو جەنازەیە بەریت ئەویش تایەیەکی تەقی بوو نەدەرۆیشت بەناو ئەو لمەدا، تەنها زەنگ (پاچ) یەکیان دابوو پێمان کول بووکلکەکەی شکابوو، خاکەنازێکیان دابوو پێمان کلکەکەی کورت بوو، پۆلیس لەگەڵماندا بوو ئیهانەی دەکردین، بەقامچی و بەچەکەوە، دەبوو بەناو ئەو لەمەدا بەزوترین کات بیگەیەنینە گۆرستانەکەو بە کەمترین وەخت بەو قازمەو خاکەنازە خراپە گۆر هەلبکەنیت و بیشاریتەوە، نەک قەبری بۆ هەڵبکەنیت. ئەوەندە لەسەرمان نەدەوەستان، گۆر هەڵبەکەنی، ئینجا خاکەکەی سەرەوەی لم بوو هەتا قولەپێمان لم لەسەر خاکەکە بوو بەڵام ژێری رەق بوو، هەڵنەدەکەندرا، ئەو زەوییە لە وشکی و بێئاوی خۆیدا..لەو بیابانە شەقی بردبوو. کە پاچمان لێدەدا ئاگری دەکردەوە. ئێمەش لە برسان نەماندەتوانی قەبر لەوشەختە ڕقەدا هەڵبکەنین. بۆیە ناچاربووین هەروا کەمیک خۆڵ بکەینە سەریداو بیشارینەوە. چونکە پۆلیسەکان نەدەوەستان لەسەرمان قەبر هەڵبکەنین، دەبوو بەزوترین کات بیشارینەوەو بگەڕێینەوە بۆناونوگرەسەلمان.

ئەفسوس کەناڵەکانی راگەیاندن ئەوەی پابەندنین پێوەی گەیاندنی زانیاری وردە، سەیر لەوەدایە زانیاری وەردەگرن بەبێ ئەوەی هیچ پارەیەکی پێبدەن کەچی هێشتا وەک خۆی زانیارییەکان ناگەیەنن، دەنا ئەگەر راگەیاندنکار تەنها سەردانێکی ماڵپەری ئەنفالستان بکات زانیاری وردی دەربارەی ئەنفال چنگ دەکەوێت بەبێ ئەوەی هیچ پارەیەک بدات. بەڵام ئەوان تەنها کات بەرێدەکەن، هەربۆیە کاتی بەنامەکانیان بەزانیاری درشت وباو پردەکەنەوە. لەنوگرە سەلمان بەسەدان کەس مردوون ولەوێ تەرمەکانیان بەجێماون، بەپێی زانیارییەکانی من تەنها هەڵەبجەییەکان ٥٢ کەسیان لەبرسان مردووەو ئێستا لەهەمان ئەو بیابانە بەجێماون کە دەکەوێتە خوار قەڵاکەی نوگرەسەلمانەوەو راپۆرتەکەی ئێن ئارتی تەنها بیابانێکی نیشانیداین و لەدورەوەش وێنەیەکی قەڵاکەی نیشاندراین کەبەهیچ جۆرێک ئاماژە نەبوو بەوەی قوربانیەکانی ناو ئەم گۆرانە زیندانیەکانی ناونوگرەسەلمان بوون.

گرفتارییەکانی ژنانی چەکی کیمیاوی

ئامادەکردنی : ئیراد منوچرسان



ژنانی بەرکەوتە لە هەڵەبجە سەرهەڵدانی نەخۆشیەکانی وەک گرفتی لەدەستدانی بینایی و هەناسەتوندی و کۆکەی بەردەوەم ، کە دەرهاویشتەی هەبووە لەسەر ئەوەی گرفتی کۆمەڵایەتیان بۆ دروست بێت ئەویش سەرهەڵدانی گرفتی جیابوونەوە لە پرۆسەی هاوسەرگیری و نەبوونی شوێنی نیشتە جێبوونی تایبەت بە خۆیان ، کەزۆرجار لەگەڵ خێزانی کەسانی وەک براو خوشکەکانیان دەژین ، وەیان ژمارەیکەی دیکە لەم ژنانە هاوسەرەکانیان هاوسەرگیری ژنی دوومیان کردووە ، لەبەر ئەوە ئەم ژنانە لە دۆخێکی کۆمەڵایەتی دژواردا ژیان بەسەردەبەن لەلایەک نالاّندنیان بەدەست نەخۆشیە درێژخایەنەکان و لایەکی دیکە گرفتی زۆری کۆمەڵایەتیان هەیە.

لە هەندێ باردا بۆچارەسەرکردنی دۆخی ئەم بریندارانە بەتایبەتی ئەوانەی کەگرفتی هەناسەدانیان هەیە ئامێری پزیشکیان لەماڵەوە بۆ دانراوە بەڵام ئەم ژنانە شارەزایی ئەوتۆیان نیە لەسەرکارپێکردنیان ناتوانن سوودی تەندروستی لێوەربگرن.

چونکە ئەم ئامێرانە پێویستەکەسانی پسپۆر چاودێری تەندروستی کارپێکردنیان بۆبکات سەرەڕای ئەوەی ئەو ژنانەش لە قۆناغی وەچە خستنەوەدان لەکاتی منداڵبووندا تووشی گرفتی بەکارهێنانی دەرمان و تەنگە نەفەسی دەبنەوە وپێویستیان بە چاودێری تەندروستی چڕ هەیە وەک دایبنکردنی ئۆکسجین و پزیشکی پسۆری ژنان بە بێ بەرامبەر. بەڵام خزمەت گوزاریە تەندروستیەکان لە نەخۆشخانەکانی لە پاریزگای هەڵەبجە بۆ ئەم ژنانە بەپێی پسپۆریەپزیشکیەکان لە ئاستێکی زۆر لاوازدایە بۆ خزمەتکردن بە تووێژەی ژنانی بەرکەوتەی چەککی کیمیایی ،بەتایبەتی پسپۆریەکانی وەک چاو و ژنان و منداڵبوون و پێست ، لەکاتێکدا گرنگە خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان بەرفراوانبکرێت بۆ خزمەتکردنی ژنانی بەرکەوتەی چەککی کیمیایی چونکە زۆرێکیان لە کلینیکیە پزیشکییە تایبەتەکان چارەسەر وەردەگرن بارگرانی ئابووری بۆ دروست کردوون.

(گوڵنازو زاگرۆس و ڕێباز)

لە قەڵاسێوکە گیران وئەنفالکران

لە پەلاماری ئەنفالی چوارەمدا گەلێک کەس گیرواون و ئەنفالکراون، بەتایبەتی گوندەکەی گوڵناز (عەسکەر) گورزی کەمەرشکێنیان بەرکەوت، ئەوان ئێوارەیەک بەرلە هێرشی پیادەی سوپا لەگەڵ گوندی گۆپتەپەی دراوسێیان بەر پەلاماری کیمیایی کەوتن و خەڵکێکی زۆر بەهۆیانەوە شەهید بوون .

هەموو ئەنفالکراوێک چیرۆکێکی خۆی هەیە، ئەم وێنەیە گولناز ئەحمەد سەلیم لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٨ بوو، ژنێکی جوان ودامەزراو، میواندۆست وبەخوڵقوخۆبووهاوژینی شەهید غەریب سەعید بوو، کە تێکۆشەرێکی ڕۆژگارە سەختەکان و پیاوێکی کۆمەڵایەتی بوو، غەریب سەعید بەناوی غەریب عەسکەریشەوە ناسراوە لەبەرئەوەی خەڵکی گوندی عەسکەری سەربەناحێی ئاغجەلەری قەزای چەمچەماڵە، بەداخەوە لە شەوی (٢٠٠٧/٩/٥) کۆچی دوایی کرد.

گوڵناز لەگەڵ هەردو کورەکەی بەناوەکانی (ڕێباز لەدایکبووی ١٩٨١ و زاگرۆس لەدایکبووی ١٩٨٢) لەلایەن جاشەکانی شیخ مەحمودی کارێزەوە گیران و ئەنفالکران.

چیرۆکی ئەم خانەوادەیە زۆرخەمناکە، کاتێک غەریب سەعیدی هاوژینی گولناز فەرماندەیی تیپێکی پێشمەرگەی دەکرد، بە نیازی ئەوەبوو بەرگری بکەن و ماڵ ومنداڵی خەڵک بپارێزن و دەستی بەعسیەکان کورت بکەنەوە، بەلام هەرچەندی توانیان نەینتوانی بەوچەکە سوکانەی بەدەستیانەوەیە پێش بەلەشکری بێ ئەژمارو پرچەکی مۆدیرینی بەعسیان بگرن، چونکە سوپا بەچەکی مۆدێرن هێرشی دەبردو دەستی دەگەیشتە هەموو شوێنێک، ئەوسا کە لەگەڵ تیپەکەی دەیانویست بەرگری بکەن بنکەو بارەگاکانی سەرکردایەتی حزبەکەشی دوومانگ بوو لەگەڵ زەوی تەخت کرابوون.

غەریب سەعید ئەوکاتە باوکی شەش منداڵ بوو، دەڵێن کاتێک پێیانگوتووە فریای منداڵەکانت بکەوە ئەو گوتوویەتی ناکرێت ژن ومنداڵی خۆم دەربازبکەم و هی خەڵکیش بکوژرێن ئەو بەنیازبوو بەرگری هەتا سەربکات،



بەڵام کاتێکی زانی هاوژین وکورەکانیشی کەوتنە دەست هێزەکانی سوپا خانەوادەکەی پێکهاتبون لە گوڵنازی هاوژنی و ئاراس و هەورازو کۆسرەت هەڵگوردو ریبازو زاگرۆس، وئاواز بەناز، بەڵام



هەڵگوردو ئاواز لە دایکیان دابران و بەختیان هەبوو لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵکی تر کە وەک مەلی هێلانە لێتێکچوو بەدوای دەروویەکدا دەگەڕان ڕۆیشتوون و ڕزگاریان بوو، ئاراس و بەنازو کۆسرەت و هەورازیش بەلایەکی تردا بەرەو دەشتی کۆیە ڕۆیشتوون و هەرچۆنێک بووە خۆیان پەنا داوەو ئەوانیش ڕزگاریان بووە. ئارازیش لەگەڵ مامێکیان بووە بەناوی عومەر ئەوانیش ڕزگاریان بووە، بەڵام ئەفسوس گوڵنازو هەردوک کورەکەی زاگرۆس و ڕێباز کەوتنە دەست سوپاو جارێکی تر نەبینرانەوە.

وێنەکە ئاوازوبەنازو زاگرۆس و ڕێبازو هەورازن مێژوی وێنەکە ڕۆژی ٢١ی ئایاری ساڵی ١٩٨٤.

هەڵەبجەی جیاواز



دانا هەڵەبجەیی

ئایا بۆچی یادی هەڵەبجە ئەکرێتەوە؟، کێ ئەیکات و بۆ کێ ئەکرێت؟ بۆ وەبیرهێنانەوەی تاوان و تراژیدیایە؟ یان بۆ غەمباری و پرسە و عەزاداری و شین و شەپۆرە؟ بۆ ئەوەیە، ئیتر دووبارە نەبێتەوە؟ بۆناساندنی مالوێرانی و ستەمە، بۆ بێگانەکان؟ ئەسڵەن خۆشمان ئەزانین چی ڕوویداوە، تا یادی بکەینەوە؟. هەڵەبجە، نەک بە تەنیا هەر لە هەشتاوهەشت ڕووی داوە، بەڵکو هەموو ڕۆژێک ڕوو ئەدات، بە ئێستاشەوە. پێنج هەزار، تۆ بڵێ دە هەزار، نەخێر تەنیا با بڵێین دە کەس، خۆ گۆڕستانێک بوونی نییە، بەڵکو تەنیا ژمارە و ڕەقەم مەوجودە، بۆ حکومەتەکان و بۆ خەڵکەکەشی، هەر ژمارە و هەر عەدەدن. هەڵەبجە، لە دوای کیمیاڕژانەوە، بوو بە ژمارە، بوو بە کەرستە و بوو بە ناوبانگی و بوو بە پارە. هەر کەس ژمارەی ١ و ٢ و ٣ و ٤ و ٥ی گیانی نەماوە، بەڵام ١ و ٢ و ٣ و ٤ و ٥ ملیۆنی دینارى بۆ ماوە، تا ژمارە زۆرتر بێت، پارەش زۆرتر ئەبێت. هەڵەبجە، ئەو کاتەی سەددام ویستی کیمیایی لێدا، ڕووی نەداوە، ئەو کاتە ڕووی دا، کە بوو بە ژمارە. هەڵەبجە، قەد ئامانج و مرۆڤ نەبوو، بەڵکوو کەرەستە و ژمارە بوو، هەر وەک چۆن بۆ سەددام کەرەستە بوو، بۆ یەکێتی و بەرەی کوردستانی و فەیلەقی بەدر و فەجر و الله اکبری سوپا، کەرەستە بوو، مرۆڤ نەبوو، .. بۆ یادی هەڵەبجە، چی وێنایەک و بیرێک بە یادی خۆمان بهێنینەوە و چی بە جیهان بڵێین؟، چی هاندەرێک وای لە سەددام کرد، کە ئاوا فەرمانێک دەربکات؟، و تاوانێکی لەم چەشنە بکات؟. ئایا ئەو توانایی و ئامادەباشییەی کە لە سەددامدا هەبوو، بۆ هەڵەبجە و ئەنفال و بارزان، ئێمە سااڵنە یادی ئەکەینەوە، گوایە لە دژی فەرمانەکەی سەددام ئەوەستین و بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە، ئایا ئەو توانایە چی بوو، ئایا بە سازدانی ئەم بۆنەیە، ڕێگری ئەکەین لە دووبارە بوونەوەیدا؟. ئەمە خۆی سەرەکیترین ئەو ئیستعدادەیە کە ئەم ڕووداوەی خوڵقاند، وە بەڵام ئایا تەنیا سەددام حسێن، ئەم توانایەی تێدا بوو؟. من لە نامەکەی کە ناردم بۆ پاپای ڤاتیکانیش، نووسیم کە چۆن بە هەموو تانەوە هەڵەبجەتان لە خاج دا، هەر ئەو ئیستعدادەی کە مرۆڤ ئەکات بە ئاژەڵ و بە ژمارەی سەر ئەیژمێرێت؛ یەک سەر، دوو سەر، سێ سەر، سەد سەر، هەزار سەر، پێنج هەزار سەر و هەڵەبجەی کرد بە ژمارە، هەر ئەوەش بوو مام جەلال داوای زیادکردنی ژمارەکانی ئەکرد (ئاخ بۆ چەند هەڵەبجەیەکی تر)، و خۆشمان یەکتر بە ژمارە ئەناسین ، هەر وەک چۆن سەددام بە عەدەت و ڕەقەم ناسیویەتی. تاوانی هەڵەبجە هەر لە ٨٨ ڕووی نەداوە، بەڵکو ئەمڕۆ ڕوو ئەدا، دوای ٣٣ ساڵ، کوان ئەوانەی کە ڕۆحیان بوو بە ڕەقەم، ئێستا لە کوێن؟. ئاخر کام قەرەبووی مادی (دینار (، جێگەی بۆشی باوک و دایک، خوشک و برا، ژن و مێرد، پڕ ئەکاتەوە؟، ئەمە نەک بۆ خۆمان کە ماوین، بەڵکوو بۆ ئەو گیانانەی کە کوشتیان، تەنیا بوون بە ژمارە و ژمارەش بوو بە موچە و موچەش بوو بە بڕێک پارەی قەرەبوو، لە ڕێزی سەرەدا، بۆ سەرە ژماردووەکان، سەرشۆڕانە سەرەی بۆ ئەگیرێت. ئاخر کوا لە فەرهەنگی سەرزەمینی کوردەواردا، خوێن بە پارە قەرەبوو کراوەتەوە؟؟. ئەمە بە تەنیا لە خو و ڕەوشتی بادییە و بیابانداا، خوێن بە حوشتر و کوژراو بە کاڵا، سوڵحی پێکراوە، نەک لە ناوجەرگەی جاف و گۆراندا. هەر بۆیە ئەوانەی وەک سەددام، هەڵەبجەیان کرد بە ژمارە و کەرەستە و شوهرەت و پارە، وەک سەددام مەیل و شایستەیی ئەوەیان هەیە، کە مرۆڤەکان وەک سەرە مەڕ، بکەن بە ژمارە

دانا هەڵەبجەیی ٢٠٢١/٣/١٣

جینۆسایدی هەڵەبجەو بەیاسا دانپێدانی نێودەوڵەتی

ئاوارە حسێن

لە ڕۆژی (١٩٨٨/٣/١٦)، کاتژمێر (١١:٣٥) یانزەو سی و پێنج خولەکی پێش نیوەڕۆ، دەیان فڕۆکەی جەنگی ڕژێمی بەعسی سەددام، کەوتنە بۆردومانکردنی شارەکە بە چەکی کیمیاوی و بە چەکی کلاسیکی لە سەرەتادا گازی خەردەلی تێدا بەکارهات و دواتریش بۆ یەکەم جار لە میژووی دروست کردنی چەکی کیمیاوی گازی دەمارەکان بەکارهات. .



دەیان فڕۆکەی جەنگی (سێخۆی و میراج) ئاسمانی شارەکەیان داپۆشی و (١٥) پانزە جار شارەکە بۆردومان کرا. هەرجارەی (٨- ١٠) هەشت تا دە فڕۆکە بەشداریی دەکرد و گازەکانی (خەردەل، سیانید، و فسفۆر)یان دەڕژاند بەسەر دانیشتواندا.

ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا ڕوویدا، لە کاتژمێر (٣) سێی پاش نیوەڕۆی (٣/١٦)دا، خەڵکەکە هەستیان بە بۆنێکی نائاسایی دەکرد، لە بۆنی سێوی شیرین دەچوو، هەندێکیان بە بۆنی عەتر و خەیار و سێو تێدەگەیشتن، ترسێکی بێوێنە باڵی کێشا بەسەر ئەو خەڵکەدا. ئەوەی توانییان بیکەن تەنها ئەوەندە کە درزی دەرگاو دیوارەکان بە خاولیی تەڕ بگرن و دەموو لوتیان بە قوماشی تەڕ داپۆشن، هەندێکیان ئاگریشیان لە ژوورەوەی پەناگەکاندا دەکردەوە.

ئەو هەڵەبجەییانەی کە لەو ژەهربارانە ڕزگاریان بووە، ئەوانەی چارەنوسیان وابوو کە بژین، باسی ئەو ڕۆژە دەکەن کە بەچاوی خۆیان لەژێر دوکەڵی ژەهری کوشندەی کیمیاوی قەدەغەکراودا بینییان، جەستەی هەڵەبجەییەکان وەک گەڵای دار کەوتبوو، ئاژەڵ و باڵندەکانیش هەمان چارەنووسیان هەبوو. خەڵک هەبوو لەبەر دەرگا، لەسەر جادە، لە ناو ئۆتۆمبێلدا گیانی سپاردبوو، زیندووەکان دۆخیان زۆر ناجێگیر و خراپ بوو، دەم و دەست و چاویان لە گۆ کەوتبوو. هەندێکیان بەبێ ویستی خۆیان پێدەکەنین، هەندێکیان پەلە قاژێی دەربازبوونیان دەکرد و کەمێک دەڕۆیشتن و دەکەوتن، چاویان باش بینایی نەدەکرد و وەک ئەوەی دەرزی ئاژنین بکرێن، کە میزیان دەکرد میزی خوێناوییان دەکرد. ئەوەش هەموو کاریگەری کوشندەیی ئەو چەکە کیمیاویە قەدەغەکراوە بەکارهاتووانە بوون. دەرەوەی شارەکەش هەموو بۆردومان کرابوو بۆ ئەوەی ئەوانەی دەیانەوێت بیر لە خۆ دەربازکردن بکەنەوە لەوێش بە کاریگەری ژەهرەکان گیان لەدەست بدەن. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە بەشێک لەوانەی لە شار چوونە دەرەوە لە دەوروبەری شارەکەدا گیان لەدەست بدەن.

لەپێش جینۆسایدی هەڵەبجە، ژمارەی دانیشتوانی ناوەندی قەزای هەڵەبجە و گوندەکانی یەکەی کارگێڕییەکەی بەپێی سەرژمێری ساڵی (١٩٨٧)، کە لەلایەن ڕژێمی عێراقی لەناوچووەوە کرابوو، گەیشتبووە (١١٥٥٤٠) سەدو پانزە هەزار و پێنج سەد و چل کەس. کە لە شارەکەو (٢١٦) دوو سەدو شانزە گونددا نیشتەجێ بووبوون. لە دوای جینۆسایدەکە تەنها (١٨) هەژدە گوند مانەوە و (١٩٨) سەدو نەوەدو هەشت گوندەکەی تر وێرانکران و خەڵکەکەی ئاوارەکران و بوونە پەنابەر. سامانی ئاژەڵ و کشتوکاڵ و سروشت بەڕێژەی (١٠٠%) لە سەدا سەد لە ناوبران، چونکە سەرجەم ناوچەکەیان کرد بە قەدەغەکراو.

سەبارەت بە ژمارەی قوربانیانی جینۆسایدی هەڵەبجە، تا ئێستا ئامارێکی ورد لەبەردەست نییە. بەڵام ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ ئامارێکی هەڵەبجەیان کردووەو (٣٢٠٠) سێ هەزار و دوو سەد ناویان لایە. وە بڕواشیان وایە کە (٤،٠٠٠- ٧،٠٠٠) چوار هەزار تا حەوت هەزار، لە هەڵەبجە خنکێنرابێت. ئامارێکی تر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ژمارەی کوژراوەکان دەگاتە (٥٤٦١) پێنج هەزار و چوار سەدو شەست و یەک کەس و ژمارەی برینداراکانیش لە ناو (١٤) چواردە کامپی ئێرانیدا و بەپێی ئاماری ئێرانییەکان دەگاتە (١٢٨٠٠) دوانزە هەزار و هەشت سەد

کەس. بەشێک لەو بریندارانەشی کە ڕوویان لە ئێران کرد بە مەبەستی وەرگرتنی چارەسەر بەشێکیان لەوێ گیانیان لەدەست دا و هەر لەوێش نێژران لە گۆڕستانی بەهەشتی زەهرای تاران لە شـــوێنێکدا بەناوی (موقیعیت شـــهدای حلبجە)، کە ژمارەیان نزیکەی (١٧٠) سـەد و حەفتا گۆڕە. هەر لە ئێران و خۆرهەڵاتی کوردســـتان نزیکەی (٧٣٠) حەوت سـەد و سـی گۆڕی تری شـەهیدانی جینۆسـایدی هەڵەبجە هەیە. بە تۆببارانی ئێرانیش بۆ گرتنی هەڵەبجە نزیکەی (١٥٠) سەد و پەنجا کەس کوژران.

بەشـێکی ئەو بریندارانەش بەهۆی سـەختی برینەکەیان و کوشـــندەی گازەکانەوە کە تا ئێســـتا چارەســـەریان وەرنەگرتووە بەردەوام لێیان دەمرێت. ئەوانەشـی کە ماون و لە ژیاندان لە دۆخێکی تەندروسـتی سـەختتدان و گازە بەکارهـاتووەکـان دەیـان کـاریگەری وەک شـــێرپەنجەی سـییەکان، کاریگەریی سـەر کۆئەندامی هەرس، کاریگەریی ســـەر پێســـت و چاو، کاریگەریی لەســـەر کۆ ئەندامی هەنـاســـەدان، بڵاو بوونەوەی نەزۆکی لەنێوان پیـاوان و ئافرەتەکاندا و کەمبونەوەی بەرگریی نەخۆشی لە کەسانی ئاسایی، بەجێهێشتووە.

سـاڵی (١٩٨٨) ئەو سـاڵە بوو کە قوونڵترین جینۆسـاید لە مێژووی هاوچەرخی جینۆسـایدەکانی دنیا لەدژی هەڵەبجە و باشـــووری کوردســـتان ئەنجامدرا. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بێدەنگییان هەڵبژارد، لەبری ئەوەشـــی ئەو ڕێکخراوە هەڵوەشـــێتەوە و ڕەخنەی یـاســـایی و ســـەرکۆنەبکرێ، لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و وێژدانە زیندووەکانی دنیاوە، کەچی پێچەوانەکەی ڕوویداو خەڵاتی نۆبڵی ئاشـتی سـاڵی (١٩٨٨) بەهێزەکانی ئاشـتی پارێزی ئەو ڕێکخراوە بەخشرا.

ئەرکی یاسـایی و ڕەوشـتەندیی ئەنجومەنی ئاسـایشـی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو وەک دەســـتگای جێبەجێکاری یاسـای نێودەوڵەتی، کە دادگایەکی تاوانکاریی نێودەوڵەتی پێکبهێنایە بەپێی بەشـی حەوتەمی دەسـتووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکـان بۆ دادگـاییکردن و ســـزادانی ڕژێمەکەی سەددام، بەڵام بەو ئەرکە هەڵنەستا.

لە پاش ڕوخاندنی ڕژێمی بەعسی سەددام و پێکهێنانەوەی عێراقی نوێ، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، یاســـای ژمارە (١٠)ی لە (٢٠٠٥/١٠/٩) دەرکرد و بەو یاسـایەش دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی دامەزرا بۆ دادگایکردنی سـەرانی ڕژێمی سەددام.

کەیسـی هەڵەبجە یەکێک بوو لە کەیسـەکانی جینۆسـایدی کورد لە دادگای باڵای تاوانکاریی عێراقدا. یەکەم دانیشتنی دادگا لەسەر کەیسی هەڵەبجە لە (٢٠٠٨/١٢/٢١) ئەنجامدرا. لە (٢٠١٠/١/١٧) دادگـا کەیســـەکەی بە تـاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ناساند. لەبری ئەوەی کەیسـەکە بە جینۆسـاید بناسێنێت. لەو چوارچێوەیەشدا سزای لەسێدارەدان بەسەر تـاوانبـار (عەلی حەســـەن مەجیـد) جێبەجێکرا لە (٢٠١٠/١/٢٥). پـاش تێهەڵچوونەوە لە بڕیـارەکەو لە (٢٠١٠/٢/٢٨)دا، پاش (٣٤) سی و چوار دانیشتن، دادگا بڕیاری بە جینۆسـایدناسـاندنی کەیسـی هەڵەبجەیدا، و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە وەک تاوانی جینۆسـاید لەلایەن دادگاوە ناسێندرا و یەکلاییکرایەوە. هەریەک لە تاوانکاران (سـوڵتان هاشـم- فەرحان موتلەگ- سـابر عەبدول عەزیز) بە (١٥) پانزە ساڵ زیندانیکردن سزادران.

پەڕلەمـانی عێراق-یش لە (٢٠١١/٣/١٧)، لە کۆبونەوەی ئاســـایی ژمارە (٤٤)، بە بڕیاری ژمارە (١٢) کەیســـی هەڵەبجەی بە جینۆساید ناساند. بەڵام تا ئێستا کە سی و یەک، ســـاڵ تێدەپەڕێت بەســـەر ئەنجامدانی تاوانەکەدا، قەرەبوی مەعنەوی و مـادیی زیـانلێکەوتوانی هەڵەبجە نەکراوەتەوە، کە بەگوێرەی یاســـای عێراقی و نێودەوڵەتی ئەرکی حکومەتی ئێســـتـای عێراقە وەک میراتگری حکومەتی بەعس بە ئەرکی قەرەبوکردنەوەکە هەستێت. ،

کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لەسـەر ئاسـتی عێراق لە دادگای بـاڵای تـاوانکـاری عێراق و لە پەڕلەمـانی عێراقـدا بە جینۆسـاید ناسـێندراوە و دانپێدانراوە. بەڵام تا ئێسـتا لەســـەر ئاســـتی نێودەوڵەتی بە یاســـا بە جینۆســـاید دانپێـدانەنراوە. تەنهـا پەڕلەمـانی کەنەدا وەک تـاکە دەوڵەتێک لە (٢٠١٠/٣/١٦) وەک تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی، ناساندویەتی نەک تاوانی ،جینۆساید.

ئێمە لێرەدا ئاماژە بە چەند ڕێگایەک دەکەین کە دەتوانرێت لێیانەوە کەیسی جینۆسایدی هەڵەبجەی پێببردرێتە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و دەرگا یاســـاییەکانی ئەوان بەڕووی

کەیسەکەدا بکاتەوە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وەک جینۆساید بە یاسا دانپێدابنرێت. ئەو ڕێگایانەش:
گرنگترین و یەکەمین ڕێگای بە یاسایی ناساندنی کەیسەکە بریتییە لەوەی بە یاسایەک لە پەرلەمانی کوردستان، جینۆسایدی هەڵەبجەو هەموو کورد دانپێدابنرێت. کە تا ئێستا جینۆسایدی هەڵەبجەو کەیسەکانی تری جینۆسایدی کورد لە پەرلەمانی کوردستان بە یاسا دانپێدانەنراوە. گەر پەرلەمانی کوردستان بەو ئەرکە هەڵنەستێت ئیتر ئێمەی کورد چۆن بتوانین لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە ڕوو سووریی و پێگە بەهێزییەوە داوای دانپێدانانی بکەین. لەو کۆبونەوە و کۆنفرانسە جیهانییانەی کە بەشداربووم و داوای بە یاسا دانپێدانانی جینۆسایدی هەڵەبجە و کوردم لە ئامادەبوان دەکرد کە ڕۆڵیان هەبێت لەسەر باوەڕهێنانی پەرلەمانەکانیان بۆ دەرچواندنی ئەو یاسایە. ئەو ترسە دایدەگرتم کە ڕوبەڕوی ئەو ڕەخنەیان نەبمەوە کە ئایا بە مافداریی‌یەوە داوای ئەو یاسایە دەکەیت، پەرلەمانەکەی خۆت ئەو یاسایەی دەرچواندووە و ئێوەی کورد خاوەنی ئەو یاسایەن؟.
بە بەستنی چەندین کۆنفرانس و سیمینارو کۆبونەوە لەسەر جینۆسایدی کورد لە دەوڵەتانی جیهان، بەشێوەیەک هەست و سۆزیان بۆ لای کورد و دۆزە ڕەواکەی ڕابکێشرێت. ئەوەش نابێت بە تەنها لایەنە فیزیکی، کەلتوری، بیۆلۆژی، ئابووری و ژینگەییەکەی جینۆسایدەکە باس بکرێت. بەڵکو دەبێت ئاماژە بە پێشێلکارییە زەق و قوولەکانی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی، جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، هەردوو ڕێککەوتننامەی مافە شارستانی و سیاسی و مافە ئابووری و کەلتوری و کۆمەڵایەتییەکان بکرێت. کە ئەو دەوڵەتانە پابەندبوونی خۆیانیان پێوە ڕاگەیاندبوو، بەڵام لە کاتی جینۆسایدی کوردا بێدەنگییان هەڵبژارد و بەرژەوەندییەکانی ئەوکاتیان لەگەڵ حکومەتی بەعسی عێراقدا پرەنسیپیانی کۆت کردبوون و هەڵوێستێکی یاسایی و ویژدانی و مرۆییان نەبوو. هەڵوێستی ئێستایان بە ناساندنی جینۆسایدی کورد لە پەرلەمانەکانیاندا دەتوانن قەرەبووی ئەو بێدەنگی و بێهەڵوێستییەیان بکەنەوە کە لەکاتی جینۆسایدی کوردا هەڵیانبژاردبوو.
لە ڕێگای حکومەتی هەرێم و عێراق و بەسود وەرگرتن لە کەسانی یاسایی شارەزا و سودنەویست و دڵسۆز هەوڵی دادگاییکردنی کۆمپانیاکانی تۆمەتبار بدرێت کە چەکی کیمیاوییان بە ڕژێمی بەعس فرۆشتبوو، ڕژێمیش لە دژی کورد و بەتایبەتی لە شاری هەڵەبجە بەکاریهێنابوو.
* دروستکردنی فیلم و بەڵگەنامەیی، لەسەر جینۆسایدی هەڵەبجە و تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت بەو بوارە.
* بە پشتبەستن بە برگەی (٤)ی ماددەی (١٢١)ی دەستووری عێراقی، کەدەڵێت (نووسینگەی تایبەت بە هەرێم و پارێزگاکان دەکرێتەوە لە باڵوێزخانەو نێردە دیپلۆماسییەکاندا بەمەبەستی بەدواداچوونی کاروباری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و گەشەپێدان). دەتوانرێت لە ڕێگای کەسانی شارەزای بواری یاسا نێودەوڵەتییەکان و جینۆسایدەوە کەیسی کورد بوروژێنرێت و زانستییانە کاری جددیی تێدا بکرێت. ئەویش بەوە دەبێت کە نوێنەرەکانی حکومەتی هەرێم نوێنەری پارێزگاکان، دووربن لە کەسانی حیزبی و کار بۆ کورد و دۆزە ڕەواکەی بکەن و نوێنەری ڕاستەقینەی کوردستان و باڵوێزی ڕاستگۆی ناساندنی جینۆسایدەکەی بن، نەک نوێنەری حیزب و ئایدۆلۆژیاکان بکەن. یەکێک لەو هۆکارانەشی کە تائێستا نەتوانراوە کەیسی جینۆسایدی کورد بەشێوەیەکی زانستی و یاسایی کاری تێدا بکرێت، ئەوەبووە، کە لە بری کەسانی شارەزا کەسانی حیزبی و کەم ئەزموون و نە شارەزا بەو بوارە دانراون.
لەڕێگای نوێنەرانی حکومەتی هەرێم لە دەوڵەتانی دونیادا، کە دامەزراوەیەکن و لەو دەوڵەتانەی کە نوێنەرایەتی کوردستان دەکەن وەک دامەزراوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و ئەوان دەتوانن باشتر ڕۆڵ بگێڕن لە ناساندنی جینۆسایدی کوردا، چونکە دونیای ئەمڕۆ مامەڵە لەگەڵ دامەزراوەدا دەکات نەک تاکەکەس.
*** باڵوێزخانەکانی عێراق لە دەوڵەتان، بەتایبەت ئەوانەی کە باڵوێزەکانیان کوردن دەتوانن لە تەنیشت ئەرکە نیشتیمانییەکەیاندا ئەرکێکی نەتەوەیی بەجێبگەیەنن و کار بۆ ناساندنی جینۆسایدی کورد بکەن.**

تاریق رەمەزان:
مامۆستا سەیفەدین پێیوتم "پیرۆزە، مام جەلال فەرمانی پێداوم تۆ ئازادکەم"

ئەم دیدارەی تاریق ڕەمەزان پاش ئازادکردنی لەلایەن ئیرۆکورد بۆ مافەکانی مرۆڤ سازکراوە، بەداخەوە ئەنفالستان نەیزانی چ ساڵێک و کام ڕۆژنامەنوس یاخود کام کارمەند بەم کارەهەستاوە هەتا وەک خاوەندارێتی ناوی بنوسرێ، بەڵام مافی ئیرۆکورد پارێزراوەو خاوەندارێتی بۆئەو دەگەڕێتەوە . هەرچەندە ئەنفالستان تێبینی دەربارەی دیدارەکە هەیە، بەڵام لەبەرگرنگی بابەتەکە بڵاوی دەکاتەوە.

هەرسەبارەت بەم دۆسێیە لە ڕۆژنامەی شرق ئەوسەت لیوا سەیفەدین عەلی ئەحمەد کە ئەوسا بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی بوو، ڕەتی دەکاتەوە کە بەبریاری تاڵەبانی ئازادیان کردبێ بەڵکو ئەو لەڕێگەی بردنی بۆ نەخۆشخانە هەڵاتووە. بەڵام دواتر تاریق ڕەمەزان کە گەیشتە قەتەرو دواتریش بەریتانیا وێنەکانی لەگەڵ لیوا سەیفەدین عەلی بڵاوکردەوە کە بۆیادگاری پێکەوە گرتوویانەو بەسەیارەیەکی مارسیدس لە حەوشەی ئاسایش سوار دەبێ و زیندان بەجێدەهێڵێت، بەڵام هێشتا هۆکاری ئازادکردنی ئەم تمەتبارەو بەهاناوە هاتنی بەریتانیەکان و بەتایبەتیش ئانکلود و گەیاندنی دۆسێکەی بە تاڵەبانی کە ئەوسا سەرۆک کۆماری عێراق بوو لەتەموژدا ماوەتەوە، یەکێک لە تێبینیەکانیشمان لە ڕێکخراوی ئیرۆ کورد ئەوەیە باشە ئەگەر سیاسی و سەرۆک و سەرکردەی کوردو عێراقی حساب بۆ یاسا ناکەن خۆ ئانکلیود بۆخۆی دەیزانی کە تۆمەتبارانی تاوانی جێنۆساید زۆر ئەستەمە دادگە بدرێن و شەفاعەتیان بۆ بکرێت ؟

بەپێی لێدوانی دەزگاکانی ئاسایش، تۆناوت "موحەمەد تاریق ڕەمەزان"، بەڵام تۆ لەبروانامەی خوێندنەکەتا ناوت "ئیبراهیم تاریق ڕەمەزانە"، هەندێک لەمیدیاکانیش

پێیانوایە ناوی حەقیقی تۆ" تاریق ڕەمەزان بەکر عەلاوییە" تۆ لەوبارەوە چیدەڵێیت؟

من ناوی تەواوەتیم تاریق ئیبراهیم ڕەمەزان بەکر ئەلعەزاوییە.

دەربارەی خۆتو خیزانەکەتو خوێندنتو ڕەگەزەکەت بدوێ؟

من لەکەرکوک لەدایک بوم لەساڵی ١٩٥٨، من تورکمانێکی بە بنەچە عەرەبم(لە بنەماڵەی ئەلعەزاویم)، ژنم هێناوەو سێ منداڵم هەیە. ساڵی ١٩٦٤ چومەتە یەکەم قوتابخانەی سەرەتاییەوە(قوتابخانەی ئەلجەمهوریە)، ساڵی ١٩٧٠ چومەتە قۆناغی ناوەندی (لەقوتابخانەی ناوەندی کەرکوک) لە١٠/١٤/ ١٩٧٨ پەیوەندیم کرد بەکۆلیژی فرۆکەوانی عێراقەوە لە تکریت، مەشقم کردوە لەسەر فرۆکەی جۆری/L ٢٩ و/L ٣٩، لە ١٩٨١/١/٦ وەک یاریدەدەری فرۆکەوان تەخەروجم کردو لەژێر مەشقدابوم. لەبەرئەوەی پلەی بەرزم بەدەستهێنا، گواسترامەوە بۆ یەکەی ئامادەکاری فرۆکە بۆ تەواوکردنی مەشقەکەکەم(لەیەکەی کارپێکردن) لەناوەراستی ساڵی ١٩٨١ مەشقەکەم تەواوکردو دواتر گواسترامەوە بۆ موسڵ، دوای ئەو مەشقەکورتە، ئیتر من هەڵبژێررام بۆ ڕێکخستنی فڕینی شەوانەو ڕۆژانە، دوای چەند کۆرسێکی کە لەسەر فرینی شەو من بەتەواوەتی بووم بە ڕێکخەری فرۆکەوانی شەو. لەناوەراستی ساڵی ١٩٨٢ دا هێزەکەمان ڕۆیشت بۆ بنکەی ئاسمانی ڕەشید لەبەغدا، لە ١٩٨٢/١٢/٢٥ دا هیزی ئاسمانی عیراقی ناردمی بۆ مەشقکردن لەفەرەنسا لەسەر فرۆکەی جۆریF ١ (سەیری بروانامەکەم کە)، لە١٩٨٤/١٢/٢٥/ کۆرسەکەم تەواوکردو گەرامەوە بۆ عیراق، چومە هێزی ٨٩ لە بنکەی ئاسمانی سەدام، لەوێ ئەو کاتە دوو هێز هەبوو هێزی ئاسمانی ٨٩ هەروەها هێزی ئاسمانی ٧٩ لەگەڵ هێزی فرۆکەی گەرانو پشکنین. لە ١٢/٩/ ١٩٨٤ من دەبو خۆم فرێدایەتە خوارەوە دوای ئەوەی کە لەکاتی بەجێهێنانی مشقدا فرۆکەکەم ئاگری تێبەربوو، ئیتر ئەوەبو بەسەختی بریندار بوم بەهۆی ئەو خۆفرێدانەوە. بەهۆی ئەو بریندارییەوە، ئیتر نەمتوانی لەو بوارەی پێشودا خزمەت بکەم و بۆ کاری فرۆکەوانی



شـــیاونەبوم. بەدرێژایی ســـاڵی ١٩٨٥ من مۆڵەتی نەخۆشی بووم، لەوماوەیەدا چاکبومەوەو لەهەمانکاتدا داوامکرد خانەنشـــینکرێم بـــەڵام داواکـــەم ڕەفزکرا. ئیتر ئەوەبو گواستمیانەوە بـــۆ قـــوتـــابـــخـــانـــەی فێرخوازانی فرۆکـــەوانی لەبنکەی ئاســمانی ڕەشـید لـــەبـــەغـــدا لـــەســـــاڵـــی ١٩٨٦(بێزەحمەت ســـەیری بروانامەکەم بکە)، هەرلەبەر ئەوە ئیتر من بەڕەســـــمی وازمهێنا لەوەی کە فرۆکە هەڵســـێنم لەو بەروارەوە، لەواقیعدا من ساڵی ١٩٨٤ کە فرۆکەکەم تێکشکا ئیتر وازم لـەکـاری جـەنگهێنـا. دوای ئـەوەی بووم مـامۆســـتـای فرۆکەوانی لەمانگی شـــەشـــی ســـاڵی ١٩٨٧دا دەســتمکرد بەمەشـــقکردنی خۆیندکاران لە کۆلیژی هێزی ئاســـمانی لەعێراق، مەشـــق لەســـەر چەند جۆرێک ڕووناکی فرۆکەی جەنگی بێزەحمەت ســـــەیری دۆکیومێنتەکانم کە لەماوەی مانگی مارسدا پێیانەوە لکاوە، دەتوانیت ئەوە ببینیت کە لە حەڤدەو هەژدەی مارتدا کاتێک کە هێرشـــکراوەتە ســـەر هەڵەبجە من بە هیچ شـــێوەیەک فرۆکەم لێنەخوڕیوە. ئەمە چونکـە کۆتـایی هـەفتـەبوەو ئێمـەش بۆمـانـدانراوە کـە لەکۆتایی هەفتە فرۆکە لێنەخوڕین. من لەســـاڵی ١٩٩١ ەوە ئیتر بەتەواوەتی وازم لەکاری لێخوڕینی فرۆکە هێناوو لە کۆلیژی هێزی ئاســـمانییەوە گواســـترامەوە بۆ بنکەی حوڕییە لەکەرکوکـو وەک دەســتەی بەڕێوەبەر کارمکردوە، یەکێک لەو هۆکارانەی کەوایکرد وازمپێبهێنن لەفرۆکەوانیو بمگوێزنەوە ئەوەبو کە دەیانزانی ئەو کاتە من لایەنگری ڕژێمەکەی ســـەدام ناکەمو هاوســـۆزم لەگەڵ ئازارەکانی خەڵکی تورکمانو کوردا. لەکۆتایی ســـاڵی ١٩٩٥ یاخود لەســـەرەتای ســـاڵی ١٩٩٦ بو، هیلاک بوم بەتەواوەتی وازمهێنا لـە هێزی ئـاســـمـانیو بوم بـە ڕۆژنـامـەوانـو دەســتمکرد بەنوســین لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکاندا، هەندێک ووتارم نوســیوە لەســـەر فەلســـەفەو ســـایکۆلۆژیاوئاینو هەروەها لەســـەر بیروباوەڕەکانو مرۆڤایەتی. ئەنجومەنی باڵای ڕۆژنامەوانی هەوڵیدا کەفشـاربخاتەســەرم بۆئەوەی هەندێک ووتار لەسەر پیاهەڵدانو ستایشی سەرۆک کۆمار بنوسم ، من نەمویست ئەوەبکەم ، بەڵام لەگەڵئەوەشدا ئەو ڕەتکردنەوەیە بەوشـێوە گشـتگیرییە زۆر ترسـناک بوو، لەبەرئەوە دووڕکەوتمەوە لەنوســـینی ئەو جۆرە ووتارانە لەڕۆژنامەکانداو لەبری ئەوە دەســـتمکرد بەنوســـین بۆ گۆڤاری مانگی ســـورو گۆڤاری پاراســـایکۆلۆژی. دوای ڕووخانی ڕژێمی ســـەدام من زۆر دڵخۆش بوم، لەگەڵ کۆمپـانیـایـەکی ئـەمنی بـەریـتـانیـدا دەســـتمکرد بـەکـارکردنلـەمـانگی ٢٠٠٤/٩دا عـەقـدێکم کرد بۆ پاککردنەوەو صیانەکردنی بنکەی ئاسمانی کەرکوک لەگەڵ کۆمپانیای پارســـۆنز(ســـەیری عەقدەکەکەم کە لەناو دۆکیومێنتەکەدایە) ، ئیتر ئەوەبو ئیشـــەکەم بەجێهێڵا دوای ئەوەی کە لە٢/٣/ ٢٠٠٥ لەلایەن ئاسایشەوە دەسگیرکرام.

کەیو لەکوێ دەسگیرکرایت؟

لە٢٠٠٥/٢/٣ دەســگیرکرامو کارەکەم جێهێشـتوە لەبنکەی ئاســـمانی کەرکوک، من ئەو کاتە وابیرم دەکردەوە کە

رفێنراوم ئەویش بەهۆی ئەو شـــێوازی هەڵســـوکەوتەی ئەفسەرانی ئاسایشو شێوازی خراپ مامەڵەکردنیان.

دوای ئەوەی کەدەســـگیرکرایت، یەکەم جار بۆکوێیان بردیت؟

دوای دەســـگیرکردنم ئەفســـەرێکی ئاســـایش چاوی بەســـتموخســـتمیە دوای ئۆتۆمبیلێکەوەو بردمیان بۆ بەندیخانەی ئاســـایش لەســـلێمانیو لەوێ لەژوورێکی تاکەکەسی دایاننام (ژورێک کە یەک بەدوو مەتربوو).

هیچ یەکێک لەخێزانەکەت زانیان کەگیراویت؟ کەی هەواڵیان زانیت؟

خێزانەکەم بیرینەدەکردەوە لەوەی کەمن دەگیرێم، بەڵام کاتێک نەمتوانی بگەڕێمەوە لەســـەر کارەکەم بۆ ماڵەوە لەوکاتەدا بەواقیعی خێزانەکەم ترســـابو، هەموو هەوڵێکیانـدابوو بۆ دۆزینەوەی منو پرســـیاریان لەهەمووکەس کردبو ئەوانەی کەرەنگە زانیبێتیان من چیم بەســـەرهاتوە بەڵام کەس هیچی پێنەوتبوون، ئیتر ئەوان راپۆرتێکیان ســـەبارەت بەدیارنەمانی من نوســـیبوو بۆ پۆلیســـی عیراق ئەوانیش یارمەتی تەواویان دابونو هاریکاریان کردبون بۆ دۆزینەوەی من. کورەکەم چوبوو بۆ بنکەی ئاســـمانی کەرکوکو پرســـیاری لە ســـوپای ئەمریکی کردبوو ســـەبارەت بەوەی کەئەوان هیچ شـــتێک دەزانن ســـەبارەت بەدیارنەمانم، ئەو لەوێ قســـەی لەگەڵ کاپتن شـــەین کردبوو، لەوەڵامدا کاپتن شـــەین ووتبوی بەکورەکەم " ئێمە هیچ دەربارەی باوکت نازانینو ئەگەر جارێکیتر بێیتەوە بەم ناوەدا دەتگرین". کاپتن شـــەین، یەکێک بوو لەو دوو ئەفســـەرە ئەمریکییەی کەمنیان دەسگیرکرد کاتێک لە٢/٣/ ٢٠٠٥ بنکەکەم جێهێشت، ئەو یەکێکبو لەوانەی کەمنیان قۆڵبەســـتکردو تەســـلیمی ئاســـایشـیان کردم. لەم کاتەدا خێزانەکەم زۆرترســـانو بیهیوابوون. وابیریانکردبوەوە کەمن فڕێنراومو لەلایەن تیرۆریســـتانەوە کوژراوم، دوای چەند هەفتەیەک بەبێ ئەوەی هیچ هەواڵێکی منیان دەســـکەوێ کەمن چیم بەســـەرهاتوە گەشـتبوونە ئەو باوەڕەی کەمن مردووم. من دەمزانی کەخێزانەکەم چەندە دیارنەمانی من کاریگەری هەیە لەسەریانو تەنانەت بیهوابوون لەوەی کەبچوکترین هەواڵیان ســـەبارەت بەمن دەســـکەوێت. داوام لە ئاســـایش کرد رێگەمبدن کە لەرێگەی تەلەفونەوە قســـە لەگەڵ کورە نۆســـالانەکەمدا بکەم، پارامەوە لێیان کەرێگەم بدەن تەنها یەک ووشەی پێ بڵێم بۆ ئەوەی بزانێت کەمن ماوم ، بەڵام ئاســـایش داواکەیان رەفزکردم. دوای ئەوەی شـــەوێک بەسەر ئەو داواکاریەمدا هات بەوەی کەداوام لەرائید ناسرو عەقید ســـیروان کردبوو هەرتەنها ئەوەندە رێمپێبدەن کەبەماڵەو بڵێم من ماوم، بەڵام ئەوان رەفزی ئەویانکرد کەمن قســـەی لەگەڵ کەس بکەم هەتا نەزانن ئەو کەســـە کێیە. لە٢٠٠٩/٥/٢٩ دا نوێنەرێکی رێکخراوی خاچی سوری نێودەوڵەتی کەپێیان دەوت "نیکۆلا" هات بۆلامانو ســـەردانیکردین. ئەمە یەکەم کەس بوو کەمن لەجیهانی دەرەوە پەیوەندی پێوەبکەم لەوکاتەوەی کەگیرابوم. ئیتر ئەوەبو کاغەزێکی نامەی خاچی سوری پێداموو منیش چەند دێرێکی کەمم لەســـەر نوســـی بۆ خێزانەکەم، لە٢٠٠٥/٧/٥ ئەونامەیە گەشـتبوە دەست خێزانەکەم. ئەمە یەکەم هەواڵی من بوو کەگەیشـتبێت بەخێزانەکەم ســـەبارەت بەوەی کەمن چیم لێهاتوە دوای چوارمانگ لەدەسگیکردنم.

تۆ بەچی تاوانبار دەکرێیت؟

بەشـــێوەیەکی زارەکی تۆمەتبارم بەوەی کەمن یەکێک بوم لەوکەســـانەی کە هێرشـــمانکردۆتە ســـەر شـــاری هەڵەبجە بەچەکی کیمیاوی لەســـاڵ١٩٨٨دا. بەڵام بەپێی یاســـای عیراقی هەرگیز من تۆمەتبارناکرێم.

تاوانبارکرن بە تاوانێک و تۆمەتبارکردن بەتاوانێک یەک شـــت نین، من لەوباوەڕەدام ئەو جیاوازییە بۆ هەموو عیراقییەکان شـــتێکی زۆر بەبایەخە گەر ئێمە هەمیشـــە چارەسەری کێشەکانمان بەپێی یاساو دادگا بەرێوەببەین.

بۆنمونە من تائێســـتا یەک دۆکیومێنتم پیشـــان نەدراوە کـــەپـــەیوەنـــدی بـــەو تـــاوانـــەوە هـــەبێـــت کـــەمنی پێ تۆمەتباردەکرێت، ئەمەش پێچەوانەی یاســـای ژمارە ٢٤ و ٣٥ داگای بـالای لێکۆڵینـەوەی بـەڵگـەنـامـەکـانی عیراقـە. کاتێک دەگیرێیت دەبێت بە پێی بنەماکانی مافی مرۆڤ مامەڵەت لەگەڵبکرێتو بەوزمانەش کەلێی تیدەگەیت دەبێت ئـــەو بـــەڵـــگـــەنـــامـــەت بـــۆ بـــخـــۆێـــنـــریـــتـــەوە کـــەپـــیـــی تۆمـەتبـارکراویـت.ئـەمـە تـەنـها نمونـەیـەکی بچوکـە کـە ئاســـایشو دادگای لێکۆڵینەوە نەیانتوانی بەپێی یاســـا مامەڵەبکەن تیایدا. ئاســـایش هیچ بەڵگەنامەیەکیان

دەســـنەکەوتوە ســـەبارەت بەمن کەوەک بەڵگە لەدژم بەکاربێنن.تەنها شـــتێک کە وەک بەڵگە بەدەســـتیانەوەیە ئەوەیە کە لەژێر تەعزیبدا هەندێک ئیعترافیان بەمن کردوە، کەئەمەش لەرووی یاساییەوە وەرناگیرێت.

ئەو کاتەی لەزیندان بوویت تەعزیبیان داویت؟ ئەو تەعزیبە چۆن بوو؟

بەڵی تەعزیبیاندام، هەلواسینو تێهەڵدانو لێدان، هەندێکجار دەیاندا لەسکەو ســەردڵەو لەهۆش خۆم دەچوم، هەمیشــە لەوماوەی کە پرســیارو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکردم چاوم بەســـترابوو دەســـتم لەدواوە زنجیرکرابوو کەئەوە زۆر ئازاری دەدام.

لەو کاتەی کەدەســـتو چاوم بەســـترابوو لێیاندەدام. هەرکاتێک لەلایەن ئەفسەرەکانی ئاسایشەوە لێپرسینەوەم لەگەڵ بکرایە ، لەوێدا ســـێو چوار چەکدار ئامادەبون بەکیب□ڵو شـــەللاقەوە، ئەوکاتەی کە ئەفســـەرەکە پێی بوتنایە، تێم بەردەبون. پیســـترین لێدان ئەوەبو کە بەکێبڵ دەیاندا لەســـەر پێم. هەروەها روبەرووی شـــێوازیتری ئەشکەنجەی فیزیکی بوینەوەتەوە، بۆنمونە هەموو ڕۆژێک لێدانی مۆســـیقایەکی کوردی توند لەســـەعات ٧ بەیانی تاسەعات ١١.

ئاســـایش شـــێوازیتری ئەشـــکەنجەیان بەکاردەهێنا بەڵام لەســـەر منا بەڵکو لەســـەر خەڵکانیتر. هەندێکجار قالبە ســـەهۆڵی گەورەیان دادەنا لەناو ژووڕە ئینفیرادیەکانو زیندانییەکانیان بەرووتی لەســـەر ئەو قاڵبە ســـەهۆڵانە دادەنا. ئەو ژووڕە ئینفیرادیانە ٩٠ ســـم بە ٩٠ســـم بوون.هەروەها زۆربەی ئەو ژورانەی زیندان قولاپی هەڵواسینی تیادانراوەو زیندانیان پیاهەڵدەواسین.

لەکوێ زیندانی بویت؟ ناوی ئەو زیندانە چیبو؟

ــ یەکەمجار لەئاسایشی گشتی بووم، لە٢٠٠٥/٢/٣ تاوەکو ٢٠٠٥ /٦/٦ لەزیندانی ئینفیرادی دابووم، دوایی لەسەرەتایی ســاڵی ٢٠٠٧ گواستمیانەوە بۆ هۆڵی یەکی زیندانی "کانی گۆمە."

ئاسایش چۆن ڕەفتاریدەکردو ڕۆڵی چۆنبوو؟

بە گشتی ئاسایش بەشێوازێکی دڕندانە لێدانی دەکردینو ئازاری دەدەاینو دەیانترســـاندین، بەڵام هەندێک لەو ئاســـایشـــانە بەرەحمتربونو عادلتربونو ئەو هەڵسوکەوتەیان پێناخۆشبو کە لەگەڵماندەکرا.

خواردنو خەوتنو خۆشۆرینتان چۆن بوو لەزیندانا؟

هەندێکجار زیندانییەکان لەئاسایشی سلێمانی لە ژووری تاکەکەسی دادەنران، ژورەکە قەبارەکەی ٩٠ بە٩٠سم بو، ئەو ژووڕانە لەزســـتاندا ســـاردبونو لەهاویندا گەرم. هۆڵەکانی زیندان پیسو قەرەبالغ بوون. هەفتەی یەکجار خۆمان دەشـــۆری و بۆمان هەبوو یەکجاریش جلەکانمان بشـۆرین، بەڵام شـوێن نەبوو جلەکانمانی تیاهەڵواسین تا ووشـکبێتەوە، بۆیە بەتەڕی دەمانکردەبەر، ئەمەش بوەهۆی ئەوەی کە توشی چەندین نەخۆشی پێست ببین.

هەروەها، لەناو زیندانیدا دوو تەوالێتی پیسو یەک حەمام هەبوو، هەرکاتێک بتویستایە بچیتە سەرئاو دەبو ١٥ـ ٢٠ دەقیقە چاوەڕێتبکردایە.

زیاتر لە ٥٥٠ زیندانی ئاســـایش هەبو دکتۆرێکیان نەبو، تەنها یەک پەرســـتاری کوڕ هەبوو کەناوی کامەران بوو هەموو ڕۆژێک ٨:٠٠ تا ١٢:٠٠ دەوامی دەکردو شـارەزای دەرمانو نـەخۆشـــییەکان نـەبو. خواردنیش بـە جۆری خراپـو بـەبڕی کـەم دەدرا، هـەنـدێـک لەپاســـەوانـەکان پێیاندەوتین کە حکومەت ڕۆژانە ١١ دۆلاری بریوەتەوە بۆ هەر زیندانییەک، بەڵام ئەوەی پێماندەدرا بایی دوو دۆلاریش نەبوو.

دەتتوانی پاریزەر بگری؟ پرۆســـەی یاســـای چۆن بەڕێوەدەچوو هەروەها مافی بەرگریکردن لەخۆ چۆن بوو؟

هەرگیز ڕێتپێنەدەدرا پارێزەربگریت، کاتێکیش کەچاوم کەوت بەدوو دادووەر لەسلێمانی هەرەشەی لێدانیانلێکردمو فشـاریان خسـتە سـەرم بۆئەوەی ئیمزایەکەم کە پارێزەرم ناوێت.

ئاســـایش زیندانی بیانی هەبوو؟ مامەڵەیان لەگەڵ ئەوان چۆن بوو؟

بەڵی زیندانی بیانییان هەبوو، بۆنمونە یەکێک لەوانە کەمن دەمناســـی، کورێکی تەمەن ١٦ ســـاڵ بەناوی ئاوات ســـەلاحەدین بوو کەبە ئەســـڵ کوردبوو، بەڵام هاوڵاتی ســـویدی بوو، ئەم کورە بەتۆمەتی پەیوەندیکردن بە ئەنصار ئیسلامەوە دەسگیرکرابوو، ئەو کاتەی کەبەسەردان هاتۆتەوە بۆکوردستانو سەردانی هەڵبجەی کربو.

تۆ لەماوەی مانگی یەک تاوەک مانگی پێنجی ساڵی ١٩٨٨ چیتکردوە ؟ بەبەڵگەوە بیسەلمێنە.

من ئەو کاتە مامۆستای فرۆکەوانی بووم لەکۆلیژی هێزی ئاسمانی عیراقی، من ئەو کاتە لەهێزی یەک بووم پلەکەم کاپتن بوە، بەرپرسەکەمان ناوی خالید موتلەگ عەبدولهادی بوو، بێزەحمەت سەیری ئەو بەڵگەنامانەبکە، دەتوانێت ئەوەببینیت کە حەڤدەو هەژدەی مانگی مارتی ١٩٨٣ کۆتایی هەفتە بووە، عادەتن لە کۆتا رۆژەکانی هەفتەشدا فرۆکە هەڵنەساوە.

چی دەزانی دەربارەی بۆردوومانی هەڵەبجە؟

ساڵی ١٩٩١بوو بۆ یەکەمجار زانیم کەهەڵەبجە بۆمبارانکراوە، خۆتدەزانیت سەدام رژێمەکەی چاوەڕێیەکی تۆندی هەبو بەسەر خوارەوەدا، ئەوکاتەی کە هێشمەرگە کەرکوکی بۆماوەیەکی کەم کۆنترۆڵکرد، لەرێگە ی چەند هاوڕێیەکی کوردەوە شریتێکی ڤیدیۆیم بینی لەسەر بۆردوومانی هەڵەبجە.

بەرای تۆ، کێ بەرپرسە لەو هێرشە بۆردومانییەی سەر هەڵەبجە؟

ستراکچەری فەرماندەی ئۆپەراسیۆنی هێزی ئاسمانی عیراق دابەش بووبوو بەسەر دوو دەستەڵاتی سوپاییدادا: یەکەمیان، هێزی ئاسمانی عیراقی کەکۆنترۆڵی هێرشە زەمینییەکانو بۆردوومانی هێزەکانی دەکرد . دووەمیان، هێزی بەرگری ئاسمانی، کەکۆنترۆلی ڕێکخستنی هێزە ئاسمانییەکانو بنکەی هەڵدانی ساروخو کاروباری راداری کردبوو. ئەم دووانە، لەژێر کۆنترۆڵی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکاندابوو کەسەدام خۆی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان بوو، ئەگەر مەبەستت لەوەیە کەچ کەسێک بەرپرسە لەو بۆردومانە، ئەوە من لەبیرم نیە، چونکە من ئەوکاتە مامۆستای فرۆکەوانی بوم، بەڵام لەو بڕوایەدام ناوی سەرکردە فەرماندەرەکانی ئەو بۆردومانە لەشوێزو دۆکیومێنتێکدا نوسراون.

بەپێی لێدوانی ئاسایش، تۆ لەنەخۆشخانە هەڵهاتووی، تۆش لەو باوەڕدای سەرۆک تالەبانی فەرمانی ئازادکردنی داویت. راستییەکەی چۆنە؟

لە١٠/٢٥/ ٢٠٠٧، لەزیندانی کانی گۆمەوە بردمییان بۆ زیندانی ئاسایشی گشتی، عەقید ناسر- ئەفسەری ئاسایش داوای لێکردم مانگرتنم لەخواردن بشکێنم، بەڵام من ڕەفزمکرد. عەقید ناسر بانگی دکتۆرێکی کرد بۆ ئەوەی بمبینێت، دکتۆرەکە فەحسی کردمو پێیووت کەمن زۆرهیلاکو لاوازم و باردۆخم دژوارە، بۆیە دەبوایە ئەوان لەرێگەی دەمارەوە خۆراکیان پێبدامایە، دوای ئەوە بردمییان بۆ هۆڵی دووی زیندانەکە. لە٢٠٠٧/١٠/٢٦، براکەمو کورە گەورەکەم سەردانیانکردمو پێیان ووتم هاوڕێ بەریتانییەکەم(ئان کلۆد) بانگیکردونو پێی ووتون کە سەرۆک تالەبانی بەشەخسی تەلەفونی بۆ سەیفەدین(بەرپرسی گشتی ئاسایش) کردوەو فەرمانپێێداوە کە دەسبەجێ ئازادم کات. من ئەو کاتە باوەڕم پێنەکردن، لەوبروایەدابوم کە فێل لەمن دەکەن بۆ ئەوەی مانگرتنەکەم بشکێنم، چونکە ئەوان زۆر بێتاقەتبوون سەبارەت بە تەندروستی من.

لە ٢٠٠٧/١٠/٢٨ ، پاسەوانێک بردمی بۆلای حاجی جەمال(سکرتێری مامۆستا سەیفەدین)و ئەویش ووتی:"کاک تاریق برۆن بۆلای سەیفەدین." کاتێک گەشتینە ئۆفیسەکەی سەیفەدین براکەشم لەوێبوو. سەیفەدین ووتی: "کاک تاریق پیرۆزەمام جەلال فەرمانی پێداوم کەتۆ ئازادکەم، بەڵام من چەند داواکارییەکەم هەیە، دەمەوێت سەرو ریشت کورتکەیتەوەو هەندێک شیربخۆیتەوە بەرلەوەی زیندان بەجێبێڵیت."

من یەکەم جار ڕەفزی داواکاریەکانی سەیفەدینم کرد، بەڵام براکەم داوای لێکردم یەکێک لەو سێ داواکارییانە ئەنجامبدەم لەبەر رێزی سەیفەدین، هەربۆیە رازیبوم قژم کورتکەمەوە بەڵام ریشم نەتاشی . من داوامکرد سەیفەدین دۆکیومێنتە شەخسییەکانم بۆ بگەڕێنێتەوەو بەنوسراوێکی فەرمی دەریخات کە من بێتاوانم و لەسەر فەرمانی سەرۆک تالەبانی ئازاد کراوم، بەڵام ئەو ڕەفزیکردو وتی "تۆ مام جەلال ئازادیکردوی نەک وەرەقە."

وێنەکە: لیوا سەیفەدین عەلی ئەحمەدو تاریق ڕەمەزانن کە ڕۆژی ئازادکردنی بۆ یادگاری پێکەوە گرتوویانە.

سەرچاوە: مالپەری ئیرۆکورد

تارمایی کۆمەڵکوژییەکەی دەرسیم هێشتا بەشوێن کوردەکانی ئەو شارەوەیە

جاکلین ئاشلی
وەرگێڕانی: ڕێنوار نەجم، زانا عوسمان

ڕۆژنامەنووسێکی گۆڤاری جاکۆبینی ئەمەریکی سەردانی شاری کوردنشینی دەرسیمی کردووە بە مەبەستی بنکۆڵکاریی دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵی نوێ، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵکوژییەکەی ساڵی ١٩٣٧. بەڵام ئەو ڕووداوە نەک لەبیرنەکراوە، بەڵکو درێندەییەکە، کە هێشتا تارماییەکەی بەشوێن دانیشتوانی ئەو شارەوەیە کە ئێستا ملیۆنان هاوواڵتیی کورد لە تورکیا لە دژی دواین هەڵمەتەکانی ئەردۆغان لە پێناو ئازادیدا بەرخۆدان دەکەن.

ئەفسەرێکی پۆلیسی تورک دەست بۆ سەیارەکەمان ڕادەوەشێنێت و ئاماژەمان بۆ دەکات کە سەیارەکە ڕابگرین و لابدەین بۆ پشکنینێکی ئەمنیی ڕۆتینی لە یەکێک لەو چەندان بازگانەی پۆلیس کە لە دەرسیم بڵاوەیان پێکراوە، ئەوێ شارێکە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردی عەلەوین و دەکەوێتە ڕۆژهەاڵتی تورکیاوە.

کاتێک ئەفسەرەکە داوای ناسنامەکانمان لێ دەکات، مەتین ئەلباسلان، ٣١ ساڵ، خێرا لە ئۆتۆمبێلەکە دادەبەزێت. خۆی ڕۆیتنەکە دەزانێت. ئەفسەرەکە هەر کە چاوی دەکەوێتە سەر ناسنامەکەی مەتین خێرا دەوەستێت و سەر بەرز دەکاتەوە و هاوار دەکات "مەتین، وەرە بۆ ئێرە"!

لە تورکیا خزمەتی سەربازیی زۆرەملێیە. مەتین گەریلایەکی پێشووی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)یە کە پارتێکی قەدەغەکراوی چەکداریە و بۆ ماوەی چەندین دەیەیە شەڕێکی خوێناویی دەکات لەپێناوی بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکان. پارتەکە لە لایەن تورکیا، ئەمەریکا، هەروەها یەکێتی ئەورووپاوە وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ناسێنراوە. شەش مانگ پێشتر مەتین لە زیندان ئازادکراوە کە بەهۆی پەیوەستبوونی بە پەکەکەوە سزای دوو ساڵ زیندانیی بەسەردا سەپێندرابوو.

وەک چاوەڕوان دەکرا، مەتین ڕەتی کردبووەوە بچێتە ڕیزەکانی سوپای تورکیاوە.

تاکە ڕێگایەک بۆ کەسێکی لەشساغ کە لێخۆشبوونی بۆ بکرێت لەو ئەرکە نیشتمانییە [سەربازیی] ئەوەیە کە دەبێ نزیکەی ٣١ هەزار لیرەی تورکی (٥٣٨٠ دۆلار) بدات، هێشتا لەو حاڵەتەشدا دەبێ مانگێک بچێتە خزمەتی سەربازییەوە. "نامانەوێت بە هیچ شێوەیەک ئەو خزمەتە بکەین"، کەرەم، هاوڕێیەکی دیکەی ناو ئۆتۆمبێلەکە کە داوای لێکردم ناوی ڕاستەقینەی بەکارنەهێنم، وای پێ وتم ئەو کاتەی سەیری مەتینمان دەکرد لەلایەن پۆلیسەوە پرسیاری لێ دەکرێت. "تەنانەت گەر بۆ مانگێکیش بێت، نامانەوێت بەهیچ شێوەیەک لە سوپاکەی ئەواندا بین".

کەرەم، وەک زۆرێک لەو گەنجانەی دیکەی دەرسیم کە تێکەڵی سیاسەت بوون، بەردەوامە لە خوێندن و سەرقاڵی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەرە لە کۆمەڵناسیدا، ئەو کارەی بەشێوەیەکی کاتیی دووری دەخاتەوە لە خزمەتی سەربازی.

مەتین، دوای ئەوەی لەگەڵ سێ بەرپرسی پۆلیسدا لەژێر چادرێکی کاتیی ڕەنگ شیندا بۆ چەند خولەکێک دانیشت، پێیان وت کە پارچە کاغەزێک واژۆ بکات و پەیمان بدات پەیوەست ببێت بە خزمەتە نیشتمانییەکەیەوە. دواتر بەڕێکرا بۆ جێپێکی پۆلیسی و لەوێ پێیان وت کە سوار ببێت تا بەرپرسەکان بیگوازنەوە بۆ بنکەیەکی سەربازیی و لەوێ پەیماننامەکەی واژۆ بکات بۆ پەیوەستبوون بەو سوپایەی ئەو چەند ساڵێک لە دژی شەڕی کردووە.

ئێمەش دوای ئەو جێپە کەوتین کە مەتینی تێدابوو و بەدەوری دەرسیمدا دەڕۆیشت، بەڵای ئەو چیا سەوزە گەشاوانەدا دەڕۆیشت کە وادیاربوو کەسی لێ نەدەژیا و تاکە شتێک کە لە دوورەوە دیاربوو تاوەری چاودێریی سەربازیی تورکی بوو کە لەسەر لوتکەی چیاکانەوە بەسەر شارەکەدا دەیڕوانی.

وێنەکانی سەید ڕەزا، ڕابەری ڕاپەڕینی دەرسیم پێش زیاتر لە هەشتا ساڵ – کە لە ئاکامدا سوپای تورکیا کۆمەڵکوژییەکی درندانەی دژ بە دانیشتوانی دەرسیم ئەنجام دا – لە جامەکانەوە دەبینین ئەو کاتەی بەڵای دیواریکی بەردین لە ناوەڕاستی شار تێدەپەڕین کە لە کاتی یاخیبوونەکەدا دروستکراوە و ئێستا بە وێنەی

لەچوارچێوەنراوی ڕاپەڕینەکە و ئەو کۆمەڵکوژییەی بەدوایدا هات، داپۆشراوە.

لە دەرسیم، باوباپیران هێشتا زیندوون.

بەڵای چیایەکدا تێدەپەڕین کە شێوە سروشتییەکەی لە باری درێژیدا شێوەی کڵاشینکۆفێکی هەیە. خەڵکی ئەو ناوچەیە، بەشێوەیەکی سرووشتی، ناویان لێ ناوە "چیای کڵاش" پشتی مەتین بە تاتۆیەکی تەواونەکراوی کڵاشینکۆفێک کوتراوە، کە نەخشەسازییەکەی لە دیمەنی سروشتیی دەرسیمەوە وەرگرتووە.



تاتۆکەی پشتی مەتین

دوای چاوەڕێکردن بۆ نزیکەی پانزە خولەک لە دەرەوەی بنکە سەربازییەکە، مەتین دەرکەوت و هاواری کرد "من ئازادم!"، پێدەکەنی و کۆپییەکی پەیماننامە سەربازییەکەی ڕادەوەشاند. قۆڵی چەپی مەتین تاتۆیەکی لەسەرە کە بەپیتی چینی لەسەری نووسراوە. کاتێک لەبارەی ماناکەیەوە پرسیارم لێ کرد، شانی هەڵتەکاند و وتی: "نازانم. ڕۆژێک دێت یەکێک لە چینەوە سەردانی دەرسیم بکات و ماناکەیم پێ بڵێت".

مەتین سواری سەیارەکەبوو و درێژەمان بە گەشتەکەمان دا بۆ مونزوور گۆزلەر، سەرچاوەی ڕووباری مونزوور لە دەرسیم –کە شوێنێکی پیرۆزە بۆ کوردە عەلەوییەکانی دەرسیم و شوێنی یەکێک لە ترسناکترین هەڵمەتەکانی پاکتاوی ڕەگەزیی حکومەتی تورکیاشە.

"بیرکردنەوە لێی زۆر بە ئازارە"

"بیرکردنەوە لێی زۆر بەئازارە. چیتر باسکردنی چ سوودێکی هەیە؟" بەگۆ وا دەڵێت. دەنگێکی لەسەرخۆ و بێهەستی پیاوێکی نەوەت ساڵە. بە یارمەتیی وەرگێڕێک، بە زمانی کوردیی دیالێکتی زازایی قسەم بۆ دەکات و هیچ تورکییەک نازانێت. "قەتڵوعامەکە هەموو شتێکی لێ بردین. هەرچییەک بڵێین ئیسفادەی نییە. حکومەت گوێی پێ نایات. کەس گوێمان لێ ناگرێ. هەر قسە بۆ خۆمان دەکەین. ئێستا هەمووی بووە بە ڕابردوو".

بەگۆ تەنها نۆ ساڵان بووە لە ساڵی ١٩٣٨، ئەو ساڵەی بووە شوناسێکی بەئازار بۆ کوردە عەلەوییەکانی دەرسیم و قوۆڵ لە ناخی زەویدا ڕۆچووە، لەوێشدا ئێسک و پروسکی باوباپیرانیان ئارامیان گرتووە لە ئامێزی ڕەگی داربەڕووەکان کە بە درێژایی چیاکان دیارن.

خاکی میژووویی کوردستان بە ناوچەکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سووریادا درێژدەبێتەوە. لەدوای شکستی هاوپەیمانی ناوەندیی [پێکهاتبوو لە ئیمپراتۆرییەتەکانی ئەڵمانیا، نەمسا، عوسمانی و چەند لایەنێکی دیکە] لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا، لەساڵی ١٩٢٠ پەیماننامەی سیڤەر لەنێوان لایەنە شکستخواردووەکان و هێزەکانی هاوپەیمانان [فەڕەنسا، بەریتانیا، ڕوسیا، ئیتاڵیا و ئەوانی تر] واژۆکرا. بەپێی پەیماننامەکە، ئەرمینیا بەڵێنی دەوڵەتی سەربەخۆی پێدرا لەسەر خاکی پێشووی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، خودموختاری لەگەڵ ئەگەری بەدەستهێنانی سەربەخۆیی تەواو بۆ کوردەکانی تورکیا چاوەڕێ دەکرا – کە لەڕێی ڕیفراندۆمێکەوە یەکلایی بکرێتەوە.

بەڵام هەرگیز ئەو بەڵێنانە جێبەجێنەکران. لەبری ئەوە، بزوتنەوەی تورکە ناسیۆنالیستەکان دەسەڵاتیان

گرتەدەست بە ڕابەرایەتی دامەزرێنەری دەوڵەتی تورکیا مستەفا کەمال ئەتاتورک، کە ڕابەرایەتیی یاخیبوونێکی کرد دژ بە دەسەڵاتە دەرەکییەکان. ئەتاتورک ڕایگەیاندبوو، لەو ناوچانەی تورکیا کە زۆرینەی کوردن، ڕێگەیان پێ دەدرێت خۆیان حوکمی خۆیان بکەن. زۆرینەی کوردەکان پێیان وابوو دەرەنجامی شەڕەکەیان دەوڵەتێکی فرەنەتەوەی تورکی-کوردی دەبێت.

بەڵام لەبری ئەوە، کوردەکان لە تورکیا، کە ئێستا لەسەدا ٢٠ی دانیشتوانی وڵاتەکە پێکدەهێنن، بونە قوربانیی بەرنامەی ناسیۆنالیستی کە ئامانجی "بەتورککردن"ـی کەمینەکانی ئەو وڵاتەبوو لەڕێگەی دابڕانی زۆرەملێ لە کلتورەکەیان و هەوڵدان بۆ تواندنەوەیان لە ناسنامەیەکی یەکگرتووی تورکیدا.

عیسمەت ئنیۆنو، شۆڕشگێڕەکەی ئەتاتورک، بەم شێوەیە گوزارشتی لە پێگەی ناسیۆنالیستی وڵاتەکە کردووە لە ساڵی ١٩٢٥، دوو ساڵ دوای دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیا بەشێوەیەکی فەرمی. ئنیۆنو وتوێتی "لە بەرامبەر زۆرینەیەکی تورکیدا، لایەنەکەی دیکە هیچ جۆرە کاریگەرییەکیان نابێت. ئێمە دەبێ بەهەر نرخێک بێت دانیشتوانەکان بکەین بە تورک، ئەوانەشی دژی تورکەکان دەوەستنەوە، تێک و پێکیان دەشکێنین".

بۆ چەندین دەیە زمانی کوردی، جلوبەرگ، فۆلکۆر و ناوە کوردییەکان قەدەغەکران. تەنانەت وشەکانی "کوردەکان"، "کوردستان"، "کورد" لەلایەن حکومەتەوە قەدەغەکرابوون. هەتا ساڵی ١٩٩١ حکومەتی تورکیا وەک "تورکە شاخاوییەکان" هێمای بۆ کوردەکان دەکرد، چون بانگەشەی ئەوەیان دەکرد ئەوانە لەڕاستیدا تورکن و زمانەکەیان بەتێپەڕبوونی کات تێکچووە.

لە ساڵی ١٩٣٤، حکومەت دەستیکرد بە دەرکردنی "یاسای نیشتەجێکردنەوە"، بەوەش ڕێگایەکی یاسایی فەراهەم کرد بۆ ڕاگواستنی کوردەکان و جڤاکە نا-تورکەکانی دیکە و نیشتەجێکردنیان لە جڤاکە تورکییەکان لە ڕۆژئاوا(ی تورکیا).

بەگوێرەی مارتن ڤان بروینێسین، نووسەر و ئەنترۆپۆلۆجیستی هۆڵەندی، ئامانجی حکومەتی تورکی ئەوە بوو بە تەواوی هەندێک ناوچەی کوردی چۆڵ بکات، هاوکات لە ناوچە کوردییەکانی دیکەش "تایبەتمەندییە کوردییەکان کاڵ بکاتەوە" لەڕێی ڕاگواستنی کوردەکان لە جڤاکەکانی خۆیان و شوێنگرتنەوەیان بە تورکەکان.

ساڵی دواتر، لە کانوونی یەکەمی ١٩٣٥، حکومەتی تورکیا یاسایەکی تایبەت بە دەرسیمی دەکرد، ئەو شارەی لای بەرپرسە تورکەکان بە ناوچەی یاخیبوون لە هەرێمی ڕۆژهەڵات ناسرابوو. یاساکە دەرسیمی کردبووە پارێزگایەکی جیاواز و خرابووە ژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی سەربازییەوە. دەرسیم یەکێک بوو لە یەکەمین ئەو ناوچەی تورکیا کە حکومەت یاسای نیشتەجێکردنەوەی بەسەردا جێبەجێکرد و دەستکرا بە دەرکردنی دانیشتوانەکەی لە پارێزگاکە.

هەر بەپێی یاساکە ناوی پارێزگاکە گۆڕدرا بە "تونجەلی" کە بەزمانی تورکی بە مانای "مشتی برۆنزی" دێت؛ تا ئەمڕۆش تونجەلی ناوی فەرمیی تورکیایە بۆ پارێزگای دەرسیم. بروینێسین باس لەوە دەکات کە پارێزگاری سەربازیی دەرسیم "دەسەڵاتێکی نائاسایی پێدرابوو بۆ دەستگیرکردن و ڕاگواستنی هاوڵاتیان و خێزانەکان".

وەک چاوەڕوان دەکرا، لە ساڵی ١٩٣٧ ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی تورکیا بووە هۆی هەڵگیرسانی یاخیبوونێک، کە بەشێکی لەلایەن سەید ڕەزا ڕابەرایەتی دەکرا. سەید ڕەزا کوردێکی عەلەوی بوو و سەرۆکی یەکێک لە خێڵەکانی دەرسیم بوو. لە وەڵامدا، سوپای تورکیا هەڵمەتێکی دەستپێکرد کە لە دڕندەییدا بێوێنە بوو، کە تێیدا بۆمبارانی ئاسمانی و، وەک دەوترێ، گازی کیمیاییشی بەکارهێناوە. بەگوێرەی چەند سەرچاوەیەکی جیاواز، سوپای تورکیا بەبێ جیاوازیکردن کۆمەڵکوژیی ژنان و منداڵانی کردووە، هەندێکیشیانی بە زیندوویی سوتاندووە.

لە مانگی ئەیلولی ئەو ساڵەدا، (سەید) ڕەزا لە ناوچەی ئەرزنجانی هاوسنووری دەرسیم خۆی ڕادەستی سوپای تورکیا دەکات. دوو مانگ دواتر، لەگەڵ کوڕەکەی و چەند هاوکارێکی نزیکیدا لەسێدارەدران. لاشەکەی لە شوێنێکی نەزانراودا بەخاکسپێردرا – تا ئەمڕۆش شوێنەکە هەر بە نەزانراوی ماوەتەوە.



ویٚنەی سەید ڕەزا

هێرشەکان بۆ سەر هێزە ئەمنییەکانی تورکیا تا ساڵی ١٩٣٨ بەردەوام بوون. بەگوێرەی مێژوونووس هانس-لوکاس کەیسەر، لەو کاتەدا ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی دەرسیم پێیان وابوو کە ئەگەر ئەوان بەرخۆدان نەکەن، ئەوا لە کۆتاییدا هێزە تورکییەکان بەتەواوی لەناویان دەبەن. وەک کەیسەر لە وتارێکیدا لەبارەی کۆمەڵکوژییەکەوە نووسیویەتی، لەساڵی ١٩٣٨ هەڵمەتە سەربازییەکەی تورکیا پێیناید "ئاستێکی نوێ و گشتگیرەوە" و گەیشتە پلەی "پاکتاوێکی گشتی" پارێزگاکە.

سەربازە تورکەکان بە تۆمەتی پاڵپشتیکردنی یاخیبوونەکە، بەشوێن ئەندامانی چەند خێڵێکی دیاریکراو و دانیشتوانی چەند گوندێکەوە بوون. نوری دەرسیمی، هاوڕێی ڕەزا، پزیشکی ئاژەڵان و چالاکوانێکی دەرسیم بوو کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی خێزانەکەی لە کۆمەڵکوژییەکەدا لەدەست دا. نوری بۆ ماوەی چەند مانگێک بەشداریی لە یاخیبوونەکەدا کرد، دواتر بەرەو مەنفا لە سوریا ڕۆیشت. پاش چواردە ساڵ کتێبێکی نووسی کە تێیدا وردەکاریی کردە دڕندانەییەکانی سوپای تورکیای باس کردووە.

بەوتەی دەرسیمی، لەکاتێکدا پیاوەکان بەرەو شاخەکان ڕۆیشتوون بۆ بەشداریکردن لە یاخیبوونەکە، ژن و منداڵەکان لە ئەشکەوتەکاندا خۆیان حەشاردەوە. کاتێک سوپای تورکیا پێی زانیون، دەمی ئەشکەوتەکانی گرتووە و ئاگری تێدا کردوونەتەوە، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی ژن و منداڵەکان لەناوەوە بخنکێن. هەر کەسێکیش هەوڵی دابێت هەڵبێت، بە حەربەی چەکەکانیان کوشتوویانن. نوری دەرسیمی باسی لەوەش کردووە کە لە ژمارەیەک نەخشەی سەربازیی ناوچەکەدا ئەشکەوتەکان دیاریی کراون، ئەوەش دەریدەخات کە ئەو کارە کردەی چەند هێزێکی لادەری ناو سوپا نەبووە، بەڵکو سیاسەتێکی ستراتیژی بووە. هەندێک لە ژن و کچەکانیش لەو بەرزاییانەی دەڕوانێت بەسەر هەردوو ڕووباری مونزور و هارجیک، کە بەناو شارەکەدا دەڕۆن، خۆیان هەڵداوەتە خوارەوە تا خۆیان بەدووربگرن لەوەی بکەونە بەر دڕندەیی سەربازە تورکەکان. تەنانەت ئەو خێڵانەی کە نزیک بوون لە حکومەتی تورکیا و هاوکاریان بوون، دەربازیان نەبوو.

زۆرکات خێڵە هاوکارەکان لەکاتی ئۆپەراسیۆنەکاندا لە گوندەکانی خۆیاندا دەمانەوە و وایان دەزانی لە هەڵمەتەکانی سوپا پارێزراو دەبن. بەڵام وەک دەرسیمی باسی دەکات، دواجار سوپای تورک داویەتی بەسەر ئەو گوندانەشدا. سەرۆک خێڵەکان ئەشکەنجەدراون و کوژراون. هەرکەسێکیش هەوڵی هەڵهاتنی دابێت، گیراوە و کوژراوە؛ ژنان و منداڵانیش لەناو کایانەکاندا حەپسکراون و بەزیندوویی سووتێنراون.

هەڵمەتەکەی سوپای تورکیا تەنها لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٣٨ دوایی هات. بەگوێرەی بروینیسین، سەرکوتەکەی تورکیا بۆ یاخیبوونەکەی دەرسیم زیاتر ئاگادارکردنەوەیەک بوو بۆ ناوچە کوردییەکانی دیکە تا بزانن چی ڕوودەدات گەر بەرەنگاری سیاسەتی تواندنەوەی تورکیا ببنەوە.

بەگوێرەی ئامارەکانی حکومەتی تورکیا، لەکاتی کۆمەڵکوژییەکەدا ١٣ هەزار و ١٦٠ هاوڵاتیی مەدەنی دەرسیم کوژراون. بەڵام، دانیشتوانی دەرسیم هیچ کۆک

نین لەگەڵ ئەو ژمارەیەدا. لە کتێبەکەیدا بەناوی "مێژوویەکی نوێی کوردەکان"، داڤید ماکدۆواڵ ژمارەی کوژراوەکان نزیک دەکاتەوە لە ٤٠ هەزار. دانیشتوانی دەرسیم پێیان وایە کە ژمارەی مردووەکان لەوەش زیاترە. لانی کەم ١١ هەزار و ٨١٨ دانیشتووی دێکەی دەرسیم لەو کاتەدا ناچارکراون زێدی خۆیان جێبهێڵن.

حکومەتی تورکیا ئاستی تۆندوتیژیی سوپای زۆر کەم بایەخ کردووە، گوایە هەڵمەتە خوێناوییەکە پێویست بووە بۆ سەرکوتی یاخیبوونەکە. لە ساڵی ١٩٣٨ ژمارەی دانیشتوانی دەرسیم بە ٦٥ هەزار بۆ ٧٠ هەزار خەمڵێندراوە.

ئەگەر ژمارەکەی ماکدۆواڵ دروست بێت، ئەوا لانیکەم لەسەدا ٥٧ی دانیشتوانی دەرسیم لە کۆمەڵکوژییەکەدا لەناوبراون.

کۆمەڵکوژییەکە تەنها سەرەتایەک بوو

گوڵیزاری هاوسەری بەگۆ، کە ئێستا تەمەنی ٨٤ ساڵە، لە کاتی کۆمەڵکوژییەکەدا سێ ساڵان بووە. زۆربەی یادەوەرییەکانی لە کەسانی دیکەوە بیستووە - شۆکی دەروونیی پێ بەخشراوە لەلایەن ئەو کەسانەی بەختیان هەبووە و ڕزگاربوون. لەوکاتەدا نزیکەی هەموو خزمە نێرینەکانی گوڵیزار چەکیان هەڵگرتووە و ڕوویان کردووەتە ناو دارستانە چڕەکانی شاخەکانی دەوروبەر بۆ بەشداریکردن لە یاخیبوونەکەدا.

بەڵام باوکی لە دەرسیم ماوەتەوە بۆ ئەوەی پارێزگاری لەخێزانەکەی بکات. ڕۆژێک سەربازەکان هاتن بۆ ماڵەکەیان و باوکیان برد. لەو ڕۆژەوە کەس هیچی لەبارەیەوە نەزانی و هەرگیز لاشەکەشی نەدۆزرایەوە.

وەک گوڵیزار باسی دەکات، لەهەمان ڕۆژدا سەربازە تورکەکان ٢٥ کوردی عەلەویی شارەکەیان ڕیز کردووە و جەستە هەژاوەکانیان بەر فیشەک داون- نیشانەیەکی بەد بۆ ئەو چارەنووسەی کە دەشێت بەسەر باوکیدا قەوما بێت.

لەوکاتەدا گوڵیزار لەگەڵ دایکو پورەکانیدا لە گوندێکی ئەو نزیکانەبوون، "ئەوە تەنها هۆکارێکە کە ڕزگارمان بوو"، گوڵیزار وادەڵێت. گوڵیزار بە تورکییەکی تێکشکاو قسە دەکات؛ زمانی یەکەمی زازاکییە و لە تەمەنی گەورەییدا فێری تورکی بووە.

بەڵام گوڵیزار خۆی شتێکی لەبیرە کە وەک گرێیەکی توند بۆ ماوەی ٨٢ ساڵی ڕەبەقە شوێنی دەکەوێت. یادەوەرییەکەی شتێکی بەردەوامی جوڵاو نییە، بەڵکو دێت و دەچێ- دەشێوێت و تێکدەچێت.

"فەرماندەیەکی سەربازیی تورک هەموو ژن و منداڵەکانی لەشوێنێکدا کۆکردەوە کە ئاژەڵەکانی تێدا دەمایەوە"، گوڵیزار وا دەڵێت و چاوەکانی لەسەر بۆشاییەکی بەردەمی جێگیرکردووە.

"پیاوەکە داڕێکی بەدەستەوە بوو، هاواری دەکرد بەسەرماندا تا جلە نەریتییەکانمان دابکەنین. بەوناوەدا دەهات و جلی ستایلی ڕۆژئاوایی تێدەگرتین- بلوس، پانتۆڵ و تەنووڕە. لە کلتوری ئێمەدا، ژنان کڵاوی بچووک لەسەر دەکەن. فەرماندەکە بەوناوەدا دەگەڕا و بە دارەکەی لە ژنەکانی دەدا و داوای لێ دەکردن کڵاوەکانیان دابکەنن".

"کاتێک جلەکانمان گۆڕی، سەربازەکان ڕێگەیان پێدابین بگەڕێینەوە ماڵەکانمان".

گوڵیزار دەشڵێت: "بەڵام کۆمەڵکوژییەکە تەنها سەرەتایەک بوو". هەروەها سەربازە تورکەکان قەتڵوعامی ئاژەڵەکانیان کرد و گریان بەردایە کێڵگەکانیش. بۆ کەسانێک کە بەنزیکەیی بەتەواوی پشتیان بە کشتوکاڵ بەستبوو، ئەو برسێتییەی بەسەر ئەو خاکەدا بڵاوبوویەوە- کە بەخێرایی لەگەڵ لاشەی مردووەکان و فیشەکەکاندا هات- شتێکی زۆر چاوەڕوانکراو بوو لە پلانێکی زۆر تۆکمەی ستراتیژییدا.

گوڵیزار بەردەوامی بە قسەکانی دەدات: "بەر لە کۆمەڵکوژییەکە ئێمە ژیانێکی ئاساییمان هەبوو. کشتوکاڵمان دەکرد و داهاتی خۆمان پەیدا دەکرد. بەڵام دوای کۆمەڵکوژییەکە هیچمان نەما. کەس هیچی نەدەڕواند و هیچی گەورە نەدەکرد و نەماندەتوانی خواردن بکڕین. لەبیرمە کە زۆر برسیم بوو و بە شەقامەکاندا دەگەڕام شتێکم دەستبکەوێت بیخۆم".

گوڵیزار باسی هەڵکوتانی بەردەوامی پۆلیس و سوپا دەکات بۆ سەر ماڵەکەیان بەدرێژایی چەندین دەیە، "بەردەوام دەهاتن بۆ ماڵەکەمان، زۆر لە سەربازەکان

دەترسم. هەرکات بمبینینایە خۆم دەشاردەوە. بەڵام ئێستا زۆر لێیان ناترسم، ڕاهاتووم پێیان".

لەساڵی ١٩٧٤ و دوای چەندین دەیەی سەرکوتکردن لە تورکیا، پارتی کرێکارانی کوردستان(پەکەکە) بە سەرکردایەتی چالاکوانی کوردی لەدایکبووی تورکیا عەبدوڵا ئۆجەلان دامەزرا، کە ئێستا بۆ ماوەی دوو دەیەیە لە زیندانی تاکەکەسیدا لە دورگەیەک لە تورکیا زیندانیکراوە. لەکاتێکدا سەرەتا دەسەڵاتداران گروپەکەیان زۆر بەهەند وەرنەگرت، لە ساڵی ١٩٨٤ پەکەکە کە لەبنەڕەتدا لەسەر ئایدۆلۆژیای مارکسی-لینینی دامەزرا، شەڕێکی گەریلایی لە تورکیا ڕاگەیاند بە ئامانجی دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ کوردستان. بەڵام لە ساڵانی ١٩٩٠، پەکەکە ئامانجی خۆی گۆڕی لە شەڕکردن بۆ دەوڵەتی سەربەخۆوە بۆ داواکردنی مافی یەکسان و ئۆتۆنۆمیی بۆ کوردەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتی تورکیادا.

ململانێ چەکدارییەکە تا ئەمڕۆش درێژەی هەیە. بەگوێرەی ئامارەکانی گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی، لەساڵی ١٩٨٤ــەوە دەوروبەری ٣٠ بۆ ٤٠ هەزار کەس، لەنێویاندا هەزاران هاوڵاتیی مەدەنی، کوژراون. لە ساڵانی ١٩٩٠، وەک بەشێک لە هەوڵەکانی بۆ ڕیشەکێشکردنی پەکەکە، حکومەت و هێزە ئەمنییەکانی تورکیا تۆمەتبار دەکران بە وەدەرنانی سەدان هەزار هاوڵاتی کورد لە گوندەکانیان لە شارەکانی ڕۆژهەڵات(ی تورکیا)، هاوکات لەگەڵ کوشتنی هەزاران هاوڵاتیی مەدەنی، لەنێویاندا زیاتر لە دە ڕۆژنامەنووس، خاپوورکردنی سەدان گوندی کوردی، هەروەها ڕاگوێزانی زۆرەملێ، ئەوەش بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ.

گروپەکانی مافی مرۆڤ ئاماژەیان بۆ ئەوە کردوە کە سوپای تورکیا بەشێوەیەکی سیستماتیک هاوڵاتییە مەدەنییە کوردەکانی بەئامانج گرتووە وەک تۆڵەسەندنەوەیەک بۆ هێرشەکانی پەکەکە. سوپای تورکیا هەستاوە بە هەڵکوتانە سەر ماڵان، دەستگیرکردنی بەکۆمەڵ، تێکدانی مووڵکومااڵ، تەقەکردنی کوێرانە و هەڵدانی بۆمبی دەستی بۆ ناو ماڵی هاوڵاتیانی مەدەنی.

بۆ نموونە، لە ساڵی ١٩٩٢ و دوای پێکدادانی نێوان پەکەکە و هێزە ئەمنییەکانی تورکیا لە شارۆچکەی کولپی سەر بە پارێزگای دیاربەکر(ئامەد)، لانی کەم پێنج هاوڵاتی مەدەنی کورد کوژران و چواری دیکەش بریندار بوون دوای ئەوەی هێزە تورکییەکان بەشێوەیەکی هەڕەمەکیانە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک تەقەیان لە خانوو، دوکان و ئۆتۆمبێلەکان دەکرد. دەگوترێت یەکێک لە بریندارەکان دوای ئەوەی دەکەوێتە دەست هێزە ئەمنییەکانی تورکیا، نەوتی پێداکراوە و سووتێنراوە.

بەهەمان شێوە پەکەکەش تۆمەتبارکراوە بە پێشێلکاریی جددی دژی مافەکانی مرۆڤ، وەک کوشتنی هاوڵاتیانی مەدەنی، لەنێویاندا ژن و منداڵ، هەروەها کوشتنی هاوڵاتیانی کورد بە گومانی هاوکاریکردنی سوپای تورکیا- تەنانەت بەئامانجگرتنی ئەو کەسانەی لە پەکەکە جیابوونەتەوە.

ئەندامانی پاسەوانانی گوند، یاخود گوندپارێزان- زۆرینەیان چەکداری کوردن کە هاوکاریی ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورکیا دەکەن دژی پەکەکە و گروپە جیاوازەکانی سەر بە پەکەکە- ئەم گوندپارێزانە ئامانجێکی دیاریکراوی پەکەکەن. ژمارەیەکی زۆری گوندنشینان دوو بژاردەیان خراوەتە بەردەم (لەلایەن تورکیاوە) یان پەیوەندی دەکەن بە گوندپارێزەرانەوە، بەوپێیەش دەبنە هاوکاری دەوڵەتی تورکیا، یاخود بەیەکجاریی لە گوندەکانیان وەدەردەنرێن. هاوکات باس لەوەش دەکرێت کە ئەگەر گوندنشینەکان داواکەی دەسەڵاتدارانی تورکیایان ڕەتکردبێتەوە، ئەوا ڕووبەڕووی ئەشکەنجە و دەستدرێژی بوونەتەوە.

ئەندامانی هێزەکانی گوندپارێزان تۆمەتبارکراون بە ڕەمیکردن، سەرنگومکردن، دەستدرێژیی سێکسی، دەستگرتن بەسەر زەوی و ماڵی گوندنشینە ئاوارەکاندا - هەندێک جاریش خۆیان وەک چەکدارانی پەکەکە دەرخستووە بۆ ئەوەی پەکەکە تۆمەتباربکرێت بەو کارانەی کە دەیکەن.

لە دوای دەستگیرکردنی ئۆجەلان لە ساڵی ١٩٩٩ شەڕەکە بۆ ماوەیەکی کاتیی کز بوو، پاش ئەوەی ئۆجەلان داوای لە چەکدارانی پەکەکە کرد چەکەکانیان دابنێن و خەباتی چەکداری بوەستێنن. بەڵام ئاگربەستی یەکلایەنە تەنها بۆ

چەند ساڵێکی کەم بەردەوام بوو و دواتر شەڕ دەستی پێکردەوە.

"دوای کۆمەڵکوژییەکە ژیان بەهەمان شێواز بەردەوام بوو"، گوڵیزار وادەڵێت، لەکاتێکدا بەشێک لە قژە وەک-بەفر-سپییەکەی بە سەرپۆشێکی سپیی تەنک داپۆشراوە. لەشی بەتەواوی لەجوولّە کەوتووە؛ تەنها جوڵّەیەک کە هەستی پێ دەکەم کرانەوە و داخستنێکی بچووکی دەمیەتی کاتێک قسە دەکات. "لە ساڵانی ١٩٣٠ و ١٩٤٠ەکان، ئەوان کۆمەڵکوژیان کردین. لە حەفتاکان و هەشتەکان ئەشکەنجەیان داین. لە نەوەتەکاندا گوندەکانیان وێرانکردین. ئێستاش بەردەوامن لە زیندانیکردنمان. هیچ شتێک نەگۆڕاوە".

"چیتر سەیری چیاکان ناکەم"

ئەو دەمەی لەکۆتاییدا بینگۆ دەستی کرد بە قسەکردن، کەمێکی پێچوو تا چاوەکانی لەسەر بۆشاییەکی بەردەمی لابدات و دەستی بەرزبکاتەوە و ئاڕاستەی لوتکەی چیایەکی تەنیشت خۆمانی بکات. "لەگەڵ دایکم، برایەکم و دوو خوشکمدا بۆ گوندێکی سەر ئەو چیایە هەڵهاتم."

بەگۆ و خێزانەکەی سەر بە خێڵی دەمانان بوون، ئەو خێڵەی سوپای تورکیا پێی وابوو بەرپرسە لە سوتاندنی پردێک لە سەرەتای یاخیبوونەکەدا لە نێوان دەرسیم و ئەرزنجان. هەر کە خێزانەکەی بەگۆ دەنگوباسی نزیکبوونەوەی سەربازە تورکەکانیان بیست، دەستبەجێ لەگوندەکەیان هەڵهاتن و لە گوندێکی دیکە بەناوی هۆپیک خۆیان حەشار دا کە دەکەوێتە سەر چیایەک لە نزیک ماڵەکەی ئێستای بەگۆوە.

وەک بەگۆ باسی دەکات، سەربازەکان گەیشتبوونە گوندەکانی دەوروبەر و دەربارەی شوێنی ئەندامانی خێڵی دەمانان لە خەڵکی ئەو ناوەیان دەپرسی. ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی خێڵەکەش چالاکانە بەشداری یاخیبوونەکە بوون. بەگۆ دەڵێت: "پیاوێک بە سەربازەکانی وت کە خێزانەکەی من سەر بە خێڵی دەمانان و شوێنی خۆحەشاردانی ئێمەشی بۆ ئاشکرا کردن". دەستبەجێ سەربازەکان دۆزینیانەوە و هەموویانیان ڕیزکرد. "ئێمەیان هێنا بۆ تەنیشت ڕووباری هارجک. پێیان وتین کە ڕیز بین. خوشکە بچووکەکەم زۆر دەترسا. دەڵەرزی و دەگریا. بۆیە دەستم خستە سەر سەری تا تۆزێ هێوری بکەمەوە."

سەربازەکان دەستیان کرد بە تەقەکردن؛ یەکێک لە فیشەکەکان نرا بە سەری خوشکە بچووکەکەیەوە. کاتێک فیشەکەکە چووە ناو سەرییەوە، بەر پەنجەی بەگۆش کەوت. [لەو کاتەدا] بەگۆ لە گێڕانەوەی چیرۆکەکە وەستا و دەستی ڕاستی بەرزکردەوە تا دەستە شێواوەکەیم پیشان بدات کە تەنها سێ پەنجەی پێوە مابوو.

ئازاری فیشەکەکە بەگۆی بوراندەوە. سەربازەکانیش کە وایان دەزانی مردووە، لاشەکەی فڕێدەدەنە ڕووباری هارجلیک، لەگەڵ لاشەی هەموو ئەندامانی خێزانەکەی کە هەموویان بە فیشەک کوژرابوون. بەڵام کاتێک لاشەی بەگۆ دەکەوێتە ئاوە سارد سەهۆڵینەکەوە، بەئاگا دێتەوە.



بریندارییەکەی بەگۆ

بەگۆ دەگێڕێتەوە: "بۆ چەند کیلۆمەترێک خۆم دا بەدەم ئاوەکەوە و دواتر لەڕووبارەکە چوومە دەرەوە. چووم بۆ ماڵی پورم و دواتر یەکێک لە خاڵەکانم هات و بردمی بۆ شاخەکان تا خۆم بشارمەوە."

بەگۆ بەبێ پچڕان بەردەوامە لە گێڕانەوە و هێشتاش لە بۆشایی دەڕوانێت - تەنانەت بچووکترین کاردنەوەشی نییە بۆ وشەکان و یادەوەرییەکانی خۆی. باسی دڕندەیی سەربازە تورکەکان دەکات. وەک بەگۆ ئاماژەی بۆ دەکات، لە کاتی یاخیبوونەکەدا، زۆربەی کات پیاوان دەچوون بۆ شاخەکان تا دژی سوپای تورکیا شەڕ بکەن، ژنان، بەتەمەنەکان و منداڵانیشیان لە گوندەکان جێدەهێشت.

لە گوندی ڕۆڤایک، کە ئێستا لەلایەن دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بەوە ناسراوە کە شوێنی گۆڕێکی بەکۆمەڵ بێت، سەربازە تورکەکان بەبێ جیاوازیکردن ئەو کەسانەیان دەکوشت کە لە گوندەکاندا دەمانەوە. بەگۆ دەڵێت: "هەمیشە وامان دەزانی کە ژن، منداڵ و کەسانی بەتەمەن هەرگیز نابێت بەشێک بن لە شەڕ. شەڕ لەنێوان پیاوان و پیاواندایە؛ سەرباز و سەرباز. بەڵام ئەوان هاتن بۆ ڕۆڤایک و هەموویان کوشت. کەسیان بەزیندوویی جێنەهێشت".

بەگۆ بەردەوام دەبێت لە گێڕانەوەکەی: "کاتێک پیاوەکان لە چیا گەڕانەوە، بینییان لاشەی کەسە خۆشەویستەکانیان لەسەر زەوییەکە کەوتووە. ڕێک لەو شوێنەی کوژرابوون، لەلایەن سەربازەکانەوە جێهێڵدرابوون". دواتر چەکدارە عەلەوییە کوردەکان ناچاربوون لاشەی دایباب، داپیرە و باپیرە، هاوژین و منداڵەکانیان ئەسپەردەی خاک بکەن. وەک بەگۆ باسی دەکات، لاشەکان هێند زۆربوون ئەوان هیچ چارێکیان نەبووە جگە لەوەی هەمووییان پێکەوە بنێژن- لە یەک گۆڕی گەورەدا.

بەگۆ دەڵێت: "هەوڵدەدەم چیتر سەیری چیاکان نەکەم. هەرکاتێک سەیریان دەکەم بیری خێزانەکەم دەکەوێتەوە کە دەکوژرێن. دیسان و دیسان هەست بە ئازار دەکەم. هەرگیز نەمتوانیوە ئەو ئازارە لەبیربکەم."

لە ساڵی ٢٠١١ سەرۆکی تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان داوای لێبووردنی کرد بۆ کۆمەڵکوژیی دەرسیم. "ئەگەر پێویستییەک هەبێت بۆ داوای لێبوردن لەبری دەوڵەت، ئەگەر کاری لەو شێوەیە کرابێت وەک لە کتێبەکاندا هەیە، ئەوا داوای لێبوردن دەکەم و ئێستاش داوای لێبوردن ئەکەم"، ئەردۆغان لە وتارێکی تەلەفزیۆنیدا وای وت. هەروەها کۆمەڵکوژییەکەی وەک "تراژیدیترین ڕووداو لە مێژووی ئەم دواییەدا" ناوبرد، داواشی لە پارتی گەلی کۆماری(جەهەپە) کرد، پارتەکەی ئەتاتورک کە لەکاتی کۆمەڵکوژییەکەدا لەسەر دەسەڵات بوو، کە "ڕووبەڕووی" مێژووەکەی خۆیان ببنەوە.

بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان گاڵتەیان بە داوای لێبووردنەکەی ئەردۆغان دەهات، چونکە پێیان وابوو کە ئەوە گەمەیەکی سیاسییە بۆ دوورخستنەوەی دەنگدەرە کوردەکان لە جەهەپە کە گەورەترین پارتی ئۆپۆزسیۆنی تورکیایە.

کاتێک لەبارەی داوای لێبووردنەکەی ئەردۆغانەوە پرسیارم لە بەگۆ کرد، پێشبینیم دەکرد بە تورەییەوە وەڵام بداتەوە، بەڵام دەنگی بەهەمان تۆنی نزم و نەگۆڕ بەردەوام بوو.

"ئەوان هێشتا دەمانکوژن. هێشتا دەستگیرمان دەکەن و ئەشکەنجەمان دەدەن. هەر ماوەیەک لەمەوپێش لە سوور کۆمەڵکوژیان کردین"، بەگۆ وادەڵێت وەک ئاماژەیەک بۆ گەمارۆی ساڵی ٢٠١٦-ی سەر ناوچەی سووری ئامەد، کە زیاتر لە ٢٠٠ کورد کە زۆرینەیان هاوڵاتی مەدەنی بوون، لەسەر دەستی سوپا و پۆلیسی تورکیا کوژران لە ڕووبەڕووبوونەوەدا لەگەڵ هێزەکانی پەکەکە کە ماوەی سێ مانگی خایاند.

"ئەگەر دەیەوێت داوای لێبووردن بکات، ئەوا پێویستە سەرەتا لە کوشتنی ئێمە بوەستێت،" بەگۆ وادەڵێت.

"دەڵێی ئێسکەکان بانگیان دەکردم"

پەشێوییەکەی حسێن باران چەندین ساڵی خایاندووە- لە ڕابردوویەکەوە شوێنی کەوتووە کە وەک تارماییەکی بێبەزەیی خۆی حەشاردابوو و لەپشت پیرەکانی دەرسیمەوە دێت و دەچێت. دایکی حسێن، زەریفە، لە ساڵی ١٩٣٨ لەدایک بووە-یەکەمین هەناسە و گریانەکانی ئاوێتە بوون لەگەڵ دواهەمین هەناسە و هاوارەکانی باو و باپیرانی.

هاوشێوەی هەموو دانیشتوانی دەرسیم، حسێن بەر لەوەی بچێتە قوتابخانە بە چیرۆکەکانی بەرخۆدان و کۆمەڵکوژییەکە ئاشنا بوو. لە ساڵی ١٩٣٨، سەربازە

تورکەکان هەر کەسێکیان لە خێزانی جانان، خێزانی مامی زەریفە، هەروەها خێزانی باران دەستکەوتبێت، کوشتووە. دانیشتوانی ئەو ناوچەیە دەڵێن کۆی گشتیی قوربانییەکان ٢٤ کەس بوون.

سەربازە تورکەکان هەموویانیان لە ناو خانوویەکدا کۆکردوەتەوە کە دەکەوێتە سەر گردێک و چەند کیلۆمەترێک لە ماڵەکەی حسێن لە هۆزاتەوە دوورە. بەگوێرەی چیرۆکێک کە دەماودەم لە پیرەکانەوە باسکراوە، هەموو قوربانییەکان کە منداڵیشیان تێدابووە، بە فیشەک کوژراون و دواتریش سەربازەکان خانووەکەیان سووتاندووە.

حسێن هەمیشە هەستی بە "باریکی قوورسی رۆحی" کردووە بەرامبەر باو و باپیرانی و بۆ ماوەیەکی درێژ ویستویەتی یادگەیەکیان بۆ دروست بکات. "لەگەڵ ئەم گێڕانەوانەی کۆمەڵکوژییەکەدا گەورەبووم"، حسێن وادەڵێت، لەکاتێکدا لەسەر قەنەفەیەک لە ژوورەکەیدا دانیشتووە و دەستەکانی بەهێواشی کردووە بەناویەکدا. کەسێکی رۆح-شیرین و میهرەبان دیارە.

"هەستم کرد بەرپرسیارێتییەکم بەرامبەر ئەوان هەیە- لانیکەم بۆ دروستکردنی شوێنێک کە بتوانین بۆی بڕۆین و ڕێزی خۆمانیان بۆ نیشان بدەین."

بەڵام دروستکردنی یادگەیەک بۆ قوربانیانی دەرسیم دەکرا حسێن بخاتە زیندانی تورکیاوە. تەنانەت گەر بەشێوەیەکی ئاشکرا ناوی "دەرسیم" بەریت، ئەوا ڕەنگە بکەویتە بەر ڕەحمی "مستی بڕۆنزیی" دەوڵەتەوە. بەڵام پارتی داد و گەشەپێدانی ئەردۆغان لەماوەی دەیەی ڕابردوودا دەستی کردووە بە لیبرالکردنی سیاسەتەکانی لەبارەی کوردەوە بەمەبەستی ڕاکێشانی دەنگدەرانی کورد، هەروەها گفتوگۆکانی ئاشتیی لەگەڵ پەکەکە زیندووکردەوە، کە لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە دەستی کردەوە بە هێرشەکانی دژی حکومەت.

لە ساڵی ٢٠١٣ و دوای دانوستان لەنێوان ئۆجەلان و ئەردۆغان، ئۆجەلان ئاگەربەستێکی ڕاگەیاند، کە تێیدا کشانەوەی چەکدارانی پەکەکەی لە خاکی تورکیا لەخۆ دەگرت، لەبەرامبەریشدا ئەردۆغان پەیمانی دا بە فراوانکردنی مافە کلتورییەکانی کورد لە تورکیا.

بۆ یەکەم جار لە مێژووی تورکیادا قوتابخانەی کوردی لە هەرێمەکەدا کرایەوە و دەیان کەناڵی تەلەفزیۆنی، ڕۆژنامە و ڕێکخراوی کوردی دامەزران. هاوکات چاپکردنی کتێب بە زمانی کوردی بۆ زیاد لە دووهێندە بەرزبووەوە.

هەروەها شارەوانییە کوردییەکان دەستیانکرد بە دروستکردنی مۆنۆمێنت بۆ سەرکردە کۆچکردووە کوردەکان و ئەو هاوڵاتییە مەدەنییانەی لەلایەن هێزە ئەمنییە تورکییەکانەوە کوژرابوون. لە ساڵی ٢٠١٠ پەیکەری سەید ڕەزا لە دەرسیم دانرا و سێ ساڵ دواتریش مۆنۆمێنتێک لە ئامەد بۆ قوربانیانی کۆمەڵکوژییەکەی ڕۆبۆسکی دروستکرا، دوای ئەوەی لەساڵی ٢٠١١ لە بۆردومانێکی فڕۆکە جەنگییە تورکییەکان ٣٤ هاوڵاتیی کوردیان لە گوندی ڕۆبۆسکیی سەر بە پارێزگای شەرناخ کوشت کە زۆرینەیان هەرزەکاربوون، لەکاتێکدا ئەو کەسانە لە سنووری عێراقەوە دەگەڕانەوە و کەلوپەلیان پێ بوو تا لە بازاڕدا بیفرۆشن.

دواجار حسێن خەونەکەی هێنایەدی و مۆنۆمێنتەکە بۆ باو و باپیرانی بونیادنرا و مەڕاسیمێکی سیاسییانەش بۆ کردنەوەکەی ڕێکخرا. لە مانگی نیسانی ٢٠١٤، حسێن و سێ کرێکاری دامەزراو، بە ئامێری شۆڤڵەوە ڕوویان کردە ئەو چیایەی شوێنی کۆمەڵکوژییەکەیە- کە نزیکەی ٤٥ خولەک بە پێ لە ماڵەکەی حسێنەوە دوورە.

حسێن دەڵێت: "بە شۆڤڵەکەم ئەو ناوەم هەڵدەکەنی و لەپڕا بەردێکی گەورەم بینی. بەردەکەم بەرزکردەوە و ئێسکم بینی. کەلەسەر، ئێسکی قۆڵ و ڕان، شەویلگە و ئێسکی پەراسووم بینی."

"خێرا زانیم ئەوانە ئێسکی باو و باپیرانی خۆمن."

حسێن دارما و دەستیکرد بە گریانێکی بەکوڵ. "ناتوانم بۆت ڕوونبکەمەوە کە لەو کاتەدا هەستم بە چی دەکرد". کاتێک هێندە هێزی بەبەردا هاتەوە تا بەردەوام بێت لە هەڵدانەوەی ئێسکەکان، دیمەنی پچڕپچڕ و وێنەکانی زیاد لە هەشت دەیەی پێشتری بەسەردا ڕژا.

"دەمتوانی هەست بەوە بکەم کە ئەوان هەستیان پێکردووە. دەمتوانی ببینم چۆن دەسووتێن. دەنگی فیشەک و گریانی منداڵەکانم دەبیست. وەک ئەوە وابوو کە ئێسکەکان ڕێک بۆ ئەم شوێنە بانگم بکەن."

حسێن دەستبەجێ پەیوەندیی کرد بە پارێزەرانەوە تا یارمەتیی بدەن. بۆ ماوەی ٢٠ ڕۆژ، چاودێریی ئێسک و پرووسکی باو و باپیرانی دەکرد- تەنها بۆ نانخواردن و خەوتن شوێنەکەی جێدەهێشت. دەترسا کە بەرپرسانی تورکیا بە دۆزینەوەکەی بزانن و بێن ئێسکەکان تێک بدەن.

پاش دوو هەفتە و نیو، جیهان سۆیلەمەز، پارێزەر لە دەرسیم، گەیشتە شوێنەکە. ئەوە یەکەم جار نەبوو دانیشتوویەکی ناوچەکە پاشماوەی ئێسکەپەیکەری شارداوە لەژێر خۆڵدا لە دەرسیم بدۆزێتەوە. لە ساڵی ٢٠١٢، سۆیلەمەز کاری لەسەر کەیسێکی تر کردووە کە گوندییەکان ئێسکیان لە ناوچەیەکی شاخاوی ئەرزنجان دۆزیوەتەوە، شوێنێک بە وتەی بەتەمەنەکان کاتی خۆی لانی کەم سەدوپەنجا کەسێک کۆکراونەتەوەو لەلایەن سوپای تورکیاوە بەفیشەک کوژراون. سەرەڕای ئەوەش، کەیسەکە، کە داوای کردبوو لێکۆڵینەوە لە مردووەکان بکرێت، لەلایەن دادگاکانەوە ڕەت کرایەوە و سۆیلەمەزیش لەوە زیاتر نەچووە پێشێ.

زۆر دانیشتووی تر لە دەرسیم ڕێکەوتی ئێسکیان کردووە؛ هەندێک جاری دیکە ئێسکەکان لە حەشارگەکەیانەوە لە ژێرگڵەکەوە لە دەرێیان ڕوانیوە کاتێک زەویەکە داخوراوە. بەڵام ترسی گیانلەرزێن لە دەوڵەتی تورکیا- ترسێک کە میراتیی ئەو باوباپیرانەیە کە هێشتاش لەژێر پێیاندا کەڵەکەن- زۆرینەی دانیشتوانەکە لە بێدەنگیدا دەهێڵێتەوە. "لە ساڵی ١٩٣٨ سوپا گوندەکەوتی خەریکی کۆمەڵکوژیی بوو"، سۆیلەمەز، کە لەسەر کورسییەکی پشت مێزێکی گەورە لە ئۆفیسێکی ناوەندی شاری دەرسیمدا دانیشتووە، وا دەڵێت. "خەڵکەکە لە چیاکان و دارستانەکاندا خۆیان حەشار دا. کاتێک گەڕانەوە بینییان خەڵک کوشتوبڕ کراون".

"ئەوان هەوڵیان دا هێندەی دەتوانن باش گۆڕەکان داپۆشن"، سۆیلەمەز لە قسەکانی بەردەوام دەبێت. "خەڵکی دەرسیم خۆیان مردووەکانیان ناشت، تا بیریان بێت گۆڕەکان بەدیاریکراوی لەکوێدان. زۆرینەی گۆڕەکان گۆڕی بەکۆمەڵن چونکە خەڵکی وا ترسابوون نەیاندەوێرا بەجیا مردووەکان بەخاک بسپێرن؛ دەترسان سوپا بە ئامانجیان بگرێت. هەندێک جاریش تەرمەکان هەر زۆر زۆر بوون".

بەگوێرەی خەڵکی ناوچەکە، لانی کەم سێ سەد گۆڕی بەکۆمەڵ لە دەوروبەری دەڤەری دەرسیمدا هەن. دانیشتوانی دەرسیم زۆرجار سەردانی شوێنی ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانە دەکەن، مۆم دادەگیرسێنن بۆ ڕۆحی ئەو باوباپیرانەی ژێر خاکەکەیان نزا دەکەن.

کاتێک سۆیلەمەز گەیشتە شوێنەکە لە هۆزەت، دەزگای میدیایی لەگەڵ خۆی هێنابوو. هەر کە دۆزینەوەکە دۆکیومێنت کرا، ئیتر حسێن حەسایەوە. سۆیلەمەز دۆزینەوەکانی بردە ئۆفیسی داواکاری گشتی لە هۆزەت تا داوا بکات حکومەتی تورکیا لە کنەکاریی شوێنەکەدا هاوکار بێت.

بەڵام داواکاری گشتی کەیسەکەی ڕەت کردەوە. پاشان سۆیلەمەز کەیسەکەی بردە دادگای تاوانەکان لە ئەرزنجان، کە بڕیارەکەی داواکاری گشتی هەڵوەشاندەوە. بەڵام لەکاتی لێکۆڵینەوەی سەرەتاییدا، داواکاری گشتی بەبێ ئاگادارکردنەوەی خەڵکی هۆزەت چەند بەرپرسێکی هێزی جەندرمەی ناردە شوێنەکە. کاتێک بەرپرسەکان گەیشتن، ئێسکەکان لەلایەن حسێنەوە شاردرابوونەوە تا لە ئاژەڵە کێوییەکان بیانپارێزێت. بەرپرسەکانیش گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە شوێنەکە هیچ ئێسکێکی لێ نەبووە؛ شوێنەکەیان جێ هێشت و کەیسەکە جارێکی تر ڕەت کرایەوە.

سۆیلەمەز ناچار بوو کەیسەکە بەرێتە دادگای ئاسایشی دەرسیم. چەند نموونەیەکی لە بڕیاری (دادگای مافەکانی مرۆڤی یەکێتی ئەورووپا) دەرهێنابوو کە تورکیای بە بەرپرس زانیبوو بۆ چەندین پێشلکاری لە کاتی لەشکرکێشی و داگیرکردنی قوبرس لەلایەن تورکیاوە لە ساڵی ١٩٧٤دا. شایانی باسە دادگاکە ئەوەی بۆ دەرکەوت کە تورکیا بەردەوام شکستی هێناوە لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی پێویست سەبارەت بە وردەکارییەکانی دیارنەمانی هەزار و ٤٨٥ کەس لە بەشی یۆنانی قوبرس.

"بابەتەکە ئەو بوو کە مافی ژیان پێشێل کرابوو"، سۆیلەمەز وای وت. "ئێستاکەکان دەکرا هی ١٩٧٠کان بن، هی ئەو کەسانەی لەلایەن سوپاوە ئەشکەنجە درابوون. تەنانەت

ئەگەر ئەو ئێسکانە هی ئەو کەسانە نەبووبێت کە ساڵی ١٩٣٨ مردن، هی هەر کەسێکن. ئەوەش بەگوێرەی یاسا دەبێت لێکۆڵینەوەی لێ بکرێت."

دادگا لە بەرژەوەندی سۆیلەمەز بڕیاری دا و فەرمانی کرد کە شوێنەکە کنە بکرێت و لێکۆڵینەوەیەکیش ئەنجام بدرێت. لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠١٥ دا، حکومەتی تورکیا لە زانکۆی ئیستەنبوڵەوە چەند پسپۆڕێکی داوەریی ناردە شوێنەکە کە پێشتر لە کنەکردنی گۆڕی بەکۆمەڵدا لە بۆسنە بەشداربوون.

لە کاتی کنەکارییەکەدا، کە دوو ڕۆژی خایاند، حسێن بەلایانەوە وەستا و سەیری تیمەکەی دەکرد کە خەریکی هەڵکەندنی ئەو خۆڵە بوون کە بۆ دەیان ساڵ ڕۆحی باوباپیرانیان داپۆشیبوو- هەروەها دووبارە دەنگیانی ژنەوت.

"ئەوە ئەوکاتە ڕووی دا کە دۆزیمنەوە و پاشان لەکاتی کنەکارییەکەشدا دووبارە بووەوە"، حسێن وا دەڵێت. "دەوەن و بایەکە نالەیان دەهات؛ دەنگیان بە هی منداڵان دەچوو. دەیانگوت 'ئێمە لێرەین. ئێمە هێشتا لێرەین". دۆزینەوەکانی کنەکارییەکە دەنگە دووڕەکانی بەتەمەنەکانی دەرسیمی پشتڕاست کردەوە.

"یانزە کەللەسەریان دۆزییەوە. هەندێک لە کەللەسەرەکان لە یەک شوێندا کەڵەکە کرابوون؛ ئەوانی تر بەسەر شوێنەکەدا بڵاو بووبوونەوە"، سۆیلەمەز ئەمەی ڕوون کردەوە. "پاشماوەی خۆڵەمێش و سیانزە گوولەو و خشڵگەلی وەک مستیلە و ملوانکە و بازنیان دۆزییەوە".

پاشان ئێسکەکان نێردران بۆ ئیستەنبوڵ بۆ پشکنین. لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠١٦ دا، هەموو ڕاپۆرتە داوەرییەکە ئاشکرا کرا. بەگوێرەی سۆیلەمەز، تیمە داوەرییەکە گەیشتبوونە ئەو دەرئەنجامەی کە حەوت لە یانزە کەللەسەرەکان هی منداڵن؛ گەورەترینیان چواردەساڵ و منداڵترینیان چوار ساڵ بووە. هەر سیانزە فیشەکەکە لەو فیشەکانە بوون لەلایەن سوپای تورکیاوە بەکار هاتبوون.

"وەرە و تەماشا کە"، سۆیلەمەز وادەڵێت، ئاماژەم بۆ دەکات تا بچمە لای بۆ پشتی مێزەکەی. بە ماوسەکەی کلیک دەکات و دانە دانە وێنەی ئەو ئێسکە جیاوازانە پیشان دەدات کە لە شوێنەکەدا کنە کراون. لە وێنەیەکدا، دەستانێک لە دەستکێشی شینی پزیشکیدا یەکێک لە کەللەسەرەکانی گرتووە، لەکاتێکدا دەستانێکی تر بە کەرەستەیەک خەریکی پێوانی کەللەسەرەکەن.

"سەیرێکی ئەمە بکە"، جارێکی تر کلیک بە ماوسەکە دەکات و وا دەڵێت. ناتوانم سەر لەوە دەربکەم لە وێنەکەدا چی دەگوزەرێت؛ دەڵێی بەردگەلی ناسک لە قوواڵایی زەوییەکەوە دێنە سەرەوە. "ئەمانە ئێسکە پەیکەری دوو منداڵن کە هەوڵیانداوە یەکتری داپۆشن کاتێک سەربازە تورکەکان دەستیان بە تەقە کردووە".

کچە ونبووەکانی دەرسیم

بە کەنارەکانی ڕووباری مونزوردا ڕێ دەکەین، ئاوە بریقەدارەکەی مونزور گوزەلەری بەسەر بەردەکاندا دەڕژێتە ناو حەوزەکەی خواریيەوە. ڕووبارەکە یەکێکە لە لقەکانی ڕووباری فورات، ئەو ڕووبارەی بە سووریا و عێراقدا دەڕوات بۆ شەتولعەرەب لە پارێزگای بەسرەی باشووری عێراق. "دەتوانیت بە ئاسانی بەم ڕووبارەدا بەرەو عێراق لێخوڕیت. بێ هیچ کێشەیەک!" -هەر وەک مەتین دەڵێت.

لە دەوروبەری ئاوەکەدا، ژنە کوردە عەلەوییە دەمبەخەندەکان بە لەچکی شەل و ڕەنگاوڕەنگەوە گۆزڵەمە دەفرۆشن، نانێکی تەنک و شیرینییەک کە لە سەرانسەری تورکیادا باوە. دوکانێکی دیاریی فرۆش، ئەڵقەزنجیری ڕازاوە بە وێنەی ئیمان حوسەین دەفرۆشێت، کوڕی عەلی- ئامۆزا و زاوای محەمەد پێغەمبەر، کە عەلەوییەکان پابەندی دەبن.

لەکاتێکدا عەلەویەت گەورەترین ئایینی کەمینەیە لە تورکیادا، ئەو عەلەویەتەی لە دەرسیم پیادە دەکرێت تایبەتە بە کوردەکانی ئەوێ؛ پیاوانی پیرۆزی خۆیانیان هەیە و بیروباوەڕەکانیان بەشێوەیەکی ورد و ئاڵۆز بەستراوە بە دیمەنی سروشتی دەرسیمەوە. هەروەها کاریگەرییەکی زۆری بیروباوەڕەکانی ئایینی مەسیحی ئەرمەنی لەسەرە، بەوپێیەی زۆرێک لە ئەرمەنییەکان بوون بە عەلەوی بۆ شاردنەوەی شوناسی خۆیان لە دەسەڵاتدارانی تورکیا لە کاتی جینۆسایدی ئەرمەنەکاندا، دواتریش لەکاتی کۆمەڵکوژییەکەی دەرسیمدا.

لە تاشەبەردەکانی سەروودا، خەڵک مۆم دادەگیرسێنن و نزا دەکەن کاتێک ئاوەکە دەڕژێتە سەر بەردەکان و خۆی پێیاندا دەکێشێت. ئەوانی تریش دەستەکانیان لەناو ئاوە بەخورەکاندا نوقم دەکەن، دەستەکانیان بەرز دەکەنەوە و قووم لە ئاوی ئەو حەوزە دەدەن کە لەناو لەپی دەستیاندا کۆیان کردووەتەوە. ئاوی مونزور گۆزلەری بەلای کوردە عەلەوییەکانەوە پیرۆزە، کە باوەڕیان وایە پیرۆزییەکەی وا دەکات ئاواتەکان بەدی بێن.



مۆنۆمێنتی کچە ونبووەکانی دەرسیم لەسەر شاخی مونزوور

ژنێک بەسەر یەکێک لەو حەوزانەدا نووشتاوەتەوە کە ئاو لە ڕووبارەکەوە کۆ دەکاتەوە؛ پانتۆڵەکەی هەڵدەکات و ئاوی ڕووبارە پیرۆزەکە لە پێ و لاقەکانی دەپرژێنێت. لە تەنیشتییەوە بەردێک هەیە کە شیعرێکی لەسەر نووسراوە، شیعرەکەش لەلایەن فەسیر(کۆجەر) بووک، یەکێک لە کچە ونبووەکانی دەرسیم، نووسراوە.

پاش کۆمەڵکوژییەکەی ساڵی ١٩٣٨، سەدان کچی کوردی عەلەوی لە خێزانەکانیان ڕفێندران و بۆ هەڵگرتنەوە دراونە ئەفسەرانی سوپای تورکیا. دەیان منداڵیش لەلایەن سەربازەکانەوە بران بۆ قوتابخانە شەو و ڕۆژییەکان. تا ئەمڕۆش، زۆرێک لەو کەسانە هێشتا بۆ کەسوکارە ونبووەکانیان لە دەرسیم دەگەڕێن. فەجیر کاتێک تەمەنی نزیکی سێ ساڵان بوو برا و درایە ئەفسەرێکی سوپای تورکیا. دوای چەندین ساڵ لە ئیستەنبوولْ ئەم شیعرەی نووسیوە.

لە شیعرەکەدا کە بە تورکی نووسراوە، فەجیر تاسەی خۆی بۆ ڕووباری مونزور دەردەبڕێت. وەرگێڕەکەم پێی وتم کە شیعرەکە "بە ئینگلیزی هەموو ماناکانی خۆی لەدەست دەدات". بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی دا ئەوەندی دەتوانێت ماناکەی وەربگێڕێت:

تۆ دڵ و ڕۆح و
فرمێسکی چاوانی منیت
تۆ کێڵی گۆڕ و
تاجی سەری منیت
مونزور ئازیزەکەم
من لەگەڵ تۆدا خوێنەکەمم بەشکرد
من لەگەڵ تۆدا ژیانم بەشکرد
ئەی تۆ شاهیدی هەمووی نەبوویت؟
مونزور ئازیزەکەم.

هەلیکۆپتەر بەسەر دەرسیمەوە

ئیمرە و مەتین بانگهێشتیان کردم تا لەگەڵ ئەوان و هاوڕێکانیاندا بچینە ڕاوەماسی. ئیمرە ماسیگرێکی لێزانە.

چەندین ســـەعات لە ڕووبارى هاریک بەدیار تۆڕێکەوە دەوەستێت- تۆڕەکە لە ئاوە بریسکەدارەکە دەهاوێت و ڕێ دەدات بە ئاوەکەدا ڕێ بکات تا هەست بە گرتنی ماسییەک دەکات.

لە هەمان کاتدا، من و مەتین لەلاوە دانیشـــتووین و بیرە دەخۆینەوە. چەنـد هـاوڕێیەکی دیکەیـان دەبینن و کۆ دەبینەوە تـا لە حەوزێکی ڕووبـارەکەدا مەلە بکەین. لە دەرســـیم، دەڵێی هەمووان یەکتر دەناســـن. پێکەنین و شـــڵپوهۆڕی ئەوانەی مەلە دەکەن و لەســـەر بەردەکانەوە بازدەدەن و بە گوریســـێکی ئەســـتوور جۆلانە دەکەن و خۆیان لە ئاوە ســـاردەکە دەهاون ناوەناوە بە دەنگی ئەو هەلیکۆپتەرەی لە سەرمانەوە دەسووڕێتەوە، دەپچڕێت.

"ئاســـاییە"، ئیرە وا دەڵێت، پاش ئەوەی دەمبینێت بەرەو ســەرەوە دەڕوانم. "هەر ئەوەیە حکومەتی تورکیا خەریکی دڵنیابوونەوەیە لەوەی ئێمە تیرۆریست نین".

لە ســاڵی ٢٠١٥دا، ئاگربەســتی نێوان حکومەتی تورکیا و پەکەکە کۆتـایی هـات. چـالاکوانە کوردەکـان حکومەتی تورکیـایـان تۆمەتبـار کردبوو بە یـارمەتیـدانی دەوڵەتی ئیسـلامی، یان داعش، لە هێرشەکەیاندا بۆ شـاری کوردیی کۆبانێ لە ســوریا. چەند هەفتەیەک پاشـــتر، چالاکوانە کوردەکان بانگەشـــەی ئەوەیان کرد کە دەوڵەتی تورکیا بەرپرسیارە لە هێرشێکی خۆکوژیی داعش لە شارۆچکەی ســنووریی ســوروچ لە ناوچەی شـــانلورفەی تورکیا، کە کوژرانی ٣٢ کەســی لێکەوتەوە کە زۆرینەیان خوێنکارانی زانکۆ بوون بە پلانی ئەوەی بۆ هاوکاریکردنی هەوڵەکانی بونیادنانەوەی شاری کۆبانێ لە سنووورەکان بپەڕنەوە.

جارێکی تر چیاکانی دەرســـیم بوونەوە ماڵی ســـەدان کوڕەگەریلا و ژنەگەریلای پەکەکە. کوشـــتنی هاوڵاتیانی مەدەنی، ئاوارەبوونی ســەدان هەزار کەس و لەناوبردنێکی بەرفراوانی مووڵکومـاڵ دەســـتی پێ کردەوە. بەگوێرەی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە ماوەی زیاد لە ســاڵێکدا ســوپای تورکیا زیاتر لە نیو ملیۆن کەســـی لە ماڵەکانیان دەرکرد، هەروەها قەدەغەیەکی هاتووچۆی تووندی لە دەیان شـار و شـــارۆچکەو گەڕەکی کوردیدا ڕاگەیـاند، کە تێیدا بەبێ مۆڵەتی تایبەت هاتووچۆ ڕێی پێ نەدەدرا. لەکاتی قەدەغەی هـاتووچۆدا، بەگوێرەی هەنـدێـک ڕاپۆرت بەرپرســـانی تورکیا، ئاو و کارەبا و خۆراکیان لە تەواوی شـــارەکان بڕیوە.

لە مـانگی تەمووزی ســـاڵی ٢٠١٥وە، لانیکەم ٥ هەزار و ١٢٣ کەس لە شـــەڕەکەدا کوژراون، لە نێویاندا ســـەدان هـاوڵاتی مەدەنی. چەکـدارانی پەکەکە نیوە زیـاتری کوژراوەکان پێک دەهێنن. لە ڕاپۆرتێکی ســاڵی ٢٠١٧دا، نەتەوەیەکگرتووەکان ئەشـکەنجەدانی دەســتبەســەران و بەکارهێنانی تۆندوتیژیی ســێکســی، بە دەســتدرێژیی سێکسییشـەوە، لەلایەن سـوپای تورکیاوە تۆمار کردووە. ڕاپۆرتی تریش دەرکەوتن کە تێیاندا بەرپرســانی تورکیا ڕەســـمی ڕووتی گیراوان دەگرن تا وەک کارتی فشـــار بەکاری بهێنن.

سوپای تورکیا هەستاوە بە بۆمبارانی ئاسمانیی بنکەکانی پەکەکە لە چیاکانی دەرسـیمدا و چەندین ناوچەی فراوانی هەرێمەکەی وەک "زۆنی ئاسـایشـی داخراو" ڕاگەیاندووە، کە بەگوێرەی خەڵکی ناوچەکە، گەر کەسێک بەوێدا بڕوات دەکەوێتە بەر مەترسـی دەسـترێژی ئەو هێلیکۆپتەرانەی بە ئاسماندا دەسووڕێنەوە.

کـاتێکیش تووتـدیی پێکـدادانەکە دەڕەوێتەوە، خەڵکی ناوچەکە دەڵێن هێشـــتا دەیان گەریلا هەن کە لە چیاکاندا مـاونەتەوە. هەلیکۆپتەرەکـانی ســـوپـای تورکیـا بوونەتە دەنگبەرزترین باڵندە لە دەرسیم، کە ناوەناوە بە ئاسماندا بـاڵەفڕە دەکەن و چـاودێری تـابلۆی درەختە بەڕووەکـانی خوارەوە دەکەن. دانیشـتوانی ئەوێ بەجۆرێک بە دەنگەکە ڕاهاتوون کە چیتر سەر بەرز ناکەنەوە.

هەڵمەتێکی نوێ دژی کوردەکان دەست پێ دەکات

لە هۆزات، لە کۆتاییـدا حســـێن پاش چەندین مـانـگ لە چاوەڕوانی لە تاقیگەکانی ئیســـتەنبوولەوە پاشـــماوەی باوباپیرانی پێگەیشتەوە. پاشماوەکان بەجوانی لە جانتای قوماشـدا پێچرابوونەوە. حسێن بە هێواشی پاشماوەکانی لەســـەر قەنەفەیەکی ماڵەوە دانـا و ســـەرپۆشـــێکی دا بەسـەریاندا و بۆ بیست ڕۆژ لەوێ داینان- هەمان ژمارەی ئەو ڕۆژانەی لە شوێنەکە بەسەری برد کاتێک بۆ یەکەمجار لەناو زەوییەکەدا دۆزینییەوە.

"هەموو ڕۆژێک قسەم بۆ دەکردن"، حسێن وا دەڵێت. "دەربارەی هەموو ئەو ئازارەی پێیدا تێپەڕین قسەم بۆ کردن. لەوە دڵنیا بوومەوە کە ئەوان دەزانن کەسێک هەیە گوێ دەگرێت و ئەوەی بەسەر ئەواندا هات هەرگیز لەبیر ناکرێت".

حسێن ئێسکەکانی گێڕایەوە بۆ لوتکەی گردەکە، کە کردبوویە مۆنۆمێنتێک بە تابلۆی گەورەوە کە ناوی قوربانییەکانی تۆمار کردبوو، لە نێویاندا خیزانێکی کوردی عەلەوی کە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا لەسەر هەمان گرد کۆمەڵکوژ کرابوون. کەلەسەر و ئێسکەکانی کردە ناو گۆڕێکەوە کە کەوتبووە ناوەڕاستی مۆنۆمێنتەکەوە.

"لەو کاتەوەی ئێسکەکانم دۆزیوەتەوە زۆر خەمبارم"، حسێن وا دەڵێت، چاوە گەورە و جدییەکانی لە زەویی ژووری دانیشتنەکە بڕیوە. "چەندین ساڵی پێچوو. بەردەوام هەمووی بەشوێنمەوە بوو".

حسێن بەرنامەی وا بوو کاری کنەکارییەکە فراوانتر بکات و شوێنپێی جوگرافیای یادەوەریی بەتەمەنەکان هەڵبگرێت. "ئێمە دەزانین چەندین کەس لەسەر ئەو گردە کۆمەڵکوژ کراون، زۆر لەوانە زیاترن کە ئەوان دۆزییانەوە". حسێن ئەمە ڕوون دەکاتەوە. ئەو دەشیەوێت گۆڕستانێک بنیاد بنێت بۆ کۆکردنەوەی پاشماوەی هەموو ئەو قوربانییانەی لە کنەکارییەکەدا دۆزرانەوە، شوێنێک کە تێیدا مردووەکان گۆڕ و مەراسیمی بەخاکسپاردنی شیاویان بۆ بکرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، پاش هەوڵی کودەتاکەی تەموزی ٢٠١٦، ئەردۆغان باری لەناکاوی ڕاگەیاندا، ئەمەش توانای ئەوەی بە پارتی داد و گەشەپێدان بەخشی کە باز بەسەر پەرلەمانداد بدەن و لەڕێگای فەرمانەوە حوکم بکەن. ئەردۆغان زۆر تووند لەگەڵ ناوچە کوردییەکاندا جووڵایەوە، دەیان کەسالّی تەلەفزیۆنی و ڕۆژنامە و ڕێکخراوی داخست. هەستا بە دەستگیرکردنی هەزاران ئەندامی هەدەپە، کە ئەردۆغان زووزوو بەوە تۆمەتباری دەکردن کە پەیوەندییان بە پەکەکەوە هەیە، هەروەها دەیان بەرپرسی هەڵبژێردراوی هەدەپەی لە پۆستەکانیان دوورخستەوە و کەسانی جێی متمانەی دەوڵەتی لەجێگا دانان.

ئەو بەرپرسانەش کە لەلایەن دەوڵەتەوە دانران دەستبەجێ ئەو دەستکەوتە کلتوریانەیان هەڵوەشاندەوە کە شارەوانییەکان لەماوەی ئاشتیدا بەدەستیان هێنابوو، لەنێویاندا داخستنی خوێندنگە کوردییەکان و تێکدانی مۆنۆمێنت و یادگە گشتییەکان. مۆنۆمێنتی قوربانیانی کۆمەڵکوژی ڕۆبۆسکی، کە پێکهاتبوو لە ناوی هەر سێو دوو قوربانییەکە و پەیکەری ژنێک کە لەسەر ئەژنۆی دانیشتبوو و شیوەنی بۆ قوربانییەکان دەکرد و دەستەکانی بۆ ئاسمان بەرزکردبوویە و چەندین موشەکیش چواردەوریان دابوو، بەزویی لابرا.

جارێکی تر کوردەکانی تورکیا کەوتنەوە بەر تارماییە بێدەنگکەرەکانی ترس؛ هەر چپەیەکی ناڕەزایی دەکرا بە ئاسانی سەربکێشێت بۆ سزای پەیوەندیدار بە تیرۆریستەوە. شارەدارانی هەدەپە لە دەرسیم، کە ئەمە بەشێکە لە ئەو سیستەمەی هەدەپە کاری پێ دەکات کە تێیدا ژنێک و پیاوێک وەک شارەدار هەڵدەبژێردرێن بۆ پەردان بە یەکسانیی جێندەری، دەستگیر کران. نورحەیات ئالّیوون شارەداری دەرسیم کە لە ساڵی ٢٠١٦ دا دەستگیر کرا هێشتا لە زیندانداید‌ایەو بە تۆمەتی "ئەندامبوون لە ڕێکخراوێکی تیرۆریستیدا" ڕووبەڕوی سزای ٢٢ ساڵ زیندانیی بووەتەوە.

لەگەڵ پاشەکشێی خەڵک بەرەو بێدەنگیی، باوباپیرانیشیان دووبارە خزانەوە ناو گڵ. پاش دۆزینەوەکەی حسێن، ئێسکی زیاتر دەرکەوتن. بەگوێرەی سۆیلەمەز، ئەو کاری لەسەر کەیسێکی تریش کردووە بۆ خێزانێک لە گوندێکدا بەناوی نەزمیر، کە داوایان دەکرد حکومەتی تورکیا هاوکاریان بێت لە کنەکردنی شوێنێکدا کە باوباپیرانیان کۆمەڵکوژکراون و فڕێدراونەتە چاڵێکەوە. بەڵام پاش هەوڵی کودەتاکە و ئەو دۆخە لەناکاوەی بەدوایدا هات، کەیسەکە هەڵپەسێردرا.

ئەمڕۆ، حسێن زۆر نیگەرانە سەبارەت بە بەردەوامیدان بە بنیادنانی مۆنۆمێنت بۆ قوربانیانی کۆمەڵکوژییەکە. "چیتر بۆ ئێسک ناگەڕێم. گەر بیاندۆزمەوە، ناکرێت ئەوە دیاری بکەم کە کێ بوونو چییان بەسەر هاتووە، چونکە دۆخی سیاسی ڕێگا بەوە نادات،" حسێن وا دەڵێت.

زەریفە، دایکە بەتەمەنەکەی حسێن، کە جلوبەرگە نەریتییەکانی لەبەردایە و پرچی سوور بەسەر سنگیدا بەربۆتەوە، بەرامبەری دانیشتووە، بێدەنگ و بەگرنگییەوە گوێ دەگرێت. "وا باشترە لە زەوییەکەدا جێیان بهێڵین تا ژینگەی سیاسی لە تورکیادا دەگۆڕێت". بەڵام حسێن بەردەوامە لە سەردانکردنی مۆنۆمێنتەکان و گۆڕە بەکۆمەڵەکانی تر بۆ داگیرسانی مۆم و نزاکردن بۆیان و دڵدانەوەیان تا کاتی ئەوەدێت یارمەتییان بدات بێنە دەرەوە.



بۆ حسێن، شەڕی ئەو هەرگیز دەربارەی دابەروەری نەبوو. "ناتوانین لەم وڵاتەدا دابەروەری بدۆزینەوە. بۆیە بێسوودە بۆی بگەڕێین"، ئەو وا دەڵێت. "قەرەبوکردنەوەی دارایشم ناوێت. هەموو ئەوەی دەمەوێت پشتڕاستکردنەوەیە لەلایەن حکومەتەوە. من دەمەوێت حکومەت ئەوە پشتڕاست بکاتەوە کە هەموو ئەم منداڵ و بەتەمەنانە کۆمەڵکوژ کراون و بە زیندوویی سوتێنراون تەنها لەبەرئەوەی کوردی عەلەوی بوون".

"دەتوانم لە قوولایی ویژدانمدا هەستی پێ بکەم. شەوان بەخەبەرم دێنێ. ئەوەی حکومەت لێرە کردوویەتی جینۆسایدە بوو. من دەمەوێت دان بە تاوانەکانیاندا بنێن".

لە حسێن دەپرسم، "گەر حکومەت لە کۆتاییدا بەرپرسیارێتی ئەوە هەڵبگرێت کە ئەنجامی داوە، هەر بەڕاستی ئەوە بەس دەبێت؟"

ئێستێک دەکات. "لانی کەم ویژدانمان ئاسوودە دەبێت"، لە کۆتاییدا وا دەڵێت. "ئێمە دەمانەوێت ناوەکانیان تۆمار بکرێن. دەمانەوێت مردووەکانمان لەبیر نەکرێن. دەمەوێت جیهان بزانێت ئەم خەڵکە بوونیان هەبووە و دەمەوێت جیهان ئەوە بزانێت کە حکومەتی تورکیا بەسەری هێناون".

ئەو مۆنۆمێنتەی حسێن بۆ کۆمەڵکوژییەکەی باوباپیرانی بنیادی نا لەسەر چیاکەی نزیک ماڵی خۆیان

"هەموو دەرسیم جێگایەکە بۆ یادەوەری"، حسێن بەردەوام دەبێت. "هەموو مێژووی ئێمە لەم چیایانەدایە. هەرشوێنێک کە دەڕۆم، شوێنپێی باوباپیرانم دەبینم. دەتوانم هاوارەکانیان ببیستم. هەر جارێک دەچمە سەردانی گۆڕە بەکۆمەڵەکان بۆیان دەگریم. دەتوانم منداڵەکان ببینم لەو شوێنەدا جەستەیان نێژراوە پێکەوە یاری دەکەن".

"ڕەچەڵەکی ژان"

مەتین لە ماڵێکی هاکەزایی دارینی دوو هۆدەیی لە ناو قوولایی چیاکاندا دەژی. ڕۆژێک بۆ شوێنێکی تەنیشت ڕووباری مونزوری بردم. شەو تاریک و زوقومە. تا لە ڕووبارەکە نزیکتر دەبینەوە هەوا ساردتر و با تووندتر دەبێت. ئێمە بۆ بینینی چەکدارێکی تری پێشووی پەکەکە لێرەین. لە ترسی تۆڵەسەندنەوە، داوا دەکات نازناوێک بۆ شاردنەوەی ناسنامەکەی بەکاربهێنم. من بە عەلی بانگی دەکەم، عەلی یەکێکە لە ناوە بەربڵاوەکان لە تورکیادا، بەگوێرەی گەڕانێکی خێرای گۆگڵ.

عەلی، وەک هەموو ئەو دانیشتوانەی دەرسیم کە من بینیمن، ئارام و میهرەبانە. تەمەنی ٢٤ ساڵە و لە تەمەنی ٢٢ ساڵیدا دژی دەوڵەتی تورکیا دەستی دایە چەک. بە قسەی عەلی، لە ساڵی ٢٠١٥ دا نزیکەی ٣٠٠ گەریلای ژن و پیاوی پەکەکە و ژمارەیەکی کەمی یاخییە کۆمۆنیستەکان لە چیاکاندا شەڕی سوپای تورکیایان دەکرد. ئەوان بە ڕێچکەی باوانیاندا ڕۆشتوون و لە هەمان ئەو ئەشکەوت و پاوانانەدا خۆیان حەشار داوە کە چەند دەیەیەک پێشتر باپیرانیان هەوڵیانداوە بیکەنە پەناگەی خۆشاردنەوە لە سەربازە تورکەکان.

هەم مەتین و هەم عەلیش بە دەنگێکی نزم و بەپارێزەوە دەدوێن. لە تورکیادا، تەنانەت چپەچپێکی کەمیش بۆ پشتگیریکردنی پەکەکە دەکرێت بە دوو کەلەپچە لە دەستەکانتدا کۆتایی بێت. "ئێمە بۆ خۆمان ناجەنگین، بەڵکو بۆ خەڵک و فەرهەنگەکەمان"، عەلی وا دەڵێت، دەنگی ئامبازی جووڵەی ئارامکەری ڕووباری مونزور دەبێت. "ئەمە خەڵکی ئێران، عێراق یان سوریا یان هەر شوێنێکی تر نین. ئێمە منداڵی ئەم زەوییانەین. ئێمە ڕۆڵەی دەرسیمین."

عەلی و مەتین شایەتحاڵی پێکران و مەرگی چەندین هەڤاڵیان بوون لەلایەن سوپای تورکیا، کە بە حەسرەتەوە چنگیان لەو دوا هەناسەیەی بەر لە ئامبازبوونی باپیرانیان گیرکردووە. "کە ڕوخساریان... چاوەکانیان... دەبینیت، مەحاڵە ئەو هەستانە ڕوون بکەیتەوە. زۆر سامناکە"، مەتین وا دەڵێت. بە هێواشی ملی نزم دەکاتەوە، وا دیارە بۆ ئەو وشانە دەگەڕێت کە –لە وەسف نەهاتوو– وەسف دەکەن. "هەموومان لە دارستانەکەدا پێکەوە دەماینەوە. وەک خوشکوبرامان لێ هاتبوو".

دڵی مەتین تووند بە بەرخۆدانی کوردانەوە پێچراوە. کەسێکی خاوەن مەبدەئە و باوەڕی وایە کە ئەگەر ئەو بۆ شتێکی ڕاست دەجەنگێ ئەوا گوولە و ژووری زیندان پێویستین. هەروەها چاوەڕوانی زۆریشی لەوانی تر هەیە؛ ئەو چاوەڕێی ئەوە لە هەموو کەسێک دەکات وەک ئەو بۆ بزووتنەوەکە قوربانی بدەن. سەرەڕای ئەوەش، بۆ زۆرینەی خەڵک ترسی خۆبینینەوە لە زیندانێکی تورکیادا بەسە تا جڵەو بکرێن. بۆ زۆرێکی تری کوردان، سیاسەتی توانەوەی زۆرەملێی تورکیا سەرکەوتوو بووە؛ هەربۆیە مەتین زۆرجار نائومێد دەبێت.

لە چیاکاندا، کە هەڤاڵەکانیان کوژراون، چەکدارانی پەکەکە بەزوویی دەیانبەن و بە خاکیان دەسپێرن. "ئێمە دەترسین سەربازانی تورکیا بیاندۆزنەوە و جەستەیان بشێوێنن"، مەتین وا دەڵێت. ئاماژە بە ناوی بارین کۆبانێ دەدات، ژنەشەڕڤانێکی یەکینەکانی پاراستنی گەل(یەپەگە) هێزێکی چەکداری زۆرینە کوردن لە سووریا، کە جەستەی لەلایەن ئەو هێزانەی تورکیا پاڵپشتیانە بە ڤیدیۆ تۆمار کرا و گاڵتەی پێکرا لەکاتی داگیرکردنی شاری عەفرینی سوریا لە ساڵی ٢٠١٨.

پاش بەخاکسپاردنی هەڤاڵەکانیان، چەکدارانی پەکەکە شوێنی تەواوی گۆڕەکان دەپارێزن. چەکدارەکان پێشڕەویی خێزانە تازییەبارەکان بەناو هەرێمە مەترسیدارەکەدا دەکەن بۆ سەردانی ئەو شوێنانەی کوڕ و کچەکانیان بە خاک سپێردراون. لە ساڵی ٢٠١٥ دا، چەکدارەکان بڕیاریان دا بچنەوە شوێنی مردووەکان و جەستەی تەواوی هەڤاڵەکانیان کۆ بکەنەوە کە بەدرێژایی ساڵان لە دەوروبەری دەرسیمدا نێژراون و مەراسیمێکی بەخاکسپاردنی شیاویان لە گۆڕستانێکدا بۆ ساز بکەن کە بە "گۆڕستانی شەهیدان" ناماژەی بۆ دەکەن.

"ئەوە بۆ ئێمە گرنگ بوو کە دڵنیا ببینەوە هاوڕێکانمان پاش مەرگیان یادیان دەکرێتەوە"، مەتین بەیادی دێتەوە. "بەڵام ویستیشمان وا بکەین ئاسانتر بێت بۆ خێزانەکان تا سەردانی گۆڕی منداڵەکانیان بکەن". بە هاوکاری گوندییەکانی ناوچەکە، گۆڕیان هەڵکەند و گۆڕستانەکەیان بونیادنا، بە وتەی مەتین، پاشماوەی ٢٧٠ چەکداریان کۆکردەوە و لەوێدا بەخاکیان سپاردن.

بەڵام لە دەرسیم ڕووبارەکانی زەوی و خوێنبەرەکانی خەڵکەکە لە ساڵی ١٩٣٨ دا ئاوێتە بوون.

هەر زوو پاش بنیادنانی گۆڕستانەکە، چەکدارانی پەکەکە بڕیاریاندا مۆنۆمێنتێک لە تەنیشت گۆڕستانەکەوە بۆ ئەو پێشینانەیان دروستبکەن کە پانزە ساڵ پاش دامەزراندنی دەوڵەت تورکیا لەو چیایانەدا کۆمەڵکوژ کران.

نزیکی پەنجا چەکدار شوێن پێی یادەوەریەکانی بەتەمەنەکانیان هەڵگرت و دەستیان کرد بە گەڕان بۆ

ئێسکەکانی پێشینانیان. "قسەمان لەگەڵ بەتەمەنەکانمان و گوندییەکانی ئەو ناوچانە کرد کە دەمانزانی گۆڕی بەکۆمەڵی لێن"، عەلی وا دەڵێت. "بەگشتی کۆمەڵکوژییەکان لەو شوێنانەدا ڕوویان داوە کە بەرخۆدان بەهێز بووە".

مەتین و عەلی هەردووکیان چوونەتە ناوچەیەک لە گوندێکدا بەناوی ئەلاجیک. بە قسەی گوندییەکانی ئەلاجیک، نزیکی پەنجا ساڵ لەوەوبەر، ئێسکەکان دەرکەوتن و گوندییەکانیش خۆڵیان بەسەردا کردوونەتەوە- لەوە ترساون بەرپرسانی تورکیا بەئامانجیان بگرن یان هەوڵ بدەن لەڕێگای لەناوبردنی بەڵگەکانەوە تارمایی پێشینانی ئەمان لەکۆڵ خۆیان کەنەوە.

هێشتا کاتی ئەوە نەهاتبوو ئێسکەکان لە پەناگاکانی خۆیان بێنە دەرێ؛ بۆیە نێردرانەوە ژێر گڵ. بەڵام لە دەرسیم چیرۆکەکان خۆڕاگرن، زۆری پێ نەچوو تا مەتین و عەلی ڕێیان بکەوێتەسەر ئێسکەکان. "ئێمە پارچە ئێسکی پەنجە، پەراسوو، کڵۆتمان دۆزیەوە"، مەتین وا دەڵێت. لەسەر بنەمای چیرۆکەکانی بەتەمەنەکانیان و گوندییەکانیان، گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە ئێسکەکان پاشماوەی باوباپیرە کۆمەڵکوژکراوەکانیانن.

ئەمە یەکەمین و دوایەمین کۆمەڵکوژیی نەبوو لە مێژووی تورکیادا.

چەکدارەکان پاشماوەی کەللەسەریان لە دوو گووندی تری دەرسیمدا، گوندەکانی بۆر و لاک، دۆزییەوە کە مەزەندە دەکرا بگەڕێتەوە بۆ ١٩٣٨. ئێسکەکانیان هێنا بۆ مۆنۆمێنتی تەنیشت گۆڕستانی شەهیدان، کە تێیدا تابلۆیەکیان هەڵواسیبوو کە ڕای دەگەیاند ئێسکەکان پاشماوەی ئەو کوردە عەلەویانەن لە ساڵی ١٩٣٨ دا کوژراون لەگەڵ ئەو شوێنانەی ئێسکەکانیان لێ دۆزیبوونەوە. پاشان ئێسکەکانیان خستەناو بۆکسێکی پیشاندانی شووشەییەوە کە لە مۆنۆمێنتەکەدا بەرزیان کردوەتەوە.

"ویستمان ئەوە پیشان بدەین کە ئەو ئازارەی لە ساڵی ١٩٣٨-ەوە ئەزموونی دەکەین هاوشێوەیە"، مەتین وا ڕوونی دەکاتەوە. "لێرە ڕەچەڵەکێکی ژانی لێیە. ئەمە یەکەمین و دواین کۆمەڵکوژیی نەبوو لە مێژووی تورکیادا".

مۆنۆمێنتەکە ئامانجیشی ئەوە بوو کە مێژووەکەیان بیری خەڵکی دەرسیم بخاتەوە، کە سەردانی گۆڕستانەکەیان دەکرد تا شیوەن بۆ کچ و کوڕە کوژراوەکانیان بکەن. بە قسەی مەتین، وێرانکارترین سیاسەتی تورکیا لە دەرسیم کامپینی بۆردوومانکردن یان ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی نەبووە، بەڵکو هەوڵەکانی سوپایە بۆ دروستکردنی ناکۆکی لە نێوان چەکدارانی پەکەکە و خەڵکی مەدەنیی دەرسیم.

"هەموو هەوڵێکیان داوە تا خەڵکیمان لێ هەڵگێڕنەوە"، مەتین وا دەڵێت. "ئێمە ویستمان مۆنۆمێنتەکە هاوکاری خەڵک بکات تا بگەڕێنەوە بۆ ڕیشەکانیان، بۆ بیرهێنانەوەی فەرهەنگ و مێژوومان تا بتوانین ببپاریزین".

بەڵام مۆنۆمێنتەکە تەنها چەند مانگێک تەمەنی کرد، پێش ئەوەی سوپای تورکیا لە هێرشێکی ئاسمانیدا بۆردومانی بکات و گۆڕستانەکە و مۆنۆمێنتەکەش وێران بکات. ئەمڕۆ، شوێنەکە بەشێکە لە ناوچەی ئاسایشی داخراو کە قەدەغەیە دانیشتوانی دەرسیم پێی تێ بخەن.

"لە ژێرماندا هەزاران ئێسک هەن"، مەتین وا دەڵێت. هەناسەکەی وەک دووکەڵ لە دەمیەوە دێتە دەرێ. سەرماکە تەوقی داوین. "بەڵام هێشتا ئێمە دەرفەتی ئەوەمان نەبووە بە شێوەیەکی شیاو بەخاکیان بسپێرین".

"گەر ئەوە لەبیر بکەین لێرە ڕووی داوە، کۆمەڵکوژییەکان بەردەوام ڕوو دەدەنەوە. ئەمە دەکرێت چارەنووسی منداڵێکی من بێت. ئێمە شوێن باوباپیرمان دەکەوین و دەیانپارێزین، چونکە چیرۆکەکانی ئەوان لە داهاتوودا منداڵەکانی ئێمە دەپارێزێت"، دەمی مەتین دەلەرزێت کاتێک ئەو هەڵدەلەرزێت. منگەمنگی ڕووباری مونزور بڵندتر دەبێت؛ دەڵێی دەقیژێنێت.

"دەیان سەدەیە جەنگ و کۆمەڵکوژییە. بەڵام ئێمە هێشتا لێرەداین. ڕووبارەکانی دەرسیم بە خوێنی ئێمەدا دەڕۆن. بڕوام وایە گەر بەردەوام بین لە بەرخۆدان، جا گرنگ نییە بەربەستەکان چین، ڕۆژێک دێت حکومەتی تورکیا هیچ چارێکی نامێنێت جگە لەوەی تەنیا جێمان بهێڵێت".

ئازاری ئازار

کەژاڵ حەمە



ســـی ســـاڵ زیاترە، لە هەفتەی یەکەمی مانگی ئازاردا، ئازارێک (ئەمان ئازار) عازای ئەنامم دائەگرێت.

چرکە بە چرکەو سەعات بە سەعاتی ئەو ساڵی شوومە بێ ویستی خۆم دێنەوە نێو چاوەکانم ،ئەو چاوانەی گەر بڵێم هەزاران هەزار فرمیســکم پێ ڕشــتوون بۆ هەڵەبجە هیچ زێدە گۆیی نیە.

خودایە....

مەر خۆت بزانی ئەو ســـاڵەشـــوومە چ بارێکت لە ئێمە بارکرد!!!!

ئەوی ئۆغری کرد کردی و،ئەوی مـایەوە بە زینـدوویی ئاودیوی دۆزەخت کردین.

ئاخر حیکایەتی هیچ کەســـێکمان لەوی تر ناچێت، وەک حیکایەتە لە بن نەهاتووەکانی هەزارو یەک شەوە، تا قامی قیامەت درێژن و نابڕێنەوە.

چارەکە سەدەیەکە ،ویستم بەرد بنێمە سەر دڵم و تا سەری ئەو ســەری عەدەم بڕۆم ،دەست بنێمە ســەر ئەو زامەی کە ئێشی نابڕێتەوە، کەچی عەجەب ،زام خراپتر دێتەوە سوێ وڕل ئەدات. ئەمەوێ ڕاکەم لە دەســـت مەرگی بە کۆمەڵێ هاوڕێ و هاوسێ و عەزیزانم ،کەچی وەک شەوە، دەست گیر ئەکات لە چمکی کراسم و گۆڕەو شارم ئەیات.

دەســـت ئەخەمەوە کەلەکەم ،تاچاو بڕ کات دوور ئەڕوانم.....

ئەچمەوە گەڕەکی یـادەوەرییەکـان ،ئەو گەڕەکەی پیاوە هەورامیە مشـکی بەســەرەکە ،بە بەر چاووی دونیاوە، بۆکڕوزمان ئەگەیەنێتە دونیای کەڕو کوێر و بێ ئەخلاق لە ئاستماندا.

خۆم ئەکەمەوە بە ژێرزەمینی ماڵە دراوسیکانداو ،بە بەردێکی پانی لوســەوە ،بۆ ئەو کچە هەورامیە چاو شینە ئەگەڕێم کە بێ من نەیئەکراو ،ئەمەوێ دەستێ خەتخەتێنی لێبەرمەوە.

خوارتر ئەبمەوە،ئەچمەوە سەر سوچی ئەو ماڵەی کە ناوی کچەکەیان کۆلکەی هاوبەشی نێوان من و ئەو بــوو، ئەمەوێ دەفــتەرەکەی کــیــمــای لێوەرگرمەوە،پێکەوە لە شــیکاری ئەو هاوکێشــانە بڕوانین ،کە سەری ئێمە و شاری بە مردن سپارد.

سام ئەمگرێ ،لەبری ئەو منااڵێک بە پشتا کەوتووەو ،تا ناوک ڕووت جزمەیەکی سور لە پێدا و بە کەفی ســـپی لادەمیەوە ڕوو لە ئـاســـمـان، ئەیەوێت هـاواری نەبیستراوی تەواوی شار بە گوێی خودا بدات.


هەر چەن مەترێ دوورتر لە ئەو، لە سەر شۆستەی ماڵەکەی تر ، عومەری خاوەرو کۆرپەکەی ئەبینم!!!!

ئێیی خودایە

تا ئێستەشـی لە گەڵدا بێت،بۆنی ڕێحانەی بەر پشـتوێنی ئەو پیاوە لە لوتم نابڕێت،ڕووە خۆشەکەی ،ڕێکپۆشییەکەی ،حەوشە تەڕو بڕ و پڕ لاولاوکەی هاوینانی هەر بەو عەینی لە بەرچاومەو ،قســـە خۆش و پڕ حیکمەتەکانی ئەو نەنە خاوەرەی کە لە ســەر ئەوســەری دنیاوە گژو گیای ئەکردە مەڵهەم بۆ ســـەر بریـنـی مـنـاڵ و گەورەو بچووکی گەڕەک،کەچی کەسێ نیە دەوای دەردی ئەو بکات!!!!

ئەو هەموو ســاڵە ڕۆیشـتن و ئێشـی ئەم حیکایەتە لە بن نەهاتووانەی ئێمە لە بن نەهات،ئیلاهی خۆت پەرجوویەک بنێرەو،هەمووەمـان بە کۆمەڵ تووشـــی لە بیرچوونەوە بکە،بەڵکو هەناسەیەک بدەین.

ئێرە بەردەرگای ئەو ماڵەیە!!!



کەژاڵ حەمە

ئەو شـــۆســـتەیە دەیان جار لە گەڵ شـــوکری هەڵماقۆم تێدا کردووە، شـــەوانی هاوینان بارەگای کۆبوونەوەی منالانی گەرەک بوو بۆ چاوشارکێ.

ئەو گەرەکەی ئەگەر چی تالاوی دونیای کرد بە قورگی یەک بە یەکی ئەوانەی ترماندا، کە ماوین کەچی هێند شـــیرینە تامی نەبات ئەیات، ئاخر یادەوەرییەکانی هێندە زۆرن بەشی سالێک گێڕانەوە ئەکات .

ئەوماڵە دونیایەک یادەوەرییان لە زەینی منداِ جێهێشتووە، ئەوە چـاوم لێیە بەهـارێکی تەڕ تەڕە، بـاران و ڕەهێڵەیە، گەرەک دەریایەک ئاوی تێڕژاوە و ئاسـمان و چانێک نادات لەو بەرەوە نەرمین شـــەروالێکی پیاوانەی لە پێدایەو پارچە نـایلۆنێکی وەک فەرەنجی لە بەردایەو کلاوێکی قوچی لە هەمان نایلۆن لە ســەردایە، گورجو گۆڵ و بێ پســانەوە بان ئەگێڕێت . پێچکەی بانگردێن بێ ئۆقرە ئەســـوڕێ تا ڕۆخی خواری خوارەوەی گوێسەوانە، من لەمبەرەوە دڵم لە مشتمایە خودایە ئەو قورە لیق و لوســـە بانگردێن و کچ پێکەوە بە قســەی لوس فری و نەدا، کەچی نەرمین وێنەی وەســتایەکی کـارامە و لێزان بە هەموو هێزی خۆی بـانگردێن و ڕووی خـــۆی بەرەواژ ئەکـــاتەوە ئـاهێکیش وە بەر دڵی منـدا دێتەوە،

ئیـدی بەردەوام من ئێرەییم بە هێزو لێزانی ئەو دەکرد تەنـانەت زۆر جـار نیگـای خـۆم لەو دیـمەنە ئەدزیەوە چونکە ئەترســـــام ببمە شـایەتێکی زیندووی ململانێ و کێشمە کێشمی ئەو دووانە. نەرمین مـایەوە و هەمووان ئۆغریـان کرد، ئەگەر بێتو ڕۆژێک ببینمەوە پێی ئەڵێم: ئێســـتاش دوای ئەو هەموو ســـــاڵە کە گوێم لە دەنگی ئەحمەد شـــەماڵ ئەبێت ماڵی ئێوە دێتەوە نێو چـاوم ، چوون بەردەوام کە گوزەرم ئەکرد بە بەرماڵتاندا لە ڕیکۆردەرەکەوە نەوارەکەی ئەحمەد شـــەماڵ دەیووت-:

ئەی خوا با گلەیی بێت لە لای تۆ.....

ئەو هەموو ســـاڵە ڕۆشـــتن و تێپەڕین، ئینجا لە مەغزای ئەو دێرە تێگەیشـتم ، ئەوە بۆ پێش ســـەفەریشـتان هەر هاوارو گلەییتان بوو لای خودا، لە کۆژێڵێک خێزان وبەری دوو ژن تەنها دووانتان مانەوە !!!!؟؟؟؟

ئێســـتا کە دێمەوە هەموو جارێ ســـەرێک بۆ ئەو ماڵە بەرز ئەکەمەوە، نە نەرمین بـان ئەگێڕێ و نە گوێســـوانە مـاوە، چوونکە جاری جاران گوڵجاری گوڵە فەقێیەو نە شـــوکری لەوێیە تا دەستێ هەڵماقۆی پێ بدۆڕێنم.

بە خۆمـدا دێمەوە و ئەڵێم بۆمـب و کیمیـابـاران هەموو هەر هەموو ئەوانەیان ڕامالی!!!

لە دواییـدا ســـەری ڕیزو حورمەتم بۆ یەک بە یەکی ئەو خانەوادەو ئەو هەموو شەهیدانەی هەڵەبجە دائەنەوێنم.

ئەنفالبازی و ئەنفالناسی



پەیکار عوسمان

گومانی تیانیە، کە جینۆسایدو کارەساتەکان، بورکانێک لە سۆزو عاتیفە ئەتەقێننەوەو دنیایەک زەرەری ماددییش ئەدەن.. بەڵام دیوە عاتفی و ماددییەکە، تەنیا ئاستێکی نزمی شتەکەیەو ئەم بابەتە ئاستی باڵاتری هەیە کە بۆی هەڵکشێین!

کە ئەڵێم دیوە عاتفییەکەی نزمە، مەبەستم سوکایەتی نیەو ناڵێم شاعیرەکان شیعرەکان نەنوسن و گۆرانییێژەکان نەیلاوێننەوەو کەسوکارەکان نەگرین ..

کە ئەشڵێم ڕەهەندە ماددییەکەی نزمە، مەبەستم ئەوەنیە کە زیانلێکەوتووان قەرەبوو نەکرێنەوەو ژیانێکی شایستەیان بۆ دابین نەکرێ ..

نا هەردووکی پێوستە. بەڵام تا ئێرە، پلەی یەکەمی قادرمەکەیەو پێویستە سەرکەوین بۆ پلەکانی سەرتر.

لەڕاستیدا شین و شەپۆرە عاتفییەکەو کڕوزانەوە ماددییەکە، لەوە دەرچووە کە تەنیا پلەیەکی پەیژەکەبێت. بەڵکو بووە بە هەموو پەیژەکەو ئیتر ئێمەش هەر لە خوارەوەی شتەکەداین و هەنگاومان نەناوە بۆ سەرەوەو بۆ پلەکانی تری تێگەیشتن لە جینۆسایدو کارکردن لە سەری .

یەعنی پلەی یەکەم گرنگەو ناکرێ بازبدەین بەسەریدا. بەڵام هەر بەقەت خۆی گرنگە، نەک بەقەت هەموو پەیژەکە. یەعنی ئەوە گرنگە کە شتەکە، لە ڕەهەندە عاتفی و ماددییەکەوە، حەقی خۆی بدەینێ و تا ئێرا "ژیانە". بەڵام کە ئەم ڕەهەندە، سەری ڕەهەندەکانی تر ئەخوات، ئیتر ئەوە مەرگ و گەوجاندنەو ئەبێ بوەستێنرێ!

لە ئێستادا، شین و شەپۆرو کەشە عاتفییەکە، بابەتێکی مرۆیی و نەتەوەیی و نیشتمانی نیە.. بەڵکو تەنیا بابەتی فریودان و خۆشاردنەوەی ستەمکارە خۆماڵییەکانی ئیمڕۆیە، لەپشتی ستەمکارە بێگانەکانی دوێنێوە !

چارەسەر نەکردنی جانبە ماددییەکەو هێشتنەوەی خەڵکەکەش لە دۆخی کڕوزانەوەدا.. ڕاهێنانێکی سی ساڵەی خەڵکە، لەسەر دەستپانکردنەوەو بێ ئیرادەیی و کەسایەتی تێکشکاو!

بۆیە پێویستە هەڵکشێن بۆ دۆخە باڵاکەی هەڵەبجەو ئەنفال. ئەمەش تەنیا بەوە ئەبێ، کە حەڵقە عاتیفییەکەی کۆتایی پێبێنین و حەڵقە عەقڵییەکەی دەستپێبکەین. حەڵقە عاتفییەکەی، وەکو حەڵقەی تورکی وایە، سی ساڵە ئیش ئەکاو سی تریش تەواو نابێ. ئەگەریش ئەوە نەخەینە ژێر پرسیارەوە، حەڵقە عەقڵییەکەی هەرگیز دەستپێناکات!

لەم پرسەدا، دەسەڵات لەسەر وەتەری "کڕوزانەوە"و شین و شەپۆڕ، عەزفی خۆی ئەکاو موعارەزەش لەسەر وەتەری "کڕوزانەوە"و تورەبوون .

سەیرکە کڕوزانەوە لە هەردوکیا هاوبەشە. یەعنی هەردوکیان لەوێدا وەبەرهێنانی سیاسی لەسەر تێکشکاویی ئێمە ئەکەن ! سەیرکە شین و تورەبوونیش هەردوکی هەر لەناو عاتیفەدایەو ئەوان بە هەردوکیان کەشێکی سایکۆلۆژیت بۆ دروست ئەکەن و یاری بە دەروونت ئەکەن.. بۆئەوەی هەر بێ هۆش بیت و نەچیتە قۆناغی عەقڵیی و ئاگایی شتەکە!

"بت" چەقبەستنی کۆمەڵگایە لە شتێکدا. کاری عەقڵیش شکاندنی ئەوەیە کە کۆمەڵگای تیا چەقیوە. مەسەلەن کە کۆمەڵگا لە بێدەنگیدا چەقی، ئیتر کاری عەقڵ دەنگەڵبڕینە لە جەهل و ستەم و فەساد. بەڵام کە کۆمەڵگا لە دەنگەدەنگ و چەلەحانێ و شەڕەجنێودا گیریخوارد، ئیتر کاری عەقڵ بێدەنگی یان جۆرێکی تری لە دەنگ. ئاخر دۆخی چەقین، هەر ئەوەیە کە ئیتر دەنگێکی تیانەماوە، ئەگەرچی پڕیشبێ لە دەنگەدەنگ!

دەسەڵات دزیی نیەو ناڕەزاییش جنێودان نیە. خراپترین شتی پارتی و یەکێتی، ئەوەبوو کە سیاسەتیان یەکسانکرد بە دزی و درۆو بە شتێکی جیا لە ئەخلاق. خراپترین شتی موعارەزەش، ئەوەبوو کە سیاسەت و بوێریی و ئازادی یەکسان کرد، بە جنێودان بە دوو حیزب. ئێستا ئەشکەوتی سیاسەتی ئێمە، بەس ئەم دوو دەنگە ئەداتەوە، کە هەردوکی نادەنگەو هیچیان دەنگی عەقڵ و ئەخلاقی سیاسی نین!

لەڕاستیدا "دەنگ" تەنیا دەنگی عەقڵەو دەنگی عەقڵیش ئەوەیە کە تیشک ئەخاتە سەر نادیارەکان و پرسیار ئەخاتە سەر پرسیارلێنەکراوەکان. لەڕاستیدا "دەنگی سیاسی" تەنیا ئەوەیە کە لینکێک لەنێوان سیاسەت و

ئەخلاقدا دروستئەکاتەوەو لەو دۆخی جیایی و دابڕاوییە ڕزگاریان ئەکات .

پەیوەست بە هەڵبجەو ئەنفال، بۆ ئەوەی شتەکە بەرزکەینەوە بۆ تێگەیشتنێکی باڵاتر، گرنگە لەویارییە ڕزگاری بکەین، کە سی ساڵە حیزبەکانی دەسەڵات پێوەی ئەکەن. لەو یارییەش ڕزگاری بکەین، کە چەن ساڵێکە حیزبەکانی موعارەزە پێوەی ئەکەین. بەڵکو جارێکی ترو لە دەرەوەی ململانێ و بەرژەوەندیدا، سەیرێکی کۆی وێنەکە بکەینەوەو تەواوی گۆشە نادیارەکانی بخەینە بەر باس و ڕوناکیی تەنیا بە ئامانجی تێگەیشتن و بیناکردنی داهاتوو. ئاخر نە داهاتوو لەسەر درۆو شاردنەوەی مێژوو بینائەکرێ. نە ڕاستیش هی ئەوەیە بکرێتە کەرەستەی ململانێ و چەلەحانێکانی ئەمڕۆو هەرکەس بە هەوای خۆی مێژوو بنوسێتەوە. بەڵکو ڕاستی خۆی، ئامانجی عەقڵەو عەقڵیش شتەکان لەسەر ڕاستی دائەمەزرێنێ و لەسەر درۆ بینا هەڵناچنێ ! مەسەلەن (بەبێ پاکانەکردن بۆ دۆژمن)و (دوور لە چەلەحانێ و ململانێکانی ئێستا)، گرنگە پەنجە بخرێتە سەر هەڵەو سەهم و بەشی حیزبەکان، لە تاوانەکانداو ئەم گۆشە تاریکەی مێژوو ڕوونبکرێتەوە. بۆئەوەی لەمەولا هەرچی کڵاشینکۆفێکی گەڕی هەڵگرت، چەپڵەی بۆ نەکوتین و شاری خۆمان کاول نەبێ و خەڵکی خۆمان نەخەینە بەردەم ئەگەری جینۆساید .

ئەرێ ئەو تەقوتۆقە موخابەراتییەی، کە بە پشتی دۆژمی ئەلف، دژی دۆژمنی بێ، هەڵئەگیرسێ، ئەوەیە شۆڕشی گەلێکی مەزڵوم؟ دواتر هەردو دۆژمن و شۆڕش، هەرسێکیان پێکەوە، شارو گوندەکان کاولکەن و خەڵکەکەی بخەنە بەردەم ئەگەری کۆکوژی، بەجدی شۆڕش ئەوەیە؟

جا شتێک هەیە پێ ی ئەوترێ "شۆڕش". تا پرسیار نەخەینە سەر ئەو شتەو تێگەیشتنێکی تری بۆ دروست نەکەین، شۆڕشی ڕاستەقینەی ئێمە دەستپێناکاو دنیای ئێمە ناگۆڕێت. شۆڕش لە مانایەکیدا یەعنی گۆڕانکاری ڕیشەیی. بەڵام ئەم وشەیە لە عەقڵی کوردیدا، خۆی بووە بە چەقبەستنێکی ڕیشەیی و بە بەربەست لەبەردەم گۆڕانکارییەکی هۆشیارانەدا !

شتێکی لە شۆڕش تازەتریش لە زیهنی ئێمەدا پەیابووە، پێیئەوترێ "ناڕەزایی". تاییێکە لە هاتوهاوارو چەلەحانێ و جنێودان و یەکسانکراوە بە فەزیلەتی سیاسی و بە بوێرێ و بە ئازادی و بە زۆر شت.. تا ئەوە نەخەینە ژێر پرسیارەوە، ناڕەزایی ڕاستەقینە لە دنیای ئێمەدا دروست نابێ و ئەمە دیوەکەی تری ڕازیبوونە بە دۆخی هەیی و مانەوەی! شتێکیش لە یادەوەری و ویژدانی ئێمەدا هەیە، پێیئەوترێ هەڵبجەو ئەنفال. تا تێگەیشتنێکی تری بۆ دروستنەکەین و لەوێدا فاکتەرە ناوخۆکانی دەستنیشان نەکەین، ئەگەری دووبارەبوونەوەی هەر هەیەو کراوەیە!

بەڵێ تێگەیشتنێکی نوێ ی ئێمە، لە جینۆسایدو کارەساتەکانمان، ئەبێ لەوێوە دەستپێبکات، کە شتەکە فاکتەری ناوخۆشی هەیەو ئەگەر دەسەڵاتی دۆژمن و فاکتەرە دەرەکییەکانیشمان نەبێ، لانیکەم ئەبێ فاکتەرە ناوخۆکانی بدۆزینەوەو چارەسەربکەین. لێرەشدا مەبەستم (هۆشیاربوونە بە خۆ) نەک جەڵدی زات و ستایشی دۆژمن و خودنەفرەتی، کە ئەمەی دووەمیان، ڕێک دیوەکەی تری جەهلە بە خۆ!

ئاخر "نامۆبوون لە خۆ" دوو جۆری هەیە. جۆرێکیان ئەوەیە کە ناتوانێ پرسیار بخاتە سەرخۆی و هۆشیاربێت بە هەڵەو کەموکوڕییە ناوەکییەکانی. جۆرێکیشیان لەبری تێگەیشتن لەخۆ، زەڕبی لێئەداو ئەخلیسکێ بۆ قۆناغی ڕقبوون لەخۆ. بە نەفەسیک ئەکەوێتە کوتینەوەی خۆی، کە ئەچێتەوە سەر نەفەسی دۆژمن .

جا ئەم دووانە، یەکەمیان جەهلە بەخۆ، دووەمیان خراپترین و توندترین لێکەوتەو کاردانەوەی جەهلەکەیە. یەعنی جەهلترە! لەنێوان (کوێری و خۆنەبینین) لەلایەک و (دێزیی و پاکانەکردن بۆ دۆژمن) لە لاکەی ترەوە، (کوردبینی و خۆناسین) هەیە. لەوێشەوە چاوێکمان بۆ دروست ئەبێت، کە ئیتر دۆژمن و دنیاکەو سیاسەت و شۆڕش و جینۆسایدو مێژوو.. باشتر ببینین و ئایندەیەکی ڕوونیش تەنیا لەو چاوەوە دەرئەکەوێ. ئێمە ئەبێ تێبگەین لەوەی کە، خۆدروستکردن لە خۆناسینەوە دەستپێئەکاو ئەگەر لەوێوە دەستپێنەکەین، هیچ دروستناکەین و هەرچیش دروستکەین ڕووخاوە.

ئەوەی حکومەت بیری لێناکاتەوە خەڵک بیری لێدەکاتەوە.

عومەر محەمەد

ئەوەی حکومەت بیری لێناکاتەوە، خەڵک بیری لێدەکاتەوە، ئەوەی حکومەت نایکات، خەڵک دەیکات، بەڵام بەو مەرجەی ئیرادەو خەمخۆرییان هەبێت.

فەرحان سلێمان، پیاوێکی گەرمیانیەو خەڵکی گوندی قەڵاچەرمەڵەیە، سەربە ناحیێ سەرقەڵاو قەزای کفری، گوندی قەڵاچەرمەڵەش وەک زۆربەی گوندەکانی تری گەرمیان، ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانەکەی بەژن و پیاوو منداڵەوە کە زۆریان خزم و کەسی فەرحان یان سەربە بنەماڵەکەیانن بەر پەلاماری ئەنفال کەوتن و جێنۆسایدکران.



بۆئەوەی یادەوەری ئەم مرۆڤانە بەزیندوویی بمێنێتەوە فەرحان بە کارێکی یەکجار گرنگ و ڕێزلێگیراو هەستاوە، وەک لە وێنەکەدا دەبینن، لەیادی یادی (33)یەمین یادی ئەنفالکردنی گەرمیان و خەڵکی گوندەکانی کوردستاندا، بەهەستێکی بەرپرسیارێتییەوە بەرامبەر یادەوەری ئەنفالکراوان، چیدی لەقسەدا نایهێڵێتەوەو دەیکاتە کردارو لە (دێی قەڵاچەرمەڵە) بەدەستی خۆی و لەسەر ئەرکی خۆی دیوارەندێکی بەبلۆک دروستکردووەو لەسەر تابلۆیەکی ڕەش ناوی هەموو ئەنفالکراوانی گوندەکەی نوسیوە، لەڕاستیدا ئەوە مونۆمێنتێکە کە دەبوو هەموو گوندنشینێک لە گوندەکەی یان لە دەروازەی گوندەکەی بیکردایە، ئەوەی فەرحان سلێمان دەیکات ئەرکێکی ئەخلاقی و بەرپرسیارێتیەکی تاک و کۆمەڵگایە، بەرامبەر یادەوەری کەسانێک کە چ لە ئەنفالدا یان لە هەڵەبجە یان لە تاوانەکانی تری وەک کۆمەڵکوژییەکانی بارزانیەکان و فەیلیەکان و ئەوانی دی کە مافی ژیانیان لێ سەندرایەوە.

ئەوەی فەرحان لە گوندی قەڵاچەرمەڵە ئەنجامیداوە هەرچەندە پێشتر لەچەند شوێنێک ئەنجامدراوە، بەڵام هێشتا دەتوانین وەک دەسپێشخەرییەک بینرخێنین، چونکە ئەگەر لەشوێنانی دی بەدەستەجەمعی کردبێتیان فەرحان لەسەر کەس نەوەستاوە، بۆخۆی پێی هەستاوە، ئیدی لەمەولا هەروا بە تێهەڵڕوانینێکی سادە دیواربەندو مۆنۆمێنتەکەی فەرحان سلێمان لە گوندەکەدا بەناوو بەتەمەنیانەوە پێماندەڵێت چەند ژن و پیاو بەپیرو گەنجەوە چەند کوڕوکچی منالّ ئەنفالکران.

پاراستنی ناوی قوربانیان، بەرلەوەی ئەرکی حکومەت بێت ئەرکی کەسوکارەکانیانە، بەهیوام ئەم کارەی فەرحان ببێتە چاولێکەری بۆگوندەکانی تریش، چونکە ناوی ئەنفالکراوان وتەنانەت کەلوپەلەکانیشان بەرپرسیارێتیەکی گەورەیە. ئەگەرچی ئەمە بەردێکی زۆر قورس نییە کە بەحکومەت و ئیدارە ناوچەییەکان و شارەوانیەکانی ناحێ وقەزاکان نەکرێت. بەڵام بەهیوام خەڵکی تریش چاوەڕوانی حکومەت نەک و بە دیزان و نەخشەی باشتر لەوەی فەرحان بیکەن.

بەناوی مالّپەر و گۆڤاری ئەنفالستانەوە دەستخۆشی لە دەستپێشخەرییەکەی کوڕە گەرمیانی (فەرحان سلێمان) دەکەین. نمونەی زۆربێت.

ئەنفال" لە گەشتێکی ڕۆژنامەنووسیمدا

ئارام حسێن



ڕۆژی (٢١/٥/٢٠٠٤) وەزارەتی ڕۆشنبیری، کۆمەڵێک برادەری ڕۆژنامەنووس و نووسەری سەرپشک کرد بۆ ئەوەی بڵاوکراوەیەک بەناوی "ئەنفالستان"و لەیادی ئەنفال-دا، دەربکەن. لەناویاندا کاک "عومەر محەمەد" سەرنووسەری گۆڤارەکە کە بەردەوام کار لەسەر ئەو مەرگەساتە دەکات.

ئەو برادەرانە بەدوای ڕۆژنامەووسێکدا دەگەڕان بۆ ئەوەی کۆمەڵێک ڕاپۆرت و ڕیپۆرتاژ-یان لەناو کەسوکارە بەجێماو و بێ دەرەتان و مەینەتچێژەکانی دەڤەری بادینانداا بۆ بکات. چونکە پێیانوابوو غەدر لەو دەڤەرە دەکەن ئەگەر بێت و ڕاپۆرت لەسەر کەسوکارە بەجێماوەکانی دوای ئەنفالی ئەو دەڤەرە ئامادە نەکرێت و لەناو ئەو بڵاوکراوەیەدا دانەبەزێت.

ئەو کارە و چوون بۆ ئەو دەڤەرە لەو کاتەدا هەتا بڵێی قورس بوو لەبەرئەوەی زامەکەی شەڕی ناوخۆ زۆر قوڵ و هێشتا خوێن و ڕقێکی زۆری لێ دەچۆڕا..! قورس بوو بابایەکی سۆرانی ڕۆژنامەنووس بە جامتایەک و کۆمەڵێک پێویستی ڕۆژنامەنووسییەوە سەربدات لەو دەڤەرە. کاتێک کە بە منیان وت بۆ کارێکی ئا لەوشێوەیە، بەبێ هیچ ترس و دڵەڕاوکێیەک دەستبەجێ بڕیاری چوونم بۆ ئەو دەڤەرەدا. ئەوەی زیاتر وڕەی خستەبەردەمم و پاڵی پێوەنام بچمە ئەو ناوچەیە، چەند شتێک بوو.

١ -ئەو خزمەتە بوو کە ئەنفالکراوەکان لە هەریەکێکمانی دەویست هەر لە خانەقینەوە تا زاخۆ .

٢ -بەڵای منەوە شەرم بوو جیاکردنەوە و بە حزباندنی ئەو مەرگەساتە، پێمواببوو چەند پێویستە کاری ڕۆژنامەنووسیانە لەسەر مەینەتی کەسوکارە بەجێماوەکانی ئەنفال لە دەڤەری سۆران و گەرمیان بکرێت ئابەوشێوەیەش پێویستە مەینەتی کەسوکارە بەجێماوەکانی بادینانیش فەرامۆش نەکرێن.

لەو سەفەرەمدا بۆ بادینان زۆر شتم بینی و زۆر شتیشم بیست، هەموویان بوونە خەمێکی گەورە بەسەر شانمەوە و شەوانە بە ئاستەم دەمتوانی لەسەر شانم دایان بگرم، بەڕۆژ سەردانە یەکلەدواییەکەکانم دەکرد و بەشەویش هەموو ئەو لێدوان و چاوپێکەوتن و ڕاپۆرتانەم لەناو کاسێتەکاندا بەتاڵ دەکردەوە و دام دەڕشتنەوە کە لە شوێنە جیاوازەکاندا کردبوومن، ئەوەی زۆر ئازاریدام و تا بەئێستاش دەگات لەگەڵ مەینەتییەکانیاندا دەڕێم ژیانی داپیرەیەک بوو کە لەگەڵ کوڕەزاکەیداو لە (قەڵای نزارکێ) دەژیان..

ئەم داپیرەیەم لە قاتی سەرەوەی قەڵاکەدا بینی کە لەسەر کورسییەکی کۆن و شەق و شڕ دانیشت بوو، بەرامبەر ئەو تەنکیانەی کە دەیان خێزانی بەجێماو و ڕزگاربووی ئەنفال بە تەنەکە و دەبە ئاویان لێ دەبرد. داپیرە و کوڕەزاکەی تەنها ژووریکیان هەبوو و بەرهەیوانێکی بچووکیشیان کردبوو بە چێشتخانە. تا ڕازیم کرد قسەم بۆ بکات زۆری خایاند، چونکە چەند کەڕەتێک ئەوەی دووبارەکردەوە بۆم کە ئێمەش واتا ڕۆژنامەنووسەکان هەر دەچینە لایان و چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا دەکەین و کەچی هیچ لە ژیانیان نا گۆڕێت. پێیووتم:

" مەسئولەکان درۆزنن، بێ وەفان، دزن، ئاومان زۆرکەمەو ڕۆژانە دەیان شەڕ لەسەر سەرەی ئاو گرتن دروست دەبێت"..

کاتێکیش باسی خۆی و کوڕەزا جوانکیلەکەی بۆ گێڕامەوە کە دەیوت هەموو ژیان و هیواکانم بەستۆتەوە بەمەوە،

دەگریاو منیشی خستە گریان و زانی کە زۆر بە پەرۆشم بۆ ئەو ژیانە ناخۆشەی ئەوانی تێدایە، ئەویش واتا داپیرە



ئەوەی لەژێر بەڕەبوو خستیە سەر بەڕە بۆم. داپیرە پێیووتم:

"کاتێک ئێمەیان لە گوندەکانەوە هێنایە ئەم قەڵایە هەزار هەزار کەس دەبووین، من و بووکەکەم و کوڕەکەم و ئەم کچە بووین کە ئەوکات ساوا بوو".

بەدەستێکیشی ئاماژەی بۆ کوڕەزاکەی دەکرد کە لەولامانەوە دانیشتبوو. داپیرە وتیشی:

"ماوەیەک لێرە ماینەوە ئێمەیان لە کوڕو بووکەکەم جیاکردەوە، بووکەکەم بە گریانەوە پێیوتم: نەنە گیان ئامانەتی تۆو منداڵەکەم تا چەند ڕۆژێک لە نزیکی ئەو تانکی ئاوانەوە دایان نابوون تا بردیانن و تا ئێستا نەمانبینیونەتەوە، ئێستاش کە لەسەر ئەو کورسییە دادەنیشم بووک و کوڕەکەم لەو شوێنەدا دێتە بەرچاو، هەر بۆیە حەزیشم لەم قاتی سەرەوە کرد، چونکە بەرامبەر ئەو شوێنەیە کە بووک و کوڕەکەم لێ دانیشتبوون و جیایان کردبوونەوە لە ئێمە".

کۆتایی قسەکانیشی بەوە هێنا:

"چۆن لە داخا نامرم مااڵم لەم شوێنەدایە کە هەموو خزم و کەسوکارەکەمی تیادا ئەنفالکرا لەناویاندا کوڕو بووکەکەم".

لێتان ناشارمەوە زۆر بەڕاشکاوی دەیڵێم، ئیتر منیش بۆ شەوەکەی و لە ژووری ئوتێلەکەدا و لەدوای بەجێهێنانی ئەرکەکانم، فرمێسکێکی زۆرم ڕشت، دەگریام بۆ ئەو ژیانەی کە ئەو بەجێماوانەی تیابوو، هەموویان ڕۆمانێک کە گوزارشت لە ژیانی پڕ لە نەهامەتی و دەردەسەریان دەکات لەبنەهنگڵیاندایەو کەسیش نایبینێ. زۆر گریام ماند و بووبووم، هەستم کرد بەبێ دەنگی و بە هێمنی داپیرە و کوڕەزاکەی و ئەو خەمانەی بۆ ئەوان و ئەو بەجێماوانەم دەخوارد هێنامیانە سەرجێگاکەم و خەواندیانم.



نەتەوەسازی دژەنەتەوە یان ئەکادیمیستی داگیرکراو

هەردی مەهدی میکە

داگیرکاریی و جینۆسایدی سەدسالّی ڕابردووی دژەکورد لە چوارلاوە ســـەختە و ڕوونە، بەلّام ئەوەی ســـەختترە، داگیرکردنی زەین و بیرکردنەوەی ئەکادیمیستێکی کوردە، کە خۆی لە چەندین کەرەستەی بەناو زانستیی و نەرمەهێز و ســـیاســـەتی کولتووری جیاواز دەبینێتەوە دژی کورد بەکاردەهێنرێتەوە. کوردکوژی بەدەســـتی بێگانە زیانێکی قوڵی گیانی و مادی بە شـوناسـی کوردسـتان دەگەینێت، بەلّام هەســـت و توێژینەوە و ئەدەبی بەرەنگاری و زەینی ئازادیخوازیش دەســـازێنێت، هەر ئەمەش بووە نهێنی مانەوە و بەرەنگاریی کورد بەرامبەر ستەمە بەردەوامەکان، بەلّام داگیرکاری زەینی و کۆلۆنیالیزمی هزری سەختیی و کوشندەییەکەی لەوەدایە کە داگیرکارییش کۆتایی بێت ئەو هەر خەریکی خۆ بەرهەمهێنانەوە و خۆ لە خۆخستنە.

لە ســـەدســـالّی ڕابردوودا ئەم کۆلۆنیالیزەکردنە هزرییەی زەینی تاکی کورد لە چەندین پرۆســـەدا خۆی دیووەتەوە، بەتایبەت لای هەردوو دەولّەتی تورکیا و ئێران پاشـــان عەرەبان، چڕ و پڕ کاری لەسـەر کراوە، بەشـێکی سـەختی ئەم چیرۆکە خودی "ڕۆشـنبیر و بنووس و ئەکادیمیسـتی کورد" ئـامرازی جێبەجێکردنییەتی، چ بە ئـاگـاییەوە چ بێئاگا. لە زیا گۆئالبی کۆلّەکەی تورکچێتییەوە بیگرە تا چنارە خۆلەبیرکردووەکانی تورکیاوە بیگرە تا دەگاتە لاهوتی ســـوورهەلّگەڕاو و ڕەشـــیدی یاســـەمی و عەلی ئەســـغەری شـــەمیم (کە لە فارســـەکان ئێرانچیتر بوون)، نموونەی پێشینەی ئەو زەینە داگیرکراوانەن کە دەیانووت کورد نەتەوە نییە و خۆشـــیان خوێنی کورد لە دەمارەکانیاندا دەگەڕا.

لەم ڕۆژانەدا، لە ژمـارە ٤٧٧ی(٢٢فـروردیـن١٤٠٠)ی یەکشـەممەی ڕۆژنامەی ڕۆژان-ی سەر بە سیاسـەتی نەرمە هێزی کۆماری ئیســـلامی ئێران لە ســـنە، بنووســـێکی ئەکادیمیستی "قەومی ئێرانی" لە "نەتەوەی گۆران"! بەناوی د.مەهدی سەجادی لە پەنای یادکردنەوەی تاوانی هەڵەبجەدا وتارێکی وەشـــاندووە، کە گەرشـــیکاری دێڕ بە دێڕی نێوەڕۆکی گوتارەکەی لەبەر ڕۆشنایی چوارچێوە سیاسەتی گشـــتیی ئێران بەرامبەر کورددا شـــرۆڤە بکەین، دێڕدێڕ بنەماکانی ئەو سیاسەتانە دەدۆزینەوە.

وتارەکە هیچ نییە جگە لە ڕیتۆریکی ئەو سەدسالّەی نەرمە هێزی کولتووری نەیارانی کورد کە بەناوی دۆســتایەتیەوە سـڕینەوەی کورد و پرۆسـەی لە خودخسـتنی کورد پەخش دەکەن. وتارەکە دواقۆناغی پەرەســـەندنی پەلاماردان و لەتلەتکردنی کوردە بەنێوی خەمخواردن لە مرۆڤی کورد و تاوانەکان بەرامبەری مانیفێست کردووە، بەلّام ئەمجارە بە زمـانێکی دیکە و لە ســـوچێکی دیکەوە هەمـان کـاری لەنەتەوەخستنی ڕەشید یاسـەمی سییەکان دەکاتەوە کە بە هاندانی ڕەزاشا کردی.

ئـاخر ئێرانیش خۆ نـایەوێت کورد بکـاتە فارس، چونکە گەر ئەوە بکات واتە کوردیان کردووەتە خاوەن ماڵ، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوان دەیـانەوێـت لەکوردخســـتن و لە خۆخســـتن جێبەجێ بکەن، بۆ ئەوەی لە مـاڵی خۆتـدا غەریبـانە بجوڵّییتەوە و میوانێکی شـــەرمن و زەین داگیرکراو بیت، هەمان هەســـت کە ئاوارەیەک لە کەمپێکدا دەینوێنێت.

لێرەدا گرنگە چەنـد تێبینییەک بخرێتەڕوو، نەک لەبەر گرنگی وتارەکە و داماوییەکەی لە فاکتی مێژوونییدا، بەڵکو تەنها لەبەرئەوەی بیکەمە دەســـکەلایەک تا ئەو ســـیاســـەتە گشـــتییە کولتوورییەی دەوڵّەت لەڕێی شـیکردنەوەی چەند چەمکێکی ئـاوەژووبەکـارهێنراوی نێو وتـارەکەوە ڕوون بکەمەوە کە لەوڵاتانی ســـەردەســـتە و بەتایبەت ئێرانـدا ســالّانێکە بەناوی دۆستایەتیی و خەمخواردنی کوردانەوە بەکاردەهێنرێن.

ئێران بە چەنـدین شـــێوە کـاری لەســـەر لاوازکردن و خاڵیکردنەوەی واتای شـوناسـی کوردبوون لە جەوهەری خۆیی وەک نەتەوە و زمـانەکەی کردووە و دەکـات، و ئەنجامیشی لێچنیوەتەوە، وەک:

آ. لەنەتەوەخستنی و بە ئێرانیکردن و ئاریییکردنی، لەڕێگەی گێڕانەوەی ڕەسمی و ناڕەسمی و چەندین ئەکادیمیستی پەروەردەکراوەوی دەوڵەتییەوە. لە کاتێکدا کورد نە ئیرانییە و نە ئاریییە و نە ژێر لقی هیچ نەتەوەیەکی دیکەیە.

ب. بە ئیتنیک و قەوم و عەشایەر نیشاندانی کورد نەک بە نەتەوەناساندنی (واتە بەخێڵکردنی کورد). هیچکات لە گوتار و گێڕانەوە ڕەسمییەکاندا بە نەتەوە ناوی نەهێنراوە و ناهێنرێت و قەدەغەشە بەکارهێنانی چەمکێکی لەوشێوەیە لە نێوەندە ڕەسمەییەکاندا. ئاخر لە فارسیدا "ملت" بە مانای نەتەوە دێت نەک "قوم"، قەوم بۆ گرووپی بچووکی هاوخوێن و عەشایەری نانەتەوەیی بەکاردێت.

ج. کوردی وەک زار (گویش) نەک وەک زمان نیشان بدرێت. بەمەش کورد کە خاوەنی زمانی خۆی نەبوو، بەنەتەوەش نازانرێت. ئەم مافەش هەم لەدەستووردا و هەم لە گێڕانەوە ڕەسمەییەکاندا لە زمانی کوردی سەندراوەتەوە.

د. لە هەمووی مەترسیدارتر پەرپەرتکردن و جیاکردنەوە و لەکوردخستنی هەندێ ناوچە و زمانی کوردستانی لە کوردە بەگشتی، وەک ئەوەی دەیانساڵە کاریان لەسەر جیاکردنەوەی لوڕ کرد و کاریگەریشی بەداخەوە جێهێشت، ساڵانێکیشە لەسەر لەکەکان کاردەکەن و ئێستا وا خەریکن دەیان کتێب و تۆژینەوە دەوەشێنن و قسەی چوار ڕۆژەهەڵاتناس و یەک دوو کوردی ئەکادیمیستی بێلایەنی فەرمینووسی دەوڵەتی! دەهێنن و دەیکەنە دیسکۆرسێکی بێبناغە بۆ لە کوردخستنی هەورامیەکان و لەکەکان. بێئاگا لەوەی ئەو ناوچانە بە زمان و شوناس و جوگرافیایانەوە هەموو پێکەوە کوردن و مێژوو و ئیرادەی هاوبەش کردوونی بە کورد نەک پێناسەی ڕۆژهەڵاتناسێک یان دەوڵەتێکی دیکە.

ه .گرووپگەلی ڕۆشنبیری و ئەکادیمیستی پەروردەکراو بە زیهنی ئێرانیانە، بە خستنەڕووی تۆژینەوە و نووسینەکانیان، کاردەکەن بۆ بێبایەخکردنی خەباتی کولتووریی نەرمی ئەکادیمیستە کوردەکانی نێو ئێران و


فاجعهٔ حلبچه؛ لکهٔ ننگی بر پیشانی سیاه تاریخ

به خائینکردن و تۆمەتسازیی بۆیان. کە خۆبەخشانە بەشێکی زۆری ئەرکی بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکانی بەردەم سڕینەوەی شوناسیی کوردیان خستووەتە سەرشانی خۆیان لەپێگەی تۆیژینەوە و چالاکیی کولتووری و ئەکادیمی خۆیانەوە، سەرەڕای ئەو فشار و سانسۆرەی کە بەرامبەریان دەگیرێتەبەر. بەمەش دەیەوێت کاریگەری وجێکەوتەی ئەوان کەمبکاتەوە لە ڕێگەی ئەکادیمیستی بەدیلەوە. جا ئێستا لەڕوانگەی ئەو پێنج خاڵەوە وەک دیدگایەک، با چەند تێبینییەک لەسەر نووسینەکەی مەهدی سەجادی بخەینەڕوو:

١ .لەنێو کوردستانەوە و لە ڕۆژنامەیەکەوە بە ناوێکی کوردییەوە (ڕۆژان) و لە شاری سنەوە، بە دوو ئاراستە وتارێکی پڕ لە تۆمەت و بێفاکت دژی ناسیۆنالیزمی کوردی بڵاوکراوەتەوە، ڕێک هەمان قسەی لاهوتی دووبارە دەکاتەوە کە ١٩٢٣لە مۆسکۆوە دەیووت "ناسیۆنالیزمی کوردی بوونی نییە و بە هاندانی ئینگلیز لە ١٩١٩ لە سلێمانی چەقێنراوە"، سەجادی لەوەش زیاتر کورد بە گشتی بە نەتەوە نازانێت و پێیوایە هەم جوگرافیا و هەم شوناسی مێژوویی درۆسازیی بۆ کراوە، گەرنا بوونی نەبووە. ئەمەیان هیچی لەسەر ناوتریت چونکە ئەم ڕیتۆریکە دەمێکە پووچکراوەتەوە، زۆر ئاسانە سەلماندنی، هەم بە کتێبە پڕ و چڕەکانی نێو بولدان و مەمالیک و مەسالیکەکانی سەدەکانی نێوەراست، هەم بە نەخشەکانی سەردەمی عوسمانیش بەسن بۆ ئەوەی مێژووی کوردستان زۆر دێرینتر لەوەیە سەجادی دیاریدەکات.

٢ .سەیرە لەئێراندا، قەدەغەیە وشەی "نەتەوەی کورد" بۆ ١٠ ملیۆن کورد بەکاربهێنرێت، بەڵام زۆر بەئاسانی بە گۆرانەکانی بڵێیت "نەتەوەی گۆران" و خودی ئەو وڵاتەش بۆت بڵاوبکاتەوە، نەک هەرئەوەش وتارەکە وەک مانیفێستێکی ئەو پارادایمە بێئارگیومێنتە بەرزبکەیتەوە. ئەو دەڵێت گۆران نەتەوەیەو کورد داگیرکاری خاکەکەیەتی، بەڵام داگیرکاری فارسی و عەرەبی و تورکی نابینێت. ئەمەش بەشێکی هەمان پرۆسەی جیاکردنەوەی هەورامی و

گۆرانەکانە لە کورد، وەک چۆن لەپێشـــتردا لوڕەکانیان جیاکردەوە.

ئایا گەر دســـکۆرســـی فەرمی ج.ئ.ئێران بەم گوتاری پەرتکردنە ڕازی نییە بۆ ڕێگە نادات وشـــەی نەتەوە بۆ کورد و بەلوچ بەکـاربهێنرێـت بەڵام زۆرئـاســـــایی لە ڕۆژنامەیەکی دەوڵەتییەوە بە گۆران بووترێت نەتەوە؟

٣ .تـاوانی جینۆســـایـدی هەڵەبجە دەخـاتە ئەســـتۆی ناسیۆنالیزمی کوردی و پاکانە بۆ بەعس و بەقوربانیبوونی کورد لە جەنگی ئێران-عێراق و هاتنی هێزەکانی ئێران بۆ ئەوناوچانە دەکات و دەپەڕێتە سەر ئەوەی کە خەتای کورد بووە هەڵەبجە گازبارانکراوە! ئایا ئەمە ڕووسپیکردنەوەی سەدامەکان نییە؟ گەرنا خێرە لەو دوورەوە هەڵەبجەی پێش ســی ســاڵ دەبینێت بەڵام سێدارەدان و قەدەغەی زمان و مافی ســـیاســـیی و مەدەنی (کورد قەینا) گۆرانەکان لە وڵاتەکەدا نابینێت؟

٤ .زۆربەی زانیارییەکانی نێو وتارەکە هەڵەن، بەڵام بۆ کاتێکدا هەڵەبجە تاوانە و جینۆســـاید، نەک کارەســـات، کارەســـات بۆ ڕووداوی ســـروشـــتی بەکاردێت. ئەمەش بەکەمگرتنی تاوانەکەیە.

-جوگرافیـای شـــاری هەڵەبجە بە هی نەتەوەی گۆران دەناسێنێت! ئەمەش نیشانەی نەشارەزاییەتی لە کۆمەڵگە و جوگرافیـای هەڵەبجە، چونکە هەم هەڵەبجە بەرهەمهاتووی مێژووی نوێی کوردستانە و هەم کۆمەڵگەکەشی لەو دەمەوە ســـۆرانی-جافی، هەورامی لەخۆگرتووە و مۆزایک بووە، ئیتر بە چ بەڵگەکی دێرینە هەڵەبجە تەنهـا گۆران تێیـدا نیشتەجێ بووە؟

لێرەدا ڕوون دیارە هەڵەبجە وەک کراســەکەی عوســمان بۆ لەکوردخستنی شوناسەکەی بەکارهێنراوە و لە پەنایدا ئەو پێنج خـانەی ســـیـاســـەتە گشـــتییەکەی دەوڵەتەکەی پیادەدەکات .



نموونە تەنها یەک دوانێکی زۆر ســادەن بەڵام لەوەشـــدا هەڵەی کردووە، کە نیشانەی کەمتفاقییەتی :

-لەنـاونیشـــانەکەوە تـا کۆتـایی چەمکی لێکـدراوی "کارەســـاتی هەڵەبجە" (فاجعە حلبجە)ی بەکارهێناوە، لە

ئەمریکا و ئەوروپا، نەیاندەویست ئەنفال بگاتە دادگای نێودەوڵەتی

چاوپێکەوتن لەگەڵ عومەر محەمەد لەیادی ئەنفالدا

ڕەوت: دونیایەک سوپاس بۆ ئەو کاتەی بە ئێمەی دەبەخشی، سوپاس بۆ دەربەستی و دڵسۆزیت بۆ خەڵکی کوردستان، بۆ کەسوکار و ڕێزگرتن و شکۆدارڕاگرتنی ئەو هەموو ساڵەت. تۆ یەکێک لە ئینسانیترین و شارەزاترین دۆزی ئەنفالی، لە زۆرێک لە چاوپێکەوتنەکانتدا پێداگری لەسەر دوو شت دەکەی: لێبوردەیی و خۆشەویستنی ئینسان لەلایەک و کۆتایهێنان بە مەترسی ئەنفال لە ڕێگای ناساندنی ئەم تاوانە وەک جینۆساید، شوناسێکی گەلێک جەوهەری لە ماکی ئەم دیدگایەدا هەیە، بکرێت لەو بارەوە هەندێک لایەنی ڕوونتر بکەیتەوە؟

عومەر محەمد: منیش سوپاسی بەریزتان دەکەم کەبۆتان گرنگە دەربارەی ئەنفال قسە بکەین.

سەبارەت بەپرسیارەکەت دەربارەی پێداگری من بۆ لێبوردەیی و خۆشەویستی ئینسان، لەڕاستیدا من وای دەبینم کە ئەوە بەڕیەرچدانەوەی بەکردەوەی ئەنفاڵە، **مرۆڤ ئەگەر بییەوێ سیاسەت بکات دەتوانێت لەبەرانبەر توندوتیژی، توندوتیژی نەنوێنی و ئازایەتیش نەدۆڕێنێ**، بەبروای من هەموو هێزێک دەتوانێت مرۆڤ بکوژێ و کۆمەڵکوژی بکات، بەڵام هەموو هێزێک ناتوانێت سیاسی بێت، ناتوانێت خاوەن فیکرو تاکتیکیی باش بێت، بەواتایەکی تر هەموو هێزێک ناتوانێت مرۆڤ دۆست و ژینگە دۆست بێت، دیکتاتۆرییەت و تۆتالیتاریزم سروشت و مۆراڵیان ستەمکاری و تونـدوتیژییە، ئەوان ناتوانن دایەروەرو ژیاندۆست و ژینگەدۆست بن بەو واتایەش ناتوانن مرۆڤدۆست بن، ئەوان لەبنەڕەتەوە وای دەبینن جیاوازن لە خەڵکی تر، بڕوایان وایە لەخەڵک زیاترن، لەسەروی خەڵکەوەن بۆیە هەمیشە پیرۆزتر و گەورەتر خۆیان دەبین، خۆیان نەک هەر لەسەروی یاساوە دەبینن بەڵکو دەبێت یاسا پاریزەریان بێت نەک ئەوان یاساپاریز بن، بۆیە ئەو ئەرکە بۆخەڵک بەجێدێڵن. بەو واتایەی ئەو خەڵکە دەبێت یاسایەک بپارێزن کە بەرژەوەندی سەرۆک و سەرداری حزب ودەوڵەت دەپارێزێت نەک خۆیان.

لە دید و تێڕوانینی ئەواندا: خەڵک دەبێت، ئەوانیش و یاساش بپارێزن، چونکە ئەوان کاتێک یاسا بەپیرۆز دەزانن کە سەرۆک و بنەماڵەی سەرۆک و دامودەزگاکەی بپارێزێ ئەگەر وانەبوو ئەوە نە یاسایە و نە پیرۆزیشە، ئەو تیروانینە برۆکراتیە بۆ ئینسانیش هەروایە مرۆڤ هەرئەوەندە شایان بە ژیانە کە سەرۆک و بنەماڵەی سەرۆک و یاسای سەرۆک دەپارێزێ و خێریان بۆ دەداتەوە، بەپێچەوانەوە مرۆڤ بۆچی باشە؟

وەک عەلی حەسەن مەجید بەڕاشکاوی لە کۆبوونەوەیەکدا بە بەرپرسانی حزب و حکومەتی گوتووە ئێزدی بۆچی باشن؟ ڕۆژێک دەڵێن کوردین و ڕۆژێک دەڵێن عەرەبین؟ بێگومان بۆ هیچ باش نین، لە کۆبوونەوەیەکدا بەتوڕە بوونەوە بە پارێزگاری موسڵ دەڵێ: "دەتانەوێ نەتەوەی پیرۆزی عەرەب بەم هیچ و پوچانە زیاد بکەین؟ نا نەخێر لەمەولا لەهەرکوێ بینیتانن وەک خەیار لەتیان بکەن، ئەوانە بابڕۆن وەک کەر لە چیاکان بژین" ...

ئەم قسانە هی من نین بوختان نین، ئەمانەی قسەی بەرپرسێکی باڵای حزبی بەعسە بەدەنگی خۆی، لەراستیدا ئەگەر قوڵترو وردتر تێڕامێنین ئەمانە بەتەنها قسەی عەلی حەسەن مەجیدیش نین، قسەی هەموو دەسەڵاتدارێکی تۆتالیتارن فیکری فاشیزمن ئەم جۆرە دەربڕینانە قسەی هەموو کەسێکی فاشیستە، هی فاشییەکی کوردە هی فاشیەکی عەرەبە هی تورکە هەموو سەرۆک و بەرپرسێکی فاشی ئەوا تەماشای نەیار دەکات. بۆیە لەبەرانبەر ئەم دڵڕەقیە ئێمە پێویستمان بە ئازایەتی و لێبوردەیی هەیە، ئاخر ئازایەتی ئەوەیە کورد لەبەرانبەر داعش و بەعس نەبەزێ، بەڵام نەبێت بەوێنەیەک لەوان، **ئازایەتی ئەوەیە لە دژی فاشیزم نەبین بەفاشی و فاشیانە ڕەفتار نەکەین** ... بۆ هەمیشەو لەهەر کوێیەک بێت، جەخت لەخۆشەویستی دەکەمەوە مرۆڤ بەبێ خۆشەویستی یەکتری هەمیشە دڕدۆنگ و نەزان و دەمارگیرە بەبروای من مرۆڤ کە لە خۆشەویستی بێبەش بوو ئیدی دەبێتە مرۆڤێکی و شکەڵاتوو دەبێتە دەمارگیر، جا ئەو دەمارگیرییە لە ئایدۆلۆژیا و لە ئاین و لە حیزبدا خۆی لە کارەکتەر و کەسایەتیەکاندا دەبینێتەوە.

ڕەوت: تاوانی ئەنفال وەک خۆت زۆر پێداگری لەسەر دەکەیت، نەک کارەسات، وە بەگومانی لەوەی کە بۆچی سەدام حسین و حزبی بەعس، لەسەر ئەم تاوانە گەورەیە دادگایی نەکران، بە نەخشەیەکی ئیمپریالیستی لێکدەدیتەوە و لە نێو هەلومەرجێکی جیهانیدا گەلێک لایەنی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی تیا بەشدارن و یان بەئاگاداری ئەوان پیادەکراوە، یان چاویان داخستووە؟ ئایا ئەمە هەر گومانە یان بەڵگە و بەرژەوەندی و ڕوداو هەن کە ئەم هەقیقەتە بسەلمێنێ؟

عومەر محمەد: سەدام دادگایی کرا، سەرانی بەعس لەمەڕ دۆسێی ئەنفال و تاوانەکە دادگایی کران، بەڵام پرسیارو گومانەکە ئەوەیە کە بۆچی دۆسێی ئەنفال وهەڵەبجە لە دادگای نێودەوڵەتی دادگایی نەکران؟ بۆچی لە عێراق دادگایی کران؟ لەڕاستیدا ئەمە پرسیار و گومانەکەیە، ئەوەم لە زۆر شوێن گوتووە، بەشێکی ئەنالایزە، شرۆڤەیە، بەشێکی ڕاستییە و هەندێک گومانیشی تێدایە.

ئەوەی ڕاستییە ئەمەیە، **ئەمریکا و ئەوروپا و تەنانەت ژاپۆنیش نەیاندەویست ئەنفال بگاتە دادگای نێودەوڵەتی**، بۆچی؟ چونکە بۆخۆیان مەوادی سەرەتایی کیمیاییان بە عێراق فرۆشتبوو، ئەگەر دادگاکە لە (لاهای) بوایە سەربەخۆ بەڕێوەدەچوو پارێزبەندی و قەرەبوشی بۆ قوربانیانی کورد لێدەکەوتەوە، کۆی دۆسێی کوردیش لەکێشەیەکی ناوخۆییەوە دەبووە کێشەیەکی نێودەوڵەتی، ئەمەش کۆمەڵێک سەریەشەی بۆ وڵاتان دەنایەوە، ئینجا بۆئەوەی ئەم سەریەشەیە بۆخۆیان دروست نەکەن و بەرپرسیارێتی یاسایش نەخەنە ئەستۆی خۆیان پەلەیان کرد لە دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق و دەرکردنی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) . بەشێوەیەکی تر بڵێین دادگاکەیان بەلاوە گرنگتر بوو، لە دەوڵەت، یاخود دەوڵەت وحکومەتی عێراقیان بۆ بەگەڕخستنی دادگاکە دامەزراند، چونکە ئەوان دەیانویست بەزوویی سەدام و هەندێک لەسەرکردایەتیەکەی دادگایی بکەن و دۆسێی جێنۆساید لەناوخۆی عێراق یەکلایی بکەنەوە، وەک دەڵێن "کڵاوی کورد"یان ناسی بوو، دەیانزانی بەکەم قایل دەبن و گەلێکیش مەمنون و ڕزاین. ئەگەر دۆسێی ئەنفال و هەڵەبجە لە دادگای (لاهای) یەکلایی ببونایەتەوە دەبوو چەند دەوڵەت تێوەبگلێن؟ هەموو دەبوو قەرەبوو بدەنەوە **قەرەبوش هەر پارە و مادە نییە بەرپرسیارێتی یاسایشە**.

سەبارەت بەوەی بەڵگە هەیە، بێگومان بەڵگەی زۆر لەبەردەستن، ڕەنگە باشترین بەڵگەی باوەڕپێکراو دۆسێی (فرانس ڤان ئانرات)ی هۆڵندی بێت، ئەی خۆ لەخۆمەوە باسی ژاپۆن ناکەم، (تەناکا) هاوڵاتیەکی ژاپۆنیەو هاتووە لەدادگا شایەتی لەسەر بازرگانە هۆڵندییەکەداو سەلماندی کە ئەو لەژاپۆن مەوادی کرپیوە و بەعێراقی فرۆشتووە، بەڵام ژاپۆن زۆر زیرەکانە خۆی لەو بەرپرسیارێتیە ڕزگارکرد هەر زوو بڕیارێکی دەکردبوو کەوا حکومەتی ژاپۆن لە ڕێکەوتی (٢٦-٧-١٩٨٤)ەوە فرۆشتنی بە وڵاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەگشتی وعێراق و ئێران بە تایبەتی قەدەغەکردووە، لەبەر ئەوەی ژاپۆن پێشبینی کردووە جەنگی عێراق-ئێران بەرەو قوڵبوونەوە و تاوانی مرۆیی ملدەنێ.

بەڵام بریارەکەی ژاپۆن وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاوای نەگرتەوەو فرۆشتنی بەوان ئازاد بوو. بریارەکەش لە (١٢ی ئازاری ١٩٨٤) دەرچووە ویست و داوای نەتەوە یەکگرتووەکان و ژاپۆنیشی لەسەربووە. بۆیە ئەگەر بازرگانێکی ڕاستەوخۆ بۆنمونە عەرەب یان فارس یان تورک بوایە هەرگیز وڵاتی ژاپۆن مامەڵەی مادەکیمیاویەکانی لەگەڵ نەدەکرد. بەڵام ئەو (فرانس) بەقژێکی زەرد و چاوی شینەوە مامەڵەی مادە کیمیاویەکانی دەکردوو بە نیازی قازانج پەرستانە و ناخێکی بەعسیانەوە لە ژیان و پەیوەندیەکانی ڕوانیوە و ئەوەی بۆی گرنگ نەبووە بەهای مرۆڤ و ژیان بووە.


تۆ تەماشا بکە مەوادی ژاپۆنی چۆن گەیشتووەتە عێراق؟ لەکاتێکدا ژاپۆن نەیویستووە بگاتە عێراق درێژەی ئەم چیرۆکە لەلای (ئیشرۆ تەناکا)یە کە لە هۆڵندا بووە شایەتحاڵێکی گرنگ بەسەر (فرانس ڤان ئانرات)ەوە.

(ئیشۆ) لەدایک بووی سالی ١٩٢٧ی شاری ئۆساکاوایە (٤) جار بەمەبەستی گرتنی فرانس ڤان ئەنرات، لەگەڵ پۆلیسی ئۆساکای ژاپۆنی گفتوگۆی لەگەڵدا کراوە، ئەو بەتەمەنێکی زۆرەوە هەتاکو ساڵی (٢٠٠٥) لە کۆمپانیایەکی ژاپۆنیدا کاری کردووە، ساڵی ١٩٨٨ بۆ دواجار، لەگەڵ (فرانس ڤان ئانرات) بەتەلەفۆن گفتوگۆیان کردووە.

پێشـــتریش چەنـد جارێـک لە نیورۆک و کـالیفۆرنیـا یەکترییان بینیووە.
ڕێکەوتی ٢-٦-٢٠٠٥دادگـایکردنی (فرانس ڤـان ئەنرات) تایبەت بوو بەلێپرسـینەوە لەگەڵ ئەم پیاوە پیرە ژاپۆنیە و بـازرگـانیکردن بەمـاددەی کیمیـاوی لەلایەن ئەو گەورە بازرگانەوە، لێرەدا هەڵوەسـتیەک گرنگە ئەمجارە ژاپۆنیی و کورد و هۆڵندی پێکەوە لە دۆسـێکدان بۆ لێپێچینەوەی تاوانێکی گەورە دەرهەق بە کورد ئامادەن، خۆتان دەزانن پێشتر جیهان لە هەموو ئەو تاوانە بێدەنگ بوو، لەسـایەی ئەو بێـدەنگیەشـــەوە دەبوو هەنـدێـک دەوڵەت بەدوای پینەکردنی عەیب و عـارەکـانیـانـدا بگەڕێن، دەنـا دەبێت بـاجەکەی بـدەن. دەنـا خێرە پۆلیســـی ژاپۆن لە (تەناکا دەپرســـێتەوە) و ڕەوانەی هۆڵنـدای دەکـات؟! بێگومـان هۆکارەکەی ئەوەیە ژاپۆن دەیەوێت لەکەیەک لە ڕوخسـاری خۆی دامالێ و بە ئابڕوی شـــکاوەوە نەچێتە ناو دنیای گلۆبالیزەیشنەوە.
ڕەوت: ئازار و بریندەکان، کارەســـات و ڕوداوە جەرگبڕە مرۆیی و ژینگەییەکان، هەرگوند ولادێ و حەوشـــەیەک، تۆمارێکی مێژووین، گۆڕە بە کۆمەڵەکان و هەزاران بەڵگە هەن کە دەیتوانی ببێتە ســـەرەتـایەکی نوێ بۆ ژیـان و کۆتایی بە جینۆسـاید و قڕکردن، نەدەبوو کارەساتەکان و ئەگەری دوبارەبونەوەیان هێشـــتا وەک مۆتەکە بەســـەر سـەرمانەوە بمێنێ. ڕاسـتیەکەی ئەم ناوچەیە هێشـتا لەنێو ئەم مەرگەســـاتەدایە، پرســـیارەکە ئەوەیە، ڕێگای ڕزگاری چییە؟ چ هێزێکی کۆمەڵایەتی-ســـیاســـی دەتوانێت ئەم کۆمەڵگایانە لەو مەترسیە جددیانە ئازاد بکات؟
عومەر محمەد: لەڕاســـتیدا ئەوەی خەڵکی کوردســـتان لەم مەترســـیانە دور دەخاتەوە، هۆشـــیاری خۆیەتی، پەند وەرگرتن لە ڕابوردوو هەڵوەسـتە لەڕوداوەکان، بەتایبەتیش شـــەڕی ناوخۆ، ئەمە هەر بەرپرســـیارێتی ســـیاســـی نیە بەرپرسیارێتی ئەخلاقیشە، بزوتنەوەی کورد دەبوو لەدوای ئەم تاوانانە بەتایبەتیش لەدەرفەتی ڕەخســـاوی ســـاڵی ١٩٩١ دا فیری سیاسەت بوایە، بەڵام ئەوەی نەیتوانی هیچ لەم دەرفەتە بچنێتەوە ئەوە بوو کە دونیـابینی ســـەرانی حزبە کوردسـتانیەکان بێ ڕوئیا و بێ ئایدیای قوڵ بوون، لە سیاسەتدا بەرژەوەندی خواز و لە داواکاریدا بێ ئەزمون و شەرمن بوون. (بڕیمەر) بەڕاشکاوی لە بیرەوەرییەکانیدا (ســـاڵەکەم لە عێراق) نوســـیوێتی لە داواکاری کوردەکان تۆقی بووم وامزانی داوای جیابوونەوە و ســـەربەخۆیی دەکەن، بەڵام ئەوان داوای پارەیان کرد. کەواتە ســـەرانی حزبەکان بەشـــوێن مافە ســـیاســـیەکانی کورد و مافی چارەنوســـی کوردەوە نەبوون لە عێراقدا بەڵکو بەدوای پشک و پارەوە بوون.
لەڕاستیدا خەڵکی کوردستانیش هۆکارێک بوون کە ڕیشی خۆیان دایەوە دەست هەمان ئەو هێزەی کە بوونە هۆکاری ئەنفال و کیمیاباران و لە دەرفەتی ڕەخساویشدا هیچیان بۆ داوا نەکرد، **ئەوان وەک نەیانتوانی خەڵک بپارێزن، نەشیانتوانی وەفاداری ئەو هەموو زیانە مرۆیی و مالّییەبن کە لە خەڵک کەوت، دەبوو خەڵکی کوردســـتان زوو لەو ڕاستییە تێبگات ، کە ئەو هێزانەی دروشـمی کوردایەتیان هەڵگرتووە، کورد و مافەکانیان بەلاوە گرنگ نیە، بەڵکو دۆسێی کورد بۆئەوان بزنس و مامەڵە و سەودای بازرگانی سـیاسـیە**. ئەوان بەهەزار فاکتەر و ئاماژە ســەلماندویانە خەڵکی کوردســـتان و "خوێنی خەڵکی کورد"یان بەلاوە هەرزان و بێبایەخە، بەلای کەمەوە نەیانتوانی تۆمەتبارانی ئەنفـال دالّـدەنەدەن، تەنـانەت کە دادگـا داوای کردن نەیانهێشت دادگایی بکرێن.
[ئیـدی ئەمە ئـاکـامی ئەوەیە کە حزبەکـانی بزوتنەوەی کوردایەتی توانیویانە بە زەبری چەک و بە هەربەرداری لە ستەمی نەتەوایەتی خۆیان وەک سەرۆک و ڕابەر داسەپێنن بەسەر خەڵکی کوردستاندا، جاش وکۆنە بەعسیەکانیش لە ڕیزی حزبـایەتی خۆیـانـدا جێبکەنەوە، دیـارە چـارەنوس ئاوای لێدێت کە نازانرێ ئەم حزبانە بۆ کوێیان دەبەن و ڕوبەروی چ پێشـهاتێکی خراپیان دەکەنەوە] بۆیە بەبروای من خەڵک دەبێت خۆی ڕێک بخات و بەدیدێکی سـیاسـی ڕوون و تەواو جیاوازەوە خۆی لەم حزبانە و بزوتنەوەی کوردایەتی جیـابکـاتەوە و تێبکۆشـــێ بۆ دامەزرانـدنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و هۆشیار و شکۆمەند.
سەرەتای مارسی ٢٠٢١
لە ڕۆژنامەی ڕەوت وەرگیراوە

ڕۆژی یادکردنەوەی قوربانیەکاندا، من بێدەنگ دەبم پاشان دەگریەم.

ئاسۆ شابان





ئەنفال وەک بەشێک لە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەی سیمۆن، تراموای دەرئەنجامەکانی جەنگ، هەمان هەست هەمان لێکەوتەو دەرئەنجام، لە کۆڵمان ناوەو نەوە بەدوای نەوەدا دەبێت لەگەڵ خۆماندا هەڵیگرین. سیمۆن دەڵێت (لە ڕۆژی یادکردنەوەی قوربانیەکاندا، من بێدەنگ دەبم پاشان دەگریەم، دەگریم بۆ ئەو هەموو قوربانیانەی کە لەو جەنگەدا دراون، دەگریم بۆ خۆم، کە دوای سێ نەوەی هەمان کارەسات هێشتا قوربانی هەمان جەنگم .(لە ناوەوە هەمووی تێکشکاوە)

سیمۆن هامێلبورگ

سیمۆن لەم ڕۆمانەیدا زۆر زیرەکانە باس لە جەنگی جیهانی دووهەم و دەرئەنجامەکانی دەکات، بە تایبەت لەسەر یۆدەکان واتە (جولەکەکان)، ئەو جولەکانەی کە لە کاتی جەنگدا بوونە قوربانی کورە ئاگرەکان و ئەوانەی کە کرانە هێزی کار لە کارگەکانی چەک دروستکردندا.

زۆر وردو سەرنجڕاکێش باسی چۆنیەتی دروستکردنی هێزێکی گەورەی کار دەکات لە پێناوی بەردەوام بوونی جەنگدا، ئەو دەڵێت من جولەکە نیم، واتە بێدینە، بەڵام باسی ئەو تراموا (کارەساتە) دەرونیانە دەکات کە تا ئێستاش جولەکەکان پێوەی دەنالێنن .

سیمۆن دەڵێت ئەم کارەساتە دەروونیە چەند نەوەیە بەدوای یەکدا لەگەڵ خۆیان هەڵیدەگرن و نەوە لە دوای نەوە درێژەی پێدەدەن، دەڵێت گەرچی لای هەندێ جولەکە جۆرێک لە دەرباز بوون لەم گێژەنگە ڕووی داوەو جارێکی تر باسی لێناکەنەوە، بەڵام لای زۆربەی جولەکەکانی تر لە هەمان ڕۆژدا، بێدەنگ دەمێننەوەو پڕ بەدڵ دەگرین، دەگرین بۆ هەموو ئەوانەی کە تا دوا هەناسەیان لە کارگەکاندا کاریان پێکرا بۆ بەردەوام بوونی جەنگ، یان هەر لەوێدا مردن یان سوتێنران. دەڵێت (لە ناوەوە هەمووی تێکشکاوە)..

ئەوەی ئەم ڕۆمانەی بەهێز کردوە چەند خاڵێکە:

١ .جەنگ و دەرئەنجامەکانی.

٢ .جەنگ چەند کارەسات بارە.

٣ .چۆن بۆ بەردەوام بوونی جەنگ، هێزی کاری جەنگ دروست دەکرێت.

٤ .چۆن تراموای جەنگ نەوە لە دوای نەوە بەرۆکی قووربانیەکان بەرنادات و بۆ هەمیشە دەبنەوە قووربانیەکی تر.

دەڵێت لە ڕۆژی یادکردنەوەی قوربانیەکاندا، من بێدەنگ دەبم پاشان دەگریەم، دەگریم بۆ ئەو هەموو قوربانیانەی کە لەو جەنگەدا دراون، دەگریم بۆ خۆم، کە دوای سێ نەوەی هەمان کارەسات هێشتا قوربانی هەمان جەنگم.

ئـــــەنـــــفال چیەکان کێن



بەختیار ڕەوف

٢٢ی نیسانی ٢٠٢١ – گەرمیان

ئەنفالچیەکان کێن و بۆچی کردیان ...خۆ ئەنفال یەکجار نەبوو بەردەوامە. لای هەموان ڕوونە کارەکتەری سەرەکی وپاڵەوانی ئەنفال وکیمـــــیابارن (سەدام حسێن) ی گۆڕ بەگۆڕو ڕژێمەکەی و کـاربەدەســـتانی ڕژێمی بەعس و حوکمەتی عێراق بوە دوای ئەوان بەپلەی دووەم کۆمەڵێک کوردی خائین و خۆفرۆش بوون، کە ناونران جاش و موســتەشـار، ئەمانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان هاوکارو پاڵ پشـتی ڕژێمی بەعس وسـەرکردایەتی حوکمەتی ئەوکاتەی عێراق بوون، هەڵبەتە چەند هۆکارێکی هەیە لەوانە:

پلەو پایەی حزبی و پارەوپوڵێکی باش چی لەلایەن خودی حوکمەت و حزبی بەعسـەوە یان ئەو کەلوپەل وتالانیەی لە ئەنفالکراوان جێدەماو دەگیران. زیاتر ئەم جاشـــانە دەبوونە میراتگر و خاوەنیان هەروەها ترس و تەســـلیم بوون بە ڕژێمی بەعس و حوکمەتی عێراق یـاخود ناکۆکییان لەگەڵ میللەتی کوردو فەرماندەو پێشـمەرگەکانی ئەوکاتی کوردســـتان واز لە ڕژێمی بەعس و حوکمەتەکەی بێنە بەئێستاشەوە کە دوژمنی کوردو کوردستانن و جاش و موستەشارەکانیش هیچیان کەم نەبوو لەوان بەڵام داخو خەمێکی زیـاتر ئەوەیە ئەوانەی خۆیـان بەخاوەنی کوردو کوردستان دەزانن لەوان خراپترنین ؟

ئەو کار بەدەست و دەست ڕۆشتوانەی کوردستانی دوای ڕاپەڕینی بەهاری ســـاڵی 1991جەماوەر و خەڵکی بەش مەینەتی کوردســـتان کە ئەوان ئەیـان توانی ئەنفـال و کیمیاباران بکەنە چەکێکی بەهێزوو کاریگەر و گەورە نەک تەنها بەرامبەر بە حوکمەتی عێراقی دوای ڕژێمی بەعســـی گۆڕبەگۆڕ بەڵکوو بۆ هەموو جیهـان و لەخزمەتی خەڵکی بەش مەینەتی کوردســـتان و خاوەن قوربانی بەکاریان بهێنـایە بەڵام بەداخەوە پێچەوانەکەیمـان بینی و دوای ئازادی و ڕاپەڕینی ســـاڵی 1991 کوردســـتان و لەکار لابردنی حوکمەتی بەعســی فاشـیل دوای ســاڵی 2003 کۆمەڵە نـابەر پرس و تـالانچی و چەنـد بنەمـاڵەیەک دەستیان گرت بەسەر سەروەت و سامانی ئەم میلەتە خێر لە خاک و خۆڵ نەدیوی کوردســـتان و بون بە خاوەن و میراتگری قوربانیانی ئەنفال و کیمـــــــــیابارن و بۆ خۆیان و نەوەکانیان بوون بە ملیار دێری زەمانە لەسـایەی ئەنفال و کیمـــــــــیابارن و قوربانی دانی خەڵکی بەش مەینەتی کوردستان

.هەڵبەتە بێدەنـگ بوونی و خزمەت نەکردنی ناوچە زیان لێکەوتوان و کەســـووکاری قوربانی دەران خۆی بۆ خۆی ئەمەش ئەنفالکردن و کیمـــــــیابارنکردنێکی تری ئێمەیە و نـابێو نـاکرێ لێی بێدەنـگ بین و کۆمەڵە بەر پرس و منالەکانیان و چەند بنەماڵەیەک دەســـتبگرن بەســـەر ئەو سەروەری و دەستکەوت و سەرمایانەی کە بەقوربانی دانی ئێمەو خەڵکی فەقیر و هەژار و بەش مەینەتی کوردســـتان هاتوەتە بەرهەم ئەبینین دوای ئەو هەموو ســـاڵەو زیاتر لە چارەکەسەدەیەک نەتوانراوە چارەسەرێکی باش و گونجاو بکرێت بۆ ئازیزانمان و قوربانیای کیمـــــــــیابارن و ئێستاش بەدەم ئێشوو ئازارەوە ئەنالێنن کەچی منالّی بەر پرســـانمان وبەر پرســـان خۆیان بۆ چارەســـەری سەریەشەیەک یان پەتایەکی ئاسان یان بۆ بینینی یاریەکی ڕیاڵ مەدرید و بەرشـەلۆنە یان بۆ گەشـت و ســەیران و کەیفو خۆشـــی خۆیان دەچنە دەروەو بۆ خۆشـــترین و باشـترین و دورترین وڵاتانی ئەوروپا کە هەر گەشـتێکی یەک نەفەریان چارەسەری چەندین ئازیزمان لە قوربانیانی کیمـــــــیابارن دەکرێت بەداخەوە ئەوان لێی بێخەمن و ئێمەش بێـدەنـگ ...!ئەمەیە بەردەوام بوونی ئەوان و خراپتر بونی ژیانی ئێمە ...ئەبینین منالّی بەرپرســـان لە تەمەنێکی نەگونجاودا ســـەرۆکی زانکۆ و خاوەن چەندین کۆمپـانیـاو کـارگەو چەنـدین ئۆتۆمبیلی گران بەهـا و پاسەوان بەدوایانەوەیەو نەوەکانی ئەنفال و کیمـــــیابارن تەمەنێک لەوان گەورەتر و شـیاوتر و خاوەنی بڕوا نامەی ڕاســـتر و باوەڕ پێکراوترن کەچی لەماڵەوەن و تەنانەت دامەزراندنێکیشیان پێ ڕەوانابینن ...!

چونکە خول ناخۆنەوە بەدەوری بەرپرس و حزبەکاندا ...!

ڕەگوڕیشەکانی جینۆسایدی کورد)

به زمانی ئینگلیزی بڵاوەبێتەوە،


سازدانی: داستان

یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی بەردەم ناساندنی پڕۆسەی جینۆسایدی گەلی کورد، نەبوونی سەرچاوەی پێویستە بە زمانەکانی دیکەی دونیا، بۆیە کاتێک هەر کوردێک بیەوێت کەیسی ئەو تاوانانەی دەرحەق بە نەتەوەکەی کراون، بە گەلانی دیکەی بناسێنێت، دەستەوسان دەوەستێت، چونکە سەرچاوەی پێویست لەو بوارانە زۆر بە کەمی دەست دەکەون. هۆکارەکەشی نەبوونی کتێب یاخود هەر چەشنێکی دیکەی دۆکومێنتە، لەپەیوەندی بە تاوانی جینۆساید و هەموو ئەو پێشێلکارییانەی دەرحەق بە نەتەوەی کورد کراون، بەپێچەوانەی نەتەوەکانی دیکەی دونیا کە خاوەنی ئەرشیفێکی گەورەن لە کتێب و سەرچاوەی جیاواز لەبارەی مێژوو، یا هەر تاوانێکی دەرحەقییان کرابێت، نموونەش زۆرن، لەوانە جوو و ئەرمەنییەکان کە خاوەنی بەهێزترین لۆبی و ئەرشیفێکی زەبەلاحن لەو بارەیەوە، کە تا ئەمڕۆش، ڕۆژ نیە توێژینەوەیەک یا نوسینێک دەربارەی هۆلۆکۆست بەزمانە جیاوازەکانی دونیا، بڵاو نەبێتەوە .

کتێبی (ڕەگوڕیشەکانی جینۆسایدی کورد)یش کە لەلایەن نووسەر (ئیبراهیم سادق مەلازادە) نوسراوە، یەکێکە لەو هەوڵانە، بەمەبەستی ناساندنی جینۆسایدی کورد. بۆیە لەو دەرفەتەدا، بەبۆنەی بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی، لە ڕێگای (تۆڕی هەواڵی ژیان)، هەوڵمان داوە نووسەری کتێبەکە بەو شێوەی خوارەوە بدوێنین :

ژیان: بیرۆکەی نووسینی کتێبێک سەبارەت بە جینۆسایدی کورد لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟

ئیبراهیم سادق: بیرکردنەوە لە نەهامەتییەکانی خەڵکی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ هەشتاکان و جەنجاڵی ناو ڕووداوەکان، کە بۆخۆشم بەشێکم لەو نەهامەتییانە بینیوە. بۆیە، لە 1991 بەدواوە، خولیای نوسینی ڕۆمانێک لەمێشکی دام و بەردەوام بیرم لێدەکردەوە تا لەدوای 1996 کۆچم کرد بۆ ئەوروپا. دوای



گیرسانەوەم لە هۆڵەندا وردە وردە دەستم بە نوسینی ڕۆمانەکە کرد. ڕۆمانەکە زیاتر نزیکە سروشتێکی فەنتازی هەیە، بەو مانایەی وێناکردنی ڕووداوەکانی ئەنفالەکانە بەشێوەیەکی فەنتازی و لەچەند ناوچەیەکی جیاواز و گرێدانی بە زمەنی جیاوازەوە بەڕێوە دەچێت. دوایی بۆ ماوەی چەند ساڵێک لەگەڵ ناوەندی چاک لە هۆڵەندا کەوتمە ناو هەندێک چالاکی و ناساندنی جینۆساید بە خەڵکی ئەوروپا. پاشان، کە کۆچم کرد بۆ بەریتانیا، بەجیددی کەوتمە ناو پڕۆسەی خوێندن و هەر لەسەرەتاوە بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا وێڵ بووم داخۆ جینۆساید بۆ ڕووەدات؟ خەڵکی کوردستان بۆ وای بەسەر دێت؟ لە 2009 کتێبەکەم بەناوی (لەو دیو شەپۆلی ڕەشەباکانەوە)، لەڕێگای هاوڕێم دکتۆر موسلیح ئێروانی، دایە دەزگای موکریانی و ئەوان چاپییان کرد. دوای تەواوکردنی خوێندنی ماستەر، نەوەستام تا دکتۆراشم تەواو کرد. هەم خوێندنی ماستەر و هەمیش دکتۆراکەم هەر تایبەتبوون بە جینۆساید .

ناوی ماستەرنامەکەم (چۆنییەتی مۆبیلیزەکردنی دین لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا) بوو، کە کارکردنە لەسەر هەر

سێ ڕۆژنامەی سەورە (الثورة)، جمهوريه (الجمهورية) و عێراق (العراق)، لەگەڵ گۆڤاری ئەلیف بای عێراقی . تێزی دکتۆراکەشم (بەناوی بیناکردنی نەتەوە و جینۆسايد لەعێراق، بەشارستانیکردن و شکستی بە شارستانیکردن .(لە 2019 لەپڕۆسەی خوێندنی پۆست دکتۆرا، تێزی دکتۆراکەم هەموار کردەوە و کردم بە کتێب، بەو ناوەی ئێستا .

ژیان: بە گشتی ناوەڕۆکی کتێبەکەت چۆن دابەش دەبێت و بەشەکان چۆن باس لە جینۆسايد دەکەن؟

ئیبراهیم سادق: هەموو هەوڵی کتێبەکە گەیشتنە بە وەڵامی پرسیارێک داخۆ جینۆسايد بەگشتی و جینۆسایدی کوردیش بەتایبەتی بۆ ڕوو دەدات. گەیشتن بە وەڵامێکی گونجاو کارێکی ئاسان نیە، ئەو وەڵامەی کە هەشە، هەمیشە بە ڕێژەیی دەمێنێتەوە، بەڵام گرنگە لەڕاستی وەڵامەکە نزک بینەوە. بۆیە، بۆ وەها تۆێژینەوەیەک میتۆدۆلۆژی زۆر گرنگە. هەموومان دەتوانین قسە بکەین، هەرچەندە قسەکردن لەخودی خۆیدا گرنگە، بەڵام بۆ ئەوەی قسەکانمان متمانەدار و باوەڕپێکراو بن، گرنگە بە بەڵگەی گونجاو پشتڕاستییان بکەینەوە .

کتێبەکە، وێڕای پێشەکی، بەشی یەکەمی تیۆریزەکردنە، لەچوارچێوەی تیۆری کۆمەڵناسێکی گەورەی ئەڵمان بەناوی نۆربێرت ئەلیاس. هەڵبەت لێرەدا تێبینییەک گرنگە، زۆرجار بەشێک لە ئەکادیمییەکان بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە هەمیشە پشت بە تیۆریسازە ئەوروپییەکان دەبەستین، لە کاتێکدا کە کێشە و ئاریشەکانی کۆمەڵگەی ئەوروپی لەگەڵ کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی جیاوازن. ئەو دەربڕینە لەوانەیە هەندێک ڕاستی تێدابێت، بێگومان بەپێی جۆری ئاریشەکە، بەڵام تاوان لەهەر پانتاییەکی سەر ئەو زەوییەدا بێت، هەرچ ڕەهەندێکیشی هەبێت، هەر تاوانە. لێرەشدا، ئێمە لەبەردەم پرسێک داین دەتوانم لەچەند خاڵێکدا کورتی بکەمەوە :

یەکەم: تاوانەکە نێودەوڵەتییە، بەو مانایەی سیفەتێکی جیهانی هەیە. لەهەرکوێی جیهان هەر تاوانێک کەوتە ناو پێوەرەکانی جینۆساید، ئەوە سیفەتی نێودەوڵەتی وەردەگرێت و دەکرێت بەراورد بکرێن. هەموو جینۆسایدەکان خەسڵەتی تایبەت بە خۆیان هەن، لەتاقانەیی نزیکییان دەکەنەوە، بەڵام هەمووشییان هەندێک خاڵی هاوبەشییان هەن، لەسەروەی هەموویانەوە دەوڵەت وەکو بکەری سەرەکی یان ناڕاستەوخۆی تاوانەکە .

دووەم: پڕۆسەی بەشارستانیکردن پەیوەندی بە وڵاتێک و کیشوەرێک و ناوچەیەکی دیاریکراوەوە نیە. ئەوپڕۆسەیە لەهەموو شوێنێک ڕەهەندی خۆی هەن و بەکۆمەڵێک ئاستەنگ و ئاریشەشدا تێدەپەڕێت. بەو مانایەی پڕۆسەکە مەرج نیە یەک ئاڕاستەی هەبێت، بەڵکو چۆن دەکرێت بەردەوام بێت، ئاواش دەکرێت شکست بێنێت. هەرگیزیش کۆتایی نایەت. نموونەی ئەڵمانیا و پڕۆسەی بیناکردنی نەتەوەی ئەڵمان و پاشانیش پڕۆسەی جینۆساید لەبەرگی هۆلۆکۆستدا. لێرەشدا پڕۆسەی بیناکردنی نەتەوە لە عێراق و ڕۆڵی دەوڵەت و دەستەبژێری سیاسی عەرەبی عێراق بەوردی باسی لێوە کراوە. پڕۆسەیەکە هەر لەسەرەتاوە بەهەردوو دیوە پان عەرەبی و پان ساوونییەوە، لەچوارچێوەی (عەرەب سەنتریزم) بەمانای بەسەنتەرکردنی عەرەب لە عێراق، بەڕێوە چوو. تیایدا کورد دوو بژاردەی دەخرێنە بەردەم، یان چوونە ناو ئەو بە سەنترالکردنە، یاخود فرێدانە دەرەوەی ئەو بازنەیە. زۆرخەڵک هەن ڕوانگەیەکی پۆزەتیڤییان بۆ شا فەیسەڵ (یەکەم شای عێراق) هەیە، بەڵام ئەو پیاوە بۆخۆی بە هاوکاری تیمە پان عەرەبییەکەی خۆی و ژمارەیەک لە ئەفسەری عەرەبی سونی عوسمانی، ئەندازیاری بە سەنتەرکردنی عەرەبن لە عێراق. ئیدی لەوێوە، کۆمەڵێک فاکتەری دەرەکی و ناوەکی ناوخۆی خودی کورد هەن، کە دەخرێتە دەرەوەی بازنەی دەستەڵات و گەشەکردن لە عێراقدا .

پڕۆسەی بەشارستانی کردن لە عێراق، خۆی لە پڕۆسەی دەوڵەتداریدا دەبینێتەوە، پڕۆسەیەک بە مۆنۆپۆلکردنی هێزە ئەمنییەکان لەلایەک و وەرگرتنی باج و سامان و داهاتەکانی دەوڵەت لەلایەکی دیکەوە، دەست پێدەکات. ئەو پڕۆسەیە وابەستەیە بە پڕۆسەی

بیناکردنی نەتەوە بەشێوەی ئاسۆیی و ستوونییەوە، هەڵبەت لەبەر ڕۆشنایی مۆدێرنە، چونکە خودی دەوڵەت یەکێکە لە دیاردەکانی مۆدێرنە. بیناکردنی نەتەوەش وابەستەیە بە کۆمەڵێک ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و پەروەردەییەوە. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پشتبەستنی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان بە یەکدییەوە، لەسەر ئاستی تاک و گروپەوە، دابەشبوونی کار و مامڵیکردن و تاد. ئەو بیناکردنە لە عێراق سەرەتا زۆر سنووردار دەبێت و زیاتر شارەکان دەگرێتەوە، بەڵام بیناکردنەکە وابەستەیە بە پڕۆسەی بە سەنترالکردنی عەرەب. لەگەڵ کودەتای عەبدولکەریم قاسم لە 1958 لە عێراق و هەڵتۆقینی بەعسیزمیش بە هێزەوە، بەسەنترالکردنی عەرەب پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێوە، قۆناغێکی وابەستە بە تووندوتیژی. لێرەدا، شکستی بەشارستانیکردنیش پێدەنێتە قۆناغێکی نوێ و دەتوانین بڵێین تا ئەوکاتە (مامڵیکردن) کە بریتییە لە بەناوخۆییکردنی کورد و هەوڵدان بۆ تاواندنەوەی لەناو بۆتەی عێراقدا، عێراقێک کە بەتوندی پڕۆسەی بە سەنترالکردنی عەرەبی تێدا بەڕێوە دەچوو. لێرەدا لەگەڵ هاتنی بەعسییەکان بۆ دەستەڵات، مامڵیکردن (بەعێراقیکردن) وابەستە دەکرێت بە تووندوتیژی. بۆیە یەکەم کوتەکی تووندوتیژی، دروستکردنی (حەرەس قەومی)یە .

حەرەس قەومییەکان بەتوندی پەلاماری گوندەواری باشووری کوردستان دەدەن، بەتایبەتیش لە دەشت و پێدەشتەکانی کەرکوک و دیالە و هەولێر و موسڵ. بەسەدان خێزانی کورد لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان وەدەردەنێن و ژمارەیەک خەڵکیش دەکوژن. بەو جۆرە، دوای گەڕانەوەی بەعسییەکان لە 1968 پلانی لەباریەکەهەڵوەشاندنی ستراکتۆری کۆمەڵگەی کوردی دەست پێدەکات. بەو مانایەی پڕۆسەی بە سەنترالکردنی عەرەب لە عێراق پاشەکشەی بۆ نەبوو، کورد شەڕی چەکداریان بکردبا یان نەکردبا. ڕازی بووبان یان نا. عەرەب لە عێراق هەر لەسەرەتاوە پرسییان بە هیچ غەیرە عەرەبێک نەکردبوو بۆ ئەو پڕۆسەیە. هێنانی ساطع حوسەری (کە بە پێغەمبەری ناسیۆنالیزمی عەرەب دادەندرێت) لەلایەن شافعیسەڵەوە بۆ عێراق و چاندنی لە ناو وەزارەتی پەروەردە، بەشێکە لەو بەسەنترالکردنە لەچوارچێوەی بیناکردنی نەتەوەدا .

ئینجا بەشەکانی دیکەی کتێبەکە قسەکردنە لەسەر پڕۆسەی هەڵتەکاندنی کورد لە عێراق لەچوارچێوەی سیاسەتێکی جێگیری حکومەتە یەک لەدوایەکەکانی عێراق، کە ئەویش سیاسەتی (پەرتکە و زاڵ بە) بووە. سەرەتا لە 1970/1969 پەلاماری کوردە فەیلییەکان دەدرێت، دوایی لە ساڵانی کۆتایی حەفتا وەکو بەشێک لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر، پڕۆسەی ڕاگواستنی گوندەکان بەدرێژایی سنوورەکانی عێراق/ ئێران، عێراق/ تورکیا، عێراق/ سوریا، دەست پێدەکات. لە 1980 پەلاماری کوردە فەیلییەکان دەدرێتەوە، پاشان لە 1983 پەلاماری بارزانییەکان دەدرێت، ئینجا لە دوای 1985 پلانێکی تۆکمە بۆ هەڵتەکاندنی یەکجارەکی کورد کە خۆی لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا دەبینێتەوە، دەکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە .

کتێبەکە بریتییە لە پێشەکییەکی کەمێک درێژ، شەش بەش (چاپتەر) و پوختەی کۆتایی و لیستی سەرچاوەکان. دووبەشی کۆتایی کتێبەکە بریتیین لە شڕۆڤەکردنی ئەو دیدارانەی کە لەگەڵ کۆمەڵێک شارەزا و شایەدحاڵ لە کورد و بەعسی و خەڵکی بێلایەن ئەنجام دراون .

ژیان: کتێبەکەتان لە ڕووی چۆنێتی نووسینەوە واتە ئەو شێوازەی پێتان نووسیووە دەچێتە چ خانەیەکەوە؟

ئیبراهیم سادق: هەڵبەت شێوازی نوسینی کتێب لەگەڵ توێژینەوەیەکی ئەکادیمی جیاوازە. بەڵام لێرەدا، چونکە کتێبەکە لەبنەڕەتدا کارێکی ئەکادیمییە، هەوڵم داوە سروشتە ئەکادیمییەکەی تێک نەچێت بەڵام بێگومان لەکۆتاییدا بە شێواز و ستایلی کتێب داڕێژراوەتەوە، بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر بنەما ئەکادیمییەکەی هەبێت. لە کۆتاییدا ئەمە بەتەنها کتێبێکی مێژوویی نیە ڕووداوەکان بگێڕێتەوە، بەڵکو شڕۆڤەکردن و توێژینەوەیە لە هۆکارەکانی پشت ڕووداوەکان. بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو ڕووداوانەش

پێوستمان بە سەرچاوەی باوەڕ پێکراوە. بۆ نموونە خەڵک بەردەوام، بەباشی باس لە قۆناغی پاشایەتی دەکەن لە عێراق، بێ ئاگا لەوەی ئەوە خودی شافەیسەڵە کە قوڕەکەی گرتۆتەوە و بناغەی ئەو عێراقە یەک ڕەهەندەی دامەزراندووە. یاخود بەباشی باس لە عەبدولکەریم قاسم دەکرێت، بێ ئاگا لەوەی کە لەسەردەمی قاسمدا بۆ یەکەم جار پارێزگاری هەولێر و کەرکوک و قائیمقامی مەخمور دەکرێن بە عەرەب. ئەمە و چەندین کاری دیکەی تایبەت بە سەنترالکردنی عەرەب لە عێراق .

ژیان: ئەو ناوەندەی کتێبەکەتان بۆ چاپ و پەخش دەکات کوێیە؟

ئیبراهیم سادق: ناوەندەکە چاپ و پەخشی لێکزینگتۆنە (Lexington Books)لە ئەمریکا. ئەوە دوو ساڵێکە دەستی بە زنجیرە چاپکردنێکی توێژینەوەی تایبەت بە کورد کردووە. کتێبەکەی منیش لەچوارچێوەی ئەو زنجیرە کتێبانە دایە .

ژیان: ئەوەندەی کتێبەکەت گەیشتۆتە خوێنەرانی ئینگلیزی زمان کاردانەوەکان چۆنن؟

ئیبراهیم سادق: کتێبەکە تا ئێستا بۆ چەند کەسێک نێردراوە و هێشتا نەکەوتۆتە بازاڕ. لە ئەمەزۆن دیاریکراوە کە 5/15 دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران و ئەوانەی کڕیویانە لە 5/15 بەدەستییان دەگات. بۆیە هێشتا نازاندرێت ڕوانگەکان لەسەر ککتێبەکە چی دەبن. بەدەر لەوەش کتێبەکە بەرهەمێکی ئەکادیمییە، ناوەندە ئەکادیمییەکان و کتێبخانەکان و خەڵکێکی ئەکادیمی زیاتر پڕکێشی ئەو کتێبە دەکەن. بۆ نموونە لە ئەوروپا خەڵک دەتوانن داوا لە کتێبخانەی ناوچەی خۆیان بکەن کتێبەکە بۆ کتێبخانەکە بکڕن و دانەیان هەبێت بۆ خوێندنەوە .

ژیان: پێتان وایە بوونی کتێبکی لەم جۆرە هۆکارێک بێت بۆ ناساندنی جینۆسایدی کورد؟

ئیبراهیم سادق: ناساندنی جینۆساید، پڕۆسەیە. بەشەو و ڕۆژێک بە کتێبێک و دەیان کتێبیش بەکۆتایی نایەت. بەڵام ئەو کتێبە یەکێکە لەو کتێبانەی کە ئومێدەوارم ڕۆڵێکی کارای هەبێت لە بناغەدانانی ئەو پڕۆسەیە. لەبەرەوپێشبردنی ناساندن بە ناوەندە ئەکادیمییەکان، کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، کتێبەکان بە ئاڕاستەی ناساندن لە کێشی پەنجەکان دەرناچن .

ژیان: پڕۆژەی دیکەتان لەم بوارەدا چییە؟

ئیبراهیم سادق: وێڕای بڵاوبوونەوەی چەد توێژینەوەیەکم، کە یەکێکییان تایبەتە بە ڕاگواستن، توێژینەوەی دیکەشمان لەبەردەستدا هەن لەو بارەیەوە. ئێستا بێجگە لە ئامادەکاری بۆ کۆنفرانسێک بەهاوکاری زانکۆی سۆران و زانکۆی کۆڤێنتری لە بەریتانیا، خەریکی دوو کارم، یەکێکییان وەرگێڕانی ئینسکلۆپیدیای جینۆسایدە بۆ زمانی کوردی، کە دەبوایە زووتر تەواوبووایە و کەمێکی ماوە. دووەمیشییان خەریکی کارکردنم لەسەر کتێبێک هەر تایبەت بە جینۆساید، بەڵام ئەمجارەیان باس لە پەیوەندی نێوان دین و جینۆسایدە. لەو چوارچێوەیەشدا پەیوەندی دین بە شاڵاوەکانی ئەنفال، بەشێکی گرنگ دەبێت لە کتێبەکەدا. هەروەها جینۆسایدی دێرسیم و جینۆسایدی ئێزیدییەکان و تاد بەشێک دەبن لە کتێبەکە .

ئیبراهیم مەلازادە لەچەند دێڕێکدا :

***بڕوانامەی دکتۆرا لە کۆمەڵناسی، توێژەر و ئەکادیمی لە کۆمەلناسی سیاسی و جینۆساید، دانیشتووی لەندەن، بەریتانیا .**

***مامۆستای کۆمەڵناسی تاوان و جینۆساید لە زانکۆی سۆران، هەولێر، هەرێمی کوردستان .**

***توێژەری میوان لە (CTPSR)لە زانکۆی کۆڤێنتری، بەریتانیا. هەروەها توێژەری بەشدار لە سەنتەری توێژینەوەی ئێرێمۆ (iReMMo)لە پاریس .**

***بەشێوەیەکی بەرفراوان لەبواری میدیا و ڕۆژنامەگەریدا کاری کردووە. بابەتەکانی لەچەندین ڕۆژنامەی جیاواز لەناوخۆو دەرەوەی کوردستان بڵاوکردونەتەوە .**

***تاکو ئێستاش چەندین بابەتی ئەکادیمی بەتایبەتیش چاپتەری کتێبی بڵاوکردوونەتەوە .**

***زەمیلی دامەزراوەی نۆربێرت ئەلیاسە لە ئەمستەردام .**

***زمانەکانی ئینگلیزی، عەرەبی، هۆڵەندی و کوردی بە تایبەتمەندییەوە دەزانێت و شارەزاییەکی سنووردارێشی لەزمانی فارسیدا هەیە .**

(کاوە) مردو ئەوچایە هەر نەخورایەوە

پەشیمانی دوای ڕوداو.



عومەر محەمەد

کاوە حەمە ئەمین حەمە ساڵح، گەنجێکی مەینەت باری هەڵەبجەیی و بریندارێکی چەکی کیمیایی و ئاوارەی کەمپەکانی ئێران و زیندانێکی ئازارچەشتوی نوگرە سەلمان بوو.

بەداخەوە ئەمڕۆ وێنەکەیم بینی کە شەوی رابوردو لەناو باخێکی هەڵەبجەدا بە داربەوە تەرمەکەی هەڵواسرابوو، دەنگۆی ئەوە هەیە کە خۆی کوشتووە. ئەمە بۆمن هەر هەواڵێکی دڵتەزێن نە بوو، بەڵکو یادەوریەکی بەئازاریش بوو، وێنەی تەرمی کاوە چیرۆکێکی درێژی لە پشتە، بەڵام ئەوەی بینرا وێنەیەکە لە بێریزیکردن بە مرۆڤی کورد لەسایەی حوکمرانی کوردیدا. دەنا وەک هاوڕێیەکی ئازیزم بۆی نوسیبوم : کە ژیانمان گرنگ نەمابێت هەواڵی مردنمان چ گرنگییەکی هەیە.

ئەگەرچی نە ئەوساو زانیم و نە ئێستاش هیچی تایبەت لەبارەی هۆکاری مەرگی کاوەوە نازانم، بەڵام سەبارەت بەژیانی زۆر دەزانم و زۆر هەڵمداو زۆرهەوڵمانداو ئەم قوربانیانە لە دۆخی قوربانیدا نەمێنناوەو بکەونەوە سەرپێی خۆیان، بەڵام بەرپرسان نەیانبیست و گوێیان بە ژیانی مرۆڤەکان نەدا.

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ ئەم گەنجام لە دۆخێکی زۆر خراپدا بینی نەک سەرگەردانێکی شارو نیشتمان بەڵکو سەرگەردانێکی ناو خێزانەکەی خۆشی بوو، وەک خۆی دەیگوت شەوانە لە مزگەوت یان لەناو باتانییەکدا لەسەر جادەو شەقامەکانی شاری سلێمانی ڕۆژەکانەوە، جاربەجارێکیش لە ئوتیل (شاکار) دەنوێ کە شەوی بە٣ هەزار دینار ئەمە ئەگەر لەژوردا بنوی خۆ ئەگەر لەسالۆنەکەشدابێت ئەوا شەوی بە ٢٥٠٠ دینار. جل وبەرگەکەی وەک لە وێنەکەدا دیارە کون و شەبەقیان تێدا بوو، بەهیچ جۆرێک گەنجێک شایان بەو ژیانە نەبوو، ئەو هاتبوو بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان هەتا هاوکارییەکی ٢٥- هەتا ٣٠ دیناری لەبەرێوەبەری گشتی وەربگرێت بۆ ئەوەی جەژن پێی بەڕێوە بچێت.. کاتێک باسی خۆی بۆکردم .. داوام لێکرد لەگەڵم بێتە ژورەکەی خۆم پرسیم :

تۆ ئەگەر هاوکاری بکرێیت دەتوانی چ کارێک بکەیت ؟

هەموو کارێک دەکەم .. پێشتریش سایەقی ڕۆڵە بووم بەلام لەبەر چاوم دوکەڵەکەی بۆمن زۆر خراپە . بەڵام ئەگەر پارەیەکم دەست بکەوێت دەتوانم کاری دەستفرۆشی بکەم.

چەندت پێویستە بۆ ئەوەی کارێکی پێبکەیت ؟

١٠٠٠٠٠سەد هەزارم دەستبکەوێ باشە. هەر ئەو ڕۆژە خەرجی جل وبەرگ و حەمام و خواردنم پێداو، وتم سبەی دەبێت بێیتەوەو بت بینمەوە حەمامت کردبێت کراس وپانتۆش و پێلاوی تازەت لەبەردا بێت، کەهاتیتەوە قسەی ترمان دەبێت .. ڕۆیشت و بۆسبەی نەهاتەوە، گوتم ڕەنگە بەلێنەکەی جێبەجێنەکردبێت .. بەلام بۆ دووسبەی هاتەوە ڕێک ئەوەی کردبوو کە داوام کردبوو، بەهاوکاری هاوڕێم فەلاح مرادخان بری سەد هەزارم پێداو وتم ئەمە قەرزە مانگی ٢٥ دینارم بۆ دەهێنیتەوە .. بەو شێوەیە سێ مانگ قەرزی دەهێنایەوەو پێم دەگوت باقەدرزداربیت جارێ برۆ ئیشی تری پێبکە. بەقسەی خۆی کاوە گۆرانکاری زۆری بەسەردا هاتبوو داوای کرد چایخانەیەک لەسەر جادە دابنێت هەموو پیداویستیەکانی بایی ٣٠٠٠٠٠ سێ سەدهەزار دینار بوو، بەهاوکاری ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی بوو یان خودی کاک فەلاح

ئەوەشی بۆ دابینکرا.. بەڵام چەندی هەوڵماندا شارەوانی هەڵەبجە مۆڵەتی نەدایە لەو شوێنەی دەیەوێ چای بفرۆشی .. لەراستیدا داواکەی کاوە ئاسان نەبوو، بەڵام دواتر وتی چایخانەم داناوە ڕۆژێک تەنها وەک دڵنیایی لەگەڵ هاوڕێم دڵاوەر حەیدەر چوین چایەکمان لاخواردەوە .. ئیتر کاوە هەمیشـــە جەختی دەکردەوە کە باشـــبووم و ژیانم لە گۆڕاندایە تەنانەت ڕۆژێک وتی : ئەوەی لەتۆوە فیربووم ئیتر ئەوە دەکەم منیش ئینجا نەک دەســـت لەکەس پان نـاکەمەوە ئیتر هـاوکـاری هەژاران دەکەم و دەیـانخەمە ســەرکارو ناهێڵم کەس ســوالّ بکات چونکە یەکەم دیدار نەمهێشت بچێت بۆلای بەریوەبەری گشتی و داوای بڕێک پارە بکات.

پێمگوت : خۆت لەســوالّکردن بە دوربگرە، بۆیە هەمیشــە ئەوەی دوپـات دەکردەوە (ئەو قســـەیە هەر لەگوێمـدا دەزرنگێتەوە خۆت لەســـوالّکردن بەدوربگرە) ئاقڵ بووم قەت دەست لەگەس پان ناکەمەوە.

کاتێک هاتە ســەر هاوســەرگیری : وتی تەنها پیویســتم بە ٧٠٠ هەزار دینارە .. من ٥٠٠ هەزارم هەیە ٢٠٠ هەزاری تۆ قەرزدارم وتم ئەوەی قـازانجەکە وازلێبهێنە قەرزەکەش بۆ دیاری زەواجەکەت ٢٠٠ هەزاری تریشـت دەدەمێ ئەمە ٧٠٠٠ هەزار ئەمەم بە پێکەنینەوە پێگوت : ئەویش وتی دەی برا من باوکم نەماوە تۆ بوویتە باوکم.

کاوە زەواج - هاوســـەرگیری کردو هەواڵەکەم دایە کاک فەلاح مراد خان، ئەو بەشەوقەوە گوتی ناومالیش لەسەرمن، دەرفەتێکی باشـــە چونکە وەختی گۆرینی ئەســـاســـی ڕێکخراوەکەمـانە، هەرچی بەکەڵکی ئەو هـات بۆی دەنێرم فەلاح وای گوت و بەکردەوەش ئەوەی کرد پری پیکابێکی ٢ تەنی کەل وپەلی ناومالّی ئامادەکردو بۆناردن بۆ شاری هەڵەبجەو کـاوەش بەم هەڵوێســـتەی فەلاح زۆر دڵخۆش بوو.

بەڵام بەداخەوە، ئەوەی نەدەبوو کەم تەرخەمی تێدا بکەین ئەوەبوو چەند جارێک گوتی: هەر وەرن لە ماڵەکەم چایەک بخۆنەوە بەڵام ئەفسـوس ئەو دەرفەتە هەر نەرەخسـاوئەو چایە هەرنەخورایەوە.

وەنەبێـت من و کـاوە هەروا ڕێـک بووبین، جـارجـار شـەریشـمان دەبوو، چونکە من زۆر هەوڵم دەدا دابمەزرێ بەڵام ئەو لەســـەر هیچ ئیشـــێک نەدەمایەوە، هەرماوە ماوە کارەکەی دەگۆڕی ڕۆژێک عەرەبانچی بوو، ڕۆژێک سایەق موتۆری گواستنەوە بوو، ڕۆژێک دەیگوت بێکارم و پارەم پێ نییە ڕۆژێک چایچی بوو.. جارێک لەســەر ئەوەی زوو زوو لەکەنالّەکان وەک زەلیل خۆی نیشـان دەدات نیگەران بووم و دەنگە دەنگمان بوو، بەڵام ئێوارە تەلەفۆنی بۆکردم وتی: دەزانم تۆ لەسـەرهەقی ، منیش وتم خۆم بەنیاز بووم تەلەفۆنت بۆ بکەم بۆئەوەی بزانیت دلســـۆزانە لەگەڵتم و نامەوێ چیدی بەزەلیلی خۆت لەو کەنالّانەوە دەربخەیت.

چیرۆکی ئەم کورەو خـانەوادەکەی زۆر قورس وئـالۆزە هەمووێـان بڕینـداری چەکی کیمیـاین .. دایکی ئێوارەی کیمیاییەکە شـــەهیدبووە باوکی بڕینداری چەکی کیمیایی بوو ســالی ٢٠٠٨ مردووەو خوشـک وبراکانی هەموویان بڕینداری چەکی کیمیاین .. برایەکیان بەناوی کەیوان لە ڕۆژی کیمیابارانەکەوە ونبوو ببو، بەڵام دواتر دەرکەوت لە دەرەوەی وڵاتەو ئیســـتـاش هەر لەنەمســـایە. تەنانەت جـارێکیش هـاتبووەوە بۆ هەڵەبجە بەڵام لەبەرئەوەی هیچ وەرگیرێک لە نێوان کەیوان و خوشـک و براکانیدا نەبوو وەک کەرولاڵ هەر بەئـامـاژەی دەســـت پێکەوە دواون و ئەوەنـدەی توانیویـانە هەســـت وســـۆزیـان بۆیەکتری دەربڕیوە.

لە ژمارە ٧ی گۆڤاری ئەنفالســتان باســی ئەم خانەوادەیەم کردووە کە ڕۆژی ٣ی ئایاری ساڵی ٢٠١٠ بلاوکراوەتەوە.

سوپاس بۆ هاوڕێیانم

- فەلاح مورادخان کە هەمیشـــە هاوکارم بوو لە هاوکاری کردنی کاوە.
- بەختیاری شـێخ عوسـمان کەهەمیشـە هاوکاری دەکردو دڵنەوایی دەکرد.

ڕۆحی کاوەی بریندار شادبێت.

هەندێک سەرنجی درشت، دەربارەی

ڤیدیۆکەی سەباح یەحیا ئەلحمدانی

هۆمەر محەمەد

هاوڕێیانم لە دڵسۆزی خۆیانەوە ماوەیەک بەچڕی ڤیدیۆیەکیان بۆ دەناردم، کە تیایدا سەباح یەحیا قسە دەربارەی ئەنفال دەکات..هەڵبەت سوپاسیان دەکەم. بەڵام من نازانم ئەم پیاوە راست دەکات لەوەی ئەفسەر بووەیان نا، ناشزانم مەبەستی لەبڵاوکردنەوەی ئەم ڤیدیۆیانە چییە؟ بەڵام لێی بەگومانم، چونکە زۆربەی زانیارییەکانی گشتین و هەندێک لە قسەکانی ناڕاستن و لە هەندێک شوێنیشدا بەڕوونی دیارە درۆ دەکات.

گومانم لەقسەکانی

١- کە دەڵێت : لەشوعبەی پێنج بووم و ماوەیەک یاریدەدەری جیگری ئەمن بووم، ئەمنی کوێ کەرکوک؟ دواتر گەراندیانمەوە بۆ شوعبەی پێنج ؟

٢- گومانم هەیە لەوەی ئاگاداری ئەنفال بێت، پێدەچێت هەندێک چیرۆکی لەبەرکردبێت، کە لەراگەیاندن و کتێبەکاندا باسکراون.


٣- ئایا کە ئەم زانیارییانەی هەبووە بۆ هەتا ئێستا قسەی نەکردووە؟ بۆ شایەتێکی دادگای بالای تاوانەکان نەبوو ؟

قسە ناراستەکانی سەباح یەحیا حەمدانی

١- دەستبەسەرکراوانی ئەنفال لەسەربازگەی خالد نەبوون، بەڵکو لە تۆپزاواو دوبزبوون.

٢- سەباح دەڵێت لەکەرکوک بووم و باسی سەربازگەی دوبز دەکات کە ژن و منداڵی ئەنفالکراوانی تێدا دەستبەسەر بوون، بەڵام سەربازگەی دوبز لە دەروازەی کەرکوک نییە. وەک ئەم دەڵێت. بەڵکو لە قەزای دوبزبوو. ئەوە تەنها ژن و منداڵی تێدا دەستبەسەر بوون.

٣ – دەڵێت سەدام لەساڵی ١٩٨٨ بەسەرکەوتنی فاوو غرور بوو ئینجا بریاری ئەنفالیدا، ئەمەش هەر راست نییە چونکە ساڵێک پێشتر بریاری دابوو، (ئەو دەڵێت ساڵی ١٩٨٦ لەنەجەفەوە گوازرامەوە بۆ کەرکوک) ئەی کە لەکەرکوک بووە ئیتر چۆن ئەوڕاستیە نازانێت. ئەوەی ئەو باسی دەکات ئەنفال لە کۆتا قۆناغیدابوو لەناوچەی بادینان.



٤- ئەو سەروەختە سەرۆکی لیژنەی کاروباری باکور (تاهر العانی) بوو نەک عەبدلرحمن شکرچی. تاهرتوفیق عانی گیراو دادگایی کرا بەداخەوە بەهۆی هەڵەیەکی دادگاکەوە بێ تاوان دەرچوو.

٥- ئەو کۆبونەوەیەی باسی دەکات گوایە ئەو تیایدا بەشدار بووە، تەنها یەک کۆبوونەوە نەبووە چەندین کۆبوونەوە کراون لەو کۆبوونەوانەدا عەلی حەسەن مەجید بۆخۆی راسپاردەی هەبوو، نەک سەدام چونکە دەسەلاتی عەلی حەسەن مەجید لەئەنفالدا هاوتای دەسەلاتی سەدام بوو. تەنانەت لە یەکیک لە کاسێتەکاندا دەڵێت: من بەچەکی کیمیایی لێیان دەدەم و تاقبریان دەکەم، ناوی کیمیایی ناهێنم چونکە چەکێکی پۆلینکراوە ناشڵێم دەوڵەت بەم کارە هەڵدەستێ، دەڵێم لێرەوە لە نوسینگەی ریکخستنی باکورەوە، دەوڵەت ناهێنمە ناوەوە (باشە سەدام سەرۆکی دەولەت نەبوو؟) ئیتر راسپاردەی چی ؟

٦- باسی ئەوە دەکات کە بریاردرا دەسبەسەرکراوەکان شوێنیان بۆ دابین بکرێ و نانیان پێبدرێت .. دواتر بگوازرێنەوە بۆ گوندە هاوچەرخەکان - مەبەستی کۆمەڵگا زۆرە ملێکانە - ئەمە درۆیەکی گەورەیە. چونکە دەستبەسەرکراوەکان برسی کران بۆ مردن و زۆربەشیان لەگۆری بەکۆمەڵدا کوژران نەک ببرینەوە بۆ کۆمەڵگە هاوچەرخەکان !

٧ – دەڵێت پۆلیس ئاگادارکرا ئەوانەی دەگیرێن بهێندرێنەوە بۆ ئەو سەربازگانەی شوێنی راگرتنی دەستبەسەرکراوان بوون. بەڵام ئەمە راست نییە چونکە پۆلیس ئاگاداری کاروباری ئەنفال نەبوو، تەنانەت بەهۆی بێ ئاگایی پۆلیسەوە کەیسی زۆر هەستیار کەلە ئەنفال هەلاتبوون و پۆلیس و ئینزباتی عەسکەری گرتبویانن، بەو هۆیەوە رزگاریان بوو. بیگومان بکەوتنایە دەست ئەمن رزگار نەدەبوون.

٨ - دەلێت زیندانیەکان بەڕۆژ دەچونە دەرەوەو بەشـــەو دەکرانە هۆڵەکانەوە ئەگەر مەبەستی تۆبزاوا بێت درۆیەکی گەورەیە چونکە ئەنفالکراوان هێندە لەوێ نەدەمانەوە .

٩- فەرمانمان لەنوسینگەی عەلی حەسەن مەجیدەوە بۆهات کە خێزانەکـان لەنـاو ســـەربـازگەکـان بکوژرێن (هیچ لوژیکێکی تیدانەبوو بکوژرێن) ئەم قســەیە زۆر ناراســتە چونکە نیشانەی ناسیستماتیکی ئەنفال نیشان دەدات کە ریک بەپێچەوانەوەیە.

١٠ - کوشـــتنی ئەو منداڵانەی لە معســـکر خالید لەدایک بوون، دەڵێت بەڵگەیان لە گۆرە بەکۆمەڵەکاندایە ! راســـتی گۆرەبەکۆمەڵەکان بەڵگەن کە ئەم پیاوە راست ناکات.

١١ - نوگرەسەلمان لەپاریزگای سەماوەیە نەک ناسرییە. (بروانە وێنەی دووەم)

١٢ ســەباح دەڵێت من ئەمن بووم و لە شـــوعبەی ٤ وپێنج بووم، بەڵام ئەوەی نیشـــانی داوین هویەی خانە نشـــینی شـرطة و پۆلیسـە، (بڕوانە وێنەی هویەکەی) پۆلیس بەهیچ شـــێوەیەک ئاگاداری کاروباری ئەنفال نەبوو، تەنانەت یەکێـک لە دەربـازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفـال کـاتێـک لە گۆرێکی بەکۆمەڵ رایکردو دەربـازی بوو، دواجـار لەلایەن پۆلیســـەوە گیراو ماوەی ســـاڵێک بێنەو بەرەیان پێکرد هەرنەشـــیان زانی ئەنفالکراوەو گوندەکەیان نەماوە. ئەو دەربازبووە حەمە عەلی عالیان بوو.

ئەمانەو زۆر نارونی و ناراستی تر لە قسەکانیدا هەیە.

بۆکەســـێکی وەک من کە زۆر لەناو ئەنفالدام و دەپرســـم بەهیچ جۆرێک ناتوانم بروا بەقسەی ئەم پیاوە بهێنم باشە وا گریمان من بەهەڵەدا چوم ئەگەر ئەو ڕاست دەکات زۆر نهێنی تر هەیە بـا بیـانخـاتە روو بەوە خزمەتیکی گەورەی ئەم دۆسیێیە دەکات .

من ئامادەم دیداری لەگەڵدا ســـازبکەم پرســـیاری وردی لێبکەم .. هیچ گومانم نیە لەوەی قسەکانی ئەم پیاوە ڕاست نین ئەوەندەی راستین هەرئەوانەن کە زۆر باسکراون وای بۆ دەچم قســـەکانی دەرئەنجامی خوێندنەوەی کتیبێکە دەربـارەی ئەنفـال هەلیهێنجـاون و دەیـانگێڕیتەوە نەک ئەوەی خۆی لە روداوەکەدا بووبێت.

ســـەیرە لە بەرنامەی (شـــهادات خاصـــة)دا لەگەڵ د.حمید عبدالله وەک دەرخی کردبێت هەمان ئەم قسانە دەکاتەوە.



ڕۆژی گۆڕی بەکۆمەڵ

ڕۆژی ٥/١٦/ ٢٠٠٣ لەناوچەی محاویلی پاریزگای بابل، گەورەترین گـۆڕی بەکـۆمەڵ دۆزرایەوە، ئەوە ســـەرەتـای دۆزینەوەی یەکەم گۆڕی بەکۆمەڵ بوو لەســـەرئاســـتی عێراقدا، بۆیە ئەنجومەنی نوێنەران -پەرلەمان- ئەوڕۆژەی بەڕۆژی گۆڕی بەکۆمەڵ لەعێراقدا بەفەرمی ناساند.

هەڵبەتە ئەوە یەکەم گۆڕو دواگۆڕی بەکۆمەڵ نەبوو، پێشـــتریش هەر لەســـاڵی ١٩٩١ بەتایبەتی لەکوردســـتان هەتا ئێســـتاش بەردەوام لێرەولەوێ ولەم شارو ئەوشارو گوندەکانیان بەردەوام گۆڕی بەکۆمەڵ دەدۆزرێنەوە، ئەوانەی لەکوردستان دەدۆزرێنەوە بەزۆری قوربـانیـانی کیمبـارانن یـاخود ئەو گەنجـانەن کە گوللەبارانکراون یان لەژێرئەشـــکەنجەدا مردون . ئەوانەشـــی لە پارێزگاکانی خواروی عێراق دەدۆزرێنەوە بەزۆری قوربانیەکانی کوردن و زۆربەشیان ئەوانەن کە لەساڵی ١٩٨٨ لەگوندەکانیاندا داگیراون و ئەنفالکراون و لە شوێنی جیاوازی عێراقدا بەکۆمەڵ گوللەبـارن کـراون و ژێرخـۆڵـدراون، یـاخود ئەو عەرەبە شـیعەمەزهەبانەن کە رژێمی بەعس بەنەیاری دەوڵەت تۆمەتباری کردوون و بەشـــیوازی جیاواز لە بیابانەکانی خواروی عێراقدا کوشـــتوونی، ئەوانەی تریش بـارزانیەکـان و فەیلیەکـان و ئەوزیندانیانەن کە رژێم لە ســـێدارەی داون یان گوللەبارانی کردون. جگەلەوانە لە ئێستادا دەیان گۆری بەکۆمەڵی ئێزدییەکان لەپارێزگای موســـڵ و قەزای شـــەنگالیش هەن و جاربەجار دەدۆزرێنەوە یـان لەلایەن تیمەکـانی هەڵـدانەوە ڕوپێوەدەکرێن وهەڵدەدرێنەوە.

جگەلەو قوربـانیـانەی دەســـتی رژێم، جۆرێکی تری گۆڕی بەکۆمەڵ هەن لە ســـەربـازانی عێراق و ئێران و قوربـانیـانی دەســـتی گروپە تیرۆرســـتیەکان و جاربەجار دەدۆزرێنەوە، کەهێشـــتا ڕوون نییە ئەوانە چۆن و کەی گوللەبارانکراون یان بەهۆی تر گیانیان لەدەستداوە.

تۆمەتباریّکی ئەنفال مرد

لیوا روکنی فرۆکەوان قەیس ڕەبیع عەبدولرەحمان ئەلعوبەیدی، لەهەولێر مرد.



فرۆکەوانێکی ڕژێمی ســـەدام بوو لەپایتەختی هەرێمی کوردستان مرد ناوبراو ئەفســـەرێکی دەســـتبژێرو جێگەمتمانەی بەعس و ســـەدام و بڕواپێکراوی فەرمـــانـــدەی هێزی ئاسمانی ڕژێمی بەعس بووە.

لە ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٨ بەشداری شەڕو بۆردومانەکانی تەواوی شارو گوندەکانی کوردستانی کردووە.

ڕۆژی ٧ ئایاری ٢٠٢٠ لە یەکێک لە نەخۆشـــخـــانەکـــانی هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستان مرد.

ناوبراو لە بەرگی دووەمی کتێبی گەشـــتی پاڵەوانەکان (ســـفر الابطال) کە ســـعد عبدلقادر ماهر نوسـیویتی لەلاپەرە ٣٢٤ دا وەک پاڵەوانی قادسـیەو فرۆکەوانێکی ئازاو شارەزا باسیکراوە.

لەلاپەڕەکانی کتێبەکەی ســـەعدا هاتووە لیوا قەیس پاڵەوان بوو بەواتای وشـــە، کۆمپانیای میراجی فرەنسی ژمارەیەک فرۆکەی جەنگی پێشکەش کردووە بەبی کەلوپەل لەبەرانبەر تواناو شـــارەزاییەکەی ئەویش پێشـــەوایەتی کردون لە دامەزراوەی (نیس فەرەنسی) بۆ دامەزراوەی قادسیە بەبێ وەستان.

وەک لەوێنەی ژمـــارە (٢)دا دەردەکەوێ قەیس ڕەبیع لەگەڵ عەدنـــان خیرالله دەردەکەوێت.



اللواء الطيار الركن قيس ربيع عبد الرحمن العبيدي: بطل بكل معنى الكلمه أهدته شركة ميراج الفرنسيه لصنع الطائرات الحربيه طائره ميراج بدون معدات تسليح لكفائته ومهارته في الطيران وقادها من قاعدة نيس الفرنسيه الئ قاعدة القادسيه بدون توقف.

ئەم تۆمەتبارەی ئەنفال بناسە

فەریق روکن ئەیاد خەلیل زەکی



لە دایکبوی سالّی ١٩٤٠ی شاری بەغدایە.

پێشەوای سوپاوفەرماندەی سوپا بوو بۆ ناوچەی قەرەداغ و بەرپرسە لەئەنفالی قەرەداغ .

ئەم تۆمەتبارەی ئەنفال بەکالیوریوسی لە کۆلیژی سەربازی سالّی ١٩٦٤ خولی ٤٠ بەدەستهێناوەو دەرچوی قوتابخانەی ئەندازیاری سەربازیشە لەهەمان سالّدا.

سالی ١٩٧٢ لەکۆلیژی سەربازی ئەرکان لە زانکۆی فرۆنزی سەربازی سوڤێتی ماستەری زانستی سەربازی بەدەستهێناوە.

بەشداری چەندین خولی سەربازی کردووە.

بەشداری چەندین جەنگی کردووە لەوانە جەنگی تشرینی ١٩٧٣ و جەنگ لەباکور- کوردستان

جەنگی قادسیەی دووەم ١٩٨٠- ١٩٨٨

جەنگی کوێت کە ئەوان پێیان دەگوت ئوم المعارک.

چەندین پاداشت کراوەو دەیان جار لەلایەن پێشەوایەتی گشتی هێزەچەکدارەکان مەدالیای ئازایەتی و ئەوسیمەی پێبەخشراوە

لەچەندین پلەو پۆستی جیاوازدا کاری کردووە لە ناویاندا ئەم ئەرک وفەرمانانەی جێ بەجێکردووە کە لەخوارەوە هەر بەزمانی عەرەبی دایان دەنێینەوە

- **آمر فصيل هندسة ميدان – كتيبة هندسة ميدان – الجيش العراقي.**
- **معاون آمر كتيبة هند سة الميدان الثانية – لواء الم شاة الجبلي الخامس – فرقة الم شاة الجبلية الرابعة – الجيش العراقي.**
- **آمر ال سرية الثانية – كتيبة هند سة الميدان الثانية – لواء الم شاة الجبلي الخامس – فرقة المشاة الجبلية الرابعة – الجيش العراقي.**
- **معاون آمر كتيبة هند سة الميدان الأولى – فرقة المشاة الآلية الأولى – الجيش العراقي.**
- **معلم – الكلية الهند سية الع سكرية العراقية ، . آمر فوج الم شاة الآلي الثاني – اللواء المدرع 12 – الفرقة المدرعة الثالثة – الجيش العراقي ، . ضابط ركن أول / عمليات – لواء المشاة الجبلي الثاني – فرقة الم شاة الجبلية الثانية – الجيش العراقي ضابط ركن – شعبة التدريب – مقر رئاسة أركان الجيش العراقي.**
- **آمر لواء الم شاة الجبلي الرابع – فرقة الم شاة الجبلية الرابعة – الجيش العراقي.**
- **آمر لواء هند سة الفيلق الثاني – الجيش العراقي . قائد فرقة المشاة الآلية الخامسة**
- **قائد فرقة المشاة 23 – الجيش العراقي.**
- **قائد فرقة المشاة 33 – الجيش العراقي.**
- **قائد الفيلق الثاني – الجيش العراقي.**
- **قائد الفيلق الرابع – الجيش العراقي.**
- أمين السر العام لوزارة الدفاع العراقية.
- معاون رئيس أركان الجيش لـ شؤون الإدارة والميرة ، محافظ المثنى .

* ئەم ئەفسەرە یەکێک بوو لەداواکراوان و فەرمانی گرتنی لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکان بەتۆمەتی بەشداری کردنی لە تاوانی ئەنفالدا بەڵام لەبەرئەوەی شیعە بوو هێزە شیعەکان لەدەستی دادگا رزگاریان کردو نەیانهێشت دادگایی بکرێت لە ڕۆژی ٢٢ی ئابی سالّی ٢٠١٣ لە عەممانی پایتەختی ئەردەن مردو هەرلەوێش نێژراوە. ناوبراو یەکێکە لە تۆمەتبارانی ئەنفال.

سەرچاوەی زانیارییەکان پەیجی سوپای عێراقی رابوردوو.

لە دێرسیمەوە

چیرۆکی باوکێک، کە لە کوشتارگەی دەرسیم ڕزگاری بووە

هەموو مرۆڤێک/ کوردێک دەبێت بیخوێنێتەوە :

باوکم ترسابوو.

کوشـــتاری دەرســـیم هێندە دڕندانە بوو هیچ کات تا ســـەرەمەرگ نەیدەتوانی باســـی بکات، تەنیا لە ســـەرەمەرگدا باوکم باســـی کوشـــتاری دەرســـیمی بۆکردین. ئەو هەموو براو خوشکەکانییان لە دەرسیم کوشتبوو، هەر ئێمەی بۆ مابووین. بۆئەوەی تورکەکان لە ســـاڵی ١٩٣٠ وەزیری دادی تورکیا بوو. تێیاندا نوسرابوو : با هەمووان بزانن، دۆستان و دوژمنان و چیاکان، ئاغا و ســەرۆکی ئەم عەردە تورکە. ئەوانەی تورکی ئەســـڵ نین، تەنیا یەک مافیان هەیە: مافی ئەوەی کۆیلەبن".

باوکم ئەوەی لە هەموو ژووڕەکاندا هەڵواســـیبوو، تا هەموومان، من و خوشـــک و براکانم هەوڵبدەین ببین بە تورک، بۆئەوەی نەبین بە کۆیلە. ئەگەرچی زۆر شـــەو گوێم لێ بوو تا بەیانی دەگریا، باوکم شـــەو تا



نەمانکوژن و ســـووکایەتیمان پێ نەکەن، وەک تورک پەروەردەی کردین.

هەموو بەیانییەک کاتێک لەســـەر ســـفرەی بەرچایی دادەنیشتین، دەبوو هەموومان دەست بەرزبکەینەوە و بڵێین: چ بەختەوەرین ئێمە تورکین. ئێواران کاتێک لەســـەر ســـفرەکە دادەنیشـــتین هەموو دەســـتمان بۆ ئـاســـمـان بەرزدەکردەوە و دەمـانگووت: خوایە چ نیعمەتێکی گەورەیە ئێمە تورکین.

من هیچ وشەیەکی کوردی نازانم... هیچ.

دەزانی باوکم لە هەموو ژووڕەکاندا چی هەڵواسیبوو؟

- بڵێم چی؟ وێنەی ئەتاتورک؟

- نا... لە هەموو ژووڕەکاندا لەســـەر کارتۆنی ســـپی، ووتەیەکی محمود ئەسعەد بوزکورتی هەڵواسیبوو. ئەو بەیانی لە ژێر بەتانییەکەوە وەک ژانێک بیســـووتێنێت لە گریـانـدا قوڵپی دەدا. بەڵام هەموو هەوڵێکی دەدا ئێمە لە نـاو تورکەکـانـدا وەک تورکی ڕەســـەن دەربکەوین.

زەکی ڕەزا باکلان، بۆ عەلی ئیحسان ئاکانسو
لە ڕۆمانی «داگیرکردنی تاریکی»ەوە.
دەقەکە لەلاپەڕەی بەختیارعەلی وەرگیراوە

وێنەکە هەندێک لە منداڵانی کوردن کە بە دیلی بەدەســـت سەربازانی ئەتاتورکەوەن.

گوندێک لەژێرزەویدا

یادەوەری منداڵیم

شادی غازی عبدالکریم



لە کاتی جەنگدا هەندێک جار لە شارەکانیشدا ژێرزەمین بە مەبەستی خۆ حەشاردان دروست دەکرا لە شارەکانی سەرسنور لە ترسی بۆمبارانی سوپای ئێران بە زۆریش لە شارەکانی هەڵەبجەو خورماڵ و خانەقی دروست دەکران. بەڵام ئێمە لێرەدا مەبەستمان لە ژێرزەمینی گوندەکانی کوردستانە کە هەرناوچەیەو بەشێوەزاری خۆی ناوێکی بۆدۆزیوەتەوە بەگشتی بەو ژێرزەمینانە دەوترێت (کونەتەیارە) چونکە لە بنەڕەتدا لە کاتی بۆمبارانی فڕۆکەدا خەڵکی پەنایان بۆ بردووەو خۆیان تێداشاردووەتەوەو خۆیان لە مەرگ بەدەستی رژێم بەدورگرتووە. لە کوردستاندا کە گوند نەبوو ژێر زەمینی تێدا نەبێت تەنانەت ماڵێک نەبوو لە ژێر زەمینێک زیاتری دروست نەکردبێت. ئیتر دروستکردنی ژێر زەمین یان کونەتەیارە ببووە دیاردەو پێداویستی گوندنشینەکان لەناو حەوشەی ماڵ و لە دەرەوەی ماڵ لەسەرمەزراو لە ناو شیودۆڵەکانی نزیک گوندەکان ژێرزەمین یان کونە تەیارە دروست کرابوون .

هەندێک وەستاییان تێدا کردبوو وەک پیتی ئێڵی ئینگلیزی دروستیان کردبوو، ئەوەش بۆ ئەوە بوو هیچ پارچەیەک زەفەریان پێنەبات و بریندارییان بکات یان بیانکوژێت هەشبوو وەکو قەبرێک وابوو بۆ خۆ حەشاردان وخۆپاراستن، لە راستیدا کونە تەیارە یان ژێر زەمین بەرئەنجامی ستەمکاری و هەرەشەی تۆتالیتاریزمە بۆ سەر ژیان و سەلامەتی خەڵکی مەدەنی . لە کوردستان دکتاتۆرییەتی بەعس پەی بەژێر زەمینیش برد ئەو چەکێکی بەکاردەهێنا کەس نەیدەتوانی لە ژێر زەمینەکاندا بمێنێتەوە ئەویش چەکی کیمیایی بوو لە هەموو چەکێک ترسناکتر دەچووە ژێرزەمین و کونەتەیارەکانەوە . ئەم ژێرزەمینانە لە گەرمیان پێیان دەوترا (بنکەو مەرجە "ملجا") مەرجە مەبەست لە مەلجەئی عەرەبیە لە گوندەکانی گەرمیاندا چاڵێک دروست دەکراو بە زۆری بەدار سەردەگیراو دواتر خۆڵ دەکرا بەسەریدا و دەرگاکەشی بە گونێی بۆردەگیرا ، گونیەکەش بە قورِ سواغ دەدرا دەرگاکەی پێدادەپۆشرا بۆ ئەوەی دیدەوان و فرۆکەوانەکانی سوپا داپڵۆسێنەرەکەی بەعسەوە نەبینرێت، زۆربەی کات شەوو ڕۆژ بۆمباران هەبوو فرۆکەکانیش بەسەر ئاسمانی گوندەکانی گەرمیاندا دەسوڕانەوەو بە بینینی هەر کەسێک لە دەرەوە تەنانەت ئەگەر ژن و

منداڵیش بێت گوللەباران دەکراو دەکوژران. زۆرکەسیش لە پیرۆگەنج ژن و منداڵا بوونە قوربانی و شەهید یان بریندار بوون، تاکە هۆی خۆ پاراستنی خەلکی مەدەنی هەر ئەو کونەتەیارەو ژێر زەمینانە بوو، بەتایبەتی لە پێش ئەنفال خەلکی ئەو ناوچانە دەکرانە ئامانج، ئەو گەنجانەی کە نە دەبوونە جاش و سەربازی حکومەتی بەعس (فیرارەکان)، ئەو ژێرزەمینانەیان لە دەرەوەی گوندەکان دروست کردبوو ببونە پارێزەرو سەنگەری ئەوان .

لە گوندی تاڵاوی سەر بە ناحیەی نەوجول لە قەزای دووزخورماتوو لە بەر ئەوەی نزیک بە ناحیەی نەوجول بوو، بە بەردەوامی لەلایەن سوپای ڕژێمەوە هێرش دەکرایە سەری و فڕکەو تەیارە بە ئاسمانی ئەو ناوچەیەدا دەسوڕایەوە، بۆیە دانیشتوانی ئەو گوندە جگە لەوەی هەر ماڵەو لەخانووە گڵەکەی خۆیدا ژێر زەمینی دروست کردبوو لە هەمان کاتیشدا لە دەرەوەی گوندو لەچەم و دۆڵەکانیشدا شێوە ژیانێکی ترو دەتوانین بڵێین گوندێکی دیکەیان دروست کردبوو بەڵام ئەو گوندەیان لە ژێرزەویدا بوو، لە جیاتی خانوو هەموو هەموو ماڵەکان لە ژێرزەو یدابوو کە هەر ماڵەو دوو یان سێ ژێر زەمینی دروست کردبوو کە جگە لە خەڵکی ئەو ناوچەیە هیچ کەسێکی دەرەوە هەستی بە بوونی ئەو ژێرزەمینانە نەدەکرد، تەنانەت نە سوپای ڕژێم و نە فڕۆکە جەنگیەکانیش کە بەردەوام بە سەریاندا دەسوڕانەوە گومانیان لە بوونی ژیانێک نەدەکرد لەبن زەویدا، کە هەموو دانیشتوانی گوندەکە لە کاتی بوونی هەر مەترسیەک بۆ سەریان گوندەکەیان چۆڵ دەکردو خۆیان لەو ژێر زەمینانەدا حەشار دەدا. تەنانەت لەو ژێرزەمینانەدا (زواج) ژن و ژنخوازیش کراوە، لەبەرئەوەی بەبەردەوامی مەترسی لەسەر بوو ناچار بوون تەنها بەشەواندا لەو ژێرزەمینەکاندا نان دروست بکەن .

ئەم ژێر زەمینانە بێ سەرئێشەو بێگرفتیش نەبوون بە پێچەوانەوە هەندێک جار بەسەریاندا دەڕووخا. کاتێک کە تەیارەو فرۆکە جەنگیەکان بە ئاسمانی ئەو ناوچانەدا دەسوڕانەوە هەموو خەڵکەکە بە بە پەلە خۆیان دەکردە ناو ئەو ژێرزەمینانەداو تەنانەت نە دەبوو هیچ شتێک کە جێگای گومان بێت لەدەرەوە بێت و بجوڵێتەوە، چونکە بە بینینی هەرجوڵەیەک ئەو ناوچەیە تۆپ باران دەکرا، تەنانەت چەندین پیاو و ژن و منداڵ بە هۆی فڕۆکە جەنگیەکانەوە شەهید کراون، لەگوندی تەختەمینە هەندێ ژن و منداڵی شەهید کرد. وە ژمارەیەک مەڕومااڵتی لە ناوبرد .

شادی غازی بابەتێکی لەو بارەیە بۆ ناردووم دەنوسێت (من منداڵیم لەناو ئەو ژێرزەمینانەدا بەسەربردووە، ئەمسااڵ کاتێک کە سەردانی گوندی تاڵاوم کرد توشی بێتاقەتیەکی زۆر بووم، ڕۆشتم بۆ سەیری ئەو ژێرزەمینانەی کە لە دەرەوەی گوندەکەمان پێش پڕۆسەی ئەنفال دروست کرا بوون، بەڕاستی توشی سەرسامیەکی زۆری کردم و تەواو ویژدانمی هەژاند، چونکە کاتێک من منداڵ بووم لە گەڵ ئەو کەسوکارم لەو ژێرزەمینانەدا بووین داخەکەم ئێستا ئەوان ئەنفال کراون، هەر ئەو ژێرزەمینانە بوون کە چەندین ماڵی ئەو گوندەی تێدا پارێزرا بوو، کە هەر ژێرزەمینێک شێوازی قەبرێکی لە خۆگرتبوو، بەڵام قەبرێکی گەورە کە لە بری مردوو زیندووی تێدابوون ، هەر قەبرەو خێزانێکی تێدا دەژیا سەرباری ئەوەی ژێرزەمینەکان لەقەبریش دەچوون بەڵام بۆ ئەو کاتەی منداڵی ئێمە زۆرخۆش بوو، چونکە لە مەترسی ڕژێمە خوێن مژە دیکتاتۆرەکەی بەعس دەیپاراستین، هەرلەو ژێرزەمینانەدا بوو کە پێشمەرگە دەپارێزراو نان وجل وبەرگ وخۆراکیان بۆ دابین دەکراو گوندنشینە سڤیلەکانیش لە ترسی جاش و موستەشارو بەعسیەکان خۆیان تێدا حەشار دەدا. بەڵام بە داخەوە ئێستا ئەو خۆفرۆشانە خاوەنی تەلاروخانوی گەورەن و کەس و کاری ئەنفالکراوانیش تەنها لەژێر زەمینەکاندا هاتوونەتە دەرەوەو هەژارانە دەژین، بۆیە جیاوازی نێوان ژیانی ئەو کاتەو ئێستا بریتییە لەوەی کە لەو کاتەدا ئەنفالکراوان و کەس وکاریان باڵەخانەو ژیان و گوزەرانیان ژێرزەمینەکان بوو، کە بە فەلاحەت و ئارەقی نێوچاوانی خۆیان دروستیان کردبوو، وە ماڵیان هێلانەی پێشمەرگە بوو، بەڵام لەمرۆدا لە جیاتی ئەو بنکانە تەلارو بینای بەرزو ژێرخانی ئابووری لانەی جاش و موستەشارەکانە کە بە خوێنی ئەنفالکراوان و شەهیدان پێکیانەوە ناوە.

ئەنفال دیدەیەک، کۆچی دوایی کرد.



خەدیجە حەمە کەریم لە دایک بووی ساڵی ١٩٢٥

لەبەرەتەوە خەڵکی گوندی گۆمەشینە، بەڵام لە گوندی ئەسکەندەر بەگی هاوسەرگیری لە گەڵ حەسەن محەمەد کردووە.

لە پەلاماری ئەنفالی چواردا کە ناوچەی قەڵاسێوکەو شێخ بزێنیشی گرتەوە، خەدیجە لەگەڵ دوو برای و سێ کچی و ٨ کوڕەزای و ١٢ کچەزای گیراوە و ڕەوانەی کەمپی سەرەکی کۆکردنەوە و پۆلێنکاری کراون لە سەربازگەی تۆپزاوای پارێزگای کەرکوک.

دوای پرۆسەی پۆلێنکارییەکە خەدیجە لەگەڵ پیرەمێردو پیرەژنەکان ڕەوانەی قەڵا نەفرەتیەکەی نوگرەسەلمان کراوە.

لە ڕۆژی ٧ی ئایاری ساڵی ٢٠٢١ واتا دوو ڕۆژ دوای یادی کیمیابارانی گۆپتەپەو عەسکەرو ئەنفالی ناوچەکەیان کۆچی دوایی کرد.

تێبینی :

زانیارییەکان دەربارەی خەدیجە لە ڕۆژنامەنوس گۆران لوقمان وەرگیراون.

جێگەی ئاماژەیە کە هەر ڕۆژێک دوای کیمیابارانی گۆپتەپەو عەسکەر تەواوی ناوچەی قەڵاسێوکەو شێخ بزێنی کەوتنە بەرپەلاماری هێزی پیادەی سوپاو لە سیانزە قۆڵەوە تەواوی ناوچەی ئەنفالی چوار لە تاسلوجەوە ڕۆژئاوای دۆڵی سوردراش هەتا خەلەکان و لەقەرەهەنجیرەوە بۆ ناوشوان و لەپردێ و دێگەڵەوە بۆ ناوچەی شوان و شێخ بزێنی و دەشتی کۆیە لەبێستانەوە بۆ چیای هەیبەسوڵتان و باواجی و لەکۆیەوە بۆ گوندەکانی دەشتی کۆیەو لە دوکانەوە بۆ چیای کەلکەسماق کەوتنە بەر هەڵمەتی سوپاو هێرشی زەمینی وئاسمانی کرایە سەرهەموو ناوچەکان و بە هەزاران خەڵکی بێ چەک وبێ دیفاع لەپیرەمێردو پیرەژن و منداڵ گیران.

خەدیجە حمەکەریم یەکێک بووە لەو هەزاران کەسە، کە بەختی هەبوو دوای چوارمانگ زیندان کردنی لەقەڵای نوگرەسەلمان بەکەنەفتی گەڕایەوە.


بەداخەوە چەندی کۆشام نەمتوانی ناوی براو برازاو کورەزاو کچ و کچەزا ئەنفالکراوەکانی خەدیجە بزانم، هەتا لیرەدا بۆمێژوو بڵاویان بکەمەوە،

جێگەی ئاماژەیە ناوی ٢٦ کەسی ئەنفالکراوی گوندی ئەسکەندەربەگیم لەلایەو هەر لەم ژمارەیەدا بڵاوکراونەتەوە بەڵام هیچ کام لە کەسوکارەکەی ئەم ژنەی تێدا نەبوو، ئامارەکە لەساڵانی ٢٠٠٠ وەزارەتی مافی مرۆڤ و ئاوارەو ئەنفالکردویانە بەڵام لەبەرئەوەی ئەو وەزارەتە تەنها بۆ مەبەستی موچەی خانەنشینی کردویانە هیچ کام لەوکەسانەی تێدانیە کە وارسی یاساییان نەماوە، دیارە براکانی ئەم ژنە بەماڵ ومنداڵەوە ئەنفالکراون و کەسیان نەماون بۆئەوەی ببنە وارس.

ئاماری ئەنفالکراوانی گوندی ئەسکەندەربەگی –ئاغجەلەر

ژ	ناوی سیانی	ئاغجەلەر	گوند
١	پشتیوان عبدالرحمن	ئاغجەلەر	ئەسکەندەر بەگی
٢	کاروان عبدالرحمن	ئاغجەلەر	ئەسکەندەر بەگی
٣	هاوکار عبدالرحمن	ئاغجەلەر	ئەسکەندەر بەگی
٤	سوهەیلە رشید توفیق	ئاغجەلەر	ئەسکەندەر بەگی
٥	ئامینە کریم رەزا	ئاغجەلەر	ئەسکەندەر بەگی
٦	عاصیمە محەمەد حسین	ئاغجەلەر	ئەسکەندەر بەگی
٧	کۆچەر عوسمان حمە	ئاغجەلەر	ئەسکەندەر بەگی
٨	ئاوارە عوسمان حمە	ئاغجەلەر	ئەسکەندەر بەگی
٩	ئامینە محەمەد رسول	ئاغجەلەر	ئەسکەندەر بەگی
١٠	نسرین جوهر عەسمان	ئاغجەلەر	ئەسکەندەر بەگی
١١	عبدالله جوهر عوسمان	ئاغجەلەر	ئەسکەندەر بەگی
١٢	عبدالرحمن جوهر عوسمان	ئاغجەلەر	ئەسکەندەر بەگی
١٣	زوهری جوهر عوسمان	ئاغجەلەر	ئەسکەندەر بەگی
١٤	کریم جوهر عوسمان	ئاغجەلەر	ئەسکەندەر بەگی
١٥	عزیز جوهر عوسمان	ئاغجەلەر	ئەسکەندەر بەگی
١٦	پیروز ستار ئەمین	ئاغجەلەر	ئەسکەندەر بەگی
١٧	شنۆ جەلال حەسەن	ئاغجەلەر	ئەسکەندەر بەگی
١٨	فەرهاد جەلال حەسەن	ئاغجەلەر	ئەسکەندەر بەگی

١٩	جەواد جەلال حەسەن	ئاغجەلەر	ئەسکەندەر بەگی
٢٠	شۆخان جەلال حەسەن	ئاغجەلەر	ئەسکەندەر بەگی
٢١	عەجیبە حەسەن محەمەد	ئاغجەلەر	ئەسکەندەر بەگی
٢٢	فاتمە محەمەد غریب	ئاغجەلەر	ئەسکەندەر بەگی
٢٣	سەلمە عەزیز رشید	ئاغجەلەر	ئەسکەندەر بەگی
٢٤	فخریە توفیق محەمەد	ئاغجەلەر	ئەسکەندەر بەگی
٢٥	هیوا صدیق حەسەن	ئاغجەلەر	ئەسکەندەر بەگی
٢٦	پیروز ستار ئەمین	ئاغجەلەر	ئەسکەندەر بەگی



تاقانەیەکی ئەنفال کۆچی دوایی کرد.

موتەلیب محەمەد سلێمان - جەلەمۆردی

لەدایکبوی ١٩٤٢ -گوندی جەلەمۆرد.

لە پەلامـاری ئەنفـالی چواردا لەگەڵ خـانەوادەکەی و خەڵکی گونـدەکەیـانـدا گیـراوەو رەوانەی کەمپی کۆکردنەوەی تۆپزاوا کراوە،

لەوێ لەژن و منداڵەکانی (حەلاوەی هاوسەری و هەردوک کوڕەکەی محەمەدو ڕێبوارو کچەکانی نەزیرەو نەسرین) هەروەها براو برازاو خوشک و خوشکەزاو گەنجەکانی گونـدەکەی هەموو لەتۆپزاوا لێـک جیـاکراونەتەوەو موتەلیـب لەگەڵ پیرەمێردو پیرە ژنەکـان، رەوانەی زیندانی نوگرەســـەلمان کراوەو ماوەی ٤ مانگ لەوێ دەســـتبەســـەر بووە، ئەم پیاوە ٢٠کەس لەخانەوادەو کەسەنزیکەکانی ئەنفالکران و بۆخۆی تاقانە دەربازبووی خانەوادەکەی بوو رەنگە بەدرێژایی تەمەنی لەدوای ئەنفال تەنها ئەوڕۆژانە شادی بەدڵیدا هاتبێ کە شایەتحاڵی دادگای باڵای تاوانەکان بوو لەبەغدا.

بەداخەوە ڕۆژی ٣١ی ئازاری ٢٠٢٢ دوای ٣٤ ساڵ چاوەڕوانی و تەنیایی لەگوندی جەلەمۆرد کۆچی دوایی کرد.

گللەیی و سەرنج

دەمێکە بە واڵ وپەیجی گوندەکاندا دەگەڕێم و لێیان دەروانم، بەڵام ئەفسوس زۆر بەدەگمەن گوندێک دەبینم، ئەو هەموو مرۆڤەی بەلاوە گرنگ بێت کە ئەنفال قوتیدان، ئەو هەموو ژن ومنداڵە جوانەی لەشکری ئەنفالچی بەفیتی عروبەو بەکڵاوجامەدانێی کوردییەوە راپێچیان کردن و وەک زەوی قوتی دابن بێ سۆراخ مانەوە.

لەناو پەیج وئەکاونتی ئەو گوندانەی ئەنفال وێرانی کردون بەسەدان بابەتی پروپوچ بووەتە جێگەی سەرنجیان، بەدەگمەن دەبینی یەکێکیان ناوو مێژوی گوندەکەی، ژمارەی ئەنفالکراوەکانیان ژمارەی پەلاماردانەکانیان، داب ونەریتە جوانەکانیان وەک کاری بەکۆمەڵ وهەڕەوەزی و پرسەو شین و شایی چ بەسەرهەڵەمێک یاخود بەوێنە نیشانبدرێت.

فەتوای ئاگرینی مەلاکان، نیشاندانی قەبرو مەراسیمی پرسە، قسەی باق وبریقی ناوتیڤیەکان دانانی کچە مۆدێلەکان یاخود جنێوپێدانیان، دانانی قسەو جنێودانی سیاسیەکان بەیەکتر، قسەی قۆڕی گاڵتەجارانی نێومێدیاو سۆشیال میدیا، فشقیات و موهاتەرات، دیمەنی بەناو کۆمێدی هەندێک کەس کە بەناهەق ناوی هونەرمەندیان لێنراوە.جنێوی نێوتۆڕەکان و بەشان و باڵ هەڵدان و وێنەگرتن لەگەڵ سەرۆک خێڵەکان، هی بەرپرسە ناوچەییەکان و بەرپرسان بەگشتی یاخود جنێوپێدانیان، بۆنەو داوەت و سفرەو سوڵحی عەشایەری، دانانی مەنجەڵە یاپراغ و گۆشت برژاندن، سیمای هەرە دیارو زەقی ناو ئەو ماڵپەڕو پەیجانەیە. هاوکات ئاماژەو نیشانەی ئاستی ڕۆشنبیری بەڕیوەبەرو ئەدمینەکانیشیانە.

لەکاتێکدا کارێکی زۆر گران نییە، ئەوپەیج و ئەکاونتانە، ناوو وێنەی شەهیدو ئەنفالکراوەکانیان، یادەوەری بەسەرهاتیان بنوس و دایان بنێن.

زۆر جێگەی داخ ونیگەرانییە کە نەوەکانی ئەنفال خەمساردو بێباکن. لە باشکردنی دۆخی خۆیان. کاتێک ئەکاونت و پۆستەکانیان دەبینم نائومێدی هێرشم بۆ دێنێ و من هەر لەبەرگریدام، ئەوانیش کەوتوونەتە ناو ئەو گەمەی هەرزان کڕین و هەرزانکردنی مرۆڤەوە، ئەوانیش لەو هەڵمەتی یەکترشکاندن و یەکتر ڕیسواکردنە بەشدارن کە جگەلە دەسەڵاتداران باشترە بڵێین جگەلە بازرگانەکانی ئیسک و کەللەسەر کەس قازانجی لێناکات.

بەراستی زۆر عەیبە بۆکوڕونەوەی ئەنفالکراوان بەتەنیشت سەرۆک جاشێکەوە یاخود لەبن دەستی ئەوان چەکداربێت و چاو لەو نامەردیانە بپۆشێ کە کردویانە، عەیبەکوڕی ئەنفالکراوێک باسی شەرەفی کوردو نەتەوە بکات و لەتەنیشت بێشەرەفترین کەسەوە لافی کوردایەتی لێ بدات، دوعا بۆ ئەردۆگان بکات و لەدوای ئەو مەلایانەوە نوێژ بکات کە ڕەوایەتی دەدەن بە فراندن و بەکەنیزەک کردنی کچانی ئێزدی.

عەیبە ئەکاونت وپەیجی گوندەکان پشت لەوێنەی کچە ئێزدیە ئەتک کراوەکان بکەن و وێنەی ئەو هەموو ژنە حیجاب بەسەرەی عەرەبستان دادەنێن.

عەیبە چاولەفرۆشتنی ژنانی کورد لە ئەنفال وشەنگال بپۆشن و بەفیتی شۆڤێنیزمی عەرەبی وتورکی بێشەرەفی بە شەرافەتمەندی تێبگەی.

سوڵتان هاشم گەورە تاوانباری ئەنفال مرد

ئەمرۆ ١٩-٧-٢٠٢ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن مردنی تاوانبار سوڵتان هاشم ئەحمەدیان بڵاوکردەوە، ناوبراو پێشەوای فەیلەقی یەک و بەرپرسی یەکەمی ئۆپەراسیونەکانی ئەنفالی (١-٢-٣-٤-٥-٦) بوو، بەهۆیەوە چەندین خەڵات و ویسامی ڕافیدێنی وەرگرتووە، دوای ئەنفالکرایە وەزیری بەرگری عێراق .لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسیەکان، لەلایەن ئەمریکیەکانەوە دەستگیرکراو ڕادەستی دادگا کرا، لەمیانەی ڕەوتی بەرەوپێشچونی داداگایی کردنیدا هەوڵی زۆردرا تاوانەکەی لەسەرسوک بکرێت، بەلام هەوڵەکان پوچ بوون و نەیانتوانی . سەرئەنجام دادگا بە تاوانی " تاوانباری جەنگ و تاوانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانی کۆمەڵکوژی " چەندین سزای دا، یەکێک لەسزاکان لە سێدارەدان بوو، بەڵام بەهۆی واژۆ نەکردنی لەلایەن سەرۆک کۆمارو جێگرەکەی بریارەکە جێبەجێنەکراو هەتا ڕۆژی مردنی لە زیندانداما یەوە.

ئەنفالکراو


هێرۆ شێخ عادل نەسرەدین تاڵەبانی. لەدایک بووی ساڵی ١٩٧٢ خەڵکی گوندی کۆرمۆری بچوک بوون سەربەناحێ - شارەزێی قادرکەرم.


وێنەکە هێرۆی ئەنفالکراوە ئەو منداڵەی لە باوەشیدایە برایەتی ناوی شەماڵە خۆشبەختانە ئێستا لە ژیاندایەو ئەفسەرە لەناو هێزی پێشمەرگە. هێرۆ لەقۆناغی ئەنفالی سێی گەرمیاندا گیراوەو گوندەکەیان دەکەوێتە سنوری ئەنفالی سێی گەرمیانەوە بەڵام جێگەی تیرامانە کە نوسەری دۆسێی ئەنفال لە کتێبەکەیدا ڕەشەبای ژەهرو ئەنفال کۆپێ دۆکێومێنتێکی ڕژێمی بەعسی بڵاوکردووەتەوە کە نوسراویکی بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری پارێزگای کەرکوکە، نوسراوەکە ژمارەی بەسەرەوە نیە بەڵام ڕێکەوتی ١٩٩٠/١٠/١٢ دەرچووە، بابەت : ئیجرائات تیایدا هاتووە:

ئاگادارتان دەکەینەوە کە کە ئەوکەسانەی ناویان ڕیزبەند کراوەو لە پرۆسەی ئەنفالی دووداد دەستبەسەرکراون لە گوندی کۆرۆمۆر و ساڵەیی کە دەکەونە ناحێی قادرکەرەم، هەریەکەیان بوتڵێک خوێنمان لێگرتوون. لە وردەکاری زیاتر ئاگادارتان دەکەینەوە لە دواڕۆژدا.

لە دوای نوسراوەکە ناوی ٢٧ کەس ریزبەند کراون کە بە عوسمان حەمید ناسر دەست پێدەکات و بە پاکیزە حەبیب عیزالدین کۆتایی دێت .

ناوی ئەم کچە گەرمیانیە ئەنفالکراوەش (هێرۆ عادل نەسرەدین) لەو بەڵگەنامەیەدا لەریزبەندی ٢٦ دایە.





مديرية مخابرات محافظة التاميم التأريخ
١٩٩٠/١٠/١٢/
الى / الهيئة الأمنية العامة
الموضوع / اجراءت

نعلمكم طياً باننا قد أخذنا من هولاء الأشخاص المدرجة أسمائهم أدناه والمتجزين في عمليات الأنفال الثانية في قرية (كورمور وحالى) الواقعتان في المنطقة قادر كرم ،أخذنا منهم قنينه دم لكل واحد منهم ولاحقا نعلمكم بالتفصيلات المستقبليه.

أليكم أدناه قائمة بأسمائنا الأشخاص مع مواليد كل منهم

	الأسماء	المواليد
١.	عثمان حميد ناصر	١٩٦٨
٢.	نوزاد ولي عبدالله	١٩٦٩
٣.	عثمان محمد قادر	١٩٦٢
٤.	بزكار صابر احمد	١٩٧١
٥.	عادل حسن احمد	١٩٦٢
٦.	عبر احمد عبدالله	١٩٦٥
٧.	رحمن قادر عباس	١٩٦٩
٨.	كومل مجيد خضر	١٩٦٨
٩.	جيران احمد عزيز	١٩٦٨
١٠.	شاكر نامق احمد	١٩٥٥
١١.	سردار ستار خورشيد	١٩٧١
١٢.	عزالدين محمد حبيب	١٩٥٤
١٣.	سالم صابر احمد	١٩٧٢
١٤.	ناصح صابر خورشيد	١٩٦٨
١٥.	مردان عمر خضر	١٩٦٨
١٦.	لطيف صابر محمد	١٩٥٥
١٧.	نوري امين علي	١٩٥٧
١٨.	عبدالكريم علي فارس	١٩٥٠
١٩.	هاشم عبدالله غفور	١٩٦٨
٢٠.	نجم محمد امين علي	١٩٥٧
٢١.	عبدالرحمن محمد علي	١٩٦٤
٢٢.	برزان محمد عزالدين	١٩٥٠
٢٣.	خيريه نصرالدين عزالدين	١٩٦٤
٢٤.	بيان كامل حبيب	١٩٧١
٢٥.	عثمان ولي عبدالقادر	١٩٦٨
٢٦.	هيرو عادل نصر الدين	١٩٧١
٢٧.	باكيزه حبيب عزالدين	١٩٦٦

التوقيع
مدير مخابرات محافظة التاميم
١٩٩٠/١٠/١٢

تێبینی دەربارەی نوسراوەکە

1 -ئەنفالی دوو لە ناوچەی قەرەداغ بووە نەک لەگەرمیان، قادرکەرەم وکۆرۆمۆر دەکەونە گەرمیانەوەو لەقەرەداغەوە دورن.

2 -لەدایکبونی هێرۆ ١٩٧١ نوسراوە بەڵام ١٩٧٢ڕاستە.

3 -زۆر جێگەی باوەڕ نییە ئەنفالکراوەکان هەتا کۆتایی مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٩٠ لە ژیاندا هێلدرابنەوە.

بێ شەرەف

چیرۆکێک لەسەر زارانە، ئەگەرچی هەوڵێکی زۆرمدا سەرچاوەی ئەم چیرۆکە بزانم گوتم بەڵکو جاشێک سەرۆک جاشێک بدۆزمەوەو دان بەم ڕاستیەدا بنێ و لەمێژودا تۆماری بکەین، بەڵام ئەفسوس کەسم دەست نەکەوت چیرۆکەکەش بەم شێوەیەیە:

لە پەلاماری دووی ئەنفالدا کە ناوچەی قەرەداغ و هەندێک لەگوندەکانی دەربەندیخانیشی گرتەوە، جاش وسوپا بگەیشتنایە هەر گوندێک دوای ئەوەی دەیانپشکنی و تاڵانیان دەکرد، ئەگەر خەڵکی تێدا بوایە دەناگرت و ڕەوانەی کەمپەکانتیەکانیان دەکرد، ئینجا دەکەوتنە ڕوخاندنی خانوەکانیان ئەوەی کۆنکرێت بوایە وەک مزگەوت و قوتابخانەکان بە دینامێنت دەیانتەقاندەوەو ئەوەی گڵیش بوایە بەشۆفڵ دەیان ڕوخاند، کاتێک سوپا دەچێتە گوندی ئیمام قادری سەر بەقەزای دەربەندیخان شۆفڵەکان دێن بۆ ڕووخاندنی گوندەکە، لەو کاتەدا سەگێک کە لە خانوویەکدا ترەکیوە بەدیار بەچکەکانیەوە دەبێت، کە شۆفڵەکە لە خانووەکە نزیک دەبێتەوە بۆ ڕووخانی خانووەکە، سەگەکە لەپێناو پاراستنی بەچکەکانی بەرگری دەکات و بە سەربازو جاشەکان دەوڕێ و چەندجارێکیش پەلاماری سەربازەکان دەداو تەنانەت دەیەوێ بازبدات و پەلاماری سایەق شۆفڵەکە بدات قەپ بە کیلی شۆفڵەکەدا دەکات.

ئەم دیمەنە وا لە ئەفسەرێکی عەرەب دەکات ڕوبکاتە جاشەکوردەکان و پێیان دەڵێت:

ئەوسەگە دەبینن ؟

جاشێک زۆر گیلانە پێدەکەنێ و بەپێکەنیەوە دەڵێت سەیدی ئەوە بەچکەی هەیە گوناحە هێلانەکەی لێ تێک مەدە بەڵام ئەفسەرەکە پێدەڵێت بەچی پێدەکەنی ئەو سەگە زۆر لە ئێوە بەشەرەفترە چونکە بەرگری لە بێچووەکانی خۆی دەکات بەڵام ئێوەی بێ شەرەف، هاتوون لەگەڵ ئێمە گوندەکانی خۆتان دەڕوخێنن!

ئەنفالدیدەیەک کۆچی دوایی کرد.

(ڕەمەزان سالّح مستەفا) جەلەمۆردی لەدایکبووی ڕۆژی ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠ کۆچی دوایی کرد.



ڕەمەزان سالّح یەکێک بوو لە ڕزگاربوانی زیندانی (نوگرە سەلمان)

سی و دوو ساڵی ڕەبەق بەدەم حەسرەت و ئازاری دووری ڕۆڵە ئەنفالکراوەکانیەوە هەتا دواڕۆژی ژیانی لەمەینەتیدا ڕۆژگاری بەڕێ کردو بەدەم چاوەڕانیەکی کوشندەوە کۆچی دوایی کرد.

لە پەلاماری ئەنفالی چواردا مام ڕەمەزان خۆی و خێزانەکەی لە جەلەمۆرد دەگیرێن و وەک هەموو ئەنفالکراوان ڕەوانەی کەمپی تۆپزاوای دەکەن لە خوار شاری کەرکوک، کە شوێنی کۆکردنەوەی هەموو ئەنفالکراوەکان بوو.

پاش پۆلێنکردن و جیاکردنەوەیان لە نەوەکانیان خۆی و هاسەرەکەی ڕەوانەی قەڵا نەفرەتیەکەی نوگرەسەلمان دەکەن و لەوێ ماوەی (٦)مانگ لەزیندانی نوگرە سەلمان بەدەردەسەری و دەستبەسەری دەمێننەوە، دوای ئازادکردنیان دەگەڕێنەوە بۆ چەمچەماڵ و دوای ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ یش دەگەڕێنەوە بۆ گوندەکەیان جەلەمۆرد. بەداخەوە ڕۆژی ١٠ی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٢١ کۆچی دوایی کرد.

نازۆ دربۆ:
لەماوەی ساڵێکدا شەش جار لەلایەن داعشەوە کڕین و فرۆشتنم پێوەکرا.



عەمارعەزیز

لەماڵپەڕی هاوڵاتی وەرگیراوە

نازو دربۆ، خەڵکی گوندی وەردیە سەر بەقەزای شەنگال، تەمەن ٢٥ساڵە لەکاتی هاتنی داعش منداڵێکی ٩ مانگی هەبووە،

لە ٣ی ئابی ٢٠١٤ لەگەڵ خێزانەکەی گیران و هەموویان کەوتوونە دەستی داعش.

ڕێکخراوی داعش لە سێی ئابی ٢٠١٤ قەزای شەنگالیان داگیرکردو بەشێک لە پیاوانی ئێزیدییان لەناوبردو ژن و کچانیان جیاکردەوەو گوازرانەوە بۆ موسڵ و بەشێکیان بۆ شاری رققەی سوریا ڕەوانە کران و وەک کەنیزەک مامەڵەی کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرا.

نازۆ دربۆ، رزگاربوویەکی دیکەی دەستی داعشە، چیرۆکی دەستگیرکردنیان و مامەڵەی چەکدارانی داعش بۆ هاوڵاتی دەگێڕێتەوە وتی: ڕۆژی ٣ی ئاب داعش گەیشتە گوندی وەردیە، باش بیرم دێت ژن و منداڵ و پیاویان کردە ناو لۆریەکی گەورە، ئێمەیان گواستەوە بۆ ناو خوێندنگایەک لەشاری تەلەعفەر.

نازۆر ئاماژەی بەوەشکرد زانیارییان نەبوو لەوەی پیاوانی ناو لۆرییەکەیان چی لێکرد، بەڵام ژن و کچ و منداڵەکانیان گواستەوە بۆ ناو خوێندنگایەکی تر لەتەلەعفەر. لەوێ ژن و کچیان لێک جیاکردەوە، منداڵەکەم تەمەنی ٩ مانگ بوو شیرە خۆرە بوو لەدەستم دابوو و ئەوکات شیری منی دەخوارد، دواتر هەموو کچەکانیان برد تەنها ژنان مانەوە.

چەکدارانی داعش لەو خوێندنگایەدا بەمنیان وت ئەو منداڵە هی تۆ نیە درۆ دەکەی، منیش پێموتن بەڵێ هی منە، تەنها ژنان مانەوە، دواتر ئێمەیان گواستەوە بۆ گوندی (کسر المحراب) کە گوندێکی شیعە نشینەو دەکەوێتە قەزای تەلەعفەر، پێنج مانگ لەو گوندە ماینەوە، دواتر ئێمەیان گواستەوە بۆ هۆڵێ گالاکسی لەناوەندی نەینەوا، مانگێک لە موسڵ ماینەوە دواتر جارێکی تر بردیانینەوە بۆ ناوەندی تەلەعفەر ، نازۆ دربۆ وا دەڵێت.

ئەو ژنە ئێزیدیەی رزگاربووی دەستی داعش ئەوەشی خستەڕوو لە تەلەعفەر داعش بازاڕی کڕین و فرۆشتنی کچان و ژنانیان دانابوو، ڕۆژانە ١٥ تا ٢٠ چەکداری داعش دەهاتن، هەر یەکێکیان داڕێکی ماسیحە بەدەستیانەوە بوو، هەر کەسێکیان بەدڵیان بووایە دەیانبرد، وتیشی: لەو بازاڕەدا ژمارەی ژنان و کچانی ئێزیدی نزیکەی ٥٠٠ کەس بوون و کچەکان هەموویان فرۆشران، هاتنە لای من وتیان تۆ درۆ دەکەی ئەو منداڵە

هی تۆ نیە، وتم قەســـەم بەخوا ئەو منداڵە هی منە، من و دەیان ژنی تر کە منالّمان پێبوو ماینەوە، دواتر بەپاسێک ئێمەیـان گواســـتەوە بۆ ســـوریـا و چوار رۆژ لەنـاو خوێندگایەکی ژێرزەوی دا بووین وەکو زیندان وابوو

هەروەهـا نـازۆ دربـۆ لەدرێـژەی گـێـڕانەوەی چیرۆکەکەیدا باســـی لەوەشـــکرد کەدوای چوار رۆژ گواســتویانەتەوە بۆ ناو خوێندگایەکی تر لەشـاری رققە» چەکدارێکی داعش هات و منی کڕی، ئەمە یەکەمجار بوو کەمن فرۆشرام، هەموویان بەعەرەبی قسەیان دەکرد نازانم خەڵکی چ وڵاتێک بوون، لەســـوریا شـــەش جار کڕین و فرۆشـــتنم پێکراوە، مامەڵەیـان زۆر خراپ بوو، نـاتوانم وەسفی بکەم.

هاوکات ئەو ژنە ئێزیییدیە هێمای بۆ ئەوەشـــکرد کە چەنـد رۆژێـک لای چەکـدارێکی داعش بووە بەنـاوی ئەبو حەسـەن، کورێکی تەمەن شـەش سـاڵی هەبوو بۆکس و شـەقی لە کوڕە یەک سـاڵانەکەی دەداو نەیدەتوانی هیچ قسەیەک بکات» ئەبو حەسەن خۆشی دەیوت با بۆکس لە کوڕەکەت بدات تافێری شـــەڕو کوشـــتن بێت، لەکاتێکدا کوڕەکەم تەمەنی ساڵێک بوو

ناخۆشـترین شـت کەهەرگیز لەبیری ناکەم ئەوە بوو کاتێک چەکدارانی داعش دەســـتدرێژییان دەکردە سەرم هەموو ئازارێکمان دەبینی کە باس ناکرێت.

نازۆ دربۆ بەخت یاوەری دەبێت بۆ رزگاربوون لە دەســـتی چەکدارانی داعش و وەک خۆی رووبنیکردەوە کە دواینجار چەکدارانی داعش فرۆشـــتوویانە بەکەســـێک لەشـاری حەلەب، ئەو کەسـە قاچاغچی بووە کەسـوکارەکەم دەفتەرێک و ٥٠ وەرەقەیاندا بەو قەچاغچیەو بەو شـێوەیە لە ١٨ی ئاب ٢٠١٥ رزگاربووم..

سـەبارەت بەچارەنوسـی دایک و باوکی دەڵێت : تا ئێستا دایک و باوکی من لەگەڵ سێ براو دوو خوشکی من چارەنووســیان دیارنیە، کۆی گشـتی کەسـوکاری من ئەوانەی تائێستا چارەنووسیان دیارنیە ژمارەیان سەرووی ٥٠ کەسە.

ئەو ژنە ئێزیدییە لەئێستادا لەگەڵ هاوسـەرو سـێ منالّی لە پارێزگای دهۆک ژیان دەگوزەرێنن و پیاوەکەی کرێکاری دەکات تا بژێوی ڕۆژانە بۆ منالّەکانی دابین بکات، نازۆ دەشڵێت: سەرەرای ئەو هەموو ناخۆشی و ئازارانە هێشتا هیچ مووچەیەکمان نیە، بژێوی ژیانمان لەســـەر کرێکارییە ئەگەر ڕۆژێک ئیش هەبێت ئەو ڕۆژە پیاوەکەم هەندێک پارەمان بۆ دەهێنێتەوە، ئەگەر ئیشیش نەبێت هیچ پارەمان نابێت.

هـاوکـات داوای لەحکومەتی عێراق و هەرێمی کوردســـتـان کرد کە گۆڕە بەکۆمەڵەکـانی ئێزیـدیـان هەڵبدەنەوە و کەسوکاریان ئەوانەی لەژیاندان لەژێر دەستی داعش رزگاربکەن. حەوت ساڵە چاوەڕێی ئەوان دەکەین. تائێســـتا نزیکەی ســـێ هەزار ژن و کچ و منالّ و پیاوی ئێزیدی بێســـەروشـــوێنن بەپێی ئاماری فەرمی دەزگای رزگـاربووانی ئێزیـدی و چـارەنووســـیـان بەنـادیـاری ماوەتەوە.

سەرباری ئەو هەموو دەستدرێژی و بەدڕەفتارییەی داعـش دەرهەق بەژنـی کـورد، بەڵام لەکـاتـی دیلکردنیانـدا، ژنـانی شـــەڕڤان بەوپەری مۆرالّ بەرزییەوە تەداوی برینەکانیان دەکەن و دیلەکانیان ناکوژن. وێنەکە خوی دەدوێت.



کچێکی ئێزدی چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوە.



عەمار عەزیز

کە کاتژمێر ٨ی بەیانی ڕۆژی ٣ی ئابی ساڵی ٢٠١٤ چەکدارانی داعش گەیشتنە سەنتەری قەزای شەنگال ئێزدییەکان لەو شارەو گوندەکانی دەوروبەریدا ڕوبەڕوی تراژیدیاو مەینەتی بوونەوە، دەیان کەس بەدەم هێرشەکەی داعشەوە کوژران و سەدان ژن و کچیان دەستگیرکران و بەرەو شاری موسڵ و شوێنی نادیاریان بردن، یەکێک لەو کچانەی بووە قوربانی دەستی چەکدارانی داعش کچێکی تەمەن ٢٦ ساڵان بوو بەناوی (ئەحلام میعە)یە کە دوای گرتن و کۆکردنەوەیان گواستوویانەوە بۆ ناحیێ تەلەعفەر لەوێش بەیاسای داعش هەر لەناو چەکدارانی داعشدا کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێت و دەخرێنە دۆخێکی تەواو نائینسانیەوە، دەستدرێژی سیکسیان دەکرێتە سەرولاقە دەکرێن و دووگیان دەبن لەناو ئەو پرۆسەی جێنۆسایدەدا ئەحلام دوو جار دووگیان بووەو لەباری بردووە.

ئەحلام میعە لەدایک بووی ساڵی ١٩٨٨ دانیشتوی قەزای شەنگالە، لە کاتژمێر ٨ی بەیانی ڕۆژی ٣ی ئابی ساڵی ٢٠١٤ چەکدارانی داعش ئەحلام و تەواوی کەسوکارەکەی کە ژمارەیان ٣٣ کەس بوو لە کۆمەڵگای سیبای شێخ خدر کەوتنە دەست چەکدارانی داعش، ئەحلامیش وەک زۆربەی کچانی ئێزدی خراوەتە دۆخێکی خراپەوەو بەردەوام دەستدرێژیان کراوەتە سەرو ماوەی چوار ساڵی بەکۆیلەیەتی لەژێر دەستی داعشدا بەسەربردووە ، بەڵام لەکۆتایی ساڵی ٢٠١٨ کەسوکاری توانیویانە لەڕێگەی قاچاغچییەوە بەپارەیەکی زۆر کە بڕی ٢٠٠٠٠ بیست هەزار دۆلار لە دێرەزوری وڵاتی سووریاوە بیگەڕێننەوە بۆکوردستان و لەدەست ستەمکاری چەکدارانی داعش رزگار دەکرێت.

لەمیانەی چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی هاوڵاتی یەحلام چیرۆکی خۆی دەگێڕێتەوەو دەڵێت دوای ئەوەی هەوڵی خۆدەربازبوونمان داو دابەش بووین بەسەر دوو ئوتۆمبیلدا لەڕێگە تووشی چەکدارانی داعش بووین و گرتیانین و بردیانین بۆ لەتەلەعفەر لەوێ ژنێکی داعش هاتە ناو ئێمە چەند قسەیەکی کردو وتی: « دەبێت هەموتان جلوبەرگی ئایینی ئیسلام بپۆشن و مزگەوتتان بۆ دروستدەکەین و دەبێت نوێژ بکەن و قورئان بخوێنن، «دوای ئەوەی هەندێک مونشەئەی جام ڕەشیان هێنایە تەلەعفەر، ژن و کچیان کردە ناو ئەو مونشەئانە و ئێمەیان گواستەوە بۆ هوڵی گالاکسی لەناوەندی شاری نەینەوا، لەموسڵ دەستیان بەکڕین و فرۆشتنی ژن و کچانی ئێزدییان کرد

چەکدارانی داعش بیست و پێنج جار کڕین و فرۆشتنیان پێوەکردوم و ٣٧ جار بەزۆر دەستدرێژی کراوەتە سەرم دووجار دووگیان بووم، بەڵام بەچەند ڕێگایەکی نهێنی توانیم هەردوو منداڵەکە لەبەر خۆم ببەم ، کاتێک زانیان ئەو کارەم کردووە چەکدارانی داعش ئەشکەنجەیان دام. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار لەکاتی کۆبوونەوە و ئاهەنگی ئەوان کە بەشداردەبووین، «لەوێ ژنان و کچانی ئێزیدی بەنهێنی حەبیان دەدا بەیەکتر بۆئەوەی دووگیان نەبن،

بەڵام زۆر بەنهێنی ئەو ئیشـــەمان دەکرد چونکە داعش بەنیازی خستنەوەی لەمندالّ بوون هەتا ژمارەی چەکدارانی داعش زیاد ببن.

سـەرەرای ئەو هەموو بێ ڕەوشـتیانەش چەکدارانی داعش بەزۆر ئەحلامیـان فێری نوێژکردن و قورئـان خوێنـدن کردووە» ئەحلام دەڵێت : چەکدارانی داعش بەزۆر بەمنیان وت دەبێت بەشـــداری لەخولێکی ئایینی بکەیت، ماوەی خولەکە ٤٠ ڕۆژ بوو، هەموو ڕۆژێک لەبەیانی زوو دەچووم بۆ مزگەوتەکە تا ئێوارە لەناو مزگەوت بووم، ئێمەیان فێری نوێژکردن و قورئـان خوێنـدن دەکرد، جـارجـاریش قورئانمان لەبەردەکرد، باش لەبیرم نیە ١٥ئایەتی قورئانم لەبەرکردبوو، ئەگەر جارێک نوێژم نەکردبا یان قورئانم بەهەڵە خوێندبا چەکدارانی داعش ئێمەیان ئەشـــکەنجە دەدا. هاوکات باس لەناخۆشـــترین حاڵەت دەکات : کە لە موسڵ بووم لەنیوە شـەودابوو من خەوتبووم، چەکدارێکی داعش هات و منی لەگەڵ خۆی برد، دواتر دەســـتدرێژی کردە سـەرم، کاتێک ئەو داعشـەم بینی زۆر ترسام هەموو شتێکی خراپی لەگەڵ کردم هەرگیز ئەو شەوە لەبیرناکەم.

بەپێی ئاماری نوسـینگەی رزگارکراوانی دەسـتی داعش بێت تائێســـتا ســـێ هەزار ژن و کچی ئێزیدی رزگارکراون و زیاتر لەدوو هەزاریان بێســـەروشـــوێنن و بـاس لەوەش دەکەن زیـاتر لە ٤٠٠ ژن و کچی ئێزیـدی لەکەمپی هۆڵن لە ڕۆژئـاڤای کوردســـتـان و بەدوایـانـدا دەگەڕێن بەپێی وتەی بەرپرسانی نوسینگەی رزگارکراوانی دەستی داعش.

سەرچاوە ماڵپەڕی هاوڵاتی



ئاراس، شەهیدێکی گۆڕون

کاتژمێر (٨)ی ســـەرلەبەیانی ڕۆژی ١٠/٧/ ١٩٨٨ لە ئۆردوگای هەواڕە خۆڵ لە نزیـک گوندی بۆیەنی شـــاری بانە، فڕۆکەکانی هێزی ئاســـمانی ســـوپای عێراق بە چەکی کیمیایی ئۆردوگای ئاوارەکانی هەواڕەخۆڵیان بۆمباران کرد.

بەهۆیەوە خەڵکێکی زۆر لە ئـاوارەکـان بریـنـدار بوون و کەســێکیشـیان شـەهیدبوو لەو بۆمبارانەدا ئاراسـیش بە ســەختی بریندار‌بوو، بەڵام دواتر هەر بەهۆی بریندەکەیەوە لە نەخۆشخانەیەکی وڵاتی ئێران شەهیدبووە.

بەداخەوە هەتا ئێســـتا ئاراس گۆڕی ونە، چونکە لە کاتی مردنیشـــیدا تەرمەکەی لە خەســـتاخانە وەرنەگیرایەوە هەرلەبەرئەوەشـە نازانرێت گۆڕی لەکوێیە و کەی و چۆن و کێ بەخاکی سپاردووە.

لەم بـارەیەوە پەیجی گونـدی هەڵەدن نوســـیوێتی بە هۆکـارێـک کە هێشـــتـا ڕون نیە نەتوانرا تەرمەکەی وەربگیرێتەوەو بەخـاک بســـپێردرێـت بۆیە گۆڕەکەی نادیارە .

ئەنفالستان بەسوپاسـەوە ئەم وێنەو زانیاریانەی لە پەیجی گونـدی هەڵەدن وەرگرتووە.ئەوانیش وەک ئـامـاژەیـان پێداوە لە جەلال ئەمینیان وەرگرتووە.

هەرچەندە هەوڵمدا تەمەنی ئاراس بزانم و کەســـوکاری بدۆزمەوە بەڵام هێشـــتا هیچ زانیارییەکم لەبارەیەوە چنگ نەکەوتووە.

جێگەی ئاماژەیە هەواڕە خۆڵ چادرگەیەک بوو، ئاوارەکانی دۆڵی جافایەتی و شارباژێری تێدا کۆببوونەوە، ئەنفالستان چەند بریندارێکی ئەو بۆمبارانەی دواندووەو لەژمارەکانی پێشتردا بڵاوکراونەتەوە.



دوا ماڵئاوایی

بیرەوەری پێشمەرگەیەک

ئامادەکردنی ئەنفالستان

جەلال قولیجانی ساڵی ١٩٨٨ پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە لەکەرتی ٦ی تیپی ٥١ی گەرمیان. دوای ئەنفالیش یەکێک بووە لەپارتیزانانەی لەگەرمیاندا مابوونەوە.

دەگێڕێتەوەو دەڵێت : ئەنفال دڵتەزێنترین ڕۆژگارەکانی ژیانمە، لەهەموو گەرمیاندا شیوەن و گریان بوو، ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٢ فوئاد حەبیب شەهیدبوو هەر بەبەرگی خۆیەوە ناشتمان. فوئاد حەبیب پێشمەرگەی کەرتی ٦ بووخەڵکی گوندی بەلەگەی ناوداوێ بوو.

لە١٩٨٨/٤/١٤، لە پێشمەرگایەتی گەڕامەوە بۆلای خێزانەکەم لەگوندی قولیجانی سەرحەد. کە گەیشتم لادێ تەواو چۆڵ ببوو، تەنها دایکم و تەلیعەی خوشکمی لێ مابوون، لەگەڵ مامم حەمەڕەشید ئەوانیش هاتبوون بۆ سۆراخ و هەواڵپرسینی من.

دوای ئەوەی ئەوانم بینی ئیتر بڕیارمدا کە بگەڕێمەوە بۆ لای هاوڕێ پێشمەرگەکانم. بەڵام دایکم و تەلیعەی خوشکم زۆر هەوڵیان لەگەڵدام و زۆر لێم پاڕانەوە کە نەڕۆم و لێیان دانەبڕێم.

دایکم دەترسا جەرگی بسوتێ و خوشکم ئاگر لە ناخی بەربوو و دڵی لێی دابوو کە ئیدی یەکنابینینەوە.

تەلیعە خوشکی گەورەم بوو، دەگریا و دەپاڕایەوە کە نەڕۆم و چەند جارێک توند لە ئامێزی گرتم و دەیوت : تخوا جەلال مەڕۆ.

من بە گوێی ئەوانم نەکرد و خواحافیزیم لێیانکرد و ملی ڕێگەم گرتەبەر، بەڵام ئەوان خواحافیزیان لێ نەکردم.

تەلیعەی خوشکم کە زانی بێسوودە و ئیدی بڕیاری یەکجاریم داوە و ناگەڕێمەوە، بەدوام کەوت و دەستی کرد بە گریان و باوەشی پیادا کردم و وتی : مادام هێندە پێداگری لەسەر ڕۆشتن و بەگوێمان ناکەی، ئەوا خوات لەگەڵ بێت بۆ هەمیشە. ئیدی من و تۆ یەکدی نابینینەوە.

دوبارە دەستی کردەوە بە گریان. تەلیعەی خوشکم وا گومانی دەبرد کە من شەهید دەبم و ئەو لە ژیاندا دەمێنێتەوە.

بەڵام بەداخەوە، پێچەوانەبوو ئەوان ئەنفالکران و من مامەوە، تەلیعەی خوشکم و سێ لە کوڕەکانی بە ناوی " سەردار و سەلام و ڕێبوار" بەر شاڵاوی نەگریسی ئەنفال کەوتن و من هیچکامیانم نەدیەوە، تەنها بەختیاری خوشکەزام مابوویەوە و ئەویش لە باوەشی خاڵۆ ڕەحیمدا بوو و ڕزگاری بوو.

مامەڕەشیدیشم هەموویان بەرشاڵاوی ئەنفال کەوتن کەسیان رزگارنەبوون، زارای خێزانی و محەمەدو حەتەم و حەیات، کەسیان رزگارنەبوون.

قولیجانی سەرحەد پێش ئەنفال ٣٥ ماڵ بوون ٦٣کەسیان بەرشاڵاوی ئەنفال کەوتن.

زۆربەی زانیارییەکان لە بەختیار مام حەمیدو جەلال قولیجانی وەرگیراون.

چیرۆکی تۆماس عەبدوڵا حەمۆ

کە ساڵی ٢٠١٤ داعش هێرشیان کردە سەر شەنگال.



تۆماس عەبدوڵا حەمۆ منداڵێکی تەمەن ٩ ساڵ بوو چەکدارانی داعش وەک دڕندە پەلاماریاندان و لەگەڵ سێ برای تریدا لە شەنگال رفاندیانن، هەتا کاتی گرتنەوەی شاری موسڵ لەلای داعش مایەوە، لەدوای گرتنەوەی شاری موسڵ هێزە عێراقییەکان لە ژێر بینا رووخاوەکاندا دۆزیانەوە.

عەبدوڵا حەمۆ شەنگالی باوکی تۆماسەو دەڵێت " کاتێک داعش هێرشی کردە سەر شەنگال، منداڵەکەم و چواربرای تریان رفاند، دواتر گواستیانەوە بۆ قەزای تەلەعفەر و لەوێ خرابوونە خوێندنگای شەریعەتی ئیسلامی لەلای داعش، دواتر راهێنانی پێکراوە لەسەر چەندین جۆری چەک و چۆنێتی گوللەباران کردن و فیکری ئیسلامی لە سەربازگەکانی داعشدا." دواتر رەوانەی موسڵ کراوە و کاتێک سوپای عێراق هێرشیکردووەتە سەر موسڵ، تۆماس لە نیو یەکیک لەبیناکانی زانکۆی موسڵدا بووە کە لەو بینایەدا چەند چەکدارێکی تری داعش و چەند منداڵێکی ئێزدی تێدابووە، بەڵام بیناکە لەلایەن فرۆکەکانەوە بۆردومان کراوە و تۆماس کەوتووەتە ژێر داروپەردووی باڵەخانەکەوە پاش ئەوەی هێناویانەتە دەرەوە، دەستبەجێ گوێزراوەتەوە بۆ ناحیەی حەمام عەلیل بەمەبەستی وەرگرتنی چارەسەری پێویست."

باوکی تۆماس چیرۆکی دۆزینەوەی دەگێڕێتەوەو دەڵێت " پەیوەندییان پێوەکردم بۆ ئەوەی بچم کورەکەم بدەنەوە کە چووم بینیم قاچێکی شکابوو هەروەها سەریشی پێکرابوو بریندار ببوو، لەبەر بێ خۆراکی کێشی بەتەواوی دابەزیبوو تووشی بەد خۆراکی ببوو، دیاربوو ماوەیەکی زۆربووە هیچ خۆراکێکی چنگ نەکەوتووە"

عەبدوڵا حەمۆ شنگالی دەڵێت " توانیم سیان لە براکانی تۆماس وەربگرمەوە ئەویش لەرێگای کڕینەوەیان، بەڵام هێشتا برای چوارەمی هەر لەلای داعشەو چارەنوسی نادیارە.

تۆماس هێشتا بەدەست ئازارەوە دەناڵێنێت بە هۆی بۆردومانە بەردەوامەکان بۆ سەر داعش و بریندار بوونی چەند شوێنێکی جەستەی بریندار بووە.

بەڵام ئەفسوس سەرباری بوونی ئەم چیرۆکە تراژیدیەش باوکی تۆماس دەڵێت : هەتا ئێستا هیچ لایەنێک پەیوەندییان پێوەنەکردووین و یارمەتییان نەداوین ئەوەی هەمبوو لە چارەسەرکردنی کورەکەم خەرجم کرد.

لە ئێستادا تۆماس تەندروستی باشترە و دوور لە بیری توندرەوی و تیرۆر لە خوێندنگا دەوام دەکات، لە کەمپی ئاوارەکان لە پارێزگای دهۆک.

لە بەرواری ٢٠١٤/٨/٣ چەند چەکدارێکی داعش هێرشیان



کردە سەر قەزای شنگال بەڵام هێزەکانی پارتی کە لەو قەزایە بوون و ژمارەیان ١٢ هەزار پێشمەرگە بوو، بەبێ هیچ بەرگرییەک شارەکەیان چۆڵکرد و رادەستی داعشیان کرد کەبەو هۆیەوە هەزاران هاوڵاتی شەهید کران و هەزاران ژن و کچیش رفێنران.

بەسەربازگە کردنەوەی تۆپزاوا، پەیامێکی مەترسیداری دەوڵەتی عێراقە

هۆمەر موحەمەد

٢٠٢١/١٠/٢٣ –سلێمانی

تۆپزاوا، شوێنی کۆکردنەوەو پۆلێنکاری ئەنفالکراوانە، مافی کوردو هەموو ئەنفالکراوێکە بکرێتە مۆنۆمێنت، ئەگەرنا وەک ئێستای بمێنێتەوە، دەوڵەتی عێراق ئەرکێتی ئەو مافە بپارێزێت و رێگە بەفەرماندەکانی سوپا نەدات دەستدرێژی بکەنە سەر. دوو ڕۆژە خەڵکی گوندی تۆپزاوا ڕێگری لە هەوڵی ئەفسەرانی سوپای عێراق دەکەن و ناڕازین تۆپزاوا نۆژەن بکرێتەوەو بیکەنەوە بەسەربازگە.

لەسەردەمی ئەنفالدا تۆپزاوا بارەگای سەرەکی فەرماندەیی سوپای میللی (جیش الشعبی) بوو، بەڵام بۆ تاووتوێ کردن وسەرخستنی پرۆسەی ئەنفال چۆڵکراو کرایە بنکەی سەرەکی کۆکردنەوەو پۆلێنکردنی هەموو ئەنفالکراوان، کاتێک خەڵکی گوندەکان دەگیران، جاش و جەیش بەخێرایی دەیانگەیاندنە نزیکترین کەمپەکاتییەکانی کۆکردنەوە، وەک (قادرکرەم قۆرەتوو، قەڵای سوسێ و قەڵای سپیلک و لیوارەشەکەی کەلارو لیواکەی چەمچەماڵ) لەو کەمپەکاتیانەوە خەڵکە گیراوەکەیان بەسەیارەی سەربازی کۆستەرو گەڵابەی بەسوخرە گیراو ڕەوانەی تۆپزاوا دەکران، لەوێ پۆلێک سەربازی تووندڕەفتار بەجنێو لێدان خەڵکەکەیان دادەگرت و لەحەوشەکاندا کۆدەکرانەوەو ئینجا پۆلێن دەکران و جیادەکرانەوە، دوای ئەوەش دەکرانە ناو هۆڵەکانی ئەو سەربازگەیەوە، کەهەریەکیان نزیکەی ٥٠٠ کەسیان تێدەکراو بەبێ خواردن دەهێڵدرانەوە، دوای دوڕۆژ ئەوپەڕی دوای سێ ڕۆژ بەپاسی بێ پەنجەرە ڕەوانەی شوێنی جیاواز دەکران، کەئەوسا بۆئەوان نادیار بوو، بەڵام دواتر ئاشکرا بوو گەنجەکانیان بۆ ناو چاڵەکانی مەرگی بەکۆمەڵ و پیرەمێردو پیرەژنەکانیان بۆ نوگرەسەلمان و ژن و منداڵیشیان دەنارده سەربازگەی دوبز.

سەربازگەی تۆپزاوا دەکەوێتە ڕۆژئاوای پارێزگای کەرکوکەوە. بەتەنیشت گوندەکانی ترکەی تورکمان نشین و تۆپزاوای کوردنشینەوەیە، سەربازگەکەش بەناوی تۆپزاواوە دێت.

دەسەڵاتدارانی عێراق بیانەوێ یان نا، سەربازگەی تۆپزاوا چووتە یادەوەری کوردەوەو بەشێکە لە یادەوەری گشتی، چونکە ئەنفال ڕوداوێک نیە لە بیربچێتەوەو تۆپزاواش لەکاتی ئەنفالدا بەسەدان هەزارمرۆڤی کوردی پێداتێپەڕیوە، جەلاد و قوربانی تیایدا بوونە کارەکتەری ڕوداوێکی



تراژیدی مێژوویی، بە سەدان منداڵی تێدا مردووەو دەیانی تێدا لە دایک بووە، مرۆڤی کوردی تێدا فەلاقەکراوەو سوکایەتی بەژن ومنداڵ وپیرو گەنج کراوە، هیچ ئەنفالکراوێکی گوندەکانی پارێزگای سلێمانی و هەولێرو کەرکوک نییە بە دەروازەکانی تۆپزاوادا تێنەپەڕی بێت، چ ئەوانەی بۆ هەتاهەتایە بێسەروشوێنکران و لەگۆڕی بەکۆمەڵدا کوژران و چ ئەوانەی لە زیندانەکانی دوبزو نوگرەسەلمان دوای شەش مانگ بەهیلاکی گەڕانەوە.

بۆیە ئەرکی دەوڵەتی عێراقە ڕێز لە مافی ئەنفالکراوان و گەلی کوردستان بگرێت وەک کەمتەرخەمی نواندووەو هەتا ئێستا نەیکردووە بەمۆنۆمێنتێک بۆ یادەوەری هەق نیە، بیکاتەوە بەسەربازگە. چونکە تۆپزاواو نوگرەسەلمان و قەڵای نزارکێ و سەربازگەکانی سەلامێ و دوبز، بوونەتە

هێمای جێنۆسایدی گەلی کوردستان و ستەمکاری ڕژێمی بەعس.

بەسەربازگەکردنەوەی ئەوشوێنانە بەتایبەتیش نوگرەسەلمان و تۆپزاوا، هەر بێڕیزی کردن نییە بە کوردو بەو هەموو چیرۆکە تراژیدیایەی مرۆڤی کورد، بەڵکو بێڕێزییە بە دەوڵەتداری عێراقیەکانیش. مەگەر دەوڵەتی عێراق بەم هەنگاوەی چ قازانجێک دەکات ؟ ئەگەر سەربازگەیەک لە تۆپزاوا بونیات بنێتەوە، لەواقعدا گیانی پێکەوەیی دەڕوخێنێ و دوبارە ئابروی دەوڵەتداری خۆی لەکەدار دەکاتەوە، بێ منەتی نیشانی کوردو دونیا دەداتەوە لەوەی دەبێتەوە میراتگری دەوڵەتی پێشوو لەستەمکاریدا، نەک لە بونیاتنانەوەی وڵات و قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتواندا.

پێداگری کردن لە بەسەربازگەکردنەوەی تۆپزاوا دەبێتە پەیامێکی ڕونی دەوڵەت بۆ ستەمکاری و بێڕێزی کردن بەئەنفالکراوان بەو واتا لێکدەدرێتەوە کە ئەنفالکراوان هیچ بەهایەکیان نەبووەو لەداهاتوشدا مرۆڤی کورد بەهایەکی نابێت.

بۆ دەوڵەت و عێراقیەکانیش واجوانترو باشترە تۆپزاوا بکرێتە مۆزەخانەیەک هەتا وەک ئاوێنە عێراقیەکان ڕابوردوی خۆیانی تێدا ببینن، بەمۆزەخانەکردنی تۆپزاواو نوگرەسەلمان زیاتر لە سەربازگەیەک عێراق دەپارێزن، تێگەیشتن لەیادەوەری و مافی ئەوانی دی یەکێکە لە بنەماکانی ئاسایشی نیشتمانی بەپێچەوانەشەوە تەنها پشت بەستن بەسەرباز ئاماژەی بەسەربازگەکردنەوەی سەرجەم کۆمەڵگاو ڕۆیشتنەوەیە بەهەمان ڕیگا چەوتەکانی بەعسدا و سەرئەنجام هەر ماڵوێرانی و کوشتاری عێراقیەکانی لێبەرهەم دێتەوە .

ئەرکی سەرۆکی کۆمارو پەرلەمانتارانی عێراق و سەرۆکی حکومەت وئەنجومەنی پاریزگای کەرکوکە، لەم پێشێلکاریە بێدەنگ نەبن، وەک کەمتەرخەمیان نواندووە لەوەی تۆپزاوا بکەن بەمۆنۆمێنت، بەڵای کەمەوە وەک خۆی بمێنێتەوەو ڕێگە نەدەن بکرێتەوە بەسەربازگە.

گرنگ ئەوەیە بڕیارەکە هەڵوەشایەوە

بڕیاری بەسەربازگەکردنەوەی تۆپزاوا هەڵوەشایەوە، دوای ئەوەی کۆدەنگیەکی ناڕەزایی لەسەر بەسەربازگەکردنەوەی تۆپزاوا دروست بوو، ئەمڕۆ خەلیل ڕەحیم بەڕێوەبەری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی کەرکوک ڕایگەیاند، کە پڕۆژەی بەسەربازگەکردنەوەی تۆپزاوا بەتەواوەتی هەڵوەشایەوە. لای خۆشیانەوە کۆمەڵەی داکۆکی لەپرسی ئەنفال ڕایانگەیاند کەوا نوسینگەی سەرۆک کۆمار ئاگاداری سەرۆکی کۆمەڵەکەیانی کردوەتەوە کەوا سەرۆک کۆماری عێراق لەگەل وەزیری دیفاعی عێراق قسەی کردوەو نۆژەنکردنەوەی سەربازگەی تۆبزاوا هەڵوەشێنراوەتەوە.

لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بەڕێوەبەری گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی سلێمانیش مافناس ئەدیب لەتیف بە ئەنفالستانی ڕاگەیاند: بەهەوڵی پەڕلەمانتارانی کوردو سەرۆک کوماری عێراق، لەوەزارەتی بەرگری عێراقەوە بڕیاری بەسەربازگەکردنەوەی تۆپزاوا هەڵوەشێندرایەوە.

تۆپزاوا لەسەروەختی ئەنفالدا کرابووە بنکەی سەرەکی کۆکردنەوەو پۆلێنکردنی گوندنشینە ئەنفالکراوەکانی هەرسێک پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێرو کەرکوک بوو، ئەویش سەربازگەیەک بوو لەسەرنەخشەی ڕوسی وەک سەربازگەکانی تری عێراق دروستکراوەو دەکەوێتە خۆرئاوای شاری کەرکوکەوە.

دەستخۆشی بۆ هەموو ئەو کەس وڕێکخراوو لایەنانەی کە لەو دەستدرێژییە بێدەنگ نەبوون و تواناییان فشار بخەنە سەر حکومەتی عێراق و بریارەکە هەڵبوەشێننەوە. بەڵام ئەگەر لەئایندەدا تۆپزاوا نەکرێتە مۆنۆمێنتێکی شایان بە مێژووی کوردو عێراق ئەوا دواڕۆژی هەر بەسەربازگەکردنەوە دەبێت.

ڕەنگە سوێندەکەم نەکەوێ

هومەر محەمەد

٢٠٢١/١٠/٢٢ سلێمانی

پۆستێکم دەربارەی پیرەمێردێک، بەناوی عەبدولکەریم سەعیدی خەڵکی گوندی قولیجانی سەرحەدی گەرمیان بڵاوکردەوە، کە لە نیسانی ساڵی ١٩٨٨ دا هاوژین و منداڵەکانی هەموو ئەنفالکراون، ساڵی ٢٠١١ بەڕێکەوت چاوم پێکەوت و سەرپێی دیدارێکم لەگەڵیداسازداو بەڤیدیۆ تۆمارم کرد. زۆربەی خەڵکی ناوچەکە وای بۆدەچوون کە ئەم پیرەمێردە لەسوێی منداڵە ئەنفالکراوەکانی خڵەفاوەو زۆر هۆشی بەسەر خۆیەوە نەماوە و ستەمی ڕۆژگار تەواو ماندوی کردووە! کەچی بەوحاڵ و شوناسەشییەوە قسەیەکی کرد، بۆمن زۆر ڕاچڵەکێنەر بوو، با پێکەوە جارێکی دی لە قسەی ئەم پیرەمێردە ڕابمێنین کە گوتی :

من هەر چاوەڕوانی هاتنەوەی کوڕەکانم، ئێژم بەشکو ئەو عەرەبانەی هاتوون بۆ ئێرە بۆعەمەلە "مەبەستی کرێکارییە" یەکێکیان کوڕەکانی من بێ و عەرەب نەبێ ؟

کاتێک دیدارەکەی مام عەبدولکەریمم لە ژمارە ٩ی گۆڤاری ئەنفالستاندا بڵاوکردەوە، وەک ئەوەی قسەی نەکردبێت هیچی لێنەکەوتەوەو هیچ ڕاچەڵەکینێکی نە لەناوچەکەی خۆیداو نەلەناو خوێندەوارانی گۆڤارەکە دروست نەکرد، تەنانەت وردەسەرنجێکیشم لەبارەیەوە نەبیست! بۆخۆشم لەکاتی تەفریغ کردن و بڵاوکردنەوەیدا زۆر بەدیار دیدارە کورتەکەیەوە ڕامام، بەڵام هیچ تایتڵێکم نەدۆزییەوە شایانی هەستی عەبدولکەرم ئەو ئازارە ناوەکییە هەلاهەلایە بێت. ناچار قسەکەی خۆی بووە تایتڵی دیدارەکەمان .

بەڵام دوای ١٠ساڵ لەبڵاوبوونەوەی چیرۆکەکەی مام عەبدولکەریم تەنها وێنەیەکی خۆی و هەست و ئازارەکەیم بە (سێ دێڕ) زیاترنا، لە واڵی خۆم و واڵی ئەنفالستانیشدا کرد بە پۆستێکی فەیسبوک و دکتۆر ئیبراهیم مەلازادەش پۆستەکەی بڵاوکردەوە، بەهەرسێک پۆستەکەی (ئەنفالستان و ئیبراهیم مەلازادەو من) تەنها ٢٧ کۆمێنتی لەبارەوە نوسران، زۆربەی کۆمێنتەکانیش هەر دەستەوسانی و ئاخ هەڵکێشان بوون.

ئەوە بۆکۆی تاوانی ئەنفال و نەخوێندنەوەی واقعی وڵات و ستەمکاری هەتا ئاستی جێنۆساید و کاریگەرییەکانی لە عێراق و کوردستان، بۆ من نەک هەر مایەی نیگەرانی بەڵکو جێگەی تێڕامانی قوڵن ! بۆچی ؟ چونکە هێشتا بۆ زۆربەی ئەوانەی کارمەندو بەرپرس و مامۆستای زانکۆن، یان بەرپرسن و لەفەیسبوک هاوڕێمن دەبینم و هەندێکیان ڕێک و ڕەوان دانی پێدا دەنێن لە ڕادەربڕین و گوزارشتکردندا ئازادنین و هێشتا بۆیان دەبێتە مایەی نانبڕین و کارەسات! ئەو ژن و پیاوانەی هاوڕێمن و بەزارەکی پێمدەڵێن شتەکانت دەخوێنینەوە بەلام ناوێرین سەرنج بنوسین و لایک بکەین. ئەوانە ئەگەر قسەیەک لەسەر ئازارەکانی عەبدولکەریم بکەن، لەچی ولەکێ دەترسن، ؟ کەواتە ڕونە هێشتا قۆناغی بەعسیزمان بەجێنەهێشتووە. بۆیە لەژینگەی بەعسیزمدا ناتوانرێت لە خواست و هەستی مام عەبدولکەریمیش تێبگەن .

هەمان ئەو ترس و تۆقینەی سەردەمی "بەعس"، مایەی تێڕامانە، لەسەردەمی ئازادی و دوای ئەنفال، ترسی جۆراوجۆر، ترس لە دەربڕین لەوەی زۆر قسە هەن بواری دەربڕینیان بۆ نەڕەخسێندراوە، ئەم ترسە مەترسیدارەو قوڵ ڕۆچووەتە ناخی تاکی کوردەوە، گرفتێکی گەورە و کێشەیەکی زۆر قوڵە، کە کوردەکانی سەردەمی حوکمی خۆمالّی هێشتا نەوێرن بە ئازادی و ئاشکرا گوزارشت لە هەست و نەست و خواست و ئازارەکانی خۆیان بکەن، من زۆر ئەنفالدیدەم دواندووەو لە بێدەنگیان تێگەیشتووم لە کاردانەوە(Reaction – ی روخساریاندا لە بەقوڵداچونەوەی چاویاندا زۆر نەوتراوم دیوە.

سوێندم بۆ پیرەمێردەکە خوارد

ساڵی ٢٠٠٦ پیرەپیاوێکی تەنیاکەوتوو کە بۆ دیدارێکی ڕۆژنامەوانی چوومەلای، لە کۆمەڵگایەکی زۆرەملێدا دەژیا، کە لەنیازم تێگەیشت بەرلەوەی قسەم بۆ بکات لەبەردەمم زۆر گریا، گریانێک زۆری پێچوو هەتا ئارام بووەوە، دواجار کە هەنسکەکانی کەم بوونەوەو فرمیسکەکانی بە پشتێنەکەی وشک کردەوە، کەمێک سەری هەڵبڕی و گوتی :

-دڵم غایەی خراپت لێناکات، موحبەتێکت هەیە، ڕەنگە هی ئەوەبێت دوربێت لەگیانت لە کوڕە گەورەکەم دەچیت.

- مامە کورەکەت ناوی چی بوو؟
- ناوی عومەربوو.
- ڕێکەوتێکی سەیرە! منیش هەر ناوم عومەرە.
- ئەی بەساقەی دەمت بم، بەساقەی ناوەکەشت بم.

(گەڕێکی تری گریان چاوەڕوانی ئارام بوونەوە)

- دەی کەوایە تەسجیلەکەت بکوژێنەوە، هەتا نەمردوم با ئەم ڕاستییەت بۆ بەیان بکەم، بەخوا وادەزانم بۆ عومەری کوڕمی دەگێڕمەوە، بەڵام سوێندم بۆ بخۆ لای کەس قسەنەکەیت و بڵاوی نەکەیتەوە، ئەگەر لەملاولەولا بۆهەرکەسێکیشت باسکرد قسەکە بەدەمی منەوە نەکەیت.

-سوێندبێت بەگۆڕی باوکم کە ئەویش شەهدە بڵاویشی بکەمەوە ناوت ناهێنم و ناهێڵم کەس بزانێ تۆ بۆت گێڕاومەتەوە، گوتی : نا کوڕی خۆم بابەس من و تۆ ئەمە بزانین، با هەرمن و تۆ بەم ئازارەوە بسوتێێن باخەڵکی ترگوێێ لێ نەبێت چونکە شەرەف گرانە، دەزانم کە بیستت تۆش وەک من ئازار دەچێژی، مەگەر هەرکورد نەبیت، ئەگینا ئەوەی کوردبێ و شەرەفی هەبێ ئەمە بزانێ وەک من ئازار دەچێژی.

دوای ئەوەی سەری سەلماندنم بۆ دانەواند گوتی :

-براکەم تۆ بەنیازی چیت ؟ چیت بۆ بگێڕمەوە ؟ ئێمە شەرەفمان ڕۆیی،

-قسەکەم پێبڕی وگوتم نا ئەوانە شەرەفیان نیە کە ئەنفالیان کردین.

-ڕاوەستە قسەت بۆ بکەم، شەرەفمان کوا ؟ من بڵێی جاش بووم وەڵاهی جاش نەبووم، چەکم بۆحکومەت هەڵنەگرتووەو گوللەم بە پێشمەرگەوە نەناوە، بەڵام خوا ئاگادارە خراپەم بووە، ئیخباری پێشمەرگەم کردووە، بە ئیخباریی من عەسکەر هاتووەتە سەریان و کۆپتەرهاتووەتە سەریان، بەڵام بەوە دڵخۆشی خۆم دەدەمەوە هیچ جارێک کەس خوێن لەلوتی نەهات وکەسیشم بەگرتن نەداوە. بەڵام تازە بلێم چی؟ دەی بەکەلامی خوا ئەو بەعسیە زاڵمانە فەرقی کچەکانی من و کچی پێشمەرگەو ناپیشمەرگەیان نەکرد، کە گرتمانیان چوومە لای ئەفسەرێک بەدزییەوە پێمگوت برا من لە خۆتانم موخبیرم ئەوە ڕەفیق فلان و ئەوە فلان موستەشار دەیزانێت من موخەریب نیم و پیاو خۆتانم، ئەفسەرەکە تەماشایەکی کردم و گوتی : ئێستا تۆ کوردیت یان عەرەب ؟ گوتم وەڵا لاریم لە کورد بوونی خۆم نییە، گوتی دەی کەوایە (نفس الخرة) هەمووتان یەک توخمن هەمووتان یان خائین و تێکدەرن، گوتم من سەربە فلاّن ڕەفیق حزبیم و فلاّن موستەشار ئاگادارو شاهیدە ئەفسەرەکە گوتی:موستەشاریش هەر کورد هەر قۆندەرە و موخەڕیبە، باشە کاکە بەو شێوەیە حسابی بۆقسەکەم نەکردو وەک ئەو عالەمە ڕەتاندیانین، هەتا لە تۆپزاوایان قایم کردین، جا ڕەنگە تۆش بزانی سالّی ئەنفالەکە هەموو کوردیان لەوێ خڕکردبووەوە، بەبەرچاوی خۆمەوە پەلی کچە عازەبەکانیان گرت و بردیانن، کچەکانی خۆشم لەگەڵ ئەوانەدا بوون کە بردیانن دەی قەسەم بەخوا لێم عەیانە دڕێغیان لە ژنی بەمێردیش نەکردووە چ جای کچە عازەبەکان.. دەی برا من چۆن نەمرم و چۆن بژیم و بۆچی بژیم ؟

ئەی کورد دوای ئەنفال چی کرد ؟

کوردی دوای ئەنفال دەبوو یەکەم کاری دامەزراندنی سەنتەری تۆێژینەوەو لێکۆڵینەوەو کۆمپانیای بەرهەمهێنانی فیلم بوایە، بۆ هەموو تاوانەکانی جەنگ و جێنۆساید، کێ دەڵێت ئەوانە لەو کاتەدا لەتوانادا نەبوون، دەبێت وەڵامی ئەوەشم بداتەوە بۆ لەتوانادابوو، شەش سالّ شەڕی ناوخۆی پڕ خەرجی و خوێن بکات؟ دوای شەڕو پێکهاتنەوەش هەر هیچ نەکرا تەنانەت ئۆپزسیونیش هیچ ئایدیایەکی نەبوو، هەموو داهێنانی ئۆپزسیون بایکۆت کردنی یادەکان بووە، ئەنفال و هەڵەبجە بۆهەردولایان هەر کارتێکی بەکاربەربووە، دەسەڵات پروپاگەندەی ئەوەی دەکرد هەموشتێکیان بۆکراوەو ئۆپزسیونیش دەیگوت هیچ نەکراوە . نەک هەر دام ودەستگای حکومەت تەنانەت ڕێکخراوەکانیش دەرگایان نەکردەوەو دەرفەتیان نەداو ژینگەیەکیان نەخوڵقاند ئەنفالدیدەکان، تیشک بخەنە سەر دیوە تاریکەکانی ناخیان، ئەگەر توێژەرێک بە وردی دیدارەکانم لەگەڵ ئەنفالدیدەکان بخوێنێتەوەو قوڵ ڕۆبچێتە ناو ئازارەکانیان و بەدیوی ناوەوەیاندا شۆڕ ببێتەوە، هەندێکیان بەڕون و ڕاشکاوی قسە دەکەن و هەندێکیشیان بەشەرم و پەنهانی دەدوێن، بەڵام توێژەری سەرکەوتوو بەکەمێک خۆماندوکردن تێدەگات چی لە ئەنفالدا گوزەراوەو دوای ئەنفالیش چ دەگوزەرێ. بەڵام هەر

حکومەت و دەسەلاتداران کەم تەرخەم نەبوون، بەڵکو تاک بەتاکی کورد بەرانبەر ئەم کۆمەڵکوژیەو بەئێستاو ڕابووردوو ئایندەی خۆی خوێناردو بێباک بوون. بۆیە نەمانتوانی ژینگەیەکی سەلامەت بۆ ژیان دروستبکەین، ستەمکاری جێگەی ستەمکاری گرتەوە، زاڵمان لابردو زوڵمەمان لەجێگەی خۆی هێشتەوە، خەڵک لە ناڕەزایەتیەکانیشیدا، داوای نان دەکەن نەک ئازادی، داوای لابردنی ئەم زاڵم دەکەن بۆ هێنانی زاڵمێکی ترئەوە دەردە، کورتبینییە کە نەوێرن داوای ژیانێکی باشتر بکەن، داوای بکەن و کەس گوێیان لێنەگرێت.. مام عەبدولکەریم کە چاو بەناو کرێکارە عەرەبەکاندا دەگێڕێت ورێنە نییە زۆر واقعییە، وردبینی و هەستێکە کەهێشتا سیاسی و ئەکادیمیەکانی ئێمە نیانە .

ئەوەی مام عەبدولکەریم دەیڵێت شایان بەڕوداندە بۆ نا؟ ئەوەی هەتا ئێستا سیاسی و مافناس و توێژەری کۆمەڵایەتی و دەرونی درکیان پێنەکردووە ئەنفالدیدەکان درکی پێدەکەن، بەڵام کەناڵی خۆیانیان نەدۆزیوەتە قسەی خۆیانی تێدا بکەن. دەنا بۆناشێت لەو عەرەبانەی دێن بۆ کوردستان لەو منداڵە کوردانەیان تێدابێت کە لەسەردەمی ئەنفالدا ونبوون ؟ ئەو منداڵانەی لەخانەوادەیان دابراون و عەرەبێک یاخود فارسێک هەڵیگرتوونەتەوەو بەسۆزەوە گەورەی کردبن و ئەم نهێنیەی ژیانیان پێنەوترابێت. بهێنە پێشچاوی خۆت هەریەک لە ژیان و زمناکۆ هەڵەبجەیی منداڵی ونبووی دوای تراژیدیای هەڵەبجەن و بە چیرۆکی خۆیانیان نەزانیوەو هاتوون لێرە بەدوای کاردا دەگەڕێن و هەرنەیانزانیوە، کوردن ؟

ئەوەی بیرەوەرییەکانی موسا عەنتەرو ڕۆمانی داگیرکردنی تاریکی بەختیار عەلی بخوێنێتەوە دەتوانێت ئاسان لەو ڕاستییە تێبگات کە، ئەگەر کورد لە تورک دەربهێنیت نەتەوەیەک وەک تورک نامێنێتەوە، بشمێنێتەوە بایی ئەوەنین دەوڵەتداری بکەن. ئەوەی لەکاریگەرییەکانی جەنگ و نیازی جێنۆساید تێنەگات، ناتوانێت لەهەست و چاوەڕوانییەکەی مام عەبدولکەریمی گوندی قولیجانیش تێبگات .

دواهەمین کچ

چیرۆکی بندەستی و هەستانەوە

نادیا موراد

لەئینگلیزییەوە : هشیار عابد



دوو ڕۆژە لەگەڵ چیرۆکی نادیا موراد و ئەو زوڵمەگەورەیەدا دەژیم کە لەئیزدییەکان کرا، کتێبەکەی (دواهەمین کچ) دەخوێنمەوەو لەگەڵ دۆڕانی مرۆڤ و ئاین و ویژدانی مرۆڤدا لەشەڕێکی دەستەو یەخەدام هەتا ئەو هەموو تونەدروی و ڕیسواییەی سیاسەتی فاشیزم و سیاسی فاشل و ئیمانداری تونڕەوو درندە لەلایەک و ئیمانداری سەرکزو پاسیف و هیچ لەباردانەبوو لەلایەکی ترەوە هەڵمنەخلیسکێنن ناو ڕقێکی فاشیانەوە. چەند ساڵە بە چیرۆکەکانی ئەنفالەوە سەرقاڵم، ماندووبووم، گریاوم، ڕقم هەستاوە، بەڵام نەمهێشتووە دەمارگیری و تونڕەوی و بەڕەفتاری فاشیزم و دڵڕەقی جەلادو بێهێزی و بێدەسەڵاتی قوربانی زەفەرم پێبەرن و لەمرۆڤەوە بمگۆڕن بۆ بەدرندە.

بەهیوام لەکۆتایدا نادیا موراد نەم گۆڕێ، نەمبەزێنێ.

هەتا هەموومان کارێک بکەین مرۆڤ مرۆڤ بێت نە قایل بێت بەوەی سوک وڕیسوای بن دەستی درندەکانی سیاسەت بێت، نە قایل بێت بەوەی خۆی بەنیازی تۆڵەسەندنەوە ببێتە درندە..

ئافەرین نادییە کە نەبەزیت و قایل نەبوویت لەبن چادری کامپەکانی خانکێ و عەرەبەت زەلیل دانیشیت، ئەوەی کردووتە نەک هەر بۆ شۆفێنیزمی عەرەبی بەڵکو ئەگەر مرۆڤایەتی ئابڕوی هەبێت بەسییەتی.

سوپاس بۆ ڕێکخراوی (P.D.O) کە پێشکەشیان کردم.

ئەو ڕۆژانە خەم زۆربوون، نازانم کامیان بگێڕمەوە



بەمۆ ئیبراهیم سەمین

کات : ساڵی ١٩٨٨- ١٩٨٩

شوێن: گەرمیان- کۆمەڵگەی زۆرەملێی صمود- ڕزگاری ئێستا

قوتابی قۆناغی سەرەتاییم لە قوتابخانەی نصرالعظیم (واتا سەرکەوتنی گەورە) هەموو ڕۆژانی پێنج شەممە لە قوتابخانە ئاڵای عێراق هەڵدەکرا، (رفع العلم) چەند قوتابیەک جلوبەرگێکی تایبەتی وەک هی مغاویرییان لەبەردەکرد پێیان دەوت طلایع، هەرکە ئاڵای عێراق هەڵدەکرا، بەتفەنگێکی کلاشینکۆف و بەگوللەی موختارکوژ تەقە بەسەر ئاڵاکەدا دەکراو پاشان دەبووە چەپڵەڕێزان و هەرپۆلەو چەند قوتابیەکی دەردەکرا لە گۆڕەپانەکە شیعر بخوێنێتەوە، بیرمە چەند کەسێک هەفتانەچیان دەخوێندەوە. بۆنەگبەتی من ئەوسا باوکم لە ئەمنی عامە بەندکرا بوو لەسەر ئەو کورداییەتی و شتە. ئەوسامن پۆلی سێیەمی سەرەتایی بووم دەبوو چیم بزانیایە.

مامۆستایەکی بەعسیمان هەبوو، کە لەم دوادواییەدا ئەویش گۆڕانخوازبوو، ئەوکاتە بەسەرمدا دەیشیراندو دەیگوت: ئادەی بەمۆۆۆۆۆ کوڕی پیاوە موخەپیبەکە لەپیز بێرە دەشتۆ بۆ ناوگۆڕەپان بزانم تۆ بۆ نایەیتە دراسەی عەرەبی. ئەوکات لەهەر پۆلەو چەند قوتابیەکیان دەردەکرد تا دراسەی لە کوردیەوە بگوڕێت و بچێتە دراسەی عەرەبیی. بە پێش چاوی ئەو هەموو قوتابیەوە تێڕو پڕی دەکوتام.

لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییدا وانەی ئینگلیزیمان بۆ زیادبوو. بۆ نەگبەتی من مامۆستا بەعسیەکە وانەی ئینگلیزی پێمان دەوتەوە. قوتابیەکی تەمبەڵ نەبووم تەنانەت دوو نیشانەی زیرەکی کە ڕەنگیان سەوزبوو بۆ پاکی و سوور بۆ زیرەکی بەبەرۆکمداکرابوو، دەهات پرسیاری لێدەکردم، کە بەڕاستی وەڵامم دەدایەوە دەیوت ئاخخخ ئەمجارەش لەکەبابەکەی دەستمت نەخوارد، مەبەستی کەبابیش دارکاریکردنی قوتابی بوو.

لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە تاقیکردنەوەی بەکالۆری بەخولی یەکەم دەرچووم، وتی ئاخخخ لە دەستم دەرچوویت. چوومە یەکەمی ناوەندی بەجۆرێ ڕقم لە ئینگلیزی بوو لە بەر ئەو مامۆستا بەعسیە لە ئینگلیزی کەوتمە خولی دووەم لە دووەم و سێیەمی ناوەندی هەر لە ئینگلیزی کەوتمە خوولی دووەم. لە پۆلی چوارەمی ئامادەیی بەخوولی یەکەم دەرچووم لە پۆلی پێنج و شەشی ئامادەیی بەخوولی دووەم دەرچووم.

کەچوومە پەیمانگا، موستەحەقی (یەکەمەکان – ئەوائیل) بووم بەڵام دیسان ئینگلیزی نەیهێشت. تەنانەت لەداخی مامۆستا بەعسییەکە نەچوومە وانەی مامۆستاکەی پەیمانگاشەوە لەوێش کەوتمە خولی دووەم چوارساڵی زانکۆ دووساڵی وانەی ئینگلیزیمان هەبوو ساڵێکیان بەهۆی ئینگلیزیەوە کەوتمە خولی دووەم.

وێنەکە: دواناوەندی بەمۆی جاران و ئایینەدەی ئێستایە لێتان تێکنەچێ پانتۆڵمان لەپێدایە نەک شەروالّی کوردی لەڕاستەوە خۆم و ڕێبازو هاوکارو ئەحمەدو هیواو عزەت.وابزانم پۆلی چوارەمی ئامادەیی بووین.

روفاتی ئازیزانمان بهێننەوە

کۆمەڵێک ڕێکخراوو کەسایەتی لە هەرێمی کوردستان، کە ژمارەیان ٦٧ کەس و ڕێکخراوەو هەندێکیان وەک تایبەت بەئەنفال و جێنۆساید خۆیان دەناسێنن. لەبەیاننامەیەکدا داوا دەکەن کە روفاتی کەسوکارە ئەنفالکراوەکانیان بۆ بهێندرێتەوە !

لەکاتێکدا لە بەیاننامەکەیاندا سەرەتا نوسیویانە سالّی ٢٠١٩ بەهۆی ڕێڕەوی باراناوە جل وبەرگی قوربانیەکان لە نزیک پاڕێزگای سەماوە دەرکەوتووە.. کەواتە وێرای پشتیوانی لەم داوایە هەر بوونی ڕێکخراوەکان بەو زۆرییەو پەراوێزکەوتنی داواکانیان بەو شێوەیە جێگەی هەڵوەستەو تێڕامانە!

ئایا بەراست حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان خەسڵەتی حکومەتیان لەدەستداوە وا ئەم دۆسێیەیان فەرامۆشکردووە یاخود ڕێکخراوەکان ناکاران لەم بوارەدا ؟ دەشێت ئەمە نەک هەرپرسیارێکی گرنگ بێت بەڵکو مایەی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەش بێت .

دەقی ڕاگەیاندراوەکە:

لە سەرەتاکانی سالّی ٢٠١٩ بەهۆی ڕێڕەوی ئاوی باران جل و بەرگی ژمارەیەک لە ئەنفالکراوان لە گردۆڵەی شیخیەی ٤٠ کم ی پاڕێزگای سەماوە، لە قولایی بیابان و دوور لە ئاوەدانی، لەسەر ڕێگای نوگرە سەلمان، لە ٣ گۆڕی بەکۆمەڵدا روفاتی ئەنفالکروانی لێ دۆزرایەوە،

پشت بەستوو بە بەندەکانی یاسای ژمارە ٥ ی سالّی ٢٠٠٦ و لە ڕێگای چەند ڕێنیشاندەرێک تواندرا شوێنی ئەو گۆڕانە دەست نیشان بکرێت، دەزگای شەهیدانی عێراق بە هاوکاری و پاڕێزگاری سەماوە گۆڕەکان دۆزرانەوە، ڕۆژی ٢٠١٩/٧/٢٢ وەک سەرەتای دەستپێکردنی هەڵدانەوەی ئەو گۆڕانەیان ڕاگەیاند.

لە کۆتایی مانگی تەموزی سالّی ٢٠١٩ تیمی نیشتمانی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان کە پێک هاتبوو لە کارمەندانی فەرمانگەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی دەزگای شەهیدانی عێراق و کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان و پزیشکی دادوەری سەر بە وەزارەتی تەندروستی فیدال و ڕێکخراوی icmp بە هەڵدانەوەی یەکەم گۆڕی بەکۆمەڵ دەستیان بە کار کردن کرد.

ئەو سێ گۆڕە بەکۆمەڵە کەوتبوونە چوارچێوەیەکی نزیکەی نیو کیلومەتر، هەر یەکەیان نزیکەی ٢٠٠ مەترێک لێک دوور بوون، گۆڕەکان بە قولّایی ٧٥ سانیتمر و درێژی ٩ مەتر و پانی ٥ مەتر هەڵکەندرابوون، ڕوفاتەکان کەتبوونە سەر یەکتر، وەک نیشانەیەک بۆ شێوازی درندەیی شەهیدکردن بە کۆمەڵیان لەلایەن ڕژێمی تاوانباری بەعسەوە.

چەندین ڕێکخراو و کەسایەتی و کەس و کاری ئەنفالکراوان لەنزیکەوە چاودێری هەڵدانەوەی گۆڕەکە بوون، هەروەها کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی و عێراقی و بیانی ڕووماڵیانکرد.

لە یەکەم گۆڕدا تیمی نیشتمانی توانینان لە ماوەی ٧ ڕۆژی کارکردنیدا ١٧١ روفاتی ئەنفالکراوانی ئازیزمان هەڵبگرنەوە، کە تەمەنی ژنەکان لە نیوان ١٨ بۆ ٥٠ سالّی بوون و منداڵەکانیشیان لە نێوان یەک سالّ بۆ ١٧ سالّان بوون، سەرجەم ئەو روفاتانە گوازرانەوە بۆ پزیشکی دادی بەغدا تاکو نموونەی ئیسکیان لێ وەربگیرێت .

لە پەیمانگای پزیشکی دادی بەغدا لەماوەی ٢ مانگدا، تواندرا بە شێوەیەکی زانستی، نموونەی ئێسکی هەموو ڕوفاتەکان وەربگیرێت و بە کۆدی تایبەتی خۆیان لە کۆگاکان بپارێزرێن. لەپاڵ ڕوفاتەکاندا لەو گۆڕە بەکۆمەڵانەدا جل و بەرگ و شتومەک و کەڵ و پەڵ دۆزرانەوە.

بەداخەوە تاکو ئیستا بە بەهانەی بوونی نەخۆشی کورۆنا کار نەکراوە، بۆ گەڕاندنەوەی روفاتەکان بۆ کوردستان، لەکاتیکدا گۆڕە بەکۆمەڵەکانی شەنگال، نەک تەنها نموونەی ئێسکیان لێ وەرگیراوە بەڵکو سەمپڵی خوێنی کەس وکاریشیان وەرگراوە و بەراوردیش کراوە و خاوەنەکانیشیان ناسراونەتەوە، بۆیە پێمان وایە هیچ بەهانەیەک بۆ دواکەوتنی هێنانەوە ڕوفاتەکانی سەماوە نییە. لێرەدا وێرای جەختکردنەوەمان لەسەر پەلە کردن لە هێنانەوەی ڕوفاتی ئەو ١٧١ قوربانییە، کە یەکە لەو سێ

گۆڕە بە کۆمەڵەی ئـامـادەی هێنـانەوەیە، ئەو چەنـد



داواکـاریەش دەخەینە بەردیـدی و حکومەتی عێراقی و هەرێمی کوردستان و رای گشتی:

١ .بەهۆی گۆرانی کەش و هەواو و رەشـــەبای بیابان وئەگەری ون بوونەوەی شـــوێنی گۆڕە بەکۆمەڵکـان داواکارین پەلە بکرێت لە هەڵدانەوەی ٢ گۆرەکەی تری (تل شیخیە) یان هەر نەبی سیم بکرێت تاکو ون نەبنەوە.

٢ .بەگوێرەی وتەی شـــاهیدحاڵەکان ئەو نـاوچەیە، ژمارەیەکی زۆر گۆری بەکۆمەڵی دیکە بوونی هەیە، چ جای بوونی چەنـد گۆرێکی بەکۆمەڵ لە نزیکە قەڵای نوگرە ســـەلمان، داواکـارین پەلە بکرێـت لە دۆزینەوەیـان و هێنانەوەی ڕوفاتەکانیان.

٣ .بەهۆی ئەوەی زۆرینەی کەس وکـاری ئەنفـالکراوان تەمەنیان بەرەو ژوورەو وە زۆربەیشـــیان مردوون بۆیە پێوســـتە پەلە بکرێت لە هەڵمەتی نیشـــتمانی وەرگرتنی نموونەی خوێن (DNA)تـاکو بەراورد بکریـت لەگەڵ سـامپلی ئێسـکی ئەو ڕوفاتانەی دۆزراونەتەوە و ئەوانشـی لە داهاتوودا دەدۆزرێتەوە، بەمەبەستی ناسینەوەیان.

٤ .جل و بەرگ و کەلوپەلی ناو ئەو گۆرانەی دەدۆزرێتەوە سـامانی پڕ بایەخن، ناکرێ پشـتگوێ بخرێت، دەبێت ئەو کەل و پەلانە بهێنرێنەوە کوردســـتان و لە مۆزەخانەیەکی نیشتمانی تایبەت بە ئەنفال نمایش بکرێن.

ناوی ڕێخکراوو کەسایەتیەکان

١-ڕێکخراوی بەرگری لە مـافی قوربـانیـانی گۆڕە بەکۆمەڵەکان
٢-کۆمەڵەی داکۆکی لەپرسی ئەنفال
٣-کۆمەڵەی قوربـانیـانی کیمیـابـارانی هەڵەبجە
٤-ڕێکخراوی کوردستان بێ جینۆساید
٥-ڕێکخراوی مانەوە بۆ پرسی شەهیدان و ئەنفالکراوان
٦-ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید-چاک
٧-ڕێکخراوی گەشەپێدانی مافی مرۆڤ
٨-تـۆڕی هـاوپەیـمـانـی ڕێـکـخـراوە کوردســـتـانییەکـان بۆ دادگـای تـاوانی نێودەوڵەتی
٩-ڕێکخراوی باران بۆ پرســـی شـــەهیدان وئەنفالکراوان
١٠ڕێکخراوی دایپەروری و ئـاشـــتی جیهـانی بۆ مـافی مرۆڤ
١١-ڕێکخراوی هەڵمەتی دایپەروەری
١٢ڕێکخراوی چاودێری کوردۆساید چاک کوردستان
١٣-ناوندی داکۆکی پشدەر بۆقوربانیان وجینۆسایدکراو
١٤-گۆڤاری تۆبزاوە
١٥-ڕێکخراوی سەڵباتوو بۆ پرسی ئەنفال
١٦-تۆڕی ئایکان کوردستان
١٧-ڕێکخراوی ژیانی نوێ بۆ ژنانی ئەنفال
١٨-هەڵمەتی ژیان دژ بە ئیعدام لە کوردستان
١٩-ڕێکخراوی چیرۆکەکانی ئەنفال
٢٠-ڕۆنامەی نگرە سەلمان
٢١-ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کۆکوژ لە کوردستان
٢٢ -ڕێکخراوی ئەنفالەکانی کوردستان
٢٣-جیهانێکی بێ چەکی کیمیاوی و بایەلۆجی
٢٤ -گروپی کار بۆئەنفال
٢٥-ڕێکخراوی ژیانەوە بۆ پرسی شەهیدان و ئەنفالکراوان
٢٦-ڕێکخراوی عەر عەر بۆ داکۆکی لە نەوەی شـەهیدان و ئەنفالکراوان
٢٧-ڕێکخراوی چاوی ئەنفال

٢٨-رێکخراوی ئاسۆی زیندانیانی ئەنفال
٢٩-رێکخراوی ئەمەک بۆ پرسی ئەنفال
٣٠-رێکخروی منداڵە ونبووەکان
٣١-ئیبراهیم هەورامانی –نووسەرلە بواری پرسی جینۆساید
٣٢-لەتیف فاتیح فەرەج لێکۆڵەر لە بواری پرسی جینۆساید
٣٣-عادیل حاجی محەمەد ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان و دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی داکۆکی لە ئەنفالکراوان
٣٤-چنار نامق مامۆستای زانکۆ و نوسەر لەبواری جینۆساید
٣٥-هێمن حەسیب نووسەر و چالاکوانی بواری جینۆساید
٣٦-جباراحمد توێژەر لەبواری جینۆساید
٣٧-ئەحمەد مەجید چالاکوانی بواری جینۆسایەد و بنەماڵەی قوربانی تاوانی ئەنفال
٣٨-رێبوار ڕەمەزان بارزانی نووسەر و توێژەری کۆمەلایەتی و چالاکوانی بواری جینوساید و کورە باوک جینوسایدکراو.
٣٩-حازم محمد بلەیی نوسەر و چالاکوانی بواری جینۆساید
٤٠-د.فاتیح سەنگاوی نووسەر و توێژەر لەبواری ئەنفالدا
٤١-شوان محمد ڕۆستم ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق /کەس وکاری ئەنفال
٤٢-عارف قوربانی لێکۆڵەر لە بواری ئەنفال
٤٣-عەلی بەندی چالاکوان و نووسەر لە بواری جینۆساید و ئەنفال
٤٤-زەمان عەبدە چالاکوانی بواری جینۆساید
٤٥-شێخ سدیق توێژەر لە بواری جینۆساید
٤٦-هاوڕێ پێشڕەو چالاکوان و کەسوکاری ئەنفالکراوو پێشمەرگەی دێرین
٤٧-محەمەد محەمەدەمین زرنگ چالاکوانی پرسی جینۆساید
٤٨-هیوا سەید سەلیم نووسەرو کوڕی شەهید
٤٩-ئیسماعیل هەنارەیی پارێزەرو نووسەر و کەسوکاری ئەنفال
٥٠-وەزیرە جەلال کەسایەتی و چالاکوانی بواری جینۆساید
٥١-هەدار زوبێر بارزانی پارێزەر و کەسوکاری جینۆسایدکراو پەرلەمانتاری خولی چوارەمی پەرلەمانی عێراقی
٥٢-حیکمت فائق عارف خاوەنی ١٠شەهید کیمیاباران شاری هەڵەبجە و چالاکەوان و بیشمەرگەی دیرین
٥٣-د. فەرهاد حاتەم , دادوەری داواکاری گشتی
٥٤-هەژار هوشیار مەهدی توێژەری و ماموستا ی زانکۆ
٥٥-پارێزەر ئارام محمد احمد ئەنفالکراو و بنەماڵەی ئەنفالکراو
٥٦-رێکار مزوری چالاکوان و نووسەری بواری جینۆساید
٥٧-سروە محەمەد رەشید ئەندامی پەرلەمانی عێراق و ئەندامی ئەنجومەنی باڵای کۆمەڵەی داکۆکی لە پرسی ئەنفال
٥٨-د.ئیراهیم مەلا زادە لێکۆڵەر لە بواری جینۆساید و مامۆستای زانکۆ
٥٩-ئەیاد کاکەیی پارێزەر لە دۆسیەی ئەنفال و بارزانی
٦٠-ڕۆژان شەهید حەمە رەش ئەندامی پەرەمانی کوردستان
٦١-د. محەمەد حەمە عەلی رەشید مامۆستای زانکۆ
٦٢-رێکخراوی گەرمەسێری کوردی فەیلی
٦٣-شەهاب ئەحمەد فەیلی چالاکوانی بواری جینۆساید
٦٤-عەلی مەحمود محەمەد چالاکوانی بواری جینۆساید
٦٥ _سالار مەحمود - نوسەری بواری جینۆساید و ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان
٦٧ -سمکۆ سابیر نوسەر لەبواری جینۆساید

گوڵ و یاسا بە کوردی



سەرکەوت جەلیل*

خوێندکاری دکتۆرا لە یاسای نێودەوڵەتی.

ئاشنابوونم بە دکتۆر مارف عومەر گوڵ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ٢٠٠٧و ٢٠٠٨. ئەوکات لە پۆلی سێی کۆلێج بووم، ئەویش ماوەیەکی کەم وەک جێگرەوەی مامۆستای یاسای نێودەوڵەتی، وانەکەی پێ وتینەوە. لە دوای ئەوەوە، توانیم چەند کتێب و توێژینەوەیەکی بخوێنمەوە، لەوانەش کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی کورد، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، پۆلێنکردنی تاوانەکانی ئەنفال بەپێی جۆرەکانی جینۆساید، پێکهاتنی یاسای نێودەوڵەتان و پێوەندیی بە یاسای ناوخۆیی دەوڵەتەوە، لەگەڵ بارودۆخی کورد لە چەند بابەتێکی یاسای نێودەوڵەتاندا.

وەک لە ناونیشانی کتێبەکانەوە دەردەکەوێت، هەندێک لە نووسینەکان باسی تاوانە نێودەوڵەتییە گەورەکان(جینۆساید و تاوانی دژە مرۆڤایەتی)ن دژی کورد لەبەر ڕۆشنایی حوکم و پەیماننامە و بڕیاری ئۆرگانە نێودەوڵەتییەکاندا؛ لەوانەیدا زیاتر لەگەڵ بابەتی یاسای تاواندا مامەڵەی کردووە و کرۆکی لێکدانەوەکانیشی تاوانی دەوڵەتانی عێراق و ئێران و تورکیا و سوریایە دژی کورد. وەک ئەوەی دەڵێت: "خاڵی سەرەکیی سەرجەم سیاسەتی هەر چوار وڵاتی داگیرکەری کوردستان، هاوبەشە و هەمیشە توانیویانە لەسەر لێدانی بزووتنەوەی کورد و وێرانکردنی کوردستان و فەوتاندنی نەتەوەیی کورد وەک گەلێکی سەربەخۆ، یەک بگرن". لە هەندێکی تریاندا دەیپەرژێتە سەر دیو و پرسی گرنگی تر، هەندێک پرسیاری تیۆریایی بایەخدار، لەوانەش پرسی کەسێتیی یاسایی لە یاسای نێودەوڵەتیدا: ئایا گەلانی بێ دەوڵەت و بەتایبەت کورد، چ پێگەیەکی یاساییان لە یاسای نێودەوڵەتی و نیزامە جیهانییە بااڵدەستەکەی ئێستادا هەیە؟ وەک دکتۆر خۆی دەڵێت: "دەکرێت حکومەتی خواروی کوردستان بکرێتە ئۆرگانی بەجێگەیاندنی کەسایەتیی یاسایی نێونەتەوەیی، بەو مەرجەی زەمینەی دەستووریی هەبێت و لە پەیوەندیی نێوان دەوڵەتاندا بەشدار بێت ... چونکە ئەو کەسایەتییە بەبێ بەشداربوونی حکومەتی کوردستان نایەتە دی."

کتێب و توێژینەوەکانی دکتۆر مارف بە گشتی، دوو شت، یان دوو خاڵی گرنگ نیشان دەدەن:

یەک: دکتۆر مارف بەشێک یان چمکێک لە مەعریفە و شارەزایی (یاسایی)ی خۆی، بۆ پرس و دۆزی نەتەوەیی تەرخان کردبوو. ڕاستە ڕەنگە هۆکار ئەوە بووبێت، کە پسپۆڕییەکەی یاسای نێودەوڵەتی بوو، بەاڵم هەر دەبوو و دەبێت وا بێت! ئاخر خۆدزینەوە لە پرس و پرسیاری نەتەوەیی کورد بە ناوی پسپۆڕی و بابەتیبوونەوە، بیانوویەکی الواز و بگرە شەرمهێنەریشە! دۆخی کورد، بە درێژایی سەدە ساڵی ڕابردوو، دۆخێکی تایبەت و ناوازە بووە: گەلێکی ستەمدیدە، خنکێنراو، گەمارۆدراوی داگیرکراو، بە چەندان هەوڵ و تێکۆشانی شۆڕشی چەکدارییەوە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و ئۆتۆنۆمی و فیدرالی و دەوڵەتی سەربەخۆ. پێشتریش بەشێک لە سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیران لە ڕابردوودا جەختیان لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد، کردووەتەوە و باری سەرنجی خەڵک و خوێنەوارانیشیان بە الی دۆزی نەتەوەییدا، بردووە، لەوانەش عەبدولڕەحمان زەبیحی لە کتێبی ڕەتدانەوەی کۆمۆپۆلیتیزم و مام جەالل لە کتێبی کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی.

دوو: دکتۆر بە زمانی کوردییش دەینووسی. ڕەنگە لای زۆرێک سەیر بێت، کە بۆچی نووسینی بە کوردیی مامۆستایەک(ی زانکۆ) هێندە گرنگ بێت؟! بەڵام گەر لە یەکێک لە کۆلێجەکانی هەرێمی کوردستان، یاسات خوێندبێت و بزانیت کە کەمن، دەگمەنن ئەو یاساییانەی کوردییەکی پوخت و ڕەوان بزانن و پێی بنووسن، ئەوکات دەزانیت کە کوردیزانین و بەکوردی نووسینی یاسایی چەندە کەم و بایەخدارە! لێرەدا مەسەلەکە زار و قسەکردن نیە، بۆ ئەوەیان هەموومان کوردین، زۆرێک لە مامۆستا و شارەزایانی یاساش بە کوردی دەدوێن و وانەش دەڵێنەوە. بەڵکو مەبەست هەبوونی توانای نووسینی بەتایبەت یاساییە بە کوردی. هەندێک لە مامۆستایانی زانکۆ یان نانووسن، یان کەم دەنووسن، کاتێکیش دەنووسن بە دەگمەن دەبینیت بە کوردییەکی ڕەوان بنووسن و بڵاو بکەنەوە. پەیوەندیی نێوان زانستی یاسا و زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان و لای خوێندکار و مامۆستا و دەرچووانی کورد (دادوەر، مافپەروەر، پارێزەر، مامۆستای بەشەکانی یاسا لە زانکۆ و ... هتد)، پرسێکی ئاڵۆزە، وردبوونەوە و کنەکردنی زیاتر و تایبەتی دەوێت: چۆنە دوای سی ساڵ حوکمڕانی بە زمانی خۆت، هێشتا لای کەمی زانست بەگشتی و یاسا بەتایبەتت نەکوردانووە؟ بۆچی تا هەنووکە زۆرێک لە مامۆستا و شارەزایانی یاسا لە هەرێمی کوردستان، نەک هەوڵی تێپەڕاندنی زمانی بیانی، بەتایبەت عەرەبییان نەداوە، بەڵکو پێشیان وایە هەوڵێکی لەو جۆرە بێهوودە و بێسوودە؟ لێرەوەیە هەوڵ و ڕیسکی دکتۆر مارف و چەند کەسێکی تری کەم، کە ئاوڕیان لەو خاڵە داوەتەوە و هەوڵی خۆیانیان داوە و ویستوویانە تەنیا بۆ نوخبەیەکی بیانی نەنووسن، بەڵکو مەعریفەکەیان بە گەلی خۆیشیان بگەیەنن. هەوڵەکانی ئەو بەڕێزانە، سەرەتا بوون، هەنگاوی یەکەم بوون، کە ئومێد دەکەم کەسانی تریش لەسەری بڕۆن و بەردەوام بن و بە بیانووی وەهمی و خەیاڵاوی، لەوە زیاتر خۆیان و زمانەکەیان پەک نەخەن!

سپاس بۆ:

1 -هاوڕێ تەحسین تەها

2 -ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ.



دکتۆر مارف عومەر گوڵ نوسەری بواری جینۆساید کۆچی دوایی کرد.

د.مارف عومەر گوڵ، نووسەر و یاساناس و توێژەر دوای ماندوەی زیاتر لە دوو هەفتە لە نەخۆشخانە بەیانی ڕۆژی شەممە ٢٠٢٢/١/١٥ لە نەخۆشخانەی ئەنوەر شێخەی شاری سلێمانی بەنەخۆشی جەڵدەی مێشک کۆچی دواییکرد.

نووسەر و شاعیر و یاساناس د.مارف عومەر گوڵ ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی هەشەزینی، ناحیەی سەنگاوی سەربەقەزای چەمچەماڵ لەدایکبووە.

- لە ساڵی ١٩٨٢کۆلێژی یاسای زانکۆی بەغداد تەواو کردووە لە ساڵی ١٩٩٠لە زانکۆی کیف لەوڵاتی ئۆکرانیا بڕوانامەی ماستەری بەدەستهێناوەو یەکەمین کورد کە لە بواری جینۆسایدی گەلی کورددا نامەی ماستەری نوسیوە بە ناونیشانی "ئامرازە یاساییەکانی بەربەندکردنی تاوانی جینۆسایدی لە یاسای گشتی نێودەوڵەتیدا" - لە هەمان زانکۆ و لە ساڵی ١٩٩٥بڕوانامەی دکتۆراشی بەدەستهێناوە.

مەرگی دکتۆر مارف گوڵ زیانێکی گەورەبوو لەگەلی کوردستان کەوت .

بۆئەوەی ئەم چیرۆکە ون نەبێت

هۆمەر محەمەد
٧ی ئازاری ٢٠٢٢ سلێمانی



لەئەنفالی گەرمیاندا هێشتا هەزاران چیرۆک بەجێمان و نەنوسراونەتەوە، ڕاستە باسکراون و دەماودەم گێڕدراونەتەوە بەڵام وەک چیرۆکێکی سەربەخۆو تایبەت لە ئەرشیفخانەیەک یاخود لەکتێبێکی تایبەتدا دۆکێومێنت نەکراون، یەکێک لەو چیرۆکە تراژیدیایانە برینداربوون و گیانبەخشینی پێشمەرگەیەکە بەناوی خەلیل پارەپارەیی، خەلیل باوکی ناوی حەسەنە نازناوی پارەپارەیی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خەڵکی ئاوایی پارەپارەی سەربە قەزای دوزخورماتووە پێشمەرگەی کەرتی (٥)ی تیپی (٥١)ی گەرمیانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو.

ئەم پێشمەرگەیە ساڵی ١٩٦٨ لەگوندی پارەپارە لەدایک بووە، تەمەنی ١٩ ساڵ بووە کە بووەتە پێشمەرگە لەتیپی ٥١ی گەرمیان.

لەپەلاماری قۆناغی سێهەمی ئەنفالدا، لەشەڕێکی سەختدا لە ڕۆژی ٩ی نیسانی ساڵی ١٩٨٨دا لە گوندی لفتی ئاغای نزیک وارانی ناوچەی داودە بریندار بوو، لەگەرمەی شەڕدا تۆپێک دێت دەتەقێتەوەو پارچەی تۆپەکە بەرپشتی و قاچەکانی دەکەوێت و بەسەختی بریندار دەبێت، ئیدی توانای ڕۆشتنی نامێنێت، هەرچۆنێک بوو هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی لەپاشەکشەدا دەربازی دەکەن، لەمەیدانی شەڕەکە بەجێیناهێڵن و ناهێڵن بەبریندارێ بکەوێتە دەست لەشکری ئەنفالچی دەیبەن هەتا سنوری ناحێی سەنگاو، بەڵام لەو قۆڵەشەوە هێزەکانی سوپاو جاش لەپێشڕەویدا بوون و هەتا دێت دۆخەکە بۆ پێشمەرگە ئاڵۆزدەبێت و بازنەی گەمارۆ لەسەر پێشمەرگەکان تەسک دەبێتەوەو چیدی توانای جموجۆڵی ئازادیان نامێنێ هەتا دەگاتە ئەو ڕادەیەی وەک دەڵێن برا فریای برای خۆی ناکەوێ لەو دۆخەدا لەنێوان گوندی کێڵەبەرزەو هەزارکانی سەنگاو بەجێی دەهێڵن، لەوێش هێزەکانی پێشمەرگە چیدی توانای بەرگرییان نامێنێ و بەناچاری گوندەکان وسنورەکە بەجێدەهێڵن و بەرەو سنوری قەڵاسێوکە پاشەکشە دەکەن، لەو دۆخەدا (خەلیل) بە بریندارێ لە نێوان ئەو دوو گوندەدا بەجێدەهێڵن. ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵیدا بوون لەبیرەوەرییەکانیاندا ئەم چیرۆکەی (خەلیل)یان فەرامۆش نەکردووە لەدیدارێکی نێوانماندا پێشمەرگەی پارتیزانی دوای ئەنفال جەمال وارانی باسی دەکات و دەڵێت : شەهید خەلیل لە لفتی ئاغا بریندار بوو. ئەو حاڵی زۆرخراپ بوو، پشتی شکابوو، ئیتر ئەو دواتر هەر لەوێ شەهید بوو هەموو بریندارەکان تەسلیم بوونەوە، ئەو بریندارەش کە لەگەڵماندا بوون زۆر وەزعیان خراپ بوو، خەلیل پارەپارەیی زۆر وەزعی خراپ بوو هەرهاواری دەکرد دەیگوت بەجێم مەهێڵن زۆر هەوڵمان لەگەڵ دکتۆرەکەماندا دەرزییەکی لێبدات و گیانی دەربچێت و چیدی بەوعەزابەوە نەمێنێتەوە، چونکە نەماندەتوانی هیچی بۆبکەین، دکتۆرەکە ڕازی نەبوو، ئەویش هاواری دەکرد کەوا فیشەکێکی پێوە بنێین و بیکوژین، بەڵام چۆن ئەوە دەکرا؟ کوا دەتوانیت هاوسەنگەری خۆت بکوژیت؟ بەڕاستی دەتوانم بڵێم ئەنفال ڕۆژی حەشر بوو، هەرگیز ناتوانرێت وردودرشتی ئەو ڕۆژگارانە بگێڕدرێنەوە، ڕۆژگارێکی زۆر سەخت و پڕ-لە-ئاستەنگ بوو. ئێمە هەر لەوێ پێنج پێشمەرگە بڕیارمان دا تەسلیم نەبینەوە، ئاشبەتاڵیش بێت ئێمە لەم جەوەڵانە دەمێنینەوە وتەسلیم بە ڕژێم نابینەوە. [2]

هەرلەبارەی شەهیدبوون و برینداربوونی ئەم پێشمەرگەیەوە حەمەڕەشید توکنی پێشمەرگەو پارتیزانی دوای ئەنفال، لەکتێبەکەیدا کەبیرەوەری ڕۆژانی پێشمەرگایەتیەتی نوسێوێتی : بەمەبەستی دەرباز بوون بەبنارەکەدا بەرەو ناحیەی سەنگاو سنوری چەمچەماڵ

[2] دیداری نوسەر لەگەڵ پێشمەرگەی پارتیزان جەمال وارانی ٢٠١٩ کەلار

بەڕێکەوتین لە خەیاڵی ئەوەدابووم بڵێی ئەم شەویش وەک سبەی نەتوانین بڕۆین، لەپڕ هاواڕێک شریتی خەیاڵە ئاڵۆزەکانمی پچڕاند کە دەیگووت: هاوڕێیان برادەران توخوا تو خوێنی شەهیدان تو خاکی کوردستان فریام کەون، کەمێ ئاوم بدەنێ تو خوێنی شەهیدان بەجێم مەهێڵن، گەرناتوانن بمبەن لەگەڵ خۆتان بمکوژن توخوا بەجێم مەهێڵن هاوڕێیان هاوسەنگەرتانم براکانم توخوا فریام کەون. ئەو دەنگە سی ساڵە لە مێشکمدا هاواردەکات. ئەو دەنگە دەنگی پێشمەرگەی بریندار خەلیل پارەپارەیی بوو کە پێشمەرگەی کەرتی پێنجی تیپی (٥١)ی گەرمیان بوو.[3] جەلال قولیجانی لەو بارەیەوە دەڵێت شەهید خەلیل لە کەرتی پێنج بوو، ئەوشەوەی جێیانهێڵابوو ئێمە شەوی دوای تر بەخوار ئەو جێگایەدا ڕۆیشتین، هەر هاواری بوو زۆرکارەساتێکی ناخۆش بوو، برایەکی تریشی لەکەرتی شەش لەگەڵ ئێمەدا بوو نازانم ئەویش شەهید بوو یان ئەنفال بوو براکەی ناوی سمایل بوو.

هەرلەبارەی ئەم چیرۆکە تراژیدیەی خەلیل پارەپارەییەوە حسێن سۆران پێشمەرگەی حزبی شیوعی و پارتیزانی دوای ئەنفال لە کتێبەکەیدا باسی ئەم دیمەنە تراژیدییە دەکات و دەڵێت : هاوڕێکانی بەجێیانهێشت هەر هاواری دەکردو داوای لێدەکردن بەجێینەهێڵن ئێمەهەتا دوریش کەوتینەوە ئەو پێشمەرگەیە هەرهاواری دەکرد، پێشمەرگەیەکی تری ئەوسەروەختەی حزبی شیوعی بەناوی هێمن ئەحمەد دەڵێت : هەتا دەمرم هاوارەکانی شەهید خەلیلم لە بیر ناچێت هەمیشە لە نێو سەرمدا دەزرینگێتەوە کە بانگی دەکرد برادەران برادەران جێم مەهێڵن تا تەواو دوور کەوتینەوەو وورە وورە دەنگەکەی نەما، بەڵام تاکو ئیستەش لە نێو سەرمدا ئەو دەنگە هەیە -من ئەو کاتە پێشمەرگەی حزبی شیوعی بووم کەوتمە لای بەتالیۆنی ٤ی گەرمیانی حزبی شەوعی بڕیار وابوو لەگەڵ هێزەکەی شەهید حەمەڕەش بکەوێنە ڕێ بۆ ناوچەی شوان کاتێ کە لە سەرەوەی بانی مۆرد دەربەندێک بوو کەوتینە ڕێ دنیا تاریکی کردبوو هەموومان گوێمان لە بانگی شەهید خەلیل بوو زۆر ناڕەحەت بوین زۆر قورس بوو بۆیە من یەخەی چەند پێشمەرگەیەکم گرت ووتم بۆچی جێتان هێشتووە وتیان برینەکەی قورسەو ناتوانین بیهێنین ووتم ئەزانن بە چی ئازارێکەوە دەمرێت جێ هێشتنی هاوڕێکەتان ووتم ئەبوایە کە نەتان توانی بیهێنن شەهیدتان بکردایە بە دەستی خۆتان نەک بە ئازارەوە بمرێت زۆر بە داخەوە هەر بە ئازارەوە شەهید بوو.

خالید حوسێن دەڵێت : من خۆم یەکێکم لەوانەی ئەو ئایکۆنەم لەبەر چاوە هەموو کات ، برینەکەی هی ئەوە نەبوو بتوانرێت بیجوڵێنیت هاوڕێکانی کەرتەکەی ئەوەندەیان پێ کرابوو دەربازی بکەن ، هەر هاواری دەکرد توخوا بمکوژن با نەکەومە دەست بەعس . ئەو کارەساتە



دووبرا شەهیدەکە خەلیل پارەپارەیی و ئیسماعیلی برای

لەو کاتە بەشێکی بچوکی ئەو تراژیدیایە بوو کە پێیایدا تێپەڕین ، بەداخەوە ڕۆحی شاد.

هەرچی عەبدوڵا سەنگاوی لەبارەیەوە پۆستێکی بەوێنەی خەلیل پارەپارەییەوە بڵاوکردووەو تیایدا چیرۆکەکەی لەزاری هاوسەنگەرەکانییەوە دەنوسێتەوە بەڵام ئەوەی بەلای منەوە گرنگ و نوێ بوو ئەوەیە کە نوسیوێتی : دوای ڕاپەڕین خزم و کەسوکاری و هاوڕێکانی دەچنەوە هەمان ئەو جێگەی کە لێیان بەجێهشتبووە، بینیبویان کە چەند پارچە ئێسکێکی ((خەلیل پارەپارەیی)) لەوێ ماوە کە بەو ئازارەوە لەو جێگەیە بەبێ کەسی و بێنازی شەهیدبووە. بەڵام راستیەکەی ساڵی ٢٠١٦ ئێسک

[3] بڕوانە حەمەڕەشید توکنی پارتیزانێک لەناو گڕوکڵپەدا

وپروسکی خەلیل حەسەن دۆزرایەوەو لەقەزای چەمچەماڵەوە بەمەراسیمێک گەڕێندرایەوە بۆ خورماتوو، لەم بارەیەوە ماڵپەری خەندان ڕۆژی ٢٠١٦/١٠/٦ ڕاپۆرتێکی لەبارەوە کردووەو نوسویوێتی دوای ٢٨ ساڵ تەرمی پێشمەرگەیەکی شەهید گەڕێندرایەوە زێدی خۆی. ئەوەی لەڕاپۆرتەکەی خاندانا هاتووە راست نییە گوایە دوای شەهید بوونی بەخاک سپێردراوە راستەکەی ئەوەیە کە خەلیل حەسەن ئەمین بەبریندارای بەجێهێڵدراوە بەڵام خەندان بەم شێوەیە نوسیوێتی : خەلیل حەسەن ئەمین، ٢٨ ساڵ لەمەوبەر هیچ هەواڵێکی نەما دوای ئەوەی لەشەڕێکی هێزەکانی پێشمەرگە دژی رژێمی بەعس بەسەرۆکایەتی سەدام حسێن، بریندارببووەو دوای شەهیدبوونی لەناوچەیەکی کوردستان بەخاکسپێردراوە، لەوکاتەشەوە کەسوکاری لەگەڕاندابوون بەدوای ئارامگەکەیدا تاوەکو ئەمساڵ دۆزییانەوە.) لەراستیدا ئەوەی دۆزراوەتەوە تەرمەکەی نەبوو، بەڵکو ئێسک وپروسکی ٢٨ ساڵ فەرامۆشکراوو نە نێژراوی خەلیل بوو کە هاوڕێکانی لەڕۆژگاری ئاڵۆزو ترسناکی ئەنفالدا بەجێیان هێشتووە.

ئەوەی جەلال قولیجانی سەبارەت بە سمایلی برای دەیگێڕێتەوە راستە ئیسماعیل لەدایک بووی ساڵی ئەویش ١٩٦٩پێشمەرگەبووە، بەداخەوە ئەویش هەر لە پەلاماری ئەنفالی گەرمیاندا، لە شەڕێکی بەرگریدا گیانی بەخشیوە. لەناو ئەو کەسانەی چیرۆکی ئەم پێشمەرگەیان بۆ من یان لە بیرەوەرییەکانیاندا گێڕاوەتەوە. هیچ کامیان باسیان نەکردووە ئاخۆ چیرۆکەکەیان وەک خۆی بۆ کەسوکاری خەلیل پارەپارەیی گێڕاوەتەوە یان نا، بەڵام لەو ڕاپۆرتەی خەندانا برایەکی بەناوی جەلیل حەسەن دەدوێ و دەڵێت : ئێمە دەمانزانی شەهید بووە بەڵام نەماندەزانی لە کوێ نێژراوە، لەبەر ئەوەی ئەنفالی بەسەردا هات نەتوانرا بەدواداچوونی تەواوی بۆ بکرێت" (**بروانە ماڵپەری خەندان ڕۆژی ڕۆژی پێنجشەمە ٢٠١٦/١٠/٦**)[4].

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠١٦/١٠/٦ لەمەراسیمێکدا بەئامادەبوونی بەڕێوەبەری فەرمانگەکانی قەزای چەمچەماڵ، ڕوفاتی شەهید خەلیل لە چەمچەماڵەوە ڕەوانەی گوندی پارەپارەی ناوچەی دووزخورماتووکرایەوەو لەوێ،



جارێکیتر بەخاکسپێردرایەوە.

ڕوفاتی شەهیدەکە چۆن دۆزرایەوە

لەبارەی دۆزینەوەی ڕوفاتەکەیەوە مامۆستایەکی زانکۆ بەناوی دکتۆر ئیدریس کەریم، کە خەڵکی گوندی داربەڕووی سنوری سەنگاوە بەخەندانی وتووە "لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا کەسوکاری ئەو شەهیدە باسی گۆڕونبوونی شەهیدەکەیان کرد، کە دەیانزانی لەناوچەی سەنگاو بووە بەڵام نەیاندەزانی بەتەواوی لەکوێیە، ئەوەش کارئاسانی کرد چونکە لەگوندەکەی ئێمە دەوترا پێشمەرگەیەک شەهید بووە بەناوی خەلیل خانەقینیەوە." بەدوای بەرنامە تەلەفزیۆنیەکە، خەڵکی ئەو گوندەوە بنەماڵەی شەهیدەکە ئاگادارەکەنەوەو دەچنە ناوچەکە، لەوێ سنوری ١٠٠ مەترێک دیاریدەکەن بۆ گەڕان بەشوێن گۆڕەکەیدا بەڵام شوێنەواری نەمابوو، لەئەنجامی چوار ڕۆژ گەڕانی بەردەوام تەرمەکە دەیدۆزنەوە. بەوتەی دکتۆر ئیدریس، دوای بریندارببوونی خەلیل لەوگوندەی ئەوان شەهیدبووە، دواتر مامێکی بەخاکی سپاردووە.

[4] بروانە ماڵپەری خەندان لەم لینکەی خوارەوەدا
https://www.xendan.org/detailnews.aspx?jimare=10942&babet=1&relat=1024

ئەنفالکراو

فاتیح وەهاب محەمەد عەلی



لەدایکبوی سالّی(١٩٦٤) گوندی هۆمەرمل ناحیّی سەرقەلّا- قەزای کفری

ئاستی خوێندن: دووەمی ناوەندی لە خوێندگەی (مەکاسب) قەزای کفری لەبەرئەوەی باوکی مەلابووە بە(فاتیح مەلا وەهاب) ناسراوە.

ئەم گەنجە هەر لەسەرەتای مانگی یەکی سالّی (١٩٧)ەوە پەیوەندیکردووە بەرێکخراوێکی سیاسیەوە بەناوی کۆمەلّەی مارکس لینینی کوردستان کە دواتر رێکخراوەکە ناوەکەی گۆڕیرا بۆکۆمەلّەی ڕەنجدەرانی کوردستان.

لەناوەڕاستی مانگی شوباتی سالّی ١٩٧٨ دەبێتە پێشمەرگە لە هەرێمی پێنجی قەرەداغ. لە مەفرەزەکەی خالید گەرمیانیدا دەمێنێتەوە.

دوای سالّێک ئەو تفەنگەی کە بەپارەی خۆی کڕی بووی پێشکەش بە پێشمەرگەکانی دەکا، چونکە چەک دادەنێ بەلّام دەستبەرداری کاری ڕێکخستن نابێت.

لە سالّی(١٩٨٤) دا دەبێتە فەرماندەی مەفرەزەیەکی هێزی پشتگیری لە گوندی توکن سەر بەناحیّی سەرقەلّا، ئەگەرچی پێشمەرگە نەبوو بەلّام بەشداری لە چالاکیە سەربازییەکانی پێشمەرگەدا کردووە لەوانە شەڕەکانی دووز خورماتوو، کفری، سەرقەلّا، قادر کەرەم، سەنگاو، سەرجادەی دووز - کفری، سەر جادەی کفری -کەلار، هۆمەرمل، توکن، ئیمام محەمەد، سێوسێنان و لە ئەنفالی سێی گەرمیان.

لەڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٤ وەک زۆربەی خەڵکی گەرمیان دەگیرێت و ئەنفالکرا.

زانیارییەکان لە ***سیروان سلێمان وەرگیران کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ برایەکی فاتیحدا کردووە بەناوی (ناسیح مەلا وەهاب)***

ئامۆژگاریەکەی مامۆستا بەکرفەر



عومەر عەبدوڵا

مامۆستا بەکر کیمیابارانەکەی هەڵەبجە لەسەعات 9ی سەرلەبەیانی 3/16 لەدوکانەکەی خاڵۆ حەمەمین بانگی کردم ووتی عومەرگیان تۆ لەکەلارهاتویت دەبێ ئاگات لەخۆت بێت وەزعەکەخراپە نابێت ئاگات لەخۆت نەبێت وبانت پارێزگاری لەخۆت بکە

بەداخەوە لە دوای ٨ کاتژمێر چومە سەر تەمەکەی و بەگاز شەهیدبوو

هەزارن سڵاو لەڕۆحت هاوڕێ هونەرمەندە ماندوەکەم

ئەنفالکراوانی بیابان چیان پێ وتم ؟



فائیزە فوئاد
ئەندامی بالای زەردەشتیانی کوردستان – پەورقاتات

ئەمرۆ ٣/٦ یەکەم یادککردنەوەی هاتنی پاپای ڤاتیکانە بۆ ئێراق و کوردستان، لەبەر ئەوەی هاوکاتە لەگەل ڕۆژی پێکەوەژیان و لێبووردەیي جیهانی، عێراق بریاری داوە سالانە بە شێوازێکی تایبەت یادی ئەم ڕۆژە بکاتەوە.

کاتێ گەیشتمە بیابانەکەی شاری ناسریە، مچورکێک بە لەشمدا هات، کە هەنگاوم دەنا هەستم دەکرد منداڵان بانگم دەکەن، دەنگیان دێتە بەرگوێم، دووجار ئاوڕمدایەوە، چەند منداڵێکی بێ دایک و باوکم بینی، خەڵکی ناوچەکە بوون، گولی سپیان پێشکەشکردم، منیش ماچ وسوپاسم کردن.

لە هەنگاو نانم تەپۆڵکەیەکم بینی و لێی نزیک بوومەوە، هەستێکی سەیر بوو، مشتێک خۆڵی سەر گردەکەم گرتە دەست، خۆڵەکە هاواڕێکی کردو ووتی: هاتووی بۆسەردانمان؟ شەرمەزار بووم ، ووتیان جلەکوردیەکەت جوانە وەک ئەوانەی ئێمە نیە، ئەوانەی ئێمە هەمووی کۆن بوون و درِاون و شوێنی گولەیان پێوەیە وخوێناوی بوون دەستم کرد بەگریان وەفدەکە پێشم کەوتن و دانیشتن، مەراسیمەکە دەستی پێکرد من هەرلە شوێنەدا مابووم، منداڵەکان ئەهاتنەوە بەرچاوم بە شەروالّ و جلی کوردی کچانەوە. پرسیم:

دایک و باوکتان باشە؟

باوکمان دیارنیە هەر بۆیان ئەگەڕێین بەڵام نایدۆزینەوە، دایکمان پیربوون، سەریان سپی بووە، هەموو بەهارێ چاوەڕوانی هاتنی پاصەکانن بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە کوردستان، ئاوی ئێرە زۆر سوێرە قورگمان گیراوە، یاری بەڕەگی خورما ئەکەین و ئەیکەین بەجۆلانێ و دیلانی ئەکەین، جار جار دڵۆپە بارانی کوردستان با ئەیهێنێت بۆنی نێرگس و ڕەیحانەکانی ماڵی پووڕە خونچەی لێدێت هەموومان بۆنی ئەکەین و زمانمانی پێ تەڕئەکەین.

ئێوە خەڵکی کوێن ؟

هەموویان پێکەوە : ئێمە خەڵکی کوردستانین. بەجلەکانتا دیارە تۆ لەوێوە هاتووی؟

بەڵێ من هاتووم بۆ ئێرە خۆشبەختم گوێم لە دەنگتان بوو .حەز ئەکەم پێکەوە شتێک بلێن و لەگەڵ خۆمدا بیبەمەوە بۆ کوردستان.

دەی باشە با هەموومان (خوایە وەتەن ئاواکەی بلێینەوە). هەموومان سروودی (خوایە وەتەن ئاواکەی)مان ووتووە منیش لە گەلیاندا دەم ووتەوە، بەرە بەرە دەنگەکان دوورکەوتنەوە،

بانگم کردنەوە ووتم چیە بۆ ئەڕۆن؟

خۆت بشارەوە لە پشتەوە سوپاکە هات.

کە ئاورم بۆ داوە دایەوە بینم چەند کەسێک بەجلی سەربازییەوە بەرەو لای من ئەهاتن، منالەکانیش هاواریان ئەکرد وەرە پشت ئەم گردە خۆت بشارەوە. ئەی هاوارگۆرستانی منداڵە ئەنفالکراوەکان بۆتە پەناو حەسارمان ئەی وەتەن، وەتەن فرۆشان بەرەو کوێ بردتیان.

پاشان بەرەو شاری نەجەف بەرێکەوتین، کە وەفدەکە چووە زیارەتی گۆڕی خەلیفەکانی ئسلام من لەگەڵیاندا نەچووم چونکە هەردووەدستم بەدەستی منداڵە ئەنفالەکانەوە بوو، ئەیانگووت : تکایە مەمان بە بۆ ئەوێ سەرمان ئەبڕن توخوا دادە گیان ...نەکەی بمانبەی بۆئەوێ سەرمان دەبڕن .

تراژیدیای بەفروئەنفال

ڕزگار جاسەنەیی

هێشتا هەر وێنە گەورەکەی ئەنفال بینراوەو کۆمەڵگەی کوردی نەچووەتە ناو وێنەگەورەکەیەوە ئەنفال دەیان و سەدان چیرۆکی تراژیدیای وەک ئەم وێنە ناخ هەژێنەی هەیە، وێنەکە چیرۆکی ئەنفال و بریندارببوونی پێشمەرگەیەکمان بۆ دەگێڕێتەوە.

٣٢ سیی و دو ساڵ پێش ئێستا لە١٤/ ٣/ ١٩٨٨ وێنەکە گیراوە لای ڕاست سەعید حەمدان کڵێسەیی، ناسراوە بە شەپۆل، لای چەپیش من (ڕزگار جاسەنەیی) کەسی سێیەم یادی بەخێر محەمەد ئەحمەد عەلییە ناسرا بوو بە وەستا محەمەد دوای بریندار بونی لە شەڕەکانی ئەنفالی قۆناغی یەکەم لە گوندی قەمچوغەی ناحێی سورداش، وەستا محەمەد بەسەختی بریندارببوو، لەوێوە بەزەحمەت توانیمان بیگەیەنینە نەخۆشخانەی شۆڕش لە بەرگەڵو بەڵام کە هێڕشەکان چڕبوونەوە، دیسان لەبەرگەڵووەوە بردمان بەرەو ئێران لەسەرپشتی وڵاخەبەرزە، کە هێستریێک بوو، هەتا گەیشتینە هەوارەکانی سیرەمێرگ و دۆڵی شێخ مەحەمەدی بەفرگرتوو، ڕێگەیەکی سەخت و هەورازو نشێو، بەفرێکی زۆری تێدا باریبوو، هەرچەند ڕێگەکە پێشتر شکێندرابوو بەردەوام خەڵکێکی زۆریشی بەسەردا دەڕۆیشت، بەڵام لەبەرئەوەی بەفرێکی ئەستوربارییوو، هێسترو گوێ درێژەکانیش قاچیان بچوک بوون و خۆشیان قورس وباریان پێوە بوو قاچیان هەتا بن دەستیان دەچوە بەفرەوە دەرنەدەچوون، ئێمەش ناچار هێسترەکەمان بەجێهێشت و بریندارەکەمان خستە ناوکیسە خەوێکەوەو لەسەر بەتانییەک درێژمان کردو لەسەربەفرەکە ڕامان دەکێشا، بەوحاڵە هەتا سەری کونەسەی کە شۆڕدەبێتەوە بۆگەڵاڵە گەیاندمان ڕێگاکە ئیدی سەرەوخوار بوو زۆرناخۆش بوو، ئەگەر بەورییایی هەنگاومان نەنایە لەڕۆیشتندا لەسەر بەفرەکە دەخزاین، لەوانە بوو نەک هەر بریندارەکەمان بەڵکو خۆشمان توشی ناڕەحەتی زیاتر و دەردە سەری زیاتر ببوینایە، بەڵام لەناو گەڵاڵە نەخۆشخانەیەکی سوپای پاسدارانی لێبوو ئەوان لێیان وەرگرتین و بردیان، دوای ئەوەی ئێمەش لە شاناخسێ بەرچەکی کیمیایی کەوتین و ئێمەشیان بردە بۆ چارەسەر، لە نەخۆشخانەی تەبرێز وەستا محەمەدمان بینییەوە



سوپاس بۆخوا ئەویش و ئێمەش سلامەت دەرچوین.

بەداخەوە وەستا محەمەد لە٢٠/ ٣/ ٢٠١٥ بە جەڵتەی دل کۆچی دوایی کردو بۆ هەمیشە ماڵ ئاوایی لێ کردین ڕوحی شاد بێت و جێگەی بەهشت بێت.

چیرۆکی وێنە



شوێن : گوندی شێخان- ئاغجەلەر- چەمچەماڵ
فۆتۆ : هێمن عەبدوڵا

ئێرە گوندی شـــێخانە لەبناری خاڵخاڵان ســـەربە ناحێی ئـاغجەلەر.. ڕۆژی ٢٠١٣/١/٢٥ لەگەڵ مـامۆســـتـا هێمن عەبـدوڵا ســـەردانی گونـدەکـانی بنـاری خـاڵخـاڵان (گلناغاچشێخان، جەلەمۆرد) مانکرد،

دوای ئەوەی ماڵئاوایمان لە پیاوانی گوندی گڵناغاج کردو بەجێمانهێشـــتن، ڕووە و ڕۆژئاوا ملمان بەهەورازەوەناو بەڕێگایەکی خۆڵدا ڕۆیشـــتین، بەرەو گوندی جەلەمۆرد، بەڵام لەسەرداوای مامۆستا هێمن لامانداید گوندی شێخان، کەچوین چ ببینین ! گونـد چۆڵ و خـانووەکـان زۆریـان ڕوخابوون، خەڵکەکەی لەبەربێ ئاوی و وشکەساڵی دیسان چۆڵیـان کردبوو، لەنـاو گونـدەکەدا دیمەنی ســـەرنجبەر هەبوون، کەلوپەلی بەجێماوی گوندنشـــینەکان، ســـەربانە داتەپیـوەکـان و دەرکەوتـنی قـامیش و دارەڕا، بیری ئاوەکانیان ئەفســـوس وشـــک ببوون، خانووەکانیان زۆربەیان ڕوخابوون، بەڵام زیاتر لە هەمووشـــتێک ئەو دارتووە سەروپرچ دارندراوە بۆ من سەرنجبەر بوو.

کەوتمە ســـەر خەیاڵێک وەک ئەوەی دارەکە چیرۆکێکم بۆ بگێڕێتەوە، بەداخەوە کـاتێـک لە خەیـاڵـدا ونبووم و بەرامبەری ڕامـاوم دیـارە مـامۆســـتـا هێمنیش لەو کاتەدا لەلایەکی ترەوە ســـەرقاڵی وێنەگرتن بووە، دەنا مامۆســـتا هێمن ڕوانگەو دیـدێکی جوانی بۆ وێنەگرتن هەیەو کامێراکەی خزمەتێکی زۆری ئەنفالســـتان و دۆســـییەی ئەنفالی کردووە. هەر ئەویش ئەم فۆتۆیەی چرکاند.

خەیاڵ

کە گەیشـــتمە نزیک دارتووی ماندوو لە ســـەروپرچیم هەڵڕوانی، ئەو هێشـتا ڕوی لە ئاسـمان بوو، پێدەچوو ســـکاڵایەکی لەبەردەم یەزداندا هەبێ، کە بەئاگاهاتەوە بێ ئەوەی هیچ پرســـیارێکی لێبکەم ئەو چاوەکانی بڕییە ناوچاوم ئینجا بەســـەرتاپای لەشـیدا هەڵڕوانیم، هەنـاســـەیەکی قوڵی هەڵکێشـــا، هێشـــتـا زاری هەڵنەهێنابووەوە، تێگەیشـــتم کە چیرۆکێکی دوورو درێژی ئەنفـالی پێیە، چـاوێکم بە بـاوگونـدەکەدا گێڕایەوەو چـاوم بڕییەچـاوی دارتووەکە چـاوی دانەخست، کەوتە گێڕانەوەی چیرۆکی ڕۆژانی ئەنفال زۆری بۆ گێڕامەوە، چیرۆکەکـان زۆر تراژیـدی بوون، دارتوو گوتی:

بەناو گوندێکەدا گەڕایت ؟ بینیت تاقە ماڵێکی ئاوەدانی تێدا نەماوە ؟ وەک سەروەختی ئەنفال چۆڵ بوو وایە؟

بەڵێ وایە ..

ئەوە لەگوندی سەردەمی ئازادی دەچێ؟

نا نا بەداخەوە .. تۆڕاست دەکەی .

دارتوو وتی : ١١٨کەس نێرومێ و گەورەو بچوک لێرە ئەنفـالکراون، مـانگی ئـایـاری ١٩٨٨، گونـدەکە وەک ئێســـتاچۆڵ نەبوو ئاوەدان بوو، جاش و جەیش هاتن هەموویانی لێرەگرت و ســـواری ئیڤایان کردن، ڕۆیشـــتن ئیدی نەهاتنەوەو جارێکی تر نەبینرانەوە.

قســـەیەکی پێگوتم، وای کە ئازاربەخش بوو، وتی ئێوە زۆر میهرەبـانن بەڵام لەگەڵ خۆتـان نـا، جەگـاوەری ئـازان بەڵام شـــەڕ بۆخۆتان ناکەن بۆ خەڵکی تری دەکەن.. وتی من هیچ گوناهم نەبوو تەنها نســـێم بۆ منداڵەکان دەکرد، بەڵام پێشـــئەوەی ســـەربازە عەرەبەکان دامبڕنن، جاشـــە کوردەکـان تێر جنێویـان کردم، هەتـا توانیـان گوللەیـان پێوەنـام ..بەڵام هێشـــتـا زیندوم چاوەروانی تـاقە تـاقە دەربازبووی ئاوایم بێنەوەو ببەمەوە سایەو سێبەریان.

.....بەڵام نا من بەعسییەکان بناسم جارێکی تر نایەنەوە.

گەشتەکانی ئەنفالستان " چ ڕابوردوویەکمان هەبوو ؟ لەچ ئێستایەکداین ؟




ڕانان: ئیدریس عەلی


کتێبی (گەشتەکانی ئەنفالستان) بەشێکە لەو هەوڵە چڕوپڕ و دەوڵەمەندەی کە ماوی چەندین ساڵە برای بەڕێز و دڵسۆزی کەیسی ئەنفال و جینۆساید (عومەر محەمەد) دەستی پێ کردووە و بە شێوەیەکی زانستیانە شارەزایانە هەنگاوی بۆ نووسینەوەی حیکایەتە غەمگینەکانی ئەنفال ناوە، کە وەک بەیاز و دەستنووسە کۆنەکان مەترسیی فەوتان و لەناوچوونیان لەسەرە. ئەم کتێبە بریتییە لە کۆمەڵێک دیدار و بەدواچوونی ورد سەبارەت بە خودی پرۆسە بەدناوەکەو بە قسەهێنانی ئەو شایەتحاڵانەی کە لە دەمی ئەنفال بەربوونەوە و شانسی دووبارە گەڕانەوەیان بۆ ژیان هەبوو.

گەشتەکانی ئەنفالستان، لە سێ بەرگی قەبارەی گەورە پێکهاتووە لەنێو بۆکسێکدا و دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، وێرای ئەو قەیرانە دارایی و کەمیی خوێنەرەی لە وڵاتدا هەیە، بەڵام پشتئەستوور بەو باوەڕەی کە خودی کتێبەکە گرنگی و سەنگ و بەهای تایبەت بە خۆی هەیە، هەستاوە بە چاپکردنی و بەم هەنگاوەش دەزگای ناوبراو ڕووسوورییەکی پتری پێشکەش بە کتبخانە و خوێنەری کوردی کردووە، بە تایبەت لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگار و کەڵەکەبوونی کێشە و ئاریشە هەمەلایەنەکان و ئەو قەیرانە یەک لە دوای یەکانەی ڕووبەڕووی وڵات دەبێتەوە، خەریکە یادەوەریی تاک و کۆی مرۆڤی کورد لە ئاست تراژیدیا و کارەساتە گەورەکانی وەک ئەنفال و کیمیاباران‌کردن و جینۆسایدا کاڵ دەبێتەوە و ئەو نەسڵەی ساڵانێک پێش ئێستا شایەتحاڵی تراژیدیا گەورەکە بوون، خەریکە تەمەن و ڕۆژگار لە لێواری گۆڕو مردن نزیکیان دەکاتەوە، هاوکات لەگەڵ خۆیاندا ئەو هەموو حیکایەتە غەمگین و چیرۆکە مەرگەساتاویانەی نێو دڵیان، وشە دوای وشە و ڕستە دوای ڕستە دەمرێنن. بێگومان کاک عومەر محەمەد، یەکێکە لەو کەسایەتییە دڵسۆزانەی کە ماوەی ساڵانێکی زۆرە ژیان و تەمەنی خۆی بۆ کەیسی ئەنفال و بەدواداچوون و دیدارەکان تەرخانکردووە، بە تایبەت ئەوەی زۆر جێگای ڕێز و پێزانینە، جگە لە بەها و گرنگیی کتێبەکە، ئەوەیە کە ناوبراو بە تەنیا باڵی و لەسەر ئەرک و داهاتی گیرفانی خۆی هەستاوە بەم کارە تاقەتپڕوکێنە و بەدواداچوونەکانی ئەنجام داوە کە دەبوو لە ڕاستیدا کاری دامەزراوەیەکی حوکمیی گەورە بوایە بە بودجەیەکی کراوەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە بەدیار چاوی ئەوەوە ڕۆژانە خەڵکانێک کەیسی ئەنفال و کەسوکاری قوربانییەکانیان وەک کەرەستەیەکی سیاسی و بازرگانی بەکار هێناوە، لە لایەکەوە گیرفان و قاسەکانیان پێ پڕ کردووە لە دۆلار، لە لایەکی دیکەوە وەک هەڵمەتی هەڵبژاردن و بۆ خزمەت و مەرامی سیاسیی و حزبیی بەکاریان هێناون، بەڵام لە ڕاستیدا لەسەر تەرازووی ویژدانی میژووی نەتەوەیی، قورسایی ئەم هەوڵەی کاک عومەر، چەندین جار لەوانە زیاتر پیشان دەدات کە دەستیان دەچێتە بەکارهێنانی ژیانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و قوربانییەکان و خودی کەیسەکەش بە لاڕێدا دەبەن.

ئەم کتێبە قەبارە گەورە ســـێ بەرگییە، پڕ پڕە لە هاوار و برین و قیژە و ئـازار، پڕ پڕە لە حیکـایەتی ئەو مرۆڤە سادە و بەتەمەنانەی کە هیچ گوێیەکیان شـک نەبردووە تا بۆیان بیانگێڕنەوە، ئەو هەوڵەش کە هەبووە یان لەســـەر ئاستی سیاسیی باڵا بووە بۆ سەودا و مامەڵە، یاخود لە چوارچێوەی ئەو هەوڵە شـەرمنانەی ڕاگەیاندنـدا بووە کە پتر لە ڕووی ســـــۆزداری و عـاتـیـفـیـیەوە پیشـــاندراون تا مەسەلە گەورەکەیان لەبیر ببەنەوە، فرمێسکی چاو و دەستە لەرزۆک و ڕوخسارە غەمگینەکانیان لە یادەکاندا کراون بە ســـەرتایتڵی ڕۆژنامە و تیڤییەکان، دەنا ئەوە هاتبن وەک ئەم کارەی عومەر محەمەد، بەرمەبنای کارێکی میتۆدی و زانســـتی بەدواداچوون و دیداریان ڕێکخســـتبێت، چ هەوڵێکی لەو جۆرە لەســـەر ئاســـتی باڵا نابینین، ئەڵبەت ناشـکرێت هەوڵ و ماندووبوونی چەند کەسێکی دیکە لەم بوارەدا نادیدە بگرین، بەڵام بێگومان کتێبی گەشـــتەکانی ئەنفالســـتان لە زۆر ڕووەوە دەوڵەمەندتر و بەرمەبنای زاســـتی بەدواداچوون و هونەری دیدار و داڕشـــتنەوە و تەوزیفکردنەوەی ئەو حیکایەتانەیە بە زمانێکی چێژبەخش کە یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ خوێنەر تا هەر چی زووتر ڕۆبچێتە نێو حیکایەتە غەمگینەکانەوە.








بە گشـتی ئەم کتێبە لە کۆمەڵێک گەشـت پێکهاتووە و بۆ ئەو گوند و ناوچانەی سەرانسەری کوردستان، کە سالانی کۆتایی هەشتاکان، لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە ئەنفال کراون و تیـایـدا کۆمەڵێـک چیرۆکی غەمگین و ترســـنـاک بڵاوکراوەتەوە کە ڕەنگە کەســێکی بیانی بیخوێنێتەوە، وا بزانێت ئەم ڕووداوانە خەیاڵ و فەنتازیای نووسەرێکن کە ئەزموونێکی دەوڵەمەنـدی لە بواری ئەدەبیـاتی گێڕانەوەدا هەیە، دانەری ئەم کتێبە بە کـامێرایەک و تەســـجیلێکی گچکەوە، دێ بە دێ و ناوچە بە ناوچەی کوردسـتا گەڕاوە و سۆراغی ئەو کەسانەی کردووە کە دۆزەخی ئەنفالیان بە چـاوی خۆیـان بینیوە، گێڕانەوە و چیرۆکەکـانی نێو دووتوێی ئەم کتێبە بە شـــێوەی پرســـیار و وەڵام، یاخود گفتوگۆی ڕووبەڕوو ئەنـــجـــام دراون، پاشـان پرۆسـە ســـەختەکە دەســـتی پێکردووە کە ئەویش بریتییە لە بە وشـــە کردنی دەنگەکان (تەفریغ) دواتریش داڕشـــتنەوەیان بە شـــێوەکی هونەری و زمانێکی ئەدەبیی جوان.

نووســەر لە هەر گەشـتێکیدا بە دوای حیکایەتە غەمگین و چیرۆک و هاوارە نەبیستراوەکاندا، لە سەرەتادا بە وردی و شێوەیەکی جوانی سیناریۆئاسا، وەسفێکی ناوچەکە و ئەو ژینگە و بـارودۆخە دەکـات کە پرۆســـەکە تێیـدا ئەنجامدراوە، پاشـــان دێتە ســـەر باســـکردنی ئەو ســـاتەوەختەی بۆ بەدواداچوون و دیدارەکان ڕوو دەکات گوند و ناوچەکان و بە شـێوەیەکی جوان و ورد دەکەوێتە ڕەسمکردنی شـوێنەکان و ماڵ و گوند و ڕوخسـاری ئەو ژن و پیـاوانەی کە ڕووداوەکـان دەگێڕنەوە، بێگومـان گێڕەرەوەکان کەسـانەی بەتەمەن و سـادە و نەخوێندەوارن کە دەرگای دڵیان بۆ دانەری کتێبەکە کردووەتەوە و هەرچی زوخـاوی ئەو ڕۆژگـارە هەیە هەڵیـدەڕژن، داڕشـــتنەوەی دەنگی کەســـەکان بەو زمانە بەرز و باڵا و چێژبەخشـە وا دەکـات خوێنەر پتر ڕۆبچێتە نێو واقیـعییەتی ئەو چیرۆکانەوە و وا هەســـت بکات ئەوە خۆیەتی بەرامبەر دەنگەکان و بێژەری ڕووداوەکان دانیشـــتووە و گوێ لە

حیکیەتەکان و حەســـرەت و ژان و غەمەکانیان دەگرێت، بێگومان ئەمە کلیلی ســـەرکەوتنی هەر تێکســـتێکە، ئەم گرەوەش لە رێگەی زمانێکی بالاوە شـانسـی سـەرکەوتنی زیاتر دەبێت، وەک ئەوەی شـاعیری گەورەی کۆچکردووە (شـێرکۆ بێکەس) لە قەســیدەی (گۆڕســتانی چراکان)دا کردی، چونکە ئاخر لەو باوەڕەدام ئەگەر ئەو کاســێت و دیدارانە بدرانایە بە کەسـێکی دیکە، ڕەنگە توانای ئەوەی نەبایە کارەکەی بەم ئاستەی (عومەر محەمەد) بگەیاندایە و بەم شـــێوە جوان و چیرۆک ئـامێز و تەکنیکە بەرزە دایانبڕێژێتەوە.

لە لایەکی دیکەوە من وای دەبینم کە ئەم کتێبە جگە لەوەی دەبێت بە یەکێک لە ســـەرچاوە گرنگە ئەرشـــیفی و دیکۆمێنتەرییە کاریگەرەکان، دەشـــبێتە ســـەرچاوەیەکی بەکەڵک بۆ خولقاندنی دەیان شـاکاری ئەدەبی و هونەری وەک بەرهەمهێنانی ســینەمایەکی تایبەت بە جینۆســاید، چونکە لە پشـت هەر گێڕانەوە و چیرۆکێکەوە، دەیان خەم و دەنگ و نهێنیی دیکە خۆیان حەشاردارە و دەکرێت مانا و کۆدەکانی لە پرۆســـەیەکی هونەریدا بکرێنەوە، ئەمە بۆ لقەکانی ئەدەبیش بە هەمـان شـــێوە ڕاســـتە، ئەم کتێبە سێبەرگییە بەشی دەیان هەزار کتێب تێما و بابەتی ئەدەبیی لە شـێوەی گێڕانەوەدا تێدایە، کە دەکرێت چیرۆکنووس و ڕۆماننووسانی کورد وەک سەرچاوەی ئیلهام و کەرەستەی ئەدەبی بەکاری بهێنن، بەشـــێکی دیکەش کە من پێم وایە دەبێت ڕاگەیاندنەکان و ڕاگەیاندنکاران لێوەی فێر ببن کە لە داهاتوودا چۆن ئیش لەســەر ئەم جۆرە کەیســانە بکەن، تێبگەن کە قســـەکردن لەســـەر ئەنفال و کیمیاباران و گێڕانەوەی ڕووداوە تراژیـدیـاکـان، تەنها بە فلوتلێـدان و شـیعری سـادە و دروشـمی بێ ڕۆح و زوومکردنە چاوی پڕ لە فرمێســـکی پیرە پیا و ژنە پیرەکان نییە، بەڵکو بە بەوشەکردنی ئەو حەسرەت و ئاخانەی نێو ناخ و دڵی ئەو مرۆڤە دەگمەنـانەیە کە چەنـدین ســـاڵە لە چـاوەڕوانیی گەڕانەوەی ئـازیزانیـانـدا کێنگـڵ دەدەن و تـاوانبـاران و بکوژانی ڕۆژەکانیان بەدیار چاویانەوە دێن و دەچن.

دواجار دەمەوێت بڵێم: هەر جۆرە قسـەکردنێک لەسـەر ئەم کتێبە، نـاگـاتە بـارتەقـای ئەوەی خوێنەر خۆی بیخوێنیتەوە لەگەڵ ڕووداو چیرۆکەکانیدا بژێت، هاوکات پێشـــم وایە دەکرێت دەیان و ســـەدان تۆێژینەوە و نامەی ماســـتەرو دکتۆرای لەسـەر ئەنجام بدرێت و دەیان و سەدان شـاکاری ئەدەبی و هونەریی لێوە بەرهەم بێت، ڕێ بە خۆم دەدەم و هیچ زیـادەڕۆییەک نییە گەر بڵێم: هەر کـات گومـانـت لە کورد بوونی خۆت کورد، یاخود هەر کاتێک هەسـتت کرد یـادەوەریـت لە مەترســـیـدایە، ئەوا بێ ســـێ و دوو کتێبی(گەشـتەکانی ئەنفالسـتان) بخوێنەرەوە... تا بزانیت خـاوەنی چ ڕابردوویەکیت، لە چ ئێســـتـایەکـدا دەژیـت، داهاتووت چۆن دەبێت.



ئەنفال لەڕابوردووە بۆ ئێستا



عەلی مەولود
٢٠٢٢/٣/٢٨ -سلێمانی

ئەنفال بەرواری ٢٠٢٢/٣/٢٣، لە ژێر ناونیشانی " ئەو مرۆڤانەی نە گۆڕەکانی بیابان جێی کردنەوەو نە چیاکان ئامێزی بۆ کردنەوە" لە سالۆنی فیکری ئازادبوون، سیمیناڕێک بۆ بەڕێزان (هۆمەر محەمەد و د. مەنسوری تەیفووری) بەڕێوەچوو، هەردوو بەڕێز تیشکیان خستە سەر پرسی ئەنفال و لێکەوت و دەرکەوتەکانی. لەوێدا لە چوارچێوەی بەشداری ئامادەبووانداء وەک میوان، وێڕای دەستخۆشی لە بەڕێوەبەرانی سیمیناڕەکە، چەند سەرنجێکم هەبوو کە لەبەر کەمی کات بەرای خۆم وەک پێویست نەگەیشت، بۆیە بەخراپی نازانم لێرەدا بیاننوسمەوە . هەڵبەت سەرەتا ئەوەی شایانی وتنە بەرزنرخاندن و ڕێزلێنانی هەوڵ و ماندووبوونی، "هۆمەر محەمەد"ی هاوڕێمە لە پرسی ئەنفالدا بەدرێژایی دوو دەیەی رابردوو، کە خۆبەخشانەو ماندوویی نەناسانە خەرمانێک لە چیرۆکەکانی ئەنفال و ئەلبوومێکی دەوڵەمەند لە وێنەکانی ئەو رووداوە کارەساتبارەی بۆ کردووینەتە دۆکۆمێنت و کردوونی بە وشەو خستوونیەتیە سەر کاغەزو داوێتی بەدەستی ئێستاو داهاتووەوە، کە بەدڵنیایی رۆڵی گرنگیان بینیوە لەوەی گوزارەی " ئەنفال" سەربەخۆ لەوەی ناوەکە لەکوێوە هاتووە و چ مانایەکی زمانەوانی هەیە، ئێستا بووە بەشوناسی مەزڵومییەت و جینۆسایدی کورد.

پرۆسەسەربازییەکانی ئەنفال نزیک بە ٧ مانگی خایاند، لە ١٩٨٨/٢/٢٢ لە دۆڵی جافایەتیەوە دەستی پێکردو لە ١٩٨٨/٩/٦ لەبادینان کۆتایی پێهات و وەک تارمایی مەرگ و وەیشوومەی نەهاتی بەناوچەکانی کوردستاندا گەڕا، بەشێوەیەکی زنجیرەیی، گوندو دێهاتیەکانی ناوچەکانی قەراخ، گەرمیان، دەوروبەری زێی بچووک و بناری خالخالان، ساماقولی و هیران و وەرتێ و بالیسان و .خستە ناوگێژاوی خۆیەوە، ئەم شالاوە دوژمنکارانەیە بە ٨ قۆناغی یەک لەدوای یەکدا بەڕێوەچوو کە جار دوایجار تونتر دەبۆوەو قورستر دەبوو. پرسیاری ئەم بەشە ئەوەیە کە بۆچی لەلایەن ئەو هێزانەی دەستڕۆیشتووبوون لەناوچەکانی ژێردەسەلاتیان و پێشمەرگەکانیان میوانی هەمیشەیی سەرسفرەو ناوجێگای گەرمی گوندیەکان بوون، ڕێگایەک بۆ رزگارکردنی خەڵک نەبینرایەوەو کەڵک لە ماوەی نێوان قۆناغەکانی ئەنفال وەرنەگیرا؟ بۆچی هێزەکانی خەڵک ڕێکنەخران بۆ بەرەنگاری و لەجیاتی ئەوە سیاسەتی پەرت بوون و ئاشبەتاڵ و هەرکەس بۆخۆی پەیڕەوکرا. بۆچی سەرەتا ڕێگا لە خەڵک گیرا پاشەکشە بکات بۆ ناو شارەکان و خەڵک کرا بە پشتێنەی ئەمنی و دیواری مرۆیی و دواتریش بێ پشتیوان بەجێهێڵران، ئەگەر بەنیازی بەرگری و بەرەنگاری نەبوون بۆچی ڕێگایان لە خۆدەربازکردنی خەڵک گرت؟ ئایا نەدەکرا ڕێگایەک ببینرێتەوە بۆ پووچەڵکردنەوە، یان لانیکەم کەمکردنەوەی زیانەکان و کاریگەریەمرۆییەکانی ئەنفال؟ بۆچی وا بە ئاسانی و خوێن ساردانە خەڵک و تەنانەت بەشێک لە هێزە چەکدارەکانی خۆشیان کردە گۆشتی بەردەم گورگی فاشیزم و تەکنەلۆژیای جەنگی و ماشێنی هاڕین؟ بەرای من ڕەگی ئەمە لە تایبەتمەندییەکی زگماکی ناسیونالیزمی کورد دایە کە لە هەموو تونديێچێکدا ئاشبەتاڵیان هەڵبژاردووە، ناگەڕێینەوە بۆ مێژووی دوور، تەنها تەمەنی سیاسی ئەو هێزانەی لە سەردەمی ئەنفاڵ و دوای ئەنفال دەسەلاتدار بوون، ئەگەر بەمێژوویاندا بڕوانی بەردەوام لە بازنەی (شەڕ – مفاوەزات - شەڕ)دا خولاونەتەوە و ئەوکاتانەی شەڕیان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی کردووە خۆیان داوەتەپاڵ دەوڵەتانی ناوچەیی و بوونەتە کەواسووری بەر لەشکری ئەجینداکانی ئەوان و



که چوونەته مفاوەزاتیشەوە، خۆیان رادەستی دەوڵەتی ناوەندی کردووە. لەهەر کاتێکیشدا رێککەوتن هەبووبێت لە نێوان دەوڵەتی عێراق و ئەو وڵاتانەی ناسیونالیزمی کورد پشتی پێ بەستوون، یەکسەر ئاشبەتاڵیان راگەیەندووە. دەتوانین نمونەکانیش بە رۆشنی ببینین، لە کۆتایی شەستەکان باڵی جەلالی لەبەرامبەر رێککەوتنی باڵی مەلایی و حکومەتی ناوەندی، پارتی لە ساڵی ١٩٧٥ لەبەرامبەر رێککەوتنی جەزائیردا، لە ساڵی ٩٨٨ لەبەرامبەر وەستانی شەڕی ئێران و عێراقدا، لە ٩٩١ دوای راپەڕین کە ئەمریکا بووارێکی دایەوە بە رژێمی بەعس ئەمان بەخێرایی بەمفاوەزات قایل بوون، ٣١ ئابی ١٩٩٦ یەکێتی لەبەرامبەر رێککەوتنی پارتی و بەعسدا، ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤ زیاتر لە ٥١%ی ناوچەکانی کوردستانی باشوور لەبەرامبەر جوڵانێکی سوپای عێراق و ئۆکەی وڵاتانی ناوچەکە. ئەم چەند بارەبوونەوەیە، نە رێکەوتەو نە ناچاری، بەڵکو بەشێکە لە جیناتی ناو سینالیزمی کورد و لە خوێنی دایە، ئەوە بووە بەهەستێکی گشتی خەڵکی کوردستانیش، هەمیشە ئەو دەربڕینانە بەرگوێ دەکەون " ئەمانە خۆیان پڕدەکەن و رادەکەن، بەتەمای ئەم وڵاتە نین، هەرشتێک بێت خۆیان تێدەقوچێنن و ئێرە جێدێڵن ... " ئەمانە قسەی ناشارەزایان نین، بروسکە نین لە ئاسمانی سامالّ و دووکەڵی بێ ئاگر نین، خەڵک بە ئەزموون بەم قەناعەتە گەیشتووەو لە نەستیاندا جێگیربووەو ڕەگێکی قوڵی لەئەزمونی مالّوێرانی وشکستی ناسیونالیزمدایە، ئەم بزووتنەوەیە کە زیاتر چەکداری بووە لەوەی سیاسی بێت، هیچکات لەئاستی متمانەی خەڵکدا نەبووە، بۆیە قابیلی پشتپێبەستنیش نەبووەو لەداهاتووشدا هەرنابێت.

سەرنجی دووەم: لە ئەنفالدا زیاتر لە ٤٨هەزار گوند ڕۆخێندران، ٢٥٠ شارۆچکە و گوند کیمیاباران کران، زیاتر لە ١٧٥٠ قوتانخانە داخران و لەشاڵاوەکاندا ڕوخێندران، ژمارەیەکی زۆری خەڵک چ لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەداو چ بەهۆی چەکی کیمیایی و چ لە زیندانەکان و گرتووخانەکان و هەروەها لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا، لەناوچوون، ئەمەش دوو ساڵ دوای گازبارانی هەڵەبجە، بەڵام ئەم ڕووداوە گەورەیە سەرنجی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و مرۆڤدۆستانی نەتەوەکانی تر و تەنانەت رێکخراوە خێرخوازیەکانیشی رانەکێشاو هەستی نەجوڵاندن و چاویان لەبەرامبەری داخست و گوێی خۆیان لێ کەڕ کرد، ئەمە ئەگەر لەپاڵ دووبارە بوونەوەی هەمان هەڵوێست لە پارچەکانی تری کوردستان لەبەرچاوبگرین و بەراوردی بکەین بەپەرچەکرداری ئەوەی بەرامبەر میللەتانی تر دەکرێت و لەناویشیاندا ئۆکرانیای ئێستا، بەسادەیی دەگەینە ئەو پرسەی کە سیستەمی مەوجوود بەدرێژایی مێژووی خۆی نەتەوەی کوردی هەزم نەکردووەو بەردەوام

فرێیداوەتە دەرەوەی خۆی، لەگەڵی نەگونجاوە، هەرچەندە بەوپەڕی تەنازولاتەوە ناسیونالیزمی کورد لە وێستگە جیاوازەکاندا ویستوویەتی خۆی لەگەڵ سەرمایەداری بگونجێنێ، بەڵام سیستەمەکە قبوولّی نەکردووە، تەنانەت بەتاڵانبردنی نەوت و ملکەچکردن هەتا ئاستی زەلیل بوون و نۆکەرایەتیش دادی نەداون، کە ئەمە راستەوخۆ بەمانای ئەوە دێت کە میللەتی کورد بۆ رزگاربوون و ئازادی دەبێت دژی ئەم سیستەمە بێت و بەرەنگاری بەرێبخات بەرامبەری، ئەگەرنا زیاتر لەو قۆڕە دەچەقێت کە بەهۆی ڕادەستکردنی



دەسەڵاتی هەرێم بە کۆمپانیا گەورەکان و خۆڕادەستکردنی دەسەڵات بەدەستەکانی هەرێم بە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و ئەجیندای ئابووری وڵاتانی دەرەکی و چوونە سەر نەخشەی وزەی جیهانی، بۆ کوردانی باشوور گیراوەتەوە.

سێیەم سەرنج لەسەر درێژبوونەوەی ئەنفالە بۆ ئێستاو بەردەوامیەتی لەداهاتوودا، ئەگەر دەسەڵاتی مەوجودو نەهجی مەوجوود درێژەی هەبێت :ئەنفال تەنها ٣ ساڵی خایاند لەسەردەمی بەعسدا، لە بەهاری ٩٩١ کوردستان لە دەستی رژێمی بەعس رزگار بوو، بەڵام لەبەعسیزم رزگاری نەبوو، بەعسیزم و بەهەمان شێوە ئەنفالچێتی لە ڕێگەی حیزبە کوردیەکانەوە درێژەی هەبووە، حیزبە کوردیەکان موتوربەن بوون لەسەر ئەم دارەو هەر بەرێک بدەن و شێوەو ناوی میوەکە هەرچیەک بێت، هەر بەتامی بەعسیزم و ئەنفال دەبێت، ئەوان وەک بڵێی لەلایەن وڵاتانی ناوچەکەوە ئەرکدارکراون بۆ درێژە پێدانی ئەنفال و ڕێگەگرتن لە سارێژ بوونی برینەکانی، بۆ ئەوەی ئەم زامە بۆ هەمیشە بەکراوەیی بمێنێتەوە، ئەوان بەکردەوە بوون ئێسکی ناو ئەم زامە و بەبەردەوامی دەیکوڵێننەوە تا خوێنی لێ بچۆڕێ.

ئەنفال هەرگوندڕوخان و کۆمەڵکوژی نەبوو، بەڵکو زیانە مەعنەوییەکەی گەورەتر بوو، ئاژەڵداری و کشتوکاڵی کوردستانی پەکخست و نزیک بە تەواوی لادێکانی چۆڵ کرد، خەڵکی لە سرووشت جوگرافیاو کلتوری خۆی دابڕی، بووە مایەی پیسکردنی ژینگەو تێکدانی ژیانی ئیکۆلۆژی، ئەنفال چەکداری کرد بە کارو کەسابەت و سەرچاوەی ژیان و بژێوی، سیخوڕی وگوێ لەمستی کرد بەپیشە، ئەنفال خەڵکی بەتەواوی خستە باوەشی دەوڵەت و ژیانی گرێدرا بە ئەمرو نەهی دەسەڵاتەوە، ئەنفال پاشماوەی دەرەبەگایەتی لەرێگەی موستەشارەکانەوە کرد بە خاوەن دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی و شارەکان بەهۆی بااڵدەستی ئەمانەوە بوون بە گوندی گەورەو سەرمایەو وەبەرهێنان و دەسەڵاتێکی کۆنەخواز جێگیر بوو، ژیانی نیمچە کۆمۆنی و هەرەوەزی دیهاتەکان لەناوبراو..شوناسی کلتوری و کاری هەرەوەزی و دەستەجەمعی کۆتاییان هات، ئێستا هەموو ئەوانە درێژەیان هەیەو بگرە پەرەیان پێدراوەو کراون بەسیستەم .دەسەڵاتی کوردی بوو بە میراتگری شەرعی دەسەڵاتی بەعس، بەعسیزمیان وەک فیکروکلتور تێکەڵ بەکوردایەتی کرد هەم لە درێژەپێدانی ئەنفال و هەم لە پارێزگاری کردنی ئاسەواری کوشندەکانی بەعس، ئەوان جارێکی تر ئەنفالیان لە بردنی نەوت و وزە، لە داگیرکردنی سامانی گیشتی و قۆرخکردنی داهاتی نیشتمانی، لە سیاسەتی سکەڵگوشین و برسیکردنی خەڵکداو لە زەوتکردن و دەستبەسەرداگرتنی زەوی و زاری خەڵک و تااڵن و برۆی ئابووریدا، تەوزیف کردەوە.

چیرۆکی وێنە

سێ لای ئەنفالکراوی کورد



هەرسێکیان خەڵکی شاری کەرکوکن، کامەران و مەردان برای یەکترین و ڕەمەزانیش کە لەناوەڕاستیاندایە خزمیانەو دایکیان ئامۆزای کامەران ومەردانە.

ئەگەرچی هەرسێکیان پەیوەندی سیاسیان بەرێکخراوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە هەبووە، بەڵام نەبوون بە پێشمەرگە، لەبەرئەوەی نەچوبوونە ریزی سوپای عێراقەوە، نەیاندەتوانی لەشارەکان دابنیشن، بۆیە لە ساڵی ١٩٨٥ چوبوونە گوندەکانی گەرمیان و لەوی خۆیان پەنادابوو. بەداخەوە لە ئەنفالی سێیی گەرمیاندا ئەوانیش لەلایەن جەیش و جاشەوە گیراون و بێسەروشوێنکراون.

لای ڕاستەوە. کامەران ئەفەندی شەریف لە دایکبووی ساڵی ١٩٦٤ گەرەکی شۆرجەی شاری کەرکوک، دوای تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی ناوی لە زانکۆی موستەنسریە هاتبووەوە بەڵام نەیخوێند، هەتا نیسانی ساڵی ١٩٨٨ لە گوندی گۆلباخی بنارگل دەژیا، بەڵام لەکاتی ئەنفالدا چووبوو بۆسەردانی ڕەمەزان لە گوندی ئاوباریک، هەرلەوێش لەگەڵ ڕەمەزان گیراو پێکەوە ئەنفالکران.

ناوەڕاست ڕەمەزان محەمەد جەوهەرە لەدایک بوی ساڵی ١٩٦٣ گەرەکی شۆرجەی کەرکوکە، دەرچوی ئامادەیی پیشەسازی بوو، لەبەرئەوەی نەچوبووە ریزی سوپاوە شاری بەجێهێشتبوو لە گوندی ئاوباریکی بنارگل دەژیا، ئەویش لەگەڵ کامەراندا لەلایەن جاشەکانەوە گیراوەو ئەنفالکراوە.

مەردان ئەفەندی شەریف، لەدایک بووی ساڵی ١٩٥٥ کەرکوک – شۆرجە، ئەویش قۆناغی شەشەمی ئامادەیی تەواوکردبوو، بەڵام لەبەرئەوەی نەچووە ریزی سوپاوە شاری بەجێهێشت و لەگەڵ هاوسەرەکەی لەگوندی گۆلباخ دەژیان، هەرلەوێش لەلایەن سوپای عێراقەوە گیراوەو ئەنفال کراوە.


ئەم سێ گەنجەش دوای ئەوەی گیرابوون برابوون بۆ کەمپی کۆکردنەوەی قادرکەرەم ودواتر بردبوویانن بۆ کەمپی سەرەکی تۆپزاوا لەڕۆژئاوای شاری کەرکوک کەئەوسا شوێنی کۆکردنەوەوجیاکردنەوەی ئەنفالکراوان بوو.

ڕەمەزان وکامەران هیشتا هاوسەرگیریان نەکردبوو، بەڵام مەردان خێزاندار بوو، لە دوای خۆی کوڕێکی بەناوی ژیار بەجێهێشتووە، جێگەی ئاماژەیە پێش دەستپێکردنی ئەنفال هاوژینەکەی بەهۆی منداڵبوونەوە چووەبووە بۆشارو بەهۆیەوە ژن وکوڕەکەی دەربازبوون.

تکایە ئێوەش وێنەو زانیاری دەربارەی ئەنفالکراوەکانتان بنێرن بۆ گۆڤاری ئەنفالستان .

زانیارییەکان لە سەردانەفەندییەوە گەیشتوون بەئەنفالستان.

تاوانباران لەنێو قەفەزی دادگادا



عە بدوڵڵا کەریم مەحمود

ســـەعات٣ی دوای نیوەڕۆی ٦ / ١٠ / ٢٠٠٦ وەفدێک پێکهاتبووین لە [محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق ، لەتیف فاتیح فەرەج ، عومەر محەمەدی ئەنفالســـتان ، تەها ســـلێمان ، مەجید ساڵح ، سالار مەحمود ، عە بدوڵڵا کەریم مەحمود] ، لە فرۆکەخانەی نێو دەوڵەتی سلێمانی یەوە بە رێکەوتین بۆ فرۆکەخانەی نێو دەوڵەتی بەغداد ، شـــەرەفی ئەوەیان پێداین وەک چاودێر لە هۆڵی.. ..دادگای باڵای تاوانبارانی عێراق میوان بین.

یەکەم جار بوو ســـواری فرۆکە ببم ، هەر کە فرۆکە کە کەوتە جوڵە بەرەو قوڵایی ئاسمان ، لە پەنجەرە بچوکەکەی تەنیشـــتمەوە روانیمە باڵای پیرەمەگرون ، ئەو ڕۆژانەم هاتەوە یاد ، کە لە گوندی قزلەرەوە بە پیرەمەگرون دا هەڵگژام ، بە زەحمەتێکی زۆر بەو رێچکە باریکانەدا هەنگاوم دە نا ، بەفرو شەختە هەمووی گرتبوو.. گەیشتمە ناو گوندی زێوێ ، ئەو شەوە لە ماڵی شەهید دکتۆر ئاسۆ ی مام رەزا ماینەوە ، لە گەڵ دکتۆر ئاســـۆو هاوڕێ نوری نازانین چۆن شـــەوەکەمان بەڕێ کرد ، تاریک و لێڵی بەیانی لە جادەی سلێمانی – دوکان پەڕینەوە تا گەیشتینە گوندی حاجی ئاوا ،گوندی زاهیر ، ئێوارەکەی لە جادەی ســـلێمانی – کەرکوک لە لای دەواجنەکەی بازیان بە ناو ڕەبایەو جاش و سەربازدا پەڕینەوە بۆ بیبیجکی ئەو بەر ، دنیا تاریک بوو ڕەباییەکان لە هەموو لایەکەوە بە ســـلییە دەسڕێژیان بە هەر چوار دەوری خۆیان دا دەکرد ،فیشەکی گڕدارەکان وحەپەپی ســـەگەوەرەکە ،کپی و ئارامی تاریکســـتانەکەی زیاتر هەژاند. لەوێوە بە چیاکەدا ســـەرکەوتین بۆ ئـەو دیوو بۆ گونـدی خـاڵـدان ،دێلێژە،.گوربـاز،..میوڵی ، خـاوێ ،کـەســـنـەزان مـاڵـە چوچانییەکان ،هەناران ،.کربچنە ،ژاڵە ،.گەرەچیا ،گەرمیان. لە پەنجەرە بچوکەکەی فرۆکەکەوە ،هەستم کرد لە سەرووی هـەورەکانـەوەین ، پۆپـەشـــمینی هـەورەکان ، دیمـەنێکی ڕۆمانسیانەی دروست کردبوو،بۆ یەکەم جار بوو نیگاری هەور لەو ســروشـتە شـیرینەی نێوان ئەو ئاسـمانە شـینە تۆخەو ،ئەو هەموو پەڵە ســەوزو قاوەییانە ی ســەر زەوی ببینم ، ناو بە ناو هێڵی ئەو شەقامە قیرانەم دەهاتە بەرچاو ،.وەک تاڵی پێچاو پێچی ئەو وێنانە وابوو کە بە منداڵی لە دەفتەری وێنەکەما دەمکێشا لەو کاتەدا فرۆکەکە گەیشتە ســەر ئاســمانی گەرمیانەکەم ، باڵی خەیاڵ لە و پەنجەرە بچوکەوە گەڕاندمییەوە بۆ بەهاری ســـاڵی ١٩٨٧ هەموو گونـدەکـانی گـەرمیـان پڕبوو لـە ئـاوەدانی ،ژیـانێکی ئاسـودەیی ، خۆشـەویسـتی لە باوەشـی سـاکاری جوانی ســـروشـــت دا، ئەو کاتانە خەڵکی ئاوایەکانی گەرمیان .لەگەڵ پێشمەرگەکانی گەرمیان دا گۆرانی یان بۆ ژیان ،بۆ ئایندەیەکی نوێ دەوتەوە.

هەموو ماڵێک،لە ، گوندەکانی گەرمیان ماڵی پێشـــمەرگە ومیوان وئەو رێبوارانە بوو کە ڕێیان دەکەوتە ئاوایەکەیان . ژن و ،پیاو ،منداڵی جوتیارەکان دڵپاک و ســـادە بوون ،هەموویان عاشقی ئەو زەوییە کشتوکاڵییە بوون ،کە ساڵ دوانزەی مـانـگ بـە ڕەنج و مـانـدوو بونی خۆیـان و..بەعەرەقی ناوچەوانی خۆیان بەرهەمیان دەهێنایە بەر . ژیانی ئەوێ پڕبوو لە بەها جوانەکانی خۆشـــەویســـتی مـرۆڤ ،مـرۆڤـایـەتـی ، خـاک، نـەتـەوە، زمـان ، پێشمەرگەو،شۆڕش و، کۆمەڵ.

خەڵکی ئاوایەکان لە گەڵ بۆردومانی فرۆکە جەنگییەکانی عێراق و ڕەتڵی تۆپبارانەکان و ســـاروغ و دەســـڕێژی کۆپتەرەکان ڕاهاتبوون. هەموو ماڵێک کونە تەیارەیەکیان بۆ خۆیان دروست کردبوو .



ناو بەناو سوپای عێراق و جاشەکان بە تەکنەلۆژیای عەسکەریی هێرشیان دەکردە سەر گوندەکان جوتیارەکان ئامادە نەبون دەستبەرداری گوندو کێڵگە کشتوکاڵییەکان و ئەو گۆڕستانانە ببنەوە کە چەند رەچەڵەکیان لەو خاکە دا نێژراون ، خۆیان وەک هێزی بەرگری بە چەک و فیشەک و رۆحی خۆیان بەرگریان لە زەوی و ئاو و ئاوەدانی خۆیان دەکرد، رۆڵیان وەک پێشمەرگە جەربەزانە بوو. لە پەنجەر بچوکەکەی فڕۆکە کەوە ، چەندان دیمەنی خێرا بە ناو کامێرای چاو و مێشکم دا وەک فلاشباک تێدەپەرین، تا ئەو کاتەی گەیشتینە سەر ئاسمانی بەغداد ئەمجا ئەو خەونەم هاتەوە یاد ، بە درێژایی تەمەنم سەدامم هەر لە سەر شاشەی تەلەفیزیون و لاپەرەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بینیوە ، ئە و کاتانە عێراقییەکان بە سەدام یان دەوت :(حفظه الله) (ئێستا لە نزیکەوە لە ناو قەفەزی تاوان لە دادگا دەیبینم.)

فڕۆکەکە لە خوار جەبەل حەمرین -ەوە لە بەرنیشانەی چەکی قورسی تیرۆریستەکان لە سەروی قولایی هەورەکانەوە بوو، وردە وردە بە چەند سوڕێک لە سەرئاسمانی بەغداد بە هێواشی بە شێوەی پێچاو پێچ لە سنووری دیاری کراوی فڕۆکەخانەی بەغداد نیشتەوە لە ناو هۆڵی فڕۆکەخانە دا سالانی دوای ڕاپەڕینم بیر کەوتەوە کە بەقەڵەم و چەند پەڕەکاغەزێک بە گەڕەکە میلیەکان سڵێمانی دا دەگەڕام ، بەدوای کەس و کاری ئەنفالەکان سەردانی شوێنەواری گوندە سوتماکەکانی گەرمیانم دەکرد..هەموو ئەو شوێنەواری خانوو مزگەوت.و..قوتابخانە وگۆڕستانە ڕوخاوەکانم بینی بە بڕیارو نەخشەی سەدام حسین و عەلی حەسەن مەجید خاپور کرابوون.

لە بەردەرگای دەرەوەی فڕۆکەخانە دوو تەکسیمان گرت . سێ کە سمان لە گەڵ حاکم ئەحمەد - ی ئەندام پەرلەمانی لیستی هاوپەیمانان و چوارکەسەکەی تر مان بە تەکسیەکەی دواوە لە فڕۆکەخانەوە بە (شەقامی مەرگ) دا، بە خێرایی تێپەڕین . گوێمان لە دەسڕێژی کلاشینکۆف بوو لەو لەولاوە دەکرا . ئەوسا ئەمەریکییەکان بە وردی چاودێری ناوچەی سەوزیان دەکرد ، بە چەند خاڵێکی پشکنینی زۆر ورد بەرێ دەکراین ، لە خاڵێکی پشکنین وەستاین ، کاک لەتیف فاتیح تەلەفونی بۆ کاک خالید شوانی ئەندام پەرلەمانی لیستی هاوپەیمانی کرد، بە ڕێنمایی ئەو دوو ئەندام پەرلەمانە توانیمان بگەینە شوقەکانی (ناوچەی خەزرا) ، ئەو شوقانە گەڕەکێکی گەورەبوو لە نزیک [هۆڵی ئاهەنگی سەدام] ، هەر شوقەیەک هەشت نهۆم بوو ، کاک خالید شوانی لە شوقەکەی خۆی میوانداریەکی گەرمی لێ کردین و شوقەکەی خۆی بۆ تەرخان کردین .

دواتر کاک خالید شوانی دیدارێکی بۆ ساز کردین بۆ ئەوەی بەشداری پرسەی تیرۆرکردنی (زاوەکەی و خوشکەزاکەی و برینداربوونی خوشکەکەی) محەمەد ئەلعر ێبی سەرۆکی دادگای باڵای تاوانبارانی عێراق بکەین.

ئێمە بەرەو ماڵی ئەو بەڕێکەوتین ، سەرۆکی دادگا بەرە وپیرمان هات ، مامۆستا محەمەد سالح تۆفیق بە ناوی هەر حەوتمان و کەس وکاری ئەنفالەکانەوە هاوخەمی و سەرخۆشی لە سەرۆکی دادگای باڵای تاوانبارانی عێراق کرد. ئەویش بەوپەڕی پەرۆشی یەوە وتی:



- ئەمە گەورەترین شانازییە کە ئێوە لە کوردستانەوە هاتوون ، پرسەی خۆتان و کەس و کاری ئەنفالەکانی کوردستان بە من را دەگەیەنن ، ئەوەی من لەدادگا دەیکەم ئەرکی سەرشانمە ، بە پێ ی پەیرەوی یاسا ، دادگای سەدام و تاوان باران بکەم، ئەگەر خۆشم ببم بەقوربانی دەست بەرداری دادگا نابم.

سەعات ٨:٣٠ هەر حەوت چاودێرەکە لە گەڵ رابیعە خان و کا ک پشتیوان ئەحمەد ئەندام پەرلەمانی لیستی هاوپەیمان رومان کردە (کۆشکی کۆنگرەکان بۆ ئەوەی لەوێوە بگەینە ناو هۆڵی دادگا ی سەدام و تاوانبارەکانی تر .لەو کاتەدا ئۆتۆمۆبیلەکە لە بەردەم هەردوو شمشێرە گەورەکە دا تێ پەڕی، کە سەدام شانازی پێوە دەکرد ، لەوێ گۆڕی سەربازی ونمان بینی ..ئەوەم بیر کەوتەوە ، تۆ بڵێی سەدام ئەم هێمایەی بۆ ئەو سەربازانە دروست کردبێ ، کە لەشەڕی عێراق – ئێران هەڵدەهاتن .ملی دەپەڕاندن . سەرم لەو هەموو کۆشک و تەلارە زۆرانە سوڕدەما ، کە چۆن .بە چ ویژدانێک ..بە چ عە قڵێک .بە پارەی کێ ..بە خوێنی کێ.دروستیان کردون .بیرم لەوە دەرکردەوە ، ئەو دەسەڵاتدارانەی کورد ، کە رابردووی خۆیان لە بیر چووە .لە سەر خوێنی شەهیدان و ئێسک و پروسکی گۆڕە بە کۆمەڵەکان ، بوون بە خاوەنی بانکی زەبەلاح لە کوردستان و، دەرەوە و ، کۆمپانیا کۆشکی خەیاڵی ، بڵێ ڕۆژێ ئەمانەش وەک سەدام و ئەم تاوان بارانە لە قەفەزی دادگا... دادگایی گەل بکرێن..ئەوە ٢٩ساڵە نەوتی ئەم نیشتیمانە دەدزن .کەسێتی مرۆڤی کورد وردو خاش دەکەن ، ژیانیان لە خەڵک کردوە بە دۆزەخ.

ئەو کاتانەم بیر کەوتەوە سەدام .دوای کۆدەتای ١٧ ی تەموزی ١٩٧٩ بە زۆردەسەڵاتی خۆی سەپاندن و بەدەیان نمایش و سیناریۆی جیا جیا .خۆی کرد بە سەرۆکی عێراق و ملی زۆر لە هاوڕێکانی خۆی کرد بە پەتاو ..گولە بارانی دەیان کەسی کرد ، جەستەی زۆر لە کەسە نزیکەکانی خۆی دایە ..بەر دەسڕێژی جەلادەکان

سە عا ت ١٠ی بەیانی ، هەر [٧] چاودێرەکە لە گەڵ چەند یاسا ناسێکی ئەمەریکی و لێپرسراوی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ .رومان کردە ناو هۆڵی دادگا.وتیان: ئەم شوێنە بارەگای سەرەکی (قیادەی قوتری حیزبی بەعس)]بووە .

سەعات ١٠:٣٠ی ڕۆژی ٩ / ١٠/ ٢٠٠٦ گەیشتینە ئەو شوێنەی بۆمان دیاری کرابوو ، سێ ڕیز کورسی تیا بوو، شوشە بەند ێک لە بەردەمانا بوو ، لەوێ دەمنڕوانییە هۆڵی دادگاو قەفەزی دادگای سەدام و تاوانباران خولی[١٣] ی دادگایەکە بوو، پە ردە لادرا ، دوو پاسەوان سەدامیان هێنایە بەردەم دەرگای هۆڵی دادگا ، کەلەپچەکەیان لە دەستەکانی کردەوە ، دواتر هێنایانە ناو قەفەزەکەوە .پاسەوانێکیان بە ئەدەبەوە بەسەدامی وت:_ دانیشە .سەدام دەستی بە تونڈی خستە سەرشانی و بە پاڵ پێوەنانەوە .پێیڕاگەیاند: تۆ بچۆ دەرەوە .ئەمجا من دادەنیشم.

بەم شێوەیە پاسەوانەکان یەک بە یەک (سوڵتان هاشم ئەحمەد، فەرحان موتڵەگ ، سابیر عە بدولعە ز یز دورعی، تاهیر تۆفیق العانی، حسین ڕەشید) یان هێنایە هۆڵەکەوە ..ئەوەی مایەی تێڕامانە دوا کەسیان عەلی حەسەن مەجید بوو، بەلەشولارێکی ناڕێکەوە .دارێکی بەدەستەوە گرتبوو ، بۆ ئەوەی لەکاتی هەنگاونانی دا هاوسەنگی جەستە تێک شکاوەکە پێ ڕاگرێت، بە خاوە خاو بە هەنگاوە لارەو لارەکانی گەیشتە ناو قەفەزی دادگا. لەم دانیشتنەی دادگای سەدام و تاوانباران دا ، چوارکەس لە سکاڵاکار چیرۆکی پڕلە مەرگەساتی خۆیان گێڕایەوە، ئێمە هەموومان لە بەردەم هەڵسوکەوتی سەدام و تاوانبارەکان و دیمەنی جەرگ بڕی ئەو تراژید یایانەدا گریاین .



سەدام بە بێ دەنگی هەناسەی لە خۆی بڕی بوو ،تەنیا لە ناخی کپی خۆی دا هە ندێک جار هەستی بە راستی رووداوی ناو چیرۆکەکانی ئەنفال دەکرد ، ..بەڵام هەر وەک سەدام حسین –ی سەرۆکی عێراق هەڵسوکەوتی دەکرد ، (تەنیا خۆی لەسەر هەقە و وڵاتانی هاوپەیمان و کوردو شیعە و حکومەتی عێراق غەدریان لێ کردووە)بە بەردەوامی قورئانێکی لە سەر ئەژنۆکانی دانابوو ، ناو بەناو لاپەرەکانی هەڵدەدایەوە ،وەک ئەوەی ئەو بە پێ ی سوورەتی ئەنفال ،ئەنفالی کوردی کردووە ،کورد کافر و مەجوس بوون ،بەکرێ گیراوبوون ،ئەو ئەنفالەی کە سەدام کرۆیەتی بەعەقڵی و بڕیاری مەزاجیانەی خۆی کارێکی رەوایە و لەخزمەتی عێراق دا بووە .

لە کاتی نوێژدا هەر لە شوێنی خۆی لە ناو قەفەزەکەدا بە دانیشتنەوە نوێژی دەکرد ،لە خوا دەپارایەوە بۆ ئاوا رووبە رووی ئەم رۆژەو ،ئەم دادگای کردنەی کردوەتەوە .

سەعات [٢] ی پاش نیوەڕۆ بوو ، سەرۆکی دادگا وتی: ئێستا کاتی پشووە ، سەدام خۆی بە موسوڵمانێکی ئەوەندە راستەقینە دەزانی وتی _ ئێمە بە ڕۆژوین ،پێویستمان بە پشوو.نان وخواردن نی یە. ئەو ڕۆژە یەکێک بوو لە ڕۆژە هێمنەکانی دادگا .

یەکێک لە پرسیارە کۆمیدییەکانی عەلی حەسەن مەجید ئەوەبوو وتی: من بڕوا ناکەم زیندانێک بە ناوی (نوگرە سەلمان)وە هەبێت . داوای لە لێژنەی لێکۆڵینەوە کرد بۆ ئەوەی ئایا ئەو زیندانە هەیە یا نا ...؟

ئەمە نیشانەی ئەوە بوو کە سەدام و عەلی حەسەن مەجید و هەموو تاوانبارەکان، نەک هەر ئاگایان لەو ئەو چیرۆک وزانیاریانەیە کە سکالاکاران لە هۆڵی دادگا دەیان خستە روو ،ئەوان زۆر بەوردی و قوڵی ئاگایان لە هەموو کات وشوێنی ،رووداوی تراژیدیا کانە ، تەنانەت ئاگایان لە ورترین رووداویش هەیە ،بەڵام لە بەر قورسایی قەبارەی تاوانەکانیان و ،کەسێتی لاوازی خۆیان لە ناوقەفەزی دادگا ،لە ترسی ئەنجامی لێکۆڵینەوە و، بڕیاری دادگا .. ..کە بڕیاری لە سێدارەدانە بۆیان ،پەنا یان دەبردە بەر دەیان پرسیار...دەیان پاساوی بێ جێ و ..بێ بنەما ی یاسایی ،خۆیان دەیانزانی لە سەردەمی دەسەڵاتیان دا چەند دڵڕەق و توندو تیژ بوون، ئێستاش لە ناو ئەو قەفەزەدا چەند کەسێتیەکی لاوازو بێ دەسەڵاتن .

ئەوە شایەتحا ڵ و چیرۆکەکانیان ،ئەوە دۆکیۆمینتەکان هەمووی بەبریاری سەدام وعەلی حەسەن مەجید ئەنفالکراوەکان بەسەر زیندانی(تۆبزاوە ..دبس ..تکریت ،نوگرە سەلمان ،بیابانەکانی خوارو ناوەڕاستی عێراق) دابەش کران .

عەلی حەسەن مەجید لە نەوارە تۆارکراوەکەی دا ، لە ٢١ ی کانوونی دووەمی ١٩٨٩ دەڵێت :_لە تەلەفیزیون ئەو تێک دەرانە مان نیشان دا کە لە ئەنفالەکان دا خۆیان تەسلیم کر دبوو، باشە دەکرێت من ئەمانە هەروا بە سەلامەتی بهێڵمەوە ، کەواتە چی لەم بزنانە بکەم ، هەرچەندە پەیامێکم لە پیاوە گەورەکەوە لە سەدام حسین ی باوک فەرماندەی گشتی یەوە پێ گەیشت دەڵێت: چاوت لە خانەوادەی تێکدەران بێت، منیش پەیامەکەم خستە سەر سەرم . بەڵام چۆن ئاگام لێ یان بێت ؟ بریارمدا بە بلدۆزەر بیانکەم بەژێر خۆڵەوە ، دواتر سەرۆک داوای ناوی گیراوەکانم لێ دەکات بۆ ئەوەی بڵاوی بکەنەوە ، منیش دەڵیم باشە من ئەم هەموو خەڵکە بێ شومارە لە کوێ دابنێم ، بۆیە بەسەر پاریزگاکان دا دابەشم کردن ،ئەو کاتەش بلدۆزەرەکان بەم لاولادا بڵاوە پێدەکەم).

چالاکانی سفرەو سەفرە


هۆمەر موحەمەد

زۆر جار لەخۆم دەپرسم، ئەو هەموو چالاکوانەی دۆسێ (ئەنفال و هەڵەبجە) کوێوە چوون ؟ نازانم مرۆڤ بۆ دەبێت هێندە لاوازبێت ! زۆر بەداخەوە ئەوانە هێندەی بۆ (سفرەو سەفرە) ئامادەبوون بەو ئەندازەیەش بۆ کار دورەپەرێزن، زۆرجاران وام دیون کە وەک نەعامە سەریان نەوی و قونیان بڵندە، بەداخەوە لە ناویاندا کەسایەتی بەرێزو دلسۆزیش هەن، بەڵام دلسۆزی بەچی دەچێت ئەگەر هێندە ئیرادەت نەبێت بەهەق بڵێی هەق و بەناهەق ناهەق، دەبێت بە ویژدانەوە ئەوەش بڵێم کە هەموو ئەوانەی دورکەوتنەوە بەتەسکیەو پارەو پولی حزب و حکومەت هەڵنەسوڕاون بەڵام کەمیش نەبوون ئەوانەی بە ئێستاشەوە سەفری ئەم وڵات وئەو وڵات دەکەن بەبێ ئەوەی سادەترین پابەندیی ئەخلاقی و ویژدانیان بەو بە دۆسێی ئەنفال و قوربانیەکانییەوە هەبێت، هەیانە تاقە یەک وشە چیە دەربارەی ئەنفال وهەڵەبجە نەی نوسیوەو خاوەنی کتیبیشە! رەنگە بڵێن ئەمە مەتەڵە نەخێر راستییە چونکە کتێبەکەشی هەمووی دزی و کۆپی هەوڵ و ماندووبوونی کەسانی ترە.

بەو پێیەی لەناو ئەو کەش و دۆخەدام مرۆڤی سەیرو سەمەرەم لەم دۆسێیەدا دیوە، تەنانەت بۆ خۆشی نازانێت کەی و بۆچی هاتووەتە ناو ئەم فەزا قورس و هەستیارەوە، بەڵام ئەم جۆرەکەسانە هێندەی هەڵپەی سفرەو سەفرە دەکەن نیوهێندە کەمتریش لەخەمی مرۆڤ و شوناس و یادەوەریدا بوونایە، مالّی کورد بەم ئەندازەیە وێران نەدەبوو.

من بۆخۆم شاهیدی کەسی سەیروسەمەرەم. با دوونمونە لەسەر شاشەی تیڤی بهێنمەوە: ڕۆژێک لەناو سەیارەبووم کاک پشکۆ محمەد، زەنگی بۆکردم گوتی ئەگەر لەمالّی بیخەرە سەر کەنالّی زاگرۆس، وتم بۆزاگرۆس خێرە؟ وتی: سەربەست ناوێک باسی ئەو پرۆژانە دەکات کە تۆ بەخۆبەخش سەرقالّیانی پرۆژەکانیش بریتی بوون لە (کردنەوەی خولی کۆمپیتەرو کردنەوەی کتیبخانەو فریا گوزاری خێرا) پارەکەی هی ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی بوو بەڵام لەبەرئەوەی من پارەم وەرنەدەگرت لەبەرانبەر کارەکەم داوام کرد ناوەندی چاکیش بخەنە پاڵ ڕێکخراوەکەتان ئەوانیش قایل بوون. بەداخەوە هەتا گەیشتمەوە ماڵەوە بەرنامەکە تەواو ببوو، ئەم سەربەست ناوە کە ئەندامی حزبێکی ئیسلامی بوو، نازانم چاودێری کوردۆساید بەڵێنیان پیدابوو سەفەری خارجی پێبکەن یان شتێکی تر، هاتبوو بێ شەرمانە ئەم چالاکیانەی ئێمەی کردبوو بەهی خۆیان ! لەکاتێکدا بۆیەک تاقەجاروبۆیەک تاقە ڕۆژیش نەمدیوە کارێک بۆئەنفال بکات! خۆڕەنگە کابرا لەنەزانیشەوە ئەوەی کردبێت هەر نەیزانیبێت، من وچاودێری کوردۆساید ئاسمان وریسمانمان فەرقەو ڕەنگە بەستەزمانە هەروای زانیبێت منیش هەرکاربۆئەوان دەکەم! شەوی ٢٠١٠/٤/١٤ لەگەڵ دەرسیم دیبەگەیی وجەمال مەولودو کاک جیهاد محەمەد لە مالّی خۆمان بە دیار تیڤیەوە دانیشتبووین پیاوێکی زل وزەلام لەسەر شاشەی تیڤی دیداری لەگەڵ ئەنجام دەدرا واباسی دۆسێی دادگایی کردنی خەزرەجی دەکرد هێندە بێ باک قسەی دەکرد، ئەگەر ئەزمونم لەگەڵیاندا نەبوایە بروام دەکرد، تەماشایەکی دەرسیمم کرد هێشتا پرسیارم لێ نەکردبوو کە رومتەکانی سورسور ببونەوە و بە پێکەنیێکی ئازاربەخشەوە گوتی: تۆ ئەو درۆزنە دەناسیت ؟ ئینجا سەیر لەوەدا بوو کابرا کادری حزبیش بوو حزبەکەشی نامەی ناردبوو بۆ دادگای دانیمارک کە خەزرەجی پیاوی باش بووەو ئێمە هیچمان لەسەری نییە. خەزرەجی بەسکالاّی دەرسیم گیرابوو. ! ئێستاش کە ناویان ناهێنم لەترسان نیە بەڵکو لەبەرئەوەی باوکن و منداڵیان هەیە لەبەرئەوەی دڵی منداڵەکانیان نەشکێت دەنا ناویانم دەهێناو بۆدادگاش ئامادەبووم. دەسەلاّتیش کلاّوی ناسیون و کلکی پێواون و باش دەیانناسن بۆیە سڵیان لێ ناکەنەوەو بوون و نەبونیان وەک یەکە، دەنا ئەگەر ئەو چالاکوانانەی هێندەی بەکڕین و فڕین و بلیتی تەیارەوە سەرقالّن نیو هێندە سەرقالّی سەفەری گەرمیان و هەڵەبجەو بالیسان بونایە، دەسەلاّتدارانیش هێندە لێیان بێخەم و بێ باک نەدەبوون کەمێک سڵیان دەکردەوە لەوەی هیچ بۆ ئەو یادەو شارەکەی نەکەن.

مامە غازی وتی بێن بانەهێلین منانّەکانمان بووەن



بەختیار چەوری*

غازی محەمەد موسـا، ساڵی ١٩٣٧ لە دێی چەوری سەربەقەزای کفریی لەدایک بووە، پۆژی ٢ی ئابی ساڵی ٢٠٠١ کۆچی دوایی کرد.

لەکاتی ئەنفالدا دانیشتوی شاری خورماتوو بوو، کە جاش و سوپا لە گوندەکاندا خەڵکەکەیان دەگرت، دەیانبرد بۆ ناومەرکەز شەبابەکەی خورماتوو لەوێ کۆیانکردبوونەوە، بەڵام پێش ئەوەی ئەو خەڵکە بێ تاوانەکە بگوێزنەوە، کە ئەوسا کەس نەیدەزانی بۆکوێیان دەبەن . مامە غازی خاوەن هەڵوێست و بەغیرەت، گوێێ بەمەرگ نەداو سەرەڕای درێندەیی جەلادەکانی بەعس و دڵرەقی خۆفرۆشی زۆڵە کوردەکانیش، مامەغازی بەبێ ئەوەی لە مردن بترسێت خۆپیشاندانێکی سازکرد، بۆ ئازاد کردنی ئەو هەموو خەڵکەی وابەبێ تاوان گیرابوون و زۆربەشیان ژن ومندالّ بوون. کارەکە بێ ئەنجام نەبوو. هەرچەندە سەرانی بەعس و جاشە خۆفرۆشەکان دایانە بەر دەست ڕێژی گولەو بریندارییان کرد، کاتێک بردبوویان بۆ تەداوی لەنەخۆشخانەی خورماتووش چەند پۆلیسێکیان بەدیارییەوە دانابوو. سادق هەردی دەڵێت: کە لەخەستەخانە دەرزییەکیان لێدابوو پێیاندەگوت بایۆلۆژی بۆیە هەتا دەهات و دەچووە تەمەنەوە ئەو دەرزییە کاریگەری زیاتری لەسەری دەبوو حاڵی خراپتر دەبوو، دەرزییەکە بەبریاری ئەمنی و تیپی موسەننای حزبی بەعس بوو. دواتریش توشی نەخۆشی دەرونی بوو سەرئەنجام هەر بەو نەخۆشییەش مرد.

ئەمەی من باسی دەکەم زۆربەی خەڵکی خورماتوو دەیزانن و گەواهی ئەو ڕاستیە دەدەن کەئەم پیاوە بەغیرەتە لەکاتێکدا ئەم کارەی کرد کورد لەڕۆژی ڕەشدا بوو هەموو شتێک دژی کورد بوو، گۆڕی مامە غازی پڕ نوربێت و جێگای بەهەشت بێت.

بۆیە بەبۆنەی یادی ئەنفالەوە بەئەرکی خۆمم زانی یادی ئەم قارەمانەو ئەو هەڵوێستەی بکەمەوە چونکە ئەو بووە جێگای شانازی و هەر ئەوکاتە جاش و موستەشار و مەفرەزە خاسەکانیشی شەمەزار کرد.

بۆ پشتراستکردنەوەی چیرۆکی ئەم پیاوەی گەرمیان، ئەنفالستان لەسالّانی ڕابوردوودا گەلێک شایەتحاڵی ئەنفال وئەوانەی لەمەرکەز شەبابەکەی خورماتوو بەهۆی ئەو خۆپیشاندانەوە ڕزگاریان بووە، دواندووە، یەکێک لەوانەی خۆی ڕزگارکرد ئەفرۆز ئیسماعیل بووە، کە تازە منداڵی ببوو، بەوحاڵەوە خۆی هەردوک منداڵەکەی ڕزگار کردبوو، کەلەوبۆخەدا بەسکێک ببوونی.


***چەوری ناوی گوندێکی ناوچەی داودەیە و سەر بەناحێی نەوجولە. لەئەنفالدا گەورەترین زیانی گیانی و مالّی بەرکەوت- نوسەر خەڵکی ئەو گوندەیە.**

لاپەڕەی وێنەکان



وێنەی یەکەم

کامیل مامە سەید-گوندی قەشقەیە، خانمەکە نەناسراوە. بەداخەوە لەوەندە زیاتر هیچ زانیارییەکمان لەبارەیەوە چنگ نەکەوت تەنها ئەوەندە نەبێت، کە پیاوەکە کامیل مامە سەید گوندنشینێکی گەرمیانیەو خەڵکی گوندی قەشقەیەو لەنیسانی ساڵی ١٩٨٨ ئەنفالکراوە بەڵام هیچمان دەربارەی ئەو خانمە چنگ نەکەوت کەلە وێنەکەدا لەگەڵیدا راوەستاوە. نازانین ئایا ئەویش ئەنفالکراوە یاخود لەژیاندا ماوە؟ ئامانج لەبڵاوکردنەوەی هەم دۆکێومێنتکردنی وێنەکەیەو هەم هیوایەکیش بۆئەوەی دوای بڵاوکردنەوەی سۆراخێکی هەبێ و کەسێک هەبێت بتوانی زانیاری زیاتری لەبارەوە بگەیەنێتە دەستمان.



وێنەی دووم

لەمامۆستا هێمن عەبدوڵاوە

وێنەکە ساڵی ١٩٨٦ لەگوندی گۆپتەپە گیراوە. وێنەکە، جەلیل مستەفاو هەردوک کیژۆڵەکەیەتی بەناوی ژیان و ڤیان. جەلیل لەکیمیابارانی گۆپتەپە و ئەنفالی ناوچەکەیان رزگاری بوو، بەڵام هاوژینەکەی و هەردوک کچەکەی ئەنفالکران و بۆخۆی بەتەنیا مایەوە، جەلیل هەتا ئێستاش پێلاوەکانی ئەو ماندالانەی هەرلگرتووەو وەک یادەوەرییەک پاراستوونی.




وێنەی سێهەم

لە سعود سەنگاوییەوە.

سەبیحە مەحمود ئەحمەدو منداڵەکانی کەلەم وێنەیەدا دیارن، هەموویان ئەنفالکراون، سەبیحە لەبنەرەتەوە خەڵکی گوندی دەرزیلەی سەنگاوەو لەگوندی سێ گۆمەتان شوی کردووە، لە قۆناغی سێهەمی ئەنفالدا هەرلەوێ گیران و بێ سەروشوێنکران. جێگەی ئاماژەیە، سەبیحە لەوکاتەدا دوگیان بووە.

زانا محمد حمەڕەشید
دیاری محمد حمەڕەشید
ڤیان محمد حمەڕەشید
ئاری محمد حمەڕەشید.




وێنەی چوارەم

سعود سەنگاوی ناردوویەتی

مستەفا مەحمود ئەحمەد، لە دایک بووی ١٩٥٢ - گوندی دەرزیلەی سەنگاوە. ساڵی ١٩٨٨ لە پەلاماری ئەنفالی گەرمیاندا لە سەرقەڵای سەنگاو لەگەڵ خەڵکێکی زۆر گیراوەو پێکەوە ئەنفالکراون. راستە دەڵێن ئەنفال چیرۆکی سەرنجبەری تێدایە، ئەم پیاوە بواری دەربازبوونی لەئەنفالدا هەبووە، بەڵام لەو کاتەدا بەسۆراخ و هەوڵی خۆشکەکانیەوە (سەبیحەو مرییەم)ەوە بووە. لەبەرئەوەی سەبیحە دوو گیان بووەو منداڵی پێ بووە، کەچی خۆی و سەبیحەی خوشکی ئەنفالکران و مرییەمی خوشکیان بەهۆی ڕاپەڕینەکەی شاری جەمچەماڵەوە رزگاریان بووە.

وێنەکە مستەفاو سعودی کوڕێتی ساڵی ١٩٨٦ چرکێندراوە.

سعود ئێستا گەنجێکی دامەزراوەو یەکێکە لەشاعیرەکانی کوردو ناوچەی چەمچەماڵ .




وێنەی پێنجەم

لە سیروان سلێمانەوە

وێنەکە ڕۆستەم ئەحمەد خانەیە، موالیدی نادیارە خەڵکی گوندی کانی مارانی سەربەناحێی سەرقەڵای کفرییە، ساڵی ١٩٨٨ لەپەلاماری ئەنفالی گەرمیاندا گیراوەو ئەنفالکراوە.

ئەنفال و بێباوکی

نەبەز سەمەد



سێ بۆ پێنج مانگ دوای لە دایکبوونم، لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٨٨ لە پەلاماری ئەنفالی چواردا کە گوندەکانی دەشتی کۆیەشی گرتەوە باوکی منیش (سەمەد ئەحمەد جوبرائیل، لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٢) وەک زۆربەی گوندنشینەکان لەلایەن جاش و سوپای عێراقەوە گیراو ئەنفالکرا.

بۆیە من هەرگیز باوکم نەبینیووە. باوکم بۆ من تەنیا ئەم وێنەیە بوو کە لە ساووچێکی ژوورەکە بە دیوارەکەی ماڵمانەوە هەڵواسرابوو. وێنای من، بینینی من و یادەوەری من بۆ باوکم تەنیا ئەم وێنەیەیە، ئەگەر ئەم وێنەیە نەبوایە، ئەوا من هیچ یادەوەرییەکی وێنەیی باوکمم نەدەبوو، ئاخر وێنە ڕۆڵێکی گرنگی لە دروستکردنی یادەوەریدا هەیە. بۆیە هونەری بینەکی و فیلم دەتوانن ڕۆڵێکی گەورە ببینن لە دروستکردنی یادەوەری کۆیەکی لە بارەی ئەنفال و جینۆسایدەکانی کورد .

یەکەم جار کە گوێم لە وشەی ئەنفال بوو، زۆر سەیر و نامۆ بوو بەلامەوە، لە واتاکەی تێنەدەگەیشتم، چونکە وشەیەکی عەرەبی و قورئانی بوو. بەڵام هەر زوو تێگەیشتم کە ئەم وشەیە پەیوەندی بە نائامادەیی و نەبوونی باوکمەوە هەیە، بۆیە لێرەوە وشەی ئەنفال بۆ من بوو بە هاوواتای بێباوکی .

دوای ئەنفالکردنی باوکم، دایکم (ڕەعنا باپیر حەمەد) ڕۆڵێکی مەزنی هەبوو لە گەورەکردن و پەروەردەکردنی من و خوشک و براکانمدا، ڕەنج و زەحمەتی زۆری کێشا تاکوو ئێمەی گەورە کرد و پێگەیاند. بۆیە من سەر بە پەروەردە و کولتووری ژن-دایکم، نەک پیاوێتی و پیاوسالاری، چونکە ئەنفال خۆی بەرهەمی پەروەردە، هۆش و کولتووری پیاو-سالارییە.

پرسە



ئەفسوس، کەسایەتی دیاری ناوچەی خۆشناوەتی و دۆڵی بالیسان (فەقێ شێخوەسانی). کۆچی دوایی کرد.

ئەگەرچی فەقێ نەچووبووە قوتابخانە، بەڵام خوێندەوارێکی باش و نوسەرێکی ناوچەیی دیار بوو، چەندکتێبێکی نوسیوە باشترین و ناسراوترینیان کتێبی (خۆشناو دۆر دۆشاو)ە. ئەویش وەک هەر کەسێکی شێخ وەسان چیرۆکی خۆی هەیە لەتراژیدیای کیمیاباراندا، بەتایبەتیش مەرگی باوکی و فڕاندنی ئارامی کوڕی زۆر تراژیدین.. فەقێ لەکتێبەکەیدا خۆشناو دۆردۆشاو دەنوسێت:

"من لەمەکتەب نەبووم شوان بووم، بەڵام کە ئێواران دەگەڕامەوە گوندی منداڵم خڕدەکردنەوە دەمگوت بزانم ئەمڕۆ چیتان خوێندووە، دەبێت ئەوەش فێری من بکەن."

فەقێ ڕۆڵێکی گرنگی لە کۆکردنەوەی پارچەی ئەو ڕۆکێتانەی بەرناوچەکە کەوتبوون، بەهەمان شێوە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لەناردنی شایەتحاڵ بۆ دادگای باڵای تاوانەکان. بەداخەوە ڕۆژی ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ کۆچی دوایی کرد.

لێرەوە پرسەو هاوخەمی خۆم بۆ هاوژین و کوڕوکچەکانی و خزم وکەسوکاری و هاوڕێکانی ڕادەگەیەنم، دڵنیام کۆچی دوایی کاک فەقێ شێخ وەسانی بۆهەموومان وەک یەک بەئازارە .. ڕۆحی شادبێت.

بنەما هەڵەبجە یان کچە مۆدێل ؟

هۆمەر موحەمەد

٢٣ی ئازاری ٢٠٢٢ -سلێمانی

بەپێ راگەیاندنی وتەبێژی پۆلیسی هەڵەبجە، لەسەر داواو سکاڵای بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی پارێزگای هەڵەبجە بەتۆمەتی سوکایەتی بە شەهیدان و دانیشتوانی پارێزگای هەڵەبجە دوشەمە ڕێکەوتی ٢١ی ئازاری ٢٠٢٢ مەفرەزەی بنکەی پولیسی فریاکەوتنی هەڵەبجە لەشاری سلێمانی بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی پولیسی پارێزگای سلێمانی و دەزگا ئەمنیەکان تۆمەتبار سانای مام یوسف لەدایکبوی ساڵی ١٩٩٤ی دانیشتوی شاری سلێمانیان دەستگیرکردووە.

پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە: لەسەرچی و بەکام مادە دەستگیرکراوە؟ وەڵامە سادەکەش ئەمەیە:

بەپێ مادەی دووی خراپ بەکارهێنانی ئامێری پەیوەندی کردن "! لەکاتێکدا تۆمەتبارەکە سوکایەتی بەشەهیدانی کیمیاباران و بریندارانی کردووەو دەستخۆشی لەسەدام کردووە !

دیقەت بدە، نەک بەمادەیەک کە سوکایەتی بە یادەوەری هەڵەبجەو شەهیدەکانی بکات ؟

من گوێم لە جنێوی کچەکە نەبووە، بەڵام ئەو قسانەی ماڵپەڕی ئاوێنە بڵاوی کردووەتەوە، ئەگەر وابێت شایان بەسزای قورسە، ئەوەڕای منە دەنا، بریار لەدادگاو لای دادوەرە. لەبەرانبەریشدا رونکردنەوەیەکی کچە مۆدیلەکەم بینی، دەڵێت : کەسێک بەناوی هەڵەبجەییەوە زۆر بێڕێزی پێکردم و منیش هەڵچوم و وەڵامم داوەتەوە، دەشڵێت من ئەو بەیانییە یەکەم کەس بووم، کە پۆستێکم دەربارەی کۆمەڵێک منداڵی هەڵەبجە کردووە و یادی کیمیابارانەکەم کردووەتەوە.

کەواتە لێرەدا دووخاڵ گرنگە لەسەری بووەستین

یەکەم : سکاڵاکە بەڕێوەبەرایەتی شەهیدان وئەنفالکراوانی هەڵەبجە کردوویەتی (لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە، بۆ سکاڵاکە لەسەر هەدووک لانەبووە کە بوونەتە هۆی سوکایەتی بە هەڵەبجە ؟! ئایا ئەم تاقە کەسە سوکایەتی بەهەڵەبجەو کەسوکاری شەهیدان کردووە ؟ ئایا ئامێری پەیوەندییەکە چییە ؟ ئەگەر تیشییە یان دەزگایەکی میدیاییە ئەی کەناڵەکە ؟ ئەوان شایان بەلێپێچینەوەو سزانین ؟

دووەم: سکاڵاکە لەسەر ئەوکەسە بەتۆمەتی سوکایەتی کەسوکاری شەهیدانی هەڵەبجەیە یان بە یادەوەرییەکە ؟ هەقە ئەوە رون بێت.

مادام یاسایەک بۆ لێپرسینەوە بۆ قەدەغەکردنی سوکایەتی کردن بە "جێنۆساید" نییە، دەستگیرکردنی تاقە کەسێک، مایەی تێڕامانە، چونکە ڕۆژانە سوکایەتی بەکوردو شەهید، دەکرێت .

هەر ئەو ڕۆژە ١٦ی سێ، لەکەناڵی تیشییەوە کەسوکاری شەهیدانی هەڵەبجەم بینی و گوێم لێ بوو بوو گەردنی سەدامیان ئازادکرد لەبەرانبەر کوشتنی کەسوکارەکانیان ..! ئەی بۆ بەرانبەرئەمانە کەس قسەیەکی نەکرد ؟ مەگەر کەسوکاری شەهیدان وئەنفال ئازادن جنێو بەخەڵک بدەن و ڕەحمەت بۆسەدام بنێرن ؟

کچە مۆدێلەکەش قسەی هەیەو دەڵێت : جنێوم پێدراوەو سوکایەتیم پێکراوە، ئەگەر حکومەت لەلێپچینەوە بێت، دەبێت لەپێشەوە لە دەزگامیدیاییەکانەوە دەستپێبکات.

راگەیاندنی وتەبێژی پۆلیس: لەسەر سکاڵای بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی پارێزگای هەڵەبجە بەتۆمەتی سوکایەتی بە شەهیدان و دانیشتوانی پارێزگای هەڵەبجە ئەمڕۆ دوشەمە بەرواری 2022/3/21 مەفرەزەی بنکەی پولیسی فریاکەوتنی هەڵەبجە لەشاری سلێمانی بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی پولیسی پارێزگای سلێمانی و دەزگا ئەمنیەکانی تر تۆمەتبار س.ی. ا لەدایکبوی 1994 دانیشتوی سلێمانی گوندی ئەڵمانی بەپێی مادە دوی خراپ بەکارهینانی ئامێری پەیوەندیکردن دەستگیر کراو بە بڕیاری بەڕێز دادوەری لێکۆڵینەوەی هەڵەبجە تا بەروای 2022/3/30 بەندکرا، دوسیەی لێکۆڵینەوەی لەبنکەی پولیسی شەهید سەرکار بۆ ڕێکخراوە بۆ ئاگاداریتان لەگەڵ ڕێزدا .

مقدم بەرزان عوسمان محمد

21 3 2022

دیدارەکەی من و ڕۆژنامەی هاوڵاتی

هۆمەر موحەمەد

کاک ئارا ئیبراهیم بۆ ڕۆژنامەی هاوڵاتی دیدارێکی کورتی لەگەڵدا کردم و لە ژمارە (١٩٦٤) ڕۆژی چوارشەممە ١٣ی نیسانی ٢٠٢٢ -ل٣ دا بڵاویانکردووەتەوە، بەداخەوە هندێک هەڵەیان کردووە، کە نەدەبوو بکرێن چونکە زیاتر لێکتێنەگەیشتن، یان پەلەکردن بووە لە بڵاوکردنەوەیدا، هەرچۆن بوونیێت سوپاسیان دەکەم و کارەکەیان بەکەم ناگرم بەڵام بە بەپێویستی دەزانم ڕاستیان بکەمەوە بفەرموون لەگەڵ ڕاستی ئەوەی کە وتوومە خۆشبەختانە تۆمارە دەنگییەکە لای هەردولامان پارێزراوە.

ئەوەی هاوڵاتی بڵاوی کردووەتەوە خۆیان لێی بەرپرسن، بەڵام ئەوەی منیش لێرەدا دەینوسمەوە لەتۆمارە دەنگیەکەدایە من لێی بەرپرسم .

یەکەم من نوسەری کتێبی ئەنفالستان نیم، وەک لەڕۆژنامەکەدا بڵاوکراوەتەوە، بەڵکو سەر نوسەرو خاوەنی گۆڤارێکم بەناوی ئەنفالستان، ئەو بۆکسەی کە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چاپ و بڵاویان کردووەتەوە سێ بەرگە، ناوی کتێبەکان ئەنفالستان نیین بەڵکو ناوی (گەشتەکانی ئەنفالستان)ەو ناوەرۆکەکەیان دیدارو بەدواداچوون. نەک کتێبێک بەناوی ئەنفالستان.

لەوەڵامی پرسیاری یەکەمدا، کە هاوڵاتی لێی پرسیوم، پرسیارەکە ئاوایە:

لەماوەی ڕابوردودا کتێبێکتان نوسی بوو، چی بۆ کەسوکاری ئەنفال هێنایە ئاراوە، بە تایبەتی لەلایەنی دەسەڵاتدارانەوە ؟ چونکە کتێب بۆیە دەنوسرێ کە خەڵک ئیسفادەی لێبکات بەتایبەتی بەرپرسانی وەزارەتی شەهیدان، کاربەدەستان ئەوانەی پەیوەندییان بەو دۆسێیەوە هەیە؟ وەنییە ؟

-وایە (دەنگی من بەکزی)



ژمارە (١٩٦٤) چوارشەممە ٢٠٢٢/٤/١٣ — هاوڵاتی — 3 — دیدارو ڕاپۆرت

عومەر محەمەد، نووسەری کتێبی ئەنفالستان بۆ هاوڵاتی:

کەسوکاری ئەنفالکراوان هەست بەشکۆمەندی ناکەن کەتۆمەتبارانی ئەنفال لەبەردەمیاندا هاتوچۆ دەکەن

سازدانی: ئارا ئیبراهیم

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی شەهیدان بۆ هاوڵاتی:

بەهەوڵی وەزیری شەهیدان پرۆژەی ئاوی (گۆپتەپە - چەمچەماڵ) بودجەی بۆ تەرخان کراوە

هاوڵاتی



هۆمەر موحەمەد

کاک ئارا ئیبراهیم بۆ ڕۆژنامەی هاوڵاتی دیدارێکی کورتی لەگەڵدا کردم و لە ژمارە (١٩٦٤) ڕۆژی چوارشەممە ١٣ی نیسانی ٢٠٢٢ -ل٣ دا بڵاویانکردووەتەوە، بەداخەوە هندێک هەڵەیان کردووە، کە نەدەبوو بکرێن چونکە زیاتر لێکتێنەگەیشتن، یان پەلەکردن بووە لە بڵاوکردنەوەیدا، هەرچۆن بوونیێت سوپاسیان دەکەم و کارەکەیان بەکەم ناگرم بەڵام بە بەپێویستی دەزانم ڕاستیان بکەمەوە بفەرموون لەگەڵ ڕاستی ئەوەی کە وتوومە خۆشبەختانە تۆمارە دەنگییەکە لای هەردولامان پارێزراوە.

ئەوەی هاوڵاتی بڵاوی کردووەتەوە خۆیان لێی بەرپرسن، بەڵام ئەوەی منیش لێرەدا دەینوسمەوە لەتۆمارە دەنگیەکەدایە من لێی بەرپرسم .

یەکەم من نوسەری کتێبی ئەنفالستان نیم، وەک لەڕۆژنامەکەدا بڵاوکراوەتەوە، بەڵکو سەر نوسەرو خاوەنی گۆڤارێکم بەناوی ئەنفالستان، ئەو بۆکسەی کە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چاپ و بڵاویان کردووەتەوە سێ بەرگە، ناوی کتێبەکان ئەنفالستان نیین بەڵکو ناوی (گەشتەکانی ئەنفالستان)ەو ناوەرۆکەکەیان دیدارو بەدواداچوون. نەک کتێبێک بەناوی ئەنفالستان.

لەوەڵامی پرسیاری یەکەمدا، کە هاوڵاتی لێی پرسیوم، پرسیارەکە ئاوایە:

لەماوەی ڕابوردودا کتێبێکتان نوسی بوو، چی بۆ کەسوکاری ئەنفال هێنایە ئاراوە، بە تایبەتی لەلایەنی دەسەڵاتدارانەوە ؟ چونکە کتێب بۆیە دەنوسرێ کە خەڵک ئیسفادەی لێبکات بەتایبەتی بەرپرسانی وەزارەتی شەهیدان، کاربەدەستان ئەوانەی پەیوەندییان بەو دۆسێیەوە هەیە؟ وەنییە ؟

-وایە (دەنگی من بەکزی)

-چی ئیسفادەیەکی بۆئەوان هەیە ؟

-زۆر سوپاس کاک ئارا ڕاستیی بۆ وەزارەتی شەهیدان و دامودەزگای حکومەت من هەتا ئێستا هیچ کاردانەوەیەکم نەدیوە، یەعنی هیچ پێشوازییەکیشم نەدیووە، لەڕاستیدا هەر ئەوڕۆژی مەڕاسیمەکەش (مەبەستم مەڕاسیمی واژۆکردنەکەیە) هیچ کەسم لەوەزارەتی شەهیدان یان بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکەیان نەبینی، هاتبێ کرپیێتی یان دەستخۆشییەکی کردبێ ئینجا بێجگەلەوە خۆ من سالانێکی زۆر زۆرە لەو مەجەلەدا یان لەو دۆسێیەدا کاردەکەم خۆئەوە ئیشی ڕۆژ وڕووڕۆژ نییە، ئیشی ١٠-پانزە ساڵە لەڕاستیدا یەکجار وەزارەتی کاروباری شەهیدان هاوکاری کردوم ساڵی ٢٠٠٦ بڕی ٤٠٠ چوارسەد هەزار دینار هاوکاری گۆڤارەکەیان کردووە، ئەوەش لە لاپەرەکانی ئەخیردا بڵاوم کردووەتەوە، بڕی

هاوکارییەکەیان و مەبلەغەکەیانم بڵاوکردووەتەوە ئەویش من داوام لێنەکردبوون، بەڵکو کاک نامیق هەورامی داوای کردبوو. دەنا وەزارەتی شەهیدان نەلەسەرکارەکانی خۆم و نەلەسەر کتێبەکەش هیچ کاردانەوەیەکی نەبووە .

سەبارەت بەبەشێکی تری پرسیارەکە، نەموتووە هەموو ئەوانەی جاش و موستەشاربوون مقابلەم لەگەڵدا کردوون، بەڵکو وتوومە لەزاخۆوە بۆ گەرمیان موقابەلەم لەگەڵ خەڵک کردووە لەوانە جاش و موستەشارەکانیش، هەموو ئەوانەی موقابەلەم کردوون رەتی ناکەنەوەو دان بەوەدا دەنێن بەشداری ئەنفالیان کردووە .

لەراستیدا ئەوەی کەهەرگیز نامەوێ باسی بکەم هاوکاری مادی حکومەتە، گللەییشم لێنەکردون، چونکە بەتێگەیشتنی من حکومەت خۆی نایەوێ کار لەسەر ئەو دۆسێیە بکات. وەڵامی پرسیارەکەی کاک ئاراشم بەمجۆرە دایەوە حکومەت کاری بۆکەسوکاری ئەنفال کردووە، بەڵکو کاری بۆدۆسێی ئەنفال نەکردووە، بەڵای کەمەوە موچەیەکی داوە بەکەسوکاری ئەنفال وزەوی پێداون و پارەی خوێندنی کچ وکوری شەهیدان وئەنفالکراوانیش دەدات، ئەوەش مافێکی سەرەتایی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانە، بەڵام ئەوەی حکومەت نەیکردووە کارکردنە لەدۆسێی ئەنفالدا نەک بۆ کەسوکاری ئەنفال چونکە ئەم دووشتە لێک جیاوازن .


سەبارەت بەدادگاو کەیسی ئەنفال ودادگایی کردنی تۆمەتبارانەوە، من ئاوام وت، باگریمان بکەین حکومەتی عێراق لە دادگایی کردنی تۆمەتبارانی ئەنفالدا کەمتەرخەمی دەنوێنێ، دەبوایە حکومەتی هەرێم جەختی لەسەر دادگایەکی عادل وچالاک بکردایەو تۆمەتبارانی دادگایی بکات نەک بەپێچەوانەوە دادگای عێراق داوایان بکات و حکومەتی هەرێم کەمتەرخەمی بکات و دالدەی تۆمەتبارەکان بدات .

سەبارەت بەلێبوردنی بەرەی کوردستانی : نەم وت لێبوردنەکەی بەرەی کوردستانی تۆمەتبارانی ئەنفال ناگرێتەوە، وتوومە دامەزراندنی دادگاکەو یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ کە بنەمایەکی دەستوری هەیە هەموو ئەو لێبوردنانە هەڵدەوەشێنێتەوە کەلەپێش دەرچونی ئەم یاسایەو دامەزراندنی ئەم دادگایەوە دەرچوون یەکێک لەوانە بریاری لێبوردنەگشتیەکەی بەرەی کوردستانیە .. من نەمگوت بریارەکەی بەرەی کوردستان لەدەستوردا هەڵوەشاوەتەوە .

هەر لەوەڵامی ئەوپرسیارەدا من ناڵێم و نەموتووە کە ئەم دادگایە دامەزراوە لەسەر بەندی ١١و ١٢و ١٣ی پەیماننامەی نێودەوڵەتییەوە هێندراوە وتم: بەندی ١١و ١٢و ١٣ی یاساکە لە یاسای نێودەوڵەتی خوازراوە. یان لەوێوەهێندراوە، چونکە لە یاسای عێراقیدا هیچ بەندێک نەبووە بۆ محاکمەکردنی تۆمەتبارانی جێنۆساید (تاوانی دژەمرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ و کۆمەڵکوژی) .

سەبارەت بە لليوارکن ئەیاد خەلیل زەکی من نەم گوتووە (قاعیدی ئەنفالی دوو) گوتوومە قائیدی قواتی ئەنفالی دوو بوو .

سەبارەت بەژمارەی ئەنفالکراوانیش (١٨٢٠٠٠) وتم :



خەڵک پێی وایە کەمترە، رەنگە ئەوە لەڕقی ناهەقیەکانی دەسەڵاتداران و حکومەتی هەرێم وابڵێ، بەڵام من بۆخۆم بڕوام وایە کە زیاترە کەمترنییە، ئێستا تویژینەوەیەکم بەدەستەوەیە تایبەت لەسەر ژمارەی قوربانیان بە بەڵگەو ئارگۆمێنت رای خۆم دەسەلمێنم ٢٠٠ هەزار زیاتریش دەبن نەک لە١٨٢٠٠٠ کەمتربێت.

ئێوە بەمن دڵخۆشن و منیش بەئێوە.

هۆمەر محەمەد

من هەتا ئێستا هەستم هەروایەو هەروای دەبینم هیچ خۆشەویستییەک لەکن من ناگات بەخۆشەویستی کەسوکاری ئەنفالکراوان، خۆشم نازانم ئەم هەستەچییە کە



بەو ئەندازەیە بۆ ئەو خەڵکە هێندە بەتین وتاوە، خۆشم نازانم بۆچی هێندە هەوڵی گەڕانەوەی ڕێزو شکۆ بۆ ئەو خەڵکە بووەتە مەراقێک وڵێم نابێتەوە؟ لەکاتێکدا زەق بەبەرچاوانمەوەیە کە زۆربەیان دەستەو وەستان دانیشتون و هەوڵێک بۆ شکۆمەندی نادەن، کەچی من هەر ماندو نابم ؟ ڕاستییەک هەیە بائەوەش بڵێم هەتا ئێستا چەندین ڕێزلێنانم لە وەزارەتەکان و زانکۆکان و ڕێکخراوەکان بەهۆی بەشداری و چالاکییەکانمەوە وەرگرتووە، بەڵام هیچ ڕێزلێنانێکم هێندەی ڕێزلێنانی گوندەکانی جەلەمۆردو گۆپتەپەو دۆڵی جافایەتی بەلاوە گرنگ نییە.

بۆیە منیش هێندەی چاوەڕوانی سۆزو ئامێزو ڕێزلێنانی ئەوانم، هێندە هی خەڵکی ترنیم، خۆ وەنەبێت ئەوان بەپیرۆز بزانم و چاوپۆشی لە خواروخێچی و خراپەکارییەکانیان بکەم. نا ئەوانیش مرۆڤن باش دەکەن و خراپ دەکەن هەڵەدەکەن وتاوانیش دەکەن، لەچاکەیاندا ئامادەم و چاو لەهەڵەو تاوانەکانیان ناپۆشم. تاوانکار هەرکەس بێت جاش بووبێت یان جاش یان کەسوکاری ئەنفالکراوان هەر دەبێت سزای خۆیان وەربگرن.

بەڵام سەیرە ئەو تەحەمولەی لەگەڵ ئەوان هەمە لەگەڵ هیچ کەسێکی تردا نیمە، بەرگەی هەموو قسەیەکی ناخۆشیان دەگرم بەرگەی فرمێسک و گریانەکانیشیان دەگرم، جاری وابووە سەری خۆمم پێ نەخوراوەو پێویستم بە ٥ دەقیقە کات هەبووە، بەلام کاتێک سەباح تاقانە تەلەفۆنی کردووە ئامادەبووم یەک کاتژمێر گوێی لێبگرم بەبێ ئەوەی ماندوبم .

ئەم وێنەیەی من و ئەنوەری حەمەلاو ساڵی ٢٠١٣ لەسەر گۆڕی بەکۆمەڵی ئەنفالکراوان لە چیای حەمرین گیراوە، لەبارەی ئەو ڕۆژەوە ئەنوەری تاقانە دەربازبووی ئەنفال لە ئەکاونتی خۆی ئەم وێنەیەی داناوەو بێکەسی خۆی دەلاوێنێتەوەو دەردی دڵی خۆی بەیان دەکا، بەڵام نەوتراوەکانی ئەو پۆستەی زۆر زۆر زیاترن لەوەی کەلەو چەند دێرەی خوارەوەدا دەری بڕیون ئەو لەناخەوە دەڵێت ئێوەش وەک عومەر بینە برامان و بەباوەشێک سەبوریمان بدەنەوە، دەتوانن بەهەڵسوکەوتی خۆتان جێگەی براکان و خوشکەکان و دایک وباوکمان بگرنەوە، هیچیشمان ناوێت باوەشێکی خۆشەویستی نەبێت، ڕێزو خۆشەویستی و بەس .

ئەنوەر ئەورۆژە نوسیوێتی:

کاتیک چوومە سەرگۆرت، زۆر گریام ڕۆڕۆی زۆرم کرد بەڵام کەس نەبوو بێت وپێم بڵێت مەگری، گریام من کە نەبرام بوو لەگەلم بگرێت نە خوشکم بوو هاوشانم قژی برنیتەوە، ئەوەی باوەشی خۆشەویستی بۆگرتمەوە دەزانن کێ بوو؟ کاک عەمەری ئەنفالستان بوو، بەو هەڵوێستەی بینیم براکەم لە ناوگورەکە بۆمن زیندوو بووەتەوە، خۆشەویستی بۆ هینامەوە.

کاروانی ئەنفالکراو
یادەوەری گەرمی نێو باخەڵی رۆحم



ئەبوکاروان

ســـی و چوار ســـاڵە دەنگت و یادەوریيەکانت، منالّی و لەدایک بوونت و یارییەکانت، بزوێیت و ئەو هەموو نەخۆشی و ناخۆشی و سەرما و گەرما زۆرەی لەو ژیانە کورتە پڕ لە ســـەختی و دژوارەی بەهۆی منەوە، بەهۆی یاخی بوونمان لە بەعســـی فاشـــیزم و پێشـــمەرگایەتی چەشتت، چەشتان، چەشنی کلی چاو لە باخەڵی یادەوریمدا هەڵمگرتووە..

ڕۆڵە گیان !

هەموو یاد و بیرەوەرییەکانت، لە نێو ڕۆحمدا، خۆت، ناوەکەت، کە هەر لەســـەرەتاکانی لەدایک بوونتەوە بەناوی منەوە لکاوە، خەڵکی بەناوی باوکی تۆوە بانگم دەکەن، زۆرجار ئەوانەی ســـەرەتا دەمناســـن هەر بەناوی تۆ "کاروان" بانگم دەکەن .

جگەرگۆشە گۆڕ نادیارەکەم !

لەم ســـی و چوار ســـاڵەدا یادەوەری تاوانی ڕاپێچکردنی ئێوە بۆ ســـەحراکانی عێراق و کۆمەڵکوژیتان، لێگەڕێ با هەندێ لە یاد و بیرەوەرییەکانت لەو ژیانە ســـەختەی ڕۆژانی پێشمەرگایەتی بۆ هاوڕێیانی و خەڵک بگێڕمەوە .

کاکە گیان!

چۆنێتی پێشـــوازێ و شـــین گێڕانت بە هەوالّی شـــەهید بوونی فەرماندەی حزبمان شـــەهید کاوە و هاوڕێیەتیت لەگەڵ مام ســـاڵح و مام فەتاح و ســـەرخســـتنە ســـەرەکانی شـــەهید ئەبوو ڤیان و گاڵتە کردن لەگەڵ مامۆســـتا عەلی زەنگەنە و شەهید ملازم سەعد و شەهید ئاشتی کەرکوکی و سەردانی کفری... هتد. بۆ خوێنەران دەگێڕمەوە .

کاروانی ئەنفالکراوو هەوالّی شەهیدبوونی کاوە گەرمیانی

شەهیدی فەرماندەکاوە کادرو پێشمەرگەی هەشتاکان بوو، بەردەوام هاتووچۆی مالّی ئێمەی دەکرد لە دوانزەئیمام و دواتریش لە باوەکر، پێکەوە کاری حیزبیمان دەکرد، لەو هات و چوونەدا کاروانی یەکجار خۆشدەویست و گاڵتەو قســـەی خۆشـــی بۆ دەکرد، ڕۆژێک لە ڕۆژەکان لە مالّەوە بەجامێکی سووری مالّەوەمان ئاوی خواردنەوەی پێدابوو.

لە دوای ئاشـــتبوونەوەی حیزبی شـــیوعیمان و یەکێتی نیشـــتیمانی، لەشـــەڕێکی هاوبەشـــدا هاوڕێ کاوە شـــەهید دەبێت ، ئەو ســـەردەمە مالّی ئێمە لە باوەکر بووین و هەوالّەکە دەگـــاتە ئەوێ ، خەڵکی دێ خرۆشـــان و شـــەهیدبوونی کاوە خەمباری کردوون و چونکە هەموویان دەیاناســـی ، کاروان لە ناو دێ دەبێ و هەر کە هەوالّەکە دەبیســـتی بەگریـــانەوە بەرەو مـــاڵ دەڕوات بە ئـــاە هەڵکێشـــانەوە دەچێتە لای دایکی (ســـرگوڵ) و دەڵێ دایە کاوە شەهید بووە، دایکی دەڵێ کوڕم کام کاوە؟ ئەویش لە وەاڵمدا پێی دەڵێ: هاوڕێ کاوە کە بە جامە ســـوورەکە ئاوی کردە دەمەوە ، دایکشی دەست دەکاتە گریان.

لە زاکیرەی ئێمەدا لەبیرمـــان نەمـــابو، کەی و چوون و چ ســـاڵ و چ مانگیک کە پێش شـــەهیدبوونی کاوە بە جامی ســـوور ئاوی داوەتێ ، بەاڵم ئەوەی جێی ڕامان بوو کە چوون لە گەل شـــەهیدبوونی کاوەدا جامە ســـوورەکەی کەوتەوە یاد ؟ چوون ئاهی بۆ هەڵدەکێشا؟

بەڵێ منـــاڵەکانی ئێمە هەر لەمنـــاڵییەوە ، وێردی زمـــانیـــان پێشـــمەرگەو خۆشـــەویســـتی پێشـــمەرگەو خەمی نیشـــتیمان بوو.

شـــەهید ئەبوقیان کادری پێشـــکەوتووی حیزب، خوڕاگر و ســـەر ســـەخت بەرانبەر دوژمنان و ئەوانەی دژومنایەتیان لەگەل حیزب دەکرد، ئەویش بەهەمان شـــێوەی هاوڕێیان لە هەموو کات و ســـەردەمێکدا هاتووچۆی دەکردین، کاروانی

زۆر خۆشدەویست و قسەی خۆشی بۆ دەکرد و بەشێک لە کاتەکانی لەماڵ ئێمە لەگەل ئەودا بەسەر دەبرد، گاڵتە و قسەی خۆش زۆر لەنێوان هەبوو.

جارێکیان لە میانەی قسەکانیدا لە ماڵی ئێمە، ئەبو ڤیان پێی دەڵێ -:کاراوان تۆ برادەرت هەیە ؟ ئەویش لەوەڵامدا ئەی تۆ برادەرت هەیە؟ ئەبوڤیان دەڵێ : بەڵێ من برادەرم هەیە ئەوەتا(حسین و عەزیزو ئیسماعیل و ئاشتی ....هتد) هاوڕێ و برادەرمن.

کاروانیش دەڵێ : بەڵێ منیش هەمەو(مام سالّح و مام فتاح و مام علی و مام سابیر و شێخ سلاح ....هتد)ئەمانە برادەری منن پێشتر شەهید ئەبو ڤیان لە قسەکانیدا باسی ئەم هاوڕێ یانەی بۆ کردبوو، جگە لەوەی ئەم هاوڕێیانە یادیان بەخێر لە جەولەکردندا هاتوو چووی ماڵی ئێمەیان دەکردو هەندێ جار کۆبونەوەکان لە ماڵی ئێمە دەکرا.

دواتر بەگاڵتەو سەرخستنە سەرەکانی ئەڤیان لەگەڵ کاروان مەجلیس پڕ دەبوو لە پێکەنین.

ئەبوڤیان:- کاروان تۆ شێرت هەیە؟

کاروان:- ئەی تۆ شێرت هەیە هاوڕێ

ئەبوڤیان :- بەڵێ من شێرم هەیەو حوسەینی برامە

کاروان :- منیش شێرم هەیەو شێخ سلاح ە (شیخ سەعید) و ئە بو ڤیان لە قاقای پێکەنینی دا

ئەبو ڤیان:- شێرەکەی تۆ چیدەکات؟

کاروان:- ئەی شێرەکەی تۆ چێدەکات؟

ئەبوڤیان:- شێرەکەی من حوسێن ، سەگ دەخوات ، چەقەڵ دەخوات، پشیلە دەخوات.....

کاروان :- شێرەکەی منیش شێخ سلاحە و پشیلەو چەقەڵ و سەگ دەخوات...

ئەبو ڤیان و حوسەین و دایان لە قاقای پێکەنین و بێ حدود پێکەنین چونکە لە جەوهەردا شەهید ئەبو ڤیان دەیوێست بیورۆژێنی و کاروان ئەو شێوە قسانە بکات.

بەڵێ ئازیزەکەم :- هەر لەدوای دوورکەوتنەوەتان لێمان، بەردەوام ئەوشیعرەم دووبارەو دەبارە دەکردەوە -:)ئازیزەکەم گەر بتوانم وەک مار ددانم تێژ دەکەم ، ئەوەی من و تۆ لەیەک بکات ، بە نووکی زمانیەوە دەدەم .(

یادەوەری گەرمی نێو باخەڵی روحم

کاروان و مامۆستا عەلی زەنگەنە


شەهید ئەبو ڤیان

هاوڕێ م.عەلی زەنگەنە، فەرماندەی بەتالیونی چواری گەرمیان یەکێک بوو لەو هاوڕێیانەی کە هاتووچۆی ماڵی ئێمەیان دەکرد و کاروانی زۆر خۆشدەویست تا ئەو ڕادەیەی گەر هەفتانە خواردنێکی باشیان لێبنایە لە بارەگای بەتالیون ئەوا کاروان و من دەعوەتدەکراین.

ڕۆژێکیان ماموستا لە بارەگای بەتالیون وە بە پیادە دێت بۆ باوەکر، ماڵی ئێمە لەبەرزایەک بوو دەیڕوانییە چەمی ئاوە سپی، کاروان کە دەبینێ ماموستا بەرەو باوەکر دێت دەچێتە پێشوازی و لەمبەر ئاو دەوستێ و چاوەڕوانی دەکات، ئاوی چەمی ئاوە سپی زۆر دەبێت و هەر چۆنێک بێ دێتە ئەمبەری ئاو و دەپەڕێتەوە بۆ دیوی دێ ، ماموستا ماچی دەکات و کاروان یش پێی دەڵێ :- ماموستا ئەوەە بۆ چی تۆ لە ناو ئاوە سپی دابیت هەر ملت بەدەشتەوەیە و خەریکە بخنکێی کەچی ئاوەکە تا زرانی ملازم سعد دێت و بە ئاسایی دێتە ئەمبەر؟ ماموستا دوای پێکەنین و لە وەڵامدا دەڵێ من باڵام بچووکەو و کاروان هەر تۆ مابوویت گاڵتەمان پێبکەیت.

دوای ئەوە پێکەوە دێن بۆ ماڵ و ماموستا بۆ من و دایکی کاروان باسی پەڕینەوەی لە ئاوەسپی و قسەکانی کاروانی بۆ کردین دەیوت گاڵتەی پێکردووم و ماوەیەکیش لەسەر ئەو قسانە کاتمان بردە سەر

کاروان و شەهیدان ملازم سعد و ئاشتی کەرکوکی

ئێوارانێک کۆمەڵێ پێشمەرگە لە ماڵی ئێمە دانیشتبووین ، نیقاش کەوتە نێوان شەهید عبدولرحیم (ئاشتی کەرکوکی)

و شەهید ملازم سعد، لە سەر ئەوەی کلاو و جەمدانی چەند شیاوە بۆ پێشمەرگە یان کلێتە لە سەرکردن، کاروان بە وردی گوێی لە گفتوگۆکانیان دەگرت، ئاشتی کلاو و جەمدانی بە جوانی دەبەستە سەریەوە ، ملازم سعدیش کلێتەیەکی سەوز، شەهید ئاشتی زۆر بە حماسەوە باسی بەستنەوەی کلاو و جەمدانی دەکرد بۆ پێشمەرگە ، لەوەڵامدا من ملازم سعد ووتی :- ئاشتی بەسە ئەو قسانە مەکەو تۆ (کەچەڵی) بۆیە جەمدانی دەبەستی بە سەرتەوە و ئەوەیش ئازایەتی نییە، زۆر سەیر بوو لە کتوپڕێکدا کاروان ی کوڕم هاتە سەر خەت و بە ملازم سعدی ووت:- (أنت کەچەڵ) لە کاتێکدا بۆ ساتێک نەمان بیستبوو کاروان بەعەرەبی قسە بکات و پێشتریش قسەی نەکردبوو بە وشەیەکیش.

دواتر لە وەڵامی کاروان دا بۆ شەهید مولازم سعد ، هاوڕێ ئاشتی گەلێ خۆشحاڵبوو هەموومان دەستمانکرد بەپێکەنین و ملازم سعدیش بە نیوە کوردی و عەرەبیش ووتی :- کاروان تۆیش دیفاعی لێدەکەیت؟

کاروان و مەردان چاوشین

مەردان کادریکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو، مالی ئەوانیش لە باوەکر بوو، پەیوەندی ئێمە لەگەڵ ئەوان پەیوەندییەکی توند و تۆڵ و دوور و درێژە، لە باوک و باپیرەمانەوە هەر هەبووە، بەخێزانەوە هاتووچۆی مالی یەکترمان دەکرد.

ڕۆژێکیان پێکەوە لەسەر چەمی ئاوە سپی پیاسەمان دەکرد، کاروان-یشم لە گەل بوو، مەردان بەگاڵتەوە ڕووی لێکردوو وتی:- کاروان بۆ نابیتە یەکێتی؟

کاروان :- من شیوعیم چوون دەبمە یەکیتی.

مەردان:- گەر نەبیتە یەکێتی سجنت دەکەم؟

کاروان:- ئیعدامم بکەیت نابمە یەکێتی

مەردان:- دەتخەمە چەمی ئاوەسپی یەوە

کاروان:- والله بمخەیتە چەمی ئاوە سپی و ئیعدامیشم بکەیت نابمە یەکێتی.

مەردان، دەستی خستە سەر سەری و ماچیکرد و دەستخۆشی لێکرد.

بەڵێ ئێمە بەو شێوەیە منداڵمان پەروەردە دەکرد.

یەکەم سەفەر و دوا سەفەری کاروان و دایکی بوو بۆ لای خزمان لە کفری، ئێمە ڕێککەوتبووین کە لە ڕیگای قادر کەرەم و دووزخورماتووەو بچن ئەو سەردانە بکەن، چونکە دوور نییە لە ڕێگای سەرقەڵاو بازگەی کفری-یەوە بچن بناسرێن و ئازاریان بدەن، ئەو ڕۆژەی کە ڕوویشتن بەتراکتور لە بناری گل بەر گولەبارانی کۆپتری ڕژێم کەوتبوون، بەشێک لە هاوڵاتیان شەهید کران و بەشێکیش بریندار بوون، کاروان لەگەل دایکی و چەند کەسێکی تر لە پاڵ پردێکی بچووکدا خۆیان شاردبوەوە، نادیەی شێخ ئەمین کە ئەو کاتە کەوتبوە دیوێ ئەوان باسی سەر سوڕمانی خۆی دەکرد لە ئازایەتی و چاونەترسی ئەو منالە، ئەو باسی دەکرد کە هەموومان دەگریاین و هاورمان دەکرد کەچی ئەو منالە تەماشای دەکرد چۆن کۆپتەرەکان بۆردومانیان دەکەن بێ ئەوەی تووشی شەڵەژان بێت و بترسێت، ئەو کاتە نە نادیەی شێخ ئەمین و نە کاروان و دایکی یەکتریان دەناسێ ، چەندین جار دوای ڕاپەڕین و لە چەندین مەجلیسدا ئەو باسەی دەگێڕایەوە.

کاروان و دایکی لە کفری

هەر چونێک بێت لەو ڕۆژانە دەگەنە کفری ، بە وریایەوە هاتوو چووی مالی خزمان دەکەن، لە هەر مالێک بوونە باس و خواستی جاش و مفرەزە خاسەکانیان کردوە، هەند جار جاش و ئەمنەکان هاتووچۆی ئەو گەڕەکانەیشیان کردوە، هەندی جار ناو ئەمن و خۆفرۆشەکانیان باسکردوە کە چوون بە دوای کەس و کاری پێشمەرگە گەڕاون، کردارەکانیان چۆن لە بەرچاو بووە، چۆن لێان ترساوون نەکەونە بەردەستی ئەو جەلادانە، هە موو ئەمانە لەمێشکی کاروان دا تۆمار کرابوون.

لە دوای گەڕانەوەیان بۆ باوەکر، کاروان وەک کاسێتێکی تۆمار کراو بەبێ وەستان یەک بەیەکی ئەو ڕووداوانەی دەگێڕایەوە، لە مالی فلان خزم بووین و مفرەزە خاسە هات و کێ و کێیان لە گەڵدا بوو خۆمان شاردەوەو نەمانهێڵا بمان بینن، لە مالی خاڵوم بووین و جەماعت هاتن ، لە مالی مامەم بووین مەفرەزەی ئەمن هاتنە ئەو گەڕەکەو هەڕەشەیان لە خەڵک دەکرد.



ئەنفالکراوان : کاروان عەندولّرەحمان – سەرگولّ مەلا عەزیز

کاروان ئەو رۆژانەی کە لەوێبوونە وەکو چیرۆکێک بۆ ئێمەو میوانەکانی دەگێڕایەوە.
بەڵێ لە ساڵیادی ئەنفالەکاندا یادتان دەکەین و یادو یادەوەریتان بە بەرزی لە نێو هزر و ڕۆحماندا هەڵدەگرین.
سی و چوار ساڵە بەدەست ئازاری دابڕان و ئەنفالکردنی کاروان و دایکی و ئەو کۆرپەیەی لە تۆپزاوە لە دایک بووەو عەفاوی خوشکم و منالّەکانی والی ئامۆزام و منالّەکانی مام فارسی ئامۆزای باوکم و کچ و کوڕانی خالّۆزاکانی دایکم و خزمانی ترو سەرجەم ئەنفالکراوەکان دەتلیمەوە.
هەر ئینسانێکی نێو خێزان لە میانی پەیوەندیدا تام و بۆنێکی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ ئازاری هەموو ئەو کەسانەم، هەر یەکەو ئازاری شوێنەوارێکی گەورەی لە نێو ڕۆحمدا بەجێهێشتووە، هەندێ جار لەخۆم لە دەپرسم چۆن بەرگەی ئەم هەموو نەهامەتیەم گرتووە؟ هەر لەو کاتەی پرسیارەکە دەکەم، وتە جوانەکەی ڕۆمان نووسی کورد، یەشار کەمالّم بیر دەکەوێتەوە: ـــــ هەندێ ئازار هەیە دەکەوێتە سەر شانی مرۆڤ، بیدە بەسەر شاخێکیشدا توانای هەڵگرتنی نییە .
دابڕان پڕ ئازاترین پرۆسەیە لە ژیانی خێزانیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسییدا، چ جا لەکاروانێک کە بەقسە و پێکەنین و گاڵتەکانی هەمیشە مایەی ڕەوینەوەی خەمەکانی بووە، لەو ماوە کورتەی پێکەوە ژیاوین، دابڕان لە سەرگوڵی دایکی کاروان کە لەیەکەم ڕۆژی هاوسەرگیری مانەوە تاکو دووساڵ بۆ تاکە شەوێک لەمالّی خۆمان نەخەوتووین، من دونیایەک قەرزاری ئەوم و هەموو ژیانی لەگەڵ منداِ بەناخۆشی و دەربەدەری بردە سەر تا ڕۆژی دابڕان، دابڕانێک لە خوشکێکی زێدە ئازیزم عەفاو کە هەموو تەمەنی لەخزمەتکردنی پێشمەرگە و ئێمەمانان بردە سەر، خوشکێک چی لە سەر بڵێی و بنووسی ناگاتە تۆزقاڵێک لە ماندوو بونی ئەو، دابڕانێک لە کۆرپەلەیەک کە چاوەڕوانی لە دایکبونی بووین و لە تۆبزاوە لەدایک بوو، دابڕانێک لە پێنج کچ و دوو کوڕی والی ئاموزام کە بە ئاهـــــــ وحەسرەتی ئەوانەوە سەری نایەوەو بە جێیهێشتین، دابڕانێک لە کوڕو کچانی مام فارس زردّاوی ئاموزای باوکم، دابڕانێک لە کچەکان و خیزان و کوڕی حاجی ئەحمەدو قادر ئەبو شواربی خالّۆزای دایکم، دابڕانێک لە میم ئاسکەو موکەڕەم ی کوڕی، دابڕانێک لە خێزان و منالّێکی هاوڕێم بەکری مام عباس کە وەسیەتم بۆ خزمان ئەوە بو کە لەهەمووان زیاتر وریای ئەو خێزانە بن، هەموو ئەمانە بەتراکتۆرێک بەڕێمان خستن .
دابڕانێک لە سەدان هاوڕێ و خزم و کەسانێک کە لەمالّی خۆیاندا خزمەتیان کردین، خزمەتی حیزب و پێشمەرگەیان دەکرد بەبێ جیاوازی.
ئێمە کە بەجیانمانهێشت دوای دونیایەک ئاموژگاری خەمی ئەوان بۆ ئێمە بوو، داوای وریای و خۆپارێزیان لە ئێمە دەکرد، چونکە ئەو ڕۆژانە هەواڵەکان وابوون کە سەدان خێزان گەیشتوونەتە کەلارو ڕژێم سزای کەس نادات بەتایبەت ئافرەت و منداڵ ئەگینا ئێمەش یان ڕزگار بوونی ئێوەمان هەڵدەبژارد و یان مردن پێکەوە.
بەڵێ ئازیزانم چەند بەو ئازارە جودابوون لە ئێوە، خاتر خواستی چەند ناخۆشە، لە دوای گفتوگۆکردن لە گەل تاک بەتاکی ئەوان ، کاروان وتی باوە کەی دەگەڕێتەوە بۆ لامان.
ئەو پرسیارەی کاروان سی و چوار ساڵە ئێستاش لە نێو سەرمدا، لە نێو یادەوریم دەنگ دەداتەوە.
سڵاو لە گیانی پاکتان
سڵاو لە ڕۆحی دەیان هەزار ئەنفالکراوان.
نەفرەت لە بەعسی فاشیست و ئەنفالچیە خۆ فرۆشەکان.

چیرۆکی وێنە

(١)



پەلاماری ئەنفال لەقۆناغی چوارەمدا بەکیمیاباران‌کردنی گوندی گۆپتەپەو عەسکەر دەستی پێکرد، ئێوارەی سێشەممە(١٩٨٨/٥/٣) ٨ فرۆکەی جەنگی گەیشتنە ئاسمانی ناوچەکەو دوای دووجار خولانەوە بوون بەدوو پۆل، پۆلێکیان بۆسەر گوندی عەسکەرو پۆلێکیان لەئاسمانی گوندی گۆپتەپەدا مانەوەو لەیەک کاتدا بۆمبەکیمیاییەکانیان بەردایەوەو مەل ومرۆڤ و ئاژەڵیان پێکەوە کوشت.

رۆژی دوایی پەلاماری سوپاو جاش دەستی پێکردو هەرچی بەردەستیان دەکەوت وێرانیان دەکرد، خەڵکەکەیان دەگرت و مااڵەکانیان تااڵن دەکردو خانووەکانیان لەگەڵ زەوی تەخت دەکرد.

گوندی گەڵناغاج لە سنووری ناحیەی ئاغجەلەر وەک هەموو گوندەکانی تر کەوتە بەرپەلاماری ئەنفال و زۆرینەی دانیشتوانەکەی گیران و ئەنفالکران و لە ناو بران، لە ناویاندا ئەو منداڵە بێ گوناحانەیان تێدابوو، کە خوێندکاری قوتابخانەی شەهید سەرهەنگ بوون لە گوندی گەڵناغاج. وێنەکە لە (١٩٨٨/٣/٢) لە بەبەخان لە گوندی گەڵناغاج گیراوە. د. ئازاد مەجید دەڵێت : ئەوکات من مامۆستای خوێندنگاکەبووم لەگەڵ مامۆستا هێمن، ئەو وێنەی مامۆستاکەش خۆمم لەگەڵیان گرتوومە، ناوی هەندێکیانم لەبیرە و دوان لەو خوێندکارانە ئێستا لە ژیاندان و هاوسەرگیریان کردووە و منداڵیان هەیە، بەداخەوە گوندی گەڵناغاج زۆرینەیان بە شااڵوەکە لەناوچوون.

وێنەکەو زانیارییەکان لە ئەکاونتی د. ئازاد مەجید وەرگیراوە.

چیرۆکی وێنە

(٢)



وێنەکە چوار ساڵ پێش ئەنفالە لە بەهاری ساڵی ١٩٨٤ گیراوە خوێندکارانی گوندی قەمیشەی ناوچەی ئاغجەلەرن لەگەڵ مامۆستایان عادل عومەرو مومتاز جەمال .

بەداخەوە منداڵەکان هەموویان ئەنفالکراون تەنها دوو مامۆستاکان دەربازبوون.


وێنەکە لە مامۆستا عادل عومەرەوە وەرگیراوە.

مامۆستا عادل دەڵێت: وێنەکە بەهاری ساڵی ١٩٨٤ گیراوە، هەندێک لە قوتابیەکان منااڵی چەند مااڵێک بوون، هەندێکیان باوکیان سەربازی هەاڵتووبوون، لە گوندی قامیشە خزم و ناسیاویان هەبوو، زۆربەیان لەپۆلی یەکەم و دووەم بوون، ئەوانی دی خەڵکی دێیەکە بوون.

سەبارەت بەناوەکانیان وتی: (٣٨ساڵ) پێش ئێستایە. بۆیە ناویانم لەبیرنەماوە ئەگەرتۆماری گشتی قوتابخانەکە مابێت، بەاڵم پرسیارم کردووە وتیان هەموو دێیەکە بەر شااڵوی ئەنفال کەوتوون، مەگەر لەکاتی شااڵوەکەدا (١٩٨٨) لەوێ نەمابن، دەنا هەموویان ئەنفالکراون. ئەوەی دانیشتووی دێ بوون، کەسیان رزگاریان نەبووە.

سەبارەت بە (سەربازە هەاڵتووەکان) دەڵێت: هەموویان خەڵکی دوبزبوون، هەندێکیان باوکیان پێشمەرگە بوون، مامۆستا عادل کە لە سەر رێگای سلێمانی- دوکان لە چالاکیەکدا شەهیدبوو، تارای کچی قوتابی پۆلی یەکەم بوو، ئێستا نازانم لەکوێیە، هیوادارم لە ژیاندا مابێت، بەداخەوە لە وێنەکەشدا ناینناسمەوە، هیچ تۆمارێک شک نابەم ناوی قوتابیەکانی تێدا بێت، ئەوسا ناوی سیانی یەک بەیەکیانم دەزانی، ئێستا لەبیرم نەماون، بەاڵم زۆربەیان ئەنفال و بێسەرو شوێن کران، ڕوحی شەهیدان شاد.

گەشتەکانی ئەنفالستان"
چیرۆکی ئەوانەی لە ئەنفال ڕزگاربیان بوو




ئارام سدیق

نزیکەی 35 ساڵ بەسەر کارەساتی ئەنفالدا تێدەپەڕێت، بەڵام دوای ئەو 35 ساڵە هێشتا قۆناغی دۆکۆمێنتکردنی کارەساتێکی وەکو ئەنفالمان تێنەپەڕاندووە و هێشتا هەوڵەکان لەم بوارەدا نالێم کەمن، بەڵام لە ئاستی گەورەیی کارەساتەکەدا نین. ئەوەی تا ئێستا کراوە تەنها هەوڵی تاکەکەسین و ئەوانەش جێگەی دەستخۆشین. بەڵام تا هەنووکەش هەوڵی گەورەی نیشتیمانی بۆ ئەرشیفکردنی تەواوی کارەساتەکە و چیرۆکی ئەوانەی لەوێ ڕزگارکراون و نەدراوە، کە باش لە هەوڵی نیشتیمانی دەکەم مەبەستم لەوەیە کە قۆناغی ئەرشیفکردنی ئەم کارەساتە تەنها لە لۆکاڵدا نەمێنێتەوە، بەڵکو پێویستە چەشنی کارەساتی هۆلۆکۆست، بکرێتە کارەساتێکی نێودەوڵەتی و لەسەر ئاستی دونیا بە زمانە جیاجیاکان لە گەلەریی و شوێنە دیارەکانی دونیادا بناسێنرێت.

ئێستا دوای ئەو هەموو ساڵە تا هەنووکەش نەمانتوانیوە بەشێوەیەکی دروست و زانستی تەواوی کارەساتەکە بە شێوەیەکی گەنجاو و لەلای خۆمان ئەرشەف بکەین، بە جۆرێک بتوانین چیرۆکی هەموو ئەوانەی لەو کارەساتە ڕزگاربوون بنووسینەوە و چیرۆکەکان تەنها چیرۆکی وشەیی و دەنگی نەبن، بەڵکو هەوڵی بە ڤیدیۆییکردنی چیرۆکەکان و هاوکات لەوێوە ژێرنووسکردنی بە ئینگلیزی بدرێت و پاشانیش لە تۆڕێکی ئینتەرنێتیدا تەواوی ئەو چیرۆکانە بخرێنەڕوو. بەڵام ئایا ئەمە کراوە؟ بێگومان ئەوەی من ئاگادارم بەم شێوە سیستماتیکییەی لە هزر و خەیاڵی منداید نەخێر، کە تەنها ئەمەشە کە بتوانێت خزمەتێک هەم بە دۆزی کورد بکات و هەم کارەساتەکەش لە لۆکاڵەوە بەرەو نێونەتەوەی بەرێت.

هەوڵە تاکەکەسییەکانی ئەرشفکردنی کارەساتی ئەنفال لە 10 بۆ 15 ساڵی ڕابردووبا جێگەی دەستخۆشین، ناکرێت باس لە هەوڵەکانی مامۆستا عەبدوڵڵا کەریم مەحمود نەکەین کە لە دووبەرگی ناوازە و گرنگدا بەناوی "ڕەشەبای ژەهر و ئەنفال" خستییەڕوو. هەروەها هەوڵەکانی عارف قوربانی کە لە ڕێگەی دیداری ڕاستەوخۆوە لەگەڵ ڕزگاربوانی کارەساتی ئەنفال ئەویش کاری جیدیی کردووە و ئەوەندەی من ئاگادارم بەشێک لەوانە بۆ زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و فارسیش وەرگێڕدراون، کە ئەمە جێگەی دەستخۆشییە، بەڵام سنووری بڵاوکردنەوەیان فراوان نەبووە و دەخوازین ئەم هەوڵانە بە بەرنامەیەکی نیشتیمانی فراوانەوە بکرێنەوە. هاوکات هەوڵە گرنگ و بەبایەخەکانی مامۆستا "عومەر محەمەد"، کە من سااڵنێکی زۆرە لە دووڕەوە ئاگاداری کارەکانیم و تا دواجار دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بەشێک لە دیدار و بەدواداچوونەکانی لە شێوەی کتێبێکی سێ بەرگی قەبارە گەورەدا و لەژێر ناونیشانی "گەشتەکانی ئەنفالستان"، کە نزیکەی سێ هەزار لاپەڕەیە چاپ و بڵاوکردەوە.

بێگومان چاپکردنی ئەم بەرهەمە دەکرێت سەرەتای پرۆژەیەکی گەورەی نیشتیمانی بێت بۆ کۆکردنەوەی تەواوی ئەو چاوپێکەوتن و بەڵگەنامانەی دیکە کە کەسانی دیکەی خەمخۆری دۆزی ئەنفال لە ساڵانی ڕابردوو و تا هەنووکەش پێی هەستاون و کاریان تێدا کردووە. گرنگی ئەم پرۆژەیە تەنها لەوەدا خۆی نابینێتەوە، کە چاوپێکەوتن و بەداوداچوونە بۆ ئەنجامدانی دیدار لەگەڵ ئەو کەسانەی لە کارەساتی ئەنفال ڕزگاربوون. بەڵکو گرنگییەکەی



ئەوەیە کە کۆکردنەوەکەی دەشێ ببێتە ماددەیەکی خام بۆ نووسەران و وەرگێڕکاران و سینەماکاران بۆ کارکردن لەسەر ئەم دۆزە.

نووسەران دەتوانن لەڕێی چیرۆکی ژیانی هەر یەکێک لەم کەسە رزگاربوانەی لەم کتێبەدا حیکایەتیان گێڕدراوەتەوە چیرۆک و رۆمانی لەسەر بنووسن و ئەمانە ماددەیەکی خامی گرنگن کە لەوێوە نەمری زیاتر بە کارەساتەکە دەبەخشن.

ئەگەر بەراوردێکی کارەساتی ئەنفال بە کارەساتی هۆلۆکۆست بکەین. دەبینین کارەساتی ئەنفال هیچی لە کارەساتی هۆلۆکۆست کەمتر نییە، بەڵام خزمەتکردنی کارەساتی هۆلۆکۆست کارێک دەکات هەر زوو ببێتە کارەساتێکی نێونەتەوەیی و دواتریش بە سەدان و چیرۆک و ڕۆمان و فیلمی جۆراوجۆری لەسەر بنووسرێت و بەرهەم بهێنرێت، کە ئەمە خاڵێکی دیکە بوو کە وایکرد هۆلۆکۆست لە کارەساتێکی ناوچەییەوە ببێتە کارەساتێکی جیهانی و هەمووان بەزووی بیناسن. بەدەر لە نووسەران و چیرۆکنووسانی کورد وەرگڕکارانیش دەتوانن لە ڕێی وەرگێڕانی ئەم چیرۆکانەوە دەستیان لە ناساندنی ئەم کارەساتەدا هەبێت بە گەلانی دیکە و زمانئاخێوەرانی دیکە. ئەمە بێجگە لەوەی فیلمسازانیش دەتوانن لە دەیان گۆشەنیگاوە فیلمی جۆراوجۆر لەسەر ئەم کارەساتە دروست بکەن. لەوێوە لەگەڵ پیشاندانی مەزڵوومیەتی کورد. هاوکات ئەوەش پیشان بدەن کە گەلێک هەیە دوای ئەو هەموو کارەساتە، هێشتا هەر بە پێوە ماوە و درێژە بە ژیان و مانەوەی دەدات.

دەشێ "گەشتەکانی ئەنفالستان"ی مامۆستا عومەر سەرەتای قۆناغێکی نوێی ناسینی ئەنفال و ناساندنی ئەم کارەساتە بێت بە ناوەوە و دەرەوەی خۆمان. هاوکات هەوڵی ناسینی دووبارەی خۆمان بێت، لەپێناو بەخۆداچوونەوە و بیرکەوتنەوەی ئەوەی ئێمە لە کوێوە هاتووین و ئێستا لە کوێداین.

"گەشتەکانی ئەنفالستان" دەشێ سەرەتای دامەزراندنی سەنتەرێکی نیشتیمانی بێت بۆ خزمەتکردنی ئەم کارەساتە لەپێناو گەیاندنی دۆزی کورد بە قۆناغێکی نوێ و هەوڵدان بۆ ئەوەی چیتر بەر بە کارەساتی دیکەی لەم شێوەیە بگرین کە ئەگەری هەیە لە هەرساتێکدا و لە هەر پارچەیەکی دیکەی کوردستان بێت ڕووبەڕوومان ببێتەوە.

"گەشتەکانی ئەنفالستان" دەشێ سەرەتا مێژوویەکی نوێ بێت بۆ نووسینەوەی ئەنفال و وەرگێڕانی چیرۆکی ڕزگاربووانی بۆ سەرزمانانی دیکە لەپێناو ئەوەی لەم سەردەمی بێبەهاییەی هەموو شتێکدا بەهایەک بۆ مێژوو و قوربانییەکانمان بگێڕینەوە و چمکێک لە مەزڵوومیەت و خۆڕاگریمان بکەینە دەروازەیەک بۆ پارستنی ئەو کیانەی هەمانە.


بۆ ئەم هەوڵەی مامۆستا عومەر محەمەد و "گەشتەکانی ئەنفالستان" تەنها دەستخۆشی کەمە، چونکە ئەوەی لەم کتێبەدا دەبینرێت زیاترە لەوەی هەوڵی تاکەکەسێک بێت، بەڵکو زیاتر لەوە لە ئیشی دەزگایەک دەچێت، بەڵام من دڵنیام ئەم تاکەکەسە "مامۆستا عومەر" کە وەکو زۆر خەمخۆری تری کۆرد بەتەنیا ئیشی دەزگایەکی کردووە و جێگەی دەستخۆشی و ستایشە. هاوکات جێگەی دەستخۆشیشە بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم کە شاکاریکی لەم چەشنەیان پێشکەشی کتێبخانەی کوردی کردووە، کە شانازییەکی گەورەیە بۆ دەزگاکەیان کە لە سااڵیادی ئەنفالدا قوربانیان و ڕزگاربوانی ئەنفالیان لەیاد بووە.

پڕۆسەی ئەنفال و بەرپرسیارێتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەپەسندکردنی ئەوشاڵاوە بەناوی (ژینۆسایدی کوردەکان)

شەبۆ خزری، توێژەری یاسایی تاوانی نێونەتەوەیی
وەرگێڕان و دارشتنەوە:
عومەرعەبدولکەریم (تینو)

لە کۆتاییەکانی دەیەی (1980)ی زایینیدا، سەدام حسێن تکریتی، سەرۆکی حکومەتی بەعسی عێراقی، بە ئەنجامدانی پرۆسەیەکی تاوانکارانە لە دژی کوردەکان، تاوانێکی نێودەوڵەتی گەورەی لە دۆسیەی خۆیدا تۆمار کرد، کە تا ئەو ڕۆژگارە لەوێنەی نەبووە لەجۆری خۆیدا، ئەم تاوانانە بەهۆی هاوکاتی جەنگی سێپێنراوی لەگەڵ ئێران، بە بیانووگەلێکی بێبنەمای وەکو دەستێکەڵکردنی کوردەکانی عێراق لەگەڵ ئێران و ناپاکی کردن لە ڕژێمی بەعس بوو، بەڵام هێنانەوەی ئەم بیانوو وپاساوانە تەنها بۆ ڕەوایەتیپێدان بوو بە کارە چەپەڵەکانی سەدام لە دژی کوردەکان ئەنجام دەدرا، چونکە ئەگەر ئەم پاساوهێنانەوەیانە بخەینە تەرازووی لۆژیکەوە، ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە، کە ئەگەر تاوانەکانی دژی کوردەکانی عێراق بەم هۆیەوە بووە، ئەی پاساوی بۆ ئەو تاوانانەی بەرانبەر بە کوردکانی ئێرانی ئەنجامیداون چییە؟

کەواتە پێش چوونە باسەکەوە پێویستە ئەم پاساوهێنانەوە تەواو ناڕاست و بێ بنەمایە لابەرین تاکو بتوانرێ شیکردنەوەیەکی دروست لە ڕووداوەکانی جەنگی سەدام لە دژی کوردەکان بخرێتە ڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا لێسەندنەوەی گیانە تەنانەت یەک کەس لە تاکەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، ئەویش بەو شێوەیەی سەدام و دیکتاتۆرییەکانی هاوشێوەی ئەو بەم شێوەیە ئەنجامیان داوە، بە هیچ پاساوهێنانەوەیەکی لۆژیکی قبوڵکراو نییە.لە ساڵی (1988)دا، دەوڵەتی عێراق بە فەرماندەیی سەدام حسێن، سەرۆککۆماری ئەوکاتی عێراق، شاڵاو یان پرۆسەیەکی سەربازیی ڕێکخراوی لە دژی خەڵکی کوردی دانیشتووی باکوری عێراق لە پارێزگاکانی کەرکوک،



نەینەوا، دیالە و سەڵاحەددین ئەنجام دا. ئەم پرۆسەیە، کە بە (ئەنفال) بەناوبانگ بوو لە هەشت قۆناغدا ئەنجام درا و لە فێبریوەری تا سێپتەمبەری (1988) درێژەی هەبوو. سەدام بە بەکارهێنانی چەکی ئاسایی و کیمیایی دژی هاوواڵاتیانی کورد، کەبووە هۆی لەناوبردن و بریندارببوونی سەدان هەزار کەس و هەزاران کەسیشی لە سێدارە دا و ماڵەکانی وێران و تاڵانکرد و نزیکەی چوار هەزار گوندی خاپوور و سووتاند و ژمارەیەکی زۆریش لە خەڵکی لە هەلومەرجێکی دژواری جەستەییدا هێشتەوە، کە زۆربەیان لە برسێتیدا گیانیان لەدەستدا. هەروەها هێزەکانی پیشمەرگەی حیزبە کوردییەکانی قەڵاچۆ کرد و بووە هۆی

ئاوارە بوونی سەدان هەزار کەس لە خاکی خۆیاندا بەرەو ناوچەکانی تری عێراق، کە هیچ شـــوێن و ڕێگەیەکیان نـەبوو. بۆمبارانکردنی کیمیـایی هـەڵـەبجـەش، کـە لـەو دەمانەدا شـــەش هەزار کەســـی لە یەک ڕۆژدا لەناو برد لە جەریانی ئەنفالدا ڕوویدا.

بە تەماشاکردنی بەڵگەنامەی دادگای تاوانی نێونەتەوەیی ، واتـا یـاســـــای ڕۆم (Rome Statute of the International Criminal Court)) و مادەی (6)ی لە پێناسەی تاوانی ژینوساید و خستنەڕووی پێوەرەکانی هەروەها یاسـای دادگا نێوەدەوڵەتییەکانی پێشـووی وەکو نۆرنبێرگ، تۆکیۆ، ڕواندا و یوگســـلاڤیای پێشـــوو، ئەم مەســـەلەیە بەجوانی ڕوونـدەبێتەوە، کە تاوانەکانی ڕژێمی بەعس لە پرۆســەی ئەنفالدا، ژینۆسـایدی کوردەکان بووە، چونکە ئەم پرۆسەیە بە ئامانجی وێرانکردن و لەناوبردنی کوردەکان و بە شـێوەیەکی فراوان ئەنجام دراوە و هەموو پێوەرەکانی ژینۆساید بە شێوەیەکی گشتی لەخۆ دەگرێت.

حکومـەتی نوێی عێراق لـە ســـاڵی 2003 دا و پـاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس، بەپێی دەستووری وڵات پرۆسـەی ئەنفالی بە (ژینۆساید) ناساند و ناوزەدکرد و بەم شێوەیە خســتییە زومرەی تاوانە نێونەتەوەییەکانەوە، کە دەوڵەتی ســـەدام ئەنجامی داون. بەمپێیە هەرچەند وڵاتانی وەکو بەریتانیا، ســـوید و نـەرویجیش ئەم هـەنگاوەیـان بـە ژینۆســـایـدی کوردان نـاســـانـدووە، کـەچی نـەتـەوە یەکگرتووەکان پاش (32) ســـاڵ لەم تاوانە، هێشـــتا لەمبارەیەوە قسەیەکی نەبووە.

لە ڕاســـتیدا لەم دەلاقەیەوە، ســـەرەکیترین مەســـەلەی لـەبـەرچـاونـەگرتنی پرۆســـەی ئـەنفـال لـە کۆمـەڵگـەی نێودەوڵـەتیدا و بـە تـایبـەت لەلایـەن گرنگترین نـاوەنـدی نێونـەتـەوەیی، واتـە نـەتـەوە یـەکگرتووەکـان، کـە گرنگی بابەتەکە دەخاتە ژێر پرســـیارەوە. مێژوو گەواهیدەری ژمارەیەکی زۆری تاوانە نێونەتەوەییەکان بووە، کە زۆرێک لەوانە ئیدانەکراون و ئەوانەشی ئەنجامدەر بوون داداگایی کراون و ســـزا دراون، تاوانبارانێکی زۆریش ئێســـتا لە چـاوەڕوانی تۆمـەت و دادگـایی و ســـزای کـارەکـانیـان ماونەتەوە. لەم نێوەندەدا، تاوانی ئەنفال لە پشـت پەردەوە مایەوە و بێدەنگییەکی قورس لە پشـــتییەوە هەڵبژێردرا تـاکو بـەمجۆرە فـەرامۆش بکرێـت و بـەرپرســـیارێتییـە فـەراهـەمبووەکـانی بکـەرانی ئـەو تـاوانـە و هـاوکـار و پشتیوانەکانی بە شەرمەزاری بمێنێتەوە.

هەرچەند لە نیگای یەکەمدا ئەشـێت بەو چەشـنە بێتە پێش چـاو، کـە دادگـای بـاڵای تـاوانەکـانی عێراق، دادگـایـەکی نەتەوەییە و پەیوەندی بە یاســـای تاوانی نێونەتەوەییەوە نابێ، بەڵام پێویسـتە دانیپێدا بنرێ، کە ئەو تاوانانەی لەم دادگایەدا دادگایی دەکرێن، نێونەتەوەیین و ئـەو تـاوانـانـە بوون، کە لە متمانەپێکراوترین بەڵگەنامەی نێونەتەوەیی تاوان، واتە یاســـای ڕۆم، بە تاوان ناســـێنراون. بەمەش پێویســـتە ئەم خاڵە بخرێـــــەڕوو، کە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بە خۆڵێلادان لە دادگایی ســـەدام بە تۆمەتی ئەنجامدانی پرۆســـەی ئەنفال، لە چەند لایەنێکەوە پایە بنچینەییەکانی یاسـای تاوانی نێونەتەوەیی لەرزاند و ئیعتیباری ئەم مەیدانەی لە یاســـادا، کە تا پێش ئەوە لە فراوانبووندا بوو لەکەدار کرد.

یەکەم، سەدام حسێن، سەرۆککۆماری ئەوکاتی عێراق، کە ئەم پرۆسەیەی لە ئەستۆدا بوو و هەموو هەشت قۆناغەکەی ئەنفال لە ژێر فەرمانی ئەودا ئەنجام درابوو، هەرگیز لەبەر ئەنجامدانی تاوانی ئەم پرۆســـەیە نەچووە نێو قەفەســـی تۆمەتی ژینۆســایدەوە. لە ڕاســتیدا ســەدام پاش دادگایی کردنی بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی (دجێل) لە ســـیدارە درا و پاش لە ســـێدارەدانی ناوبراو، دادگای باڵای عێراق بەرژایە سـەر تاوانی ژینۆسـایدی کوردەکان. لەم دادگایەدا بە تاوانی ژینۆســـاید، تاوان دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگیی لە دژی زیاتر لە 200 هەزار کورد، حوکمی لە ســـێدارەدان بۆ (عەلی حەســـەن ئەلمەجید)، کە بە عەلی کیماوی یان قەسابی کوردستان و زیندانی هەتاهەتایی بۆ (سـوڵتان هاشـم ئەحمەد و حسـێن ڕەشـید محەمەد و دوو تاوانباری تر) بە تاوانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژی خەڵکانی سڤیل، دۆسییەی ئەنفال بۆ هەمیشە داخرا. ئەم لە کاتێکدا بوو، کە پێویسـتیی دادپەروەریی وەهابوو، کەسـەرەتا هەموو ئەو تاوانانەی سـەدام ئەنجامی دابوون پـەیگیریی بکرێن و لـە بـەرانبـەر بـەجێمـاوەکـانی ئـەم تاوانانەدا وەڵامی هەبا، پاشـتریش سـزاکانی بەســـەردا جێبەجێکرابان.

دووەم، ئامانجی پێکهێنانی ئەم دادگایە، دادگایی کردنی هەموو بکەران بەتایبەت پلەدارەکان و فەرماندە سەرەکییەکانی ئەو تاوانانە لە عێراقدا لە ساڵی (1968 تا 2003)بوو، بەڵام نەک تەنها ئەم کارە بە ئەنجام نەگەشت، بەڵکو جگە لە دادگایی نەکردنی سەدام حسێن بە تۆمەتی ژینۆسایدی کوردەکان، زۆرێکی تریش لە فەرماندەکان و پشتیوانەکانکارانی ئەم تاوانانەش دادگایی نەکران یان بێتاوان دەرچوون و زۆرێکی تریش هەرگیز بە شوێنیدا نەڕۆیشتن و بەداوداچوونیان بۆ نەکردن.

ئەم مەسەلە دەبێتە هۆی متمانەپێنەکردنی خەڵکی بە تایبەت قوربانیانی بەجێماوی ئەم تاوانە بە دادگا نەتەوەییەکان و جگە لەوەش، ئەگەری تاوانگەلێکی لە چەشنە لە ئایندەدا مومکین دەکات، هەروەکو ئەوەی دەبینرێ و دیارە، کە دەوڵەتی تورکیاش لە لەم ساڵانەی دواییدا، بە پشتبەستن بە لاوازبوونی پایەکانی یاسای تاوانی نێودەوڵەتی و نەبوونی بەدواداچوونی بەردەوام بۆ ئەو تاوانانەی لە سەرتاسەری دنیادا و لە لایەن دیکتاتۆرەکان و تاوانبارە جۆراو جۆرەکانەوە ئەنجام دراون ، پرۆسەی هاوشێوەی ئەنفالی لەچەندینجار لەکورستانی سوریا(ڕۆژئاوای کوردستان - وەرگێڕ) ئەنجام داوە و سەدان هەزار کەسی لە شوێن جێگەی خۆیان لەو بەشەی کوردستان ئاوارە و پەلەنگاز کردووە.

لە ڕاستیدا ئەنجامدان و ڕوودانی ئەم تاوانانە بەردەوامبوونی ئەو ژینۆسایدەیە، کە سەدام حسێن لە دژی کوردەکانی عێراق و ئێران ئەنجامی دا. ئەمە لە کاتێکدایە، کە بە ئەنجامدانی دادگایەکی دادپەروەرانە و یەکسان لەلایەن دادگای باڵای عێراقەوە، ئەگەری ڕوودانی ئەم کارە زۆر کەمتر بوو لەوەی، کە جیهان ئێستا دەیبینێ و بە بەرچاویانەوە ڕوو دەدات.

ئەوەی گرنگە، ئەوەیە، کە ڕێکخراوی نەتەو یەکگرتووەکان، وەکو فەرمیترین و سەرەکیترین ناوەندی نێودەوڵەنی، پێویستە و بەڵکو هەنووکەییە، کە پرۆسەی ئەنفال، وەکو ژینۆسایدی کوردەکان ڕابگەیەنێ و بیناسێنێ، چونکە بەمشێوەیە هیوا بە وەستاندنی ژینۆسایدی کوردەکان، کە هەنووکەش بە دەستی تورکیا ئەنجام دەدرێت، بە پشتیوانی ڕێکخراوەکان و ناوەندە نێودەوڵەتییەکان زیاتر دەبێت هەروەها زۆرێک لە تاوانەکانی هاوشێوە لە ناوچەکانی تری دنیادا، خەسڵەتی نێودەوڵەتیبوونی خۆیان پاراستووە و ئەتوانرێ بە پشتیوانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە دواداچوونیان بۆ بکرێت. سەرەڕای ئەمەش بەم کارە ئەم تاوان و کارانە ئاشکراتر دەبن و ڕێگری لە فەرامۆش کردنیان لە مێژووی دنیاشدا دەکرێ. گوێنەدان و لەبەرچاو نەگرتنی ئەم جۆرە ڕووداوانە خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی ڕەوینەوەی تەمی ترسی تاوانکاران و ئەوانەی ئەم تاوانانە ئەنجام دەدەن بە بێترس لە بەرپرسیارێتی و وەڵامدانەوە لە بەرانبەر قوربانیان و دنیاشدا، بۆ ئەنجامدەرانی فەراهەم دەکات. ڕەنگە ئەم گومانە بێتە ئاراوە، کە ئەم گوێپێنەدانە خۆی هۆکارێک بێ بۆ پشتگیری کردنی ئەم دیفاکتۆیە و لە ئەنجامدا نەتەوە یەکگرتووەکان بە تایبەت ئەنجومەنی ئاسایش بە بێدەنگی لە بەرانبەر ئەم تاوانانە، بەجۆرێک بە هاوبەش و پشتیوان ئەم تاوانانە ئەژماردەکرێن یان ئەوەیە، کە چوونە پێشەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەن لەم ساڵانەی دواییشدا بەرانبەر بە تاوانەکانی هاوشێوە لە شوێنەکانی تری دنیا بەردەوامی هەیە و ئەم ڕووداوە نیگەران هێنەرتر لە لە هەر تاوانێکی تر.

کەواتە، نەتەوەیەکگرتووەکان ئەرکە لەسەر شانی هەڵوێستی خۆی لە بەرانبەر پرۆسەی ئەنفال بە شێوەیەکی فەرمی ڕابگەیەنێ تاکو ئیمکانی گومان لە دژی خۆی لەم بارەیەوە کەمتر بکاتەوە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی (شەرق)، ژمارە (3698)، یەکشەممە19 ئەپریلی 2020.

تراژیای گوندی کانیماران لەپەلاماری ئەنفالی سێ دا .

ئامادەکردنی سمکۆ سابیر
بەهاوکاری م. محەمەد عومەر



گوندی کانیماران سەر بەناحیەی سەرقەڵای قەزای کفرییە، هەشت کیلۆمەتر لە سەرووی سەرقەڵاوەیە. کانیماران دەکەوێتە نێوان دووگردۆلکە لای خوارەوەی دەشتە وسەرووی گوندەکەش گوندی ساقە. دانیشتوانی ئەم لادێیە بەکشتوکاڵی دەیم وبەخێوکردنی مەڕو ماڵات خەریکن.ئەم گوندە یەکێکە لەگوندە دێرینەکانی ناوچەکەو بەرلەوەی قوتابخانەی تێدا بکرێتەوە لەحوجرە وانەی ئایینی تێدا خوێندراوە و خەڵک فێرە خوێندەواری کراوە.دواتر لەدوای ساڵی 1958 بۆ یەکەم جار قوتابخانەی تێدا کراوەتەوە.بەڵام دوای ماوەیەک لەساڵی 1963 لەلایەن حەرەس قەومییەکانەوە هێرشی کراوەتە سەر و کاولکراو هو سوتێندراوە وخەڵکەکەشی دەربەدەربوون.دوای چەند مانگێک دیسان ئاوەدانکراوەتەوە و ژیانی تێدا ئاسایی بوەتەوە.دواتر لەساڵی 1969 دووبارە قوتابخانەی تێدا کراوەتەوە لەیەکێک لەژورەکانی مزگەوتەکەدا وانەی تێدا خوێندراوە و وەک پۆلێکی ئاسایی قوتابخانە بەکارهاتووە.ئەم قوتابخانەیە تاوەکو ساڵی 1974 بەردەوام بووە وجارێکی تر قوتابخانەکە داخراوە وتاساڵی 1976.بۆ جاری سێیەم قوتابخانەکەی کراوەتەوە ئەم گوندە هەر لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلولەوە تاوەکو نسکۆی شۆڕشی 1974 لانکەی شۆڕش و بارەگای پێشمەرگەی تێدا هەبووە. لەدوای هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ لە17/5/1977لەلایەن رژێمی بەعسەوە هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر ئەو دێیە و دێیەکانی دەوروبەری.رژێمی ئەو سەردەمە دەستی کرد بەگرتنی خەڵکەکە کەبریتی بوون لە 28 کەس




کەپەیوەندییان بەشۆڕشەوە هەبوو دوای گواستنەوەیان بۆ هەیئەی کەرکوک دوای ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر بۆ ماوەی 45 ڕۆژ 10 کەسیان ئازاد کران و 18 کەسیان بۆ ماوەی شەش ساڵ لە بەندیخانەی ئەبو غریب بە بەندکردن سزادران.دواتر لەساڵی 1979 بەڵێبوردنی گشتی ئازاد کران.لەدوای هەڵگیرسانی شەڕی نێوان عێراق وئێران و زیاد بوونی چالاکیەکانی پێشمەرگە رژێم هەمیشە بەتۆپ و جۆرەکانی فڕۆکەو کۆپتەر تۆپبارانی ئەم گوندەی کردووە. کانیماران چەندین خەڵکی تێکۆشەری تێدابوو.کەبەشداریان لەشۆڕش کردووە و خەباتیان کردووە لەپێناوئازادی کوردستان.لەمانگی ئایاری ساڵی 1987ڕژێمی بەعس بڕیاریدا بەروخاندن و چۆڵکردنی گوندی کانیماران و ئەو گوندانەی لەجادە و شارەکانەوە نزیک بوون بۆیە ئەم گوندەش لە ڕۆژی 6/5/1987 روخێندرا کەئەو کات زیاتر لە70 ماڵی تێدابوو.خەڵکەکەی ئاوارە و دەربەدەر بوون و بێماڵ و حاڵ مانەوە چەند ماڵێکیش بەرەو هەزار کانی کۆچیان کرد وتا ئەنفال لەوێ مانەوە .دوای چەند مانگێک جارێکی تر بەشێک لەخانوەکان دروست کرانەوە و دەستیان کردەوە بەژیانێکی ئاسایی بەڵام لەمانگی چواری ساڵی 1988 جارێکی تر ڕژێم لەپەلامارێکی تردا بەناوی ئەنفالی سێی گەرمیان، پەلاماری ئەم لادێیەی دایەوەو دیسان گوندەکەی تەخت و وێران کرد و خەڵکەکەی ئەنفال کران و بەشێشکیشی ڕەوانەی ئۆردوگای سمودی ئەوساو ناحیەی ڕزگاری ئێستا کران. زیاتر لە 100 کەسیش بۆ هەتایە نەگەڕانەوە وئەنفالکران. کانیماران وەک هەموو گوندەکانی تری گەرمیان بەرشاڵاوەکە کەوت وخەڵکەکەی لەتۆبزاوا و دوبز و نوگرە سەلمان زیندانی کران و بەشێکیشێ هەر نەگەڕانەوە و ئەنفالکران .ئەو ئەنفالکراوانەی لەنوگرە سەلمان گەڕانەوە دوای ماوەیەک بەهۆی نەخۆشی و بێکەسییان مردن و مالئاوایان لەژیان کرد. چونکە داخی ئەوان سەخت بوو کەگەڕانەوە هەموو کەسوکارەکانیان یا زۆربەیان ئەنفالکرابوون کەژمارەیان 102 کەس بوون لە پیاو وژن ومندالی گوندەکە کەبەرشاڵاوەکانی ئەنفال کەوتبوون.کانی ماران هەشت شەهیدی شۆڕشی نوێی هەیە. دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991بۆ جارێکی تر ئەم لادێیە لەلایەن ڕێکخراوی (kro) ئاوەدان کراوەتەوە وچل و پێنج خانوویان بۆ دروست کراوە. هاوکات قوتابخانەومزگەوت و نەخۆشخانەی تێدا دروست کراوە و ئاویشی بۆ دابینکراوە.هەروەها ڕێگاکەی چەو و ڕێژ کراوە و کارئاسانی کراوە بۆ ژیانی گوندەکە لەگەڵ ئەوەشدا کارەبای نیشتمانی و موەلیدەی بۆ دابینکراوە . لەدوای ساڵی 1991 لەگەڵ گەڕانەوەی خەڵکەکە بۆ گوندەکە زۆربەیان بەکشتوکاڵ و مەڕداریەوە خەریکن و لەئێستاشدا زیاتر لە پەنجا ماڵ گەراونەتەوە بۆ کانیماران بەلام بەداخەوە هەندێک جار بەهۆی وشکەساڵییەوە بەشێک لەماڵەکان دەگەڕێنەوە بۆ شار ونزیکەی سی ماڵ دەمێننەوە..

ناوی ئەنفالکراوانی گوندی کانی ماران- ناحیّی سەرقەڵا- قەزای کفری

ژ	ناوی ئەنفالکراو	ژ	ناوی ئەنفالکراو
1	ڕۆستەم ئەحمەدسەعید	29	ڕێژاو ڕەشید فەرەج
2	حەبیبە عەزیز محەمەد	30	سوعاد ڕەفیق حەمە حەمید
3	ڕزگار ڕۆستەم ئەحمەد	31	سۆران ڕفیق حەمە حەمید
4	شوانە ڕۆستەم ئەحمەد.	32	فازڵ ڕەفیق حەمە حەمید
5	سامان ڕۆستەم ئەحمەد	33	ئاسۆ ڕەفیق حەمە حەمید
6	بەیان ڕۆستەم ئەحمەد	34	خاوەر فەرەج سەعید
7	بێگەرد ڕۆستەم ئەحمەد	35	عەلی محەمەد حەمید
8	عەلی ئەحمەد سەعید	36	نێرگس محەمەد حەمید
9	مەلیحە فەتاح محەمەد	37	کەژاڵ محەمەد حەمید
10	هوشیار عەلی ئەحمەد	38	عەلی حەمید سەعید
11	هەردی عەلی ئەحمەد	39	نامیق عەبدوللا فەرەج
12	فاتیح فەتاح سەعید	40	فەریق عەبدوللا فەرەج
13	نوخشە عەبدوللا محەمەد	41	عەلی محەمەد حەسەن
14	زریان فاتیح فەتاح	42	فەهیمە محەمەد فەرەج
15	ئامین فەتاح سەعید	43	شیلان عەلی محەمەد
16	فائق فەتاح سەعید	44	کوێستان علی محمد
17	لەتیف فەتاح سەعید	45	گۆران عەلی محەمەد
18	عاسمە مەحمود سەعید	46	ڕێبوار عەلی محەمەد
19	گێلاس مەحمود سەعید	47	عومەر محەمەد حەسەن
20	عەباس مەحمود سەعید	48	حەبیبە عەبدوللا حەسەن
21	فاتمە ئسماعیل عەزیز	49	سەمیرە عومەر محەمەد
22	لەیلا عەباس مەحمود	50	ئەمیرە عومەر محەمەد
23	بەختیار عەباس مەحمود	51	میهرەبان عومەر محەمەد
24	هەژار عەباس مەحمود	52	. نادیە عومەر محەمەد
25	هاوار عەباس مەحمود	53	هەردی عومەر محەمەد
26	کەریم محمد سەعید	54	عەباس عوبدوللا حەسەن
27	ڕوخۆش محەمەد سەعید	55	عومەر حەمە باقی حەمە سالّح
28	ڕەفیق حەمە حەمید	56	هیدایەت محەمەد ئەحمەد
57	ڕێبوار ئەکبەر محەمەد	80	یەحیا حەمە فەرەج عەزیز
58	یاوەر محەمەد سەرحەد	81	عەبدوللا حەمە فەرەج عەزیز

59	نەبەز یاوەر محەمەد	82	حەکیم حەمە فەرەج عەزیز
60	سەرباز یاوەر محەمەد	83	حەسەن حەمە فەرەج عەزیز
61	ئامینە محەمەد سەرحەد	84	حوسێن حەمە فەرەج عەزیز
62	تەمینە ئەحمەد سلێمان	85	حەبیە سابیر سۆفی
63	بەهیە عەلی محەمەد	86	حەسیب فەتاح محمد
64	بێگەرد عەلی محەمەد	87	ئامینە محەمەد خورشید
65	لەیلا عەلی محەمەد	88	حەلاو مامە سۆفی
66	ڕێژاو محەمەد ئەحمەد	89	فائق محەمەد ئامین ڕۆستەم
67	عەینە حەسەن محەمەد	90	مەحمود محمد ئامین ڕۆستەم
68	بەهار حەسەن محەمەد	91	پیرۆز ئبراهیم مستەفا
69	مریەم محمد عەزیز ئەحمەد	92	فاتمە عەلی کەریم
70	سەردار فەتاح محەمەد	93	عائیشە عەلی کەریم
71	سەعید فەتاح محەمەد	94	بەنەوشە عەلی کەریم
72	مستەفا قادر حسێن	95	نەسرین عەلی کەریم
73	. فاتمە محەمەد فەتاح	96	سنور عەلی کەریم
74	عاسی مەجید فەرەج	97	مەلیحە کەریم شەریف
75	ئاشتی عاسی مەجید	98	مەحمود محەمەد ئەحمەد
76	. سەمیعە جەبار فەرەج	99	ئەحمەد محەمەد ئەحمەد
77	حەبیە ڕەشید مەجید	100	حەسەن محەمەد ئەحمەد
78	پەروین حەمە فەرەج عەزیز	101	عومەر محەمەد ئەحمەد
79	ئبراهیم حەمە فەرەج عەزیز	102	فاتیمە محەمەد ئەحمەد



د.شۆڕش حاجی " حیزبە سیاسییەکانی کوردستان قازانجی زۆریان لە دۆسییەی ئەنفال کرد. بەهۆی ئەنفالەوە خۆیان بەدنیا ناساند.

دیمانە: سمکۆ سابیر

بۆ تێگەیشتنی زیاتر و ناسینی ئەنفال لەدیدی کەسانێک جگە لەوەی لەنزیکەوە ئاگاداری تاوانەکە بوون هاوکات نوسین و لێکۆڵینەوەی گرنگیان لەسەر ئەنفال ئەنجامداوە. بێگومان د. شۆڕش حاجی یەکێکە لەو کەسانەی کەبەوردیی کاری لەسەر تاوانی ئەنفال کردووە وکارەکانیشی شایەتی ئەوەمان بۆ دەدەن .چونکە ئەم پرۆژەیە لەبنەڕەتدا هەوڵێکە بۆ قوڵبوونەوە لەئەنفال و هاوکات پێناسەکردنی ئەنجامدەرانی تاوانەکە و تێڕامان لەسەر فیکر و فەلسەفەی بکەرانی.بێگومان ناوبراو لەڕێگەی وەڵامدانەوەی ئەم حەوت پرسیارە هەوڵیداوە لە دیدی خۆیەوە تاوانەکە بناسێنێت وکولتورو مێژووی تاڵانکاریی سەردەمە یەک لەدوای یەکەکانی عەرەب وەک نەتەوەیەکی سەردەشت شرۆڤە بکات..

ئەنفال و ئەنفالکردن پەیوەندییەکی مێژویی بەکلتووری عەرەبو ئیسلامەوە هەیە، ئایا بەڕای جەنابت پەلامار و هێرشی نەگریسی ئەنفال بۆ سەر کورد لەبەهاری 1988 لەلایەن بەعسەوە پەیوەندی بەمێژووی ئەو کلتوورەوە هەیە؟ ئایا بەپێچەوانەوە بەرهەمی فیکرو گوتاری خودی بەعس خۆیەتی؟

ئەگەرچی مێژوی شەڕو پێکدادانەکانی فەرمانڕەوا عەرەبەکان هەر لەسەردەمی ئەمەوی و عەباسییەکانەوە تاکو ئەمڕۆ لەگەڵ یەکترو لەگەڵ هێزەکانی ڕۆم و عەجەم و شەڕەکانی سەردەمی فتوحاتی ئیسلامی پڕە لە کاری ناحەق و تاوانی دژی مرۆڤایەتی، بەڵام ناکرێ قەتلوعامی ژن و منداڵو پیاوو تاڵانکردن لە ئەنفالدا، کە نیشانەی هەمەجییەت و دڕندەییە، ببەسترێنەوە بە کلتوری هیچ نەتەوە و گەلو ئایینێکی ئاسمانییەوە. بەڵکو راستتر وایە کە ڕەفتاری سوپای عیراق و ئەو هێزە چەکدارانەی بەشداریان لە پەلامارەکانی ئەنفالدا کرد بەرامبەر گوندنشینەکانی کوردستانی عیراق ڕەنگدانەوەی نەهجی حیزبی بەعس و نییەتی سەرکردایەتی ئەو حیزبە بو بەرامبەر گەلی کورد. بەڵام دەبێ بوترێ کە بەشێکی زۆری ڕەفتاری هێزەکانی عیراق لە ئەنفالدا هاوشێوەی ئەو مومارەسە دڕندانەی پێشووە، کە لە مێژوی دورو نزیکی ناوچەکەدا ڕویانداوە.

حیزبی بەعس ڕاشکاوانە لە ئەدەبیاتی خۆیدا لە ڕۆژی دروستبوونیەوە – لە بەیاننامەی دامەزراندنی حیزبی بەعس و ڕاپۆرتی کۆنگرەی یەکەمی ئەو حیزبەوە - گەلی عەرەبی بە گەلی هەڵبژێردراوی خوا لەسەر گۆی زەوی داناوە. هەروەها سنوری جوگرافیی هەمو ئەو وڵاتانەی کە عەرەب حوکمی دەکات و ئەوانەی ئەندامن لە ڕێکخراوی کۆکاری عەرەبی(جامعه الدول العربیه) تەنیا بە خاکی نەتەوەی عەرەبی دەزانێ. لە دیدی حیزبی بەعسەوە هەر گەل و نەتەوە و پێکهاتەیەکی نەتەوەیی تریش بە هۆکاری مێژویی، سیاسی یان هەر هۆکارێکی ترەوە لە چوارچێوەی سنوری ئەو وڵاتانە بژین میوانن لەسەر خاکی عەرەب. ئەگەر هەرکام لەو نەتەوە و پێکهاتانەش ئەو بۆچونەی بەعسی قبوڵ نەبێت و خۆی بە خاوەنی ئەو خاکە بزانێ، کە هەزاران ساڵ لەسەری ژیاوە، ئەوا لە دیدی بەعسییەکان وەک خائینو دوژمن تەماشا دەکرێن. لەلای حیزبی بەعسیش سزای دوژمن و خائین کوشتنو لەناوبردنە. هەربۆیە مامەڵەکردنی حیزبی بەعس لەگەڵ خەڵکی گوندەکانی کوردستانی عیراق لە ساڵی 1988 دا بەرجەستەکردنی ئەو دیدوبۆچونە بو.

بەڵگەیەکی تری حاشاهەڵنەگری تێڕوانینی بەعس بەرامبەر بە کورد ئەوەیە، کە لە مەنهەجی خوێندنی ئەمنی نەتەوەیی عەرەب لە کۆلێژی ئەرکان لە زانکۆی ئەلبەکر لە بەغدا، کورد لە ڕیزی ئیسرائیل و ئێران حساب کرابو وەک مەترسی و هەڕەشە لەسەر ئەمنی نەتەوەیی عەرەب.

بۆ خوردکردنەوە و شڕۆڤەکردنی نێوەڕۆکی پەلاماری ئەنفالکردنی کورد، ئایا پێش هەر شتێ پێویستمان بەناسینی بەعسە، ئایا دەکرێت لەپرۆژەیەکی هەمەلایەندا کلتوری عەرەبو ئیسلام بناسینو دواتر بگەڕێینەوە لای پرسەکەی پێشوتر، دەنا چۆن؟

بەڵێ بێگومان ناکرێت شرۆڤەی وردەکاری پلان و شێوازی جێبەجێکردنی نەخشـــەی ئەنفال بکرێت بەبێ ناســـینی حیزبی بەعس. دەبێ بزانرێ تێروانینی بەعس بۆ نەتەوەو خـاکی عەرەب چۆنە؛ دەبێ ئـامـانجەکـانی حیزبی بەعس وەک حیزبێکی نەتەوەپەرستی هاوشـێوەی فاشـیسـتەکان لەبەرچاو بگیرێت؛ دەبێ نەخشـــەوپلانی حیزبی بەعس بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان دیراسە بکرێو بۆچونی حیزبی بەعس لەســـەر نەتەوەکانی تر، بە تایبەت ئەوانەی لە روی جوگرافییەوە دراوســـێی عەرەبن، بەهەنـد وەرگیرێن بۆ ئەوەی لە ئەنفال تێ بگەین.

مێژووی بەشـێکی گەلانی دنیا پڕە لە روداوی خوێناوی و تـاوانو لەنێو ئەو گەلانەدا تـاوانبـاری گەورەو دەگمەن هەبون. دیارە ســـەرهەڵدانی فیکری رەگەزپەرســـتی و تونـدڕەوی و پەیـدابونی ئەو تـاوانبـارە دەگمەنـانە لە نـاوچەکـانی دنیـاو لە ســـەردەمە جیـاوازەکـانی مێژوی مرۆڤایەتیدا پێویستیان بە ژینگەیەکی گونجاوە تاکو تێیدا دروسـت بن و نەشـونما بکەن. لە کەس شـاراوە نییە کە فیکری حیزبی بەعس و دامەزرێنەرو ســـەرکردەکـانیو رەفتـارەکـانیـان لە ژینگەی عەرەبیی عیراقو ســـوریـا سـەریانهەڵداو نەشـونمایان کرد. هەربۆیە پێویسـتمان بە دیراســـەیەکی ســـۆســـیۆلۆجی ئەو کۆمەڵگا عەرەبیو ئیســـلامییانەیە، کە حیزبی بەعس تێیدا ســـەریهەڵداو نەشونمای کرد، بۆ ئەوەی لە ئەنفال تێبگەین.

بەچی پێوەرێک قسـە لەسـەر ترسـی دووبارە بوونەوەی ئەنفال بکەین؟ بەچی لۆژیکـو باکگراوندێک ئەو ترســـە رەوایە؟ ئایا تـائێســـتـا لەگوتاری تـاکـو کۆی کوردیدا خوێندنەوەیەک هەیە بۆ ئەم لایەنە، ئەگەر نییە بۆ؟

ئەنفـال دەرەنجـامی ســـیـاســـەتی حیزبێکی عەرەبی نەتەوەپەرستی هاوشـێوەی شـۆڤینیزم بوو بەرامبەر گەلی کورد، چونکە گەلی کورد داکۆکی لە ناســـنامەی نەتەوەیی خۆی دەکردو ناســـنامەی عەرەبیو عیراقی عەرەبی قبوڵ نەکرد. حیزبی بەعس دەیویســـت ناســـنامەی عەرەبیی عیراقی بەسەر گەلی کوردا بسەپێنێ. بەڵام گەلی کورد ئەو ناســـنامەی رەتکردەوە. نەک هەر ئەوە بەڵکو لە ئەنجامی سیاسەتی رەگەزپەرستانەی حیزبی بەعسەوە ناسیۆنالیزمی کوردی لە کوردســـتانی عیراق گەشـــەی کردو گەلی کورد داوای مـافە نەتەوەییەکـانی خۆی کرد. لەســـەر ئەم دو بۆچونە دژ بەیەکە، حکومەتی بەعس پلانی پەراوێزکردنی کوردی پەیڕەو کرد. کورد لەبەرامبەر ئەو ســـیاســـەتەش وەســـتایەوەو داوایکرد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدا مافەکانی بسـەلمێندرێ. لەبەرامبەر ئەو روبەروبونەی کوردا حیزبی بەعس سیاسـەتی بەسـۆتماک کردنی کوردسـتانی پیادەکرد. کاتێک ســـەرانی بەعس دڵنیابون لەوەی بەو سـیاســـەتەش ناتوانن گەلی کورد لە کوردســـتانی عیراق بهێننە ژێرباری بەرنامەکەیان، ئینجا بە شـــێوازی جیاجیا کەوتنە جێبەجێکردنی سیاسـەتی تواندنەوەی کورد لە نێو نـاســـنـامەی نەتەوەی عەرەب لە رێگەی پەیڕەوکردنی ســیاســەتی تەعریبـو تەبعیسو تەرحیل. ئەو هەنگاوەش ناسـیۆنالیزمی کوردی نەک لاواز نەکرد بەڵکو بەهێزتری کردو بزوتنەوەی رزگـاریخوازی خەڵکی کوردســـتـان تەکانێکی گەورەتری داو داخوازییەکانی گەورەتر بون. لە کۆتاییدا حیزبی بەعس سیاسەتی لەناوبردنی گەلی کوردی لە کوردستانی عیراق کردە بەرنامەی کاری خۆی.

ســـەرکردایەتی حیزبی بەعس نەخشـــەیەکی تۆکمەی بۆ جێبەجێکردنی بەرنـامەی لەنـاوبردنی کورد بە چەنـد قۆناغێک داڕشت. دوای تەواوبونی شەڕی ئیران – عیراق، یاخود راستتر بڵێین کاتێک سەرکردایەتی حیزبی بەعس دڵنیا بو لەوەی کە شـــەڕەکە بەرەو تەواوبون دەچێو بە قازانجی ئەو کۆتایی دێت بڕیاری جێبەجێکردنی بەشـێکی نەخشـەکەی دا. قۆناغی یەکەمی نەخشـەی لەناوبردنی گەلی کورد لە کوردستانی عیراق لەناوبردنی گوندنشینەکان بو لە رێی شالاوی ئەنفالەوە.

جێگای تێڕامانو ســـەرنجە کە لەو هەلومەرجەدا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەستەوەستان وەک تەماشـاکەر بێهەڵوێست بون لە ئاستی ئەو سیاسەتە تاوانکارییەی دەوڵەتی عیراق بەرامبەر گەلی کورد. کۆمەڵگـای نێودەوڵەتیو زلهێزەکـانی دنیا بەتەنگ بەرژەوەندییە ســـتراتیژییەکانی خۆیانەوەن نەک مەســـەلەی مـافی مرۆڤو پێشـــیلکردنی یـاســـا نێودەوڵەتییەکان. هەڵوێســـت وەرگرتنی ئەوان تەنیا لەو کـاتەدا دەبێ کە هێزێـک یـان دەوڵەتێـک لەو بوارەدا لە نـاوچەیەکی دیـاریکراو دژی بەرژەوەنـدییەکـانی ئەوان

رەفتار بکات. هەربۆیە ناکرێ مەترسی دووبارەبونەوەی ئەو مێژووە ترسناکە نادیدە بگیرێت.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو تێروانین و شـــرۆڤە مێژویی و بابەتییەی سەرەوە دروستبونو نەشونماکردنی حیزبێکی هاوشـــێوەی بەعس لە بیرکردنەوەو رەفتاردا لە عیراقو ناوچەکە ئەگەرێکی مومکینە. لە لایەکی تریشەوە زەحمەتە گەلی کورد دوای ئەو هەمو خەباتو قوربانیدانە جارێکی تر بچێتە ژێرباری پلانو بیرکردنەوەیەکی هاوشـــێوەی تێڕوانینی حیزبی بەعس. واتە ئەگەر شـــتێکی لەو بابەتە بێتە ئاراوە گەلی کورد بەهەمان شـێوەی جاران بەرگری لە ناسنامەکەی دەکات. لە ئەنجامدا روبەروی هەمان سیاسەتی هاوشـێوەی سـیاسـەتی بەعس دەبێتەوە. بۆیە ئەم ترسـە ترسێکی رەوایەو دەبێ حسابی بۆ بکرێت. بەرپرسیارێتی خۆئامادەکردنو پێشگرتن لە دووبارەبونەوەی ئەنفالێکی تر بە شـــێوەیەکی ترو لەســـەر دەســـتی جەماعەتێکی ترو لە هەلومەرجێکی تردا لە ئەستۆی هەمو تاکێکی کوردە. بەڵام بەرپرسو دەسـەڵاتدارانو حیزبە سـیاسـییەکان لە هەموان زیـاتر دەکەونە بەردەم ئەم بەرپرســـیـاریێتییە مێژویـیو ئەخلاقییەوە. بەهەنـد وەرنەگرتنی ئەو ئەگەرە لەلایەن کاربەدەستانو دەسـەڵاتدارانی کوردسـتانەوە یان تێنەگەیشـــتنێکی واقیعیانەی هەلومەرجی رودانی تـاوانی ئەنفالە، یاخود خۆدزینەوەیە لە بەرپرسیارێتی.

جیاوازی لەنێوان رووناکبیرو سـیاسـیەتمەدارانی کورد لە خوێندنەوەدا بۆ ئەنفال لەچی دایە؟ ئـایـا کورد بەدەر لە هەموو جیـاوازییەکـان پێویســـتی بەکۆ دەنگی نییە بۆ ئەنفالو کەشفکردنی رەهەندو دەرئەنجامەکانی؟

خوێنـدنەوەو کـاری لێکۆڵەرو ئەکـادیمییەکـانی کورد لە لایەک و سـیاسـەتمەداران لە لایەکی ترەوە سـەبارەت بە تـاوانی ئەنفـال هەنـدێ خـاڵی هـاوبەشـــی تێـدایەو لە کاردکردنیشـــیاندا بۆ ئەو دۆزە لەیەکچون بەدی دەکرێ، بەڵام لە هەمان کاتدا جیاوازی گەورەش لە نێوان کاری ئەو دوو گروپەدا هەیە.

لە ســـاڵی1988 وە، کە شـــاڵاوی ئەنفال رویدا، هەردولا کاریـان بۆ ئەوە دەکرد ئەو تـاوانە وەک خۆی بۆ دنیـای دەرەوە رونبکەنەوەو ســـۆزو ســـەرنجی دنیا بۆ رەوایی دۆزی کوردو زوڵملێکراوی گەلەکەمان رابکێشـــن. لە دوای راپەڕینو بەدەســتهێنانی ســەدان هەزار بەڵگەنامەی فەرمی حکومەتی عیراق ســەبارەت بە نەخشـــەوپلانو شـــێوازی جێبەجێکردنی پەلامارەکـانی ئەنفـال، هەردولا دیســـان کاریان بۆ بەجێنۆسـاید ناسـاندنی تاوانی ئەنفال لە لایەن کۆمەڵگای نێو دەوڵەتییەوە کرد. لە خاڵێکی هاوبەشـــی تریشـــدا بەشـــێک لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیو خەڵکی ناحیزبیو حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی عیراق خەریکی کۆکردنەوەی کۆمەکـو هاوکاری مادیو مەعنەوی بون بۆ قوربـانیـانی ئەنفـال. بەڵام دوای ســـاڵی 2003حیزبە سیاسـییەکانی کوردسـتان پێیان وابو دوای روخانی رژێمی صـــەدام ئیتر ئیشـــیان بە دۆزی ئەنفال نەمـاوە. دوای پێکهێنـانی حکومەتی نوێی عیراقو نوسـینەوەی دەسـتوری عیراقی فیدراڵی هەندێ بابەتی تر لای سـەرکردایەتی سـیاسـی کورد زیاتر گرنگییان پێدراو لای ئەوان بون بەکاری لەپێشـــینە. ئەگەرچی نوســـەرو لێکۆڵەرو ئەکـادیمییەکـانی کوردســـتـان بەردەوام بون لە کارەکانی پێشـویان، بەڵام لە هەندێ وێستگەدا پاشەکشە بە کارەکانی ئەوانیشـــەوە دیار بو. رەنگە هەندێ هۆکاری مەنتیقی بۆ پاشـــەکشـــێی ئەم گروپە هەبێت. بۆ نمونە گروپی یەکەم پێی وابو ئیتر هەلی لەبـارو گونجـاو بۆ ســـەرکردایەتی حیزبە کوردییەکان هاتۆتە پێش و ئەوان دەتوانن ئیشـــی جیدیتر لەســـەر ئەنفال بکەنو دەکرێ قەرەبوی هەمو ئەو زەرەرەرو زیانانە بکەنەوە کە لە ئەنفالدا بەسەر کورد هاتوە.

لە دوای روخانی رژێمی بەعس، دواکاری بەیەکەوەیی ئەو دو گروپە کارکردن بو لەســـەر ئامادەکردنی دۆســـییەی ئەنفـال لە دادگـای تـاوانەکـانی عیراق بۆ دادگـاییکردنی ئەوانەی لە نەخشـــەدانانو جێبەجێکردنی تاوانی ئەنفلدا بەشـــدار بون. ئەگەرچی دەرەنجامی ئەو هەوڵە جیددیەش لە ئاســـتی گەورەیی تاوانەکەو زەرورەتی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگای عیراقدا نەبوو.

حیزبە ســیاســییەکانی کوردســتان قازانجی زۆریان لە دۆســییەی ئەنفال کرد. بەهۆی ئەنفالەوە خۆیان بەدنیا ناســـاند. هەر بەهۆی ئەنفالەوە دەرگای بەشـــێکی زۆری دامودەزگا حکومییەکانو پەرلەمانو ســـیاســـەتمەدارانی ئەوروپاو ئەمریکایان بۆ کرایەوەو زۆر جاریش کۆمەکـو

هاوکاریان بۆ قوربانییانی ئەنفالو گوندو ناوچەکان وەرگرتوە. بەڵام راستییەکان لەسەر ئەرز ئەوە دەسەلمێنن کە ئەو قازانجە مادیو مەعنەوییە ئەوەندەی بۆ حیزبەکانو سەرکردایەتی ئەو حیزبانە بەسود بوە ئەوەندە بۆ دۆزی ئەنفالو قوربانییەکانی ئەنفال بەسود نەبوە. ئەگەر بوترێ تاوانی ئەنفال لە روی سیاسییەوە قازانجی بۆ دۆزی گەلەکەمان هەبوە ئەوا دیسان دەبێ بزانرێ کە ئەو قازانجە لە ئاستی گەورەیی تاوانی ئەنفالو زۆری ژمارەو جۆری زەرەرو زەرەرمەندەکانی ئەنفال نەبوە. زۆر دەوڵەت ئێستا لە دنیا هەن کە ژمارەی قوربانییەکانیانو سەختی خەباتو تێکۆشانیان زۆر لە ناسۆری ئەنفالو ژمارەی قوربانییەکانی ئەنفالو رەنجو ماندوبونی تێکۆشەرانی گەلەکەمان کەمتر بووە، بەڵام توانیویانە بە ئامانجەکانیان بگەن.

ئێستاش دەکرێ کاری بەیەکەوەیی زیاتر لە نێوان ئەو دو گروپەدا بکرێت. دەکرێ ئەزمونو پسپۆریی لێکۆڵەرو نوسەرو ئەکادیمییەکانی کورد لەگەڵ ئیمکانییەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێن بە بەرنامەی کارێکی هاوبەش بۆ کەشفکردنی رەهەندو دەرەنجامەکانی تاوانی ئەنفال. ئەمەش هەم بۆ ئاشنابونی خۆمانو گەلانی دنیا بە وردەکاریو رەهەندەکانی ئەنفالو هەم بۆ گرتنەبەری نەخشەرێگایەکی تەندروست بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتی نەتەوەیی گەورەی شایستە بە قەبارەی زەرەرو قوربانییەکانی ئەنفالو دوبارەنەبونەوەی ئەنفال لەسەر دەستی جەماعەتێکی تر لە هەلومەرجێکی جیاوازی تردا.

ئەنفال جیا لەبێسەرو شوێنکردنی 182 هەزار مرۆڤ و سوتاندنو خاپوورکردنی 4500 هەزارگوندو سوتاندنی رەزو باخ و بەتاڵانبردنی سەرەوەتو سامان، کۆمەڵێ نەخۆشی جۆراو جۆری بەدوای خۆیدا هێناو بەردەوامیش درێژەیان هەیە، ئایا ئەم حاڵەتە کە لایەنی ئابووریو کۆمەڵایەتیو دەروونی بەخەستی دەگرێتەوە، لەکوێی گوتاری ئەنفالکردنی کورد لەلایەن بەعسەوە خۆی دەبینێتەوە؟

هەروەک لە وەڵامی پرسیارێکی پێشودا ئاماژەی پێکرا، سیاسەتی بەعس لەناوبردنی گەلی کورد بوە لەسەر ئەو خاکەی کە لێی ژیاوەو پێی دەڵێن کوردستان. بەڵام ئەوان نەخشەی لەناوبردنەکەیان قۆناغبەند کردو سەرەتا لە گوندنشینەکانی کوردستانی عیراقەوە دەستیان پێکرد. دیارە لەناوبردنی پێکهاتەیەکی چەند سەد هەزار کەسی هەم پێویستی بەبەکارهێنانی شێوازی تەفروتوناکردنی جیا هەیە. هەروەها ئەگەری دەربازبونی هەندێک لە ئامانجە دەستنیشانکراوەکان (کە لە شاڵاوی ئەنفالدا ژنو پیاوو منداڵی گوندەکان بون) قابیلی رودانە. هەر بۆیە حیزبی بەعس لە نەخشەی جێبەجێکردنی ئەنفالدا کۆمەڵێک ڕێوشوێنو تاکتیکو ئامرازی زۆر تایبەتی بەکارهێنا. بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی یەکێک بو لەو ئامرازانەی بەکاریان هێنا بۆ کوشتنو بریندارکردنی زۆرترین ژمارەی خەڵک. فەلسەفەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی ئەوەیە کە ئەوانەی دەکوژرێن ئەوا نامێنن‌و وەک لەناوچوو حساب دەکرێنو دوای ماوەیەک وردە وردە لای زۆر کەس بیردەچنەوە. هەرچی بریندارەکانی چەکی کیمیاوییە تا هەتایە بە نیشانەو ئاکامی بریناکانیانەوە دەتلێنەوە. چارەسەرکردنی بریندارەکانی چەکی کیمیاوی لە ئەنفالدا هەم کارێکی ئەستەم بو (بە تایبەتی ئەو کاتە کە دەرمانو بنکەی تەندروستیو زانیاری پێویست بۆ خۆپاراستن لە چەکی کیمیاوی لە گوندەکانی کوردستانی عیراق نەبو) و هەم بینینی ئەو برینە سامناکانە لەلایەن خەڵکە ساغو دەربازبوەکانەوە بو بەمایەی وەرەبەردانیانو ئامادەییان بۆ تەسلیم بونەوەو بێسەروشوێنکردنیان. لە باشترین حاڵەتدا بینینی ئاسەواری برینی کیمیاوی دەبێتە مایەی تۆقاندنو رەوکردنو نەگەڕانەوەی رزگاربووەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان.

ئامرازێکی تری لەناوبردنی خەڵکی کوردستان لە شاڵاوی ئەنفالدا بێسەروشوێنکردنی دەیان هەزار ژنو پیاوو منداڵی تر بو. شێوازی کوشتنەکانیان لە بیابانەکانی عیراقو شاردنەوەی تەرمەکانیان کێشەی کۆمەڵایەتی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا. بەپێی شەریعەتی ئیسلامو عورفی کوردەواریو یاسای عیراقی ژنی هەر پیاوێکی بێسەروشوێن تاکو بەرەسمی دڵنیا نەبێ لە نەمانی مێردەکەی ناتوانێ شو بکاتەوەو لە مەسەلەی میراتیشدا ژنو منداڵەکانی ئەو کەسە بێسەروشوێنە توشی کێشەی یاساییو دارایی دەبن لەگەڵ کەسوکاری مێردو

باوکەکانیان. هەمو ئەوانە بونە مایەی دروستبونی کێشەی کۆمەڵایەتی زۆر گەورە بۆ قوربانیانی ئەنفالو کەسوکارەکانیان.

روخاندنو تەختکردنی گوندەکانو برینی دارودرەختو سوتانو وێرانکردنی رەزوباخو تێکدانی کێڵگەکانو پڕکردنەوە یان تەقاندنەوەی کانیو کارێزو بیری ئاوی گوندو هۆبەو هەوارەکان ئامرازێکی تری لەناوبردن بون. چونکە ئەم هەنگاوە لەلایەک ژینگەی گوندەکانی تێکداو لەلایەکی تریشەوە پێداویستی جارێکی تری ژیانو گوزەرانی لە گوندەکان بە تەواوی نەهێشت. ئەمە سەرەرای تاڵانکردنی ملیۆنەها سەر مەڕو بزنو گاگەلو ولاخو هەزاران تراکتۆرو ماتۆڕی ئاوو هەرچی پارەو ئاڵتونو بەروبومی کشتوکاڵی گوندنشینەکان. ئەم هەنگاوەش (لە دیدی بەعسەوە) هیچ ئومێدێکی لای خەڵکی ناوچەکانی بەر شاڵاوی ئەنفال نەهێشت بۆ جارێکی تر ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانیان.

ئەوەی جێگای تێڕامانو مایەی سەرنجە کە دەسەڵاتدارانی کوردو دامودەزگا پەروەردەییو زانکۆکانی حکومەتی هەرێم نەیانتوانیوە ئەم بابەتە وەک خۆی لەگەڵ وردەکاریو زانیاری تەندروست لەسەر قۆناغ بە قۆناغو ڕۆژ بە ڕۆژو سات بە ساتی ئەو کارەساتە گەورەیە بە شێوەیەکی زانستی یاداشت بکەنو وەک مەنهەج لە خوێندنگاو زانکۆکان بخوێندرێو لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیان لەسەر بکرێ. خەملاندنی زەرەروزیانی مالّیی جوتیارانی ناوچەکان گرنگییەکی زۆری هەیە ئەگەر بێتو دەسەڵاتدارانی هەرێم بەشێوەیەکی زانستی لە رێگای زانکۆو پەیمانگاکانو رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییەوە بیکەن، چونکە هەر کاتێک کێیسی ئەنفال لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە جێنۆسایدناسێنرێو حکومەتی عیراقی بچێتە ژێرباری ئەو بەرپرسیارێتییە، ئەوا یەکێک لە رێکارەکان قەرەبوکردنەوەی مالّیی زەرەرلێکەوتوانی ئەنفال دەبێت.

چی بکەین بۆ ئەوەی ئەنفال بکەینە پرسێکی میللی؟

پێم وایە لە رێگەی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە دەکرێ ئەنفال بکرێتە مەسەلەیەکی میللی. یەکەم/ پێویستە هەمو تاکێکی کوردستانی زانیاری تەواوی لەسەر تاوانی ئەنفال هەبێت. ئەمەش بەوە دەکرێ کە وردەکاری ئەنفال وەک مەنهەجی خوێندن بەپێی ئاستەکانی خوێندن بکرێت بە بەشێکی گرنگی مێژوی نوێی کوردستان. لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندنو لە ئاستی جیاوازدا زانیاری تەندروست سەبارەت بە ئەنفال وەک تراژیدیایەکی نەتەوەیی لەگەڵ هۆکارو نەخشەی جێبەجێکردنی ئەنفالو دەرەنجامو دەرهاویشتەکانی بخرێتە دوتوێی مەنهەجی خوێندنەوە. هەروەها پرۆگرامی میدیایی و بەرهەمی هونەریی شانۆگەریو دراما سازبکرێ بۆ ئەو مەبەستە.

شورەییە کە دەبینین زۆربەی سەرکردایەتی حیزبەکانی کوردستانو بەرپرسە باڵاکانی ئەم هەرێمە، کە بەشێکی زۆریان شایەتحاڵی سەردەمی شاڵاوەکانی ئەنفال بونو بەچاوی خۆیان ئەو تاوانەیان دیوە، زانیاری تەواویان لەسەر ئەنفال نیە. بێگومان زۆر خوێندەوارو ئەکادیمیستی ئەم هەرێمەش هەن کە زانیاری پێویستیان سەبارەت بە ئەنفال نیە، چ جای کەسێکی ئاسایی یان گەنجێکی تازە پێگەیشتو، کە لەسەردەمی ئەنفالدا هەر لە دایک نەبوە. حەقە هەمو کوردێکی کوردستانی عیراق لەخۆی بپرسێ کە ئایا هیچ جولەکەیەک هەیە لە دنیا نەزانێ هۆلۆکۆست چیەو چۆنو بۆچی رویدا؟

دووەم/ ئەنفال لەبۆتەی بەحیزبیکردن بهێنرێتە دەرەوە، چونکە تراژیدیایەکی نەتەوەییەو هەموناوچەکانی کوردستانی گرتەوەو زۆربەی هۆزوتیرەوخێڵەکانو هەمو حیزبە کوردستانییەکانی ئەو سەردەمە – هەر یەکەو هێندەی قەبارەی خۆی زەرەرمەند بون. بەحیزبیکردنی ئەنفال سەنگو قورسایی ئەو کێیسە نەتەوەییە بچوک دەکاتەوەو گەلەکەمان لەبەرچاوی دۆستەکانمان ناشیرینو لەبەردەم دوژمنەکانمان لاواز دەکات.

سێیەم/ هێشتنەوەی کێیسی ئەنفال بەزیندویی. ئەمەش بە باسکردنی بەردەوامو یادکردنەوەو بیرهێنانەوەی هەمو تاکێکی کوردستانو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کە لە نێوان6/9/1988 –23/2/1988چی بەسەرلە کوردستان هاتوە. دەکرێ سود لە کەناڵەکانی میدیاو بۆنە فەرمییەکانو گردبونەوە و سیمینار لە خوێندنگاو پەیمانگاو زانکۆکان وەرگیرێ. هانی نوسەرو هونەرمەندان بدرێ لە بەرهەمە هونەرییەکانیاندا دراماو، شیعرو، تابلۆ، سرودو مۆسیقادا

ئەنفال رەنگبداتەوەو بایەخ بەوکارە هونەرییانە بدرێ کە دەربارەی ئەنفال دەکرێن یان کراون.
چوارەم/ مۆنەمەنتێکی شـــایســـتە بە تاوانی ئەنفال لە شوێنێکی گونجاو لە کوردستانی عیراق دروست بکرێت. لە مۆنەمێنتەکەش مێژوو وردەکاری هۆکارو نەخشـــەی جێبەجێکردنی شالاوی ئەنفالو ناوی قوربانییانی ئەنفالو هەر شتومەکـو پاشماوەیەکی قوربانییەکان کە دەستدەکەون بە شـێوەیەکی مۆدێرنو بە سـودوەرگرتن لە تەکنۆلۆژیاو هونەری نمایشـــکردنی ســـەردەمیانە - هاوشـــێوەی مۆنەمێنتی هۆلۆکۆســـت لە واشـــنتۆن – نمایش بکرێن. ســالانە خوێندنگاکان قوتابییەکانیان بهێنن بۆ ســەردانی ئەو مۆنەمێنتە تاکو هەمو خوێندکارێک لە ئەنفال تێبگاو لەلای ببێت بە بەشـــێک لە زانیاری گشـــتیو مێژویی. هەروەها ســـەردانی ئەو مۆنەمێنتە بکرێتە بەشـــێک لە پرۆتۆکۆلی ســـەردانی بەرپرســـە بالاکانی دنیا لە کاتی سەردانیکردنی فەرمییان بۆ هەرێمی کوردستان.

تایبەت بەپرسی ئەنفال هەڵوێستی رێکخراوە ئیسلامی و حکومەتە عەرەبییە کان چۆن لێکدەدەیتەوە ؟

هەڵوێســـتی ئێســـتای رێکخراوە ئیســـلامیو حکومەتە عەرەبییەکان جیاوازە لە سەردەمی رودانی تاوانی ئەنفال. لە کاتی کیمیابارانی هەڵەبجەو شـــالاوی ئەنفالدا هیچ رێکخراوێکی ئیســـلامی یان دەوڵەتێکی عەرەبی ئیدانەی ئەو تاوانەی نەکردو پشـــتیوانی لە خەڵکی کوردســـتان نەکرد، جگە لە کۆماری ئیسـلامی ئێرانو لیبیا. چونکە ئەو کـاتە زۆربەی زۆری وڵاتە عەرەبییەکـانو رێکـخراوە ئیسـلامییەکان پشـتیوانیان لە صـەدامو رژێمەکەی دەکرد. لەو ســـەردەمە لەنێو هەمو گەلانی عەرەبیو رێکخراوە عەرەبییەکان تەنها دو کەســایەتی عەرەبیی ئیدانەی تاوانی ئەنفـالو کیمیـابـارانی هەڵەبجەیـان کرد، کە ئەوانیش بەرێزان هادی عەلەویو کەنعان مەکییە بون. بەڵام ئێســـتا هەلومەرجەکە گۆڕاوە.
دوای روخانی رژێمی صـەدام دۆخێکی نوێ و سـەردەمێکی نوێ لە پەیوەندی نێودەوڵەتی لەگەڵ عیراق و گەلی کوردو ئێران گەاڵە بو. زۆر لە رێکخراوە ئیسلامییەکانو بەشێک لە دەوڵەتە عەرەبییەکانو کەسایەتییە عەرەبەکان هەڵوێستی پێشـــویان یان راســـتتر بڵێین بێهەڵوێســـتی پێشـــویان بەرامبەر ســـیاســـەتی لەناوبردنی کورد لەلایەن حیزبی بەعسەوە راستکردەوەو کەوتنە ئیدانەکردنی تاوانی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو شوێنەکانی تری کوردستانی عیراق. تەنانەت لە عیراقی دوای صـەدام کێیسی ئەنفال بو بە بابەتێکی گرنگ و ســەرەکی بۆ دادگاییکردنی صـــەدام حوســـێنو دارودەســـتەکەی. هەر لەودادگایەداودواتریش لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقەوە تاوانی ئەنفال بە جێنۆساید ناسێنرا.

د . شۆڕش حاجی لە شاری کۆیە لە دایکبووە.
خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە شاری کۆیە تەواوکردووە بەکالۆریۆســـی ئەندازیاری لە زانکۆی موســـڵ وماســـتەری لە ســـەرچاوەکانی ئاو لەزانکۆی ســـیتی لەندەن ودیپلۆمی باڵا لە زانکۆی گرینیچ وەرگرتووە. ساڵانێک مامۆستا بووە لە کۆلێژی ئەندازیاریی لە لەندەن.
بەشـــداری چەندین کۆنگرە و کۆنفراســـی کردووە ســـەبارەت بەجینۆســایدی گەلی کورد لەســـەر ئاســـتی نێو خۆو دەرەوەدا. هەڵگری بڕوانـامەی دکتۆرایە لەزانســـتە ســـیاســـییەکان لە University of Exeter – United Kingdom لە ساڵی ٢٠١٢ بازەتی دکتۆراکەی بەناوی (ناسیۆنالیزمی کوردی و حزبی بەعس) ە .

تێبینی :

دەبوو ئەم دیمانەیە لەگەڵ چەند دیمانەیەکی تر لەدووەم کتێبی" ئەنفال و تێگەیشـــتنە جیاوازەکان چاپ بکرایە کەلەســـاڵی ســەرەتای ساڵی 2019لەیادی سی ویەک ساڵەی ئەنفال چاپ کرا. بەڵام بەهۆی ئەوەی د. شۆڕش لەدەرەوەی کوردستان بوو دوای چەند هەوڵێک ئەدرەســـمان وەرگرت و هەرچەندە بەپەلە پرۆفایلەکەی بۆ ناردین، بەڵام بەداخەوە ئەو کات کتێبەکە چەند ڕۆژێـک لەچـاپخـانە بەشـــێـک لەکـارەکـانی لەچـاپـدانی تەواوببوو.لەگەڵ داوای لێبوردن لە دشـــۆڕش حاجی بەهیوام توانیێتمان قەرەبووێەکی کەمی بکەینەوە.

بوخچەیەکی بێنازی دوای ئەنفال .

ئامادەکردنی : سمکۆ سابیر



هۆشیاریی هەر نەتەوەیەک پەیوەستە بە بوونی یادەوەرییەکی هاوبەش ونەتەوەیی ،چونکە هەر نەتەوەیەک نەیتوانی یادەوەریی ومێژووی خۆی بپارێزێت،ناتوانێت هێلێکی روون ودیاریکراوی هەبێت بۆ ئێستا و ئایندە.جیهان عەبدولکەریم رۆبیتەن لەدایکبووی ساڵی 1927. لەدوای ساڵی 1988ەوە کۆمەڵێک کەل وپەل و چەند جۆرە دراوێکی لای خۆی هەڵگرتبوو.هەمیشە لە



خەمی پاراستنیدا بووە تەنانەت دوای ئەوەی لەگەڵ هاوسەرەکەی ئەنفال دەکرێت و رەوانەی نوگرە سەلمان دەکرێن نەیهێشتووە ئەم بوخچە بچکۆلانەیە لەنا وبچێت و لای خۆی بەنهێنی هەڵیگرتووە. بۆماوەی شەش مانگ لە نوگرە سەلمان زیندانی کراوە، لە14/5/2009 کۆچی دوایی کردووە. خۆی بەسرووشت هەمیشە حەزی کردووە ئەم وردە شتە دەگمەنانە کۆبکاتەوە و لای خۆی بپارێزێت.تەزبیح ومێخەک و چەندین جۆرە دراوی پاراستبوو .جیهان دوو کوڕی ئەنفالکراوە.ئەحمەد سماقی کوڕی جیهان لەبارەی دایکە کۆچکردوەکەی و بوخچەکەیەوە دەڵێت: دوای گەڕانەوەی دایکم لەنوگرە سەلمان ئەوانەی لەنوگرە سەلمان گەڕانەوە، لەگەڵ چەند کەسێکی تری گوندی سماق کەبریتین لە :مەحمودی مامە عەلی. قادری میم نازەحمەی حاجی رۆستەم کەهەندێکیان لەژیاندا نەماون ئەم بوخچە بچکۆلانەیە لەماڵی ئێمە ماوە و لای خۆمان پاراستوومانە بەڵام بەداخەوە هەموو جل و بەرگەکانی دوای مردنی وەک نەریتێکی کوردەواری سوتێنراون.ئەوەی بۆ ئێمە ماوەتەوە ئەم بوخچە بچکۆلانەیە کەچەند وردە شتێکی تێدایە وەکو دراوی کۆن کە چەند جۆرە دراو و پارەیەکی ئاسن و کاغەزە ومێژووی بۆ دەیان ساڵ دەگەڕێتەوە. لەگەڵ ملوانکەیەکی مێخەک و دراوی کۆن و ملوانکەی مێخەک و مورووی چاووزار و وێنەی کۆنی چاپکراو و چاپنەکراو کەبەکامێرای رەش و سپی گیراوەلەگەڵ چەند دانە لەدوگمە و قۆپچە و چەند جۆرە موورویەکی تایبەت و دەگمەن .



نوگرە سەلمان: قەڵای مەرگ و پاکتاوی نەژادیی

سمکۆ سابیر

نوگرەسەلمان بۆ ئێمەی کورد یادەوەرییەکی تاڵ و بەئازارە ،روداوگەل و چیرۆکێکی دژوار و بەسوێیە .ئەوەی هێندەی تر ئازارمان دەدات نەنوسینەوەی ئازاری ئەو هەموو مرۆڤە بێناز و داماوانەیە کەنوگرە سەلمان بەشێک لەو مرۆڤانە سەگ لاشەکانی خواردن و ئەوانەشی بەڕێکەوت گەڕانەوە چاوەڕوانی تەمەنی بردن و بۆ هەتا هەتایە ناخیانی پڕکرد لەژان و برین لەیادەوەرییەک کەئاسان نییە وەکو خۆی وێنابکرێت و بنوسرێتەوە. لێرەوە بۆتەدەردەکەوێت کەڕژێمی بەعس چ قین و دڕدۆنیەک لەناخیدایە ، چ تینوویەک بەمەرگ بوو، ئەم سیستمە دڕندە وشۆڤینییە بەدرێژایی زیاتر لەچل ساڵدا هەمیشە کاری لەسەر کوردکوشتن کردووە فۆرمی ئەم کوشتنەش وەک بیانوو.جیاواز و بێبنەمابووە.

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لەسێ دەیە بەسەر تاوانی ئەنفالدا، کارکرن لەسەر ژیان وڕابردووی مرۆڤگەلێکی گرنگ وشایەتحاڵ لەچوارچێوەی تاوانەکە، کارکردن لەسەر ئەو مرۆڤە بێنازانەی کە بە بەرچاوی خۆیانەوە ئازیزترین کەسیان لەدەستداوە، هێندە ئاڵۆز و گرانە هەستدەکەیت ناتوانیت بەوشە گوزارشتی لێبکەیت. بەڕاستیش تێکست ونوسین لەئاستیاندا بچووک وڵاڵە.خۆیان گووتەنی؛ خۆشیان بۆ خەم و خەفەت ماونەتەوە و مردن نەبێت چاوەڕێی هیچ شتێکی تر لەکەس ناکەن.. ئەم مرۆڤانە ئەنفالکراوانی نوگرە سەلمانن کە لەگەورەترین زیندانی عێراق وبگرە گەورەترین زیندان لەسەر ئاستی ناوچەکەدا، ماوەی شەش بۆنۆ مانگ بەدڕندەترین شێوە لەژێر سوکایەتی ومەرگی ڕۆژانەدا ژیانیان بەسەر بردووە

.بۆیە بەبیرهێنانەوەی ئەم مێژوو و یادەوەرییە ، کارێکی دژوار وسەختە و شەن وکەو کردنی ڕابردوویەکی خوێناوییە. زۆرێک لەو مرۆڤانە سەربازی تەنیایی، ساڵانێکی زۆر لە چاوەڕوانی ئازیزانیان چاو لەڕێگاو چاو لەدەرگاو گوێی قولاغ بوون بۆ هەواڵێکی کەسوکارەکانیان.سەرباری ئەم خەمە چاوەڕێی ئەوەیان لێبکەیت بگەڕێنەوە بۆ ناو هۆڵ و قاوشەکانی نوگرە سەلمان و جارێکی تر لەناو ئەو هەموو ساتە سەخت و بێهیواییەدا حیکایەت وچیڕۆکەکانت بۆ باسبکەن .بەڕاستی کارەکە ئاسان نییە بەڵکو هەتا بڵێی دژوارە، چونکە جگە لە هەلومەرجی گرانی ژیان بۆ ئێمە و مانان کە بەم ئەرکەوە سەرقاڵین، بەشێک لەو دەربازبووانەش کە لە نوگرەسەلمان رزگارو دەربازبوون تەمەنیان هەڵکشاوە یاخود تەمەن بەجێیهێشتوون، هەندێکیان یادەوەرییان لاواز بووە و ناتوانن کۆی ئەو روداوانەی پیایدا ڕۆیشتوون وەکوخۆی بگێڕنەوە هەندێکیان هەر بە تەواوی یادەوەرییان لە دەستداوە هەرگیز ناتوانن نە بەزمان و نە بەئاماژەش قسە لەو برینە بکەن، چ جای وردو درشتی ئەوەی بینیویانەو چەشتویانە بیگێڕنەوەو زانیاریت پێببەخشن ، وەکو خۆی بێننەوە بەرچاوی خۆیان.

بۆیە کارکردن لەسەر ئەم مێژووە هەستێکی ناخۆشت پێدەبەخشێت لەوەی بەشێک لەو گەڕاوانە ناتوانن وەک خۆیان ئەو وێنایەی کەدەبێت بۆ ڕەفتار و ئاکارەکانی بەعسی بکەن، پێشکەشی بکەن و هەمان وێنەت بۆ بگوازنەوە. بەڵام ناشکرێت دابنیشین بە دیار پیربوون و مردنی ئەوان و هەر هیچ نەبێت فریای بەشێک لە نوسینەوەی ئەو ئازارە بکەوین وببن بە یادەوەریی مێژوویی لە چوارچیوەی تاوانی ئەنفالدا.

ئەم بەڵگەو وێنانە ئاماژەیەکن بۆ بێباکی بەعس وسیستمەکەی لەبەرامبەر مرۆڤ کەچۆن بەهۆی تاوانی ئەنفالەوە دەرگای دۆزەخیان بۆ کورد کردەوەو سەدان هەزاریان کۆمەڵکوژ کرد و نوگرە سەلمانیش قەڵایەک بوو بۆ ئاشنا بوون بەمەرگێکی جیاواز لەمەرگەکانی تربەڵام ئەویش دیوێکی تری دۆزەخ ومەرگ بووهەرچەندە ژمارەیەک بەخت یاوەریان بوو لەو دۆزەخە نەمرن بەڵام کەگەڕانەوە بەجۆرێکی تر لە چاوەڕوانی ئازیزانیانجگەرگۆشەکانیان کۆچیان کرد و مردن.




محەمەد زۆراب حەمە جان

لەگوندی زینانەی ناوچەی داویە
لەساڵی ١٩٢٣لەدایک بووە



نوری ئەحمەد مەنسور



گورجیە غێدان حەمە جان

لەدایکبـــووی ســـاڵی ١٩٢٠-



قومری عومەر ئەحمەد مەنسور

لەســـاڵی ١٩٨٢لەگونـــدی تەپەســـپی



جەمال محەمەد مەنسور

لەســـاڵی لە١٩٨٢لەگونـــدی تەپەســـپی لەدایکبـــووە. هەشـــت مانـــگ لەنـــوگرە ســـەلمان و دووبـــز زینـــدانی کـــراوە. خوشـــک و برایەکـــی لەنـــوگرە ســـەلمان مردوون.لەســـاڵی ١٩٩٢ کۆچی دوایی کردووە.



ئامینە ڕەشید محێدین

لەساڵی ١٩٥٢لەبنەکەی خەپەکوێرلەدایک بووە



کەلسوم عەزیز مەحمود

لەساڵی ١٩٥٠لەگوندی حەسەن مەحە لەدایکبووە



حەمەجان فەرەج قادر

لەگوندی بنەکەلەساڵی ١٩٢٧ لەدایک بووە و چوار کەسی ئەنفالکراوە



عەلی جەبار مەحمود ساڵح

لە ١٩٢٢ لەناحیەی نەوجول لەدایکبووە




حەمەلاو حەمە



بەهیە قادر عەزیز

لەساڵی ١٩١٧لە گوندی کونەکۆتر لەدایکبووە













فەریدە زۆراب حەمەجان

لەساڵی١٩٣٩لە گوندی بەلەگەی گەورە لەدایکبووە. سیانزە کەسی نزیکی ئەنفالکراوە.حەوت مانگ لەنوگرەسەلمان زیندانی کراوە.ساڵی ٢٠٠٨کۆچی دوایی کردووە.




جیهان عەبدولکەریم رۆبیتان

لە ساڵی ١٩٢٧ لەگوندی کاکەبرای ناحیەی تیلەکۆ لە دایکبووە. حەفتاو پێنج کەسی ئەنفالکراوە. حەوت مانگ لە نوگرە سەلمان زیندانی کراوە. لەساڵی٢٠٠٩ کۆچی دوایی کردووە.



نێرگز خورشید سەعید

لەساڵی ١٩٢٢لەگوندی ناوباریک.بنداری گل لەدایکبووە.چوار کەسی ئەنفالکراوە.هەشت مانگ لە نوگرە سەلمان زیندانی کراوە.لەساڵی ٢٠٠٦ لەناحیەی رزگاری کۆچی دوایی کردووە.



سەبریە قادر سەعید


لەساڵی ١٩٣٠لە گوندی تەپەسپی لەدایکبووە .چوار کەسی ئەنفال کراوە. لەساڵی ٢٠٠٥ کۆچی دوایی کردووە.





کەریم فەتاح محەمەد

لە ساڵی ١٩٢٧لەگوندی چەوری لەدایکبووە.حەفدە کەسی ئەنفالکراوە.شەش مانگ لەنوگرە سەلمان زیندانی کراوە.لەساڵی ٢٠١٣ کۆچی دوایی کردووە.



رەشید ئیبراهیم محەمەد

ناسراو بە هاپۆ رەشید.لە ساڵی1917 لەگوندی هەیرەسوور - خورماتوو لەدایک بووە.حەوت مانگ لەنوگرە سەلمان زیندانی کراوە. سێ کەسی ئەنفالکراوە. لەساڵی ١٩٩٧لەشاری خورماتوو کۆچی



محەمەد قادر عەزیز

لەساڵی ١٩٢٧ لەگوندی سماق لەدایکبووە. حەوت مانگ لەنوگرە سەلمان زیندانیکراوە. نزیکەی ١٠٠ کەسی ئەنفالکراوە .لەساڵی ١٩٩٧ کۆچی دوایی کردووە.



عەبدولکەریم موستەفا مەحمود

لەساڵی ١٩٢٩لەگوندی قەڵا ڕێویلە لەدایکبووە.زیاترلە ١٣٥کەسی ئەنفالکراوە.هەشت مانگ لەنوگرە سەلمان زیندانی کراوە. لەساڵی ٢٠١٧ کۆچی دوایی کردووە.



زەینەب کاکە حەمە فەرەج


لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٣گوندی ناوەی سەربە ناحیەی تیلەکۆلەدایکبووە. چوارده کەسی ئەنفالکراوە .ماوەی شەش مانگ لەنوگرە سەلمان زیندانی کراوە.ساڵی ١٩٩٧ کۆچی دوایی کردووە.

تێبینی: منداڵەکە ناوی عەلی شێخ کەریم خوشکەزای کۆچکردووە و لەژیاندایە.



محەمەد حسێن عەبدوللا

لە ساڵی 1934 لەگوندی تیلەکۆی بچوک لەدایک بووە. حەوت مانگ لە نوگرەسەلمان زیندانیکراوە .چوار منداڵی ئەنفالکراوە. لەساڵی 1994 لە ناحیەی ڕزگاری کۆچی دوایکردووە.



سەعیدمحەمەد قازی یوسف

لەســـــالّی ١٩٣٢ لەگونـــــدی بەلەگەی گەورە لەدایـــــک بـــــووە. پێـــــنج کەســـــی ئەنفـالکراوە.نزیکەی حەوت مانـگ لەنـوگرە سـەلمان زینـدانی کراوە.سـالّی ٢٠٠٠ کـۆچی



فەتاح عەبدولقادر فەتاح

لە سالّی ١٩٤٩ لەگوندی تەپەسەوز لەدایکبووە .پێنج کەسی ئەنفالکراوە.لەسالّی ١٩٨٨لە نوگرە سەلمان کۆچی دوایی کردووە.



ئیبراهیم عەبدولقادر فەتاح

لە سالّی ١٩٥٦ لە گوندی تەپەسەوز لەدایک بووە .شەش کەسی ئەنفالکراوە.لەسالّی ١٩٨٨ لەنوگرە سەلمان کۆچی دوایی کردووە.



مەلیحە ئەحمەد سالّح

لەســـــــالّی ١٩٣٤ لەگوندی کـانی مـاران- ســەرقەلا لەنایکبـــووە. ٦کەســی ئەنفـــالکراوە. ٦ مانـــگ لەنـــوگرە ســەلمان زینـــدانیکراوە. ســالّی ٢٠٠٠ کـــۆچی دوایی کردووە.



محەمەد سەعید ئەحمەد

ســـالّی ١٩٣٤ گونـــدی کـــانی مـــارانی ســـەرقەلا لەنایکبووە. ٢٧ کەسی ئەنفالکراوە. ٦مانـــگ لەنـــوگرە ســەلمان زینـــدانی کراوە.لەســـالّی ٢٠١٤کـــۆچی دوایـــی کردووە.



حەسەن عەبدولقادر فەتاح

لەسالّی ١٩٥٤ لەگوندی تەپەسەوز لەنایک بووە .شەش کەسی ئەنفالکراوە. لەسالّی ١٩٨٨نوگرە سەلمان کۆچی دوایی کردووە.



فاتیمە مەجید حەمید

لە ســالّی ١٩٣١لەگونـــدی تەپەســەوز لەنایکبـووە. ٢٧ کەســـی ئەنفـــالکراوە. ٦ مانـــگ لەنـــوگرە ســەلمان زینـــدانی کـــراوە. ســالّی ٢٠١١کـــۆچی دوایـــی کردووە.



محەمەد ئیسماعیل عەباس

ســالّی ١٩١٧ گونـــدی وارانـــی لەنایکبـــووە. ٣٦ کەسی ئەنفالکراوە. ٧ مانگ لەنوگرە سەلمان زیندانی کراوە. لەسالّی ١٩٨٩ کۆچی دوایی کردووە.



عەبدولقادر سالّح شەریف

لەســـالّی ١٩١٧لەگونـــدی تەپەســـەوز لەنایکبـــووە. ٢٧ کەســـی ئەنفالکراوە.شـــەش مانـــگ لەنـــوگرە ســـەلمان زینـــدانی کـــراوە. سالّی ٢٠٠٤ کۆچی دوایی کردووە.

سەباحی نەجمەدین تاقانەی ئەنفال :

بەهۆی خراپی ئەم دەسەڵاتە بەرامبەر بەئەنفال سانّ دوای سانّ باری دەروونیمان خراپتر دەبێت

..

راپۆرتی : سمکۆ سابیر



کاریگەرییی تاوانی ئەنفال لەسەر لایەنە دەروونییەکانی کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی و بەتایبەتی لەسەر کەس وکاری قوربانیانی ئەنفال، گرێیەکی گەورە و ئازارێکی پەنگخواردووی شاراوە و زۆر جاریش هەستپێکراوە.چونکە کاریگەرییەکانی سانّ دوای سانّ بەهۆی دەیان هۆکار لەناخی بەشێک لە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیەدا زیاتر دەبێت و بەجۆرێکی تر رەنگدەداتەوە.

ژیانی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال هەر تەنیا چاوەڕوانی ئێسک وپروسکی ئازیزانیان نییە بەڵکو بەهۆی دەیان هۆکاری تر باری دەروونیان نائارام بووە و بەشێکیان وایان لێهاتووە پێیان وایە؛ هەموو ئەو قوربانیدانەی بەهۆی تاوانی ئەنفالەوە دووچاری هاتوون، بەفیڕۆ چووە و ڕێز لێنەگیراوە.بەشێک لەکەسوکاری قوربانیان هەمیشە پێیانوابووە سیستمی سیاسی و دەسەڵاتی کوردی هێندەی کاری لەسەر خراپکردنی دەروونی کەسوکاری قوربانیان کردووە، بەهۆی ئەو خراپەکارییانەی بەناوی حوکمڕانی لەکوردستان پەیڕەو دەکرێت هێندە کار لەسەر ئاسایی کردنەوەی باری دەروونیان نەکراوە.

ئەمەش وایکردووە هەمیشە نائارام و بێزار بن لەهەموو شتێک .نامۆ بن بەژیانێکی ئاسایی و پڕ لە شکۆی ناو کۆمەڵگە.

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لەسی وچوار ساڵ بەسەر توانی ئەنفال هێشتا سیستمی سیاسی نەیتوانیوە ئەوەی پێویستە بۆ کەسوکاری قوربانیان ئەنجامیبدات چجای لەبەرچاوگرتنی باری دەروونیان و هەوڵبدات لەڕێگەی پڕۆژەیەکی زانستی ئەم لایەنە لەبەرچاوبگرێت وهەوڵبدات ژیانیان ئاسایی بکاتەوە و کارئاسانی بۆ فۆڕمی ژیانێکی تەندروست و پڕ لەهیوابکات.قوربانیانی ئەنفال نایشارنەوە کەهەمیشە هەستدەکەن لەنێو غەدرێکی گەورەدا دەژین و چاوەڕوانی ئەوان بۆ گەڕانەوەی ئێسک و پروسکی ئازیزانیان بچوکترین کاربوو کەدەبوو ئەم دەسەڵاتە ئەنجامیبدایە بەڵام هەموویان بێهیوا کران لەوەی پێناچێت ئەم سیستەمە سیاسییە بتوانێت ئەو خەونە بۆ کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال بێنێتە دی.

تاقانەکانی ئەنفال مرۆڤگەلێکی تەواو شەکەت وماندوو بەدەست تاوانێک کەسی ودوو ساڵ دەرهەقیان کراوە و هەموو ئازیزانیان لەسەردەستی رژێمی بەعس لەناوچوون لەئێستادا ئەوەی بەقەد

لەدەستدانی ئازیزان پڕژان و ئازارەبێباکی و ئەو ستەمەیە کەلەسەر دەستی ئەو دەسەڵاتەی کەلەسەر خۆیَنی ئەوان بنیاتنراوە و پێی گرتووە.بەڵام کەسوکاری قوربانیان لەخراپترین بارودۆخی ئابووریی وکۆمەڵایەتی و لەهەمووشی ترسناکتر،خراپی بارودۆخی دەروونیە کە بەئاسانی هەستی پێدەکرێ کەکەسوکاری قوربانیانی ئەنفال لەچ دۆزێکی دەروونی مەترسیداردان ژیان دەکەن.

سەباحی نەجمەدین کەبەسەباحی تاقانە ناسراوە و خەڵکی گوندی کونەکۆتری گەرمیانە زۆر راشکاوانە باس لەگرفت و ئاریشە دەروونییەکانی خۆی دەکات و دەڵێت: سااڵ دوای سااڵ بارودۆخی دەروونیم خراپتر دەبێت و لەکۆنترۆڵی خۆم دەردەچێت . ئەم تاقانەیەی ئەنفال کەلەکاتی شاڵاوەکانی ئەنفالی گەرمیان تەمەنی تەنها 13 سااڵ بووە و حەوت کەس لەئەندامانی خانەوادەکەی کەبریتین لەدایک و باوک و خوشک و براکانی ئەنفالکراون و تەنیا خۆی لەژیاندایە.سەباح یەکێک لەخەمەکانی مانەوەی جاش و موستەشارەکانە کەتەئێستا ئەم دەسەڵاتە هیچ هەنگاوێکی نەناوە بۆ دادگاییکردنیان بۆ ئەوەی کەمێک لەو بارە دەروونیە خراپ و سەختە رزگارمان بێت .

لە پرسیارێکدا سەبارەت بەوەی ئایا هۆکاری چیە بەشێک لەکەسوکاری قوربانیانی ئەنفال لەڕووی دەروونیەوە بارودۆخیان زۆر خراپ و نالەبارە و وەک خۆشیان دەڵێن تائێستا بەرەو خراپتریش دەچن؟ سەباح دەڵێت" (سەرەتا ئەوپەڕی ڕێزم بۆ ئێوە بەهیوام هەمیشە لەش ساغ بن ئێوە جێگەی شانازی ئێمەن یاخوا هەر بمێنن بۆ ئەم میلەتە داماوە و قوڕ بەسەر و دوژمنی خۆی بەداخەوەم من راشکاوانە دەیڵێم وگەیشتوومەتە قەناعەت کە کەس دوژمنی کورد نیە خۆی نەبێت .بەڕپرسان هەتا ئێستا لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێزم درۆیان لەگەڵ خۆیان و میللەتەکەی خۆیان کردووە. چونکە نابێت ئێمە درۆ لەگەڵ گەنج و منالەکانمان بکەین شورەییە درۆ بکەیت بەرامبەر بەگەنج و منالەکانمان ئەبێ وەک خۆی مێژوویان تێبگەیەنین .من دەتوانم پاساو بۆ باوکی خۆم بهێنمەوە کاتی خۆی زۆر داماوو هەژار و دڵسۆز بوو کاتێک بەرەو گوندی ملەسوورە دەڕۆن بۆ ئەوەی خۆیان رادەستی دوژمن بکەنەوە لە نێوان ملەسورە و قەڵاقۆچاڵی پێیانوتبوو؛ نەجمەدین جامانەکەت داگرە باحکومەت ئازارت نەدات ئەویش وتبووی: تا بەزلەی بەعس جامانەکەم لە سەرم نەکەوێتە خوارەوە من داینااگرم . میمکم گێڕایەوە وتی :هەرجاشەکانیش پێیانوتبوو باڕزگارت بکەین، ئەویش بەتۆڕەییەوە وتبووی: من لەچڵکاو خۆری وەک ئێوە ناپارێمەوە، چۆن چڵکاوی ژێر دەستی ئێوە دەخۆم هەرچیم بەسەر بێت شانازی پێوەدەکەم .چەند ڕۆژێک لەمەو بەر لەپرسیەیەکدا بووین کەسێک بەناوی تایەر برای موستەفا کە ئامۆزای شەهید قاسمە ماوەیەکە لە هەولێر گەڕاوەتەوە و هات بۆلام و وتی:ئەزانی ئەو کاتەی باوکت لە نێوان گوندی قەڵاقۆچاڵی و گوندی ملەسورە بووە چی وتبێت باشە ؟ منیش وتم نازانم خۆ من جارێکی تر باوکم نەبینیووە بۆ ئەوەی بزانم چی وتووە ! وتی باوکت تەواو رەنگی تێکچوو وتی: ئەزانی تایەر نەمانزانی ئەمانە لە ژێرەوە هەمووی جاش و خۆفرۆش دەرچوون! ئەی سەیر بکە ئەو داماوە ئەو کاتە زانیویەتی دونیا چۆنە و چۆن نییە ! . جائێمە بابێیبە سەر باسەکەی خۆمان بەڕاستی من ئێستا وەکو شێتم لێهاتووە .شەوی رابردوو لەبۆنەیەکی کۆمەڵایەتی و مارەبڕینێک بووم هەردوو لا خزمی خۆم بوون مەلاکە هەندێک قسەی کرد من بەقسەکانی زۆر شڵەژام و تێکچووم و قسەیەکی زۆرم کردو وەکو شێت قسەم دەکرد .من بەرگەی هەموو شتێک ناگرم لەوانەیە دواتر خەڵکیش گلەییم لێبکەن.هەرچەندە مااڵی ئەو خەڵکە ئاوەدان بێت نەمبیستووە بە شێوەیەک لە شێوەکان راستەوخۆ گلەیی بکەن چونکە من رەخنەو قسەکانم بۆ حزبێکی دیاریکراو و سیاسی نییە، بەڵکو لە دڵسۆزیی خۆمە بۆ ئەم خەڵک و نیشتمانە.گرفتەکە لەوەدایە؛ زۆربەی

سەرکردەکانی کورد بەرامبەر بەگەلەکەیان ناپاک دەرچوون و تۆش پێت کارێزماو گرنگ بن . ئەمە کێشەکەی ئێمەیە ئەی بۆ راستەوخۆ پێیان ناڵێن ناپاکیان لەمیللەت کردووە، بۆ شورەیی وعەیبەیا شەرمەزار و تەریق دەبینەوە ؟!با ئەمسأڵ لە یادی ئەنفال راشکاوانە بڵێین؛ هەرچی سەرکردەی کورد هەیە ناپاکە بەپێی ئەم بەڵگانە بۆنمووونە" قاسم ئاغای کۆیە کۆنە موستەشار کە لە ئەنفال دەستی هەبووە دەڵێت: هەرچی سەرکردەی کورد هەیە بابێنە بەرامبەر من ئەگەر من جاش بم با جاشێتییەکەی هەموومان وەک خۆی دەرکەوێت .!قاسم غا لەسایەی ئەم دەسەڵات و سەرکردانە سەدانی وەکو من پاسەوانی دەکات . دەزانم ئێوە ماندوو و هیلاک و خۆنەویستن لەئیشکردنتان لەبۆسیەی ئەنفال نامەوێ دڵتان هیچ بکات ئەزانم ئێمە هەرچی بین ئێوە گوێمان لێدەگرن ئەگەر ئێمە خەڵکێکمان هەبێت کەمایەی سەبووریمان بێت ئەوە ئێوە بەشێکن لەو خەڵکانە، بەڵام برا گەورەکەم ئێستا تۆ چۆن دەیسەلمێنیت ئەم گۆڕستانەی دێنە گۆڕو ڕوفاتی ئەنفالکراوانە، ئێمە ساڵانە دەڕۆین بۆ بەشداری لەیادی ئەنفال کێ نااڵێت ئەم گۆڕانە هی سەربازی ئێرانی نییە من دەڵێم ئەنفال نییە سەربازی ئێرانین یاخەڵکی ترن چۆن ئەمەمان بۆ یەکلایی دەکرێتەوە ؟.بیسەلمێنە ئەنفال چۆن کراوە و بیسەلمێنە نابێت بڵێیت ئەمە کۆمەڵێک کەل وپەلە و هی ئەنفالکراوانە. کارکردن بەمشێوەیە ناکرێ وگونجاو و رێگە پێدراو نییە.هەموو شت بەبەڵگە و دۆکیۆمێنت دەبێت نەک بەعاتیفە و هەست و سۆز . دونیا پێشکەوتووە تۆ بۆ نارۆیت هەموو کارەکانت بە(DNA) ی بکەیت بۆ نایکەیت کێشەتان چییە ؟بەدیار چییەوە دانیشتوویت ؟.ناسنامەیەکیان بۆ کردوین بەناوی ئەنفالەوە لەسەری نوسراوە تەنها بۆ موچەیە لەکاتێکدا ئەگەر لەسەر ئەم پارچە کاغەزە بەڕێزەوە بنوسیت هەڵگری ئەم ناسنامەیە کەسی لەژیاندا نەماوە و هەمووی ئەنفالکراوە، ئایا کفر و تاوانە ؟کەیەکێک یەک کەسی لەدەستدابێت و منیش دەکەسم لەدەستدابێت وەک یەک ئەژماربکرێین .ئەگەر کەسوکاری ئەنفال بەدبەخت و لەمە تێنەگەن ئێوەی خوێندەواربۆ ئەمە قبوڵدەکەن ؟.منیش دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی ئێوە .بەداخەوە بۆ کەسوکاری ئەنفال بەڵام ئێوە ناهەقتان نییە کەخەفەت بۆ ئێمە دەخۆن چونکە کەسوکاری ئەنفال بێوەفاترین خەڵکن بەرامبەر بە دۆسیەی ئەنفال دەزانیت بۆچی ؟ چونکە ئێوە مانان زۆر شتتان بۆ ئێمە و ئەنفال کردوە لەگەڵ ئەوەشدا تاقە حاکمێک کە لەم بوارەدا هەوڵیدا ئەم بەستەڵەکە بشکێنێت و کارێکی گەورە بکات لەخزمەتی ئەنفال حاکم هاوژین بوو کوا ئێمە چیمان کرد بۆ حاکم هاوژین ؟.خەڵکیش ناهەقی نییە هیچ بۆ ئەنفال ناکات بەداخەوە هەر لەکەسوکاری ئەنفال خەڵک هەیە دەڵێت: حاکم هاوژین بۆ ئەوە وایکردووە بۆ ئەوەی ناوو ناوبانگ دەربکات !.چ داماوییەکە !ئەگەر ئێوە شەو و ڕۆژ کاربکەن بۆ دۆزینەوەی بەڵگەیەک بۆ ئەوەی لەشوێنێک یا کتێبێک بڵاوی بکەنەوە دەکرێ بڵێم" ئێوە دەستتان بەتاڵە نەک دڵسۆزی ئەنفالن !. یابلێم کاتیان هەیە و بۆکات بەسەربردن ئەم کارە دەکەن .!ئەمە بۆ ئێمە شورەییە بیرکردنەوەمان وابێت . کەسوکاری ئەنفال دوای ئەو هەموو ساڵە ئێستا حزب و سەرکردەکان دەکات بەکاریزما و دەیانپەرستێت وبەرگرییان لێدەکات . مافی خۆتە کام حزب و سەرکردەت خۆشدەوێت و بەرگرییان لێدەکەیت بەڵام هەقی و ناهەقییەکانی وەک خۆی باسبکە. لە دڵەوە ئاواتە خوازبووم هەرچی سەرکردەی کوردە سەربەرز و پاک و دڵسۆز بوایە بەڵام ئەو پێچەوانەیە من چی بکەم چۆن بیکەم بە باش و بیکەم بەکاریزمای خۆم و هەڵەکانی بشارمەوە؟!.دەبێت هەموو کەس وەکو خۆی باسی بکەیت .بۆیە من بڕوام بەهیچ یادێکی ئەنفال نەماوە چونکە ئێمە لەگەڵ خۆمان و میژوومان درۆ دەکەین. راستمان تێدا نەماوە .من بەتەنیا ئەم لیستەی تاقانەم دروستکرد و کەچی سی ساڵە دەستی دەستیمان پێدەکەن و دیسان ئەم ماوەیە باسە سەری

هەڵداوەتەوە و شتی زۆر سەیرو نامەنتقی تێکەوتووە .دەیانەوێت هەموو شتێک ناشیرین بکەن و بیشێوێنن .نامانەوێت تۆ موستەشار لەسێدارە بدەیت بەڵام تۆ مەیکە بەپلە دارو موچەو ئیمتیازی پێبدەیت و دیوەخانی بۆ بەڕێوە مەبە، ئەوەی قوربانیداوە لە یاد دەکرێ و ئەوەی خۆفرۆش بووە کراوە بەپاڵەوان و پلەدار.ئەمە کەی وڵاتە؟ وڵات چۆن بەمشێوەیە بەڕێوە دەچێت . ئەوان پشتگیرییان لێکراو کۆمەڵە خەڵکێک بەرگرییەکی سەرسەختیان لێکردن و کردیانن بەپەڵەوان بەسەر خەڵکەوە .من دڵم بۆ ئەم وڵاتە ژان دەکات کەچی بووین بەناپاک و ئەویش بووە بەپاڵەوان و نیشتمان پەروەر .!

لە پرسیارێکی تردا سەبارەت بەوەی کە دوای تێپەڕینی سی وسێ ساڵ بەسەر ئەنفال هەستدەکەیت ماوەی چەند ساڵە بەرگەی زۆرشتت نەماوە و زۆر زوو تورە دەبیت ؟

بەڕاستی نایشارمەوە ساڵ دوای ساڵ خراپتر دەبم ئەوە راستی سروشتی منە دەزانی بۆ ؟لەبەر ئەوەی ئێمە وەکو حکومەتەکەمان مالوێران و دووئیدارەیی و ناسروشتیە بوەتە دوو کۆمپانیای دزیی و جەردەیی خەڵکەکەش کەخاوەن شەهیدە لەو خراپترە. بۆنمونە " ئێستا من لەڕێکخراوێکی بواری ئەنفال و داکۆکی لەدۆسیەکە کاردەکەم نایشارمەوە رێکخراوەکەی من لەهەمووی خراپتر و بێسەرو بەرترە. منیش بەشێکم لەو خراپەکارییەی کە لە رێکخراوەکەدا هەیە. ناتوانین بڵێین ژمارەی ئەنفال سەدو هەشتاو دوو هەزار نییە کەمترە ئێمە حەوت هەزار واریسی ئەنفالمان هەیە ئەویش گومان هەڵدەگرێت ئێستا وادەزانن سەدان هەزار کەس واریسی ئەنفالە بەڵام وانییە . هەر بۆ زانیاریتان لەماوەی پێشوودا رۆیشتین بۆ وەزارەتی شەهید و ئەنفالکراوان جەنابی وەزیر وتی: ئابڕومان چووە ژمارەی ئەنفال لەبیست ویەک هەزار ناچێتە سەرەوە.من ئەمساڵ دەموت ئەنفال چل و دوو هەزار کەسە دەیانوت تۆ ژمارەیەکی کەمت وتووە.

لەڕاستیدا من بۆ خزمەتکردنی دۆسیەکە من حەزدەکەم هەموو ژمارەکان راست بڵێم بەڵام هەموو ژمارەی قوربانیانی ئەنفال ناگاتە بیست وپێنج هەزار . بۆیە ئەگەر چەند خێزان و خانەوادە لەناوچوبێت ژمارەکەی هەرچەندە بێت گرنگ ئەوەیە وەکو خۆی باسبکرێت . بەڕای تۆ قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە چەند شەهیدی هەیە ؟ گوایە ئەم ماوەیە باسیان کردووە کەدوای ئەنجامدانی سەرژمێری شەهیدەکان دەرکەوتووە کەژمارەیان سێ سەدو پەنجا شەهیدە .بۆیە سێسەد وپەنجا لەکوێ و پێنج هەزار لەکوێ ؟!بێگومان ئەگەر سێ سەد وپەنجاش بێت ئەم ژمارەیە هێشتا زۆرە و دۆسیەکە زۆر گەورەیە بەڵام بافێربین شتەکان و ژمارەکان وەکو خۆی تۆماربکەین . سەددامی دیکتاتۆر لەسەر سەدو چل وحەوت کەسی دوجەیل لەسێدارە درا، بەڵام بۆچی ژمارەی قوربانیانی دۆسیەکانی جینۆساید لەکوردستان وەکو خۆی بلاو ناکرێتەوە ؟!بۆچی ئێمە بەناوی شەهیدو قوربانیان درۆ دەکەین ! باشە من لەم حکومەتە دەپرسم ئایا ئەم ژمارەیەی قوربانیان و شەهیدان زۆرە کەتۆ قەرەبووی بکەیتەوە و هەموو پێداویستییەکی ژیانی بۆ دابین بکەیت ؟!ئایا ئەم کارە بۆ حکومەت زۆر قورسە کە نەتوانێت ژیانی ئەو ژمارەیە کەمەی کەسوکاری قوربانیانی هەڵەبجەو ئەنفال باش بکات و نەهێڵێت بەسەختی بژین وبەوشێوەیە نائارام و بێزار نەبن .!ئەم ژمارەیە بۆ حکومەت زۆر نییە بۆ ئەوەی شایستە دارایی و مافەکانی کەسوکاری قوربانیان دابین بکات و لەکاتی خۆیدا موچەیان پێبدات و ژیانێکی پڕلەشکۆیان بۆ دابین بکات ! ئەم حکومەتە هەم لەڕووی مەعنەوی و هەم لەڕووی مادییەوە غەدرێکی گەورە لەکەسوکاری قوربانیانی ئەنفال کردووە . من نایشارمەوە فەرامۆش کردنی لایەنی مەعنەوی زۆر سەخت و دژوارە لەلام ئەمە کارەساتە بۆیە ناخمان پڕبووە لەبێزاریی و نائارامی و تێکچوونی باری دەروونیمان . چۆن دەبێت ئەنفال ئەو دۆسیەیە

گەورەیە هەروا بەئاسانی لەناو بچێت و بەسەرماندا تێبپەڕێت ! من لەکاری ئێوە مانان کەمناکەمەوە دەزانم چەند دڵسۆزانە کارتان کردووە و کاردەکەن بەڵام کەسوکاری ئەنفالکراوان زۆر بێباکە و کەمتەرخەمن لەئاست دۆسیەکەی خۆیان . خەریکە دەگەمە قەناعەتێک راستە ئەم دۆسیەیە، دۆسیەیەکی نەتەوەیی گرنگە کەکورد ئەو قوربانیە گەورەیەی داوە بەڵام کورد شایانی ئەو قوربانیە نییە چونکە چۆن کەسێک ، رۆشنبیر و پیاوی ماقوڵ بیرناکاتەوە وبڵێیت " ئەرێ کاکە ئەوە تاکەی بیرناکەنەوە هەرهیچ نەبێت شتەکان وەکو خۆی باسبکەن و چەواشەکاری بوەستێنن وساختەی تێدا مەکەن .!من لێرەدا بەتایبەتی رووی دەمم دەکەمە یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەو خاوەنی زۆرترین ئەنفاڵە و حەوت قۆناغ لەژێر دەسەڵاتی ئەودا ئەنجامدراوە، بەداخەوە ئەوانەی کەسەکانی منیان ئەنفالکردووە لەمن زۆر زیاتر رێزیان هەیە و پیاوی مەجلیس و دیوەخان و ناو دەسەڵاتی ئەم حکومەت وحزبانەن لەکوردستان ..

دوای گۆێگرتن لە رەخنەو گرێیە دەروونییەکانی سەباحی تاقانە هەوڵدەدەین لەڕووی شیکاریی دەروونییەوە بارودۆخی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال هەڵبسەنگێنین.

لەو بارەیەوە کارزان فوئاد تۆڕەری کۆمەڵایەتی کە پێشتریش قسەی جددی لەسەر بارودۆخی کەسوکاری قوربانیان هەبووە دەڵێت:(سەرەتا ئەگەر باس لە سایکۆلۆژیای تاکی کورد بکەین بە گشتی،دەبینین پڕن لە گرێ و گۆڵی دەرونی و تێکشکانی دەرونی هەمیشە سیستەمێکی چەوساندنەوەی لە گەورە بۆ بچوکی پڕ تۆندو تیژ بووە،هەروەک شێرزاد حەسەن دەڵێت:ئێمە هەمیشە لە مااڵەوە کۆمەڵێک بووین باوکم لە دایکمی دەدا و دایکم لە برا گەورەکەم و برا گەورەکەم لە من و من لە بچوکەکەی گشتمان بچوکەکەی گشتمانیش پیاڵەیەکی دەشکاند.بۆچی ئەمە؟ چونکە هەر لە منداڵییەوە پڕ دەکراین لە ڕوحێتی تۆڵە سەندنەوە،ئەها کە منداڵ بوین پێمان بەر هەرشتێک دەکەوت و دەستمان دەکرد بە گریان،هەتا دایک و باوکمان یان هەرکەسێک گەورەی ماڵ بوو،هەتا بە شەق و زلە لەو شتەی نەدایە کە هۆکاری گریانی ئێمە بوو ژیر نەدەبوینەوە! هەر ئەمەشە بووە هۆی ئەوەی کە گەورە بووین سەدان شەو خەو لە چاومان زڕا،گریان،تۆپە بوین،دەنگمان بەرز کردەوە...هتد.. لەبەر ئەوەی ئەو شتەی ئازاریان داین،کەسێک نەبوو بە تامی منداڵی بەر شەق و زلەی بدات.تا منداڵی ناخمان ژیر ببێتەوە و ئۆقرە بگرێت.نەهێڵێت



بگرین و هاوار بکەین و دەنگ بەرز بکەینەوە..ئاخر لە کلتوری ڕۆژهەڵاتی و کوردیش وەک بەشێک لەو کلتورەنێر بوون و پیاو بوون و شەهامەت و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە کەسێک شەقێکی تێ هەڵدای تۆ دوو شەق تێ هەڵدەی،کەسێکت کوژرا تۆ دووان بکوژی....هتد.. بۆیە کە نەتتوانی یان دەرفەتی ئەوەت بۆ نەڕەخسا بەهۆکاری بێ دەسەڵاتی یان هەر هۆکارێکی ترتۆ دێی توشی بەریەک کەوتن دەبیت لەگەڵ دەروونی خۆت،ئەم بەریەک کەوتنەش توشی نەخۆشی و گرێ

و گـۆڵی دەرونیـت دەکات‌دواجـار دەبیـتە کەسـێکی نامۆ لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانتدا لە کۆمەڵگادا...

ئەگەر وەک نمـونەیەک کەسـوکاری قوربانیـانی ئەنفـال وەربگـرین و بپرسـین بـۆ نامۆن؟یـان گرفتـی دەرونـی و کۆمەڵایەتیـان هەیە؟بـۆ تورەن؟بـۆ ژیـر نـابنەوە؟بۆ ئـاوات بە مـردن دەخوازن؟بـۆ هەمیشـە لە چاوەڕوانیدان؟چاوەڕوانی چین و چی بوون؟

چـونکە ئەوەی گریاندونی‌کەسـێک بەر شـەق و زلەی نەدا تا ژیـر ببنەوە ! منـدالّی ناخیـان کە مەبەست لێی دەروونیانە هێشـتا ژیـر نەبـوەتەوە ..نەک ئەوە نەکـرا‌ئەوەی کە بڕیـاری گریانـدنی ئەمـانی دا بەڵکـو ئەوانەی کە هۆکـاری گریانـدنی ئەمـانی دا (جاشـەکان) ئێسـتاش هەر ئەوان بڕیـاردەری خۆشـبەختی یـان بەختەوەری ئەمانن.

لەلایەکـی تـرەوە بەداخەوە کۆمەڵگـا بەقەدەر گەورەیـی کارەسـات و شـۆکە دەروونییەکە‌لێیـان تێناگـات دەیەوێ بە هەنـدێ شـتی بچـوکی مـاددی ویسـتراو‌دەرونی ڕوخاویـان بنیـات بنێـنەوە‌کە ئازارەکانیـان زیـاتربوو‌هیچ تـوێژینەوەیەکی زانسـتی نەکـرا کە ببێـتە هۆکارێـک بـۆ بنیـات نـانەوەی دەروونـی و دووبـارە گەڕانـدنەوەیان بـۆ نـاو کۆمەڵگـا هـیچ سـەنتەرێکی چارەسـەری دەرونـی تـایبەت بەم کەیسە نەهـاتە بـوون بـۆ ژیـر کردنەوەیـان بـۆ مەرامـی حیزبـی و دەسـکەوتی مـاددی بەکـارهێنران.

بەکـوردییەکەی دەمەوێ بڵـێم "لە هەمـووی کارەسـات بارتر‌گورگ بەختەوەریی مەڕی پێ سپێردرا.

سـەبارەت بەوەی لەڕووی دەرونیـیەوە چـی بکرێـت بـۆ کەسوکاری قوربانیان ؟

ئەم توێژەرە ئـامـاژە بەوە دەکـات کە تـاکی کوردی بە گشـتی و کەسـوکاری ئەنفال بە تایبەت‌دابماڵرێت لە لە ڕوحێتی تۆڵە سـەنـدنەوە و دەمـارگیریی‌لە پێنـاو بنیاتنانەوەی دەروونی و دروسـتکردنەوەی کەسـایەتی.

بەمشێوەیە :

یەکەم : دادگـایی کردنی ئەنجامـدەران و ئەوانەی هۆکـار بوون لەم تاوانەدا

دووەم: ڕاهێنانەوەیان بەژیان دۆستی نەک مەرگ دۆستی


سێیەم: ڕێزگرتن لە تاوانەکە‌بەقەدار گەورەیی تاوانەکە !

چوارەم: کردنەوەی دەزگا و سـەنتەری جۆرا و جۆر کە کار لەسـەر دەروون دروسـتی کەسـو کاری قوربانیان بکات .

پێنجەم: واز لە وشەی(پاشماوە)‌بهێنرێت وەک پاشماوەی ئەنفال.چونکە کەسـوکاری قوربانیانی ئەنفال ناکرێ بەپاشماوە بانگ بکرێن.

لەلایەکی ترەوە کەریم مەحمەت هەڵگری بڕوانامەی ماستەر لە ڕێبازەکانی توێژینەوەی دەروننناسی

وماموستای زانکۆ لەوەڵامی پرسیارێک سەبارەت بەوانەی



ڕووبەڕوی ڕوداوە ناخۆشـەکانی جەنگ دەبن توشـی تێکچونێکی دەرونی دەبنـەوە ئەوانەی ڕووبەڕوی ڕوداوە ناخۆشـەکانی جەنگ دەبن توشـی تێکچونێکی دەرونی ، کەریم مەحمەت دەڵێت:سـەرەتا حەز ئەکەم ئەوە ڕوون بکەمەوە کە ئەوانەی بەوجۆرە ئەوانەی ڕووبەڕوی ڕوداوە ناخۆشـەکانی جەنگ دەبن توشـی تێکچونێکی دەرونی سـەخت دەبن پێی دەوترێت" شـڵەژانی تەنگەژەی پاش زەبری دەروونی" کە تێکچونێکی دەرونی زور سـەختە و مل دەکێشێت بۆ چەندین نەخۆشی جەستەیی و دەروونی تر. وەک سەر ئێشە و پشت ئێشە و تێکچونی سیستەمی

هەرس و سیستەمی خوێن و هەروەها نەخۆشیەکانی خەمۆکی و دڵەڕاوکی. گومان لەوەدا نیە کوسوکارە بەڕێزەکانی ئەنفال ڕووبەڕووی چەندین ڕوداوی ناخۆشی جەنگ بوونە کە هەر یەکێکیان دەکرێت کاریگەری خراپی کردبێتە سەر دەرون و جەستەیان و ئەگەر چارەسەر نەکرێت لە گەڵیان دەمێنێت تا مردن و دوور نیە بیگوازنەوە بۆ نەوەکانی دواتریشیان.

سەبارەت بەوەی ئایا دەسەڵاتی کوردی لەو بوارەدا هیچی بۆیان کردووە ؟ من پێموایە نەخێر، بەڵکوو لەم بوارە لە هەموو بوارەکانی تر کەم تەرخەم بووە و هیچی بۆیان نەکردووە.

سەبارەت بە پرسیاری دووەم.قوربانیانی جەنگ لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگەکە بەبەرنامە کاریان لەسەردەکرێت لەرووی دەروونی و ئەو کاریگەرییەی دەکەوێتە سەریان. بێگوومان لە زوربەی وڵاتانی دونیا لە پاش جەنگ کۆمەڵێک سەنتەر و ڕێکخراو دادەمەزرێت بۆ هاوکاری کردنی قوربانیان بۆ گەڕانەوە بۆ ژیانی ئاسایی، و لەم بوارەدە چەندین نمونەی زیندوو هەیە کە لە وڵاتانی وەک ئەمریکا و ئەڵمانیا و فەرنسا و بەریتانیا و هتد. سەبارەت بە پرسیاری سێیەم تاچەند چارەسەرنەکردنی ئەم نەخۆشیە دەچێتە بواری ناعەدالەتی دژ بەکەسوکاری قوربانیان ؟ بێگوومان کەم تەرخەمی دەسەڵاتی کوردی بەرامبەر بەو بابەتە نەک دەچێتە خانەی نا عەدالەتی و کەم تەرخەمی بەڵکوو بەد ڕەوشتێکی گەورەیە کە بەرامبەر خەڵکێک دەکرێت کە قوربانیەکانی ئەوان نەبوایە لەوانەیە ئێستا شتێک نەبوایە بە ناوی دەسەڵاتی کوردی و بەرپرسەکان کە ئێستا لە ناز و نیعمەتی قوربانیدانەکانی ئەوان، ئێستا خۆیان و نەوەکانیان لە ڤیلای های لایف و قەسر و قسوور ژیان بەسەر دەبەن.من لە کۆتاییدا دەڵێم ئەنفال ئیستا تەنها تاوانێکی ڕەش نیە بە ناوچاوانی بەعسەوە. بەڵکوو ئێستا تاوانێکی ڕەشە بە ناوچاوانی ئەم دەسەڵاتە خۆمالییە و هەمومانەوە، چونکە هەمومان لە پاش بەعس بە فەرامۆش کردنیان گەورەترین تاوانمان ئەنجامدا بەرامبەریان.

ڕۆژێک بۆ یادی جینۆسایدی ئێزدیی

پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی ٣ی ئابی وەک ڕۆژی جینۆسایدی کوردانی ئێزدی دیاری کرد.

بەمەبەستی دەنگدان لەسەر دیاریکردنی ڕۆژیک وەک "ڕۆژی کۆمەڵکوژی کوردانی ئێزدی"، ڕۆژی شەممە ٣ی ئابی ٢٠١٩ پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بەست

لە کۆبوونەوەکەدا پرۆژە بڕیارێک بۆ ناساندنی ڕۆژی کۆمەڵکوژی کوردانی ئێزدی خرایە بەردەم ئەندامانی بەشداربوو، بە کۆی دەنگی ٨٧ ئەندامی پەرلەمان کەلەو کۆبوونەوەیەدا ئامادەبوون، بڕیارەکە پەسەند کرا.

ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ چەکدارانی تیرۆرستی داعش هێرشیان کردە سەر قەزای شنگال و گوندەکانی دەوروبەری، لە ئەنجامدا بە دەیان گەنج و پیری ئەو قەزایە کوژران، هەزاران ژن و کچی ئێزدی دەستگیرکران و ڕفێندران و دواتر وەک کەنیزەک مامەڵەیان لەگەڵدا کردن، بە هەزاران کەسی کوردی ئێزدی ئاوارە بوون، دەیان کەسیشیان لەسەر چیای شنگال لەبرسان و لەتینوێتیدا گیانیان لەدەستدا.

ئەگەرچی هەندێک ژن و کچی ئێزدی ئازادکراون بەڵام هێشتا بە سەدان کچ و ژنی ئێزدی لە دەستی داعشدا ماون و چارەنوسیان نادیارە.

ئەو تەوارە گەرمیانیانەی ئەنفال نەیبەزاندن

سمکۆ سابیر



ئەنفال وەک واقیع و تراژیدیایەکی ترسناک، دوای خۆشی وەک رابردوو،تراژیدیا و واقعێکی تاڵی بەرهەمهێناوە و نەیهێشتووە بەجێبهێڵین و لەئاسەوار وشوێنەوارەکەی دووربکەوینەوە.بۆیە دەتوانین بڵێین،هەمیشە ئامادەبوونێکی مەودا درێژو کاریگەرە لەکۆ نەست وشعوری ئێمەدا ماوەتەوە.کەواتە ئەنفال تەنها هەشت قۆناغە یەک لەدوای یەک و رووخاندنی گوندو لادێ و ساووتانی رەزوباغ نییە،تەنها کوشتنی مرۆڤە بێگوناهەکان نییە لەبیابان و ناوچە لماویەکاندا،بەڵکو ئەنفال فامکردنێکە لەگەڵ ژیانی ئێمەدا ،چیرۆکەکانی دەبن بەشێک لەژیانمان ولەئەمرۆ وتەنانەش رابردوومان دا.تاکە شتێک کەلەگەڵماندا دەمێنێتەوە ئەم یادەوەرییانەیە کەتەمەنی درێژدەبێتەوە و بەختیار عەلی گووتەنی:ئەوەی درۆمان لەگەڵدا ناکات یادەوەرییە،ئەم یادەوەرییە سەربارى سەختی جێکردنەوەی لەزهن و یادگەماندا بەڵام ماوەتەوە و تارماییەکانی لەوێژدانە زیندووەکان بوونێکی هەستپێکراوە و دەرفەتی نکۆڵی نەهێشتووەتەوە.بەگشتی ئەنفال گوزارشتکردنی لەتێکست و وشە و رستەدا سەختییەکی ناڵەبار ودەرەقەت نەهاتووە بۆ ئێمە.گومانی تێدانیە کەزۆر جار وامانلێدەکات بەهۆی تێکستەوە ئەنفال بەبچووک و بێمانا ببینین ئەگەر نەتوانین لەگەڵ تێکستدا رێگەی تر هەڵبژێرین بۆ تێگەیشتن و بینینی ئەنفال وەک خۆی . سەرباری ئەم راستییە تاڵ و دژوارەسەرەڕای خراپ کارکردنی سیستمەکانی کە هەبوون لەژیانی ئێمەدا،بەڵام خۆشبەختانە ئەم تاوانە گەورەیە،قارەمانی گەورەشی بەرهەمهێناوە و هەتا ئێستاش بەرهەمدەهێنێت.بەواتایەکی تر؛ ئەنفال دەرەقەتی ئازایەتی مرۆڤی ئێمەنەهات ،دەرەقەتی زمان و کولتوری ئێمە نەهات و نەیتوانی هەمووشتێک بهاڕێت و وەک ئەو ئەجێندایەی دایڕشتبوو،لەناوی بەرێت وکۆتایی پێبهێنێت.قارەمانانی دوای ئەنفال زۆرن و ژمارەیان کەم نین،مرۆڤگەلێکی زۆر دوای ئەنفال قارەمانانە ژیان و ئەنفال نەیبەزاندن و نەیتوانی لەناویان ببات. ژنانی هاوسەر و کەسوکار ئەنفالکراو یەکێکن لەو قارەمانانە کەچەند مانگێکی کەم دوای تاوانەکە ژیانێکی سەختیان بەرێکرد وقۆڵیان لێهەڵماڵی وگەورەکردن و پەروەردەکردنی منداڵەکانیان وەک سەنتەر وەرگرت و لەپاڵ چاوەڕوانی هاوسەر وکەسوکارەکانیاندا بەکرێکاری ونانکردنی ماڵان و کشتوکاڵکردن و جوتیاری وگوڵەچنەیی هەرچۆنێک بوو رۆڵە بێباوک و کەسوکارەکانیان گەورەکردم خۆشبەختانە لەئێستادا دەیان و سەدان بگرە زیاتریش لەو رۆڵە کەسوکار ئەنفالکراوانە خاوەن بڕوانامەی بەرزن لەماستەر ودکتۆرا وبڕوانامەی تر. ئەم تەوارانە شایانی رێزلێنان و دەربڕینی پێزانینن و گرنگە ئەم قارەمانێتییە بەجوانترین شێوە بنوسرێتەوە ودۆکێۆمێنت بکرێت.تارادەیەکی زۆر لاپەڕەی ئەم تەوارە قارەمانە گەرمیانیانە شاراوەیە و کەمترین قسەی لەسەر کراوە، بێگومان لەهەموو قۆناغەکان ئەم دیاردەیە بوونی هەیەو ژنانێک قارەمانانە نەیاهێشتووە منداڵەکانیان بێباوکیان پێوەدیاربێت و بێناز پەروەردەبن. دایکەکان

ئەم نازەیان داوە بەڕۆڵەکانیان و بەو جۆرە تائێرەیان هێناون.

ڕۆژی دووشەممە ٢٠٢٢/٤/١٨ڕێکخراوی هاوکاری ئەڵمانی لەکردنەوەی ماڵی مریەم بۆکۆکردنەوە وپاراستنی کەلوپەلی قوربانیانی ئەنفال لەناحیەی رزگاری بۆ جاری چوارەم ئەم ڕێکخراوە بەسەرپەرشتی خاتووکارین خەڵاتی (ئالتوونی کارین) ی بەسەر پێنج لەو ژنە قارەمانانەی دوای ئەنفال کەلە دوای ئەنفالکردنی هاوسەرو کەسوکارەکانیان سەربەرزانە سەرباری ئەم کۆستە گەورەیە، توانیان منالە بێباوکەکان بەجوانی و سەربەرزانە گەورەبکەن و نەشهێڵن لەخوێندن دابڕێن. وەک ڕوونە لەئێستادا زۆربەیان خاوەنی بروانامەی بەرزن و زۆربەیان لەدامەزراوە وفەرمانگەکانی حکومەت خزمەت دەکەن و بەردەوامن .زۆرێک لەوانە خاوەنی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆران و ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لەناوچەکەو چالاکن .بەشێکی زۆریشیان مامۆستان و لەقۆناغە جیاجیاکانی پەروەردە وانەدەڵێنەوە.خۆزگە دەکرا هەموو زانیاری لەسەر هەموو دایکەکانان لە سەرجەم ناوچە ئەنفالکراوەکاندا کۆبکرایاتەوە. ڕوونتر بڵێین:لەسەرجەم جوگرافیا وقۆناغەکانی ئەنفال.وێڕای دەستخۆشی لەڕێکخراوی ئەڵمانی گرنگە ئەم ڕێزلێنانە بەردەوام بکات و هەوڵبدات زۆرترین ژمارەی ئەم تەوارانە ڕێزیان لێبنێت وقارەمانێتیان دەربخات وئاشکرابکرێن.

ئەمەش کورتەیەکی ئەو تەوارە قارەمانانەیە کەڕێکخراوی ئەڵمانی بەسەرپەرشتی خاتووکارین خەڵاتی ڕێزلێنانی ئالتوونی کردن کەبریتی بوون لەپێنج دایکپێنج تەواری قارەمان لەگەرمیاندا.

یەکەم: فاتیمە عەلی خەسرەوکە لە ئێستادا لە شاری کفری دادەنیشێت، خاوەنی سێ کوڕ وکچە لەکاتی ئەنفال کەئاوایی دوڕاجی ناوچەی داویە بووە لەئێستدا تەمەنی ٦٥ ساڵە وتوانی منالەکانی بەسەربەرزی گەورە و پەروەردە بکات فاتیمە جگە لەهاوسەرەکەی برایەک و دوومنالی هاوکات خوشکێکی بەهاوسەر وبەتەواوی منالەکانی ئەنفالکراون.

دووەم:یەکێکی تر لەو تەوارە گەرمیانیانە ناوی عیسمەت سابیر محەمەدە و لەکاتی شالاوەکانی ئەنفال دانیشتووی گوندی بەکرەگەڕەی ناحیەی سەنگاو بووە لەدوای ئەنفالکردنی هاوسەرەکەی توانیویەتی دوو کوڕ ودووکچ سەربەرزانە پێبگەیەنێت و گەورەیان بکات .دایە عیسمەت لەئێستادا لەناحیەی رزگاری دادەنیشێت ولەیەکێک لەخوێندنگاکان خزمەتی خوێندکاران و مامۆستایان دەکات.

سێیەم:خاتوو سەعدیە ئەحمەد سەلیم لەسالی ١٩٥٣ لەئاوایی بەلەگەی ژوروو لەدایکبووەلەئەنفالدا هاوسەر ودوو برای بەتەواوی ئەندامانی خێزانەکەیەوە ئەنفالکراون و نەگەڕانەوە.هەروەها خوشکەکەی پێنج منداڵی ئەنفالکراون .دایە سەعدیە لەدوای ئەنفال توانیویەتی چوار کوڕ ودووکچ زۆر بەجوانی گەورە بکات.لەئێستادا لەناحیەی رزگاری دادەنیشێت.

چوارەم:فەتحیە ئیبراهیم محەمەد لەسالی ١٩٥٣ لەگوندی عەزیز قادری ناوچەی داویە لەدایکبووە،زۆربەی خێزان و کەسوکارەکەی ئەنفالکراون لەوانە:هاوسەرەکەی،دایکی، برایەکی،لەگەڵ چوار لەبرازاکانی . دایە فەتحیە چوار کوڕو کچێکی سەربەرزانە گەورەکردو بەخاوەنی کردن.

پێنجەم:مەنیج ڕەحیم ئەحمەد لەدایکبووی سالی ١٩٦٣ لەگوندی هەوارە قولەی ناوچەی جاف لەدایکبووە .ئەم ژنە قارەمانە لەدوای ئەنفالکردنی هاوسەرەکەی توانیویەتی کورۆکچێکی بەجوانی پەروەردەو گەورە بکات وهاوکات بیانکات بەخاوەنی ماڵ وحاڵی خۆیان.

ئەوەی گرنگە لێرەدا تائەم مرۆڤە زیندووانە لەژیاندان،دەرفەتی زۆرترین کاری دۆکیۆمێنتەریمان لەبەردەستەو جوانتر دەبن بە مێژوو.قەرزی ئەم دایکە گەرمیانیانە،ئەم تەوارە قارەمانانە ڕێزگرتن و ڕەچاوکردنی ئازارەکانیان بەتایبەتی لەرووی دەرونی وجەستەییەوە.گرنگیشە هەتا لەژیاندان بەچاوی خۆیان ببینن ڕۆڵەکانیان ئاسودەن و قۆناغی ئازاریان تێپەڕاندووە و سەربەرزانە دەژین .

دڵشکاوترین مرۆڤ کۆچی دوایی کرد



ئەنفالستان: ئەمرۆ ٢٠٢٢/٥/٧ عاسی مستەفا ئەحمەد ، مرۆڤە دڵشکاوەکەی ناو تەپ و تۆزی جەنگ وجێنۆساید لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد.

عاسی مستەفا لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٢خەڵکی گوندی زینانەی سەربەناحێی سەنگاو – قەزای چەمچەماڵە، لەدوای هەڵگیرسانی جەنگی عێراق ئێران- وەک سەربازێکی یەدەگ بانگکرایەوە بۆ ڕیزی سوپاو لەکۆتایی مانگی ئازاری ساڵی ١٩٨٢ لەبەرەی جەنگی شوش بەدیلگیراو ماوەی ٩ ساڵ وەک دیلی جەنگ لە ئێران مایەوە، بەڵام دوای گەڕانەوەی بۆ نیشتمان لە ڕۆژی ٢٤ی ئابی ١٩٩٠ بەسەر هەواری خاڵیدا هاتەوە، نەگوندمابوو نە هاوژین و منداڵ، چونکە هەموویان لەلایەن سوپای عێراقەوە گیرابوون و ئەنفالکرابوون.

چیرۆکی ئەم پیاوە لەتەمەنی خۆی درێژترەو لەناو ئەنفالدا لەزۆربەیان تراژیدی تر، بەڵام دەتوانم بڵێم لە هەموویان تایبەت تر .

دوای ئەوەی سەری بەزۆر دەرگای دەوڵەتەوە نا بۆسۆراخی منداڵەکانی، بەئومێدی شادبوونەوە پێیان نامەیەکی سکاڵا ئامێزی لەبارەی چارەنوسی ژن و منداڵە ئەنفالکراوەکانیەوە بۆ سەدامی دکتاتۆر نارد، دوای چاوەڕوانییەکی زۆر تەنها بە دوو دێر وەڵامی لە سعدون عەلوانی سکرتیری دیوانی سەرۆک کۆمار وەرگرتەوە کە تیاید نوسرابوو:

بەرێز عاصی مصطفی احمد "ژن و منداڵەکەت لە پرۆسەکانی ئەنفالدا لەناوچەی باکور ون بوون" بەداخەوە ئەو پیاوە بەهەموو ئازارو چاوەڕوانییەوە ئەمرۆ لە سلێمانی کۆچی دواییکرد.

عاسی هەر سەدام غەدری لێنەکرد، بەڵکو ژیان و کۆمەڵگاو تەنانەت دادگاو نوسەرانیش ستەمیان لێکرد. تەنیا سەبوری ئەم پیاوە بەشداری کردنی بوو لە دادگایی کردنی تاوانبارانی ئەنفال، لەدادگا کاتێک دادوەر لێی پرسی : دەتەوێت بەئاشکرا شایەتی بدەیت یان بەنهێنێ وتی : من خاوەن هەقم بەئاشکرا شایەتی دەدەم . بەڵام ئەفسوس لە کۆنوسی دادگاکەداو لەکتێبەکەی دادوەر محەمەد ئەلعوریبی و کتێبی تریشدا بەهەڵە زانیارییەکانی تۆمارکراون بە جۆرێک ناوی باپیری و ناوی گوندەکەی و ناوی کچێکی و تەنانەت ڕۆژی گرتن و ئازادبوونیشی بەهەڵە یاداشتکراون.

بەهیوام ڕۆژی مردنەکەشی بەهەڵە بۆتۆمارنەکەن

ڕۆحت شادبێت مرۆڤە تەزیوەکەی ناوتەپ وتۆزی جەنگ وجێنۆساید

بەشداری خەم و پرسەی کەسوکاریانین .

بەداخەوە لەماوەی دوورۆژی پرسەکەیدا دەبوو نوسەران وچالاکوانانی ئەنفال وبەتایبەتیش ڕێکخراوەکانی بواری ئەنفال وجێنۆساید بەشداری بەرچاویان هەبوایە.

خۆزگەیەک:

هەرچەندە عاسی کۆچکردو وەسێتی کردووە لەنزیکترین شوێنی ماڵەکەیەوە بینێژن بەڵام سەرباری ئەوەش خۆزگە ئەم پیاوە لەمەزاری ئەنفالکراوان لەمۆنۆمێنتی ئەنفال دەنێژراو گۆڕێکی شایان وتایبەتی بۆ دروست دەکراو ئەو سکاڵانامەی بۆ سەدامی نوسیوەو وەڵامەکەی دیوانی سەرۆکایەتی کۆماریش لەسەر گۆڕەکەی دادەنرا بۆئەوەی هەرکەسێک سەردانی مۆنۆمێنت دەکات بیخوێنێتەوە.

پێشنیاردەکەم مۆنۆمێنتی ئەنفال هەردوک نامەکە چاپبکەن ولەسەردیواری مۆنۆمێنتی ئەنفال هەڵی بواسن.

سکالاّنامەیەک

بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

سەرۆک و سەرکردەی سەروەر، بەڕێز سەدام حوسێن (خوا بیپارێزێ)، سەرکۆمار و سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی بەڕێز:

هەڤاڵی تێکۆشەر، سلاّوت لێدەکەم و وەک هاوڵاتیەکی دلّسۆز خۆمت پێدەناسێنم.

بە ناوی دانپەروەریی بەعسەوە لێت دەپارێمەوە گوێ لە کێشەکەم بگری، چوونکە شەو و ڕۆژ خەوی لێزڕاندووم. لەبەرئەوەی هیچ هیوایەکم نەماوە و لە ئێوە بەولاوە کەسی ترم نیە پەنای بۆ ببەم، وا ئەم کێشەیەم دەخەمە بەردەمتان بە ئومێدی ئەوەی بایەخێکی پێبدەن.

گەورەم:

من، عاسی مستەفا ئەحمەد، کە لە خوارەوە ئیمزام کردووە، لە ٢٤ ی ئابی ١٩٩٠ دا وەک دیلێکی جەنگ گەڕاومەتەوە، سەربازێکی ئیحتیاتم لەساڵی ١٩٥٢دا لە دایک بووم. لە شەڕی قادسیەی سەدامی شکۆداردا لە کەرتی شووش بەشداریم کردو لە 27 ی مارتی ١٩٨٢ دا بە دیل گیرام. تا ئەو ڕۆژەی بڕیاری گۆڕینەوەی دیلەکانی جەنگ دەرچوو، بە دیلێتی مامەوە. پاشان گەڕامەوە بۆ نیشتمان و خاکی نیشتمانی دایکی خۆشەویستم ماچ کرد و، لە بەردەم وێنەی سەرکردەی سەرکەوتوومانداو سەرۆک سەدام حوسێن کڕنۆشم برد. لە دڵی خۆشمدا هەستم بە پەرۆشییەکی بێپایان دەکرد بگەڕێمەوە ناو خێزانەکەم. ئەوان دڵخۆش دەبوون بە بینینم و منیش خۆشحاڵ دەبووم بە دیداریان و هەموومان نوقمی خۆشی و شادییەک دەبووین ئەوسەری نەبێتەوە و لە باسکردن نەیەت.

بە هەرحاڵ، گەڕامەوە ناو ماڵی چۆڵ و هۆڵ، ژنەکەم و منداڵەکانم لەوێ نەبوون. ئای لەم کارەساتە دڵتەزێنە! ئای کە چ زووخاوێک بوو! پێیان وتم تەواوی خێزانەکەم لە عەملیاتی ئەنفالدا کەوتوونەتە دەست هێزەکانی ئەنفال، کە لە ناوچەی باکووردا، بە فەرماندەیی هەڤاڵ علی حسن المجید ئەنجامدرا. من هیچ شتێک دەربارەی چارەنووسیان نازانم و کەسانی خێزانەکەم ئەمانەن:

1 -عەزیمە عەلی ئەحمەد، لەدایکبووی ١٩٥٥، خێزانمە.

2 -چرۆ عاسی مستەفا، لەدایکبووی ١٩٧٩، کچمە.

3 -فەرەیدوون عاسی مستەفا، لەدایکبووی ١٩٨١، کوڕمە.

٤ -ڕووخۆش عاسی مستەفا، لەدایکبووی ١٩٨٢، کوڕمە.

بەم شێوەیە، ئەم سکالاّیەم دەخەمە بەردەستت، ئومێد دەکەم بەزەییەکت پێمدا بێتەوە و چارەنووسیانم پێڕابگەیەنیت. خوا سەرتان بخات و بتانپارێزێت.

سوپاس و ڕێزمان

ئیمـزا

دیلی جارانی جەنگ، سەربازی ئیحتیات

عاسی مستەفا ئەحمەد

بێ ماڵ و بێ دانّدە، پارێزگای سلێمانی/ چەمچەماڵ

گەڕەکی بێکەس/مزگەوتی حاجی برایم

٤ ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٠

ئەوەی مایەی تێڕامانێکی قوڵە وەڵامەکەی دیوانی سەرۆکایەتیە کە بەوو دێر وەڵامێکی بێ هەست و ساردوسڕی ئەم سکالاّ پڕلەهەست وپاڕانەوەیەی ئەم باوکە دەدەنەوە کەلەتاوی جگەرگۆشەکانی لەسەرۆکی دکتاتۆر دەپارێتەوە، لەخوارەوە دەقی وەڵامەکە بەواژۆی سعدون علوان نوسراوە جگەلەوەی نائومێدی دەکەن دەستەواژەکانی (دلّسۆزتان) و(لەگەڵ ڕێزدا) چ درۆیەکی گەورەن !

وەڵامی دیوانی سەرۆکایەتی بۆ عاسی مستەفا

بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

کۆماری عێراق

دیوانی سەرۆکایەتی

ژمارە: ش ع/ب/٤/١٦٥٦٥

ڕۆژ: ٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٠

بەڕێز/ عاسی مستەفا ئەحمەد


پارێزگای سلێمانی/قەزای چەمچەماڵ/گەڕەکی بێکەس/مزگەوتی حاجی برایم

سەبارەت بە سکاڵانامەکەت لە ٤ی تشرینی یەکەمدا, ژنەکەت و منداڵەکانت لە ماوەی عەملیاتی ئەنفالدا, کەوا ساڵی ١٩٨٨ لە ناوچەی باکووردا ئەنجامدرا, بزربوون.

دڵسۆزتان

ئیمزا / سعدون علوان مصلح

سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمار


الجمهورية العراقية
ديوان الرئاسة

العدد / ش.ع / ب / ٤ / ١٦٥٦٥
التاريخ / ٠٠٠ / ربيع الثاني / ١٤١١ هـ
٢٩ / ١٠ / ١٩٩٠م

السيد عاصي مصطفى احمد
محافظة السليمانية / قضاء چەمچەمال
محلة /بێکەس / مسجد حجي ابراهيم

طلبك في ٤ / ١٠ / ١٩٩٠م
أن زوجتك واولادك فقدوا أثناء عمليات الانفال
التي جرت في المنطقة الشمالية عام ١٩٨٨ .
مع التقدير .

سعدون علوان مصلح
رئيس ديوان الرئاسة

سەرچاوە: میدیل ئیست ۆچ – جێنۆساید لەعێراق پەلامارى ئەنفال بۆسەرکورد

خانەی وەرگێران – ٢٠٠٤ ل ١٤-١٥-١٦ -لە ئینگلیزییەوە بۆکوردی محەمەد حەمە صالح توفیق

تاڵ و شیرین
یادەوەرییەک لەگەڵ شەهیدی ئاشق ئاتێلا



ئیبراهیمی مرور

کەلە مەڕگـاوان بوین هەنـدێـک لە بـرادەرانـی گەرمـیـان لەبەردەم مقەڕەکـانی ئێمەدابوون، بەلای ئێمەدا هـاتوچۆیـان دەکرد یەکێکیـان دکتۆر ئـاتێلابوو، کە بەداخەوە ئەویش لە دوای ڕاپەڕین، لەڕێکەوتی ١٩٩١/١٠/٥ دا شەهیدبوو.

ئەو زۆر بەبێدەنگی و لەســـەرخۆ هـاتوچۆی دەکرد تەنهـا ســـلاوێکی دەکردو تێدەپەڕی زۆرجار ڕێگامان پێدەگرت بۆ ئەوی تۆزێ بیـدوێنین، بەڵام ئەو زۆر تـاقەتی قســـەکردنی نەبوو لەبیرمە جـارێکیش لای کـاک فلاحی حمەبۆر کە فەرمادەی تیپەکەمان بوو شکاتی لێکردین کەسەردەخەینە ســـەری، ئێمە شـــۆخیمان لەگەڵ دەکرد و ئەویش حەوسەڵەوتاقەتی سوعبەت و پێکەنینی نەبوو ئاتێلا بەشـی بەیتەرەی -ڤێرتەرنەری تەواوکردبوو، بەڵام لە پێشمەرگایەتیدا کاری پزیشکی دەکرد دەچوین بۆلای بۆئەوەی دەرزی مان بۆ بکات لەوکاتەیشدا هەروا بوو قسەشی هەبوایە لەکورتی دەی بڕییەوە، حەزی بەدرێژدادڕی نەبوو جارێکیان زســـتان بوو ئاو چووبوە ناو ژورەکەیەوە، ئێمەش چوین بەدوایدا خوڵقێنکی زۆرمانکرد کە بێتە مقەڕەکەی ئێمە، بەڵام ئەو ئـامـادەنەبوو ژورەکەی خۆی جێبهێڵێ، چونکە بەو تەنـیـاییە ڕاهاتبوو لەگەڵ یادگاریەکانی خۆیدا دەژیاو حەزی نەدەکرد کەس ئەو ژیـانەی کەپڕ لەبیرەوەری جوان بوو لێتێکبـدات لەگەڵ خۆیدا دەژیا، دەبێت دان بەوەشـــدا بنێم کە ئێمە گەنج بوین لەو دنیا ئاشـــقانەی ئەوتێنەدەگەیشـــتین کەئەو ژورەی وەک خەڵوەتگـا بەکـاردەهێنـا ئێمە ئەوەنـدەمـان دەزانی لەگەرمیـان عـاشـــقی کچێـک بووە بەنـاوی فـاتم و کچەش لەپەلامـارەکەی گەرمیـانـدا ئەنفـالکراوەو لەیەک دابڕاون. بەداخەوە فاتمە ئەنفال دەکرێت و ئاتێلایش لەگەڵ پێشمەرگەدا پاشەکشە دەکات بۆسەرسنورو ئاودیوی ئێران دەبێت.

شەوی سەری ساڵ ١٩٨٩/١٢/٣١ کە بۆبەیانی دەبووە یەکەم ڕۆژی یەکەم مانگی ســـاڵی ١٩٩٠ زۆرمان لێکرد هەتا قایل بوو لەگەڵمان دانیشـــێت، ئەوشـــەوە هەندێک لەگۆرانییەکانی نەجمەی غوڵامی بۆ ووتین، لەگەڵیـدا ســـازیشـــی لێدەدا پرسـیارمان لێ دەکرد لەســەرئەوەی کە چۆن هاوســەرگیری لەگەڵ دڵخوازەکەیدا نەکردووەو بۆچی پێیان نەداوە؟ ئەویش دەیگوت من بەدەســـت هەردوک خێزانەکەوە گیرمخواردبوو لەیەک تێنەدەگەیشـــتن، دەم ووت بەخوشـــکەکانم داوای ئەو کچەم بۆبکەن ئەوان دەیـان وت ئـاتێلا ئەو کچە لادێیە و دواکەوتوە چیبە تۆ دەی هێنی و دەتەوێ بیکەی بەهاوســەرت ؟ کەی ئەوان هاوشـــانی ئێمەن دەیوت منیش خواخوام بو بمدەنێ وڕازیبن خوشـکە کانیشـم وایان دەوت، کەچی ماڵی کچەش دەیانوت ئاتێلا یەکی ســەرســەری کفری و مەشـروب خۆرکەی هاوشانی ئێمەیە کچی بدەینێ ؟ یان بێت بەیەکێک لە خێزانی ئێمە؟ بابە ئێمە شـــێخین چۆن کچ دەدەین بەئەو، لەبەرئەو لەیەک تێنەگەیشـــتنەی هەردوخێزان ئێمە بوینە ســـوتەمەنی و قوربانی دەســـتی هەردوو خێزانی لەیەک تێنەگەیشـــتوو، باجە قورســـەکەش ئێمەدامان، ئەوشـــەوە دوا گۆرانی کەبۆی وتین (شـــلێرە شـلێرە) ی نجمەی غوڵامی بوو لەکۆتایدا، کە گۆرانیەکەی تەواوکرد بەگۆرانییەوە لەگەڵ شـــلێرە وەی شـــلێرە وتی ســـلاح بێنە کولێرەدەی کولێرە ڕایکردوو گرتمـان وتی کـاکە ئێوە کوردن تورکمـانی نـازانن من تورکمانم کوردی نازانم لەبەرئەوە پاک مان لەپاک و بەجێبهێشتین ڕۆیشت.



ئیســـتادوای ئەزمونێک لە ژیان تێدەگەین لەو دنیایی ئاشـــقانەی شـــەهید ئاتێلا کەچەند مەزن و پاک بوو، ئاشـقبوونی ئەوانیش هیچی کەم ترنەبووە لەلیل و مەجنون و مەم و زین و خەج و سیامەند و وەلی دێوانەو شەم شیرین و فەرهاد، لەکۆتایدا دەڵێم ئاخۆ ئەو ئەنفالە چەندەها ئاشـــقی تری بەیەک نەگەیشـــتوی لەوجۆرەی زیندە بەچاڵ کردووە خەون و ئـاواتەکـانیـان لەگەڵ خۆیـان بردوەتە گۆڕ بێئەوەی کەس باســـیان بکات، یان یادیان بکەنەوە بەداخەوە کە ئێمە تەنها ناوی ئاتێلاو فاتێلامان بیســـتوە ڕۆحیان شـــادوئارام بێت.

وێنەی یەکەم : نوسەر ئیبراهیمی مرور
وێنەی دووەم : ریشدارەکە شەهید ئاتێلا



بینین وەکو بیستن نیە!

د.ئیبراهیم سەعید

ڕۆژی ســـێشـــەممەی ڕابردوو بۆ دەرسی کۆمەڵناسی مێژوویی، لەگەڵ قوتابیانی بەیانی و ئێوارانی بەشی کۆمەڵناسی زانکۆ سۆران، سەردانی پەرستگای لالشمان کرد لە شێخان.

بۆ لالشمان هەڵبژارد؟

ئێزیـدی یەکێکن لە گروپە گرنگەکـانی کۆمەڵگەی کوردی و چەندین ڕاوبۆچوونی نەشـــیاو لەســـەر ئێزیدییەکان هەن، هەندێک جار تا ئاستی سوکایەتی.

جگە لەوەش، ئێزیـدیـاتی ڕەهەنـدی مێژوویی قوڵی هەن و گرنگە خوێندکار لەهەموو ڕووەکانەوە هەموو گروپە کوردییەکـان بنـاســـن، بەتـایبەتیش خوێندکارانی کۆمەڵناسی.

لەپاڵ ئەو هۆکارانەش، ئەو گروپە ئاینییەی کوردســـتان، هەمووی چەند ســـاڵێک نابێت ڕووبەڕووی دڕنـدەتـرین تـاوان بـوونەوە، تاوانی جینۆســـاید، کە تا ئەمڕۆش زیاتر لە دوو هەزار مرۆڤی بێگوناە بێهاوار و بانـگ لەتاریکیدا ماونەتەوە و سەروسۆراغییان نیە.

دوای ســـەردانەکە، چەندین خوێندکار پێیان ڕاگەیاندم کە ڕوانگەیان بەتەواوەتی لەســـەر ئێزدییەکان گۆڕا و زۆر شـــت بە هەڵە حاڵی بووبوون .

کۆمەڵێک پرس هەبوون بەهەڵە حاڵی بووبوون. یەکێک لەو پرسانەی کە زۆرجار لەناو خەڵک دووبارە دەبێتەوە، کێشـەی خۆنەشـــوشـــتنە. ئەو بەڕێزەی کە وەڵامی پرســـیارەکانی دەدایەوە بەناوی مامۆستا لوقمان، گوتی:

کاتی خۆی کە پرسیار لەیەکێک لە ڕێبەرە ئاینییەکانی ئێزیدی کراوە ســـەبارەت بە پەیوەنـدی خێزانی بەتـایبەتی لەکـاتی بەڕۆژووبوونـدا، ئەویش وەڵامی داوەتەوە کە ئەوان چل ڕۆژ خۆیان ناشۆن.

هەڵبەت (چل ڕۆژ خۆنەشـــۆردن) ئیدیۆمێکە بۆ ئەوەی کە ئەو ڕێبەرە شـــەرمی کردووە بڵێت (چـل ڕۆژ لەگەڵ خێزانمـان ناخەوین)، واتە ئەوەی پێی دەڵێن (غوســـل) یا خۆشـــۆردن لەدوای سێکس.

ئیـدی بەوجۆرە کەوتۆتە نـاو خەڵـک بەوەی کە ئێزدییەکـان خۆیان ناشۆن. ئەگینا شتی لەوجۆرە نیە.

مـامۆســـتـا لوقمان تـاڵاییەکانی ڕەفتار و مـامەڵەی هەنـدێک خەڵکی کوردی موسوڵمانی نەشاردەوە، بەوەی کە ڕۆژانە ئەو وشـــانەی پیس و گاڵو و ناو و ناتۆرەی خراپیان لەســـەر ئێزیـدییەکـان گوێ لێ دەبێت، لەکـاتێکـدا ئەوان گەورەترین ڕێزیـان بۆ موســـوڵمانەکـان هەیە، گەورەترین ڕێزییـان بۆ پاکوخاوێنی و سروشت و جوانی و ڕووناکی هەیە .

لای ئەوان ڕێزگرتن لە ژینگە و بڕینی دار و دڕەخت بەهەموو شێوەیەک حەڕامە، تەنها ئەوە نەبێت کە لەساڵێکدا (سێ ڕۆژ) ڕێگا بە بڕینەوەی ســـێ جۆر دار دەدرێت: ئەوانەی وشـــک



بوونەتەوە، ئەوانەی هەورەتریشـــقە لێی داون و کەوتوونەتە سـەر زەوی و ئەوانەش کە تێکشـکاون و ئومێدی ژیانەوەیان نیە). لەدوای ئەو ســـێ ڕۆژە، ئەوجۆرە دڕەختانەش نابێت دەسکاری بکرێن.

ئەمە و چەندین پرســـی دیکە، کە بەشـــێکی زۆرییان بۆمنیش نوێبوون.

ســـوپـاس بۆ هەموو خوێنـدکـاران کە بەوپەڕی ڕێز و بەڕپرسـیارێتیەوە بەشـداری گەشـتەکەیان کرد و سـوودێکی زۆریشییان بینی، وێڕای بەسەربردنی کاتێکی خۆش.

لەئەنفال رزگاریان بوو بەبۆردومانی فڕۆکەی تورکیا شەهیدبوون

کامەران عوسمان

٢١ی ئایاری ساڵی ٢٠٢٢ بەهۆی بۆردومانی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی تورکیاوە دوو هاوڵاتی مەدەنی خەڵکی گوندی توتەقەڵ شەهیدکران.




کاتژمێر ٥:١٥ خولەکی سەر لەبەیانی، فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆردوومانی گوندی توتەقەڵی سنووری ناحیەی ئاغجەلەریان کردو بەهۆیەوە دوو هاوڵاتی شەهید بوون.

لە کاتژمێر ٩:٠٠ دا دوو هاوڵاتی گوندەکە بەناوی "ئارام حاجی کاکە خان" و زاوایەکەی بەناوی "ئیسماعیل ئیبراهیم" دەچن بۆ شوێنی ڕووداوەکە و دەبینن سێ گەریلای پارتی کرێکارانی کوردستان بریندارببوون، ئارام حاجی کاکەخان کە موختاری گوندەکەیە هەر سێ گەریلاکە دەخاتە سەیارەکەیەوە بەمەبەستی ئەوەی بیانگەیەنێت بە بنکەی تەندروستی ئاغجەلەر بەڵام لە کاتژمێر ٩:٣٥ خولەکدا فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی تورکیا دەگەنەوە ئاسمانی ناوچەکەو ئۆتۆمبێلەکەیان دەکەن بەئامانج و بۆردوومانی دەکەن، لە ئەنجامدا گەریلا بریندارەکانی پەکەکەو هەردوو هاوڵاتیە مەدەنیەکەی گوندی توتەقەڵ گیان لەدەستدەدەن.

جێگەی ئاماژەیە ساڵی ١٩٨٨ لەهەمان مانگدا ئەم ناوچەیەو گوندی توتەقەڵ دەکەونە بەرپەلاماری سوپای عێراق کە ئەوە قۆناغی چوارەمی ئەنفال بوو، هەموو خانووی گوندەکانی ناوچەکە دەروخێنن و هەموو خەڵکەکەی دەگرن و ئەنفالیان دەکەن، ئەم دوو شەهیدە مەدەنیەی بەفرۆکەی تورکیا شەهیدبوون ڕزگاربووی ئەنفال بوون و زیاتر لە ٨٠ کەس لە بنەماڵەکەیاندا ئەنفال کراون. ئیسماعیل ئیبراهیم باوک و دایک و برا و کەسوکارەکەی هەموویان لە تاوانی ئەنفالدا شەهیدبوون.


تەواوی ئەو زانیارییانە لە کەسوکاری هەردوو شەهیدە مەدەنیەکەوە وەرگیراون.

چاپکراوی نوێ :




گەشـــتەکانی ئەنفالســـتان کۆدیداری هۆمەر محەمەدە لەگەڵ کەســـوکاری ئەنفالکراوان و ئەوانەی ســـەردەوێکی ئەنفالیان لەلایە یان تۆمەتبارن بەبەشداری کردن لەتاوانەکە لەناویاندا هەندێک لەجاش و موستەشارەکان. کتێبەکە ســێ بەرگی قەوارە ئەســتورەو کۆی لاپەڕەکانی ٢٥٥٠ لاپەرەیەو هەموویان لەبۆکسێکدا بەدیزاینێکی جوان وشایان بڵاوکراونەتەوە.

.



کارێکی ژەهراوی
ئەمریکاو عێراق و گازبارانی هەڵەبچە
چاپی سیهەمی لەلایەن دەزگای چاپ وپەخشی سەردەمەوە چاپ وبڵاوکرایەوە
کتێبەکە ٧٥٠ لاپەرەیەو لەلایەن نوســـەرو لێکۆڵیاری بەناوبانگی هۆڵندی یوســـت هیڵتەرمانەوە نوســـراوەو وەرگیری دیار محەمەد حەمەســـاڵح توفیق لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتە سەرزمانی کوردی



عێراق ولاتی گۆڕەبەکۆمەڵەکان
کتێبی عیراق ولاتی گۆڕە بەکۆمەڵەکان بەرهەمی چەند نوسەرێکی بواری جینۆسایدە بەزمانی کوردی و عەرەبی (محەمەد حەمەســاڵح تۆفیق، د محەمەد ئیحســان، ســالار مەحمود، عارف قوربانی، لەتیف فاتح فەرەج، عەلی مەحمود محەمەد) لە ٢٠٢٢/٥/١٦ ڕۆژی نیشتمانی گۆڕی بەکۆمەڵ لەلایەن دەزگای میدیایی راچڵەکین لە شاری سلێمانی چاپ وبڵاوکرایەوە

یادی ئەنفال لەنوگرەسەلمان کرایەوە.

ئەنـفـالســـتـان: ڕۆژی پێنجشـــەممە ٢٠٢٢/٤/١٤ کەســـوکاری ئەنفالکراوان لەگەرمیـانەوە بەمەبەســـتی یـادی ٣٤ ســـاڵەی تـاوانی ئەنفـال و بۆ ڕێزگرتن لە کەسوکارە ئەنفالکراوەکانیان نزیکەی ١٤ سەعات ڕێگایان بـڕی و گەیشـــتنە قەڵای نووگرە ســەلمان لەپاریزگای ســـەماوە، هەندێک لەوانەی چووبوون ڕۆژانێکی زۆریان لەو قەڵایە بەزەلیـلـکـراوی بەســـەربـردبـوو، بـۆیە یـادەوەری نـاخۆشـــی ئەو ڕۆژانە خســـتنیە دۆخێکەوە کە نەیـانـتـوانـی خـۆیـان ڕابـگـرن و قوڵپی گـریـان مـاوەیەک دایـبـڕیـن. ئەمە ئەحمەد عەلی خەڵکی گوندی بەکرەشـــەل بەئەنفالســـتانی ڕاگەیـانـد، زوزوش جەختی دەکردەوە و دەیگوت: دەبێت ئەنفالســـتان بچیت چونی ئێوە زۆر پێویسـتە. ئەحمەد گـــوتـــی : دوای ئەوەی تێرگریاین ئینجا ڕۆیشـتین



بۆ بیابانەکەی سەلمان لەوێ گۆڕی بە کۆمەڵی زۆر تێدایە .

ئەحمەد عەلی ڕاست دەکات، لە ساڵی ٢٠١٩شدا کاتێک گۆڕێکی بە کۆمەڵ هەرلەو بیابانەی ســـەلمان هەڵدرایەوە لەگەڵ هەندێک کەســـوکاری ئەنفال چووبوون، ئەو گۆڕەش نزیکەی ١٧١ ڕوفاتی ئەنفـالکراوانی تێـدابوون بەڵام بەداخەوە هەتـا ئیســـتـاش نەگەڕێـنـراونەتەوە بـۆکـوردســـتـان و ئەســـپەردەی خـاک نەکراونەتەوە.

تاوانی کۆمەڵکوژیی ئەنفال لە٢٣ی شـوباتی ساڵی ١٩٨٨ یەکەم پەلاماری سـەربازی دەسـتی پێکردو لە ٦ی ئەیلولی هەمان ساڵدا کۆتـایی بەهێرشـــەکان هـات، بەڵام کۆمەڵکوژی و جیـاکردنەوە هەربەردەوام بوو، پەلامارەســـەربازییەکان بە هەشـــت قۆناغ جێبەجێکرا، یەکەم لە دۆڵی جافایەتییەوە، لە ٢٣ـی شوبات دەستی پێکرد، دواین قۆناغیش لە ٦ی ئەیلولی هەمان ســـاڵدا کۆتـایی هـات. بەڵام کۆمەڵکوژی وپـاکتـاوکردنی گیراوەکـان هەربەردەوام بوون.

یەکێتی نوسەرانی جینۆسایدی کوردستان بۆ قۆناغی چوارەمی شاڵاوەکانی ئەنفال راگەیەندراوێک بڵاو دەکاتەوە پەیامێک ئاراستەی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان دەکات، کەبایەخ بەدۆسیەی ئەنفال بدەن و چیتر کەم تەرخەم نەبن.

راگەیەنراوی یەکێتی نوسەرانی جینۆسایدی کوردستان بۆ قۆناغی چوارەمی شاڵاوەکانی ئەنفال

" حکومەت و پەرلەمان لە دۆسیەی ئەنفالدا بێ تەرخەمن"

قۆناغی چوارەمی ئەنفال یەکێکە لەهەشت قۆناغە شومەکەی ئەنفالی قڕکردنی گەلی کورد.

لە ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٣ دەستی پێکرد و ناوچەیەکی جوگرافی بەر فراوانی لە دەوروبەری زێی بچوک لە ناوچەکانی (شوان و شێخ بزێنی و کۆیەو تەقتەق و خەلەکان و قلاسێوکە) و گوندەکانی بەتەواوی گرتەوە.

سوڵتان هاشم راستەوخۆ فەرماندەیی ئەم قۆناغەی کردوەو لەگەڵ هێزی پیادەی رژێمی بەعس بەشداری پەلامارداندەکەی کردوە. لەم پەلامارەدا هەردوو گوندی (گۆپتەپەو عەسکەر) بەچەکی کیمیاوی بۆمباران کران.

لەم قۆناغەدا نزیکەی ١٠ هەزار مرۆڤ بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن.

وەک قۆناغەکانی تری شاڵاوەکانی ئەنفال رژێم بەبەیاننامە دەستپێک و کۆتایی قۆناغەکانی ڕادەگەیاند بە جوگرافیای پەلاماردانەکانەوە.

ماوەی ئەم قۆناغە تەنیا پێنج ڕۆژ بووە لە ٣/٥/١٩٨٨ بۆ ٨/٥/١٩٨٨

یەکێتی نوسەرانی جینۆسایدی کوردستان ئەم تاوانە بەبیردێنێتەوەو یادی قوربانیەکان بەزیندوویی ڕادەگرێت، لەم پەیامەشدا بەپێویستی دەزانین داوا لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و هەموو جۆرەکانی میدیای کوردی و عیراقی بکەین بایەخ بەو مێژوەو تاوانەکانی شاڵاوی ئەنفال و لێکەوتەکانی بدەن. زیاتر گرنگی بەپرسی جینۆسایدی گەلەکەمان بدرێت و پانتایی زیاتری بۆتەرخان بکرێت. ئەنفال تەنها لە ڕۆژی ١٤/٤ی ساڵ کورت نەکرێتەوە. بەڵکو دەکرێت ڕاپۆرت و فیلم و هەواڵ و بەرنامەی هەفتانەو مانگانەی لەسەربکەن. لەپلانی میدیاییدا بە بەردەوامی ناوی ئەنفال و قوربانی و جەلاد بخرێتە ڕوو.

یەکێتی نوسەرانی جینۆسایدی کوردستان لەم ڕۆژەدا پەیامی خۆی ئاراستەی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان دەکات کەبایەخ بە دۆسیەی ئەنفال بدەن و چیتر بێ تەرخەم نەبن.

یەکەم: ئەو شوێنانەی پێیدەوترێت مۆنیۆمێنتەکانی ئەنفال، بایەخیان پێبدەن وبکرێن بەمۆنۆمێنت و پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکرێت. بە ڕاستی بکرێن بە مۆنۆمێنت.

دووەم: ئەرکە یاساییەکان ڕابپەڕێنن بەتایبەتی بەتاوان هەژمارکردنی گومانکردن لەقەبارەی قوربانیانی ئەنفال و پیاهەڵدان و ستایشکردنی تاوانبارانی ئەنفال.

سێیەم: هێنانەوەی ڕوفاتی قوربانیانی ئەنفال لە باشوری عیراق دوای پشکنینی پزیشکی. ئەم بابەتە بکرێت بە دۆسیەی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عیراقی.

چوارەم: گۆڕینی میکانیزمی یادکردنەوەی قوربانیەکان بە پڕۆژەوکاروخزمەتکردن نەک گوتاروبەناوچالاکی ڕووکەش.

پێنجەم: هەوڵدانی هەمەلایەنە بۆناساندنی ئەنفال لەناوەندە نێودەوڵەتیەکان و لەئاستی ناوخۆش.

شەشەم: داواکارین پەرلەمانی کوردستان پڕۆژە یاسای یەکێتیەکەمان پەسەند بکات بۆئەوەی کارایانەتر نوسەرانی جینۆساید بتوانن ئەرکە هاوبەشەکانیان ڕاپەڕێنن و یەکێتیەکەمان ڕۆڵی گەورەی خۆی ببینێ لەم پێناوانەدا.

لەڕۆژی ٣/٥ دەستپێکی قۆناغی چوارەمی شاڵاوەکانی ئەنفالدا وەک یەکێتی نوسەرانی جینۆسایدی کوردستان داواکارین یادەکان شایستەتروکاریگەرتربن و هەموو سەفارەت و کونسوڵخانەو نوسینگەی وڵاتانی بیانی لە عیراق و کوردستان بانگهێشتی مەراسیمەکانی جینۆسایدی کوردستان بکرێن. بەزمانی بیانی و بە شێوازی جیاوازتر پەیامەکان ئاراستەی دەرەوەو ناوەوەی وڵات بکرێت.

نەمری بۆ ڕۆحی قوربانیانی ئەنفال و هەمیشە سەربەرزی بۆ کەسوکاریان.

نەفرەت لەئەنجامدەرانی تاوانی ئەنفال.

یەکێتی نوسەرانی جینۆسایدی کوردستان

٣/٥/٢٠٢٢

بەرەویادی ئەنفال

هۆمەر محەمەد

٨ی نیسانی ٢٠٢٢ سلێمانی

ڕۆژی ٢٢ی شوبات دەستپێکی یەکەم قۆناغی پەلاماره سەربازییەکانی ئەنفال بوو بۆسەردۆڵی جافایەتی و شارباژێر مانگێک دوای ئەوە ٢٢ی ئازار قۆناغی دووەم بوو بۆسەر ناوچەی قەرەداغ و دۆڵێ ٧ی نیسان یادی یەکەم پەلاماری ئەنفال بوو بۆسەرگەرمیان، و ڕۆژی ٣ی ئایاریش یادی ئەنفالی قۆناغی چوارەمەو ئیدی هەر قۆناغەو ڕۆژێکی بۆیادکردنەوە هەیە، ڕۆژی ١٤ی نیسانیش یادەوەری سەراسەری تاوانی ئەنفاله کە لەو ڕۆژەدا زۆرترین خەڵک لە گوندی مللەسورەی گەرمیان کۆکرانەوەو دواتر بردیانن بۆ قەڵای قۆرەتو لەناحێی مەیدان. ئەوسا بارەگای تیپی ٢١ی سوپای عێراق بوو بۆ کاروباری ئەنفال چۆڵکرابوو.ئەوەی ئێستا قسەی لەبارەوە دەکەین ئەنفالی گەرمیانە کە بەسێهەم قۆناغ تۆمارکراوە.

ئەم پەلامارەی ئەنفال بەپێشەوایەتی بارق عەبدوڵا حاجی حنتە بەڕێوەچوو لەچاو قۆناغەکانی تری ئەنفالدا خوێناوی ترین پەلاماربووە، بۆیە ئاسەوارەکانیشی کاریگەرترن.

لێرەدا باسی ئەوە ناکەم ئەنفال چۆن ڕوێداو کەی ڕوێداو لەچەند قۆڵەوە هێرشکراوە، گرنگە نیشانی بدەم، تاوانەکە چی بۆجێهێشتین و ئێمە لە دوای ئەنفال چیمان کردو چ پەندێکمان لێوەرگرتووە؟

پێم باشە لەبەر دوو هۆکار کەمێک لەسەر شەڕی تازەشار بووەستم.

یەکەم : لەبەرئەوەی یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگەو هێزە پرچەکەکەی ئەنفال بوو، کە دەکرا خەڵک پەندی لێوەر بگرن چونکە دوو ڕۆژ دوای ئەم شەڕە هێزەکانی جاش و سوپا لەهەموو لایەکەوە پەلاماری ناوچەکەیاندا. دووەم لەبەرئەوەی بەرگریکاران تەنها کورد نەبوون بەڵکو هەندێک لە پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی عەرەب بوون !

سەبارەت بەشەری تازەشارو یەکەم دەستپێکی پەلاماری ئەنفال قسەی جیاوازەیە، بەڵام من هەوڵدەدەم لەم بەسەرکردنەوەیەدا شتێکی تازەتر لەبارەیەوە بڵێم، کە پشت بە سەرچاوەی جیاوازو تاڕادەیەکی زۆریش باوەڕپێکراو دەبەستم لەوانە ڕاپۆرتەکەی مێدیل ئیست وۆچ و بەوانەش کە لەرووداوەکەدا بوون یان نزیک بوون.

بەرەبەیانی ڕۆژی ٧ی نیسانی ١٩٨٨سوپاو جاش لە دوزخورماتووەوە جوڵان و هێرشیان کردە سەرگەرمیان. دوڕۆژ دواتر لە تازەشار دەستەیەک پێشمەرگەی یەکێتی و دەستەیەکی حزبی شیوعی بەسەرکردایەتی نازم ڕەشید (نازمە بچکۆل)، و فەرماندەیەکی حزبی شیوعی بەناوی سامی مصطاف عبدالامیر (ملازم سامی).

ڕۆژی ٩ی نیسان پلانی ڕوبەڕووبوونەوەی سوپایان داناو دامەزران. ئەگەرچی ژمارەی پێشمەرگەکان کەم بوون و چەکەکانی دەستیشیان سوک بوون، بەڵام توانیان هەتا ئێوارە بەرگری بکەن، سەرئەنجام هەتاسەر بەرگەی هێرشەکەی ئەنفال و ئاگربارانی فرۆکەو تۆپخانەی سوپای عێراقیان نەگرت و لەکۆی ٢٢ پێشمەرگە تەنها دوو کەسیان دەربازبوون ئەوانی دی هەموویان لەبەرگریدا شەهیدبوون . هەرچەندە باس لەوەدەکرێت لەیەکەم شەڕی ڕوبەڕووبوونەوەدا سوپا چەکی کیمیایی بەکارهێناوە، بەڵام بەپێی بەدواداچونم و بەپێی شایەتحاڵەکان بەتایبەت ئاسۆبیارەیی کە بەشداری شەڕەکەبووە ئەوە ڕەتدەکەنەوە لەتازەشار چەکی کیمیایی بەکارهاتبێت. بەڵام هێرشەکە هێندە سەخت و پڕچەک بوو تەنانەت هەتا ئێوارە تاقە یەک خانوو بەپێوە نەما. هەرچەندە هەندێک لە خەڵکی گوندەکانی دراوسێ دەڵێن کە سوپا لە تازەشاردا چەکی کیمیایی بەکارهێناوە. پیاوێکی خەڵکی کانی قادری خواروو لەبناری گل بەمیدڵ ئیست وۆچی ڕاگەیاندووە کە بە ڕادیۆ گفتوگۆی بێتەلی وەرگرتووە و ئەفسەرە فەرماندەکە وتوویەتی گازتاقە ڕێگەیە بۆ تێکشکاندنی بەرگرییەکە[14]، پاشان شایەتەکە فرۆکەی هۆکەر هەنتەری بەریتانیی بینیوە تازەشاری بۆردمانکردووە و گەواڵە دووکەڵی سپیی زۆری لێپەیدا بووە. سەعاتێک لەوە و دواش سوپا چووەتە ناو دێوە و تەواوی بەرگریکەران کوژراون. مێدیل ئیست وۆچ لەگەڵ زۆر کەس و سەرچاوەی تردا چاوپێکەوتنیان کردووە، ئەوان ڕایان وایە کە بەڵگەی قەناعەت بەخش دەدەنە دەستەوە کە پەلامارێکی لەو جۆرە بووە. بەڵام بەپێی بەدواداچونی من ئەو باسە لەسەر بنەمای قسەی خەڵک بووە یان لەبەر ئەوەبووە کەوا ڕژێم چەکێکی بەکارهێناوە دوکەڵەکەی ڕەنگاو ڕەنگ بووە، سەبارەت بە شەڕی تازە شار زۆر شایەتحاڵم دواندووە یەکێک لەوانە واحید عەبدولی گوندی کانی قادرە کە دواتر ئەنفالکراو لەگۆڕێکی بەکۆمەڵی بیابانەکانی ڕومادی دەربازی بوو، واحید دەڵێت من نەم بینی چەکی کیمیایی بەکار بیت بەڵام ئەو دەنگۆیەش هەبوو خەڵکیش تۆقیبوون، یەکێکی تر لەو کەسانەی پشتم پێی بەستووەو پێشمەرگەیەکی حزبی شیوعی بووە، کە لەتازەشار بەشداری شەڕی کردووە (ئاسۆ بیارەیی)بیە ئەو

[14] ئەوکاتە لەلای پێشمەرگەو خەڵکی گوندەکانیش ڕادیویەکی بچوک هەبوو پێیاندەگوت سلفەر کەناڵێکی ئێف ئێمی تێدابوو، بەهۆیەوە گوێیان لەقسەی فەرماندەکانی سوپاو کۆپتەرەکان دەگرت و دەیانزانی چ فەرمانێک دەدەن .

جگەلەوەی قسەی بۆمن کردووە زیاد لەجاریّک ئەوەی پشتراستکردووەتەوە کە لە تازەشار هەموو چەکێکیان بەکارهێنا بەڵام کیمیایی نا.

ئەوەی لەتازە شارەتا ئێستا نامۆیە، ژمارەی شەهیدەکانە، چونکە لەو شەڕەدا ٢٠ پێشمەرگە شەهیدبوون، بەڵام تەنها روفاتی ١٥ یان دیارە، وەک لەراپۆرتەکەی ئیستخباراتدا هاتووە ١٥ پێشمەرگەبوون، لە دوای روخانی بەعسیش ڕوفاتەکانیان لەو سەربازگەیە دەرهێنانەوەو هەر ئەو ١٥ کەسە بوون، کە ئێستا لە گۆرستانەکەی دوز نێژراون بەڵام روفاتی ئەوانەی تر هەتا ئیستا نادیارە ؟! میدیل ئێست ۆچ نوسیۆێتی : شەوی ١٠ی نیسان *ئیستیخباراتی* تووزخورماتو برووسکەی کردووە بۆ مەنزوومەی ڕۆژهەڵات کە "لاشەی ١٥ تێکدەر لابراون و لە نزیک فەرماندەیی کەرتی سەربازیی تووزەوە نێژراون. لە پێش ناشتندا وێنەیان گیراوە و بە نووسراوێکی تایبەتی دەنێررێت. نوسراوەکەی ئیستخباراتی دوز ژمارە ١٩٣٣٤ لەڕۆژی١٠ی نیسانی ١٩٨٨ واتا سێ ڕۆژ دوای شەڕەکەی تازەشاربووە. جێگەی ئاماژەیە من بۆخۆم چوومەتە سەرگۆڕی ئەو ١٥ شەهیدەی تازەشار لەخورماتوو. قسەکردن لەزەرەرو زیانی گەرمیان لەروی گیانی ومالّییەوە بەوتاریّک و کتێبێک و دوان تەواو نابێت، زیانەکان لەهەموو رووبەکەوە هێندە زۆرن بەئاسانی پۆلێن ناکرێن، بۆ ناسینی بەعس و درندایەتی سەرانی بەعس و ئەفسەرە جەلادەکانی پێویستە ئەنفال بناسین. بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانییە ئەوەیە کە کورد بەسیاسی و رێکخراوو روناکبیرییەوە نەیانویست و نەیانهێشت کاربۆ ئەم دۆسێیە بکرێت. قسەی زۆرکراو کاری کەم .. رەنگە تەنها سەردانێکی تازەشارو نەبوونی مۆنۆمێنتێک بۆ ئەو پێشمەرگانەی ئازایانە بەرگریان کرد بەس بێت بۆسەلماندنی ئەو ڕایەی سەرەوەم. کێ دەڵێت وانییە بابفەرموێ بۆ دیالۆگ و قسەی حسابی .

لەم قۆناغەدا تەنها دۆسێیەک وەک کاریگەری ئەو تاوانە دەخەمەڕوو کەئەویش چیرۆکی دوو کەنیشکی گەرمیانییە کە دوو ئامۆزای یەکتری بوون و ژن بەژنیان پێکرابوو، هەردوکیان چیرۆکێکی هاوبەش و ئازارێکی هاوبەشیان هەیە، بەڵام مێدیا وەک یەک ئاوڕی لێنەداونەتەوە.

چیرۆکی بوخچەکان

مریيەم وفریا دوو کەنیشکی گوندی تیلەکۆی گەرمیانن و ئامۆزای یەکترین، باوکیان سالّح وسابیر بەکاری جوتیاری بژێوی ژیانیان دابین دەکرد. کە کوڕو کچەکانیان پێگەیشتن، بەباب و نەریتی باوی کۆمەڵایەتی ژن بەژنیان کرد. دوای ئەوەی ڕەزامەندی کورەکانیان (ئەنوەرو کەریم) وەرگرت پێکهاتن. لە مایسی سالّی ١٩٨٧مەلای گوند مارەی برین و شیرینیان خواردەوە. لەسەربنەمای ئەم ڕێککەوتنە مریيەم و ئەنوەرو فریاو کەریم، بوونە دەستگیران.

بێ ئاگا لەوەی ەەلی کیمیایی گەمارۆی ئابوری خستووەتە سەرگوندەکان، سابیر واتا باوکی فریا دەچێت لە دوزخورماتوو جلی بوکێنیان بۆ بهێنێ، بەڵام لەبەرئەوەی هاتووچۆ لەشارەوە بۆگوندو لەگوندەوە بۆشار قەدەغەکراوە و بریارەکە لەلایەن نوسینگەی باکوری حزبی بەعسەوە دەرچووە ناتوانێت بچێتەوە بۆ گوندەکەیان. ناچار بەدزی و بەقاچاغدا دەگاتەوە تیلەکۆ .

لەم دۆخە ئالّۆزەدا (فریاو مریەم) بە زەحمەتێکی زۆر لە دوزخورماتووەوە جلی بووکێنیەکانیان گەیەنرایەوە گوندی تیلەکۆ. باوکی فریا دەلّێت: کە جلی بووک ئامادە بوو" بەنیاز بووین ئەم (هەفتەنا، ئەوی تر) زەماوەند بکەین"



مریيەم و بوخچەکەی



فریاو بوخچەکەی

ئەنفال نەیهێشت زەماوەند بکرێ

سەرەتای بەهاری سالّی ١٩٨٨ تیلەکۆ کەوتە بەر پەلاماری ئەنفال، هەموو گوندنشینەکان گیران و خانووەکان لەگەڵ زەوی تەختکران. ئەنوەرو کەریم گیران و ئیتر جارێکی تر نەبینرانەوە، بەڵام (فریا و مریيەم) بەرێکەوت ڕزگاریان بوو، ئیدی خەونی دەستگیرانەکان هەر لە دڵاندا مایەوە و هەرگیز نەگەیشتە ئاکام، بەڵکو بوونە چوار مەخلوقی دڵشکاوی دەستی ستەمکاری بەعس.

چاوەڕوانی

فریاو مریەم ســـاڵانێکی زۆرچاوەڕوانی دەســـتگیرانەکانیان بوون ئەوان زۆر دڵخۆش بوون بە ڕاپەڕین، بەڵام جگەلە چاوەڕوانیەکی کوشندە هیچی پێنەبەخشین، ڕوخاندنی ڕژێم لەســاڵی ٢٠٠٣ تۆوی ئومێدی لادروســتکردنەوە، بەڵام مژدەی گەرانەوەی دڵخوازەکانیان نەبینی، بەڵکو هەڵـدانەوەی ســـەدان گۆڕی بەکۆمەڵ کۆتـایی بە چاوەڕوانی هێناو ئیدی ئەوانیش بە دڵشـــکاوی بوخچەکانیان وا پێچـایەوە کە بۆ هەتـا ئەبەد نەیکەنەوە و لە دوای ئـامۆزاکـانیـان هاوســـەرگیری لەگەڵ کەســـی دی نەکەنەوە. ئەوان هەردوکیان جلی بوکێنیەکانییان بەڕێزو سۆزەوە هەڵگرت .

نادادی

چیرۆکی (مریەم) و بوخچەکەی زۆری لەبـارەوە وتراوە، بەڵام زۆر



سابیر کەریم



سالح کەریم

کەم لەبـارەی (فریـا)وە وتراوە ئەمەش نـادادپەروەری میـدیـایە لەرومالّدا.

(فریا)یش وەکو (مریەم) هەتا ســاڵی ٢٠٠٦ جلی بوکێنیەکەی وەک یادگارییەکی بەنرخ لەلای خۆی هەڵگرتبوە، بەڵام کە نەخۆشـــی و هەژاری تەنگی پێێهەڵدەچنی، ئیدی ئەویش ناچاردەبێت بەشێک لە جلی بوکێنیەکەی بفرۆشێ بۆخەرجی نەشتەرگەریەکەی !

یەکێک لە کەموکوڕی یاسای ماف وئیمتیازی کەسوکاری شـەهیدان وئەنفالکراوان، ئەوەیە هیچ برگەیەکی تێدانیە بۆ مافی کەســـانی هاوشێوەی ئەم دوو مرۆڤە دڵشکاوە.

گرفتەکە لەکوێدایە ؟

لەبەرئەوەی لەدادگا گرێبەستی هاوسەرگیرییان نەکردووەو هەر لەلای مەلا مارەکراون، هیچ ماف وئیمتیازێکی ئەنفالکراوان نایانگرێتەوە. چونکە بەپێی یاسا هشتا کچن !

میدیا گرنگی بەیەکێکیانداوەو یەکێکیانی فەرامۆش کردووە.

میدیا زۆر باســی مرییەمی کردووە، فیلمی لەبارەیەوە دروســتکراوە، بەهۆیانەوە جل وبەرگەکەی لە مۆزەخانە پارێزراوە.

بەڵام فریا ئاوڕی لێنەدراوەتەوەو بە ناچاری بۆ نەشـــتەرگەرییەکی خۆی جلی بوکێنیەکەی فرۆشت !

هەردوکیان لەئازاردا یەکســانن و لەمافدا بێبەشـــن. چونکە ئەم دوو دەستگیراندارە ناچنەخانەی سودمەندانی یاسای ماف وئیمتیازی کەسوکاری شـەهیدان و ئەنفالکراوانەوە. بەواتایەکی ڕونتر چونکە بێوەژن نین. هەتا دایک وباوکیشیان لەژیاندا بن ناتوانن ببنە وارســـی براکانیان .. مرییەم ســـاڵی ٢٠٠٩ کۆچی دوایی کرد کەواتە هەرگیز نەیتوانی نەک لەئیمتیـازی دەستگیرانەکەی تەنانەت لەهی براکەشی سودمەندبێت.

تێبینی : یەکەم جار کەچیرۆکی مرییەمم بڵاوکردەوە کاک عاســـی فرود بۆی گێڕامەوەو هەرئەویش وێنەی مرییەم و بوخچەکەی پێدام و لەژمارە (٤)ی گۆڤاری ئەنفالســـتاندا بڵاوکرایەوە.

سەرچاوەکان

1 – **سەردانی مەیدانی**

2 - **فیلمی : کی عەلقەی بووکێنیەکەی فراندم ؟ سیناریو دەرهێنانی محەمەد سەید**

3 - **گۆڤاری ئەنفالستان ژمارە (٤)**

4 - **گۆڤاری ئەنفالستان ژمارە (١١)**

5 - **گەشتەکانی ئەنفالستان سێ بەرگ**

6 - **جێنۆســـــاید لەعێراق و پەلامـاری ئەنفـال بـۆســـەرکـورد – چـاپـی دووەم خـانـەی وەرگێران– ٢٠٠٤ وەرگێرانی محەمەد حەمە ساڵح توفیق .**

کاتێک باوەڕو ئەخلاق نەما

هۆمەر محەمەد

کاتێک مرۆڤ باوەرو مۆرالّ بەواتە ئینسانیەکەی لەدەستدەدات با کەسوکاری شەهید و ئەنفالیش بێت، ئەگەر نەشبێتە درندە، دەبێتە هیچ وپوچترین و قێزەونترین بوونەوەر، نەرێز لە خۆی دەگرێ و نەلەشەهید و ئەنفالکراوەکەی، لەڕۆژی ٢٠٢٢/٣/١٦ گرتەیەکی ڤیدیۆی پیاوێکی ریشدرێژم بینی بەداخەوە ئەوپیاوەم نەناسییەوە هەندێک قسەی زۆر ئازاربەخشی کرد، دەربارەی پەراوێزخستن و فەرامۆشکردنی لەلایەن دەسەلاتدارانی هەرێمی کوردستانەوە، بەلّام لەوە ئازار بەخشتر ئەوەبوو کە گوتی (من کەسوکارم بە کیمیاباران کوژراون و بەدەستی سەدام کوژراون، ئەوا من ئەمرۆ گەردنی ئازاد دەکەم) هەر ئەو رۆژە لەبەرنامەییەکی کەناڵی ئێن ئارتیدا کە تەڤگەر شێرکۆ پێشکەشی دەکرد، بەشداربوویەکی تر لەرێگەی تەلەفۆنەوە هەمان قسەی کردو دوای دەربڕینی ناڕەزایەتیەکانی گوتی : کەسوکاری شەهیدانی هەلّەبجەم هەزارجار گەردنی سەدام ئازادبێت.!

بەداخەوە بێباکی و بێ مۆرالّی دەسەلّات لەبەرانبەر ماف و ژیانی هاوڵاتیان و بەتایبەتیش کەسوکاری شەهیدان، گەیشتە ئەم ڕادەیە کە خەڵکی کوردستان بەم دەرئەنجامە بگەیەنێ، بەلّام ئەوەی کارەسات و ئازاربەخشترە ئەوەیە کەسوکاری شەهیدانیش هەتا ئەم ئاستە خۆیان رادەستی زەلیل بوون بکەن، دەنا ئەوانەی بەو جۆرە خۆیان نیشان دەدەن کە دژی دەسەلّاتن هەر راستناکەن، چونکە شەڕی ئەوانیش لەگەلّ دەسەلّاتداری کورد نیە، بەڵکو شەڕیان لەگەلّ بەهای ئینسانە، ئەوکەسانە رەنگە بەپاسەوانییەک، بەدەرگاوانییەک و بەبرێک پارە زۆر بەمەنونی بچنەوە بەر قاپی دەسەلّات و خراپتر لەهەر کەس خزمەتی دەسەلّات بکەنەوە، دەنا شەڕی ڕاستەقینە لەگەلّ دەسەلّاتداری کورد، شەڕە لەگەلّ بەعسیزم. خۆ هەر هیچ نەبێت دەبێت بزانن، دام ودەزگاکانی حکومەت وحزبە کوردییەکان پڕن لە کۆنە بەعسی ئیتر لێخۆش بوون لەسەدام بیرکردنەوەیەکی نەخۆشە

لۆژیکی ئەنفال لە عێراق و کوردستان هێشتا وابەستەیەکی زۆری بە لۆژیک و بیرکرنەوەی بەعسەوە هەیە، مرۆڤ پەراوێزەو حزب و سەرۆک سەنتەرە، ڕاستە بەعس وەک دەسەلّات لەسەر شانۆی عێراق نەماوە، بەلّام کورد وتەنی لە کەولّی ترو فۆرمیتردا ئامادەیە تەنانەت لەناو خانەوادەی قوربانییەکانیشدا، هەر تەنها بەسوک تەماشاکردنی مرۆڤی ئەنفالکراو ئەخلاقێکی بەعسیانەیە، بەعسیەکان کەسوکاری ئەنفالیان وەک پەراوێزخراوێک فرێدابووە تەنیشت مەرگەوە. ئایا ڕاپەڕین و هاتنی دەسەلّاتی کوردی و دواجاریش ڕوخانی بەعس لەجەوهەردا نەک لە روخساردا هیچی ئەوو تۆی گۆڕیوە ؟ بیرکردنەوە و مامەڵەی حزبە سیاسیە کوردیەکان هەمان بەسوک تەماشاکردن نییە؟.

ئایا عێراقی دوای بەعس عێراقی هەمووانە؟ یان هی بنەماڵەکانە؟ ئایا دەسەلّاتدارانی عێراق و کوردستان بەکوردو عەرەبەوە بەسوننەو شیعەوە لەبەرانبەر تاوانی ئەنفال و هەلّەبجەدا هەست بەخەجالّەتی وشەرم دەکەن؟ عەرەبەکان بەزمان وئاماژەی جیاواز جەخت لە پیرۆزی عەرەب و جەخەت لە عەرەبی بوونی عێراق ناکەنەوە؟ ئەمە هەمان لۆژیکی بەسوک تەماشاکردن و هەمان لۆژیکی ئەنفالە لە فۆرمی جیاوازدا.

لەهەمووان مەترسیدارتر دەسەلّاتداری کوردە کە سوکتر لە هەر شتێک تەماشای ژیان و مەرگی مرۆڤی کورد دەکات. لەکاردانەوەدا مرۆڤی کورد دوعای خێر بۆ سەدام دەکات! کارگەیشتە ئەوەی ئەمرۆ لەیادی هەلّەبجەدا لە داخی دەسەلّاتداری کورد دەنگی ناشاز بلّندبووەوە و گەردنی سەدام ئازاد دەکات.. ئەمە با کەسوکاری قوربانیش بێت شایانی گوێ لێگرتن نییە بەلّکو شایانی ڕیسواکردنە، چونکە بەرلەوەی سوکایەتی بەو هەموو خوێنە بکات شەقێک لەبەهای ئینسانی خۆی هەلّدەدات. نەوتراوی ئەو جۆرەکەسانە لەوتراوەکانیان مەترسیدارترو عەیبدارترە، ئەوان ڕێک وڕەوان بەکەسوکارەکانیان دەلّێن بۆ نەبوونە بەعسی و بۆ بەبەعسێتی و لەخزمەتی سەدامدا نەمردن ؟

ڕاستە ئەمانە ئەگەر لەخۆرئاوابوایەن و دوعایان بۆ هیتلەربکردایە دەدران دادگا، چونکە لەوێ هەر قانون نیە بۆسزادان بەلّکو خزمەتگوزاریش هەیە. لێرە وەک قانون

و خزمەت گوزاری نیە میدیاش وێرانە دەنا بەچ لۆژیکێک قسەی ئاوا شایانی سەرشاشەی تیڤی وناومیدیایە.

چالاکی توێژەران

ئێوارەی ٢٠٢٢/٤/٢شـــەممە، پلاتفۆرمی دابڕان و فیمینیزمی ڕۆشـنگەری کۆڕێکیان لەژێر ناونیشـانی "جەنگ و جینۆسـاید و میدیای کوشـندە" بۆ نووسـەروهونەرمەند"هۆمەر محەمەد قادر" لە هۆڵی شەهید ئازاد هەورامی، لە ناوەندی ڕۆشنگەریی چاودێر، ڕێک خست.



هۆمەر محەمەد قادر، لە سـەرەتـای باسـەکەیدا ئاماژەی بەمیدیای بەعس کرد چۆن چـالاک بووە لە ڕەشـکـردن و شـکاندنی قوربانی و هاندانی جەلادا، وتی دەبوو میدیای کوردی ڕۆڵـێـکی پـێـچەوانەی هەبـوایەو دەسـتـی قـوربـانـی بـگـرێ وهەڵیسـتێنێتەوە سـەرپێ، ئاماژەی بەوەشـکرد کە میدیا تەنانەت لەرومالکردنی دۆخی قوربانییەکایشـدا نادابەڕوەر بووە، کەسـی ئەنفالکراوەهەیە زۆرترین کاتی پێدراوەو کەسیش هەیە بۆیەکجاریش میدیا بەسەری نەکردووەتەوە!

ڕەخنەی لەوەش گرت کە هێشتا میدیا کەسوکاری ئەنفال وەک کەل وپەل بەکاردەهێنن بە پاشماوەی ئەنفال ناوی دەبەن، وەک زەلیل و بێهێز و تێکشکاو وێنای دەکەن.

ڕەخنەی لە میدیای ئۆپۆزسـیۆن و دەسـەڵاتیش گرت و ڕایگەیاند: هەردوو میدیاکە بەیەک دید مامەڵەیان لەگەڵ دۆسـێی ئەنفال و کەسـوکاری ئەنفالکراوانیش کردووە و هەردوولایان هەوڵیان داوە پرۆسەکە و کەسوکار و قوربانییەکان لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیان بەکار بهێنن.

وتیشـی: "میدیای کوشـندەی کوردی کۆمەڵکوژیی نەتەوەیەکی بەلاوە گرنگ نییە، بەڵام دۆسێکەی لەناموسی ژن وکچانی ئەنفالدا کورت کردووەتەوە، میدیاکارێک مەمکەمژەی منداڵێک لەگۆڕی بەکۆمەڵدا رای نەچڵەکێنێ هەموو ژنی کورد ببەن بۆمەلهاکانی میسر باکی نابێت .

توێژەر ئاماژەی بەوەکرد کەمیدیاکاری کورد تەنها وێنەگەورەکەی ئەنفال دەبینێ و پارچەبچوکەکانی ناو وێنەکەی فەرامۆشکردووە.

پرسـی شـێواندنی شـووناس و کولتوور، بابەتی میدیای کوردی نەبوون بەهیوام دواتر ببنە بابەت.

وتیشی لەناو وێنەگەورەکەدا چیرۆکی گرنگ وتایبەت هەیەو ئەرکی میدیایە بیاندۆزێتەوە بۆنمونە: کورۆکچێک دوو مرۆڤ دووانەبوون و بەیەک سـک لەدایک بوون بەڵام یەکێکیان ئەنفالکراوەو ئەوی تریان لەژیاندا ماوە ئێستا ئەویان ناتوانێ یادی ڕۆژی لەدایکبوونی بکاتەوە.

دۆکیۆمێنتکردنی تاوانی ئەنفال بە هێڵکاری



ئێوارەی شـەممە ٧ی ئـایـاری ٢٠٢٢، تـۆڕی نـاوەنـدی ڕۆشـنگەریی چاودێر، لەهۆڵی شـەهید ئازاد هەورامی، کۆڕێکی بەناونیشـانی "بەدۆکیۆمێنتکردنی ئەنفال و کۆمەڵکوژی کورد بەهێڵکاری" بۆ هونەرمەند د.عوسـمان قادر ڕێکخست.

لە سـەرەتای کۆڕەکەدا، د. عوسـمان، بەشـێکی ئەو هێڵکاریانەی پیشـاندا کەتایبەت بوون بە چیرۆکە تراژیدیاکانی ئەنفال و کۆمەڵکوژی کورد. پوختەی باسـەکەی توێژەر بەشـێک بوو لە نامەی دکتۆراکەی

توێژەر لە ساڵی ١٩٨٨ پێشمەرگەو شایەتحاڵی ڕوداوەکانی ئەنفال بووە، لەوکاتەوە بەڵێنیداوە کارلەسەر دیکیۆمێنتکردنی ئەنفال بکات و بە هونەر بیگەیەنێتە دونیاو رایگشـتی جیهانی. سـەرئەنجامیش بەڵێنەکەی بەجێهێناوەو توانی لە گەلەری و مۆزەخانە بەناوبانگەکانی جیهان کارەکانی نمایش بکات.

یەکێک لەو مۆزەخانانەی کەکارە هونەریەکانی د. عوسـمانی تێدا نمـایش کراوە مۆزەخـانەیەکی تـایبەت بە جەنگە لە لەنـدەن. لەوبارەیەوە د. عوسمان وتی: لەو مۆزەخانەیەی بەڕیتانیا کە یەکێکە لەدێرینترین مۆزەخانەکانی جیهان و مێژووی دروسـت بوونی بۆ ساڵی ١٩١٧دەگەڕێتەوە.

دوای پێشکەشکردنی باسەکەی د. عوسمان، ئامادەبوانی کۆڕەکەش سەرنج و پرسیارەکانی خۆیان خستەڕوو کە بەشی زۆریان ڕەخنەو گلەییان ئاراسـتەی حکومەت ودەزگا پەیوەندیدارەکان کرد بەوەی نەیتوانیوە لەئاست گەورەیی تراژیدیای ئەنفال و جینۆسایدا بێت.

یەکێک لەبەشداربوان مەلابەختیار ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بوو گوتی: شـەرمەزارییە بۆحکومەت لەناوچەی ئەنفالکراواندا ڕێگە بە بەرپرسـانی حکومەت نادرێت بەشـداری لە یادکردنەوەی قوربانیەکان بکەن. وتیشی: چاوەڕێی حکومەت و حیزبەکان مەکەن لەمەی کردویەتی کاری زیاتر بۆ ئەنفال بکات، بۆیە پێویسـتە هونەرمەندان و داهێنەران خۆیان ئەو ئەرکە گەورەیە لە ئەسـتۆ بگرن.

کاتێک دەوڵەتدار لە ئەخلاق دادەماڵدرێ



هۆمەر محەمەد

لە دوای تاوانی ئەنفال و هەڵەبجە کورد مافی بوو پارێزبەندی نێودەوڵەتی هەبێت، کەچی جارێکی تر بەر پەلاماری جێنۆسایدکەوتەوە، ئەمە پێچەوانەی یاسای نێودەوڵەتییە! لە دونیای دکتاتۆرەکاندا هەڵەبجەو ئەنفال و لە دونیای بەناو دیموکراسیشدا تاوانی گەورەی شەنگال، نیشانەیەکی زەقی بێ ئابڕویی دەوڵەتی عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەو دەسەڵاتدار لۆکاڵیانەیە کە جڵەوی مەرگ و ژیانی خەڵکیان بەدەستەوەیە. ڕۆژی ٣ی ئابی ساڵی ٢٠١٤ هێزە فشۆڵەکانی سوپای عێراق و پێشمەرگە لەبەردەم داعش هەڵاتن و ئێزدییەکانی شەنگالیان بۆ چەکدارە درندەو لە ئەخلاق داماڵدراوەکانی داعش بەجێهێشت، کۆمەڵکوژی پیاوان و ڕفاندن و دەستدرێژی سێکسی بۆسەر ژنان و وێرانکردنی ماڵ و حاڵی ئێزدییەکان بووە بە ئازارترین برین بەڕۆحی کوردەوە، ئەگەرچی پەلامارەکە وەک تاوانی دژە مرۆڤایەتی لە جیهاندا دەنگیدایەوە، بەڵام جگەلە ڕشتنی فرمێسکی تیمساحی، هیچ سودێکی بۆ ئێزدییە ستەملێکراوەکان نەبوو کەس بەهانایانەوە نەهات.

ئێزدییەکان قەرزداری کەس نین، بەڵکو دونیاو بەتایبەتیش دەوڵەتی عێراق و حکومەتی هەرێم قەرزداریانن، ئەو خەڵکە بریندارو هەلاهەلابووەی دەستی داعش، بەئیرادەی خۆیان، خەریکی بنیاتنانەوەو ڕێکخستنەوەی ژیانی خۆیانن، دەیانەوێ خۆیان بریندی خۆیان ساڕێژبکەن، کەچی دەسەڵاتدارانی عێراق لەبری ئەوەی شەرم دایانبگرێ و بەئەرکی ئەخلاقی و سیاسی و قانونی خۆیان هەستن، لەبری ئەوەی دەوڵەتەکەیان بەمەرسومێکی کۆماری پارێزبەندییان بۆ دروستبکات و هاوکاری مادی ومەعنەوییان بکات. بەهەمان ئەو سوپایەی لەبەردەم چەکدارەکانیی داعشدا بەزی بوو پەلاماریان دەداتەوە! ئەمە چ مۆرالێکە دەوڵەتدارانی عێراق دەیکەن ؟ بەچ ڕوویەک ئەو سوپایە بۆگیانی ئێزدییەکان پرچەک دەکەنەوە؟ کە لەبەردەم داعش هەڵاتن و چەک و جلیان فرێدا ؟! بەچ چاوو ڕوویەکەوە پەلاماری ئێزدییەکان دەدەن ! دەسەڵاتدارانی عێراق هێشتا زیاد لە داوای لێبوردنێک لەکورد قەرزدارن، کەچی نابەرپرسیارانە هێرش دەکەنەوە سەرشەنگال ! لەوەش بێشەرمانەتر لەیادی کیمیابارانکردنی گۆپتەپەو عەسکەردا؟ ئەوە ئاماژەیەکی تەواو مەترسیدارە!

خەڵکی کوردستان مافی خۆیەتی هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر ئێزدییەکان، بە جێنۆسایدو درێژەپێدەری کۆمەڵکوژییەکەی شەنگال و جێگرەوەی داعش ناوبەرن، فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگەش ئەگەر هەتا ئێستا شەرمیان لە هەڵاتن و بەگورگان خواردنی ئێزدیەکان نەکردووە، هەقە ئیدی شەرم بیانگرێ وبوێری ئەوەیان هەبێت کەهاوکاری سوپای عێراق نەکەن. ئەگەر ئامادەنین شەنگالییەکان و ئێزدییەکان بپارێزن و شەڕیان لەگەڵدا بکەن، هەق نییە ویژدان و ئەخلاقیان ڕێگەیان پێبدات لەگەڵ سوپای فشۆڵی عێراق هێرشبکەنە سەر ئێزدییەکان.

ئەوەی ئەرکی پێشمەرگەو سوپای عێراقە پاراستنی سەروماڵی هاوڵاتیانە نەک وەک سوپای سەدام وداعش نیشتمان وێران بکەن و هاوڵاتییەکانی بکوژن !

فەرماندەکانی پێشمەرگەو سوپای عێراق هەق نییە چیدی ببنە جێبەجێکاری ئەجێندای سیاسی حکومەت و پیاوانی بەرژەوەندی خوازی دەسەڵات و حیزبەکان کە هەتا ئێستا دژبە بەرژەوەندی خەڵکی عێراق و کوردستان سڵیان لەهیچ شەڕو پێشێلکارییەک نەکردووەتەوە.

پەلاماردانی ئێزدییەکانی شەنگال، ئابروی دەوڵەتی عێراق و دەسەڵاتدارانی هەرێمیش لەکەداردەکات، چونکە ئەوەی ئەرکی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراقە بەهانەوەچونی ئێزدییەکانە کە داعش جێنۆسایدی کردوون. ئیدی چۆن دەبێت دەوڵەت کوشتارو مەینەتی زیاتریان بۆبهێنێت؟!

ئەنفالی یەکەم و قوربانیە فەرامۆشکراوەکانی

هۆمەرمحەمەد

لە یەکەم سەردانمدا بۆگوندی یاخسەمر قەپاغی ئەو رۆکێتە ترسناکانە، کە بەلاپاڵی چیاکانی دەوروبەری گوندەوە کەوتبوون سەرنجبەر بوون، هەندێک لەو قەپاغانە هێشتا لەناوگوندو بن دیواری ماڵەکاندا کەوتبوون، دیمەنیان زۆر سەرنج ڕاکیش بوو گوندنشینێک قەپاغی دوو ڕۆکێتی لەسەر یەک دانابوو کردبووی بەکۆڵەکەی خانووی ماڵەکەی. بەداخەوە ئەو ڕۆژە کامێرام پێنەبوو بۆجاری دووەمیش کەسەردانم کردووە زۆربەی ڕۆکێتەکان نەمابوون، بەڵام ئەوانەی کەمابوون سەرو وێنەم لێگرتن، لەبەرگی یەکەمین ژمارەی ئەنفالستاندا وێنەیەکم لەوانە بڵاوکردەوە. بەداخەوە درەنگانێک توانیم سەردانی گوندی یاخسەمر بکەمەوە، ئەوکاتە چیرۆکی ئایشێم نەدەزانی کە پیرەژنێکی تەنیا کەوتووی گوندی یاخسەمرە، ئەوسا چاوەکان هەر لەسەرئەنفالی گەرمیان بوون، بیرورای هەڵسوراوان و چالاکانی بواری ئەنفال بەروکەش و سۆزدارانە تەماشای تاوانی ئەنفالیان دەکردو بەگۆترەکاری و ژمارەی قوربانیەکان پێوانەی ڕوداوەکانیان دەکرد، هەندێکیش لە ئەوروپاوە بەناو ڕوداوەکان دەکەوتن .

بەڵام کاتێک چوومە ناوچیرۆکەکانیانەوەو بەخانەوادەی قوربانیەکانی ئەنفالی یەک گەیەشتم، بەر چیرۆکی تراژیدی کەوتم. کەسوکاری قوربانیەکان بەزۆر لەئۆردوگای پیرەمەگرون و گوندەکانی دۆڵی جافایەتی و شارباژێرو هەندێکیشیان لە سەنتەری شاری سلێمانی نیشتەجێن، وێنەی ترسانکم بینی خەڵکی ئەو دەڤەرە بەگشتی ئەو هەستەیان لەلا گەڵاڵە بووە کە ئەنفالی ناوچەکەیان گرنگییەکی ئەوتۆی نیە، قسەی یەکێک لە قوربانیەکان هێندە کاری تێکردم و هەڵوەستەی پێکردم کە وتی: (هەندێک کەس بێویژدانن پێمان دەڵێن، جا کوا ئەنفالی یەک ئەوەندە خەڵکی تێدا چووە.) ئەمە قسەی ئەحەمەد سێکانی بوو دەربارەی فەرامۆشکردنیان بەڵام بۆمنیش ڕاچڵەکێنەر بوو.

لەسۆنگەی گەڕان و پشکنینمدا مرۆڤی بەهەیبەت و نەفس بەرزم لەناو ئەو خەڵکەدا ناسی، هەروەک بێباکی و خەمساردیشم تێدابینیون، ئەگەر سیاسەت و پلان هەبوایە دەشیا کۆمەڵگەیەکی بەهێز دروست بکەینەوە، بەڵام ئەفسوس دۆخەکە ئەمەیە کە تیایداین . خەڵکی ئەم دۆڵەو شارباژێر و سوراش و ناوچەی مەرگەوکانی تو، لە ئەنفالی یەکدا لە شۆینی خۆیان هەڵکەندراون و ئاوارەی ئێران و سەرسنورەکان بوون، راستە وەک گەرمیانیەکان ژمارەی قوربانیەکانیان بەرچاونیە، هەڵبەت ئەمەش بۆ هەموویان ڕاستنیە بەڵکو هەندێکیان لەوێ بە هۆی سەرماو سۆڵەوە گیانیان لە دەستداوەو هێشتا گۆڕیان ونە یاخود لە ئێران و پەناوپەسیوی چیاو دۆڵەکانیدا بەجێماون. هەشیانە لەناو چۆم و ڕوبارەکاندا ئاوبردوویەتی و هێشتا ئێسک وپروسکیان نەدۆزراوەتەوە، بەرچاوترینیان ئەو دوو پۆلەن کە بەپروپاگەندەی لێبوردنی گشتی فریوی سێخورەکانی بەعس و حکومەتی عێراقیان خواردووەو بەپێی خۆیان هاتوونەتەوە بۆ سەرسنورو لەوێ خۆیان ڕادەست کردووە، هەندێکیشیان هەر لەدەوروبەری گوندەکانیان خۆیان تەسلیم کردبوو، بەڵام هیچیان سەلامەت نەبوون هەموویان گیراون و ئەنفالکراون.

لەناویاندا، کۆمەڵێک ژن ومندالّی خەڵکی گوندی سێدەر بوون ئەوانیش گیران و هەتا ساڵی ٢٠٠٤ بێ سەروشوێن بوون بەڵام لەوساڵەدا ڕوفاتەکانیان لەناوچەی حەزری پارێزگای موسڵدا دۆزرانەوە، دوای ڕوخانی ڕژێم یەکەیەکی سەربازی هێزەهاوپەیمانەکان لەناوچەی حەزەری پارێزگای موصڵ، بۆ چەکی قەدەغەکراو گەڕابوون لەوەدا گۆرێکی بەکۆمەڵیان هەڵدایەوەو هەرزوو دایان پۆشییەوە، بەڵام دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقیان لێ ئاگادار کردبووەوە، دواتر دادگاش تیمێکی پزیشکی دادوەری و تیمێکی گۆڕهەڵدانەوەیان ڕاسپارد بۆئەوەی گۆڕەکانی ناوچەی حەزەر لەموسڵ و دوانی تر لە پارێزگای سەماوە هەڵبدەنەوە، هەتا وەک بەڵگەیەکی یاسایی لەدژی سەرانی ڕژێمی بەعس بەکاری بهێنن.

پاش هەڵدانەوەیان بە هۆی ناسنامەکانیانەوە ناسرانەوەو دوای ئەوەی دادگای باڵای تاوانەکان سودی لە بەڵگەکان و ڕوفاتەکان بینی ڕادەستی وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوانی کردنەوەو لە ساڵی ٢٠٠٧ ڕوفاتەکان هێنرانەوە بۆ قەزای دوکان و بەخاک سپێردرانەوە.

لەناو دۆسێی ئەنفالی یەکەمدا هەزارن چیرۆکی تراژیدی سەرسوڕهێنەر هەیە، ئەوەندەی بۆم کرابێت تۆمارم کردوون، و لەکات وشوێنی جیاوازدا باسم کردون، لێرە دوبارەیان ناکەمەوە، لەناودۆسێی کیمیابارانداخەڵکی شارباژێرو دۆڵی جافایەتی تەواو پەراوێز خراون لەکاتێکدا زۆر گوندنشینی گوندەکانی ئەو دۆڵە بەچەکی کیمیایی کوژراون و بریندارببوون. بۆنمونە هەرگوندی مالومە کیمیاباران نەکراوەو ٣٠کەسێکیان بریندارى کیمیایین.

جێگەی ئاماژەیە رێکخراوی وادی ئەڵمانی پرۆژەیەکی فریان گوزارییان هەبوو بۆبریندارانی چەکی کیمیایی و سەرپەرشی پرۆژەکەیان بەمن سپاردبوو، بەهۆی ئەو پرۆژەیەوە زانیم کە خەڵکێکی زۆر لەبریندارەکانی ئەو گوندانە سودیان لە هیچ بەهاناوە چونێکی حکومەت نەبینیوەو لەبنەرەتەوە وەک بریندار حساب نەکراون، ئەگەرچی سودیان لەو پرۆژەیەی وادی بینی و بەبودجەی رێکخراوەکە دەبران بۆلای دکتۆری شارەکان لە ناویاندا بریندارە ئاورلێنەدراوەکانی شارباژێرو دۆڵی جافایەتیش لێ سودمەند بوون بەڵام ئەوە تەنها هاوکارییەکی کورتخایەن بوو، ئەوان هەتا لەژیاندابن پێویستیان بەهاوکارییە، بەڵام منیش بەهۆی ئەو پرۆژەیەوە دەستم بە زۆربەی بریندارەکان گەیشت و چیرکەکانیانم تۆمارکرد.

لەسەردانێکمدا بۆ گوندی مالومە پیاوێک بەناوی حەمەرەشید زۆر بەسادەیی بۆی گێرامەوە کەوا باوکیان لە چیا بەکیمیایی مردووەو هەتا ئێستاش گۆڕی هەرلەو شوێنەیە و بەتەنیا نێژراوە. هەرلەوگونده دەیان چیرۆکی بریندارانو ئەنفالکراوانم بیست لەوانە خانەوادەکەی قادرەسور کە ئەنفالکراون وچیرۆکی ئەو پیاوەی کە نەخۆشی هۆشەکی هەبووەو لەکاتی گیرانیدا وەک فەرماندەی یەکەمی پێشمەرگە خۆی ناساندووەو سوپاش وەک دەستکەوتێکی گەورە بروسکەیان بۆسەرکردایەتی کردووە کە کەسێکی گرنگیان گرتووە بەڵام لەبنەرەتدا عوسمانی گوندی مالومە بوو کە بەعوسمانە شێت ناسرابوو.

گوندی شاناخسێ بەرچەکی کیمیایی کەوتووەو زۆربەی بریندارەکانی ئەوبۆمبارانە پێشمەرگە بوون چیرۆکی عومەرچاوشین تراژیدی ترین چیرۆکی ئەوبریندارانە بوو کە یاداشتم کردووەو لە ژمارە ٤ی ئەنفالستاندا بڵاوم کردووەتەوە. ئەوەی مایەی تڕامانە حکومەت لەم بریندارانەی نەپرسیونەتەوە.

گوندی هۆمەرقەوم ١٨ گەنجیان ئەنفالکراون ئەوان دەربازببوون بەڵام دوای ئەوەی خۆیان رادەستی برایماغای سەرۆک جاش کردبوو، هەمویانی رادەستی حکومەت کردوو جارێکی تر نەبینرانەوە.

لەسەردانێکماندا بۆ گوندی هەڵەدن لەگەڵ هاوڕێم سمکۆ سابیر چەند شوێن خانوویەکیان نیشاندین، کە تەنها بناغەکانیان مابوو ئەوانە هیچ کەسێکیان دەربازنەبوون .


هەر لەهەڵەدن چیرۆکی پێشمەرگەیەک بەناوی ئیسماعیل گوروون و خانەوادەکەی زۆر بەئازارە ئیسماعیل لەبەرگری و شەڕی ئەنفالدا لەچیای قولەپوشینە شەهید بوو، تەرمەکەشی نەدۆزرایەوە هەر لەو پەلامارەدا ژنەکەی و هەموو منداڵەکانیشی ئەنفال بوون ئێستا ئیسماعیل لەکوردستان گۆڕی ونەو ژن ومنداڵەکانیشی لەبیابان !

هەواره خۆڵ چیرۆکێکی فەرامۆشکراو

زۆربەی بریندارەکانی ئەو دۆڵە دوای دەربازبونیان بەزەحمەتکی زۆر بەناو دۆڵی بەفرگرتووی شێخ محەمەدا گەیشتبوونە ئێران و لەوێ لە ئۆردوگای هەواره خۆڵ لەژێر چادردا نیشتەجێ کرابونەوە، بەڵام ئەوێش پەنایەکی سەلامەت نەبوو، بەڵکو ڕۆژی ١٠ی تەموزی ١٩٨٨ فرۆکەکانی بەعس بە بۆمبی کیمیایی ئۆردوگای هەواره خۆڵی داگرتەوەو بەهۆیەوە کەسێکیان شەهید بوو خەڵکێکی زۆریان بریندار بوون و هەتا ئێستاش بەدەست ئازاری بریندارییەکانیانەوە دەنالێنن. چیرۆک هەندێک لەو بریندارانەم تۆمارکردووە کە بەزۆری خەڵکی مالومەو هەڵەدن و چاڵاوان .

کەچی لە کارنامەی رێکخراوەکانی تایبەت بە ئەنفال و کیمیاباران و کارنامەی حکومەت و تەنانەت لەناو بەرنامەی رێکخراوە تایبەتەکەی دۆڵی جافایەتی و شارباژێریشدا کە وابریارە کاربۆ ئەنفالی ئەو دۆڵە بکەن ، کیمیابارانی هەواره خۆڵ و قوربانیەکانی ئەو تاوانە تەواو ونەو کەس لێیان ناپرسێتەوە .!

ئێمەو میم و دالەکان
نامەیەک بۆ زانکۆکانی کوردستان



هۆمەر محەمەد
٢٠٢٢/٢/٨ – سلێمانی

دکتۆر(ڤیکتۆر فرانکل)تاقانە کەس بوو، کەلەکەمپی (ئاوشفیتس لە پۆڵەندا)هەڵات بەڵام دەستەوسان دانەنیشت، بەڵکو پەرەی بەتواناکانی داو نامەیەکی ئاراستەی مامۆستایانی هەموو جیهان کرد، داوای کرد لە پێشئەوەی خوێندکاران فێری خوێندن بکەن پەروەردەیان بکەن.
منیش بەختی خۆم تاقی دەکەمەوەو لاسایی فرانکل دەکەمەوە، بەڵام نامەکەم ئاراستەی جیهان نیە بەڵکو بۆ زانکۆکانی کوردستانە.
هەندێکجار لە کۆنفرانس و پانێڵەکاندا بۆ ئەنفال و جێنۆسایدە، ڕوبەڕوی قسەیەکی هەڵگری بڕوانامەکانی ماستەرو دکتۆرا دەبینەوە، کە دەڵێن (با بابەتەکانتان زانستی و ئەکادیمی بن) دیوێکی ئەم قسەیە، ڕاستەو پەرۆشی و نیازێکی بونیاتنەرانەی هەیە، بەڵام دیوەکەی تری دڵڕەقانەو بەدکارانەیە، چۆن ؟ چونکە تۆنی دەربڕینەکانیان بەکەم گرتن و پەراوێزخستنی کاری ئەوانی دیە، بەتایبەتی کە بەفیزو پۆزەوە نەک بەڕێزەوە دەیکەن، بیانوشیان ئەوەیە زۆرێک لە نوسەرو چالاکانی بوارەکە هەڵگری بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرانین. ئامانجی ئەم تایپە خود بالایی و نزم بینینی ئەوی دیە. دەنا کەسی ئەکادیمی بە مۆرالّ نەکەس بەکەم دەگرێ و نە چاوەڕوانی کاری ئەکادیمی لەکەسانێک دەکات کە هەڵگری بڕوانامەی ئەکادیمی نین.
لێرەوە بەم نامەیە داوا لەزانکۆکان دەکەم کە، لەبری بڕوانامە بەخشینەوە مرۆڤ سازی بکەن، تکایە بەتەنیشت فێرکردنەوە خوێندکاریش پەروەردە بکەن، ئەمە داوای دکتۆر(ڤیکتۆر فرانکل) بوو، ئەویش وەک دەربازبووە دانسقەکانی ئێمە لەگۆڕی بەکۆمەڵی ئەنفال، لەهۆڵۆکۆست رزگاری بووە، کارەکتەرێکی دانسقەو شایەتیکی دەگمەنی ناو مەرگی دەستەجەمعییە؛ بەڵام بەپێچەوانەی ئەوانەی ئەنفالەوە فرانکل لەناو ئازاردا بەدوای واتادا دەگەڕێت و بەنامەیەک کە ئاڕاستەی هەموو مامۆستایانی جیهانی کردووە بێدەنگی دەشکێنێ و دەیەوێت واتایەک لە ئازاردا بدۆزێتەوە، لەنامەکەیدا دەنوسێ: (چاوەکانی من زۆرشتیان بینی کە نەدەبوو چاوی هیچ مرۆڤێک ببینێ، ژورەکانی گازم بینی کە لەلایەن بە تواناترین ئەندازیارەکانەوە نەخشەی کێشرابوو، پزیشکە لێهاتووەکانم بینی کە بەسادەیی منالّە بێ تاوانەکانیان ژەهرخوارد دەکرد، پەرستارە شارەزاکانم بینی کەبە یەک دەرزی ژیانیان لەمرۆڤەکان دەسەندەوە ..من دەرچووەکانی زانکۆم دەبینی کە بەبێ سڵکردنەوە مرۆڤەکانیان دەسوتاندو بەئاگریان دەسپاردن ...هەموو ئەمانە منیان سەبارەت بەخوێندن و فێرکردن دودڵ کرد! داواتان لێدەکەم کە هەوڵ بدەن لەپێش ئەوەی خوێندکارەکانتان بکەن بە دکتۆر یان ئەندازیار بیانکەن بە مرۆڤ و مرۆڤسازی بکەن...بۆئەوەی ڕۆژێک نەبن بەدڕندەو جانەوەرێکی نەخۆشی خوێنەواری زیرەک! بوون بە پزیشک یان ئەندازیار کارێکی زۆر دژوار نییە، هەموو کەس دەتوانێت بە چەند ساڵێک هەوڵ و کۆشش پێی بگات، خوێندکارەکانتان فێر بکەن کە باشترین و گەورەترین سەرمایەی هەریەکێک لەوان (مرۆڤ بوونە)، کە بەهیچ بڕوانامەیەکی خوێندن لە جیهاندا بەراورد ناکرێت ..بۆیە دەڵێم با پەروەردە پێش فێرکردنبێت.) ئەم نامەیەی فرانکل لەکتێبەکەیدا بەناونیشانی گەرانی مرۆڤ بەدوای مانادا بڵاوبووەتەوە. [5]

[5] نامەکە عوسمان محەمەد وەری گێڕاوەو کتێبەکەی دکتۆر ڤیکتۆر فرانکل (گەرانی مرۆڤ بەدوای واتادا)بەئینگلیزی Man's (Search for Meaning) ڤیکتۆرفرانکل، دروونپزیشک و بەدیهێنەری واتا دەرمانی کتێبەکە بریتییە لە بیرەوەرییەکانی نوسەر ساڵی ١٩٤٦ بڵاوبووەتەوە.ناوەرۆکی کتێبەکە باروبۆخی خۆی و

باش دەزانم کە زانکۆو بڕوانامە، کەس ناکات بە داهێنەرو هونەرمەندو تەکنۆکرات، ئەگەر کەسەکە بەعیشقەوە پسپۆڕییەکەی پراکتیک نەکات هیچ بەرهەمناهێنێ. بەڵام بڕوانامەی زانکۆکان زۆرکەسی کردووە بەساختەچی، چاوەکانی منیش وەک فرانکل رەفتاری کەسانێکی دیووە کە (میم ودال) لەپێش ناوەکانیان دانراوە، هەڵگری ماستەرو دکتۆرام دیوە وەک گورگ وەک دزێکی شارەزا پەلاماری هەوڵ ومانـدووبوونیان داوم و بەپارەو پولی حکومەت لەبەرگی جوان و کتێبی قەوارە ئەستوردا بەناوی خۆیەوە بڵاوی کردووەتەوە ! هەڵبەت خەڵکی تریش هەن مـاڵ وڕەنجیان دزراوە، منیش وەک ڤیکتۆری فرانکل ئێسک و پروسکی قوربانیانی ئەنفال و شەهیدانی هەڵەبجەم دیوە کە(دال ومیم) هەڵگرەکان کردویانن کاڵای بازاری کۆنفرانسەکان یاخود پاسەپۆرتی ئیفادو گەشت و سەفەر.

تکایە خوێندکارەکانتان بە میتۆدی مرۆڤسازی پەروەردە بکەن، بابزانن مەرج نیە ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرانین کارەکانیان نازانستی بێت، رەنگە بەشداری ۆرکشۆپێک، خولێکی فێربوون لە بواریکدا بەس بێت بۆئەوەی مرۆڤ بخاتە سەر ڕێگای زانستی و کاری باش ئەنجام بدات. خۆکەمیش نین مرۆڤی نەخوێندەوارو سەرکەوتووی بواری جیاواز هەر لە بیناسازو جوتیاری بەئەزمونەوە بیگرە هەتا بە جەراح و پزیشکی کوردەواریی و نوسەرو شاعیرو هونەرمەند دەگات، بەبێ ئەوەی ڕۆژێک چوبنە قوتابخانە "کێ دەیەوێت زیاد لە نمونەیەکی دەخەمە بەردەست."بەشبەحاڵی خۆم هەتا بۆم دەکرێت بابەتیانەو زانستیانە کارەکانم ئەنجام دەدەم، بەرپرسیارانە چیرۆک و بەڵگەکان شیکارو تۆمار دەکەم. بائەوەش بڵێم هەمیشە ئاواتم بووە مافناس و یاسا ناس و نوسەرە دیارەکانی کورد لەم دۆسێیەدا هێندە کارا بوونایە دەرفەتێکیان بۆ ئێمەو مانان و خەڵکی نەشارەزا نەهێشتایەتەوە دەربکەوین و ئێمەش بەکاری خۆمانەوە خەریک بوینایە.

باشە بۆچی تۆێژینەوەکانی ئێمە زانستی نین ؟

باشە بۆ کارەکانی من یان یەکێکی تر گومانی نازانستیان دەخرێتە سەر؟ لەکاتێکدا بەدوای بەدەستهێنانی زانیاری باوەڕپێکراودا چووبم؟ بەوردی پشکنینم کردبێ؟ زانیاری نوێم خستبێتەڕوو؟ بۆنمونە دەربارەی ئەنفالکردنی گوندێک و بەسەرهاتی خەڵکەکەی، هەتا توانیومە بنەما زانستیەکانم لەبەرچاو گرتووە لە(گەڕان وپشکنین، زانیاری نوێ و باوەڕپێکراو، وردەکاری و ڕاستگۆیی و ئاشکراکردنی بەڵگەی ساختەو ساغ کردنەوەیان). بەپێچەوانەشەوە هەڵگرانی دال ومیم دیوە بێ زمان و بێ زانیاری بەناوکەوتووەو نەهیچی نوێی وتووە و نەنادیارێکی کردووە بەدیار؟ ئەوەی مافی قسەکردنی پێداوە پارچە کاغەزێکی زانکۆیە بەناوی بروانامەی زانستی و تەواو.

بەڵام ئەفسوس، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ماندووبوون و حسابکردن بۆ هەستی نوسەرانی بواری جێنۆساید، بەردەوام لە کۆڕو سیمنارەکاندا ئەم هەستی خود بڵندییە نیشان دەدەن، یاخود باس و توێژینەوەکانیان جا هەرچەندێکیش لاوازبێت دەخرێنە پێش باس و توێژینەوەی ئێمەو مانان گوایا ئەوان گرنگترن چونکە ئەکادیمین. !

بەشبەحاڵی خۆم ئەگەر بەدواداچون و توێژینەوەکانم زانستیش نەبووبن و ڕێبازو میتۆدی زانستیم بەهەند نەگرتبێ، بەتایبەتی لەروی فۆرمات و کلێشەسازی و لە قاڵبدان و لەچوارچێوەناندا، بەڵام ئەوەی خستومەتە ڕوو جا بەسیمنار بووبێت یان بەچاپ و بڵاوکردنەوە، بەدەر نەبوون لەهەوڵدانی جدی و وردو ئامانجدار، هەمیشە هەوڵمداوە زانیاری ڕاست بخەمە ڕوو چونکە بەدەر لە دیوە زانستیەکەی دیوە ئەخلاقیەکەی بۆمن بایەخدارتر

قوربانییەکانی ئۆردوگای کاری زۆرەملێی نازییەکانی ئاڵمان لە ماوەی شەڕی جیهانیی دووەم لەخۆدەگرێت، لەم کتێبەدا فرانکل وەکو دەروننـاسێک گرینگی بە دۆزینەوەی واتا بۆ ژیان لە ناخۆشترین بارودۆخی ژیانی مرۆڤدا دەخاتەڕوو و هاوکات لەگەڵ گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی هەوڵ دەدات ڕوانگە نوێکەی لە دەروونناسیدا (واتا دەرمانی) ڕاڤە بکات.ئەم کتێبە هەتاسـاتەوەختی مردنی ڤیکتۆرفرانکل زیاتر لە٩میلیۆن دانەی لێ فرۆشراو سـاڵی ١٩٩٧ لە ئەمریکادا وەرگێڕدراوەتە سەر ٢٤ زمانی دنیا.پەراوێزەکە لەکوردی پیدیا وەرگیراوە

بووە. بڕوام وایە هەر نـاراسـتی وتنێـک یـاخود هەر درۆکردنێک بەدەم ئەنفالەوە یاخود بەدەم شـایەتحاڵ و سـاختەکردنی بەڵگەنامەوە کۆی دۆسـێکە دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

کاری نازانسـتی چییە جگەلەوەی کارەکەت خاڵی بێت لە زانیاری و ئامارو بەڵگەو فۆتۆ و تایبەتمەندێتی نوسـینی تۆێژینەوە.؟ لەراسـتیدا خاڵی خاڵی لاوازی هەرنوسـین و بەداداچونێک ئەوەیە زانیاری بەدەست نەهێنی و هەرئەوە بجویتەوە کە پێشتر کەسی تر خستوویەتیە ڕوو. چ جای ئەوەی زانیاری کەسـانی تر بەکاربهێنی و پابەند نەبیت بەیاسای کۆپی ڕایتەوەو زانیاری خەڵک بەریت بۆخۆت.

بەڵام هێشـتا پشـتیوانی تایپی یەکەمی بڕوانامەدارەکان دەکەم، چونکە ئەگەر کەسـێک دەربارەی ئەنفال بنوسـێ و هەرەمەکی خەریکی گشتاندن و قسە فڕێدانی بێبنەما بێت و هەرچی بەباش زانی و هەرچی بەدەمیدا هات بیخاتە ڕوو، بەبێ لەبەرچاوگرتنی مۆرالْ و بنەماکانی نوسـین، ئەوا کارەکەی نازانستی و کرچ وکاڵ دەبێ و بە پرۆسەی بەدەسـتهێنانی زانیاری و دیاریکردنی کێشـەدا ناڕوات، ناتوانێت دیاردەیەک بناسێت و لێی تێبگات چ جای ئەوەی بە خوێنەرو بیسـەری بناسـێنێ و تێیبگەیەنێت بەدوای چییەوەیەو چی لەوی دی بگەیەنێت.

بەڵام کەم نین هەڵگرانی مـاسـتەرو دکتۆرا بەڕێزو سـتایشـەوە پێشـوازی لەکارەکانمان دەکەن، یاخود هێندە ڕوخۆش و کراوەن ئێمەش بتوانین پرس وڕایەکیـان پێبکەین و لەکوێ بەهەڵەدا چووبووین دەسـتمان بگرن و بمانخەنەوە سـەر ڕێگە ڕاسـتەکەی نوسـینی زانسـتی و دیەیتی ئەکادیمی.

پێشـکەوتنی زانکۆکان و کۆمەڵگاکـان بەنـدە بەڕادەی گرنگیدان بەتوێژینەوەی زانسـتی و ئەو بودجەیەی بۆی تەرخـانکراوە، هەتـا وەک پشـتیوانی و هـانـدان تۆێژینەوەکەی پێ ئەنجام بدرێت، بەڵام کوا ئەو گرنگیدانە بە تۆێژینەوەی زانسـتی؟ کوا سـەنتەری تۆێژینەوە بۆ جێنۆسـاید ؟ ئێمە کە بەپارەو پولی خۆمان ئەوەندەمان کردووە وەک پشـتیوانیمان ناکەن، هەق نییە بێڕێزیمان پێبکەن.

کەسـانێک کەلەبواری جێنۆسـاید کاردەکەن جا هەڵگری هەربڕوانـامەیەک بن یـان نەبن، مەرجە خـاوەن مۆرالێکی باش بن و بڕوایەکی قوڵیان بەمافی مرۆڤ هەبێت، چونکە ئەنفال و جێنۆسـاید گەورەترین پێشـێلکاری مافی مرۆڤ بوون.

١٦ی ئایار ڕۆژی گۆڕی بەکۆمەڵ لەعێراقدا.

ڕۆژی ١٦/٥/ ٢٠٠٣ لەناوچەی محاویلی پاریزگای بابل، گەورەترین گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزرایەوە، ئەوە دۆزینەوەی یەکەم گۆڕی بەکۆمەڵ بوو لەعێراقـدا، بۆیە ئەنجومەنی نوێنەران -پەرلەمان- ئەورۆژەی بەفەرمی ناساند.

هەڵـبەتە ئەوە یەکەم گـۆڕو دواگـۆڕی بەکـۆمەڵ نەبـوو، پێشتریش هەر لەسالّی ١٩٩١ بەتایبەتی لەکوردستان هەتا ئێسـتاش بەردەوام لێرەولەوێ ولەم شـارو ئەوشـارو گونـدەکـانیـان بەردەوام گۆڕی بەکۆمەڵ دەدۆزرێنەوە، ئەوانەی لەکوردسـتان دەدۆزرێنەوە بەزۆری قوربانیانی کیمبارانن یاخود ئەو گەنجانەن کە گوللەبارانکراون یان لەژێرئەشـکەنجەدا مردون . ئەوانەشـی لە پارێزگاکانی خواروی عێراق دەدۆزرێنەوە بەزۆری قوربانیەکانی کوردن و زۆربەشیان ئەوانەن کە لەسـالّی ١٩٨٨ لەگوندەکانیاندا داگیراون و ئەنفالکراون و لە شـوێنی جیاوازی عێراقدا بەکۆمەڵ گوللەبـارن کراون و ژێرخۆڵـدراون، یـاخود ئەو عەرەبە شیعەمەزهەبانەن کە رژێمی بەعس بەنەیاری دەوڵەت تۆمەتباری کردوون و بەشـیوازی جیاواز لە بیابانەکانی خواروی عێراقدا کوشـتوونی، ئەوانەی تریش بارزانیەکان و فەیلیەکان و ئەوزیندانیانەن کە رژێم لە سـێدارەی داون یان گوللەبارانی کردون. جگەلەوانە لە ئێستادا دەیان گۆڕی بەکۆمەڵی ئێزدییەکـان لەپـارێزگـای موسـڵ و قەزای شـەنگالیش هەن و جاربەجار دەدۆزرێنەوە یان لەلایەن تیمەکانی هەڵدانەوە ڕوپێودەکرێن وهەڵدەدرێنەوە.

جگەلەو قوربانیانەی دەسـتی رژێم، جۆرێکی تری گۆڕی بەکۆمەڵ هەن لە سـەربازانی عێراق و ئێران و قوربانیانی دەسـتی گروپە تیرۆرسـتیەکان و جاربەجار دەدۆزرێنەوە، کەهێشـتا ڕوون نییە ئەوانە چۆن و کەی گوللەبارانکراون یان بەهۆی تر گیانیان لەدەستداوە.

ئەمرۆ یادی کیمیابارانی گۆپتەپەو عەسکەربوو.

هۆمەر محەمەد


٣٤ساڵە ئەو تاوانە گەورەیە رویداوە و ٣٠ ساڵە دەسەڵاتی بەعسیەکان لەکوردستان نەماوە، بەحساب ٣٠ ساڵە یادی شـــەهیدانی کیمیاباران و ئەنفالکراوان دەکرێتەوە! کەچی هێشـتا ئەم یادکردنەوەیە هیچی لێشـین نەبووە! بۆچی ؟ چـونکە یـادێـکـی راســـتەقـینەی ئەو خەڵکە هەژارە نەکراوەتەوە، کە ئێواری ٣ی ئـایـاری ١٩٨٨ بەچەکی کیمیـایی لێیـانـدراو بەکۆمەڵکوژران و ئەوانەی تریش رۆژانی دواتر بەزەبری هێزی جاش وســـوپا کۆکرانەوەو بەکۆمەڵ لە بیابان کوژران !..

ئەمرۆ لەم یـادەدا تەنهـا روی قســـەم لە حکومەت و دەسەڵاتداران نییە، بەڵکو لە خەڵکی کوردستان و تەنانەت خودی کەســوکاری شـــەهیدەکان و ئەنفالکراوەکانیشـــە.. بەهیوام دۆســـتـانە قســـەکـانم وەربگرن و خراپ بۆم ئەژمارنەکەن .

بەداخەوە نەخەڵکی کوردســـتـان و نە دەســـەڵاتدارانی هەرێمەکەشـــی لەئاســت وەفاداری قوربانیە زۆرەکانی ئەو تاوانە گەورەیەی ئەنفال وکیمیابارانداً نەبوون، ئەوخەڵکەی بەهەوای ســیاســیەکان هەڵدەپەڕی و بەبانگەشـــەی ئەوان شـاگەشـکە ببوو، هەر بەبڕیاری ئەوانیش چوونە لەیەکتری چونە ســـەنگەرەوە، پشـــتیان کردە مافی شـــەهیدەکان وئەنفـالکراوەکـان و چـاویـان لە ســـتەمکـاری حزب و دەسەڵاتی کوردی پۆشی نە تۆمەتبارانیان راکێشایە بەردەم دادگا و نەبەعسـیزمیشـیان لە کوردسـتان ریشـەکێشـکرد، ئەوە دەرئەنجـامەکەیەتی کە حکومەت و حزبی کوردی ریزەکانیان پڕکردووە لە جەلادو کۆنەبەعســـی .. وێنەی هەرێمی کوردســتانیان لە ئاســتی دونیادا ناشـرین کرد.

لەهەرێمێکدا دەژین نەیاسای هەیەو نەخزمەتگوزاری!

لەوەش بەئازارتر بێباکی کەســـوکاری شـــەهیدەکان و ئەنفالکراوانە بۆ یادکردنەوەیەکی شایان بەو هەموو خەڵکە بێ گوناحەی کوژران و ئەنفالکران ئەو هەموو ژن ومنداڵ و پیرەمێردو پیرەژنەی هیچ دەســـەڵاتێکیـان نەبوو لە هەڵایســـانی شـــەڕدا، دەوڵەت و حزبی کوردی خۆیان بڕیاردەری شـــەڕوئاشـــتی بوون.. کەچی باجەکەی هەر



ئەوخەڵکە بێدەســـەڵاتە دایان و بەرهەمەکەشـــی هەر ئەوانە خواردیان کەبەشێکن لەتاوانە گەورەکە .

دەنـا وەک حکومەت هیچی لەبـاردا نەبوو، خۆ خەڵکەکە دەیانتوانی وەفاداری کەســـوکارەکەیان بن. خۆدەیانتوانی لەدەروازەی گوندەکانیان ناوی هەموو ئەنفالکراوەکانیان بنوســـن. خۆ دەیانتوانی لەگەڵ دروســتکردنی قوتابخانەو مزگەوتەکانیاندا هۆڵێک هەرهیچ نەبێت ژوورێکیان هەبێت بۆ کۆکردنەوەی ناوو وێنەو هەرشتێکی لەپاش بەجێماویان .. ئەی بۆ نایکەن ؟ بۆنەیانکردووە ؟ چی تێدەچوو ؟ ئەی ئێســـتاچی تێدەچێت ؟ هەرهیچ نەبوایە وەک رێزلێنانێک هەر لەو موچەیەی شـــەهیدو ئەنفالکراوەکانیان بەبڕێکی زۆرکەم و بەکاری هەرەوەزی دەیانتوانی هەمووشـــتێک بکەن، هەرهیچ نەبێت هەرکەســـەو بەتەنیشـــت دەرگای مـاڵەکەیەوە نـاوی ئەنفالکراوەکـانی بنوســـێت، دەتوانن لەدەروازەی گوندەکانیان ناوی هەموویان بنوســـن و لەهەر گوندێکیش هۆڵێک یان ژوورێک بۆ یادەوەرییان دروســـت بکەن .

بەبروای من ئەوەبکەن باشـترین یادکردنەوەیە هەم رۆحی مردوەکان ئاســـودە دەکەن و هەم ناکەونە بەردەم تانەی نەوەی داهـاتووو، ئەم کـارە بۆخۆتـان ئـابرومەنـدی گوندەکانیشـتان جوانترە. خۆزگە لەهەر گوندێک فەرحان ســـلێمانێک پەیدابووبو، کەلەگوندەکەی خۆی ناوی هەموو ئەنفالکراوەکانی لەســـەردیوارێک نوســـیوە، یان وەک گوندەکانی بنەکەو نەوجولیان دەکرد.

با سەرکردەکانی جیهان، کاربکەن



نادیا موراد

دەکرێت گۆڕانکاری لە شتی زۆر بچووکەوە دەستپێبکات کە هەرپێشبینی نەکرێت. من تێگەیشتووم ئەوە حەقیقەتە، چونکە ژیانم لەماوەی چرکەساتێکدا گۆڕا. لە ساتەوەختێکدا من کچی جوتیارێک بووم، کە لە لادێیەکەی خۆمان لە باکووری عێراق دەچوومە قوتابخانە، بەڵام دواتر بوومە کۆیلەی سێکسی لەلای داعش، و لەلایەن چەکدارەکانەوە خاوەندارێتی دەکرام.

ژیانی ئارامیی من بەتەواوی وێران بوو، چونکە بیروباوەڕی ئاینی من لەلایەن گروپێک لە پیاوەوە بە بیروباوەڕێکی پلەدوو لەقەڵەم دەدرا و ئەوەی خۆیشیان بە ئاینێکی باڵا دانابوو. داعش خاوخێزانەکەمی کوشت و دەستگیریکردم، ڕووبەڕووی دۆخێکی تۆقێنەربوومەوە کە هەرگیز پێشبینیم نەدەکرد و هیچ کاتێک نەمدەتوانی خۆڕاگربم و تاوەکو دەهات هەستم بە دڕندەیی زیاتر دەکرد.

چیرۆکەکەی من جیاواز نییە. من تەنها کچێکی ئێزدی نیم. تیرۆری داعش بەسەر هەموماندا دابارى. تەنها لێزمە بارانێک نەبوو، بەڵکو زریان و تەرزەبوون کە ڕوویان کردە کۆمەڵگاکەم، و هەموو شتێکیان خاپوور کرد. بەپێی پلانێکی وردو درشت: داعش پلانی ڕیشەکێشکردنی ئێزدییەکانی هەبوو. داعش پلانی جینۆسایدێکی هەبوو.

کاتێک هاتن بۆ لادێیەکەی من، پێموانیە کە هیچ کەسێک لەوبڕوایەدا بووبێت کە پلانی ڕیشەکێشکردنی هەموو ئێزدییەکانیان هەبووبێت لە عێراق. من کچێکی گەنج بووم، هەرلەبەرئەوەیە کە دەکرێت تازەپێگەیشتووەکان تێگەیشتنێکی زیاتریان هەبووبێت لەبارەی ئەوەی کە چی ڕوودەدات، بەڵام پێمواید هێشتا ئەوانیش لەوە تێنەگەیشتبوون. تەنانەت ئێستاش، خۆم سەرم سوڕماوە لە دۆزینەوەی ئەو ڕاستیەی کە چی ڕوویداوە. سەختترین بابەت کە قبوولکردنی زۆرسەختە ئەوەیە کەجیهان تەماشای ئێمەی دەکرد و هیچی نەکرد.

جیهان لەوە تێگەیشتبوو کەکۆمەڵگای ئێزدی لەژێر هێرشدایە—من ئەوەدەزانم چونکە دەمبینی تازەپێگەیشتووان پەیوەندییان بەخەڵکی ولاتانی دیکەوە دەکرد. ئێمە هەواڵەکانمان لەسەر تەلەفزیۆن بینی بەرلەوەی وەکو ئەوەی ئاژەڵێک بۆسەر برین پەلکێش دەکرێت بەوشێوەیە لەماڵەکانمان پەلکێش بکرێین. بەڵام هێشتا کەس نەهات بەفریامانەوە.

بەڵێ، سەرۆک ئۆباما بڕیاری هێرشی ئاسمانی لەدژی داعش دەرکرد، هێلیکۆپتەرەکان لەسەر چیای شەنگال خۆراکیان فرێدا، بەڵام ئەوانە ڕێگر نەبوون لەو جینۆسایدەی ئەنجامدرا. کاتێک تەماشای ڕابردوو دەکەم، گەیشتوومەتە ئەودەرئەنجامەی کەهیچ کەسێک پەرسیارێتی ڕاستەوخۆی هەڵنەگرت لەپاراستنی ئەو پێکهاتە بچووکەی کەبوویە قوربانی توڕەیی داعش. هەربۆیەشە ئەگەر هەست بە پەرسیارێتی نەکەیت، ئەوا هیچ کاردانەوەیەکت نابێت.

من لە خێزانێکی گەورەدا بووم، کە خۆشەویست بووین، و لە 20 کەس پێکهاتبووین. ئێمە بەسادەیی دەژیاین، بەڵام دڵخۆشبووین، و لەگەڵ ئەو دراوسێیانەشماندا هەڵماندەکرت و گونجابووین کە ئێزدیش نەبوون. زۆر سەختە بەلامەوە کە بیر لەو ڕۆژە خۆشانە بکەمەوە، چونکە دەزانم هەرگیز خێزانەکەم یەکناگرێتەوە، داعش دایکم، و شەش برا و چەند برازا و زۆرێک لە خوشکەزاکانیان کوشتم.

زۆر سەخت بوو بەلامەوە کە بڕیار بدەم چیرۆکەکەی خۆم باس بکەم، هیچ کەسێک نایەوێت ئەو تۆقاندن و ڕووداوە ترسناکانە بە ئاشکرا باس بکات. من بڕیارمدا کە قسە

بکەم، چونکە بڕوام وابوو کە جیهان پێویستە ڕاستییەکە بزانێت و ئامانجم بەدیهێنانی دادوەرییە. من ویستم داعش بەرپرسیار بکرێت. ئەگەر ئێمە نەتوانین ئەوە بەدی بهێنین، بەهەموو ئەو بەڵگانەی کە هەن و ئەو سیستمە دادوەرییەی کە هەیە، کەواتە ئێمە گڵۆپی سەوزمان بۆ ئەو گروپانە داگیرساندووە.

لەکاتی ڕاکردنمدا، لەوبڕوایەدابووم کە جیهان تەنانەت ئاگاداری ئەو ڕووداوە تۆقێنەرانە نەبووە کە بەسەر کۆمەڵگاکەی ئێمەدا هاتووە. پێموابوو ئەگەر ئەوەیان بزانیایە، ئەوا سەرکردەکانی جیهان کاردانەوەیان دەبوو و ئێزدییەکان ڕزگار دەکران. بەداخەوە، بەوشێوەیە نەبوو. ڕزگاربوون بەمەبەستێکی دیکە بەدیهات و لەناچاریدابوو. من گەشتم بۆ جیهان کرد بۆ داواکردنی عەدالەت، داوام لە سەرکردەکانی جیهان کرد یارمەتی ئەو ئێزدییانە بدەن کە هێشتا ماونەتەوە و پێویستییەکی زۆریان بە پشتیوانی هەیە. داخوازییەکانم بەدیهێنران بە دەربڕینی هاوسۆزی، بەڵام کارێکی کەم ئەنجامدرا. زیاتر لە سێ هەزار ژنی ئێزدی هێشتا لەژێر دەستی داعشدان. زیاتر لە ٣٠٠ هەزار ئێزدی لەبارودۆخێکی زۆر خراپ و سەختدا دەژین لە کامپەکانی پەنابەران لە هەرێمی کوردستانی عێراق، بەبێ بوونی پێداویستییە بنەڕەتییەکانیان.

ئێزدییەکان دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ شنگال بەڵام داعش هەموو شتێکی وێران کردووە. ئێمە داهاتوویەکی ڕۆشنمان بۆ منداڵەکانمان دەوێت، بەڵام هەرگیز ناتوانین ئەوە بەدی بهێنین مەگەر شنگال (نیشتمانی ئێزدییەکان) دووبارە بنیاتبنرێتەوە. تەنانەت ئێستاش، داعش لە چەند ناوچەیەک خۆی ڕێکدەخاتەوە، بۆنمونە لە لیبیا.

شتێکی نادادوەرانەیە ئەگەر بڵێین لەدوای دەربازبوونمەوە هیچ شتێک نەگۆڕاوە. زۆرێک لە حکومەتەکان دانیانناو بە جینۆسایدی ئێزدییەکانیاندا، کە ئەوە شتێکی بچووک نییە. هەندێک پێشکەوتنی سنووردار لەسەر ئاستی واقعی ئەنجامدراوە. بەڵام پێویستییەکی خێرا هەیە بۆ یارمەتیدانی جدی مرۆیی. چیتر دەربڕینی هاوسۆزیم ناوێت. دەمەوێت سەرکردەکانی جیهان کاربکەن.



پشتگوێخستنێکی ئارام و بەدینەهێنانی جیاوازی مایەی قبوولکردن نییە.

هەندێجار خەڵکی پرسیار دەکەن کە بۆچی من پرۆژەی دەستپێشخەری نادیەم دەستپێکردووە. بۆئەوەبووە کە گۆڕانکاری دروستبکەم، بۆهەڵگرتنی بەرپرسیارێتی. ئاواتی من ئەوەیە ٢٠١٩ ئاشتییەکی تەواو بۆ ناوچەکەمان بێت و ژیانی خەڵکی ئێمە بگۆڕێت. بەڵام لەوەش تێگەیشتووم کە ئەو هیوایە مەترسیدارە.

چەندین ساڵ دەبێت تا ئێستا، ئێزدییەکان تەنها هیوایان هەبووە، کە جیهان کاردانەوەی هەبێت، کە بگەڕێنەوە بۆ نیشتمانی خۆیان، هیوای ئەوەیان هەبووە کە خزمەتگوزاری تەندروستیان هەبێت و منداڵەکانیان فێربکرێن و بخوێنن. بەڵام هیوا ڕۆژێکی بەسەرچوونی لەسەرە.

پێموایە دەتوانین ئێمە ئەو هیوایە بپارێزین، ئێمە دەتوانین شنگال بنیاتبنێینەوە و هاوولاتیانی ئێزدی بچنەوەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان. ئەوە ئەرکێکی زۆر سەخت نییە، بەڵام بۆ بەدیهێنانی پێویستە تەماشای ڕابردوو بکەین بزانین چ شتێک دابەشمان دەکات. با هیوا و ئاواتەکانمان یەکمان بخات. با مرۆڤایەتی یەکمان بخات.

گۆڕانکاری دەکرێت ڕووبدات و لە چرکەساتێکدا ڕووبدات. هیوای من ئەوەیە کە گۆڕانکاری لە ٢٠١٩دا ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵەیە بێت کە لە ٢٠١٤دا ڕوویدا، کە ساڵی جینۆسایدی ئێزدییەکان بوو.

نادیە مورادلەگەڵ دکتۆر دێنیس موکوێگێ براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتییە بۆ ٢٠١٨. دواهەمین کتێبی لەژێر ناونیشانی "دواهەمین کچ: چیرۆکی دەستبەسەرکردنم، و جەنگی من دژی داعش" لەلایەن کۆمپانیای بڵاوکردنەوەی ڤیراگۆ بڵاوکراوەتەوە.

پرۆفیسۆر هیلین فاین!
کۆچی دوایی کرد



بەداخەوە کۆمەڵناس و پرۆفیسۆری بەناوبانگی بواری جینۆساید و مافی مرۆڤ و توندوتیژی بەکۆمەڵ، دکتۆر هیلین فاین(Helen Fein) ، لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

هیلین فاین، لەساڵی ١٩٣٤ لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدایکبووە . ڕۆژی ٢٣ی ئایاری ٢٠٢٢ کۆچی دوایی کرد.

لەبارەی ئەم پرۆفیسۆرەوە د. ئیبراهیم سدیق نوسیوێتی: هیلین فاین، نووسەر و سەرنووسەری چوار کتێب و مۆنۆگرافە، پێشتر هاوبەشی بەرنامەی ئاسایشی نێودەوڵەتیی بووە لە (زانکۆی هارڤارد).

دامەزرێنەر و یەکەم سەرۆکی (کۆمەڵەی نێودەوڵەتی زانایانی جینۆسایدە).

بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پەیمانگای لێکۆڵینەوە لە جینۆساید بوو لە (زانکۆی شاری نیویۆرک).

ئەم بیریارە بەناوبانگە یەکێکە لە کۆمەڵناسە گەورەکانی بواری جینۆساید و خاوەن دیدی تایبەتی خۆیەتی و یەکێک بوو لە سەرچاوە سەرەکییەکان بۆ هەموو شارەزایان لەو بوارەدا . یەکێک لەبۆچوونە بەهادارەکانی دەربارەی کەسی دەستنیشانکراو دەڵێت : (کەسی دەستنیشانکراو لەهەر باڕێکدا بێت هەر دەکوژرێ چ بەرەنگاری بکات یان خۆی رادەست بکات) ئەم بۆچونەی بەتەواوی بەسەر قوربانیەکانی ئەنفال و ئێزدییەکانی شەنگالدا جێبەجێکران .

خاوەنی کۆمەڵێک توێژینەوەی گرنگە، وێڕای ئەو کتێبانەی خوارەوە: چاودێری جینۆسایید، ١٩٩٢.

جینۆساید: ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسی، ١٩٩٣


ژمێریاری بۆ جینۆساید، ١٩٧٩

ماف و هەڵەکانی مرۆڤ، ٢٠٠٧

هەرلەبارەی ئەم مرۆڤە گەورەیە د. ئیبراهیم دەنوسێت: هیلین وەکو نموونە لە کتێبەکەی (جینۆسایید، ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسی)، ئاماژەی بە جینۆسایدی کورد لە عێراق، کردووە، بەڵام نەچۆتە ناو وردەکاری.

کەر بەرەڵایەو شەڕ لەگەڵ کورتان دەکا

هۆمەر محەمەد



کتێبەکەی تاوانبار سوڵتان هاشمم لە پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب لە سلێمانی بینی، نامیلکەیەکی بچکۆلەی بێ قەوارەو بێ هەیبەت بوو، دەستم دایەو مامەڵەم کرد، کابرای فرۆشیار پیاوێکی باریکەلەیەکی باڵابەرزو ڕەشتاڵەو ڕوخۆش بوو بەدەم تەماشاکردنمەوە بەزمانی عەرەبی وتی :

-خمسة الاف، ٥٠٠٠ هەزاردینار.

بەرلەوەی هیچ وەڵامێکی بدەمەوە دیارە لەدەموچاومدا نیگەرانی خوێندووەتەوە، بۆیە بەزەردەخەنەیەکەوە پرسی :

-بۆچی استانی گرانە ؟

-وەڵامم دایەوە:

نەک کتێبەکەی بەڵکو خودی خۆشی یەک دیناری تەبعی عێراقی ناهێنێ، دەزانی بۆ؟

-بۆ ؟

-لەبەرئەوەی ئەم پیاوە هەرجەلادی کوردەکان نەبووجەلادی عەرەبەکانیش بوو بەتایبەتی هی شیعەکانی خواروو دانیشتوانی ئەهوارەکان، نەک هەر ئەوەندە بڕوابفەرموو جەلادی مرۆڤ و باڵندە و ئاژەڵەکانیش بوو.

سەرێکی باداو وەڵامی نەدامەوە..

بەڵام بەچی دەچێت کتێبیان قەدەغەبێ و خۆیان لەهەرێم ئازادبن، دەبوو لەروی سیاسی وئەخلاقییەوە نەک هەر لەکوردستان لە عێراقیشدا ئەمانە بەیاسا ڕەفتارو کلتوریان قەدەغەبێت. چونکە تاوانباری جەنگ وجێنۆسایدن.

دەبوو هۆشیاری کۆمەڵایەتی لەئاستێکدا بێت کەس حساب بۆ قسەو نوسین وکتێبیان نەکات..


ئێ کتێبۆکەیەکی سوڵتان قەدەغە دەکەن، بەڵام کورەکانی سوڵتان لەسەر قەڵای هەولێر، سیڵفی دەگرن. بیری شۆڤێنیزمی عەرەبی لەسەردەمی بەعس خراپتر خەریکی تەعریب کردنمانەو بێدەنگ دانیشتوون. مادام هەر قەدەغەتان کرد، فەرموون پێشانگاکە پڕە لەو کتێبانەی سەرچاوەو ڕیشەی فاشیزمێکن، کەبەعس وداعشیان بەرهەم هێنا. فەرموون بزانن کامیان کڕیاریان زیاترە ؟

ئێ ئەوە خلوسی ئاکار دان بەبوونماندا نانێ و دۆستێکی لەکوردستان ناوێرێ ئەلفێکی لەسەر بڵێت.

بەراستی بەلامەوە سەیربوو، هاوکات جێگەی نیگەرانیشم بوو، کەوەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەهەڵاوهوریای چەند قەڵەم بەدەستێک بڕیارێکی دەرکردبوو، تیایدا کتێبەکەی لەپێشانگەکەدا قەدەغەکردبوو! ئەو بڕیارە هیچ پێویست نەبوو بەتایبەتیش کە ڕێگرتن لەچاپەمەنی بەنارەوادەزانم . سەیرلەوەدایە کورەکانی ئەنم جەلادە لەهەولێرشاهانە دەژین کەچی دیداری مردوویەک یاساغ دەکەن.

خەزرەجی لە لاپەڕەکانی ئێستاوڕابوردودا

هۆمەر موحەمەد



١٠ی ئایاری ٢٠٢٢ -سلێمانی

فەریق نزارعەبدولکەریم ئەلخەزرەجی لەسەروەختی ئەنفالدا سەرۆکی ئەرکانی سوپابووە، تۆمەتبارە بەتاوانی ئەنفال و کیمیابارنکردنی شاری هەڵەبجەو بەهۆیانەوە داواکراوێکی دادگایە، پاش بڵاوکردنەوەی یاداشتەکانی لەکەناڵە عەرەبییەکان بەگرنگی پێدانەوە دەردەکەوێتەوە و نابەرپرسیارانە قسە لەمەڕ ڕوداوەکانی ساڵی ١٩٨٨ دەکات و ڕاستیەکان دەشێوێنێ، ئەگەرچی پێش ڕوخانی ڕژێمی سەدامیش ڕێکخراوی میدڵ ئیست ۆچ لەڕاپۆرتەکەیاندا ساڵی ١٩٩٣ تاوانەکانی بەعسیان دەرهەق بەکورد وەک جینۆساید سەلماندبوو، ساڵی ٢٠٠٧ -٢٠٠٨ دادگای باڵای تاوانەکان لەعێراق بە بەڵگەو شاهید دۆسێکانی یەکلایی کردەوەو بڕیاری لەبارەوەداوەو هەندێک لەتۆمەتبارەکانیشی سزاداوە، بۆیە خەزرەجی بەقسە ناڕاستەکانی ناتوانێت ڕاستیەکان بشارێتەوە، بەڵکو گرنگترین ئارگۆمێنتەکان هەر قسەکانی پێشتری خۆیەتی کە ئێستا بەپێچەوانەوە دەیانکاتەوە.

قسەیەک بۆ کەناڵە عەرەبییەکان

پێش ئەوەی دەستبگەم بەوەڵامدانەوەی فەریق نزار بەباشی دەزانم چەند پرسیارێک ئاراستەی لەکەناڵەکانی میدیای عەرەبی بکەم، ئایا لەبەرچاوگرتنی مافی قوربانییەکان بەئەرکی خۆیان نازانن؟ ئایا نازنن تۆمەتباری جینۆسایدە هەتا لەدادگا دۆسێکەی یەکلایی نەبێتەوە مافی دالّدەدان وپاکانە کردنی نییە؟ نازانن تۆمەتباری جینۆسایدە هیچ حەصانەیەکی ناوخۆیی نێودەوڵەتی نییە ؟ ئارەوانە کەناڵی میدیایی ببێتە مینبەر بۆتۆمەتبارێکی جینۆسایدە هەتا مێژوو بشێوێنێ. ؟

مادام گوێ بەومافانە نادەن دەبوو ئەوپرسیارەی لێبکەن بۆچی لە دادگای دانیمارک هەڵات ؟ مادام دادگای باڵای تاوانەکان لەعێراقیش داوای کردووە بۆناچێتە بەردەم دادگا؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە مافی هەموو قوربانیەک و ئەرکی هەر پێشکەشکارێکیشە کە دیدار لەگەڵ تۆمەتبارێک دەکات.

منیش خۆیندەری یاداشتەکانی و قسەکانی ساڵانی پێشتری خەزرەجی بووم، لەرابوردودا کە لەدەست سەدام هەڵاتبوو چی گوتووەو قسەکانی لەئەرشیڤی ڕۆژنامەکاندا پارێزراون، بۆیە ئێستا هەرچی بڵێت هەرخۆی بەدرۆدەخاتەوە.

کیمیاباران

ڕاپۆرتەکانی نێردە تایبەتەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، UNSCOM، لە عێراقدا ١٥ سەنتەر بۆ پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی گازی ژەهراوی لەبەکارهێنانی کردەی سەربازیدا هەبوو. ئەم سەنتەرانە کەوتبوونە ناوچە جیاوازەکانی عێراق، بە تایبەتی لە ناوچەکانی سامەڕا و فەللوجە و عەکاشات و بێجی وئەلشەرقات و سەلمان پاک. حەوت لەو سەنتەرە گەورانە لەلایەن

شـــاندەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە تێکدران و خرانە ژێر چاودێریی بەردەوامەوە.

فرانس ئانرات " بازرگانی مەرگ" لەگەڵ هاوپێشـــە بـازرگـانە ئەڵمـانییەکەی (Peter Walaschek) بەشـــی زۆری پاشـــەکەوتی گازی ژەهراوی عێراق لە ئەســتۆ دەگرن. تیمە پشـکنەرە تایبەتەکانی ســەر بە یونســـکۆم (UNSCOM) کە کاری دۆزینەوەو تێکشـــکانـدنی چەکە کۆمەڵکوژەکـانی عێراقیـان لە ئەســتۆ گرتووە پاش دەرکردنیان لە عێراق لە ســاڵی 1999 ڕایـان گەیـانـد کە 38.537 چەکی کیمیـایی، لەگەڵ 690 مـاددەی شـــلەمەنی پڕ لەژەهرو 3000 تەنی نیوە بەرهەمهاتوو لێی تێک شـــکاندووە. بەلام بەدڵنیایی 500 قومبەلەی مۆستەردگاز و 150 بۆمبی پڕ لەکیمیایی هێشـــتا بە دواياندا دەگەڕێن. (FBI) پێی وایە فرانس قـان ئەنرات لانی کەم 538 تەن ماددەی (Thiodiglycol) لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە ڕەوانەی عێراق کردووە، کە لەگەڵ تێکەڵەی (Zoutzuur) بڕی 600 تەن مۆســتەردگازی لێ بەرهەم دێت کە ئەم بڕە ژەهرە نەک جارێک بەڵکو چەندجارێک بەشی لە ناوبردنی هەموو دانیشتووانی سەرگۆی زەوی دەکات.

دەربارەی کیمیابارانی هەڵەبجە

لە یـاداشـــتەکـانیـدا نکۆڵی دەکـات عێراق کیمیـابـارانی هەڵەبـجەی کـردبـێـت، دەڵـێـت: دوای جەنـگ تـیـمە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە پشـــکنینی کاریگەریی لێدانی کیمیـایی، هـاتوونەتە هەڵەبجەو لەتـاقیگەکـانیـانـدا شـیکردنەوەیان کردووەو گەیشـتوونەتە ئەو دەرئەنجامەی ئەو کیمیاییەی لەهەڵەبجە بەکارهـاتووە ئێرانیەکان بوون، لەوکـاتەدا عێراق ئەوجۆرە کیمیـایەی نەبووە. **بڕوانە مذکرات مقاتل ٣٨٤** بەڵام کامانەن تیمەنێودەوڵەتییەکان ؟ کامانەن ئەوانەی شـــیکردنەوەیان بۆکیمیابارانی هەڵەبجە کردووە ؟ ئەگەر مەبەســتی تیمەکەی ئاوبین هاندرێکســی نێردەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە راســـتناکات چونکە ئـاوبیـن هـانـدرێکس لە زانکۆی بەلجیکـا ســـەلماندویەتی کە عێراق کیمیابارانی کردووە. ئاوبین لەڕاپۆرتەکەیدا دەنوسێت : **ئێمە وەک پسپۆری ئەم بوارە بەوردی لێکۆڵینەوەمـان ئەنجـامـداو ســـەرنجمـانـدا هیچ گومانی نەهێشـــتۆتەوە لەوەی کە ئەم چەکە کیمیاییانە و بۆردومـانەکـان لەلایەن رژێمی عێراقەوە ئەنجـام دراون. گـێـنـت. ١٩٨٨/٤/٢٧ –بەئـیـمـزای پـرۆفـیســـۆر (HEYNDRICKS Aubin)".**[6] ئەگەر مەبەســـتـی ئەمریکییەکانە ئەوە لەســەرەتاوە هەوڵێکی زۆریاندا ئێران تاوانباربکەن بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. کام نێودەوڵەتی ؟ ئەوانەی وڵاتەکانیان کارگەودەزگاکانیان پشتیوانی سەدام بوون لەبەرهەمهێنـانی چەکی کیمیـاییـدا؟ یـان زنیـاری و بیرۆکەو مەوادی سەرەتاییان پیدەفرۆشتن بۆ پێشەسازی چەکی کیمیـاوی ؟ درێژەی پێـدەداو دەڵێت بەدڵنیایی و بەڕاشـکاوی ڕایدەگەیەنم کە ئێران ســیانیدو هایدرۆجین کلۆریدو ســیانۆجین و ئارســینی لە هەڵەبجە بەکارهێناوە، ئەو فاکتەرانەش پەرش وبڵاوەو چەســـپاو نیە کە عێراق بەرهەمیهێنابێت، وەک تیمە پشـــکنەرە نێودەوڵەتیەکان بۆ دامالێنی چەکی کۆکوژ ســەلماندیان.([7]) بەڵام لە ڕۆژنامەی ئەلحیاتدا، پێچەوانەی ئەمە دەڵێت: ســەدام بڕیاریداو عەلی حســـن مەجیـدو حســـێن کامـل جێبەجێیـانکرد، ئەوان بەرپرسن لەکیمیابارانی هەڵەبجە.([8])

لەتـازەتـرین دیـداریشـــیـدا لەکەنـاڵی ئەلعەرەبیـدا هەرئەوە دەڵێتەوە:(هەڵەبجە لەلایەن عێراقەوە کیمیـابـاران نەکراوەو

[6] بروانە د. سالارباسیرە تراژیدیای هەڵەبجە لەسەر ئاستی نێوخۆ و نێودەوڵەتی

[7] المركز العربي لابحاث و الدراسة السياسات- الحرب العراقية - الايرانية ١٠٨٠-١٩٨٨ مذكرات المقاتل - فريق الاول ركن نزار عبدالكريم الخزرجي ص ٣٨٤

[8] نزارالخزرجي رئيس السابق الاركان الجيش العراقى يكشف دفاتر الحاضر والماضي سلسلة حوارات اجراها غسان شربل- ٢٠٠٢

هەڵمەتەکانی ئەنفالیش دژی تێکدەران بووەو خەڵکی مەدەنی نەکردبووە ئامانج ، گوندەکانیش نەڕوخاون ئەوپەڕی گوندێک یان دوو گوند ڕوخێندراون. ئەوقسانە بۆئەوە دەکران، دەوڵەتی عێراق وەک شەیتان نیشانبدەن !)[9] ناڕاستی قسەکانی خەزرەجی ئارگۆمێنتی زۆریان ناوێ، چونکە پارادۆکسی لەدیدارە ڕۆژنامەوانیەکانی فەریق خەزرەجیدا بەڵگەی ناڕاستیین.

بابزانین ئەم پیاوە لەڕابوردودا چی وتووەو ئێستاچی دەڵێت ؟ لەگەڵ غسان شەربلدا (دفاتر الماضي و الحاضر- سلسلە حيوارات اجرها-٢٠٠٢ ص١٦) کەڕۆژنامەی ئەلحیات بڵاوی کردووەتەوە دەڵێت هەڵەبجە بەبریاری سەدام کیمیاباران کراو سێ کەس لێی بەرپرسن، سەدام و عەلی حەسەن مەجیدو حسین کامل، هەرلەو دیدارەدا دەربارەی ئەنفالیش دەڵێت: هەڵمەتەکانی ئەنفال تەنها خەڵکی مەدەنی کردبووە ئامانج.

لە یادەوەرییەکانیشدا دەڵێت: ئەنفال زیاترە لەو ژمارەیەی باس دەکرێت بەڵکو ٢٥٠٠٠٠ دوسەدو پەنجا هەزارکەسیش دەبێت کەچی لەبەرنامەکەی کەناڵی (العربی)دا لەوەڵامی پرسیاری پێشکەشکارەکەدا کەلێی دەپرسێت میدیل ئێست وۆچ دەڵێت لە ئەنفالدا ٥٠بۆ ١٠٠ هەزارکوردی سڤیل کوژراون خەزرەجی لەوەڵامدا دەڵێت: لەراستیدا هەڵمەتەکانی ئەنفال لەدژی تێکدەرەکانی کورد بوو، بۆپانکردنەوەی سەرکردایەتی تیکدەران بوو لەناوچەی پیرەمەگرون بەتایبەتیش تاقمەکەی جەلال تاڵەبانی.[10]

بڕوانە مرۆڤ کەبووە شت و بەهای مرۆڤ بوونی خۆی دۆڕاند، چۆن دەبێتە یاری پێکراو؟! کاتێک لە دانیمارکەو بەنیازی ئەوەیە لەروخانی بەعسدا ئەمریکا شتێکی بداتێ، خۆی دەبێتە کارەکتەری بەشەیتانکردنی عێراق! تێبینی بکەن لە ڕۆژنامەی ئەلحیات سالّی ٢٠٠٢ لای خەزرەجی سەدام سەرۆکی بەریزو سەرۆکی فەرماندە نییە، بەڵکو هەر(سەدام)ەوبەس. بەڵام لەکەناڵی ئەلعەربیدا لەسالّی ٢٠٢٢ دەڵێت سیدالرئیس، سەرۆکی بەریز. هەرلەو دیدارەدا تاڵەبانی و بارزانی ئوستاذ وزعیم وبەڕێزن بەڵام لەیاداشتەکانی و لەدیدارە تەلەفزیونیەکەی کەناڵی ئەلعربیدا هەر (جەلال ومەسعود)و سەرکردەی موخڕیبەکانن!

پێدەچێت خەزرەجی یادەوەری لەدەستدابێت چونکە لەباسی قۆناغەکانی ئەنفالدا، باسی ٩ قۆناغ دەکات لەکاتێکدا ٨ قۆناغ بوون نەک ٩ ئینجا ئەنفالی ناوچەی کۆیەو دوکان و گەرمیان تێکەڵ دەکات، ئەنفالی قۆناغی چوارەم بەئەنفالی سێ ناودەبات لەکاتێکدا ئەوشوێنانەی باسیان دەکات لەکۆیەو دوکان ناوچەی ئەنفالی چوارن.

غسان شربل لێی دەپرسێت ئایا دەگەڕێیتەوە بۆعێراق؟ لەوەڵامدا دەڵێت: بیهێنەرە پێشچاوت چی ڕوودات؟ پێشەوایانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەزەعامەتی ئوستاذ مەسعود بارزانی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەسەرکردایەتی ئوستاذ جەلال تاڵەبانی و بزوتنەوەی ئیسلامی، دەربارەی کیمیابارانی هەڵەبجە، هەریەک لەوانە پشتیوانیان کردم بەناردنی نامە بۆ وەزیری دادی دانیمارکی جەخت دەکەنەوە کەمن بەرپرس نیم لەو مەینەتیانەی کە بەسەرکورد هاتوون، هەروەها جەخت دەکەنەوە کە تاوانبار سەدام حسێن و ئامۆزاکەی عەلی حەسەن مەجید بەرپرسن. **بروانە دفاتر الحاضروالماضي ص١٠** بەڵام لە دیدارەکەی ئەلعربیدا سالّی ٢٠٢٢ نەک هەر ئەوانەی پشتیوانیان کردبوو، بەڵکو خودی خۆشی بەدرۆ دەخاتەوەو دان بەبەشداریکردنیدا دەنێت دەڵێت : (من لە ئەنفالی یەک و دوو، سێ بەشداربووم !) کەواتە بەرپرس و بەشداری هەرهەشت قۆناغەکەی ئەنفالە، راستیەکەی ئەوەیە هەزاران بەڵگە سەلماندویانە خەزرەجی و سەدام وئەوانەشی داکۆکیان لێکرد، هەموویان ستەمکارن و بەرپرسن لەومەینەتیانەی بەسەرخەڵکی کوردستان وعێراقدا هاتووە.

لە دوای دەرکەوتنی دەیانگۆڕی بەکۆمەڵ هیچ هێزێک توانای ئەوەی نییە بەکۆمەڵکوشتنی خەڵکی مەدەنی کورد

[9] بڕوانە کەناڵی ئەلعەرەبی دیدار ڕۆژی

[10] بڕوانە کەناڵی ئەلعەرەبی **العربی وفي رواية اخرى** دیدار لەگەڵ خەزرەجی **بدرلدين صائغ**

بخاتە گومانەوە، چ جای قسەی ئەفسەرێک کە دادگا داوای کردبێت و بڕیاردەرو پلاندانەر بووبێت و دەرئەنجامیش مەداليای ئازايەتی لەبەرانبەر تاوانی جەنگ و تاوانی دژی مرۆڤايەتی وەرگرتبێت.؟

دەڵێت هەڵمەتەکانی ئەنفال، خەڵکی مەدەنییان نەکردبووە ئامانج، بەڵکو لە دژی تێکدەران و بۆ دەرکردن و تەمبێ کردنی ئەوان و پاراستنی بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخان بووە، چونکە ئەوسا تێکدەران یارمەتی سوپای ئێرانیان دەداو بەنداوەکان لەژێر مەترسیدابوون.) **بروانە العربی وفي روایة اخری** ڕاستییەکەی ئەوساش وەک ئێستاش تێکدەران هەردوو لابوون، قوربانیەکانیش هەرخەڵکی مەدەنی بوون، باشترین بەڵگەش ئەوەیە کاتێک کە سەرکردایەتی حزبە کوردییەکان و ئیسلامیەکان، داکۆکییان لەخزرەجی دەکرد، قوربانیەکانی ئەنفال و هەڵەبجە لەگۆڕی بەکۆمەڵدابوون، ئەوانەشی دەربازبووبوون بەمەینەتی لەکۆمەڵگا زۆرەملێکاندا بێ خزمەت دەژیان و هەتا ئەمڕۆش داوای دادگایی کردنی تاوانباران و عەدالەت دەکەن. بۆیە ئارگۆمێنتەکانی خەزرەجی لاوازن، چونکە خەڵکی مەدەنی دەسەڵاتیان نەبووە لەهەڵایسان و وەستانی جەنگدا، نەدەسەڵاتیان بەسەر دەوڵەتدا هەبووە نەبەسەر هێزی چەکداری حزبەکانی کوردستاندا، هەروەک دەسەڵاتی ئەوەشیان نەبوو کە داکۆکیان لەخەزرەجی کرد، تۆمەتبارانی ئەنفال ناتوانن لە یاداشتەکانیان و لەکەناڵەکانی تیڤیدا بێتاوانی خۆیان بسەلمێنن، بەڵکو دەتوانن لەبەردەمی دادگادا بێتاوانی خۆیان بسەلمێنن، بەداخەوە ڕۆژگار بۆمرۆڤی ساختەکارو تاوانکار لەبارەو مۆدرێرنێتەی سەرمایەداری دەرفەتی بۆ ڕەخساندوون، دەنا ئەگەر دیموکراسی و مافی مرۆڤ ڕێزلێگیراوبن، تاوانبارانی جێنۆساید یان دەبوو لەزیندان بن یان خۆیان بشارنەوە چ جای لەسەرشاشەی تیڤیەکان درۆبەدەم قوربانیەوە بکەن و بێباک بن لەو کوشتارەی کردوویانە. کەناڵەکانیش دەبوو هێندە ریزی بینەری خۆیان بگرتایەو تۆمەتبارێکی داواکراو لەلایەن دادگاوە نەهێننە قسە کەباش دەزانن لەشاشەکەیانەوە درۆ دەکات.

ئەگەرچی خەزرەجی تاقەکەس نییە، کە نکوڵی لە جینۆسایدی گەلی کوردستان دەکات، بەڵام ئەو تایبەتمەندیی هەیە، هەم لە دادگایەکی ئەوروپی رایکردووەو هەم لەدادگای باڵای تاوانەکانی عێراق داواکراوە، ئەو سوپاسالاربووەو دان بەبەشداریکردن لەتاوانەکاندا دەنێت بۆیە ئەگەر دادگاو پەیماننامەکانی دژی جێنۆسایدو جارێ گەردونی مافەکانی مرۆڤ بەهایەکیان مابێ و هێزێکیان هەبێت ئەوا خەزرەجیش بۆیری ئەوەی نەدەبوو دەربکەویت.

خەزرەجی دەربارەی تاوان و مافی مرۆڤ تەقەی سەری دێت، بۆیە دەڵێت لەهەڵمەتی ئەنفالدا ئەوپەڕی گوندێک یان دوو گوند روخابن، وەک بڵێی روخاندنی دوو گوند تاوان نەبن ؟! بەڵام لەوەشدا ڕاست ناکات، لە دوای ئەنفال هیچ گوندێک لە کوردستان نەمابوون، خەزرەجی دەزانێت ئەوەی عەلی حەسەن مەجید وتوویەتی کردوویەتی، لە کۆبوونەوەیەکی گەورەدا لەگەڵ لێپرسراوانی حیزبی بەعسدا باسی کردووە "من بە موستەشارەکانم وت ڕەنگە جاشەکان بڵێن ئێمە گوندەکانی خۆمان خۆشدەوێ و نامانەوێ چۆڵیانبکەین، وتم من ناتوانم گوندەکانتان بهێڵمەوە چوونکە بە چەکی کیمیایی لێیاندەدەم و ئەوسا ئێوە و خێزانەکانیشتان تیادەچن"[11]

خەزرەجی راستناکات کەدەڵێت باکوری عیراقمان لە تێکدەران پاککردەوە، ئەوەی لە باکوری عێراقدا نەما ئاوەدانی گوندەکان و گوندەنشینە مەدەنیەکان بوون کە بەزۆری ژن ومنداڵ بوون، سالانێک وونبوون و ئێستا لەگۆڕی بەکۆمەڵدا دەردەکەونەوە، ئەوەی سوپای عێراق کردیان ئەوەبوو، دەنا پێشمەرگە نەک هەرلەچیاکان بەڵکو لەنزیکی پایتەختیش لە پێدەشتەکانی گەرمیان و نزیک خورماتوشدا بەپارتیزانی و دەستەی بچوک مابوونەوە.

---

[11] ئەم قسەیەی لە کۆبوونەوەیەکدا ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٢٦ لەگەڵ گەورە لێپرسراوانی حیزبی بەعس، لەکەرکووک داکردووە. لەکاسێتەدەنگیەکانیدایە کە لەڕاپەرینی ١٩٩١ لەماڵەکەیدا گیران، لەڕاپۆرتەکەیاندا مێدیل ئێست وچ بڵاویان کردووەتەوەو لەوەرگیڕانە کوردییەکەسدا کە محەمەد حەمەسالح توفیق بەناوی جێنۆسايد لەعێراق و پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد وەری گێراوە ل١٢٨ -چاپی دووەم - ٢٠٠٤

بەڵام لەوەداڕاســـت دەکات کە جەلال تاڵەبانی و بارزانی پاراستوویانە، هەرچەندە خەزرەجی لەگەڵ ئەوانیشدا هەر بێوەفاو خائین بوو، بەڵام خەڵکی کوردستان و کەسوکاری ئەوانەی لەگۆڕی بەکۆمەڵدا کوژران لەسەر ئەو هەڵوێستەیان سزای داون و ئێستا کەمترین خەڵک دەنگیان پێدەدات.

باشترین بەڵگەش بۆئەوەی بزانین خەزرەجی و سوپاکەی و سەرۆکەکەی نیشتمانی نەبوون و دوژمنایەتی کوردیان کردووە، چارەنوســـی ژن ومندالەکانی عاســـی مســـتەفا ئەحمەدە ئەو سەربازە یەدەگەی لەکەرتی شوشدا لەبەرەی جەنگدا بەدیلگیراو ٩ســاڵ لەئێران دیلی جەنگ بوو، بەڵام کە ئاڵۆگۆڕی دیلەکان لەنیوان عێراق و ئێراندا کرا عاســی بەســـەر هەواری خاڵیدا هاتەوە، چونکە ژن ومندالەکانی لەلایەن سوپای عێراقەوە گیرابوون و ئەنفالکرابوون! دوای ئەوەی هانای بۆ سەدام بردو لە ١٩٩٠/١٠/٤ نامەیەکی پڕ لە پـارانەوەی بۆنـاردبوو، تەنهـا بەدوو دێڕ لە دیوانی سەرۆکایەتیەوە بەواژۆی سـعدون علوان مصـلح وەڵامێکی ســـاردوســـڕ دراوەتەوە، کە هیچ ڕێزێکی تێدانیە، دەقی نامەکە : بەڕێز عاســـی مســـتەفا دەربارەی نامەکەت لە ١٩٩٠/١٠/٤ ژنەکەت و مندالەکانت لەکاتی عەملیاتی ئەنفالدا وونبوون، کە ســاڵی ١٩٨٨ لە ناوچەی باکووردا بووە. طلبک فی ١٩٩٠/١٠/٤ ان زوجـک و اولادک فقـدو في اثنـاء عمليات الانفال التي جرت فی منطقة الشمالية مع تقدير.

ڕاســـتییەکەی ئەوەیە کە ئێوەو دەســـەڵاتدارانی عێراق بەکوردوعەرەبەوە هیچ ڕێزێکتـان لە مرۆڤ نەگرت و نەتانهێشـــت گەلانی عێراق بەشـــکۆوکەرامەتەوە بژین. داکۆکی ســـەرانی حزبەکـایش کەنـاوت هێنـاون هەرلەوچوارچێوەیەدایە.

لە دواهەمین پرسـیاردا وەڵامێکی سـەیری غسـان شـربل دەداتەوە پێشبینی دەکەیت بەم زوانە بگەڕێیتەوە بۆ عێراق ؟ کارم بۆگەڕانەوە دەکرد، هەوڵی ســەربازی و ســیاســی بـاش هەبوون، بەڵام لەوکـاتەدا هەنـدێک تۆمەتیـان لەدژم کران، بۆئەوەی ڕێگری لەجموجۆڵ وڕۆڵم بکەن، زانیـاری دروســـت هەیە کەئەوانەی لەپشـــت ئەم تۆمەتانەوە بوون لەدژم دوولایەنی عەرەبی وکوردی ســەربەدســەڵات بوون، بەداخەوە لایەنە پەیوەنـدیـدارەکـانی دانیمـاریکیش ئەم تۆمەتانەیان لێوەرگرتن."[12] دەبوو باسی ئەوەشی بکردایە کە دادگا ئازادی نەکردبوو بەڵکو لەدەست عەدالەت هەڵهات. هەرلەم کتێبەشـــدا هـاتووە کـاتێـک ئەم گفتوگۆیەکراوە هەواڵێـک هـاتووە کە دانیمـارک بڕیـاریـداوە، خەزرەجی دەبێت بەتۆبزی (الايقامة الجبريه) لەدانیمارک بمێنێتەوە. بەڵام ئەو هەڵاتبوو ئیدی ئیقامەی جەبری چی ؟


خەزرەجی و هەر دەســەڵاتدارێکی تری ئێســتاو رابوردوی عێراق دەتوانن بوێری ئەوە بنوێنن و بڵێن ئێمە ژیـانی خەڵکمان شـێواندو نێشـتمانمان کرد بەدۆزەخ و ستەمەمان لەهاونیشتمانی کرد.

سەرچاوەکان

1. نزارالخزرجي رئيس السابق الاركان الجيش العراقی يكشف دفاتر الحاضر والماضي سلسلة حوارات اجراها غسان شربل- ٢٠٠٢
2. جێنۆســـاید لەعێراق و پەلامارى ئەنفال بۆســـەرکورد- خـانەی وەرگێڕان چـاپی دووەم -٢٠٠٤ لەئینگلیزییەوە محمەد حەمەسالح توفیق .
3. المركز العربي لابحاث و الدراسة السياسات- الحرب العراقية - الايرانية ١٠٨٠-١٩٨٨ مذكرات المقاتل - فريق الاول ركن نزار عبدالكريم الخزرجي ص ٣٨٤
4. https://www.youtube.com/watch?v=SxKFaKo0G9w كەناڵی ئەلعەرەبی دیدار لەگەڵ خەزرەجی- بەرنامەی (وفي رواية اخرى)- لەگەڵ پێشکەشکار بدرالدين صائغ

[12] بڕوانە دفاتر الحاضروالماضي ص١٠١ .

لێبوردنەگشتییەکەی بەرەی کوردستانی


هەرێمی کوردستان- عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی

إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية الادارة

Kurdistan Regional - IRAQ
Council of Ministers
Ministry of interior

NO:
DATE ٢٠١٤/٥/٢٠

بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

پ/ وەڵامی پرسیار

راستەوخۆ و ئاشکرا دانی بە بڕیاری لێبوردنە گشتییەکەی کاتی ڕاپەڕینە مەزنەکەی سانی ١٩٩١ ژمارە
کە لەلایەن سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی ئەوکات دەرچوو، کە دەڵێ (المادة الاولى: يعدد الوضع
القانوني لمسؤولي واعوان النظام الدكتاتوري البائد المتواجدين في اقليم كوردستان العراق ممن لم
يستجيبوا للعفو العام الصادر بعد انتفاضة عام ١٩٩١ المجيدة...) وەک ئامازەیەک بۆ ئەو کەسانەی
کە سوودیان لە لێبوردنی گشتی سانی ١٩٩١ وەرنەگرتووە.

٥- لەبەر ئەو هۆکارە یاسایانەو چەندین هۆکاری دیکەی پێکهاتەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە
هەستیارەکان و متمانەی هاوڵاتیان بە یاساو بڕیارەکانی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی و
پەرلەمانی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی ئەو کاتی بەرەی کوردستانی ئەو ڕوونکردنەوە دەخەینە
بەردەستی بەڕێزتان بە مەبەستی یەکلایی کردنەوەی بابەتەکە وەک ئۆپۆزسیۆنی گەلی کوردستان و
ڕەچاوکردنی بارودۆخ و دوا بڕیاریش لای بەڕێزتانە...

لەگەڵ ڕێزدا

کریم سنجاري
وەزیری ناوخۆ

ڕۆنەبەک بۆ:
- سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران/ بۆ زانینی بەڕێزتان/ لەگەڵ ڕێزدا
- ئۆپۆزسیۆنی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان/ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا
- خۆی

لێبوردنی بەرەی کوردستانی بۆ تۆمەتبارانی ئەنفال، پاساوی زۆری لەلایەن نانخۆانی حزبەکانەوە بۆ هاتەوەو بەحیکمەتی سەرکردایەتی کورد و لێبوردەییان شرۆڤەکرا، بەڵام لەسەر ئەرزی واقع پێچەوانە بوو ئەوەی تیایدا نەبوو حیکمەت و ئەوەی لێی شین نەبوو لێبوردەیی بوو. شەڕی ناوخۆو دڵڕەقی و توندڕەفتارییان ئەو قسانەی تۆڕدایە زبڵخانەی مێژووەوە .

بۆیە ئەوەی سودی لەلێبوردن نەبینی و داوای لێبوردنی نەکرد تاوانباران بوون، ئەوەی بێ ماف و قەرەبوو مایەوە قوربانیەکان بوون. سیخوڕی بەعس و بکوژی شەهیدان و تاوانبارانی ئەنفال، سەرکز دانەنیشتن، بەڵکو بوونەوە بەبرغو بەماشینی حزبەوەو بێمنەتانە بە پێشچاوی ئازادیخوازان و کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی ئەنفالەوە تەراتێنیان بوو.

ئەم هەڵوێستەی حزبەکان بەناوی لێبوردنەوە، هەر تاوانبارانی ئەنفالی نەکردەوە بەکەڵەگا، بەڵکو چەمکی لێبوردن و لێبوردەیشی شێواندو لەهەر واتایەکی مرۆڤایەتی و بونیاتنانەوە بەتاڵی کردەوە .

ئەوەی ئەمرۆ لەملکەچی لەلایەک و ملهوڕی لەلایەکی تر دەیبینین دەرئەنجامی ئەو هەڵە مێژوویی یە، کە بەرەی کوردستانی کردی و نانخۆرانی حزب بەناوی رووناکبیرانی گەلەکەمانەوە وەک (حیکمەتی سیاسی) شرۆڤەیان دەکردو پشتیان کردە مافی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و لەسەر عەرشی دەسەڵات خۆیان دەوڵەمەند کرد و مااڵی کوردیان وێرانکرد.

ئەوەی لەدوای بەرەی کوردستانیشەوە بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ پەرلەمانی کوردستانە کە ڕەوای دابەو لێبوردنەبێ حیکمەتە.

ئەوە بەڵگانەی خراونەتەروو نوسراوێکی سەرۆکایەتی پەرلەمانە بەژمارە ١٠١١/٤/٣ لە٢٠١٤/٥/٢٠ وەڵامی پەرلەمانتار بێستون فایەق محەمەدی داوەتەوەو بەڕاشکاوی بەچەند خاڵێک ڕەوایەتی دەدات بەلێبوردنەکەی بەرەی کوردستان و بەناڕاستەوخۆ نوسیوێتی : کە جاش وموستەشارەکان و تاوانبارانی ئەنفال دەستگیرناکرێن چونکە لەساڵی ١٩٩١ و لەکاتی ڕاپەڕیندا بەرەی کوردستانی لێبوردنی بۆ دەرکردوون.

ئەڵمانیا و ئاوشپیتس



د. سالار حەمەسور باسیرە

یەکێک لەو شێوازە بە کۆمەڵ کوشتنانەی رژێمی هیتلەر بەرامبەر بە جولەکەکاندا ڕەفتاری بەکاری دەهێنا بریتی بوو لە کوشتنیان بە گازی ژەهراوی (چەکی کیمیاوی). یەکێک لەو شێوانانەی ئەم قڕکردنەی تێدا ئەنجامدرا بریتی بوو لە ئاوشپیتس. ئەم ناوچەیە نازیەکانی ئەڵمانیا بە سەدان هەزار هاوواڵاتی جولەکەیان بە گازی ژەهراوی تێدا خنکاند بێ گوێدانە ژن و پیاو و منداڵ و پیرو پەککەوتە . قوربانیەکان دەبوایە پێشتر جل و بەرگیان دابکەنن و پێیان دەوترا کە بۆ حەمام کردن دەبردرێن. لەکونی سەری خانەکەوە گازە ژەهراویەکەیان بۆ دەرژاندنە ناو هۆڵی حەمامەکە، یەکێک لە بیر کردنەوەی نازیەکان بۆبەکارهێنانی ئەم شێوە کوشتنە ئەوە بوو بتوانن بە نرخێکی زۆر هەرزان زۆرترین ژمارەیان لێ بکوژن. ئاخۆ هۆی ئەوە لە چیدا بێت کە مرۆڤ بتوانێت ئەوەندە درندە بێت؟ 40 ساڵ لە دوای ئاوشپیتس کارگەکانی ئەڵمانیا لەژیر زانیناری و چاوپۆشینیی حکومەتی وڵاتەکەیان هەمان چەکی بۆ حکومەتی عێراق دروست کرد کە ئەنجامەکەیمان نەک هەر لە جەنگی یەکەم و دوەمی جیهانیدا بەڵکو لە هەڵەبجە و ناوچەکانی تری کوردستان و لە شەری عێراق-ئێران یشدا بینی. هەرچەندە بە تەنیا ئەڵمانیا نەبووە کە کەرەستەو پێویستییەکانی چەکی بەکۆمەڵ کوژەی بە حکومەتی عێراقی فرۆشتبێت، بەڵام ئەڵمانیا رۆڵی سەرەکی و گرنگی بینیوە تێیدا، چونکە ئەم وڵاتەبەرپرسیاریەتییەکی گەورەی لە مێژووی کەوتە ئەستۆ، دەبوایە بە هیچ شێوەیەک بیری لەوە نەکردایەتەوە کە ڕێگا بدات بە فرۆشتن و ناردن و دروستکردنی ئەم چەکە کوشندەیە. ئایا بۆچی و لە پێناوی چیدا کرا؟ هەربۆیە بەرپرسیاریەتیەکی گەورەکەوتۆتە ئەستۆیان بەرامبەر بە نەتەوەی کورد، بە تایبەت بەرامبەر بەو چەند هەزار مرۆڤەی بە گازی ژەهراوی ئەڵمانی خنکێندران و زامدار بوون. ئەڵمانیا چیتر ناتوانێت کوژراوەکانمان زیندو بکاتەوە بەڵام بە لایەنی کەمەوە دەکرێ:

١- قەرەبووکردەوەی زیانەکان و درێژ کردنی دەستی یارمەتی بۆ بەجێماوە سەقەتبووەکانی چەکی کیمیاوی کە توشی زیانی مادی وگیانی و رۆحی بوون، و هەروەها بەشدار بوونی ئەم وڵاتە لە ئاوەدانکردنەوەی شارو ناوچەکانە زیان لێکەوتووەکان و پاکردنەوەی ژینگەی ناوچەکە لە شوێنەواری ژەهر و چەکی کیمیاوی.

٢-جارێکی تر نەک هەر ئەم جۆرە چەکانە بە عێراق و بە هیچ لایەنێکی تر نەفرۆشن بەڵکو یاسای دەوڵەتەکەیان تونـد بکەن کە ڕێگر بن لە دووبارە ناردنی ئەم جۆرە مادە و ئامرازانە بۆ دووبارە نەبوونەوەی ئەم تراژیدیایانە. مرۆڤ دەبێت لە سەرمایە و پارە بەنرختر. ئایا ئەگەر وڵاتێکی تر ئەوەی بەرامبەر بەئەڵمان خۆیان بکردایە چییان دەوت و چییان دەکرد؟

٣-کارگە لێپرسراوەکان بدرێنە دادگاو دابەروەرانە حوکمیان لەسەر بدرێ، بەوەی کەدەڵێن دادگا لە ئەڵمانیا دەزگایەکی سەربەخۆیە. هەر بەم شێوەیە هەموو ئەو سیاسەتمەدار و دەسەڵاتدارە حیزبی و حکومیانە بخرێنە بەردەم لێپرسینەوە کە لەسەرەتاوە ئاگاداری مەسەلەکە بوون و لەبەر بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی چاویان لە فرۆشتن و ناردن و دروستکردنی ئەم چەکە وئەم دەزگایانە بۆ عێراق داخست کە جیهان بە چاوی خۆی ئەنجامەکەی بە روونی بینی. بێگومان ئێستاش زیندوکردنەوەی ئەم شتە لە بەرژەوەندییان نابێت. کۆمەڵێک لە دەسەڵاتداران و سیاسەتمەدارانی ئەلمانیا لە ناو هەموو پارتە سیاسیەکان کە هەندێکیان ئەندام پەرلەمانن و خاوەن کارگە و پرۆژەی ئابووریین، یان پشکیان لە چەندین پرۆژەی سەرمایەداری و کارگە و بانکدا لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات هەیەو، کاریگەریان لەسەر سیاسەت و دروستکردن و گۆڕینی یاسا ئابووریەکان هەیە. هەندێ جار رووەدات خاوەن سەرمایە گەورەکان پارەیەکی زۆر بدەن بە کەسانێکی دەست رۆیشتوی سیاسی کە یاسایەک بباتە ناو پەرلەمان و بە پشتگیری کردن لێی بتوانێ بیکاتە یاسا...هتد.


گۆترەکاری بەناوی ئەکادیمییاوە.

شیکردنەوەی گۆترەکاریەکانی تۆیژەرێکی بێ زانیاری.

هۆمەر محەمەد

تۆیژەرەکە چونکە بەگۆترەکاری کارەکەی کردووە، نەک تۆیژینەوەی نەکردووە بەڵکو کتێبێکی باشیشی نەنوسیوە. سەیرە ! ئەوەی دەبوو دەربارەی کیمیاباران بیزانییایە نەیزانیوە

ئەوە ئاشکرایە کە ساڵی ١٩٨٨ لەمیانەی ئۆپەراسیونەکانی ئەنفالدا رژێمی بەعس چەکی کیمیایی بەکارهێناوە، یەکێک لەوناوچانەی بەزۆری کیمیایی تێدا بەکارهێنراوە ناوچەی بادینانە، واتا زۆر شوێنی بادینان کیمیاباران کراون، بەڵام لە هەموو ناوچەی بادینانداتاکە گوندێک کە بەکیمیاباران کۆمەڵکوژی لێکەوتەوە، ١٣ کەسیان بەچەکی کیمیایی شەهید بوون (گوندی برجینێ)یە، کە رۆژی ٢٥ی ئابی ١٩٨٨ بوو. لەناویاندا ٦ کەسیان کەسوکاری شەمسەدین ئەحمەد بوون. بەناوەکانی (حەسەن سالّح و سالّح حەسەن و حەکیم حەسەن و نالیامحەمەدو دژوارحامید).



ئەو کۆمەڵکوژییە سەرنجی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی ڕاکێشاوەو تیمی گۆڕهەڵدەرەوەی نێودەوڵەتی لەگوندی (برجینی) ساڵی ١٩٩٣ گۆڕەکەی هەڵداوەنەوە، کەچی تۆیژەرە ئەکادیمییەکە (بەهائەدین محەمەد) لەکتێبەکەیدا کاریگەرییە دەروونییەکانی لەسەرجێماوانی، نە لەئەنفالی بادینانداباسی کردووە و نەلەخشتەکانیشدا ناوی ئەوگوندەی تێدایە! تەنانەت بۆ دەرمانیش تاقە جارێک ناوی ئەم گوندە لەکتێبەکەیدا نەهاتووە ! کەچی چەندینجار بەکوردی و عەرەبی ناوی کتێبەکەی مێدل ئیست ۆچی وەک سەرچاوە نوسیوە! ئەی ئەگەر بەدوای کیمیاباراندا گەڕاوە چۆنە ئەم تراژیدیایەی گوندی برجینی لەو کتێبانەدا نەدیوە ؟! ئەمە بەڵگەیە کە ئەم تۆیژەرە ناوی کتێبەکانی بۆ ریزکردنی سەرچاوە بەکارهێناوەو هیچ سودێکی لێ نەبینیون، چونکە نەیخوێندونەتەوە. دەنا خێرە ناوی چەند گوندێک ریز دەکات بێبنەماو بێ بەڵگە دەنوسێت کیمیاباران کراون، (کە کیمیاباران نەکراون)، بەڵام ناوی گوندێک نانوسێت کە کیمیاباران کراوە؟! بەتایبەتیش کە ئەو گوندە بووەتە جێگەی سەرنجی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان؟! دەی ئەمە بەچ پێوەرێک دەبێتە تۆیژینەوەی زانستی ؟

ئەمانەو دەیان هەڵەوپەڵەی تر لەکتێبەکەیدا بەناوی تۆیژینەوەی زانستی دەرخواردی نەوەی نوێ دەدرێت.

لەداهاتوودا بەکتێبێک وەڵامی ئەم کتێبە نازانستیەو چەند کتێبێکی تریش دەدەمەوە، ئەوسا نیشانیان دەدەم (دال ومیم) کەس ناکەن بەنوسەرو کارەکتەری چالاک، ناشیکەن بەکەسی ئاکادیمی و زانستی، ئەوەی بروانامە بەهێز دەکات کەسایەتی بەهێزو پراکتیک و کارە، نەک پارچە وەرەقەیەک، کە دەشێت لەبنەڕەتەوە بەزەبری هێزو پارە بەدەستهاتبێ و لەبنەڕەتەوە ساختەبێت.

هەر بۆزانیاری خوێنەران؛ ئەو تیمەی گۆڕی بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی لە گوندی بورجینی هەڵدایەوە لە پێشەوە روپێوێکی شوێنەوارناسی و هەڵدانەوە و پشکنینی گۆڕەکانی گوندی برجینی کردووەو خەڵکی گوندەکەش چاوساغ و ڕێپیشاندەریان بوون، شوێنەوارناسی تیمەکە روپێویکی ستاندارد بۆ کەلاوەو خانووە ڕوخاوەکانی گوندەکە کردووە، شارەزایانی ئەنترۆپۆلۆجیای پزیشکیی دادوەریش گۆڕەکانی برجینیان هەڵداوتەوە، قوربانیان و ڕوفاتەکانی ناویان لە ٢٥ی ئابی ساڵی ١٩٨٨ بە چەکی کیمیایی گیانیان لە دەستدابوو، ڕوفاتی گیانبەختکردووەکان هەر لە گوندەکەیاندا مابوونەوە، تیمەکە جگەلە هەڵدانەوەی گۆڕەکان کارێکی بایەخداری تریشیان ئەنجامداوە،

لەبارەی کارەباشەکەیانەوە مێدیل ئێست ۆچ نوسیوێتی (خۆڵ و خاکی لەوچاڵانە دەرهێنا کەوا باسدەکرا بۆمبە کیمیاییەکانیان بەرکەوتووە. لە ساڵی ١٩٩٣ دا، تاقیگەی چەکی کیمیایی وەزارەتی بەرگریی بەریتانیا لە پۆرتن داون- (PortonDown) ڕاپۆرتێکی لە سەر دۆزینەوەی شوێنەواری گازی خەردەل و دەمار، لەو نموونانەی کە لەو شوێنانە وەرگیراون، بڵاوکردەوە.[13] ئەمە یەکەم حاڵەتی پەلاماری چەکی کیمیایی بوو کە لە سەر بنەمای پاشماوەی توخمی کیمیایی سەلمابێت لەو شوێنەدا کە بۆمبی بەرکەوتبێت و شوێنەواری بەجێهێشتبێت.)[14] کەچی ئەم زانیارییە گرنگە لەکن توێژەرە ئەکادیمیەکە، کەهاوکات بەڕێوەبەری گشتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانیشە، هیچ بایەخێکی نەبووە، بەمەرجێک من چەندجار باسی ئەوەم بۆکردووە کە شارەزاییەکی باشم لەئەنفالی ناوچەی بادینان پەیداکردووەو زۆرێک لەشایەتحاڵە گرنگەکانی ئەنفالی ئەو ناوچەیە دەناسم، یەکێک لەوانە رزگاربوویەکی گازە کە لەبۆمبارانەکەی بورجینیدا بووەو لەدادگای باڵای تاوانەکان شایەتحاڵی ئەو تاوانە بووە ئەویش کاک ئەیوب بورجینیە. هەر بۆیادگاریش وێنەیەکمان پێکەوە لە گوندی کوریمێ گرتووە و لە کۆمپیتەرەکەمدا دۆکیۆمێنتم کردووە، بەڵام نەک هەر بەڕێوەبەری گشتی شەهیدان و ئەنفالکراون تەنانەت وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانیش هیچ زانیارییەکیان دەربارەی گازباران و کۆمەڵکوژی ئەم ناوچەیە نەبوو، هەتا ساڵی ٢٠١٢ لەسەر داواو پێشنیاری من و خاتوو عەدالەت عومەر هات بۆناوچەکەو لەسەر مەزاری شەهیدەکانی گوندی کوریمێ وتاریکیدا. بێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەک بەڕۆڵی ئێمە بکات . ئینجا بڕوای کرد کەلەبادینانیش قەوارەی تاوانی ئەنفال ئەگەر لەهی گەرمیان نزیک نەبووبێتەوە ئەوا بەلای کەمەوە زیانێکی زۆریان بەرکەوتووە.

ئەمانەو دەیان هەڵوپەڵەی تر لەکتێبەکەیدا بەناوی توێژینەوەی زانستی دەرخواردی نەوەی نوێ دەدرێت.



لەداهاتوودا بەکتێبێک وەڵامی ئەم کتێبە نازانستیەو چەند کتێبێکی تریش دەدەمەوە، ئەوسا نیشانیان دەدەم (دال ومیم) کەس ناکەن بەنوسەرو کارەکتەری چالاک، ناشیکەن بەکەسی ئاکادیمی و زانستی، ئەوەی بروانامە بەهێز دەکات کەسایەتی بەهێزو پراکتیک و کارە، نەک پارچە وەرەقەیەک، کە دەشێت لەبنەڕەتەوە بەزەبری هێزو پارە ساختەبێت.

- وێنەکە ئەیوب بورجینیە، لەگوندی بورجین لەگەل رۆکێتە کیمیاییەکان کەبەر گوندەکەیان کەوتووە.

[13] بروانە میدیل ئێست ۆچ- جینۆساید لەعێراق و پەلاماری ئەنفال بۆ سەرکورد- وەرگێر محەمەد حەمەسالح توفیق- خانەی وەرگیران چاپی دووەم ٢٠٠٤ ل ٤٠

[14] بروانە میدیل ئێست ۆچ- جینۆساید لەعێراق و پەلاماری ئەنفال بۆ سەرکورد- وەرگێر محەمەد حەمەسالح توفیق- خانەی وەرگیران چاپی دووەم ٢٠٠٤ ل ٤١

جینۆسایدی فەیلییەکان لەعێراق!

ئامادەکردنی ئەنفالستان

کوردی فەیلی، بەو کوردانە دەوترێ کە پێش وڵاتبەدەرکردنیان بەزۆری لە شاروشارۆچکەکانی ناوەڕاست و خواروووی عێراق نیشتەجێبوون، ئەوانیش کوردن وەک هەر هاوڵاتیەکی عێراقی مافّ و حاڵ و داب ونەریت و ئاینیان هەیە، لەرووی ئاینیەوە بەگشتی ئیسلام و شیعەمەزهەبن. بەڵام "هەرئاینێکیان هەبێ و لەهەرکوێیەک بژین ئەوان هەرخۆیان بەکورد دەزانن، بەزۆریش لەئیستادا حەزدەکەن لەهەرێمی کوردستان بژین ئەوانەشی ئێستا لەبەغدا دەژین لەبەرئەوەیە کە کارو ڕەگەزنامەیان لەوێیە ناچارن لەوێ بمێننەوە"[15] و بەزۆریش جل وبەرگی کوردی دەپۆشن. " ئەم زاراوەیە واتە (فەیلی) بە کۆمەڵە هۆزێکی لوڕی دەگوترێت، کە نیشتەجێی (پێشکۆ و پشتکۆ)ی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس بوون، زۆربەی مێژوونووسان کۆکن لە سەر ئەوەی کە لە ڕەچەڵەکی ئیلامی یان گۆتییەکانن، لە ناوەڕاست و باشووری عێراق ژیاون، لە ناوچەکانی (مەندەلی، زڕباتییە، بەدرە، جەسان، خانەقین، کەرکووک، بەغدا، کوت، عەمارە و بەسرە). ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی (ڤلادمێر میۆرسکی) و هەریەک لە (جۆن ماڵکۆن و بڕاون) و توێژەری کوردی (د. ئیسماعیل قومانداڕ) پشتگیری بۆچوونەکەی دەکەن، کە بڕوای وایە سەرەتاکانی درکەوتنی زاراوەی (فەیلی) لە سەدەی شازدە بووە، بۆ جیاکردنەوەی میرنشینی (لوڕی بچووک) و حوکمڕانەکەی کە خۆیان بە لوڕی ڕەسەن دادەنا، بە بەراورد لە گەڵ (لوڕی گەورە) کە وایان دادەنا، لوڕی بچووک بەشێکن لە لوڕی گەورە، نەک ڕەسەن و بنچینە." **بروانە مالپەڕی کورد زانست – ٣٠ ئایاری ٢٠١٩**

فەیلیەکانی ناو عێراق وەک هەرکوردێک ئازارو مەینەتی زۆریان دیووە، ئەوان زۆر لەپێش بارزانیەکان و گوندنشینەکانی ناوچەی هەولێروسلێمانی و کەرکوک بەر پەلاماری پاکتاوکردن کەوتوون. هەمیشە دەوڵەتی عێراقی کە بەعس فەرماڕەوایی دەکرد، بەرانبەر بە کوردانی فەیلی دڵڕەق و تووندڕەفتار بووە، ئەگەرچی بەزۆری هەرباس لەپەلاماری گشتگیرەکەی سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ دەکرێت بەڵام ئەوە بایەخ نەدانە بەدۆسێی فەیلیەکان چونکە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابوردووەوە بەتایبەتیش ساڵی ١٩٦٣بەهەموو شێوەیەک روو بەرووی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدو پاکتاوی ڕەگەزی بوونەتەوە. ژێدەرو ئامارەکان ئەوە پشڕاست دەکەنەوە، کە بەدەیان هەزار لەم کوردانە روو بەرووی مەرگی بەکۆمەڵ بوونەتەوە. شاڵاوی مەترسیدارو بەرچاو لەساڵی ١٩٦٩ هەتا ١٩٧١ی خایاندووەو لەنێوان بەپێی بەڵگەنامەکان نزیکەی ٥٠٠٠٠ پەنجاهەزار کوردی فەیلی ڕاگوێزراون " **زەینەب مورادـ دەنگی ئەمریکا** ئایاری ٢٠١٦.

دوای ئەوەی دەوڵەتی عێراق دروست بوو لەساڵی ١٩٢٤ ڕەگەزنامەی عێراقی دابەشکرد، بەڵام ئەمە بۆکوردانی فەیلی بووە کێشە، چونکە ئەوکاتەی عێراق لەژێر فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عوسمانیدا بوو، بەشێک لەکورانی فەیلی لەسایەی دەوڵەتی عوسمانی لە عێراقدا دەژیان و بەشێکیشیان لەسایەی دەوڵەتی ساسانی ئێرانی. دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق فەیلیەکان کێشەی ناسنامەیان بۆدروستکرا بەجۆرێک براکان دابەشبوونە سەر دوو وڵاتی جیاواز هەبوو ناسنامەی عێراقی بۆکراو بووە عێراقی و هەشبوو ناسنامەی پێنەدراو لەوڵات بەدەرکرا بەجۆرێک براکان بەهۆی ئەم سیاسەتەوە لێک دابڕان.

دواییین قۆناغی مەترسیداری فەیلیەکان لەساڵی ١٩٨٠دا بوو، لەو ساڵەدا وەزیری ناوخۆی عێراق، فەرمانی وڵاتبەدەرکردنی کورده فەیلییەکانیدا، لەفەرمانەکەدا هاتوە": ئەو ئیرانیانەی لەوڵاتدان و ڕەگەزنامەی عێراقییان نییە، هەروەها ئەوانەش کە مامەڵەیان کردوەو بڕیارییان لەبارەوە دەرنەچوە دەردەکرێن". لەهەمانکاتدا بڕیارەکەی حکومەتی عێراقی ئەوەشی تێدا بوو ": کەلاوانی کوردی فەیلی لەتەمەنی ١٨ تا ٢٨ ساڵ، بگیرێن و لە بەندیخانەی پارێزگاکاندا، تاماوەیەکی نادیار دەسبەسەربکرێن". هەروەک بڕیارەکەی وەزیری ناوخۆی حکومەتی عێراق ئەوەشی دووپات کردوەتەوە ": کەهەرکەسێک لەو کوردانەی ئاودیوی ئێران دەکرێن، ئەگەر هەوڵیاندا

[15] ئیسرا محەمەد فەیلی بەڕێوەبەری ڕێکخراوی کوردی فەیلی بۆ مافی مرۆڤ- کەناڵی ڕوداو تیڤی ٢١ی تەموزی ٢٠٢١ لەگەڵ گۆڤەند مستەفا

بگەڕێنەوە تەقەیان لێبکرێت." لەڕۆژی ٢٦-٢-١٩٨١ لەڕۆژنامەی ئەلسەورەی زمانحاڵی حکومەتی عێراق "سەدام حوسێن" لەبارەی کوردە فەیلیەکانەوە دەڵێ": ئەم توێژە لە عێراق ریشەکێشبکەن، تاوەکو خاکی عێراق و هەوای عێراق پیس نەکەن و خوێنی عێراقیش پیس نەکەن، کاتێک بەڕێگەی ژن و ژنخوازییەوە خوێنیان تێکەڵی خوێنی عێراقییەکان دەبێت".

سەرنجدان و وردبوونەوە لەم قسانەی "سەدام" سەرۆکی دەوڵەتی پێشووی عێراق بەسن بۆ ئەوەی تێبگەین کە رادەی رەگەزپەرستی بیرکرنەوەی حزبی بەعس و سەرکردەو ئەندامەکانی و سەرۆکی حکومەتەکەی لەعێراق تاچ رادەیەک دژ بەمافی مرۆڤن، ئیدی دەبێت چەندە ڕقیان لە کورد بووبێت ؟! لەم قسانەی سەدامدا ئاستی تراژیدیای کوردەکان دەدۆزیتەوە کە پێش ئەنفال چۆن لەهەوڵی ئەوەدا بووە نفوزی کوردەکان لەعێراق کەم بکاتەوە سەرەتا هەوڵیداوە کوردە فەیلیەکان لەناوببات.

چەندین سەرچاوەی زانیاری ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە پێش ساڵی ٢٠٠٣ زیاتر لە "٢٠٠" هەزار دانیشتوانی عێراق ئاوارەکراون و وڵات بەدەرکراون، بەتایبەتیش ئاوارەی وڵاتی ئێران نراون، کە ٦٥% لەناو ئەو ڕێژەیەدا بەزۆری کوردی فەیلی بوون و تائێستاش زۆرێکیان لە ئێران ماونەتەوە. ئەمە جگەلەوەی لەماوەی دەسڵاتی حزبی بەعس بە هەزاران کوردی فەیلی زیندانی کراون و لەسێدارە دراون و بەکۆمەڵکوژراون.

ژێدەرو ئاماری تریش ژمارەی وەدەرنانی کوردە فەیلیەکان لەعێراق و زیندانی کردن و کوشتن و زەوتکردنی سەروەت و سامانیان و بێسەرو شوێنکردنیان، بە "٥٠٠" پێنج سەد هەزارکەس دەخەملێنن، لەوانە جەواد مەلەکشا دەڵێت: لەپڕۆسەی جێنۆسایدەکردنی فەیلیەکاندا ٥٠٠٠٠٠ پێنج سەد هەزارکوردی گرتەوە، بەداخەوە زیاتر لە ٢٠٠٠٠هەزار کەس لە تەمەنی نێوان ١٨بۆ ٤٠ ساڵی ڕاپێچی زیندانەکانی عێراق کران هەتا ساڵی ١٩٨٧یش زانیاری هەبوو کە لەژیاندا ماون، بەڵام دواتر شوێن بزرکران." [16] بەڵام بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستی ئێمەدان، وە ئەوەشی کەسەرچاوەو بەڵگەنامەکان بۆ ئێمەیان ساغکردوەتەوە "٣٨٠" هەزار کوردی فەیلی روو بەڕووی قڕکردن و جینۆسایکردن بوونەتەوەو ئاسەوارەکانیشی تا ئێستا ماون و بۆچەندین دەیەیی تریش هەردەمێنن."

هێشتا کێشەکانیان وەک خۆی ماوە

کوردە فەیلیەکان لەدوای ڕوخانی رژێمی سەدام زۆریان لەئێران و تەنانەت لەئەوروپاشەوە گەڕانەوە بۆ عێراق بەڵام ئەوان هێشتا هەرکێشەی ناسنامەیان هەیە، ئەوان لەسەردەمی رژێمی بەعسیش هەرئەوکێشەیان هەبوو، بەشێکیان هەبوو بەناوی بێگانە، ئێستاش ئەوبەشە هەرماوە بۆیە کاتێک دێن بۆهەرێمی کوردستان توشی لێپرسینەوە دەبنەوە چونکە بەزۆری دانیشتووی کەرخ ورەسافەن یاخود ناوەکانیان عەرەبیە، کاتێک دێنە هەرێمی کوردستان لەبازگەکان گێرەوکێشەی زۆریان توش دەبێت.

جەواد مەلەکشا دەڵێت : حکوومەتی عێراق تا ئەمڕۆ کێشە بۆ کوردانی فەیلی دروست دەکات، لەبری قەرەبووکردنەوەیان هێشتا ملک و ماڵیان داگیرکراوە و کێشەی ڕەگەزنامەیان هەیە."[17]

هێشتا کوشتنیان هەربەردەوامە

ڕۆژی ٢٠٢١/١٢/٢ کچێکی کوردی تەمەن ١٩ ساڵان بەناوی زەهرە عەلی سەلمان رفێندراو ڕۆژی دوای دەکاتژمێر لەفڕاندنی تەرمەکەی دۆزرایەوە، زەهرە یەکێک بوو لە چالاکەکانی خۆپیشاندانەکان دوای ئەوەی لە گۆڕەپانی خۆپیشاندانەکانی بەغداوە دەگەڕێتەوە بۆماڵ، لە ڕێگە لەلایەن کەسانێکی نەناسراوەوە دەڕفێنرێت و دوای ١٠کاژێر بێسەروشوێنبوون، تەرمەکەی لە نزیک ماڵی خۆیان دەدۆزرێتەوە. عەلی سەلمان، باوکی زەهرا بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاندووە کە "کاتژێر ١٠:٣٠ لە ماڵ دەرچووەو لەگەڕانەوەیدا ڕفێندراوەو کوژراوەو پزیشکەکان پێیان گوتین، جەستەی شوێنەواری گوللەی پێوەنیە، بەڵام ئەشکەنجەدراوە."

---

[16] بروانە ماڵپەڕی پارتی دیموکراتی کوردستان ەی ئەپریلی ٢٠٢١

https://www.kdp.info/a/d.aspx?l=13&a=125942

[17] ڕوانە هەمان سەرچاوە

کوردی فەیلی بەشـــێکن لەنەتەوەی کورد. بەوە کۆمەڵە هۆزانە وتراوە کە لە زنجیرە جیای زاگرۆس (پشـــتکۆ و پێشکۆ)دا نیشتەجێن، لە نێوان سنوری دەسکردی عێراق و ئیران ســـنوری جوگرافیـای فەیلیەکـان لەعێراقـدا لە باکورەوە دەس پێ دەکات شـارەکانی (جەلەولا وقزرابات و شارەبان و خانەقی و مەنەلی) و دەڕوات بەرەو باشور تا کو شـارەکانی عەلی غەربی و بەدرە و جەسـان و کوت نوعمانیەو عەزیزیە..زۆربەی ئەم شـــارو گونـدە فەیلی نشـینانە دەکەونە پارێزگای واسـط (کوت) هەنێدێکیان لە پـارێزگـای میســـان (عەمـمـارە) و هەروەهـا ڕۆژهەلاتی پارێزگای دیالەدان، ســـەرەڕای بونی ژمارەیەکی ئیجگار زۆری کوردی فەیلی لەناو شـاری بەغدا کە لەدێر زەمانەوە نیشـتەجێن، لەگەرەکەکان (حی ئەکراد، کفاح و شـێخ..) بەکاری بازرگانیەوە خەریک بون. فەیلەییەکان باوەڕیان وایە کە بەغدا لەســـەردەســـتی ئەوان دروســـت کراوە و شارێکی کوردیە. لەدیوی ئێرانیشـەوە سـنوری نێشـتەجێ بونی فەیلەیاکن بە پارێزگاکانی (لوڕســـتان .کرماشـــان. ئیلام . خوزستان) و شارەکانی خوسرەوی قەسرشیرین، کرمـاشـــان، ئیســـلام ئـابـادی غەرب، عیلام. مهران و ئەندمیشک.... لە ئیران بەفەیلیەکان دەڵێن لوڕوپارێزگایەک هەیە بەناوی ئوستانی لوڕستان.

پابەندی ئاینی

فەیلیەکـانش بەگشـــتی پـابەنـدن بەئـاینی ئیســـلامەوەو بەگشـتیش سـەربە مەزهەبی شـیعەن. لەسـالی ١٩٧٠وە کە ئەحمەد حەسـەن بەکر سـەرۆک کۆماری عراق بوو کۆچی زۆرەملی کورد فەیلیەکـان دەســـتی پێکردووە لەوکـاتەدا چوار هەزارکوردی فەیلی بە زۆرەملی ئاوديوی ئێران کران، بەڵام لەدوای دەســەلاتی ســەدام حوســەینەوە، پیلانەکانی لەناوبردن و پاکتاوی ڕەگەزی کورد فەیلیەکان گەیشـــتە ئاســـتێکی بەرزو تراژیدیاکە گەورەتر بوو، لەســـەرەتای مانگی ٤ /١٩٨٠ (لە ماوەی ٢ ی نیسـان تا ١٠ ی نیسـان)، دا بڕیـاری ژمـارە (٦٦٦) دەرچوو لە لایەن وەزارەتی نـاوخۆی عێراقەووە. بروانە زەینەب موراد ســـوهراب - ئـایـاری ٢٠١٦-دەنگی ئەمریکـا. (ئەم بڕیـارە بـاس لەو کەسانە دەکات کە ڕەگەزنامەی عێراقیان نیە ،یان مامەڵەیان کردوە تا وەدەسـتی بهێنن، پێوسـتە بەزۆر بنێڕدرێنەوە بۆ ئێران) بۆیە کۆچی زۆرەملێی فەیلەکـان بۆ ئێران ،وە شـالاوی گرتن و زیندانی کردن و بێ سـەروشـوێن کردنی گەنجانی کوردی فەیلی پەرەی سـەند ، بەبیانوی ئەوەی کە ئەمانە لە ڕیشـــەدا بیگانەن و عراقی نین واتە ئێرانین، مەترسـیان بۆ سـەر ئاسـایشـی نەتەوەیی عەرەب و عراق هەیە، ڕۆژی ٤/٤/ بە سـالیادی جینۆسـایدی کوردی فەیلی دیاری کراوە.

بڕیـاری دەرکردنی فەیلەکـان بەنهێنی لەلایەن دیکتـاتۆری عیراقەوە دەەرکرابوو لەکاتیکدا فەیلیەکان لەدێر زەمانەوە و پێش هـاتنی ئـاینی ئیســـلام و عەرەب ، فەیلیەکـان لەم شووێنانە ژیاوون کەلەسەرەوە باسمان کردوون.

هەڵگیرســـانی شـــەڕی عراق- ئێران یش (١٩٨١/٩/٢٢) ئەوەنـدەی تر ئەنجـامـدانی ئەم تـاوانەی خێراتر کرد.بە بیانوی ئەوەی کورده فەیلیەکان شیعەن و لەوڵاتی ئیرانەوە هاتون ،بونیان لەوڵاتی عراقدا دەبێتە مایە هەڕەشـــە بۆ ئاژاوەگێڕی لەناوەوەی وڵات، ئەو کەسانەش لەسەرو بەندی شـەڕی ئێراق ئێراندا بەزۆر ئاودیوی سـنوریان دەکردن و لەهەندێ شـووێن لەناو کێڵگەی لوغمدا بەڕێیان دەکردن کە سـەدان کەسـیان لێ دەکوژرا ،ئەوەش بگەڕایاتەوە لەدواوە تەقەیان لێ دەکرد و دەیان کوشت.

لەم تـاوانە دژە مرۆڤـانەیەدا (٦٠٠-٧٥٠) هەزار کوردی فەیلی بەزۆر کۆچیان پێ کرا بۆ ئێران بەشـێوەیەک تەنیا سـەڵت و قوڵت سـواری ماشـێنی سـەربازی دەکران و ئاودیوی سـنوریان دەکردن،هەرچی ماڵو موڵکیان هەبووو لە لایەن پیاوانی دەسـەڵاتداری ڕژێمی بەعسـەوە دەسـتی بەسەرداگیرا هەروەها زیاتر لە ٢٠٠٠٠ بیست هەزار لاو و گەنجی فەیلی بێسـەروشـوێن کران و تـائیسـتـاش چارەنوسـیان نـادیـارە و نـازانرێ بە چ شـێوەیەک لەناوبراون، دیارنەمان وشوین بزربونی سەدان سەربازی کوردی فەیلی لەکاتی شـەڕی عراق ئێراندا..ئەمانە چەندین تـاوانـی تـر کە دەنـگـۆی ئەوە هەبـوە ئەم کـوردانە لە تـاقیگەکـانی دروســـت کردنی چەکی کیمیـایی و چەکی بایۆلۆجیدا ئەزمونیان لەســـەر ئەنجام دراوە و کوژراون، دواتر لە گۆڕە بەکۆمەڵەکـانـدا شـــاردراونەتەوە، لەکاتی هەڵـدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکـانـدا دەرکەوت کە کوردی

فەیلیش هەبون، بەلام بەکارهێنانی فەیلیەکان لەئەزمونەکانی چەکی بایلۆجی وکیمیایی هێشتا بەڵگەی یەکلاکەرەوە لەبەردەس نیە.

ڕژێمی بەعس هەر بەوەوە نەوەستا بەڵکو ڕەگەزنامەو ناسنامەی عراقی لە کوردانی فەیلی دامالّی. ئەمە سیاسەتی ڕژێم بوو دەرهەق بە کوردی فەیلی هەر لەسەرەتای هاتنەسەرکاری بەعسیەکان لەبەرنامەیاندا بوو کە کوردی فەیلی لە ناوعراقدا پاکتاوبکەن و بیسڕنەوە چونکە کوردو شیعە بون ،ئەم دو فاکتەرەش بەهەڕەشەی ئەمنی قەومی بەعس دەهاتنە ئەژمارکردن. کوردەفەیلیەکان لەژیانی ئاوارەیی و پەنا بەریدا توشی جەندین کارەسات و مەینەتی ژیان بونەتەوە پاش کۆچپێکردنی زۆرەملێیان بۆ ئیران،لەو ولاتەدا مافی پەنابەریان پێ درا لەکاتێکدا ڕژێم دەی وت ئەمانە لەڕیشەدا ئێرانی و مەجوسین.لە ژیانی پەنابەرێتیدا زۆرێک لەکوردەفەیلیەکان ڕویان لەوڵاتی ئوستڕالیا کرد و لەڕێگا چەندین کارەساتی تراژیدی بەسەرێانداهات بەهۆی نوقم بونی بەلەمەکانی گواستنەوەوە لەدەریادا.

لەسەروبەندی شەڕی عراق-ئێراندا زیاتر لە ٢٠٠ هەزار لەخەڵکی عێراق ئاوارەی ئێران بون کە ٦٥% یان کوردی فەیلی بون.. لەسەرەتای هەڵگیرسانی شەڕی عراق-ئێراندا، هەڵمەتی کۆچی زۆرەملێ تەنها فەیلیەکانی نەگرتەوە بەڵکو سەدان خێزانی تری کورد لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر دوچاری کۆچی زۆرەملێ کران بۆ ئێران، واتە ئەوخێزانانە کە یەکێ لەئەندامەکانیان بە ڕیشە کوردی ڕۆژهەلات بون (دایک یان باوک) نمونەی ئەم تاوانە دوو خێزان بون لە گوندی گوڵپی هەورامان ، کە دوکەسی خەڵکی ڕۆژهەلاتی ناوچەی شامیانی مەریوان(سەولاوا) ،بەهۆی هاوسنوریەوە لە دیوی هەورامان خێزانیان پێک هێنا، لەدوای دەرچونی بڕیارەکەوە ئەوانیش بە سەڵتو قولّتی ئاودیوی ئێران کرانەوە، ئەم تاوانانەی کە دەرهەق بە کوردی فەیلی کراون بەپێی پیوەرە یاسایی و نیودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ دەچنە خانەی تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ و پاشان تاوانی جینۆساید چونکە نیەتی لەناوبردنی فەیلیەکان بە بەرنامەو بووە .گرتن و کوشتن و شوێن بزرکردن و کۆچی زۆرەملی و دەس بەسەراگرتنی مالّو مولّکی خەڵکانێک کە نەژاد یان ئاینی جیاوازیان هەبێ.خۆی لەخۆیدا تاوانی جینۆسایدە ئەسەلمێنێ.

دوای روخانی ڕژێمی بەعس و گەرانەوەی زۆربەی کوردە فەیلیەکان بۆ زێدی خۆیان سەرەڕای ناساندن و دان پێدانانی تاوانی کوشتن و گرتن و کۆچی زۆرەملی فەیلیەکان وەک تاوانی دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ و تاوانی جینۆساید لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانە وە لە ڕۆژی ٢٠١٠/١١/٢٩ بریاری لەسەردرا ئەوەی دەرهەق بەکوردی فەیلی کراووە لەعراق (کۆچی زۆرەملێ ،گرتن و کوشتن، سەرنوگم کردن، زەوتکردنی مالّ مولک هتد،ئەمانە دەچنە خانەی تاوانی کۆمەڵکوژیەوە (جینۆساید) بەپێ یاسای دادگایی باڵای تاوانکاری عێراق ژمارە (١٠) لە سالی ٢٠٠٥ دا بۆ دادگایی کردنی ئەنجامدەرانی تاوانە گەورەکان لەناویاندا کۆمەڵکوژی فەیلیەکانیش.

دۆسیەی دادگایی کردنی تاوانی جینۆسایدکردنی فەیلیەکان لە ٢٠٠٩/١/٢٦ دەستی پێ کرد و لە ٢٠١١/١١/٢٩ کۆتایی هات، بە ٤٤ دانیشتنی دادگاکە و بەئامادە بونی ١٠٠سکالا کارو شاهید کۆتایی پێ هات، سەرئەنجام ئەویش بە جینۆساید یەکلایی کرایەوە لەدادگای باڵای تاوانەکان لەبەغدا. دادگا بریاریدا بە گەراندنەوەی هەموو مافە زەوت کراوەکانی هاوڵاتیانی کوردی فەیلی ئەگەرچی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی کۆماری عێراق پشتگیری ئەم بڕیارەیان کرد و بەڵێنی جێبەجێ کردنیاندا، بەلام تائێستاش قەرەبووی مادی ومەعنەوی فەیلیەکان نەکراوەتەوە.

قسەی بریقەداری بەرپرسانی دەسەلات داری عراق بەرامبەر فەیلیەکان، کەمتەر خەمی لە جێ بەجێ کردنی بڕگەکانی بڕیار بەجینۆساید ناساندنی تاوانەکە،هێشتا بەتەوای مافی خۆیان بۆ نەگەڕاوەتەوە ،چونکە تاکو ئیستا زۆربەیان ئەو مالّ و مولّک خانوزەوی، باخ ..هتد کە داگیر کرابوو بۆیان نەگەڕاوەتەوە،تائیستا زۆربەشیان ڕەگەزنامەی عراقی ناسنامەیان وەرنەگرتۆتەوە ،پاش ئەوەی لە سالّی ٢٠٠٦ دا یاسای ژمارە (٦٦٦) ی ڕەگەزنامەی عیراقی پوچەڵ کرایەوە و کاتی خۆی

فەیلیەکان بەم یاسایە وڵات بەدر کران کەمێک سود بەخش بوو بۆ گەراندنەوەی مافی زەوت کراویان، تائیستا زیاتر لە ٦٠٠٠ فەیلی ڕەگەزنامەی بۆ گەڕاوەتەوە هەروەها زیاتر لە ٤٥٠٠ فەیلی ناسنامەی عراقی بۆ گەڕاوەتەوە..وە کێشەو گرفتی زۆر ناقۆڵا دێتە ڕێگەیان بۆ وەدەس هێنانی بەڵگەنامەکانی کە عراقی بونی خۆیان بسەلمێنن..هەروەها حکومەتی عراق لەڕێ گەراندنەوەی ئەفسەرو پلەدارانی ڕژێمی لەناو چوەوە ئەوەندەی تر دڵ و دەرونی فەیلیەکان ئازار دەدات وا هەست دەکەنکە جارێکی تر کۆمەڵکوژ دەکرینەوە.

جێگەی ئاماژەیە کەوا لە ٣٣ هەمین سالیادی کۆمەڵکوژی فەیلەیاکاندا ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی عێراق بۆ بەرزڕاگرتنی یادەکە لە بیرو هزری گەلی عراقدا گشتاندنێکی بڵاوکردەوە بەسەر هەموو وەزارەت و فەرمانگەکاندا کە بۆ ماوەی هەفتەیەک لە (٢- تا ٩ ی نیسان) کۆمەڵکوژی فەیلیەکان دەکاتە دروشمی خۆی(تاوانەکانی ڕژێمی لەناوچوو دژ بەکوردە فەیلیەکانتاوانی کۆمەڵکوژیە).

لە پەرلەمانی عێراقیش لەکۆبونەوەی ٢٠١٣/٤/٣ باس لەوە کراوە کە پێوستە بەزوترین کات قەرەبوی مادی و مەعنەوی فەیلەکان بکرێتەوە تا کو شوێنەواری ئەو زوڵم زۆرە بسڕێتەوە کە لەلایەن ڕژێمی لەناو چو بەسەریان دا هاتوە، سەرەڕای بڕیاری دانانی وێنەی یەکێک لە تاوانە تراژیدیەکانی کوردی فەیلی لەسەر دراوی نوێ عراق ..پولی عراقی،بەلام هێشتا زۆری ماوە کە بارتەقای ئەو تاوانە بکرێتەوە بۆ فەیلیەکان.

ئەوەی پێوستە بکرێ بۆفەیلیەکان دەبێ حکومەتی عراق بەتەوای قەرەبوی مادی و مەعنەویان بکاتەوە مالّ و مولّکی داگیرکراویان بۆ بگەڕیتەوە و هەروەها چارەنوسی شوێن بزرەکانیان دیاری بکات.ڕەگەزنامە وناسنامەی عراقیان بۆ بگێڕێتەوە.. داوای لێبوردنیان لێبکات و قەرەبووی مادی ومەعنەوییان بکاتەوە .

سەرچاوەکان :

1. **زەینەب موراد ســـوهراب- دەنگی ئەمریکا** ئایاری ٢٠١٦. ئەندامی کۆنسەی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد.
2. ئیسرا محەمەد فەیلی بەڕێوەبەری ڕێکخراوی کوردی فەیلی بۆ مافی مرۆڤ- کەناڵی ڕوداو تیڤی ٢١ی تەموزی ٢٠٢١ لەگەڵ گۆڤەند مستەفا.
3. کورد زانست -ماڵپەر ٣٠ی ئایاری ٢٠١٩
4. **ماڵپەری پارتی دیموکراتی کوردستان ەی ئەپریلی ٢٠٢١**
https://www.kdp.info/a/d.aspx?l=13&a=125942

جێنۆسایدی ئێزدییەکان بەفەرمی ناسێندرا

پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی ٣ی ئابی وەک ڕۆژی جینۆسایدی کوردانی ئێزدی دیاری کرد.
بەمەبەستی دەنگدان لەسەر دیاریکردنی ڕۆژێک وەک "ڕۆژی کۆمەڵکوژی کوردانی ئێزدی"، ڕۆژی شەممە ٣ی ئابی ٢٠١٩ پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بەست
لە کۆبوونەوەکەدا پڕۆژە بڕیارێک بۆ ناساندنی ڕۆژی کۆمەڵکوژی کوردانی ئێزدی خرایە بەردەم ئەندامانی بەشداربوو، بە کۆی دەنگی ٨٧ ئەندامی پەرلەمان کەلەو کۆبوونەوەیەدا ئامادەبوون، بڕیارەکە پەسەند کرا.
ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ چەکدارانی داعش هێرشیانکردە سەر قەزای شنگال و دەوروبەری ، بە دەیان گەنج و پیری ئێزدی دانیشتوی ئەو قەزایە گیران و کوژران ، هەزاران کەس ئاوارە بوون، دەیان کەس لەسەر چیای شنگال لەبرسان گیانیان لەدەستدا و تاوەکو ئێستاش سەدان کچ و ژنی ئێزدی بەدیلی لە بەردەستی داعشدا ماون وئازاد نەکراون.

لە کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکانەوە بۆ کۆمەڵکوژی کورد

زیاتر لە ســـەدەیەک بەســـەر کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکاندا



تێدەپەڕێت، دەوڵەتی تورک بە هەمان زهنیەت، کار بۆ سڕینەوە و لەناوبردنی گەلی کورد دەکات.

تاوانە کۆمەڵکوژییەکان دژی گەلانی ئازادیخواز و خاک داگیرکراو. لاپەڕەکانی مێژوویان ســـورکردووە، تاکو ئێســتاش بەردەوامە یاخود مەترسـی دووبارەبوونەوەیان هەیە لەوانەش:

جینۆسایدی ئەرمـــەنییەکـــان، جینۆسایدی جوولەکەکان (هۆلۆکۆست)، جینۆسایدی کورد لە باشووری کوردستان (ئەنفـــال و کیمیابـــاران)، کۆمەڵکوژییەکانی باکووری کوردستان (دێرسـیم، ئامـەد، ئاگـری داغ، دۆلـی زیـلان، رۆبـــۆسـکی)، کۆمەڵکوژی فـــەیلییەکان، کۆمەڵکوژی ئێزدییەکان و چەنـدین تـاوانی هـاوشـێوەی دیکە، ئەم تاوانانە کە لە لایەن رژێم و دەسەڵاتـــدارانی داگیرکەری ڕەگەزپەرسـت و توندڕەوە و دامارگیری ئاینییەوە ئەنجام دراون بەملیۆنـان ژن و منـداڵ و پیـاو کوژراون و بێ سەروشوێن کراون.

یەکەمین تاوانی کۆمەڵکوژیی لە سەدەی بیستەم-دا ساڵی ١٩١٥ لەســەر دەســتی عوســمانییەکان دژی ئەرمەنییەکان ئەنجامـدرا و یەک ملیۆن و ٥٠٠ هەزارئەرمەنی کوژران، سەرباری ئەوەی حکومەت و پەرلەمانی ٣١ ولات بەفەرمیی ئەو تاوانەیان وەک جینۆساید ناساندووە، بەڵام تا ئێستا دەوڵەتی تورک نکۆڵی لە ئەنجـامـدانی ئەو کۆمەڵکوژییە دەکات.

ڕێپێوانی مەرگ

ئەوە یەکەمـیـن جـار نەبـوو، کە عوســـمـانییەکـان ئەرمەنیەکـان کۆمەڵکوژ بکەن، ســـاڵی ١٨٩٤ هەزاران ئەرمەنـیـی بەفەرمـانـی سوڵتانی عوسمانی (عەبدولحەمیدی دووەم) کـوژران، تەنـهـا بەهـۆی ئەوەی تـــورک نەبـــوون و لەپەیڕەوانی ئاینی مەسیحی بوون. لەسـاڵانی سـەردەمی یەکەم جەنگی جیهـانی و لە دواســـاتەکـانی دەسـەڵاتی عوسـمانییەکان (١٩١٥ – ١٩٢٣)، وەک کـاردانەوەیەک بەرامبەر شـــکســـتی لەو جەنگەدا، دەوڵەتی عوســـمانی دەسـتیکرد بە ڕاگواسـتن و ڕاوەدوونانی ئەرمەنییەکان لە خاکی خۆیانەوە بۆ سوریا، کە لەو کاتەدا لەژێر قەڵەمڕەویی عوســـمانییەکاندا بوون، هەزاران کیلۆمەتریان بە ناچاریی دەبڕی و بەشـێکیشـیان بەهۆی نەبوونی ئاو و خۆراکەوە لەڕێگا گیانیان لەدەسـتدا، ئەوەی بەرهەڵسـتیشـی بکردایە، ڕاستەوخۆ دەکوژرا.

بڕیاری ئەنجامدانی پرۆسـەی کۆمەڵکوژیی ئەرمنییەکان لە ســـەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوســـمانییدا لەلایەن حزبی حاکمی ئەو کاتە (کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەقەرەقیی تورک) دەرچوو، کە لە ســاڵی ١٩٠٨ کودەتایان بەســەر ســوڵتان عەبدولحەمیدا کرد و لەســـەرەتادا بەڕواڵەت داوای مافی نەتەوەکـانـی دیکەیـان دەکرد لە تورکیـا، بەڵام دواتر هەڵوێستیان گۆڕا و بە ئاڕاستەی ڕەگەزپەرستییدا چوون.

دەســـتپێکردنی جەنگی جیهانیی یەکەم لە ســـاڵی ١٩١٤ هەلێکی زێڕینی بۆ کۆمەڵەی ئیتیحـاد و تەرەقیی هێنـایە کایەوە، تا بەپاســـاوی "ئاژاوە نانەوە"وە ئەرمەنییەکان کۆمەڵکوژ بکەن، لە ٢٤ی نیســـانی ١٩١٥ تورکەکـان هەڵمەتی کۆمەڵکوژکردنی ئەرمەنییەکانیان دەستپێکرد.

کە ســێ کەس لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە، بەرپرســیاری یەکەمن لە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان، ئەوانیش:

محەمەد تەڵعەت، وەزیری ناوخۆ، ئەنوەر ئیسماعیل، وەزیری جەنگ، ئەحمەد جەمال، وەزیری جەنگیی و حاکمی سەربازیی ویلایەتی سوریا.

سەرچاوە میژوویەکان باس لەوە دەکەن، ئەرکی ئەنجامدانی تاوانەکە درابوو بەو گروپانەی لە تاوانبار و لە یاسا دەرچووەکان دروستکرابوون، لەژێرناوی یەکەی "پێکهاتەی تایبەت" فەرمانەکەیان جێبەجێ دەکرد.

پاساوی عوسمانییەکان لەم تاوانەدا ئەبوو، کە ئەرمینییەکان ڕێگرن لە یەکگرتنەوەی دەوڵەتەکەیان، هەروەها ئەوان تورک نین و ئایینیان مەسیحییە، بۆیە لەم ڕێگەیەوە هەوڵیدا دیمۆگرافیای ئەرمەنییەکان بسڕنەوە و کۆتاییان پێبهێنن.

لە ٢١ی حوزەیرانی ١٩١٥، دەوڵەتی عوسمانی یاسایەکی کاتی بەناوی یاسای گەڕاندنەوەی زۆرەملێ (دیپۆرت) پەسەندکرد، کە دەیانتوانی بەسەر هەر کەس و نەتەوەیەکدا جێبەجێی بکەن، کە گومانیان لێیەتی یاخود لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەواندا نین، بەڵام سەرنجەکە بەدیاربیکراوی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بوو، لەو ڕاگواستنەدا ئامانجیان ئەوەبوو کەمترین ژمارەی ئەرمەنیی ڕزگاریان ببێت. زۆربەی ئەوانەی بەردەوام لەناوچەیەکەوە دەگوازرانەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە ژن و منداڵ بوون، پیاو و منداڵە کوڕەکان لەتەمەنی ١٢ ساڵییەوە بەئامانج گیراوی یەکەم بوون بۆ لەسێدارەدان.

لە مانگی تشرینی یەکەمدا، زیاتر لە ٨٧٠ هەزار ئەرمینی لە ڕێپوانی مەرگ بەزیندوویەتی مانەوە و گەشتنە کامپەکانی سوریا، بەڵام لێرەش دەسەڵاتدارانی عوسمانی کۆتاییان بە پڕۆسەکە نەهێنا و بەردەوام لەکامپێکەوە دەیانگواستنەوە بۆ کامپێکی دیکە، خواردن و ئاویان پێنەدەدرا، نەخۆشی و پەتا ژمارەیەکی زۆری لێ کوشتن. تاکۆتایی هەڵمەتەکە نزیکەی یەک ملیۆن و نیو لە ئەرمەنییەکان کوژران.

بەجینۆساید ناساندی کۆمەڵکوژیی ئەرمینییەکان

١٠٧ ساڵ بەسەر کۆمەڵکوژکردنی ئەرمەنییەکاندا تێپەڕدەبێت، بەڵام هەتا ئێستا تورکیا بە فەرمیی دانی بەو تاوانەدا نەناوە و تەنها دەڵێن، کە ڕاگواستن بووە و کۆمەڵکوژیی نەبووە، تاوانەکە لەسەر ئاستی جیهان ٣١ وڵات وەک کۆمەڵکوژیی ناساندوویانە، کە دیارترینیان بریتین لە؛ ئەمریکا، ڕوسیا، کەنەدا، ئەڵمانیا، سویسرا، هۆڵەندا، ئەرجەنتین، فەرەنسا، سوریا، سوید، لوبنان و ئیتاڵیا و چەندین وڵاتی دیکە.

لە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکانەوە بۆ کۆمەڵکوژی کورد

ئەرمەنییەکان تاکە نەتەوەی قوربانیی دەسەڵات و داگیرکەری تورکیا نین، کوردیش چەندین سەدەیە لەسەر دەستی دەوڵەتی تورک کۆمەڵکوژ دەکرێت و هەوڵی سڕینەوە و گۆڕینی دیمۆگرافیاکەی دەدرێت، ئەو هەوڵانەش تا ئەمڕۆ بەردەوامە.

هەر لەدوای جەنگی چاڵدێران، عوسمانییەکان خۆراوای ئەرمینیا و کوردستانیان خستەوە سەر سنوورەکانی خۆیان، ئیتر لەپاش سەفەوییەکان، عوسمانییەکان دەستیانکرد بە کۆمەڵکوژی و قڕکردنی کورد.

کۆمەڵکوژییەکانی دێرسیم، ئامەد، ئاگری داغ، دۆڵی زیلان، ڕۆبۆسکی... چەندانی دیکە کە تێیدا بەسەدان و هەزاران کوردیان کۆمەڵکوژ کردووە.

ئەوەی باسمان کرد، تەنها دڵۆپێکە لە تاوانەکانی تورکیا، دەرهەق بە گەلانی ئازادیخواز و ئاشتیخوازی وەک، کورد و ئەرمەنی و یۆنانی و ئاشووری.

ئەو کۆمەڵکوژییەکەی ١٠٧ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ کە عوسمانییەکانیان لە دژی گەلی ئەرمەنی ئەنجامیان دا، ئێستا دەوڵەتی تورک هەمان تاوان دەرهەق بە گەلی کورد ئەنجامدەدات.

ئامانجی دەوڵەتی تورک لەناوبردنی تەواوی کوردە، بۆیە لە یەک کاتدا هێرش دەکاتە سەر باکوور، باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان و هەوڵی داگیرکردنیان دەدات، لە چوار ساڵی ڕابردوودا عەفرین، سەریکانی و گرێ سپی لە ڕۆژئاوای کوردستان داگیرکرد و بە هەزاران هاوڵاتیی کۆمەڵکوژ کرد، ئێستاش لە باشووری کوردستان هێرشێکی دەستپێکردووە و ڕۆژانە بە دەیان فڕۆکە بۆردوومانی ناوچەکانی زاپ و مەتینا و ئاڤاشین دەکەن، ئامانجیش هەمان ئامانجی ئەو هێرشەیە کە دژ بە ئەرمەنییەکان پێکیهێنا، ئەویش داگیرکردن و کۆمەڵکوژییە.















نەتەوە یەکگرتووەکان بە فەرمی دەستی بە کۆکردنەوەی بەڵگەی جینۆسایدی ئێزدییەکان کرد



ئەنفالستان

رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئابی ساڵی ٢٠١٨ەوە بە فەرمی دەستی بە کۆکردنەوەی بەڵگەکردووە بۆ سەلماندنی جینۆسایدی ئێزدییەکان.

بەپێی هەواڵێکی رۆیتەرز تیمەکەی یوئێن دەستی بە کارەکانی کردووەو هەر جۆرە بەڵگەیەک پێوەندی بە تاوانەکانی داعشەوە هەبێت. لەلایەن تیمەکەوە کۆ دەکرێتەوە. دوای ماوەیەکی کارکردنی تیمەکە بارتەقای ئەوە بەڵگەیان چنگ کەوت کە بیسەلمێنێت جینۆسایدە لە ناوچەکە رووبداوە.

ئەو هەنگاوەی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، تەنیا پێوەندیدارە بەتاوانەکانی داعش لە عێراق و کوردستان. چونکە داعش هەر لەکوردستان وعێراق تاوانیان ئەنجام نەداوە بەڵکو لەسوریاش تاوانکارییان زۆرە.

لە مانگی ئەیلوولی ساڵی رابردوو ئەنجوومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە چوارچێوەی بڕیارنامەیەک داوای لە سکرتێری گشتی رێکخراوەکە کردبوو بەمەبەستی بەدواداچوونی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی تیرۆریستانی داعش گرووپێکی چاودێری لێکۆڵەر پێکبهێنێت کە یارمەتی حکوومەتی عێراق و تەنانەت دادگا نێودەوڵەتییەکان بۆ لێپرسینەوە و بەدواداچوونی تاوانەکان بدات.

جێگەی ئاماژەیە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٦ پسپۆرانی سەربە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان هۆشداری گریمانەو ئەگەری ئەوەیاندابوو کە ئێزدییەکان جینۆسایدکرابن و گەورەترین تاوانیان دەرحەق کرابێت.

لە رفاندن و کوشتنەوە هەتا بەچەندین تاوانی تر دەگات لە دژی ئێزدییەکان لەلایەن چەکدارەکانیانەوە جێبەجێکراوە نابێت ئەوەش نادیدە بگرین کە میدیاکانی جیهان و خودی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش گرنگیان بە پرسی ئێزدیەکان داوە، بەڵام لە چوارچێوەی بە دۆکیۆمێنتکردن و هەنگاوی پراکتیکی بۆ سزادانی تاوانباران و ئاشکراکردنی جۆری تاوانەکان هەنگاوێکی پراکتیکی نەنراوە. ئەگەرچی دوای دووساڵ رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان تاوانەکانی داعشی لەشەنگال بەجینۆسایدناساندو لەراپۆرتێکدا بڵاویان کردەوە، بەڵام هێشتا ئێزدییەکان لەدۆخێکی خراپدا دەژین.

دوای ئەم راپورتە پەرلەمانی بەلجیکا لەمانگی تەموزی ساڵی ٢٠٢١ تاوان دژی ئێزدییەکانی بەجینۆسایدناساندووە لەراپۆرتەکەیاندا هاتووە:

بە لەبەرچاوگرتنی ڕاپۆرتی تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خستنەڕووی بەرپرسیارێتیی تاوانەکانی گرووپی تیرۆریستیی داعش (UNITAD) لە ٢٠٢١/٥/١ بە ناونیشانی "شەشەم ڕاپۆرتی ڕاوێژکاری تایبەت و سەرۆکی تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خستنەڕووی بەرپرسیارێتیی تاوانەکانی گرووپی تیرۆریستیی داعش (UNITAD)"، کە لەم ڕاپۆرتەدا ڕایان گەیاند کە بەڵگەنامەی ڕوون و قەناعەتپێکەر هەیە کە لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامییەوە جینۆساید دژی ئێزدییەکان- وەکوو گرووپێکی ئایینی- ئەنجام دراوە؛

بە گوێرەی دواین ئامارەکان هێشتا سەرووی سێ هەزار ئێزدی بێسەروشوێنن کە پێشتر لە لایەن داعشەوە رفێنراون و کەس ئاگاداری چارەنووسی ئەو ئێزدییانە نییە. بەهۆی هێرشی داعس بۆ سەر شنگال و ناوچەکانی

تری پاریزگای نەینەوا بە هەزاران کەس کوژران و بەسەدان هەزار کەسیش لە ماڵ و زێدی خۆیان ئاوارە بوون. لەکاتی رزگارکردنی مووسڵ و تەنانەت پێش ئەوەی ئەوشارە رزگار بکرێت ئومێدێک هەبوو بە رزگارکردنی ئەو ئێزدیانەی لە لایەن داعشەوە رفێنرابوون و چارەنووسیان نادیاربوو، بەڵام لە دوای ڕزگارکردنی موسلیش نەزانرا ئەو ئێزدییانە چیان بەسەر هاتووە. هەرچەندە هەندێکیا لە سووریاش بەتایبەتی لە شاری ڕەقە رزگارکران، بەڵام دیسان چارەنووسی رفێنراوەکان هەر ئاشکرا نەبوو. ڕاپۆرتەکەی نەتەوەیەکگرتووەکانیش نەیتوانیوە چارەنوسیان دیاری بکات.

ئەو تاوانەی داعش ئەنجامیاندا تەنیا دژی ئێزدییەکان نەبوو، بەڵکو دژی پێکهاتەی تری سوننە و مەسیحی و شیعە و کاکەیی و شەبەک و سەرجەم پێکهاتەکان بوو، بەڵام قوربانی یەکەم و ڕاستەوخۆ بەزۆری ئێزدییەکان بوون بەگشتی ئەوەی بەسەر ئێزدییەکان هات لەچاو پێکهاتەکانی تر زۆر زیاترو گەورەتربوو .

جگە لە هەوڵەکەی یوئێن چەندین شایەتحاڵی ڕووداوەکان هەبوون و ئێستاش هەن و لەژیاندان بەتایبەتیش لە هەڵاتووان و ڕزگاربووانی دەستی داعش و ئەو ڕاپۆرتانەی لەسەر نەهامەتی ئاوارەبوونی سەدان هەزار ئێزدی بڵاوکراونەتەوە. بەتایبەتیش دوای هەڵاتنی هەندێک کەس لەوانەی هەڵاتبوون بوونە سەرچاوەی باش بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان چونکە بەڵگەی نوێیان لەبارەی ئەنجامدەرانی جینۆسایدی ئیزدییەکان لەلایەن ڕێکخراوی داعشەوە گەیاندە نەتەوەیەکگرتووەکان.

کەریم خان سەرۆکی تیمی نەتەوەیەکگرتووەکان (UNITAD) بۆ پرسی لێپرسینەوە و بە دۆکۆمینتکردنی تاوانەکان داعش لە عێراق ڕایگەیاند ، زۆر بەڵگەو دۆکۆمینتی ڕوون و ڕاشکاو جێمتمانەو بڕوا پێهێنەرمان دۆزیووەتەوەگەواهی دەرن تیرۆریستانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام تاوانی گەورەیان دەرهەق بە ئێزدیەکان ئەنجامداوە

هەموو ئەوانە بەڵگەی سەلمێنەرن لەوەی ئێزدییەکان دەستنیشانکرابوون و بەرپەلامار کەوتن و بەئامانج گیراون و جینۆساید کراون.

لەراپۆرتەکەی یوئێنیشدا ئەوە ساغ بووەتەوە کەوا مەبەستی داعش ئەوە بووە کە ئێزدییەکان بە تەواوی لە دەشتی نەینەوا- موسڵدا لەناو ببات.

لەراستیدا نەک هەرتاوانەکان دژی ئێزدییەکان بەڵکو مافی کوردبوو دۆسێی ئەنفالیش ببرێتە دادگای نێودەوڵەتی بەڵام لەمپەرەکان زۆرن و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش کەمتەرخەم بوو، دەنا یەکێک لە گرنگترین ئەو لەمپەرانەی وای کردووە لێکۆڵینەوە لە تاوانەکە نەگاتە دادگای نیودەوڵەتی لە لاهای ئەوەیە کە عێراق لە دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان ئەندام نییە.



وێنەی ئەنفالکراو

عەبدوڵا ئەورەحمان مام ڕەشید

دانیشتوی گوندی عەسکەر- ناحیێی ئاغجەلەر- قەزای چەمچەماڵ

لە ڕۆژی ٤ی ئایاری ساڵی ١٩٨٨ لەپەلاماری قۆناغی چوارەمی ئەنفالدا لایەن سوپاوجاشەوە گیراو ئەنفالکرا.

وێنەکە ساڵی هەشتاکان لەگوندی عەسکەر چرکێندراوە بەلام بەداخەوە ساڵ و مانگ و ڕۆژی لەسەر نییە.



رووفاتی ٤١ شەهیدی گوندی کۆچۆی سەربە قەزای شنگال، بەخاک سپێردرانەوە.

ئەنفالستان: پێنجشەممە، ٢٠٢١/١٢/٩ رووفاتی ٤١ قوربانی لەگوندی کۆجۆ بەخاک سپێردرانەوە کە لە کۆمەڵکوژییەکەی گوندی کۆجۆ کە لە ساڵی ٢٠١٤ بەدەست چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە بە کۆمەڵکوژرابوون، دوای هەڵدانەوەو پشکنین گەڕێندرانەوە زێدی خۆیان و بە ئامادەبوونی کەسوکاریان بەخاک سپێردرانەوە.

لەدوای گرتنەوەی شەنگال و دەرکردنی چەکدارانی داعش هەتا ئێستا هەڵدانەوەی گۆڕی بەکۆمەڵ بەردەوامەو لە ئەنجامی هەڵدانەوەی بەشێک لەگۆرە بەکۆمەڵەکانی گوندی کۆجۆ زیاتر لە ٤٠٠ دەرهێنراون و بەمەبەستی پشکنینی DNA،ڕەوانەی پزیشکی دادیی بەغدا کراون. دوای ئەنجامدانی پشکنین و جیاکردنەوەیان رادەستی کەسوکاریان دەکرێنەوە، بەپێی زانیارییەکان کەدەست ئەنفالستان کەوتوون ئەو ٤١ رووفاتە کاری پشکنینی تەواویان بۆ ئەنجام دراوە.و رادەستی کەسوکاریان کراونەتەوە.

پێشتر بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەی کاروبار و پاراستنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە دەزگای شەهیدان سەربە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، زیاکەریم رایگەیاندبوو "سەرجەم ئەو رووفاتانەی کە لەگۆڕە بەکۆمەڵەکان دەرهێندراون، رادەستی فەرمانگەی پزیشکی دادوەریی کراون، بۆ ئەوەی پشکنیی(DNA) یان بۆ ئەنجام بدرێت، ئەوەیش بە ئامانجی ئاشکراکردنی ناسنامەو ناسینەوەیان."

زیا کەریم ئاماژەی بەوەیش دابوو کە فەرمانگەی کاروبار و پاراستنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان، سامپڵی خوێنی لە کەسوکاری قوربانییەکان کۆکردووەتەوەو فۆرمی تایبەتیش بۆ کەسە بێ سەروشوێنبووەکان پڕکردووەتەوە و سەرجەم کارەکانیان بە ڕێگای یاسایی و تەکنیکی بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان ئەنجامداوە.

ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە ساڵی ٢٠١٤ هێرشێکی بەرفراوانی بە مەبەستی کۆمەڵکوژی کوردانی ئێزدیی بۆسەر ناوچەکانی دەشتی نەینەوا ئەنجام دا و دانیشتوانی گوندی کۆجۆ بەرەورڕووی گەورەترین کۆمەڵکوژی لەلایەن ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە بوونەوە.

گوندی کۆجۆ بە دووری ٢٥ کیلۆمەتر دەکەوێتە باشووری قەزای شنگال و بە گەورەترین گوندی ئێزدیی نشین دادەنرێت. دانیشتوانی گوندی کۆجۆ پێش پەلاماری داعش لەساڵی ٢٠١٤ ٧٨٠ خێزان بوون.

لەمانگی ئابی ساڵی ٢٠١٤ دوای گرتنی شاری موسڵ لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە پەلاماری شەنگال و گوندەکانی دەوروبەریاندان و ئێزدییەکانیان کردە ئامانج یەکێک لەوانە گوندی کۆچۆبوو. دوای ئەوەی ژن ومنداڵەکانیان لەقوتابخانەی گوندەکە کۆکردەوە ژن وپیاویان لێک جیاکردەوە، ژن ومنداڵەکانیان بۆتەلعفەرو موسڵ بردن و هەر ئەو ڕۆژە پیاوەکانیان لەگوندی کۆچۆ گوللەباران کردو بەکۆمەڵ کوشتیانن.

بۆ یادی کاتژمێرە باخەڵەکەی ئیسحاقە جوو.



ئیدریس مستەفا- کەنەدا

لەم ڕۆژانەدا لە سەفەرێکی دوو کاتژمێریدا بە ڕێکەوت کەسێکم ناسی. لە ناوەڕاستی قسەکانماندا کە باسمان دەربارەی شەڕو کوشتارو دەربەدەری بوو، گوتی: من بەبنەچە جولەکەی پۆڵەندیم و باپیرەم و خێزانەکەمان هەموویان لە ئاتەشگەی ئەشقیتزی بە زیندوویی سووتێنران.

گوتیشی: لە خێزانەکەمان باوکم تەنها کەس بوو کە لەو جێنۆسایدە ڕزگار ببوو. ئیتر ئە وڵە کیشوەری ئەمریکا نیشتەجێ بوو و منیش لێرە لە دایکبووم.

ئەوەی بۆمن سەرنج ڕاکێش بوو، سەعاتێکەی بەرباخەڵی بوو. لێم پرسی ئەوە چۆنە ئەو کاتژمێرە قەدیمیەت پێیە؟ لەوەڵامدا گوتی: ئەوەهی باوکمە و لە باپیرمەوە بۆی بەجێ ماوە، ئەویش بۆ منی بەجێ هێشت .

ئەم قسەیە منی بردە یادێکەوە، هەموو جارێک باوکم باسی ئیسحاقە جووی بۆ دەکردم. دەیگوت : سالانی پەنجا و شەستەکان بۆ ماوەیەک ماڵمان لە سلێمانی بووە و دراوسێکی کوردی جووکمان هەبووە، بە ناوی ئیسحاقە جوو. هەرجارێ کە باوکم (مستەفا سالّح کەریم) کە زیاتر بە مەلامستەفا ناسراوە، باسی دەکرد زۆر بەداخەوە ناوی دەهێنا و دەیگوت یەکیک بوو لە دراوسێ هەرە باشەکانمان، بەڵام بەزۆر دەریانکردن. گوتی کەڕۆیشت هات بۆ لام و مامۆستا خۆمن خانووەکەم هەر دەفرۆشم بۆ نایەی بەهەرزانتر لەخەڵکی تر بیدەم بە تۆ، باوکم پێی گوتبوو من شتی وەها ناکەم چونکە ئەوە گوناحێکەو من نایخەمە ملی خۆم. ئیسحاق پێش ڕۆیشتنی یادگاریەکی دابوو بە باوکم، دیارییەکە سەعاتێکی بەرباخەڵەکان بوو، وەک ئەوەی کابرای هاوسەفەرم لەباپیرەیەوە بۆی مابووەوە.

ئەوەی زۆر گرنگ و سەرنجراکێش بوو لەلای من لەسەر ڕووی دەرەوەی ئەو سەعاتە، نەخشی هەڵکەنراوی دوو جوتیاری کوردبوون بەدوای دووگاوە بۆ جوت و شەن و کەوی گەنم و جۆ.

باوکم ئەو یادگاریەی هەڵگرتبوو تاکو کۆچی دوایی خۆیشی، ١٩٨٨، هەر مابوومان بەڵام مەخابن لە ڕاکردنەکەی بەهار یاخود بڵێم "پایزی" ١٩٩١ لەگەڵ کۆمەڵی شتی تردا لە ماڵەکەماندا ئەویشیان دزی. هەرچەندە گومانم لەسەر کەسێک هەبوو کە ئە وبردوویەتی بەڵام کەبەڵگە نەبێ ناتوانی هیچ بکەی، بۆیە لێرەوە داوای لێدەکەم تەسلیمی هەر مۆزەخانەیەکی بکات بەومەرجەی ئەو توحفەیە نەفەوتێ و با لەبەرچاوان بێ بۆ خەڵک جا لەهەر شوێێکی ئەم دنیایە بێت.

ئیسحاقە جوو ئەو یادگاریەی باوکمە کە لای چەند ڕەهەندێک لە خۆ دەگرێت. باوکم مەلایەکی ئاسایی نەبوو بەڵکو وەک خۆیان دەڵێن (مەلای دوانزە عیلم) بوو، کەچی ئەو بەها کۆمەڵایەتیەی کە هەیبوو بۆ دراوسێ گەر ئەو دراوسێیە هەرکەس و ئاینێک بێ گرنگ نیە بەڵکو گرنگ ماهیەتی ئینسانی کەسەکانە. مرۆڤی باش باشە گەر لەهەر ئاین و ڕەگەز و ناسنامەیەک بێ. ئەم جۆرە بیرکردنەوە سەرەتایانە لەو



سەردەمەدا لەوپەڕی شکۆ و پرشنگی و مەحەکی خۆیدا بوو کەچی ئێستا نەک هەر جیاوازی ئاین بەڵکو جیاوازی بیر و سیاسەت و حزب و ڤێرژنی ئیسلامی جیاواز و



مەوقعەتی ئابووری بۆتە مۆرک و ماکی ژیانی کۆمەڵایەتی ئیستای ئێمە بە داخەوە .

ڕەهەندێکی تری ئەو ئادەوەریە ئەو مێژووە دەسەلمێنێ لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا جووە کوردەکان تویژێکی ئەسڵی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئایینی کورد و کوردستانەکەی بوون. خودی ئەو تابلۆ نەخشێنراوە جوتیارە کوردانەی لەسەر رووی دەرەوەی کاتژمێرێکی بەرباخەڵ لەو دەمەدا ئەوە ئەوپەڕی نیشتمانەی بەهێزی و حاشا هەڵنەگری کوردبوونی جووەئانزاکانی ولاتی ئێمە بوون بەڵام بە داخەوە ئەو ئەنفالە کران کە لە مێژووی ئێمەدا هیچی لەسەر نەنوسراوە جگە لە ڕۆمانێکی میران ئەبراهام نەبی کە لەم دوو سێ ساڵەی دواییدا مێژوویەکی تۆمارکارو و کۆمەڵێ بەڵگەی حاشاهەڵنەگری ڕووداوی راستەقینەیی لە دوو توێی ڕۆمانێکدا خستەروو .

بوونی ئیسحاقە جووە کوردەکانی وڵاتی کوردەواری ئەوە دەسەلمێنن کە کوردبوون و کوردستانی بوون مافی هەر کەسێکە کە خۆی بە کورد زانیوە جا هەر ئاین و تەنانەت زمانێکی تریش هەبووبێ و هیچ ئاینێکی تر بۆی نیە کوردبوون تاپۆ بکات لەسەر خۆی و خۆی بە کورد دابنێ و ئەوانی تر بە ناکورد لە خامە بدات. گەر سێ هەزار ساڵ کەسێک نەکات بە هاوڵاتیەکی وڵاتێک و ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی پێ نەبەخشێ ئەی کەی! کوردبوونی ئێمە تایبەتیەکی خۆی هەیە کە خەڵک هەیە زمانی تەواوی جیایە لە کوردی وەک سۆرانی و کرمانجی و بادینانی بەڵام خۆیان بە کورد و کوردستانی دادەنێنن. بۆ نموونە هەورامی یان هەورامیەکان، کە زمانێکی تەواو جیایان هەیە لە زمانی ستاندارکراوی کوردی و بەڵام ئەمە هەرگیز نابێ وەهایان لێ بکات کە ئەوانە کورد نین. بۆ جووە ئایزناکانیش هەر وایە و لەم بارەیەوە لە هەندێ نوسینی دوورودرێژدا باسم کردووە و لێرەدا ناچمەوە ویزەی ئەو باسە بەڵام خودی ئەوەی کە جووە کوردەکانی ئیسرائیل کە نەوە دوای نەوە منداڵەکانیان فێری زمان و فەرهەنگ و هونەری کردووە ئەوە بۆخۆی بەڵگەنەویستی کوردبوون و کوردستانی بوونی ئەوانە.

ئەو سەعاتی بەرباخەڵەی باوکم، کە یادەوەری ئیسحاقە جووە لەگەڵ چەندان هاوڕێ و دۆستیدا باسی کردووە، کە چەندە لام گرنگ بووە، بەڵام هێندەی ئەوگرنگیەش جێگەی خەمە کە لێماندزرا.

خۆزگە ئەو کەسەش کە لەماڵمان بردی، نەیفرۆشتبێ و هەرلەلای مابێ و پێشکەش بەموزەخانەیەکی دەکرد، جابە بەهەر ڕێگەیەک بێت، بەڵکو بتوانین ببینینەوە گەر لە دوورەوەش بێت.

زیاتر لە(١٠٠٠) ئەنفال کراویان ئازاد کرد

شەهرام رەشید

(مەرکز شـــباب)لە خورماتوو کە کەســـیفنا غ بوو لەژن و منداڵی ئەنفال کراو لەلایەن مەفرەزەیەکی تایبەتی جاش و سـوپای میلیەوە پاسـەوانی دەکرا کە بەداخەوە ئەوجاشـە خۆفرۆشانە ڕۆڵی هێگجار خراپیان بینی چ لە دژی ئەنفال کراوەکان چ لە دژی خەڵکی شارەکە .

ڕژێم بە بڕیارێک ئەو مەفرەزە جاشـــەی گواســـتەوە بۆ شـــوێنێکی ترو مەفرەزەکەی (جەبـارە درێژ) لەجێیـان جێگیربوون. جەبـارە درێژ هەرچەنـدە چەکـداری بەعس بوو، بەڵام دڵسۆزی خەڵکی شارەکە بوو، بۆیە ئەو ڕۆژەی کە خەڵکی شـار بەگژ ئەنفالچیەکاندا چوونەوە، جەباریش لە ئێوارەی هەمـان ڕۆژدا لەگەڵ چەکـدارەکـانیـدا مەردانە ژمارەیەک زۆر ژن و منداڵیان ئازاد کرد، توانیان زیاتر لە هەزارو دووسەت ژن و منداڵ ئازاد بکەن.

)حاجی عەبدول ئیلاء یەکێک بوو لەچەکدارە کانی جەبارە درێژو بەشـــداربوە لە ئـازاد کردنی خەڵکەکە، وتی کە مەفرەزەکەی ئێمەیان کردە پاسـەوانی مەرکەز شـەبابەکە لە شوێن مەفرەزەیەکی تر، زیاتر لای پشتەوەی زیندانەکە بە ئێمە ســـپێردرا، بەڵام کەچوین دیمەنی ئەو خەڵکە بەردی ئەهێناوە گریان تەنانەت ئاوی تانکیشـیان بەو خەڵکە نەدا بیخواتەوە زیڕەی ژن و منداڵ، پیاوم گەرەک بوو تەحمولی ئەو وەزعەبکات، هەر لەوکاتەدا کابرایەک خەڵکی دێکەی خۆمان بەناوی هاوڕێ فازڵ کە پێشـــمەرگە بوو لە ڕێگای هەندێ کەسـی خۆمەمەوە جوابی نارد، وتی تەسـمیل ئەبم چارم نیە ئێوە ئەڵێن چی، منیش بەکاک جەبارم وت: وتی با تەسلیم نەبێت بەخوا چاوی بەسەر زەوی ناکەوێتەوە با بڕوات خوی لە شـــوێنی حەشـــاربدا، ئیتر کاک جەبار بەهەموومانی وت:

ئەوی بڕوات نـایەتەوە، بـاوڕبەکەس مەکە، چیتـان پێ ئەکرێت بۆئـازاد کردنی خەڵـک بیکەن بەس بەئـاقڵی و لەســـەرخۆ، تاپێتان دەکرێت ئافرەتە گەنجەکان دەرکەن با نەکەونە دەســت ئەمن و ئیســتیخبارات، پیرەکان هەر بەر ئەبن، دوای ئەوە، بە کاک جبارم وت کە ئاو لەتانکێکانی ســـەرەوەش نەماوە بیخۆن، ئەو خەڵکە خەریکە ئەخنکێت، وتی بڕۆ بۆلای قایمقام بادوو تەنکەر ئاو بنێرێت، منیش ڕۆیشتم چومەلای قایمقام ناوی کاک مەجید بوو ، پێم وت ئەو خەڵکە پەرێشـانە ئاوی خواردنەوەش نیە، کاک جەبار ئەڵێت بایەک دوو تانکەر ئاوبنێرە ، کەوام وت دەســـتی کرد بەگریان وتی: بڵێم چی ئێمە چیبکەین؟ دەســـەڵاتمان نیە کاک مجید پیاوێکی باش بوو وابزانم خەڵکی هەولێر بوو، ئیتر یەکسەر تەلەفونی کرد بۆ دائیرەی ئاو وتی زوو دوو سێ تەنکەر ئاو حازرکەن بەمنی وت تۆ بڕۆ بۆ لایان بڵێی باخێرا ئاوەکە بێنن، ئەگەر لەماوەی نیوسەعات نەیان هێنا هەمویان دارکاری بکە خۆچەکت پێیە، ئیتر بۆ شـــەو دەســـتمان کردە بەجێبەجێ کردنی پلانەکەمان ،کە بریتی بوو لەئـازاد کردنی ئەوخەڵکە ئەوەنـدەی پێمـان کرا جەماعەتی کاک جەبار هەمومان ئامادەو بەشـداربوین ئەو شـــەوە ، نوری مام یونس یەکەم کەس بوو پەنجەرەکەی دواوەی مەرکەز شـەبابەکەی شـکان و دەریکرد، دەورێکی زۆر ئازایانەو مەردانەی هەبوو، پەنجەرەکە بەرزبوو ژن و منداڵ نەیان ئەتوانی لێوە بێنەدەر جەماعەت پشـتیان نەوی ئەکرد زیندانێکان لەم دیو ئەودیو بەســـەر پشـــتی ئێمەدا تێپەرئەبوون، ئیتر کۆمەڵێـک گەنجیش، ژن و منـداڵە ئازادکراوەکانیان دابەشی سەر ماڵە کوردەکانی خورماتوو ئەکرد، ئەوشەوە بارانیش باری بوو، هەمومان لە قوڕولێتەو پسیدا نەتڵ بوو بوین .

حەســـەن عبداڵلە یەکێکی تر لە چەکدارەکانی جەبارە درێژ لەئازاد کردنی ئەوشـەوە بەشـداربوو ،ئەویش بەم چەشـنە باسی چونێتی ئازادکردنی ئەنفالکراوان کان دەکات:

لەڕاستیدا خوا کارەکانی ئێمەی ڕێک هێنا چونکە نیەتمان ڕزگارکردن بوو، لەهیچ نەئەترساین، چونکە پێمان ناخۆش بوو بەو شـــێوەیە ســـوکایەتی بەکەس وکارمان بکرێت، بەخوا ئەو خەڵکەمان بینی بەو کەساسی و ماڵوێرانیە، هەر وەخـت بوو لەقـارو خەفتـا دڵمـان بتەقێـت. هەر ئەبوایە کارێکی وا بکەین وە نەبێت ئەوکارە بۆ کاک جبارو بۆ ئێمەش وا ئاســـان بێت ، بەڵکو لە نێوان مەرگ و ژیاندا بوو گەر لەســـەرمان ســـاغ بوایەتەوە هەمومان لەســـێدارە ئەدراین، بەس خوا نەجاتی داین، توانیمان ئەوشـــەوە ئەو خەڵکە زۆرە دەرکەین، لەگەڵ جەماعەت، چومە ئەو ژورەی کە ئامارو ناوی ئەو ژن و منالانەی تیا نوســـراوبوو، ئەو

دەفتەرو بەڵگانەی ناوەکانی تیابوو هەمویانم دەرکردوو لەگەڵ خومدا هێنام بۆ کەرکوک دوو ســـیجل بوو ناوی هەموو ئەنفالەکانی مەرکەز شەبابەکەی تیابوو لەماڵ خۆمان سوتانم ، بویە ئەیان زانی خەڵک بەربووە لە زیندان بەڵام ژمارەکەیان نەئەزانی. ســـەبریە محمد، خەڵکی کونـدی (بەلەگەی ژوورو)ناوچەی داودە ، یەکێـک لە ڕزگـاربوانی مەرکەز شـەبابەکە ،بەم شـێوەیە باسـی ڕوداوەکان و ئازاد کردنی ئەوخەڵکە دەکات دڵێت: چاوم لێ بوو یەک پارچە خەڵکی ناو مەرکەز شـەبابەکە پەنجەرەکانیان دەشـکاندو دەهاتنە دەرەوەو ڕایان دەکرد. هەرکەســێک دەردەچوو هەوالّی منـاڵەکـانی خۆم لێ دەپرســـی دەموت توخوا منالّەکانم ماوەن لە کوێن؟ کاتی دەمپرســـی کێ دەرتانی کردووە یەکێـک ئەیوت (جەبـارە درێژ) دەرمـانی کردوە، یەکێـک ئەیوت فاتیح دەرمانی کردە، وەڵاهی ئـافرەتەکان کەدەرئەچوون ئەیان ووت پێمان ناوە بەسەر پشتی جەبارە درێژدا بەوجۆرە دەربازبووین، ئێتر نازانم لە چەکدارەکانی کێ تر لەگەڵ جەبارە درێژابوون چۆنکە چەند کەســێکی تری لەگەڵا بوو ،کەخەڵکیان لە مەرکەز شەبابەکە دەرئەکرد، ئەیان وت ئێمە تەقەدەکەین ئێوە ڕاکەن و لەم ناوە مەێنن خۆتان دەربازکەن.

وتیان : هیچتان لێ ناکەن تەســلیم بن باشــترە ، لەســەر جادەی ســلێمان بەگ دەســتگیرکراین، زەلامەکان بەجیا بردو ئێمەش چوینە مـاڵێـک لە دووزخورمـاتوو، هەنـدێ دڵمـانیـان خۆشـــکرد وتیـان هیچتـان لێ نـاکەن، بەڵام مێردەکانمان فرمێسـکیان ئەڕشت و ئەیان وت چیمان کرد بەخۆمان بۆ تەســلیم بووین ئێمە لەبەر ئافرەت نەبێ بۆ وامان لە خۆمان دەکرد، سێ ڕۆژ ماینەوە، دووایی وتیان لە حیزب بـانگتـان دەکەن، مێردەکەم وتی وهللاهی لەبەر ئافرەتەکان نەبێت هەر ئێســتا ئەدەم بەو کەژەدا تا دوا هەناسە شەڕ ئەکەم ، بەڵام تەسلیم ئەبین ئەزانم تازە سەر زەمین بەچاو نابینین، کۆســتەریان هێنایە پێش دەرگای، ئەو ماڵەی لەماڵیان بووین نۆ مریشـکیان بۆمان کردبووە چێشـــت، نەنایهێشـــت لێ بخۆین هاتن کردیانە قۆڵماناو بارمانیان کردو بردمانیان بۆ مەرکەز شـەبابەکە، هەرچاوم کەوتە ئەوحاڵە ڕۆژ حەشر بوو ،پڕبوو لەژن ومندالّ حەوت ڕۆژ ئەبوو ئەو خەڵکەی تێدابوو پڕکرابوو لەپیســی، هات و هاواریێک بوو مەپرســە، ئەو خەڵکە گشــتی لەســەرما چەقەی دانی دەهات باران بوو قورِو چڵپاوێکی بێداد بوو، هەمو ئەیدا بەسەراو باوکەڕۆیان بوو، بەردەوام لەبنارگل و داودە و زەنگەنەوە خەڵکیان ئەهاورد بۆلامان چەندەها ژن تازە منالّەکەی بوو بوو، بە ناقیلەو جێش و جاش دەوری مەرکەز شـــەبابەکە گیرابوو، جێش و جاشـــێکی زۆر بە سەرمانەوە گۆمەڵ بوون، نەیان ئەهێشت کەس دەرباز بێت ، تا دووا نەفەری لادێ نیشـــنەکان هاتنە ئەوێ، پاشـــان زانییان کەس نەما، کۆســـتەریان هاوردوو خەڵک بارکەن (حەمەی عەلی عارەب) ناســـیارمان بوو وتی: زلامەکان (مەبەستی پیاوەکانە) بران ئیوەش ئەدرینە میسـرییەکان، کەوای وت دام بەســەر خۆماو دســتم کرد بە هاوارکردن، خەڵک وتیان ئەوە چییە ،وتم: وەڵاّ ئەو پیاوە وا ئەڵێت ، بۆ عەســـر هاتن جەماعەتیکیان بارکرد ، ئێمەش چووینە ژوورەوە لەترسا، ئەوەندەمانزانی بووە موزاهەرەو تێرشان، خەڵکێ زۆر خوێن بەڵاشــەیا ئەهاتە خوارەوە، بوشـــەو جبارە درێژێـک هەبوو هـاتە نـاومـان بەڵام ئەگەر هەموو موســـتەشـــارەکان وەک، جبارە درێژ بوایە یەک کورد نەئەفەوتـا وتم کـاک جبـار جیمـان لێ ئەکەن ئەمە حـاڵە کەمانە ، وتی دایک و خوشکی کاکە شەرت بێ ئەم ریشە ریشـــی پیاوبێ دەربازتان ئەکەم، وتی پەنجەرەو درگاکان ئەشـــکینین ئیوەش هەوڵ دەن خۆتان دەرباز بکەن، وتم کاک جبار منالّە کانم زۆرن چۆن گشـــتیا دەرباز کەم، لە ســـەعات (11) شـــە و جبارە درێژ چەند زەلامێکی تری خســـتەگڕ بۆدەرکردنی ئەو خەڵکە ، کەس لە هۆڵ کەســـا نەبوو، هەر کەس هەوڵی ئەدا خۆی دەربازبێ ، جەبارەدرێژ وتی من ئەڕۆم بۆ لای جەماعەتی ناقیلەکان مەشـــغولیان دەکەم ئیوەش خۆتان دەرباز بکەن چاشـــێکی تر ناوی عدنان بوو خۆمی لەدیوارەکە کرد بە ئەو دیوداو گشـــت منالّەکانیشـی دابەدەســتمەوە ،(برایم شـەریف خونچەش) یـارمەتیمـانیـدا، وتیـان راکەن و لەم نـاوە دورکەونەوە. ئێمەش چوینە مـاڵێـک، زۆر بەهـانـامـانەوەهـاتن ونـانیـان بۆمان دروســـت کرد. مەهابات عەزیز ڕەشـــید، خەڵکی گوندی کانی قادری قەڵای(بناری گل) ســـەبارەت بەئازاد کردنەکەیان ووتی دەمەو مەغریب بوو لـــــە ناکاودا کاک جەبارە درێـــــژ و چەند چەکدارێک هاتنە ناو سجنەکەوە

ووتیان خۆتان ئامادە بکەن ئەم شەو هەولّدەدەین چەندمان پێ بکرێت ژمارەیەکتان لێ ئازاد دەکەین ئێمەش زۆردلّمان خۆش بوو مالّی سەد جار ئاوابێت ئەو شەوە چەندین خێزان بوین ئازاد کراین. وتی (ئەو پیاوە جێگای جەنەتە من بەچاوی خۆم بینیم کاک جەبارخۆی بەقەد دیوارەکەوە وەستابوو، ئێمە پامان ئەخستە سەرشانی تاکو بەسەر دیوارەکەدا سەرکەوین، هەقە کورد قەت کەلّەمێردی ئەم پیاوە لەبیرنەکات) لەڕاسیدا ئەو هەلّوێسەی کاک (جەبارە دریژ) لەو ڕۆژگارەدا بەبەراورد بەموستەشارو مەفەرەزەکانی تر زۆر جیاواز بوو، چونکە لەو ڕۆژەدا بوبوونە کەوا سووری بەرلەشکری بەعس بۆ لەناوبردنی کوردو تالّان کردنی سەروەت سامانی میللەتەکەیان، کەچی ئەو لە هەنگاوێکی مەردانەدا بەسەدان ژن ومندالّی لەچنگی جەلادەکانی بەعس ڕزگارکرد. بەهۆی ئەم هەلّوێستەوە لەلای ڕژێم ئاشکرابوو، کە پاشان لەلایەن دەزگای هەواڵگریەوە دەستگیرکراو بەزەحمەت لەپەتی سێدارە ڕزگاری بوو. ئەم پیاوە لەڕاپەڕینی بەهاری سالّی ١٩٩١ لەگەڵ دووبرایدا لە (قەرە هەنەجیر) لەشەڕێکی قارەمانانەدا لەبەرانبەر سوپای عێراق و بەناو موجاهیدین خەلقەوە شەهیدبوون، ڕزگارکردنی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵک بێگومان هەروا ئاسان و بێ مەترسی نەبوو ئەوپڕی ئازایەتیان نواندووە، ئەم هەلّوێستەیان بەزیندووی ئەمێنێتەوە لەویژدانی هەموو ئەوکەسانەی کە شاهێدوو ئاگاداری ئەوڕۆژانە بوون، خۆزگە کەسێک تەواوی ئەو بەسەرهاتەی ئەنوسیەوە ، دلّنیام ئەوکاتە وردەکاری و گەورەیی ئەو ڕوداوە زیاتر دەرەکەوت بۆ گشت لایەک.

سەرچاوەکان.

.1بەشێک لەئەنفال گەرمیان .حەسەن بارام. ل.183..186.

.2حەسەن بارام .ل 184 هەمان سەرچاوە.

.3حاجی عەبدول ئیلاء یەکێک بووە تیمی ئازادکردنی خەڵکەکەو شایەت حاڵ. .

٤ حسن عبداللّه یەکێک بووە تیمی ئازادکردنی خەڵکەکەو شایەت حاڵ.

5 .بەشێک لەحیکایەتەکانی ئەنفالی سێ، هاوار عەباس .ل 131.

6بەشێک لەحیکایەتەکانی ئەنفالی سێ ،هاوار عەباس، ل 135.136.

7. بەشێک لە ئەنفالی گەرمیان ،حەسەن بارام ،ل 185.

گوندی ئۆمەربل



وێنەکە زۆراب مەدحەت بەرانبەر بە(تابلۆیەک - کێلێک)، کە ناوی هەموو خانەوادە شەهید و ئەنفالکراوەکەی لەسەر نوسراوە .

ئەم خانەوادەیە جگەلە کاک زۆراب مەدحەت ئەوانی تر هەموویان یان شەهیدی سەنگەرن یان ئەنفالکراون. تاقانە دەربازبووی ئەو خانەوادەیە تەنها کاک زۆرابە . هیوای تەمەندرێژی بۆ دەخوازین.

تێڕامێنە ئەگەر هەموو خانەوادەیەک بە ئەرکی خۆی هەستێت چ کارێکی باش دەبێت، ئاوا لەسەر تابلۆیەک (جا پلێت یان بەرد) ناوی هەموو شەهیدو ئەنفالکراوەکانی خێزانەکەی خۆی لەسەر بنوسێت .. ئەمە کارێکی فرە جوان و بەسودە بۆیادەوەری و ڕێزگرتنە لەگیان بەختکردوانیش.

ئێ خۆ ئەوە ئەرکە وکارێکی هێندە قورس نییە، هەموو کەس دەتوانێت بە تێچوویەکی کەم ناوی شەهیدو ئەنفالکراوانی خۆی بنوسێ و لە نزیک دەرگای دەرەوەی مالّەکەیان دای بنێت .. یاخود وەک ئەم کارەی کاک زۆراب لە مەزاری ئەنفالکراوان یان گۆرستانی گوندەکەی دای بنێت، بۆئەوەی هەمیشە ناویان لەبەرچاوان و لەیادەوەریماندا بمێنن. خۆزگە ناوەکان بەکوردی دەنوسران چونکە زمان گرنگترین ناسنامەی کوردبوونە.

وێنەکە : لە ئەنوەر حەمەلاو وەرگیراوە.



فەرموون! لیژەوە بۆ ژووری گاز، خانمان و بەڕێزان

هەژار فەقێ سلێمان

ئەمە ناونیشانی کۆمەڵە چیرۆکێکە (جگە لە دەستەواژەی یەکەم)، هیی نووسەرو ڕۆژنامەنووسی پۆڵەندی (تادیۆژ بۆرۆڤسکی -١٩٢٢ ١٩٥١)ەو (سەیوان محەمەد) بەکوردییەکی شیرین و خۆی ئاسا و بەتەفرنجەوەو تێکەڵ بەخەمی خۆی، لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوە.

ناوەندی غەزەلنووس بڵاوی کردووەتەوە. هاوکات پەراوێزی بۆ کۆی ئەو وشە و زاراوانەش نووسیون کە لەو کۆنتێکستەدا بەکاربراون، ناهێڵن خوێنەربەرلێڵی وتێنەگەیشتن بکەوێت.

کۆمەڵە چیرۆکەکە، لەدوازدە چیرۆک پێکهاتووە، ئەوانیش (لێرەوە بۆ ژووری گاز، خانمان و بەڕێزان- ڕۆژێک لە هارمێنز-ئەوخەڵکەی کە بەڕێگەوە بوون- ئاوشفیتز ماڵی ئێمە (نامەیەک)-مەرگی شیلینگەر، کابرای پریاسکە بەدەست- نانی ئێوارە-چیرۆکێکی ڕاستەقینە-بێدەنگی- هێرشەکەی کانوونی دووەم- سەردانێک- جیهانێک لە بەرد).

تیایاندا بۆرۆڤسکی لە ڕێگەی تاک-گێڕەرەوەیەکەوە کە کورتکراوەی ناوەکەی خۆیەتی بە ناوی(تادێک)، ئەزموونی کەسیی خۆیمان لە ماوەی دووساڵدا لە کەمپەکانی دەستبەسەراگرتن و قڕکردنی جوولەکەکان لە کەمپەکانی نازیدا، بێ هیچ هاوسۆزیی و لایەنگیرییەک و بەخوێن-ساردییەکەوە، بۆدەگێڕێتەوە.

ئەوەی کە ئەدەب ئەتوانێت بۆ جینۆسایدی بکات، بە پلەی یەک مۆمیاکردنی ڕووداوەکانە، هێشتنەوەیەتی لە بەرگی زماندا، بەمانا هایدگەرییەکەی ئەخرێتە ماڵی زمانەوە، ماڵێک کە هەمیشە تیایداین و بەری دەکەوین. لەنێو ژانرەکانی ئەدەبیشدا، چیرۆک لەوانی تر باشتر توانای ئەم مۆمیاکردنەی هەیە، چوون لەم فۆرمەی ئەدەبیاتدا، ڕووداوەکان وردتر وکەسیی ترن، چەند هێندەی مرۆڤی جینۆسایدکراو چیرۆکمان هەیە.

ئەوەی منی لەگەڵ چیرۆکەکاندا برد، ئەوە بوو کە ئەنفال و چیرۆکەکانی هەمیشە ئامادەییان هەبوو، پێ بەپێی چیرۆکەکان من ئەسەفی ئەوەم ئەخوارد کە نەمانتوانیوە ئەدەبی ئەنفالمان هەبێت، یاوەکو شکڵگیربێت.

ئەم جۆرەی کتێب، بۆ کورد کە بەر پرۆسەی جینۆساید کەوتووە، پێویستە. تا تێبگەین لەمەوە فێربین و بپرسین بۆ کارێکی هاوشێومان، نە نووسیوەو نە وەریشگێڕاوە لەو ڕووەوە؟

سەیوان محەمەد، لەو کەسانەیە، کە هیچ دانیشتن و گفتۆگۆیەکی نییە، بێ قسەکردن لە ئەدەبیاتی هۆڵۆکۆست و بێ بەرباسدانی خەمی هۆشیارانەی ئەنفال، تێپەڕێ. کە یەکەم پەڕەی وەرگێڕانەکە ئەکەیتەوە، نووسیویەتی پێشکەشە بەو فریشتانەی، بە خەونەکانیانەوە، لەلمدا نێژران و کەسێک نەبوو چیرۆکەکانیان بگێڕێتەوە، بە ڕۆحی پاکی قوربانیانی ئەنفال پێشکەشە.

لە پێشەکییەکەشیدا دەنووسێت، بۆ من ئاوشفیتز نوگرەسەلمانە، ئاوێنەیەکە تا ئێمە بریندی خۆمانی تێدا ببینین.

جێی باسیشە جگە لە پێشەکییەکەی خۆی (بۆرۆڤسکی بۆ؟)، پێشەکی و خوێندنەوەیەکی پانوپۆڕی (یان کۆت)ی ئەکادیمیستی پۆڵەندی، سەبارەت بە ژیان و چالاکیی بۆرۆڤسکی و کۆ چیرۆکەکە دەبینرێت.


چەند پەرەگرافێک لە کۆچیرۆکەکەوە:

"لەپەنجەرە بچووکە بەشیش-تەنراوەکانەوە، ڕووخساری ڕەنگ پەڕیوی بێحەواسی شەکەتی مرۆڤ دەردەکەوێت، ژنی تۆقیوی قژئاڵۆسکاو، پیاوی سەروڕیش-هاتوو... هاواری ماندوو و بێچارە بەرز دەبێتەوە، ئاو! هەوا"!

"ئەوە یاسای کەمپەکەیە: ئەو خەڵکانەی کە بەرەو مەرگ دەبرێن دەبێت تا دوا هەناسە فریو بدرێت، ئەوە تەنیا جۆری ڕێگەپێدراوی چاکەکردنە"

"تەنیا لەم مەوداوە، دیمەنی تەواوی ئەم دۆزەخەی سەر ڕامپە جەنجاڵەکە دەبینیت، دوو مرۆڤ دەبینم کەوتوونەتە سەر ئەرزەکە و لە دواهەمین ئاوێزانی بێهیوایانەدا لێکئاڵاون"

"هێنری کە کۆمۆنیستە و پێشتر لەسەر بەکرێدانی مواڵک و ماڵ ژیاوە، بەباوەڕەوە دەڵێت: ئاین ئەفیونی گەلانە،



ئەمانە ئەگەر باوەڕیان بەخودا و ژیانی هەتاهەتایی نەبوایە، ئێستا دەمێک بوو کووڕەکانیان تێکوپێک دابوو" "لە شارەکانی ئەڵمانیادا، ڕەفەی کتێبخانەکان پڕن لە کتێب و بابەتی ئاینی، بەڵام دووکەڵی کووڕەکان- کە پڕن لە مرۆڤ- بەسەر دارستانەکاندا دەکشێن".

تێبینیەک دەربارەی ئەم نوسینەی کاک هەژار فەقێ وکاک سەیوان محمەد.

وێرای دەستخۆشیم بۆیان چ کاک هەژارو چ کاک سەیوان محەمەدیش کارێکی باشیان کردووەو ئاوڕدانەوەیەکی باشە لەدونیای چیرۆک و جێنۆسایدی ئەوانیدی.

بەڵام ڕای بەڕێزیان تێبینی هەڵگرە بەتایبەتیش لەروی سایکۆلۆژیی و بەکەم گرتنی خود، کە ئەوەش یەکێکە لەودەردانەی نەک ئەم دوو بەڕێزە بەڵکو هەموو کورد بەسیاسی و روناکبیرو مەلاو هونەرمەندییەوە پێوەی گیرۆدەیە، ئەوەی من قسەم لەبارەیەوە هەیە دەربارەی ئەم پەرەگرافەیە کە وەرگێر نوسیوێتی :

لە یەکەم پەڕەی وەرگێڕانەکەدا کە ئەکەیتەوە، نووسیویەتی پێشکەشە بەو فریشتانەی، بە خەونەکانیانەوە، لەلمدا نێژران و کەسێک نەبوو چیرۆکەکانیان بگێڕێتەوە، بە ڕۆحی پاکی قوربانیانی ئەنفال پێشکەشە.) من هێڵم بەژێردا هێناوە چونکە سەرنجەکەم دەربارەی ئەو نیوەدێڕەیە.


بە بروای من ئەوە ناهەقییە و نکۆلیکردنە لەکاری ئەوانیدی ، هەرگیز ئەوە ڕاست نییە کەکەسێک نەبووبێت چیرۆکی ئەوان (ئەنفالکراوان بگێڕێتەوە) نەک هەرئەوەندە بەڵکو نکۆلیکردنێکە لەبوونی کەسانێک کە بەخەمێکی قوڵەوە بەبێ پشتووپەناو بێ هاوکاری کردنیان چیرۆکی ئەنفال دەگێڕنەوە، هەر بەراست ئەم دوو بەڕێزە ؟ ئەم دوو خوێندەوارە بروایان وایە کەسێک نەبووبێت چرۆکەکانیان بنوسێتەوە؟ لێرە باسی کاری خۆم و خەمی خۆم و ئەو خەرمانە چیرۆکەش ناکەم کە نوسیومەتەوە بەڵکو باسی ئەوانی دی دەکەم .

مەگەر تەیموری مندالّ تاقە دەربازبووی ناو کۆمەڵکوژی ژن و منداڵی ئەنفالکراو، چیرۆکی خۆی و ئەوانە ناگێڕێتەوە کەلەو بیابانە بەکۆمەڵکوژران ؟ ئەی ئەم دوو برا خوێندەوارە نازانن کاک عارف قوربانی چی کردووە؟ مەگەر ئەو چیرۆکی تەیموری نەنوسیوەتەوە ؟ باشە ئەم دوو برابەڕێزە چیرۆکی دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵیان نەبیستووە ؟ ئەی ئەوانەی لەژێر تەرم وخوێن رزگاریان بوو چیرۆکەکانیان نەگێڕاوەتەوە؟ چیرۆکی عوزێر، فەرەج، واحید، ڕەمەزانیان نەخوێندووەتەوە کە هەرکاک عارف قوربانی نوسیوێتییەوە، ئایا دەتوانن نکۆڵی لە فیلمی بڵندی دۆکیومێنتاری هەزارویەک سێوی تەهاکەریمی بکەن ؟ کە چیرۆکی دەربازبوانی گۆڕی بەکۆمەڵ دەگێڕێتەوە؟ ئەوە باسی کارەکانی سمکۆسابیریش ناکەین کەدەیان چیرۆکی ئەنفالکراوانی نوسیوتەوە .

راستە هێشتا بەس نییەو کارێکی ئەوتۆ لەچاو قەوارەی تاوانەگەورەکە نەکراوە بەڵام ناهەقییە بڵێین (کەسێک) نەبوو چیرۆکی ئەنفالکراوان بگێڕێتەوە ! ئەم نکۆلیکردنە هەرچییەک بکات خزمەت بەدۆسێی ئەنفال ناکات!

.....

پەرلەمانی کوردستان دامەزراندنی یەکێتی نوسەرانی جینۆسایدی کوردستانی ڕەتدەکاتەوە.



پەرلەمانی کوردستان – عێراق
سەرۆکایەتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لێژنەکان
کاروباری لێژنەکان

Kurdistan Parliament – Iraq

برلمان كوردستان – العراق
رئاسة الديوان
مديرية شؤون البرلمان واللجان
شؤون اللجان

ژمارە: ٩٢٦ک
ڕێکەوت: ١ / ٦ / ٢٠٢٢

بۆ/بەڕێز پەرلەمانتار/ڕۆژان محمد کریم

بابەت/وەلام

بە پێی برگەی/٤ لە ماددەی٨١ ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان و لەسەر پێشنیاری لێژنەی کاروباری یاسایی پێشنیازە بڕیاری (یەکێتی نووسەرانی جینۆسایدی کوردستان لە هەرێمی کوردستان)، تان بۆ دەگەڕێنینەوە، لەبەر ئەوەی لەم ڕووەوە هیچ بۆشاییەکی یاسایی نییە، بفەرموون بۆ ئاگاداریتان و ئاگادارکردنەوەی ئەو ئەندامانەی کە واژووی یاداشتەکەیان کردووە.

لەگەڵ ڕێزدا

د.هیمن هەورامی
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق

بۆ:
نووسینگەی بەڕێزسەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
نووسینگەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی دیوانی پەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی دیوانی پەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
لێژنەی کاروباری یاسایی، نووسراوتان ژمارە/١٩ لە ٢٠٢١/٥/٢٥، بۆ ئاگاداریتان.
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لێژنەکان/کاروباری لێژنەکان.

لەمڕووەوە هیچ بۆشاییەکی یاسایی نیە" ئەنفالستان :

هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بە نوسراوێک دامەزراندنی یەکێتی نوسەرانی جینۆسایدی کوردستانی ڕەتدەکرێتەوە.

لەبارەی یەکێتییەکەوە جێگری سەرۆکی پەرلەمان نوسیویەتی "لەمڕووەوە هیچ بۆشاییەکی یاسایی نییەو پێشنیازە بڕیارەکە دەگەڕێنینەوە."

هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کە بەژمارە ٩٢٦ک لە ڕۆژی ١ی حوزەیرانی ٢٠٢٢ نوسراوەکەی ئاراستەی پەرلەمانتارێک بەناوی (ڕۆژان محەمەد کەریم) کردووە، تیایدا وەڵامی نووسراوێکی پێشتری ئەو پەرلەمانتارەی داوەتەوە و وێنەی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و نوسینگەی جێگرو نوسینگەی سکرتێرو نوسینگەی جێگری سەرۆکی دیوانی پەرلەمانی کوردستان و لێژنەی کاروباری یاسایی و بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان و لێژنەکانی کردووەو تیایدا ئاماژە بەوە دەکات، "بەپێی برگەی/٤ لەمادەی ٨١ ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان و لەسەر پێشنیازی لێژنەی کاروباری یاسایی، پێشنیازە بڕیاری (یەکێتی نووسەرانی جینۆسایدی کوردستان لە هەرێمی کوردستان) تان بۆ دەگەڕێنینەوە"

لە ڕۆژی ٢٠٢١/١١/١٨ بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە نوسەرانی بواری ئەنفال و جینۆساید لە شاری کەرکوک یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتی نوسەرانی جینۆساید بەڕێوەچوو.

بەپێی لێدوان وقسەی دامەزرێنەرانی یەکێتیەکە بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی توانای نوسەران و توێژەرانی بواری جینۆسایدو ێەنفالە بووە. ئەگەرچی زۆربەی ئەندامانی حزبە دەسەڵاتدارەکان لەسەرۆکایەتی و دەستەی بەڕێوەبەرایەتیەکەیدا بوون بەڵام پەرلەمانی کوردستان داواکەی ڕەتکردوونەتەوە.

بەناوی گۆڤاری ئەنفالستان و سەرنوسەرو جێگری سەرنوسەرەوە نیگەرانی خۆمان ڕادەگەیەنین و پێدانی مۆڵەت بەم یەکێتییە بەهەنگاوێکی مەترسیدار دەزانین .

کورتەیەک سەبارەت بە کارەساتی رۆژی ڕەشی ٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٣

ئاوات نامیق ئاغا

شیرکۆ بێکەس ئەڵێ:
ئەی شارەکەی نۆی حوزەیران
تۆ سەیوانی، یان سەیوان تۆی؟

٨ی شـــوباتی ١٩٦٣ ڕێکەو ڕاســـت دوای تیرۆرکردنی عەبدولکەریم قاسم سەرۆک وەزیرانی عێراق و هاوەڵانی، شـاندی پارتی دیموکراتی کوردسـتان کە ئەوکات ڕێبەری جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردی لە باشـــوری وڵات ئەکرد، خێرا خۆیان گەیاندە کۆدێتاچییە بەعســـیەکان و بروسکەی پیرۆزبایی و پشتگیریان خستنە بەردەم.

بەدوایدا وەفدێکی باڵای شـۆرش بە سـەرکردایەتی جەلال تاڵەبانی و ئەندامێتی صـاڵح یوسـفی و شـاخەوان نامیق و یدالله فەیلی و حبیب محمد کریم و چەندانێکی تر ، وەک شـوکت عقراوی ، حمه سـعید خفاف‌مسـعود محمد، فوئاد عارف... تاد کە جار جارە تێکەڵ ئەبوون چوونە بەغدا و گفتوگۆیان دامەزراند.

بەعس ســـەرەتا زۆر بە ئەرێنیی و نەرمیی جوڵایەوە بەڵام دواتر کە کەمێک پێگەکەی خۆی توند کرد و توانی بەسەر شـــیوعییەکان و دیموکراتەکاندا زاڵ ببێ کەوتە بیانوو هێنانەوە و دەستی دەستی پێکردن .ئیتر دوای سەد ڕۆژی ڕەبەق لە گفتو گۆ و دانوستان هەموو شت هەڵوەشایەوەو گەمارۆی خستە سەر شاندەکە .

بەو جۆرە جگە لە تاڵەبانی کە چەند ڕۆژێک پێشـتر چوو بووە قـاهیرە و حەبیـب محمەد کەریم کە بە ئوتۆمبێلێکی حیزب خۆی گەیـانـدە ئێران، زۆرینەی ئەنـدامـانی تری وەفدەکە کەوتنە داوی بەعسـەوە و بۆ ئیعتراف پێکردن بە زۆر هێنرانە سەر تەلەفزیۆن.



ڕۆژی ٦ی حوزەیران حکومەتی بەعس بە ســـەرکردایەتی زەعیم (صـدیق محصـطفی امین)ی فەرماندەی لیوای بیسـت پەلاماری شـــاخی ئەزمڕی دا، بەڵام هەر زوو پێشـــمەرگە تێکڕای هێرشـــە یەک لە دوای یەکەکانی تێکشـــکاندن و ڕۆژی ٨ی مانگ سوپا بەزیوەکەی بەناو شاری سلێمانیدا نمـایشـــێکی ســـەربـازییـان بۆ پـارێزگـاریی لە ئـاوی دەموچاویان کرد و سـەنگەرەکانیان بە چواردەوەری شـار توند کرد، بۆ سـبەینێش واتە ٩ی حوزەیران هەر لە بەری بەیانەوە جارِی (منع التجول) ڕاگەیەندراو سلێمانی لەگشت لاوە ئابلۆقە درا .

بەو هۆیەوە خەڵکێکی زۆر لەناوشـــاردا لەبەر بێ ئاگاییان لە فەرمانەکە کەوتنە بەر دەسـتڕێژی گوللە و شـەهیدکران. وەکو تریش ســـەربازەکان کون بە کونی ماڵان ئەگەران و ژمارەیەکی زۆر یشـــیان لە تێکۆشـــەران و لایەنگرانی شـۆرش و هاوڵاتیانی ئاسـایی کە بە سـێ تا پێنج هەزار مەزەنـدە ئەکرێن بە بـاڵبەســـتکراوی ڕاپێچی حـامیەی ســـلێمانی کرد. و دوای ماوەیەکی زۆر لە ئازاردانی زۆری جەســـتەیی و دەروونیی، برســـی کردن وتینوو کردن و بەگەڕما پروکاندن دەســـتەبژێرێکیان لێ جودا ئەکەنەوە لە دادگایەکی قەرەقۆشـیدا لەژێر چادرێکدا کە بە (مەحکەمەی وادی) ئەناسرا بە سەرۆکایەتی زەعیم صدیق و ئەندامێتی



هەریەک لە حاجی عبدالرزاق محمودی موتەسەریفی سلێمانی، موقەدەم فیصل، رەئیس جاسم، و دکتۆری موقەدەم محمد علی حسین دادگاییان ئەکەن.
ئەم دادگایی کردنە زۆرتر بۆ شکاندنی رۆمەت و کەسێتی نەتەوەیی و کەسییان بوو. ئیتر ئەوەی رازی بوو نەفرەت لە پێشمەرگە، شۆرش و بارزانی بکات ئازاد کرا، ئەوەیشی ئەوەی قبوڵ نەکرد و مەردانە بەرگری لە شکۆی کەسیی و نەتەوەیی خۆی کرد هەر لەولاترەوە کە ئێستە جێگەی سانەوی شیرینی کچانە بێبەزەییانە گوللەباران کرا. بەو شێوەیە نزیکەی هەشتا کەس شەهید کران لە ناویاندا بەشێکیان پێش ئەوەی تەواو گیان بسپێرن کران بە ژێر خۆڵەوە.
چارەنووسی شەهیدەکان نادیار مایەوە تا حوکمی بەعس لە تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا لەسەر دەستی عبدالسلام عارف کۆتایی پێهێنرا !
دوای ئاگربەستێکی کورت شەهیدەکان لە چەند گۆڕێکی بە کۆمەڵی نزیک بەیەکدا لە کۆتاییەکانی شوباتی ١٩٦٤ دا دۆزرانەوە .ئەوەبوو سەرەتا تا ماوەیەک هەر لە نزیک حامیە نێژران و دواتریش بە ڕێوڕەسمێکی جەماوەریی بۆ گردێکی سلێمانی گوێزرانەوە کە تا ئەو رۆژە بەگردی (گوڵان) یان (شێخە بچکۆلە) ناسرابوو و لەو رۆژەوە ناوی گردی شەهیدانی لێنرا .
ئەنجام زەعیم صدیق وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو، ئەوەیشی تێدا چوو بوو بە قوربانی گەل و وڵات، وەک هەموو شەهیدانی تر لەبیر چووەوە و ئەوانەش کە دووبارە پەرێز بوون و ناخۆشییان نەدی و شۆڕشیان دزی، لەسەر حسابی رەنج و خوێنی ڕژاوی ئەمان و تێکرای شەهیدان بوونە پاڵەوانی سەردەم !
بەرزو زیندوو بێ یادی شەهیدانی ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣ و تێکڕای شەهیدانی کورد و کوردستان.
مردن و سەرشۆریی و ڕووخان بۆ هەموو دوژمنانی گەلی ستەمدیدەی کورد و نیشتمانە بێ ناز و خاوەنەکەمان.

دەقی بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەرانی بەلجیکا سەبارەت بە دانپێدانان بە تاوانەکانی جینۆسایدی ئێزدییەکان"



وەرگێڕانی لە فەڕەنسییەوە، د.بڕیار شێرکۆ بابان/پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە یاسای گشتی

دەقی بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەرانی بەلجیکا سەبارەت بە دانپێدانان بە تاوانەکانی جینۆسایدی ئێزدییەکان;&quot ئەنجومەنی نوێنەرانی بەلجیکا.
بەڵگەنامەی ژمارە ٥٥ ٠٠٨/١٧٦٦ ئەم دەقی بڕیارەی لەبەردەستانداید، بەزمانی فەڕەنسی و هۆڵەندی داڕێژراوە؛
دەقەکەی خوارەوە لە زمانی فەڕەنسییەوە وەرگێڕدراوە
٢٠٢١/٧/١٥

بڕیار

سەبارەت بە دانپێدانان بە تاوانەکانی جێنۆساید کە بەرامبەر ئێزدییەکان ئەنجام دراون و بەداواچوون بۆ ئەو تاوانانە و، هەروەها یارمەتیدانی ئێزدییەکان
ئەم دەقە لە دانیشتنی پەرلەمان پەسەند کراوە.
(هۆکارەکانی دەرچووانی بڕیار) (١)
ئەنجومەنی نوێنەران

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کۆمەڵکوژییە و کردەوە داپڵۆسینانەی کە بە شێوەیەکی تایبەت، ڕێکخراو و تۆندئاژۆیانە لەلایەن گرووپی تیرۆریستیی داعشەوە لە عێراق و لە سووریا ڕووبەڕووی ئێزدییەکان بۆتەوە کە هەوڵیان داوە بۆ لەناوبردنیان؛

بە ڕەچاوکردنی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە ڕێگەگرتن و سزادانی تاوانەکانی جینۆساید کە لە ڕۆژی ٩ی کانوونی یەکەم/دیسەمبەری ١٩٤٨ واژوو کراوە؛
بە ڕەچاوکردنی ماددەکانی (١٣٦ زیادکراوی دووەم) و (١٣٦ زیادکراوی پێنجەم) و (١٣٦ زیادکراوی حەوتەم) لە کۆدی یاساییی سزادانی بەلجیکا کە سزای بۆ تاوانی جینۆساید داناوە؛
بە ڕەچاوکردنی پەیڕەوی بنەڕەتیی دادگەی تاوانکاریی نێودەوڵەتی کە لە ڕۆژی ١٧ تەموز/یۆلیۆ ١٩٩٨ دەرچووە و بەلجیکا پەسەندی کردووە و بەپێی ئەم پەیڕەوی بنەڕەتییە، تاوانی جینۆساید پێویستە دادگەیی بکرێت و تاوانەکان لەگەڵ کاتدا تێ ناپەڕن؛
بە لەبەرچاوگرتنی ئەو نییەتە ڕێکخراوەیەی هەبووە بۆ لەناوبردنی ئێزدییەکان کە ئەمەیش پێکهێنەری تاوانی جینۆسایدە؛
بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی چەکدارە تیرۆریستە بیانییە بەلجیکییەکان، بەشدار بوون لەو هێرشانەی کە دژی کۆمەڵگەی ئێزدییەکان ئەنجام دراوە و، هەروەها زۆریش گرنگە کە ڕاستییەکان بەدەر بکەون و لێکۆڵینەوە لە تاوانبارانی ئەو تاوانانە بکرێت؛
بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو بەدواداچوونانەی بۆ ئەم تاوانە ئەنجام دەدرێت، دەکرێت دژی هاوواڵتیانی بەلجیکی ئەمجام بدرێت کە لە کردەوە تیرۆریستییەکانی گرووپی تیرۆریستیی داعشدا بەشدار بوون؛

بە ڕەچاوکردنی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی سووریا لە ٦/١٦/ ٢٠١٦، ناونیشانی ڕاپۆرتەکە بەم شێوەیە بوو: "ئەوانە هاتن بۆ لەناوبردن: تاوانەکانی داعش دژی ئێزدییەکان"؛

بە ڕەچاوکردنی ڕاپۆرتی "هیومان ڕایتس وۆچ" لە ٢٠١٧/٥/٥ بە ناونیشانی "بەرپرسیارێتی لە تاوانەکانی داعش لە عێراق"؛

بە ڕەچاوکردنی ڕاپۆرتی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە مانگی ١٠ی ٢٠١٨ لەسەر ڕۆڵی جیهادییە بیانییەکانی گرووپی تیرۆریستیی داعش لە ئەنجامدانی تاوانی سێکسی دژی کۆمەڵگەی ئێزدی؛

بە ڕەچاوکردنی ڕاپۆرتی "ئەمنستی ئینتەرناشنالّ" لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٧ بە ناونیشانی "میراتی تیرۆر؛ نەهامەتیی منداڵانی ئێزدیی ڕزگاربوو لە داعش" لەسەر بابەتی تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی کە دژی ئێزدییەکان ئەنجام دراون.

بە ڕەچاوکردنی بڕیاری پەرلەمانی ئەوروپی لە ٢٠١٦/٢/٤ لەسەر بابەتی کۆمەڵکوژیی ڕێکخراوی کەمایەتییە ئایینییەکان لەلایەن بەناو گرووپی داعش؛

بە ڕەچاوکردنی ڕاپۆرتی US Holocaust Memorial Museumلەسەر جینۆساید و تاوانەکانی دژەمرۆڤایەتی بە ناونیشانی "نەوەکانم چوون؛ بەئامانجگرتنی کەمایەتییە عێراقییەکان لە نەینەوا لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی"؛

بە ڕەچاوکردنی بڕیاری ٢١٧٠ (٢٠١٤)ی ئەنجومەنی ئاسایش لە ٢٠١٤/٨/١٥ سەبارەت بە ئیدانەکردنی ئەو پێشێلکارییانەی مافی مرۆڤ کە لەلایەن گرووپە تونداڕۆکانەوە لە عێراق و سووریا ئەنجام دراون؛

بە ڕەچاوکردنی بڕیاری ٢٣٨٨ (٢٠١٧)ی ئەنجومەنی ئاسایش لە ٢٠١٧/١١/٢١ سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی بە مرۆڤ لە کاتی جەنگدا؛

بە ڕەچاوکردنی بڕیارەکانی بەڵگەنامەی ژمارە ٥٤ ٠٠٨/١٩٧٥ و بەڵگەنامەی ژمارە ٥٥ ٠١١/٠٩٦٧ سەبارەت بە پاراستنی کەمایەتییە ئایینی و هزرییەکان لە ئەفریقای باکوور و ڕۆژهەڵاتی نزیک و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە ٢٠١٧/٧/٢٠ و لە ٢٠٢٠/٧/٢ لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەران پەسەند کراوە، بە ڕەچاوکردنی بڕیاری بەڵگەنامەی ژمارە ٥٣ ٠٠٥/٣٤٨٧ سەبارەت بە پاراستنی کۆمەڵگەی کریستیانەکان و کەمایەتییە ئایینی و هزرییەکان لە ئەفریقای باکوور و ڕۆژهەڵاتی نزیک و و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە ٢٠١٤/٤/٢٣ ئەنجومەنی نوێنەران پەسەندی کردووە، بە ڕەچاوکردنی بڕیاری بەڵگەنامەی ژمارە ٥٢ ٠١١/٢٠٣١ سەبارەت بە ژیانەوەی کۆمەڵگەی کریستیانەکان و پێکهاتە ئایینی و هزرییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نزیک و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە شوێنەکانی تری جیهان کە لە ٢٠١٠/١/٢٨ لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە پەسەند کراوە؛

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە زۆربەی ئێزدییەکان نەیانتوانیوە بچنەوە سەر ماڵوحاڵیان سەرەڕای ئەو ڕێککەوتننامەیەی لە نێوان دەسەڵاتدارانی کوردستانی عێراق و دەسەڵاتدارانی بەغدا کراوە؛(٢) ئەمەیش بەهۆی ئامادەبوونی میلیشیا شیعییەکان کە لەوانەیە هەڕەشە بن بۆ سەر ئاسایش؛

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخە نالەبارەی ئەو کۆچبەرانەی کە لە کەمپەکانی کوردستانی عێراق دانیشتوون.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێشێلکارییە تایبەتییانەی ڕووبەڕووی ئافرەتان بۆتەوە، بەتایبەتی دەستدرێژیی سێکسی و کۆیلایەتیی سێکسی و بازرگانیپێکردن. ئەم ئافرەتانەیش پێویستیان بە هاوکاریی تایبەت هەیە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێشێلکارییە تایبەتییانەی ڕووبەڕووی منداڵان بۆتەوە، بەتایبەتی ئایینگۆڕینی بەزۆر، مەشقپێکردنیان بۆ جەنگ و بۆ تیرۆر. ئەم منداڵانەیش پێویستیان بە هاوکاریی تایبەت هەیە.

بە لەبەرچاوگرتنی ڕاپۆرتی تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خستنەڕووی بەرپرسیارێتیی تاوانەکانی گرووپی تیرۆریستیی داعش (UNITAD) لە ٢٠٢١/٥/١ بە ناونیشانی "شەشەم ڕاپۆرتی ڕاوێژکاری تایبەت و سەرۆکی تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خستنەڕووی بەرپرسیارێتیی تاوانەکانی گرووپی تیرۆریستیی داعش"(UNITAD) ، کە لەم ڕاپۆرتەدا ڕایان گەیاند کە بەڵگەنامەی ڕوون و قەناعەتپێکەر هەیە کە

لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامییەوە جینۆساید دژی ئێزدییەکان- وەکوو گرووپێکی ئایینی- ئەنجام دراوە؛
بە ڕەچاوکردنی ئەو دۆخە تایبەتییەی هەندێک ئافرەتانی ئێزدی کە تووشی دەستدرێژیی سێکسی هاتبوون، کاتێک دەستگیر کرابوون و منداڵیان بووە و، کۆمەڵگەی ئێزدی ئەم منداڵانەی قبوڵ نەکردووە؛
بە ڕەچاوگرتنی ئەو ئەنجامانەی کە تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خستنەڕووی بەرپرسیارێتیی تاوانەکانی گرووپی تیرۆریستیی داعش (UNITAD) کە لە ٢٠٢١/٥/١٠ پێشکەشیان کردووە و ئەم ئەنجامانە بەڵگەنامەی ڕوون و قەناعەتپێهێنەرن کە جینۆساید لەلایەن گرووپی تیرۆریستیی داعشەوە دژی ئێزدییەکان ئەنجام دراوە؛
بە ڕەچاوگرتنی دۆکترینی بەرپرسیارێتیی پاراستن (R2P)کە بە کۆدەنگی لە لووتکەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٠٥ پەسەند کرا؛ ئەم دکتۆرینە ئاماژە بەوە دەکات کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەرپرسیارێتیی ڕێگەگرتن لە جینۆساید و تاوانەکانی جەنگ و سڕینەوەی نەژادی و تاوانەکانی دژەمرۆڤایەتیی لەسەرە، کاتێک دەسەڵاتدارانی نیشتمانی ڕێگر نەبن؛
بە ڕەچاوکردنی یاسای ***Iraq and Syria Genocide Relief and Accountability Act***کە لەلایەن کۆنگرێسی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١٨ پەسەند کرا، کە هاوکاریی مرۆییی پێشکەش بەو قوربانیانە کرد کە بەدەستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا جینۆساید کرابوون؛
بە ڕەچاوگرتنی یاسای ڕزگارکراوانی ئێزدی کە لەلایەن پەرلەمانی عێراقی لە ٢٠٢١/٣/١ پەسەند کراوە؛ لەم یاسایەدا ئاماژە دراوە بە گرتنەبەری ڕێوشوێنێکی گشتگیر بۆ قەرەبووکردنەوە و دووبارە گەڕاندنەوەی کۆمەڵگەی ئێزدی؛ بۆ نموونە دابینکردنەوەی خوێندن و چارەسەری پزیشکی و جێی نیشتەجێبوون؛
بە لەبەرچاوگرتنی بەرنامەی ئەڵمانی بە مەبەستی شایەتیدانی ئێزدییەکان؛(٣)

دەقی بڕیار

ئەنجومەنی نوێنەران(٤) دان بەو جینۆسایدەدا دەنێت کە لەلایەن گرووپی تیرۆریستیی داعشەوە لە عێراق و سووریا دژی ئێزدییەکان لە ساڵی ٢٠١٤وە ئەنجام دراوە و، هەروەها ئیدانەی دەکات.
داوا لە حکوومەتی فیدراڵی دەکات:
تاوەکوو دانپێدانانێکی یاساییی تەواو بۆ ئەم جینۆسایدە دەردەچێت؛ ئەمیش لە ڕوای حوکمێکی دادوەریی یەکلاکەرەوە لە پرۆسەیەکی دادپەروەرانە و شەفاف لەسەر بەرپرسیارێتیی ئەنجامدەرانی ئەم جینۆسایدە، حکوومەت بە شێوەیەکی سیاسی دان بەم جینۆسایدەدا دەنێت کە گرووپی تیرۆریستیی داعش لە عێراق و سووریا دژی کۆمەڵگەی ئێزدی ئەنجامی داوە، کە لە ساڵی ٢٠١٤وە دەستی پێ کردووە؛
حکوومەت گشت ڕێگە یاساییە ناوخۆییەکان و ڕێگە یاساییە نێودەوڵەتییەکان بەکار دێنێت بۆ گەرەنتیکردنی ئەوەی کە تاوانەکانی دژی ئێزدی لە عێراق و سووریا کە لەلایەن گرووپی تیرۆریستیی داعشەوە ئەنجام دراون، بەبێ سزا نەمێننەوە. لەم چوارچێوەیەدا، بۆ چالاککردنی هەماهەنگی لە نێوان دەوڵەتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا و دەوڵەتانی تری هاوڕا، ڕۆڵێکی تەواوی نێودەوڵەتی بگێڕێت.
لە چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، حکوومەت هەوڵ و تەقەڵڵایەکی چالاکانە بدات بە مەبەستی پەسەندکردنی برپارێک لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کە تیایدا ئەم تاوانانە بخرێنە پێش دادگەی تاوانکاریی نێودەوڵەتی، یان دروستکردنی دادگەیەکی تایبەت یان تێکەڵ بۆ دادگەییکردنی ئەم تاوانانە؛
حکوومەت پاڵپشتیی ئەو هەوڵە دادوەرییانە دەدات و هانیان دەدات بۆ دۆزینەوە و بەدواداچوون بۆ ئەو بەلجیکییانەی کە ئەنجامدەری ئەو جۆرە تاوانانە بوون کە دژی کۆمەڵگەی ئێزدی ئەنجام دراون؛ هەروەها حکوومەت هەماهەنگ دەبێت لەگەڵ UNITAD بۆ کۆکردنەوە و گۆڕینەوە و هەڵگرتنی ئەو بەڵگەنامەی پەیوەندیی بەم جینۆسایدەوە هەیە؛
حکوومەت هانی حکوومەتی عێراقی دەدات بە مەبەستی ئەندامبوون لە دادگەی تاوانکاریی نێودەوڵەتی؛

حکوومەت بەشـــدار بێت لە گەڕانەوەی ئێزدییەکان بە ویستی خۆیان بۆ شار و شارۆچکەکانیان، بەتایبەتی لە ڕێگـەی جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتننـامەیەی لە نێوان حکوومەتی کوردســتانی عێراق و حکوومەتی ناوەندی لە بەغـدا گرێ دراوە؛ هەروەهـا حکوومەت پێشـــنیـاری چاودێریی نێودەوڵەتی بۆ ئەم ڕێککەوتننامەیە بکات؛

حکوومەت هانی حکوومەتی عێراقی بدات بۆ جێبەجێکردنی یاســای عێراقی ســەبارەت بە ڕزگارکراوانی ئێزدی کە لە ٢٠٢١/٣/١ دەرچووە؛

حکوومەت بەشـــدار بێت لە ئاوەدانکردنەوەی شـــار و شـــارۆچکە وێرانکراوەکان لە ڕێگەی پێدانی بڕێک پارەی بەردەوام؛ هەروەها هانی گەڕاندنەوەی ئەو ســامانانە بدات کە لەدەستی کۆچبەرانی ناوخۆیی چووە؛

پێشـکەشـکردنی هاوکاریی مرۆییی تایبەت بەو گرووپانەی کە ڕووبەڕووی تووندوتیژیی سێکسی، کۆیلایەتیی سێکسی و مامەڵەی نامرۆڤانە بوونەتەوە:

دیراسەکردنی ئەگەری ئەوەی چۆن بەلجیکا بەشدار بێت لە ســـندووقی ئۆفیســـی کاروباری هەماهەنگیی مرۆیی و بەشداریکردنی لە جێبەجێکردنی یاسای عێراقی سەبارەت بە ڕزگاربووانی ئێزدی؛

ســـەرەڕای دابینکردنی هاوکاریی مادی، هەوڵ بدرێت بە دابینکردنی پشـــتیوانییەکی دەروونی لە ڕێگەی ڕێکخراوە تـایبەتمەنـدەکـانی کۆمەڵگـەی مەدەنی بە مەبەســـتی هـاوکـاریـکـردنـی ئـێزدییـەکـان بـۆ دەربـازبـوون لە نەهامەتییەکانیان؛

لە کاتی پێشـــکەشـــکردنی ئەو هاوکارییانە، پێویســـتە پێـداویســـتییە تـایبەتمەنـدەکـانی قوربـانیـان لە بواری تەندروســـتیی دەروونی ڕەچاو بکرێت؛ هەروەها دانان و پشـــتگیریکردنی ئەو بەرنامانەی تایبەتن بە دەروونی ئەو منداڵانەی قوربانیی دەستدرێژیی سێکسین یان خراپ مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە یان ئەو منداڵانەی بەزۆر خزمەتی ســەربازییان بۆ خەلافەت کردووە؛ هەروەها ســەبارەت بەو منداڵانە، پێویستە دیراسەی ئەوە بکرێت کە چۆن بەلجیکا هاوکار بێت بە دوورخســـتنەوەیان لە تونـدوتیژی، یـان ئـاســـانکاری بکەن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ کۆمەڵگەی ئێزدی؛

بە هەمـاهەنگی لەگەڵ UNHCRو یەکێتیی ئەوروپـا، ئـامادەکردنی ئۆپەراســـیۆنێک بۆ ئـافرەتـانی ئێزدی کە دەخوازن لەگەڵ منـداڵەکـانیـان بن؛ ئەو منـداڵانەی کە لە ئەنجامی دەستدرێژیی سێکسی لە گرتووخانەکان لەدایک بوون؛

دیراسەی ئەوە بکرێت کە چۆن بەلجیکا بتوانێت پشتیوان بێـت لە چوارچێوەی کـارێکـی فرەلایەنی، بۆ هەوڵـی ئازادکردنی ئافرەتانی ئێزدی و منداڵەکانیان، کە هێشـــتا لەژێردەستی گرووپی تیرۆریستیی داعشدان.

بروکسل، ٢٠٢١/٧/١٥

سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران

ئێلیان تیلیۆ

سەرۆکی دیوان (ئەمینداری گشتی)ی ئەنجومەنی نوێنەران

مارک ڤان دێر هۆڵست

تێبینی:

١ -بەپێی سـیسـتەمی یاسـادانانی بەلجیکی، هۆکارەکانی دەرچووانـدنی بڕیار لە ســـەرەتـاوە دێن و زۆر بەوردی کاری لەسەر دەکرێت – (وەرگێڕ)

٢ -مەبەســـت لەو ڕێککەوتننامەیە کە لە ٢٠٢٠/١٠/٩ لە نێوان حکوومەتی فیدراڵی عێراقی و هەرێمی کوردستان و بە پشـــتگیریی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربـارەی دۆخی کارگێڕی و ئاسـایشـیی شـەنگال واژۆکرا، بەڵام تاوەکوو ئێستا جێبەجێ نەکراوە – (وەرگێڕ) .

٣ -سـەرەڕای سـەردانیکردنی دوو پەرلەمانتاری بەلجیکی کە لە پشـــت دەرچووانـدنی ئەم بڕیارە بوون بۆ پەرلەمانی هەرێمی کوردسـتان، بەڵام لەبڕیاری ئەنجومەنی نوێنەرانی بەلجیکا ئاماژە نەکراوە بە بڕیاری ژمارە (١١)ی ســـاڵی ٢٠١٩ پەرلەمانی کوردسـتان دەربارەی دیاریکردنی ڕۆژی (٢٠١٤/٨/٣) وەک ڕۆژی کۆمەڵکوژی (جینۆســـایـد)ی ئێزدییەکان – (وەرگێڕ)

٤- لەم خـاڵەوە تـاوەکـوو کـۆتـایـی، دەقـی بـڕیـارە پابەندکەرەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی بەلجیکایە.

ئەنفال، پرۆسەی ژینۆسایدی کوردەکان

نووسینی: حەسەن ئەحمەدی نیاز
پسپۆڕی یاسا نێودەوڵەتییەکان
وەرگێڕانی: عومەر عەبدولکەریم(تینو)

لە ساڵیادی تاوانی نامرۆڤانەی پرۆسەی (ئەنفال)ی ڕژێمی بەعسی عێراقی لە دژی کوردەکانی عێراقداین.
ئەنفال، ناوی پرۆسەیەک بوو، کە تێیدا هێزەکانی ڕژێمی بەعسی عێراق، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە (سەدام حسێن تکریتی) فەرمانیان وەردەگرت، زیاتر لە(١٨٢٠٠٠) سەدوهەشتاو دوو هەزار کوردی کوردستانی عێراقییان لە ژن و منداڵ و پیر و لاو، بە شێوازی گروپ و بەکۆمەڵ ژینۆساید کرد.
پرۆسەی ئەنفال، ئەو پرۆسەیە بوو، کە لە ساڵی ١٩٨٨ تا ١٩٨٩، کە تێسدا هێزەکانی ڕژێمی بەعسی عێراق، زیاتر لە (١٨٢) هەزار کەس لەوانە هەشتا هەزار بارزانی و دەیان هەزار گەرمیانی کوردی عێراقیان ئەنفال کرد. هاوکات ئەنفال نمونەیەکی بەرجەستە و زیندووی(دەسەڵاتی ڕەها)یەک بوو، کە سەدام حسێن سەرۆککۆماری ئەوکاتی عێراق بە (بەرپرسی باکور)ی حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی، (عەلی حەسەن ئەلمەجید)ی دابوو. ئەو دەسەڵات و هێزەی، کە لە (٢٩ مارسی ساڵی ١٩٨٧ تا ٢٣ ئەپریلی ١٩٨٩) بە (عەلی حەسەن ئەلمەجید)درا بوو، بە ئەندازەی ئەو دەسەڵاتانە بوو، کە هەموو ناوەندە دەوڵەتییەکانی عێراق بە سەرەوک کۆمارییان دابوو.
عەلی حەسەن ئەلمەجید، کە لە لایەن کوردەکانە بە (عەلی ئەنفال) یان (علی کیمیاوی) بەناوبانگ بوو، یەکەمین کەس بوو، کە پلانی ژینۆسایدی لە دژی کوردەکان جێبەجێکرد. لە درێژەی پرۆسەی ئەنفللدا تراژیدیا و مەرگەساتی هەڵەبجە و دەیان گوندی تر، کە تێیدا (گازی سارین) و کیمیاوی هاوشێوە بەکارهێنرا بوو، کە مەرگی دەیان هەزار کەس لە ژنان و منداڵانی لێکەوتەوە. هەروەها زیاتر لە چوار هەزار گوند، ناحیە و شار و وێران بوون، کە لە بەڵگەنامە دەوڵەتییەکاندا تۆمار کراوە:(وێران یان خاپوور بوون)، لەگەڵ زەویدا تەخت کران و پاکتاو کران.
بەپێی ئاماری پەسەندکراو، لە ماوەی پرۆسەی حەوت مانگەی ئەنفللدا، کە تەنها لە پارێزگاکانی کەرکوک، دیالە، نەینەوا و سەڵاحەدین و... ئەنجام درا بووزیاتر لە چوار هەزار گوند وێران و زیاتر لە ٨٢٣ هەزار کەس لە خەڵکی سڤیل لە لایەن سوپا و سەربازانی ئەمنی و هەواڵگری عێراق کۆمەڵکوژ کران. هەر لەم نێوەندەشدا شارەکانی هەڵەبجە، تەویلە، خورماڵ، سەید سادق، پێنجوێن، قەڵادزە، سەنگەسەر، چوارتا، قەڵاچوالان و ماوەت بە تەواوی خاپوور کران و چۆڵکران. پاش جەنگی کەنداوی فارس و هێرشی هاوپەیمانان بۆ عێراق و دەستگیرکردنی (سەدام حسێن) و هەندێک لە دارودەستەکەی، ناوبراو لەگەڵ تاقمەکەی بەتایبەت (عەلی کیمیاوی) بە تاوانی دژە مرۆڤایەتی و ژینۆسایدی کوردەکان لە دادگای تایبەتی تاوانەکان سەرانی عێراق داداگایی کران.
لە بابەتی پرۆسەی ئەنفالدا دوو مەسەلە لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتییەوە دێتە ئاراوە، یەکەم مەسەلەی بەکارهێنانی چەکە کیمیاوییەکانە لە دژی هاوڵاتیان و خەڵکانی سڤیلی کوردی عێراق و دووەم ژینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییە، چونکە بە پێی بڕگەکانی یاسای نێودەوڵەتی ئەم کارە ژینۆساید بوو.
ژینۆساید، بریتییە لە هەرجۆرە هەنگاونان و دەستپێشخەرییەک بەمەبەستی لەناوبردن و سڕینەوەی فیزیکی بەشێک یان هەموو گروپێکی نەژادی، نەتەوەیی، میللی، ئاینزایی و ئایدۆلۆژی.
کاتێک، کە (هەڵەبجە) و ناوچەکانی تری کوردستانی عێراق لە (١٦ی مارسی ١٩٨٨) بەچەکی کیمیاوی بۆمباران کرا، سیستەمی یاسایی دەسەڵاتدار لەسەر بەکارهێنانی ئەم چەکە، (پرۆتۆکۆڵی ١٩٢٥ ژنێف) و (ڕێککەوتننامەی ١٩٧٢) بوو.
ئەو دەوڵەتانەی ئەندامی یەکێتی عەرەب بوون بە ڕاڤەکردنی بەرتەسک بۆ پرۆتۆکۆڵی ١٩٢٥، دەستیان دایە دەستی یەکتر، بەڵکو بتوانن عێراق لە تۆمەتی شکاندنی پرۆتۆکۆڵ بێ تاوان دەر بکەن. بانگەشەی ئەوە دەکرا، کە

ڕێگری کردن لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، تەنها بە (دۆژمنایەتی نێودەوڵەتی) سنوردارە، بەڵام ١٢ دەوڵەتی ئەندامی یەکێتی ئەورووپایی و زۆرێکی تر لە دەوڵەتان، بەیەک دەنگ ئەم بۆمباران کردنەیان مەحکوم و ئیدانە کرد. وێنایەک، کە لە ناوچونی یەکجاریی هەزاران ژن وپیر و منداڵ، کە تەرمەکانیان بەسەریەکدا کەڵەکەکرابوون هیچ ڕێگەیەکی بۆ ڕێککەوتن لەبەرانبەر عێراقدا نەهێشتبووەوە. شۆینەواری ئەم کارە تۆقێنەرە بەسەر ویژدان و ڕایگشتی جیهانیدا تا ئەو جێگەیە بوو، کە لە مادەی یەکی ڕێککەوتننامەی (ڕێگری لە پەرەپێدان، بەرهەمهێنان، کۆکردنەوە و بەکارهێنانی چەکە کیمیاوییەکان و لەناوبردنیان پەسەندکراوی ١٩٩٣) بڕیار درا، ئەو دەوڵەتانەی ئەندامی ڕێککەوتننامەکەن هاوپەیمان دەبن، کە هەرگیز لە ژێر هیچ هەلومەرجێکدا چەکی کیمایی بەکار نەهێنن و لەم نێوەندەشدا هیچ جۆرە جیاکارییەک لە نێوان دۆژمنایەتییە نێودەوڵەتییەکان و نێوخۆییەکان بوونی نییە. پاش جێگیر کردنی قەدەغە کردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە یاساکانی ڕێککەوتنەکەدا، نۆرەی ڕۆتینی یاسایی نێودەوڵەتییە تاکو قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ئەم چەکە لە دۆژمنایەتییە نێوخۆییەکاندا لە (یاسای عورفی)یشدا ڕابگەیەنێ.

ئەتوانرێ ئەم کارە تاوانکارانیانە لە ژێر ناوی (ژینۆسایدو)وەسف بکرێ،چونکە هەموو پێوەرەکانی کۆمەڵکوژی بەکۆمەڵی یان ڕەگەزکوژی تێیدا لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە ئاخێنراوە.

دادگای شاری (لاهای)ی هۆڵەندا (وەکو دادگای نێوخۆیی ئەو وڵاتە) لە دریژەی دادگاییکردنی (فرانس ڤێن ئانرات) بەتاوانی هاوبەشی کردن لە دابینکردنی مادەی کیمیایی پێویست لە دروستکردنی چەکی کیمیایی بۆ دەوڵەتی عێراق و لەگەڵ دەرکردنی بڕیاردا، بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند، کە کۆمەڵکوژکردنی کوردەکان لە عێراقدا، تاوانی ژینۆسایدە.

هەروەها هەندێک لە ناوەندە سیاسییەکان لە عێراق و دەرەوەی عێراق، کارەکانی ڕژێمی بەعسیان لە دژی کوردەکانی ئەو وڵاتە(لەوانە کیمیابانکردنی هەڵەبجە) لە ژێر ناوی ژینۆسایدە بە فەرمی ناسیاند. پەرلەمانی وڵاتانی وەکو نەرویژ و سوید و ...یش کۆمەڵکوژیی خەڵکی هەڵەبجەیان بە فەرمی بە ژینۆسایدە ناوەزەد کرد، کە پێویستە دەکات پەرلەمان لەسەر بنەمای دەستوور و پالپشتییە هەمیشەییەکان و ئەو پەیوەستیانەی کوردەکان و شیعەکانی عێرا ق و تاوانەکانی سەدام و ڕژێمی بەعس لە دژی وڵاتەکەمان بەرانبەر بە مەحکومیەتی پرۆسەی ئەنفال لە ژێر ناوی ژینۆسایدیدا هەنگاو بنێ.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی (شەرق) ژمارە (١٧٠٨، سێشەم ٢٠١٤/٤/١٤)

ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتیی مێزگردێکی ڕێکخست.



ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتیی بە پاڵپشتیی دارایی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیای فیدراڵ، لە ١٨ی حوزەیرانی ٢٠٢٢ مێزگردێکی لەگەڵ دادوەر و داواکاری گشتیی و ئەکادیمیی و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ ڕێک خست.

ناواخنی مێزگردەکە بۆ دەستنیشانکردنی ڕێکارێکی گونجاو بوو بۆ بەناوخۆییکردنی یاسای تاوانی نێودەوڵەتیی لە هەرێمی کوردستان. سەرنجی سەرەکییشی لە سەر میکانیزمێک بوو بۆ بەناوخۆییکردنی یاسای تاوانی نێودەوڵەتیی لە هە رێمی کوردستان، داخۆ دەوڵەتان چۆن هەوڵییان بۆ بەتاواناساندنی تاوانە نێودەوڵەتییە مەترسیدارەکان داوە؛ هەروەتر ئایا هیچ هەنگاوێکی گونجاو هەیە تا) ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتیی (بۆ بەناوخۆییکردنی یاسای تاوانە مەترسیدارە نێودەوڵەتییەکان لە سیستمی یاسایی هەرێمی کوردستاندا پەیڕەوی بکات.

ئەوەی دوێنێ گومان بوو ئەمڕۆ ڕاستییە.

هۆمەر محەمەد

٢٠٢٢/٦/١٧ – سلێمانی

ئەوەی هەمیشـــە بیری لێدەکەمەوە ئەوەیە، ئـاخۆچۆن دەتوانین تاوانی ئەنفال کە بووەتە شوناسی مەزڵوومییەتی ئێمە، بیگۆڕین بە شوناسی هێز. بەڵام هەرچەند تێدەفکرم ئەم کۆمەڵگاو دەسەڵاتە پاسیفە، هی ئەو ئەرکە نییە. بەڵگە و شـاهید دەریانخسـت، کە ژنی کورد لە ئەنفالدا کوژراون و فرۆشـراون و وەک کۆیلەی جەنگ کراون بە کەنیزەک، بەڵام دەسەڵاتداری پاسیف و ڕێکخراو وچالاکوانی لەوان پاسـیفترو دواکەوتووتر. نەیان ویسـت و نەیان بیسـت، بەڵکو بەچنگ و نینۆک تێکۆشـان ئەم دۆسـێیە لەپێناوی ژەمێکی ناوهۆتێلەکان و بلیتی فرۆکەیەک و ســـەفەرێکی ئەوروپا دیزە بەدەرخۆنە بکەن ! ..

بە فیکری بۆگەن و دونیا بینی ناشرینیان، بوونە ڤایرۆسی ئەم دۆسێیەو نەیانتوانی بە چاوێکی کراوەترەوە بڕوانن و دۆسێی فرۆشتنی ژن وەک تاوانێکی نێودەوڵەتی ببین و لە ناموسپەرستییەکی کوشندەدا کورتیان کردەوە. گوایە باسـکردنی فرۆشـتنی ژنی ئەنفال باش نییە چونکە (قەزییەی شـــەرەفە) وەک بڵێی بێـدەنگە لێکردنی بێ شـــەرەفی نەبێت ! وەک بڵێی چاوپۆشـــی لە مەمکەمژەی منداڵێک لەگۆڕی بەکۆمەڵدا لەفرۆشـــتنی ژن وکچەکانمان قورستر نەبێت !

نەیانتوانی لەوە تێبگەن دەسـتدرێژی سـێکسـی بۆســـەر ژنی کورد و کڕین و فرۆشـــتنیان لە ئەنفال و شـەنگالدا تاوانی نێونەتەوەییە، ئابروچونی بەعسـیەکان و داعشـــە نەک هی کورد، نەیـانتوانی لەوە تێبگەن کە دەستدرێژی بۆسەر ژنان نەک ڕوی جەلاد بەڵکو مەرجەعی فیکری فاشیزمی عەرەبیش دەلەرزێنێ .

بەڵام ئەمڕۆ جارێکی تر ڤیدۆیەکی تری عەرەبێکی عێراقی بەنـاوی (حەیـدرعبـدالامیر العیـداني) دیســـان وەک بەڵگەیەکی تر خۆی نیشان داینەوەو دیسان گۆمە مەنگ و وەسـتاوەکەی شـلەقاندەوەو سـەرلەنوێ بڕینی کەسـوکاری ئەنفالکراوان و هەموو کوردی کولاندەوە.

کە ژن وکچی کورد لەئەنفـال و شـــەنگـالـدا فرۆشـرابن یان دەسـتدرێژیان کرابێتە سـەر ئەوەی تیایدااا ئابرو شـــکاوە ؟ کورد نیە بەڵکو شـــۆڤێنیزمی عەرەبی و پیاوانی بەعس و داعشن نەک ژنی بێدەسەڵاتی کورد.

دەوڵەتی مۆدێرنی نەتەوەی عەرەبی یان دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شـــام - داعش ؟ بێگومان ئەگەر عەقڵ لە گۆڕێ نەبێ و وەک پیاوسالارێک بڕوانین، هەر ئێمە تایدا ئابرو تکـاوین وجەلادەکـانیش بەشـــەرەف و ســـەربەرزو ئابروەمەندن!. بەڵام کاتێک عەقڵ و لۆژیک ئامادەیە جەلاد زەلیل و ئابروشکاوە.

دەنا لەم بارەیەوە هەمووشـتێک ڕون وئاشـکرایە کچ وژنی کورد فرۆشـراون ئەوە بەڵگە دەرکەوت کەچی پیاوسـالاری ترسـنۆک گوتیان درۆیە.. موخابەراتی میصری خۆی هاتە دەنگ و زانیاری دزەی کرد پاســـیف ونەزان هەر گوتیان درۆیە[18]

لەســـعودیە ژنی ئەنفالکراوی کوردیان دیت و مەلاو حاجی هاتنەوەو گوتیان دیومانن و باســـی کنگرو تۆڵەکەشـــمان کردووە.. قروقەپیان لێکرد!

کچی گۆپتەپە لەبەسـرە دۆزرایەوەو هەموو سـەرەداوێکمان دایە حـکـومەت و وەزیـرو گـزیـرو کەس بەدەم خۆی و خانەوادەکەیەوە نەچوو .

هەتا ژنان و کچانی شەنگال لەبن دەستی داعش هەڵاتن و هاتنەوە و ڕوی ڕاسـتەقینەی شـۆڤیزمی عەرەبی و فیکرو ڕەفتاریان لە داعشـــی هاوچەرخدا نیشـــان نەداین نەیان دەویسـت هیچ بڵێن دوای ئەوە ئینجا ... هەرچی پاسـیف و کۆنەپەرستە کڕبوون و قڕوقەپیان لێکرد.

لێژنەیان پێکهێنا گوایە بۆ بەدواداچوون، بەڵام لەڕاســـتیدا لێژنەکە بۆ دیزە بەدەرخۆنەکردن بوو.

---

[18] ژنە هونەرمەندی مصری ئیعتیماد خورشید کە لەسـەروەختی جەمال عەبدولناســـرەوە بە یەکێک لە کەســـایەتییە نزیکەکانی دەزگای موخابەراتی مصـری دادەنرێ لە شـەوی (٢٠١٢/٨/٩)دا لە بەرنامەیەکی کەناڵی (ئەلحەیات)دا بەڕوونی باســـی لە بردنی کچە ئەنفالکراوەکانی کورد کردووە بۆ وڵاتەکەی کە موخابەراتی مصرو سەفوەت ئەلشەریف لە پشتیەوە بون .

حەیدرعبدالامیر العیداني:
وتم: ئەمە واژۆی تۆیە ؟ وتی: بەڵێ کاری زۆر لەوە قێزەونترمان کردووە.



رۆژی ١٧ی حوزەیرانی ٢٠٢٢ ڤیدیۆیەکی مامۆستا حەیدر عەبدول ئەمیر عیدانی بڵاوکرایەوە دەربارەی تاوانەکانی رژێمی بەعس و سەدام قسەدەکات، لەناو ئەو تاوانانەدا نوسراوێکی بەڵگەیەیی بۆ ئامادەبوان بەرزدەکاتەوەو نیشانیان دەدات نوسراوەکە باس لەوە دەکات سەدام گشتاندویەتی بەوەی ژنان بەملهای شەوانەی وڵاتی میسر بفرۆشن.


لەو گرتە ڤیدیۆیەدا حەیدەر دەڵێت :

هەرگیز بروا ناکەیت دەسەڵاتدار وا بەگەلی خۆی بکات، دەسەڵات کچانی وڵاتەکەی خۆی بەملهاکانی وڵاتی میصری عەرەبی فرۆشتووە، ئەم نوسراوە (نوسراوەکە بەرزدەکاتەوە بۆ ئامادەبوان) لە دادگای باڵای تاوانەکان، روبەروی سەدام و چەتەکانی کرایەوە ئەوەی کەواژۆی کردووە ئامادەبوانی بەریز داوام لە سەرۆکی دادگای باڵای تاوانەکان ئوستاد عارف شاهێن کرد، کە بۆ دادگایی کردنی تاوانبارانی رژێمی پێشوو دانرابوو. وتم من دەمەوێ ئەم کەسە ببینم (ئەوەی واژۆی لەسەر نوسراوەکە کردووە) برایانی ئازیز ئەم نوسراوە عەقڵ پەی پێ نابات، عەقڵ قبوڵی ناکات و مرۆڤی عاقڵ قبوڵی ناکات. سەرۆکی کۆمار ژنانی وڵاتەکەی بە مەلهاکانی شەوانەی وڵاتێکی تر بفرۆشێ لەکۆماری مصری عەرەبیدا. وتم بەڕێز دادوەر بەوپێیەی من رۆژنامەوانم و چالاکێکی مەدەنیم و کارمەندم لە دەزگای شەهیدان، دەمەوێ ئەم کەسە ببینم، وتێ کەی دەتەوێ وتم هەرکاتێک بێت وتی داوایەک بنوسەو وەڵامت دەدەمەوە. ئەوەی بینیم مێردی حەلا بوو کە بەریوبەری هەوڵگری بووە لەوکاتەدا، پێم وت، بەدەق ئەمەم پێگوت : ئەوەی بەرانبەرتە عێراقییە من هەقم بەسەر سکاڵاو شکاتەوە نییە لەدژتان، بەس پێم بڵێ ئەم نوسراوە لەسەرتان دروستکراوە، تکایە ئێمە هەموو لەگەڵ خەڵکێکدا دەژین نازانم وشەیەک نییە گوزارشت لەمە بکات، وتم سوێند بەخوا ئەگەر نوسراوە دروستکراوە ئێستا لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیدا دەڵێم دروستکراوە، وەڵامی دامەوە زۆر لەمە قێزەونترمان کردووە، ئەمە وەڵامەکەی بوو، وتم ئەمە واژۆی راستەقینەی خۆتە؟ گوتی بەڵێ بەپێی تەمەنیان فرۆشتمانن (لێرەدا ڤیدیۆکە تەواو دەبێ بەلام دیارە حەیدرعبدالامیر العیداني قسەی ماوە) .

من و کوڕی ئەنفالکراوێک !

ئەنفالستان:

دوای ئەوەی بەریز دکتۆر شێرکۆ کرمانج پۆستێکی منی شێرکردبوو، کە دەربارەی جەلادەکەی گەرمیان لیوارکن بارق حاج حونتەو رەمزی ئازایەتی گەرمیان شێخ حوسێنی هەزارکانی بوو، کوری ئەنفالکراوێک هاتووەتە وەڵام و ئەم سەرنجەی بۆ دکتۆر شێرکۆ نوسیوە ! دکتور ئەزانم



کاک هۆمەر نوسیوێتی بەس تۆش هاوڕای لەگەڵی نوسینی ترت هەبووە نزیک لەم نوسینە. دکتۆر مەوزوعەکەی وا تێکەڵ کردووە نازانم چۆن وەڵامبدەمەوە، ئازایەتی خەڵکی گەرمیان قسەی تیا نیە و پێویست نیە تێکەڵ بە عروبە و مروبەی بکەن. بارقیش باس نەکەن خەڵک ئەزانێت. بەس بەجدی یەک پرسیار پێش ئەوەی باسی کۆتا دێرت بکەم ئێستا چەن بارقی خوێری لە ناو دەسەڵاتی کوردی خەریکی داپڵۆسینی خەڵکن؟ ئەی بۆ پۆستێک لەسەر نەوت شوجاعەکانی دەسەڵاتی کوردیش ناکەن برام.



وەڵامی دکتۆر شێرکۆ بۆ زیاد

کاک زیاد

ببورە تۆ شتەکانت تێکەڵ کردوە.

من سەعاتێک پێش ئەو پۆستە لە پۆستێکی دیکە گەندەڵکارانی هەڕێم و دالّدەدارانی ئەنفالچییەکانم شەرمەزارکردوە... من هەزار ڕەخنەم لە حکومەتی هەرێم گرتوە... هیچ کەسێک لەم کوردستانە بە قەد کاک هۆمەری ئەنفالستان خزمەتی بە ئەنفالکراوان نەکردوە، هیچ کەسێک بە قەد کاک هۆمەر

ڕەخنەی لە دەسەڵاتدارانی هەرێم نەگرتوە.. ئاخر تۆزێک یەک تۆز ئینساف، ئینجا قسەی وا بکە.....مەدح و سەنای سەدام لای من خەتی سورە هەرکەسێک بە هەر بیانوێک بیبڕێت شەرمەزاری دەکەم باوکم بێت... نەفرەت لەوانەی مەدح و سەنای سەدام دەکەن هەزارهەزار جار...

وەڵامی هۆمەر موحەمەد بۆ زیاد

کاک زیاد ڕێزو سلاو بەڵام ببورە نەمزانی لەکوێ شتەکانم تێکەڵ کردووە ؟! ئەگەر نازانی چۆن وەڵامم بدەیتەوە باشترە هەرلێی بێدەنگ بیت، بەتایبەتیش کە فەرمووتە کوری ئەنفالکراوێکی گەرمیانیت، هەرئەوەش ناچاری کردم وەڵامێکی درێژت بدەمەوە. برای بەڕێزم بۆ نازانی چۆن وەڵامبدەیەتەوە ؟ یەکێک لەباشییەکانی وەڵامدانەوە ئەوەیە بزانیت چۆن وەڵام دەدیتەوە، ئەگەرنا بێدەنگی باشترە، پێموایە تێکەلکردنەکە لەبەڕێزتەوەیە چونکە گرنگترین بابەتی نوسین یەکێتی بابەتە، ئازیزم من بەراوردێکم لەنێوان دووجۆر مرۆڤدا کردووە ترسنۆکی بە ئازا ناسێندراو، (لەکن من ترسنۆکترین مرۆڤ ئەوانەن ناتوانن مرۆڤ بن، ئازاترین ئەوانەن لەهیچ دۆخێکدا مرۆڤ بوونی خۆیان نادۆڕێنن) برای بەڕیزم نیشاندانی هەڵوێستەکەی شێخ حسێنی هەزارکانی لەبەرانبەر جەلادێکدا نییشاندانی تاقە کەسێک نییە، هی ناوچەیەکیش نییە بەڵکو نیشاندانی مۆرالّی بەرزە تۆ کاتێک دەڵێی هەموو گەرمیانییەک مەردە پێش هەموو کەس سوکایەتیەکی زۆر بە ئەنفالکراوەکانی گەرمیان دەکەی، چونکە بەتەنیشت سوپاکەی بارقەوە زۆر گەرمیانیش هەبوون کە نامەردانە بەشداربوون لەتاوانی ئەنفالدا ! تۆ هەق نییە ناهەقی بەرانبەر بەمن و کەسێکی تر بکەی کەناینایسیت ؟ گەرمیانیەکان باش دەزانن من هەموو حزبەکانی کوردستان بە دەسەلاتدارو بێدەسەلاتەوە بەقوربانی یەک تاقە ژنی ئەنفال دەکەم کە سەربەرزانە منداڵەکانی بەخێوکردووە. بەداخەوە تۆ من ناناسیت ئەگەر منت بناسیبایە بەخۆت نەدەگوت (پاشماوەی ئەنفال) زۆر دەمێکە هەوڵدەدەم و دەنوسم و دەیڵێم و دەیڵێمەوە بەزمانی بەرزو پاراو مامەڵە لەگەڵ کەسوکاری ئەنفال بکەن، تکایە پێیان مەڵێن پاشماوەی ئەنفال، کەسوکاری ئەنفال شایان بەزمانێکی بڵندو مامەڵەیەکی ڕێزدارانەن ئەوان مرۆڤن، مرۆڤ ئەگەر قوربانیشی نەدابێ هەرشایانی ئەوەنیە پێی بوترێت پاشماوە چ جای ئەو مرۆڤەی زۆرترین قوربانیدا بێت !؟ ئایا بەچ لۆژیکێک کەسوکاری ئەنفال دەبێت ڕەحمەت بۆسەدام بنێرێ ؟ چۆن وێژدانت قبوڵ دەکات ؟ ... ئینجا من هەقمە گللەیی لەکورو نەوەی ئەنفالکراوێک بکەم کە لەبری ئەوەی پشتیوانم بێت لەوەی هەموو هەوڵێکم بۆئەوەیە حورمەت و ڕێز بۆ مرۆڤ بەگشتی و کەسوکاری ئەنفال بەتایبەتی بگێڕینەوە لەسەر جەلادەکانی ئەنفال بێت و سوکایەتیم پێبکات..خۆزگە کاک زیاد ئەم کۆمێنتەت نەدەخستە مێژووەوە..خۆزگە بەپێچەوانەوە دەبوو ڕۆحی باوکی ئەنفالکراوت ئازار نەدەدا.

خۆزگە بەپێچەوانەوە دەبوو ڕۆحی باوکی ئەنفالکراوت ئازارنەدەدا. دیسان دەبێت بڵێم ببورە کاک زیادی ئازیز هەقە وەک گەنجێک وەک کوردێک ئەوە بزانیت بەهەر بیانوییەک دوعاکردن بۆ سەدام و پاساوهێناوە بۆیان، تاوانە، ئێ بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان هەر زۆر زۆر شەرمە. بۆ زیانیاریت من کەسم ئەنفال نەکراوە، بەڵام وەک کوردێک هەست دەکەم کەرامەتم ئەنفالکراوە ئیتر کێ هەست بەئازاری ئەنفال ناکات من گومان لە مرۆڤ بوونی دەکەم.

وەڵامی زیاد نوری بۆ هومەر محەمەد

سلاو کاک هۆمەر

پێش هەموو شتێک داوای لێبوردن ئەکەم لەوەی نەمناسیوی و قسەم کردووە لەو ڕووە تۆ لەسەر حەقیت، داوای لێبوردن ئەکەم. سەبارەت بە تێکەڵکردن من دووخاڵ جێی سەرنج بووە بۆ من لەم نوسینە. پێم وایە مەسەلەی عروبە لە هەندێک نوسینی ئێستادا جێگەی سەرنجە بۆ من یانی کاتێک باسی بابەتێکی ناپێویستیش دەکەن عروبە تێکەڵە چۆن بە هەمان میکانیزم ڕەگەزپەرستی کوردی ئەخەنە ڕوو. سەبارەت بەوەی کە هەوڵت داوە دەستەواژەی پاشماوەی ئەنفالکراو بەکار نەهێنین دەستت خۆش بەڵام ئەمە بۆ من گرنگیەکی نیە چۆن کە دەستەواژەکەی تۆیە یان شتێکی تر یانی حەقیقەتێک هەیە کە ئێمە بەجێماوی ئەنفالین و ناوەکەش هەرچیەک بێت شکۆی تاکی ئێمە لەجێی خۆیەتی ونایگۆڕێت یانی کە تۆ وتت پاشماوە نین نابین بە شتێکی تر.

سەبارەت بە ئازایەتی گەرمیانێکان کە وشەی هەموو بەکارهێناوە هەمان وەڵامم هەیە کە لەسەر مەسەلەی خۆزگە خواستن بۆسەردەمی بەعس و دادگایکردنەکەیان. واتا کاتێک لە ڕستەیەکی ئاوادا دەڵێین هەمووگەرمیانی هەموومان تێدەگەین مەبەست هەموو نیە پێویستی بەوە نیە بڵێی ئاە تۆ وتت هەموو بەس هەموو نیە زۆرینەیە یانی مەبەستەکە گرنگە لێی تێبگەین، هەروەک چۆن باسی ئەوەم کردوە نابێ خەڵک بدەیتە دادگا کاتێک ئەڵێت خۆزگە بەسەردەمی بەعس چونکە مەبەستە ئەم وشەیە نیە ئەگەر کەسێک بیەوێ تێبگات بۆچی بەکاردێت کەی بەکار دێت.

من دوبارە دەستخۆشیت لێ ئەکەم بۆ کارەکانت و داوای لێبوردن لەوەی بێ ناسین قسەم کردوە لەسەرنوسینەکەت بەڵام من لەسەر نوسینەکەت قسەم کردووە و ئێستاش ئەو دوخاڵەی باسم کرد هاوڕانیم لەگەڵت. سەرکەوتوو بن.

وەڵامی هۆمەرمحەمەد بۆ زیاد نوری

کاک زیادی ئازیز زۆر سوپاست دەکەم، بێگومان بوراویت و داوای لێبوردن و پۆزش ئەخلاقی مرۆڤی ئازاو بەریزە، جیاوازی بیروراش لای من جوانەو رای جیاوازیشت ڕێز لێگیراوە، هاورانەبوونت جوانیەکەی لەوەدایە خۆت خاوەن رای خۆتی، بەڵام ئازیزم ناشێت بەهیچ ڕێگایەکدا بچینەوە سەر هەمان ئەو ڕێگایەی فاشیزم مرۆڤی تێدا لە مرۆڤ بوون دەخات. دەسەڵاتی کوردی هێندە لاوازو ناشرینە مەرج نییە هەندێک جار نوسینێکی جوانی پێ ناشرین بکەم .. بەڵام هەق بوو زوتر لەوە تێبگەی نیشاندانی ڕەمزی ئازایەتی (جا شێخ حوسێن بێت یان هەرکەسێکی دی)خۆی ریسواکردنی ترسنۆکەکانیشە .. ڕەتکردنەوەی بەعسیزم ڕەتکردنەوەی ستەمکارییەکانی دەسەلاتی کوردیشە چونکە ئەویش هەرخەریکی بەعسیزمە.. کورد دەبێت خۆی لە بەعسیزم رزگار بکات. دوبارە سوپاس بۆ کۆمێنتەکەت دڵخۆش بووم کە کوری ئەنفالکراوێک سەرلێشواو نییە، راستیەکەی لەوەترسابووم.

فۆتۆیەکی گرنگ



لەدیار فەیزوڵاوە - چەمچەماڵ

ئەم وێنەیە دیار فەیزوڵاو مەسعود عەلی و عیماد عەبدولقادرن، لەسەر پشتی وێنەکە نوسراوە ساڵی ١٩٨٦. شوێنەکە شاری چەمچەماڵە دیارو هاورێکانی لە بەردەم هۆڵی شاکرفتاح دانیشتون، بیناکە هەمان بینای قایمقامیەتی ئێستایە، کە ئەوساش هەر قایمقامیەتی چەمچەماڵ بوو، ئەو عەرەبانانە تراکتۆرانەی کە لەپشتیانەوە دیارن، هی گوندنشینانی گوندەکانی سەربەو قەزایەن، کە لەلایەن دام ودەزگاکانی ئەمن و یەکەکانی سوپاوە دەستیان بەسەرداگیراوە. بەبیانوی ئەوەی پێشمەرگە بەعەرەبانەو تراکتۆر لەنێوان گوندەکاندا هاتوو چۆدەکەن. وێنەکە ئەوسا وەک بەڵگەیەک گێراوە، لەبەرئەوەی نەیانتوانیوە راستەوخۆ وێنەی عەرەبانە دەستبەسەردا گیراوەکان بگرن. ئەوە ماڵ وسامانی ئەو گوندنشینانەیە کە هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوو لەشەڕوئاشتی دەوڵەت وپێشمەرگەدا کەچی دواتر نەک هەرماڵیان بەڵکو سەریشیان تێداچوو چونکە ساڵی ١٩٨٨ هەموویان گیران و ئەنفال کران.

لەبارەی فۆتۆکەوە دیارفەیزوڵا وتی: ئەوسا نەمانتوانی وێنەیەکی تایبەتی عەرەبانەکان بگرین، بەڵام بەبیانوی وێنە گرتنی خۆمانەوە ئەم وێنەیەمان گرت.

'دەربازبوون لە ڕەشبگیری ئەنفال و ئەو دیمەنانەی کە هەرگیز بیرم ناچێتەوە'

ئارام شەهید مەلا ئاوارە

لە نیسانی ساڵی ١٩٨٢ لە گوندی کونەکۆتری ناوچەی گەرمیان لەدایک بووم، بەهۆی ئەوەی کە باوکم پێشمەرگەو کادرو مامۆستای شۆڕش بوو بۆیە هەر ساڵەو لە گوندێکی گەرمیان نیشتەجێ دەبووین وەک لە گوندەکانی ' کونەکۆتر، قەڵاچەرمەڵە، بنەکە، باوەکر' وانەی بە منداڵانی گوندەکان دەوتەوە لە ساڵی ١٩٨٨.

تەمەنم بوو بە (٦) ساڵان ئەوکات لە گوندی باوەکر بووین زۆر بە ترسەوە یاریمان دەکرد لەگەڵ منداڵاندا یان کە وانەمان دەخوێند ترسێکی زۆرمان هەبوو چونکە دەنگی فڕۆکەو هەلیکۆپتەر ترسێکی گەورەی لە دەروونمان دروست کردبوو. ئەگەر دەنگی بهاتایە دەبوایە بەڕاکردن بچوویناپەتە ژێر زەمینەکەمان (مەنجە) کە گوندنشینان دروستیان کردبوو.

هەمیشە هەستم بە ترس و دڵەڕاوکێ دەکرد وەک بڵێی شتێکی نائاسایی ڕوودەدات لە ژیانی خەڵکی ئاوایی، زۆرجار خەڵکم دەبینی لەدەرەوەی ماڵەکانیان کۆدەبوونەوە سیمای ترسیان بەڕووخساریانەوە دیاربوو، ئەگەر فڕۆکەکانیش بهاتنایە ئەبوایە ئێمەش لە ژێرزەمینەکان بوینایە تا فڕۆکەکان دەڕۆشتن،ڕۆژێک باوکم لە ماڵ نەبوو لە جەولەی نێو گوندەکان بوو شەوەکەی لە گوندەکەمان خەڵکەکە هاتبوونە دەرەوەو بوو بە دەنگەدەنگ و هاوار، بەپەلە پیاوێکی دراوسێمان (مام جبار) هاتە ماڵمان بەدایکمی وت زووکە منداڵەکان کۆبکەرەوە ئەبێت ئاوایی چۆڵ بکەین و بڕۆین جەیش و جاش بۆ ئێرە دێت، بۆیە دایکم بەزووی کۆی کردینەوە لەگەڵ خەڵکی ئاوایی بە (مەکینەکەی) مام (خەڵەف) کە لە بنەکەوە بۆ بەدەمەوە هاتنی خەڵکی باوەکر هاتبوو سواری کردین، ئەو شەوەش شەوێکی تاریک و سارد بوو بەڕێ کەوتین تا گەیشتینە گوندێکی تر بەناوی گوندی (**قولیجان**) کەمێک پشوومانداو خەومان لێکەوت بەڵام هەر زوو خەڵک بە ئاگایان هێنایەوە کە ئەبێت خێرا لێرەش بڕۆین چونکە جاش و جەیش بەرەو ئێرەش دێن بەڵام ئێمە تا عەسر ماینەوە چونکە دایکم چاوەڕێی باوکم و مامی دەکرد.

لە دوای عەسر باوکم و (مەلا یاسین) مامم و پۆلێ پێشمەرگە گەشتنە گوندی قولیجان بۆ ماوەیەک لامان مانەوە کە (لالە حەمەئەمین)ی باپیریشم لەوێ بوو. گوێم لێبوو باوکم بە دایکمی وت ئێمە هیچ چارەیەکی ترمان نەماوە دەبێت لەگەڵ هێزی پێشمەرگە بڕۆین و ئێوەش دەبێت لەگەڵ ئەم خەڵکە بڕۆن، یەک بە یەک هەموومانی ماچ کردو زۆر گریان بەسەرماندا خوا حافیزیمان لەیەک کرد، بەڵام لە هەمووی ناخۆشتر خەمێکی زۆر قورستری (مەلا ئاوارەو مەلا یاسین) بەجێهێشتنی (لالە حەمەئەمین) بوو بە تەنها لە گوندی قولیجان بەهۆی زۆری تەمەنیەوە، ئێستاش لەبەرچاومە هەندێ نان و ئاومان بۆداناو ڕۆشتین هەرگیز ئەو دیمەنەم بیرناچێتەوە.دواجار باوکم و مامم لەگەڵ هێزی پێشمەرگەو ئێمەش لەگەڵ خەڵکی بەرەو (ملەسورە) لە دیمەنێکی پڕ لە گریان و تراژیدیا یەکترمان بەجێهێشت. بەپێ ڕێگەوتین بەرەو گوندی (ملەسورە) کە باران دەباری و زۆر سارد بوو زۆر هیلاک بووین بە زەحمەت هەنگاومان دەنا ڕێگاکەش زۆر دوور بوو، دایکم دەستی هەر (٦) منداڵەکەی گرتبوو پەیمانی خوشکم تەمەنی (٣) ساڵان بوو. دیمەنێکی تر کە هەرگیز بیرم ناچێتەوە دایکم ئەوەندە ماندووبوو چەند جارێک (پەیمان) لەباوەشی دەکەوتە خوارەوە دواجار نەی توانی هەڵبگرێت و وازی لێهێنا. بەڵام سۆزی دایکایەتی هەرزاڵ بوو گەڕایەوە لای پەیمان و دیسانەوە هەڵیگرت و بە حاڵێکی زۆر خراپ و هیلاک و ماندووبوون گەشتینە گوندی (ملەسورە)، کە گەشتینە گوندی ملەسورە وەکو ڕۆژی (حەشر) وابوو، خەڵکێکی زۆر کۆکرابووەوە، کە هەموو گوندەکانی گەرمیان بوو، چواردەوریان بە جاش و سوپا و دەبابەو گیرابوو و چاودێری وردی خەڵکەکەیان دەکرد و پەیتاپەیتا زیلی سەربازی دەهات خەڵکیان دەگواستەوە،ئێمەش زۆر دەترساین بەڵام خەمی ئێمە تەنها پشوودان بوو بەوەی چەند شەوێک نەخەوتبووین و هەر لەڕێگا بووین.

نزیک کاتی نیوەڕۆ بوو سەربازێک هاتەلامان بە زمانـــــی کـــــوردی وتی بۆ لێرەن چاوەڕێی چی دەکەن؟ دایکم وەڵامی دایەوەو وتی چاوەڕێی مێردەکەم دەکەم کەی هات ئێمەش بگوازنەوە.بەڵام دواتر پیاوێکی تر هات بەدایکمی وت مەڕۆن لێرە من ئەتناسم شەو دەرتان دەکەم بۆ (صمود) کە تاریکی شەو داهات، سەربازەکان هەندێک دووربوون لێمان و ئەو پیاوەش وەکو دەلیل وردەوردە دوری خستینەوە لەسەربازەکان، ئێمەو چەند خێزانێکی تر بووین و هەوڵی ڕزگارکردنی داین لەو شوێنە ترسناکە کە شارەزای جوگرافیای ئەو ناوچەیە بوو، تووڵە ڕێگایەکی سەخت بوو، ڕێگامان گرتەبەر، لەبیرمە ئەو پیاوە بە هەموومانی وت مەهێڵن منااڵەکان بگرین یان بکۆکن یان کە لایتی ڕووناکی زۆتۆمبیلە سەربازیەکانتان بینی خۆتان بدەن بە زەویدا نەوەک جاش و سەربازەکان دەستگیرمان بکەن، ئەو شەوە زۆر ڕۆشتین زۆر هیلاک بووین تاڵە دوورەوە ڕوناکی گڵۆپێکی زۆر دیارکەوت کابرای ڕێپیشاندەر وتی ئەوە (صمودە) ناحییەی ڕزگاری ئێستا. بەڵام وریابن هەندێ دەبابەی جاشەکان لێرە هەیە خۆتان بپارێزن با پێمان نەزانن، ئیتر پاش چونە ناو (صمودە)وە ئێمە چویە ماڵ بابام (خورشید) و دادام (مەلیعە) کە زۆریان پێخۆشبوو، دەستیان کرد بە گریان و هەرا بەو شەوە نان و ماستیان بۆ هێناین زۆر برسیمان بوو بەڵام یەکسەر خەومان لێکەوتبوو بەپێڵاوەکانمانەوە. دوای خەوێکی زۆر خەبەرمان بوویەوە، بۆ ڕۆژانی دواتر ژیانمان زۆر ناخۆش بوو زۆر ئەترسابن ئەیان گوت (ئیخباری) ئەکرێن، جاری وا هەبوو لەڕۆژێکدا ٤ بۆ ٥ ماڵ گەڕاوین خۆمان شاردبووەوە، خەڵکانێکیش بە بابامیان ئەوت (١٠) دینار بدە بە یەکێ بابێت ئەمانە بگرێت و بیان بات بەخوا دوایی لەمااڵەکەی تۆیا بن تۆش توش ئەبیت و ئەفەوتێیت.بەڵام بابام هەمیشە وردی وەک پۆڵا وابوو ئەی گوت خۆ لەمان زیاتر نیم.وە ئازایەتی شێرە ژنێکی وەک دایکم هەرگیزاو هەرگیز لەبیر ناکرێت کەچەند جەربەزەو خۆڕاگر بوو لەو کاتە. بەم حاڵە ژیانمان بەڕێکرد تا کاتی (عفوالعام) لێبووردنی گشتی.

هەندێک لە گیراوانی ئەنفال ئازادکران بەڵام بەداخەوە زۆربەشیان ئەنفال کران.

دواتر لەدوای ٢ مانگ لە ڕێکەوتی ١٩٨٨/٦/١٦ لەپرۆسەی بەدناوی ئەنفال و وێرانکردنی گوندەکان.چەند کەسایەتی و پیاوچاکێک کە ئەوانیش (حەمەئەمین ئەحمەد شەربەت و مەلا ئەحمەد) ئەبیستن کە (لاله حەمەئەمین) باوکی (مەلا ئاوارەو مەلا یاسین) لە گوندی قولیجان جێماوە بۆیە بڕیار دەدەن کە بڕۆن بەرەو گوندەکە بەڵکو بتوانن بیهێننەوەو ڕزگاری بکەن.بەڕێ دەکەون تا دەگەنە گوندەکەو دەبینن (لاله حمه ئەمین) ماوە بەڵام برسێتی و تینوێتی زۆری بۆ هێناوە زۆر بێ هێزو لاوازە بۆیە یەکسەر ئەیخەنە سەرگوێ درێژەکەو بەمەبەستی ڕزگارکردنی بۆ (صمود) بەڕێدەکەون بەڵام لەنزیک هەردوو گوندی (گەڵاڵ کەوە) و (هەوارە ڕەقە) کۆپتەرەکانی ڕژێم پەیدائەبن ئەو پیاوانە خۆیان حەشار ئەدەن بەڵام فریای (لاله حمه ئەمین) ناکەون بیشارنەوە بۆیە بەداخەوە کۆپتەرەکان نزم دەبنەوەو هەر لەوێدا شەهیدی دەکەن.

بۆ دوای بانگی ئێوارە کاک حەمەئەمین شەربەت و کاک مەلا ئەحمەد و ئەو پیاوە بەڕێزانە بە ئەمانەت هەر لەو شوێنەدا بەجل و بەرگەکەی خۆی کە (کەواو صەڵتەی لەبەردا بوو) بەخاکی دەسپێرن، تا دوای ڕاپەڕین و ئازادکردنی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ مەلا ئاوارە دەچێتەوە ئەو شوێنەو لەگەڵ هەڤاڵانی پێشمەرگە تەرمی پیرۆزی دەردەهێننەوەوله مەراسیمی جەماوەری پرشکۆدا لەسەر وەسیەتی خۆی لە سید صادق بەخاکی دەسپێرنەوە،

بۆیە ئێستاش پاش ئەو هەموو ساڵە هەرگیزاو هەرگیز ئەو دیمەنانەم لەبیرناچێت و لە هزرمدا زۆر ئازارم دەدات.

چەند وێنەیەکی هۆڵۆکۆست
ئاوشبیتس

Auschwitz



لەئەلبوومی هۆکەرەوە (چەپ بۆ ڕاست): ڕیچارد بایر (فەرماندەی ئاوشـڤیتز بوو لە مانگی ئایاری ١٩٤٤)
جۆزێف مێنگێل (پزیشـــکی کەمپ) و ڕودۆڵف هۆس (فەرمـانـدەی یەکەم) لە ســـۆلاهوت، هاوینە هەواری ئێس ئێس لەنزیک ئاوشڤیتز، هاوینی ١٩٤٤ .



ژنان لە ئاوشڤیتزی دووەم، ئایاری ١٩٤٤
Auschwitz



جوەکانی هەنگاریا، کاتێک گەیشتوونەتە ئاوشڤیتزی دووەم، ئایارو حوزەیرانی ١٩٤٤

Auschwitz

سوپاس، کە ئاوا هەیت

نەریمان ئاغالی



سوپاس بۆ نەریمان ئاغالی کە بەم شێوەیەی خوارەوە هەستی خۆی بۆ سەرنوسەری ئەنفالستان دەربڕیوە. ئەگەرچی پەیامەکە کورتە بەڵام جەوهەرێکی بونیاتنەرانەی تێدایە بۆیە لێرەدا بەشیاوی بڵاوکردنەوەمان زانی.

دەقی نامەکە:

ناتوانم سزای تاوانکارانی ئەنفال بدەم و قەرەبووی کەسوکاریان بکەمەوە، بەڵام دەتوانم سوپاسی تۆ بکەم و بکەین: ئەی پیاوە ناخسپیەکەی پرسی ئەنفال .

کاتێک یاد و باسی ئەنفال بەبێ بوونی تۆ دێنمە نێو زەینی خۆمەوە، یەک تەزوو بەگیانمدا دێ !

هەریەک لە ئێمە دەتوانێ بە پێشاندانی جوانییەکان، ناشرینی لە نێو ببا.

بەڕێز "هۆمەر محەمەد"تان پێشان دەدەم، ئەو پیاوەی بۆ پرسی ئەنفال کاری دەوڵەتێکی کرد و دەکات و تەمەنی بەو پرسە بەخشیوە .

ئەوەیە نمونەی کۆڵەندان و بەردەوامی و خۆ یەکلاکردنەوە بۆ پرسێک، بەبێ بەرژەوەندی تایبەت .

گەر دەتەوێ زیاتر بزانیت ئەو پیاوە (هۆمەری ئەنفالستان) چەندە ورد و پیشەیی و نمونەییە، سەیری ئەو چاوپێکەوتنەی بکە لە کۆمێنتدا دامناوە*، ئەوە مشتێکی هێجگار بچووکە لەچاو ئەو خەرمانەدا ئەو پیاوە بەخشی .

بەڕێز 'هۆمەر محەمەد' نمونەیەکی زیندووە بۆ چاولێکردن و بەدەستهێنانی سەرمایە دوور لەپرسی پارە، سوپاس کە ئاوا هەیت.

(مەبەستی ئاغالی لەو دیدارەیە کە ماڵپەڕی ڕێوان بۆ یادی ئەنفال لەگەڵ سەرنوسەری ئەنفالستان ئەنجامیداوە) بەڵام بۆئەوەی نوسینەکەی ئاغالی نەشێوێ ئێمەوەک خۆی دامانناینایەوەو ئەم تێبینیەمان بەباش زانی.

کارێکی گەورە بۆ تاوانی گەورەی ئەنفال



یەکەم بیبلیۆگرافیای جینۆسایدی کورد کەوتە بەردیدەی خوێنەرو ناو کتێبخانەی کوردییەوە. ئەم هەوڵەی نوسەر جێگەی دەستخۆشی و پشتیوانییە، بەناوی ئەنفالستانەوە دەستخۆشی و پیرۆزبایی لێدەکەین.


موەفەق میراودەلی یەکێکە لەقەڵەمە کاراوبوێرەکانی کورد، یەکەم بیبلیۆگرافیای بۆ ئەو کتێبانە کردووە کە دەربارەی جێنۆساید نوسراون ئەم هەوڵەگرنگەی میراودەلی بەپشتیوانی دارایی دکتۆر تەها رەسوڵ بووە، کە ئەرکی لەچاپدانی گرتووەتەئەستۆ.

بیبلیۆگرافیاکە سەدان ناونیشان و پێڕستی کتێبی کوردی و عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی و ...هتد لەخۆگرتووە کە دەربارەی جینۆسایدی کورد نووسراون.

نوسەر لەچوارچێوەی چەند بەرگێک دا تەواوی ئەو کارانەی کۆکردونەتەوەکە لەبارەی جینۆسایدی کورد نوسراون، بەداخەوە تەنها ئەو بەرگەیان چاپکراوە، ئەوانی دیکە تا ئێستا رۆشناییان نەبینیوە و هەر باقین...هتد.

نوسەر دەڵێت: کارێکی بچوکم بۆ تاوانێکی گەورە ئەنجامداوە، سوپاس بۆ هەرکەسێک کە هاوکارییەکی بچوکی کردوم بەڵام نابێت لەم کارە و زۆر لەکارەکانی ترم هەوڵ و ماندووبوونی ئازادی وەستا حاجی لەیاد بکەم، کە هەمیشە ماندووبووە لەکارەکانمدا.

وتیشی : خۆشبەختانە بەشێکی گەورەی تایبەتم بە جینۆساید لەبارەی ئەنفال لەکتێبخانەکەم جیاکردۆتەوە، بەهەزاران کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و یادنامە و وەرزنامە لەخۆدەگرێت، هەر لە دهۆکەوە تا خانەقین.



بیرەوەری و چیرۆکێکی خەمناک



فەرەیدون غەریب

هەندێک دیمەن و ڕوداو وێنە لەژیانی مرۆڤدا، دەهێنێت بیێتە بابەتی نوسینی کتێبێک، یان بیێتە سەرچاوەی شیعرو ڕۆمان و ژانرێکی ئەدەبی یان شانۆ و فلمێکی سینەمایی، بەڵام ئێمە کە ئەو بەهرەو توانا ئەدەبی و هونەریەمان نیە، هەردەبێت دواجار لەگەڵ جەستەو ڕۆحی خۆماندا بیاننێژین، بەکورتی ئەوەی بۆ ڕاوکەر هەڵناکەوێت بۆ ..... ڕێکدەکەوێت.

درێژەی نەدەمێ، ئەوەی دەمەوێت باسی بکەم و ٤٢ ساڵە لە مێشک و زەینمدا ماوە، زۆر جارانیش گێڕاومەتەوە: دیمەن و تابلۆی کۆمەڵێک ئاژەڵی جۆراوجۆری ماڵی بوو پێکەوەو دوور لە سۆزو ڕقی مرۆڤ، لە سەوزایی دامێنی چیاو نزیک ڕوبار، پێکەوە جێهێڵدرابوون.

ساڵی١٩٨٠ بەندە بە کارمەندی ڕێگاوبانی قەڵادزێ بە سیفەتی معاون فیتەر بەشێوەی کاتی دامەزرام، دوای دوو مانگ ، لەبەر کەمی فەرمانبەری هونەری ، مستەفا حاجی کە بەڕێوەبەری چوار پرۆژەی ڕێگاوبانی سەربازی بوو، منی ڕاسپارد کە سەرپەرشتی وەرشەو کامپی گرد مەیتەرو جوڵەی ئالیات و ڕێکخستنی بەشێک لەکارەکان بکەم ، بۆ گەنجێکی بیست ساڵی ئەرکێکی زۆرو قورسی لەکۆڵمناو ناچار منیش قبوڵم کرد. ئەو کاتە تازە ڕاگواستنی گوندەکانی سنوور بە قوڵایی ٢٠ کم و درێژایی هەموو سنوری ئێران ، کۆتایی هاتبوو. خەڵک لەو سنورانە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان ڕاگوێزرابوون و گوندو باخ و مەزراو کانیاوەکانیش لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە ، چۆڵ و سوتماک و جینۆسایید کرابوون. جگە لەو کۆمەڵە ئەندازیارو هونەری و کرێکارانەی پرۆژەی ڕاکێشانی ڕێگای سەربازی شیوەڕەز، گەناو، دۆڵی شەهیدان و سەربازگەکان، هەرکەسێک لەو سنورانە نزیک ببوایەتەوە گوللەباران دەکرا. بە حوکمی ئەوەی بومە بەرپرسێک جارجار دەرفەتی ئەوەم بۆ هەڵدەکەوت لەگەڵ شۆفێری گەڵابەکاندا ، بەو ڕێگایانەدا بڕۆین کە لەخەڵکی ناوچەکە قەدەغە کرابوو .

ڕۆژێکیان بەهەڵە لەگەڵ شۆفێرێکی میسریدا لەزێی بچوکی پشتی قەڵادزێ نزیک بوینەوە، چیمانبینی؟ دیمەنێکی ناخ هەژێن و لەهەمان کاتدا تابلۆیەکی سروشتی جوانمان بینی. لەدامێنی چیاکەدا هەرچی ئاژەڵی بەجێماوی گوندەکان هەیە لە وڵاخی بەرزەو گوێدرێژو مەڕو مانگاو سەگ و پشیلەو ئاژەڵیتر هەیە، پێکەوە کۆمەڵیان کردبوو، یەکتریان جێنەدەهێشت، لەگەڵ بینینی ئێمەدا هەریەکەو بەسەداو ئاوازی خۆی هاواریان دەکردو داوایان دەکرد بە هانایانەوە بچین زایەڵەی هاوارو دەنگی غەمگینی ئاژەڵەکان ئەو دۆڵەیان پرکردبوو، بەڵام کێ دەیبیست و چی پێدەکرا؟! چەند دیمەنێکی دڵتەزێن بوو ، چەند میللەتی خۆمانم بە بێکەس و بێدەسەڵات بینی ، بەکوڵ بۆ بێکەسی و هاواری ئاژەڵەکان گریام و میسریەکە تێنەدەگەیشت، پاشان بۆم ڕونکردەوە کە چ کارەساتێک بەسەر گەلی ئێمەدا هێنراوە ، ئەو کۆلیژی کشتوکاڵی تەواو کردبوو بە شۆفێرێر دامەزرابوو. ئاخر خۆ لەوەتەی ژیان هەیە زۆربەی ئاژەڵانیش هۆگری پێکەوە ژیانن لەگەڵ مرۆڤداو بەڵام وا ئێستا بەزۆرەملێ لە دێهاتیەکانی خاوەنیان دابڕێنراون.

لەکۆتاییدا داوا لە کاک هۆمەری هاوڕێم دەکەم لەگۆشەیەکی بچوکی گۆڤاری ئەنفالستاندا ئەم وێنە تراژیدیەی میللەتی مەزڵومی کورد، جێبکاتەوە هەڵبەت بەو سەلیقەو بەهرە جوانەی ئەو هەیەتی ، هەروەها پێشنیاریشە بۆ سەربەست عبدولڕەحمانی هونەرمەندی هاوڕێم کە تابلۆیەکی هونەری ناوازەی لێ بنەخشێنێ.

لە سالّح بێچاری شاعیرەوە

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە (١٧/٣/٢٠٢٢) ئامادەی مەڕاسیمی بڵاوکردنەوە و واژۆکردنی کتێبی



(گەشتەکانی ئەنفالستان) بووین.

هەڵبەت کتێبی ناوبراو بریتییە لە (٣) بەرگ بە قەبارەکانی (٨٦٨) و (٨٨٨) و (٧٧٠) لاپەڕە و -وەک نووسەر دەڵێ- لە هەر بەرگێکدا ٩٠ -٩٥ کەس دیداریان لەگەڵدا کراوە و هەندێک بەڵگەنامەش خراونەتە ڕوو.

ئەو مەراسیمە بۆ من یەکێک بوو لە ڕۆژ و ساتە زۆر تایبەت و بەهادارەکانی ژیانم، چونکە بەر لەمردن بینیم ڕەنج و ماندووبوون و قوربانیدان و شەونخونی زیاتر لە بیست ساڵی، یەکێک لە نزیکترین هاوڕێیانی تەمەنم، کاک (عومەر محەمەد) ی نووسەر و هونەرمەند بەهەند گیرا و ڕێزی لێ نرا. دەزگایەکی گەورە و گرانی وەک (دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم) بە ئەمانەت و پێزانین و هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە، -بەی داواکردنی خودی نووسەر- کتێبی ناوبراویان بە شێواز و دیزاینێکی شایستە چاپ کردووە... هەر لە مەڕاسیمەکەشدا (خەڵاتی پێزانین)یان بەخشییە نووسەر.

بەدڵنیاییەوە لە تووێی ئەو (٢٥٢٦) لاپەڕەیەدا، وێڕای نووسینەوە و تۆمارکردنی خەم و کۆژانی جینۆسایدی میللەتێکی بێکەس و پشتوپەنا؛ هاوکات کەرەستەی دەیان فیلم و تووێژینەوە و لێکۆڵینەوەیان لەنێو خۆیاندا هەڵگرتووە.

جێگەی پێزانین و دەست بەسینگەوە گرتنە کە دکتۆر مەنسووری تەیفووری بەشێوازێکی زۆر بابەتیانە و زانستیانە هەڵسەنگاندنی بۆ کتێبەکە و چیرۆک و دیدارەکان پێشکەش کرد.

هەر وەک لە پەراوێزی مەڕاسیمەکەدا وێڕای سوپاس و دەستخۆشی لە هاوڕێی دێرین و نووسەر و وەرگێڕ



کاک (ئازاد بەرزنجی) -سەرۆکی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- هاوکات پێم وت: "ئێستا کاک عومەر محەمەد خودی خۆی قوربانیی ئەنفالە."!

جێنۆسایدی بارزانییەکان چیرۆکی ئەو پیاوەی بارزانی نەبوو.

هۆمەر موحەمەد



تاوانی جێنۆساید جگەلە کوشتارە مەترسیدارەکەی چیرۆکی سەرسورهێنەرو شۆک هێنەر دەخولقێنێ، زۆرجار چیرۆکە گرنگەکان لەناو وێنەگەورەکەدا ون دەبن و ناچنە مێژووەوە.

دوێنێ روفاتی ١٠٠ پیاوی بارزانی کە ٣٩ ساڵە بێ سەروشوێنن لەبیابانەوە هێنرانەوە، خۆزگە دەخوازم یەکێک لەوانە روفاتی خۆشابە یوحەنا بێت، کە بارزانی نەبوو. جگەلە کوردبوون و داکۆکی لەنەریتی کۆمەڵایەتی هیچ تاوانێکی نەبوو، هەموو تاوانی ئەو پیاوە ئەوەبوو جامادانێی سوری لەسەر بەستبوو. ئەگەرچی ئەو پیاوە بارزانیانەی بەکۆمەڵ کوژران هیچ دەسەڵاتێکیان لە شەڕوئاشتی نێوان دەوڵەت وحزبی کوردیدا نەبوو، ئەوان بەگشتی هەژاری مالّی خۆیان بوون و بەعس ستەمێکی گەورەی لێکردن. ئەوە ئەگەر بۆ بارزانییەکان بەعس پاساوێکی هەبووبێ بۆ خۆشابە یوحەنا هیچ پاساوێکی نەبوو بەڵکو نیشانەیەکی زەقی شۆڤێنیزمی بەعس و درندایەتی پیاوان و سەرکردایەتیەکەیەتی .

چیرۆکی خۆشابە چییە ؟

چیرۆکی خانەوادەی (خۆشابە یوحەنا) زۆر ئازاربەخش و مایەی تێڕامانە، هەتا ئەوپەڕی ستەمکاری و مرۆڤ هەژێنە، گلیانا کوڕی خۆشابە یوحەنا کوردێکی بە ئاین مەسیحیە دەڵێت: (رۆژانی سەری ساڵ و جەژنان بۆ ئێمە پرسەن) باوکی گلیانا بارزانی نەبوو، خەڵکی گوندی بێدیال بوو، تاوانی ئەو پیاوە مەسیحیە تەنها ئەوە بوو کەوا وەک داب ونەریتی کۆمەڵایەتی جامادانێی سوری لەسەربەستبوو. کاتێک پیاوانی ئەمن و گاردی کۆماری بەمەبەستی گرتنی پیاوە بارزانییەکان گەمارۆی شاری دیانا دەدەن باوکی گلیاناو چەند کەسێکی دی کە بەهۆی دابونەریتەوە جامەدانێی سوریان لەسەر ناوە گرتوویانن. بەڵام ئەفسەرێک کە زانیبووی ئەو پیاوانە بارزانی نین و مەسیحین پێیان دەڵێت: جامادانێکانتان لەسەرتان فرێیدەن.. ئەوانیش دەڵێن چۆن فرێی دەدەین ئەوە داب و نەریتە ؟ ئەفسەرەکەش تورەدەبێ و دەڵێت: مادام وایە سەرکەوون، ئەوانیش سواری ئەو پاسانە دەکەن کە بۆ گواستنەوەی بارزانییەکان ئامادەکرابوون، ئیدی هەر ئەو گرتنە بوو ڕۆیشتن و جارێکی تر نەگەڕانەوە.


گلیانا ئاماژە بەوەش دەکات و دەڵێت لەپاشئەوە دایکی من هەمیشە دەگریاو دەپارایەوە هەتا رۆژێک دەماری سەری تەقی و خوشکێکیشم (بەناوی نەهرێن) ئەوەندە بۆ بابی من پەرێشان بوو هەتا توشی نەخۆشی دەرونی بوو دواجاریش بەتەواوی بەتەواوی تێکچوو.

بەهیوام لەو ١٠٠ روفاتە یەکێکیان خوشابە یوحەننا بووبێت.

(بروانە ڕێکارێ مزوری -سەربۆرا تراژیدیاێن بارزانیان-2013-هەولێر – ل 212-213)

فۆتۆکە: لەکەنالّی ڕوداو وەرگیراوە.

ڕوفاتی ١٠٠قوربانی جێنۆسایدەدەهێندرێنەوە بۆ هەولێر



ئەمرۆ ڕێکەوتی ٣١ی تەموزی ٢٠٢٢ ڕوفاتی ١٠٠ لە قوربانیانی جینۆسایدی بارزانییەکان لەبەغداوە هێندرانەوە بۆ هەرێمی کوردستان و لەهەولێری پایتەخت مەراسیمی پێشوازی کردنیان بەڕێوەچوو.

لەمەراسیمەکەدا هەریەک لە مەسعود بارزانی سەرۆکی پێشوی هەرێمی کوردستان و نێچیربارزانی سەرۆکی هەرێم و بەرپرسانی باڵای حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەبوون، بریارە سبەی ڕوفاتی قوربانیەکان لە گۆرستان ومەزاری بارزانیە جێنۆسایدکراوەکان بەخاک بسپێردرێنەوە .

لەڕێکەوتی ٣٠ ــ٧ــ١٩٨٣ هەتا ناوەراستی مانگی ئاب لە سێ قۆناغی جیاوازدا هێزەکانی گاردی کۆماری و ئاسایشی گشتی بەچاودێری فازل بەراک و دەزگای هەواڵگری بەچاودێری بەرزان تکریتی لەبەرەبەیانێکی زووداگەمارۆی ئۆردوگاکانی (قوشتەپە، بەحرکە، دیانا و هەریر)یاندا لەماوەی هەرسێک پەلامارەکەدا نزیکەی ٨٠٠٠ هەشت هەزار مرۆڤی بێتاوانی پیاوان وکوڕانی بارزانیان دەستگیرکردو بەپاس گواستیانننەوە بۆ بەغداو پارێزگای دیوانییەو بەخێرایی لەدادگاییەکی نادادپەروەرانەدا بەسەرۆکایەتی دادوەری بەعسی ناسراو بەناوی عەواد بەندەر دادگاییەکی ڕۆتین کران و بریاری کوشتنیان بەسەردا سەپاندن و هەموویانیان لە بیابانەکانی پارێزگای سەماوە لە شەترەو شەنافیەو بادییە گوللەباران کردبوو. کاتی هەڵدانەوەیان ئەم ڕوفاتانە لەبادیەی پارێزگای سەماوە لە باشوری عیراق دۆزراونەتەوەو دوای هەڵدرانەوەیان شێکاریان بۆکراوەو ئەمرۆ هێنرانەوە بۆ زێدی خۆیان.

بەپێی ئامارەکان لەساڵی ٢٠٠٣وە هەتا ئێستا لەکۆی ٨٠٠٠ پیاوی بەکۆمەڵکوژراوی بارزانی تەنها ڕوفاتی (٥٩٧) کەسیان هێنراوەتەوە بۆ کوردستان .

ئەنفال و خەیار و پێڵاوی سەوز



بەختیار شوانی – دانیمارک
٢٠١٧/٤/١٤

کێن ئەوانەی کە ئەنفال کران، ئەی ئەوانەی ڕزگاریان بوو، چیرۆکی هەر یەکێک لەوانە چی بوو، چەندیان لەوانە بیستراون، چەندیان نەبیستراون، چەند لەو چیرۆکانە لەگەڵ خاوەنەکانیان چوونە ژێر خاکەوە و بۆ هەتا هەتایە چیرۆکەکانیان لە گۆڕنراون.

ڕەنگە لە ئەنجامی پشکنین و لێکۆڵینەوە و هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان ئێسک و پروسکی زۆرێک لەو ئەنفال کراوانە بدۆزرێنەوە ، جلەکان، بوکەڵەی دەستی منداڵەکان، پشتێن و کڵاش و تاکە نەعلەکان، پارچەیەک حەبی پاراسیتۆڵ، بەڵام چیرۆکەکانیان ونە، حەسرەتیان نەبیستراون، فرمێسکەکانیان تێکەڵ بە خۆڵی سەر چاویان بووە و وشک بوونە، بەسەرهاتەکانیان بۆ هەتا هەتایە تێکەڵ بە لم خۆڵی بیابان بوون و جیا ناکرێنەوە، ئەبێ چەند ئاخ داخ و حەسرەت لەگەڵ دەرچونی گیانیان دەرچوبێ و نەبوبێتە وشەو کەس گوێی لێ نەبوبێ، ئاخۆ چەند جار حەسرەتی گەڕانەوە بۆ ژیانی ئاسایی ناو ماڵ و پێکەنینی منداڵ و گاڵتە گەپی خێزان هەڵکێشرابێ، ئەبێ هەر یەک لە (١٨٢٠٠٠) ئەنفالکراوی کورد بیرکردنەوەیان چۆن بوبێ کاتێ خۆیان و ماڵ منداڵ و کەس وکاریان لەو حاڵەدا بینیبێ، ئەی ئەو کاتەی کە ڕووبەڕوی مەرگ بونەتەوە، چۆنیان بیر لە ژیان کردبێتەوە لە حەز و ئارەزوەکانیان لە منداڵێکەوە بیگرە تا پیرکی سەر و ڕیش سپی ئەبێ حەسرەتی نەهاتنە دی ئاواتەکانیان لەبیر بوبێ، ئێمە لێرە و لەوێ دوا ئاواتی تاک تاکەی ئەنفالکراوەکانمان ئەکەوێتە بەر گوێ لەو تاکە تاکە ڕزگاربووەی ئەنفال، وەک ئەو کچە بچکۆلەیەی دایکی کە ڕزگار بویەکی ئەنفالە لە یەکێک لە شوێنی کۆکردنەوەی ئەنفالەکان لە دوبس پێش زیندە بەچاڵ کردنیان یان کوشتنیان، کە دوا ئاواتی ئەو منداڵە کچە بچکۆلەیە تەنها خەیارێک بووە، دایکەکەی ئەوەشی دەست نەکەوتووە بۆ ئەوەی دوا مرازی بچکۆلەکەی خۆی بهێنێتە دی بە ناچاری تاکە پێڵاوێکی سەوزی داوەتێ بۆ ئەوەی دوا حەزی کچەکەی پێ دامرکێنێتەوە، ئەو دایکە بەبەرچاوی خۆیەوە دوو منداڵی مردووە لەو جێگایە، دوەمیان ئەو کچە بچکۆلەیە بووە کە بەئاواتی پارچە خەیارێکەوە سەری ناوەتەوە، بۆ ئەو دایکە ڕزگار بوون لە مەرگی ئەنفال ئەبێ چی مانایەکی هەبێت، لەو کاتەوە کە ٢٩ ساڵ ئەکات هەموو جارێک کە جگەر گۆشەکانی بیر ئەکەوێتەوە ئەو جارێک ئەمرێت دڵنیام وەک خۆی ئەڵێ (٢٩) ساڵە خەیاری نەخواردووە هەموو ڕۆژێک چەندجارێک بیری ئەکەوێتەوە، هەر جارێک خەیار ببینێ بیری ئەکەوێتەوە، ئاخۆ ئەو دایکە لەوساوە چەند جار مردووە...؟

ئەم بابەتە و چەند بابەتی تری کە لێرە و لەوێ بەر گوێمان ئەکەوێ چەند لە سەدی ئەنفالکراوەکانی ناوچەکانی گەرمیان و کوێستان و بادینان و چەندەها هەزار ونبوی ترن کە تاوانەکەیان کورد بونە. ئەوە جگەلەوەی پێش ئەنفالیش کوردانی فەیلی و بارزانی بەرپەلاماری جێنۆساید کەوتوون و بێ سەروشوێن کراون و لەشوێنی جیاواز بەکۆمەڵکوژراون.

چەند لە ئێمە بە وردی بیرمان لەوە کردۆتەوە (١٨٢٠٠٠) کەسمان بۆ لێ ئەنفال کرا....؟

دەرئەنجامی چی بوو...؟ چەندجار ئەنفاڵ کراوین بە شێوەی جیا جیا...؟ ئەو پرۆسەی ئەنفال کردنە ئێستاش لە ڕۆژهەڵات و باکور و ڕۆژئاوای کوردستان هەر بەردەوام نییە...؟ ئێستاش لە ژوری پلانی دوشمنەکانی کورد، دەیان پلانی تریان نییە بۆ ئەنفال کردن بە شێوەی جیاواز...؟

کەواتە ئیتر ئەبێ ئەنفال و شێوەکانی هەردەم لەسەر زمانمانبێ بە هەموو شێوەیەک نەوەکانی لێ ئاگادار بکەینەوە بۆ هەر بەسەرهاتێکی ئەنفال و ونبوو چەندان لاپەڕە و کتێبی لەسەر بنوسرێت، بە شێوەیەک کە ڕێگە بە جارێکی تری ئەنفال نەدرێتەوە نە لە لایەن دوشمنی دەرەکی و نە لە ناو خۆمان.....

هەڵوێستێکی جوامێرانە
یادەوەری پیاوکی فریشتە ئاسایی

شکور قەرەبڵاغی

٢٠٢٢/٧/١٦

ڕەوان شاد حاجی سەعید محەمەد ناسراوە بە (حاجی سەعید شوان)ە خەڵکی گوندی ئۆمەربل لە پاش پرۆسەکانی ئەنفال گەرمیان بەتایبەتی و کوردستان بەگشتی تاقە گوندێکی تێدا نەمابوو، دەشتەکانی گەرمیان جگەلە پارتیزانەکان کە بەهەموویان نزیکەی ٣٠ کەسێک دەبوون کە بەسەر ناوچەی جیاوازدا دابەش ببوون و حەشارگەیان تێدا دانابوو.

لەو ڕۆژگارە قورس وتاریکەدا کە هەموو گۆشەیەکی نیشتیمان تاریک بوو، بەتایبەتی بۆ کورد، بێ پرسی یاساولەکانی بەعس کەس نەیدەتوانی تاقە یەک هەنگاو لە جادەی قیر دووربکەوتایەتەوە، هەرکەسێک لەو ناوچانە ببینرایە یەکسەر گولەباران دەکرا و دەکوژرا.

لەو دۆخە مەترسیدارەدا مام حاجی سەعید کە ئەوسا تەمەنی ٨٠ ساڵ دەبوو بۆ سۆراغی کورەکەی (کامەرانە ڕەش)ی جگەرگۆشەی سنوری ناوچەی حەرام و قەدەغەکراوی بەزاندبوو بێ گویدانە ترسی مەرگ لەگەل کاک (قاسم ئەحمەد یارە) لە شەوێکی سامناک و ئەنگوستە چاوی پڕ لە ترسدا دڕیان بە شەوە زەنگدابوو، لە ناحیەی سەرقەڵاوە بە ناو ڕەبایەو بەژێر لوولەی چەکی جاش و جەیشدا بە ئومێدی دۆزینەوەی دەستەی پارتیزانەکانی گەرمیان ڕۆیان لەو چۆڵەوانییە کرد بوو، بەڵام لەبەرئەوەی ئەوان شارەزای بست بە بستی ئەو ناوچەیە بوون کە حەشارگەکانی ئێمەی لێبوون پاش گەران و ماندوو بوونێکی زۆر، خۆشبەختانە بەڕێکەوت توانیان بمان دۆزنەوە.

شوێن هەردەو هەڵەتەکانی ناوچەی ئۆمەربلە، کات بەرەبەیانی شەوێکی ساردی سەرەتای مانگی یەکی ساڵی (١٩٨٩)یە ئەوان بە کۆڵە پشتوو و پریاسکەی پڕ لە خواردەنەوە گەشتنە لامان، وای لەو خۆشییە ؟! یەک لە پریاسکەکان گۆشتی سوورەوە کراوی ئاژەڵی تێدابوو، ئەوە بۆ ئەو کات و ساتە وەختەی ئێمە خواردنێکی زۆر دەگمەن و ناوازە بوو، بە گەشتنیان باوەشی سۆز و خۆشەویستیان پێداکردین، بۆ چەند چرکەیەک هەردوو لامان تووشی شۆک بووین، هەستێکی لە ڕادەبەدەر هەموو گیانی داگیرکردبووین وامان دەزانی ئاسامان کوون بووەو ئەوان لێیەوە دابەزیون.

پاش پشوویەکی کورت، مام حاجی سەعید بە قوڕگی پڕگریانەوە کەوتە پرسیاری هاوڕکانی ترمان؟ ئینجا لەبارەی خۆمان کەوتە پرسیارکردن چۆن خۆمان لەگەڵ ئەم دۆخە دەگونجێنین و چۆن لەگەڵ هەلومەرجی ئەو دۆخە دژوارەدا رادێن و چۆن خواردنی ڕۆژانەمان پەیدا دەکەین و چۆن جموجۆڵ دەکەین و هەڵسوکەوت دەکەین، ئینجا لەبارەی چۆنیەتی ڕوبەڕو نەبوونەوە و خۆ لادان لەکێومالّ کردنی هێزەکانی دوژمن.

پاشان ڕوی پرسیاری کردە کامەران و پێی وت کوڕم تۆ بەلاقێکی بریندارەوە چۆن بەرگەی ئەم هەموو سەختی و دژواریە دەگریت؟ ئێمەش وتمان مام حاجی ڕات چیە کامەران تەسلیم ببێتەوە؟ ئەوەمان بەهۆی ئازاری برینەکەیەوە وت ، لە وەڵامدا وتی نا کامەران لە ئێوە زیاتر نیە، هەڵە تێمەگەن خەم و دڵتەنگیەکەی من بە تەنها بۆ کامەران نیە، بەڵکو بۆ قڕکردنی گەلی کوردە بە گشتی و ئەو هەموو کەس و کارەمانە کە ئەنفالکران و لە بیابانەکەنی خواروی عێراق ڕاپێچیی تونی مەرگ کراوون. درێژەی بەقسەکانیداو وتی: من نەک لەگەل تەسلیم بوونەوە نیم بەڵکوو دێرژەدان خەباتی ئێوە بە تروسکەی هیواو شکۆی نەتەوەیەک دەزانم.

حاجی سەعید گەرچی خوێندەواری نەبوو بەڵام هەتا بڵێی پیاوێکی وشیار و بە ئاگاو دنیا دیدە بوو، کەسێکی بیر تیژ و خاوەنی خەرمانێک لە ئەزموونی ژیان بوو، گەنجینەیەک بوو لە فەرهەنگێک، پڕبوو لە پەندوو ئامۆژگاری پێشبینی بۆ هەر ڕودا و پێش هاتێک بکردبایە وەکو خۆی بە دی دەهات، پێش مالّ ئاوای خودا حافیزی لێمان هەڵسەنگاندنێکی و تێبینیەکی خستە ڕوو لە سەر داهاتوومان وتی ترسم لەوە هەیە کە لە داهاتوودا بەری ڕەنج و ئەم خەباتە سەختەی ئێوە خەڵکی تر بی چێتەوە و ئێوە ببنە بێگانە و بێگانە ببێتە خاوەن مالّ ...

لە کۆتایدا سەری ڕێز و نەوازش لەئاست گەورەی و شۆکمەندی گلکۆی پیرۆزت دادونوێنم..

تاوانی شەڕەنگێزی

ئەم چەمکە یەکێکە لەتاوانە نێودەوڵەتیەکان، وەک تاوانی جەنگ وجێنۆسایدو تاوانی دژە مرۆڤایەتی، ئەویش "لەلایەن ئەنجومەنی دەوڵەتانی ئەندام کاتی پێداچونەوەی بنەڕەتنامەی ڕۆما لە ٣١ی ئایارو ١١ی حوزەیرانی ٢٠١٠ لە ئۆگاندا بەڕێوە چوو، وایان پێناسەکردووە کە (نەخشەدانان، و ئامادەکاری و جێبەجێکردنی بەکردەوە، لەبەکارهێنانی هێزی چەکداری دەوڵەتێک دژی سەروەری یاخود یەکپارچەیی هەرێمی و سەربەخۆیی سیاسی دەوڵەتێکی تر. بەتاوانی نێودەوڵەتی ئەژمار دەکرێت .

شەرانگێزی بریتیە لە دەستدرێژی و داگیرکاری سەربازی و لکاندنی زۆرەملێ و گەمارۆدانی بەندەرو کەنارەکان. ئەگەر قورسی و پێوەر لەبەرچاوبگیرێت. ئەوا کردەوەی شەرەنگیزی پێشێلکارییەکی ئاشکرای بنەرەتی بنەرەتنامەی نەتەوەیەکگرتووەکانە*".

کەچی بەبەرچاوی ئەنجومەن و دەوڵەتانی ئەندامەوە، لەدادگای تاوانی نێودەوڵەتی دەوڵەتی تورکیا نەک هەر سنور دەبەزێنێ و سوپاکەی دێتە ناوخاکی عێراقەوەو سەروەری هەرێم و دەوڵەتی عێراق دەشکێنێ بەڵکو بۆمبارانی خەڵکی مەدەنی دەکاو چەکی قەدەغەکراو بەگازی کیمیاییشەوە بەکاردێنێت!.


بۆیە کورد مافی خۆیەتی بەگومان و نیگەرانییەوە تەماشای پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان بکات چونکە هیچ لەو پێشێلکاریانە بەفریای کورد نەکەوتوون نەلەکاتی کیمیابارانی هەڵەبجەو نەلەکاتی ئەنفال و نەئێستاش کە دەوڵەتی تورک ئەو پێشێلکارییانە دەکات!.

-*سەرچاوە : ناوەندی کوردستان بۆ یاسای نێودەوڵەتی -کتێبی ژمارە(٥) دەربارەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی- چاپی یەکەم - ٢٠٢٢ -ل ٣٩

چیرۆکەکانی ئەنفال

یادەوەریی مستەفا قوریچایی

لە ئەنفالی گەرمیاندا



گێڕانەوەی مستەفا قوریچایی.
نوسینەوەی سەلام خەلیفە عەلی
کفری – گەرمیان

لە ماڵی هێمنی خاڵۆم دانیشتووین و چاوەڕوانی دیداری کاکە مستەفا و دڵشادی ئەحمەد فەرەج دەکەین. تا کاکە مستەفا بەسەرهاتی ڕزگاربوونی خۆی و ئەنفال بوونی براو دابڕانی لە خێزانی بۆمان بگێڕێتەوە، وە منیش یاداشتی بکەمو بیخەمە بەر دیدەی خوێنەران .

تا ئەوان گەیشتن

بەدەستی هێمن جەبار ئاغا، لە کوپێکی بچووکدا قاوەیەکی تاڵمان خواردەوە، وەک ئەوە وابوو خۆمان بۆ ئەو بەسەر هاتە تاڵە پڕ تراژیدایییەی کاکە مستەفا ڕابێنین کە کەمێکی تر بۆمان باس دەکات .

لە دەرگا درا و فەرموو کرا

من بە دیداری ئەو بەڕێزانە گەشامەوە، چون هەموو کەسوکارێکی ئەنفال کراو بە ژن و پیاوەوە بە خوشک و برای خۆم دەزانم ئەگەر قبوڵم کەن .

هەر چەند کات درەنگ بوو.

کاکە مستەفا دەستی کردە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە، هەر لەدێی قوڕی چاییەوە تا ئەنفال و بوون و ڕزگار بوونیان. ئەم گێڕانەوەیە باسی کرد بۆمان کە چەند مانگێکی خەیاندووە تا ڕزگاربوونیان، ئێمەش لە تۆمارێکی دەنگیدا کە زیاد لە سێ کاتژمێری خەیاند تۆمار کراوە . وا وردەوە وردە بە بەش بەش بۆی ئێوەی ئازیزی دەینووسمەوە .

مستەفا حەسەن فەتاح . ناسراوە بە مستەفا قوریچایی کە بۆخۆی لە شاڵاوی ئەنفالدا ڕزگاری بوو، بەڵام بەشێک لە خێزانەکەی ئەنفال بوون وەک برا بەتاقانەیی ماییەوە لەناو خێزانەکەی .

مستەفا حەسەن ساڵی ١٩٧٥ لە گوندی قوریچایی سەر بە قەزای دووزخورماتوو لە دایک بووە، دواهەمین منداڵی دایک و باوکێتی و سێ براو سێ خوشک بوون. لە هەلومەرجێکی سەختدا چاوی بەژیانی دەربەدەری هەڵهێناوە، لێرەوە دەچینە ناو ژیانی ڕزگار بوویەکی ئەنفالەوەو چیرۆکی دەرباز بوونی بۆ ئێوەی خوێنەر دەنووسینەوە . هەڵبەت لە زاری خۆیەوە شۆڕ دەبینەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی پڕ تراژیدا بوونە بۆ ژیانی مستەفاو سەردەمی ئەنفال و پێش ئەنفال چۆن پێدا تێپەڕیوون .

جوگرافیای گوندی قوریچایی

دەکەوێتە نێوان باکوورو خۆرئاوای شاری کفری یەوە، سروشتی گوندەکە وای کردووە هەمیشە لە شۆڕشەکانی کوردا جێگاییەکی ستراتیژی گرنگی هەبێت بۆ چەکرداره کوردەکان و ڕێژیمەکانی، هەڵبەت ئەم گوندە دەکەوێتە حەوزیی ناوچەی داوێوە وە ڕووی بە دەشتایەکانی سنووری بەیاتدا دەڕوانێت. بە چارەکە ڕێیەک دوورە لە پردی قوریچایی کە ڕێگای سەرەکی نێوان دووزخورماتوو شاری کفری یە بەیەکەوە دەبەستێت. خۆرهەڵاتی دەبێتە شارەدێی سەرقەڵاو خۆرئاوای سڵێمانبەگ و باکوری هەردەی کاکی بەکاکی داودەو باشووریشی شارەدێی جەبارە .

ئەم گوندەو زۆر بەی گوندەکان هەمیشە دەستی دووژمنی پێگەیشتووە تووشی داروخانوو ئاوارەیی خەڵکەی بووە جێگای خۆ حەشاردانی جاش و پێشمەرگە پارتیزانەکان بووە. ناو بەناو پێشمەرگەکان چالاکیان تێدا ئەنجام داووە. بەرزی و نزیمی تەپەو دژووارى چەم و دۆڵەکان وای کردووە بۆ سوپای عێراق سەخت بێت، دەسەڵاتی خۆی بەسەر سنوورەکەیدا بااڵدەست بکات، زۆرجار بەدوورە تۆپ تۆپبارانی حەوزی داوێی کردووە ..

مستەفا لەم گوندە لە ناو زەبرو زەنگ و دڵە ڕاوکێی خەڵکی دێدا لە ساڵی ١٩٨٢ دەچێتە بەر خوێندنی سەرەتایی .

بەزۆری خەڵکی گوند، بژێویان لەسەر بە خێوکردنی ئاژەڵداری و بەروبوومی چوتیاری دەبێت .

مالّی مام حەســـەنیش وەک تەواوی دێ مەڕو پەزو بەخێو دەکەن، لەپاڵ ئەمەشدا سەرقاڵی جوتیاری و بۆیسان کردن دەبن، بەهۆی ئەوەی عەلی برام پێشـــمەرگە بوو لە کەرتی شـــەش لای عوســـمانی حاجی مەحموود مالّمان وەک کۆگایەکی تەقەمەنی وابوو، مەرجەی چەکیان لەناو حەوشەدا بەشـــاراوەیی کردبوو. زســـتانی ســـاڵی١٩٨٦ بوو لە دوو قۆڵەوە ڕژێمی بەعس گونـــدەکەمـــانی تۆپبـــاران کرد لە شـــارەدێی ســـەرقەڵاوە وە لە قۆڵی دووزخوورماتوو وە ســـڵێمانبەگەوە، خەڵکی ئاوایی کە ٢٢ مالّێک دەبووین بەناچاری لە ترسـی تۆپباراندا ئاوایمان چۆڵکرد، مالّ مالّ بنە بنە هەر مالّی خۆیان دەگەیاند بە و ناو شاخ و دەشت و دۆڵە، مەڕومالّات لای شـــوان بوو ئاوایی دەنکە دەنکە خەڵکی تێدا دەماییەوە بەتایبەت پیاوە زۆر بەتەمەنەکان، بەڵام گەنج و ژن و منداڵ هەمووی ئاوارەی ئەو دەشـــتو دەرە بووین .

مالّی ئێمە کە باوک دایکم و براو خوشـــکەکانم بوون، خۆمان گەیاندە دارخورماکە.

دارخورماکە جێگایەکی دوورە چاوی دووژمن بوو، سەخت و دژوارە، دەکەوێتە نێوان بەلەگەی خواروو قوریچـایی، خۆمان گەیاندە ئەوێ) ئێســـتاش قژڵاخی ماوە (شـــەو لەوێ ماینەوە، بۆ ڕۆژی دواتر لە ترسی ئەوەی چەند گوللە تۆپێک ئاراستەی ئەورەیش کرا ئەورەشمان چۆڵ کرد، لە دەوروپشتی قشڵاخی دارخورماکە خۆمان مەڵاسدا، خاڵۆم ئەنوەر کە ئەو پێشتر سەربازی کردبوو پێمانی وت نابێت ئاوا بەو دەشتەدا بڵاو ببنەوە، پێویستە خۆتان حەشاربدن لە جێگایەکدا، کە گوللەی تۆپ بەری نەکەوێت، بەم شـــێوە ژیانتان زیاتر دەکەوێتە مەترسییەوە، دیسان گەڕاینەوە بۆ شوێن دارخورماکە، شەو داهات دیسان تۆباران کراینەوە، ماوەی نزیک ســـێ مانگمان بەو شـــێوەیە لەو دەروو دەشتەدا بردە سەر. ئەو ماوەیە هەندێ ئاوا ژوری بچوک و سێپەو، شێوەی کولانەیی جێگای حەوانەومان دروووست کرد و بەناچاری ژیانمان تێیدا بردە ســـەر، جا ئەو زستانەش ساردوو باراناوی بوو ژیانمان لەو سێ مانگە زۆر ناخۆش بوو بۆ ئاوی خواردنەوە دەبوو ســـەعاتە ڕێییەک بچی بۆ کانێکە بۆ هێنانی ئاو، لەبەر ئەوەی ئاوی ئەو سنوورە شۆرو تاڵاوە نەدەخوراییەوە کانییەک هەبوو ئـاوەکەی شـــیـاوو بوو دەچووین بۆ ئەوێ ئـاوی خواردنەومـان دەهێنـا، خواردن بە نـاڕەحەتی دەســـت دەکەوت، جار جار کەســێک لە هەر خێزانێک دەچوون بۆ دێ یان شـــار یان لە گوونده هاوســـنوورەکان خۆراکی دەهێنا...بەو شـــێووە زســـتانی ئەوســـاڵەمان لەو جێگا دژوارەدا بردە سەر، دواتر خۆمان کۆکردەوەو ئەشیامان پێچاییەوە چووینە گوونـدی دوڕاجی لە وەرزی بەهـار .لە دوڕاجی ماینەوە هەتا نزیک ناو ڕاســـتی مانگی چواری ئەو ساڵـــــــە . لە ١٤ی ٧ ی ١٩٨٧ چەند وەرزێرێک کە ســـەر قـاڵی دروێنەی گەنم و جۆو کۆکردنەوەی دانەوێڵەبوون، لە دەشـــتی پەتەکی داوێدا. لە ناکاو چەند کۆپتەرێکی ڕژێم کەوتنە بۆردومـان کردنی نـاوچەکە لەو بۆردمانەدا نۆ کەس لە جوتیارەکان شـــەهید بوون، چەند کەســێکیش بریندارببوون[19]، ئەو کەســانە هیچ تاوانێکیان نەبوو تەنهـا ئەوە بوو کورد بوون و لەزێـدی خۆیـانـدا سەرقاڵی کۆکردنەوەی دانەوێڵەو ئیشوکاری ئاوایی بوون. شـەهید و بریندارەکان خەڵکی ئۆمەربل و زنانەو دوڕاجی و چەوری و لوفتی ئاغابوون.

شـەهید بوونی ئەو هاوڵاتیانە و بریندارببوونی چەندی تر، دەنگدانەوەیەکی زۆری لە گەرمیاندا بڵاو بوویەوە خەڵک لە ڕووی دەرونییەوە تەواو ڕوخابوون، قورسـە بەو شـێوە نۆ کەس بەجارێک بکوژرێن، ئەوانە هەژاری مالّی خۆیان بوون، نە پێشـــمەرگە بوون نە زیانێکیان بۆ حوکومەتی عێراق هەبوو، تەنانەت دەمانچەیەکیشـــان پێنەبوو ئەوەی پێیان بوو داسی دروێنەو ناسنامەی کورد بوون بوو .

ئەم هەواڵە کە بڵاو بوویەوە بووە بێهیواییەک لای خەڵک. لای شـــۆڕشـــی نوێش جێگای نیگەرانی بوو دوو کەرتی پێشـــمەرگە لە ســـنوورەکە بوون. لای پێشـــمەرگە دەبوو وەڵامێکی باشـــی ئەو تاوانە بدرێتەوە کە کراوەتە ســـەر خەڵکی بێتاوان، وە وەڵام دانەوەیشـی دەبێتەوە بە هیوا و

[19] یەکێک لەوکەسانە فاتیح سەمینی گوندی دوراجی بوو، کورەکەی بەناوی خەسرەو لەژمارە ٨ی گۆڤاری ئەنفالستاندا دیداری لەگەڵداکراوەو باسی ئەم ڕوداوە خوێناوییە دەکات.

ئومێد بۆ خەڵک وە دەبێتە وانەیەکی باش بۆ دووژمن. هەر کە شـــەو داهات هەردوو کەرتی پێنج و شـــەشـــی پێشـمەرگە، کە کەرتی شـەش عوسـمانی حاجی مەحموود سـەرپەرشـتی دەکرد کەرتی پێنجیش شـەهید سـواڕە، بە پلان هێرشیان کردە سەر ڕەبایەیەکی سوپای عێراق (ئەوە بە ڕەباییەی تەنکییەکە ناسـرابوو)، بەهۆی زۆری سەربازەوە شەڕەکە زۆری خەیاندوو پێشمەرگە سێ شەهیدیان بەخشییە خاک و نەتەوە ئەوانیش شـەهید (①ئەحمەد حاجی عزیز دریژ، ئەحمەد هەروا چەند سـەعاتێک بوو ببووە پێشـمەرگە، ② شـەهید عەلی قوریچایی برام بوو، ③شـــەهید ئـاوات عەرەب، ئەو پێشـــمەرگەیە عەرەبێـک بوو بەهۆی زوڵم و زۆرداری ڕژێمەوە هـاتبوو چەکی پێشـمەرگایەتی کردبووە شـان) هەر لەو شەڕەدا سێ پێشمەرگەش بریندار بوون. بەخوێنی ئەو سێ شەهیدە توانرا سەرکەون بەسـەر ئەو ڕەبایەدا دووژمنی تێدا ببەزێنن و وانەیان پێنیشـان بدەن . جێگای باسـە لەکۆتـایی ئەم شـــەڕەدا کە جاشـــێـک لە نـاو قولەیەکی ڕەبایەکەدا شـەڕی دەکردوو خۆی ڕادەسـت نەدەکرد، هەر تەقەی دەکرد بۆیە شـــەهید میران بە عوســـمانی حاجی مەحموود دەڵی ئاربیجی یەکم بدەنێ گرەوی لەسـەر دەکەم و دەیکەمە ئامانج، بۆیە بە گوللە ئاربیجییەک کۆتایی بەو شەڕە دێت و جاشەکەش باجی خۆی وەردەگرێت ..ئەوکات بۆ ئێمە زۆر ناخۆش بوو کە عەلی برام شـەهید بوو نەک هەر ئێمە بەڵکو ئەوەی کورد بێت نیگەران بوو بەتـایبەت خەڵکی ناوچەکەو گوندەکەمان.

چەند ڕۆژێک پێش ئەنفال

دەنگۆ بڵاو بوییەوە وا خەریکە ســـەرکردایەتی یەکێتی نیشـــتیمانی کوردســـتان هەڕەس دێنی، دڵەڕاوکێ تەواو سیمای خەڵکی داپۆشی بوو، کەس نەیدەزانی چی ڕوودەدا چی دێتە پێش و چی دەگوزەرێت لە نـاوچەکە. جار جار هەواڵ دەهـات بە مـاتۆڕ ســـوار یـان بەتراکتۆرێکـدا کە بارودۆخ باش نییە، جاش و جەیش وا خۆیان کۆدەکەنەوە بۆ هێرشـــکردن. خەڵکیش وای دەزانی هەر کێومالێکە و تەواو چونکە پێشـــتروابوو کێومالیان دەکردوو دەچوون، بەڵام کێ دەیزانی ڕژێمی بەعس بە نیـازە ئەو هەموو خەڵکە ئەنفال بکات ؟! دیســـان ئێمە کەوتینە خۆمان و هەنـدێـک خواردن و خواردنەوەو جێوبـانمـان لە تراکتۆر بارکرد دوڕاجیمان چۆڵکرد بەرەو هەردەو دەرو دەشـــت کەوتینە ڕێ، بۆئەوەی خۆمان لەو کەڵـــۆزو شـــاخـانەدا بشارینەوە هەتا ئەو کێومالەی دووژمن تەواو دەبێـت، بەڵام ئەمـجـارە وانەبـوو، ئەنـفـال دەستی پێکردو هەموشتێکی ویرانکرد.



بەشی دوو

دەســپێکی شـالاوی ئەنفال لە گەرمیان ! (قۆناغی ســێهەمی ئەنفال) هێشتا، سالێک بەسەر شـــەهید بوونی کـاکە عەلی برامـدا تێنەپەڕیبوو، ئەنفـال هات بەســەرماندا، ئێمە نەمان دەزانی چی ڕوو دەدا چی لەبارە، بەڵام هەواڵ بڵاو بوییەوە، کە جاش و جێشـــێکی فرە زۆر کێومالێ دەکات . کێومالێ ئەمجارە جیاوازبوو، خەبەر بە شـــوان و ماتۆڕســـواردا دەهات کە، لە نـاو داوێ و پەڵکانەو خەڕە بارودۆخ باش نییە، خەڵک هەموو دەربەدەربووە لە ترســا. ئێمەش وەک جارەکانی تر لە ترسا خۆمان کۆکردەوە هەتا لە شوێنێکدا خۆمان حەشـاربدەین، ئەوەی پێویسـت بوو خسـتمانە ناو تراکتۆرەوە، چەند ماڵێک لە دووڕاجیەوە چووین بۆ نێوان بەلەگەی خواروو دۆڕاجی دامان نابوو کێومالێ تەواو بێت و بگەڕێنەوە، کێومالێ گەیشـتە نـاو داوێ و بەچـاوی خۆمان دیمـان شـــەڕێکی یەکجـار قورس لە دێی چەوری کرا، بەڕاســـتی هەقە ئەو شـــایەتیە بدەم کە پێشـــمەرگەکانی گەرمیان قارەمانانە بەرگریان دەکرد ئەو شەڕەی لە چەوری کرا ئەگەر بە زێڕ بنوســـرێتەوە هێشـــتـا حەقی ئەو بەرخودانەی پێشمەرگەکان نادات. قورسە بۆ پێشمەرگەکان بە ژمارەیەکی کەمەوە چەندین کـاتژمێر لە گەڵ ئەو هێزە زۆری جاش و جێشدا شەڕیان کرد .

شەو هات بەسەردا باوکم وتی من دەچمەوە بۆ ناو ئاوای چەند بەرخ و کارێک یان مەڕو بزنی زاوو لە بەهار بەنیدا بوون، باوکم وتی گوناحن، ئەچم بەریان بەڕێڵا دەکەم با لە برساندا نەمرن یان کرا لەگەڵ خۆمدا دەیانهێنم بۆ ناو ڕانەکە، باوکم ڕۆیشت و دوای چەند کاتژمێرێک گەڕاییەوە هەرچۆنێک بێت بەرخ و کارو مەڕەکانی هێنابوو کردی بەناو ڕانەکەدا کە ڕانەکان نزیک خۆمان ئەوانیش هەر لەودەشتە دەمانەوە و شوانێک چاوی پێیانەوە بوو.

دیسان خۆمان گەیاندە دارخورماکە

لەوێ بڕێ خزمی قوریچای و دوڕاجی لێبوو، ئاوارەیی ئەمجارەمان جیاوازبوو، لە هەموو لایەکەوە مەترسی لە سەر ژیانمان بوو." کورد وتەنی ئێوارانی ڕۆژ خوێنی پێوە دیاربوو " ئەوە چەند ڕۆژێک پێش(١٤/٤/١٩٨٨)ە ئەوەی بەزمان باسی دەکەم تۆدەیخوێنیتەوە، ڕەنگە ئاسایی بێت لات، بەڵام خولەکێک لە ژیانمان وەک ئەوەبوو لە دۆزەخدابین. ڕۆژی ٧ی نیسانی ١٩٨٨ مامەم و فەریق حەسەن نەریمان هاتن بۆلامان. باوکم، لەبەر ئەوەی تەمەنی هەبوو دووژمنی باش دەناسی، پێشبینی باشی بۆ ڕووداوەکان دەکرد. مامەم و حەسەن فەریق، بە باوکمیان وت، چۆن دەبێت بەم شێوە ژیان بەرینە سەر، وەرن با بچین، بە دەم ئەو بانگەوازەوە کە حوکومەت ئەیکا، باوکم بەباشی نەزانی، دەنگۆی بانگەواز وا بڵاو بوییەوە، گوایا ئەوەی بچێ خۆی ڕادەست بکا ناوی تۆمار دەکەن لیستیان بۆ دەکەنەوە هاوکاری دەکرێن هەر کەسێک لە شار کەسێک پشتگیری بکا کێشەی نابێت، بەهەر جۆرێک بێت دەیان ویست باوکم وەک ئەوانی تر ڕازیکەن، بەڵام باوکم بە داوای ئەوان ڕازی نەبوو، ئەیوت بڕوا بە بەعس ناکەم "کورد وەتەنی ئەم ماسە موویەکی تێدایە "

ئەو ڕۆژە هەر لەبەیانییەوە تا ئێوارە تۆپبارانی ناوداوی کرا، ئێمەش لەترسا لە کەڵۆزو ئەشکەوتدا بووین ترس و دڵەڕاوکێ تادەهات زیاد دەبوو. سەرماو برسێتی لەولاوە بوەستێ. دیسانەوە بە باوکمیان وت ناوی خوای لێبێنە با بچین خۆمان ڕادەست کەین. باوکم وتی من چۆن بچمە بەردەستی دووژمن؟ ئاخر من مااڵەکەم وەک بارەگای پێشمەرگەبوو، کوڕم لەشەڕدا شەهید بووە، ناوم لای بەعس هەیە. بمرین لەم هەردە بەس خۆمان ڕادەست نەکەین من بەباشی نازانم ئاوا بە ئاسانی و بەخێزانییەوە بچینە بەردەستی دووژمن !

بۆ ئێوارەکەی چووینە گامێش یاتاخ

ئەوێ بەسەر چەمی بەلەگەوەیە ئەشکەوتێ بچووکی لێیە پێشی بە زەللو قامیش تەنرابوو جێگاییەکی باش بوو بۆ خۆ حەشاردان و لەوێ ماینەوە، باوکم جار جار دەچووە سەر بەرزاییەکان تا بزانێ چی باسە چی ڕووەدات. سەرێ دەیوت ئەوە لەسێ مەریوانەی دا ! ئەوە لای گۆبان ڕەمی کرد ئەوە لە بەلەگەی خواریدا، باوکم بە بینینی ڕوداوەکان تادەهات بارودۆخی خراپ دەبوو، ئەو بەرپرسیارێتی زۆری لەسەر بوو ئەو خزمانە هەموو چاوەڕێی بڕیاری ئەو بوون، یان لەو دەرودەشتە بمێننەوە یانیش بچین خۆمان ڕادەست کەین، ژیان کەوتبووە نێوان دوو بەردە داشەوە یان ئەم ڕێگا یان ئەوی تر، لە دەشت دەمێنیتەوە کێومااڵدێت ئەیدا بەسەرتا ئەچی خۆت و خاوخێزان ڕادەست دەکەی نازانیت چیت بەسەر دێت !باوکم وتی بەس ئەمڕۆ بەسەالمەتی تێپەڕێت ئەوە بۆ سبەی بڕیاری کۆتایی دەدەم.

باوکم پێی وتین ئەمە ژیان نییە هەر ڕۆژێک مردنێکە، ناکرێت ئێمە تەنانەت بۆ ئاو هێنانیش نەتوانین لە ناو ئەشکەوت و کەڵۆز و تاوێرەکاندا نەیەینە دەرەوە، ڕان و شوان لەو ناو شاخەنەدا خۆی شاردۆتەوە بەڕاستی ئەمە حاڵ نییە. چار نییە دەبێت ئێمەش وەک ئەو خەڵکە داماوە خۆمان ڕادەستی قەدەرو زاڵم بکەین.

خۆر ئاوابوو

باوکم کەوتە پێشمان بەو خزم و کەسوکارەی وت دوام کەون بەرەو قوریچای ڕۆیشتین (ماڵ مەالیاسین هەبوو چەند برایەک بوون ئەوانیش حاجی لەتیف وفەتاح و حەکیم و مام فاتیح یشیان شەهید بوو) ڕانەکانیان هەموو پێکەوە بوو لە بەرزە بان بوونە تویشمانەوە لە ڕێگا، باوکم ڕانەکەیانی ناسییەوە کە پێشتر دووساڵێک لە ئاوایی دووڕاجی بوونە. بۆیە باوکم وتی با نەفەوتێن

لەگەڵ ئەوەی خۆماندا کرانبەیەکدا. ئێمەش بەئاسانی نەمان دەتوانی چاری ئەو هەموو سەر ئاژەڵە بکەین، خۆ ناکرێت لە کاتێکی وادا ڕانی ناسیاوێک بهێلیت بفەوتێ . ڕانێکی زۆر بوو بێشوان و پاسەوان لەو هەردەبوون، ڕانمان لەگەڵ ئەوەی خۆماندا دالەبەر بەرەو گوندی قوریچایی.

دوای دوو ساڵ هاتینەوە قوریچایی بەڵام بەچی حاڵێکەوە هەر گوزەران نەبوو، نەمان دەزانی چیمان بەسەر دێت . خانۆکان مابوون خەڵکێکی زۆر خۆیان گەیاندبووە قوریچایی. لەبەرئەوەی قوریچای دەروازەی گەیشتن بوو بۆسەر ڕێگای کفری دووزخورماتوو. خانووەکان پڕبوون لە خەڵک. کەس بەکەس نەبوو چارەنووسمان لەسەر کات و ڕۆژمابوو نەمان دەزانی چیمان بەسەر دێت .

ئەو شەوەی کە گەڕاینەوە قوریچایی دوای خواردنی ژەمە نانێک کە هەرچۆنێک بێت خوشک و دایکم دروستیان کرد، باوکم داوای کرد چانتای پێناس وپارەکەی بۆ بێنن ! پێناسەکانی بەسەر براو خوشکەکانمدا دابەشکرد و هەر یەکەو پێناسی خۆی داپێیان، بە باوکمیان وت جنسێمان بۆ پێدەدەی خۆ هێشتا ئێمە لە ئاوایین هاین پێکەوە ؟ باوکم وتی ڕۆڵە با پێتان بێت ژیانمان لەسەر کات وەستاوە ڕەنگە ئێتر یەک نەبینینەوە ! بەدایکمی وت هەموو پارەکانیشم بۆ بێنە پێم وایە نزیک سێ هەزار دینار پارەی سویسری دەبوو پارەی بەسەر براو خوشک و دایکمدا دابەشکرد، کەمێ پارەو جنسێکەیشمی بەمن دا وتم باوکە من جنسێم بۆ چییە ؟ خۆ هێشتا تەمەنم منداڵە ؟ خۆشکەکانم وتیان باوە ئێمە پارەمان بۆ چییە ؟ وتی با پارەو جنسێکانتان پێبێت ڕەنگە ئێمە لە یەک بترازێن ڕۆڵەکانم ئاگاتان لە خۆتان بێت ڕەنگە سبەی ئێمە نەگەین بە پردەکەی قوریچایی لە یەکتر دابڕێن بۆ هەتا هەتایە ! بێئومێدیەک تەواو ڕوخساری باوکمی داپۆشیوو هیچ کات پێشبینی وا خراپی نەکردبوو، ئاوایی جممەی دەهات لە خەڵک، هەموو ڕێگای قەدەریان هەڵبژاردبوو قەدەریش وەک شمشێرێک بوو بەدەست دووژمنەوە .

ــ باوکم وتی ڕۆڵەکانم ئەزیزەکانم تکایە لە هەر جێگایەک پرسیاریان کرد بەهیچ شێوەیەک باسی شەهید عەلی براتان ناکەن نەکەن لە زمانتان بێتە دەر و بڵێن برایەکمان پێشمەرگە بووە کوژراوە !

هەر کەسێک بێ ئەفسەربوو، جندی بوو پرسیاری کرد چەند کەسن بڵێن سێ براو سێ خوشک، سەرقاڵی ئاژەڵداری و فەلاحەت بووینە. دیسان پێتان دەڵێمەوە بەهیچ شێوەیەک باسی شەهید عەلی ناکەن.

دوای شەهید بوونی عەلی برام

عەبدڵڵای برام بووە پێشمەرگە زۆریش پێشمەرگە نەبوو (عوسمانە ڕەش) هەبوو لای عوسمانی حاجی مەحموود وتی هەموو یەکێتی قبوولکات من قبوڵناکەم عەبدڵڵای برای شەهید عەلی ببێتە پێشمەرگە وتی با چاوی بە خێزانەکەیانەوە بێت، لەبەر ئەوە وای وت ئێمە منداڵ بووین ناکرێت ئەویش سبەی شەهید بێت . عەبدڵڵای برام ئەیوت من ئەومە پێشمەرگە جێگای عەلی برام دەگرمەوە ئەوەتا مستەفاو محەمەد هەیە لەماڵا، بەڵام قبوڵیان نەکرد پێش مانگێک لە هاتنی شاڵاوی ئەنفال گەڕاییەوە نەیان هێشت. دیسان عەبدڵڵای برام چوییەوە بۆ لای کاک عوسمان تا قبوڵکەن لەگەڵیاندا بێت . کاک عوسمانی حاجی مەحموود قەناعەتی پێکردبوو کە ئەوانیش نازانن چیان بەسەردێت ئەوەی ڕووەدات بە گوێرەی ئەو زانیارانەی لە سەرکردایەتیەوە دێت باروودوخ باش نییە . بە عەبدڵڵای برامی وتبوو بچۆ ئاگاداری خێزانەکەتانبە باشترە . بۆیە هێشتا عەبدڵای برام دوای وازهێنانی هەر چەک و تاخمەکەی پێبوو محەمەدی برایشم هەر چەکی پێبوو بۆ پاراستنی خۆمان.

ڕۆژ بویەوە

لە ئاواییەوە بەرەو پردەکەی قوریچایی کەوتینە ڕێ، خەڵکێکی زۆر بەناچاری بەرەو چارەنووسی نادیار دەچووین، نەمان دەزانی دەساڕی بەعس بە شێوەیک دەمان هاڕێت، بەرسەوە وەک دەست بەسراوێکی بێتاوان هەنگاومان بۆ لای دووژمن دەنا.

بەشی سێ

ــ ئەنفال کردنمان دەستی پێکردووە، بەڵام ئێمە نازانین و هەستی پێناکەین، ئەم بێهەستیەش لەبەر ئەوەیە ئەو

سەردەمە وەک ئێستا نەبوو هەواڵ و زانیاری زوو بڵاوبێتەوە ئێمەی خەڵکی گوندەکانیش بەزۆری ئەوەمان نەدەزانی کە حوکومەتی بەعس بەو ڕادە دووژمنایەتی ئێمەی کوردی گوندنیشینان دەکات. وردە وردە بە شەکەتی و ماندووبوون بەرەو خۆڕادەستکردنێکی ناچاری دەچین. نێوان گوندەی قوریچای و ڕەبێکانی سوپای عێراق زۆرنەبوو بەڵام، لەبەر ئەوەی نائومێدی و ترس بە هەنگاوەکانمانەوەبوو، وەک ئەوە وابوو بەرەو دۆزەخ دەچین. گەیشتینە (بیر قەتال) بیر قەتال دەکەوێتە ناوەندی ڕێگای گوندەکەمان بۆ پردی قوریچای. وەک پێشتر ئاماژەماندا کە پردەکە هەم بازگەی حوکومەتی عێراقی بوو وە هەمیش جێشێکی زۆر بە چەکی قورسی سەربازییەوە لەوێ دانرابوو، باوکم، مام فەریق حەسەن نەریمان و مامەم حوسێنی بانگ کرد، پیانی وت چییە بۆ وا زۆر گۆڕاون چی هەیە ومن نایزانم؟ ئێوە شتێک لەمن دەشارنەوە هەرچی هەیە پێمانی بڵێن، با مشورێکی خۆمان بخوێن، باوکم بەردەوام بوو، پیان وت هەر چەند لێتان دەڕوانم گفت و لفتان وەک پێشوتر نییە، چییە ئەمان کووژن ؟

ئەوانیش بەدڵێکی پڕ خەمەوە، بە باوکمیان وت:

- بارودۆخ وەک دووسێ ڕۆژ پێش ئێستا نییە، ئەوەی پێشوتر کە دۆسێیان بۆ خەڵک پردەکردەوە بە کەفیل ئێستا ئەوە نەماوە. ئێمەش نازانین چی دەگوزەرێت وە چیمان بەسەردێت .
- مادام وایە با بگەڕێنەوە (باوکم وتی). ناوئەو شاخ و داخە، لەوێ ژیان بەرینەسەر و خۆمان ڕادەستی قەدەری دەستی زاڵم نەکەین ؟
- ئەی تۆ ئەو هەموو دەبابەو مەدفەعیە نابینی ؟ تۆسەیری ئەو جێشە چۆن مینەی مەرگمان دەکەن. ئەگەر بچنەوە هەموو تێدا دەچن و دەکوژرێن !

باوکم : زۆر پێداگری دەکرد کە با دیسان بچینەوە ئەو جێگانەی چەند ڕۆژە خۆمان تێدا حەشاردەوە، ئەیوت با لەو هەردە بمرین لە برسا بەس با خۆمان ڕادەست نەکەین .

لەم گفتوگۆیەدابوون بەدەم ڕێکردنەوە، کاتێک نزیک جادەکەی قوریچایی بوونەوە، ئەوەنەمان زانی میمکە مینا(مینای خێزانی ڕەحیم موختار) کردی بە باوکەڕو بانگهەڵدان، ئەقیژێنی و ئەدا لەخۆی شیوەن دەکا، تومەز چاوی بەو جێگا کەوتووە کە پێشتر لە ساڵی ١٩٨٧ لەو جێگا چەند کوردی بێتاوان بەدەستی لیوا بارق کوللەباران کران و شەهید کران ئەوانیش (شەهید هیدایت جەبار، شەهید بەهادین، شەهید محەمەد جگەرچی، شەهید حەکیمشەهید علی لالە (شەهیدکردنیان لەبەر ئەوە بوو گوایە چونەتە ناو زەوی مووحەڕەمەوە، بە بڕیاری حوکومەتی بەعس لەو جێگا ڕەمی کران. بۆیە میمکە میناش چاوی بەو جێگای شەهیدانە کەوت کردی بە باوکەڕۆ کە یەکێک لە شەهیدەکان برای بوو.

برێک ئەشیا و پێداویستی مان لە ناو تراکتۆرەکەی مام نامیق بوو نزیک بوینەوە لە جادەکە خۆشمان سەرکەوتین. کاتێک گەیشتینە ئەوی، ئەوەی نەمان دی بینامان، ئەو هەموو سەربازو سوپایە ئەو هەموو چەکی قورسە، وەک ئەوە وابوو خۆیان بۆ جەنگێکی جیهانی ئامادە کردبێت، سەربازێکی زۆر بەو سنوورەدا دابەشکرابوون، بە دیمەنی ئەو سوپایە، تەواو ترس بەرۆکی گرتین، ئەوەی پێشبینیمان کرد، هاتە پێشمان .

ئەو خەڵکە تابێت زیادی دەکرد، خەڵک وابوو چەک و تاقمی پێبوو عەبدڵڵاو و محەمەدی برام چەک و تاقمەکە بە پشتیانەوە بوو. نەک هەر ئەوان زۆربەی خێزانەکان چەکداریکیان هەبوو داماویو فەقیری خەڵکی ئەوسەردەمە ئەوە بوو لە نیازپاکی و دڵپاکی بوو، کێ هەیە بە چەک و تاخمەوە بچێتە پێش دووژمن !.

لەوێ دابڕاین لەیەک تری باوکم و محەمەدی برام و دڵشاد ئەحمەد فەرەج و عومەری برای ئەوان وە ڕانە مەڕەکانەوە لە ئێمە دابڕان، ئێمەش کریاینە ناو تراکتۆرەوە بۆ (قاتع)ـی کفری. من و دایکم و پەیمان و ڕێزان خوشکم و عەبدڵڵای برام لە باوک و محەمەدی برام دابڕاین .

لە پردەکەی قوریچاییەوە هاتین بەسەر شارەکەدا پێش ئەوەی بگەین بە قاتەکەی کفری گەیشتینە گوندی قنگربان، لەوێ ڕایان گرتین، پێمانیان وت چاوەڕێ بکەن کەمێ تر خواردنی بەیانیتان بۆدێت. خەڵک هیلاکە

برسیەتی، هەر کەسێک و بەدوای کەسێکیدا چاوو ئەگێڕی و پرسیار ئەکات، نەهامەتی و دابڕان و ستۆراخ کردن دەستی پێکرد. لەوێ (ئەحمەد بیجۆ)لەگەڵ کەسێکی تردا مالّی ئاوا خواردنێکی زۆریان بۆ ئەو خەڵکە هاورد (دوای قاوڵتی مەفرەزەیەک هات، دەفتەرێکیان پێبوو. وتیان کێ چەک و فیشەکی پێیە با بێت ڕادەستی بکات و ناوی تۆمار دەکەین، ئەگەی ئەوەی بیشاریتەوە یان پێبگیرێت، ئەوە تووشی کێشە دەبێت. وە پێیان وتین ئەوەی پرسیاری کرد بڵێن ئێمە سەربە ش خ ش ش کە مستەشار بوو . واتا ئەوەی چەکی پێیە با بڵێت عایدی فلانە ناوین. ئەوەی چەکی پێبوو لەوێ لیان سەندو ناویان تۆمارکرد. لە قنگربانەوە کەوتینە ڕێ بۆ قاتعی کفری .قاتعەکە سەربازگەیەکی گەورەی بەعس بوو. هەر کە چوینە ناو قاتعەکەی کفرییەوە دەرگای قاتعیان داخست و ئیتر سەردان کردنیش قەدەغەکرا. (عەدنان)ی خاڵۆزام ویستی بێتە ژوورەوە بۆ لامان بەڵام ڕێگەیان نەدەدا، سەربازێک کردی بە قۆڵیداو عەدنانی دوورخستەوە . زۆر هەوڵیدا بێتە ناوەوە بۆ لامان لە هەواڵمان بزانێت، یان هاوکاریمان بکات و ڕزگارمان بکات بەڵام هەوڵ و تەقەلای بێسوود بوو. نەیان دەهێشت .

نزیک کاتژمێرێکی پێچوو، هەر لە قاتعەکەی کفری ماینەوە. دوای ئەوە پاسێکی زۆر هاتنە ناوقاتعەکەوە پاسەکان (کۆستەر) بوون. سواریان کردین ئینجا بەرەو کفری کەوتە ڕێ، ئەوەندە زۆر بووین لە ژمارەن نەدەهاتین، گەیشتنە بەنزینخانەکەی کفری، کۆستەرەکان بەنزینیان پڕدەکرد، ئێمەش نازانین بۆ کوێمان دەبەن و چیمان بەسەر دێت، کەس بیری لەوە نەدەکردەوە ئەو هەموو خەڵکە بکرێن بە ژێر خۆڵەوە و زندوو بەچاڵ بکرێت .

کۆستەرەکان لەوەستاندا بوو یەک یەک نۆرەی پڕکردنی بەنزیندا بوون . میمەکە (فکری) خێزانی فەقێ ڕەشید لە بەلەگەی ژوور، لە ناو پاسەکەی ئێمەدا بوو دەستی ڕێبواری کوڕی گرتوو دابەزی.) ڕێبوار ئێستا ماوەو پۆلیسە لەبنکەی کفری (بە میکە فکریان وت بۆ دادەبەزی بۆ کۆێ دەچیت؟ وتی: من لە ئاواییەوە نەهاتووم من هاتووم سەر بدەم لە خزمەکانم لە ناو کۆستەرەکان منەیان دەکەم. لەم قسانەدا ڕەشەبایەک هاتوو چۆن بڵێت قەدەر ویستی میکە فکری و ڕێبواری کوڕێ ڕزگارکات ئاوا، لەم ڕەشەباو تۆزەدا، میمکە فکری و ڕێبواری کوڕی ڕزگاریان بوو دیار نەمان. خۆیان کردە ناو شاری کفریدا. بەڵام بەداخەوە میمکە فکری لەوێ ڕزگاری بوو . بەڵام دوای ئەنفال لە ناو داوێ فرۆکەی عێراقی شەهیدی کرد.

لە کفریەوە بۆ کەلار

کە لەکفری دەرچووین بەرەو کەلار بەرێخراین بەڵام ئەمجارە حەرەس و سەربازمان لەگەڵدا نەبوو ڕەنگە وەک چاودێر لە پاش و پێشەمانەوە بووبن، بە شوفێرەکانیان وت بچن بۆ ئەمنی کەلار کە گەیشتنە ئەمنی کلار لەوێ جیا کریانناوە، منداڵ وە جیا، ژن بەجیا، پیاو بەجیا، باران بوو ساڵێکی ساردوو شێدارببوو لەوێ بۆ ئیفادەلێوەرگرتن بانگی خەڵکیان دەکرد، ئەوانەی چەکیان لێوەرگیرابوو پرسیاریان دەکرد، ئەم چەکە هین کێیە ؟ یان بۆپێتە ؟ زۆربەی خەڵک ئەیوت بۆ پاسەوانی مەڕوو مالّت هەمان بووە. یاخود پرسیاریان دەکرد چەند سەر خێزانن ؟ ئیشتان چی بووە ؟ باوکت ئیشی چی بوو ؟ بەکورتی پرسیاری تەوایان دەکرد بۆ ئەوەی بزانن کێ پێشمەرگە بووە و کێ سەربازی هەڵاتوو بووە یان هاوکاری پێشمەرگە بوونە !لە پێدا چوونەوە بە ناوی کەسەکاندا، چەکێک دیار نەبوو یەکێک بەناوی (اکبر فقی رشید برای حیدر) ناوی هەبوو بەس چەکەکەی کە جێرسی بوو دیار نەبوو، بەهۆی ئەوەوە لەوێ زۆرماینەوە، هەر خەریکی پرسیار کردن بوون، بەهۆی نەبوونی وەرگێڕەوە لە ئەکبەر تێنەدەگەشتن کە بۆ ناوو ژمارەی چەکی نووسراوەو چەکەکەشی دیار نییە، بۆیە شیروانی خاڵۆزامیان بانکرد بووە وەرگێریان ! شێروان ئەمنەکانی تێگەیاند کە چەکەکەی ئەکەبەر لە کفری تەوارییەکان لیان سەندووەو بردوویانە. بەهۆی ئەوە ئەکبەر لەوێ ڕزگاری بوو بەڵام بەداخەوە لە ئەنفاڵ ڕزگاری نەبوو. پێش خۆر ئاوا بوون دیسان لە ئەمنی کەلارەوە هەر بەو پاسانە بەڕێیان خستین بۆ قۆرەتوو.

بەشی چوارەم

ـ لە ئەمنی کەلارەوە، سواری پاسەکان کراین، ئێمە نازانین بۆ کوێمان دەبەن، چی ژیانێک چاوەڕێمان دەکات، نەمان

دەزانی ڕەشـــەبای ژیان چۆنمان دەخولێنێتەوە، ئەوەی دەمانزانی ترسـێک بوو، بەڵام بەناچاری وەک بارمتەیەک بەڕێمان دەخەن .

ئێوارەیەو دونیا قۆڕاوە، بەهارێکی شێدارو سارده. نزیک پەنجا کۆســـتەر زیاتر دەبوون ئەمە بێجگە لە تراکتۆرو پیکـابی خەڵکەگیراوە کەهی خۆیـان بوو، بەڕێ خراین، دوای ڕێکردنێکی زۆر گەیشـتینە ســەربازگەیەکی گەورە، ڕێگاکە بەهۆی باران و قۆڕاوەوە بە ئەســـتەم ئۆتۆمبیلە پاسەکانمان دەپەڕینەوە.کەگەیشتینە ئەوێ، تەماشامان کرد، خێمەیەکی زۆر هەڵـدراوە، ڕەنگە چوارســـەد خێمە لەو خێوەتگەیا هەڵدرابێت، بە گەیشتنمان دابەشکراین بەسەر خێمەکاندا، دایکم و عەبدوڵای برام و پەیمانی خوشـــکم کەوتنە خێمەیەک پڕ بوو، بەوهۆیەوە من لەوان جیابوومەوە، کۆمەڵی خەڵکیـان برد بۆ قەڵایەک، قەڵاکە دیـار بوو لێمانەوە، دوایی بۆمـان دەرکەوت براوین بۆ ســـنووری قۆرەتوو، ئەوەش قەڵای ڕێگـای قۆرەتووەلەوێ خەڵکیـان کۆکردەوە، ئەفســـەرێکی لێبوو کورد بوو ئەو پێمانی وت: نابێت ئافرەت بێت بۆ وەرگرتنی خواردن، دەبێت پیاوەکان یـان کوڕەکان بێن. (ئەوەشـــی تەنها لەبەر ئەوە وت کە ســەربازو ئەفســەرەکانی تر، چاونەبڕە ژن و کچی کورد) من ئەوە شەوە لە دایکم وان دابڕام و خرامە ناو خێزانێکی ترەوە خێمەیەکی ڕەش دەواریـان هەڵـدابوو، ئەو خێزانە خەڵکی قەرەداغ بوون، بەداخەوە ناویان نازانم و نەشمزانی مـاڵی کێ بوون. نـازانم چیـان بەســـەرهـات. لە نـاو خێمەکەیاندا، چیخیان دابووە ناویدا، بە منیان وت تۆش لێرە بمێنەوە، لە گەڵ پیـاوو کوڕەکانی ئەوانـدا. ئەوە (بۆ من، زۆر ناخۆش وغەریبی بوو. بۆ یەکەم جار، لە دایکمان دابڕام، وا لە نـاو خێزانێکی تردام، بەڵام نـاچاری بوو (هەرچۆنێک بوو ئەو شەوە ڕۆژبوویەوە. بۆ سبەی خێمەیان بەســـەر خێزانەکـانـدا دابەشـــکرد و هەر خێزانێـک و خێمەیەک، منیش گەڕامەوە بۆ لای دایکم و براو خوشکەم. بە دابەشکردنی خێمەکان و هەڵدانیان تۆزێک پشوومانداو، وەک ئەوە وابوو ژووریکی تایبەتمان بۆ خۆمان هەبێت .

ــ پێشیان ئەوتین، لە یەک جێگا کۆمەڵ مەون خۆتان زۆر دەرمەخەن. نەکـا فرۆکەی ئێرانی بۆردمـان بکـات ! (تۆ تەمـاشـــــاکە، ئەو هەموو خەڵکەی بۆ ئەنفـال کردن کۆکردۆتەوە، کەچی ئەڵی نەکـا فرۆکەی ئێرانی بتـان کوژێت؟! دیـارە بۆ ئەوە بووە نەکا کوردەکان بەتـایبەت پیاوەکان و گەنجەکان بەتەمای شـــتێک بن، کێشـــە بۆ ســەربازگەکە دروووســت کەن (نزیک حەوت ڕۆژێک لەوێ ژیانمان بردە ســـەر. دوای ئەو چەند ڕۆژە لە قۆرەتوو، نیوەڕوانێک دەســـتمان لە نان خواردندا بوو، ئەوەنەمان زانی چەند ئۆتۆمبیلێکی ســـەربازی داخراو و زیل و ئیڤا خۆیـان کردە بەناو ســـەربازگەکەدا، خەڵکەکە شـــڵەژاو کۆکراینەوە، ناومانیان دەنووســـی و هەر شـــەش حەوت خێزانێـک بۆ نـاو ئۆتۆمبیلە داخراوەکـان، من و دایکم و عەبدڵڵای برام و پەیمانی خوشکم لەگەڵ چەند خێزانێک لە ئۆتۆمبیلێکدا سـوارکراین ! (با ئەمەمان بیر نەچێت، باوکم و محمەد برام لەگەڵ چەنـد خزمێکـدا، لە نزیـک پردی قوریچایی ئەوان بەڕانەکانەوە لە ئێمە دابڕان، پێشـــئەوەی بگەین بە کفری، لە قنگربان، ڕێزان خوشـکم و گوڵستانی خاڵۆزام ئەوانیش لێمان دابڕان لەگەڵ مام فەریق حەســـەن نەریمـان ئۆتۆمبیلێکی هەبوو، چەنـد کەســـێکی تردا، خستیانیە ناو ئۆتۆمبیلەکەی، منیش لە گەڵیاندا سەرکەوتم، منیان دابەزاند بە هۆی ئەوەی با بازگەی حوکومەت شـک نەکەن، ئۆتۆمبیلەکەش بـاری زۆرە، پیـان وتم چـاوەڕێکە ئێستا دێمەوە با جاری ئەمان ڕزگار بکەم، دێمەوە ئێوەش دەبەم، پێشـــئەوەی مام فەریق بێتەوە بۆ کاروانی دووهەم، ئێمەیان برد بۆ قاتعەکەی کفری، بەم شـــێوەیە خێزانەکەی ئێمە بوینە ســـێ بەشـــەوە، باوکم و محەمەد لە پردەکەی قوریچـای دابڕان لێمان، ڕێزانی خوشـــکم لە گەڵ چەند کەســـێکـدا مـام فەریق ڕزگـاری کردن، من و دایکم و عەبدڵڵای برام و پەیمانی خوشکم وا لە قۆرەتووین سواری ئۆتۆمبیلی سەربازی کراوین و نازانین بۆکوێمان دەبەن و چیمان بەسەر دێت) ئەو ئۆتۆمبیلەی ئێمەو چەند خێزانێکی تری تێدا بوو . ژنێکی تێدابوو ناوی (لەولاو)بوو خوشکی عەدنان حەمەی حەمید بوو، کە سێ برای شەهید ببوو، زۆر نەخۆش بوو، هەر لەو کاتەوە کەسواری سەیارەکان کراین هاواریدەکرد و بەدەم ئازارەوە تلاییەوە ئێســـتاش هاوارو نـاڵەی لە گوێمدا ئەزرنگێتەوە. بەڕاســـتی ڕۆژانێکی زۆر ناحۆشـــبوون . خەڵک ئەگریا ژن لە خۆی ئەدا لەش لەبان لەشبوو لە ناو ئۆتۆمبیلەکان.

ئۆتۆمبیلەکـان : کەوتنە ڕێ، ئێمەر نـازانین بۆ کۆمیـان دەبەن جارجار لە ســـوچێکەوە تەماشـــامان دەکرد یان چـادرەکە کونی تێـدا بوو خەڵـک لیـدەڕوانی، دوای ڕۆیشـــتنێکی زۆر گەیشـــتینە، کـاریز خوار کفری، کە گەیشتینە ئەوێ زانیمان سنووری کفرییە !

خەڵکی کاریز زۆربەیان هاتبوونە بان جاداکە . ئەگریان و ئێمەی ئەدی ئاوا لە ســیارەی داخراوی ســەربازیدا . ڕز ووەستاوە لە خۆیانیان ئەدا . ئێمەش بەو دیمەنە ئەوەندەی تر بێ هیوا بووین . قیژەی ژن و نـاڵەی پیـاو زیـادی دەکرد.(لەبیرمە ئەگەر هەڵە نەبم حەمەو ئـدریس جەبـار مەیخانم لەگەڵ بوو.) لە کاریز ڕەت بووین، بەڕەو ڕێگای دوزخورماتوو دەچین، کاتێک گەیشـــتینە نزیـک پردی قوریچای، بە چەپ و ڕاســـتی قەراخی ڕێگاکەدا، ماڵ و ئەشـــیای کورد لەوێ دانرابوو، مەڕوو مانگا کۆکرابونەوە، ئەوەنـــدە زۆر بوون لە ژمـاردن نەدەهـاتن، دیتنی ئەو دیمەنـــانە، تەواو بـــارودۆخی خەڵکی خراپ کرد . ژن دەگریاو بە دەم لایلایەو لاوانەوە لە خۆی ئەدا، پیاو بەدەم بانگوسەڵاوە ئەیدا بەسەر خۆیدا، ئەو ئەشیانەی، کە لەوێ کۆکرابونەوە، هەموو هی ئەو خەڵکە لێقەومـاوو دەربەدەرە بوو، کە هاتوونە خۆیان بەناچاری ڕادەســـتکردووە، چۆن نیگەران نەبین بە و دیمە، ئـاخر ڕۆژگایـک ئەو ئەشـــیاو جلوبەرگانە هاوڕێ ئێمە بوونە، پێخەفەکان، شەوانی زستان ئێمەی دادەبووشی لە باوشی دایکماندا، لە ناو خانوویەکی گڵدا بە ئاسـودەیی خەومان لێدەکەوت، ئەوەتا ئێستا لەناو ماشێنی سەربازی داخراودایین، لەش لەبان لەشە، سەرمایە و کەس نازانێت چیمان بەســـەردێت، چۆن نیگەران نەبین بە بینینی، ئەو هەموو ئـاژەڵە، ئـاخر ڕۆژگـاریـک، هەر لە بەیـانیەوە هەتـا ئێوارە ئەو خەڵکە ڕەنجی دەداو ژیـانی لەســـەر بەروبوومی ئـاژەڵاکـان و خەڵەو خەرمـان بوو، بەڕاســـتی ڕۆژانێکی خۆش بوو، ئێمەی لاوەکانی گوند دەگووینە لای بڕێک کارو بەرخ ســـاوا لاوانیمان دەکرد بەڕمبازکێ دەهاتینەوە لای دایکم یان خوشـــکەکانمان لەتێ نـانی گەرمـان دەخوارد لە پاڵ تەنویربانەکە. بەڵام ئەوەتا ئێســـتا بڕێکی عەرەب پاســـەوانمانە و مۆڕەمان لێدەکەن، ئەوەی پایەکی لار دانێت، بە قۆناخە تفەنک تێبەردەبن و شـــینو مۆری دەکەنەوە. وردە وردە دونیا تاریک بوو لەو قۆریچایی دوور کەوتینەوە، هەتا دێت لە خاک و جێگای بـاو بـاپیرانمـان دوردەکەوینەوە هەتـا بێت لە چاو گووم دەبوون. ئێمە لە کوونی چـادرە دڕاوی ئۆۆمبیلەکـانەوە . ئاواتمان بۆ ئازادی دەخواسـت و هاوشـێوەی بولبولێک لە قەفەزێکـدا، بەڵام هەتـا بێـت قەفەزی ژیـانمـان بچووک دەبوویەوە لە مردن نزیکتر دەبینەوە.

دەزانین بەرەو ڕێگـای دووزخورمـاتوو دەچین، بەڵام نازانین، چ کات دەمان کووژن یان بەچی شێوەیەک ئێمەی کوردی بێتاوان لە ناو دەبەن، گەیشـتینە جێیەک بەم بەرو ئەوبەردا گڵۆپ بوو، پێم وابوو دووزخورمـاتووببێـت. خەڵـک تەماشـــای دەکردین، ماق دەیان ڕوانی، لە هزری خۆیاندا دەیان وت دەبێت، ئەم ئۆتۆمبیلانە کێ تێدا بێت، بۆ بەسەرباز پاشوپێشیان گیراوە.

بەشی پێنج

کاتێک لە قۆرەتوو بەرەو ســـەربازگەی تۆبزاوا براین، هەموو ئەو کەلوپەلەی پێمان بوو لێیان ســـەندین و لەگەڵ تراکتۆرەکـانـدا بەجێمـان بەوەدا دیـاربوو ژیـانمـان بەرەو خراپتر دەچێت، تەنانەت نەیانهێشـــت خواردنیش لەگەڵ خۆماندا بەرین بۆ ڕێگا، مەگەر کەســـێک جنتایەک یان جـاخێکی لەگەڵ خۆیـدا هێنـابێت، ئەوەیش زیـاتر پـارەو پوول و ئاڵتوون و ناســـنامەیان تێدابوو، ئەویش ئەگەر هەیان بوبێت.[20]

بەناو دووزخورماتودا بردمانیان. جارجار لەکوونی چادری ئیڤـاکەوە ســـەیرمـان دەکرد، بزانین بۆ کوێمـان دەبەن دیاربوو خەڵک لەو ڕەتڵە ســیارەی دەڕوانی کە بەســەرباز گەمارۆدراوە (تەوق کراوە) زۆر هیلاک وماندووین، سەیری هەر کەسێکت دەکرد یان دەگریا یانیش بەدەم هەنسکەوە

[20] ئەم گریمـانەیەی مســـتەفـا زۆر وردو جێگەی تێڕامـانە، چونکە بەزۆری گوندنشـینەکانی گەرمیان هەژاربوون و پارەوپولێکی زۆریان نەبوو، داهاتیان هەرئەوەندەبوو بەشـــی ژیانێکی هاکەزایی بکات، زۆربەی زۆری ژن و پیاوەکانیش گرێبەستی هاوسەرگییریان نەبووە بۆیە منداڵەکانیشیان پێناسی باری شارستانی و ڕەگەزنامەی عێراقیان نەبووە بۆیە مستەفا وەک شایەتحاڵێکی وریا چیرۆکەکە دەگێڕێتەوەو دەڵێت ئەگەر هەیانبووبێت.- عومەرمحەمەد

بوو، پیاوەکان کۆڵی نائومێدیان لە کۆڵبوو، ژنەکان باوشیان بە منداڵەکانیدا کردبوو، دیاربوو ئەوە دواهەمین ئامێزە کە جەرگەکەی لەباوش دەگرێت، ئێمەی لاو ماقمان پەڕیبوو، تەنها تەماشای ئەو ڕووداوەمان دەکرد بەسەر خێزانەکانماندا دێت . من بیرم لای باوکم و محەمدی برام بوو، بەخۆم دەوت وا من ئێستا لە ناو سیارەدام و خۆشمان نازانین بۆ کوێمان دەبەن، ئەی ئێستا ئەوان چیان بەسەرهاتووە، دەبێت کاتێ لە قوریچایی لە ئێمە جیابوونەوە چییان بەسەرهاتبێت؟ یان دەبێت ڕێزانی خوشکم ئێستا لەماڵی کێ بێت لە کفری ؟ لە ناکاو سەیارەکە تاسەیەکی دەکردوو، منی لە خەیاڵ دەهێنایەوە بۆ بەندکراوێکی بێدەسەڵات، ئەوەی بۆمن تۆزێک جێگای دڵخۆشی بوو، کە هێشتا سێ لە خێزانەکەم لەگەڵدایە، لە ناکاو ژنێک دەیکردە فیزاح و لەخۆی ئەدا، پیاوێک باوکەڕۆی لێهەڵدەسا، نەخۆشێک بەدەم ئازارەوە هاواری بۆخواەدکرد منداڵ بۆ لەتێ نان بەدەم لوشکوهوڕەوە خەوی لێدەکەوت)ئێمە شتی وامان نەدیبوو، ڕۆژگارێک لە ئاوایی، هەموو خەریکی ژیانی ئاسایی خۆمان بووین !بە خۆمان دەوت کوا ڕەشبەڵەک و هەڵبەڕکێی شایی ئاوایی؟

کوا قورکاری و دوو سواقە ؟

کوا دەرەوو هەرەوەزی مەڵۆ نانەوە ؟

کوا دەمەتەقێی شەوانی پایز ؟

کوا کۆبونەوەی خەڵکی ئاوای ؟

ئەوانە هەموو بوونە یادگاری و ئێمە ئێستا وا لە ناو زیل و ئیڤاو ئۆرماڵدا تەقەی سەرمان دێ و بەندکراوین تەنها تاوانمان ئەوەیە کوردین لە وڵاتێکی عەرەبیدا .

ئەوەنەمان زانی سیارەکان وەستان، دیاربوو گەیشتوین بە شوێنێک، ئێمە نازانین کوێیە، ئەگەریش ڕۆژ بواییە مەگەر پیاوەکان یان کەسێکی بەتەمەن بزانێ کوێیە، چونکە ئەوان دونیادیدەتر بوون. شوێنەکە مەعسکەرێک بوو، بە سیمی ڕەبایە نزیک سێمەتر بەرزی تەنرابوو، مەگەر باڵندە بتوانێ لەو تەلبەندە تێپەڕێت ! بە تێهەڵدان و تف لێکردن و پاڵنان و لێدانی قۆناخە تفەنگ، گراینە ناو ئەو سەربازگەیە (معسکر)ەوە، خوا هاوار دادەی بێدات لەو ڕۆژانە کە بەسەر ئەو خەڵکەدا هات. پێشتر باران باری بوو، ئەو ناوە هەموو، ئاو قورەلیتەبوو، بەزۆر کۆمەڵ کۆمەڵ لەناو ئەو ئاوقوراوەدا دایان نیشاندین، ئەفسەرو سەربازەکان زۆر زۆر خراپ بوون لەگەڵ ئەو خەڵکەدا، ئەمانە زۆر بێویژدان بوون وەک ئەوانەی مەعسکەری قۆرەتوو نەبوون، ئەوان هەرچۆن بێت باشتر بوون، هەربەگەیشتنمان بەوێ، نەهامەتی و لێدان دەستی پێکرد، هەرکەس بە پایشەوە بوەستایەت بە لێدان وبە شەق و تفەنگ لێیاندەدا، هەر بە وشەی کوردی ئەیان ووت دانشە! ئەوشەوە خەڵکیان زۆر ئەشکەنجەدا، زۆیان لەخەڵکدا، سەربازەکان جیاوازبوون، کەتەو نابووت دیار بوون، هەر یەکیان جەلادێک بوون، زۆریش بوون بەسەر ئەوخەڵکدا دابەشکرابوون و دەوردرابووین بەسەربازی بێویژدان. هەر ئەو شەوە هەموو ئەو جانتا و کەلوپەلەی بە خەڵکەکە مابوو هاتن لێمانیان سەندو بردیان، بە زۆر وەریانگرتوو بردیان، پیاوەکان و ژنە بەتەمەنەکانیان کردە قاعەوە بەجیا، ژن و منداڵ و کچ بەجیا، پیاوی گەنج بەجیا، من ئەو کات تەمەنم سیازدە ساڵ بوو، جنسیەم پێماوە ئەوەی وا لە قوریچایی باوکم پێدام ! بەلیدان خەڵکیان جیادەکردەوە بە بەرچاومەوە شەقیان لە پیاوی بەتەمەن هەڵەدا، ڕەنگە تەمەنی حەفتا ساڵ زیاتر بووبێت. ئەیاندواوە ناو دەم خەڵکا پڕدەمیان لە خوێن دەکرد بەزۆر خەڵکیان دەکرد بە قاعەکانەوە، هەرچەند جێگا نەبوو ڕێگاە نەبوو هەنگاو بنێین، بەڵام بەزۆر خەڵکیان ئەتەپانە قاعەکانەوە، ئەفسەرێک کە پلە داربوو، جلێکی سەوزی سەربازی لەبەر بوو، سێ چوارکەسی لەگەڵ خۆی هێناو لەسەر کورسی دانیشت، پیاوێکی ئاوا سەروڕیش سپی وەرگێڕیان بوو، دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوە لێمان. پێیانوتین، ئەوەی برایە با بچنە قەد یەک و بەڕیز بووەستن. بیرمە یەکەم کەس نۆرەی پیاوێک هات ناوی کەریم بوو، پیاوێکی قۆزو قیت بوو، قاتێکی کوردی جوانی لەبەربوو، جامانەیە بەسەرەوە بەستبوو

ئێمە بەڕیز دانیشتووین و چاوەڕێ دەکەین سەرەمان بێت.بانگی یەکەم کەسیان کرد، پرسیان لێی

ـ ناوت چییە ؟ وتی کەریم فلان کوڕێ فلان.

ـ خەڵکی کوێت ؟ بەلەگە.

ـ ئیشوکارت چییە ؟ شوانی و فەلاحەت.

ـ پێشمەرگەی ؟ نا

ـ پێشمەرگە بویتە ؟ نا
ـ هاوکاری پێشمەرگەت کردووە ؟ نا
ـ پێشمەرگە هاتۆتە لاتان ؟ نا
ـ نان و ئاشتان بۆ پێشمەرگە کردووە ؟ نا
ـ بەشداری شەرتان کردووە لەگەڵ پێشمەرگە ؟ نا
ـ ئەی پێشمەرگەت دیووە ؟ وتی نا.
ـــــــ چۆن ئەمانت نەکردە نەدییووە ؟ وتی ئەوەی وتم ڕاستییە.
چەند جارێک دیسانەوە لە مام کەریمیان پرسییەوە، تەنها بۆ ئەوەی بڵێت پێشمەرگەم یان شتێکم دیووە یان هاوکاری پێشمەرگەم کردووە، بەڵام مام کەریم ئەوەی ڕاستی بێت هەرئەوەی وت.
وەک گورگی برسی بەربوونە مام کەریم،
لەناو ئەو ئەو قوڕەدا وە لەقە چوونە بان بەسەرو زگی بە شەش حەوت کەسەوە ئەو جەلادانە لیاندا، ئەمە تەنها بۆئەوەی شتێک بڵێت دەربارەی پێشمەرگە، یان بۆ ترساندنی ئەو خەڵکە، کە چاوەڕێن سەرەیان بێت بۆ لێکۆڵینەوە. ئێمەش وا چاوەڕێن نۆرەمان بێت

بەشی شەش

هەر کە گەیشتینە تۆبزاووە، سەرباز لێمان کۆبوونەوەو لێدان و ئەشکەنجەدان و ئیهانەکردنمان دەستی پێکرد، ژن و منداڵیان لە پیاو گەنج جیاکردەوە، من و عەبدوڵای برام لە دایکم و پەیمانی خوشکەکەمان دابڕاین، ڕیزیان کردین بۆ لێکۆڵینەوە، یەکەم کەس تەحقیقیان لە مام کەریم کرد، دوای لێدانێکی زۆر لە مام کەریم، خەڵک تەواو چاوترسێن کرا، یەکێک لەو ئەفسەرانە کورسێکەی ژێریی لەسەر مام کەریمدا شکاند.) مام کەریم باوکی هێمنەڕەشی خەڵکی بەلەگەی ژووروە (زۆر زۆریان لە مام کەریمدا، لە نزیکمان کەوت بوو، تەنها دەمانزانی نەمردووە دەمانبینی کە هەناسە دەدات، کەسیش نەیدەوێرا بچێت بەلایەوەو هاوکاری بکات هیچ نەبێ لە ناو ئەو ئاوقوڕەلیتە دەری بێنێت. سەربازە جەلادەکان، مام کەریمیان کردە ناو بەتانییەکەوە بردیان، کردیانە ناو قاعەکانەوە، دوای مام کەریم، نۆرە نۆرە بۆ تەحقیق کردن سەرەمان نزیک بوویەوە، ئەوەی نۆرەی دەهات، زۆربەیان ڕاستیان دەوت. خەڵک ناحەقی نەبوو، چونکە بەدڵی ئەوان قسەیان نەکردایەت وەک مام کەریم لێمانیان دەدا
دوای چەند کەسێک نۆرەی عەبدوڵای برام هات.
ناوی سیانیان نووسی
وتیان پێشمەرگەی ؟
عەبدڵای برام وتی بەڵێ
وتیان هاوکاری پێشمەرگەتان کردووە ؟
عەبدڵای برام وتی بەڵێ مەرجەی تفەنگمان لەماڵدا بووە . زۆر پرسیاریان لێیکرد، عەبدڵای برام بە ناڕاستەوخۆ پیانی وت بەڵێ بە هەموو شێوەیەک دژی ڕژێمی صەدام دەوەستینەوە، حوکومەت بۆ ئاوایمان بڕوخێنی ئێمە بو دیفاع لە خۆمان نەکەین، پێیانی وت ئێمەش مرۆڤین و حەقی ژیانمان هەیە. کە نۆرەی من هات، کردیانە پەلماو بردمیانە بەردەم ئەو لیژنە دڕندەیە
پرسیان:

- ناوت چییە ؟
- مستەفا حەسەن فەتاح
- تەمەن ؟
- سازدە ساڵ

سەیرێکی جنسێکەمی کرد ئینجا بە تۆڕە بوونەوە پرسی.:

- بۆ تۆ هاتووی بۆ ناوئەمانە ؟
- ئەی خۆتان نەتانوت ئەوەی بران بابچنە لای یەکترییەوە؟
- ئەی دایکت کوا ؟
- نازانم دایکم و خوشکەم لەکوێن ! بەس ئەوە براکەمە عەبدوڵایە.

ئەفسەرەکە وتی ئەمە تەمەنی منداڵــــە، بیبەن بۆ ناو ژن و منداڵەکان. بە عەرەبی هەندێ قسەی تری کرد
ئەوەنەم زانی سەربازێکی کەتەو باڵابەرز هات، کردی بە پشتەملما هەتا پێش قاعەکانی ژن و منداڵەکان. بەراکێشان بردمی و
وتی کوا کامە دایکتە ؟ چاوم گڕدا دایکمم بەرچاوت کەوت و دۆزییانمەوە .
لەوێش، تەحقیق کردن دەستی پێکرد، خێزان خێزان . لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرا، هەموو جۆرە پرسیارێکیان

دەکرد خێزانەکەی ئێمە تەنها سێ کەس ماوینەتەوە پێکەوە.
نۆرەی ئێمە هات و لە دایکمیان پرسی ؟
- ناوت چییە ؟
- دایکم واقی ورمابوو، لە پەل و پۆ کەوتبوو، نەیدەتوانی بێتە زمان وەک ئەوە وابوو شەووە گرتبێتی! بە وەرگێڕەکەم

ووت : لەگەڵ منداَ قسەبکە دایکم ناتوانێ قسەبکات، تەواو تراسابوو، هیلاکی و بیننی ئەو لێدانە لە خەڵک و سەرماو برسێتی تەواوکاری تێکردبوو، ئەوە بۆ دایکم و زۆربەی خەڵک هەروا کاریگەربوو.
دەستیان کردە پرسیار کردن، بەڵام ئەمان وەک لای پیاوەکان و گەنجەکان نەبوون، لەژن و منداڵیان نەدەدا، ئەوەی من دیم لەلای پیاو و گەنجەکان چۆن لە خەڵکیاندا لێرە جیاواز بوو، بۆیە دەتوانی بەدڵی ئەوان قسە نەکەی، (منیش قسەکەی باوکم بیرە لە قوریچایی وتی پێمان هەرچیان پرسی ئاوا و ئاوابڵێن.
پرسیان :
- ناوت چییە؟
- مستەفا
- چەند کەسن؟
- دوو براو دوو خوشک.
- ئیشوکاری باوکت چی بووە ؟
- خەریک فەلاحەت و مەڕو مااڵت بەخێوکردن بوو.
- ئەی براکانت ئیشوکاریان چییە ؟
- شوانی و هاوکاری باوکم بوون.
- ئەی خۆت ئیش چیدەکەی ؟
- ساوا لاوانی و خوێندن.
- لە پۆلی چەندی ؟
- پۆلی پێنج

دوای هەندێ وردە پرسیاری تر، لە کوتایی وەرەقەکەدا پەنجە مۆریان پێکردم. دوای تەواو بوونمان لە تحقیق، کراینە ناو قاعەیەکی تەوە خەڵکی زۆری تێدا بوو. دەرگایان لێ داخستین. قاعەیەکی زۆر پیس بوو هەر چەند گەورەبوو، بەڵام پیسی و مێز تەواو قاعەکەی بۆگەن کردبوو. مەجال کەسیان نەدەدا بچێتە سەر ئاو. ئەوەی داوای چوونە سەر ئاوی بکردایە بەلێدان و کووتەک وەڵامیان دەداییەوە. ناچار خەڵکەکە پیسی دەکردە ژێر خۆی، نزیک دە پانکە ئیشی دەکرد و پەنجەرەکان کرابوونەوە هەر بێسوود بوو، هەرچەند دنیا سارد بوو، بەڵام زۆری خەڵکەکە قاعەکەی گەرم کردبوو. بیرمە پیاوێکی کوێر هەر دوو چاوی نەبوو، دەیان برد بۆ پێش دەرگاکە، داوایان دەکرد هاوکاری بکەن تا نەختی پاکی کەنەوە، حەرەسەکە دەیوت مەمنووع، مەنووع (ئەو شەوە هەر چۆنێک بێت لە ناو ئەو قاعە بۆگەنەدا ڕۆژمان کردەوە، بۆ بەیانی دەرگایان کردەوە ...
وتیان بەڕیز بوەستن، منیش هەستام بۆ ئەوەی، بچمە نۆرەکەوە، لە کاتی هەڵسانمدا سەرم بەر لێواری دەرگای پەنجەرەکە کەوت و سەرم زۆر بە سەختی شکا، دایکم بە پەتەسۆ خوێنەکەی ڕاگرت و بەسەرپۆشەکەی سەرمی پێچا، دواتر چوینە ڕیزەوەو نۆرەمان هات، ناوی دایک و پەیمانی خوشکمیان نووسی و گەیشتە سەرەی من و سەیرێکمیان کردوو، کەمی چپانیان بەیەکدا. بە منیان وت تۆ بچوو بۆ قاعەی گەنجەکان !
وتم ناچم من گەورە نیم، تەمەم سیازدە ساڵە، ناتوانم ناچم، باوشم کرد بەدایکمدا تا لە دایک و خوشکەکەم جیام نەکەنەوە، ئەوەنەم زانی دوو عەسکەر، هاتن کردیان بە باڵمدا وا ڕامیان تەکان دەستم لە دایکم بەربوو، پەیمانی خوشکم و دایکم کردییانە قیژەوپاڵ، دایکم بۆ لای من هات تا نەهێڵێت من ببەن، پاڵێکیان ناوە دایکمەوەو کەوت بەزەویدا منیان وە ڕاکێشان برد بۆناو قاعەی گەنجەگان، فرێمیان دامە ناو قاعەکەوە، قاعەکە پڕبوو لە خەڵک بەزۆری گەنج بوون.

بەشی حەوتەم

لەو ساتەوە جیابوونەوەم لە تەواوی خێزانەکەم دەست پێدەکات، زۆر لام ناخۆش بوو، تەواو هەستم بە بێکەسی و غەریبی دەکرد، بەناو ئەو خەڵکەدا چاوم گڕدا هەتا خزمێک، کەسێک بناسم و هیچ نەبێت، کەسێکی ناسیاو هەبێ دڵم پێیبکرێتەوە، قاعەکە پڕبوو لەخەڵک زۆربەی هاوتەمەنی خۆم بوون، دەسااڵ بۆ پانزەو شانزە، ژن و منداڵیشی تێدابوو، من لە دایکم و پەیمانی خوشکم

جیاکرامەوە گوایە من گەورەم و نابێت لەو قاعەی ئەوانبم. هەر چاو گرەدەم و سوڕدەخۆم هەتا کەسێکی ناسیاو بدۆزمەوە، ئەوەنەمزانی ئدریس و محەمەدم بەرچاوکەوت، ئەوانیش خەڵکی ناوچەکەی خۆمان بوون، هەر لە سنووری ئاواییەوە پێکەوەبووین، هەتا قۆرەتوو، دواتر کاتێک کراین بەناو سیارەکانەوە لەیەک جیابوینەوە. ئەوان بانگیان کردم وتیان مستەفا ؟ مستەفا ؟ وەرە بۆ ئەیرە وەرە مەترسە! چومەلایان و باوشم پێیاندا کرد و زۆر دڵم پێیان کراییەوە، لە ناو ئەو حەشاماتەدا هەر باشە کەسێک بناسی و دوو هاوڕێی ناسیاو گەنج لە تەمەنی خۆتا بدۆزیتەوە کەم نییە. ئەوە بۆمن باش بوو، وەک چۆن بڵێت کەسێک مەلەوانی نازانێت و دەکەوێتە ئاوێکەوە، لەپڕا پێی دەکەوێتە سەرتاژە بەردێک و لەسەری ڕادەوستی و لە خنکان ڕزگاری دەکات. بۆمنیش دۆزییەوەی ئەوان ئافاق -ئاسۆیەکی باش بوو. لە ئەحوالّی یەکمان پریسی و دەردی جیابونەوەی یەکتریمان لە خێزانەکانمان بۆ یەک باسکرد.

ناسیاوێکی تریشم دۆزییەوە ناوی قادر بوو، خەڵکی بناری گل بوو، ئەو دەستێکی شکابوو لە مللیدابوو، قادر لەکاتی لێدان و کەوتنی لە سیارە ئیڤەکان دەستی شکابوو، هەر چوارمان لە سوچێکی قاعەکەدا دانیشتبوین. ئەم قاعەیەش وەک ئەو قاعەی یەکەم شەوەمان نەبوو، پرست دەکرد و دەچویتە سەرئاو تۆزیک لەو بەندیخانە گەورەتر بوو تارادەیەک ئازادیەک هەبوو لەم هەرچەند وەتەبەقە خۆڵی تێدا بوو بەڵام چونکە پیسی و میزی تێدا نەکرابوو، لەچاوئەوانەی تردا پاکتربوو. بۆ نیوەڕۆ هەندێ خواردنی ژێردەستەمان دەست کەوت و خواردمان، ئدریس و محەمەدو قادریش وەک من لە خێزانیان دابڕابوون، جارجاریش لە پەنجەرەکانەوە سەیرمان دەکرد هەروا سیارەی کۆستەر وئیڤاو زیل دەهاتن و خەڵکی تریان دەهێنا، ئێمە نەماندەزانی بەعس خەریکی سڕینەوەی نەتەوەیەکە. بێئاگاین لەوەی خەریک دیموگرافیای ناوچەکە بۆ هەتاهەتایە دەگۆڕێت، کێ دەیزانی کورد لە جینۆسایدایە ؟ ئەوەی ئێمە دەمانزانی کوردین و دیلی دەستی عەرەبێکی شۆفێنین !

دوای نیوەڕۆ دەرمانیان کردە دەرەوەی قاعەکە.

ئاویان هێناو فرچەو گزیان هێنا، هەتا بەردەم قاعەکان و ناوەوەی پاک بکەینەوە، لەکاتی پاکردنەوەدا ئاوێنەی بچووک و مقەسی بەرباخەڵی پیاوان زۆر لەو ناوە کەوتبوون، هەموویمان کۆکردەوە دەمانکردە ناوحاوێکەوە دواتر بۆ ناو چاڵە ئاوەکان، ئەوەنە شانەو ئاوێنە و مقەستی بچووکمان فرێدا، بەسەر چاڵە ئاوەکەدا کەوتن، هەمووی هی ئەو پیاو و کورە گەنجانە بوون، کە بۆ کەشخەیی و خۆچاک کردن و ڕێکخستنی ڕووخساریان لە بەخەڵیان کردبوو، بێجگەلەوانە بانقات و پشتوێنی بچراوی زۆر لێبوو، بەعسییەکان حەزیان لە جلی کوردی نەدەکرد، بەتایبەت پشتوێن و جامانەو بانقاتی پیاوان.

ئێمە کە کۆمەڵێک گەنج و هەرزەکاربووین، ئەوناوەمان پاک دەکردەوە، لەکاتی فرێدانی شتەکان بۆ دەرەوەی قاعەو سجنەکە، کاتێک بە پێشی قاعەکاندا دەچووینە لای بەندکراوەکانەوە لە پەنجەرەکانەوە قسەمان لەگەڵ خەڵکی ناو قاعە جیاوازەکان دەکرد، بۆ ئەوەی لە ئەحوالّی یەکتر بزانین، ئەمان چرپاند بەگوێی یەکدا، پرسیارمان لەیەکتری دەکرد لێمان دەپرسین خاڵۆ خەڵکی کوێن ؟

دەیانووت خەڵکی بناری گل یان ناو جاف یان خەڵکی ناو زەنگەنەین یان دەیانوت خەڵکی ناو داوێ و فلّان ئاوایی، بەدەم ئیشکردنەوە ئەمان پرسی چیمان لێدەکەن، ئەیانووت نازانین، یان ئەمانپرسی ئەی خاڵۆ ئەمرە کوێیە ؟ دیسان کەس نەیدەزانی، لەناکاو سەرباز دەهاتن بەشەق و پاڵ دەهات پێماندا و لێمانی دەخوڕێ ئیشەکەتان بکەن و ئەوناوە پاک بکەنەوە.

ـــ لە ژێر قاعەکاندا ژێر زەمینێکی لێبوو. خەڵکێ زۆریان دەکردە ئەوە ژێرزەمینەوە، بەتایبەت پیاو و گەنجی حەقدە سااڵ بۆ سەرەوە. خەڵکیان دەکردە ئەوێوەو دەرگایان لێدادەخست.

ـــــ ئەو ژێر زەمینەی کە پیاوو گەنجەکانیانی تێدابوو، جارجار دەرەگایان دەکردەوە، تا بچنە سەرئاوکردن، بەڵام چۆن دەبێت دەستی یەکتر بگرن و بەڕاکردن زوو بچنو زوو بێنەوە، ئەوەی یەک چرکە دوا بکەوتایەت یان بوەستایە، بە دەسەرباز لێیان دەدا.

بیرمە پیاوێکی باڵابەرز نەخۆش بوو (پێم وابێت حەمەعەلی عەلیان بوو، پشتوێنەکەیان بە چەقۆ بە پشتێووە

کووت کووت کرد، بانقاتەکیان لەبەریدا بە دڕاندن داپڵۆسا، ئەیوت نەخۆشم ناتوانم بە ڕاکردن بچم بۆ سەر ئاو، گوێیان بە نەخۆشی نەئەدا و بە کێبڵ لێیان دەدا هەتا نەوەستێ و بەڕاکردن بچێت بۆ سەرئاوو بگەڕێتەوە، هەر چیکرد نەیتوانی ڕاکات و بچێت بۆ سەرئاو، بەبەرچاومانەوە، ئەوەندەیان لێدا هەرمەپرسە، ئەو جەلادانە ئەو کابرا نەخۆشەیان بێکەس کوژ کرد، دوایی بەتانییەکیان هێناو کردیانە سەر بەتانێکەو فڕێیانداییەوە ناو ژێزەمینەکە. بەداخەوە ئەوەی باسم کرد و وتم تەواو شێوەی لە حەمە عەلی عەلیانی دەکرد. حەمەعەلی لە شاڵاوی سێی ئەنفالدا گیرابوو، دوای ڕزگار بوونی لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان، لە شەڕی نێوان ئیسلامییەکان و یەکێتیدا لە ناو شاری کفری بەدەستی ئیسلامێکان شەهید بوو، ئەوشایەتحاڵە گرنگەش کەوتە بەرگوللەی قەناسی ئیسلامێکان).[21]

خەڵکی ناو ئەو ژێر زەمینە، فشاری تووندیان لەسەر بوو، دیاربوو ئەوان حەزیان لەو جیللە نەدەهات کە حەقدەساڵ بۆ پەنجا دەبوون، ئەوەی تۆزێک سیمای لە پێشمەرگەی بکردایە و یان لەکاتی لێکۆڵینەوەدا وتبێتی پێشمەرگە بوومە، یان هاوکاری پێشمەرگەو شۆڕش بووم، لەوێ بەندکرابوو، ئەوانە ئەشکەنجەی قورس دەدران.

بەشی هەشت

ـــــ دوای پاکردنەوەی قاعەکان نزیک پێنج شەوێک لە تۆبزاوا ماینەوە، من هەر بەتەمای ئەوەم دایکم و پەیمانی خوشکم بدۆزمەو، ئەو چەند شەوە بۆمن هەر شەوێک بە مانگێ تێپەڕی، منێکی هەرزەکار قەد ئەوەندە لە خێزانەکەم دانەبڕاوم، هەمیشە چاوم گڕ ئەدا تا دایکم و پەیمانی خوشکم یان عەبدڵڵای برام ببینمەوە، یانیش گوێم لە یەکێکیان بێتو لەناو ئەو خەڵکە زۆرەدا بڵێت مستەفا مستەفا وەرە یان بێژن، ئەوە مستەفامان دۆزییەوە. دابڕانم لە خێزانەکەم بۆمن زۆر ناخۆش بوو، هەمیشە ئەوان لە خەیاڵم بوون، منداڵێک بانگی دایکی دەکرد من لای خۆمەوە دەچوومە ناو خەیاڵەوە، خەیاڵ چی خەیاڵێک دەچوومە ئەوکاتەی لە ئاوایی سەرم لە باوشی دایکمە و دەستی دێنێت بەناو قژەکمدا، یان ئەوکاتانەی دایکم دەیووت ئا مستەفا گیان بچۆ بزان مامرەکان هێلکەیان کردووە تا بۆ ئێوارە هێلکەو تورشێکتان بۆ لێنێم، کاتێک دەهاتمەوە هۆشی خۆم تەماشا دەکەم من تەنهام و وا لە ناو بەندیخانەیەکی گەورەدام نە باوکم دیارە و برا نەخوشک نە باوشی دایک.

شەوێک ئاوا کاتی نزیکی دەی شەوبوو، درا لە سافیرە، بە پۆستاڵ و لەققە لێدان هاتن بەقاپێکاندا، خەڵکیان لەخەو هەڵسان، هاوار هاوار دەستی پێکرد، ئەم لەو دەپرسێ بۆکوێمان دەبەن ؟ ئەو دەپرسێ چی بووە ؟ مەسەلە چییە ؟ ئەوەی وەڵامی دەزانی تەنها دارودەستەی بەعسی بەندینخانەکانمان بوون. هاتنە ژوورەوەو لیستی ناویان پێبوو .پێیان وتیان خۆتان کۆکەنەوە. زۆری نەبرد دەستکرا با ناو خوێندنەوە، فلان کوڕی فلان، فلان کچی فلان.

سیارەی مقەپەت حازرکرابوو، یەکێ نا، دووان نا دەیان سیارەی داخراو ئامادەکرابوو، منیش لەدڵی خۆمدا وتم بەڵکو دایکموان بدۆزمەوە لەم گۆڕانکاریی وشوێن گۆڕێنەماندا. ناویان خوێندنەوەو کراینە ناو سیارەی داخراوەوە، تەنها کوونێکی بچووک هەبوو ئەویش تەنها بۆهاتنە ژورەوەی هەوابوو بۆ ئەوەی نەمرین و هەناسەمان بۆ بێت، لە سجنی تۆبزاوا دەرکراین و نازانین بۆ کوێمان دەبەن، هەتاگەیشتین ڕێگایەک بۆ ئێمە نەناسراو بوو، نەمان دەزانی بەرەو کوێیە لەناو سیارەی داخراودا بووین . لەو ڕێگایەدا چەندین کەس لە هۆش خۆی چوو، ڕشانەوە و تەنگە نەفەسی ئۆقرەی لێمان بڕیبوو

ـــــ گەیشتینە جێگایەک مەعسکرێک بوو لەناو باخێکدا، چواردەوری بەسیم و سەرباز تەنرابوو، هەموو ئەو خەڵکە دابەشکران بەسەر قاعەکاندا، قاعەکان پیس و خۆڵاوی بوون، دیاربوو پێشتر کەسی تێدا نەژیاون. سەرماو برسێتی بەو شەوە ئۆقرەی لێمان بڕی، کاتێک لە تۆبزاوا هاوردمانیان نەیان دەهێشت خەڵک هیچ شتێک لەگەڵ

[21] حەمە عەلی عالیان یەکێکە لە ٧ دەربازبوومکەی گۆڕی بەکۆمەڵی بیابان ئەو لەناوچەی حەمزەری پارێزگای موسڵ لەکۆمەڵکوژییەک ڕزگاری بوو، یویست هێڵتەرمان هەفتەیەک پێش شەهیدکردنی دیدارێکی لەگەڵدا سازداوەو بەدرێژی باسی دەربازبوونی خۆی

دەکات. بەڵام لەکتێبەکەیاندا میدیل ئێست ۆچ بەکورتی باسیان کردووە. نەجمەدینی فەقێ عەبدوڵا بەکتێبێکی سەربەخۆ باسی دەکات، منیش چومەتە مااڵیان و خێزانەکەی و دایکیم دیوەو چیرۆکەکەیان بۆگێڕاومەتەوە – عومەر محەمەد.

خۆیدا بیهێنێت، مەگەر کەسێک بەتانییەک یان خواردنێکی هێنابێت ئەویش بە ئاشـــکرا نا. من و محەمەد و ئدریس هەرچۆنێک بێت یەکمان جێنەهێشـــت، هەر پێکەوەبووین، وتیان مســـتەفا تۆ لە قاعەکە بمێنەوە، ئێمە ئەچین بەڵکوو شـتێک پەیدا بکەین، خواردنێک کوتە بەتەنییەک شـتێک بدۆزینەوە. وتم منیش دێم منەی دایکموان دەکەم !

وتیان دایکی چی، ئێســـتا مەگەر خوا بزانی لە کوێن ! ڕەنگە دایکت و پەیمانی خوشکت هەر لە تۆبزاوا جێمابن. ئەیرە شوێنێ ترە ! وتم نا خەڵکی زۆر هاتووە من منەیان دەکەم ! حەمەو ئـدریس چوون بۆ مینەی جێو خواردن، منیش بۆ مینەی دایکم و پەیمـانی خوشـــکم ئەمزانی عەبدڵڵای برام نادۆزمەوە ئەویان وەل پیاوەکاندا کردۆتە سـجنە ژێرزەمینەکانەوە، بەڵام هەر دەبێت سـۆراغی دایکم ئەوان بکەم، دەرچووم . بەقاعەکانـدا بەنـاو ئەو خەڵکەدا مینەیانم دەکرد، زۆر گەڕام هەتا دەمەو بەیانی نزیک پەنجا قاعەگەڕام نەیانم دۆزییەوە. چوومە لای حەرەســـەکان تا پرســـیاریان لێبەکەم، کوا دایکم لە کوێن یان شـــوێنی تر هەیە بچم بگەڕێم بۆ دایکمو ئەوان؟ کەمێ کوردیـان دەزانی، وتیـان بەیـانی بەیـانی دێن ! بەنـاچـاری دوای گەڕانێکی زۆرو بێســـوود گەڕامەوە بۆ قـاعەکەی خۆم، تەماشـــام کرد حەمەو ئـدریس کوتە کڵێمێک و لێفەیەک لایەکی تەڕە هێناویـانە، چوونەتە ژێرێوە خەوتونە، منیش بە برسێتی و هیلاکی لە پاڵیاندا ڕاکشام و چاوەڕێی دەکەم تا سبەی بەڵکوو دایکم ئەوان بێن و بیان دۆزمەوە.

بەشی نۆییەم

ـ دەچینە بەشی نۆهەمینەوە

یەکەم شـەو کە لە سـنجی تۆبزاواوە براین بۆ سـنجێکی گەورە کە بە پاسەوان و سیمی درکاوی تەلبەند کرابوو. بۆ مینەی دایکم و پەیمانی خوشکم زۆر گەڕام بەڵام بەداخەوە بەدەستی بەتاڵ گەڕامەوە . هیچم لە سۆراغی ئەوان دەست نەکەفت .

ـــــ ئەوەی یەک تۆز بۆمن جێگای ئومێد بوو، یەک دوو پاسـەوان لە جێشـی شـعبی کە کەمێ کوردیان دەزانی و لە داوام تێگەشـتن . پیان وتم بەیانی بەیانی دەتبەین بۆ لای دیکت ئەوان، دیارە مەبەستیان ئەوە بوو، سبەی دیسان لە سـجنی تۆبزاواوە خەڵکی تردێنن بۆ ئەم سـجنەی ئێمە کە خەریکە یەکەم شـــەوی لێڕونـاک دەکەینەوە. یـانیش بەئومێدی بینینی خێزانەکەمان دڵخۆشم دەکەن.

کاتێک بەناو قاعەکاندا بەدوایی خێزانەکەمدا دەگەڕام، بە بینینی ئەو خەڵکە ئەوەندەی تر باری خەمم قورس دەبوو، خەڵک خێزان خێزان پۆل پۆل لە ســـەر ســـەبێکی تەڕو شـــیدار باوشـــیان بەیکدا کردبوو، منداڵ دەگریا لە بەر برسێتی چاویان نەدەچووە خەو، ژنان هەر یەک بەدەردێک ئازاریان دەلاوانەوە، کچان پڕ سیمایان ترس بوو دیار بو بەخۆیانیان دەوت دەبێت ئێمەی کچی کورد خەڵاتی کام پیاوی بەعس بکرێن ؟. ژنە دونیا دیدەکان وەک قەڵغانێک بوون بۆ خێزانەکان هەموو لە دەوروپشتی دادەیان خۆیان مەڵاس دابوو. بە دیتنی ئەو دیمەنانە منی دەبردەوە دێ بۆ ئەو کاتەی لەپاڵ زۆپایەکی فەلاحیدا . گوێمان بە دەمەتەقێی باوک و پێکەنینی براو ڕوخۆشـی خوشـک دەبردەوە، یان دایکە بە چا شـیرین و بەتامەکەی چێژی ئەوەندەی تر بە مەجلیس و دەمەتقێ دیوەخان دەدا، هەنگاو هەنگاو بەدەم ســـەیرکردنەوەی دووبارە بەناو قاعەکانـدا گەڕامەوە بۆ قاعەکەی خۆم بۆ لای حەمەو ئدریس ئەوانیش وەک من لە خێزانیان دابڕابوو، بەڵام حەمەو ئدریســـیش کەمێ لەمن گەورەتربوون، دابڕانیان لە خێزانیان زۆر پێوە دیارنەبوو. کاتێک هاتمەوە لە پاڵ یەکدا خەویان لێکەوتبوو لەســـەر کوتە کڵێمی شـــڕ و لیفە کۆنەیەکیان دابوو بەبـانـدا کە چمکێکی تەڕ بوو، منیش لە پاڵیاندا، بەهیوای ئەوەی سبەی دیکم وئەوان بێن و بیان دۆزمەوە خەوم لێکەوت !

بە دەنگی سیارەی عسکەری سیدی سیدی لە گەڵ چریوەی چۆڵەکەکان خەبەرمان بوویەوە، لە قاعەکە هاتینە دەرەوە، تا چاو برکات قاعەیە، لە سـجنیێکداین تەواو بەسـەربازو حەرس جێش شـعبی چوار دەور دراوە، لە ناو حەوشـەی قاعەکاندا برێ دار قەڵم تۆزی لێیبە، کەوتینە پرسـیارکردن هەتا بزانین ئێرە کوێیە ؟ ئایە ئەم شـەو ئێمەیان بۆ کوێ هێناوە؟ باب نیزامەکە لە قاعەکەی ئێمەوە نزیک بوو، هەروا ســـەیـارەی عەســـکەری هـاتووچۆی دەکرد، ترس و ڕەشبینیمان تابێت زیادی دەکرد، منیش دایمە چاوم لەسەر ســـەیارەکان بوو، بەخۆمم دەووت بەڵکوو دایکم و ئەوان بهێنن بۆ ئەیرە ! (بێ ئـاگـامـان لەوەی دایکم و پەیمـانی خوشـکم براون بۆ نوگرەسـەلمان و عەبدڵڵای برام شـوێن

پێشـی نەماوە لە ژیان) کەوتینە پرسـیارکردن تابزانین لە تۆبزاوەوە ئێمەیـان بۆ کوێ هێنـاوە ؟ دواتر بۆمـان دەرکەوت ئێمە لە سـجنی دوبزین .ئەو سـجنە کە نزیک پەنجا بۆ شـەست قاعەی لە خۆ دەگرت. بۆ هەر قاعەیەک نوێنەرێکیـان دادەنـا بەو شـەرتەی خوێنەوار بێـت و عەرەبیش بزانێ ! لەو قـاعەی ئێمە ژنێکیـان وەک نوێنەر دانا، ناوی (ڕەسـمیە)بوو میمەکە ڕەسـمیە یادی وەخێر خەڵکی بناری گل بوو، تـا بڵێ ژنێکی باش و بەهەیبەت بوو، میم ڕەسـمێ خوێنەواری و عەرەبی باشـی دەزانی و مزەمیدیش بوو، خێزانی ئەفسـەرێکی سـوپای عێراق بووە بە پلەی ملازم اول. بەڵام پیاوەی میم ڕەسمێ کە بە بنەماڵە شـوعی بوون، لەپێش ئەنفال لە جێشـی عێراق هاروبی کردبوو لەکـاتی کەڕانەوەی بۆمـاڵ ئیتر نەچووبووەوە بۆ ئەرکەکەی، بۆیە ماوەی جارێک خێزانی میمکە ڕەسـمێیان دەبرد بۆ تەحقیق بۆ ئەمنی کەرکوک لە مـانگێکـدا دوو جار یان سێ جار دەیان بردن بۆ لێکۆڵینەوەیان.

ژنێکی پیر هەبوو ناوی ڕەعنەبوو، ئەو ژنە بەتەمەنە تەواو قژی سـپی کردبوو، ئێمە بە دادە ڕەعنە بانگمان دەکرد، هەموو منـدالانی نـاو قـاعەکەی بە دادای خۆیـان دەزانی، یەکەم کەس لەو قاطعە دادە ڕەعنە مرد و چووە بەر دیداری یەزدان، جێش شەعبێکان هاتن تەرمەکەی دادە ڕەعنەیان بە بەتانییەک برد بۆ ناو دوبز هەتا لەوێ بیشۆن و لە نزیک مدرسـة قیتال لە گۆرسـتانی خواروی شـارەکە بەخاکی بسـپێرن. ئەو قاتەعەی ئێمە کە ناوی قاطعی حەویجە بوو، هەر شـەش قاع و قاتعێک بوو، باشـتربوون لەو قاتعەکانی تر وەک قاتعی کەرکوک یان دوبز ..... هتدە نەبوون.

دوای مردنی دادە ڕەعنە، نەخۆشـی کەوتە نـاومـان نەخۆشییەک لەناو منداڵاندا بڵاو بوییەوە زیاتر لە تەمەنی کۆڕپەلە بۆ دەسالان. نەخۆشێکە بەجۆرێک بوو کە پێستی نەخۆشەکان وشک دەبوو بە ئێسکەکایانەوە.

بەشی دەییەم

ــ ئێمە گوێمان ڕاخستووەو، کاکە مستەفایش چۆتە قولای گێڕانەوەی بەسـەرهاتەکەوە، دەبێت ئەمە بۆ ئەو ناخۆش بووبێت کە دەگەڕێتەوە بۆ ٣٤ سـاڵ پێش ئێسـتا، ئەو لەتەمەنی سـانزە سـاڵیدا لە خێزانەکەی دابڕاوەو کەوتۆتە ناو خێڵ و خەڵکی جیاوازەوە.

دوای مردنی دادە ڕەعنە، لە سـجنی دوبز. نەخۆشـی ڕشـانەوە و سـکچوون کەوتە ناومانەوە بەتایبەتی منداڵان زۆر تووش دەبوون. بیرمە منداڵێک هەبوو ناوی (برزود بوو، کوڕی مام نەشـات مەحمود) ئەو یەکێک بوو لەوانە بەو نەخۆشـی سـکچوون و ڕشـانەوەیە مرد، لاشـەی وەک داری وشکی پێهاتبوو، پێستی نووسابو بە ئێسقانەکەیەوە (هەر وەک ئەو منداڵە هەژارانەی کیشـووری ئەفریقا، کە لە بەر نەبوونی خۆراک، تەنها لەشێک لە ئێسک دەبینرێت) لێرە جیـاوازە، بەهۆی ئەوەی کوردین و هیچی تر، بەنـد کردن و لە نـاو بردنی ئێمەی مرۆڤ، تەنها و تەنها ئەوە بوو کوردین.

ڕۆژانە لە پێش چاوماندا، دایکەکان باوشـیان سـارد دەبوییەوە و کۆرپەلەی مردویـان لە بـاوش دەردەهێنـان، سـەدان باوک بەدەسـتی خۆیان چاوی جگەرگۆشـەکەیان لەیەک دەنـا، لە نێوان ژەمە خواردنەکـانـدا، خێزانەکـان کەسـێکیان کەمی دەکردو گیانی دەسـپارد بەخاکی غەریبی، هەتا دەهات دەردوو مەینەتی بەرەو هەڵکشـان دەچوو. دوای نەخۆشی سکچوون و ڕشانەوە نەخۆشی زام بڵاو بوییەوە، من چەند زامێک لە گیانم دەرچوو، ئێسـتاش ئەگەر وردبمەوە ئاسـەواری دەبینمەوە بەسـەر لاشـەمەوە، زۆربەی خەڵک تووشی ئەو زامە هات. جێگامان زۆر پیس و خراپ بوو، سەرئاوەکان بۆگەنیان ڕۆژە ڕێیەک دەچوو، وای پێهاتبوو، تـاییەی سـەیارەیـان دادەنـا لە سـەری دادەنیشتن بۆ سەر ئاوکردن، بیرەکان و تەوالێتەکان تەواو پڕببوون لە پیسی، ئەمانەو دەیان هۆکار وایان کرد خەڵک بەو شـێوەیە نەخۆش بکەون و زام دەرکەین، زامەکە ڕۆژ بەڕۆژ لەنـاو خەڵـکەکەدا بـڵاودەبـوییـەوە بـۆیە داوای چارەسـەرمان کردوو لیژنەی پزیشـکیان هێنا، بەڵام لیژنەی چی سـوودێکی وایان نەبوو، چونکە چوار کەسـی دەبینی و چارەسـەریان بۆ دەکرد، سـەد نەخۆش سـوودیان نەدەبینی، ئەمەش پیلانی خۆیان بوو دەیان ویست خەڵک تووشـی نەخۆشـی بێت و بمرن، مردنیان نەبێتە هۆکاری دەسـەڵاتی بەعس وای دانێن کە خەڵک خۆی نەخۆشـەو دەمرێت، لیژنەکە هەر لە قاعەیەک چەند کەسێکی دەبینی و دەچوون، بێئەوەی ئاوڕ لەو هەموو نەخۆشـە بدەنەوە، ئەو دکتۆرانە مانگی دووجارێک دەهاتن، هاتنیشـیان وەک

میوان وابوو وەک ئەوەوابوو تەواو نەخۆشـــێکـانیـان چـارەســـەر کردووە دەچوونەوە، بەداخەوە، ئەو مـاوەیە، خەڵکی زۆر مردن بەهۆی نەخۆشـــییەوە. من و محمەد و ئدریس وەک نوێنەرمان پێهاتبوو لە ناو قاتەعەکەمان ئەو شەش قاعەیەی وا عایدی ئێمە بوو لە هەر قاعەیەک کەسێک وەک نوێنەر دیاری کرابوو.

کاتێک شـــتێک دەهات بۆ دابەشـــکردن، ئێمە ئەچووین بەســـەر قاعەکاندا دابەشـــمان دەکرد و دەماندایە دەســـتی نوێنەری قاعەکە یان کێشـــەو گرفتێک هەبوایە بە ئامری قاتعمان دەووت. جێشەعبیەک هەبوو ناوی (غانم) بوو زۆر چاو برسی بوو، یەک دووجار دیمان داری سەربازییەکەی ئەچەقاند بە سنگی ژن و کچاندا لە کاتی شت وەرگرتندا پاڵی پێیانەوە دەنا، ئێمەش ئەوەمان زۆر پێناخۆش بوو، بە ئامر قاتعمان وت باش بوو گواستیانەوە بۆ جێگاییەکی تر.

ڕۆژانە خواردنیان دەهێنا لە (المدرسـه القیتال) دروسـتیان دەکرد، خـواردنەکـان کەم نەبـوون بەڵام خـراپ بـوون، گۆشـتێکیان دەهێنا وەک بلۆک وابوو چەور و چەڵخ بوو، زۆربەی خەڵکی توشـی نەخۆشـی سـکچوون کرد بەیانیان بەزۆری پەنێرێکی دڕێژ بوو، خەڵـک نـاچـاربوو هەرچی بهاتایەت دەیخوارد، لە ســجنی دوبز خواردمان باش بوو، جـاری وابوو لێمـان زیـاد بوو دەیـان فڕۆشـــتە جەیش شـەعبیەکان بە نرخێکی کەم، بەڵام بەئاشـکرا نا. یەکێتر لە کێشـــەکانمان لە ســـجنی دوبز نەبوونی جلوبەرگ بوو، چونکە ئێمە ئەو چەند مانگە هەر ئەو جلەمان لەبەردابوو، دوونیـاش تـابێـت بەرەو گەرمبوون دەچوو، جلەکـانمـان ئەوەنـدە کۆن ببون هەر ڕۆژەو جێگایەکی دەدڕا، زۆربەی خەڵـک جلەکانی لەبەردا پترکیابوو، نەیان دەهێشـــت جل بێتە ژوورەوە. (دیـار بوو ئەمەش بۆ ئەوەیە کـاتێـک ئەو خەڵکەیان خســـتە ژێر خۆڵەوە زوو ئاســـاریان لە ژێر خۆڵیشـــادا نەمێنی و بڕزێت (جلەکەم ئەوەنە شـــۆردبوو کردبوومە بەرم هەموو دارزابوو. جونـدیەک هەبوو نـاوی (عارف) بوو، دەموچاوی هەموو شـوێنی بریندار بوو، لەکاتی ســەربازیدا مین پێدا تەقیبوو، کەمێ پەیوەندی مان پەیدا کرد بوو، بەهۆی ئەوەی ئێمە وەک نوێنەری قاعەکان بووین و ئەویش بڕی کوردی دەزانی. ڕۆژێک ووتی:

- ها کاکە مستەفا پارە هەیە؟
- نا پارە نییە، پارە کوا لێرە !
- ئێوە پارەتان نییە.
- خەڵکی زۆر پارە نییە .

عارف یەکێک بوو لەو ســەربازانەی، میهرەبانی تێدا بەدی دەکرا. پێنج دینـاری پێدام، بیرم کردەوە ئەی هوو من لە کۆێ پارەوو جنســێکەم فڕێدا، وا ســەرم بەر ســووچی پەنجەرەکەی ســـجنەکەی تۆبزاوا کەوت، ئەوکات لەداخی ئازاری ســەرما پێنج دینارو جنسـێکەم کە باوکم پێمیدا لە قوریچـایی فڕێمـدا وتم من ئەمەم بۆ چییە، ئیتر نـازانم دایکم هەڵیگرت یان نا.

بەشی یانزە

عارف : پێیوتم هەر کەسێک پارەی پێویست و وەرە منی پێتانی دەدەم، بەڵام زۆر بەنهێنی، دوو دینار یان زیاتری پێـدەداین، ئێمەش دەمـانـدایە ئەو خێزانـانەی دەمـانزانی پارەیان پێنەماوە. ناســـینی عارف و پەیوەندیمان لە گەڵ چەند ســەربازێکی جێشـــەعبیدا باش بوو، ئێمە لە ڕێگای ئەوانەوە دەمـان توانی هەم هـاوکـاری خەڵـک بکەین و هەمیش خۆمان شـــتێکمان دەســـت کەوێ وەک خواردن، بەڵام زۆری کێشـــەی ئێمەو بەگشـــتی خەڵـک نەبوونی جلوبەرگ بوو، تا بێت جلەکانی بەرمان کۆن و شـــڕتر دەبوون. دوای نەخۆشێکان و مردنی چەند کەسی بەتەمەن منداڵ، ســـپێی لە ناو ســـجەکەندا بڵاوبوییەوە، بەجۆرێک بوو هەموو کەســێک خۆی دەخوران و هەراســان بووین. جێگای خۆشـــۆردن لە ســـەر ئاوەکان پیســـتربوون، بە جۆرێـک چڵکـاو گەنکـاو لە ســـەر ئـاوەکـانـدا پەنگی خواردبوو، تایەی ســـیارەی زیلیان دانابوو تا لەســـەری بوەستن یان خۆیان بشۆن یان سەرئاوی لێبکەن، بیرەکان بەمـاوەیەکی کەم پڕببوون، ئەمەش لەبەر زۆری خەڵـک و بچووکی جێگاکە بە گوێرەی سجنەکان.

حوکومەتی بەعس دەیتوانی بیرەکان پاک بکاتەوە، بەڵام بە ئەنقەســـت پاکی نەدەکردنەوە، تـا خەڵـک تووشـــی نەخۆشی ببێت و بمرین.

جیاوازی زیندانەکانی دوبز لەگەڵ ئەوانی تردا .

دوبز جیاوازییەکی هەبوو لەگەڵ ئەوانی تردا ئەویش ئەوە بوو ڕۆژانە خواردنی زۆرمان بۆ دەهات. وەک ســـجنی

قۆرەتوو یان وەک تۆبزاوا نەبوو، ڕۆژانە خواردنی (تری، خەیار، تەماتە، شـــوتی) زۆر شـــتی ترمان بۆ دەهات و دابەشـی سـەر قاعەکان دەکرا! هێنانی ئەو هەموو خۆراکە جێگای پرسـیارو سـەرسـوڕمان بوو لامان، لە کاتێکدا ڕێگەیان نەدەدا جلمان بۆ بێت، یانیش بیری سـەرئاوەکان پاککنەوە و بەگوێری پێویســـت دکتۆرمان بۆ بێت یان نەخۆشەکان ببەنە سەردانی دکتۆر لە دەرەوەی سجنەکە ! هەر خێزانێک، قاپێی (قصعە عسکری) یان پێدەدا، حەمە و ئـدریســـی هاورێم قاپێکیان پەیداکرد بۆ خۆیان، من لە بەرئەوەی هەرخۆم بووم بەرم نەکەوت و پێمیان نەدا، بۆیە ســـەرقاپ قوشـــقانەیەکی فافۆنم پەیدا کرد، چاڵێکەیم قۆپانەوە تەختم کرد، کەمێ لێوارەکەیم چەوت کرد، لە ناو ئەوەدا خواردنم وەردەگرت و دەم خوارد، لە بەر ئەوەی من هەر خۆم بووم تەنها بووم، جێشـــەعبێکان و حەرەس و هەموو ئەو بەرپرسـانەی سـجنی دوبز، ناوی منیان نابوو(هەتیمەکە) ناونانی من یان نازناوی من بەهەتیمەکە بەهۆی بێکەسیمەوە کە دابڕابووم لە تەواوی خێزانەکەم ناونرابوو، هەرکە خواردنێک دەهات یان نۆرەی ژەممە خواردنەکان دەهـات، زۆر جاربـانگی منیـان دەکرد دەیـان وت کوا بـا یەکەم کەس هەتیمەکە بێت وەریگرێ.

ئەوەی تاقانە بوو لەو ســـجنە تەنها، من و حەمەو ئدریس بـــوویـــن، لەبەرئەوەی حەمەو ئـــدریـــس ئەوان کەمـــێ گەورەتربوون و من منداڵتر بووم، ناوی من بە هەتیمەکە لایـان بڵاو بوویەوەو بەچاوی ئەوە بەزەیان پێمدەهاتەوە وایـان دانـابوو تەواوی خێزانەکەم مردوون و لە ژیـان نەمـاون. هەرچەنـدە زۆربەی خێزانەکـان کەســـێکیـان دابـڕابـوو. بەدەگمەن خـێـزانـێـک هەبـوبـێـت تەواوی خێزانەکەیـان پێکەوە بن، زۆربەی خێزانەکـان بـاوکیـان لەگەڵ نەبوون، جیـاکرابوونەوە لەیەک، مـاڵێکی بنـارگلی هەبوو کچە گەورەکەیان ناوی (حەیات) بوو، نۆ خوشک و برابوون، دایک و باوکیان برابوو بۆ نوگرەســـەلمان ! بە تێپەڕ بوونی کات پەیوەندیمان لە گەڵ حەرەسـەکاندا پەیدا کرد. (ابو ایمن) نـاوی خۆی مەهـدی بوو بەڵام بە ئەبوو ئەیمەن بانگ دەکرا، پاسەوانی تریش هەبوو ناوی (هادی) بوو، کوردی ســـنووری کەرکوک بوون. هـادی پیـاوێکی باڵابەرز و ناوشـان پان بوو، لە ڕووەتیدا لەســـەر گۆنای نیشـــانەیەکی زیادە گۆشـــت هەبوو. مەهدیش: پیاوێکی بـاریکەڵەی کەمێ درێژبوو، ڕەنـگ ئەســـمەر، قـاتێکی سـەربازی زەیتوونی لەبەردەکرد و دەمانچەیەکی دەبەست ســـیارەیەکی قەمەرەی بچووکیان هەبوو، مەهدی پلەیەکی ئامری هەبوو، بەس دیار بوو پلەکەی زۆربەرزنەبوو.

بەشی دوازدە

کات درەنگەو بەرەو نیوەی شـــەو هەنگاو دەنێت، جارجار ســـیمیـاری کورِم دێتە ژووری میوان و ئەڵی بـاوکە بـا بچینەوە درەنگە، بەڵام من وا چوومەتە نـاو گێڕانەوەی بەسـەرهاتی ئەنفالەکاندا، نەهەست بە درەنگی شـەو دەکەم وەنەش گرنگی بە دیسـانەوەی هاتنەوەی سـیمیار دەکەم، بەجۆرێک گوێم ڕاخسـتووە بۆ قسـەکانی کاکە (مستەفا) وەک ئەوە وایە خودی خۆم لە ناو بەســـەرهاتەکدا ڕۆڵی ئەکتەرێکم پێدراوە.

پەیوەنـدیمان لە گەڵ هادی و مەهدیدا ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو بەهێز تر دەچوو. هادی : نیشانەیەکی زیادە گۆشت لەسەر گۆنایی بوو، زەلامێکی باڵابەرزی قژلوولی دگان پان بوو، بەڵام مەهدی : زەلامێکی باریکەڵەی ئەسـەمەر بوو، قاتێکی زەیتوونی عەسکەری لەبەر دەکرد، دەمانچەکەی بە لاچەپیدا دەبەسـت، پلەیەکی سـەربازی هەبوو وە بە ئەبوو ئەیمەن بانگدەکرا، بە ســـیارەکە بچووکەکەی ئەو هاتووچۆیان دەکرد، کوردی سنووری کەرکوک بوون، دوای قولبوونەوەی پەیوەندێکانمان لەگەڵیاندا، پێیانمان ووت، ئێووە کوردن چۆن قبوولْ دەکەن ئـاوا لە ئێمە بکرێ ؟ چۆن ئەو غەدرە لەم هەموو خەڵکە دەکرێ ؟ دیاربوو زۆرداری و یاســـای ســـتەمی زۆرە مللێ ئەوانەی کردووە بەســـەربـازو و هاونەتەوەی خۆی دیلی ژێر دەســـیان بێت، بەڵام بوونی ئەوان بۆ کورد بـاش بوو، کورد وەتەنی ئەڵی ئەگەر گۆشتت بخۆم ئێسکت ناشکێنم ئەو سجنەی ئێمەی تێدا بەند بووین

لە نـزیـکـی ڕێـگـاکەی دووبـز بـۆ حەویـجە بـوو، زۆر جارچاومان بە ڕێبوارانی ســـەر ڕێگاکەدا دەکەوت کە تێدەپەڕین، بەجل و بەرگەکەیاندا دیار بوو کە کوردن و بۆ سۆراغی کەسوکاریان دەگەڕێن، بەڵام ڕێگەیان بەکەس نەدەدا بێنە پێشەووە یان سەردانی بەندیخانەکەمان بکەن، ئەوەی بۆ ئێمە باش بوو لە ڕێگای هادی و مەهدی یەوە

دەســـتکرا بە گۆرینەوەی هەواڵی دەرەوەی بەندیخانەکە بۆناوەوە، ئەوماوەیە، لەگەڵ دەرەوەی سنجەکە هەتا دەهات پەیوەندیمان پەیدا دەکرد، تامەزرۆی هەواڵێک بووین من زیاتر دەم ویست هەواڵی کەسوکارم بزانم، هەر کەسێک بە هەر هۆکارێک ڕێگای بکەوتایەتە سـجنەکە خۆم نزیک دەکردەوە تـا ســـەرەداوێکی خێزانەکەم بزانم، خەڵکیش هەبوو بۆمان باش بوو، جێگای دەســـتی دیارە ـــــ بە ئێستاشەوە لە هەر کۆڕو دەمەتەقێ هەر دێوەخانێکدا باسی ئەو کەسانە دەبێت لە یاد نەکرێ.

مـام ئەحمەدێـک هەبوو، موختـاری یەکێـک لە گەڕەکـانی دووبز بوو، کوردی عەشـیرەتی سـاڵەیی بوون، ئەم پیاوە بەر ڕەحمەتی خودا بێت زۆر بۆمان باش بوو ئەوکاتەی لە سـجی دووبز بووین. (ماوەیەک پێش ئێستا ئەفسـەرێکم نـاســـی، دوای گفتوگۆ دەرکەوت برازای مـام ئەحمەدی موختـارە) ئـا لەو کاتەدا کە لە ســـجنی دووبز بووین، لە شـــاری دووز خورماتوو، حەملەیەک کرابوو، موحەمەد و سـیروان کوری مەجید جوامێر دایکیان نەســـرەت (واتا برازای ابو شـــکار کفری) بە ڕەچەڵک خەڵکی قوریچایی داوێین، ئەوان لە کـاتی حەملەکەدا دەســـتگیر دەکرێن و دەهێنرێن بۆ دووبز بۆ سـجنەکە، هەواڵیان پێدام کە چەند خزمێکمان گیراون و هاوردویانن بۆ قاتعی ئەندەنووس(قـاتعەکـان زۆر بوون ئەوەی بیرمە قـاتع دووبز، کەرکوک، حەویجە) ئەم قـاتعـانە جێشـــەعبی و هێزە ئەمنێکـان بەڕێوەیان دەبرد. منیش بە حەمەو ئدریســـم ووت، وەرن لەگەڵما مـاڵی میم نەســـرەت و خێزانی مام خەلیل مەجید جوامێر هاوردیاننە قاتع ئەندەنووس ! ئدریس نەهات من و حمە چووین، بۆ ئەو قاعەی کە ناونیشـــانیان پێداوین، دوای گەڕانێک دۆزیانمانەوە، هەر کە دیانم هەستی غەریبیم نەمـا، وام دەزانی چمکێکی خێزانەکەم گرتووە، هەرچەنـد هـاتن و گرتنی ئەوان نـاخۆش و نیگەران بوو، بەڵام بۆ من جێگای خۆشـــحاڵی بوون. چونکە پیان وتم مســـتەفا مژدەبێت باوکت وئەوان لە ژیاندا ماون. وتم چۆن ئەی لە کوێن ؟

بەشی سیانزە

میم نەسرەت ووتی : مستەفا مژدەبێت،

باوکت و محمەد برات و ڕێزانی خوشکت ڕزگاریان بووە، (من دەم زانی ڕێزانی خوشـکم دەرچووە، ئەوکاتە ڕزگاری بوو وا لە نزیـک گونـدی قنگربـان، ڕێزانی خوشـــکم و گۆڵستانی خاڵۆزم لەگەڵ کۆمەڵی ئافرەتی تردا، مام فەریق حەســـەن نەریمان ڕزگاریانی کرد و چوون بۆ کفری بۆ ماڵ خزمەکان (بەڵام هەواڵ هێنانی ڕزگار کردنی باوکم و محمەدی برام بۆ من هەواڵێکی خۆش بوو. (هەرچەنـد محمەدی برام ڕزگاری نەبوو، ئەوان بەهەڵە بە منیان ووت محمەد ڕزگاری بووە ـــــ بەداخەوە یەکێک لە ئەنفالەکانم محمەدی برامە.

وتم میم نەسرەت چۆن ڕزگاریان بووە ؟ ئەی ئێستا لـــە کوێن ؟ میمکە نەســـرەت ووتی : مـاڵی میمکـت لیلی و خاڵۆت یاسین لە کفری نین لە گەڕەکی قەورسان ؟

وتم : بەڵی

ووتی : کێ هاوسیانە ؟

وتم : ماڵی مام باقی، خەڵکی ئاوایمانە .

ووتی : ئەی ئەو دیویان ؟

وتم : ماڵی مام سەی ڕەشید .

ووتی : ماڵی ســەی ڕەشـید خزمانن، بەهۆی ماڵی ســەی ڕەشـــیدەوە، ئەزانین کە جەلال ئامۆزای باوکت، هاتۆتە ئەوێ لەبەر ئەوەی کێشـــە بووە، گەواڕێکـان هەڵیـان کووتاوەتە گەڕەکەکە، بۆ گرتنی خەڵک، لە ڕێگای جەلالەوە ئەزانین کە باوکت و ئەوان ڕزگاریان بووە لە کەرکوکن لە ماڵی خزمێکتانن. باوکت : جەلالی ئامۆزای ناردووە تا ڕێزانی خوشـــکت ببات بۆ کەرکوک لەبەر ئەوەی وەزعی ئەو کەســـانە باش نییە لە کفری ڕەنگە نـاو بـدرێن و دەســـتگیر بکرێن ! بەڵام من نازانم تەنها باوکم ڕزگاری بووە محەمەدی برام گیراوە، ئەوانیش وایـان زانیووە کە بـاوکم لەگەڵ محەمەدی برام ڕزگـاریـان بووە . بەڵام)) کاتێک لە قوریچاییەوە گەیشـــتینە پردەکەی قوریچایی، لەوێ بـاوکم و محەمەدی برام لە ئێمە دابڕان، لەو دابڕانەدا، محەمەدی برام دەســـت وەســـەر دەکرێ و دەبرێت بۆ دووزخورمـاتوو لەئەمنی ئەوێوە بۆ تکریـت دواتر بۆ ئەنفال کردنی ((میمکە نەســـەرەت واتێگەشـــتووە لە کاتی ڕزگار بوونی باوکمدا محەمەدیشی لەگەڵدا بووە ! بیستنی ئەم هەواڵە کە بەشـــێک لە خێزانەکەم ڕزگاریان بووە، بۆم

زۆرخۆش بوو. ئەوەی ئێستا هەواڵی نازانم دایکمە لەگەڵ پەیمانی خوشکم و عەبدڵڵای برام.

دوای تاوێک دانیشتن و دەمەتەقێ بـــــــــــــــــــە میمکە نەسرەتم ووت، ئێمە وەک نوێنەرین لە قاعەی یەک، چیتان پێویستە بێن بـــۆلامان بۆتان پەیدا دەکەین، وە ئەوەیشم پێوتن کە لەگەڵ هەندێک جێشەعبێکاندا پەیوەندیمان هەیە و هاوکاریمان دەکەن.

هاتنی هەواڵی باوکم وئەوان بۆ من باش بوو، ئێستا کاتی ئەوەیە منیش هەر چۆنێـک بێـت هەواڵی خۆم بگەییەنم بە باوکم وئەوان. پیاوێک هەبوو ناوی ئیبراهیم بوو، بەیانیان زوو، بە سەیارەکەی صەموونی بۆ سجنەکە دەهێنا، ئێمەش لە گەیشـتنی ئیبراهیم دەسـتمان دەکرد بە داگرتنی بارە صـــەموونەکان، کاتێک ئێمە بە کوردی قســـەمان دەکرد، بەیەکتریمان دەووت)بەرزیکەروە، داینی، زووکە، بێ، بچۆ(ئیبراهیم هەنـدێ جار بزەی دەگرد یـان کەمێ پێدەکەنی بەوەدا هەسـتمان کرد برایم کوردە. هەندێ جار قسـەمان لەگەڵی دەکرد، بەڵام ئەو کورد بوونی خۆی دەشـــاردەوە هەر بە عەرەبی قســـەی دەکرد. تەواو هەســتمان کرد کە ئیبراهیم کوردە بەڵام بۆ لە ئێمەی دەشـــارێتەوە " ئێمە بەدوای پیرێژنە کوێرێکدا دەگەڕێن، کە کورد بێت، ئەوەتا پێاوێکی کورد، کە ڕۆژانە صـــەموونمان بۆ دێنی کوردەو کوردبوونی خۆی دەشارێتەوەو پێمان ناڵێت کوردم !

ئیبراهیم نـاحەقی نەبوو، بە کوردی قســـەی لەگەڵمـانـدا نەدەکرد، چونکە ســـەربـازێـک هەبوو جەمـاڵی نـاو بوو خەڵکی شـــارەبان بوو یەک جار بە کوردی قســـەی کرد ڕێکـــــــ گۆاستیانەوە بۆ جێگایەکی تر. جەماڵ پیاوێک بوو میهرەبانی خۆی دەردەبڕی، دڵی پێمان دەستووتا، زۆر جار بەئاماژە قســـەی لەگەڵماندا دەکرد، ویژدانی ڕێگای نەدەدا هـاوزمـانەکەی ئـاوا کـۆتـوبەنـد کـراون و ئەچەوســـێندرێنەوە، بۆیە زۆری پێنەچوو، لەبەر ئەوەی ووشـەی کوردی بەکارهێنا نووسـراوی گواسـتنەوەیان دا بەدەستییەوە .

ـ ئیبراهیم کە کوردی کەرکوک بوو، ڕۆژانە پێش کاتژمێر هەشـت بە خۆیی و ئیفەکەیەوە بەباری صـمووندوە خۆی دەکرد بە مەعســـکەرەکەدا و بۆ ناو ســـجنەکە، هەر کە ئیبراهیم دەگەشـت، ئێمەش خۆمان بۆ صـــەموون داگرتن ئامادە دەکرد، دەمان ویســـت هەر چۆنێک بێت، نامەیەک بە ئیبراهیمدا بنێرین بۆ بـاوکم، بەڵام قســـە نەکردنی ئیبراهیم و ترسـی ئیبراهیم ئێمەی نیگەران دەکرد، ڕۆژانە من و حمەو ئـدریس چەنـدین جـار، بە ئیـبراهیـمـان دەووت، تـۆ کـوردی هاوکاریمان بکە هیچ نەبێ بەکوردی شـتێک بڵێ ڕۆژێک هاتە زمان و بە زمانی کوردی شیرین ووتی، وازبێنن با نقڵم نەکەن.



بەشی چواردە

ئیبراهیم هاتە زمانو بەکوردی وتی: ئیشـــەکەتان بکەن، وازم لێبێنن بـا نقڵم نەکەن، ئێمە چەنـد ڕۆژە دەمـانەوێ ئیبراهیم بە کوردی قســـەبکات، تا ڕازی بکەین ڕزگارمان بکات یان نامەیەک بنووســـین و بیبات بۆ باوکمو ئەوان. ئیبراهیم بە ترسەوە ووتی . زوو ئیشەکەتان بکەن و بچن، کاتێ قســـەی لەگەڵ ئێمەدا دەکرد لە پاڵ ســـیارە ئیفەکەی، جار جار ســـەیری چواردەوری خۆی دەکرد نەکا کەســێک گوێی لێبێت کە بە کوردی لەگەڵ ئێمەدا قســـەدەکات، چەند جارێک بە ئیبراهیمان دەووت تکایە هاوکاریمان بکە با لەم سجنە هەڵبێن ! ئیبراهیم : لە ترس ئەوەی کەشف بێت، نقڵی دەکەن بۆ جێگاییەکی دوور، یان تووشـــی ســـزای ســەربازی دەبێت، ڕازی نەدەبوو، بەڵام ئێمە زۆر پاڕاینەوە هاوکاریمان بکات، چەند جارێک پاڕاینەوە تا ئیبراهیم بە ســـیارە ئیفاکەی کە ڕۆژانە صـــەموونی بۆ دەهێناین ڕزگارمان بکات، ئیبراهیم ووتی چیتان دەوێ بۆتان بکەم ؟ ووتمان هەرسێکمان لەم زندانە ڕزگار بکە ! ئیبراهیم بەم داواییەمان شـــۆک بوو، تەنانەت ڕەنگێ هەڵگەڕا، ووتی شـــتی وا باس مەکەن با زمانمان نەبڕن، من چۆن بتوانم ئێووە ڕزگار بکەم، لەکاتێکدا من لێرە دەرچم ســـیارەکەم دەپشـــکنن، دواتر دەبێت بچمە مەعســـکەر لەوێوە بۆ

جەمەلۆنەکە (لە جەمەلۆنەکە خواردنیان بۆ دروست دەکرین و دەیانهێنا (.
ئیبراهیم ووتی . ئێوە خەڵک کوێن ئەی خێزانەکانتان کوان ؟ ووتم ئێمە خەڵکی ناو داوێین لای کفری و دووزخورماتوو، وە هەر خۆمانین لێرە بێکەسین، نازانین کەسوکارمان چیان بەسەر هاتووە !
ئیبراهیم ڕازی نەبوو بەوەی کە ڕزگارمان بکات، یەک لەبەرئەوەی نەدەگونجا، دوو ترس لە کەشف بوونمان، هەر کە ئیبراهیم بەخۆی و ئیڤاکەیەوە خۆی دەکرد بە سجنەکەدا، ئێمە لەکاتی داگرتنی صەموونەکاندا بە ئیبراهیمان دەووت هاوکاریمان بکە ڕزگارمان بکە دوای نزیک دەڕۆژێ ئیبراهیم ڕازی بوو کە نامەیەک بنووسین بیبات بۆ کەسوکارمان، وتمان باشە ئەوە ئێمە چەند ڕۆژە لە تۆ دەپارێنەوە تا هاوکاریمان بکەی، بۆ دوای ئەو چەند ڕۆژە ڕازی بووی ؟
وتی ترسم لەوەیە استخبارات، خەڵکی دانابێت و کەشفمان کات، ئەگەربێت و بەمە بزانن ملم ئەکەن بە پەتدا، وتی نامەتان بۆ کوێ ببەم ؟ وتمان بیبە بۆ دووزخورماتوو. لەوێ خزمان هەیە. وتی باشە بۆ سبەی حازریکەن، لە گەراج ئەیدەمە سایەقەکان بیبەن بۆتان، ناو نیشانی لەسەربنووسن، ڕازی بوونی ئیبراهیم بەوەی نامەکەمان بۆببات هەواڵی خۆمانی تێدا بنووسین بگات بە کەسوکارمان، زۆر دڵ خۆشی کردین. دوای داگرتنی بارە صەموونەکان، ئیبراهیم ڕۆیشتوو ئێمەش گەڕاینەوە بۆ قاعەکەی خۆمان، بەڵام کورد ئێژێ لەم کەین و بەینە نابێت کەس بزانی کە ئێمە نامە دەنووسین و ئیبراهیم بۆمانی دەباتە دەرەوە.
بۆئەوەی نامەکە بنووسین پێویستمان بە وەرەق و قەڵەمە، نازانیین چۆن پەیدای کەین، ناکرێ بەناو خەڵکدا بگڕێن بۆ منەی قەڵەم وەرەقە، هەر کە پرسیارێکی وا بکەین ڕێک دەکەوینە گوومانەوە کە ئێمە بە دوای شتێکەوەین.
داد هەی بێدات چۆن قەڵەم و کاغەز پەیداکەین بۆ سبەی نامەکە حازربێ. لە بەرئەوەی ئێمە نوێنەری قاعەکەی خۆمان بووین، زۆرجار ئەچووینە لای ژووری جێشەعبێکان بۆ بردنی خەبەرێک یان کاتی ژەممە خواردنەکان، دەمان زانی قەڵەم و دەفتەریان داناوە بۆ شت نووسین و واجباتەکانیان. پیلانمان دانا لای ئەوان بەدزییەوە قەڵەم و وەرەقە پەیدا بکەین. بەڵام ئەمەش قورسە ئەگەر لەکاتی بردنی قەڵەم وەرەقەدا ئاشکرابین ئەوە شتێکی باش نابێت هەم بۆ ئێمە و وە بۆ ئیبراهیمیش.
پەیوەندی باشمان هەبوو لەگەڵ جێشەعبێکاندا، ئێمە ڕۆژانە ئیشوکاری باشمان بۆ ئەوان دەکرد، ئەوانیش سیقەیان پێمان بوو، دایمە هاوکاریان دەکردین، بۆ ئەوەی وەرەق و قەڵمیان لێبدزین، چووین بۆ لایان و دەستمان کردە ئیشکردن بۆ یان، ئەوناوەمان پاکردەوە هەنێ قاپ و قاچاخمان بۆیان شۆرد، لەو کاتەد قەڵەم وەرەقەمان لیان دزی و هاتینەوە هەتا بە نهێنی نامە بنووسین و بۆ سبەی ئامادەبێت، ڕێکەتین لە جیاتی سێ نامە یەک نامە بەناوی هەرسێکمانەوە بنووسین ناکرێ سێنامە بنووسین بچێ بۆ سێ جێگای جیاواز، بۆیە یەک نامەمان نووسی بەناوی منەوە بەڵام هەواڵی هەرسێکمان تێدا نووسی. لە نامەکەدا باس و خواسی خۆمان تێدا نووسی، حاڵ و ئەحواڵی ناسیاوەکانمان تێدا نووسی، نووسیمان فلان و فلان هاینە یەکەوە، ئاماژەمان بەوەدا کە بەمنزیکانە ڕەنگە بەربدرێن. وە نووسیمان لە سجنی دووبزین. تەواو قەواڵەی خۆمان تێدا نووسی، لەکۆتایی نامەکەدا داوای هەنێ پارەو جلل و بەرگمان کرد وتم ئەگەر بۆتان دەکرێ بۆمان بنێرن. نامەکمان کردە ناو هەنێ پارەچە قاخەزەوە کەمێ تێپمان لێداو حازرمان کرد بۆ بەیانی تا ئیبراهیم بێت ونامەکەی پێدا بنێرین بۆ دووزخورماتوو
لەسەر نامەکە نوسیمان بۆ (عەدنان عبدالرحمان سەمین (ئامر سریەی مخفی لە دووز. ئەوشەوە تامەزرۆی ئەوەین ڕۆژ بێتەوە تا نامەکە بدەین بە ئیبراهیم، ئەو ماوەیە هیچ شەوێک ئاوا لە چاوەڕوانی ڕۆژدا نەبووین، هەر کە ڕۆژبووییەوە ئیبراهیم بە باری سەموونەوە هات، ئێمەش وەک پیشەی هەمیشەیمان چووین بۆ داگرتنی صەموونەکان، هیچ نەشەڵژاین تا کەس هەست نەکات ئێمە کارێکی وامان بەدەستەوەیە، ئیبراهیم ووتی : کوا چیتان کرد نامەکەتان نووسی ؟ من بوو یان حەمە باش بیرم نییە نامەکەمان لە شوێنیکی چەپدا پێدا، ناونیشانی سەر نامەکەی خوێندەوە، خستییە گیرفانییەوە. دوای تەواو بوونی ئیشەکەمان ئیبراهیم سیارەکەی پێکردوو ڕۆیشت.

ئێمەش بە بردنی نامەکە زۆر ئاسـوودە بووین کە هەواڵی خۆمان دەڕوات بۆ خێزانەکانمان کە ماوین.

بەشی پازدە

ئەو ڕۆژو شـەوە لە چاوەڕوانی ئەوە بووین ڕۆژبێتەوە و بە ئیبراهیم بڵێن چیت کرد، نامەکەت گەیاند ؟ ترس و دڵەڕاوکێش لە ناخماندا هەبوو، بەخۆمانمان دەووت ئیبراهیم کەشـف بێت چیبکەین یان چی ڕوو دەدات، گەیاندنی نامەکە بۆ ئێمە زۆر گرنگ بوو، چونکە بەگەیشـتنی نامەکە، کەسـوکارمان دەیانزانی لە ژیاندا ماوین . کورد ئەڵی (چاوەڕوانی لە بێچاوی ناخۆشـترە) ئەو شـەوە بەچاوەڕوانی ڕۆژ هەڵبێت چاومان چووە خەو، تەمەنامان دەکرد ڕۆژبێتەوە تائیبراهیم بێت، پرسـیاری نامەکەی لێبکەین !

ڕۆژ بوییەوە تیشـکی خۆر سـێبەری بۆ دێیهاتە چۆڵ و ڕووخاوەکانی گەرمیان دروسـت کرد، ئێمەش وا لە خەو هەڵساوین و چاوومان بڕیوەتە (باب النیظام)ەکە، تائیفاکە صـەموونەکە دەرکەوێت و خۆمان بگەیەنین بە ئیبراهیم و پرسـیاری نامەکەی لێبکەین، لە ناکاو ئدریس ووتی: مسـتەفا، حەمە ؟ زووکەن ئیبراهیم هـات بـا بچین صـەموونەکان داگرین. هیچ ڕۆژێ ئاوا گورج نەبووین و ئامادە نەبووین بۆ داگرتنی صـەموونەکان، ئەوە نامەکە بوو ئێمەی بەو ڕادە گورجوگۆل کردبووەوە .

زۆر بەنهێنی پرساری نامەکەمان لە ئیبراهیم کرد !

" ئیبراهیم کاتێک ئیشـەکانی تەواو کردبوو،نامەکەی جوان لەزەرفێک نابوو، لە بانی بەعەرەبی نووسـیبووی ئەم نامە بگات بەدەستی (عەدنان عبدالرحمن ـــ امر سریە مخفی طوز) بۆیە بەو شێوە لەسەری نووسیبوو تا هیچ کەسێک نەوێری نامەکە بکاتەوە تا دەگات بەدەستی عەدنان، دواتر نـامەکە دەبـات بۆ گەراجی کەرکوک لەوێ ئەیـدات بە شـوفێرێک تا بیبات بۆ دووزخوورماتوو لەوێ بیدات بە دەستی عەدنان. کاتێک عەدنان نامەکە وەردەگرێت ناوێری بیکاتەوە لەوێدا، نامەکە دەخاتە گیرفانییەوە دەچێتەوە بۆ مـاڵەوە، لەمـاڵ کـاتێـک نـامەکە لە زەرفەکە دەرەکـات و دەیخوێنێتەوە دەسـت دەکات بەگریان و باوکە ڕۆ پێی ئێژن عەدنـان چیبووە ؟ بۆ دەگری کێ مردووە ؟ ئەڵی نامەی مسـتەفای مام حەسـەن قوریچایی هاتووە سـجنە لەژیان ماوە گریانەکەم گریانی خۆشـی و ناخۆشـییە. مام عەدنان بۆ بەیانی زوو نامەکە دەبات بۆ سموود (ڕزگاری) تـا بیـدات بە مـاڵەوەمـان هەواڵی من هـاوڕێ و خزمەکـان بـدات بەمـاڵمان. کاتێـک نـامەکە بۆ مـاڵمان دەخوێنێتەوە بـاوکم وئەوان دەسـت دەکەن بە شـیوەن و بـاوکەڕۆ، عەدنـانیش لەگەڵیـانـدا دەگیرێـت بەعەدنـان ئەڵێن تۆ بۆ دەگرێ بەخوا دیارە مسـتەفاش وەک عەبدڵڵا و محەمەد مردووە ؟ ئەڵی بۆ دەردی ئێوە دەگرم ! بەخوا ئەوە نامەی مسـتەفایە و بەدەستی خۆی نووسـیوێتی، ئەها لەخوارەوە داوای جللوبەرگ و پـارەتـان لێدەکات، واتـا مـاوە دەبێت بۆی بنێرین. بـاوکم بۆ ئەوەی جلو بەرگ و پـارە بۆ ئێمە بنێری، دەکەوێتە پرسـیارکردن چۆن پارەوجل بۆ ئێمە بنێری، دوای چەند ڕۆژێک و سـوراخێکی زۆر کەسـێک دەدۆزێتەوە ئەویش میمکە سـەبری ! میم سـەبری خەڵک بەلەگەی ژوور دەبێـت. ئەم میم سـەبرییە مـام ئەحمەد موختار لە گەڕەکێکی دووبز دەناسێ کە پێشـتر، هاوکاری کەسـوکاری سـجنەکانی کردووە. پیاوێکە جێگای متمانەی کوردە. باوکم زانیاری تەواوی ئەحمەد موختار وەردەگرێت لە میمکە سەبری، بۆ ئەوەی لە ڕێگای موختارەوە پارەوجل بگەیەنێت بە ئێمە. بـاوکم لە ڕزگارییەوە دەچێتە بـازاڕی کەلار لەوێ سێ دەستە جلی کوردی بەگوێرەی باڵای ئێمە دەکڕێ و لەگەڵ ١٠٠ سەد دیناری سویسری لە جانتایەک دەکـات و دێتەوە. بۆ بەیـانی زوو بـاوکم لە گەراجەوە سواری سەیارە دەبێت بۆ کەرکوک، لە کەرکوک مام ڕەحیم لەگەڵ خۆی دەبـات بۆ دووبز، بـاوکم بە مـام ڕەحیم ئەڵی فریامکەوە لە چوار کوڕم یەکیان شـەهید بووە دووانیان بێسـەروشـوێنن تەنها مسـتەفا کوڕە بچووکەم سـۆراخی هەیە، بەقوربانتبم فریام بکەوەو هاوکاریم بکە. مام ڕەحیم خەڵکی عرووبەی کەرکوکە پیـاوێکی هەتـا بڵێـت کورد پەروەرو بەهەڵوێسـتە، بەتەواوی شـارەزایی ناوچەکەیە و خەڵکی زۆری ناسـیووەو عەرەبی باشـی زانیووە باوکم و مـام ڕەحم دەچنە لای ئەحمەد موختـار، جـل و پـارەکەی پێدەدەن تـا بیگەیەنێت بە دەسـتی ئێمە، موختاریش بە بـاوکم وئەوان دەڵێت ئەوەی بە من بکرێ درێخی نـاکەم، کەی گونجا و کەسـێکمان دۆزییەوە بۆیان دەنێرم. بەڵام دەبێت چاوەڕێکەین تا لەگەڵ ئەوکەسـانەدا ڕێکەوین و ئەم

ئامانەتیەی ئێووە بگات، ئەڵی ئەمە کاتی دەوێ هەتا بگات، مام ڕەحیم و باوکم دەگەڕێنەوە بۆ کەرکوک موختاریش ڕۆژانە بەدوای کەسێکی باوەڕ بێکراودا دەگەڕێ هەتا ئەو پارەو جلە بگەیەنێت بە ئێمە، ئێمەش ڕۆژانە چاومان لەوەیە مەهدی یان هادی بێت و بە دزییەوە پێمان بڵێت ئەو شتانە بۆ ئێووە هاتووە، ناوێرین پرسیاریش بکەین لە جێشەعبێکان ئاییە شتێکی وا بۆ ئێمە هاتتووە ؟

بەشی شانزە

ڕۆژانە لە قاعەکانی ترەوە، بە کۆمەڵ خەڵکیان دەبرد بۆ زندەبەچاڵکردن، ئێمەش نیگەران بووین، دەمان ووت بەختمان نییە و نۆرەی ئێمە نایەت ڕزگاربکرێن . بێئاگا لەوەی ئەوەی دەبرێت ئەنفال دەکرێ و دەخرێنە ژێر خۆڵی غەریبییەوە، من و ئدریس و حەممە وەک پێشەی ڕۆژانەمان کە نوێنەری قاعەکەی خۆمان بووین، هەرچی شتێک وەک خواردن و خواردنەوە بهاتایەت ئێمە لە جێشەعبێکان وەرمان دەگرتو دواتر دابەشمان دەکرد. هەمیشە چاوەڕێی ئەوە بووین باوکم پارەوو جلەکانمان بۆ بنێری، چاومان لە دەمی هادی و مەهدی بوو، بڵێن وەرن ئەمە بۆ ئێووە هاتووە، چونکە ئەوان پەیوەندیان لە گەڵ خەڵکی دەرەوە هەبوو شتیان بۆ خەڵک دەهێنایە ناو زندانەکە بەڵام زۆر بەنهێنی، وەک نامە پارە جلوبەرگ لە قاعەکانی تریش ناسیاو هەبوو وەک نوێنەر بوون ئەوانیش (سامان خورشید ڕۆستم دەڵۆ، جەماڵ ناوێک بوو، عەزیز سالح غەفوور لە تووکن) ئێمە کە نوێنەری قاعەکان بووین، ئامر قاعەکە ئێمەی سەربەست کردبوو بەوەی بێین و بچین، ڕێگای بە جێشەعبێکان نەئەدا بە کەیفی خۆیان بێن و بچن بەناو قاعەکانماندا، ئەمەش لەبەرئەوەی ئافرەت وکچی تێدابوو. هەڵبەت زۆربەی ئامرەکانی قاعەکان وانەبوون، هەبوو توندڕەوو شۆفێنی بوون، هەشیانبوو میانڕەوو و باش بوون، بەیانیەک ئاوا نزیک کاتژمێر هەشت دەبوو، هەر وەک پیشەی ڕۆژنامان بۆ وەرگرتنی شتوومەک چووم بۆ(باب نظام)ـەکە . کاتێک بە پێشی پاسەوانەکەدا تێپەڕیم .پاسەوانەکە خودرەیەکی بەسەرو چاویدا ئاڵاندبوو، لەپاڵ دیوارەکە لە سەر کورسێکە خەوی لێکەوتوبوو، منیش بێ ئەوەی هەستێ بەلایدا تێپەڕیم و چووم بۆ ئەوەی خواردن وەرگرم . جێشەعبیەکی تر ڕەشتاڵی شۆفێنی لە قاطعی کەرکوکەوە گروپێکی لەگەڵ خۆی هێنابوو بۆ بردنی ئەشیا، کاتێک گەیشتبووە لای حەرەسەکە و منی لە باب نظام بینی ! بەتۆڕە بوونەوە بانگی کردم منیش وتم نایەم وا ئەشیا دادەگرم ! نەچونم ئەو ڕەشتاڵەی ئەوەندەی تر تۆڕە کردبوو، بانگی حەرەسی باب نیظامی کرد هەتا من بگرن بۆی، خۆیشی وا وردە وردە دێت و نزیک دەبێتەوە، دارحەیزەرانێک هاوە دەستیوە پڕ بە لەپی خۆی، تورەبوونێک لە چاوەکانیدا بوو هەر مەپرسە، بە عەرەبی ووتی : بانگت دەکەم بۆ ناگەڕێتەوە یان بۆ نەهاتی ؟ منیش تێمگەیان کە نوێنەرم و ئیش دەکەم . یەک دووجار ئەمانەی دووبارە کردەووە، هەتا هێزی تێدا بوو حەیزەرانێکی داوە بان پشتما، تەزوو لەپەنجەی پێکانمەوە دەرچوو، هەر لە بان شانمەوە تاوەکو قەبرخەم سوور شین بووییەوە، حەیزەرانەکەی لە پشتمدا کرد بە دوو کەرتەووە، لەبان ئەوەش دەیویست لێمدات، بەڵام جێشەعبێکان نەیانهێشت وتیان وازی لێبێرە کووشتت، بەسەر دەمدا کەووتم، کاتێک هەڵسامەوە ئەتووت تێزاب کراووە بە ناو شانمدا، هەرچۆنێک بێت ئیشەکمان تەواو کردوو گەڕامەوە قاعەکەی خۆم، بە حەممەو ئدریسم ووت بەخوا حەقی خۆمی لێدەکەمەوە. بۆ لە قاطع کەرکوکەوە هاتووە لەمن دەدا،

حەممەو ئدریس زۆر تکایان کرد کە وازبێنم و تۆڵەی خۆم نەکەمەوە، چونکە ئەگەر لەو جێشەعبیە بدەم، ئەوە تووشی کێشە دەبموو ئەدرێم بە ئەمن، بەقسەیانم نەکرد چوومە پاڵ دیواریکی نزم، دیوارەکە لە تەنیش ڕێگاکەی ئەودا بوو بۆ ڕۆیشتنەوە لە پاڵ دیوارەکە چاودێری دەکەم تا بێت و لێدەم، دوو بەردم پڕ بەدەستی خۆم لە چنگ کردووە، ئازاری ناوشانم ئەوەندەی تر تۆڕم دەکاو زیاتر هاتم دەدا تا تۆڵەی خۆمی لێبکەمەوە، قادر مام مەحمود هات زۆر ڕجای کرد وازبهێنم وتۆڵەی خۆم نەکەمەوە لە بەرئەوەی تووشی کێشەی زیاتر دەبم، پێم وت بەخوا یان قاچی دەشکێنم یان سەری ! جمالّ کە جێشەعبی بوو بەهۆی ئەوەی بە کوردی قسەی کرد نقڵکرا. ئەو جەمالّە هات، پارایەوە داوای لێبوردنی کرد تا من لەو تۆڕە بوونم سارد کاتەوە، بەقسەیم کردوو چوومەوە بۆ ناو قاعەکەم و کەمێ بەوناوەدا سۆڕامەوە دیسان هاتمەوە بۆ پاڵ

دیوارەکە تا تۆڵەی خۆم بکەمەوە. کەمێ چاوەڕێم کرد، ئەوەنەم زانی هات، وا وەدە وردە بۆ لای ئێمە دێت و نزیک دەبێتەوە. ئەو من نابینی منیش وا بۆسەم بۆ داناوە، لەپاڵ دیوارەکە خۆم بە دوو بەردەوە مات داووە. لە دیوارەکە تێپەڕی و منی نەدی نزیک شەش حەوت هەنگاوێ تێپەڕی، بەردێکم تێگرت، بەری نەکەوت دووەم بەردم دا بە پشتە سەریدا، خوێن بەسەریدا شۆڕ بووییەوە، لە شوێن خۆیدا دانیشتوو، دەستی گرت بە پشتە سەرییەوە، منیش هەر زوو چرپەم بۆ کرد خۆم کرد بە پشتی قاعەکاندا. لە بان دیوارەکەوە خۆم هەڵگژان بە سەربانی قاعەکان و چوومە ژێر لقو گڵای دارقەڵەم تۆزەکانەوە کە بەسەر سەربانی قاعەکاندا شۆڕببوونەوە، لەوێ خۆم شاردەوە تا بزانم چی تر ڕووەدا. ئاگام لێبوو قادریش لەگەڵ منا دووسێ بەردێکی تێگرت، بەس بەری نەکەوت، ئەویش وە خێرا بۆ قاعەی خۆیان ڕای کرد تا خۆی لەناو خەڵکەکاندا بزربکات. کەمێکی بەسەرا چوو، حەمە هات بۆلام بۆ سەربان ووتی : سەریت خراو شکاندە، کوون وە کوون بە دواتدا دەگەڕێ. نەکەی خۆتی پێشان بدەی. کات تێپەڕی. وەختە گەییە نانی نیمەڕوو دەبێت من لەوێ بم و یەکەم کەس نان وەرگرم، هەر لەکاتی دابەشکردنی خواردندا ئەیان ووت با کوڕە یەتیمەکە بێت. ئێی من دیارنەبم وا تێدەکەن لە سجنەکە ڕام کردووە. حەمە دیسان گەڕایەوە ووتی مستەفا نەکەی دابەزیت، بەخوا ئەو جوندیە ڕەشتاڵە وا لێتداو سەریت شکاند، لە تەنیش سەیارەی خواردنەکە بەکێبڵێکەوە وەستاوە، پرسیار تۆ دەکات ئەڵی بیگرم دەیکووژم بە کووشتن. بەیانی شتێکی وام نەخواردبوو نیوەڕۆشی بەسەراهات، ترس لەو جێشەعبیە و برسێتی بەڕۆکی گرتبووم، نەم دەوێرا دابەزم ترسم لەوەبوو ئەمجار خراپتر لێمبدات. دوای نیوەڕۆ حەمەو ئدریس کەمێ خواردنیان بۆم هێنایە سەربان. بەناچار لەو سەر بانی قاعە لە ژێر گڵای دارەکاندا مامەوە تا نزیک عەسر مامەوە، چاوەڕێم شەڕەکەمان بە بەرژەوەندی منا یەکلابێتەوە دواتر دابەزمە خوارەوە، مام ابراهیم بەرپرسی سریەی جەیش شەعبیەکان قاتع حەویجە بووە، بۆ ئێمە زۆر باش بوو، لەبەرئەوەی ئەو ماوەیە جێگای متمانەی بووین ئیشەکانمان بەباشی دەکرد و دەبران بەڕێووە، حەمەو ئدریس، بە ئیراهیمیان وتبوو مستەفا لێدراوە تووشی ئەو کێشە بووە، ئەویش پێیانی وتبوو بچن مستەفام بۆ بهێنن بۆ ئێرە بزان کێ لێداووە ؟ حەمەو ئدریس هاتن و وتیان دابەزە ئیبراهیم هاتووە بانگت دەکات ئەڵی ناهیلّم کەس دەستت لێبەرزکاتەوە. لەبەختی من ئیبراهیم ئەو ئێوارانە هاتبوو، ئیبراهیم بەرپرسی ئەو خواردن و دابەشکردنی بوو، ئێمەیشی وەک برا بچووک سەیردەکرد، ڕۆژانە ئیشەکانمان بەباشی دەکردو کارئاسانی زۆرمان بۆ ئەوان دەکرد کە بەرپرسی قاعەکەمان بوون، بۆیە پشتگیریمانیان دەکرد، متمانەم بە ئیبراهیم هەبوو، هەرچۆنێک بێت بە یارمەتی حەمەو ئدریس لە سەربانەکە بە بۆڕی ئاوەکاندا دابەزیم و خۆم شۆڕکردەوە. کاتێک چوومە سەربانەکە لێدانەکەم گەرماوگەرم بوو هەمیش ترسی لەگەڵ بوو بە چاو تروکانێک چوومە سەربانەکە، بەڵام بۆ دابەزین بەئازاری زۆرەوە دابەزیم، چوینە لای ئیبراهیم کاتێک ناوشانمی دی شین و مۆربۆتەوە، چاوی چووە تەوقە سەری، بە هاوڕێکانی ووت ئەمە کێ وا لە مستەفای داوە ؟ ئەوانیش ڕووداوەکەیان بۆ گێڕاییەوە بە ئیبراهیمان ووت ئێوارە دێتەوە هەتا لە مستەفا بدات. ئیبراهیم بەتۆڕەییەوە ووتی هیچ کەسێ ناتوانێک ئازاری ئەم منداڵانە بدات ئێمە زۆربەی ئیشەکانمان بەمان دەکەین و کار ئاسانیمان بۆدەکەن پێمی وت کەمێ تر وەرنەوە کاتی نانی ئێوارەیە هیچ ترست نەبێ خۆم چارەی دەکەم. ئێوارە کاتی نان هاتوو ئەوە جوندیە کە لێمدا بە کێبڵی دەستییەوە دیسان لە قەد ئیفاکە وەستا هەتا من بچموو دیسان لێمبدات، حەمەوئیدریس نارد، هەتا ئیبراهیم ئاگاداربکەنەوە کە جوندێکەی قاتعی کەرکوک هاتووە بۆ لێدانی مستەفا ! ئیبراهیم وتی ئەوە خۆم دێم با مستەفاش بێت چێشتەکەی وەربگرێت، کاتێک چووم چێشت وەربگرم سەربازەکە ویستی پەلامارم بات و لێمبدات، دەستی برد بە پشتا هەتا بەکێبڵ لێمدات، بەڵام ئیبراهیم تووند دەستی گرت و تۆڕە بوو لێی ! تۆ چۆن دەتوانی لەو منداڵە بدەیت؟ تۆ نازانی ئەو ڕۆژانە لەگەڵ هاوڕێکانیدا هاوکاری ئێمە دەکەن لەم قاعەیە.؟ تۆبۆت نییە لە قاتعی کەرکوکەوە بێت بۆئەم قاتعە لە خەڵک بدەیت. ئەگەر قسەی زیاد بکەی ئامر قاعەت لێئاگادار دەکەمەوە، ئیبراهیم پشتیمی هەڵمالّی، بەو

جەلادەی ووت، تەماشـــاکە چیت پێکردووە ؟ ئەویش وتی ویســـتێتی هەڵبێت، بەبێ پرس چووە بۆ باب نیظامەکە، وتی نا ئەوە چەند مانگە لێرەیە ئێمە دەیاناســـین، چەند منداڵی باشـــن و ئیش بۆ ئێمەو خەڵکەکە دەکەن ئەوان نوێنەری قاعەن ڕۆژانە خواردن دادەگرن و دابەشی دەکەن . دەســـتی بۆ من درێژکردوو وتی ئێســـتا ئەو منداڵە لە شـــوێنی خۆیان بێت و لای کەســـوکاری تۆ دەتوانی ئاوا ئـازاری بـدەیت ؟ ئیبراهیم هەم پشـــتگیری ئێمەی کرد، هەمیش ئەوی تـاوانبارکرد، هەربۆیە ئەو جەلادە ســـەری شۆڕکردوو گەڕایەوە بۆ قاتعەکەی خۆی. منیش هەم تۆڵەی خۆم کردەوە هەمیش ڕزگـارم بوو لە کێشـــەکە. هەڵبەت بەهۆی ئیبراهیم بەرپرسی قاعەکەمانەوە.

بەشی حەڤدە

لەجێشـــەعبێکانـدا لییان هەبوو لە گەڵ خەڵکەکەدا بـاش بوون، باشی ئەوان بەهۆی ئەوەی کورد بوون یان عەرەبی بە بەزەیی بوون، پێشـتر باسی باشـەی هادی و مەهدیمان کرد و جەماڵ و ئیراهیمیش کە بە سـەیارەکەی سـەمووڵی بۆدەهێناین. ئێمەی ڕزگاربووانی ئەنفال دەبێت بەوەفا بین بەرانبەر ئەو کەســانەی لەگەڵماندا باشــبوونە، نموونە مام نایف

مام نایف. جێشـــەعبیەکی تا بڵێت مرۆڤ دۆسـت و چاک بوو، خەڵکی حەویجە بوو، ئەو بۆ ئێمە و تـایبەت بۆمن زۆر بەکەڵـک بوو، هەمیشـــە هـاوکـاریمـانی دەکرد، ســـەیارەیەکی کۆســـتەری هەبوو هاتووچۆی پێدەکرد، ڕۆژێک مام نـایف ووتی: موســـتەفا لە پـاش ئەوەهموو چاکییەی لە گەڵ تۆمدا کردووە ! وای دابێنی لەم ســـجنە ئازاد دەبیوو دەچیتەوە شـــوێنی خۆتان و ئەزانم ئەبی بە پێشمەرگەش ! ئەگەر ئێووە لە سەر ڕێگایەک، بۆسەییەک دابنێن بۆ جێشـــی عێراقی و مـام نـایف بەدیـل بگرن، هەڵوێســـتـت چی دەبێـت ؟ منیش وەڵامم داییەوە ووتم نـاهیڵم یەک پێشـــمەرگە دەســـتـت پێوە بـدات، هەموو هەڵوێستی تۆ بۆ پێشمەرگەکان و تەواوی خێزانەکەم باس دەکەم کە چەند باشبوویتە لەگەڵ ئێمەدا. زۆر جار شـەوان دەچووین بۆ لای بانظامەکە بۆهێنانی ئەو نامەو پارانە کە لەلایەن خەڵکەوە بۆ کەسوکاری دەهات، ئێمە هەر شـەوێک بچووینایە بۆ هێنانی نامەکان دەبوو بەپێش ژووری ئامر قاطعدا تێپەڕین. من ترسم لەوە بوو نەکەوەمە بۆسەی ئەو جێشـەعبیەوە کە لێدام و سـەریم شـکاند، شـەوێک چووین بۆ هێنانی نامەو پارەکان، لەکاتی گەڕانەوماندا پێم وابێت من ومحمەد بووین یـان ئـدریس، کەوتینە بۆســـەی پاســـەوانەکانی ئامرقاطعەوە، دەســـت بەســـەریان کردین و بردمـانیـان بۆ لای ئـامر، پڕ گیرفـانمـان نـامەو پـارەیە ترســـمان لەوە بوو بمان پشـــکنن و کەشـــف بین، ئامرکە دەمانی ناسی پێشـتر دووسێ جار بە هۆی ئیشـوکاری و هاوکاریانەوە ســـەردانیمان کردبوو. دوای لێکوڵینەوە لە گەڵماندا نابێت شـــەوان بۆ شـــوێنێکی وا بچن چوونکە گوومـانی خراپتـان لێـدەکرێـت. ڕەنگە بکەونە بەرتەقەی پاســـەوانەکان یان گوومانی هەڵهاتنتان لێبکرێت. باش بوو نەیان پشـــکنین و نامەو پارەکانمان هێنا بۆ ئەوکەســـانەی بۆیـان هـاتبوو، ئەو مـاوەیەوە کە بە دزییەوە نـامەو پـارە دەهـات بۆ نـاو بەنـدیخانەکەمـان، ئێمە پەیوەنـدیمـان لەگەڵ هەنـدێ جێشـــەعبی هەبوو بەنهێنی ئـاگـادار دەکراینەوە، دواتر بە دزییەوە دەچووین دەمـان هێنـاو دابەشـــی ســـەرئەوخەڵکەمان دەکرد کە بۆیان دەهات شـــەوان کە نامەکان و پارەکانمان دەهێنا لە سەری نامەکان نووسرابوو بۆ فلاّن کەس کوڕی فلاّن، کاتێک شـــەوان دەچووینە ناو قاعەکانەوە نامەو پارەکانمان دەخســتە ژێر ســەریانەوە بۆ هەندێ کەسیش نەمان دەهێشت بزانێ ئێمە بۆمان هێناوە، یان دەماندایە دەستی کەسێ بەتەمەنیان، ئەمەش بۆ ئەوەی زۆر بڵاو نەبێتەوە کە ئێمە ئەم کارە دەکەین. هەر کاتێک بچووینایە بۆ هێنانی نامەکان حەفتەی جارێک یان کەمتر یـان زیـاتر، نـامەکـانمـان دەخوێنـدەوە، دەمـان وت بەڵکوو نامەکەی باووکم هاتبێت لەســـەر زەرفەکە نووســـرابێ بۆ مســتەفا حەســەن قوریچایی. بەڵام بەداخەوە نامەی خۆمان هەر ڕەنگی نەبوو.

لەووبزەوە بۆ تکریت

دوای گواســـتنەوەی قاعەکەی ئێمە بۆ ئەمنی تکریت، مام ئەحمەد موختار نامەو پارەکە دێنێت بۆ ســـجنی دووبز، لەوێ دەیگەیەنێت بە هادی و مەهدی هادی و مەهدی کاتێک نامەکە دەخوێننەوە، لەســـەری نووســـراوە بۆ موســـتەفا و حەمە و ئدریس، بە مختار ئەڵی ئەوان لێرە نەماون براون بۆ ئەمنی تکریت و بەشـێکیان بۆ نوکرەسـلمان. بۆیە مام

ئەحمەدی مختار بە نیگەرانییەوە دەگەڕێتەوە، بەشێ لە ئێمەیان برد بۆ نکرەسەلمان و بەشێکمان بۆ ئەمنی تکریت، ئێمەیان برد بۆ تکریت . ڕاستی وامان زانی بۆ ئازادکردنە بەڵام نۆرەی بێسەرو شوێنکردنمان هاتبوو.

بەشی هەژدە

ئێمە لە چوارشوێن (سجن- زیندان)ی کراین، لە هەموویاندا ناڕەحەتی زۆرمان دی، یەکەم جار لە ئەمنی کەلار، دواتر بۆ سەربازگەی قۆرەتوو، لەوێوە بۆ تۆبزاوا، دواتر بۆ سجنی دووبز، لەوێوەشەوە بۆ دائیرەی ئەمنی تکریت، دوای نزیکەی پێنج مانگ لەو بەندیخانانە، براین بۆ تکریت، ڕۆژ بەڕۆژ لە خاک و دێهاتی خۆمان دوور دەخراینەوە، هەتا دەهات بەندیخانەکان پیسترو بۆگەن تردەبوون، بەعسێکانیش زیاتر دڕندەتر دەبوون. هیواو ئاواتی ئێمەش ئەوە بوو بگەڕێنەوە بۆ ناو خێزانەکانمان، خۆزگەمان دەخواست بۆ جارێ تر بەیەک شادبینەوە دێهاتەکانی خۆمان ئاوەدان بکەینەوە وە بۆ جارێتر ئاشنای سەرقاڵێتی ئیشوکاری ئاوایی ببین . بەڵام ڕۆژ بەڕۆژ لە مەرگ نزیک دەبینەوە وا خەریکە هەزاران خۆزگەمان بە خاوەن خۆزگەوە دەخرێنە چاڵەوە.

زیندانی ئەمنی تکریت زۆر ناخۆش بوو، چونکە زۆربەیان بەعسی شۆفێنی بوون، کاتێک لە سجنی دووبزەوە براین بۆ ئەمنی تکریت کراین بە چەند بەشێکەوە بەشێک لە ناو قاعەو بەشێک لە ژێرگەڕاجدا بەشێکیش لە دەرەوە دانراین، ئەو بەشەی ئێمە لە ناو قاعەکان بووین، ڕۆژانە نیو کاتژمێر بۆ کاتژمێرێک لە قاعەکان دەردەکراین بۆ ئەوەی پشوویەک بدەین.

لە تەنیشتی سجنەکەی ئێمەوە سجنێکی تری لێبوو تایبەت بوو بەو کەسانەی کە پێشمەرگە بوون، یان هاوکاری پێشمەرگە بوونە، وەیان لە سەر سیاسەت گیرابوون، لەوێ کاوە و هاشمی خاڵۆزامی لێببوو، دوای ئازاد بوونمان گێڕانەوەی بەسەر هاتەکان بۆ یەکتری، ئەمەمان زانی. لە نزیک سجنی ئەمنی تکریت، خانوویەکی زۆر جوانی لێبوو، بە شووشەو کەرەستەی جوانی ئەو سەردەمە ڕازابووەوە. ئێمەش لە داخی دڵمان کەمێ تۆڕەیمان دەرچێت بە دەست بەردمان بۆ هەڵدەدا تا جامەکانی بشکێنین، کاتێک ئێمە بەردمان دەهاوێشت، ئەمنەکان دەهاتنە گیانمان دەیانووت ئەوە مااڵ وەزیرە نەکەن جارێکی تر بەرد هەوا بدەن، کابرایەکی کورد هەبوو ڕۆژانە دەهات، بۆڕی ئاوەکانی دەکردەوە، ئێمەش خۆمان لێ نزیک دەکردەوە تا شتێکمان پێبڵێت، بەڵام ئەو زۆر دەترسا. هیچی نەدەووت، ڕۆژێک بێزارمان کرد لە پرسیارکردن وتمان خاڵۆ خەڵکی کوێ ؟ خاڵۆ چیمان لێدەکەن ؟ خاڵۆ بۆ کوێمان دەبەن ؟ لێمان تۆڕە بوو، بڕی جمانیدا پێمان ووتی، بۆ وازم لێناهێنن، من هیچ نازانم، هەر ئەوەنە مااڵم لە تکریتەو ئەمە ئیشەکەمە، وازبێنن با لە سێدارەم نەدەن ! ژنێک هەبوو کاتی منداڵ بوونی هات ! ڕۆژێک ژان گرتی و تەقەلای دەکرد و هاواری لە قاعەکان دەنگی دەداییەوە، چەند ژنێکی ناسیاو و بەتەمەنی ناو سجنەکە، بە بەتانی لە پاڵ بڕێ خێمە شڕی عەسکەریدا لە ژێر گەراجەکە، نیمچە ژووریکان بۆ دروست کردوو لەوێدا منداڵەکەی لەدایک بوو. چەند ڕۆژێک پێش ئەوەی ببرێن بۆ ناوگۆڕی بەکۆمەڵ، هەموومانیان کۆکردەوە، سێ مێزو کورسیان دانا، بەنۆرە دەبراینە پێشەوە، ناو دەنووسرا ئەوەی پارەو ئاڵتوونی پێبیت لێیوەردەگیرا لە (سجل) سدا پارەو ئاڵتوون و شتی بە قیمەت تۆماردەکرا، ئێمە زانیمان شتێکی واهەیە، نزیک حەوت هەشت دیناریکمان پێبوو، لە ژێر بەردا شاردمانەوە، بەڵام خەڵک بەگشتی ئەوەی هەیبوو لیان وەرگیرا، هەر کەسێک پێنەبوایە یان نکۆڵی بکردایەت بەوردی و بەلێدان دەیان پشکنی و لیان دەسەند. " ئەمە بۆ ئەوە بوو کاتێک ئەو خەڵکە دەکەنە ژێر خۆڵەوە، ئەو شتانە بۆخۆیان ببەن " شەوێک لە قاعەدەرکراین و کراین بە ناوی سەیارەی داخراوەوە، زانیمان کۆتایی ژیانمانەو دەبرێن بۆ زندەبەچاڵ کردن، نزیک دوو کاتژمێر لە ناو ئەو سەیارە داخراوەوە ماینەوە بێئەوەی بکەوێتە ڕێ، لێمان لە هۆشی خۆی چوو، هەبوو دەڕشاییەوە، نزای ژن و گریانی منداڵ چووبوون بەیکدا . قیامەتێکی بچووکمان بە چاوی خۆمان دی . هەبوو مێزی دەکرد بە خۆیدا، هەبوو لە بەر تەنگە نەفەسی و کۆکە خۆی پیس دەکرد" ئەمە بۆ ئەوە بوو تەواو بێهۆش بین، کاتێک دەکرێن بەناو چاڵەوە نەتوانیان بێنە سەرەوە خۆڵ بکەن بەسەرماندا، دوای دوو کاتژێر،

دەرگـایـان لێکردینەوە، بە عەرەبی هەر ئەوەنەیـان ووت ئێووە بە بەختن !
بەیـانی مفەوز حەکیم هـات، مفەوز حەکیم : ســـێ ژەممە خواردنی بۆ دەهێنـاین بە پێکـابەکەی . بـانگی کردین و ووتی: موســـتەفـا خوێنـدواریـت هەیە؟ ووتم بەڵی پۆلی پێنجی سـەرەتایم لە بان دەشـپولی پیکابەکەی جەریدەیەکی هێنا، پێموابێ رۆژنـامەی جموری یـان قادســـیە بوو، بە عەرەبی بە مانشـــێتێکی گەورەی ســـوور نووســـرابوو .(لێبوردنی گشـتی بۆ هەموو کوردێک چی لە ناووەی عێراق یان دەرەووە، بێجگە لە جەلال تاڵەبانی)
کردمانە خۆشـــی وشـــادی و بەزم و ڕەزم، هەرکێ لای خۆییەوە خۆشی دەردەبڕی. جەریدەمان بەقاعەو ژورەکاندا گێڕا بەناو خەڵکدا دەچووین و مژدەی عەفوی عامان پێیان دەدا. لەخۆشـــی و هەراوهۆســـەی ئێمەدا، ئەمنەکان هاتنە گیانمان بەســـۆندەو کێبڵ هاتن پێماندا، ئەیانووت بۆ وا دەکەن ئەم هەراییەی بۆچییە؟ ئێمەش لە خۆشـــی ئـازاد بوونمان، لیدانی ئەوانمان لاهیچ نەبوو، خۆشـــی ڕزگار بوونمان وای کردبوو هەســـت بە هیچ لێدان و ئازارێک نەکەین.

بەشی نۆزدە

دوای نزیکی شـەش مانگ لە بەندیخانەکانی بەعس، دوای شـەش مانگ ناخۆشـی و دەربەدەری، دوای شـەش مانگ دوور لە ئامێزی گەرمی دایک، دوای شـەش مانگ دەسـت وەسەریمان لای جەلادەکانی بەعسی شۆفێنی، دوای شەش مانگ خواردنی ژەمی ناتەندروسـت، دوای شـەش مانگ خواردنەوەی ئـاوی پیس، دوای شـــەش مـانـگ دوور لە خوشـــک و براو باوک، دوای شـــەش مانگ ئازاد بووین کەچی جاشـــی صـــموود وازیان نەدەهێنا جاســـوســـیان لەسـەرمان دەکرد، هەر خێزانی ئێمە چەند کەسمان هێشتا بێسەروشوێنن کەچی جاشەکان بەردەوام بوون لە خیانەت کردن و ئـازاریـان دەدایـن. بەیـانییەکی زوو پیـان وتین خۆتان کۆکەنەوە، نزیک ســـەعات حەوت دەبوو، ســـواری سەیارەیان کردین سەیارەکان داخراوبوون لە بەینی ئێمەو شـــوفێرو پاســـەوانەکان جارجار جامەکەیان دەکردەوە قســـەیان لەگەڵماندا دەکرد، هەندێ جار لە بۆشـایی یان لە کوونەکانەوە ســـەیرمـان دەکرد، ئێمە دەزانین بەردەبین، چونکە قەرارەو دراوە، ئەو شـــەو ڕۆژەش، ئەمنەکـان و جێشـــەعبێکان لەگەڵماندا ڕویان خۆش بوو، کەوتینە ڕێ لە ڕێگا ڕایان گرتین، ئەوەی ڕاســـتی بێت زۆر ترســـاین، بەخۆمـانـمـان دەوت بەخوا هەم دەمـانـگەڕێننەوە بـۆ بەندیخانەکە، دیارە لەبڕیارەکەیان پاشـــگەزبونەتەوە، پیان وتین دابەزان خواردنەکەتـان بخۆن ! زۆربەی خەڵکەکە ووتیان نان ناخوین، برسـیمان نییە بەس با ڕانەگیرێن و ئـازادمـان کەن ! پیـان وتین نـابێـت ئەم خواردنە ئـامـادەکراوە دەبێت هەر بخورێت. ئەگینـا لەســـەرئـامر دەکەوێت. داوەزیمان، بیرمە نان و شـووتی بوو خواردمان و دیســـــان کەوتینە ڕێ، ئەوانەی شـــــارەزا بوون لە کوونەکانەوە یان لە و جامەبچووکەی پێشـــەوە ســـەیریان دەکرد دەیـان زانی وا بەنـاو کەرکوکـدا تێـدەپەڕین. لە کەرکوک تێپەڕیمان گەیشـتینە جێگایەکی تر، خەڵکی زۆر بان ڕێگاکەیان گرتبوو، ئەو ڕەتڵە ســـەیارانەی ئێمەیان هەموو ڕاگرت، ئێمە نەمـانـدەزانی چیبووە، بۆ چی وا ئەو خەڵکە پێشمان دەگرن. ئەوەنەمان زانی دەرگای سەیارەیان کردەووە، ئاوو پسکیت و خواردنیان پێداین، هەموو چاوی گردەدا تا یەکێ لە ئێمە بناسـێ یان پرسـیارو سـۆراخی کەسوکاریان دەکرد . وتمان خەڵکی زۆری تێدایە لە هەموو نـاوچەو خێڵەکـانی گەرمیـان. ئەوێ چەمچەمـاڵ بوو ئەو خەڵکە بە غیرەت و بەهەڵوێستە بوو، کە پێشی ئەو جێشە زۆرەیـان گرتو خواردنیـان بە ئێمەدا، هەتـا بمرم ئەو هەڵوێســتەی چەمچەماڵم بیرناچێتەوە بەڕاســتی بە دڵەوە هـاتن بە پیری ئێمەوە، دیســـــان لەوێوە بەڕێکەوتین بۆ سلێمانی لە ڕێگا خەڵک بە سیارەی خۆی یان کرێ دوامان دەکەوت، منیش لە کوونی ســـەیارەکەوە چاوم بە باوکم کەوت، لە پێشی سیارەکەوە دانیشتبوو، هەرچی بانگیم کرد ئاگای لێنەبوو، دوای نزیک شـــەش مانگ وا من و باوکم نزیکین لە یەکەوە، بەڵام هەرچی بـانگمـان کرد بەهۆی دەنگی ســـیارە و بچووکی کوونەکە ئاگای لە بانگکردنی ئێمە نەبوو. کە گەیشـــتینە ناو ســـلێمانی، بردیانین بۆ پارێزگا، لەوێ لە حەوشـــەییەکی گەورەدا کۆ کراینەوە. دووسـێ تەنکەر ئاویشی تێدا بوو، هەرلەوێ جیاکراینەوەو پیان وتین ئەوەی خەڵکی کەلارو کفرییە با بێن بۆ ئێرە، سووچێکی حەوشەکەی ناو پارێزگاربوو، ئەوەی چەمچەماڵ

و سـنووری چەمچەماڵە، بۆ سـووچێکی تری حەوشـەکە، هەموو خەڵکی سـنوورەکانی خۆیان جیا جیا کراینەوە. لەوێ میمکە ڕەسـمێ وا هەموو جارێک لەزیندانی دووبز بانگدەکرا بۆ ئەمنی کەرکوک بۆ لێکۆڵینەوە، ئەفسـەرێک هـات و بـاوشـیـان کرد بەیەکـدا. ئیتر زانیمـان ئەوە هاوسەرەکەیەتی گەراوەتەوە سەر کارەکەی دوای سزادانی. میمکە ڕەسمێ بە پیاوە ئەفسەرەکەی ووت ئەم سێ کوڕە موستەفاو ئدریس و محەمەد براو پشـتی ئێمە بوونە، زۆر بە کەلکی ئێمەو ئەم خەڵکە هـاتوونە دایمە خزمەتمـانیـان کردووە چاویان پێمانەوە بووە، ئەفسەرەکە باوشی پێماندا کردو هەرسێکمانی ماچ کرد زۆر سـوپاسـی کردین، بیرمە خوولکیی کردین کە بچین بۆ مـاڵیـان. منیش وتم بـاوکم هـاتووە ڕەنگە ئێسـتـا بگـات یـان لە دەرەوەبێت، ئینجـا دەسـت کرا بە ناو خوێندنەوە فلان کچی فلان وەرە ئەوە پارەو ئـاڵتونەکەتە وا لە ئەمنی تکریت لێت وەرگیرا. فلان کوڕی فلان، ئەوە پارەکەتە وا لێت وەرگیرا، بەم شـــێوەیە ئەوەی لە ئەمنی تکرێت پارە یـان ئـاڵتوونی لێوەرگیرابوو هەموویـان داوە پیـان بێئەوەی کەمبێـت یـان زیـاد یـان گۆڕابێت. ئەو خەڵکەی سـنوری کفری و کەلار و سـموود کە جیاکراینەوە، دیسـان سـوارکراینەوە بۆ گەرمیان، بەڵام ئەمجارە کۆسـتەریان هێنابوو، بەناو زەڕایەن و دەربەندا تێپەڕیمان بۆ پشـوودان گەیشـتینە ئاوەخێڕیی. دەمزانی باوکم هابە دووامانەوە هەر لە کەرکوکەوە سـەیارەیەکی گرتووە بەکرێ هەتا بە ئێمە ئاشـنابێتەوە. لەوێ هاتە ناو سـیارەکەوە، جامانەکەی بەسـەروە بوو، قاتێ ڕەسـاسـی لەبەردابوو، هەر کە چاوی کەوت بەو خەڵکەو ناسیاوەکانی ناسییەوە، باوشی کرد بە گەولاوێژدا، گەلاوێژی ناسییەوە خوشـــکی ئەحمەد براباش و عەدنان خاڵۆزام، بەڵام منی نەناسـیەوە وتی ئەی مسـتەفا کوا ؟ وتیان ئەی ئەوەنییە لەوێدا دانیشـتووە باوشـمان کرد بەیەکدا، گریانی خۆشـی ناوخۆشی تێکەڵ بوو، دەستی کرد بە گیرفاندا بڕێ پارەی زۆری دەرکرد، ها پارەتان بەمێ دەسـتی بۆ گەلاوێژ درێژ کرد، پارەی بەمندا، باوکم لە خۆشـــیدا و بەبینی ئێمە، لە خۆشـــیدا نەیدەزانی چی دەکات و چی دەبینی، وتمان پارەمان بۆ چییە وا ئێمە بۆ مـاڵ دێنەوە. لەوێوە دیسـان بەڕێکراین بۆ کەلار، لەکەلار بیرم نییە چی شـوێنێک بوو ڕەنگە قایمقامێتی ئەوکاتەی کەلار بووبێت، ئەوەی خەڵک سـموود بوو یان کەسـوکاری لە سـموود بێت. براین بۆ ئەوێ لە نزیک خاڵە ڕەفعتا ئەو جێگا دواتر کرا بە مقەری شـــوعی لەوێ دابەزیمان، هەروا خەڵکی ئەوێ بوو لەوێ کۆبووبوونەوە بەدوای کەســـوکـاری خۆیـانـدا دەگەڕان. هەرچیم دەکرد باوکمم نەدۆزییەوەوە، دوای کاتێکی درەنگ باوکم لەناو ئەو خەڵکە دۆزییەوە دیسـان باوشـمان کرد بەیەکدا دنیاش تاریکی کردبوو.

باوکم جێبێکی بەکرێ گرت، وتی بۆ مـاڵی خۆمـان دەچین، کاتێک گەیشتم ماڵ، وەک ئەوە وابوو تەرمەکەم هاتبێتەوە گریانی خوشـک بانگ وسـەڵای خزمان چووبو بەیەکدا، دایکم چاوی پێمکەوت لە خۆشـــیدا بوراییەوە، یەکەمجار بوو مـاڵی خۆمـان دەبینم، ژووڕەکـان پڕببوون لەغەریبی، سـەیری چاوی خوشـــکەکانم دەکرد هەر یەک گۆڕێک لە ســـۆمای چاویاندا هەڵکەندراوە بۆ براکانمان، ئاوڕم لە ڕوخســـاری باوکم دەداییەوە پڕ ببوو لەتەرمی نـادیـار، جلەکانی دایکم ئاســـایی نەبوون هەر چەند ڕەش بوون بەڵام ســیمای لەکفن دەچوو. نەم دەزانی چۆن بێمە زمانو بڵێم دایکە بـاوکە ئەی عەبدڵڵا و موحەمەدی برام کوان ؟ هەر چەند هاتنەوەی من و ڕزگار بوونم لە ئەنفال کەمێ ئاوی کرد بەو ئاگرەی دڵی دایکمدا کە بەهۆی براکانمەوە هاڵگیراســاوە . بەڵام ئەو جەرگی چەقە دووکەڵی ناخی لە هەناســەییەوە دەهاتە دەر. من وا تێگەیشـت بووم لە گەڵ بـاوکمـدا موحەمەدی برام ڕزگـاری بووە، بەڵام نەمزانی کاتێک باوکم و موحەمەدی برام بەڕانە مەڕەکانەو دەچن بۆ ئاواییە عەرەبەکان، موحەمەدی برام دەست بەسەر دەکرێ و دەبرێت بۆ ئەمنی دووز لەوێ دەســـتگیردەکرێ و ئەنفال دەکرێت.

بەشی بیست

بە باوکمم ووت ئەی کوا ؟ موحەمەدی برام کوا لە کوێیە ؟ باوکم ئاهێکی ســاردی هەڵکێشـاو لەو لاوە دایکم دای لە قوڵپەی گریان ڕێزان و پەیمانی خۆشـکم ئەوانیش خۆیان بۆ نەگیرا و فرمێســـکی حەســـرەت بە چاویانـدا هاتە خوارەوە .. ئەی ئەو ڕزگـاری نەبووە ؟ بـاوکم وەڵامی دامەوە، ووتی : کوڕم موستەفا، دوای شـەهید بوونی عەلی برات و بێسەرو شوێنی عەبدڵڵاو موحەمەد ئێستا تۆ کوڕە

تـاقـانەی ئێمەو خوشـــکەکـانتی. بـاوکم لە درێژەی بە قســـەکانیدا وتی: کە ئێمە لە پردەکەی قوریچایی لە ئێوە دابڕاین، هەر ئەوکـاتەی وا ئێووەیـان برد بۆ قۆرەتوو، ئەمنەکانی دووزخورمـاتوو بەفێڵ بەنـاوی ڕزگـارکردنەوە کۆســـتەریـان هێنـابوو گوایە خەڵـک ڕزگـار دەکەن، موحەمەدیش وەل ئەو خەڵکە سـواری کۆستەرەکان ببوون و هەتا ئێســتا بێســەروشـوێنن .(موحەمەد ئەنفال بووە) ئەحمەد فەرەجی ئامۆزاشـم، دڵشـاد و عومەری کوڕی داوە دەســـتی من، هەتا ڕانەکان بەرین بۆ ســـنووری بەیات بۆگوندی(البوغنام) خۆی لەگەڵ کۆمەڵی خەڵکا بە ســیارە چوون هەتـا لە دووزەوە خۆیـان ڕزگـار کەن .جەلال برای خێزانیشی دوو برازای بەناوی فایەق و ئیبراهیم لەگەڵماندا بوو، کەمێک لە شـــارەکە-جادەکە دوور کەوتینەوە، مێرد منداڵێک کە خەڵکی دووڕاجیبوو بەســـواری گوێدرێژێکی ســـپییەوە بە بڕێ پەزەووە لە خێزانەکەیـان دابڕابوو. ئەویش بووە هاوڕێمان ناوی بەکرە کوڕی مەلا حەمەئەمین بوو، ئێمە بووینە دوو بەشـــەوە، جەلال لەگەڵ فـایەق و ئیبراهیم برازایـانـدا نزیـک ڕەبـاییەکان بوون، ئێمە کەمێ دوورتر بووین، زۆری پێنەچوو ئەحمەد فەرەج لە دووزەوە گەڕایەوە. لە ســـیارەکە دابەزی بە جەلالی، ووت، وریـای خۆتـان بن وەزع بـاش نییە، خەڵـک دەگرن. ئێمەیـان لە سلێمانبەگ گەڕانەوە ناهێڵن مەل بپەڕێتەوە. ئەحمەد فەرەج لای جەلالەوە هاتن بۆلای ئێمە ڕەبایەکانی نزیک شارەکە، کە جـاش و جێش بوون جەلال و برازاکـانی گرتن. ئەوانیش هەتا ئێستا بێسەروشوێنن.(هەرسێکیان ئەنفال بوونە) ئێمە بەڕانەکـانەوە بەرەو ســـنووری بەیـات بەڕێکەوتین. لە ڕێگا عەرەبێک هاتە ڕێمان بۆ بەرخ کڕین هاتبوو. دەیوست بەرخی پێ بفرۆشم. ڕێکەوتین بەرخێکی بۆمەولود کڕی. دواتریش پێنج شـــەش بەرخم کردە پارە دەمویســـــت کەم ببینەوە. بەهۆی بـاوبـاران و بەرزی خەڵەکانەوە کوێدرێژەکە کە دوو بەرخ لە نـاو هەگبەکەیـدا بوو، لێمان گومبوو یان شـوانی عەرەب لێمانی دزی وەلحاڵ دیـار نەمـان. (بەکر مەلاحەمە ئەمین)یش ئەومنداڵە داماوە بە پەزەکانییەوە دیارنەماو لە ئێمە دابڕا، تا ئێستا ئەویش بێسەرو شوێنە(بەکرو تەواوی خێزانەکەیان، ئەنفالن) کاتی چوونمان بۆ گوندی (البوغنام) لە ڕێگا کابرایەکی بەعسـی ڕێگای لێگرتین ناوی شبیب قتال برای عبدالسلام قتالە، بە دەسـت ئاماژەی بە گوندی قوریچایدا ووتی: ئێوە گشـتان مخربن و هـاوکـاری پێشـــمەرگە دەکەن. منیش پێم وت: بەڵی، ئێمە هاوکاری پێشـمەرگەمان کردووە. چیت لەدەست دێ بێمنەتبە، هەڕەشـــەی داو ووتی ســـبەی لە ئەمنی دووزخورماتوو ئەم قسـانە بکە. ووتم : بێمنەتبە دەسـتی خۆت بۆخۆت چیت لەدەسـت دێ بیکە، بۆ ئێمە شـتێکمان ماوە لەژیان تا لێبترسین لە دەستی بدەین . لەو ڕزگارمان بوو ماتۆڕ ســـواریک هاتە ڕێگاکەمان، پێش ئەوەی بگاتە لامان بە ئەحمەد و منداڵەکانم ووت، تەواو فەوتاین دیارە ئەو شـبیبە خەبەری داووە. کە نزیک بوویەوە ڕووی دەمی لە من کردوو ووتی:

- تۆ حەسەن فەتاحی ؟
- منیش لە بەرئەوەی کوڕم پێشـــمەرگە بووەو شەهیدکراوە وتم، نا من حەسەن فلانم، ناوێ ترم پێدا.
- بەدوای بـاوکی عەلیـدا دەگەڕێم، بـاوکی نـاوی حەسەن فەتاحە !
- چۆن عەلی دەناسی ؟
- عەلی هاوڕێمە پێکەوە خوێندکار بووینە !
- بۆ تۆ کێیت ؟
- ناوم عزیزعەلییە برازای حەمەبۆر.
- ئیتر زانیم کەســـێکی بـاش و پـاکە، خۆمم پێناساندو ووتم من باوکی عەلی یم !
- ئەی عەلی کوا ؟
- عەلی زۆرنییە لەپێشمەرگایەتی شەهید بووە،

باوشی پێمدا کردوو هەردووگمان دەستمان کردە گریان . عەزیز کەهاوڕێی شـەهید عەلی بوو، ماڵ وکەسی بە ئەمەک و بـاش بوون. بردمـانی بۆ ئەلبووغنـام، لەوێ ڕانەکەی کردینە ئەرکەوازێکەی ئاوایـیەوە. دوو ڕۆژ و دوو شـــەوو ماینەوە لەوێ، بەباشـــی خزمەتیان کردن، لەگوندی البوغنام لەماڵی محمد لەتیف وکەریم لەتیف گشـــت ڕانە مەڕەکانم فرۆشـت و دوای ماوەیەک پارەکەیم لێیان وەرگرت، لەوێوە لە ئەحمەد ئامۆزام و منداڵەکانی دابڕام چووم بۆ کفری بۆ ماڵی حسـین مامەت و میمکت لەیلێ، لە گەڕەکی قەبرسـان، دواتر دۆخی شـــارخراپ بوو بەدوای کەســـوکـاری

پێشمەرگەدا ئەگەران ئەمن و استخبارات و تەوارییەکانی بەعس، بەناچاری چووم بۆ مالّی مام رەحیم ئەمین لە کەرکوک. خیزانی مام رەحیم بۆمی گیرایەوە بە دریژای ئەوماوەیەی باوکم لەمالیان بوو گشت بەیانیەک تێر تێر فرمێسکی ئەرێژایە سەر سفرەی نان خواردنەکەدا و ئەیوت ئێستا کە کورو کچەکانم گەرێ حالّیان چۆن بێت؟ نازانم ماون یان نەماون ؟ خودایە هاوارم بۆلای تۆ. دلّشادی ئامۆزام بۆی گێڕامەوە ووتی کاتێک باوکت چوو بۆ کفری ئێمەش نزیک حەفتەیەک لە حاجی عەواد بووینە، دواتر سێ چوار ڕۆژ چووینەتە ئاوایی خەلّەف جاسم، لەوێوە بۆ ئاوایی کارێز، لە کارێز ئەحمەد فەرەج لەگەلّ منداڵەکانی گەراونەتەوەوە سەرێک لە ئاوایی بدەن بەنهێنی چوبوون بەنهێنی گەڕاونەتەوە لەوێ چاویان بە چۆلّەوانی دێهاتی وێراندا کەوتبوو چەند پێشمەرگەیەکی پارتیزانیان بینابوو، مانگێک لەکارێز بوونە، دوایی لە کارێزەوە بۆ ئاوایی ئاشتۆکان نزیک مانگێکیش لەوێ مابونەوە، دواتر چونە ئاوایی عەلی خەلّف بۆ ماوەی مانگێ . لە عەلی خەلّفەوە بۆ دووزخوارماتوو، لەوێوە بۆ ئاوایی صیاد تا کات عافواتەکە.

باوکم بەو دەربەدەرییە ژیانی بەسەر بردبوو، دایکم و پەیمانی خوشکم، دوای مانگ و نیمی لە سجنی تۆبزاوا ڕزگار کرابوون[22] ئەوە بوو ڕێزانی خوشکم و مام فەریق نەریمان لەگەلّ کۆمەلّی خزما ڕزگاریان بوو، ئێستا وا لە کەلاوەیەکی سموود ژیانی نوێ بەڕێدەکەین، بەلّام چی ژیانێک دوو براو خوشکێک بە پێنج منداڵییەوە ئەنفالکراون .

بەم وەزعەشمانەوە جاشەکانی سموود[23] وازیان لێمان نەدەهێنا، جارجار دەهاتنە گیانمان، دەیان ووت بێن پەنجە مۆر بکەن بلّێن ئەنفال حەق بووە کراوە، ئێمە شایەنی ئەوین بەسەرمان هاتووە.

بەشی بیست و یەک

ـــ دوای عافواتەکە مانگی نۆی سالّی ئەنفالەکە (مەبەستی سالّی ١٩٨٨) لە (صمود)ڕزگاری دەستمان کردە ژیانێکی نوێ، بەلّام چی ژیانێک ؟! بەشێک لە خێزانەکەمان ئەنفال و بێسەروشوێنن، عەبدلّلا و موحمەدی برام لە گەلّ خوراسانی خوشکم و تەواوی منداڵەکانی کوڕەکانی شەماڵ و کەماڵ بوون، کەنیشکەکانیش خەرامان و ڕوخۆش وگوڵستان بوون. بێسۆراغی ئەوان ئاگرێکی لە جەرگی دایک و باوکم بەردابوو، هەمیشە چاویان لە سووچی کۆلّانەکەمان بوو، بەلّکو یەکێک لە براکانم بێتەوە یان کەسێک بێتوو خەبەری خۆشی پێبدات و بلّێ ئەوە خۆراسان و منداڵەکانی هاتنەوە. یان هەمیشە گوێیان بۆ هەواڵێکی خۆشی ڕادوێکان ڕاخستبوو بەلّکوو پێشکەشکارەکە بلّێت (عافوعام) دراوە و بەشێ تری خەلّکی بێسەروشوێن بێنەوە، لەناو خەلّکدا زۆر قسە دەکرا، زۆرینە دەیانووت ئەنفالەکان ماونو دێنەوە، کەمینەیەک بێهیواو بێئومێد بوون لە کەسوکاریان، باوکم لە زۆر بەی کۆڕی پیاوانی گەڕەکدا، دەیوت نەماون و بەعس ئەنفالیانی کردووە، هەمیشە قسەی ناخی دلّی زامداری دەکردوو لەوەتەری جاشەکانی ئەدا بەوەی کە ئەوانیش دارەدەستی حوکومەتی بەعس بوونە لە ئەنفالکردنی کەسوکارمان، حوکومەتی بەعس لە بەسڕەو عیمارەوە ئەمنی هێنابوو بۆ (صمود)ڕزگاری، زۆربەی ئەمنەکان گەنج بوون و تەمەنیان (١٨ بۆ ٢٢)سالّان دەبوون، ئەمەش بۆ ئەوەی بە بەزەیی نەبن بەبەرانبەر کەسوکاری ئەنفال، یان چالاکبن و بەسەر کوردا لە شارەکە دازالّبن. دەمانچەی بێ کیفیان دەکرد بە تۆی قایشداو شانازیان پێووە دەکرد، ئەسڵەن هەرکەس نەیدەوێرا سەیری ناوچاویانیشیان بکات، لە خۆڕا خەلّکیان تووشی کێشەو گرفت دەکرد، بەداخەوە کوردیش هەبوو خۆی کردبووە ماشەی دەستی ئەمن و تەوارییەکان، خەلّکی بەدبەختی جگەر سووتاوی ڕزگاری- صمودیان تووشی کێشە دەکرد لەسەر کەسوکاری ئەنفال خەبەریان دەدا. بەگشتی لە ترسی (ئەمن و جاش و استخبارات)، دەستم کردەوە خۆێندن. لە ڕزگارییەوە چووم بۆ(سلیمانبک) بۆ هێنانی (وثیقە)ی پۆلی پێنجی سەرەتایم، دواتر لەڕزگاری دەستم کردەوە بەخوێندن . زیاتر دەست پێکردنەوەی خوێندنم بۆ ئەوە بوو وا وردە وردە تەمەنم

[22] ئەوە مایەی لەسەر وەستانە کەسێک یان خێزانێک لەتۆپزاوا ڕزگاری بووبێت !؟

[23] ئەوسا کۆمەڵگای زۆرەملێی ڕزگاری ئێستا ناوی صمود بوو. بۆیە هەتا ئێستاش هەندێک کەس هەر بەصمود ناوی دەبەن بەڵام بەکوردی لەبری ص س بەکاردێنن بۆیە صمود دەبێت بەسمود.

هەڵدەکشێ هەتا تووشی (عسکر)ی سەربازی و کێشەی (استخبارات و ئەمن)نەبم .
باوک و دایکم هەتا بوخچەی ژیانیان پێچاییەوە، کۆچیی کاروانیان بۆ بارەگای یەزدان بەڕێکرد، بە نەهامەتی و جەرگ سووتانەوە هەنگاویان لە ژیاندا نا.

دایکم (ئامینە سەمین ئیبراهیم)

دەگەڕێمەوە کورتەیەک لە ژیانی یەکێک لە ژنە جەرگ سووتاوەکانی گەرمیانتان بۆ باس دەکەم ئەویش دایکی



میهربانمە. دایکم (ئامینە سەمین ئیبراهیم) لە ساڵی ١٩٢٩ لە دایک بووە، ژنێکی دڵ گەورە وڵێبوردە بەرەحم بوو، پێشمەرگەکان بەدایە گەورە ناویان ئەهێنا، چونکە هیچ جیاوازی نە دەکرد لە نێوانیان شەهید عەلی برام و هاوڕێ هەڤاڵەکانی، دایکم سروشتی وابوو زۆر بە سۆزو بەرەحم بوو بۆ ئێمە کە جگەر گۆشەی بووین، ئەوەندەش بۆ پێشمەرگەکانی ئەوسەردەمە کە لە ئاوایی دەهاتنە ماڵمان.
جارێکیان شەهید شێخ جەمال کە فەرماندەی کەرتی تیپی ٥١ی گەرمیان بوو، دایکمی ڕاسپارد بڕوات بۆ شار بۆکرینی هەندێک پێداویستی بۆ پێشمەرگەکان، یەکێک لە پێداویستیەکان پشتوێنی پرتەقاڵیی بوو، کە ئەوکات زۆر باو بوو لەناو پێشمەرگە بەتایبەتی شەهید شێخ جمالّ گشت پێداویستیەکانی بۆیان دابینکرد زۆر چاودێری لەلایەن دەزگاکانی ئەمن و ئیستخبارات و سیخوورەکانی ڕژێمی بەعسەوە لەسەر خانەودەکەمان هەبوو. دایکم ئیمانداریکی زۆر یەقین و پابەند بوو بە فەرزوو سونەتەکانەوە، لێمان دەپرسی لەکەیەوە نوێژ ئەکەی ئەیووت ڕۆڵەگیان خۆمم ناسیوەوتەوە نوێژم نەڕۆیشتووە، سەرم بڕوا نوێژم ناڕوا.
لەساڵی ١٩٨٧ چەند ڕۆژێک پێشئەوەی (عەلی برام) شەهید بێت، لە گوندی دووڕاجی عەسرانێک بوو لەسەر(سەکوێکەی)ناو حەوش دانیشتبووین، تۆزێک پێش خۆر ئاوابوون دایکم ئاموژگاری عەلی برامی ئەکرد کە ئاگات لەخۆت بێت لە شەڕەکان بۆ ئەوەی جەرگم نەسووتێ ! شەهید عەلی دەستی بۆ خۆرەکە درێژکرد و ووتی : من وەکو ئەوخۆرە ئاوا ئەبم ! ئێمە پێشمەرگەین پێویستە شەهیدبین لە پێناو خاک و بەرگیری لەشەرف وکەرامەتی میللەتی کوردو خاکی پیرۆزی کوردستان، چونکە ئەم ڕێبازە خۆم هەڵمبژاردوە. دایکم بە چاوی پڕفرمێسکەوە ووتی ڕۆڵەگیان عەلی بەزەییت بە من و باوکتدا بێتەوە، با جگەرمان نەسوتێ بەم بەدبەختی و چارەڕەشیە ئیوەمان گەورە کردوە. شەهید عەلی ووتی : ئێوە هیچتان لە دایک وباکی شەهیدەکانی تری کوردستان زیاتر نیە، قەدەر وابوو ئەوە بووە دوا دیدارمان لەگەڵ ڕەحمەتی(شەهید عەلی برام) دوای چەند ڕۆژێک لە ڕۆژی ١٩٨٧/٧/١٤ بەیانیانێک کە ئاگامان لەهیچ نەبوو کەسێک لە خەڵکی ئاواییش ئاگادارمانی نەکرد، کە شەو شەهید بووە پێش چەند دەقەیەک ئاگادارکراینەوە وتیان عەلی برات شەهیدبووە. لەو ڕۆژەوە تەعزیەاری و مەینەتی و ماڵوێرانی باڵی بەسەر خانەوادەکەماندا کێشا، هەتاوەکو ئەمڕۆ ئێمەمانان تەعزیەارین. دایکم مەرگی چوار کوڕو کچێکی بینیووە، وەک پێشتر ناویانم هێناوە (شەهید عەلی، شەهید عبدالله، شەهید محمدشەهید خۆراسان و پێنج لە کوڕوکچەکانی بەناوەکانی شەماڵ وکمالّ وخرامان وگوڵستان وڕوخۆش)
با بێینەوە سەر ڕێچکەی باسەکەمان کە دوای عافواتەکەیە، عافوات بوو، بەڵام جاش و ئەمن و ئستخبارات هەراسانمانیان کردبوو، هەر ڕۆژەو کێشەیەکیان بۆ دایک و باوکی جەرگ سووتاومان ئەدۆزییەوە، ئەمە تەنها بەرۆکی مالّی ئێمەی نەگرتبوو، ئەوەی لە دوای ئەنفال

ڕزگاری ببوو لە صـــمود دەژیا هەمان بارودۆخی خێزانی ئێمەی هەبوو.

بەشی بیست و دوو .

ئیتر تەواو هەراســـانمانیان کردبوو، برا (ع...) طواری هەبوو ئەو لە کەلارەوە دەهـات بۆ صـــمود، بۆ ئەوەی دەســەلاتەکەی بەســەر کەســوکاری ئەنفالدا بســەپێنی یان چاوی تێرکات لە ســەیر کردنی کچ و ژنی ئەنفالەکان. یان خەڵکی کۆ دەکردەوە دەیووت بێن پەنجە مۆر بکەن، دان بەوەدا بنێن کە حوکومەتی عێراق لەســەر حەق بووە کەوا پرۆسەی ئەنفالی بەسەرماندا جێبەجێ کردووە واتا ئێمەی کورد شــیاوی ئەوەین ئاوامان بەســەر هاتووە، بە کورتی واتا تاوانبار بووینە، باوکم هەمیشــە دژیان دەوەســتاییەوە پەنجە مۆری بۆ نەدەکردن، بەخەڵکی دەوت شــتی وامەکەن ئیمزا بۆ ئەم جاش و بەعس و ئەمنانە، ئەگەر ئەنفالەکان ماون بۆ ئازاد ناکرێن ؟ هاوســـێیەکی خۆمان ڕاپۆرتی لەســـەر باوکم نووســـیبوو، لەســـەرئەوەی کە باوکم لە ناو خەڵکدا دژی بڕیارەکانی حوکومەت بەعس دەوەســتێتەوە، مامۆستا (م .....)یەک هەبوو کورد بوو، ئیشی بۆ(ئەمن و اسـخبارات)دەکرد، بەیانییەک مامۆستا لە دەرگایدا، جل و بەرگێ زەیتوونی لە بەردا بوو، دەمانچەیەکی بەلای ڕاستدا بەست بوو.

ووتی:

- کوا باوکت ؟
- نازانم.
- لە کوێ ییە ؟
- پێم ووتی نازانم لە ماڵ دەرچووە !

لەوکاتەدا کە ئێمە قســـەمان دەکرد دایکم هات ووتی: ئا ئەوەتا لەوێ. باوکم لەگەڵ کۆمەڵێ خەڵک لە بەر خۆرەتاوو دادەنیشتن و باس و خواسی ڕۆژگاریان دەکرد، لەوانەش حاجی مەحموودی هەواره بەرزە، حاجی سمایل باوک مەلا ئدریس، مام مەحموود حەمە غریب، دایکم دەســـتی درێژ کردوو ئاماژەی بۆ مجلیســـەکەی باوکم وئەوان داوو ووتی ئەوەتا وا لەوێ دانیشتووە، مامۆستا بەرەو لایان کەوتەڕێ و لە گەڵ سەلام کردندا، بە باوکمی ووت:

- حەسەن فەتاح جنسێکەتم بدەرێ ؟
- باوکم ووتی خێرە مامۆستا؟
- قسەی زیادە مەکە هەوێکەتمان بدەرێ!
- چیمکردە بۆ هەوێم لێئەسێنی ؟
- بەیانی لە ئەمن دەزانی چیتکردە ؟

مامۆستا جنسێکەی باوکمی بردوو، سواری ماتۆڕە ٨٢ ــە شینەکەی بوو ڕۆیشت، باوکم دادوو بێدادی بوو لەوەی، کە بەم جەرگ ســـووتانیشـــەوە بۆ وازمان لێناهێن ! مەلا نەعمانی قەوالّی هەبوو، عەرەبی باش دەزانی و ســەری لەم کێشەو گرفتانە دەردەچوو، دۆستێکی باش و ڕەفیقێکی بە ئەمەکی باوکم بوو، باوکم چووە لای تا هاوکاری بکات و کێشـــەکەی لە ئەمن گەورە نەکەن . مەلا نەعمان ووتی مام حەسەن بەخوا کەسێ وا لە ئەمنەکان ناناسم تا شتێکت بۆ بکەم، بەس خۆ مامۆستا دەناسین. بۆ وا دەکات لەم خەڵکە ڕەشـــپۆشـــە ؟! بەچی حەقێ ئەمن نییەو پێناســـی خەڵک دەبات؟ مەلا نەعمان ووتی دەبێت مامۆســـتا ڕازی کەین جنسێکەت بداتەوە و نەیدات بە ئەمن، باوکم ڕازی نەدەبوو دەیووت بۆ لای مامۆستا نایەم، کێشە نییە با عیدامم بکەن لە کورِو کچ و کچەزاکانم زیاتر نیم !

هەرچۆنێک بێت مەلا نەعمان و هاوســـێکان و خزمان باوکمیان ڕازی کرد تا زووە بچنە لای مامۆســـتا، بەڵکو جنسێکەی نەبات بۆ ئەمن، باوکم و مەلا نەعمان چوون بۆ لای مامۆستا کاتێک سڵاوو دەکەن و باوکم دەست دەبات تەوقەی لەگەڵ بکات . مامۆســـتا دەســـت لە گیرفانی دەرناکات، باوکم ئەڵی مامۆستا دەستم ڕاگرتووە، بۆ تەوقە ناکەیت ئەمە عەیبەیە بۆت ؟ ئەو ئەڵی تۆ مخربی دەســـتت گڵاووە تەوقەت لەگەڵ ناکەم، ئیتر باوکم تۆڕە دەبێت و بە مەلا ئەڵی تۆ بۆ منت هێنا بۆ لای ئەمە، ئەوە ئسۆلەکەیەتی بە کەســـوکاری ئەنفال ئەڵی گڵاووە، مەلا باوکم هێورر دەکاتەوە لە هەڵســـوکەوتی مامۆســـتا. بەڵام باوکم لە بەر بێڕێزی مامۆســـتا نە فەرمووی کردووە نە دەســـتی هێناوە بۆ سڵاوو کردن . ئەڵی بمرم لێی ناپارێمەوە تا جنسێکەم بداتەوە .

لەگەڕەکدا هەواڵ بڵاو بوویيەوە، کە ئەمن بـاوکم بـانـگ دەکات ڕەنگە عیدامی بکەن. خوا هاوار داد هەی بێدات چیبکەین ؟ کەسیش شک نابەین خوا نەبێت، بەدوای ڕێگە چارەیەک دەگەڕێن، ئەمنی صـــمود هەر کەســـێک بانگ بکەن بێ یەک و دوو شەو ڕۆژێک لە ژێر زەمیندا حەپسی

دەکەن و ئەشـــکەنجەی زۆری دەدەن. عەلی حاجی محەمەد هەیە، خەڵکی تەپەســـەوزن لە خزمانی جاف، برای ئەحمەد و مەحموودە، خەبەری زانیبوو کە ڕاپۆرت لەســـەر باوکم دراوە بە ئەمن، هەر زوو خۆی دەگەیەنێت بەمـاڵمـان بۆ ئەوەی باوکم ببینێت، لەدەرگا درا دەرگامان کردەوە عەلی حاجی محەمەد بوو، لەباوکمی پرسی ڕاستە ناوت دراوە بە ئەمن ؟ باوکم ووتی بەڵی جنسـێکەم براوە، منیش بەیانی دەچم خۆ لە کچ و کوڕەکـانم زیـاتر نیم بـا بمکووژن ! ئەوەی ووتومە زیـادی دەکەم کەمی نـاکەم، ســـبەی پیـان دەڵێمەوە کە جەلادو خوێنمژی کوردن. عەلی بە بـاوکمی ووت : مام حەسـەن بۆ خاتری خوا لە کەلەی شـەیتان بێرە خوارەوە مەعز بۆ خوا شتی وا نەکەی ! باوکم سوور بوو لەوەی ســـبەیش دژیان بوەســـتێتەوە، ئەوەی پێشـــتر لە مجلسـەکاندا وتوویێتی سـبەی لە ئەمن بەوانیشـی بڵێتەوە، عەلی باوکمی سـاردکردەوە، ووتی مام حەسـەن گیان ئیش وا بە تۆڕەیی نـاچێتە ســـەر، ئێمە ئەزانیین ئەوەی تۆ وتووتە هەمووی حەقە، بەڵام چیبکەین ئاو لە شـــوێن بێڵی ئەوان دێت و جەوەی ئێمە ووشـکە. مام حەسـەن پەلە مەکە من خەڵک دەناسم کە یەکێک لە ئەمنەکان دەناسێ، بەڵکوو شـتێکمان بۆ بکات و لەم کێشـە ڕزگارمان بکات. عەلی بە باوکمی ووت هیچ نەکەی و نەچی تا خۆم خەبەر دێنمەوە، ڕۆڕیشـت و شـــەو درەنگی هاتەووە، ووتی خەبەری باش هەیە، بۆ سبەی دەچمەوە، سبەی پێش ئەوەی باوکم لە ماڵ دەرچێت عەلی هاتەوە کێشـــەکەی لە ڕێگای کەســـێ ترەوە چارەکردبوو، جنسێکەشی هێنابوو بەڵام ووتی با جنسێکە لای خۆم بێت نەکا هەم کێشـــەکە ســـەر هەڵداتەوە بێنەوە بۆلات.

بەشی بیست و سێ

" هەموو جێژنێک لە صـمودەوە دەچووم بۆ کفری، لە ماڵی خاڵۆم ئەسـعەد و ئەبوکارە جێژنەکانم بەڕێ دەکرد "باوکم کە لە دایکبووی ١٩٣٩ بوو، بۆ ئەوەی بیکەن بە بەعســـی چەند جار یەخەیان دەگرت، ڕۆژێک لە ماڵی مام مەحمودی حەمەغەریبی هاوسێمان دانیشتوبووین، ئەوەنەمان زانی لە دەرگـا درا، کـاتێـک دەرگـا کرابیەوە، تەمـاشـــــا دەکەین موختاری گەڕەک و مسئول حزب منطقە بوون. فەرموویان لێکرا ووتیان نایینە ماڵ ! پرسیاری ماڵی مام مەحموودیان کرد، چەند کەســـن ؟ موالید چەندن ؟ دوای ئەوان، ڕۆیان لە باوکم کردوو ووتیان، حەســـەن فەتـاح چوینەتە مـاڵی ئێوەش، ئەوە ناوی خۆت و موستەفای کوڕت دەنووسـین دەبێت مانگانە پارەی ئیشتراک بدەن بەحزب و سەردانی بارەگای حزب بکەن، باوکم بە تۆڕەیەوە هاتە زمان ووتی، بۆخاتری خودا بۆ وازمـان لێنـاهێنن، تـاکەی بیـانووەمـان پێدەگرن، لە چوار کوڕ تەنها ئەی کوڕەم بۆماوەتەوە، چی ترتان لێمان دەوێ بۆ وازمان لێناهێنن؟ بە باوکمیان وت بڕیـاری حزبە، دەبێت ئیش بۆ حزب بکەن و مـانگانەش سـەردانی دائیرەی حزب بکەن و ئابوونەش بدەن ! باوکم ووتی چیتان دەوێ پێتانی ئەدەم لە جیاتی دینارێک هەموو سەر مانگێ پێنج دینارتان پێدەدەم بەس بە هیچ شێوەیەک نە ناوم بنووســن نەســەردانی دائیری ئەمن دەکەم . پێش ئەوەی بچن ووتیان ئەوە ئێمە پێتمان ڕاگەیاند ئیتر کێشە بۆخۆتان دروســـت مەکەن، ســـەرمانگ نزیک بوویەوە ڕۆژێک درا لەدەرگا، چووم دەرگام کردەوە، مام ســـاڵح هاوسێمان بوو، نزیک شەش ماڵی لە نێوانمان بوو، ماڵیان دەکەوتە ئەوســـەری کۆڵانەکەمانەوە، پێم ووت مام صـــالح فەرموو بێوە ماڵ؟ ووتی نایەمە ماڵ ئەوە بۆ نەهاتون بۆ کۆبوونەوەی حزب ؟ وتم مام صـــالح ئێمە بۆ ئەو شـــتانە نایەین، باوکم بە موختارو مسـئول حزبی منطقەی ووتوە کە من خوێندکارم و باوکیشـــم لەتەمەنی ئەوەدا نەماوە بتوانی ئیش بۆحزب بکـات، ئێســـتـا ئەچم پـارەی ئیشـتراکەکەت بۆ دێنم، ووتی بۆ من دزم بۆ پارە هاتوومە ؟ وتم بەڵی دزی بۆخۆتانە ! ئەوە ئەو پارەشم هەرنەهێنا ! تۆڕە بوو، ووتی هەی هەتیوەی ئەدەب ســـزز، نەکەی قۆندەرە ماچکەر بێنی، دای لێی و ڕۆیشـــت، دایکم زوو هاتوو، ووتی مام سـاڵح، دەستت ماچەکەم بۆستە موستەفا منداڵە، بێ ئەوەی ئاورر باتەوە ڕۆیشـــت، دایکم چوو بۆ مـاڵیـان، کەوتە بـان دەســـت و قـاچی ژنەکەی، ووتی بەقوربانت بم بە مێردەکەت بڵێ با موستەفا نەدات بە ئەمن بەخوا عیدامی دەکەن ! ژنەکەی ووتی: حەدی چیبە شـــتی وا دەکات بەخوا ئەگەر خۆم بە تەڵاق داوە نابێت موسـتفا عەزێت بەن .

مام سالّح مووی نەرم بوییەوە ووتی بیکەمە قوربان ئێوە، بەس زۆر بە نـاشـــرینی بە من ئەڵی دز! لەبەر خـاتر ئێوەنەبێ ئەیدەمە دەســـتەوە، جارێ تر چاوی بان زەوی نەبینێ ! دەمان زانی عەرەبە بەعسەکان دووژمنن و بۆیان بکرێ دیســانەوە هەموو ئەوانەی لە ئەنفال رزگاربووین و مـاوین، دەمـانبەنەوە بۆ زنـدانەکـان، بەڵام ئەی کوردە زۆڵەکان ئێووە بۆ ؟ وێنەی صـــدامیان بەســـەر ماڵەکاندا دابەش دەکرد تـا لە ژووری میوانـدا لە جێگـایەکی بەرز هەڵیواســـین، ئەویش چۆن بڵێن هەموو کورد ســـەدامی دەوێت سەرۆکێکی خۆشەویست و ڕاستگۆییە هەر چەند کوردی ئەنفال کردووە بەڵام لەسەر حەقە .

دایکم زۆر جار بە دەنگێکی کززەوە قسەی دەکرد، دەیووت لەســەر خۆتان قســە بە داروودەســتەی صــەدام بکەن، نەکا جاشـێ گوێی لێبێت بەخوا ســەرمان دەبڕن، شـارۆچکەی ســـموود بۆمن زۆر ناخۆش بوو، چوونکە هەموو ماڵێکی ســـموود وەک قاعەیەکی پرســـەبوو، لە ڕووخســـاری هەر کەســـێکت دەڕوانی گۆڕســـتانێک بوو بۆخۆی، شـــادی لەمـــاڵەکـان میـوانـێکـی کـاتـی بـوو، دەگەمەن هەبـوو کەسـوکارێکی ئەنفال تاوێک دەسـتە جلێکی کەشـخە لەبەر بکـات، هەموو ڕەش پۆش و دامـاو چـاوەڕێی هەواڵێـک بوون سۆراغی کەسـوکاری بێسـەروشـوێنیان پێبگات، مات و داماوی باڵی کێشابوو بەسەر هەموو ماڵێکدا، خۆشی لە دڵی هەمووانـدا تۆرابوو، هەر کـاتێـک جەژن بهـاتـایەت پێشـەووە من دەچوومە شـاری کفری بۆ مالّی خالّۆکانم کە مـاڵی ئەبوکـارەو مـامۆســـتـا ئەســـعەد، لەوێ کەمێ دڵم دەکراییەوە جەژنم بەڕێ دەکرد، بەم شـــێووەیە لە دوای عافواتەکەوە لە صـــموود ژیانمان بردە ســـەر هەتا هاتنە پێشەوەی ڕاپەڕینی گەلی کوردستانی باشوورمان، لە سالّی ١٩٩١ بووە چمکێکی خۆشی و ئازادی بۆ ئێمە.

بەشی کۆتایی

خۆراسانی خوشکم کە ژنی بۆ مامم حوسێن کردبوو، لە ٩ی ٦ ی ســـالّی ١٩٧٢ لەگەڵ جەمالّ جەلالدا چونەتە ناو ژیانی هاوسەرییەوە، خێزانێکی هەژارو کەم دراەت بوون، جەمـاڵ شـــوان بوو بژێویـان وەک زۆرینە مەڕو مـاڵات بەخێوکردن و جوتیـاری بۆیســـان بووە. مـاڵی ئێمە بۆ ئەوان هەمیشـــە پەناگەییەکی باش بوو بۆیان، دایکم و بـاوکم بە ڕەحمەتی خودا بن زۆر بۆ ئەوان بـاش بوون زۆر هـاوکـاریـان دەکردن لە گەڵ ئێمە هیچ جیـاوازییەکـان نەدەکرد، لە خۆشی و ناخۆشی پێکەوە بووین.

ڕۆژێک جەمالّ لە شوانی دەبێت، لە ناکاو پولێک پێشمەرگە بە جلی خوێناوییەوە لە چالاکی دێنەوە، پێشـــمەرگەکان خالد گەرمیانی و دەســـتەکەی دەبن لە شـــەڕ دەگەڕێنەوە، گەرمیانی و پێشمەرگەکانی ئەدەن بەسەر شەریکەی نەوتی خەڕەدا. زیانی گیانی بە دووژمن دەگەیەنن و دەســـت دەگرن بەسەر تەقەمەنێکانیاندا. کاتێ بەو شێوە تێدەپەڕن، جەمالّیش، ئەوان بەو شـێوە دەبینێت. لە ڕووی دەرونیەوە بارودۆخی خراپ دەبێت، زۆر دکتۆرو مالّی ســـەید و پیاو چاکی پێکرا، بۆئەوەی باش ببێتەوە بەڵام بێســـوود بووە. بەمەش سەرپەرشتی منداڵەکانیان بەزۆری کەوتەسەر مالّی مام جەلال و مالّی ئێمەش هاوکاری بوون هەتا ئەوکاتەی لەیەک دابڕاین. بەهۆی تۆبـارانی جێشـــی عێراقەوە کە قوربچایمان چۆڵکرد لە ســـالّی ١٩٨٦، لەو کاتەدا ئێمە چوینە دارخورماکە، مالّی خۆراسـانی خوشـکم لەگەڵ مامە جەلالدا چوون بۆ گامێش یـاتـاخ، ئیتر لەوکاتەوە لەیەک دابڕاین و نەمان بینینەوە بەداخەوە هەموویان ئەنفالکران.

بە بیسـت و چوار بەش چووینە نێو گێڕانەوەی یەکێک لە هەزاران ڕزگاربووی خێزانێکی گەرمیانی، کە بەر پرۆسەی ئەنفالی گەرمیان کەوتن ئەنفالی گەرمیان قۆناغی ســـێهەمی ئەنفالەو هەموو دەقەرەکەی گرتەوەو هیچ گونـدێـک نەمـاو خەڵکێکی زۆر بەرئەو شـالّاوەکەوتوون. لێرەدا دەچینە ناو باســـی ژیانی تایبەتی، کاک مســـتەفاوە لەدوای ڕاپەڕینی ســالّی ١٩٩١ بۆ ئێستا لە دوای ڕاپەڕێنەوە لە بەتالوێنی (١٠٨)ی دووز لە ســەرتەکی بەمۆ بوومە پێشـــمەرگە. پێش دروســت بوونی بەتالوێنی کفری، کاک عوســمانی حاجی مەحموود پێمی ووت دەبێت واز لە پێشـــمەرگایەتی بێنی، چونکە تۆ هەم تاقانەی ســـێ براتیش شـــەهیدو ئەنفال بوونە، ئەگەر کوردو یەکێتی بەم قوربـانیـدانەی ئێوە نەزانێـت، ئەوە تەواوی خێزانەکەتـان لەنـاو بچێ کەس پێنازانێت، باشتر وایە بچیتەوە چاوت بە دایک و باوکتەوە بێت ئەوە زۆر لە پێشـمەرگایەتی پیرۆزترە، دوای وازهێنام گەڕامەوە بۆ خوێنـدن و گرنگیم بەخوێنـدنـدا، بەڵام هەر

حەزم بە پێشمەرگایەتی بوو، دواتر لە مەکتەبی ڕێخستن لای عومەرفەتاح بوومەوە بە پێشمەرگە، کاک عومەر زۆر هاوکاریمی کرد لە پاڵ پێشمەرگایەتیدا چەند ساڵێکی کەم دەشم خوێند. لە٣١ئابی ١٩٩٦ لەسنووری ئێران گەڕاینەوە بە پارتیزانی، لەباوەنورەوە بۆناو جاف و پاشان ناوزەنگنە و دواترلە ناوچەی داوێیە بووین، شەهید بورهان لەکی فەرماندەیی هێزەکەی پارتیزانەکانی گەرمیانی ئەکرد، لەوانە شەهید شێرەی نەقیب و شەهید و سەروەت بالابەرز لەگەڵ کۆمەڵی پێشمەرگەی تردا پارتیزانی بوو تا گەردەلوولی تۆڵە.

ـــــ لە ١٩٩٨ بەپۆلیسی لە گومرکی کفری دامەزرام هەتا پرۆسەی ئازادی عێراق، لە ساڵی ٢٠٠٣ بەردەوام بووم.

ـ لە دوای پڕۆسەی ئازادی عێراق . ڕاژەکەمان گوازراییەوە بۆ دیالە و بەدرەو جەسان، لەوێ بەشداری خولێکی ئەفسەریم کرد بەسەرپەرشی هێزی ئەمریکی هەتاوەکو ئێستا، کە بە پلەی رائد لە ئەرک بەردەوامم لە سەر وزارەتی ناوخۆی عێراق.

ــ لە ساڵی ٢٠٠٢ ژیانی هاوسەریم پێکهێناوە، سوپاس بۆ خودا باوک دایکی چوار کوڕو کچێکین .

دایک و باوکم هەتا چوونە ماڵی خۆیان و حزووری خودا، هەر چاویان لە کوچەی کۆڵان بوو هەتا یەکێک لە ئەنفالەکانمان بێتەوە، تا ئەوکاتەی کفنی سپیان بە باڵایان برا هەر بەڕەش پۆشی و خەمناکی ژیانیان بردە سەر هەتا زمانیان لە گۆکەوت لە نزاو پاڕانەوەدا بوون و هەمیشە سکاڵایان لای خودا دەکرد، بەجگەرگۆشەکانیان شادببنەوە، هەمیشە بە ئاواتی بینینەوەی عەبدڵڵاو موحەمەدو خۆراسان و منداڵەکانیەوە بوون.

دایکم لە ٢ ی مانگی ٩ ی ساڵی ٢٠٠٨ کۆڵەکەی خەمی پێچاییەوە، هەرچی نزای دڵی هەبوو لە تورەکەیەکدا بردی و تا لە بەردەم خودادا هەڵیڕێژێت.

باوکیشم هەر سێ ساڵێک دوای دایکم ژیا، ئەویش لە ٢٨ ی ١٠ ی ساڵی ٢٠١١ کۆڵیی خەمی لەشانکردوو و ئیتر بەڕۆژگاری ووت من توانام نەما بژێم .

شەهید و ئەنفالەکانی ماڵی مستەفا حەسەن قوریچایی

ـ شەهید عەلی حەسەن فەتاح .برا. لە١٢ی٧ی١٩٨٧

ـ شەهید عەبدڵڵا حەسەن . ئەنفال کراو.برا

ـ شەهید محەمەد حەسەن . ئەنفال کراو.برا

ـ شەهید خوراسان حەسەن . ئەنفال کراو.خوشک

ـ شەهید جەماڵ جەلال .ئەنفال کراو.زاوا

ـ شەهید شەماڵ جەماڵ . ئەنفال کراو.خوشکەزا

ـ شەهید کەماڵ جەماڵ . ئەنفال کراو.خوشکەزا


ـ شەهید خەرامان جەماڵ . ئەنفال کراو.خوشکەزا

ـ شەهید گوڵستان جەماڵ . ئەنفال کراو.خوشکەزا

ـ شەهید ڕوخۆش جەماڵ . ئەنفال کراو.خوشکەزا

سەربەرزی بۆ شەهیدانی کوردستان.

لە بیرچوونەوەی ئەنفال...لە بیرکردنی نەتەوە



نەجات نوری

ئەنفال ڕیشەی بڕیمەوە، ئەنفال فەوتاندمانی...ئەمە قسەی سدیق مەحمود ئەنفالدیدەیەکی گوندی هۆمەربل.

لە کۆی ئەو مەرگەسات وکوشتارانەی لە مێژووی وڵاتاندا ڕوویانداوە، بۆ زۆربەیان لە دواجاردا ڕۆحی کوژراو و ستەملێکراوەکان دەکرێنە ڕێگای ئازادی و ڕۆشنگەری و فەلسەفە و دووبارە خۆ دروستکردنەوە، بەدیان ڕۆشنبیر و فەیلەسوف و سیاسەتمەدار لە مەرگی یەک کەسەوە تا بەدیان کەس دەگات دێن کار بۆ هەڵمالێینی هۆکارەکانیان دەکەن و بە دەیان وانە و کتێب و فیلم و ڕێگای نوێ دەگرنە بەر بۆ دووبارە نەبوونەوە و گەیشتن بە بنەبڕکردنی ئەو دیارە قێزەون و ستەمانەی کە لە مرۆڤ دەکرێت لە کاتی جەنگ و ڕووداوە ئاینی و نەتەوەیی و ناکۆکیەکانی نێوان وڵاتاندا... دەخوازن زمانی مەرگ بگۆڕن بە زمانی پێکەوە ژیان و لێبوردەیی و ئاوەدانی، لە هەموو جیهاندا لەکۆی ئەو ڕووداوە تۆقێنەرانەدا زۆر لە ڕۆشنبیران و فەیلەسوف و نووسەران و گەلێک لە سیاسیە باوەڕدارو بەخلاقەکان بوونەتە هۆکاری دامەزراندنی دەیان بنکە و دامودەزگای گەورە و بەهێز لەناو وڵاتەکانیاندا بۆ ساڕێژکردن و دووبارە نەبوونەوەی ئەوکوشتارانەی کە بەرۆکی مرۆڤایەتی گرتووە. هاتوون دەیان یاسایان بۆ بنەبڕکردنی ئەو دیارە نامرۆڤایەتیانە خستۆتە ناو دەوڵەت و میللەتانی خۆیانەوە تا بتوانن ژیانی مرۆڤ دەستەبەربکەن لە هەر کوێیەکی جیهاندابووە لەکاتی جەنگ و پێکدادانەکاندا.

بۆ ئێمەی کورد دەبێ ئاوا بپرسین (ئەنفال) چی بە دەسەڵات و ڕۆشنبیر و خەڵکی ئێمە بەخشی؟ پرۆسەی ئەنفال لە کوێدا خستینیە سەر باوەڕی پێکەوە ژیان و ڕۆحی دەیان هەزار ئەنفالکراو لە کوێدا سیاسی و دەسەڵاتی ئێمەی هێنایە سەر ئەو باوەڕەی کە بتوانن زامی کەسوکاری ئەنفال کراوەکان و ئازاری میللەتەکەی خۆیان تیمار بکەن؟ لە کوێدا وێنە و مەرگی ئەنفالکراوەکان لە کوردستاندا بووە هۆکاری بە خۆداچوونەوە و وەلانانی ڕق و دەستنەبردن بۆ ژیانی خەڵک و لادان لە چەوساندنەوەی تاک و کۆمەڵگا و بنەبڕکردنی جەنگی یەکتری و سڕینەوەی باوەڕی خۆسەپێنی دژ بە یەکتری؟

با پێکەوە بە سیاسی و دەسەڵاتدار و ڕۆشنبیرمانەوە لە ئەمڕۆدا ئاوڕێک لەم کتێبە بدەینەوە :

گەشتەکانی ئەنفالستان

سێ بەرگ لە نێوان (٢٥١٠) لاپەڕەدا

ئامادەکردن و نووسینی (عومەر محەمەد)

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠٢١

ئەم کتێبە خولانەوەیەک نییە لە ناو بازنەیەکی بەتاڵ و بێ ناوەرۆکدا، ئاماژەنیە بۆ هەندێک وێنە و گێڕانەوەی سەر زمانی کەسانێک کە ڕووداوەکان دەگێڕنەوە لەکاتی ئەنفال دا، ئەمە کتێبێکە گرنگیەکەی لەوەدایە تا مێژووی کورد بۆ هەڵدانەوەی تاوان و قرکرد دەمێنێت، لاپەڕە بە لاپەڕە ڕۆچوونە بەناو برین و ئەو نەخشە تاوانکاریەی کە بەعس دژ بە نەتەوەیەکی ستەملێکراو پەیڕەوی کردووە، گەیشتنە بە ڕۆحی ستەملێکراوان و دەسەڵاتی ستەمکاردا، دووبارە گەڕانەوەیە بۆ خوێندنەوەیەکی وردی نێوان دەسەڵات و خەڵک لە کاتی جەنگدا، نیشاندانی ئەو ناعەقڵانیەتەیە کە دووژمن پەیڕەوی دەکات دژ بە خەڵکی مەدەنی و ژن و منداڵ و پیر، گەیشتنە بە قوواڵیی ئەو باوەڕانەی کە لە


مێژووەوا جگە لە قڕکردنی خەڵکی و نەیاری خۆیان ئیتر سووديان لە زمانی گفتوگۆ و پاراسانی ژیانی خەڵکی ئاسایی وەرنەگرتووە. ئەم کتێبە گرنگەیەکەی لەم خاڵانە و زۆر خاڵی تردا دەردەکەوێت. ئەم کتێبە گەشتێکی پڕ ماناداره بۆ خوێندنەوەی ئەنفالکراوەکان و بە جێماوەکانی دوای ئەنفال، نیشاندانی خاپوورکردنی شوێن و داماڵینی ڕۆحە لە زێدی کەسەکان، ژیاندنەوەی ئەو چیرۆک و داستانە مەرگ هێنەرانەیە کە خەریکە لە ناو دەرونی نەوەکانی دوای ئەنفالدا وندەبن و بیردەچنەوە، خاڵە گرنگ و گەورەکەی ئەم کتێبە ژیاندنەوە و هێنانە زمانی ئەو چیرۆکە ناخ هەژێنانەیە کە وردە وردە لە ڕۆحی کەسووکاری ئەنفالکراوەکاندا بەرەو نەمان دەچن .

گەشتە دوورودرێژەکەی ئەم کتێبە بەنرخە بە خستنە ڕووی دەیان وێنە و گێڕانەوەی چیرۆکی ئەنفالکراوەکان و ئازاری نەوەکانیان دەست پێدەکات، لەیەکەم چاوپێکەوتنەوە بۆ ڕزگاربووەیەکی ناو ئەنفال لە قوواڵایی گەرمیانی پڕ لە هۆرەی ئازار بەخشەوە تا بە ئەنفالی دەشتی هەولێر و قوواڵایی بادینان دەگات، دەبێتە هەڵدانەوەی مەرگەساتی ئەنفال، ئەنفال لە دیدی ئەو مرۆڤە گوندنشین و نەخوێندەوارانەوە کە بەقەدەر دەیان ڕشنبیر لێزانانە بە گیانی گێڕانەوەیەکی نوێکەری دێنە سەر باس و مەرگی خۆیان و نەوەکانیان لە کاتی ئەنفال و گرتووخانە بەدنان و مەرگ هێنەرەکانی بەعسدا، لە زمانی ئەم کەسە نەدار و بەدبەختانەی دوای ئەنفالەوە ئێمە لە زمانی مەرگ و لم و بیابان و گرتوخانەکان و فاشیزم و ستەم و بەدخلاقی زۆر لە دەسەڵاتداره خوێن خۆرەکان تێدەگەین.

بە وردی خوێندنەوەی ئەم چاوپێکەوتنانەی کە لەم کتێبە سێ بەرگیەدا بۆ بە جێماوانی دوای ئەنفال سازکراوە هەر یەکەیان زمانی خۆی هەیە، گێڕانەوەیان پڕ لە دووجار ئەنفال کردن، بە سوێ و ئازاری ژیانی هەر یەکەیاندا دەگەینە وێنەکانی ئەنفالی سەردەمی بەعس و ئەو هەموو ئازار و ئیهمالیەی کە دەسەڵاتدارانی کورد خۆیان دەرهەق بە خەڵک و ناوچە ئەنفالکراوەکان پەیڕەیان کردووە، دووبارە گەڕانەوەیە بۆ سەر ژیانی پڕ لە زەحمەتی بەجێماوانی دوای ئەنفال و هەڵدانەوەی چیرۆکی ئەو عاشق و دەزگیراندارو دەرون پڕ لە هیوا و ئومێدانەیە کە ئەنفال یەک یەک لە بیابانەکاندا گۆڕغەریبی کردن، بۆ هەر بەرگێک لەم کتێبە لە ناو دەیان وشەدا ئێمە دەگەڕێنەوە بۆ سەر مەرگ و خاپورکردن، مەرگ و خاپورکردن دوانەیەکە کە دەسەڵاتە فاشیەکان هیچ کاتێک دەستیان لێ نەپاراستووە، بۆ هەر گێڕانەوەیەک لە سەر زاری بەشمەینەتێکی دوای ئەنفالەوە ئێمە دەگەینە ناو گەردەلوولێکی هێجگار تۆقێنەرەوە، لە زمانی ئەم بەدبەختانەی دوای ئەنفالەوە دەیان وێنەی پشکشکێن دێتە بەر دیدەمان، ئاخر بەعس ئەگەر تا ئەوپەڕی فاشیەت و دڕندەی ڕەفتاری نەکردبێت بۆچی دەست دەبات بۆ گیانی کیژ و منداڵی کوردی بێ تاوان، لەبەرچی دەیان گوند و ئاوەدانی لەگەڵ ڕۆحی خەڵکەکەیدا وێران دەکات؟ ئاوا فاشیەت بێ گوناهە و گوناهکار، خاک و ئاوەدانی ناناسێت، ئەو کاتێک بیر لە خۆی دەکاتەوە ئیتر پێویستە هیچ نەتەوە و ئاین و ناوێک لەکاتی بوونی خۆیدا بوونی نەبێت، ئاوا بەعسی فاشی لە کوردبوونی دەڕوانی.

ئەگەر ئاوڕێکی ورد لە پێش ئەنفال و دوای ئەنفال بدەینەوە لەو شوێنانەی کە ئەنفالی تێدا کراوە، کۆی وێنە و گێڕانەوەکانی ناو ئەم کتێبە سێ بەرگیە دەمانخەنە بەردەم دەیان ئازاری نەوەکانی دوای ئەنفالەوە، ئەنفال لە وێنەیەکی تردا دێتەوە بەردیدەمان، ئەوەی بەعس کاولی کرد، ئەوەی بەعس ڕۆحی نەوەکانی ئەنفالی ئازاردا، دەسەڵاتدارانی کورد نەهاتوون شوێنە خاپوکراوەکانی ئەنفالکراوەکان وەکو پێویست ئاوەدانبکەنەوە، نەهاتوون بە دەنگ ئازار و نەهامەتیەکانی کەسووکاری ئەنفالکراوەکانەوە، نەک ئەمانەیان نەکردووە بەڵکو خەریکە هەموو یاد و وێنە مەرگ هێنەرەکانی ئەنفالیش لە کوردستاندا لەبیردەچنەوە، ئەوەی کورد خۆی بۆ لە بیرچوونەوەی ئەنفال پەڕەوی دەکات هیچ دووژمنێک نایکات... خۆ ئەگەر سیاسی و بەشێک لە دەسەڵاتدارانی کورد لە ئەمڕۆدا ئەم کتێبە سێ بەرگیە بە وردی بخوێننەوە زۆرباش لە هەڵە و کرداره بێ ماناکانی خۆیان دەرهەق بە کەسووکاری ئەنفال و ناوچە ئەنفالکراوەکان تێدەگەن، ئێوەی دەسەڵاتدار ئەگەر سەرپێیش بێت چاوێک بە گێڕانەوەکانی ناو ئەم کتێبە گرنگەدا دەربارەی ئەنفال بگێڕنەوە، بزانن ئازارەکانی ئەنفال لە کوێدا ئێوەی

بەهۆش هێناوەتەوە و لە کوێدا مەرگەساتی ڕۆحی و باوەڕ و میژووی خۆیدا بچێتەوە و بێتە سەر



ئەنفالکراوەکان بەرەو عەقڵانی بردوون؟

ناوەرۆکی ئەم کتێبە سێ بەرگیە پڕ لە تراژیدیا و ئازاری مەرگی تاکی کورد لە ئەنفالدا، کتێبێکە پێویستە بکرێتە بنەما بۆ خوێندنەوەیەکی وردی ئەنفال و دوای ئەنفال، پێویستە وەکو وانە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا بخوێندرێت، ئەم کتێبە بە تەنیا هەر وشە نیە، هەر گێڕانەوەی ئازاری نەوەکانی دوای ئەنفال نییە، بەڵکو ئەوەی لەم ڕۆژگارەدا چ سیاسی و چ دەسەڵاتدار و ڕۆشنبیرە دەبێت لە وێنەکانی ناو ئەم کتێبەوە بە ئەخلاق ئەوباوەڕەی کە ئەنفال وانەیەکە بۆ خۆ دووبارە ڕکخستنەوە و ئاوەدانی و ئازادی و خزمەت و دادپەروەری. ئەوەیشی لەدەرەوەی ئازارەکانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بۆ خۆی بژی و کار بۆ ژیان و مانەوەی خۆی بکات لە هەچ پۆستێکدابێت، دەبێتە ستەمکارێک بۆ دووبارە ئەنفالکردنەوەی ڕۆحی ئەنفالکراوەکان و نەوەکانیان.

جلی بوکێنی هاوژینەکەی بەخشی

کەریم ئەحمەد عەزیز لە داکبووی ساڵی ١٩٦٧ – گوندی سەید موراد – سەربەناحێی کۆکس – کوڵەجۆیە.

لە پەلاماری ئەنفالی گەرمیاندا خانەوادەکەی و برازکانی بەر پەلاماری ئەنفال کەوتن و بێ سەروشوێن بوون کە بریتی بوون لە هاوژینی بەناوی ڕێژاو قادر محەمەد و کوڕەکە بەناوی دانا، کچەکەی سرود، برازاکانی بەناوەکانی جەلال و دڵسۆز وەک زۆربەی خەڵکە ئەنفالکراوەکەی گەرمیان ڕۆیشتن و جارێکی تر نەبینرانەوە.

ئەم پیاوە دڵشکاوە دوای ئەوەی برا پێشمەرگەکەی شەهید بوو، ئەرکی بەخێوکردنی برازاکانیشی کەوتنە ئەستۆی کەریم هەتا ئێستا هەرلەگەرمیان دەژی لە هەڵوێستێکی بەرپرسیارانەدا، دوای (٣٥) ساڵ لە پاراستنی جلوبەرگی بوکێنی هاوسەرە ئەنفالکراوەکەی، ڕۆژی ٢٠٢٣/١/٥ جلەکانی پێشکەش بە مۆزەخانەی (ماڵی مەریەم) کرد لە ناحیەی ڕزگاری. کەریم بەدڵشکاوی و نیگەرانییەوە بەئەنفالستانی ڕاگەیاند : کاتێک جل وبەرگی هاوسەرکەم لەم مۆزەخانەیە دانا دڵم توند بوو ئاگرێک لەناوەوە سوتاندمی و یادی ڕۆژانی ئەنفال قەرچەی لەجگەرم هەستاند، بەڵام بەداخەوە هێشتا کەسانێک وادەزانن بۆ پارەو خۆبردنە پێشەوە ئەم کارە دەکەم، لەکاتێکدا ئەوەندەساڵە بەرێزەوە ئەم کەلوپەلانەم لای خۆم پاراستووە.

ماڵی مریەم مۆزەخانەیەکی ناوچەییە ساڵی ٢٠٢١ بۆ پاراستن و دۆکێومێنتکردن لەلایەن ڕێکخراوی هاوکاری ئەڵمانییەوە دامەزراوەو کۆمەڵێک گەنجی گەرمیانی بەڕێوەی دەبەن.

کارەکەی ڕێکخراوی هاوکاری ئەڵمانی زۆر گرنگ و بایەخدارە، بۆدروستکردنی یادەوەری و پاراستنی هەموو بەجێماوێکی ئەنفالکراوان، وەک جل وبەرگ و پێداویستیەکانی تری ڕۆژانەی گوندنشینە ئەنفالکراوەکان، جا ئەوانە هەرچییەک بن لەقۆپچەیەکەوە بۆگۆچان وعەینەک و تەسبیح و ملوانکە، هەتا بە داس و هەوجارو گاسن و هەرشتێکی تردەگات، هەموویان بەنرخن و ئەمرۆیان سبەی نەوەی داهاتوی کوردو ئەم دەڤەرە قەدری دەزانن. خۆزگە لەهەر گوندێک و ئاوەدانییەک بەتەنهیشت هەر قوتابخانەو





مزگەوتێکەوە ژورێکیش دەبوو بۆ پاراستنی یادەوەری ئەنفالکراوان .

مریەم ناوی ئەو کچە دەستگیراندارەی گوندی تیلەکۆی ئەحمەد ئاغایە، کە ساڵی ١٩٨٨بەداب ونەریتی ئەوسا لەگەڵ ئامۆزایەکی خۆی بەناوی فریاد ژن بەژنیان پێکرا، بەڵام ئەوان هەرگیز زەماوەندیان نەکرد، چونکە ساڵی ١٩٨٨ هەردووک زاوا ئەنوەری دەستگیرانی مریەم و سابیری دەستگیرانی فریاد ئەنفالکران و ئاواتیان نەهاتەدی ومریەم و فریاد بوخچەی بوکێنییەکانیان وەک یادگارییەکی بەنرخ هەڵگرت، هەتا ساڵی ٢٠٠٦ مریەم جلوبەرگەکەی پێشکەش بەمۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنەسورەکە کردو فریادیش بەشێک لەجلەکانی بۆ خەرجی نەشتەرگەرییەکی خۆی فرۆشت. بەداخەوە مریەم ڕۆژی ٢٠٠٩/١٠/١٠ کۆچی دوایی کرد.

دوا پەیامی ژنێکی ئەنفال دیدە



زارا فەتاح پیرە ژنێکی گەرمیانەو دایکی چوار کوڕی ئەنفالکراوە، بەرەبەیانی ئەمڕۆ ٨ / ١ / ٢٠٢٣ دوای ملمالنێیەکی زۆر لەگەڵ ئازاری دابڕانی ٣٤ ساڵ لە کوڕە ئەنفالکراوەکانی بەو حەسرەت و تاسەیەوە سەری نایەوە.. ئەم ژنە ماندوو برینداره (٧ مانگ) پێش ئێستا وەسێت نامەیەکی ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی مەسرور بارزانی و قوباد تاڵەبانی) کرد ووە.
هاوڕێ پێشڕەو سەرۆکی کۆمەڵەی داکۆکی لە قوربانیانی ئەنفالی گەرمیان وەسێتنامەکەی لە ژێرناونیشانی (پەیامی داکێکی جەرگ سوتاو) بڵاوکردووەتەوە ئەنفالستان لەبەر گرنگیی ناوەرۆکی نامەکەی پاش مەرگی زارا بەپێویستی زانی جارێکی تر وەک خۆی و بێ دەستکاری بڵاوی بکاتەوە.

دەقی وەسێت نامەکەی زارای کۆچکردوو:

پەیامی دایکێکی جەرگ سوتاو

کوڕەکەم : مەسرور بەرزانی
کوڕەکەم : قوباد تاڵەبانی
من ناوم زارا فەتاحە ژن حەمید فاتانیم لە ئاوایی شۆراو، خەڵک داوێین.. ئاواییەکەمان هاوە پاڵ خورماتوبوۆ، ئیسە بویەتە شوێن داعشەکان ..
چوارکوڕم بویی، دایکتان بمرێ هەرچواریان وەبەرچاوخۆمۆ، لێیەل باوکیانا لە پاین ئاواییەکەوە نریانە زیل عەسکەری و بریان ئەنفالکریان.. ناویان (برایم و مەجید و ڕەشید و خورشیدە) دووکوڕە گەورەکەم ژنم بۆیان هاوردوی، هەریەکێ پێنج شەش منالیان بوی، خانییەکانمان وەبەرچاوخۆمۆ دایانە بار شۆفەڵ و ڕۆخانیان ..
پەزەکانمان جاش و عەسکەرەکان وەتاڵانی بردیان.. دوای ئەوە ژن و منالەکانیش گشتمان لە زیل عەسکەری بارکریاین و بریاین بۆ خورماتوی کریاینە سجنۆ.. ڕۆژحەشرمان وەچاوخۆمان بینی.. باشوی، جاشەکان وا حەرەسیات خەڵکەکەیان ئەگرد غیرەت گردیانی ژنو منالێ زۆر لە سجنەکە ڕایکرد ئێمەیش فرسەتمان وەرگرت لێل هەردوو بوکەکەم و منالەکانیانا ڕامانکرد و نەجاتمانبوی.. حاجی ڕەحمەتیش دوای شەش مانگ لە سجن نوگرەسەلمان وەنیمە گیانی گەڕیاوۆ..
لەوساوۆ تا ئیسە عەسر چاوم وشک نەویەتۆ بۆ منالەکانم.. ئەوەنە گیریامەو کۆلیلمکردە چاوێکم سۆمای

نەماو لەشـــوێن خۆیا پویکیاوەتۆ و ئەوچاوە کەمیش وەزەبر قەترەو مەڵحەم تروســـکاییەک ئەوینێ، قاچەکانم هێزو هەرەکەت ڕۆینیان نەماوە ..
ئەوە ئیمســـاڵ (٣٤)بهارە ئێمە لێمان قەومیاوە و (٣١) بهاریشە چاوەڕێی دەس ئێوە ئەکەین حەقمان بسێنن !!!!
ئیتر نازانم ئێوە تاچەنێ ئاواتان هەیە لەجەرســـوتیان و ماڵکاولبوین ئیمە ..
ئەزانن چەنێ دایـک وەک من جەرگ ســـوتیاو و ڕەنج بێوەر و مـاڵکـاول چـاوەڕێی ئەوەن ئێوە حەقیـان بسێنن !!!!!!
کوڕەکـانم : حوکمەت بـاوک میللەتە و گەرێ ئـاگـای لە خەڵکەکەی خۆی بێت ..
ئێمە خاوەن ڕان بویمان ئێوارانە ڕان بهاتایەتۆ بۆماڵ لێل حاجی ڕەحمەتیا خۆمان هەڵەکرد ئەچویمانە ناو ڕانەکە تەڕو وشـــکمـان ئەکرد، تەڕەکـان ئەوانەی وا زاوین کاوجۆمان ئەکردەبەریان، بەرخەکانمان ئەمژان، مەڕو بزن نەواون بوی ئەمانەگرد دەسمان ئەهاوردە سەروپشتیا تا بەرخەکە بمژێت.. دوایی بەرخەکـانمـان ئەکردە کۆزەوە، ژێر پاکەیـانمان پاک ئەکردۆ کای تـازەمان ئەکردە ژێر پایان..
-بەرەکەیان گەورە ئەوی بەرخەنێرەکانیانمان ئەفرۆشـت مهاکانمان ئەکردە ناو ڕان، گشت مانگێ دوومانگ جارێک بۆ منالّەکان حەیوانێکمان ســەرئەوڕی، خێرمان لێی ئەکرد وەپارەکەیان کەلپەل و قۆندەرەمان بۆ منالّەکان ئەسەن.
-لەشـیرەکەیان ماس و پەنێر و دۆو کەشـک و ترخێنەو، ترخێنەکاڵ و ڕۆن خۆمانە. بەش ساڵێکمان خڕ ئەکرد..
-خورێکەیمان ئەڕێسا بەن و سوجاوەو چیخ و بەرماڵ و جاجم و هەگبەو شەڵتەو ڕەشکەو گوریس و سەرکەلەی کەر و پەت پای مانگامان لێی دروس ئەکرد.
-پۆســەکەیشـــی جوان خۆشـــەمان ئەکرد کونەی ئاو و مەشکەی دۆو هیزە ڕۆنمان لێی دروست ئەکرد.
ئیســـە نـازانم ئێوە لەم حەمکە پـارەی نەفت و واریـدات کوردســـتـانە بۆ نـازانن وە جوانی ئەی خەڵکە فەقیرو هەژارە وەسەر بکەنۆ بیانکەنە خاوەن.
کوڕەکانم : ئێوە بێنەناو خەڵکەکە گوێ لە خەڵکەکە بگرن بچنە ناو بـازارەکە بزانن چی ئـاوریکیـان نـاوەتە بـازارۆ چی گرانیێ هەڵسـیاوە، قورکریاوەتە سـەر فەقیرا، هەرچی هالەو بازارە، گشـتی کۆنەی ولّاتەکانە ئەکرێتە قورِی ئەی خەڵکەوە.. ئەی حەمکە نەخۆشـــی و دەردە لەناو خەڵکا بڵاوبویەتۆ گشی هین خواردن خراوە ..
لەباتی ئەوەی چاوتان وەخەڵکۆ بێت و خەڵکەکە بگەڕێننۆ بۆ ئـاواییەکـان خۆیـان و فەلاحەت و بۆیســـــان و حەیواندارییەکەی جارانی خۆیان بکەن ..
بۆچی پـارەی ئـاوتـان لەســـەر خەڵـک گرانکردە پـارەی کارەباتان لەســـەر خەڵک گران کردە بایعی نادەنە خەڵک، نەفت نـادەنە خەڵـک، معـاش بویەتە دوومـانـگ جـاری، جەنـازەی کوڕەکانمان بۆنایەرنۆ، ســـێ ئەنفالکراومان حەســـــاو یەک شـــەهیدێکی بۆ ئەکەن.. ئەو جـاش و عەســـکەرەکـانە وا ئێمەیـان ئەنفـالکرد لە ئێمە قەورو حورمەتیان زیاترە لاتان ..
کوڕەکانم : من دیار قەورم گردە منەی ســعات خۆم ئەکەم، ئیمڕۆنـا بەیـانی وەگرێی دڵخۆمۆ ئەمرم ..ئەوە ٣١ بهارە ئێوە حوکحمەتداری ئەکەن..کەســـوکار شـــەهیدەکان و ئەنفالەکان کەسمان لێتان ڕازی نیمان.. حوکمەتداری ئاوها ناکرێت.. ژیان ئاوها وەســـەر ناڕوا زگێ تێر و دە زگ برسی.. پشت مەکەنە خەڵک.. دوایی خەڵکیش پشتان تێ ئەکـا.. وەی جۆرە خەڵکەکە لە خۆتـان هەڵەگەڕێننۆ.. هەر حوکمەتێ خەڵکەکەی خۆێ لێی هەڵگەڕیـاوۆ عـاقیبەتی لەناوچوینە و جارێتر خۆتـان و خەڵکیش ســـەرگەردان ئەکەن.

دەنگی دایکێکی جەرگ سوتاو
٢٠٢٢/٥/١٦

هاوڕێ پێشـڕەو بەئەنفالسـتانی ڕاگەیاندا : ئەم وەسـیەت نامەیە لەکاتی خۆیدا وێنەیم دابە مەڵبەندی ١١ی گەرمیان و لقی ٢٢ی پـارتی بەمەبەســـتی ئەوەی بگـات بەجێی مەبەسـت، لەسـەردانێکدا بۆلای کاک قوباد وێنەیەکیم دابە دەســـتی خۆیەوە وتم ئەم دایکە جەرگ ســـوتاوە هیچی نـایەوێ تەنها دەیەوێ خەڵـک بەبـاشـــی بژێنن هیوادارم نامەکە بخوێنیتەوەو ناوەڕۆکەکەی بەباشـــی وەربگریت. جێگەی ئاماژەیە کە مەســـرور بارزانی ســـکرتێرەکەی ناردەلایی و بڕێک هاوکاریشیان کرد.

کوشتاری کورد دوای ئەنفال

ئەنفالستان:

رژێمی بەعس لەقورستترین قەیرانەکانی خۆیدا، دەستبەرداری کوشتنی کوردەکان، نەبووە، بەپێی نوسراوی ژمارە ٢٩٧ لەریکەوتی ٢٥ی ئازاری ساڵی ١٩٩٨ دا کەرژێمی بەتەواوی لەسنوری ناوچەی ئۆتۆنۆمی کشاوەتەوە، واتا ٧ساڵ دوای کێشانەوەی ئیدارەکانی لەهەرێمی کوردستان، هشتا دائیرەی ئەمنی سەربەرژێم کاری بۆتیرۆرو لەداونانی هاوڵاتیانی کوردو لایەنگرانی پارتەکوردییەکان کردووە.

نوسراوەکە لەسەری سەرەوە نوسراوە بەناوی خوای گەورە، لەخوارتر نوسراوە کۆماری عێراق دوای ژمارەو رێکەوت نوسراوە (سری للغاية- ئەوپەڕی نهێنی) بەو ژمارەو رێکەوتەی لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە.

لەمەڵبەندی هەوالگری خانەقینەوەی ئاراستەی رێکخراوەکانی هەوالگری ڕۆژهەلاتی حزبی بەعسکراوە.

بابەت: جێبەجێکردنی ئەرکی گرنگ.

ئەرکە گرنگەکە کوشتن- تیرۆرکردنی دوو کەسە بەناوەکانی (سابیر ئیبراهیم محەمەدو عەبدولرەحمان ئیبراهیم محەمەد)ە


کە پێدەچێت برای یەکتری بن.

ناوەرۆکی نوسراوەکە بەم شێوەیەیە:

لەسەربنەمای ئەوەی لە نوسراوەکەتاندا هاتووە بەژمارە (٢٨٥) لە (٢٩٩٨/٢/٢٢) پشت بەستو بە دەسەڵات وسەرپشککردنمان لەلایەن ئێوەوە کوشتنی تێکدەرانمان بەجێگەیاند کەلەخوارەوە ناویان هاتووە کەسەر بەزومرەی جەلال تاڵەبانین و بەیارمەتی دائیرەی ئاسایشی قەرەتەپە لە رۆژی ٢٣-٣١٩٩٨/٢٤ لەسەرای قەرەتەپە بریار لای ئێوەیە .

لەخوارەوە ناوی هەردوو کوژراوەکە نوسراوەو وێنەیەکی بۆ دائیرەی ئەمنی قەرەتەپە نێردراوەو رائید سەفوان عەبد زنون واژۆی لەسەرکردووەو مۆری هەوالگری پێوەیە.

بەڵگەنامەکە ئەرشیفی ئەنفالستان



بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق — مركز استخبارات خانقين

العدد /٤٨٧/

التاريخ /٥٥/ /٣/ ١٩٩٨

((سري للغاية))

الى // منظومة الاستخبارات الحزبية

م // تنفيذ المهمة

بناء على ما جاء في كتابكم المرقم ٢٨٥ في ١٩٩٨/٢/٢٢ ٠

واستنادا الى صلاحيتم المخولة لنا من قبلكم تم تنفيذ مهمة قتل المخربين المدرجة اسماءهم ادناه من زمرة جلال الطالباني ومساعدة دائرة الامن قرتبة بتاريخ ٢٣/٢٤//١٩٩٨/٣ في قرية تبة سراى ٠

هذا ولكم الامر ٠

الاسماء //

١- صابر ابراهيم محمد ٠

٢- عبد الرحمن ابراهيم محمد ٠

مركز استخبارات خانقين

الرائد

سفيان عبد زنون

نسخة الى //

دائرة الامن قرتبة للعلم والاطلاع ٠

٣٠١٦٧

www.anfalistan.com

ژمارەی قوربانیانی پەلامارەکانی ئەنفال لەقەزای کەلار.

یەکێک لەگرفتەکانی نۆســـێی ئەنفال نەبوونی تۆێژینەوەو ئامارە، چونکە خەمڵ و گۆترەکاری خزمەتی مێژوو ناکات ئەوەی بەریز رزگاری حاجی حەمید دەربارەی قەزای کەلارکردوویەتی و لەناویشیدا ئاماژەی بەتاوانی ئەنفال کردووە، کارێکی گرنگ و جێگەی رێزە.

تەنها لە گوندو ناحێکانی سەربە قەزای کەلاردا لەپەلاماری ئەنفالی سێدا کە سەرجەم گەرمیانی گرتەوەو زیانێکی مالّی و گیانی زۆری لێکەوتەوە، بەپێی بەدواداچون و تۆێژینەوەی نوسەرێکی خەڵکی کەلار ئەم زیانە مالّی و گیانیانە هەن:

١٧٤ گوند ئەمە جگەلەو گوندانەی لەسەر نەخشەی عێراقدا نەبوون.

٤٦٠٦ خانوو روخێندراون و سوتێندراون و لەگەڵ زەوی تەختکراون

٥٢٨٠ خێزان ئەنفالکراون و بێسەروشوێنکراون

١٦ قوتابخانە و سـێ خەســتەخانە (تـێـبـیـنـی بـکـە لەکـۆی هەمـوو گوندەکانی قەزایەکی گەورەی وەک کەلار تەنــهــا ١٦ مەکــتەب و ٣ خەستەخانە هەبووە (

٢٦١٥٠ سـەرجەمی دانیشـتوانەکەی بووە.

١٢٦٦٨ کەس بەزۆری ژن و منداڵ و پیربوون ئەنفال بوون.

بروانە رزگار حاجی حەمید – کەلار مێژوویەکی دێرین و جوگرافیـای شارێکی زیندوو.

ژمارەی قوربانیانی شاڵاوەکانی ئەنفال لە قەزای کەلار (١٩٨٨)

قەزاو ناحیەکان	کۆی گوندەکان	کۆی خانوەکان	کۆی خێزانەکان	کۆی دانیشتوان	کۆی ئەنفالکراو	کۆی قوتابخانە	کۆی نەخۆشخانە
تیلەکۆ	٨١	١٣٦٤	١٤٠٩	٧٥٩٦	٣٦٨٠	٤	١
پێباز	٦٩	١٨٤٩	٢٠٠٣	٩١٢٤	٤٤٢٠	٥	١
ناوەندی کەلار	٢٤	١٣٩٣	١٧٩٦	٩٤٣٠	٤٥٦٨	٧	١
کۆی گشتی	١٧٤	٤٦٠٦	٥٢٠٨	٢٦١٥٠	١٢٦٦٨	١٦	٣



لە دادگای فیدراڵی سالار مەحمود سکاڵا لەسەر حکومەتی عێراق تۆمار دەکات.



لەسەر قەرەبوو نەکردنەوەی قوربانیانی جینۆسایدی کوردستان سالار مەحمود ئەندامی دوو خولی پێشووی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، لە رێگەی تۆمار کردنی سکاڵا لە دادگای فیدراڵی لەسەر حکومەتی عێراق، داوای قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی جینۆساید و کۆمەڵکوژی کورد دەکات.کەلەسەر دەستی رژێمی پێشوی عێراق رووياندواوە .سالار مەحمود، بۆ قەرەبوو کردنەوەی قوربانیانی، ئەنفال و کیمیاباران، رێکارەکان بەبەڵگەی پێویستەوە ئامادە کراون و بەزووترین کات دەخرێنە بەردەم دادگای فیدراڵی و داوای قەرەبووی زیان لێکەوتوانی هەرێمی کوردستان کراوە .ئەو پەرلەمانتارە بە دەنگی ئەمەریکای وت" سکاڵاکەی پشت بەستوە بە مادەکانی دەستوری هەمیشەیی عێراق، بە تایبەت ماددەی ١١٢، کە تیایدا هاتووە، دەبێت کوژمەیەک لە داهاتی نەوت و داهاتی وڵات تەرخان بکرێت، بۆ هەرێمە زیان لێکەوتووەکان لەلایەن رژێمی پێشووی عێراقەوە ".هەروەها مادەی ١٣٢ی دەستوریشدا هاتووە : دەوڵەت دۆخی کەسوکاری شەهیدان و زیندانیانی سیاسی لەبەرچاو دەگرێت، لەگەڵ ئەوانەی لەلایەن رژێمی پێشوەوە زەرەرمەند بوون. لەگەڵ پشت بەستن بە بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکان لەعێراق، لە دۆسیەکانی ئەنفال و ڕاگواستن، کەیسی فەیلیەکان، کیمیابارانی هەڵەبجەو بەرزانیەکان کە قەرەبووکردنەوەی سەلماندووە.

بەپێی بڕیاری ئەو دادگایە دەبێت کەسوکاری قوربانیەکان و گوندە ئەنفالکراوەکان، ناوچە کیمیاباران کراوەکان، گوندو ناحێ و قەزا راگواستراوەکان قەرەبوو بکرێنەوە. قەرەبوەکەش لە ئەستۆی دەوڵەتی عێراقە " سالار مەحموود پێی وایە، کە داواکەی تەواو ڕەوایەو لەگەڵ بڕگەکانی دەستور و قانونی عێراقیدا دێتەوە، بەو پێیەی لە دیباچەی دەستورو هەردوو مادەی ١١٢ و ١٣٢ دەستوری عیراقدا هاتوە. هەروەها بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق. سەبارەت بە میکانیزمی قەرەبوو کردنەوەکەش، دەڵێت "دەبێت لە ڕێگەی ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراقەوە بێت، یان لە میزانیەی سالانەدا بێت یاخود وەک چۆن قەرەبووی زیانەکانی وڵاتی کوێت کرایەوە، بە هەمان میکانیزم بێت"

لە درێژەی قسەکانیدا بەئەنفالستانی ڕاگەیاند کەوا دۆسێکە ئامادەکراوەو دەڵێت، " پشتیوانی نێودەڵەتیشی هەیە، بەوەی یاسا نێو دەوڵەتیەکانیش هاوڕان لە قەدەغەکردنی تاوانی جینۆساید، هاوکات قەرەبوو کردنەوەی قوربانیەکان و زیانەکان، تەنیا لە پرۆسەی ئەنفالدا هەزاران گوند وێران بوون، جگە لە ١٨٢ هەزار مرۆڤی ئەنفالکراو کەهێشتا نازانرێ لەکوێ کوژراون و بێسەروشوێنکراون.

بە پێی قسەکانی سالار مەحموود، سکاڵاکە کەسییەو لەسەر ئەرکی خۆی دەبێت، بەڵام چەند پارێزەرێک. هاوکاری دەبن و هیچ لایەنێک و تەنانەت حکومەتی هەرێمیش بەشدار نین تێیدا.

هەتا لەژیاندا مابم کۆمەککاری ئەنفالستانم

بێگومان لەم دونیای سەرمایەو قازانجەدا مرۆڤ لەخۆی نامۆیە، بێگومان هەر مرۆڤێشە بەبەدکارییەکانی سەرچاوەی نائومێدییە، بەڵام هەندێک جارمرۆڤێک بەهەڵوێستێکی بەرز ژیانت لاجوان دەکات، ماندوت دەحەسێنێتەوە، شەهید عومەرەسور گەلێک بەجار بەکۆمێنت و جەندجارێکیش بەتەلەفۆن قسە دەکەین، لەهەمووشیاندا هەر دەستخۆشی کارەکانی لێکردوم و دڵخۆشی کردوم و هێزی پێبەخشیوم، بەڵام دواجار گوتی : من چی بکەم بۆ پشتیوانیت ؟ ئەگەر لێم قبوڵ بکەیت ئەوا هەموو مانگێک هەتا لەژیانمدا مابم بڕی ٥٠ هەزاردینار دەبەخشمە ئەنفالستان، دوای ئەوەی رێکارەکانی بەخشین و مەرجەکانم بۆ ڕونکردەوە هەرئەوەندەی گوت بەسەرچاو ئیتر لەدوای ئەو پەیوەندییەوە بەردەوام کاک ئیسماعیلی برای کەئەویش لەو رۆژەوەی بووەتە پێشمەرگە هەتا کاتی خانەنشینی چەکەکەی دانەنابوو، زەنگی بۆ دەکردم و داوای دەکرد کەببینێ و ئەو ئامانەتیەی کاک عومەرم پێبگەیەنێ ..سەرئەنجام بڕی (٥٠٠) دیناری کۆمەکی کاک عومەرو خانەوادەکەیمان پێگەیشت

شەهید عومەر یەکێک بوو لەو ١٧ پێشمەرگانەی لە گوندی قڕگە کەوتنە بۆسەی جاشەوەو هەموویان شەهید بوون، بۆیە دەڵێن ١٧ شەهید چونکە عومەرکەریمیش دوای زیاتر لە مانگێک ئینجا مااڵەوەیان زانیان ماوەو بەبریندارى بەدیل گیراوە، سەرەتا واباسکرا کە هەموو پێشمەرگەکان شەهیدبوون، بەڵام ئەم پیاوە لەمەرگ رزگاری بوو، کەچی ئەو هەرخۆی بەشەهید دەزانی و نایەوێ لەهاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی جیابێتەوە کە لەو بۆسەیەدا گیانیان بەخشی. بۆیە هێشتا هەر بەخۆی دەڵێت : شەهید عومەرە سور. بەهیوام رۆژێک بەسەرهاتی ئەویش ببێتە کتێبێک یاخود فیلمێک و بۆهەمیشە لەمێژومانداا بمێنێتەوە.



نامەی شەهید عومەر سور بۆ ئەنفالستان

سڵاو کاکە هۆمەر بەڕێزم بڕیار وابوو ٥٠٠ هەزار دینارت بۆ بنێرم ببورە کەمێک دواکەتووە، بەڵام تا ٢٠/١٢ی ئەم مانگە برایەکم پەیوەندیت پێووە دەکات و پارەکەت دەداتە دەست ئەو بڕەشی لەسەر پێشنیاری بەڕێزتان کە بەناوی من و هاوسەرو هەردوو منداڵەکانەوە بێت کە سااڵنە هەتا لە ژیاندابن خودا یاربێت بۆ ئەنفالستانی بنێرم وەکو هاوکاری، ئەمەش ناوەکانە ١-عمر کریم ناسراو بە شەهید عمرە سوور ٢- نەرمین حوسین جەبار هاوسەرم. ٣- شیلان کەریم کچە گەورەکەم ٤ -شەمێران کەریم کوڕەکەم.

ئەنفالستان ئەرکێتی هەڵویستی ئەم پیاوە بەخشندەیە بەرز بنرخێنێ و لەیادی نەکات، بۆیە بەڵێن دەدەین، بەردەوامبین و هەست و هاوکارییەکەی بەهەدەر نەدەین.

لە ئەنفالدا زیاتر لە سێ هەزار مزگەوت روخێنراون.



سالار مەحمود

" لەمانگی ڕەمەزاندا کورد ئەنفال کرا "

دەمەوێت لەسەدام و عەلی کیمیاوی بپرسم بۆچی لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا کیمیابارانیان کردین و دایک و باوکم بە زمانی ڕۆژهەوە گیانیان لەدەستدا؟ ."ئەم دەربڕینە وتەی یەکێک لەشایەتحاڵەکانی دۆسیەی ئەنفال بوو لە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق. کە لەبیستەمین دانیشتنی دادگادا، لەکاتی گێڕانەوەی ئەو دەردە سەریانەی لە شاڵاوی ئەنفالدا بەسەریاندا هاتووە لەناو هۆڵی دادگادا باسی لێوە دەکرد. سکاڵاکارە شایەتحاڵەکە خەڵکی گوندی(وەرێ)ی ناوچەی باڵیسان بوو, بەزمانێکی سادەو کوردیەکی ڕەوانەوە؛ ئەو بەسەرهاتە دوورو درێژو پڕ مەترسیانەی گێڕا□یەوە. کە چۆن چۆنی لە ڕۆژی ١٨\٥\١٩٨٨ چوار فڕۆکەی ڕژێمی بەعس هاتوونەتە سەر گوندەکەیان و کیمیابارانیان کردووە .ڕۆژی حەشر چۆن بوو، ئاوامان بەسەر هێنرا ترس و تۆقاندن و نااەو هاوارمان گەیشتە کەشکەاڵنی فەلەک. بەاڵم هەر سۆزو ڕەحمێکمان بەسەرا نەڕژا جگە لە دوکەاڵ و غازی کوشتن و خنکاندن نەبێ .سەدام حسێن بەبێ ئەوەی هیچ وااڵمێک یان قسەیەکی بۆ ئەو پرسیارەی شایەتحاڵ هەبێ، بەو پەڕی خوێن ساردیەوە خۆی و عەلی کیمیاویش نقەیان لەخۆیان بڕیبوو .لەو دەربڕینانەی شایەتحاڵەکە؛ کەتەزووی بەگیانی هەموو کەسێکی خاوەن هەست و کەسایەتیی و مرۆڤایەتیدا دەهێنا .تەنانەت لەبەرخاتری ئەو مانگەو لەو مانگە پیرۆزەشدا بەعسیەکان دەستیان لە کورد قڕان هەڵنەگرت . جگە لەوەش بەگەڕانەوە بۆ ئەو سەردەمەو هەڵوێستی دونیا، بۆ جیهانی عەرەبی و ڕیکخراوە ئیسلامیەکان و ڕێکخراوی دەوڵەتانی ئیسلامی بێدەنگیان شوڕەییەکی گەورە بوو. چونکە هەموو دونیا بەئاگابوون لە ئەنفال. مانگە دەستکردەکان وااتانی بەناو مافی مرۆڤ و دیموکراسی بە 'مانگە دەستکردەکان'یان قافڵەی ئەنفالکراوەکانیان وێنە دەگرت. بە هەڵدانەوەی ئەو فایلانەو دەرخستنی ئەو راستیانە جگە لەچەسپاندنی تاوانەکانی ڕژێمی بەعس لەدادگای باڵای تاوانەکان، لەرووی سیاسیی و ویژدانیشەوە. زۆر لایەنی تریش بە هەموو پێوەرێکی ئاسمانی و زەمینی خەتابار دەردەچن. لەو مانگەدا لەژێر ناوی لەشکری قەعقاع و قادسیەو خالد لەمانگی خێرو ئاشتیدا کوردی دەست بەدەستنوێژو دەم و زمان بەڕۆژوو، گوندنشینی خاوەن مزگەوت و خانەقا, ئەنفال و کیمیاباران کراوە .لەناو ماڵ وحاڵ و گوندی دوورە دەستی خۆیاندا خنکێنران. بەعس غەدری لە ئایینی ئیسالم و سورەتی ئەنفال و قورئان و سەرجەمی مرۆڤایەتی و هەموو ناوو بەهاو پیرۆزیەک کرد لە ئەنفالدا .ئەبێ تاوانی ئەو خەڵکە چی بێت؟ هەر وەکو دواتر پارێزەری دەستەی بەرگریکار لەمافی کەسێتی ئەنفالکراوەکان پرسیاری لەشکایەتکار کرد. بۆچی ئێوە کیمیاباران کراون؟ ئەویش دەمودەست هاتنە وەاڵم و وتی: تەنیا لەبەر ئەوەی کورد بووین .!پێیان دەوتین ئێوە جەالیین.. موخەڕیین هیچ پاساوو تۆمەت و بیانویەک نەبوو. ژن و منااڵ و پیرو خەڵکی بێدیفاع بەو جۆرەی بەسەریاندا هات مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەوەی جەالدەکانی بەعس بەخەڵک و بە ناوچە ئەنفالکراوەکانیان کردوە, بەپێوانەی گشت یاسا ئاسمانی و زەمینیەکان؛ نەک هەر جێی نابێتەوە, بەڵکو قبوڵی ناکات. چونکە نامرۆڤانەیی ڕەفتاری جەالدەکان دەرهەق بەژن و پیرو جوانی ناوگرتوخانەکان بەجۆرێک بووە، مەگەر هەر خودی ئەنفالکراوەکان بتوانن بیگێڕنەوەو گوزارشت لەو ژان و ئازارو زوڵمە بکەن .لەئەنفالدا زیاتر لە ٣٠٠٠ مزگەوت روخێنراوە .بە ڕووخانی قەزاکانی هەڵەبجەو پێنجوێن و سەید سادق و قەاڵدزە و ناحیەکانەوە دەگاتە نزیکەی ٣٥٠٠ مزگەوت. ئەمە جگە لە تێکدانی ئەو سەدان بەردە نوێژانەی لەسەر حەوزی ئاوو کانیاوەکان هەبوون .یاساناس تارق جامبار کتێبێکی نوسیوە بەناوی

"اسماء اماكن العبادة المدمرة للمسلمين والمسيحيين والايزيديين' تیایدا ئاماری ٢٨٥٥ پەرستگای ئاینی تۆمار کردووە، کە لە شالاوەکانی ئەنفالدا روخێنراون. هەروەها چەند سەرچاوەیەکی تری پچڕپچڕ لەو بارەوە هەن بەڵام هێشتا داتاو ئاماری تەواوەتی کۆنەکراوەتەوە دیکۆمێنت نەکراوە.

هەرچەندە تاوانەکە بە ژمارەو کەمو زۆری نیە، بەڵام گرنگە بەدروستی بزانرێ چەن مزگەوت و پەرستگا روخێنراون. بەهەزاران کتێبی قورئان و تەفسیری ئایەتەکان و بەرمالّ سوتێنران .هەزاران کتێبی کوردی و دیوانەکانی مەولەوی و نالی و مەحوی لەتەکیەو خانەقاو دیوەخانی سۆفی و شێخ و مەلاکانی گوندنشینەندا سوتێنران و ئەنفالکران .بابەتەکە لەسەر ژمارەو کەم و زۆری روخانی مزگەوت و خانەقاو پەرستگاکان نیە، هێندەی تێبینیە لەم مانگەدا چەند وتارێکی ئاینیمان نەبینی باس لەوە بکات لەم مانگەدا و بەناوی ئاینەوە کورد قڕان کراوەو ستەم لە کورد و ئاینەکەشی کراوە !.پێویستە مینبەرەکانی مزگەوت بەردەوام باس لەو تاوانانە بکەن و نەهێڵن بیربچێتەوە. وتاری سیاسی دەسەڵاتی کوردستان چەندە شەرمن و بێ پرۆژەیە لەبەرامبەر پرسی جینۆسایدی کوردستان، گوتاری ئاینیش بەهەمان شێوە خەم ساردو بێ هەژانن لەو بارەیەوە .لەناو دادگادا بەعسیەکان وڵامی ئەو ژنەو هەموو کوردیان نەدایەوە بۆچی لەمانگی ڕەمەزاندا ئەو هەموو خەڵکەیان ئەنفالکردو بردو نەیانهێنایەوە.

بەداخەوە هێشتا کورد خۆیشی نەک بەدوای وڵامی ئەو پرسیارەدا نەچووە! بەڵکو پرسیاری لا دروست نەبووە بۆچی ئەنفال کرا.

ئەنفالستان: بەپێی بەدواداچوونمان بۆ کیمیابارانی گوندی وەرێ، لە ئێوارەی ١٥ی ئایاری ساڵی ١٩٨٨ دابووەو ئێوارەی کیمیابارانەکە رۆژی عارفەی مانگی ڕەمەزان بووە، کە دەکاتە دوا رۆژی مانگی ڕەمەزان، گوندەکە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی دۆڵی باڵیسان و رۆژئاوای ئۆردوگای شکارتە و سەربەناحێی بێتواتە، ئێستا سەربەناحێی باڵیسانە، لەو کیمیابارانەدا ٣٦ کەسیان گیانیان لەدەستدا، جێگەی ئاماژەیە زۆربەی بریندارەکانیان لەچەمی چەقانی خوار گوندی وەرێ گیانیان لەدەستداو هەرلەوێش بەخاک سپێردران و ئێستاش مەزارێکیان لەچەمی چەقاندا بۆ کردوون.



گروپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان

INTERNATIONAL crisis Group)

نوێترین راپۆرتی گروپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان، کە تایبەتە بەکۆتایهاتنی داعش لەعیراق و کۆمەڵکوژی دژ بە ئێزدییەکانی شەنگال بڵاوکردەوە، راپۆرتەکە ئاماژەی بەوەداوە شەنگال پێویستی بە هاوکاری و بونیاتنانەوەی سیاسی و ئابوورییە هەتا زەمینەی گەڕانەوەی ئاوارەکان سازبێت بۆ شوێنی خۆیان. ڕێکخراوەکە حکومەتی عیراق بەبەرپرسیار دەزانێ و نوسیوێتی :

لەسەر حکومەتی عیراق پێویستە شارەکەیان ئاوەدان بکاتەوەو خزمەتگوزاریی و پێداویستیەکانی ژیانیان بۆ دابین بکات و پرۆسەی خوێندن و ڕەوشی خوێندنیان بۆ بگەڕێنێتەوەو خوێندنگاکان بکاتەوە.

لەڕاپۆرتەکەیدا دەشڵێت: شەنگال کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی لەپێکهاتەی ئێزدییە، لەمانگی ئابی 2014دا لەلایەن داعشەوە داگیرکراوەو خەڵکەکەی ڕوبەڕووی کۆمەڵکوژی و کوشتن و دەستدرێژی و ڕفاندن و بەکۆیلەکردن بونەتەوە، هەروەها ئەوانەشی ئاوارە بوون ڕویان لەکەمپەکانی هەرێمی کوردستان کردوە.

لەبەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەیدا، باسی لەوەکردوە: ڕەگی کێشەکانی شەنگال بۆ پرۆسەی ئازادی عیراق لەساڵی 2003 دەگەڕێتەوە کە بەهۆی نەبونی یەکەیەکی کارگێڕی کاراو ناکۆکی تائیفی و نەبوونی ڕۆڵی حکومەتی عیراق و ئیدارەی پارێزگای نەینەوا لەقەزاکەدا وایکردوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان سود لەو بۆشاییە کارگێڕی و ئەمنییە وەربگرێت و دەسەڵاتی ئیدارەی شارەکە لەلایەن کەسانی سەر بەو حزبەوە بەڕێوەببرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی جەماوەری شەنگالی لەگەڵ نەبووە، چونکە پارتی وەک کورد مامەڵەی لەگەڵ ئێزدییەکان دەکرد نەک وەک پێکهاتەیەکی ئاینی، ئەوەش ڕەشبینی شەنگالییەکانی زیادکرد کە وەک کوردی پلە دوو مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، هەروەها هەوڵەکانی پارتی بۆ ئەوەش بووە کە شەنگال بخاتەوە سەر هەرێمی کوردستان، لەکاتێکدا ژمارەیەکی زۆری ئێزدییەکان دژی ئەو کارە بوون.

گروپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان دەشڵێت: دوای پاشەکشەی هێزەکانی پارتی لەکاتی داگیرکردنی شەنگالدا لەلایەن داعشەوە، پارتی ئەو جەماوەرییەی کە لەگەڵی بوون لەدەستیداوەو، پارتی لەشەنگال هەڵات و خەڵکەکەشی بەدڕندەی داعش سپارد.

ڕونیشیکردۆتەوە: کاتێک داعش شەنگالی داگیرکرد، شەڕڤانان بەپشتیوانی هێزی ئاسمانی ئەمریکا بەشێکی زۆری دانیشتوانی شارەکەیان ڕزگارکردو دواتریش ڕوبەڕووی داعش بوونەوەو بەشێکی شارەکەیان کۆنترۆڵکردەوە،بەڵام لەڕووی کارگێڕییەوە هیچ ڕۆڵیکیان نیە، هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستانیش بەشێکی دیکەی قەزاکەی بەدەستەوەیەو ناوچەکەش بەناوچەیەکی ناکۆکی و نائارام دادەنرێت.

سێوانیش کۆچی دوایی کرد.



سێوان عەبدولا محەمەد خێزانی کۆچکردو مام ڕەمەزان ساڵح مستەفا دانیشتووی گوندی جەلەمۆرد. سێوان و مام ڕەمەزان لە پەلاماری ئەنفالی چوارەمدا تەواوی خێزانەکەیان گیران و ئەنفالکران، لە کەمپی سەرەکی کۆکردنەوەو جیاکردنەوە لە تۆپزاوا کوڕوی کچەکانیان لێ جیاکرانەوە و خۆشیان ڕەوانەی قەڵای نوگرەسەلمان کران، ئیتر جارێکی تر کوڕو کچ و کوڕەزاو کچەزاکانیان نەبینراوە.

سیوان و مام ڕەمەزان ماوەی شەش مانگ لە زیندانی نوگرەسەلمان دەستبەسەر بوون. بەداخەوە ڕۆژی ١١ی ئازاری ٢٠٢٢ سێوانیش کۆچی دوایی کرد.

ناوی کوروکچە ئەنفالکراوەکانیان

لوقمان و نعمان و مەرجان و ڕەیحان و مەلکۆ وعایشە.

لەناویاندا لوقمان و مەرجان و ڕەیحان و ملکە خێزانداربوون، نعمان و عایشە کچی ماڵ بوون.

برینی ئەنفال بەشیعر ساریژ نابێت!..



مستەفا شێخ محەمەد

ماوەی٣٥ ساڵە، نوخبەی کوردیی لە کوردستانی عێراقدا، لە هەموو بۆنەیەکدا کۆمەڵێک شیعر و شانامە لەسەر مەزڵومیەتی گەلی کورد دەهۆننەوە، بەڵام دوای چەند رۆژێکی کەم ، ئاسەواری ئەم بەیتوبالۆرە ئەدەبییە، کۆتایی دێت و بەهەڵم دەبێت، هۆکاری ئەمە بۆ دوو شت ئەگەڕێتەوە. ئەوانیش

یەکەم: ئەم نوخبەیە چونکە فیکری سیاسییان بەتەواوی گەشەی نەکردووەو، دوورن لە لۆژیک و عەقڵانییەتی سیاسیی بەناچاری بۆ داپۆشینی کێماسیە تایبەتیەکانیان، پەنا بۆ ئەدەبیات و بەیاریکراویش شیعر و شانامە دەبەن. چونکە هیچ نووسینێک هێندەی سۆز و حەنونەی شیعر و شانامە کاریگەر سیحراوی نیین بۆ داپۆشینی نا عەقڵانییەتی سیاسیی!.

دووەم: ئەم وتارانەی لەم بۆنانە دەنووسرێن، پڕن لە دەستەواژەی سواوی دووبارە کە بەگشتی دۆخی بێهیوایی پەخشدەکەن، بەکارهێنانیشییان جێگای لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی زانستیان گرتۆتەوە، بەکارهێنانیان لە کارەساتێکی وەک ئەنفالدا شیاو و گونجاو نیین!.

هەندێک لەم نووسینانە، لەلایەک کڕوزانەوە و سکالاکردن، لە بەختی خراپی نەتەوەی ئێمە و دێواندی نەتەوەکانیتری وەک عەرەب، فارس و تورک، یانیش هۆکاری ئەو تاوان و کارەساتەی دەرحەقمانکراوە، دەخەنە ئەستۆی جوگرافیای سیاسیی و دڵڕەقی سیاسیەتی نێودەڵەوتی، هەموو ئەمانەش بەیەکەوە لە پێناو ئەوەیە ئەوەی بەسەر کورد هاتووە وەک قەدەرێکی ئەزەلیی نەگۆڕ نیشانی بدەن. دواجاریش بەرهەمی هەموو ئەم بەیتوبالۆرانە جگە لە دروستکردنی دۆخێکی دەروونی ئاڵۆز بۆ مرۆڤی کورد و پڕکردنی دونیا، لە بێ هیوایی هیچ شتێکیتر لێ شین نابێت.

چۆن بۆ خواردنی شوتی پێویستت بە پلایس نییە، ئاواش بۆ ساریژکردنی برینەکانی نەتەوەی کورد، کە جگە تراژیدیای ئەنفال سەدان کارەساتی دیکەشی هەیە، پێویستت بە شیعر وتاری پڕ لە کڕوزانە و بەدێودرنج نیشاندانی نەتەوەکانی دیکە نییە .

بەداخەوە مێژووی سیاسیی نوێ و هاوچەرخی کورد، بناغەکەی لەسەر ئەدەبیاتی وفەنتازیای شاعیرانەیی کوردایەتیی دانراوە، لەباری فیکر و عەقڵانیی سیاسییدا هێندە هەژارە، ئەگەر دەق و تێکستە شیعرییەکانی لێ بسەنیتەوە، شتێکیتری ئەوتۆی لێ نامێنێتەوە، هەر ئەوەشە وای کردووە یەک کارەکتەری سیاسیی کورد نەدۆزییەوە لەسەر وەختی بارودۆخە گرینگ و هەستیارە مێژوویەکاندا خاوەنی ئاکتێکی عەقڵانیی بێت، کەمێک بەرچاو ڕۆشنی سیاسیی و فیکری لێ بەدی بکرێت.

ئەم جۆرە داکۆکیی کردنە، لە نەتەوەییەکی دیاریکراو، دواجار جگە لە تووندکردنی کۆتوبەندەکانی سەری زیاتر، وەک تائێستا دەرئەنجامێکی نەبووە، بۆ ئایندەش دەرئەنجامێکی نابێت!.

کەواتە چی بکرێت بۆ ئەوەی لەودۆخە شیعرییە دەرچیین؟ من پێویستی نابینم ، نموونەی فلان وفیسار نەتەوە بێنینەوە، چونکە بارودۆخەکان دەکرێت زۆر جیاواز بن. بەڵام بەئاسانی مرۆڤ ئەتوانێت هەست بەوە بکات، کە بەشی زۆری بیرکردنەوەی کورد دەربارەی ژیان و بوون

و گەردون، بیرکردنەوەیەکی شاعیرانەییە، لە کاتێکدا ژیان و مرۆڤ و گەردون، لەسەر فیزیا و کیمیا بەرێوە دەچێت، ئەدەبیاتیش دەتوانێت رۆڵێکی هەبێت، بەڵام ناکرێت ئەدەبیات بخرێتە شوێنی زانست .



لەوە بۆمان دەردەکەوێت کە گووتاری زاڵ و باوی کروزانەوەی شیعری، دیوەکەی دیکەی یەکسانە بە رق و کینە و ڕەگەز پەرەستی و نیشاندانی ئەوانیدیکە وەک درێندە و مرۆڤ خۆر .

با بێینەوە سەر ئەسڵی مەقسەد، کورد و سیاسیەکان و داموو دەزگاکانی لە قوتابخانەیەکی بنەڕەتییەوە، تا مەکتەب سیاسی و دەسەڵاتدارەکان، ئەبێت ئەو پرسیارە لەخۆییان بکەن، ئایا دیسکۆرسی کرۆزانەوە، چی بەئێمە بەخشیوە و چی لێ زەوتکردوین؟

دوای وەڵامی ئەو پرسیارەش یەکەم شتێک کە یارمەتی دەری چارەسەرێکی ریشەیانە ئەبێت بۆ دەسەڵات و گەلە ئەوەیە، ئەم میتۆد و وتارە، فرێبدات، کە ناتوانێت هیچ بەرهەمێکی هەبێت، بەمکارە بەڵانی کەم ٦٠٪ ی کێشەکەت چارەسەر کردوە.


چونکە ئیتر لەبری ئەوەی بەدوای شین و ڕۆردا بگەڕێیت، بیر لەوە ئەکەیتەوە، کە چۆن دەکرێت، رێگا لەچەندبارەبوونەوەی جینۆساید بگریت و بەرەو ئاسۆیەکی دیکە بڕۆیت کە دەشێت ڕێگاکانی زۆر ئاسانتر بن!...

یادی تاوانی ئەنفال و جینۆساید و کارەساتەکانی دیکەی گەلی کوردستان، بەبێ فرمێسک ڕشتن گەشاوەترە وو مانادارترە، فنکە فنک و ڕشتنی رقی قەومی و پیشاندانی ئەوانیدیکە وەک مەترسی دواجار هەر ئەتخاتەوە، ئەو دۆخەی کە تێیدا چەقیووی.

تائێستا کە خەڵکی ئێمە ناتوانێت بەوردی لەم شتە تێبگات کە ناوی ئەنفالە، هۆکارەکەی ئەوەیە لەجیاتی عەقڵانیەتی سیاسی و زانستی، بەپێوەرەکانی شاعیرانە ئەیبڕن و دەیدرون و هەموو جارێکیش سەر لەناو شکستێکی دیکە دەر دەهێننەوە!!.

تێبینی وێنەکە نوگرە سەلمانە.

بۆچی یادی ئەنفال دەکەنەوە ؟



هۆمەر محەمەد
٢٠٢٣/٤/١٣ سلێمانی

ئەنفال لەکن ئێوە بەسوێ نییە، نەک حزب و سەرۆک و ئەندامانی حزب تەنانەت ئەنفال ڕۆشنبیرانیشی ڕانەچڵەکاندووە، بەڵی وتاریان نوسیوە، قسەیان کردووە، بە پۆشتەیی لە دیداری میدیایی دەرکەوتوون. بەڵام زۆریان هەرچی بکەن، ناتوانن خوێنساردی و بێهەستی خۆیان بشارنەوە، ئەمە قسەی من نیە بەڵکو روخساریان ئارایشت و جلوبەرگیان، شێوازی ئاخاوتنیان وامان پێدەڵێن وشایەتی دەدەن.

ئەوەش ڕوونە بەئاشکرا شین بۆ خۆیان و پلەو پۆست و هەندێکیان بۆ حزب کردویانە. ڕۆژگاریش ئەوەی سەلماند کەچەند هەلپەرست بەسەرپشت و ڕۆحی قوربانیەکاندا ڕۆیشتن و گەیشتنە پۆست ودەسەڵات.

زیانلێکەوتوان و کەسوکاری شەهیدەکانیش هەنگاوێکیان نەناوە هەتا دۆخەکە خراپ نەبێ و قسەی پوچیش لەکەناڵەکاندا بووەستێنێ، بەپێچەوانەوە خۆیان بەشێک بوون لە خوڵقاندنی ئەم دۆخە خراپە. کە دۆسێی ئەنفال و مافی مرۆڤ، بوو بەکارتی زۆر باس وبابەت، جا ئەنفالیان نەکردووە بەچی؟ بەکەلوپەل؟ بەکالا، بەپاسەپۆرتی پەرلەمانتارو وەزیرو گزیر، بەتکتی سەفەرو گەشتوگوزار. ئاخر هەیە وەک دەڵاڵەکانی حەج بە وەجبە خەڵک دەبات بۆ ئەوروپا! بەبێ ئەوەی هەتا ئێستا تاقە ڕاپۆرتێکی یەک تاقەکەسی ناو ئەو وەجبانەمان دەربارەی ئەنفال دیبێت!

ئەگەر وانەبوایە خۆ دەبوو بەدیدێکی تر بیر لە ژیان و دین و سیاسەت و نەتەوەو نیشتمان بکەینەوە، لە پێش هەموشیانەوە ژیان و شکۆی ئەو مرۆڤانەی زۆرترین قوربانیان داوە، تکایە تەنها چاوت لەسەر ڕۆشنبیرانی ناو دەزگا حزبیەکانی یەکێتی و پارتی نەبێت، چاوخورد کەرەوە لە دەرەوەی ئەوانیش بازرگان و خوێنسارد زۆرن، ئەمە بۆ هەموو حزبەکان و ئەندام و لایەنگرەکانیان ڕاستە. خۆ حزبەکانی تریش وەک یەکێتی و پارتی بەشداری ئەم گەندەڵییەن، خۆئەوانیش هەر تاقە ڕۆژێک قسە دەربارەی ئەنفال دەکەن، خۆ ئەوانیش هەر ڕۆژێکیان هەیە بۆ بیرکەوتنەوە. ئەمە بۆ تاک بەتاکی کوردیش هەر ڕاستە، کوا ئەنفال و هەڵەبجە و تراژیدیاکانی تر دونیا بینی گۆڕیون؟ ئەگەر وایە چۆنی گۆڕیون ؟ ئەنجامی گۆرانکارییەکە چەندەوچۆنە ؟ خۆهەر ئەوانەی سەرەتای نەوەدەکان بەهاریان لە خۆیان و خەڵک بەشنەبای دیموکراسی هێنابووە چۆکان، ئەمڕۆ قسەخۆشی ناو مەجلیسی خێڵ وعەشرەتن و لە قۆڕی فەرهەنگی فیودالیزمدا چەقیون، نەک هەر نەبوونە مرۆڤی دوربین و قۆڵ بین، بەڵکو نەبوونە ئەو دیموکراسیە موزەیەفەش کە ئیدیعایان بۆدەکرد. ئیدی بەنیازن ئەم جۆرە مرۆڤە ڕۆشنبیرە چی بۆئەنفال و کەسوکاری بکات ؟ ئێ خۆمەرج نییە هەرچی ڕۆشنبیر بوو بەئەخلاقیش بێت !؟

کوردی دوای ئەنفال، دەبوو مرۆڤی دوربین و زمان شیرین و دامەزراوبێت، ئازاو بە ئەمەک و بە ئەخلاق بێت. حزبی کوردی دوای ئەنفال، دەبوو پڕۆژەی چارەسەری هەبوایە و بوێرانە سیاسەت بکاو بە وریایی دەستکاری شتەکانی دەوروبەری خۆی بکات، ئەندامی حزبی کوردی دوای ئەنفال نەدەبوو ملکەچ بێت دەبوو مێژوی خۆی و حزب و سەرۆکی حزبکەشی بخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەگەر مرۆڤی دوای ئەنفال بەهای ئینسانی خۆی بزانیایە، ولاتی بە قوربانی حزب و سەرۆک نەدەکرد، ئاینی بە قوربانی حزب و ئەمیری حزب نەدەکرد، ئیمان وعیبادەتی بە قوربانی سەلەفی بازرگان نەدەکرد، بەدیوەکەی تریشدا مرۆڤی بەقوربانی کۆمۆنیزمی فرەرەنگ نەدەکرد ! ئەی کە ماڵەکە بەم ئەندازەیە ویرانە، نازانم بە چ ڕوییەکەوە یادی ئەنفال و هەڵەبجە و شەنگال دەکەنەوە ! مشەخۆرانی حزب بەعەلمانی و ئیسلامییەوە جگەلە فرمێسکێکی درۆزنانە هیچی تریان نیە بۆ یادی ئەنفال، ئەوەی پێیدەوترێت عەلمانی لە یادەکاندا بێشەرمانە بە

تەنیشت تاوانبارانی ئەنفالەوە لە ریزی پێشەوە دادەنیشن، هەرگیز شەرمیان لەوەنەکردووە کە خۆیان خۆشگوزەران و بەرانبەر بەستەملێکراوترین مرۆڤ (قوربانیەکان) گێژو هێرو بێ ئاگا لە دڵی هەلاهەلای ئەوان بەدیار وتاری "سیاسیەکان"نەوە دەمیان داچەقاندووە.!

ئەوانەی گوایا ئیسلام و ئیسلامی و سەلەفین، بەهەمان ئەو دەستەواژانەوە دەدوێن و بە هەمان ئەو ڕەفتارانەوە کە داعش دەرهەق بە مرۆڤ و ژینگە کردووەیەتی دەیانەوێ نەک ئەنفال بەڵکو زمانیش لەبیر کورد بەرنەوە. ئەوەتا رابەرێکی سەلەفیەکان بێشەرمانە دەڵێت : ئەو دایکە موسڵمانەی بەزمانی عەرەبی قسە نەکات، بەهەر زمانێکی تر قسە بکات حەرامە وەڵاهی حەرامە، چونکە دەبێت منداڵەکانی بەزمانی اللە قسە بکەن " وەک بڵێی (اللە) خودا هێندە لاوازبێت هەر لە زمانی عەرەبی تێبگات !؟

ئەوانەی هاوار دەکەن کە دەبێت چیرۆکی ئەنفال و هەڵەبجە وەک هۆڵۆکۆستی جووەکان بکرێت بەفیلم، ڕەنگە تەحمولی ماچێک نەکەن لە فیلم و درامای کوردیدا ! ئەوانەی هاوار دەکەن کە دەبێت ئەنفال وەک هۆڵۆکۆست بکرێت بە دۆسێیەکی جیهانی و بەفەرمی بەجیهان بناسرێت، خۆیان ئامادەنین ئاسانترین بەرپرسیارێتی هەڵگرن، زۆرینە هەر ئەوانەن کە سااڵی جارێک ئەنفال و هەڵەبجەیان بیردەکەوێتەوە ! قسەیەکی بایەخدارە کەدەفەرموون (دەبێت بکرێت) بەڵام ئەفەندی پێمان ناڵێت کێ بیکات؟ دیارە تەنها ئەمرو فرمانیان لەسەرە و خۆیان ئامادە نین ئەرک بگرنە ئەستۆ ! دەنا ئەگەر درۆناکە ئەوە ئەرکی دەوڵەتدارو سیاسەتمەدارو حکومەتە. باشە ئەوانە بیرناکەنەوە ؟ هەرگیز لە خۆیان هەڵنەڕوانیوە و نەیانزانیوە کە خۆیان خەڵکانێکن تەنها بۆ دەستخۆشی و چەپڵەکوتان و ئەشهەد و بیلای سەروی خۆیان ئامادەن نەک لێپرسینەوە لەسەروی خۆیان !؟ قەت ڕۆژێک هەوڵیانداوە بزانن خەڵک چۆن و بەچ چاوێک تەماشایان دەکات ؟ ئاخر چەپڵە بۆکێ ؟ ئەوانەی کە لە ئێستاو رابردودا بەهەنگاوە هەڵەکانیان و بەتاوانەکانیان و بە بریارە نالۆژیکیەکانیان، کوردیان توشی تراژیدیاو مااڵ وێرانی کردووە، ئەو خەڵکەش دەبێت بزانێت ئەگەر بەعەس ماڵی ڕوخاندون و خوێنی ڕشتوون، ئەوانیش خوێنیان بە هەدەرداوە، ئەگەر بەعەس بەختی سوتاندون و شاربەدەرو ئاوارەی کردون ئەمانیش موچەیان بڕیوەو سامانی نیشتمان و ڕەنجی هاونیشتمانیان دزییوە.


ئێ خۆئەو حیکایەتی شۆڕشگێڕیش کۆتایی هاتووە، ئەو قەوانە کەس گوێی لێناگرێ کە دەیانگوت شۆڕشمان کردووە! ئێستا دەرکەوت ئەوەی لە ڕابوردودا کرا شۆڕش نەبوو، چونکە شۆڕش دەستکەوتی شۆڕشگێڕانەی هەیە، تەنانەت لەشکستیشدا دەستکەوت بەجێدێڵێ، بەڵام ئەمانە لە دەسەڵاتیاندا ئەو دەستکەوتانەشی دۆڕاند کە کورد بە خەباتی کلتوری پاراستبووی، بەعسیەکان بەو هەموو تونددڕەفتاری و بەو ماشێنە بەهێزەی فاشیزمەوە تەنها توانی گوندەکان بڕوخێنێ، بەڵام ئەمان مرۆڤی کوردیان ڕوخاند ! کەواتە شۆڕشی چی؟ ئایا شۆڕش مرۆڤ دروست دەکات یان دەیڕوخێنێ ؟ ئەگەر شۆڕش بوایە سازشی لەسەر خوێنی کورد و ئازادی مرۆڤی کورد نەدەکرد، ئەگەر شۆڕش بوایە یادی سوپای وێرانکاری نەدەکردەوە، سەرۆکی ئەرکانی سوپا و بەڕێوەبەری هەواڵگری و تاوانبارانی ئەنفالی دانەدە نەدا، ئەگەر شۆڕش بوایە هەرکەسەو بەپێی پسپۆڕی خۆی نەک بەپێی خوێن و خێڵ و عەشرەت، بێزمانەکان نەدەبوونە وتەبێژو ڕاوێژکار، فەرماندە سەربازییەکان نەدەبوونە وەزیری ئاوەدانکردنەوە، دەبونە وەزیری بەرگری . کەسوکاری ئەنفال نەدەبوونە بکوژو کوژراوی مەیدانەکانی شەڕی ناوخۆ، نەدەکرانە پاسەوان و چەکداری بن دەستی موستەشارەکانی دوێنی و فەرماندەکانی ئەمرۆ!

چیرۆکێکی نەبیستراو

شیرین توفیق

٢٠٢٣/٤/١٤ کەنەدا

ئەو چیرۆکە ناخ هەژێنانەی کە لە تاوانی ئەنفال و جینۆسایدکردنی کورد لەلایەن دەوڵەتی عێراق و ڕژێمی بەعسەوە بەسەر میللەتی کوردا هاتووە. هێندە زۆرن



لەژماردن نایەن، بێگومان زۆرمان لەبارەیەوە بیستووەو زۆریشیان هێشتا تۆمار نەکراون لای زۆر خەڵک نەبیستراون، زۆریشیان بەتێپەڕینی ڕۆژگار لەگەڵ مردنی خاوەنەکانیان دەچنە ژێرگڵەوەو هەرگیز نابیسترێن.

هەشن پێش ئەوەی بوار بێت خاوەنیان بیگێڕنەوە بەحەسرەتی گەڕانەوەی ئازیزانیان مردن و لەگەڵ خۆیاندا چیرۆکەکانیشیان نێژران. هەندێکیشیا لە لایەن دەسەڵاتی کوردیەوە فرۆشران و ئەنفالکراو بوو بە پارێزەری ئەو باوەڕەی بەهۆیەوە ئەنفالکراو چیرۆکەکانیان ونکران. خۆئەگەر کەسانێکی دڵسۆز نەبوونایە، زۆرێک لەو چیرۆکانە هەرگیز تۆمار نەدەکران و لەزاری قوربانییەکانەوە نەدەگێڕدرانەوە، چونکە زۆربەی رزگاربووەکان یان حەوسەڵەی گێڕانەوەیان نەبووە یان دەرفەتی گێڕانەوەیان بۆ نەرەخسێندراوە، ئەگەر ئەو کەسە دەگمەنانەمان نەبوایە ئەوا ئێستا باسێک نەدەبوو بە ناوی ئەنفالی کورد! لە نێویاندا کاک هۆمەری سەرنوسەری گۆڤاری ئەنفالستان کە سااڵنێکی زۆری تەمەنی بەبێ بوونی هیچ پشتگیریەک لەو پێناوەدا بەخشیوە، جێگەی ڕێزو خۆشەویستی و پێزانینە .

لەناو ئەو هەزاران چیرۆکەی ئەنفال من شاهێدی یەکێکیانم کە بۆ ئەوکاتەو هەتا ئێستاش لەلام ناخ هەژێنە.

ڕۆژێکی هاوینی ساڵی ١٩٨٨ دەمەو عەسرێکی درەنگ دروست لە کاتی پرۆسەی ئەنفالدا بوو. ئەوسا دەمانزانی دۆخی کوردستان خراپەو گوندەکان هێرشیان لەسەرە بەڵام کەسمان نەماندازانی ئەنفال چیە؟ چۆن ڕوێداوە؟ کێ قوربانیە ؟ هەر ئەوەندەمان دەزانی کە دێهاتەکان ڕادەگوێزرێن بۆ ئۆردوگاو ئاگامان لەو کۆمەڵکوژییە نەبوو کەئێستا دەیزانین، دواتر زانیمان کە خەڵک زۆر گیراون و بردراون، بەتایبەتیش لە گەرمیان ئیتر بۆ بۆ کوێ و چۆن ؟! کەس نەیدەزانی خۆ دونیا وەک ئێستا نەبوو دەم و دەست بڵاوبێتەوەو وێنەو ڤیدیۆی بەسۆشیال میدیادا بڵاوبێتەوە، ئەوانەی گیرابوون هیچ هەواڵێکیان نەبوو.

لەو عەسرەدا لەگەڵ ئامۆزاکانم لە حەوشی ماڵی مامم، دانیشتبووین، ئێمە دراوسێی یەکتری بووین، ماڵمان لەسەر شەقامی سالم "سەهۆڵەکە" بوو لەو کاتەدا منااڵێکی ماڵە دراوسێکانی کۆاڵنی پشتەوەمان هەواڵی هێنا، وتی پیرەژنێک لە کۆاڵنەکەدا کەوتووە واگیان دەدات. هەموومان بەپەلە ڕامانکرد بۆلای. بەاڵم چی ببینین؟ پیرەژنێکی ماندوو شەکەت هەر ئەوەندەی چنگێکی مابۆوە دەستێک جلی کوردی لەبەردابوو دیاربوو هی ناوچەی گەرمیان بوو، هەموو لەشی خۆاڵوی بوو، ڕەش داگیرسابوو، لێوەکانی ووشک هەڵهاتبوون، چاوەکانی بە ئاستەم ئەتروکاند، جۆگەلەی فرمێسکێکی ووشکبۆوە سەر ڕومەتە چرچولۆچەکانی جێ نەهێشتبوو. بەپەلە ئاومان بۆهێناو

تۆزێک ئاومان کرد بە دەمیەوە، ویستمان خواردنی بدەینێ بەڵام ئەو وەک ئەوەی لە هەموو دونیا تۆرابێت دەمی نەدەکردەوە، گەرووی وشکی تێر بکات. قەدەرێک بەدیاریەوە دانیشتین هەر یەکەمان پرسیارێکمان لێ دەکرد. تۆکێیت؟ لە کوێوە هاتویت؟ بۆ لێرەیت؟ هیچ وەڵامێکی نەبوو، کەسوکارت لە کوێیە؟ بەبیستنی کەسوکار لێوەکانی بەئاستەم هەڵهێنایەوەو وتی: عەسکەر کێژو کوڕیان برد، گەنجەکانمانیان برد، مااڵمان وێران بوو، شەرەفمان نەما، زیلێکی عەسکەری پیرە بێفەڕەکانی وەک منیان لە بیابان هێنایەوەو هەریەکەمانیان لەکوچەو کۆاڵنێکدا فڕێدا! بەئاستەم تینێکی تێگەڕاو هەستایەوە سەر پێیەکانی و وەک دۆڕاوێکی جەنگ بە دەم دارە دارەی قاچە لەرزۆکەکانی و پشتە چەماوەکەی ملی رێگەی گرت، رێگەیەک نەمزانی بۆکوێ باوەڕناکەم خۆشی زانیبێتی. هەتا ئیستاش وورتە ورتی ژێر لێوەکانی لە گوێمدا ئەزرنگێتەوە، هەرکەناوی ئەنفال دێت ئەو پیرەژنە خۆی دەکاتەوە بەیادەوەریمدا، ئەو هەر دوو وشەی دووبارە ئەکردەوە گشتیان برد، گشیان سوتاند، گشتیان مردن!

بۆ رۆژی دواتر بیستمان لە کۆاڵنێکی پشتەوەمان گیانی سپاردوەو چەند کەسێک تەرمەکەیان بردووە لە شوێنێک ناشتویانە!

ماوەتەوە بڵێم ئەم تراژیدیاو مەرگەبە کۆمەڵەی ئێمە لە هی جووەکان کەمترنین، بەڵام ئەوان ئیستاشی لەگەڵدا بێت هەر بۆی تێدەکۆشن، بە سەدەها چیرۆکی جینۆسایدی خۆیان کردووە بە فیلم و هەموو جیهانیان تێگەیاندو دونیان هەژاند، چیرۆکەکانی هۆڵۆکۆست هاوسۆزیی زۆریان بۆخۆیان پەیداکرد، کەمپی ئاوشفیتس و خنکاندن و سوتاندنی لاشەی قوربانیەکانیان!خزاندە ناویادەوەری مرۆڤایەتیەوە.

رزگاربووەکانی جینۆسایدی جولەکە چیان بۆ کراو ئەی ئێمە چیمان کردوە؟ !

درود بۆ رۆحی قوربانیەکان.

بەسوپاسەوە وێنەکەم لە ئەکاونتی کاک هۆمەر وەرگرتوە.

چیرۆکی ژنێکی تەنیا کەوتوو

ئەرجان ئیبراهیم



میم ئەرجان ئیبراهیم پێش ئەنفال دانیشتویی گوندی (ساداتی گەرمک)ی گەرمیانی پیرخدری ناوچەی داودە بوون، لەدوای ئەنفالیشەوە لە ئۆردوگای صمود کە دوای راپەرین ناونرا (ڕزگاری) لە پەلاماری ئەنفالدا هاوسەرەکەی بەناوی (شکور عوبێد محەمەد) و هەر چوار کوڕەکەی لەپەلاری سێهەمی ئەنفالدا گیران وجارێکی ترچاوی پێیان نەکەوتەوە و بە تەنهاخۆی رزگاری بوو. بۆیە ئەم پیرەژنە هەتا دواساتەکانی ژیانی چاوی لەسەر دەرگاو دڵیی هەر لەلای ئەنفالکراوان بوو.

کوڕە ئەنفالکراوەکانی بریتی بوون لە :

(سەید رەوف مولیدی ١٩٥٦ و سەید نوری موالیدی ١٩٦٨ و سەید معروف موالیدی ١٩٧٠ و نەوزاد موالیدی ١٩٧٣) هەرچوار کوڕەکەی ئەنفالکراون. هەرلەگەڵ کورەکەیدا بوکەکەشی بەناوی زنجان سەید ئەحمەد کەخێزانی سەید رەوف بووە ئەنفالکراوە.

لەناویاندا(سید نوری و سید معروف)ی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بوون لە کەرتی ٥٥و٦ ی تیپی ٥١ گەرمیان بوون.

بەداخەوە شەوی پێنج شەمە لەسەر هەینی٢٠٢٣/٤/٢٠ دوا شەوی رەمەزان و یەکەم رۆژی جەژن کۆچی دوایی کرد.

سوپاس بۆکاک قادر سالح زانیاری پێداین.

فۆتۆ: قادر صالح –کەلار- ڕزگاری.

بۆ یەکەمجار ئاشکرای دەکەم

ناسنامەی یەکێک لە قوربانییەکان



ئەنوەر سەید عومەر

هەڵدانەوەی گۆڕی بەکۆمەڵی ژن و منداڵە ئەنفالکراوەکانی کورد ، لە بیابانی تل الشیخیە لە پارێزگای سەماوە، لە لە تەمموزی ساڵی ٢٠١٩مان هەڵدایەوە، ئەو گۆڕە روفاتی ١٧١ سەدوحەفتاو یەک (ژن و منداڵ)ی کوردی ئەنفالکراوی تێدابوو..

بەداخەوە ئەوە بۆ نزیکەی ٤ چوار ساڵ دەچێت، روفاتەکان، لە فەرمانگەی پزیشکی دادوەری بەغدا دانراون، هەتا ئێستا نەهێنراونەتەوە بۆ ئامێزی نیشتمان !

ئەم زانیارییانەی لە خوارەوە بەڵگەی لەبارەوە دەخەمەڕو یەکیکە لەو قوربانیانەی ناو گۆڕە بەکۆمەڵەکەی سەماوە، بەڵگەکە ناسنامەکەیەتی کە لەناو گۆڕە بەکۆمەڵەکە لەگەڵ روفاتەکان دۆزرایەوە، لەکاتی هەڵکۆڵین و لێکجیاکردنەوەی روفاتەکان و جیاکردنەوەی بەڵگە و جل و بەرگەکانیاندا، ناسنامەی ئەم گەنجە تەمەن ١٥ ساڵەش دۆزرایەوە، کە هاوشێوەی گەنج و منداڵەکانی تر لەکاتی گوللە بارانکردنیاندا توند توند کراسە کوردییەکەی دایکی گرتبوو، کە پێکەوە هەر هەموویان کۆمەڵکوژ کرابوون، ئای چ دیمەنگەلێکی تراژیدی و ناخەهژێن بوو. چەند زەحمەت بوو ئەوکارەی ئێمەی تیمی هەڵدانەوەی گۆڕەکان.

ئەوکاتە من ئەندامی یاسایی تیمەکە بووم، ئەرکمان ئەوە بوو تەواوی زانیاریەکان تۆمار بکەین و بەشێوەیەکی یاسایی و بەڕێک وپێکی بەڵگەکان و روفاتەکانمان هەڵدەگرتەوەو تۆمارمان دەکردن، جاهەرچییەکیان پێ بووبێت، تەنانەت شتێک ئەگەر بێنرخیش بووبێت بۆنمونە پاکەتێکی بەتاڵ، جاهی حەب و دەرمان بێت یان هی جگەرە، لەپرۆسەی هەڵدانەوەدا بەهادارەو نرخێکی زۆری دەبێت.

کاتێک کە ناوی ئەم کورە ئەم ناوە بۆ یەکەمجار لێرە بڵاودەکەمەوە. دڵنیا نیم کە ئایا هیچ لە کەسوکار و خانەوادەکەی لە ژیاندا ماون یان نا؟!

چونکە بەپێی ناسنامەکە قوربانییەکە، خەڵکی گوندی جەلەمۆردی بناری خاڵخاڵانە سەربەناحیەی ئاغجەلەری قەزای چەمچەماڵە، جەلەمۆرد یەکێکە لەو گوندانەی زۆرترین کەسیان لە قۆناغی چوارەمدا ئەنفالکراوە، لە سەر ئاستی کوردستان تاقە گوندە کەبەو ڕێژەیە خەڵکی ئەنفالکرابێت، بۆیە ئەگەری زۆرە تەواوی خێزان و کەسوکارەکەی ئەم کورەش هەموویان لەو تاوانەدا کۆمەڵکوژکرابن.



بەهیوام کەســـوکاری لەژیـاندا مـابن خۆ ئەگەر هیواکەم نەهـاتەدی ئەوا داوای لێبوردنیـان لێـدەکەم کە بەم هەواڵە ئازاریان دەدەم و زامی قوڵیان نوێ دەبێتەوە.

بە کردەوە ماوەی ٢٠ سـاڵ لە بواری جینۆسـایدی کوردا کـارم کردووە، زۆرترین کـارکردنم لە بواری گەڕان و دۆزینەوە و هەڵـدانەوەی گۆڕی بەکۆمەڵـدا بوو، بەجـدی کاتێک وەزارەتی شەهیدان هیچ پێزانینێکی بۆ ئەو کەسانە نییە کە ماوەی دوو دەیە(٢٠) واتە ماوەی بیسـت سـاڵ لەو بوارەدا کـاریـان کردبێت و بۆ دیـدارێـک کە لەپـایتەختی هەرێمی کوردسـتان لە بارەی جینۆسـاید بانگهێشـتی ئەو کەســـانە نـاکـات، کە کـاری جـدی و تـاقەتپڕوکێن و دڵسـۆزانەیان ئەنجامداوە، مایەی تێڕامانە !؟ باشـە دەبێت وابێت ؟ جگە لەوەش لە چالاکیەکانیاندا کەمترین کەس لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بانگهێشت دەکەن!

ئایا هیواو ئومێد لەسەر ئەم جۆرە چالاکیانە هەڵدەچنرێت! دەزانم گەیی لەکاســـانێـک کە تـازەگی هـاتوونەتە نـاو بوارەکەو بۆ تەنها جارێکیش جورئەتی ئەوەیان نەکردبێت بچنە ئەو بیابانانەی باشـــور و ناوەڕاســـت بۆ گەڕان و دۆزینەوە و هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان ، کورد ووتەنی وەکو ئەوە وایە ئاسنی سارد بکوتی؟!

بەهەرحاڵ ئەوەیان مەسەلەیەکی تـرە، ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە لەدوای هەڵدانەوەی ئەو گۆڕە بەکۆمەڵەوە مشـت و مڕی زۆر لەسەر ئەوە کراوەو ئێستاش دەکرێت، کە ئایا قوربانییەکان خەڵکی چ شـوێنێکی کوردسـتانن. ؟ ئامانجم لەبڵاوکردنەوەی ئەم بەڵگەیە خزمەتکردنە بەڕاسـتی، هیوادارم ئاشـکراکردنی ناوی ئەم قوربـانییە و خســـتنەروی بەڵگەی یاسایی کۆتایی بەو مشت و مڕە بهێنێت.

ناوی ئەنفالکراو :
عبدالله کریم احمد
ناوی دایک: بفراوه یاسین
لەدایکبوون: ١/٧/١٩٧٣
محل الولاده: اغجلر/ چم چمال/ السلیمانیة
محل تسـجیل: جلمورد/ اغجلر/ چم چمال/ السلیمانیة

درود بۆ روحی قوربـانییەکـانی گۆڕە بەکۆمەڵەکـان و خۆشەویستی و ڕێز و وەفام بۆ خەڵکی گوندی جەلەمۆرد و تەواوی خێزان و کەسـوکاری قوربانیانی جینۆسـایدی خەڵکی کوردستان.

ئەنوەر عومەر سەعید (گەورەیی)
ئەندامی یاسایی لە تیمی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی سەماوە/ تەممووزی ٢٠١٩

تێبینی:
(١).دوای بەدواداچونی گۆڤاری ئەنفالســـتان دەرکەوت کە خـانەوادەکەی عەبـدوڵاکەریم و خزم وکەســـوکـارەکەی هەمووییـان پێکەوە گیراون لەم بـارەیەوە (هیوا محەمەد ئەمین جەلەمۆردی بە ئەنفالستانی ڕاگەیاند عەبدوڵا خەڵکی گونـدەکەی ئێمەیەو خزمی نزیکمـانە دایـک و بـاوکمـان ئـامۆزان خـانەوادەکەی عەبـدوڵا کە پێکەوە ئەنفـالکراون بریتی بوون لەم کەســـانە: (بەفراو یاســـین حوســـێن، دایکێتی و کەریم ئەحمەد بـاوکی، براکـانی بریتین لە محەمەد وحەکیم کەریم و نجمەدین و ئازاد خوشکەکانیشی، بریتین لە: سەبریەو سەعدییە و وەعدییە)
(٢) هەردوک فۆتۆکە : نوســـەری بـابەتەکەیە لەکـاتی کارکردندا لەهەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی سەماوە.

ڕونکردنەوە دەربارەی ژمارەی ئەنفالکراوانی گوندی جەلەمۆرد



عبدالخالق جەلەمۆردی

پێمخۆشە دەربارەی ئەو داتایەنەی لەسەر ئەنفالکراوانی گوندی جەلەمۆرد بڵاوکراونەتەوە ئاماژەیەک بدەم، چونکە هەتا ئێستا کەم کەس بەڕاستی و دروستی ژمارەی ئەنفالکراوانی گوندی جەلەمۆرد دەزانێت. ساڵی ١٩٩٢ کاتێ خەڵکی گوندەکان زۆربەیان بەهۆی سیاسەتی ئەوسای ڕژێمی بەعسەوە ڕویان لە شارەکان کردبوو، لە ساڵی ١٩٩٣ بەدواوە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی گوندەکان بە هۆی نەبونی و بێکاریەوە لە شارەکانەوە دەگەڕانەوە لایێ و گوندەکانی خۆیان، گوندی جەلەمۆردیش یەکێک بوو لەوانە، ئەویش بەهۆی ئەنفالەوە ڕوخابوو چۆڵ کرابوو، لە ساڵی ١٩٩٣ بەمەبەستی ئاوەدان کردنەوەی گوندەکە و پەیدا کردنی بژێوی ژیان، خەڵک گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان.

لەوکاتەدا ئێمەش گەڕاینەوەو بۆ گوندەکەی خۆمان لەبەرئەوەی ئەوکاتە ئەنجومەن بووم و لە کۆمیتە و مەڵبەندیش کاری ڕێخستنم ئەکرد، هەڵسام بەتۆمارکردنی ژمارەی ئەنفال کراوانی گوندەکەمان چونکە ئەوکاتە خەڵکی گوند هەموویان بەئیش و کاری ڕۆژانەی خۆیانەوە سەرقاڵ بوون و بژێوی ژیانیان زۆر قورس بوو، کەس بیری لەوەنەکردەوە ژمارەی ئەنفالکراوان بزانێت و لەکتێبێکدا تۆماری بکات، بۆیە من هەڵسام بەم کارەو ماڵ بەماڵ گەڕام لە نزیکەوە لەکەسی یەکەمی خێزانەکان پرسیارم ئەکرد و ناو و تەمەنی ئەو کەسانەم ئەنووسی کە بەر شاڵاوی نەگریسی ئەنفال کەوتوون، ئەمەش کارێکی هەروا ئاسان نەبوو، چونکە چەندین ناڕەحەتیم دەهاتە پێش بەهۆی ئەوەی بەشێک لە ئەنفالکراوان مناڵ بوون، تەنانەت منالّی وای تێدابوو ئەو مانگە لە دایک ببوو هێشتا ناویان لێ نەنابوو، بەڵام من بە ڕەزامەندی کەسی نزیکی ئەنفالکراوەکە ناوو موللیدمان بۆ داناوە. خۆشبەختانە ئەوسا زۆربەی ماڵەکان گەڕابونەوە، ئەمەش تا ڕادەیەک کارەکەی بۆ ئاسانکردم و هەتا بەشێوەیەکی ڕاست و دروست ژمارەی تەواوی ئەنفالکراوان بزانم، پاش گەڕان و پرسیارکردن وماندووبونێکی زۆر توانیم ناوو موالیدی تەواوی ئەو کەسانەم دەستکەوێ کە ئەنفال کرابوون. دواتر هەموو ناوەکانم کۆکردەوەو لای خۆم دامنا، کە ژمارەی تێکڕای ئەنفال کراوان (٤٠١) چوار سەت و یەک ئەنفالکراو بوو. جێی ئاماژەیە لە٤٠١ کەسە (٧) حەوت کەسیان لە نوگرەسەلمان وەفاتیان کردبوو، ئەمە جگەلەوەی زیارتر لە(٣٠)کەس بەهۆی زۆری تەمەنیان لە نوگرەسەلمان گەڕانەوە.

ڕۆژیک لە مانگی سێی ساڵی ١٩٩٣ بەڕێز کاک مەلا شاخی کە ئەوکات ئەندامی پەڕلەمان بوو و کادیرێکی چالاکی پێش ئەنفال بوو، ئاشنایەتیەکی زۆری لەگەڵ خەڵکی سنوورەکە و بەتایبەت دانیشتوانی جەلەمۆرد هەبوو، سەردانێکی سنورەکە و گوندی جەلەمۆردی کرد، بەحوکمی ئەوەی ئەوسا من ئەنجومەن، بووم هاتە ماڵی ئێمە و داوای لێکردم ئامارێکی ئەنفالکراوانی گوندی جەلەمۆردی بۆ بکەم. منیش پێموت ئامارەکەم لایەو پێشتر تۆمارم کردووە، ئەویش دەست خۆشی لێکردم و داوای کرد کە ئامارەکەی پێدەم بۆ ئەوەی بیکاتە کتێبێک بۆ مێژوو. منیش بەخۆشحاڵیەوە ئامارەکەم پێدا. بە سووپاسەوە ئەویش لەکتێبکدا چاپی کرد ئەو کتێبەش ئێستا لە زۆربەی ماڵە ئەنفالەکاندا هەیە.

بەڵام دوای چاپ کردنی، کاتێ سەیری کتێبەکەم کرد بینیم چەند ناوێک تۆمار نەکرابوون. نازانم هۆکارەکەی چی بوو. لێرەوە ڕێزو سڵاوم بۆ کاک ملا شاخی دەستی مانووبونی دەگوشم. دەستی هەموو ئەو کەسانەش خۆش بێت کە ئیشیان لەسەر کەیسی ئەنفال کردوەو پێوەی ماندوو بون. ڕووحی ئەنفال کراوان شاد و ئاسوودەبێت جێگایان بەهەشتی بەرین بێت ان شاء الله خوای گەورە سەبووری بە دڵی ئێمەو تەواوی کەسووکاری ئەنفالکراوان ببەخشێت.

ئەنفال دیدەیەکی تر کۆچی دوایی کرد



سابیر جەبار خەڵکی گوندی توکنی سەر بەناحیێ سەرقەڵای کفرییە. ساڵی ٢٠١١ لەژمارە ١٠ی گۆڤاری ئەنفالستاندا دیداری لەگەڵدا سازدراوەو بەسەرهاتی خۆی بۆگێڕاوەتەوە.

لەپەلاماری ئەنفالدا هەموو ژن ومندالەکانی ئەنفالکراون و خۆشی گیراوەو ماوەیەکی زۆر لەنوگرەسەلمان بووە. سەرباری ئەو کۆستە گرانەش ورە بەرزبوو، لەسەرەتاوە باسی خانەوادەکەی خۆی کرد، بە پەنجەکانی دەستی کەوتە ژماردنی ناوی ئەنفالکراوەکانی مالّی خۆیان " جەواهێر حسن " ئەوە خێزانم بوو، کەنیشکەکانیشم: شەوقی، شعریە، زەینەب، حمدیە، کورەکەشم هیدایەت) خۆشم هەرئەنفالکرام بردیانمە قۆرەتو و تۆپزاوا. لەوێ هەموومانیان جیاکردەوەو منیان رەوانەی نوگرەسەلمان کرد بە زەردەخەنەیەکی تەنز ئامێزەوە وتی : (ئەیەرەک و بەئەنفال حسابم بکەن، خۆشم ئەوە حەوت)

ئینجا هاتەوە سەر ژماردنی ئەنفالکراوەکانی تر لەبراو برازا گوتی: حاجی سەمینی براشم بە (١١) سەر خێزانەوە گیران و هەموویان ئەنفاللکران، تەنیا ئەوەی ماوە کورێکیتی بەناوی کەریم، ئەوە حاجی ستاری برام خۆی لەگەڵ هەردوو ژنەکەی و کورێکی و (٢) کچی و (٩) کوڕەزای و (٨) کچە زای گیران و هەموویان ئەنفال بوون.

خۆزگە سەد خۆزگە لە منالّەکانم جیایانەکردمایەتەوە خۆ هیچ نەبی لە باوشی خۆمدا لەگۆرێکی بەکۆمەڵدا زیندە چاڵ دکراین. جێگەی ئاماژە مام سابیر تەنها یەک کوڕی بەناوی قادر دەربازبووە ئەویش ئەوسامندالّ بووەو خزمێکی خۆی شاردبوویەوە. ئینجا وتی : ئەوەی لە نوگرەسەلمان بینیمان وەیل بوو، وەلێ ئەمانیش لەوان باشترنەبوون.

بەداخەوە ڕۆژی چوارشەم ١٩/ ٤/ ٢٠٢٣ مام سابیری ماندوو شەکەت بەئازارو بریندی دابڕانی خانەوادەکەی بۆ دواجار ژیان ئاوایی لەهەموان کرد. بەناوی ئەنفالستانەوە پرسەوسەرخۆشی ئاراستەی کاک قادری کوری و خزمانی دەکەین.

سێوانیش کۆچی دوایی کرد



سێوان عەبدوڵا محەمەد خێزانی کۆچکردو مام ڕەمەزان ساڵح مستەفا دانیشتووی گوندی جەلەمۆرد.

سێوان و مام ڕەمەزان لە پەلاماری ئەنفالی چوارەمدا تەواوی خێزانەکەیان گیران و ئەنفاللکران، لە کەمپی سەرەکی کۆکردنەوەو جیاکردنەوە لە تۆپزاوا کوڕوی کچەکانیان لێ جیاکرانەوە و خۆشیان ڕەوانەی قەڵای نوگرەسەلمان کران، ئیتر جارێکی تر کوڕو کچ و کوڕەزاو کچەزاکانیان نەبینراوە.

سیوان و مام ڕەمەزان ماوەی شەش مانگ لە زیندانی نوگرەسەلمان دەستبەسەر بوون. بەداخەوە ڕۆژی ١١ی ئازاری ٢٠٢٢ سێوانیش کۆچی دوایی کرد.

ناوی کوروکچە ئەنفالکراوەکانیان

لوقمان و نعمان و مەرجان و ڕەیحان و مەلکۆ وعایشە.

لەناویاندا لوقمان و مەرجان و ڕەیحان و ملکە خێزانداربوون، نعمان و عایشە کچی مالّ بوون.

شەشی کانوونی دووەم:
یادی جەیشی ئیحتیلال



خەبات عەبدوڵڵا

لە ١٩٢١/١/٦ دا، تەنها چەند مانگێک پاش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و بەپێی بڕیاری حاکمی ئەو کاتەی عێراق؛ پێرسی زەخاریا کۆکس، جەیشی عێراق دامەزرێنرا. لە ٢٠٠٣/٥/٢٤ دا، تەنها چەند حەفتەیەک پاش داگیرکردنی عێراق، بەپێی بڕیاری حاکمی ئەو کاتەی عێراق؛ لویس پۆل بریمەر، جەیشی عێراق هەڵوەشێنرایەوە. لە ٢٠٠٣/٨/٧و بەپێی فەرمانی ژمارە ٢٢ی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانانCPA ، بڕیاری دامەزراندنی جەیشێکی نوێ بۆ عێراق درا.

دەستووری هەمیشەیی عێراق ماددەیەکی لەمەڕ جەیشی عێراق داڕشتووە، بەگوێرەی بڕگەی یەکەمی ماددەی ٩ی دەستوور: "هێزە چەکدارەکانی عێراق و دەزگاکانی ئاسایش لە پێکهاتەکانی گەلی عێراق پێکدێن بە ڕەچاوکردنی هاوسەنگی ڕێژەی نوێنەرایەتیکردنیان بەبێ جیاوازی یان وەلاخستنی هیچ لایەک و لەژێر ڕکێفی دەسەڵاتی مەدەنییدا دەبێت و بەرگری لە عێراق دەکات و نابێتە دەزگایەک بۆ داپڵۆسینی گەلی عێراق و دەست وەرناداتە کاروباری سیاسی و ڕۆڵی نابێت لە ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتدا."

جەیشی عێراق سەرەتا لە بەغدا لە فەوجێکەوە دامەزرا کە فەوجی ئیمام موسای کازم بوو، بەڵام پاش دەوروبەری حەفتا ساڵ جەیشی عێراق بووە ماشێنێکی جەنگیی زەبەلاح کە لە نۆ لەشکر و حەفتا و پێنج فیرقەی جیاجیا و نزیکەی یەک ملیۆن چەکدار پێکهاتبوو، جەیشی عێراق خاوەنی حەوت سەد فڕۆکەی جەنگی و شەش هەزار تانک و پێنج هەزار تۆپ و جبەخانەیەکی گەورەی چەکی کیمیایی و بایەلۆژی و سەدان مووشەکی سکۆد و بەرنامە و پیشەسازییەکی چەکسازیی تۆکمە بوو. جەیشی عێراق لە کۆتاییەکانی جەنگی یەکەمی کەنداو و دەمەدەمی داگیرکردنی کوەیتدا چوارەم گەورەترین سوپای دنیا بوو.

جەیشی عێراق کە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی پێشوو دامەزرێنرا، پاش هەشتاو دوو ساڵ لەلایەن ئەمەریکاییەکانەوە هەڵوەشێنرایەوە و بڵاوە بە یەکەکانی کرا و لەبری ئەو، بڕیاری دامەزراندنی جەیشێکی تر درا.

لەڕووی سیاسییەوە جەیشی عێراق دامەزراوێکی بێلایەن نەبووە، جەیشی عێراق جەیشێکی کودەتاچی بووە، سەرەڕای ئەنجامدانی چەندین کودەتای شکستخواردوو، بەڵام لە ساڵەکانی ١٩٣٦: هاتنی بەکر سدقی، ١٩٥٨: ڕاگەیاندنی جمهوریەت و هاتنی عەبدولکەریم قاسم، ١٩٦٣: کوشتنی قاسم و هاتنی یەکەمجاری بەعسییەکان، ١٩٦٨: هاتنەوەی دووەمجاری بەعسییەکان تا داگیرکردنی عێراق، جەیش ڕۆڵێکی کارای بینیوە و هەمیشە ئەکتەرێکی سەرەکی ڕووداوە سیاسییەکانی عێراق بووە.

جەیشی عێراق جەیشێکی تائیفی بووە، ئەگەرچی لە سەرەتاوە ئینگلیزەکان هەوڵیاندا جەیشی عێراق هی هەموو پێکهاتەکان بێت و بەو هۆیەشەوە پێشتر کاریان بۆ ئەوە کردبوو لەمیانەی هێزەکانی (لیڤی)یەوە عەرەبی شیعە، عەرەبی سوننە، ئاسوری و کورد بەشداری پێ بکەن، بەڵام دواتر و بەهۆی پەراوێزخستنی کورد و شیعە، وردە وردە داوودەزگاکانی حکومەت و جەیش لە سێگۆشە سونییەکەی عێراقدا قەتیس ما.

جەیشی عێراق بەتایبەتیش لەسەردەمی بەعسدا، جەیشێکی ئایدۆلۆژیست بووە. بەعس وەکو سیستمێکی تۆتالیتێر و جیاواز لە سیستمە دیکتاتۆرەکان، بۆ پاراستنی دەسەلاتەکەی و پایەدارکردنی، هەر بەتەنها پشتی بە جەیش نەبەستبوو، چونکە هەروەکو (هانا ئارێنت) دەڵێت هەڵەیە گەر وا دابنرێت سیستمی تۆتالیتێر هەر بەتەنها سیستمێکی عەسکەرییە، ئەوە راستە کە دەسەلاتە تۆتالیتێرەکان وەکو دەسەلاتێکی عەسکەریی و پشتبەستوو بە سوپا خۆ دەنوێنن، بەڵام ئەم جۆرە سیستمانە کار لەسەر نابووتکردنی ئەخلاقی پیشەیی سوپا و دەرەجەدارەکانی دەکەن، ئەویش لەرێی دەست بەسەرداگرتنی سوپا و سەپاندنی شێوەیەکی تایبەت لە ئایدۆلۆژیا کە ڕەنگدانەوەی سیستمی دەسەلاتەکە خۆیەتی. جەیشی عێراق لە دەمی بەعسدا، جەیشێکی بەعسی بووە.

ئەگەرچی کورد لە دامەزراندنی جەیشی عێراق هەر لەسەرەتاوە رۆڵێکی شەریفانەی بینی و ژمارەیەکی زۆری ئەفسەری کورد تەنانەت تا پاش وەدەرنانی دەسەلاتی بەعس لە کوردستان لە ڕیزەکانی جەیشدا خزمەتیان کرد، بەڵام بەپێچەوانەی بیروڕای پفدراو بە عەقڵی عێراقچێتی، جەیشی عێراق لەلایەن کوردەوە نەک هەر جێگەی پەسندان و پیاهەڵدان نییە، بگرە لە چەندین جومگەی مێژوویی جیاجیادا بەتایبەتیش لە سەردەمی فاشیزمی بەعسییدا، جەیشی ئیحتیلال بووە.

ئاشکرایە کوردستانی باشوور بە زەبری چەک و هێزی عەسکەریی داگیرکراوە، سوپای ئیمپریالیزمی بەریتانی بە زۆری چەک و دوور لە خواستی دانیشتوانەکەی، کوردستانی بە عێراقەوە لکاند، لەبەرئەوەش کە دەوڵەتی عێراق وەکو دەوڵەتێکی عەرەبی هاتە کایە، بۆیە نە لە سەردەمی پاشایەتی و نە پاش ئەو، ئامادە نەبووە دان بە بوونی کورد وەک گەلێکی جیا لە عەرەب بنێت، لە هەمان سۆنگەوە جەیشی عێراق جەیشی سیستمە عەرەبییە حوکمڕانە جیاجیاکانی دەوڵەتی عێراق بووە.

لەوەتەی بزووتنەوەی چەکداریی کورد لە سالّی ١٩٦١ەوە هەڵگیرسا، جەیشی عێراق سەرسەختترین دوژمنی داواکانی کورد و هێزی بەرگریکاری کوردستان بووە. ڕاستییەکەی جەیشی عێراق شانبەشانی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی تری رژێمی عەرەبیی عێراق، ماکینەی قەلاچۆکردنی بەردەوامی کورد بووە.

ئەوە قسەی پێناوێت کە شانبەشانی جەیش، داوودەزگا تۆقێنەرەکانی ئەمن و ئیستخبارات رۆڵی بەرچاویان لە سەرکوتکردنی کورد و گەلانی تری عێراقدا بینیوە، بەڵام مەحاڵ بوو بێ بوونی دامەزراوێکی زەبەلاحی وەکو جەیش، پرۆسەی قڕکردنی کورد بەڕێوەچووبایە. پێویست بە پاساو هێنانەوە ناکات، جەیشی عێراق ئامڕازی سەرەکی خاپوورکردنی کوردستان و قەتڵوعامکردنی گەلەکەی بووە.

جەیشی عێراق جگە لەوەی جەیشێکی بێلایەن نەبووە، لە شەڕی گەلی کوردستاندا خاوەن هیچ بەڵێن و ئەخلاقێکی عەسکەرییش نەبووە، بۆیە هەمیشە لای کورد وەکو دەزگایەکی نامۆ و ترسناک، وێرانکەر و قێزەون تەماشا کراوە.

لە دەرەوەی هەموو ئەو کارەساتانەی کە بەهۆی سیاسەتە چەوتەکانی ئەمەریکاوە لە چەند سالّی پێشوودا گەلانی عێراق ڕووبەڕووی بوونەوە، بەڵام دەشێت بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی جەیشی عێراق لەلایەن حاکمی ئەمەریکا لە عێراق پۆڵ بریمەر بە یەکێک لە بڕیارە بوێر و مێژوویییەکان ئەژمار بکرێت.

بەداخەوە کورد نەک هەر نەیتوانی لەم هەنگاوە گرنگە تێبگات، بەڵکو بەهەمان شێوەی قەومییە عەرەبەکان و بێ وەرگرتنی عیبرەت لە ڕابردوو، ئەمیش کەوتە داوی ئەو هاشوهوشەی کە پێیوابوو نەدەبوا جەیش هەڵبوەشێندرێتەوە، هەر ئەوەش نا، لە دووبارە دامەزراندنەوەی جەیشی عێراقدا، کورد هیچ کۆت و بەندێکی نەبوو.

لەوەتەی جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی کورد لە عێراق سەریهەڵداوە، زۆرینەی هەرە زۆری عەرەب بە چاوی خائین و نۆکەری بێگانە لە کورد دەڕوانن. ئەم دیدە پان ئیسلامی ــ قەومی عەرەبییە ڕەگوڕیشەی مێژوویی هەیە، عەرەبەکان لە چلەپۆپەی دەسەلاتی خۆیاندا، سەرەڕای کورد هەمیشە بە چاوی گومان و بێگانە تەماشای نەتەوە و کەمینە ئیتنی و ئاینییەکانی وەکو کوردەکانی عێراق و سوریا، مارۆنی



دامـــــەزراوەدا، کەچی نەمانبینی لە شـــەڕی دژ بە کورد، جەیش بۆ تەنها جارێکیش ساتمە بکرێت.

ڕاســـتیـــەکـــەی ئـــەوەی گرنـــگ بـــوو کـــورد بیکردایەتە مەرج بـــــــــــۆ بەشـــداریکردنی لـــە دووبـــارە دامـەزرانـەوەیـدا، پێش هەر شتێک جـەیش پـەیمـان و ئۆرتۆدۆکســـــەکـانی لوبـنـان، قیبتییـەکـانی میســـــر، بـەربـەرەکـانی جـەزائیر و تونس و مـەغریب، فـەڵـەکـانی ســوریا و ســودان و ئوردون و عێراق و ئەنیمیســتەکانی ســـــودانیان کردووە و هەوڵیانداوە تەعریبیان بکەن. لە ســـــەردەمانێکی کۆنـەوە عەرەبـەکان میللەتـانی تری ناو قەڵەمرۆی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی جاران و نیشتمانی عەرەبیی ئێستا بە دەسندەخۆری خۆیان تێدەگەن.

ئەم تێڕوانینە شـۆڤێنییە کە پێشـتر بەعسـییەکان لە تیۆر و پراکتیکدا بە زەقترین شـێوە تەعبیریان لێ دەکرد، هێشـتا لای زۆرێک لە سـەرانی عەرەبی عێراق درێژەی هەیە. بۆیە وەکو ئامرازێکی ســـیاســـی دووبارە و هەروەکو جاران، جەیشـی عێراق تا دێت دەبێتەوە بە ئەکتەرە ناشـرینەکە و تـا ئێســـتـا و لە چـەند بۆنـەیـەکی جیاجیادا دژی گەلی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی گەرمەسێر، کەرکوک و دەوروبەری، موسـڵ و دەوروبەری، هەمان ڕۆڵی جەیشـی عێراقی بەعسی گێڕاوە.

ئەوە گرنگ نیە کە ئێمەی کورد چەند ئەفســـەر و کام پۆستی ناو جەیشمان پێدەبڕێت، ئاخر بەدرێژایی مێژووی جەیشـــی عێراق کورد ئامادەییەکی بەرچاوی هەبووە لەو بدات کە نابێت بەهیچ شـــێوەیەک و لە هیچ بارودۆخێکدا جارێکی تر شـــەڕی کورد بکات، دەبێت جەیشـــی عێراق یەک ئەرکی ســـــەرەکی هەبێت، ئەویش بەرگریکردنە لە عێراق لە کاتی هێرش و پەلاماری بێگانەدا. جگە لەوەش دەبوا کورد هەر زوو لە کاتی کڕینی چەک و جبەخانەدا، وڵاتانی چەکفرۆشی بهێنایەتە سەر ئەو باوەڕەی کە بیکەنە مەرج بەســـــەر عێراقەوە تا بە هیچ بیانوویەک جەیشـــی عێراق چەک دژی دانیشتوانەکەی خۆی بەکار نەهێنێتەوە. شـەشـی کانونی دووەم بۆ کورد نەک هەر مایەی جەژن و شـــادی نییە، بەڵکو یادەوەرییەکی تاڵ و وەبیرهێنانەوەی ئیحتیلالە.

سەرنج:

وێنەکە بوخچە و پریاسکەی ژنان و منداڵانی ئەنفالکراوی کوردە لە یەکێک لە گۆڕە بەکۆمەڵەکـانـدا کە لە تەمووزی ٢٠١٩ لە بیابانی تەللەت ئەلشـیخییە لە پارێزگای سـەماوە هەڵدرایەوە و ئێســـک و پروســـکی ١٧١ منداڵ و ژنی جوانمەردی گۆڕغەریبانی ئەنفالی لێ دەرهێنرایەوە.


پۆلێک کوڕی ئەنفالکراوی گوندی جەلەمۆرد



وێنەی یەکەم :
ساڵی هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو پێش ئەنفال گیراوە بەداخەوە نازانرێ چ ڕۆژو مانگ وساڵێک گیراوە. کەسانی ناو وێنەکە بەداخەوە هەموویان ئەنفالکراوان.

لەڕاستەوە:
مام عبدولا، شۆڕش حوسێن، جومعە کاکەڕش، بایز عزیز، ئازاد کەریم ئەحمەد ، غالیب مام فەریق.

یادیان بەخێر ، وێنەکە لە پەیجی گوندی جەلەمۆرد خوازراوەو ئەوانیش لە ئاسۆ خالد جەلەمۆردی وەریان گرتووە..



وێنەی دووەم
گوندی جەلەمۆردە میژووی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەراستی هەشتاکانی سەدەی ڕابووردوو.
پێدەچێت ئاهەنگی بوک گواستنەوە بێت. لەوێنەکەدا چەند پێشمەرگەیەکیش دیارن. بەڵام زانیاری چنگ نەکەوت ئاخۆ چەندیان بەرپەلاماری ئەنفال کەوتوون و چەندیان لەژیاندا ماون.

کاڵەکی تۆپزاوا

عومران حمەسەعید

کاتێک دوای کیمیاباران‌کردنی هەڵەبجەی شەهید ئێمە ئەنفال کراین بۆ تۆبزاوا،
سەربازگەی مەشقی تۆپزاوا پێک هاتوو لە چەند قاعەیەکی گەورە و گۆڕەپانی مەشق هەرچی لە گەرمیان و شارەزوردا ئەنفالکران، قۆناغی یەکەم دەبرانە تۆبزاوا لەوێشەوە دابەشیان دەکردن بۆ دبس و نوگرە سەلمان .
کاتێک ئێمەڕۆیشتین چیتر کەسیان نەهێنا، ئێمە دواین پۆلی ئەفالکراوەکان بوین و زۆر لە تۆپزاوا ماینەوە چونکە شوێنەکانی ترپڕبوون .
بۆیە هەموو گەرمیانییەکان، بە کەلوپەلی ماڵیانەوە هێنابونیان بۆئەوێ کاتێک ئەوان بۆدبزو نوگرەسەلمان دەبەن کەلوپەلەکانیان لە دەشتدا فرێ دەدەن.
ئێمەش بە ئیسفەنجی دۆشەکی ئەو ئەنفالانە چاییمان لێ دەنا.
هەموو جارێک لەگەڵ سەربازێکدا منیان دەنارد هەتا برۆم ئیسفەنج لە بەرگە دۆشەکەکان دەربێنم و بێمەوە،
جارێکیان لە یەکێک لەو گردە کەلوپەلی ئەنفالکراوەکاندا تەرزێکم بینی نەمزانی هی چیە، بەڵام کاتێک لێی نزیکبوومەوە، دەبینم کاڵەکە دەیمەیەکە سەوز بووە، کاتێک گەڕام وتەماشام کرد دەبینم شوشەیەکی شروب لەکاتی هەڵڕشتنی کەلوپەلی ئەو ماڵە لادێییەدا ئەو شوشە تۆوە کاڵەکەش (کە هەڵیانگرتبوو بۆ سااڵی ئایندە بیچێنن) لەکاتی کەوتنیدا دیارە بەر شتێک کەوتووەو شکاوە، هەندێک لە تۆوەکەی دەرژێتە سەر زەوی و هێشتا هەندێک تۆو لەناو شوشەکەشدا مابوو.
ئەو تۆوە کاڵەکە سەوز بوو و تەرزی بەسەر ئەو کەلەوپەلەدا کێشابوو و کاڵەکێکیشی گرتبوو. من بەهۆی ئەوتەرزە کاڵەکەوە ئیسفەنجم لەبیرچو هەتا سەربازەکە هاواری بەسەرمدا کرد و لێم نزیک بویەوە، دڵم نەدەهات ئەو کاڵەکەی لێ بکەمەوە.



کاتێک سەربازەکە چاوی بە کاڵەکەکە کەوت، ووتی لێیکەرەوە، وەک ئەوەی بەزۆر کەسێکت پێ بکوژن، ناچاری کردم و لێم کردەوە. دوای ئەوە وتی(ضوگە) واتا تامیکە.
منیش وتم (وسخ) واتا پیسە. سەربازەکە وتی (وسخ شنو؟ یاالله ضوگە).
بەواتا پیسی چی دەی تامیکە.
کاتێک بە تۆپکلەوە قەپێکم لێ گرت.
وتی : ها حلو؟ بەواتا تامی شیرینە .
وتم (ئی) بەواتا بەڵێ.
یەکسەر کاڵەکەکەی لەدەست سەندم و وتی بابڕۆینەوە، هەتا ئێستاش ئەو شوشە تۆوە و تەرزی ئەو کاڵەکە، کە بەسەر کەلوپەلەکاندا تەرزی کێشاوەو لەگەڵ ئەو کاڵەک و ساتی لێکردنەوەیە لە هەموو تەمەنمدا لەبیرم ناچێت، نازم ڕەگی لەڕۆح و دەرونم هەڵپێچاوە.
کاتێک بەسەرهاتی ئەو داربەڕووەم بیست ڕێک ئەوەم هاتە بەرچاو.

چیرۆکەکانتان کوان ؟

عومران حەمەسەعید



لە کاتی چاوپێکەون لەگەڵ وەفدێکی حکومەتی خۆرئاوای وڵاتی کەنەدا، یەکێک لە سەرکردەی هندە سورەکان (دانیشتوانی ڕەسەنی ئەوناچەیە) داوایان لێکردن ناوچەکەیان بۆچۆڵ بکەن. بەڵام ئەو ڕازی نەبوو.
دەستەڵاتی خورئاوای کەنەدا، پێیانی وت: ئەم زەویە ملکی حکومەتە. دەبێت چۆڵی بکەن.



سەرکردەی هیندە سورەکان ماوەیەک بێدەنگ بوو، دوایی پێیوتن :

ئەگەر ئەمە زەوی ئێوەیە، ئەی چیرۆکەکانتان کوان؟ کە لە سەرئەم زەویەتان سەری هەڵداوە و تۆمارکراوە هەتا بۆ منداڵەکانتانی بگێڕنەوە؟
وەڵامی ئەوسەرکردەی هیندە سورەکان زۆر قوڵە بۆیە ئەو پرسیارەی لە هزرمدا وروژاند، ئایا نیشتمان تەنها خاک و ماڵێکە؟ یان میسولوجیایەک وا دەکات هەست بەنیشتمان و هاو نیشتمانی بوونی خۆت بکەی؟
نیشتمان زمانە، کلتوروشوناسە، نیشتمان ئەو چیرۆکانەیە کە باوباپیرانمان بۆمان دەگێڕنەوە کە لەسەر ئەم زەویەدا رویدا نیشتمان ئەو ئاینەیە کە لەسەر خاکەکەت سەر هەڵدەدات و هەر درەخت و ئاو و کانی و بەفر و شاخەکانت لای پیرۆز دەکات لەبەر ئەوەی زاتێکی پیرۆز لەو شوێنەدا ژیاوە .
نیشتمان ئەو شۆڕشگێڕانەن کە لەپێناو گەل و ئەو خاکەدا خۆیان کردووەتە قوربانی و ئێستا لەم خاکەدا نێژراون هەموو ئەمانە ڕەگ و ڕیشەی نیشتیمانی بونی ئێمەیە ئەوە واتایەک بە خاک و ئاو و گەل و شتێک بەناوی نیشتمان دەبەخشێت .
هەموو ئەوانەی پەنایان بۆ خۆرئاوا بردووە لە خاکێکدا دەژین هیچ ڕوداو و میثولوجیایەکی ئەو وڵاتە کاریگەری لە ڕۆحی ناکەن سەرەڕای ئەوەی ژیانی پاڕێزراوە. هەرگیز هەست بە هاونیشتمانی ئەو خاکە ناکات.
بۆ چونکە خاک و نیشتمان ڕۆحە و هەر خاکێکیش ڕۆحێکی تایبەتی بەخۆی هەیە کە هیچیان تامی نیشتمانی خۆت نادەن .

گوناحم چییە هەی سەلامەت بیت !

هۆمەر محەمەد

١٧ی ئایاری ٢٠٢٣ -سلێمانی



هەروا رۆژێک دوای گەڕانەوەم لەقەڵا نەفرەتییەکەی نوگرەسەلمان، هەمان ئەوانەی، کە زۆر لەمێژە نەک بوختان و درۆکانیان، بەلکو کەسایەتیشیانم لەژیان و بیری خۆمدا دەرکردووە، کەچی ئەفسوس هێشتا داناسەکنێن و هیچ دەرفەتێک لەدەست نادەن بۆئەوەی بکەونەوە درۆو بوختان !

ئێستاش سەرم سوڕماوەو تیرادەمێنم و لەخۆم دەپرسم ئەم هەموو ڕقە بۆچی و بۆ واهەراسان بوون..؟ ئەوەندە دەزانم بەهانەکەیان ئەوەیە، کە ناوم لە یاداشتێکدا هاتووە کەئاراستەی وەزارەتی دادی عێراقی کراوەو لەو یاداشتەدا داواکراوە کە قەڵاکەی نوگرەسەلمان نەکرێتەوە بەسەربازگە بەڵکو ببێتە مۆزەخانەیەکی نیشتمانی عێراقی.. بەڵام نازانم بۆ وا لێکدراوەتەوە گوایە (من دەستدرێژیم کردووەتە سەرمافی ئەوان و سواری ملی بیرۆکەی ئەوان بووم !!)

ئای کەخەمبارو نیگەرانم بەوەی مرۆڤی کورد لە دوای تاوانە گەورەکانی هەڵەبجەو ئەنفال وشەنگال هەر ئەوەندە بێت ؟! ئەوەندە کۆڵەوارو بەستەزمان بێت. خەون وداواکانی ئەوەندە گچکەبن و خۆشی بەڕێیەرو ڕوناکبیرو خاوەن تەکبیر بزانێت.!

هەربەراستی ئەوجۆرە مرۆڤانە نەگبەتن، ئاخر ئەگەر نەگبەت نەبن بۆدەبێت دژی من و نەنفالستان و ئەم پرۆژەیە بووەستنەوە؟! بۆدەبێت بوونی من بۆتۆ مەترسی بێت ؟

باشە ئەگەر مرۆڤ بیری هەبێت ئاوا خراپ بیردەکاتەوە؟ مرۆڤی بێ بیرو بێ بەرهەم بۆ خۆی جێگە و ڕێگەی چییە هەتا بیرۆکەی هەبێ و خەڵک سواری باڵی خەیاڵی بێت ؟ !

جابابزانین گونحەکەی من چییە؟ بابزانین چۆن بیرۆکەی ئەومان بردووە؟ هەموو دزییەکەی من ئەوەندەیە تەلەفۆنێکم بۆهات و داوای کرد ناوت بخەینە سەر یاداشتێک بۆ وەزارەتی داد بۆئەوەی نوگرەسەلمان نەکرێتەوە بەسەربازگە و لەبری ئەوە بکرێتە موزەخانەی نیشتمانی ؟ بێگومان هەر دەبێت بڵێم بەڵێ ؟! ئیتر ناوی کێ تری تێدایەو کێی تێدانییە من چ گوناحێکم هەیە؟ هەمان ئەوکەسەی تەلەفۆنی بۆمن کردووە بۆتۆی نەکردووە گوناحی من چییە؟

دەی مادام دەزانن بیرۆکە خاوەندارێتی هەیە بۆچی لەهەموو شوێنێک بیرۆکەکانی من دەدزن و دەچن سوالّی پێدەکەن و لەدەزگا میدیاییەکان خۆتانی پێوە بادەدەن و ناوی خاوەنەکەشی ناهێنن ؟

ئەوە من بووم دەستەواژەی کارەسات و پاشماوەی ئەنفالم کرد بەعەیبەو لەئەنفالستاندا فلتەرم کرد بەڵام ئەوە ئێوەن لەشاشەو ستودیۆکاندا خۆتان لەپرسیاری پێشکەشکارەکان دەدزنەوەو وەڵامی ئەو پرسیارە نادەنەوە کە لێتان دەپرسێت چۆن ئەوەت بەبیرداهات ؟

بۆیە بەڵێن بەخوێنەرانی بەڕێز دەدەم نەک بەکەسی تر . هیچ پۆستێک نە لەم مۆزەخانەیەی هێشتا دانەمەزراوە و نە لەهیچ دەزگاو دامەزراوەیەکی حکومەتی عیراق وکوردستان. بایەخیان نیەونەبووەو هەرگیز نایانگۆڕمەوە بەیەک ڕۆژی کارکردنم لە گۆڤاری ئەنفالستان.

ئەنفال و زێدی من

بەختیار رەوف
٢/٦/٢٠٢٣ – گەرمیان



بەر لە تاوانی ئەنفال گوندەکەمان (تیلەکۆی بچووک) ژیان تیایدا بەخۆشی و پێکەوەیی بەردەوام بوو. من پێنجەم منالّی دایک وباوکمم، هەروا چەند مانگێک پێش پەلامارە بەربلّاوەکەی ئەنفالی گەرمیان، چاوم بەدوونیادا هەلّهێناوە، بێگومان بزەو خۆشیم خستووەتە دلّی دایک و باوکمەوە، بەلّام بەداخەوە ئاگا لەوەی ئەمە دوا منداڵ و دوا بزەو خۆشی سەرلێویان ئەبێ. هەروا دوای چەند مانگێک شالّاوی ئەنفال دەستی پێکردووەو هەموو شتێک وێرانکرد. وەک بۆم دەگێڕنەوە، پێش پەلامارەکە ئەم گوندە بچوک و خنجیلانەی ئێمە،(٩) خێزانی تێدا ژیاوەو کەهەموویان برای یەکتری بوون، کە دەبنە مامەی باوکم

لە تاوانی ئەنفالدا هەر ٩ خانەوادەکە بەرئەنفالکەوتن. هەموو کەسوکار بەرەی ئەو نۆبرایە بەر پەلاماری ئەنفال کەوتین، تاک و تەرامان نەبێ کەسیان رزگاریان نەبوو. ئەوانەش رزگاربوون یان لەجێگەو شوێنێکی تربوون. لە نەوەی ئەو ٩برایە ٧٢ کەسی بێ تاوان گیران و ڕەوانەی کەمپەکانی گرتن و کۆکردنەوەیان کردبوون لە مللەسورە و قۆرەتوو، قادرکەرەم و چەمچەماڵ و کەمپی سەرەکی لە تۆپزاوا دوای جیاکردنەوەشیان ڕەوانەیان کردوون بۆ گرتووخانەکانی دوبزو نوگرەسەلمان. کە ترسناکترینیان ئەوەی نوگرەسەلمان بوو، لە پاڕێزگای سەماوەی خواری عێراق ودەکەوێتە بەرزاییەکی بەرانبەر قەزای سەلمان، دواهەمین قەزایە لەسەر سنوری وڵاتی سعودییە.

لەناو گیراوەکاندا ٤٤ کەسیان دوای برسیکردن و ڕەزالەتێکی زۆر بەلێبوردنی گشتی ئازادبوون، ئەندامانی خانەوادەکەی ئێمەش هەموومان لەوەدا بەربوین کە بریتی بووین لە دایک و خوشک و برا. بەڵام بەداخەوە ٢٨ ئازیزیشمان هەرگیز نەبینرانەوەو وەک هەموو ئەوانەی تر گوللەباران و زیندە بەچاڵکران. لەناویاندا باوک ئازیزمانە کە هەرگیز نەم بینی و نەبینرایەوەو ئیتر بەهۆی ئەم تاوانەگەورەیەی ئەنفالەوە لەنازو سۆزی باوکمان بێبەشکراین وهەرگیز سێبەروباوەشی باوکمان نەبینی و نەنکی ئازیزیشم یەکێکی تر بوو لەو ئازیزانەمان و سەرجەم ئازیزانمان کە هەموویان ئامۆزای باوکم بوون.

هەڵبەتە پەلامارەکانی ئەنفال تەنها خانووەکانی نەروخاندو هەر مرۆڤەکانی لەناو نەبرد، بەڵکوو سەرجەم گیاندارانیش یان کوژران یان بەتاڵانبران و وەک هەر زیندەوەرێک لەگوندەکانی کوردستان بێبەشکران لە ژیان. مەڕ و ماڵات و گاوگۆتاڵ و پەلەور بەتاڵانبران و گیاندارە کێویەکانیش یان بەکۆپتەریان بەچەکی کیمیایی کوژران. سامانی گوندنیشینەکان وەک ماڵ و ئۆتۆمبیل و ئامێری کشتوکاڵی بەتاڵان بران و خانوو ڕەز و باخ سوتێنران و تەنانەت کانیاوەکانیش کوێرکرانەوە بۆئەوەی جارێکی ترهیچ سەرچاوەیەکی ژیانی تێدا نەبێ و هیچ گیان لەبەرێک نەژیەتەوە لەو ناوچانەدا.

دوای پەلامارەکانی ئەنفال و کۆڕەو ناوچەی دژە فڕین و نیمچە سەربەخۆییەک دروست بوو بۆ گەلی کورد بەهۆی ئەو هەموو قوربانی دان و ئاوارەبونە. بۆیە هێواش هێواش گوندەکەی ئێمەش ئاوەدانکرایەوە وەک هەر گوندێکی تر و جارێکی تر ژیانی بەبەرداکرایەوە. لەبەر نەهامەتی و نەبوونی و بەدبەختی و سەختی ژیانی ئەوکاتەمان منی منالّ و کەم تەمەن کە تەنها ١٠ ساڵ تەمەنم بوەو دەساڵّ دوای تاوانی ئەنفال دەرکرام لەبەر خوێندن و لەساڵّی ١٩٩٨ بووم بە شوانکارەو بۆماوەی چەند ساڵّێک بێ بەشکرام لە خوێندن و بەو تەمەنکەمەوە بووم بەشوان و تاچەند ساڵّێک بەردەوام بووم دواترگەڕامەوە بەر خوێندن.

لەسالّی ٢٠٠٣ بەناوی ئازادی عێراق و روخاندنی رژێمی بەعسەوە، لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە بەسەرکردایەتی ئەمریکا، دیسان جەنگ هەلّگیرسایەوە. ئێمەش وەک هەر



هاونیشتمانیەکی ئەم ولّاتەو وەک هەر کوردێکی بەش مەینەت، کە پێشتر زەبری جەنگمان بەرکەوتبوو، هێندە ترساوین لە حوکمەتی بەعس لەترسی دیسان ئەنفالکردن و کیمیابارانکردنمان بە ناچاری گەڕاینەوە گوندەکەمان و ماوەیەک بە ڕەزالەتێکی زۆرەوە کە نەمانەزانی دیسان چارەنوسی ئێمەش وەک هەر کورد چی دەبێت. لە گوندەکەمان ماینەوە دوای ماوەیەک کە بارودۆخی ئاسایشی عێراق و کوردستان کەمێک باش بوو، دیسانەوە گەڕاینەوە ناو شارەکان و لەگوندەکەم دوورکەوتمەوە. دوای ٢٠ ساڵ دوێنێ گەڕامەوە گوندەکەمان هەمان ئەو شوێنەی چاوم تیایدا هەلّهێنابوو، جیاوازی ئەمجارە لە جارەکانی تر، ئەوە بوو نە بۆ شوانکاری بوو نە ترس بوو لەمەرگ، دوای تەواوکردنی سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن و بۆ وەرزی دورینەوەی دەغڵودانی مامۆستا ڕێبواری برام و هەردوو برازا ئازیزەکانمان.

دەبێت ئەوەش باس بکەم ساڵی ١٩٩٨ کە گەڕامەوە بۆ خوێندن دوای چەندساڵێکیش هێشتا هەر ترسی ئەوەم هەبوو کە نەتوانم جارێکی تر بچمەوە بەرخوێندن و ئەو کەمە خوێندنەش کە هەمبوو لەبیرم بچێتەوە بەهۆی ئیشوکارو بەدبەختیەوە. بەڵام سوپاس بۆ خوای گەورەو دایکی ئازیزمان کە پاڵەوان و کۆڵەکەو قەڵای پشتمان بوو، خوێندمان تەواوکردو بەیەکێک لە کتێبە بەنرخەکانی م.هۆمەر محەمەدەوە گەڕامەوە گوند کە باس لەپەلامارەکانی ئەنفال دەکات. هەڵبەتە مێژوی ژیانی ئێمەی نەوەی ئەنفال بەچەندقات زیاتر لەهەمووان پڕپەتی لە هەوراز و نشێو نەهامەتی و هەژاری، ئێستاش جاش و ئەنفالچی و نەوەکانیان لە کوردستاندا خاوەن بڕیار و پلەو پۆستن، بۆیە هەر ڕۆژەوە کەس و لایەن و پەرلەمانتارێکی نەتەوەی عەرەب ئەم قەوارەیە ئەخاتە مەترسیەوە کە بەرهەمی خوێن و قوربانیدانی ئێمەو ئازیزەکانمانە...

ڤۆتۆ : بەختیار ڕەوف گوندی تیلەکۆی بچوک

چالاکیەکان و سەرەنجەکان

ئەم ساڵ لەچوار دیبەیت و سێمناردا بەشداربووم، باسێکیانم لەدوو دیبەیتدا پێشکەش کرد بەڵام هەندێک ساڵیدم زیادو کەم کردبوون، دڵخۆش بووم بەوەی لە هەموویاندا جێگەی پێشوازی ئامادەبوان بوون.. لەناویاندا ئەوەی کە بۆخۆم پێی قایل نەبووم ئەو دیدارەیان بوو کە حکومەت ئامادەکاریی بۆکردبوو! رەنگەکەس ئەو پرسیارەم لێ نەکات و بڵێت بۆچی ؟ چونکە هەموو دەزانن هەرچی حکومەت بیکات فاشلەو هۆکارەکانیشی ڕوونن .

سیمناری یەکەم :

لەژێر ناوی دیداری ئەنفال و ئاسۆکانی (ڕۆشنبیری و هونەر) لە ناساندنیدا لە سەرۆکایەتی (زانکۆی چەرموو) ڕێکەوتی ١٢ی نیسانی ٢٠٢٣ کە بەڕێوبەرێتی مۆنۆمێنتی ئەنفال و زانکۆی ناوبراو ئامادەکارییان بۆکردبوو. ناونیشانی باسەکەم (تاوانی ئەنفال و کارەساتی تایتانیک، ڕۆڵی سینەما لە ناسینیاندا).

سەرباری ئەوەی بەهۆی باران بارینێکی زۆرەوە، دۆخێکی خراپ و دڵەڕاوکێ لەئارادا بوو، بەهۆیەوە زانکۆی چەرموو کردبووی بەپشوو، بەڵام چالاکییەکەکرا. گرفتم ئەوەبوو کەوا باسەکەم بۆ مودوئاستی خوێندکارانی زانکۆ ئامادە کردبوو، بەڵام کەمترین خوێندکاری زانکۆو زۆرترین خەڵکی دەرەوە و کەسوکاری ئەنفالکراوان ئامادە بوون ..کەچی بەوحاڵەشەوە پێشوازییەکی گەرم لە باسەکەم کراو زۆرترین پرسیاریش دەربارەی باسەکانی ئێمە (دکتۆر دڵشاد مستەفاو ئەوەی من) بوو، ئەمەش ئاماژەیە بۆ خواستی ئامادەبوو باسەکانی ئێمە دەربارەی گرنگی هونەری سینەما بوو ! ئەمە بۆمن زۆر گرنگ و بایەخداربوو. بەدڵنیایی بۆ د. دڵشادیش هەروابووە.

بەڕێوەبەر و پێشکەشکارانی سیمنارەکە بریتی بوون لە :

1- د. ژوان عوسمان ـ بەڕێوەبەری پانێڵ.

2- خەبات عەبدوڵڵا ـ پێشکەشکار، ناونیشانی باس: جینۆسایدی کورد لە نێوان ناساندن و بە نێودەوڵەتیکرندا.

3- پ. ی. د. دڵشاد مستەفا ـ پێشکەشکار، ناونیشانی باس: سینەما و جینۆساید.

4- عومەر محەمەد پێشکەشکار، ناونیشانی باس:ئەنفال و تایتانیک، ڕۆڵی سینەما لەنێوان تاوانی ئەنفال و کارەساتی تایتانیک.

5- عەدالەت عەبدوڵڵا ـ پێشکەشکار، ناونیشانی باس: تاوانی ئەنفال و جینۆساید، هەڵوێستی ڕۆشنبیرانی عەرەب.

سیمناری دووەم :

دیداری جێنۆسایدی ڕۆژی ١٥ی نیسانی ٢٠٢٣ وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان سازیاندابوو، لەراستیدا بەشداربوونم لەو دیدارەدا هیچ دڵخۆشی نەکردم. چونکە کارەکەی وەزارەت هێندە لاوازبوو لە ئاستی هیچ کام لەو چالاکیانەدا نەبوو. ئەگەرچی دڵنیام پارەیەکی زۆریان خەرج کردبوو، بەڵام ئەفسوس سەرکەوتوو نەبوو، تاکە دیدارو دیبەیت یاخود کۆنگرەو کۆنفرانس کە هەتا ئێستا دیبێتم ئەوەی ئەو ڕۆژە بوو کە بواری گفتوگۆی تێدا نەبێ ! هەر بەراستی ئەمە داهێنانە.. لەدواکەوتندا.

سەیر وسەمەرە لە دیبەیتی یەکەمدابوو ناو نیشانی قەبەیان بۆ خەڵک داتاشی بوو، کاتێکی زۆریشیان بۆ دانابوون لەچاو دیبەیتەکانی ترکاتیان زیاتربوو، بێئەوەی هۆکارەکەی ڕونبکەنەوە ئاخۆ بۆچی کاتی ئەوان زیاترە !؟ بەڕاشکاوی دەیڵێم دەزانم دڵگرانبوونی خەڵکانێکی بەدوادادێت، بەڵام من دەربارەی ئەنفال ڕەحم بەخۆشم ناکەم و باکەسیش ڕەحمم پێنەکاو ڕەخنەی ڕێزدارانە دەگرم بائەوانیش ڕەخنەی خۆیانم لێبگرن..

سەرنجەکانم دەربارەی دیدارەکە .

دیدارێک بۆ ئەنفال بێت و وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان ئامادەکاری بێت، بۆ لەو ئاستە هەژارەدابێت ؟ کۆنفرانس ودیداری ئەمڕۆ بەبێ تەکنیکی پێشکەوتوو دەنگ و ڕەنگ و نیشاندان عەیبە، بەڕێوبردنی پانێڵ و کۆنفرانس بەلۆژیکی مەلاو گوێگر، زیاتر لە کەشی ناو مزگەوت دەچێت نەک دیداری ئەکادیمی! لەمزگەوت مەلا قسە دەکاو کەس ڕێگەپێدراونییە بڵێت باشت وت یان خراپ. دیبەیتی یەکەم ئەوەی وترا هەر ئەو قسانەبوون کە لە ساڵی ١٩٩١ هەوە دەوترێن و هیچیان لێ شین نەبووەو ٣٥ ساڵی تریش هیچی لێ شێن نابێت.. سوێندم لە قسەکانی د.محەمەد ئیحسان نەکەوتبێ کە قسەی گرنگی

کرد. ئەوانەی تر هەمووی زیادە بوون، د. محمەد بەراوردێکی جوانی دەربارەی ئێمەو ئەوان کرد وتی : (کار بۆ جینۆساید بەمعاش و کارمەندی حکومەت ناکرێت ئەم دۆسیێیە ئاوا ناچێتە پێشێ.. ئەوە کاری دەزگای تایبەتمەندو خەڵکی دڵسۆزو خۆبەخشە) من ئەوەشی دەخەمە سەرکە دڵسۆزەکانیش نابێت نەزان بن، بەڵکو دەبێت وریاو چاوکراوەبن و بڕوایەکی قوڵیان بەمافی مرۆڤ هەبێت. چونکە ئێستا یەکێک لەگرفتەکانی بەردەم کورد مرۆڤی دڵسۆزو بێ مەعریفەیە..!

بۆ وەزارەتی شەهیدان و حکومەت واباشترو بۆخۆشی جوانترە، دەرفەت بداتە چالاکەکانی ئەو بوارە ئەوان لەهەموو کەس زیاتر مافی بەشداری کردن و قسەکردنیان هەیە، یەکێک لەکەموکوڕییەکانی ئەو دیدارە بەشداری پێنەکردنی ئەو چالاکانە بوو، ئاخر ئەمە چ حیکمەتێکی تێدایە تۆ کاتێکی زیاتر بدەیتە بیانییەک لەدوری هەزاران کیلۆمەترەوە بێت و قسە بۆچالاک وانەکان و کەسوکاری قوربانیەکان بکات ؟! راست ئەوەیە ئەوان بێن گوێ لەچالاکەکانی کورد و قوربانیەکان بگرن و ئەو بەڵگانە ببینن کە دەیخەنە روو ! ئەم خۆبەکەم زانییەی کورد دەردێکەو پیاوانی دەسەڵاتدارو خاوەن پۆست وپایە بۆخەڵکیان هێناوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە چونکە خۆیان هیچیان پێ نییە وادەزانن ئەوەی ریشی سوربوو هەمزاغایەو ئەوەی چاوی شین و قژی زەرد بوو پرۆفیشنالەو لەخۆمان بەتواناترە !

سەیربوو ! پرۆفایلی هیچ بەشداربوویەک نەخرایە روو ! هەر لەسەرەتاوە کە داوای داتاشۆم کرد ئینکاری ئەوەیان دەکرد بۆم ئامادە بکەن ! دواتریش بەجۆرێک ئامادەیان کرد نەمتوانی زۆربەی سلایدەکانم نیشانبدەم کە هەمووی بەتایبەت هەڵمبژاردبوون. کەچی ماوەی قسەکردن و نیشاندان بۆئێمە (پانێڵی دووەم) تەنها دەخولەک بوو ئەویش بەگرفتی تەکنیکییەوە.. ئەگەرچی لەوماوەکەمەشدا ئامادەبوانی ناوهۆڵەکە پێشوازییەکی باشیان لێکردین.. بۆمنیش هەرئەوە گرنگ بوو ئامادەبوان و کەسوکاری قوربانیەکان لێم تێگەیشتبن و جێگەی رەزامەندیان بووبێت دەنا بۆمن خاوەن پلەوپۆستەکان زۆر گرنگ نەبوون.

سمیناری سیهەم :

لەلایەن رێکخراوی ئازادبوون و وەشانخانەی غەزەلنووسەوە رێکخرابوو، لە سالۆوەگەری شالاوی ئەنفالدا و دژی فەرامۆشی، لە هۆڵی سینەما سالم. رۆژی شەممە ١٥ی نیسانی ٢٠٢٣ ئەنجامدرا.

چالاکییەکە بریتی بوو لە پێشکەشکردنی سێ بابەت. یەکێکیان ئەوەی من بوو بەناونیشانی (ئەنفالی گەرمیان سیاسەتێک و دوو ئامانج) بەشداران و هاوکارانم بەرێزان د. مەنسوور تەیفوری: «ئەنفال وەک پارادایمی دەسەڵاتداریتی»، هێمن عەبدوڵڵا : «وێنە نەبینراوەکانی ئەنفال».

لەوچالاکیەدا بەلای کەمەوە هۆڵەکە نیوەی پڕبوو، بەدڵنیایی زۆر زیاتریش بوون لە ئامادەبوانی دیدارەکەی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفاکراون، بەگشتی گوێگری جدی و هێمن بوون و دواتریش گفتوگۆیەکی باشی تێدکرا.

سیمناری چوارەم

چوارشەممە رۆژی ١٩ی نیسان بەناونیشانی زەمەنی بەعس و زمانی بەڵگەنامەکان سیمنارەکە بەتایبەتی بۆمن رێکخرابوو، لەوێشدا خوێندکاران و ئامادەبوان دانیشتوانێکی گوێگرو هێمن بوون، جێگەی دڵخۆشیم بوو کەپرسیاری گرنگیان ئاراستەکردم و گفتوگۆیەک سازبوو. ئەوەی بۆمن گرنگ بوو فیتباکی خوێندکاران و دکتۆرو مامۆستاکان و رەزامەندی و توانای تێگەیشتن و گوێگرتینیان بوو.

هەرچەندە نازانم و ناشمەوێ بزانم کە دیدارەکەی وەزارەت چەندێک خەرجی بردووە، بەڵام دڵنیام بەهەرسێک چالاکیەکەی تر بەقەد خەرجی دوو میوانی دەرەوەی هەولێر نەبووە .. ئامانجیشم لەم بەراوردە ئەوەیە کەمەرج نییە بۆچالاکیەکی باش پارەیەکی زۆر خەرج بکەیت، بەڵکومەرجە بزانیت چی گرنگەو باسی چی دەکەیت و ئامانجت لەوتن و ئەنجامدانی چالاکیەکە چییە ؟

ئۆخەی ئۆخەی هەرکەس بۆخۆی

محەمەد حەمەسالّح تۆفیق

وەک پالّپشتییەک بۆ ڕا و سەرنجی ئەو برادەرانەی کە



لەسەر چوونی، وەک دەگوترێت، هەژدە کەس لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێم، بۆ بەشداربوون لە کۆنفرانسی ڕێکخراوی لێکۆڵەرانی نێودەوڵەتیی یان جیهانیی جینۆسایدIAGS)International Association of Genocide Scholars)، کە هەر دوو ساڵ جارێک لە وڵاتێک دەبەستێرێت، بە هەمانگیی لەگەڵ زانکۆیەکی سەنگین و ناوداری ئەو وڵاتە و ئەو شارەی کۆنفرانسەکەی ئەو ڕێکخراوەی تێدا دەبەستێرێت .زۆر جار وادێتە پێشەوە کەسێک یان زیاتری تیمی ئەو وڵاتەی کە بەشدارە لەو کۆنفرانسەدا و تەواوی بەشدارانیش دەبێ ئەندامی ڕێکخراوەکە بن و ساڵانەش بڕە پارەیەکی دیاریکراو بدەنە ڕێکخراوەکە لەبری ئەندامبوونیان و هەر کەسێکیش ساڵانە ئەو بڕە پارەیە نەدات ئەوە ئەندامێتییەکەی نوێ ناکرێتەوە و هەڵدەپەسێردێت و مافی بەشداری نابێت لە کۆنفرانسەکانی ئەو ڕێکخراوە ناحکوومییەدا، کە پێشتر ساڵانە بوو بەڵام لە دوای کۆنفرانسەکەی ساڵی ٢٠١٥یەوە کە لە شاری یەریڤانی ئەرمینیا بەسترا و بەندەشی تێدا بەشدار بووم، ئیتر بووە بە دوو ساڵ جارێک.

ئەگەر هەڵە نەبم هیچ حکوومەتێک لە جیهاندا لەم کۆنفرانسانە نە وەک تاک و نە وەک تیم بەشدار نابێت، مەگەر لە دەسپێکی کردنەوەیدا نەبێت کە بەرپرسێکی حکوومەتی ئەو وڵاتە وتەیەک پێشکەش دەکات و ئەمەش دەگمەنە و لە کۆنفرانسەکەی ساڵی ٢٠١٥ی ئەرمینیادا سەرکۆماری ئەو وڵاتە وتەیەکی بەخێرهاتنی پێشکەش کرد.بەدەر لەوە بەشداران پسپۆڕ و لێکۆڵەرانی زانکۆکانی جیهانن یان کەسانی شارەزا یان چالاکی بواریکی جینۆسایدی گەلەکەیانن، چ وەک تاک یان ئەندامی ڕێکخراوێکی ناحکوومیی کۆمەڵگەی مەدەنیی چالاک لە بواری جینۆسایدی وڵاتەکانیاندا بن و ئەویش بە مەرجێ پابەندی یاسا و ڕێسای ئەندامێتیی ئەو ڕێکخراوە بووبێتن .ئەوی ئێمە ئاگاداری بین بەشداریی لەم کۆنفرانسانەدا لەسەر ئەرک و مەسرەفی تاکەکەس خۆیەتی، یان ئەو زانکۆیەی وەک تۆێژەرێکی خاوەن پەیپەریان لێکۆڵینەوەیەکی بواریکی جینۆساید دەتنێرێت. بۆ پەسەندکردن یان نەکردنی تۆێژینەوەکانی ئەو کۆنفرانسەش دەبێ بەلای کەمەوە شەش مانگ پێش بەستنی، باسەکەی یان پوختەکەی ناردبێت بۆ دەستەیەکی هەڵسەنگاندنی تایبەتی ڕێکخراوەکە و ئەگەر وەڵامی پەسەندیت بۆ هاتەوە ئەو کاتە دەتوانیت لە پانێلێکدا پێشکەشی بکەیت، کە بە پێی خشتەی کارەکانی کۆنفرانسەکە دیاری دەکرێت و پێشتر ئاگادار کراویت. من لەگەڵ گرووپە خەڵکێکی پەیوەندیدار بە جینۆسایدی کوردەوە، چ وەک تۆێژەر یان چالاکوانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی بواری جینۆساید، سێ جار بەشداریم لەو جۆرە کۆنفرانسانەدا کردووەو لەسەر ئەرکی خۆشمان و تەنها بە بانگهێشتی فەرمیی ئەو کۆنفرانسانە و ڕێکخراوی IAGS قیزەمان وەرگرتووە و نە تاک و تیمی هیچ حکوومەتێکم نەدیوە بەشدار بووبێت. لە هەر سێ

کۆنفرانسەکەشدا بە پەیپەڕێکی توێژینەوەی جینۆساید بەشدار بووم. پێویستە ئەوەش بگوترێ کە زمانی قسەکردن و موناقەشە لە پانێڵەکانی ئەم کۆنفرانسانە تەنها ئینگلیزییە و هیچ زمانێکی تر نییە و خزمەتگوزاریی وەرگێڕانیشیان تێدا نییە و وەک نەریت هەر لە سەرەتای مانگی تەمووزیشدا دەبەسترێن. وەک بیرهێنانەوەیەک ئێمەی گرووپێک توێژەر و چالاکوانی کوردی بواری جینۆساید لە تەمووزی ٢٠١٤دا بەشداری کۆنفرانسی ئەم ڕێکخراوە بووین کە لەشاری وینیپیگی کەنەدا بە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆی مانیتۆبادا بەسترا، کەوا لە سەدەی ١٨ و ١٩ و بەشێکی ٢٠یشدا گەورەترین پرۆسەی جینۆسایدی خەڵکە ڕەسەنەکەی تێدا بەڕێوەچووە، ئەوانەی کە پێیان دەگوترێ هندییە سوورەکان، لەسەر دەستی سپیپێستە ئەوروپییە کۆڵۆنیایستەکاندا و وەک نەریت ڕێکخراوی توێژەرانی جیهانیی جینۆساید لەو وڵات و هەرێمانەدا دەبەستێت کە جینۆسایدیان تێدا ئەنجام دراوە. لێرە پەیپەرە باسەکەی بەندە بە ناوی ئەنفال وەک جینۆسایدی کورد Anfal as Kurdish Genocideبوو، کە لە پانێڵی پێشکەش کرنیدا و لە ئەنجامی لۆبیکردنی برادەرە دڵسۆز و چالاکەنماندا لە جیاتی بیست خولەک زیاد لە سەعاتێکیان بۆ تەرخان کردین کە موناقەشە و پرسیارێکی زۆری بەرپاکرد و خەڵکێکی زۆریش، بەتایبەتی ئەرمەن و جوو تێیدا بەشدار بوون و سەدا و کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو. هەروەها خانمێکی کوردی دانیشتووی کەنەداش بە ناوی گوڵستان ئەبوزەید باسێکی بەپێزی لەسەر جینۆسایدی کورد پێشکەش کرد. خۆش ئەوەیە کە هاتینەوە هیچ لایەک بەم وەزارەتەی شەهیدان و ئەنفالیشەوە نەپرسی ئەرێ براڵە چیتان کرد و مەسەلەی جینۆسایدی کوردتتان گەیاندە کوێ!! من خۆشحاڵم ئەمسااڵ بۆ کۆنفرانسی ڕێکخراوەکە لە بەرشەلۆنەی ئیسپانیا و زێدی خەڵکی بەشخوراوی کەتەلۆنیا ئەم تیمە گەورەیەی وەزارەتە پەیوەندیدارەکەی حکوومەتی هەرێم بەجینۆسایدەوە بەشدارن و بەپێچەوانەی نەریتی ئەم ڕێکخراوە کە پێشتر نەدەبوو کەسانی سەربە هیچ حکوومەتێکی تێدا بووایە و دیارە لایەکی خێر لە کورد کراوەتەوە و بەهیوام ئاقیبەتی خێر بێت.

بێگومان تەواوی خەرج و مەسرەفیشیان بەزیادەوە لە سەر وەزارەتە. من دڵنیام ئەم تیمە چەند کەسێکی کەم شایستە و پسپۆڕی پرسی جینۆسایدیان تێدایە و سوود دەگەیەنن، بەڵام ئاخۆ بەدەر لەو چەند کەسە کەمە کە بەهیوام شەش مانگ لەمەوپێش باس و بابەتەکانیان ناردبێت و پەسەند کرابن بۆ پانێڵەکانی کۆنفرانسەکە و شتێک لە مەزڵوومییەتی کورد بدەن بە گوێی دنیادا. بۆ زۆرێکیشیان مەسەلەکە هەر سەفەر گەشتی کات بەسەربردنی ئەوروپا نەبێت لە دوای پێنج ڕۆژی کۆنفرانسەکەوە! باشە ئاخر ئەم وەزارەتە نەپرسی کەوا بێجگە لەکارمەندانی خۆی خەڵکانێکی تری توێژەر و ماندووی ئەم بوارە هەن و بە کردەوە خۆیان سەلماندووە؟ بەڵام لەبەر خەرجی سەفەر نەیانتوانیوە بەشداربن. توێژەرێکی مامۆستای یەکێک لە زانکۆکانی کوردستانیش کە خاوەنی کتێبێکی ئاست بەرزە لە سەر جینۆسایدی کورد بە زمانی ئینگلیزی و بەربژێریشە بۆ یەکێک ئۆرگانە باڵاکانی ئەم ڕێکخراوەی IAGSو دەبوو وەزارەت و هەموو کوردیش پشتگیریی بکردایە، کەچی بەداخەوە ئەم وەزارەتە وادیارە تەنها پەیڕەوی پەندە کوردییەکەی کردبێت: پاروو لە دەم بکەوێتە خوارەوە بۆ کۆش باشە!

ژێوان بەدیار کێڵی شەهیدەکانەوە

وێنەکە زۆراب مەدحەت بەرانبەر بە(تابلۆیەک - کێلێک)، کە ناوی هەموو خانەوادە شەهید و ئەنفالکراوەکەی لەسەر نوسراوە.

ئەم خانەوادەیە جگەلە کاک زۆراب مەدحەت ئەوانی تر هەموویان یان شەهیدی سەنگەرن یان ئەنفالکراون. تاقانە دەربازبووی ئەو خانەوادەیە تەنها کاک زۆرابە . هیوای تەمەندرێژی بۆ دەخوازین. تێڕامێنە ئەگەر هەموو خانەوادەیەک بە ئەرکی خۆی هەستێت چ کارێکی باش دەبێت، ئاوا لەسەر تابلۆیەک (جا پلێت یان بەرد) ناوی هەموو شەهیدو ئەنفالکراوەکانی خێزانەکەی خۆی لەسەر بنوسێت .. ئەمە کارێکی فرە جوان و بەسودە بۆیادەوەری و ڕێزگرتنە لەگیان بەختکردوانیش.

ئێ خۆ ئەوە ئەرکە وکارێکی هێندە قورس نییە، هەموو کەس دەتوانێت بە تێچوویەکی کەم ناوی شەهیدو ئەنفالکراوانی خۆی بنوسێ و لە نزیک دەرگای دەرەوەی ماڵەکەیان دای بنێت ..یاخود وەک ئەم کارەی کاک زۆراب لە مەزاری ئەنفالکراوان یان گۆرستانی گوندەکەی دای بنێت، بۆئەوەی هەمیشە ناویان لەبەرچاوان و لەیادەوەریماندا بمێنن. خۆزگە ناوەکان بەکوردی دەنوسران چونکە زمان گرنگترین ناسنامەی کوردبوونە.

وەسێتی حاجی مەدحەتی گوندی ئۆمەربل

لە سالیادی شەهید بونی کورەکەیاندا (وەلی حاجی مدحت) مەلبەندی ڕێکخستنی حەمرین ئەم ریزلێنانێکیان بیشکەشی بنەمالەکەیان کردووە.. ڕێزلێنانەکەش وەنەبێت جگەلە پارچە کانزایەک یان شوشەیەک و هەندێکجاریش کاغەزێک زیاتر نییە، گرانترین جۆری ئەو ڕێزلێنانانە ٥٠٠٠٠ پنجا هەزاردیناری تێناچێت ئیتر ئەمە نەپلەی وەزیفی پێبەرزدەبێتەوەو نەلەگەل بەخشینیشیدا بەرپارەیەکی تێدایە نەک خانەوادەیەک بگرە تاکەکەسێکیش لە قەیرانێک رزگاربکات.


لەگەڵ بڵاوکردنەوەی خەڵاتەکەی مەلبەندی حەمریندا زۆرابی حاجی مدحت دوای سوپاسکردنیان چیرۆکێکی ئامۆژگاری ئامێز دەگێڕێتەوەو دەڵێت : زور سوباسیان دەکەم. حەز دەکەم بۆ مێژوو باسی ئامۆژگارییەکی باوکم بکەم لەدوای شەڕە گەورەکەی ئومەربل مالمان لە جوارشاخ بوو مەغریب بوو هەموو خێزانەکەمان کۆببووینەوە. تەنها باوکم لە دەرەوەبوو، بەڵام کە هاتەوە دەستی بەرزکردەوەو وتی: حەمدوسەنا بۆ خوا، کە هەرهەموو منالّەکانم سەلامەتن



ئینجا تکای لێمانکرد وتی : کوڕەکانم بۆ خاتری خوا کە ئەمجارە شەر لەمەنتیقەکە رویدا، دووانتان بچنە ناو شەڕەکەوە نەک چوارتان، نەکو خوانە خواستە چوار جەنازەم بەیەکەوە بۆبێتەوە! وەلی برامان وتی باوەگیان من فیدایی کوردم، جەمالیش قسەکانی وەلی دوپات کردەوەو وتی: منیش فیدایم بۆکورد باوکمیش وتی: وەلی و جەمال هەربۆکورد، کەی وەلی و جمال شەهید بوون با جمعەو ڕۆستم جێگایان بگرنەوە، سەدان خێزانی کورد هەیە ئاوا خەباتیان کردووە.. هەزاران ئاخ بۆ دەرئەنجامەکەی .. ئەوەش بەربوومەکەیەتی

نوگرەســـەلمـان کتێبێکی قەوارە ناوەندییە ڕۆژی ٤/٧/٢٠٢٣ لە چاپ دەرچوو. کتێبەکە لەمیـانەی ٣١٢ لاپەرەدا و لەبەرگ ودیـزانـێـکـی جواندا کەوتە بەردیدەی خوێنەران.
نوگرەســەلمان بەری ڕەنجی هاوڕێم (ســمکۆ ســابیر شــەریفە) و لەســەر ئەرکی بەڕێز کاک (تەحســین قادر عەلی) لە چاپـدراوەو هۆمەر محەمەد پێشەکی بۆ نوسیوە.
نـاوەرۆکی کتێبەکە بریتیە لەســێ بەش.
بەشی یەکەم:
باســـی قەڵای نوگرەســـەلمان و میژووی دروســتکردنی و شـیوازی دروســتکردنی و ئەو یادەوەریانەی لەســـەر دیوارەکـانی قەڵا لەلایەن زیـــنـــدانەکـــان و دەستبەسەرکراوەکانەوە نوسراون و لە ساڵانی بوون بەزیندانییەوە هەتا ساڵی ١٩٨٨ .

بەشـــی دووەمی بریتیە لە دیمانەو چیرۆکی ئەوکەســـانەی ئەنفالکراون و ماوەی چەند مانگێک لەوێ دەســتبەســەر بوون و لەمیانەی دیدارەکانیان لەگەڵ نوســەر بەسەرهاتی خۆیان دەگێڕنەوە..



بەشی سێهەم:
بریتیە لەو بەڵگەو وێنانەی کەلەنوگرەسەلمان بوون و لە ژیاندا نەماون.

یادەوەری تاوانی جینۆسایدی شەنگال
ڕاستیەکی تاڵ بۆ مێژوو، چیرۆک و ئەزموونی وەرگێڕێک

لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٧ کاتێک بە مەبەستی کارکردن لەگەڵ سووپای ئەمەریکیدا گەڕابوومەوە بۆ کوردستان. شەڕی هێزی پێشمەرگە و حکومەتی فیدراڵی بە پاڵپشتی هێزی ئاسمانی و زەمینی ئەمەریکا و هاوپەیمانان گەرم بوو.

لە یەکێک لە سەردانەکانماندا بۆ هێڵەکانی بەرگری و شەڕ لە دەوروبەری تەلەعفەر، چاوومان کەوت بە هێزی بەرگپۆشراو لەژێر ناووی زێرەڤانیدا بەڵام هەموویان ئێزیدی بوون.



پاش پرسیار و گفتوگۆکردن، دیمەنێکی زۆر سەرنجڕاکێش و سەیرم بینی لە پێشەوەی تەپۆڵکە و تەلە دڕکاویەکاندا کە بۆ پاریز و خۆپاراستن چەقاندبوویان.

دەرگایەکی کورت دروستکرابوو بۆ پەرینەوە لەگەڵ سۆندە و بەلوعەیەکی ئاودا، پاشان تا چاوو بڕ بکات جل و بەرگ و عەبا و پەچەی ژن و منداڵ و کچ کە لەسەر ئەو زەویە کەوتبوون .

دیمەنێکی زۆر سەیر بوو کە وێنە و دیمەنەکانی تاوانەکانی ئەنفالیان وەبیر ئەهێنامەوە

پاش وێنەگرتنێکی زۆر بە مۆبایلەکەم وە هەم بەو کامێرایەی کە پێم بوو، پرسیارم کرد لە هۆکاری ئەو هەموو جلوبەرگە فرێدراوەی ژنان و منداڵ و کچان کە تیادا نەعل و پێڵاویشم ئەبینی.

کورده ئێزیدیەکان چیرۆکەکەیان بۆ گێڕاینەوە کە ئەو جل و بەرگانە هی ژن و منداڵ و کەسوکاری داعشەکانیان کە بە تاریکی شەودا لە لایەن داعشەکانەوە ئەهێندرێن و دەربازیان ئەکەن و پێان ئەڵێن بچنە لای کوردەکان چوونکە ئەوانە نە توشی دەست درێژی سێکسی (تەعدای جنسی) وە نە ئازار وە نە کوشتن ئەبنەوە.

زۆر سەیرم لێهات کاتێک گوێم لەو چیرۆکانە بوو کە ئەمیرەکانی داعش خێزان و منداڵەکانیان دەرباز ئەکەن لە کوشتن و لەناوبردن بەدەستی گرووپەکانی حەشدی شەعبی کە دەستیان نە ئەپاراست لە قەتڵ و عام و غەزا و بە کەنیزە گرتنی ماڵ و منداڵ و ژن و کچەکانی داعشەکان.

لە هەمووشی سەیرتر ئەوەبوو هەمان ئەو داعشانەی کە پێش سێ ساڵ لەوەو پێش زۆر درندانە و وەحشیانە هێرشیان کردبووە سەر کەسوکار و ماڵ و منداڵی ئێزیدیەکان و پاش کوشتن و ئەشکەنجە و سوتاندن و گرتنیان، بازرگانی جەستەییشیان بە کچ و ژن و منداڵەکانیانەوە کردبوو. ئەوەی خوا و ویژدان و ئەخلاق و مرۆڤایەتی بوون پێ ناخۆش و ئازار بەخش بوو بێت، ئەو وەحشیانە زۆر درندانە بە کەسوکار و خێزان و منداڵانی ئەو پێشمەرگە ئێزیدیانەیان کردبوو.

بەڵام لە بەرامبەر ئەم هەموو درندەیی و تاوانە قێزەونانەی ئەو داعشانەدا، ئێزیدیەکان نەک پەرچەکرداری خراپیان نەبوو بوو بە پێچەوانەوە ئاوو و خۆراک و شیریان بۆ خێزان و منداڵانی داعشەکان دابینکردبوو وە زۆر مرۆڤانە و کوردانە لەگەڵیاندا ئەجوڵانەوە.

لەمەش سەیرترە ئەو هەستکردن بە ئارامی و ئازاد بوونەوەی ژنان و کچانی داعشەکان بوون کاتێک کە دەگەیشتنە سەر سنورەکانی کوردستان (هەرێم)، هەستیان



بە ڕزگار بوون دەکرد لەو ترس و شـــەڕ و جەنـگ و ئەشـــکەنجانەی کە ڕوو بە ڕوویـان ئەبووەوە لە لایەن کەتیبەکانی حەشدی وەحشیەوە.

دوو گرووپی وەحشـــی و تاریک بین و درِندە و دەمار و جەســـتە پڕکراو لە بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیایی مەرگ و جەنگ و تۆڵەســەندنەوە و تێکدەر ڕوو بە ڕووی یەکتری ئەبوونەوە وە ئەوەی مرۆڤ چاوەڕێ و پێشـبینی نەدەکرد تەنانەت بە خەیاڵیش لەو بەرەی شەڕ و جەنگ و پێکدادانی ئەو گرووپە درِندانەدا.

لە هەموو ئەمـانەش گرنگتر گۆڕینی وێنەی کێشـــرا و پیشـــاندراوی ئێزیدیەکانە لە قوربانیەوە بۆ قارەمانێتی و جوامێری.

لێرەدا ســـەربازە ئەمەریکیەکان هەســـتیان بە شـــەرمێکی گەورە و پەشیمانیش دەکرد کاتێک ئەم جۆرە لە مرۆڤ و بووبی باڵایان ئەبینی کە مانا و بەهای بەرزی مرۆییان لە هەڵسوکەوت و مامەڵەیان لەگەڵ کەسوکار و خێزانی داعشە درِندەکاندا پیشان ئەدات .

من زۆر باش ئەزانم و تێئەگەم کە ئێمەی کورد لە جیهانێکی تەنرا و نەخشـــە بۆ داڕێژرا و ڕێکخراوی تەنرا و بە نادادی و زوڵم و زۆرداریدا ئەژین. مێژوەمان شایەتی زۆر ئەو نادادی و زوڵمە و تێکدانە ئەدات. وە زۆر باش ئەزانم مـامەڵە و جوڵانەوەی ئەوانی تر چۆن بووە لە گەڵمـانـدا، بەڵام ئەوەم لا گرنگ و جوانە کە ئەو هەموو ناشـرینی و نـادادی و زوڵم و زۆرداریەی کە بەرامبەرمـان کراوە، نەبوونەتە هۆکـاری گۆڕین و تێکـدانی ســـروشـــت و تایبەتمەندێتی زۆرینەمان وەک کورد.

ڕاســـتە ئێمە هەموو کـاتێـک ســـەرکەوتوو نەبووین لە بەرەکانی جەنگ و شـەڕ و ململانێکاندا، یان لەسـەر مێزی گفتوگۆ و دانوستان و ڕێکەوتننامەکاندا

بەڵام دڵنیام ئێمەی براوەی ســەرەکی و یەکەمین لە مرۆڤ بوون و ئـاشـــتی و لێبوردەیی و پێکەوەژیـانی گەلان و نەتەوە و گرووپ و خەڵکانی تردا.

گەر ڕۆژێک لە ڕۆژان کۆنفرانس و کۆبوونەوەیەکی گەلان و نەتەوەکان هەبێت بۆ پرســـی ئـاشـــتی و ئـازادی و لێبوردەی، مەلەف و مێژووی کورد پـاکترین و جوانترین وێنە و ئەرشـــیف و دۆســـیەی جیهـان دەبێـت بۆ بەرجەستەکردن و پیشاندن و نمایشکردنی.

ئەو کاتە دەبێت هەمووان هەست بە شـەرمەزاری خۆیان و ســـەربەرزی ئێمەی کورد بکەن کە ســـەرەڕای ئەو هەموو وەحشـیگەری و بێ بەهایی و پوچێتیەی کە دروسـتکرا و بڵاوکراوەتەوە، ئێمەی کورد لە هەمووان زیـاتر لە هەوڵ و تێکۆشـانی بەردەوام و هەمیشـەیدا بووین بۆ مانەوەمان و بەرگری لەبەهـا و کەلتووری لێبوردەیی و پێکەوە ژیـان و هەڵکردنە ئاشتیخوازانەدا.

ئێمە ئەمرۆکە کە لە بەردەم ٩ ســاڵی یادەوەری ئەو تاوانە گەورە و ناشـرین و قێزەونەی شـەنگالین کە بەرامبەر بە خووشک و برا کوردەکانمان کراوە، لە هەمان کاتدا وەبیر خۆمان ئەهێنینەوە کە چەندین چیرۆک و گێڕانەوەی بەرز و باڵای ڕاسـتەقینەمان هەیە کە پێمان دەڵێن ئێمە بە تەنها قوربانی و مەزڵوم نین، بەڵکو شکۆمەند و سەربەرزین کە لەناو ئەم ژیان و بوونە ناشـــرینکراوەدا، لە بەرامبەر ئەم هەموو توندوتیژی و درِندەیی و تاوانانەدا، هێشتا بە پێوە مـاوین و لە هەمووشـــی گرنگتر مرۆڤ بوونی خۆمـان لەدەست نەداوە وەک ئەوانی تر.

با من لێرەدا بوەسـتم و ڕێگە بدەم وێنەکانیش بۆ خۆیان بدوێن.







نەفرەت لە دڕۆزنی و ناشرینی و زوڵم و زۆرداری.
دروود بۆ خووشکان و برایانی ئێزیدیمان.
شەرمەزاری بۆ داعش و هاوشێوەکانیان
نەفرەت لە فاشیزم و بەعسیزم و تیرۆریزمی ئیسلامی

تێبینی: هیچ کەس و میدیا و ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنکارێک مافی بڵاوکردنەوەی ئەم وێنانەی نیە بەبێ پرس و ئاگاداری خۆمم.

کامەران کوردی
٠٣/٠٨/٢٠٣٣
ئەمەریکا

سزادانی تاوانبارانی جینۆسایدی ڕێگرەدەبێت لە دووبارەبوونەوەی تاوان.

گەشە دارا حەفید
٥ی ئابی ٢٠٢٣ – سلێمانی

فەلسەفەی یاسایی سزاو تاوان بۆتۆڵە کردنەوە نیە. بەڵکو بۆسزای تاوانباراە و ئامانج دوبارە نەبوونەوەی تاوان و چەسپاندنی ئاشتی وئاسایشە. ئێمەی کورد لە مێژە تاوانمان بەرانبەر دەکرێت، خاک و نیشتمانمان داگیرکراوە، داگیرکاران هەربەوە نەوەستاون خاکمان داگیربکەن، بەڵکو دەستیان بۆ داگیرکردنی کولتورو سرینەوەی ناسنامەو تاوانی کۆمەڵکوژی و دژە مرۆییش بردووە. یەکێک لە هۆکارەکانی بەردەوامی تاوانکارییەکان سزانەدانی تاوانبارانە.

ئەگەر بۆ مێژووی دوریش نەڕۆین هەر لە شۆرشەکانی شێخ محمودی نەمرو شێخ سەعیدی پیران و ڕاپەرینی دێرسیم ...هتد تاوانباران بەبێ سزا دەربازبوون. ڕژێمە داگیرکارەکانی عێراق سوریاو تورکیاو ئیرانیش هەر تاوانی گەورەی نێودەوڵەتیان بەرامبەر کورد ئەنجامداوەلە باشور دەوڵەتی عیراق چەندین تاوانی جینۆسایدی (فەیلیەکان. باززانیەکان. هەڵەبجەو ئەنفال)ی ئەنجامدا. هەرچەندە هەموو ئەم دۆسێیانە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بەتاوانی جینۆساید یەکلایی کرانەوە واتا هەموویان تاوانی گەورەو مەترسیداری نێودەوڵەتین. کەچی هێشتا دانیشتنەکانی ئەنفال وهەڵەبجە تەواو نەبوون سەدام بەتاوانی دوجەیل سزادراو لەسێدارەدراو ! چەند کەسێک لە دارو دەستەکەی دادگایی کران، کە هەق بوو نیزامەکە دادگایی بکرایە نەک تاکەکەس. ئەوەش ستەمێکی تری مێژوویی بوو دەرهەق بەئێمەی کوردکرا، بێگومان کەمتەرخەمی خۆشمانی تیادا بوو.

جینۆسایدی ئێزدییەکان لەمەش خراپترە چونکە تۆمەتبارانی ئەوتاوانە هەتا ئێستا وەک تۆمەتباری جینۆسایدو وتاوانەکانی تری نێودەوڵەتی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا ناکرێت بەڵکو وەک تاوان بەرانبەر تاکە کەس



بەیاسای تیرۆر لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت! ئەمە لەکاتێکدایە کەپرسی ئێزدییەکان جینۆسایدی ڕەچەڵەکێکی ئایینیە و قوربانییەکانی ئەو تاوانە وەک هەر گروپێکی ئیتنیکی دەستنیشانکراون بۆ کوشتن و سوکایەتی پێکردن. بۆیە هەرچی بەشداری ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆیە هەقە بگیرێت و بەتاوانی بەشداری کردن لەتاوانی جینۆسایدلێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت و دادگایی بکرێت. داعش تاوانی کردوە پیوییستە وەک تاک بەتاک لیپرسینەوەی لی بکری کە تاوانی بەرامبەر بە ڕەچەڵەک و پێکهاتەی ئاینی کردوە نەک تەنها وەک تاوانێک بەرامبەر تاکێک ئەنجام دراوە ئێستا ئەندامانی داعش لەسەر بنەمای تاوانی تیرۆر بەپێی یاسای تیرۆری عێراق و هەرێمی کوردستان دادگایی دەکرین یاخود بە تۆمەتی پەیوەندی بە داعش و کوشتنی بەئەنقەست.

بەم پێیە پرسی ئێزدییەکان لەم دادگایانە وەک پرسی تاک دەردەکەوێ کە تاوانی بەرامبەرکراوە نەک وەک پرسی کۆمەڵکوژی ڕەچەڵەک و پێکهاتەیەکی مرۆیی کە بەپێی پەیماننامە نێودەوڵەتیەکانی قەدەغەکردنی تاوانی جینۆسایدـ ١٩٤٨ و ڕێککەوتنامەکانی جنێف ١٩٤٩ وپرۆتۆکۆلەکانی ١٩٧٧و سیستەمی ڕۆما دەبێ پارێزراوبن. داعش بەهەموو پێوەرێک یاسای نێودەوڵەتی پێشێلکردوەو تاوانی گەورەی نێوەدەوڵەتی دژە بەئێزدییەکان ئەنجامداوە، چ کۆمەڵکوژی و چ دەستدرێژی سێکسی کۆیلەکردنی ژنان و کچان و لاقەکردن و بەزۆر سکپرکردنیان و کرین و فرۆشتن و بازرگانی پێوەکردنیان، تێکدانی ژێرخان و سەرخانی ئابوری و کۆمەڵایەتیان، هەڕەشە لە کلتورو تایبەتمەندیان لە شوێنە ئاینی و شوێنەوارە مێژوویییەکانیان .هەموویان دەچنە خانەی تاوانی دژە مرۆڤایەتییەوە. کەچی عێراق و هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش ئامادەنین

دۆســـێکەیان لەدایگایەکی دایپەروەرانەی ناوخۆیی یان نێودەوڵەتی یەکلایی بکەنەوە !

ئەگەر بەزوویی فشار دروست نەکرێت، ئەوا دۆسێکەیان لەبەین دەچێ و شایەتحاڵ و بەڵگەکانیان ون دەبن ئەوسا هێزوبەهای یاساییان نامێنێت.

ئەرکی فراکســـێۆنە کوردیەکـانە لە پەرلەمـانی عێراق پرۆژەیان بۆ ناســـاندنی دۆســـێکەیان بە تاوانی جێنۆســـاید هەبێت. بۆئەوەی دادگایەکی تایبەتمەندی بۆ دابمەزرێ و دادوەرو مافناســـی تاوانە نێودەوڵەتیەکان و پســـپۆرانی بۆ ئامادە بکەن، ئەگەر لەناوخۆش دەســـتەبەر نەبوو دەتوانرێـت لەدەرەوەی وڵات دادوەری بۆ بهێنن لەوانەی کە ئەزموونیان لەم جۆرە دادگاییکردنانەدا هەیە و بەشـــێکیشـــیان لە دادوەرانی ناوخۆ .هەروەک ئەوەی لە ســـیرالیۆن کەمبۆدیا دامەزرا بۆ ئەو تاوانانەی لە جەنگە ناوخۆییەکانیاندا ئەنجامدرا.

دەبێت کورد بەتایبەتی و عیراقییەکان بەگشـــتی تێبگەن و بزانن، کە هۆکاری سەرەکی بەردەوامی تاوانەکان لەســـەر بنەمـای نەتەوە و ئـاین ئەوەیە کە تـاوانبـارانی جێنۆســـاید ســـزانەدراون، خۆ ئەگەر چەکدارو ئەندامانی داعش لە بەرامبەر تاوانی جێنۆسایدی ئێزدیەکان، بێ سزا دەربازبن ئەوا عیراقیەکان بە کوردو عەرەبەوە بەســـوننەو شیعەوە هەمیشە لە ژێر هەڕەشەی دووبارەبوونەوەی زوڵم و ستەمکاریدا دەمێنینەوە.



ئەنفال و شۆرش و چیرۆکی حاجی حەبیب



حاجی حەبیب کەسایەتیەکی دیاری ناوچەی گەرمیانە، بەرلە پەلاماری ئەنفالی گەرمیان، دانیشتووی ئاوایی بوو لە ناوچەی داوێ، ئەو خێزانەش وەک زۆربەی گەرمیانییەکان قوربانی زۆریان داوە، حاجی حەمید دوو کوڕی لەسەنگەری بەرگریدابوون و خانەوادە و کەسوکارەکەشی لە قۆناغی سێی تاوانی ئەنفالدا لەلایەن جاش وجەیشەوە گیران و ئیترجاریکی تر چاوی پێیان نەکەوتەوە.

ئەم پیرەمێردە ٣٥ ساڵی تەواو بە ئازاری دابڕان و ئەنفالکردنی ئازیزانیەوە تلایەوەو ژیانێکی سەختی لە هەژاری و چاوەڕوانیدا گوزەراند، رۆژی ٧ی پوشپەڕی ٢٠٢٣ بەتاسەی ئازیزانیەوە کۆچی دوایی کردو لە چاوەڕوانیدا سەری نایەوە.

هاوڕێ پێشڕە لەبارەی ئەم پیاوەوە دووچیرۆکی گرنگی یاداشتکردووە، هەردوکیان بۆمن مایەی تیرامانن. چونکە نەک هەر دونیابینی ئەوسای گوندنشینەکانمان نیشان دەدات، بەڵکو وێنەیەکی ڕونی ئەو هەلومەرجەشمان نیشان دەدات، کە ئەم گوندنشینانەی تێدازیاون.

ئەویش لەزاری کەسێکی تردەوە نوسێوێتی:

کاک هیوا تاهیر بۆی گێڕامەوە:

یەکەمیان : ساڵی ١٩٨٣ بۆماوەی ٦ مانگ لەلایەن برادەرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە دەگیرێت، لەبەرئەوەی قسەی بە شۆڕش و پێشمەرگە کردوە.

کاک عومەر فەتاح لەکاتی لێکۆڵینەوەدا پێیدەڵێت: بۆ قسەت بە شۆڕش کردوە.. مام حەبیب لەوەڵامدا دەڵێت قسەم بەشۆڕش نەکردوە ڕێنمایم کردوون.. من وتوومە شۆڕش نەتوانێت خۆی بژێنێت و خۆراک و پۆشاکی لەسەرسفرەی خەڵک بێت چۆن دەتوانێت میللەت بژێنێت ؟

ئێوە خۆتان پێ وەخاوەن نەکرێت، خەڵکتان چۆن پێ بەخێو دەکرێت.. ئێوە شەڕێک ئەکەن و خۆتان ئەشارنەوە.. ئێمە هاین لەبەردەم تۆپ و تەیارەی حوکمەتداو مالّمان وێران ئەبێ و گورگان خوارد ئەوین.. قسەکەی مام حەبیب ڕاست دەرچوو هەر خەڵک گورگان خواردووبوو.

دووەم : مام حەبیب خاوەنی ڕانە مەڕێکی زۆربوو، لەسەرو بەندی ئەنفالدا لەناو ڕانەکەیدا گیسکێک دیاری دەکات بیکاتە خێر، بەڵام قۆناغی سێی تاوانی ئەنفال هەموو مەڕومالاّتەکەی بەتاڵانی دەبرێت.. دوای چەند مانگێک مام حەبیب بۆ ڕەواندنەوەی خەم و مەراقی دابڕانی ئازیزانی و بەتاڵان بردنی ڕانە مەڕەکەی.. هاتوچۆی مەیدانی ئاژەڵانی خورماتوو دەکات.. ڕۆژێک لە مەیدانەکە ئەو گیسکەی بۆ خێردای نابوو دەبینێت وا بەدەستی هاوڵاتیەکی عەرەبەوەو هێناویەتی بۆ مەیدانەکە بۆ فرۆشتن.. مام حەبیب خۆی لێ نزیک دەکاتەوەو بە کابرای عەرەب دەڵێت: بەچەند دەیفرۆشی.. کابرای عەرەب داوای (١٥٠) دیناری لێ دەکات.. مام حەبیب تەنها (٧٥) دیناری پێ دەبێت.. دەڵێت نایفرۆشی بە (٧٥) دینار.. کابرای عەرەب بەلوت بەرزیەوە دەڵێت درهەمێکی کەمبێت لە (١٥٠) دینار نایفرۆشم.. مام حەبیب جگە لە هەناسەساردی هیچی تری پێ ناکرێت و لەبەر خۆیەوە دەڵێت ڕاستە پێشینان وتویانە (مالّ لە خاوەن مالّ حەرامە) ؟

ڕەچەڵەک ناسی ئەنفال و حەڵاڵکردنی حەرام

ڕانانی: بەکر حەحمەد
ڕەچەڵەکناسی ئەنفال
پێشەکییەک بۆ ئابووری سیاسی ئیسلام
بەشێک لە نامەی دوکتۆرای مەنسوور تەیفووری
چاپخانە: مالّی سوهرەوەردی



لای فرۆید، تارماییەکی دانپیانەنراو هەیە کە دەبێ دوورەدەست بهێڵرێتەوە. " یەهوودییەت و ئیسلام هەردوو کردە دامەزرێنەرەکانی خۆیان دەچەپێنن/ بەڵام چۆن؟ وەک چیرۆکی ئیبراهیم و دوو کوڕەکەی کە لە دوو ژنی جیاوازن دەری دەخات. لە هەردوو ئاینەکەدا ، باوک ناتوانێت ببێت بە باوک ، ناتوانێ کاری باوکانەی خۆی بەجێ بهێنێت مەگەر ئەوەی ژنێکی دیکە بێتە نێوان(1) " .

دوورخستنەوەی ئەم تارماییە و چەپاندنی لای فرۆید لە یەهوودییەتدا:" ئەوەیە کە ئیبراهیم میسرییە و جوو نییە. سیمای باوکانەی دامەزرێنەر، کە وەحی دەهێنێت و لەگەڵ خوادا پەیمان دەبەستێ، دەبێ لە دەرەوە بێت." بەلام لە ئیسلامدا، چەپاندنەکە پەیوەندی بە ژنەوە هەیە. ئەمە ئەو گریمانەییە ک "سلاڤۆی ژیژک" سەبارەت بە چەپێنراوەکەی ناو ئیسلام تێزەکەی خۆی دادەڕێژێت. بۆ ئەو، "ئەم چەپێندراوەی ناو ئیسلام لە هاجەردایە، ئەو کۆیلە میسرییەی کە یەکەم کوڕی بۆ ئیبراهیم هێنا." بەلام ژیژک لە گەڕانیدا بەشوێن دۆزینەوە و ئاشکراکردنی ئەم چەپێنراوای ناو ئیسلامدا، پشت بە چیرۆکی ژنێکی دیکەش دەبەستێت کە جیگایەکی گرنگی لە مێژووی ئیسلامدا هەیە کە ئەویش خەدیجەی هاوسەری پێغەمبەرە.

ئەم گەران و دەستپێکی سەفەرە، بۆ ڕۆشنترکردنەوە و تەنانەت ڕەخنەگرتن لە گریمانەکەی "سلاڤۆی ژیژک"، دەبێتە چوارچیوە و ناوەڕۆکی نامەی دوکتۆرای بەڕێز(مەنسوور تەیفوور)ی کە بە زمانی فەرەنسی نووسراوەوە بە ناونیشانی: " ڕەچەڵەکناسی ئابووری سیاسی لە ئیسلامدا، خەلافەت و ئاوارتەکەی" کە لەبەشی فەلسەفە و لۆژیکە هاوچەرخەکانی واتا پێشکەشکراوە. ئەوەی بە کوردی لەبەردەستدایە، کورتکراوەی دوو بەشی نامەکەی بەڕێز مەنسوور تەیفوورییە بە زمانی کوردی کە لەلایەن مالّی سوهرەوەردی بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاین و ئەفسانە لە ساڵی ٢٠٢٢چاپ و بلاوکراوەتەوە.

تەیفووری لە گەڕانیدا بە شوین تاڵەداوەکانی ئەم حەکایەتەدا کە لە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی ئایین خۆیەوە باسکراون، لەگەڵ ئەو جێگاو ڕۆلە گرنگەی کە خەدیجە لە ئیسلامدا دەبوایە شوێنی هەبوایە، لە گێڕانەوەکانی سەربووردەنووساندا دەبینێ کە ژن شوێنێکی دیکە داگیردەکات و لە کۆتایشدا ئەو، واتا ژن، دەکریت بە غەنیمەت. بۆیە ئیدی پرسیار لەسەر ئەوە نییە کە بۆچی جیگای ژن هێندە دەهێنرێتە خوار، بەلکو چی وادەکات مرۆڤ ببێت بە مولّک و دارایی؟ بۆئەم مەبەستەش، هەستدەکرێت پرسیار و وەلامەکان سەبارەت بەم جێگاو وڕیگایەی ژن لەوە دەکەوێت لە کایەی دەروونشیکاریدا بمێنێتەوە، بەلکو ڕووبەری ئابووری دەبێتە شانۆی گەران بەشوێن ئەم پرسیارەدا .

ئا لێرەوەیە کە تەیفووری: چاوتیژانە و بە توانایەکی ئەکادیمی بالّاوە، بە گەڕانێکی ووردی نێوان لێکۆڵینەوە تازەکانی بیرمەندان و فەیلەسوفانی کۆن و تازەوە دەکەوێتە شوێن پرسیاری:"لە دڵی کام کردەی دامەزرێنەر/ چەپێنراوەوە ژن دەکریت بە بەشێک لە غەنیمەت؟ شوێن و پێوەندی ئابووری و حاکم لەم ئاینە نوێدا چییە؟ ". ئەمە ئەو گەرانە سیحرئامێزەیە کە خوێنەر لە دوو تویی ئەم کتیبە 231 لاپەرەییەدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە. بەڵام

ئەوە تەنها پرسیاری بە غەنیمەتبونی ژن نییە کە لە نێو دێرەکانی ئەم کتێبەوە دەبێتە پرسیاری سەرەکی، بەلکو پرسی ئەنفال، یان بە غەنیمەتکردنی ئینسان و ئەو چرکە میژوویەی کە تیایدا خواوەند مەملەکەتی حەرامەکان دەخاتە سنورەکانی حەلالەوە و دیدێکی بنەرەتی نوێ لە دیدگای ئاینە تازەکەدا دروستدەکات کە پێچەوانەی تێروانینی ئاینەکانی پیش خۆیەتی لە پەیوەند بە تێروانین بۆ چەمکی ئەنفالەوە .

شەری بەدر وەک ویستگەی یەکەم

ئەم دیمەنە دەبێ بگێردرێتەوە، بۆ ئەوەی وێنەکە باشتر ببینرێت." ئومەییەی بە تەمەن، دوای پاشەکشێی لەشکرەکەی، مادام ئەسپەکەی نەمابوو و نەشیدەتوانی هەڵبێت، بەجێ ما. خۆیی و عەلی کوڕی کە گەنج بوو و نەیدەویست باوکی بەجێبهێڵێت لە مەیدانەکە بە پێوە وەستابون و بە دوای کەسێکدا دەگەڕان خۆیان بدەن بەدەستییەوە بۆ ئەوەی نەکوژرێن. عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف کە حەزی لە زرێ و پۆشینی شەر بوو، هاتبووە مەیدانەکەوە و دو زرێی بە کۆڵەوە بوو. ئومەییە لە دوورەوە ناسییەوەو وهاواری لێکرد: هۆ عەبدولا! وەرە من و کوڕەکەم بەدیل بگرە، ئێمە لەوەی هەڵتگرتووە زیاتر دەکەین. عەبدولڕەحمان زرێیەکانی فرێدا، بەدیلی گرتن و دانییە بەر، کەچی لە بیلال هەڵکەوتن کە بە گوێرەی گێرانەوەی دیکە پیشتر کۆیلەی ئومەییە بووە. بیلال لە گۆڕەپانەکەدا بە شوێن خاوەنی پیشووی خۆیەوەیەتی تا بەدیل بیگرێت یان بیکوژێت.

کاتێ بیلاک دەبینێ عەبدولڕەحمان ئومەیە و کوڕەکەی بەدیل گرتوون، بانگییان دەکات:"هۆ عەبدولڕەحمان ، ئەو کافرانەی بۆیان دەگەڕێم بۆ کوێ دەبەی؟ عەبدولڕەحمان وتی: بێدەنگ بە ئەوانە دیلی منن. بیلال تێهەڵچوویەوە: دەی خوا ماوەت نەدات ئەگەر بێڵم لەدەستم دەربچن! موسوڵمانان دەستو برد بە شمشێر کوڕەکەی ئومەییەیان کوشت . عەبدولڕەحمان خۆیدایە پێش ئومەیە و گووتی، ئەوەتا کوڕەکەت ئیتر نەماوە، ئێستا دێن تۆش دەکوژن. هیچم پێناکرێت. بڵێ: هیچ خودایەک نییە جگە لە ئەللا و موحەمەدیش نێردەری ئەڵلایە. ئومەییە وتی: گەر توانیبام ئەم وشانە بڵێم، نەدەهاتمە ئەم شەڕەوە. عەبدولڕەحمان وتی: مادام وایەفریای خۆت بکەوە، چونکە من ناتوانم فریات بکەوم. ئومەییە کە لەبەر تەمەنی نەیدەتوانی ڕابکات، وتی : گەر توانیبام ڕیبکەم، خۆم و کوڕەکەیشم نەدەدا بە دەستی تۆوە. کاتێک ئەوان خەریکی ئەم قسەوباسە بوون، موسوڵمانان بۆی چوون و کوشتیان. عەبدولڕەحمان بە بیلالی وت: بۆ ئەو پەندەی پێتدام ، زرێیەکانم لە کیس چوو وتۆیش دیلەکانت کوشتم. هەمووان شتێکیان دەستکەوت جگە لە من".

ئەم دیمەنە لای کۆمەڵێکی زۆری ڕاڤەکاران دێتە گێرانەوە. بەلام هاوکاتیش دەبێتە جیگای ئەو ناکۆکییەی لە نێوان دەستەو تاقمە جۆراوجۆرەکانی جەنگاوەرانی ئەم شەرەدا بەرپادەبێت کە هەر یەکە و بەشوێن بەش و دەسکەوتی خۆیەوەیەتی لەسەر غەنیمەت و دیلەکان. ئاخر لە ئاینە کۆنەکاندا: " غەنیمەتییان دەسووتان یان دەیانکرد بەژێر خۆڵەوە بە جۆرێک کە کەس نەتوانێ دەستی لێبدات، دیلەکانیشیان دەکوشت".

بەلام ئەوەی دێتە پیش لە دوای سەرکەوتن لە شەڕی بەدردا وهەڵوێستە جۆراوجۆرەکانی عومەری کوڕی خەتاب ، عەبدوڵای کوڕی ڕەواح و ئەبوبەکر لە پەیوەند بەوەی کە چی لە ئەنفال (غەنیمەتی بەدەستهاتووی شەرەکە) بکرێت، پەیامبەری ئیسلام بریار لەسەر ئەنفال دەدات. بڕیارێک سەرتاپای ئەو تێڕوانینە دەگۆڕێت کە تا ئەو کاتە لە ئایینەکانی دیکەدا ڕەوایەتی هەبووە. ئەویش لە کورتییەتی خۆیدا بریتیە لەوەی ئەوەی کە تا پیش ئەم چرکەساتە ئەنفال بەشێک بوو لە حەرام و نەدەکرا بە قوربانی و بەشێک بوو لەو ئاوارتەیەی لە دەرەوەی دەستگای تەشریعی ئینسانەوە بوو، ئەمجارەیان حەرام دەخرێتە ناو دەسەلاتی حاکمەوە. ئەو دوو ناوهێنانە کورتەی کە لە قورئاندا باس لە ئەنفال دەکات، ئەو ڕووبەرە فراوانەیە کە تەیفووری لە ڕەچەلەکناسی ئەنفالدا بە شوێن ئەم پرۆسەیەوەیەو لێرەیشەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ قەتڵوعامی کوردەکان لە ژێردەسەلاتی بەعسدا.

ئەم لێکۆڵینەوەیە کۆمەکێکی گەورە بە ئینسانی کورد دەکات کە لەو شتە تێبگات کە بە ئەنفالی کوردەکان

ناودەبرێت کە بە یەکێک لە برینە قولەکانی سەر جەستەی ئینسانی کورد دەژمێردرێت ، کە بە بڕوای من، جگە لە بواری سیاسەت و تا رادەیەکیش شیعر ، جێگایەکی ئەوتۆی لە لێکۆڵینەوە زانستییەکاندا داگیرنەکردووە کە لە ئاستی گەورەیی پرسیارەکەدا بێت. تەیفوری لەپاش روونکردنەوەیەکی درێژ و باوەرپێهێنەردا سەبارەت بە کەشفکردنی ئەو سنوورجیاکردنەوەیەی کە ئیسلام لەگەڵ ئەو نەریتە باوەی کەئایینەکانی دیکەی پێش خۆی پەیڕەوییان لێدەکرد، نیشانی دەدات کە چۆن ئەنفال دەکریتە ئەو حەرامەی کە دەسەلاتی حاکم حەلالی دەکات.

ئەنفال و خودا

دەڵێن لە یەکێک لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی نازیزمدا، کۆمەڵێک جووی ئایندار، لە ئێوارەیەکی ژووڕە شیدارەکەی خۆیاندا، لە بەرانبەر مەرگبارینی ڕۆژانەی هاوڕێیان و ئازیزانیاندا، ئیمانییان بە خواوەندی خۆیان لەقدەبێت و ئەو پرسیارە دەکەن کە لە هیچ کاتێکی ئاسایدا نەیانوێراوە بە سەر زاریاندا بێت .

" دەکرێ خودا بەرپرسیارێتی ئەم دۆزەخەی ئەوانی لەسەر شان بێت و لەم جەهەنەمە قاندراوەی ئەواندا دەستی نەبێت". بۆ ئەم مەبەستە، پێکهێنانی دادگایەکی بچکۆلە، پێکهاتوو لە دادوەر و پارێزەر بۆ تاوانبار و تاوانلێکراو، خێرا دادەمەزرێنرێت. لە پاش قسە و باسێکی درێژ، بە کۆی دەنگ بڕیاردەدرێت:" بەڵێ، خوداش تاوانبارە" بەڵام هەر لە دوای خوێندنەوەی ئەم بڕیارەی دادگا، دەڵێن: "بەلام ئێستا کاتی نوێژی ئێوارەیە، با بڕۆین نوێژەکانمان بکەین" . ئاخر ئینسان لە دۆزەخەکانی ئاوشویستدا نەیدەتوانی بێ ئومێد، بێ خودا بێت.

ئەم نموونەیە، لە دۆخی ئەنفالی کوردەکاندا بەم جۆرە ئامادەیی خوا نیشاندەدات:" ڕەنگە 5 دەقە زیاتر هەر تەقەیان کردبێ و هەموو سەیارەکەیان کردە سەرەن، بڕوا بکە دەنگێک لەناو سەیارەکەوە دەهات لە ژیانمدا گوێم لە دەنگی وانەبوو بوو، ئەوەندە ترسناک بوو. دەنگی چۆڕەی خوێن بوو کە لەو کوونانەوە فیشکەی دەکرد کە فیشەک کوونی کردبوو. دەتووت هەوایە دەیکەیتە تایەی سەیارەوە، ئاوا فیشەکەی دەهات. چونکە خوێنەکە زۆر زۆر بوو، لە ناو سەیارەکە و هێشتا هەمووی خوێنێ لێدەچۆڕا. من هەستەکەم هەر خوا خۆی مەیلی وابووە ئێمە بمێنین و بگەڕێینەوە تا خەڵک بزانێ چییان بەسەر ئەو عالەمەیا هاورد. ئەگینا من زۆر جار بیردەکەمەوە، دەڵێی خەیالە".

ئەمە بەشێک لە گێڕانەوەی عوزێرە بۆ ئەو چرکەساتەی کە جگە لە خوێن، خواش بە پەلەپروزێ بۆ ڕزگارکردنی دەموچاوی خۆی، شەرمنۆکانە کەسێک ڕزگاردەکات تا وەک شایەتێک ڕووداوەکە بە نەوەکانی داهاتوو بگەێنێت. بە کورتییەکەی لە ئاوشویتش و لە ئەنفالدا، ئینسان ناتوانێت بێ ئومید، یان بێ خوا بێت.


جیاوازییەک کە لە نێوان ئەم دوو نموونەیەدا هەیە ئەوەیە کە کوردەکان لە دوای شاردنەوەی جەستەکانی ئەنفالەوە، لەلایەن زیندووەکانی دوای ئەنفالەوە، ئەم پرسیارە دەکەن : لەم تراژیدیایەی ڕووبەڕوی ئێمە بوویەوە ، خودا چەندە تاوانبارە؟


بێگوومان وەلامی " بەڵێ خودا تاوانبارە" کە تێڕوانینێکی باو و تا ڕادەیەک بەرینی ناو کۆمەڵگای "خوێندەواری" کوردییە، ، زادەی دادگایکردن و خوێندنەوەیەکی قوڵی جێگاو ڕێگای ئایین نییە لە پرۆسەی ئەنفالدا، بەڵکو دەرئەنجامی بەیەکەوەگرێدانی سووڕەتی ئەنفالی ناو قورئانە لەگەڵ ناوی ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییەی کە ئەنفالی کوردەکانی تیا ئەنجامدەدرێت. بە بروای من، ئەم پێکەوەلکاندن و پەیوەندیسازکردنە ، کاردانەوەیەکی سروشتی و تا ڕادەیەک زۆر سادەی قوربانییە کە دەیەوێ وەڵامیکی ئیجگار سانا بە پرسیارێکی قوڵ و ئاڵۆز بداتەوە. ئەوەشمان لە یاد نەچێت لە پاڵ کاردانەوەی ئینسانی تاکەکاندا و گەران بەشوێن پرسیاری بۆچی ئەنفالدا، ئەم پرسە لە کایەی سیاسەتدا دەخرێتە ناو گووتارێکی تووندی ناسیونالیستییەوە کە ناوەڕۆکەکەی دژە ئیسلام و عەرەبە. دەرئەنجامی ئەم پرۆسەیە، ئێمە دەبینە خاوەنی گوتارێک بۆ ناساندن و گەران بە دوای ئەنفالدا کە لە بەرگێکی ئایینییەوە پێچراوە و وەلامی پرسیاری بۆچی ئەنفال لە ئیسلامدا دەدۆزێتەوە .

ئەم لێکۆڵینەوەیەی تەیفوری، ئەنفالی کوردەکان دەخاتە ئەو چوارچێوە زانستییەوەی کە ئینسان بۆ سەرنجدان لەم پرسیارە گەورانە پێویستییەتی. ڕەواندنەوەی تەمی ئەو گوومانانەیشە کە لە دەوری وشەی ئەنفال و بەکارهێنانە ئاینییەکەی هەڵچنراوە. بۆیە خوێنەر سادەتر و چاوکراوانەتر دەتوانێ ئەکتەرەکانی دەرگیر لەم پرۆسەیەدا ببینیت .

"ڕەچەڵەکناسی ئەنفال"، یەکێک لەو پێویستییە گرنگانەی ئینسانی کوردە بۆ ئەوەی بتوانێ بەبێ دەمارگیرییەکی ئاینی و نەتەوەیی لە برینەکانی خۆی بڕوانێت. پێویستییەک، کە دەمێک بوو دەبوا پڕبکرایەتەوە.

- **مەنسوور تەیفووری، ڕەچەڵەکناسی ئەنفال، 2022، چاپخانەی سوهرەوەردی**





هەڕێم نیوز، وای نوسیوە بەڵام راستیەکەی جۆرێکیترە

دەربازبوانی گۆڕەبەکۆمەڵەکان و کەسوکاریان و زۆر کەسایەتی تریش دەزانن کە دوای هەوڵێکی زۆری سەرنوسەری گۆڤاری ئەنفالستان لەماوەی ٦ ساڵ و تێکۆشاندا چ بەنامەی کراوەو چ بەنوسراو بۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان و پەرلەمانی کوردستان، ئینجا سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم، بڕیاریدا مینحەیەکی تایبەت بۆ رزگاربووانی گۆڕەبەکۆمەڵەکان خەرج بکات، کە ئێستا لەژیاندا ماون و ژمارەیان ١٠کەسە.

کەچی هەرێم نیوز لەژێر ناونیشانی (مینحەیەکی تایبەت بۆ رزگاربووانی گۆڕە بەکۆمەڵەکان خەرج دەکرێت) نوسیوێتی : وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێم بڵاویکردەوە، دوای هەوڵی بەردەوام و زۆری خاتوو کوێستان محەمەد وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە سوپاسێکی زۆرەوە لە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە رەزامەندی درا بەخەرج کردنی مینحەیەکی تایبەت بۆ رزگاربوانی گۆرە بەکۆمەڵەکان کە لە ژیاندا ماون.

لە نوسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیراندا هاتووە "رەزامەندی ڕێزدار جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران وەرگیرا لەسەر ئاوەڕۆکی نوسراوتان، سەبارەت بە خەرجکردنی مینحەیەکی تایبەت بە بڕی (١،٢٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار بە دوو مانگ جارێک بۆ ئەو بەڕێزانەی کە لە لیستی خوارەوە ئامازە بە ناوەکانیان کراوە و رزگاربووی گۆڕە بە گۆمەڵەکانن و لە ژیاندا ماون، بۆ کاری پێویست.

ز	بەڕێزان	هۆیەن
١	فرج محمد محمود	قادر کرم
٢	عوزێر عزیز وهاب	قادر کرم
٣	واحد حمید سعید	قادر کرم
٤	رەمەزان علی سلێمان	قادر کرم
٥	ئەیمور عبدالله	تیلەکۆ
٦	ابابکر علی سعید	دهۆک
٧	عبدالقهار خلیل	دهۆک
٨	عبدالکریم نایف حسن	دهۆک
٩	صدقی عبدالقادر فتاح	سوید
١٠	هاشم محمد رشید	سلێمانی

لەگەڵ ڕێزدا...

د. ئومێد صباح عثمان
سەرۆکی دیوان

وێنەیەک بۆ:
- نوسینگەی ڕێزدار جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران/ بۆ ئاگاداریتان/ لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی دارایی و ئابووری/نوسراوتان ژمارە (١٠٢ لە ٢٠٢١/٢/٢٨) بۆ ئاگاداری و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان/ نوسراوتان ژمارە (٤٠ لە ٢٠٢١/٢/٢٢) بۆ ئاگاداری/ لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی کاروباری کارگێڕی و دارایی.
- دۆسیەی گشتی.

بووم لەوەی بریارەکەیان بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەو رۆژێک تەلەفۆنی بۆکردم و داوای ئەو بریارەی کرد کەساڵی ٢٠١٣ لەئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لێدراوە، ئەویش دوای سەردانێکی دەربازبووەکان بۆلای سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هات. لەدوای ئەو پێشوازی وسیمنارەی من بوو کە لەسلێمانی لەریستۆرانتی کارینۆ بۆمان سازکردن و زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانیش تیایدا بەشداربوون و هەرلەوێ تەلەفۆنیان بۆ سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی ئەجومەنی وەزیران کردبوو، پێیانوتبوون کە ئیستا لەسلێمانی دۆسیێیەکی ئاوا هەیەو سیمنارەکەی منیش کە بەسلاید نیشانی ئامادەبوانم داو کەناڵەکانی راگەیاندن رووماڵیان کرد، کەوتنە ژیر فشارەوە،

دەنا ئەم پرۆژەیە زۆر دەمێکە لەئارادایەو جارێکی تریش وەزارەتی شەهیدان لیژنەی بۆپێکهێنا بەلام چونکە نەیانتوانی بیکەن بەپرۆژەی خۆیان و هەندێک چالاکوانی نزیکی وەزیر ویستیان پرۆژەکە بدزن و بەناوی خۆیانەوە ئەنجامی بدەن و بۆیان نەچووەسەر.

مەرگی ژنێکی ئازاو ئازارچەشتو



سەرنوسەر

بەداخەوە رۆژی ٢٠٢٣/١١/٢٨ (ڕێژاو یابە بابا) ژنە ئازاو ئازار چەشتووەکەی گەرمیان ژیان ئاوایی کرد.

ڕێژاوو خانەوادەکەی بەرلەتاوانی ئەنفال، دانیشتوی گوندی کانی عوبێد بوون. لەپەلاماری سێی ئەنفالی گەرمیاندا مێردەکەی بەناوی (عەلی مەجید) و کوڕەکانی (حسێن و هوشیارو ئازاد)و خزم وکەسوکارێکی زۆری بەرشالاوەکە کەوتن و خۆشی دەستگیرکراو ڕەوانەی تۆپزاواو دواتریش ڕەوانەی نوگرەسەلمان کرا.

ئەم ژنە لەماوەیەکی زۆرکەمدا سێ کوڕی بەدوای یەکدا مردون، ئازادیان بەڕێگای (نوگرەسەلمانەوە یاخود تۆپزاواوە) مردووە، دوانەکەی تریشی (حسێن و هوشیار) لە نوگرەسەلمان لە تینوێتی و برسێتیدا بەپێش چاوی خۆیەوە گیانیان لەدەستداو لەوبیابانە بوونە خۆراکی لم و سەگەڕەشەکان.

دوای ٦ مانگ ئەم ژنە بەهیلاکی لە نوگرەسەلمان گەڕاوەتەوە.. تەنها سەبوری ڕژاوی ئەنفال دیدە ئەوەبوو کەلەدادگایی کردنی تاوانبارانی ئەنفالدا وەک شایەتحاڵ ئامادەبوو، یەکێک بوو لەشایەت حاڵە ئازاکانی گەرمیان کە بەبەرچاوی کامێراو دەستەی دادوەرییەوە، چیرۆکی ئەنفالکردنی گوندەکەیان و بەسەرهاتی خۆی و جیاکردنەوەی مێردەکەی و منداڵەکانی بۆ دادگاو دونیا گێڕایەوە. بەڵام نەدەوڵەت و نەدادگاو نەسەرۆک ونەحزبی کوردی وعێراقی نەیانتوانی ماف وئاسودەیی بۆئەم ژنەوتەواوی کەسوکاری ئەنفال بگێڕنەوە.

بەڵام ئەم ژنە ئازایە نە تاوانی ئەنفال و نەدڵڕەقی جەلادو نەبێ هەیبەتی دادگاو نەبێشەرمی سەرۆک وسیاسی کورد وعەرەب چۆکیان پێدانەداو وەک مرۆڤێکی بەرپرسیار هەمیشە چالاک و عەوداڵ بەدوای مافەکانی خۆی ئەوانی تریشەوە بوو، یەکێک بوو لەو مرۆڤانەی لەسەنگەری پێشەوەی داکۆکی کردن بوو لەماف وداوا ڕەواکانی خۆی و هەموو کەسوکاری ئەنفالکراوان.

ئەفسوس بیستم کە دادە ڕێژاو کۆچی دوایی کردووە، ئەم مەرگەش دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ نەخۆشیدا کە دڵنیام چاوەڕوانی ئازیزانی زیاتر لەهەر نەخۆشییەک ئازاریان داوە. ئەمرۆ کۆچی دوایی کردو لەگەڵ خۆیدا ئاواتەکانیشی بردنە ژێرگڵ کەسەرەکی ترینیان دوای بێ ئومێدبوونی گەڕانەوەی ئازیزانی دادگایی کردنی تۆمەتبارانی ئەنفال بوو.

ساڵی ٢٠١٢ بوو، لەمەراسیمی یادی ئەنفالدا بینیم، تراکتێکی بەرزگردبووەوە هەر بەقەڵەمێکی ماجیکی ڕەش لەسەری نوسرابوو (ئەنفال ئەم بنەماڵە گەورەی نەهێڵا کوا ٣ کوڕم، برازاکانم، مێردەکەم ٣ برام ؟) هەر لەویادەدا لێم پرسی:

- دەتوانم داوایەکت لێ بکەم ؟
- فەرموو.
- دەتوانیت ئەم وێنەیەت و قسەکانت بگۆڕی بەم قسانە ؟
- کامە قسە ؟
- (تکایە ڕێز لەخۆتان و لەئێمەش بگرن چیتر پێمان مەڵێن پاشماوەی ئەنفال، ئێمەش مرۆڤین).
- ئەڕێوەڵا رازیم، پێیان بێژە ئاگاتان لەدەمتان بێت ئێمەش ئینسانین).

ئیتر لەسەر ڕەزامەندی خۆی لە بەرگی پێشەوەی ژمارە (١٠)ی گۆڤاری ئەنفالستاندا وێنەی دادە ڕێژاوم بە تراکتەکەی دەستیەوەداناو ئەوەی ئەو نوسی بووی گۆڕیم بەوەی داوام لێکرد.. دواجاریش داواکەی من بوو داوای دادەڕێژاوو زۆربەی کەسوکاری ئەنفالکراوان.

Anfalistan N0 : 16 ـــــــ

ئەنفال، مردووەکانی لەگۆڕی بەکۆمەڵدا بەجێهێشت و ڕۆحی زیندووەکانیشی لەکۆمەڵگاکاندا کوشت.



محەمەد لالە فایەق

مردن ئەو کۆستە گەورەی نەمرۆڤەکان دەناسێ و نە تەمەن و نەزمەن، مردن ئەو گرێبەستەی لەساتی لەدایک بوونمانەوە واژۆی دەکەین.خزمی خۆشەویستمان(حاجی صالح ئەحمەد محەمەد) مرۆڤێکی غەدرلێکراوی دەستی زاڵم و قوربانی ئەنفال، فریشتەیەکی باڵ شکاو، بەدنیایەک حەسرەت و خەفەت وخەونی بەدینەهاتوو کۆچی یەکجارەکی کرد.

کاک صالح دانیشتوی گوندی نازیی سەربەقەزای کەلاربوو لەشاڵاوی ئەنفالی بەدناودا هەموو خانەوادەکەی گیران و ئەنفالکران: هاوسەری بەناوی (ئاهو عەلی مەحمود) منداڵەکانیان (کاوە، ئازاد، نەوزاد، شۆرش، بەیخان). ئەنفالکران و جارێکی ترنەی بینینەوە لەو کاتەوە ٣٥ساڵە ئەم مرۆڤە ڕۆژگارناخ و نەستی دەهارێ و تەنها جەستەیەکی بێ ڕۆحی مابوو. ئەورۆژی ١٥ی ئابی ٢٠٢٢ بەیەکجاری ئەم دونیایەی بەجێهێشت و کۆچی دوایی کرد، وەلێ لەڕاستیدا ٣٥ساڵە ئەم مرۆڤە ئەنفالدیدەیە بەسەر زیندووەو بەڕۆح مردو! ئەوەشی هێزی پێدەدا بۆ ژیا تەنها تاسەی بینینەوەو چاوەڕوانی هاوسەرو جگەرگۆشەکانی بوو. پیاوێک لە لووتکەی شادییەکانیەوە بەرەو پڕئازارترین ڕۆژەکانی ژیانی شۆڕبووەوە. ئەو هەموو ڕۆژێ لەسوچێکی تەنهایی دادەنیشت و نۆتەکانی بیرەوەری دەکردەوەو گەلا بەگەلا دەیدایەوە دەست بێ وجوودی و فیراقی خێزانەکەی.



هەرجارێ کە دەچوینەلای و دڵیمان دەدایەوەو دەمانوت هێندە خۆت ئازار مەدە، لەوەڵامدا دەیگوت : بەدەست خۆم نیە، من لەبێ ئەوانیدا ڕۆژانم بێ روناکییەو شەویشم دیارە، ژیانم هەمووی مردنە!. دەیگوت: من بێ بوونی ئەوان کەسێک ناناسم بەناوی خۆم! تەنها لەو چەند خولەکە هەست بەژیان دەکەم کە گوێ بیستی ناویان دەبم بەدەنگی خۆم!

چیرۆکی گۆشتنەخواردنی ئەم مرۆڤە ئازارچەشتووە، هێندەی تردڵتەنگی کردین. دوای ئەو تراژیدیایەی بەسەر گەرمیاندا هات، هەزاران چیرۆک لەگەرمیاندا بڵاوبوونەوە، لەوکاتەوە، کەئەنفالکران، هەتا ئەو ڕۆژەی کەمرد، هەرگیز بۆیەکجاریش گۆشتی نەخوارد. فرمێسک بەچاوەکانی دەهاتە خوارێ و گوتی: ئەو ڕۆژە شوومە منداڵەکان حەزیان لەگۆشت بوو، قەرار بوو ژەمی ئێوارەمان گۆشت بێت، بەڵام نەگۆشتیان خواردو نەجارێکی ترچاوم پێیانکەوتەوە، ئەو ڕۆیشتنەی ڕۆیشتن بۆ ئەبەد نەمبینینەوە! بۆیە من لەوکاتەوە گۆشت خواردنم لەخۆم حەرام کردووە.

بەڵێ کاک صالح ڕۆیشت، هەرتەنها ئێمەو شارو دەڤەرێکی بەبێ کەسی نەسپارد، بەڵکو پانتاییەک خەونی کرد بەگۆڕستان و باخچەیەک ئیرادەو ئارامی و ئومێدو سەدان تاسەو حەزی گەیشتن بە ئەوان(خێزان)کەی تێدا ناشت.

مااڵ ئاواحاجی صالح.. خودای جوانکار لەو جیهانەی تری خۆت بەخێزانەکەی شادیان بکەو جەننەتی فیردەوس وبەهەشتی باڵایان پێ عطا بکە.

زۆر سوپاس بۆم (محەمەد) هاوکارم بووە.

قەمچێکەی حەجاج

سەلام خەلیفە عەلی



ڕەنگە ئەم وێنە وەک زۆرینەمان وێنەیەکی ئاسایی ڕۆژانەمان بێت ، بەڵی ئەم وێنە ئەمڕۆ چرکێنراوە بەڵام پەیوەندی هابە ٣٥ ساڵ زیاترەوە ...دەگەڕێمەوە بۆ ٣٥ ساڵ پێش ئێستا ، کاتێک لەمانگی چواردا و لەساڵی ١٩٨٨ ، زۆربەی گەرمیانێکان کەوتنە بە دڕندەی حوکومەتی ڕژێمی بەعسەوە بۆ قڕکردن و ئەنفالکردنی گەلی کورد.

ماڵی خاڵۆم غەفور

وەک زۆربەی لادێ نیشینان کەوتنە بەر ئەو شاڵاوی قڕکردنە ، لە چاوتورکانێکا تەواوی خێزانەکەیان لە قەڵای نوگرە سەلمان ڕۆژیان کردەوە. لەوێ من ئەڵێم ئەفسەرێک تۆ بڵێ گورگێکی برسی بۆ خوێنی کورد ، من ئەڵێم حەجاج تۆ بڵێ جەلادێکی قەمچی بەدەست بۆ جەستەی کورد هەبوو.

بۆ بەدەست هێنانی ماتەرەیەک ئاو شاسواری خاڵۆزام ، خۆی دەگەیەنێتە لای ئەو تەنکەرە ئاوەی کە هەندێک ڕۆژ ئاو دێنێت بۆ ناو قەڵاکەی نوگرەسەلمان کە زندانیکراوەکانی ئەنفالی تێدا بوو. ئەو کات شاسوار منداڵێکی شەش ساڵان دەبێت، دەچێتە ژێر تانکەرەکە ئاوەکەوە تاوەکو مەتارە ئاوەکەی دەستی پڕبکات و بیهێنێتەوە بۆ ناو قاعەکان. لەناکاو حەجاج بە قامچێکەی دەستی هەتا هێزی تێدا بێت قامچیەک دەکێشێت بە کڵۆکی شاسواری لاوازدا. شاسوار دەکەوێتە ژێر تانکەرەکەوە بێهۆش دەکەوێت ، دووسێ ژن پەلی دەگرن و ڕای دەکێش ، یەکێ ئەڵی زندووە دووان ئەڵی مردووە.

جێگای لێدانەکەی حەجاج دەبێتە زامێک ڕۆژ بەڕۆژ گاریگەری ڕێکردنی دەبێت لەسەر شاسوار. لەبەر نەبوونی چارەسەرنەکردنی لەناو زندانەکەی نوگرەسەلمان وای پێدێت چڵک و خوێنی لەبەر دەڕوا تا ئەو کاتەی ئازاد دەبن. دوای ئازاد بونیان و بەهۆی نەگەڕانەوەی خاڵۆم غەفورو بێسەروشوێن بوونی لەئەنفالدا، خاڵۆم جەبار دەیبات بۆ کەرکوک نەشتەرگەری بۆ دەکەن و باش دەبێت. دوای نزیکەی دەساڵ نیسانەوە دەرکەوتەی ئازارو شەلی زیاد دەبێت ، ئەوەبوو من و ڕێبواری برای لە کەرکوک نەشتەرگەری دوومان بۆی کرد بۆماوەیەکیتر باش بوو. لەدوای دووم نەشتەرگەری ئەم ساڵ جارێتر دەرکەوتەی لێدانەکەی حەجاج سەری هەڵداو تەواو لە پێکەوت، بۆ جاری سێهەم نەشتەرگەری بۆ کرا بەدانانی پلاتین بۆی.

نەشتەرگەری سێهەم.

بەهۆی خراپی کوالیتی پلاتینەکانەوە سەرکەوتونەبوو ، دیسان نەشتەرگەری چوارەمی بۆ دەکرێتەوە...

"وێنەکە حەوت ڕۆژ دوای نەشتەرگەری چوارەم.

وێنەکە: لەماڵپەری نوسەر وەرگیراوە کەسەکان کاک شاسوارو نوسەرن

میلوجان



محەمەد سەید

لەسەفەرەکەماندا بۆ نوگرەسەلمان رۆژانی ١٦ و ١٧ / ٤ ، من بە تەنیشت (مام رەزا)وە دانیشتبووم، لەو رێگا دوورو تاقەت پرۆکێنەدا مام رەزا چەندین چیرۆکی ناخ هەژێن و تراژیدیای ناو زیندانی قەڵای نوگرەسەلمان و رێگاکەی بۆ گێڕامەوە، کاتێک گەیشتینە سەماوە دەنگی هەڵبڕی و ووتی تاوەکو ئێرە لەگەڵ خێزانەکەم پێکەوە بووین، بەڵام لە سەماوە لە یەکیان جیاکردینەوەو منیان برد بۆ نوگرەسەلمان، خێزانەکەم (٧) منداڵ و داکیان بوو، کە لە ناحیەی مەملەحە تێپەڕ بووین و کەوتینە چۆڵەوانی و بیابان هەڵوەستەیەکی کردو بە دەنگی بەرز ووتی بەخودای وابزانم رێگامان بزر کردووە، ئەمە ئەو شوێنە نیە کە پێشتر پێیا هاتووین، کەوتە دڵەڕاوکێ وترس دایگرت، ووتی بەخوا وابزانم جارێکی تر ناتوانین بگەڕێینەوە، لەو کاتەدا هەستم بەخورپەی دڵی و ترس و هەڵقرچانی ناخی کرد کە (٣٦) ساڵە پێوەی دەنالێنێت، ووتم نانا مام رەزا کەمێ ئارام بەو خەم مەخۆ تۆ بڵێیت بزربین!؟ بەر لەوەی بگەینە نوگرەسەلمان چیرۆکێکی تری بۆ گێڕامەوە کە من تا ئەو کاتە نەمبیستبوو، ووتی بە رێگاوە بووین بۆ نوگرەسەلمان ژنێکمان لەگەڵ بوو ناوی میلوجان بوو ناوەکەم بەلاوە سەیر بوو، ووتم ناوی چی بوو مام رەزا؟ دوو بارەی کردەوە ووتی ناوی میلوجان بوو ئەو خەڵکی شار بوو هاتبوو بۆ گوند تاوەکو کوڕەکەی ببینێت، بەڵام شاڵاوی ئەنفال ئەویشی راپێچ کردبوو، لە بیرمە مانگی رەمەزان بوو میلوجان بە رۆژوو بوو، لە رێگا چەندمان پێ ووت کە رۆژووەکەی بشکێنێت، بەڵام ئەو ئەیووت سوێندم خواردووە هەتاوەکو کوڕەکەم نەبینم رۆژووەکەم ناشکێنم، هەتا گەیشتینە نوگرەسەلمان هەر نەیشکاند تا گیانی سپاردو روحی دەرچوو. پرسیم ئەی خێزانەکەی خۆت چییان بە سەر هات؟ ئاهێکی هەڵکێشاو ووتی کە لە نوگرەسەلمان گەڕامەوە دڵم خۆش بوو دەگەڕێمەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆم لە دڵی خۆمدا دەموت ئێستا ئەوان چاوەڕێی من دەکەن و بە گەڕانەوەم دڵخۆش و بەختەوەر دەبن، بەڵام کە هاتمەوە نە منداڵ بوو نە خێزان هەتا ئێستاشی پێوە بێت چاوم پێیان نەکەوتەوە. کە گەیشتینە قەڵای دێوەزمەی نوگرەسەلمان مام رەزا بە دڵێکی پڕ حەسرەت و خەم و ئازارەوە رووی لەو شوێنانە کرد کە شەش مانگ و نیوو تەمەنی تیا بردبووە سەر لە ناخەوە ئەکوڵاو بەگریان و چاوی پڕ فرمێسکەوە بیرەوەریەکانی دەگێڕایەوە، ئیتر کەناڵەکانی راگەیاندن رووبان تێکردو بەر نە ئەکەوت بۆ چاوپێکەوتن، ئەو چەند کاتژمێرەی ناو قەڵاکەو رۆیشتن بە بیابانداو بۆ سەر گۆڕە بە کۆمەڵەکان بە رێگایەکی ناخۆش و تەپ و تۆزاویدا مام رەزای بێتاقەت و ماندوو کرد، هەر بۆیە لە گەڕانەوەماندا کە گەیشتینەوە بەغدا مام رەزا بە تەواوی باری تەندرستی تێک چوو، کاتژمێر نزیکەی (١٢)ی شەو بوو کاک حاکم رەمەک قایمەقامی چەمچەماڵ مام رەزای بردە ناو ئۆتۆمبێلەکەی خۆی و رووخسەتی لێمان خواست و ووتی من دەبێت بە جێتان بهێڵم و بە خێرایی بڕۆم هەرکە پێویستیشی کرد مام رەزا دەبەمە یەکێک لە نەخۆشخانەکان، بەهیوای تەمەن درێژی و تەندروستیەکی باش بۆ مام رەزا .






ئـــێـــمـه و ئـــەنـــفـــال

تەحسین حەمید

ساڵی ١٩٨٨ لەئەنفالەکەدا کاتێک بـــاوکـــم ئێمەی بەجێهێشت، ئیتر ئەوە دوادیداری نێوانمان بوو، کاتێک لەڕێگا بەپیادە ڕێگایان گرتووەتەبەر بەرەو گوندی ملەسورە، (شوێنی کۆبوونەی تەواوی خەڵکی سنوری گەرمیان)، چاوەکانی ئاوی داوتەوەو قورگی پڕبووە لە گیران بەدایکیمی ووتووە، بەخـوا ئـیـتـر تەواو ئەمە دواجـارمـانەو ئەمـجـارە ڕزگارمان نابێت زۆر گریاوە بۆ ئەو خەڵکەو ئەو هەموو دیمەنە قێزەونەی ڕەفتـاری دڕنەکانی بەعس و جاش و مستەشارەکان.

هەنـدێـک پـارەی پێ بووە، دابەشـی کردووە، بەشـێکی داوەتە دایکم و پێیوتووە: ئەم پـارەیە بـا لەلای تـۆبـێـت بۆمنـاڵەکـان خەرجی بکەو بۆیـان بـدەرەخواردن، دایکم پارەکەی لەپشـتی بەسـتووە دواتر لە تۆبزاوا، کـاتێـک بـاوکـم و گەنـجەکـانـی تر جیـاکرابوونەوە هەمووییـان بەجامانی و پشـتووێنی خۆیان قوولّ بەسـت کراون. (ئەوە دیمەنێکە زۆر کەســـی تر بینیوێت) تەنیا جلی ژێرەوەیان لەبەرداهێشـــتوون، باوکم پناســـی باری شـــارســـتانیەکەی خۆی پێ بووە، لێیان ســـەندووە فریانداوە، مام فارس جەیران خزمی باوکم هوێکەی نـاســـیـووەتەوە هەڵی گرتـووە خســـتـوویەتـی ناوکلّاشەکەیەوە، هەتاوەکو زیندانی نوگرەسەلمان پێ بووەولای خۆی هەڵیگرتووە، کـاتێـک ئێمە لەدوای چەنـد مـانگێـک لە زینـدانی دوبز دەگوێزرێینەوە بۆ زیندانی نوگرەسەلمان دوای پرسیارو سۆراخ، هەواڵی ئێمەیان پێدابوو جوابی ناردبوو ووتبووی با خێزانی حیمـد بێت بۆلامـان، بەڵام کـاتێ بێت حەجـاج لێرە نەبێت، بـابێت ئیتر دایکم چووە بۆلای نـازانم چۆن توانیوەیەتی ســـەردانی بکـات و بگـاتە نـاو پیـاوە پیرەکان، کە مام فارسی بینی بوو جنسیە(هویە) کەی باوکمی پێدا بوو، ئەوەش دوا یادگاری باوکمانە کە هەتاکو ئێستا وەکو بیلیلەی چـاومـان پاراسـتومانەو هەر دەی پـارێـزیـن. جـارجـارە لـێـی دەڕوانـم ئەمەش کـــورتەیەکەکە لەســـەر ژیـانـی خـــۆمـــان و درندایەتی بەعس، بـــاوکـــم نەی ویســـتـــووە پێناســـەکەی خۆی پێ بێـت ســـەد مەخابن ئێســـتاش ٢٦ساڵ تێدەپەڕێت نـازانین ئـارامگـای لەکوێیە؟ دەمێـک ســاڵە چاولەڕێگاین بـــۆ گەڕانەوەی ڕووفـاتی پیرۆزی ئازیزانمان باوکم و دەیان هەزار کەســـی تری وەک باوکم.





یادێکی شیرین وتاڵ

حەمیە رەسوڵ

ساڵی ١٩٧٨ کاتێک کە بە مامۆستا لە هەڵەبجە دامەزرام ؛ بەشێک لە خانووەکەی ماڵی حەمیدە و عوسمان باڵە خانەم بەکرێ گرد ؛ حەمیدە و عوسمان دوو گەنجی ڕۆح سووک و شیرین بوون ؛ عوسمان محەمەد حەمەئەمین پیاوێکی باڵابەرز و باریکەلە بوو بەعوسمانی باڵەخانە ناسرابوو؛ حەمیدە محەمەدیش ژنێکی هەندێک گۆشتن و سوور وسپی و ڕوومەت پەمەیی بوو ؛ ئەوان زۆر نەبوو هاوسەرگیریان کردبوو، ساوایەکی چەند مانگەیان هەبوو؛ ناوی عەبدولڕەحمان بوو ؛ زۆریان دڵپێخۆشبوو ؛ چونکە نوبەرە و بەرهەمی خۆشەویستیان بوو!

-حەمیدە ؛ تۆ و کاک عوسمان خزمن ؟
-نەوەڵا دراوسێش نەبووین
-من لە گەرەکی ئەوان کرێکاریم ئەکرد و بۆ یەکەم جار چاوم بە حەمیدە کەوت و ئیتر چووە دڵمەو ! عوسمان باڵەخانە بەم شێوەیە هات ناو بابەتەکەوە
-ئیتر دوای چەند جارێک بینینم بۆی ؛ بریارم دا بنێرم بۆ داخوازی
-چۆن ! بێئەوەی بزانیت حەمیدە رازییە ؟
-نەخێر ! من کەسێکم نارد بۆ لای و ئەویش یەکسەر ڕازی بوو
-نا وا نەبوو ! حەمیدە ئەمەی وت و ڕوومەتە پەمەییەکانی لە شەرماندا سوور هەڵگەران
-من هەر نەیشمبینیبوو و نەشمئەزانی کێیە!
-ئێ وا بوو ! بەڵام ڕەفزت نەکردم و دوایی لە هەڵێکدا یەکترمان دی ! دوای ماوەیەکی کەم زەماوەندمان کرد.

نەنە عەتەی دایکی کاک عوسمان؛ وەکو زۆربەی نەنکەکان زۆر هۆگری نەوەکەی بوو ؛ بۆیە زۆر جار لەسەر ئەو پشتەی کە ڕۆژگار چەماندبوویەوە ؛ عەبدولڕەحمانی هەڵدەگرت ؛ هەر بۆیە دوای مردنی نەنە عەتە ؛ وەک دەوترا لە عەزرتا عەبدولڕەحمانی سێ ساڵە تووشی نەخوشییەک بوو و لە ئەنجامدا ئەویش مرد ؛ ئەمە یەکەم کۆسپبوو کە لەو خێزانە کەوت و کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو ! هەرچەند کچێکی ساواشیان هەبوو (گۆنا)؛ بەڵام وەک دەڵێن : کەس ناتوانێت جێگای کەس بگرێتەوە! ساڵ هات و ڕۆیشت ؛ حەمیدە و عوسمان بوون بە خاوەنی چەند منداڵێکی تر و بەرە بەرە زامەکەیان بەرەو ساڕێژبوون دەرویشت. منداڵەکانیان بریتی بوون، لە: کچەکانیان گۆنا، سەنا، کوڕەکەیان دانا.

بەڵام (١٦)ئازار دەستی ڕەشی گەیاندە سەرجەم ئەندامانی ئەم خێزانە خنجیلانەیە؛ و بێڕەحمانە هەر هەموویانی هەتا هەتایە کپ و بێدەنگ کرد !

هەزاران ساڵو لە گیانی پاکی حەمیدە و عوسمان و سەرجەم شەهیدانی هەڵەبجەی شەهید!



فۆتۆکان: نوسەری بابەتەکەن

فۆتۆ گەورەکە مامۆستا حەمدییە رەسوڵ – هەڵەبجە گەرەکی عەلی شین هەمان کۆڵانی ماڵی عوسمانی باڵەخانە-ساڵی ١٩٧٩ چرکێندراوە .

فرمێسکی تیمساحی و بێ ئاگایی لەئەنفال !

بروا بە کەســـێـک نـاکرێـت بەبینینی قەڵا ڕوخـاوەکەی نوگرەسەلمان نەدیواری وەک خۆی ماوەو نەدەرگای پێوەماوە، بچێت لەوێ هەڵچێ و دەمـاری کوردایەتی ڕەپ بێـت! چونکە نوگرەســـەلمان تەنها خاڵێکی نەخشـــەو پلانی ئەنفـاڵە و و خـاڵێکە لەنـاو وێنە گەورەکەی ئەنفالدا نەک هەموو تاوانەکە.

ئەگەر لەوێ پیرەمێرد و پیرەژن و هەندێک مـنـدااڵ بەختـتـی بەزیـنـدومـانەوەو گەڕاونەوەیـــان هەبـــوو، ئەوا تەواوی بیـابـانەکـانی عێراق پڕن لە گۆڕی بە کـۆمەڵـــی ئەو کـوردانەی گـیـران و نەگەڕانەوە. هەمـــوو دەوروبەری قەڵای نوگرەسەلمانیش پڕە لەئێسک وپروسکی ئەو کوردانەی لەوێ لەبرســـان و لەتینوان مردن .

ئەگەر پێتانوایە گۆڕی ئەنفالکراوان، تەنها لە بیابانەکاندایە، دیسـان بەهەڵەدا چوون، چـونـکە گەرمـیـان و کـوێســـتـانـی کوردســـتانیش چیاو دۆڵەکانی پڕن لە گۆڕی ئەو کەســـانەی بە چەکی کیمیایی مردن، ئەوانەش کە لە بەفردا ڕەق بوونەوە یـاخود ئـاوی ڕوبـارەکـان بردنی و کەس نازانێ گۆڕیان لەکوێیە.

بەهەڵەدا چوویت وابزانی نوگرەســـەلمان تاقانە شـــوێنی دەســـتبەســـەرکردنی ئەنفالکراوانە. نا، (قەڵای نزارکێ و سەربازگەکانی تۆپزاواو دوبزو سەلامیە)ش هەر شـوێنی ئـازارو ئەشـــکەنجەی ئەنفـالکراوان بوون، خۆ ئەوانە لە نوگرەســـەلمانیش نزیکترن و لە چاو پارێزگای ســـەماوەو قەزای سـەلمان هەنگاوەڕێیەکن، تەنانەت قەڵای نزارکێ کت ومت وەک نوگرەســـەلمانە و لەناو ســـەنتەری پارێزگای دهۆکدایەو پێویسـتی بەپاسـی(V.I.P) یش نییە. بروانە وێنەی هەردوک قەڵای نوگرەســـەلمـان و قەڵای نزارکێ لەپارێزگای دهۆک و سەماوە.

نـازانم چەنـد لەو بەرێزانە ســـەردانیـان کردووە و کێ چـیـــرۆکەکـانـــی نـاو قەڵای نـــزارکـــێ دەزانـــێ ؟ ! ئاگاداربە خۆسەغڵەتکردن بۆ ئەنفالکراوان و خوێنساردی



قەڵای نزارکێ - دهۆک



قەڵای نوگرەسەلمان – سەماوە

و بێباکی لە قوربانیەکانی شـەڕی ناوخۆ ، فرمێسـکەکانی خۆت دەبنە شـاهید بەســەرتەوە. پێشـئەوەی خەڵک پێت بێژن ڕاست نافەرمووی.

تاوانی هۆڵۆکۆست لەئەنفال گەورەتر نییە، هەی سـەلامەت بیت تەنها ژمارەی قوربانیەکانی جوو زیـاترە !! وانەی گەورە هەر لەهۆڵۆکوســـت فێرنابین لەئەنفالیش فێردەبین، ئەگەر خۆمان بەگچکەو ئەوان بەگەورەتر نەزانین.

لەخوارەوەو لەلاپەڕەی دواتر بـابەتێـک لەم بـارەیەوە بخوێنەرەوە.

باش بوو چوون بۆ نوگرەسەلمان

هۆمەر محەمەد

٢٨ی حوزەیرانی ٢٠٢٤ – سلێمانی

ئەگەرچی هەرگیز لەگەڵ ئەوەدانەبووم و نیم، میدیاکار بێتە دادوەر، بەڵام دەبوو ئەو سەفەرە دادگایی کردنی نوسەران و هونەرمەندان و تەنانەت ئەو دوو ئازیزەش بێت، کە منداڵ بوون و لە نوگرەسەلمان زیندان بوون. هەر کەسێک هەقی دادگایی کردنی هەیە (بەخۆشمەوە)، کە کات و وزەیەکی زۆرم لەدۆسێی ئەنفالدا خەرج کردووە، دوای ٢١ ساڵ لە ڕوخانی ڕژێم و ١٨ ساڵ دوای لەسێدارەدانی سەدام تازە سەردانی نوگرەسەلمان دەکەن یان نەیانکردووە.

ئەمە سەرکۆنەکردنی ئەو نوسەرانە نییە، کە میوانی بەرنامەی لەگەڵ ڕەنج بوون بەڵکو نیشانەی پرسیار دانانە لەسەر خودی خۆشم چونکە منیش ساڵێک پێش ئەوان چووم . بۆمن گرنگ نییە ئەو کەسانەی چۆن بۆ نوگرەسەلمان کێن و چین و بۆچی چون بەڵکو ئەوەی بۆم گرنگە لەو شوێنە چی دەڵێن ؟ چۆن وەک مرۆڤ بیردەکەنەوە، پێش ئەم سەفەرە چۆن بوون و چۆن بیریان کردووەتەوە و دوای ئەم سەفەرە چۆن وەک مرۆڤ بیر لەخۆیان وەک کورد و لەو کەسانەش دەکەنەوە کە بەر زەبری ئەنفال کەوتوون و هێشتا ژیانێکی ئاسایی ناژین، دەنا لەوێ چیان گوت، ڕەنگە زۆر گرنگ نەبێت بەلامەوە بەڵکو ئەوەی بەلامەوە گرنگە چیان کردووە لەماوەی ئەوەندەساڵەدا ؟ دەمێکە کورد گوتوویەتی : (وەستای قسانەو کۆڵەواری دەستانە) ئێستا یەکێک لە دیاردە مەترسیدارەکانی باشوری کوردستان ئەوەیە قسەکەری زۆرەو کارکەری کەم.

هەرئەوەندە بەسە کە ڕۆشنبیران و ڕۆناکبیران و چالاکوانانی ئەنفال، دوای ٢٠ ساڵ دەچن بۆ نوگرەسەلمان، ئەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە چۆن ژیاوین و چەند ئامادەی دروستکردنی کۆیادەوەرین، خۆ وەنەبێت ئەم قسەیە هەر بۆ ئێمەی کورد ڕاست بێت، نا هەرئەوەندەی خەڵکی سەماوە نازانن کورد لەو بیابانەی پارێزگاکەیان چی بەسەرداهاتووە بەسە بۆئەوەی بزانین عێراق چ زیندانێکی گەورەی مرۆڤکانە، نەک هەر عەرەبی عێراقی تەنانەت هەموو کوردەکان نازانن هەڵەبجە کیمیاباران کراوە. ئەوەندە بەسە بۆئەوەی بزانین ئێمە لەچ ژینگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەژین .

پاش ٢١ ساڵ لەڕوخانی ڕژێمی بەعس، ڕێککەوتی ١٥ی ئایاری ئەمساڵ بەرنامەی (لەگەڵ ڕەنج)ی کەناڵی ڕوداو ڕۆشنبیرانی برد بۆ نوگرەسەلمان. بۆچی بۆ ئەوێ ؟ ئەو ڕۆژە یادی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی عێراق بوو. نەک یادی ئەنفال، کە هەندێک لەو بەڕێزانەی چووبوون لەبەرنامەکەدا، قسە دەربارەی ئەنفال بکەن وایاندەزانی یادی ئەنفالە.

ئەفسوس ! ڕۆشنبیران، دڕەنگ ڕۆیشتن و زوو گەڕانەوە؟ بەشەو گەیشتن و هەروا چەند کاتژمێرێک لەوێ مانەوە. بە دڕێژایی ڕێگا لەناو پاسەکەدا ڕەنج پرسیاری لە میوانەکانی دەکرد و ئەوان وەڵامیان دەدایەوە. ئەگەرچی قسەی زۆربەیان تێبینی هەڵگرە، بەڵام وەڵامدانەوەی هەمووان کات وقسەیەکی زۆری دەوێ کورد وتەنی هەویرێکی ئاوکیشە. بۆیە من سەرنج ڕاکێشترین پرسیاری پێشکەشکار و چەند وەڵامێک دەکەمە بنەماو تەوەری باسەکەم. پرسیارە سەرنجبەرەکە ئەوە بوو (باش بوو چوین بۆ نوگرەسەلمان) ؟

لەگەڵ ئەو بێباکییەی مرۆڤی کوردو ڕۆشنبیری کوردا هێشتا گرنگە دوای ٢١ ساڵ لەڕوخانی بەعس نوسەرانی کورد سەردانی نوگرە سەلمان دەکەن. بەڵام لەدوای ئەو هەموو ساڵە چون بۆ ئەو شوێنە ئەگەر شەرمەزاری نەبێت شانازی نییە.

ڕەنج سەنگاوی قسەیەکی جوانی کرد، بۆیە دەبێت پشتیوانی بکرێت ئەو وتی : (هەزاران کەسیان لێ بردین، هەرهیچ نەبێت ساڵانە سەدان کەسمان سەردانی نوگرەسەلمان بکەین و ئەمە بکەینە کلتورێک.) لەوەش جوانتر پێشنیارەکەی د. شێرکۆ کرمانج بوو کەوتی : "پێشنیار دەکەم ئێرەو تۆپزاوا بکرێتە حەج واتا وەک شوێنێکی پیرۆز بەردەوام سەردانیان بکرێت چونکە شوێنی کۆکردنەوەی ئەنفالکراوانەو نابێت لەیاد بکرێت" لەڕاستیدا ئەوەی بۆمن گرنگە هزرینە نەک دەربرینی هەست سۆز، هەرچەندە من شوێنی کۆکردنەوەو زیندانی کردن و کۆمەڵکوژی ئەنفالکراوانم لەکن پیرۆز نییە، بەڵام

وەک شـــوێنی یـادەوەریی گرنگە و پشـــتیوانی هەر پێشنیارێکی وادەکەم. چونکە یادەوەری دەمانباتە شوێنێک بۆ بیرکردنەوە لە ئێستاو داهاتوو.

د. شـێرکۆ ڕاسـتگۆیانە دواو بەڕاسـتی گریا : هەسـت بەشـەرم دەکەم کە دوای ئەو هەموو ساڵە ئەمە یەکەم جارە دێمە نوگرەسـەلمان، لەڕاسـتیدا دەبوو یەک بەیەکیان هەر کەزاریان هەڵدێنایەوە دانیان بەو شـــەرمەزارییەدا بنایە. بەڵام تەنها ئەم نوســـەرە و یەکێک لەو گەنجانەش کە بەمندالّی لەوێ زیندان بووە ئەو هەستەیان دەربڕی .

تێگەیشـتن لە ئەنفال و چارەسـەری برینەکەی، پێویسـتی بەکارو تێفکرین و ڕشتنی تۆوی خۆشەویستی هەیە، نەک ڕق و هەڵچون وتوڕە بوون. لەگەڵ ئەوەی لەو ســـەفەرەدا قسـەی جوان کران، بەڵام بەبێ ئەوەی مەبەسـتیان بووبێ یـان پێبزانن هەنـدێـک قســـەی بریـنـدارکەریش بەرگوێ کەوتن، بۆیە تێدامابووم لە نێوان ئەوەی لە ســـەفەرەکەیان بێدەنگ بم، یان شتێک بڵێم، دواجار بۆئەوەی ئەو سەفەرە بەبێ قسەکردن تێنەپەڕێ، ئەم نوسینەی لێکەوتەوە بەهیوام ڕەخنەو تێبینیەکـانم دەروازەیەک بۆ لێکتێگەیشـــتن بکاتەوەو وەک پڕۆسـەیەکی تەواوکاریی لێموەربگرن نەک وەک لێدان لە هیچ کەسێک.

میوانەکـانی بەرنـامەی (لەگەڵ ڕەنج)، دانیـانیـان بەزۆر ڕاســـتیـدا نـا (هیچیـان نەکردووە!) ئەمەش لەکن من ڕێزلێگیراوە، بەهیوام لە داهـاتوودا درێـغی نەکەن و بەجۆرێک دەست پێبکەن، کە قەرەبووی بێکاری و بێدەنگی ڕابووردووبکەنەوە، بەهیوام لەکـارو قســـەکردنیـانـدا، ئاگاداری یەک خاڵی زۆر گرنـگ بن، کورد بەکەم نەگرن تەنها وێنای شـکسـت و زەلیل بوونی کورد نەکەن، بەڵکو قـارەمـانێتیشـــی لەبەرچـاو بگرن. چونکە کـارەکتەرو کەســـایەتی زۆر هەن شـــایانن نیشـــانی دونیا بدرێن. بەتـایبەتیش لەنـاو ژنـانـدا. (فەیلیەکـان، بـارزانیەکـان، هەڵەبجەییەکان، گەرمیانی و کوێســـتانیەکان، ئیزدیەکان) ئەی خـۆبەخـۆڕایـی نـیـیە، کـورد لە دوای ئەو هەمـوو وێرانکاری و جێنۆسایدەدا هێشتا بە پێوەیە؟ بۆیە ناچارم ئەمە بڵێم، چونکە قســـەکانیان لەســـەر دووهێڵی تەریب دەڕۆیشتن. کەهیچیان باش نەبوون.

یەکەم : بێباکی و کەمکاری و خۆ زەلیل نیشـــاندان، کە لەناو ئەو هەموو چیرۆکە تراژیدیەدا نوسـەرو هونەرمەندی کورد توانـای گێڕانەوەو داهێنـانی نییە. ئەوەی دەوترا ئێمەش وەک جووەکان بکەین و چاو لەوان بکەین ئەمە **لەبری ئەوەی ڕۆشنبیری کورد، چیرۆک و ئایدیای خۆمان هەنـاردەی دەرەوە بکـات.** هەمیشـــە لە هەوڵی ئەوەدایە چیرۆک و ئازایەتی ئەوانیدی هاوردە بکات و بەسـەرماندا فەرزی بکات.

دووەم: وەعزو ئامۆژگاری و نیشـاندنی هێزی خود بالّایی بەســـەر قوربـانیـدا "ئەوەی من دەیزانم ئێوە نـایزانن" زۆربەیان واقســـەیان دەکرد کە قوربانیەکان هیچ نازانن لەکـاتـێـکـدا چـونـی ئەوان و خـودی بەرنـامەکەش لە نوگرەســـەلمان، ئایدیای ئەو ژن و پیاوانەیە، کە ئەنفال هەلاهەلای کردون نەک هی ڕۆشـــنبیری کورد! هەندێکیان دەیـانگوت ئەم خەمە دەبێـت بنوســـرێتەوە!! دەی کێ بینوســـێتەوە؟ ڕەنج ســـەنگاوی گوتی : خوایاربێ ئێمە دەگەڕێینەوە بەلام بەهیوام، کە گەڕاینەوە هەندێک شـت لە ئێمەدا گۆڕابێت. منیش بەهیوام وابێت بەڵام ئەوە ســـێ مانگ تێپەڕیوە و هێشـتا جگە لە د.شـێرکۆ کرمانج نەم دیوەو نەم بیســـتووە، کەســـیان هیچیـان لە بـارەی سەفەرەکەشیانەوە نوسیبێ.

ئەوەی تێبینم کرد لەقســەکانیاندا بەگشـتی کەم دەربارەی ئەنفـال دەزانن، دواتر لە شـــوێنی گونجـاودا ئەمە ڕونـدەکەمەوە. ڕەنج لە میوانێکی دەپرســـێـت : (زۆر بەهەســـتەوە خۆت بۆ ئەم ســەفەرە ئامادەکردووە، ئێســتا هەســـتـت چییە، ئەو هەژانە دەرونی وڕۆحییە چییە تۆ پێوەی دەڕۆی بۆ عەرەعەر و نگرەسەلمان ؟)

میوانەکەی وەڵامـدەداتەوە : (ئێمە ئێســـتـا بەو ڕێیەدا ڕێدەکەین، کە لە هەشـــتاکانی ســـەدەی ڕابووردووبا زیلە عەسکەرییەکانی سوپای عێراقی، خۆشەویستانی ئێمەیان پێدا برد زیندە بەچاڵیان کردن!) لەڕاسـتیدا هەر ئەم دێڕە، نیشـاندەری ئەوەیە نوسـەرو ڕۆشـنبیری کورد زانیاری درشـــت و گشـــتی دەربارەی تاوانەکە هەیە. ئەوەندەی وەڵامەکەی دەهێنێ، کتێبێکی دەربارە بنوســـرێت، چونکە بەشـــێکی کەمی ڕاســـت و بەشـــی زۆری ناڕاســـتە. تێنەگەیشـــتنێکی زۆری بەرانبەر بەتـاوانەکە و چۆنێتی

جێبەجێکردنی تێدایە. هەق نییە، نوسەری کورد لەدۆسێی ئەنفالدا هەر بەناوکەوێ چونکە خەڵک گوێی لێدەگرێت، دەبوو بزانێت، ئەو دەچێت بۆ شوێنێک کە ئەنفالکراوانی تێدا دەستبەسەرکراون. نەک زیندەبەچاڵکرابن. هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە زانیاری ڕاستی پێبدرێ. لە نوگرەسەلمان کۆمەڵکوژی نەکراوە، بەڵکو خەڵک زەلیل کراوە، رەزیل کراوە، لە برسان و لە تینوان مردوون. بە فیراقی دابڕانیان لەژینگە و زێدی خۆیان و دوری ئازیزانیان مردوون.

کۆمەڵکوژی لەبیاندا کراوە، بەڵام ئەوانەی لە نوگرەسەلمان نا، ئەوانەش کە لە ئەنفالدا بەکۆمەڵکوژران شێوازی کوشتنیان زیندە بەچاڵکردن نەبووە، هەتا ئێستا هیچ بەڵگەیەک نییە کە ئەنفالکراوان زیندە بەچاڵکرابن. هیچ شاهیدحاڵێک نییە زیندەبەچاڵکردنی بەچاوی خۆی دیبێ، بەڵکو ئەوەی شایەت و بەڵگەی لەسەرە دوو شێوازی کوشتن بووە، یەکەمیان : کوشتنی تاک بە تاک و فرێدانە چاڵەوە. دووەمیان : کوشتنی بەکۆمەڵ و بە دەستڕێژ لەناو چاڵەکاندا.

نە ئەوانەی بە کۆمەڵکوژران و نە ئەوانەشی لە نوگرەسەلمان زیندانی کران، بە زیلی عەسکەری سوپای عێراق نەبراون بۆ بیابان، بەڵکو بەگشتی بە جۆرە پاسێکی سەرداخراوو بێ پەنجەرە بووە. هەرکەسێک جوان گوێی لە شایەتحاڵەکان گرتبێت دەزانێت. چ ئەوانەی لە نوگرەسەلمان ڕزگاربوون و چ ئەوانەی لە گۆڕی بەکۆمەڵ ڕزگاریان بووە، هەر باسی جۆرە پاسێک دەکەن کە یەک تاقە دەرگای هەبووەو پەنجەرەی تێدا نەبووە، هەندێکیشیان بەپاسی درێژ براون بۆ نوگرەسەلمان.

ئەوەی دەبێت ڕاستی بکەمەوە ئەوەیە، کە سوپا ئاگاداری کۆمەڵکوژییەکە و تاووتوێ کردنی ئەنفال نەبووە، ئەرکی سوپا بەدیاریکراوی بریتی بووە، لە گرتنی گوندنشینەکان و ڕادەستکردنیان بە دەزگاکانی ئەمن و ڕوخاندنی گوندەکانیان و تاڵانکردنی سەروەت و سامانیان. دەنا پرۆسەی جیاکردنەوە و پۆلێنکردن بۆ کۆمەڵکوژی و دەستبەسەرکردنی ئەنفالکراوان زۆر نهێنی بووە و تایبەت بووە بە ئەمن و نوسینگەی ڕێکخستنی باکوری حزبی بەعس. بەڵگەش بۆ ئەمە دوو لە دەربازبووەکانی گۆڕی بەکۆمەڵن، لە بیابانەکانی پاریزگای ڕومادی و لە موسڵ کاتێک دەربازبوون و دەستگیرکراونەتەوە، کەوتوونەتە دەست پۆلیس و ئینزباتی سەربازی چونکە هیچ ئاگایەکیان لە کوشتاری ئەنفال نەبووە، هەرگیز شکیان بۆ ئەوە نەچووە ئەم کەسانە لە گۆڕی بەکۆمەڵدا ڕزگار بووبن.

بۆیە ئەم قسانە ڕاست دەکەمەوە چونکە لەکەنالێکی پڕبینەرەوەکران و دەگەنە زۆرترین خەڵک و زۆربەی زانیارییەکان هەڵەن، ئەگەر ڕاست نەکرێنەوە چۆن دەتوانین چاوەڕوانی ڕاستگۆیی و پێشکەوتن و گەشەسەندن لەتاکی ئەم کۆمەڵگایە بکەین.؟ مادام زانیاری هەڵەی پێدەدرێ ناتوانم بێدەنگ بم. میوانەکەی ڕەنج بۆخۆی پیاوێکی ئیماندارو زیرەک و ڕوناکبیرەو لە من باشتر دەزانێت کە زانیاری هەڵە بە ئاسانی بڵاودەبێتەوە لەچاو ڕاستی سەلمێندراو. پابەندبوون بە ڕاستگۆیی مەعریفی توخم وناوکی پێشکەوتنی تاک و کۆمەڵگایەکی گەشە سەندووە. بۆیە داوادەکەم بەدڵی فروانەوە ئەم ڕاستکردنەوانەم لێوەرگرێ. بەڵام جوانترین قسەشی ئەوەبوو کە وتی: جاری وایە فیکریش بەکەڵکی ئەوە نامێنێ تۆ هەستی دڵی خۆتی پێدەربڕی بۆئەوەی لەڕوی ڕۆحییەوە نەخنکێیت دەبێت پەنابەریتە بەرشیعرو ئەدەب. ئێمە ئێستا بۆشوێنێک دەڕوین کە بەرینترین ئینسانەکانی لێ مردون، ئەوانەی شایانی مردن نەبوون و مردن، ئێمە ئەوسا هیچ حەسانەیەکمان نەبوو، نەک لەناوخۆ تەنانەت لەسەرئاستی جیهانیش.

هونەرمەندێکی ئەکادیمی موزیکیش وتی نازانم ئەم یادە ناوی چییە؟ لە ڕاستیدا هیچ گللەیی لەسەر نییە، کە نازانێت ئەو ڕۆژە چ یادێکە، بەڵکو ئەرکی پێشکەشکاری بەرنامەکە بوو بۆیان ڕونبکاتەوە بۆچی ئەو ڕۆژە دەچن بۆ نوگرەسەلمان. میوانەکە ئاماژەی بەخاڵێکی فرە گرنگ کرد " بردنی ئەو منداڵانەی لەناو دۆڵ وکانیاودابوون و هێناویانن بۆ ناو ئەم سەحرایە" لەڕاستیدا هەر ئەوە خۆی تاوانێکی گەورەیە، بەڵام گرفتی میدیاکارو توێژەری کورد ئەوەیە زۆر تێنافکرێ بەڵکو سەرنجی لەشوێنێکی تر ە ئەو هێشتا لەمشتومڕی ئەوەدایە ئەنفال چەند قۆناغ بووەو چەند گوند روخاوەو ژمارەی ئەوانەی کوژراون ١٨٢٠٠٠

کەســـن یان کەمترن ! دەنا ئەنفال دەهێنێ زۆر قوڵ بۆی بڕوانیت، تەنها چیرۆکەکانی نوگرەسەلمان بەشی هەزاران کاری هونەری و ئەدەبیان تێدایە. بردنی ئەوخەڵکە بۆ نوگرەسەلمان دەشێت هەزارن توێژینەوەی لەبارە شوێن و شوناس لێ بەرهەم بهێندرێت.

لەناو میوانەکاندا دوو کورە ئەنفالکراوەکە بۆمن ســـەرنج راکێش بوون: قسەکانی مامۆستایان هەمووی جوان بوو، بەڵام رەنگە شتی جوانتریش لەناخیاندابێت بەڵام هیچیان ئەو پەرۆشییەیان نییە کەلەناخی ئێمە دایە ! ئێستا کەباری دەرونیم تێک چووە بەس بیرلەخۆم دەکەمەوە کە تەمەنم دووسالّ بووەو لەگەڵ دایکم بەم ڕێگایەدا ڕۆیشتوم، ئاخۆ دایکم چەنـدێـک تینوی بووەو شـــیری نەبووە دووقوم شـــیربـدات بەمن ! چۆن ئەو قوڵپی گریـانەی دایـک دەنوســـرێتەوە ؟ چۆن ئەو برســـێتی و تینوێتیەی من دەنوســرێتەوە کەلەم ڕێگایەوە ڕۆیشـــتووم ؟ بیرلەخۆم و ئەومنـدالّانە دەکەمەوە بیر لەمنـدالّانی دووســـالّ لە نوگرەســەلمان دەکەمەوە، دەبێت دایکم چەندێک هەژابێ و دەرونی چۆن بووبێت کەخۆی بەرێگایەدا تینووبرســـی بووە؟ تەنـانەت نەیـانزانیوە بۆ کوێ دەڕۆن ؟ رەنگە منداڵانێک هەبووبن کە بەم ڕێگایەدا بردویانن نەیانزانیوە رەنگە دڵیان خۆش بووبێت ؟ نەیانزانیوە کەبەم ڕێگایەدا دەڕۆن چ تاوانێکیان هەبوو، من خۆم کەتەمەنم دووســـالّ بووە چ تاوانێکم هەبووە ؟

کورەی دووەم : ئێســـتا هەســـتێکی زۆر ناخۆشـــم هەیە کەســـەیری ئەم بەروئەوبەری شـــەقامەکە دەکەم و ئازیزانم بەم ڕێگایەدا بران باوکم ڕۆیشـــت و نەگەڕایەوە، دوێنێ کورەکەم پرســـیاری لێکردم باوکە باوکت لەکوێیە ؟ هیچ وەڵامێکم پێ نەبوو. بۆیە پرسیارەکەی بەبێ وەڵام مایەوە چونکە من ئەوهەســـتەم لەلا دروســـت نەبوو کە باوکایەتی واتـای چی چونکە بـاوکم نەبوو ئەوە گەورەترین زوڵمە کەلەمن کراوەو لەمنـدالّانی بـاوک ئەنفـالکراوە. نەنکم هەمیشـــە دەیوت ڕۆڵە ئەگەر باوکت هاتەوە نیشـــانەیەک بەلای سکیەوەیەتی بەلام نەنکم مردو باوکم هەر نەهاتەوە. هەتا کومن لەژیاندابم ئەم قەتڵوعامەی بەبێ هۆ لە یادناکەم .

کـازم جەبـاری کتێبێکی هەیە بەنـاوی گەشـــتیـاری ڕەش ئەویش بـاوکی ئەنفـالکراوە، ئێمە شـــوێن و ژینگەمـان جیاوازە، هەربردنەکەمان واتا دەمانبەن بۆ شوێنێکی نامۆ شـــاعیری بـادینـان وادەزانێ دەچێتە شـــوێنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان ! باسـی کۆمەڵکوژی دەکات لەئەنفالی بادینان ڕەنج هیچ لەبارەیەوە نازانێ و بەسەرسوڕمانەوە دەڵێ ئەی بابە ؟ هەرچەندە شـــاعیرەکە دەڵێت: (پێشـــچاوی ژن و عەیـالی خۆدا) بەڵام ڕاســـتیەکەی کۆمەڵکوژییەکە دوای ئەوەبووە کە ژن وخێزانەکانیان دورکەوتوونەتەوە هێشـتا هەندێکیان لەچیا بەرەو مانگێشک ئاوا نەبون کە پیاوەکان گوللەبـاران کراون. ئەو دەڵێت ٣٥ کەس ڕەمی کران بەڵام ٣٣ کەس بوون و ٦ یان دەربازبوون، بۆیە باســەکەی ئەم برادەرەش نیوەی ڕاستەو نیوەی ناڕاستە. وەختێک دەڵێت کەتۆ دەچیتە نوگرەسەلمان بۆنی ئەنفالی لێدێت شاعیرەکە بێ ئاگایە لەوەی نوگرەســـەلمان شـــوێنی ئەنفالکراوانی بادینان نەبووە، ئەنفالکراوانی بادینان لە قەڵای نزارکێ و سەربازگەی سەلامێ بوون. ڕاستیەکیش دەڵێت : لەهەستی منداِ ئەم شـــوێنە نامۆنیە بەڵام یەکەمجارە بەچاوی خۆم دەیبینم.

حسێن عەلی ئامادەم بۆیادەکان.

کورەئەنفالکراوێک : هەســـت بەخەجاڵەتی دەکات ئەویش کەســـێکە کەماســـتەرنامەکەی دەربارەی ئەنفالەو دەڵێت : هەســـت بەخەجاڵەتی دەکەم کە ٣٦ ســـاڵە ئازیزانمان ڕوفاتیان نامۆیە بەم بیابانە، بۆ سەردانمان نەکردوون ؟!

بەرێـوەبەری ســـیـنەمـا: ئەوەی لەرابـوردو بـیـرم لەئەنفالکردبووەو ئەوەی ئێســـتـا بیری لێدەکەمەوە زۆر زۆرجیاوازە. ڕەنج دەپرسێت وەک بەریوەبەری سینەمای هەولێر ســبەی گەنجێک ســیناریۆیەکت بۆبهێنێ دەســتی دەگریـت و هەتـا لای وەزیری دەبەی ؟ لەوەڵامـدا دەڵێت سەدلەسەد هاوکاری دەبم و دەبێت کاریشی بۆبکەین. دەی ئەوە ســـیـناریۆیەک لەمنەوەو بفەرموون. دەبێت بەهەر نەوعێک بێت بیکەین زەرورە بکرێتە فیلم .

کەریمۆک : ماستەر لەسینەما

مەســعود یەکێک لە میوانەکانی بەرنامەکە شـایەتحاڵی ئەو ڕاستییە تاڵەی ناوقەڵای نزارکێیە،

فاروق هەست بەشەرم دەکەم کە بۆیەکەمجارە دێمە ئێرە دەبوایە زوتر بهاتمایە بۆئێرە .
لە نوگرەسەلمان لەهەمووان جوانترو رونتر قسە دەکات ئێرە گۆڕی بەکۆمەڵی لێ نیە ئێرە گۆڕی تاکی لێیە، ڕاستیەکەی ئەوەیە کەکاک ئەڵوەن دەیڵێت هەرچی وتی نوگرەسەلمان شوێنی گۆری بەکۆمەڵە زانیاری ناڕاست دەڵێت هەرچی وتی لە نوگرەسەلمان خەڵک گوللەباران کراوە، زانیاری ناڕاست دەڵێت خەڵک لە نوگرەسەلمان بەگوللە نەکوژراون بەلەبرسان و لەتینوان مردون.
د.شێرکۆکرمانج هەم گریانەکەی لەناخەوەبوو هەم دیدگاکانی خەمە ڕاستەقینەکەی دیاربوو. پێشنیارەکانی پڕبوون لەخۆماڵی بوون و قسەی دڵی ئەوانیدی بێ فەلسەفەلێدان و رازاندنەوەی وشەکان.

ڕەنج سەنگاوی دەپرسێ باشمان کرد چوین بۆنوگرەسەلمان؟

ڕوناکبیرێک بەحەماسەوە وەڵام دەداتەوە: (یەکێک لە ئیشە باشەکانە، سوپاس کە ئەو شەرەفەتان بەمن بەخشی!) ئەم و زۆریان سوپاس گوزاری ئەو شەرەفەبوون کە ڕەنج پێی بەخشیبوون! ئەم قسەیە مایەی تێڕامانە! بۆدەبێت مرۆڤ چاوەڕوان بێت شەرەفێکی وای پێبەخشرێ وخۆی ئامادەنیە بەدەستی بهێنن! هیچ کامیان نەیانگوت درەنگ هاتین! هەموویان ڕاستییەکیان درکاند، (هیچمان نەکردووە) ئەوان کە بە چونیان بۆ نوگرەسەلمان دەماری کوردایەتیان جوڵاوە، هێشتا ئاگاداری تاوانە گەورەکە نین، تەنانەت بێئاگان لەوەی لە کوردستانیش قەڵای ترو شوێنی تری وەک نوگرەسەلمان هەن. بێ ئاگان لەوەی چیرۆکەکانی ناو قەڵای نزارکێ و نوگرەسەلمان وەک یەکن، قەڵای نزارکێ لە نەخشەو دیزاینیشدا کت ومت نوگرەسەلمانەو هێندەش دورنییە بەڵکو لەناو سەنتەری شاری دهۆکدایە. چیرۆکەکانیان هێندە قورس و تراژیدین، مەگەر هەر جەلادو قوربانی بتوانن بیگێڕنەوە. ئەشکەنجەدان لە نوگرەسەلماندا درێژخایەن ترو مردن لەسەرەخۆ بوو بەڵام رێژەیان زیاتر بوو، بەڵام ئەوەی لە نزارکێ ڕویدا مەرگێکی خێراتر بوو، لەوێ پیاوەکانیان بەبەرچاوی ژن ومنداڵەکانیانەوە بەبلۆک دەکوشت، بەڵام لە نوگرەسەلمان لەبرسان دەمردن یاخود بەئەشکەنجەدانێک کە بۆ ئەبەد لەبیر مرۆڤایەتی نەچێتەوە وەک ئەو منداڵ و پیرانەی بەبەرخۆرەوە هەڵیاندەواسیین و وشکیان دەکردنەوە. لەقەڵای نزارکێ منداڵیان لەناو بەرمیلی زبڵدا سوتاند بەڵام لە نوگرەسەلمان لەتینواناندا دەخنکان. بەهیوام دوای ئەم سەفەرەیان سەردانێکی ئەوانەی تریش (تۆپزاوا، دوبز، قەڵای نزارکێ و سەربازگەی سەلامیە و لیوارەشەکەی کەلار ومەرکەز شەبابەکەی خورماتوو)ش بکەن. کە لەچاو سەماوە هەنگاوەڕێیەکن ومنەتباری کەسیش نابن.
تێگەیشتن لەئەنفال کات و گەڕان و پشکنینی پێویستە، بەسەفەرێکی نوگرەسەلمان، تێناگەی چی ڕوویداوەو مرۆڤ چی لێکراوەو چی پێکراوە؟ لەوێ هەر سوکایەتی بەژیان و مردنی قوربانی نەکراوە، بە جەلادیش کراوە، ئەوانیش لە مرۆڤ بوون دامالّدرابوون، بۆیە دەیانتوانی منداڵ و پیر بەبەرخۆرەوە وشک بکەنەوە.
عەیبی ڕۆشنبیری کورد ئەوەیە وەک خەڵکێکی سادەوساکارەکە بەئاسانی توشی پەتای خود نەفرەتی دەبێ و هێندە تێنافکرێ سنوری فیکری باو ببەزێنێ، بۆیە ئەویش هەر قسە لەبرینی ئەوانی دی دەکاو نازانێ برینی کورد چۆنە!؟.

کوردەکان لە نوگرەسەلمان هێندە بێ ماف بوون، تەنانەت خۆراکیان نەبوو، کە لەماڵەکانیان هەڵکەندران و بە کەمپەکانی کۆکردنەوەو جیاکردنەوەدا بران بۆ ئەم بیابانەو لەهەموو دەنگ وڕەنگێک دابڕان، بەبینینی تەماتەیەک یان سەلکە پیازێک تاسوقی خۆراک دەبوون و نەبوو بیخۆن، لەوێ شتێکیان نەما بەناوی خوان و خۆراک، لە نوگرەسەلمان هەموشتێک یەک ڕەنگ و بگرە بێڕەنگ بوو، ئەوان کە لەناو ڕەزو بێستانەکانیاندا بە میوەی ڕەنگدارو بۆندار و نانی گەنم ڕاهاتبوون، ئیدی ژەمی سەموونێکی بچوک واتای مەرگێکی شێنەیی بوو. ئینجا لەو دۆخەدا چەندیان مردن و چەندیان بە زیندویی گەڕانەوە، ئەوە چیرۆکێکی درێژە. ئەوانەی مردن ئێسک و پروسکیان وا بەناو لمی بیاباندا بڵاوبووەتەوە، ئەرکی نوسەران وهونەرمەندان بوو، شەویان لەوێ ڕۆژبکردایەتەوەو بچن لەودیوی قەڵا دەست و پەنجەی هەڵوەریوی ناولمی بیابان ببینن. نەک بەدیوارەکانی قەڵادا

هەڵبروانن و بگەڕێنەوە. ئەوانەشـــی بەزیندوی گەڕانەوە، خەم و دەردوبەڵایان زۆرە، عەیبە بۆ ڕۆشـــنبیری کورد شتێکی ئەوتۆ لە بارەیانەوە نەزانێت.

ئەوەی ڕوناکبیرو هونەرمەند، لە خەڵکی ئاسایی جیادەکاتەوە ناســـنامەی بەرباخەڵ نییە، بەڵکو مۆرالّ و بیری باش و حیکمەت و داهێنانێتی، عەیبە ڕوناکبیرو هونەرمەند دونیابینی بۆ مافی مرۆڤ ڕوکەش بێ و بەقوڵی تەماشـــای ئەرک و ماف نەکات، دەبێت لەپێش سیاسیەکانەوە بێت نەک لەدوایانەوە، ئەوەی سیاسیەکان وێرانی دەکەن دەبێت ئەم چاکیان بکاتەوە. ئەگەرنا ئاو دەکاتە ئاشـــێکەوە کە مرۆڤ دەهارێت. ڕۆشـــنبیر دەبێت خۆی لە قسەزان جیابکاتەوە کە دەسەڵاتی سیاسی تێکەڵی کردوون. قسەزان زۆرن بێئەوەی هیچ پاشخانێکی فیکری و داهێنانێکی هونەریان هەبێت دەسەڵاتداران ناسنامەیان پێبەخشیون.

کاری مەیدانی و ئەکادیمی پێویســـتیان بەدیقەت و وردبوونەوەو بەراوردکارییە. ئەوەی دەست بۆنوسینەوەی ئەم دۆسیێە بەرێت ئەرکێتی هەموو ئەوکارانە بخوێنێتەوەو ببینێ، کەدەربـارەی ئەنفـال نوســـراون و کراون هەر لەنوســـینەوە هەتـا بەوێنەگرتن و بەفیلم کردن دەگـات، بەباش و خراپیـانەوە، ئەرکی لێکۆڵیـارە جـاش وبـاش، جەلادو قوربانی بدوێنێ و گوێیان لێبگرێ و لەقســـەیان رابمێنێ و تێبفکرێ.

نوســـەرو لێکۆڵیارو هونەرمەندی ئەکادیمی دەتوانێ لەوەی کە کراوە بـاشـــتـر هەڵـهێـنـجـێ و ئەوەی نەوتـراوە بیـانـدۆزێتەوەو زیـادە بخـاتە بـان هەموو ئەوەی کەکراوەو پێش ئەم درکی پێنەکراوە، ئەگەر نا شـتێکی لەوە باشـتر نـاکـات، کەکراوەو تەنهـا مـانـدوو بوونی بۆ دەمێنێتەوە. بەداخەوە لەناو ئەو نوســـەرانەدا بێ ڕێزیم بینی بەرانبەر بەهەموو ئەوکەســـانەی چەندین ســـاڵە لەو بوارەدا کاریان کردووە، بێگومان تیایندایە کاری زۆر باشـــی کردووە. هەندێکیان لەوەڵامی ڕەنج ســـەنگاویدا لەعەرعەرەوە باســـی هۆڵۆکۆســـتی دەکرد بەڵام شـــارەزاییمان لە هۆڵۆکۆســـتدا بەهای چییە، ئەگەر لە ئەنفال بێئاگابین، لە هیتڕۆشیمابزانین و هیچ لەبـارەی هەڵەبجەوە نەزانین! تراژیـدیـای گەورە نوســـەری گەورەی گەرەکە، دەنا بە قەڵەمی دەستوپێ سپی نانوسرێتەوە.

بڕوا بە کەســـانێـک نـاکرێـت بەبینینی قەڵاڕوخاوەکەی نوگرەســـەلمان دەمـاری کوردایەتی ڕەپ بێت! بەڵام باکی بەڕوخانی مرۆڤ و بەوێرانبوونی زمانی کوردی نەبێ.

بەداخەوە زۆربەیـان شـــتێکی ئەووتۆیـان دەربـارەی نوگرەســـەلمانیش نەدەزانی، وایاندەزانی ئەنفال هەرلەو قەڵایەدا بووە! نازانن ئەوێ خاڵێکی ناو وێنە گەورەکەی ئەنـفـاڵە، ئەگەر لەوێ هەنـدێـک پـیـرومنـدالّ بەختـی ڕزگاربوونیان هەبوو. ئەوا تەواوی بیابانەکانی عێراق پڕن لە گۆڕی بەکۆمەڵی ئەو کوردانەی بەکۆمەڵ کوژران، وەنەبێ گۆڕی ئەنفـالکراوان تەنهـا لە بیـابـانەکـانـدابێ، نـا کوردســـتـانیش پڕە لە گۆڕی ئەوانەی بەچەکی کیمیـایی کوژران، یـان ئەوانەی لە ئەنفـالـدا هەڵاتن و لەبەفردا ڕەق بوونەوە، یان ئاوی ڕوبارەکان بردنی و نەبینرانەوە.

ئەنفـال، پێویســـتی بەتێڕامـان و لێکۆڵینەوەی زانستی و ڕۆڵی هونەر هەیە، بەگریان و حەماس وهەڵچون بریەکە ســـاردێژ نابێ و دونیاش گوێ لە زەلیل و مەزڵوم ناگرێت، دەبێت ڕۆشنبیری کورد لەوە تێبگات لاواندنەوەی قوربـانی بەســـۆزو عـاتیفە مرۆڤ لەدۆخی قوربـانیـدا دەهێڵێتەوە، ئەرکی ڕۆشـــنبیر وهونەرمەند ئەوەیە دۆخێک بخوڵقێنێ قوربانی تیایدا هەســـتێتەوە ســـەرپێ و شـــەڕی مـانەوەی بەهـای مرۆڤایەتی بکـات. چونکە بەهـای مرۆڤ لەقوربـانی بوونـدا نییە لەبەرەنگـاری و داهێنـان و خۆسەلماندندایە.

لەکـاتێکـدا پەرچەکرداری ئەنفـال دەبێـت وزەی ئەرێنی ببەخشـــێت و هێزی هەســـتانەوەی هەبێت. کەچی زۆر بەداخەوە، ڕۆشـــنبیران و (بڕوانامەدارنی بڵند) لەهەر کوێ بۆیان بلوێ لە سەرشاشەو ناو ستۆدیۆکان و کۆڕو کۆمەڵ و کۆنفرانســـەکاندا، بەتایبەتی ئەوانەی بەرهەمیان نییە، ئەو کارانەش نادیـدە و بێ بەهـا دەگرن، کەکراون بۆیە کاری هەرکەســـێک بە نازانســـتی و ئینشـــانوس وێناەدەکەن کە دالێک لەپێش ناوەکەی نەبێ!

بۆ وانەی گەورە فێرنەبووین ؟

دەردی گرانی کورد خۆبەکەم گرتن وئەوی دی بەحەکیم زانییە، هەرگیز کاری گەورەمان لەدەست نایات، ئەگەر هەمیشە خۆمان گچکە ببینین. کەسی خۆبەکەم گرتوو تەنەکەی ئەوانیدی لەکن زێڕەو گەوهەری خۆشی بەتەنەکە دەزانێ. بۆیە نەوانە لە ئەزمونی خۆی و نەلەوانیدی فێرنابێ و هەربەگچکەیی دەمێنێتەوە. (رونـاکبیرێـک!) بەرێگای نوگرەسەلمانەوە لەوەڵامی ڕەنج سەنگاویدا بەحەماسەوە دەیگوت: "من پڕۆژەی گەورەم هەیەو شتی نەوتراوم لەسەر هۆڵۆکۆست پێیە، هەڵبەت دەیبەستمەوە بەقەزییەی کوردەوە"[24] ئەم قسانەی میوانەکەی ڕەنج لەڕواڵەتدا جوان و شیرینن، بەڵام لەڕاستیدا دەردە گرانەکە هەر ئەم خۆبەکەم گرتنەیەو چارەش هەرئەوەیە تێپەڕێنین. هاوردەکردنی ڕۆشنبیری و ئەزمونی ئەوانیدی باشە، بەڵام لەوە باشتر هەناردەکردنی چیرۆک و کلتوری خۆمانە. دەنا ڕونـاکبیری کورد دەبێت پڕۆژەی گەورەی لەمەڕ ئەنفال و شەنگال پێبێ و بیبەستێتەوە بەچیرۆکی ئەوانیدییەوە.

هەرکەسێک تاوانی هۆڵۆکۆست لە ئەنفال بەگەورەتر بزانێت، گرفتی تێگەیشتنی هەیە، چونکە هۆڵۆکۆست لە ئەنفال گەورەتر نییە، بـا ژمارەی قوربانیەکانیشی زیاتربێ. بەڵام تاوانی جێنۆسایدە، گەورەو بچوکی نییەو ژمارەی قوربانی پێوەرنیە. بەڵکو نیازو دەرئەنجام سەلمێنەری تاوانەکەیە.

دەردی گرانی کورد ئەوەیە، لە دەلاقەی ئەوانیدیەوە، تەماشای حەوشەو بانی خۆی دەکات، ئەکادیمیە عەلمانیەکان لە هۆڵۆکۆستەوە دەڕوانن ئەنفال، مەلاو ئەکادیمی ئیسلامی دەیەوێ کورد لە بەکلتوری عەرەبیەوە ئیسلام بێت، بۆیە بەنەعل و دشداشەوە نەبێت بەگومانن لە قبوڵکردنی نوێژەکانیان. هەروەک چۆن شیوعیەکانیش بیرۆکراتیەکەی روسیایان بەسوسیالیزم تێگەیشتبوون. کۆمۆنیستە کرێکارییەکانی کوردستانیش فارسەکانیان کردبووە ڕابەری خۆیان! ڕەهەندییەکانیش لەبەکەم گرتنی کورد پشکی خۆیان بردووە !

ئێمە، کە ئێستا بەماشێنی هـای مۆدێـل دەچین بۆ پارێزگاکانی خوارو هەر لەکەرکوکەوە هەتا سەماوەو خوارتریش، کە حاجیان دەچن بۆ سعودیەو زیارەتی کەعبە، هەموومان بەسەر ئەو ڕێگایەدا ڕۆین، کە بەسەدان هەزار کوردی برسی کراوی پێدارەت بوون و کەمێکیان گەڕانەوەو ئەوانیدی بیابان قوتیدان، ئەگەر سەر نیشینی فرۆکەشیت، ئەوا بەسەر بیابانێکدا دەفڕیت کە دەست وپەنجەی سەدان هەزار مرۆڤی کوردی تێدا هەڵوەریوەو هەزاران مشتەچاوی تێدا هەڵڕژاوە. ئەفسوس حاجیان لێرەوە دەچن بۆمالّی خودا و ڕۆشنبیران بێرەدا دەڕۆن بۆ نوگرەسەلمان کەچی وەک بڵێی ئەم بیابانە هیچ تیایدا ڕوی نەدابێ بۆیە هیچ گۆڕانێـک لەبیرو ڕەفتاریـانـدا رونادات ؟!

میوانێکی ڕەنج سەنگاوی لەم بیابانەوە باسی پرۆژەی گەورەی لەمەڕ هۆڵۆکۆست دەکرد، ئەم عەقڵییەتە پێیوایە ئەگەر بریـنی ئەنفال کت ومت وەک هی هۆڵۆکۆست نەبێت برین نیە، وەک بڵێی ئەنفال خۆی برین نەبێ و جێنۆساید نەبێ.! ئەم قسەیە وەک ئەوە وایە لەسەر خەرمانی چەڵتوک دانیشتبی و تاسوق بۆ برنج و پڵاوی خەڵک بخۆیت!

باش بوو چون بۆنوگرەسەلمان

سەرنج ڕاکێشترین پرسیاری ڕەنج سەنگاوی بەلامەوە ئەوەبوو کە پرسی باش بوو چوین بۆ نوگرەسەلمان ؟ مایەی نیگەرانی و تیڕامانە، رونـاکبیری کورد دوای ٣٦ ساڵ لە تاوانی ئەنفال ئینجا بچێتە نوگرەسەلمان! چۆنیش بچێت ؟ بەشەو بگات و هەمان شەو بگەڕیتەوە! لەوێ بە بینینی زیندانێکی ڕوخاو حەماس بیگرێ ! کە نەمۆنۆمێنتە و نەدیوارەکانی وەک خۆی ماوەو نەدەرگاو پەنجەرەی پێوەماوە. رونـاکبیرەکە لەوەڵامی ڕەنجـدا وتی: "ئیتر وەختی ئەوەهاتووە دەموچاومان بشۆین و دونیا بە جۆرێکی تر ببینین" زۆر بەحەماسەوە دەیگوت: "من وەک ٢٤ سەعات پێش ئێستا نیم، تورەترم ئەم تەمەڵی وتەوەزەلییە چییە ئێمەی تێداین؟" وەها قسەیەک هەم مایەی نیگەرانیەو هەم پێکەنین. چونکە ئەو تەوەزەلییە هەمووان ناگرێتەوە بایی ڕەتکردنەوەی ئەم بۆچونە

[24] (بـڕوانە کەنـاڵـی ڕوداو بەرنـامەی لەگەڵ ڕەنـج بەرێـگـای نوگرەسەلماوە)

کوردیش بەرهەمی هەیە، (شـێرکۆ بێکەس) بەگۆڕسـتانی چراکان و (بەختیارعەلی و عومەر سـەید و حەمە فەریق حەسـەن و عەبدولقادر سـەعید) بەڕۆمان و (مارف عومەرگوڵ، دڵشاد مستەفا، ئیبراهیمی مەلازادە، مەنسوری تەیفوری، عوسـمان قادر، فازل مورادی، هونەر ئەمین، هاوڕێ ئەحمەد ئاواره حسـێن، هەژاربەرزنجی و فاتح سـەنگاوی) دکتۆراکانیان لەمەڕ ئەنفالەو لەوەرگێڕەکانیش (حەمەی حەمەسـاڵح، جەمال عەزیز، سـەیوان محەمەد)، ئێ خۆ کەسـانێکیش لە مێژە قۆڵیان لێهەڵماڵیوە و کاری مەیدانی دەکەن. بەرچاوترینیان (خاتوو عەدالەت عومەر و سمکۆسابیر وعارف قوربانی و عەبدوڵاکەریم و نەجمەدین فەقێ و عەلی بەندی..هتد). چۆن دەبێت نادیدە گرتنی کارەکانیان، مۆرالّی رۆشنبیرو ڕوناکبیران بێت.

لەکۆتاییدا چەند پرسـیارێک ئاڕاسـتەی میوانەکانی بەرنامەی ڕەنج دەکەم:

1. ئایا دەزانن چون بۆ نوگرەسـەلمان بەرهەمی بیرو خەیاڵی ئەو ژن و پیاوانەیە، کە ئەنفال هەلاهەلای کردوون و ساڵانێکە دەچن..
2. ئایا دوای ٢١ ساڵ لەڕوخانی رژێم و ١٨ ساڵ لە ئیعدامکردنی سـەدام (٢٠٠٣- ٢٠٢٤) چوونی ڕۆشـنبیران بۆ نوگرەسـەلمان شـەرمە یان شانازیی؟
3. ئایا ئەگەر ئەم بەرنامەیە نەبوایە هەرگیز وەک نوسـەرێک یان هونەرمەندێک بەبیرتدا هاتووە جارێک بچیت بۆ نوگرەسەلمان ؟
4. ئایا ڕەوایە ڕۆشـنبیران و پێشـکەشـکاری بەرنامەکە، لە نوگرەسـەلمان بەرنامە بکەن و نەزانن چەند کتێب دەربارەی نوگرەسـەلمان نوسراوە؟
5. ئایا دەزانن چەند کتێب دەربارەی نوگرەسەلمان نوسـراوە؟ بۆچی (سـمکۆسـابیرو لەتیف فاتیح فەرەج) هاوسەفەریان نەبوون؟
6. ئایا دەبوو نوسـەران و هونەرمەندان، میدیاو میدیاکار پەلکێشـی نوگرەسـەلمان بکەن یاخود میدیا ئەوان کۆبکاتەوەو بەپاسـێک بیان بات بۆئەوێ ؟

لەڕاسـتیدا دەبوو نوسـەری کورد هێندە چالاک و ئەرکداربوایە لەم بوارەدا رای گشتی بەجۆرێک بجوڵاندایە، کە چالاکوانی کورد بەتایبەتیش چالاکوانانی ئەنفال، بەرلەوەی گەشـت بۆ ئەوروپا بکەن، بچونایە بۆ تۆپزاواو نوگرەسـەلمان، یاخود موسـڵمانی کورد بەرلەوەی بچێت بۆحەج بچێت بۆنوگرەسەلمان .؟

دواین پرسـیاریش لە پێشـکەشـکاری بەرنامەکە ئەوەیە، بۆچی لەو نوسـەرو هونەرمەندانەیان لەگەڵدا نەبوو، کە کتێبێک یان توێژینەوەیەک، یان فیلم وتابلۆ وچیرۆکیان دەربارەی ئەنفال هەیە؟ ئایا خۆیان نەهاتن یان لە ئاسـت هەیەتی ئەواندا نەبوون یاخود ئاگاداری ئەوەنیە کێ چی دەربارەی ئەنفالکردووە؟

پەندی ڕۆژگار

ئەمە بۆنەوەکانتان بگێڕنەوە

هۆمەر

بەعسـیەکان، دەیانویسـت کەڕولاڵ و بێزمان بین، ڕۆژگار هات و هێندە باریان لاربوو پێویسـت بوو وەک کەڕولاڵ دەرکەون و زمانی ئەوانیدیان پێویست بوو. ئێستا فیلمی دۆکیۆمێنتاری (شـاردنەوەی سـەدام) لە سـینەماکانی کوردسـتان نیشـان دەدرێت. لە دیداری دەرهێنەرەکەیدا (هەڵکەوت مسـتەفا) لەکەناڵی ڕوداو. رسـتەیەک بۆمن سـەرنجبەر بوو. هەڵکەوت وتی: سـەدام بۆخۆشـاردنەوە دەبوو حەشـارگەکەی جێبهێڵێ (عەلا) کە ئەرکی پاراسـتنی گرتبووە ئەسـتۆ بردبووی بۆ چیای حەمرین، بەڵام لەوێ چونکە ڕاوچی لێبوون نەدەبوو سـەدام قسـە بکات چونکە دەنگی دەناسـرایەوە، بۆیە پێشـنیاری ئەوەی بۆکرد هیچ قسـەیەک نەکات، هەرکەسـێکیش ئەگەر بینی و ویسـتی قسەی لەگەڵدا بکات دەڵێم ئەوە خاڵمەو کەڕولاڵە دەبێت بە ئاماژە قسـەی لەگەڵدا بکەیت. بڕوانە سـەرۆکی فەرماندە، لەکۆشـکی کۆمارییەوە ناچار بەناو کونە سـیخوڕەکانی چیای حەمرین بووە! ئێسـتا ڕاوێژکارەکانی تورێکی قوڕاوی ناهێنن بۆ ئەو بۆیە ناچارە گوێڕایەڵی جوتیارێکی هەژاربێت.

ئەم ڕستەیەی هەڵکەوت مستەفا، گەڕاندمیەوە بۆ چیرۆکێکی هاوشێوەی سەربازێکی سوپاکەی سەدام، کاتێک لە گرتنی شـــاری هەڵەبجەدا لێی دەقەومێ و پەنا دەباتە بەر مااڵی (حاجی ڕەحمان)ی گوندی نارنجەڵەی هەورامان. ســـااڵی ١٩٧٩ گونـدی نـارنجەڵەش وەک زۆربەی گونـدەکـانی ســەرسـنور بەزۆر ڕاگوازرابوون بۆ کۆمەڵگاکان، خەڵکی نـارنجەڵەش فڕێدرابوونە ئۆردوگای ســـیروان لە نێوان هەڵەبجەو سەید سادق .

کاتێک ســـەربازە عەرەبەکە پەنا دەباتە بەر مااڵی حاجی ڕەحمان، ئەوان هەموویان بریندارى چەکى کیمیایى بوون. سـوپای عێراق تێکشـکابوو سـەربازەکانی یان کوژرابوون یان بە دیل گیرابوون (عەبدولکەریم -نەجەفی) ســـەربازە شـکسـتخواردووەکە، زەلیل و پەشـۆکاو خاترالله خاترالله خۆی دەهاوێتە مااڵی حاجی ڕەحمان. ئەویش وەک سـەدام داوای کردبوو تەنها شـــەوێک دااڵدەی بدەن. ســـەدامیش وەک عەبـدولکەریم خۆی دەگەیەنێتە مـااڵی جوتیـارێکی ناوچەی تکریت و داوادەکات شـەوێک دااڵدەی بدەن ئیدی عەلا هەتـا ڕۆژی گرتنی دااڵـدەی دا، بەاڵم بەپێچەوانەی حـاجی ڕەحمـانەوە هەتـا ســـەرنەیتوانی بیپـارێزێ. سـەرئەنجام سـەدام گیراو عەبدولکەریم نەجەفی بەبن باڵی میهرەبانی حاجی ڕەحماندا رزگاری بوو.

لەوکاتەدا حاجی ڕەحمان وێژدانی زیندوی چالاکەو دااڵدەی عەبـدولکەریم دەدات و لەگەڵ خۆیـدا دەیبـات بۆ تەوێڵەو لەوێشـەوە لەگەڵ خۆی وەک ئەندامانی خێزانەکەی دەیبات بۆ ئۆردوگای ئاوارەکان لە ئێران.. لەوێ لەترسی ئیتاڵعات بە عەبـدولکەریم دەڵێـت : ئیتر تۆ کەڕوالڵیـت نـابێـت قسـەبکەیت و هەرکەسـیش لێی پرسـیم دەڵێم ئەم کوڕەم هەرکە لەدایک بوو کەڕوالڵ بووە .

ئەگەر ســـەدام پەنـدی لەم چیرۆکە وەربگرتـایەو ڕێزی لەسـەربازان و گەلانی عێراق بگرتایە ڕەنگە توشـی هەمان چارەنوسی سەربازەکەی نەبوایە.


تۆ کەمێک دیقەت بـدە ســـەدام کە گەلی کوردی کردبوو بەفیلم ئێسـتا فیلمسـازێکی کورد زەلیلبوونی کردووەتە فیلم ! نەک شـوێنکەوتووەکانی سـەدام بەڵکو خودی سـەدامیش کە لەلوتکەی دەســـەڵاتدابووە چۆن پەنایان بۆ هەژارانی وڵات بردووەو ئەوانیش چۆن پـاراســـتوویـانـن .. مەسـەلەکەش تەنها مۆرالڵ و وێژدان بووە. دەنا وەک چۆن حاجی ڕەحمان دەیتوانی بەکردەوەی خۆیان لەگەڵدا بکات و ســـەربازە عێراقیەکە بەچارەنوســێکی نادیار بســپێرێ عەلاش دەیتوانی سەدام بفڕۆشێ و ببێتە خاوەن ٢٥ ملیون دۆلار !

لەم دوو چیرۆکەدا شتێک هەڵدەهێنجم ئەگەر دەسەڵاتداران کەمێک مۆرالڵ و وێژدانیان هەبێت لەگەڵ مرۆڤەکانی ژێر دەسـەلاتیان دڵڕەق و تۆندڕەفتار نابن. لوتبەرزی کورسـی دەسـەڵات نابن .. ئەوان ئەگەر کەمێک زۆرنا وەک مرۆڤ هەڵســـوکەوت بکەن نە میللەتەکەیان توشـــی وێرانکاری دەکەن و نەخۆشـیان پێویسـتیان بەوە دەبێت ڕۆژێک بۆ مانەوەیان لەژیاندا کەڕوالڵ بن.

ئێسـتا خۆشـاردنەوەو چیرۆکی عەلاو سـەدام کراوە بەفیلم بەاڵم ئەفســـوس چیرۆکی حاجی ڕەحمان و عەبدولکەریم هێشتا سنوری الپەڕەکانی ئەنفالستان و کتێبی گەشتەکانی ئەنفالستانی تێنەپەڕاندووە.

دڵنیام دەسـەڵاتدارانی عێراق و کوردسـتانە چارەنوسـیان لەســـەدام باشـــتر نابێت ئیدی درەنگ و زوو کەوتووە، بەهیوام ڕۆژی کەڕوالڵ بوونیان نزیکتربێت.

لەیادی ئەنفالی یەکدا:
چیرۆکی ئەو عاشـــقە پیرەی لەگوڵســـتانی نۆدشەوە گەیشتە بیابان



شادی بەکر- ٢١/٢/٢٠٢٣

لە دامێنی چیاکەدا، لە نزیک باخە قژ ســـەوزەکەی گوندو جۆگەی پرئـاوو دارتوە بەتەمەنەکـان لە گەڕەکی خواروی ئاوایی، دومـاڵ لەودیو مـاڵی ئێمەوە لەژێرخانی خانویەکی گڵـدا کە بەخێر جێگەیـان کردبوەوە، تەنیـا دەیگوزەرانـد، بـۆیە دەڵـێم دەیـگـوزەرانـد چـونکە بەزیـنـدومـانەوەو گوزەراندن ڕەنگە مانای تەواوەتی ژیان نەبێت. ئەو پیاوە مـاڵی نەبوو، بەڵکو ســـەرپەنـایەکی هەبوو لە ژوورێکی ژێرخانێکدا گیرسابووەوە، کە پەنجەرەی تێدا نەبوو، تەنها دەرگـایەکی هەبوو کە بەدارو تەنەکە دروســـتکرابوو، کە لەلاشـــیپانەوە هەموولاکانی تری ژورەکە، کەلێنی گەورەی تێـدابوو، ژوریّکی تـاریـک و بێ پەنجەرە، ســـەرینێکی کوردی و لبادێک و لێفەیەکی شـــڕ هەمووســـایەو ماڵ و ســـامانی ئەو پیاوە بوو! هەندێ دارو چروچیلکەی هەبوو، کە لەوەرزی سـەرمادا لەئاگردانەکەی ناوەراستی ژورەکەدا ئـاگری دەداو خۆی پێ گەرم دەکردەوە، هەنـدێـک پـارچە ئاســن و شـــاخی ئاژەلیش لەلایەکی ژورەکەوە دانرابوون، کە چەقۆی پێ دروســـت دەکرد و دواتریش بەدیـاری دەیبەخشییە خەڵکی ئاوایی.

ئەو وەستایەکی دەست ڕەنگین بوو، دەمەداس و تەوراس و پیشکی* دروست دەکرد کورەیەکی هەبوو بۆ جۆشدان و گەرمکردن و ســـورکردنەوەی ئەو پارچە ئاســـنانەی، کە چەقۆ و پیشـــکی لێدروســـت دەکردن، لە شـــاخی ئاژەلیش دەســـکی بۆ دروســـت دەکردن. هەر بەدەســـت ئیشـــی بە کورەکە دەکرد وهەواکەی لە هەمبـانەیەکەوە دەردەچوو ئاگرەکەی دەگەشاندەوە.

ئەو پیاوە فەتاح بوو، بەڵای کەمەوە لەحەوت دەیەی تەمەنی دابوو، بـاڵایەکی مـام نـاوەنـدو دوو چـاوی ســـەوز و ڕوخســـارێکی ســـورو ســـپی هەبوو، هێندە لە بەر بەڕۆژکە دانیشـتبوو پێسـتی روخسـاری ڕەش هەڵگەڕابوو، ئەسـمەر ڕەنگییەکەی زیاتر لەناو برۆ و برژانگ و ریش و سمێلیدا دەردەکەوت کە ئەتووت چۆڕی شیرە. بەڵام هێندەی سیغار کێشا بوو سمێلە سپییەکەی بە دوکەڵ زەرد ببوون، هەمیشە ئەو ســـتارخانی و مرادخانیانەی لەبەردابوو، کە خەڵکی ئـاوایی دەیـانـدایەو چیتر بۆخۆیـان لەبەریـان نەدەکرد، هەرکەس لە جـل و بەرگەکەی بـێـزارو وەرس بـوایە بەفەتاحیان دەبەخشی.

فەتـاح هەنـدێـک تـایبەتمەنـدی هەبوو، کەلەخەڵکی ئـاوایی جیاوازبوو، بۆنمونە : هەرگیز پشـتێنی نەدەبەسـت، کڵاوو جامانەی لەســـەری نەدەبەســـت، تەنها لەوەرزی ســـەرمادا جامانەیەکی شـڕی بەبێ کڵاو لەســـەری دەئاڵاند، هەمیشـە پێڵاوەکانیشـــی بەســـەر پێیەوە دەکرد. پاڵتۆیەکی دڕێژی لەبەردەکرد، کە تەنها یەک قۆڵی تێهەڵدەکێشـــاو قۆڵەکەی تری لە دەرەوە بوو، لایەکی پاڵتۆکەی هەربەشـــانییەوە بوو! کیسـەیەکی دەکرد بەلاقەدیەوە، کە قوتویەکی دەفتەری ســـیغارەکەی و بەردو ئەســـتێ و پوشـــوو* و ئەوتوتنەی تێـدابوو، کە جوتیـارانی ئـاوایی بۆخۆیـان بەرهەمیـان دەهێناو بەشی ئەویشیان دەدا، بەوتوتنەیان دەگوت توتنی بۆندار. فەتاح دوربینێکی بەقایشـــێکەوە دەکردە ملی، کە لەکاتی زەردەپەردا لەســەربانە گڵەکانی گوندەوە دەیڕوانییە لوتکەو بنـاری چیـاو ئەو نێری و بزنە کێوییـانەی بەدی دەکرد، کە لەبەرزایی چیاکەوە ســـەیری نـاوئـاوایی یـان دەکرد، هەندێجاریش چاوی دوربینەکەی دەگواستەوە سەر سەنگەرو ڕەبیەکانی رژێم و تەماشای جوڵەی سەربازەکانی دەکرد، کە لە خواروی ئاواییەوە وەک هەڕەشەیەک لەسەر ژیانی خەڵک دامەزرابوون و ســـەربازی تێدا نیشـــتەجێ بوون. ڕەبیەکـانی رژێم هەروا ســـەعـاتە ڕێیەک بەپێ لەگوندەوە دوربوون.





مام فەتاح لەدوو وێنەی جیاوازدا- گوندی قەمچوغە

ئەو پیاوە کەسێکی گۆشەگیرو تەنیاکەوتوویەکی ناو ئاواییەکەمان بوو. نان و ئاوی لە ماڵەکانی ئاواییەوە پێدەگەیشت، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو خەڵکی ئاوایی خۆشیان دەویست کەچی سەردانی هەموو مانگێکیشی نەدەکرد، پیاوێکی دەست و دەم و داوێن پاک بوو. لە مزگەوت نەبوایە نوێژی نەدەکرد، پەیوەندی یەکی ڕۆحی بەهێزی لەگەڵ خودای خۆی دروست کردبوو هەتائەو ڕادەیەی، کەخەڵکی ئاوایی توشی گرفتێک بونایە بە فەتاحیان ئەوت دوعاو نزایان بۆبکاو لەخوا بپارێتەوە بۆیان.

فەتاح هەستی شەشەمی بەهێز بوو، زۆربەی پێشبینی یەکانی ڕاست دەردەچوون، بۆیە خەڵکی ئاوایی ئەیانوت وەستا فەتاح

کەراماتدارە، زۆربەی جار کراسێکی چلکنی خۆی دەکردە بوخچەو جلە چلکنەکانی تێدەپێچاو دەیهێنا بۆ دایکم و ئەیوت: (ئایشێ) ئەوجلانەم بۆ بشۆ، هەندێک جاریش چەقۆیەکی دەست کردی خۆی بە دیاری ئەدا بەدایکم، دایکم خوڵکی نانخواردنی دەکردو جەختی لێدەکردەوە، کە بۆ نانخواردن بێیتەوە بۆ ئێرە. فەتاح هەر بەشەنگێ بانگی دەکردم چونکە ناوی منی بۆ نەئەهاتە سەرزمان.

ئەگەر برسی بوایە، بەهەرد و پەنچەکانی (شایەتمان و بالابەرزەی) ئاماژەی بۆ دەکردم و ئەیوت: شەنگی بەدایکت بڵێ دوهێلکەم بۆ بکوڵێنێ، کە لەمزگەوت هاتمەوە ئەیانخۆم.

وەستا فەتاح، سەری لە چاککردنەوەی ساچمەزەن و تاپر و دەمانچەش دەرئەچوو، باوکم دوو دەمانچەی هەبوو، یەکیان لەوجۆرە بوو، کەپێیان ئەوت ستار، فەتاح زۆر حەزی لەو دەمانچەیە بوو. بۆیە باوکم دڵی نەشکاندو پێی بەخشی، زۆر دڵی بەدەمانچەکە خۆشبوو، بەنیتاقێکەوە کردبوی بەلایەکی کەمەریەوە، زۆر ئەترسا لە جاش و عەسکەری ڕژێمی بەعس لە ژیاندا سەردانی شاری نەدەکرد و هەرگیز شاری نەبینیبوو.

هەمیشە ئەوەم لەلا پرسیاربوو فەتاح کێ یە ؟ بۆ تەنیایە؟ بۆ ماڵی نیە ؟ ئەو پرسیارانەم لە دایکم دەکرد و منی منداڵ سەرم لێی دەرنەدەچوو. وەلامی دایکیشم هەر ئەوەبوو، ئەیوت: خەڵکی نۆدشەیە دڵیان شکاندوە و بریاری داوە سەری خۆی هەڵبگرێ بۆیە ئێستا بەبێ کەس لێرەیە، پرسیارەکەم لەگەڵ ڕۆژگار تێدەپەڕی و هیچ وەڵامێکی یەکلایی کەرەوەم چنگ کەوت و تێنەدەگەیشتم، کە گەورەبووم لەوە دڵنیابووم، کە فەتاح خەڵکی نۆدشەو پاوەی ڕۆژ هەلاتی کوردستانەو کاتێک گەنج بووە عاشقی کچێکی ئاوایەکەی خۆیان بووە، چەندجارێک چووەتە خوازبێنی و نەیاندواوەتێ و مەعشوقەکەی بە شوئەدەن و لێی دائەبڕن، ئیتر ئەویش سەری خۆی هەڵنەگرێ و لە گوندەکەی ئێمە دەگیرسێتەوە. لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفالدا، دوای ئەوەی جەیش وجاش هێرشیان کردە سەر ئاوایی و ئاوایەکە گیراو سوتێنرا، خەڵکی ئاوایی پەرتەوازە و ئاوارەبون. هەریەک بەلایەکدا ڕۆیشتن و فەتاحیش ئاوایی جێدەهێلێت و ڕێگەی سەخت و بەفرگرتووی چیا دەگرێتە بەر بەرەو سەرگەڵو، بەڵام سەرماو شەختە هەنگاوەکانی خاودەکەنەوە، هەتا لەپێچێکدا جاش و حەرەس جمهوری بەدیل ئەیگرن و دەمانچە ستارەکەی باوکیشم، کە بەدیاری پێی دابوو لێی ئەبێ بە بەڵاو ئەوەندەی تر جورمی قورس دەکات. دوای ئەوەی دەیگرن، بەکۆپتەر دەیگوێزنەوە بۆ شوێنێکی نادیار، چەند جارێک ویستبویان لە بەرزایی ئاسمانەوە لە


کۆپتەرەکەوە فڕێی بـدەنە خوارەوە، بەڵام نەیـانکردبوو، وەک بـاس ئەکرێ ئەوکـاتە لەراگەیـانـدنەکـانی رژێمەوە وابڵاودەکرێتەوە کە جێگری جەلال تـاڵەبـانیـان بەدیـل گرتووە، دوای ئەشـــکەنجەدانێکی زۆڤۆر کە بۆیـان دەردەکەوێ کە هیچ بەرپرســیارێتیەکی لەناو پێشــمەرگەدا نیە، لەگەڵ پیرو پەککەوتەکان رەوانەی نوگرە ســـەلمانی دەکەن و دوای چەندمانگێک ئینجا بەری دەدەن.

فەتـاحی ڕزگـاربوی ئەنفـال، کە هەموو ژیـانی بە خەیـاڵی عەشـقی ژنێکەوە بەسـەربرد. بەو تەمەنەو بەو برینەی ناو دڵییەوە بە نەخۆشـــی لە مااڵی (حاجی حســـین) هەتا هەتا دواچرەکە ســـــاتەکـانی ژیـانی خزمەتیـان کرد. لەدوای ماوەیەکی زۆرکەم فەتاحی عاشـق و دڵشـکاو و بریندار ی رزگاربوی ئەنفال لە دوکان چاوە ســەوزەکانی لێکناو خەم و کەسـەری مەعشـوق و خاک و خۆڵی نیشـتمان و غەریبی لەگەڵ خۆی دا نێژرا. هیچی تر بەرگەی نەگرت و کۆچی دوایی کرد. ئەم بەســـەرکردنەوەیەی منیش تەنها بۆئەوەیە ئەو عـاشـــقە ئەنفـال دیـدەیە بۆ هەتـا هەتـایە نـاوی و چیرۆکەکەی وون نەبێت.

هەر لەبەر ئەوەش ئەمرۆ لەیـادی ئەنفـالی یەکدا گۆرەکەیم هەڵبەست.



حسین سەعید و مام فەتاح



***- پیشک پارچە ئاسنێکی دەم تیژی باریکەلەیە، کلکێکی لەدار بۆدروســـتکراوە، گوندنشـــینەکان بۆ هەڵکەندنی گۆزروان و کنگر بەکاریان دەهێنا.**

*** - ئەستێ و پوشوو ئاسنێکی سێ گۆشەیەو لەبەردێکی تایبەت دەخشێنرێ وپریشکی ئاگری لێدەبێتەوە. پوشوو، لەودارانە دەردەهێنرێ کەنـاویـان کلۆردەبێـت و ئەوەی لێیهەڵدەوەرێ پێیدەوترێت پوشوو، شێوەی وەک لۆکەیەکی زەردەهەڵگەڕاو وایەو زوو ئـاگردەگرێـت پـارچەیەک لەگەڵ بەردوئەســـتێکە دەگیرێـت و لەکـاتی لێکخشـــانـدنی بەردوئەســـتێکە پوشـــووەکە گڕ دەگرێ و جگەرەی پێدادەگیرسێ و ئاگری پێدەکرێتەوە.**

تێبینی / لەبەر ئەوەی ناوی ســـیانی و رێکەوتی لەدایک بون و مردنیم نەزانی بۆیە نەمتوانی لەوەزیـاتر لەســـەر کێلەکەی بنوسم.

ڕەفتاری بەعسی و ئازاری چاوەڕوانی و ئەشکەنجەی دەرونی ئەنفالکراوان.

هۆمەر محەمەد

٢٧ی حوزەیرانی ٢٠٢٤ – سلێمانی

کەسوکاری ئەنفالکراوان هەتا ئێستاش بەگشتی لەباڕێکی دەرونی خراپدان، سەدان گرێی دەرونیان هەیەو کۆمەڵگەو دەزگا حکومیەکان باکیان پێی نییە، " دەنگ و ڕەنگ و بۆن" یەکێکن لەو توخمانەی یادەوەری تاڵوشیرین لای کەسی قوربانی بەجێدێلن، دەنگی بوخچەکەی مریەم و فریاو ڕەشپۆشیان، پشتێنی گوڵداری ئەو پیاوانەی لەگۆڕی بەکۆمەڵدا دۆزرانەوە، ئاە وگریانی منداڵانی گەرمیان لە مللەسوڕەوە بۆ قۆرەتوو، هۆرەی ئەو پیرەمێردەی لەکاتی گواستنەوەیاندا هێشتا لەگوێی خەڵکی گوندی کەلاری کۆندا دەزرنگێتەوە، هەموویان کەرەستەی فیلم و شاکاری ئەدەبین و کەس نییە بیانگێڕێتەوە، ڕەنگە تەنها چیرۆکی ئەو دایکەی ٣٦ ساڵە خەیار ناکڕێت و نایخوات، لەبەرئەوەی منداڵەکەی لەنوبز لەسەرەمەرگدا داوای خەیاری کردووەو دواتر دیوێتی تاکێک نەعلی سەوزی بەتامی خەیار خستووەتە دەمییەوە، یان ئەو دایکەی ٣٦ ساڵە ئاوی ساردە بەگەرویدا نەچووەتە خوارەوە لەبەرئەوەی منداڵەکەی لە نوگرەسەلمان لە تینوا خنکاو لەسەرەمەرگدا داوای سەهۆڵی کردووە، بەس بێت بۆ هەڵوەستەیەکی مرۆڤانە بەرانبەریان. ئەمانەو دەیان وسەدان نمونەی تر، مەلارەحیمی سەرقەڵا هەتا لەژیاندا بوو، نەک تەماتەی نەخوارد بەڵکو هیچ خواردنێک بەگەرویدا نەچووە خوارەوە کەرەنگی سوربووبێت، چونکە بیستبووی منداڵێک لەسەرەمەرگدا داوای تەماتەی کردووەو دەستیان نەکەوتووە، جگەلەو توخمانە یەکێک لە دۆخە مەترسیدارەکانی دوای ئەنفال، کە باڕێکی دەرونی ناجێگیری بۆ کەسوکاری بێسەروشوێنکراوەکان خولقاندبوو، چاوەڕوانی بوو، کورد دەڵێت: " بێ چاوی لە چاوەڕوانی ناخۆشترە" هەرچەندە ئاماژەکانی مردن و نەمانیان زەق بەبەرچاوانەوە بوو، بەڵام بەعسیەکان بەپلان زوو پرۆپاگەندەیان بڵاوەکردەوە کە ئەنفالکراوەکان ماون، لەم بارەیەوە مێدیل ئێست وۆچ نوسیوێتی : باس وخواسی تیمەکانی گوللەباران کردن زۆر باش دەزانراو بەردەوام دووپات دەبۆوە، بەڵام کۆمەڵگا پیس و چەپەڵەکانی نیشتەجێی ئەو کوردانە(مەبەستی کۆمەڵگا زۆرەملێکانە) هێشتا هەر واتەواتی ئەوەیان تێدا باو بوو گوایە ئەنفالەکان ماون ولە زیندانی نهێنیدان لە بیاباندا وەک بارمتە گلدراونەتەوە بۆ دانوستانی دواڕۆژ لە نێوان ڕژێم و پێشمەرگەدا، یان براون بۆ وڵاتانی تری وەک سوودان، یەمەن، ئوردن و کراون بەکۆیلە و کاریان پێدەکەن." میدیل ئێست ١٩٩٣- ل٤٢٤) ئەم پرۆپاگەندانەی بەعس بێ مەبەست نەبوو، بەڵکو سیاسەتێک بوو، بۆ نائارامی و تێکشکاندنی ئەوانەی وا لەئەنفال ڕزگاریان بووبوو. ئەمەش زەمینەی بۆ هەندێک کەسی هەڵپەرستیش خۆش کردبوو، کەڕەنگە بەعسیش نەبووبن بەڵام لەبەربەرژەوەندی تایبەتی و دەستکەوتێکی زۆر کەمدا زوو ئاوبکەنەوە ناو ئاشی بەعس و ڕەفتاری بەعسیانە بنوێنن و ئەوخەڵکە ماندووە بوورۆژێنن، بۆنمونە هەندێک لە سایەق جێبەکانی ناوکۆمەڵگەی زۆرملێی صمود- ڕزگاری، زوو ئەم پرۆپاگەندەیان بڵاوەکردەوەو دەیانگوت: (ئەنفالەکان هاتنەوە) ئیتر بە جارێک ئەو کۆمەڵگایە دەوروژاو جێبەکانیش دەکەوتنە فڕکان فڕکانی گواستنەوەی خەڵک بۆ مەرکەزی ناحێکەو لەوێش خەڵک بەرجنێوو سوکایەتی بەعسیەکان دەکەوتن و دڵشکاوو هەناسەسارد بەنائومێدی دەگەڕانەوە، ئەمە زۆرجار گاڵتەجارێکی ڕەفتار بەعسی هەر بۆ ڕابواردن و گاڵتەکردن بەو خەڵکە یان سایەق جێبێک لەبەرخاتری برێک پارە زەمینەی ئەم سوکایەتی پێکردنەی دەسازاند. زووبڵاویان دەکردەوە (ئەنفالەکان هاتنەوە) ماوەی شەش مانگێک دوای تەواو بوونی پرۆسە سەربازییەکانی ئەنفال، هەندێک لە پیرەمێردو پیرەژنی ئەنفالکراو لە نوگرەسەلمانەوە بەهیلاکەتی دەگەڕانەوە. ئیدی دەنگۆی (ئەنفالەکان هاتنەوە) وەک ئاگر لەپوش بەردەی بەخێرایی بەکۆمەڵگەکەدا بڵاو دەبووەوەو هێندەی تر ئاگری چاوەڕوانییەکەی بۆسوتاندنی ئەوخەڵکە بەتین تر کردوو زیاتر خەڵکی خستبووە باڕێکی دەروونییەوە، ئەگەرچی ئەو چاوەڕوانییە بە ئازاربوو، بەڵام هەڵگری تۆوی ئومێدێکیش بوو، تەنانەت بۆ ئەوکەسانەش کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ زانیبویان ئەنفالکراوەکان نەماون. یەکێک لەوانە عوزێری دەربازبووی کۆمەڵکوژییەکەی بیابانی ڕومادی بوو، جارێک بەمیوانی هاتبوو بۆماڵمان لەناو باسی چاوەڕوانی و پرۆپاگەندەی بەعسیەکان و یاریکردن بەهەستیان، پێیوتم من

کە بە چاوی خۆم کۆمەڵکوژییەکەم دیبوو بۆخۆم بە بریندارى ڕزگارم بووبوو خۆم شـــاردبووەو نەمدەتوانى خۆم دەرخەم، دەمگوت بەڵکو هەواڵەکە ڕاستبێ و هەموویان نەکوژرابن یان خەڵکێک هەبێت وەک ئێمە ڕزگارى بووبێت، کەچى هەرخۆشم بەخۆمم دەگوت کورە باڵێ کێ لەدەســـتى ئەو بەعســـیانە ڕزگاریشى بێت دەتوانێ خۆى ئاشکرابکات. هاوکات کەحاجى فەرەجى گونـدى تۆپخـانەش میوانم بوو، ئەویش لەگۆڕێکى بەکۆمەڵى بیابانى ڕومادى ڕزگارى بووە بۆپشتڕاستکردنەوەى قسەکانى عوزێر گوتى: بەخوا ڕۆژێکى ڕەش بوو، کێ دەیوێرا قسەبکە بروا بفەرموو من بەماڵ ومنداڵەکەى خۆشمم نەوتبوو، لەفرۆکەخـانەى تورکیـا بەژنەکەمم وت شـــتێکى ئـاوام لێبەسـەرهاتووە، ئەویش بۆیە وتم چونکە هەردەیپرسـى بۆچى ئێمە دەبەن بۆئەمریکا.

ڕەشیدیش شوانێکى گوندى چرچەقەڵاى بنار شاخى زەردەیە، لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ مێدیل ئێسـت وۆچدا ئەوە ئەشـکرا دەکات کە ئەفســەرێکى دڵنەرمى مەســیحى نەێنى کوشـــتنى ئەنفالکراوەکانى بۆ ئاشـــکراکردووە، بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە بەوخەڵکە بڵێت بەو پرۆپاگەندانە بروامەکەن کەسـیان نەماون. لەبارەى ڕەشـیدەوە میدیل ئێسـت وۆچ نوسـیوێتى : "ڕەشـید توانى لە دەسـت ئەنفال ڕزگارى بێت لە بەر ئەوەى بە شـوێن ئاژەڵ و ماڵاتەکەیەوە بوو بە ســەر جادەى ســەرەکیداو لە نێو هێزەکانەوە دەرچوو. بەڵام دایکى و خوشـکێکى دە ســاڵى و برایەکى شـەش ســاڵى و دوو پووری لەدەست دا. دواجاریش کێشـــکرایە ڕیزى هەمـان ئەو ســـوپـایەى کەوا خێزان و کەسـوکارى گرتبوو. ئەفسـەرێکى مەسیحیى بە بەزەیى دڵى بە ڕەشـید ســووتابوو، بە ئاشـــکرا پێى وتبوو کە چیتر بیر لە کەســـوکارى نەکاتەوە: "هەموو خەڵکى ئەنفال بە بلدۆزەر کراونەتە ژێر خاکەوە" (**میدیل ئێست وۆچ، ل ٤٢٥**)

سـوکایەتى کردن و بڵاوکردنەوەى هەواڵى ناڕاسـت، هەسـتى منـداڵێکى ئەو ئۆردوگایە دەجوڵێنێ و هەتـا ئێســـتـاش کە پیـاوێکى کـامڵ وخوێنـدەوارەو پڕۆفیســـۆرى یـاریـدەدەرە، لەزانکۆى گەرمیان، لە یادەوەریدا وەک ئازارێک ماوەتەوە، ئەو هێشـــتـا خوێنـدکـارى زانکۆ بوو، لە ژمـارە (٦) گۆڤـارى ئەنفالســـتاندا وتارێکى بەناونیشـــانى (**ورده بەعســـیەکان و جێبەجێکانى هەشـــتاوهەشـــت**) لەبارەوە نوسـیوە و لەلاپەڕە ٤٨دا بڵاوکراوەتەوە، لەبەشێکى وتارەکەیدا نوسیوێتى :

"هەر کە ئەو هەواڵە بڵاو ئەبووەوە ئەیان وت (ئەنفالەکان هاتنەوە) ئەو ئۆردوگایە وەک شـێخێک حەسـرەت بیگرێ ئەلەرزى ئە هەژا وەک ســوپایەک چۆن شـکســتبخوات و سەرى لێتێکچێت ئەو خەڵکە بەناویەکدا ئەهاتن و ئەچوون هەمووان بۆ لاى مەرکەزەکە رایان دەکرد. بەختەوەر ئەو کەســـەبوو، خزمێکى لەناو ئازاد بووەکاندا بێت. چەند کەسـێکى کەم شـاد ئەبوون و دونیایەکیش بەدڵشـکاوى و چاوەڕوانیـەکى درێژترەوە ئەگەڕانـەوە. ئـەو ســـــەردەمـە سـەردەمى گریانى بەکۆمەڵ بوو، گەڕەک نەبوو، ماڵ نەبوو گریانى تێدانەبێت، پێناچێت هیچ شـــتێک بتوانێت ئاوەها گریـانى بـەکۆمـەڵ دروســـت بکـات. ئـەنفـال گریـانى دەســـتەجەمعى ئەو خەڵکە بوو. بەم شـــێوەیە هەرجارەو شـــەش حەوت ئەنفالکراوێک ئەهاتنەوە. ماوەیەکى بەڵام ئیتر هەواڵى هـاتنـەوەى ئـەنفـال نـەمـاو بچوکترین هـەواڵێکیش گـەرچى ســـەد دەر ســـەد درۆش بوایـەو بگەیشـــتایەتە ئەو خەڵکە بە هەڵەداوان دەگەیشـــتنە لاى مـەرکـەزەکە. ئـەم حاڵـەتە پڕنـائومیـدیـە لـەلایـەن کۆمـەڵێک ســـایق جیبەوە قۆزرایەوە. ئەو کاتەى ئیشـــیان ڕووى لە کزى ئـەکرد بـە درۆ هـەواڵى هـاتنـەوەى ئـەنفـالـەکـانیـان بڵاوئەکردەوە. ئاوەها ئیشى خۆیان مسۆگەر دەکرد. لەگەڵ بڵاوبوونـەوەى ئەو هەواڵە جیب بەردەســـت نـەئەکەوت. مرۆڤ ئاوەهایە بەدەگمەن ئەتوانێت بەرژەوەندى تایبەتى خۆى بخاتە لاوە ئەگەرچى بەدیهێنانى بەرژەوەندیـەکەى لەسەر حسابى خەڵکى تر بێت. ئەو کاتە ئەو سایق جێبانە یاریان بەهەست و شعورى ئەو ئەو خەڵکە ئەکرد. باشیش ئـەیـانزانى بڵاوکردنـەوەى هـەواڵى هـاتنـەوەى ئـەنفـالـەکـان بـازاڕیـان گـەرم ئـەکـا، ئـەو خـەڵکـەش چـارى نـەبوو تـەنهـا باوەڕکردن نەبێت (کە ئاوبردیتى دەست بۆ پۆشـى سـەر ئـاویش ئـەبـەى) نـاچـاربوون بـەدەم ئـەو هـەواڵانەوە بچن."(**ئاشور، ٢٠٠٧،ل ٤٨**)

نوســـراوێکى بەعس ئەوە پشـــت ڕاســـت دەکاتەوە کە بەعســـیەکانیش لە پشـــت ئەم ســـیناریۆى چاوەڕوانى و گـاڵتەجـاڕییەوە بوون، لەم بـارەیەوە بەلگەیەک هەیە کە نوســـراوێکە ڕێککەوتى ٢٥ى ئەیلولى ســـاڵى ١٩٩٠ دەرچووەو داوا دەکات، کە کەسـوکارى ئەنفالکراوان و ئەو خەڵکە لە چاوەڕوانیدا بهێڵنەوە، لەنوسراوەکەدا هاتووە:

بەڕێز بەڕێوەبەر
سڵاو ڕێز

ڕێکەوتی ١٩٩٠/٩/٢٥ بەڕێز بەڕێوەبەر ڕێنمایی کردین بەم شێوەیە :

(هیچ زانیارییەکمان دەربارەی چارەنوسیان لانیە) بگۆردرێت بەم گوزارشت (عیبارەیە) : (لە پرۆسەکانی ئەنفالی قارەمانانەدا گیراون هەتا ئێستا دەستبەسەرن).

بۆئەوەی بتوانین بە وردی مامەڵە لەگەڵ ئەم حاڵەتانەدا بکەین


لە کۆنگرەی مانگانەدا پێشنیارکراوە

ن/ امن ... ضابط الامن من، ن ، ر

١٩٩٠/١٠/١٨

لەم بارەیەوە یاسین ئاشوریش ئەم نوسراوەو بۆچونەکانی سەرەوەمان پشتڕاست دەکاتەوەو نوسیوێتی : هەندێک جار نەک ئەو سایق جێبانە بەڵکو حزبییەکان خۆیان ئەو کارەیان دەکرد، زۆرجار بۆئەوەی بەردەم مەرکەزەکە قەرەباڵغ بێت و ئەوانیش لەزەت لە دەسەڵاتی خۆیان وەربگرن ئاوەهایان دەکرد. شانازی کردن بەو دەسەڵاتە نەخۆشەی کە تەواوی ویژدانیانی کوشتبوو. خڕکردنەوەی ئەو عەشامەتە بێحەسرەتەی کە هەموو گیانی ئەکردە گوێ بۆیان (بەڵکو خوایە هەواڵێکیان پیبێت) بەڵام نا، بەو سرو سیما بەعسیانەوە ئەهاتنە پێشەوەو بەرەفتاری خۆیان بەجوێندان و قسەی سوک ئەو خەڵکەیان ئەوەندەی تر بێ ئومێد دەکرد.

کارەساتی گەورەی هەر کۆمەلگا بەتەنها ئەوە نیە، کە دەسەلات و دەوڵەتدار دڵرەق وستەمکاربن بەڵکو لەوە گەورەتر ئەوەیە تاک و کۆمەڵگەی دوای جەنگ و جێنۆساید لەمرۆف بوون بکەون و خاوەن بڕێکی زۆری هەستکردن بەبەرپرسیارێتی نەبن و ئازارو ژان لەگەڵ قوربانیان و کەسوکاری شەهیدەکان بەش نەکەن و دەستیان نەگرن هەستنەوە سەرپێ، وەنەبێ هەر لەسەردەمی بەعسیەکاندا بگرە لەدوای ڕاپەڕین و لەسەردەمی دەسەڵاتداری کوردیشدا نمونەی ئەم سایەق جێبانە زۆربوون بێ هەست و بێ مۆراڵ لەگەڵ کەسوکاری قوربانیدا جوڵاونەتەوە، یەکێک لەبرای ئەو ژنانەی ناوی لەبەڵگەنامەیەکی موخابەراتی کەرکوکدا هاتووە بەچاوی پڕلە فرمێسکەوە بۆی گێڕامەوەو وتی: ئازاری خۆمان بەخۆمانەوەیەو لەملی هەمووانداو نییە خەڵک لەبچوکترین ناکۆکی بیرورامانداو لەکاتی دەمەتەقێدا پێیوتووم عارەب لەمیسر سواری خوشکەکەت دەبێ و تۆش دیفاع لەعەرەب دەکەی ؟ ئەو دەسەڵاتەی نەتوانێت یاسایەک بۆ سزادانی ئەم جۆرەکەسانە دەرکات ئەمرۆش نەبێت دیکتاتۆری سبەینێیە.



سەرچاوەکان

1. **میدیل ئیست وۆچ پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد چاپی دووەم ٢٠٠٤ خانەی وەرگێران، وەرگێرانی محەمەد حمەسالح توفیق .**
2. **یاسین ئاشور، وردە بەعسیەکان و جێبەجێکانی هەشتاوهەشت- گۆڤاری ئەنفالستان ژمارە (٦)، لاپەرە ٤٨ ساڵی چاپ ٢٠٠٩.**
3. گۆڤاری ئەنفالستان ژمارە (١١-١٢) لاپەرە ٣١ .
4. دیدار لەگەڵ عەزیز محەمەد وەهاب ناسراو بەعوزێر شەی ٨/٧ ی ئابی ٢٠٢٢، سلێمانی کاتژمێر ٩ی شەو.

برینی ئەنفال لەهۆڵۆکۆست قوڵترە

هۆمەر محەمەد

٢٩٠٢٤/٦/٢٩ سلێمانی



ئەگەر بڵێم برینی هەڵەبجەو ئەنفال لە برینی هۆڵۆکۆست و هیرۆشیمان قوڵترن، زیادەڕۆیی و دەمارگیری کوردانە نییە، بەڵکو دەرئەنجامی تێڕامانە لەکوردو ئەوانی دی، لە ئەنفال وهەڵەبجەوە تێگەیشتم کە هەموو دەمارگیرییەک (نەتەوەیی، ئایدۆلۆژی و ئاینی) مرۆڤ دەگۆڕێت بۆ درندەیەکی ترسناک و هیچ کات مافی ئەوانیدی نابینێت. بێگومان کوردیش لەم دەمارگیریە بەدەرنیە، بەشداری کورد لە هەردوک تاوانی ئەنفال و شەنگالدا وەک جاش و چاوساغ، یاخود بەشداری کورد لەشەڕی ناوخۆدا تێیانگەیاندم کورد فریشتە نیەو لەدەرفەتی ڕەخساوی خۆیدا دڵڕەق وتوندڕەفتارو دەشێت فاشی بێت. کەچی هەرئەوانیش وایان لێکردم کە کورد بەکەم نەگرم و بە هیچ پاساوێک ئەوانیدی بەسەردا فەرز نەکەم.

ئەگەر جووەکان و ژاپۆنیەکان لە دوای هۆڵۆکۆست و هیرۆشیما، دەرفەتیان بۆ ڕەخسا برینەکانیان ساڕێژ بکەن وکوردنەیتوانیوە، هۆکارەکەی هیچ لەبارنەبوویی کورد و ئازایەتی ئەوان نیە، بەڵکو هۆکاری خودی وبابەتی هەیە، سەرکەوتنی ئەوان بەشێکی ئازایەتی خۆیان و بەشێکی شوێن و جێوپۆلەتێک و بەشێکیشی هەلومەرجی نێودەوڵەتی و پشتیوانی ئەوانیدی بووە، بەڵام کورد هەمیشە تەنیایە مانەوەی هەر بە ئازایەتی خۆی و کلتوری خۆی بووە، دەنا ئەوەی بەسەر کورددا هاتووە و بەسەری دێت، هەر نەتەوەو میللەتێکی تر بوایە تۆزیشی نەمابوو، چ جای ناوو کەلتورو زمان و خاکی بمێنێ. بۆیە ئەگەر ژمارەی قوربان نەکەینە پێوەر ئەوا برینی ئەنفال و هەڵەبجە لە هیرۆشیماو هۆڵۆکۆست گەورەترو قوڵترە.

ساڵی ٢٠٠٣ بەرەوڕوو ئەمەم بەژاپۆنیەکان وتووەو بە وتارێکیش بڵاووم کردووەتەوەو هاوڕێم سمکۆ ئەحمەد وەریگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی و بەپەرلەمانتارانی ژاپۆن دراوە.

ئەو لۆجیکەی پێیوایە هەڵەبجە لە هیرۆشیماو ئەنفال لە هۆڵۆکۆست بچوکترە ئاوێکە (ڕۆشنبیرەکان!) ڕشتویانە، دەردەکەش هەر خۆبەکەم گرتنە، بەیدی ئەوانە ئەگەر برینی ئەنفال وەک هۆڵۆکۆست نەبێت برین نییە! وەنەبێت ئەوە شارەزایی بێت لە هۆڵۆکۆست بەڵکو

لەراستیدا بەکارهێنانی هۆڵۆکۆستە بۆ مەبەستێکی کەسی، هێندەی لەپێناوی ئەوەدایە خۆی وەک شارەزا بنوێنێ هێندە بۆ ئەوە نییە، ئایدیاو بیری نوێ هاوردە بکات، ئەگەر وابوایە وەک چۆن هۆڵۆکۆست هاوردە دەکەن ئەنفالیشیان هەناردە دەکرد. بەڵام نا، ئەوانە شتێکی ئەووتۆ دەربارەی جێنۆسایدو خەسڵەتە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکەی نازانن، دەنا جێنۆساید بەکەمی وزۆری ژمارەی قوربانیەکانیدا ناناسرێتەوە، (جێنۆساید گەورەو بچوکی نییە) ئاکتێکە لەنیازو دەرئەنجامەکەیدا دەناسرێتەوە، هەرچۆنێک بێت تاوانی نێودەوڵەتیە و ژمارەی قوربانیەکانی هەرچەندێک بن هیچ لە بەها مرۆیی ویاساییەکەی کەم ناکاتەوە.

بەگشتی ئەم جۆرە لەرۆشنبیر خۆی لەسەروی خەڵک و خەمەکانی دەبینێ، بۆیە کەمیان توانیویانە ئەم تاوانە گەورانەی کورد وەک خۆی ببینن. لەبنەرەتەوە ئەم جۆرە رۆشنبیرانە نەک بریتی کورد بەڵکو هەر خودی کوردو مرۆڤی کوردو کێشەی کورد بە بچوک دەبینن، بۆیە کە هۆڵۆکۆست لەئەنفال و هێرۆشیماش لە هەڵەبجە بەگەورەتر دەبینن لەبنەرەتەوە مرۆڤی جوو ژاپۆنی لەسەروی کوردەوە دەبینن. ئەم خۆ بە بچوک زانیە، دەردێکی کوشندەی کوردە و بەشێکە لەبرینە قوڵەکە.بەگشتی نوخبەی رۆشنبیر دابڕاوە لە دەرد و بەڵاو خەم و چیرۆکی کورد، دەنا بایی ئەوە دیدارو چاوپێکەوتن لەگەڵ قوربانیەکاندا کراوە شتێکی تێدابدۆزنەوە لە هۆڵۆکۆست و هێرۆشیما بچێت ! ئەمساڵ نوسەران و رۆشنبیران و هونەرمەندانی کورد چون بۆ نوگرەسەلمان پێناچێت هیچ کامیان گوێ کەسێک بووبن لەوانەی کە لە نوگرەسەلمان زیندان بوون. ئەوان بەشەو گەیشتن و هەروا یەک دوو کاتژمێرێک لەوێ ماونەتەوە، ئیتر چونیان چ بەرهەمێکی دەبێ و چی دەربارەی سەفەرەکەیان دەنوسن خۆیان دەیزانن.

بەداخەوە ئەمساڵ بۆم نەگونجا لەگەڵ کەسوکاری ئەنفالکراوان بچم بۆ نوگرەسەلمان، چونکە چون و هاتنەوە، جگەلە خەرجییەکەی بەلای کەمەوە دوو رۆژ وشەوێک پێویست بوو. ئەوەش ئەستەم بوو، چونکە لەو هەفتەیەدا کات بۆمن زۆر گرنگ بوو، بۆیە داوای لێبوردن لەو ئازیزانە دەکەم، کە ئارەزویان بوو، لەگەڵیاندابم و هاوسەفەریان بم. یەکێک لەوڤیدیۆیانەی کەلە سۆشیال میدیادا بڵاوبووەوە شایانی تێڕامانە، ڤیدیۆکە باوکێک نیشان دەدات، کە ساڵی ١٩٨٨ منداڵەکانی ئەنفالکراون و یەکێک لە کوڕەکانی زۆر حەزی لەخورما بووە، لەم سەفەرەیدا (نان وخورما بۆ منداڵەکانی دەبات بۆ نوگرەسەلمان وبانگیان دەکات، بەڵام کە هیچ وەڵامێکی چنگ ناکەوێ نان و خورماکەیان بۆ بەجێدەهێڵێت) ! هێشتا نوسەرێکم نەدیوە کە لەبارەیەوە شتێک نوسیبێ، باوەڕیش ناکەم لەوێ ئەو باوکەیان دیبێت یاخود دواتر ڤیدیۆکەیان تەماشاکرد بێت. چونکە لەبنەرەتەوە ئەوان چیرۆکی کورد بەهەند ناگرن، هەرهەمان ئەوەی رێبوار قەرەبڵاغی کردی لە فیلمێکی هۆڵۆکۆستدا ببینن، هاوردەی دەکەن و لاپەرەیەکی بۆتەرخان دەکەن بەڵام چونکە هی کورد نایبینن.! لەراستیدا ئەوەی وادەکات هۆڵۆکست لەئەنفال بەگەورەتر بزانن هیزی وێنە و هێزی سینەمایە کە بەهێزێکی کاریگەرەوە ئامادەی ناساندنێتی. ئەوەش بەو مانایە نییە کە بریتی ئەوان لەهی ئێمە قوڵترە، دەنا خۆ چیرۆکی جوو هەرهێندەی چیرۆکی ئێمە هێزیان هەیە، بەڵام داهێنەرو بەرهەمهێنەری دونیای هونەری ئەوان و رۆشنبیری ئەوان لەگەڵ هی ئێمە بەراورد ناکرێت.

(لە نیسانی ساڵی ١٩٨٨دا هاوژین و منداڵەکانی رێبوار گیراون و ئەنفالکران، دوای ٣٦ ساڵ ئەم باوکە لە بیابانێکی وشکدا لەنوگرەسەلمانی بێ ئاوو ئاوەدانیدا دانیشتووەو بۆیان دەگری، من لەو گرتەیەوە هەموو ژیانی ئەو پیاوە دەبینم، ئەوکاتانەی لەچاوی ئێمەوە دیارنییە، ئەوکاتانەی دیارەو بێدەنگە لەهەموو کاتەکاندا هەردەگری، بەروخساریدا دیارە، کە بێ حاڵ و بێ ئۆقرە و نائارامە، بەڵام ئەو گرتە ڤیدیۆیەی رێبوار لەگریان ئەولاترە، چونکە هەڵگری پەیامە.

لەلای رێبوار خۆرماو لەلای مستەفا بسکیت و لەلای نەبات خەیارو لەلای مەلارەحیمی سەرقەڵا تەماتەو لەلای مەحبوبە ئاوی ساردو دەیان یادەوەری تر بوونە گرێی دەرونی کەسوکاری ئەنفالکراوان و هەتا دێت لەگەردنیان تووندتر و گەورەتر دەبێ، ئەفسوس ژینگەی کوردستان و مامەڵەی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان لە دوای ڕاپەڕینیش بۆ ئەم جۆرە کەسانە لەبار نەبوو، هەتا لە دۆخی قوربانی

بوون دەریانبهێنن و لەو شـــکســـتەدا هاوکاریان بن هەتا هەستنەوە سەر پێی خۆیان.





ئالێرەدا کەمتەرخەمی و بێباکی نوسەرو هونەرمەندی کورد دەردەکەوێ، دەنـا دەتـوانـن پەیـامەکەی قەرەبـلاغـی بەشێوەیەکی هونەری بگێڕنەوە.

ڕێبوارقەرەبلاغی لەهەمـان ئەوشـــوێنە پری پاســـێک نوســـەرو هونەرمەندو کەنالی تیڤی لێیە ئاکت و نمایشـــێک دەکـات کە هەڵـگری پەیـامێکە بـۆ مرۆڤایەتی، شـــەوی ١٦/١٥ی ئایاری ٢٠٢٤ لەناو قەڵای نوگرەســـەلماندا نان و خورما بۆ منداڵەکانی دادەنێ، وەک ئەوەی لەگەڵیـانـدا بژی مـامەڵە لەگەڵ خەیاڵدا دەکات و دەیاندوێنێ و بانگیان دەکات: (وەرن ڕۆڵە شـرینەکانم نان و خورمـام بۆ هێنـاون ئەو خورمـایەی داواتان لە بەعســـیەکان کردووەو نەیان داوە پێتـان، کوڕم، ئەوە من بۆتـانم هێنـاوە، ئەوە لێرە بۆتـان جێـدێڵم، بۆئەوەی کەلەخەو هەستان بیخۆن.. ئیتر دڵی پڕدەبێ و لە قسەدەکەوێت"

کەچی نەقەڵەمی نوســـەران و نەکامێرای تیڤی و نەخەیاڵی هونەرمەندان ئاگایان لێی نیە! هاوکات دەرخەری راستییەکیشە، کە هەموو کوردێـک ئەم ســـۆزو خەمە لەگەڵ کەســـوکاری ئەنفالکراوان بەش نـاکـات. ئەوەی ڤیـدیـۆکەی دیبێ و بەویـژدان بـێـت لە نـاخـەوە لەگەڵ ئەوباوکەدا دەهەژێ وتوڕە دەبێ.

ئەم قوربانیانەی وەک ڕێبوار قەرەبلاغی هەمیشـــە توانای گێڕانەوەیان نییە، بەڵام جاروبار جۆرێک ئاکت دەکەن، کە تەواو گێڕانەوەیەکی گرنگ و بەهێزو پەیام بەخشـە، بەڵام جیهـانی دوای ئەنفـال نەک هەر لە کوردســـتـان بەڵکو لەســـەرگۆی ئەم زەوییە شـــوێنێک بۆ مرۆڤ نەماوەتەوە، چونکە بازار و قازانج و سەرمایە بە تایبەتیش لەم ناوچەی ئێمەدا بەدەســـت بازرگانانی جەنگەوە. شـــوێنێکیان بۆ مرۆڤ نەهێشـتووەتەوە هەتا پەیامی ڕێبوارەکان وەرگرێ،

***- وێنەی یەکەم ڕێبوار قەرەبلاغی لە قەڵای نوگرەســـەلمان مامۆستا بەختیار**

***- وێنەی دووەم قەڵای نوگرەســـەلمان ٢٠٢٤ جەوهەر کانی هەنجیری. *- وێنەی سێهەم قەڵای نوگرەسەلمان ٢٠٢٣ هۆمەر محەمەد.**

چیرۆکی وێنە

م. فایەق حەمەسالّح

ئەم فۆتۆیانەی لێرە خراونەتە ڕوو، هونەری مامۆستا فایەق حەمە سالّحن، کە لەکات و شوێنی خۆیدا، فریا کەوتووەو وێنەی ڕوداوەکانی گرتووە، ئەنفالستان بەگرنگی زاانی ئەو وێنانەی تایبەتن بەجێنۆساید بەڕێزەوە مامەلّەیان لەگەلّدا بکات و بلّاویان دەکاتەوە.

وێنەی (١)
ئەنفال و کیمیابارنکردنی ناوچەی قەلّاسێوکە



ئەم وێنەیە ئێستک و پروسکی یەکێکە لەقوربانیانی کیمیابارانی گوندی گۆپتەپە ، بەوردی سەرنجی وێنەکە بدە، دەبینیت کە کەسەکە بەرلەوەی گیانی دەربچێت، دەم و لووتی بەجامانەکەی هەلّپێچاوە تا گازی سیانید و خەردەل نەیخنکێنێت ، بەلّام بەداخەوە سەرئەنجام شەهیدبووە..!

کەسەکە جوتیارێکی گوندنشینی گۆپتەپەیە ، بەداخەوە ناوی نەزانراوە، گوندی گۆپتەپە دەکەوێتە ناوچەی قەلّاسێوکە سەرلە ئێوارەی ڕۆژی ٣ / ٥ / ١٩٨٨ وەک دەستپێکی پەلاماری ئەنفالی قۆناغی چوارەم بەچەکی کیمیایی هەردوو گوندی گۆپتەپەو عەسکەر بۆمبارانکران و هەرلەجێدا نزیکەی ٧٠ کەس خنکان و گیانیان لەدەستدا، ژمارەیەکی زۆریش بریندارببوون. بۆڕۆژی دواتر هێرشی زەمینی – پیادەی سوپاو جاش بۆسەرناوچەکە دەستی پێکردو خەلّکێکی زۆر بەر شالّاوی ئەنفال کەوتن. لەم پڕۆسەیە دا تەنها لە گۆپتەپە زیاتر لە ٤٥٠ کەس ئەنفالکران نزیکی ٧٠ کەسیش بەگازی کیمیایی شەهیدبوون ئەم قوربانیەی وێنەکەی لەبەردیدەتە یەکێکە لەشەهیدەکان. کەلەکاتی هەلّدانەوەی گۆڕەکاندا هونەرمەند چرکاندویەتی.



وێنەی (٢)

کات : ساڵی ١٩٩٤

شوێن: سلێمانی

کۆمەڵێ خێزانی گەرمیان لە بەردەم مانگی سووری تورکی لە سلێمانی کاتێک ئەم خێزنانەم بینی بەو جۆرە و لێم پرسین:

- بۆچی لە سەر ئەم شۆستەیە ئاوا دانیشتوون ؟
- ئێمە خێزانی ئەنفالەکانین .
- چۆن بزانم ؟
- (هەموویان پێناسەکانیان لە گیرفان و بەر باخەڵیان دەرهێنا)
- بۆچی لێرەن ؟
- هاتووین یارمەتی وەربگرین ؟
- ووتم : لە کێ ؟
- نازانین لە بەیانیەوە ئێمەیان هێناوە بۆ ئێرە!!

خێرا وێنەیانم گرت و چووم بۆ لای بەرپرسێکی گەورەی ئەم شارە و پێم ووت:

چۆن قبوڵ دەکەن ئێوە ئاوا دایک و کچ و منداڵی کوردی ئەنفالکراو بەم جۆرە سوکایەتیان پێ بکرێت لە بەردەم خاچی سووری تورکی ؟

ووتی : تورک ڕازی نابن و ئەو یارمەتی و هاوکاریانە نادەن بە ئێمە تا ئێمەش بەسەریان دا دابەشی بکەین!!



میوانی ژمارە

عەرداڵەت عومەر

ساڵح

لەدایکبوی ساڵی ١٩٧٠

هەڵگری بڕوانامەی بەکاڵۆریۆس لەبواری ئابوری و بازرگانی – تاران ١٩٩٥.

نووسەرو لێکۆڵەرە لەبواری ئەنفال و جێنۆسایدوشارەزاییەکی زۆری لە دۆسێی ئەنفال وجێنۆسایدی بارزانیەکاندا هەیە.

لە ساڵی ١٩٧٤ هەتا ١٩٩٧ ئاوارەی ئێران بوون، لەم پێناوەدا قوربانیان داوەو خوشکێکی بەناوی ( ) لەرێگەدا گیانی لەدەستداوەو ئەمەش کاریگەرییەکی سایکۆلۆژی لەسەر نوسەر هەبووە.

لەمیانەی کارەیی ڕێکخراوەییدا چەندین ئەرک وبەرپرسیارێتی هەڵگرتووە، لەونە :

- ئەندامی لقی ئاوارەی ئافرەتان و بەرپرسی ڕێکخراوی ژنانی کوردستان بووە، لە ئەراک – ئێران ساڵی ١٩٨٣.
- نوێنەری ئافرەتی پەنابەری کورد، بۆ پرۆگرامی (ژن و خێزان) لەکۆمیسیاری پەنابەرانی ئێران. ١٩٩٤ – ١٩٩٦ .
- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرو بەڕێوەبەری سەنتەری ئەنفال ساڵانی ١٩٩٨ – ٢٠٠٥.
- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرو بۆردی ڕێکخراوی سپی بۆ ناوچە کیمیابارانکراوەکانی کوردستان ساڵانی ٢٠١٠ -٢٠١٣ .
- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرو بۆردی سەنتەری لێکۆڵینەوەی جێنۆساید لەزانکۆی ئەربیلی نێودەوڵەتی -٢٠١٦ .
- ئەندامی کۆمەڵەی نێودەوڵەتی زانایانی جێنۆساید (I.A.G.S) ٢٠١٣ – ٢٠٢٤ .

کاری پیشەیی :

- ڕاوێژکار لەحکومەتی هەرێمی کوردستان - ٢٠٠٤ -٢٠٢٤.لەم وەزارەتانەی خوارەوەدا.
- وەزارەتی مافی مرۆڤ بۆ کارو باری ئەنفال و بێسەروشوێنکراوان – ٢٠٠٤-٢٠٠٦ ٢ .
- وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەروەی ئیدارەی هەرێم – ٢٠٠٦-٢٠٠٩.
- دەستەی گشتی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم – ٢٠١٠- ٢٠٢٤ چالاکیەکانی لەبواری جێنۆساید
- کردنەوەی پێشانگای هەڵەبجە- تاران . ساڵی ١٩٩٦.
- پرۆژەی ئەرشیڤی نەتەوەیی جێنۆسایدی گەلی کوردستان – کە ٣٠٠٠٠ سی هەزار بەڵگەنامەی تاوانی جۆراوجۆری بەشێوەی ئەلکترۆنی لە خۆگرتووە. لەساڵی ١٩٦٨ – ٢٠٠٣ .
- سەرژمێری مەیدانی ئەنفالکراوان و بێسەروشوێنکراوانی خەڵکی کوردستان -٢٠٠١ -٢٠٠٤ .
- لێکۆڵێنەوەی مەیدانی لەمەڕ کێشەوگیروگرفتەکانی کەسوکاری ئەنفالکراوان بەتایبەتیش ژنانی رزگاربووی ئەنفال .
- دیدارو کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی کۆمیسیونی مافی مرۆڤ لەنەتەوەیەکگرتووەکان و پێشکەشکردنی ڕاپۆرت ڕاپۆرت دەربارەی جێنۆسایدکردنی گەلی کوردستان لەعەمان- ئوردن -٢٠٠٤ -٢٠٠٥.

ANFALISTAN

An annual magazine about genocide and Anfal



لەکاتێکدا دەستوپەنجەی ئازیزانمان لەبیابان تێکەڵ بەلم بوون و تۆمەتبارانی

ئەنفال بەبەر چاومانەوە تەراتێنیانە، کەچی دادگای بالآی تاوانەکان هەڵدەوەشێتەوە !